# ڕۆژهەڵاتناسی

## ئێدوارد سەعید

پێشەکی و وەرگێڕانی لە فرانسییەوە

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

https://t.me/kurdistanbooks

# ڕۆژهەڵاتناسی

## ڕۆژهەڵاتی داهێنراو لەلایەن ڕۆژئاواوە

**ئێدوارد سەعید**

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

**پێشەکی و وەرگێڕانی لە فرانسییەوە**

- سەرپەرشتیاری چاپ: سۆران عەزیز
- نەخشەسازیی ناوەوە و بەرگ: محەمەد زاری
- پیتچنین و هەڵەچنی: وەرگێڕ
- چاپ: یەکەم/2018
- تیراژ: 1000 دانە
- نرخ: 12000هەزار دینار
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەڕتووکخانەگشتییەکان ژمارە (...)ـی ساڵی 2018ـی دراوەتێ.

**لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی**

**ناونیشان: هەولێر ـ فولکەی زەراعە ـ نێو پارکی وەفایی**

**https://www.facebook.com/mali.wafai**

**07504826647**

https://t.me/kurdistanbooks

# ڕۆژهەڵاتناسی

## ڕۆژهەڵاتی داهێنراو لەلایەن ڕۆژئاواوە

ئێدوارد سەعید

https://t.me/kurdistanbooks
https://t.me/kurdistanbooks
https://t.me/kurdistanbooks

د. موحسین ئەحمەد عومەر

پێشەکی و وەرگێڕانی لە فرانسییەوە

2018

https://t.me/kurdistanbooks

مافی له چاپدانەوە بۆ وەرگێڕ پارێزراوە، مافی لەبەرگرتنەوە و بەرهەمهێنانەوەی بەشێکی یان هەمووی یان کۆپی کردن و به کارهێنانی بەهەر مەبەست و به هەر جۆرێك بێت، وەك وەرگێرانی دی یان به ئەلیکترۆنیکردن و فرۆشتنی به پێی قانون پارێزراوە.

EDWARD. W. SAID. LORIENTALISME. L'ORIENT CRÉE PAR L'OCCIDENT. PRÉFACE PAR TZVETAN TODOROV. TRADUIT DE L'AMERICAIN EN FRANÇAIS PAR CATHERINE MALAMOUD. EDITIONS DU SEUIL. PARIS. 1980.

POUR LA PRÉSENTE EDITIONS : TRADUCTION DE FRANÇAIS EN KURDE PAR Dr. MOHSEN AHMAD OMER. EDITIONS MALI WEFAIYI. ERBIL . 2018 .

https://t.me/kurdistanbooks

# پێڕست

پێشەکی ........................................ 7
بەرایی ........................................ 19

دەروازە ........................................ 27

فەسڵی یەکەم

## بواری ڕۆژهەڵاتناسی:

ناسینی ڕۆژهەڵاتی ........................................ 79
جیوگرافیای خەیاڵی و نوێنەرایەتیکردنەکانی ........................................ 115
پڕۆژەکان ........................................ 157
قەیران ........................................ 193

فەسڵی دووەم

## ڕۆژهەڵاتناسی بە ستروکتورکراو و بە ستروکتورکراوەوە

کێشانەوەی سنوورەکان، ........................................ 229
ئەنترۆپۆلۆژی ئەقڵانی، پێناسەکردنەوەی کێشەکان، بە عەلمانی
کردنی ئایین ........................................ 249



https://t.me/kurdistanbooks

سیلڤێستر دو ساسی، ئەرنست رێنان، کارل مارکس
ئەنترۆپۆلۆژی ئەقلانی، تاقیگەی فیلۆلۆژی و ئەنجامەکانی........313

فەسڵی سێیەم

# رۆژهەڵاتناسی ئەمرۆ

رۆژهەڵاتناسی شاراوە و رۆژهەڵاتناسی دیار...................................395
شێواز، توانایی، روانگەی پسپۆڕ...................................................441
رۆژهەڵاتناسی فرانکۆ ئینگلیزی مۆدێرن لە هەرەتی بووژانەوەدا
.............................................................................................487
سەردەمی نوێ.........................................................................543
بیبلیۆگرافیا.............................................................................607



https://t.me/kurdistanbooks

# پێشەکی

لەوانەیە کەم کەس لە کوردان ئەو شانسەی بۆ هەڵکەوتبێ چاوی بە ئێدوارد سەعید (1935-2003) کەوتبێ وەک بۆ من هەڵکەوت. ساڵی 1993 قوتابی ساڵی یەکەمی خوێندنی دکتۆرا بووم لە زانکۆی سۆربۆن لە پاریس، لە بەشی ئەدەبی گشتی و بەراوردکاری، خەریکی خۆ ئامادەکردن بووم لەبارەی گەڕیدە فرانسییەکان و کوردستان تێزێک ئامادە بکەم، ئەوان چیان لە بارەی کورد و کوردستان گوتووە، چ وێنایەکیان لە بارەی مرۆی کورد و مێژوو و داب و نەریت و کولتووری کوردی و جیۆگرافیای کوردستان و هەڵکەوت و ستاتوی کوردستان لە دنیا و لە رۆژهەڵاتدا هەبووە. کتێبی رۆژهەڵاتناسی" ئێدوارد سەعید، یەکێ لەو سەرچاوە تیۆری و کولتوورییە دانسقە و پڕ بایەخانە بوو کە هەردەم لەناو جانتاکەم بوو. کتێبێک بوو بە تێز و تیۆرییەکانی، بە لێکدانەوە و بە روانین و شیکارییەکانی، وەک ئاوێنەیەک بوو بۆ من، سەرچاوەی سەدان پرسیار و وەڵام بوو: بۆ مرۆی رۆژهەڵاتی خۆی ناناسێ، ئەو باڵادەستییەی رۆژئاواییەکان لە چیەوە دێ، لەولاشەوە ئەو شکان و رووخانەی رۆژهەڵاتییەکان بۆچی دەگەڕێتەوە، چۆن رۆژهەڵاتناسی وەک دامەزراوەیەک بۆتە کەرستە و ماتریالی حکومەت و دەستەڵاتی وڵاتانی رۆژئاوایی بۆ کۆنترۆلکردن و بۆ بەڕێوەبردن، بە تایبەتی



https://t.me/kurdistanbooks

لەلایەن فرانسا و ئینگلستان، چۆن هەموو ئەم رایەڵە سیاسی و کولتوورییە، وەک تەونێک لەلایەن رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات هۆنراوەتەوە، ئەم تەونە جیهانییە کە بە چەشنێک دەمانگەڕێنێتەوە بۆ کۆنترۆل و سزادان، بەرزەفتکردن، کورد و کوردستان بە چ ئاستێک لێی نزیک بووە و چەندیش کورد نێچیری ئەم تەونە جیهانییە بووە، کوردیش چەندە بۆ خۆی بەشێک بووە لێی، ئەمە و سەدان پرسیاری دی، روانینەکانی ئێدوارد سەعید لەم بارەیەوە بۆ من وەک رێنوێنی و رابەرێکی مەزن بوو بۆ روانین و لێکدانەوە لە جیۆگرافیای کورد وەک کولتوور، وەک مرۆ و شارستانی، وەک نەتەوە و گەلێکی رۆژهەڵاتی. من لەناو ئەم هەڵکەوتە دەژیام، ئەمەش یەکەمین جار بوو کوردێک لە رۆژئاواوە، بکەوێتە ناو هەموو ئەم سەرچاوە و ماتریالە رۆژهەڵاتیانە، سەرنجیان بدا و بتوانێ لەو وێنایە بگەڕێ وەک کوردێک لەسەر خۆی لەناو سەرچاوە رۆژهەڵاتناسییەکان، ئەوان چۆن کوردیان بینیوە و چۆن وەسفیان کردووە...هتد. لەم سەروبەندە، ساڵی 1993 کتێبی "کولتوور و ئیپریالیزم"ی ئێدوارد سەعید لەلایەن وەشانی گالیمار بڵاوکرایەوە، ئەمەش شتێکی خۆشبوو، بەڵام ئەوەی هێشتا لە هەمووی خۆشتربوو هاتنی ئێدوارد سەعید بوو بۆ پاریس، بۆ ئیمزاکردنی کتێبەکەی. لەو بڕوایەدابووم مانگی جۆزەردان یان پوشپەڕ بوو، پاریس پڕ لە باقوبریق و گەشانەوە و هەیتووهووت بوو، "ئەنستیتوی جیهانی عەرەبی" و نووسەر تڤزتان تۆدۆرۆڤ (کە لێرەش پێشەکییەکەی ئەوم داناوە) سەرپەرشتی سیمینارەکە و هاتنی ئێدوارد سەعیدی دەکرد بۆ پاریس. ئەوەبوو، لە هۆڵی گەورەی "ئەنستیتوی جیهانی عەرەبی" سیمینارێکی لەبارەی کۆنراد و ئەدەبی بەراوردکاری و ئیمپریالیزم پێشکەش کرد. بێگومان یەکێ لە کۆڕە دەگمەن و دەوڵەمەندەکان بوو. لە کاتی ئیمزاکردنی کتێبەکەی توانیم چەند ساتێک قسەی لەگەڵ بکەم، پاشان وتی کتێبەکەی من "رۆژهەڵاتناسی" بۆ زۆربەی زمانانی رۆژهەڵاتی وەرگێڕدراوە، ئایە



https://t.me/kurdistanbooks

بۆ کوردی وەرگێڕدراوە، منیش وتم تا ئێستا بە پێی زانیاری خۆم وەرنەگێڕدراوە، پاشان وتی من لە هەموو ژیانم کوردم کەم بینیووە، لە ژمارەی دەست تێناپەڕن، تۆ یەکێکی لەمانە، منیش گوتم شەرەفمەندم بە بینینی ئێوە، بێگومان ڕۆژێک دێ ئەو کتێبە بکرێتە کوردی. ئێستاش ئەفسوونی ئەم بینینە لە خەیاڵم ماوەتەوە، لەگەڵ وەرگێڕانی کتێبە ناوازەکەی، ئەم بازنەیە تەواو دەبێ و یەکێکی دی دەکرێتەوە، بەو هیوایەین فیکری ئێدوارد سەعید، کە سەر بە ئایدیای ڕاسیۆنالیزمی مرۆپەروەرانەیە، بشێ ببێتە ڕێنوێنی بۆ مرۆی کورد و کولتووری کوردی و بە تایبەتیش بۆ لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە ئەکادێمییەکان و لەولاشەوە بۆ ئەدەبی بەراوردکاری، کە کتێبی ڕۆژهەڵاتناسی یەکێ لە سەرچاوە بنیاتنەرەکانی ئەم بوارەی ڕەخنە و ئەدەبەیە. لەم ڕووەوە، پێویستە ئەم خاڵەش ڕوون بکەینەوە، ڕۆژهەڵاتناسی (کوردناسیش لەلایەن خۆیەوە) دەبێ لە بواری تۆژینەوەکانی ئەدەبی بەراوردکاری و کولتووری بەراوردکاری لە زانینگەکان بخوێندرێ (کە هەر ئەمەش پسپۆڕی باڵای ئێدوارد سعید بوو)، نەک بە تەنیا وەک باوە لە کوردستان لە بواری مێژوو دەخوێندرێ، ئەمەیان هەڵەیەکی ئەکادێمییە و دەبێ ڕاست بکرێتەوە، دەبێ زانکۆکانی کوردستان سوود لە ئایدیاکانی ئێدوارد سەعید وەرگرن، کە ڕۆژهەڵاتناسی وەک بوارێکی بەراوردکاری، سەروکاری لەگەڵ کۆمەڵێک دیسپیلین هەیە، وەک زمان، ئارکیۆلۆژی، فیلۆلۆژی، مێژوو، ئایین، فەلسەفە و ئایدیاکان، سیاسەت، ئەنترۆپۆلۆژی کولتووری و بەراوردکاری، سۆسیۆسایکۆلۆژی و داب و نەریت و ئیتنۆلۆژی و زۆری تر، بەڵام ڕۆژهەڵاتناسی سەرەڕای پەیوەندی بەو بوارانەوە، دیسیپلینێکی بەراوردکارییە و وەک میتۆدۆلۆژی لەناو ئەدەب و کولتووری بەراوردکارییەوە دەرهاتووە. بێگومان ئەم مێتۆدە بۆ کوردناسی ڕۆژئاوایی کە هەر دیسان سەر بە ئەدەب و کولتووری بەراوردکارییە، سوودێکی پلە یەکی هەیە. ئەمەش تەواوی



https://t.me/kurdistanbooks

ئەو بوارە دەگرێتەوە کە سەروکاریان لەگەڵ پەیوەندی کورد بە ڕۆژئاواوە هەیە، بە دەستەڵات و درێژبوونەوەی قەڵەمڕەوی ڕۆژئاوا، ئەوان چۆن توانیویانە کورد ببینن، چ وێنایەکیان لەسەر کورد دروستکردووە، چۆن توانیویانە زۆنی کولتووری کورد و کوردستان وەک جیۆگرافیایەکی سیاسی بخەنە ناو حوکمداری و کۆنترۆلی خۆیان، کە دەزانین لەم بارەیەوە ماتریالێکی زۆر لەسەر کورد هەیە، وەک نموونەیەکی سادە، روانینی مارک سایکس و های و ئیدمۆنز و جۆرج پیکۆ و لۆنگرینگ و سێر پێرسی کۆکس و زۆری تر، دەمانگەرێنێتەوە بۆ گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی ئێدوارد سەعید کە کورد یەکێ لە بەرکەوتە زیندووەکانی ئەم گوتارە و ئەم پەیوەندییەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوابووە.

لەم وەرگێڕانە ئێمە هەوڵمانداوە بە کوردییەکی زۆر روون و سادە تەواوی گوتاری ئاڵۆز و گرێچنی ئێدوارد سەعید بۆ ناو زمانی کوردی بگوازینەوە، بێگومان دەیان زاراوە و دەستەواژەی زانستی و فەلسەفی و کولتووری پڕ لە راز و بە رەهەند قووڵ لەم کتێبە، بە گوتارێکی توندوتۆڵ و زانستیانە بەکارهێنراون، ئێمە هەوڵمانداوە روونبێژییەکی زۆر بەکاربهێنین بۆ ئەوەی هەموو خوێنەرێک بە ئاسانی تێی بگا، ئێمە لەم وەرگێڕانە، سترەکتوری گوتار و رستە و خاڵبەندی و دارشتنی ئایدیاکان و دارشتنی تێکستیانە و چنین و ریتمی تێکستی ئێدوارد سەعیدمان کت و مت وەک خۆی پاراستووە. دەشێ لە رووی ئایینی هەندێ وشە و دەستەواژەی هەراسانکار هەبێ، (بەتایبەتی لە بارەی ئیسلامەوە) بەڵام ئەمە هیچ پەیوەندی نە بە وەرگێڕەوە هەیە نە بە نووسەرەکەی، بەڵکو ئەمە پەیوەندی بە روانینی ڕۆژئاواییەکان و ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە هەیە، کە ئێدوارد سەعید زۆر بە جوانی وەڵامی هەمووانی داوەتەوە، لەم وەڵامدانەوەیە ئێدوارد سەعید وەک نووسەرێکی مرۆپەوەر و وەک



https://t.me/kurdistanbooks

دژەکۆلۆنیزاسیۆن و وەک بەرگریکارێکی توندوتۆڵ  و بە جورئەت لە ئاینی ئیسلام و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گەلانی موسلمان دەردەکەوێ، بێگومان وەڵام و روانینەکانیشی راستن و لە روانگەی روانین و بۆچوونێکی راسیۆنالیستی و زانستی و مرۆپەروییەوە هاتوون.

هەرچی لەبارەی واژەی "رۆژهەڵات" و "رۆژهەڵاتناسی"یەوە دەگوترێ، ئەمەیان راستە، وەک هەڵەیەکی باو هاتووە و رۆیشتووە، چونکە وشەی "رۆژ" لە کوردی چەند مانایەکی هەیە، وەک رۆژ و وەک خۆر، بێگومان دەشێ "خۆرهەڵات" و "خۆرهەڵاتناسی" گونجاوترین، بەڵام بۆ دروستنەکردنی تەمومژی، ئێمە "رۆژهەڵات" و "رۆژهەڵاتناسی"یمان وەک خۆی هێشتۆتەوە. وشەی خۆرهەڵات"مان بەرانبەر بە وشەیەکی دیکە بەکارهێناوە کە لە گوتاری ئێدوارد سەعیددا زۆر دووبارە دەبێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە: ئێمە بەرانبەر بە Orient رۆژهەڵات –مان داناوە، بەرانبەر بە Occident رۆژئاوا–مان داناوە، بەرانبەر Est یان East خۆرهەڵات-مان داناوە، بەرانبەر بە Ouest یان Oust خۆرئاوا–مان داناوە، بەرانبەر بە Levant  خاوەر–مان داناوە، وەک چۆن لە خاوەرمیانەدا هەیە، مەبەست لە وشەی Levant مەشریق یان خاوەرە ، واتە " سوریا و لوبنان و خاکی پیرۆز" بەو شێوەیەی لە رۆژهەڵاتناسی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا هاتووە. هەر ئەم وشەیە "خاوەر" و "خاوەرمیانە" لە ئەدەبیات و رۆژنامەگەری کوردی سەرەتای سەدەی بیستەم بەرانبەر بە "مەشریق" و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرتر بەکاردەهات، بەڵام ئەمرۆ کەمتر. ئێمە بەرانبەر بە Moyne Orient یان Middle-East رۆژهەڵاتی ناوەڕاست–مان داناوە، (لە کوردستانی رۆژهەڵات ئێستەش هەر خاوەرمیانە بەکاردەهێنن.) بەرانبەر بە Oriental رۆژهەڵاتی-مان داناوە، وەک


https://t.me/kurdistanbooks

تاکی ڕۆژهەڵاتی یان حاڵەتێکی ڕۆژهەڵاتی. لە هەموو ئەمانەشدا بێگومان هەست بە دەوڵەمەندی و گەشەسەندنی زمانی کوردیش دەکرێ.

هەنگاو بە هەنگاوی وەرگێڕانیش لەگەڵ ئینگلیزییەکەی بەراوردمان کردووە. ئێمە پشتمان بە چاپە فرانسییەکەی بەستووە وەک سەرچاوەی وەرگێڕان، لەم چاپەش چەند پەرەگرافێکی لاوەکی لێرەو لەوێ لەلایەن وەشانی فرانسی گالیمار لابراوە و شوێنیان بە جووت کەوانە بەم شێوەیە پڕکراوەتەوە (...)، ئێمەش ئیلتیزاممان بەمە کردووە. لەولاشەوە لە چاپە فرانسییەکەی چەندین پەرەگرافی دی لەلایەن نووسەر خۆی زیادکراوە، هەڵبەت لەسەر داواکاری وەشانی فرانسی. ئێمە لەلایەن خۆمانەوە هیچمان لانەبردووە.

مرۆی کورد لە خوێندنەوەی بۆ ئەم کتێبە دەبێ تێبینی ئەوە بکا، ئێمە وەک کورد و وەک ڕۆژهەڵاتی چەندە لەلایەن ڕۆژواییەکانەوە بووینەتە کەرستە و شت، ئەوان وەک ماتریال نەک وەک مرۆ و کولتوور سەیری ئێمەیان کردووە، ئەوان چەندە کاریگەری و کولتووری خۆیان لەناو ئێمە ڕەگاژۆ کردووە، ئێمە چەندە لە ڕوانگەی ئەوانەوە سەیری خۆمان دەکەین، ئەوان چەندە باش ئێمە دەناسن ئێمە چەندە خراپ یان هەر خۆمان ناناسین، لەولاشەوە ئێمە چەندە بزرین و چەندە وێڵین، کە ناتوانین جوگرافیای کولتووری، سیاسی، شارستانی خۆمان بناسێنین و سەرلەنوێ بنیاتی بنێینەوە، لە هەموو ئەو هەڵکەوتە سیاسی و شارستانییەی ئەمڕۆ کورد تێیدا دەژیێ بەشێک لە هەقیقەتی ئەم هەڵکەوتەی ئێستە دەگەڕێتەوە بۆ دەستتێوەردان و کۆنترۆلی ڕۆژئاوا لە مەسەلەی کورد خۆی، بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ بێتوانایی کورد لەمەڕ دروستکردن و داهێنان، نەتوانینی بنیاتنانی ڕوانین و ناساندنی شوناسی خۆی و نەتوانینی سوود وەرگرتن لە کولتوور بۆ بنیاتنانی ڕوانینێکی سیاسی



https://t.me/kurdistanbooks

دروست، بۆ بنیاتنانی دەستەڵات و قەڵەمڕەوییەکی سەرتاپاگیری کوردی و قەوارەیەکی کوردی. نەبوونی ئەم هەڵکەوتە کوردییە، خەیاڵمان بۆ ئەوە دەباتەوە ئێمە چەندە بووینەتە ماتریالی ئەوانیتر، چەندە بووینەتە قوربانی بۆ ئەوانیتر و چەندە بووینەتە قوربانی گوتاری دەستەڵاتی پشت ڕۆژهەڵاتناسی وەک کولتوورێک بۆ سیاسەتی زلهێزەکان، بە تایبەتی ئینگلیزەکان کە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بەسەر کوردستاندا رادەگەیشتن، هەروەکو "لوی ماسینیۆن" دەڵێ ئینگلیزەکان (سیاسەتێکی ئابووریانەی بێ ئەخلاقیان هەبوو لەگەڵ فەلسەفەیەکی ماوەبەسەرچوو لەبارەی کاریگەری سیاسی)، ئەمەش ئەوە لێکدەداتەوە ئێمە چەندە بووینەتە قوربانی ئەم سیاسەتە بێ ئەخلاقەی ئینگلیزکان، لەو باوەڕەدام ئەم روانینە ئەمڕۆش هێشتا هەرمێنی ماوە، هێشتاش گەلانی ڕۆژهەڵات، بە تایبەتی کورد قوربانی ئەم هەڵکەوتەیە و خۆشی بەشێک لە بەرپرسیاری ئەو هەڵکەوتەی ئەمڕۆ تێیدا دەژیێ هەڵدەگرێ.

ئەمڕۆ پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا گۆڕاوە، دەیان بەرژەوەندی و دەیان ئاڵنگاری دی هاتۆتە ناو، ڕۆژهەڵاتناسی وەک دیسیپلینێکی زانستی، لە ئاستی ڕۆشنگەری و میللی و هی دی، دەبێ سەرلەنوێ توێژینەوەی نوێی بۆ بکرێ، ئەم تۆژینەوانەش تا رادەیەک هەڵکەوتی "پۆست ڕۆژهەڵاتناسی" وەردەگرن، ئەوەی پەیوەستە بە کوردیشەوە لە بواری کوردناسی، ئەمەشیان هەر دەبێ لە چوارچێوەی "پۆست کوردناسی" باسی بکرێ. تۆژینەوەی نوێی لەبارەوە بکرێ، چونکە روانینی کوردناسە ڕۆژئاواییە نوێیەکان لە "مارتن ڤان برونسن"ەوە بگرە تا دەگاتە کرۆینبروک، لێزەنبێرگ و ژۆردی تێژێل و بۆریس جەیمس، کە تازە کتێبێکیان بە یەکەوە لە پاریس دەرچووە بە ناوی (کورد، گەلێکی بێ دەوڵەت، Les kurdes, un people sans Etat وەشانی ئارماتان)، یان ئەو دۆسییەی



https://t.me/kurdistanbooks

لەبارەی کورد لە ژمارەی تازەی گۆڤاری La revue de deux mondes ی فرانسی بڵاوکراوەتەوە (ژمارەی مانگی رەزبەر/سێپتەمبەری 2018) روانینی هەموو ئەمانە گەلێک زۆر جیاوازە لە هی سەردەمی مارک سایکس و سێسیل ئەدمۆنز و ئەوانی دی.

بە سەرنجدان لە پەیوەندییەکانی ئەمڕۆی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، دەڵێی رۆژهەڵات هێشتا لەناو ئەو حاڵەتە بەجێماوەی رۆژهەڵاتناسی باسی دەکا ماوەتەوە، رۆژهەڵات هەروەکو خۆیەتی و هیچ شتێک نەگۆڕاوە، دەڵێی هێشتا گەلگامش و داریوش و خەلافەتەکان وماڵباتە کۆنەکان، خێڵەکان بە هەموو تەدارەک و کاریگەرییان ماونەتەوە.

ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ، حکومەت و دامەزراوە رۆژئاواییەکان لە بڕیاردانیان بۆ پەیوەندییەکانیان لەگەڵ رۆژهەڵات و میللەتانی رۆژهەڵات، پشت بە سەرچاوە پۆست رۆژهەڵاتناسییە نوێیەکان دەبەستن، نموونەی ئایدیاکانی مارتن ڤان برونسن (بڕوانە کتێبی"ئاغا و شێخ و دەوڵەت") لە بارەی کوردەوە بۆ رۆژهەڵاتناسی نوێ و کوردناسی نوێ کە دەشێ سەرچاوەی سوودوەرگرتنی رۆژئاوا بێ لە بارەی کورد، هەروەها لە روانینی ئەمانەی سەرەوەش وەک نەوەی نوێی کوردناسەکان، ئەوان ئێستەش هەمان مێتۆدی رۆژهەڵاتناسی بەکاردەهێنن، لە چوارچێوەی تەکنیک و روانینی پۆست مۆدێرنیزم و پۆست جیهاگیری، واتە بوونی روانگەیەکی میکرۆسکۆبی نوێ لە پەیوەندی و قەراریان لەگەڵ رۆژهەڵات و کورد، ئەوان ئەمڕۆ چیتر رۆژهەڵات وەک رۆژهەڵاتی نابینن، بەڵکو وەک دەیان هۆز و تائیفە و خێڵ و کۆمەڵانی خەڵک کە هیچ شتێک کۆیان ناکاتاوە، سەیری هێمانە ئیتنیەکانی رۆژهەڵات دەکەن، ئەوان هەرگیز کوردستان وەک خاکێک و جوگرافیایەک و کولتوورێکی یەکگرتوو نابینن، بەڵکو وەک کۆمەڵە خەڵکێکی تا رادەیەک نزیک لە



https://t.me/kurdistanbooks

یەکتری لە رووی کولتووری و خاوەن هەرێمی جیاجیا و تایبەتمەندی جیاجیا دەبینن، زمانی کوردی لە روانگەی ئەوان زمانێکی یەکگرتوو نیە، بەڵکو کۆمەڵێک زمانی کوردی هەیە وەک سۆرانی، بادینی، کرمانجی، گۆران، لەک و لوڕ و کەلهور و موکریانی و ئەردەڵانی و بابانی و شەبەکی و ئێزیدی، ئەوان ئێزیدییەکان بە کورد دانانێن، بەڵکو پێیان وایە ئێزیدییەکان تەنیا کوردۆفۆنن، واتە تەنیا بە زمان کوردن، زازاکان وەک ئایین و وەک زمان بە میللەتێکی سەربەخۆ لە کورد دادەنێن، لە کاتێکدا سەرەتاکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لەناو زازاکان و دەرسیمییەکان دەستپێکردووە، وەک بوونی خەباتی نوری دەرسیمی و شێخ رەزا و زۆری تر، ئەوان پێیانوایە زاری گۆران کە زارێکی کوردی رەسەنە و سەردەمێک زمانی ستانداردی کوردی بووە، هەڵبەت پێش نوێبوونەوەی کوردی و باڵادەستی زاری سۆرانی، لە روانگەی ئەوان گۆران زارێکی مردووە و دەبێ لە تاقیگە بخوێندرێ، ئەوان پێیانوایە کورد هەرگیز یەک ئایینیان نیە، بەڵکو کورد کۆمەڵێک ئایینی هەیە وەک: زەرتوشتی، کاکەیی، ئێزیدی، سوونە و شیعە و عەلی ئیلاهی و عەلەوی و یارسان و لوئلوئی و کرندی و مرندی و زۆری تریش، کورد چەندان ئایینزا و تەریقەتی هەیە وەک قادری و نەقشبەندی و نەقشبەندی موجەدیدی و هەندێ تەریقەتی دیکەی شاراوە و زۆری تر...هتد، ئەوان هەرگیز بە چاوی یەکانگیری سەیری کورد ناکەن وەک یەک کولتوور و یەک جیۆگرافیای سیاسی، کوردیش بۆ خۆی هەر ئەمڕۆ هەمان شت پەیڕەو دەکا بەرانبەر بە خۆی (وەک زۆنی سەوز و زۆنی زەرد و زۆنی دیکە...)، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نائاگایی کولتووری و سیاسی کورد خۆی کە بە ئاراستەی رۆژهەڵاتناسی و کوردناسی دەڕوا، نەک بە پێچەوانەوە، ئەگەرچی منیش وەک ئێدوارد سەعید دەڵێم چارەسەری رۆژهەڵاتناسی ئەوە نیە ئێمەش گرینگی بە رۆژئاواناسی یان کوردناسی رۆژئاوایی بدەین،



https://t.me/kurdistanbooks

بەڵکو ئێمە دەبێ بچینە دەرەوەی بازنەی ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسی، ئێمە دەبێ هەوڵی بنیاتنانی شوناسێکی ڕاسیۆنالیزمی و واقیعی کوردی بدەین لە هەموو ڕوویێکەوە، بۆ ئەوەی لەم بێتوانایی و ئەم بێ شوناسییەی ئەمڕۆ دەرچین، کورد چارەنووسی لە دەست خۆی بێ، ڕوانینی خۆی بۆ خۆی بەلاوە گرینگ بێ نەک ڕوانینی ڕۆژئاوایی کە هی ئەو بۆ بەرژەوەندییەکی تایبەتی ڕۆژئاوایی دەگەڕێتەوە...هتد، لە ڕووی سیاسییەوە ئەوان پێیانوایە تا ئەمڕۆش کورد نەبۆتە خاوەن بژاردەیەکی سیاسی نوێ بتوانێ سەرپەرشتی چارەنووسی کورد بکا، بتوانێ گەڵاڵەی سیاسەتێکی یەکگرتوو و سەرتاپاگیر بۆ هەموو کورد بکا، بەڵکو پێیانوایە، لە کوردستان کۆمەڵێک ئۆرگانیزاسیۆنی سیاسی خێڵەکی وماڵباتی هەن، بەرژەوەندییان تەنیا لە چوارچێوەی زۆنێکی جیۆگرافی تێپەڕ ناکا، ناشتوانن ڕوانگە و ڕوانینی سەرتاپاگیری کوردی نوێ دروست بکەن، ئەمەش خەیاڵمان بۆ کۆنتێکست و پەیوەندییەکانی ئێستە و سەردەمی ڕۆژهەڵاتناسی دەگەڕێنێتەوە، بە تایبەتی بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم کە هەمان شت لە ڕوانینی گێرترود بێڵ و مارک سایکس و ئەدمۆنز و های و مۆنتێین و ئەوانی دی دەدۆزینەوە، کە چۆن لەسەر بنچینەی کولتووری ڕۆژهەڵاتناسی و تۆژینەوە باڵاکانی ئەوسا، بڕیاریان لە چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا کە کوردیش بەشێک بوو لێی، ئەمڕۆش لە واقیعی ژیاری کورد هەمان هەڵکەوت هەستی پێدەکرێ، وەک ئەوەی ئێمە هێشتا، سەرەڕای هەوڵەکانی یەککردنی کورد لەلایەن هەندێ ڕۆشنبیری ئەوسای کورد و یارمەتییەکانی مێجەر نۆییڵ، هێشتا ئێمە قوربانی ئایدیاکانی مسس گێرترود بێڵ و مارک سایکس بین، هەمان شت درێژەی هەیە، وەک ئەو پەیوەندییەی ئەمڕۆ لەگەڵ نوێنەری وڵاتەیەکگرتووەکان لە کوردستان "برێت ماکگۆرک" هەیە، بەو مانایەی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی وڵاتەیەکگرتووەکان بە لادانی فرانسا و ئینگلستان لەناو گوتاری



https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵاتناسی، خۆی نوێنەرایتی بێ قەید و شەرتی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی (کوردناسیش لەگەڵی) دەکات، پەرتەوازەیی کورد وەک ئەڵقەیەکی لاواز لەم پەیوەندییە کە ناتوانێ ڕوانینێکی سەرتاپاگیری هەبێ، ئەمەش سەرنجمان بۆ ئەوە دەباتەوە کە ڕۆژهەڵاتناسی لە بەرگێکی نوێ بە هەمان کەرستە و ناواخنی گوتاری کۆن لە نێوان کورد و ڕۆژئاوا ماوەتەوە، " برێت ماکگۆرگ" هەمان هەڵکەوتی مارک سایکس و گێرترود بیلی هەیە بەڵام لەناو کۆنتێکستێکی دیکەی نوێ و ئاڵنگاری دیکەی نوێ، لەمەوە هەست دەکەین ئەو گوتارە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندییەکانی زۆر ڕوونە، ئەوان دەزانن چییان دەوێ، بەڵام هێشتا ئەم گوتارە بۆ کورد ڕوون نیە، کورد ناتوانێ بەرژەوەندییەکانی دیاری بکا، کورد نازانێ چی دەوێ، هۆکاریش نەبوونی ڕوانین و گوتارێکی کوردییە لە بەرانبەر گوتاری ڕۆژئاوایی و گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی مۆدێرنی برێت ماکگۆرک، کە لەناو بەرگی "پەیوەندییە نێودەوڵەتییە نوێیەکان" بە شێوازی ئەمریکایی خۆی پیشان دەدا.

سەرەڕای گۆڕانیکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسی و لە پەیوەندییە جیهانییەکان لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بێگومان بۆ مرۆی کورد ئاڵنگارییەکان هێشتا قورستر و بە لق و پۆپترن، بەو مانایەی کورد ئەڵقەیەکی لاوازی هەموو ئەم ڕایەڵە پێکدەهێنێ، بۆیە، وەک سوود وەرگرتنێک لە کولتووری ڕۆژهەڵاتناسی، یان کوردناسی نوێ، بە تایبەتی وەک سوود وەرگرتن لە ئایدیاکانی ئێدوارد سەعید، دەبێ کورد لە ئاسۆی دیکە بگەڕێ و بڕوانێ و لە خەونی بەجێمانی شارستانی وشیار بێتەوە. وەک نموونەیەک بۆ ئەمە، دەبێ تێبینی ئەوە بکەین، یەکێ لە ڕووە گەورەکانی کولتووری ئێمە زمانی کوردی و جیۆگرافیای کولتووری و خاکی کوردستان و دانیشتوانەکەیەتی، توانای ماتریالی شارستانی خەڵکەکەیەتی، هەر ئەمڕۆ بە هۆی



https://t.me/kurdistanbooks

جیهانگیری و بە هۆی بە رۆژئاواییبوون و کاریگەرییەکانی، هەروا بە هۆی لاوازی و بێتوانایی کورد خۆیشی کەوتووینەتە بەر کۆمەڵێک تەحەدا و ئاڵۆزی، هەموو ئەمە کاری کولتووری و کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی دەوێ، کورد دەبێ روانینی نوێ و ئامێری مێتۆدۆلۆژی دی نوێ دابهێنێ، وەک نموونەیەک بۆ بووژانەوەی کولتووری و کێشەکانی ئەمرۆی زمانی کوردی و نەبوونی تۆژینەوەی زانستی بە شێوەیەکی بەربلاو و کەوتۆتە بەرانبەر هێرشی زمانی ئینگلیزی و فرانسی و زمانەکانی دی رۆژئاوا و رۆژئاوا خۆی و زمانەکانی دی رۆژهەلات، لە ئاستی میللی و لە ئاستی دامەزراوەییش وەک دەستەڵات، زمان و کولتوور، خاک، کاریگەری دانیشتوانەکان کە خاوەن پۆتەنسیەلی ئابووری و ماتریالی مەزنن، پشتگوێخراون، بێگومان لە زۆر بواری دیکەش هەمان پتشگوێخستن هەیە، وەک مێژوو، سیاسەت، جیۆگرافیا، زانستەکان بە گشتی، خوێندنی ئەکادیمی و تۆژینەوەی زانستی و پەروەردەی مرۆی کورد بە گشتی.

ئێمە ئەمرۆ بە ئاراستەی رۆژهەڵاتناسی و کوردناسی دەرۆین، لەمەودوا بە پەیرەوکردنی روانین و مێتۆدی نوێ، کولتووری نوێ، (دەبێ لە ناو گوتاری رۆژهەڵاتناسی و کوردناسی دەربێین) دەبێ بە ئاراستەی روانینێکی راسیۆنالیزمانە و مرۆپەروەری کوردی و برۆین، بۆ سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی جیۆگرافیای ژیاری و کولتووری کۆسمۆپۆلیتانەی کوردی. دواجار، بەو هیوایەین ئەم تۆژینەوە زانستییە وەک زمان و وەک ئایدیاکان رۆڵێکی گرینگی هەبێ لە پێشخستنی زانست و مرۆی کورد.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

**2018**



https://t.me/kurdistanbooks

https://t.me/kurdistanbooks

# بەرایی

هەر گوتارێک بە دڵنیاییەوە بەوە دەناسرێتەوە چی هەڵگرتووە، بەڵام لە تەنیشت ئەم ناوەڕۆکە بەڵگەنەویستە یەکێکی دیکەش هەیە کە هەندێ جار نائاگاییانە تا رادەیەکیش هەمیشە شاراوە لە بەکارهێنەرەکانیەوە بۆی دێ کە نووسەران و خوێنەران و خەڵک و گوتاربێژانن. بە راستەقانی گەڕاندنی ئەم دوالیزمە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە ئۆبژەکتیڤ (مەوزوعی) وەک دژێک بەرانبەر بە سوبژەکتیڤ (زاتی) دابنێین یان گروپ وەک دژێک بەرانبەر بە تاکەکەس دابنێین: ئەگەرچی کەسایەتی زاتی بۆ خۆی تێیدا شتێکە، بەڵکو ئێمە زیاتر سەروکارمان لەگەڵ کۆمەڵێک هەڵکەوت و هەڵوێست و ئایدیای هاوبەشە کە لەلایەن گروپەوە لە ساتێکی دیاریکراوی مێژووی خۆیدا هەیە کاتێ کە فشاری ئەو بابەتانە دەپشکنین کە لێیانەوە دەدوێین و دروستبوونی گوتارەکان شیدەکەینەوە. ئەمڕۆ ئێمە بەم هەمووە دەڵێین: ئیدیۆلۆژی، ئینجا لێکۆلینەوە لە بەرهەمهێنانی گوتارەکان لە رێگەی ئامادەگی ئیدیۆلۆژی رێمان پێدەدا نزیکی یان خزمایەتی لە نێوان تێکستەکان بدۆزینەوە کە هەر خۆشی فۆرمیان لێکجیادەکاتەوە: هەر ئەم ئیدیۆلۆژیەیە دەگوازرێتەوە بۆ ناو نووسراوە ئەدەبییەکان، تۆژینەوە زانستییەکان و ئاخاوتنە سیاسییەکان.



https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵاتناسی ئێدوارد سەعید لەم چوارچێوە مێتۆدۆلۆژییەوە هەنگاو دەنێ بۆ تۆژینەوە لە جۆرێک لە گوتار لە کۆمەڵی ئێمە. لە ڕاستیدا، لە جۆرە گوتارێک تایبەت بە هەر کۆمەڵێک، کە فۆرمەکانی ئەم گوتارە وا دەکەن شارستانی تێیدا دەست نیشان بکرێ: ئەو گوتارەی زەمینەی لەسەر "ئەویتر" دامەزراوە.

بوارەکە گەلێک بەرین و فراوان دەبوو ئەگەر بهاتایە ئێدوارد سەعید هەمووی هەڵبژاردبایە، بەڵام ئەو یەک لایەنی سەرنجڕاکێش و مانادار و دەوڵەمەندی هەڵبژاردووە: ئەو "ئەوی دەرەکی" هەڵبژاردووە وەک لە "ئەوی ناوەکی" (بە پێچەوانەی هانز مایەر کە بێگانەنامەکەی تەرخان کردبوو بۆ ژنان و هۆمۆ و جوولەکانی کۆمەڵی ئێمە.) ئەو لەناو هەموو "ئەوانی دی دەرەکی" تەنیا "ڕۆژهەڵاتی" هەڵبژاردووە، لەناو ئەمانەش ڕوانینەکانی لەسەر یەکێکیان گیرساندۆتەوە کە مرۆی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستی موسلمان و عەرەبە، لەناو هەموو گوتارەکانیش تەنیا لەسەر ئەو گوتارانە گیرساوەتەوە کە لە هەموویان ڕوونتر و نهێنی درکێنەرترن وەک ئەوانەی فرانسا و ئینگلستان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تۆژینەوەکەشی سنوردار کردووە بە تەنیا سەردەمێک (کە بێگومان زۆر سەرەکییە) ئەمەش سەدەی نۆزدەم و سەدەی بیستەمە. لێرەوە کۆت و بەندە گرینگەکان هەستیان پێدەکرێ، کەچی ئەمەش بەڕاستی لە ناوەڕۆکی شیکردنەوەکەی کەم ناکاتەوە: ئاسانە باوەڕبهێنین دەشێ ئەم ڕوانینە بەسەر سەردەمانی دیکە و شوێنانی دیکە پەیڕەو بکرێ، بەڵام ئەم گونجاندن و هاوتاکردنە چ نرخێکی دەوێ. هەر ئەم تایبەتمەندییەی گوتاری ئێدوارد سەعیدە دەتوانێ بە شێوەیەکی مەجازی لەمە دڵنیا بێت و ئەو ڕووە گشتییەی بپارێزێ.

مێژووی گوتار لەسەر ئەویتر بەڵگەی ناوێ. هەردەم مرۆڤەکان باوەڕیان وابووە لە هاوسێکانیان باشترن، لە تێکچوونی پەیوەندیش



https://t.me/kurdistanbooks

خەتاکەی هەر بۆ ئەمانەی دوایی دەگەڕایەوە. ئەم کەمبوونەوە و دابەزینە دوو لایەنە تەواوکەرەی یەکتر: لەلایەک روانینی خۆمان بە سەرچاوەی بێهاوتا یان بەلای کەمی بە ئاسایی دادەنێین، لەولاشەوە، لەو بڕوایەداین ئەوانی دی بەرانبەر بەم روانینەی ئێمە لە خوارەوەن و کەمترن. کەواتە ئێمە کە وێنای ئەویتر دەکەین هەڵکەوتی لاوازی خۆمانی بەسەردا دەسەپێنین، لەم حاڵەتەدا ئەو لە یەک کاتدا وەک ئێمەیە و لە هەمان کات لە خوارەوەی ئێمەیە. پێش هەموو شتێک ئەوەی لە ئەویترمان سەندۆتەوە مافی ئەم جیابوونەیە: نە کەمتر لە خوارەوەی ئێمە نە باڵاتر لە ئێمە، بەڵکو وەک ئەویتر بە سادەیی. حوکمدان و سزادانی ئەویتر هاوتای مۆدێلێکی هەرەمی کۆمەڵایەتیە (بەربەرەکان کە دەتوێنرێنەوە"ئەسیمیلاسیۆن" دەبنە کۆیلە) نەک دیمۆکراسی و عەداڵەتخوازی: ئەوانیتر لە خوارەوەی ئێمەن چونکە ئێمە حوکمیان لەسەر دەدەین، لە باشترین حاڵەتدا بەو پێوەرانەی کە بۆ خۆمان بەکاریان دەهێنین.

گوتاری کۆیلەگەرایی، پاشان هی کۆلۆنیالی ( کە رۆژهەڵاتناسی نموونەیەکی روونی ئەمانەن) هەر تەنیا بە کاریگەری سادەی واقیعێکی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی نیە، بەڵکو یەکێ لە هێزە بەکێشەکانیەتی: بەشێکی سەرەکیشە نەک تەنیا وێناکەی. ئیدیۆلۆژی ئەو ئەستووندەیەیە کە وا دەکا گوتارەکان و کردەکان هاوکاری هێز بن لە نێوان خۆیان، رۆژهەڵاتناسیش بەشێک لەو چیرۆکە پێکدەهێنێ کە باس لە چارەنووسی بە یەکگەیشتن و لێکرەتبوونی دەستەڵات و زانین دەگێڕێتەوە. ناپۆلیۆن پێش ئەوەی میسر داگیر بکا رۆژهەلاناسەکان دەخوێنێتەوە، ئینجا یەکێ لە ئەنجامە هەرە دیار و روونەکانی ئەم داگیرکردن و هێرش کردنە، کارە مەزنەکانی فیلۆلۆژی و وەسفی میسرە. زانستی فرانسییەکان دەبێ باش بووبێ، چونکە سوپای فرانسییەکان سەرکەوتن، باڵادەستییان بە راستەقانی


https://t.me/kurdistanbooks

گەڕێندرا (هەر هیچ نەبێ لەبەر چاوی خۆیان) چونکە شارستانی ئەوان باڵادەستە و زانستیشیان باشە. بە کەسێک بگوترێ "من هەقیقەتی تۆ دەزانم" هەر تەنیا زانیاریم ناداتێ لە بارەی سروشتی ناسینەکانم، بەڵکو لە نێوان ئێمە پەیوەندییەک بنیات دەنێ کە تێیدا "من" باڵادەستم و "ئەویتر" ژێردەستە. تێگەیشتن لە یەک کاتدا هەر لەبەر هۆیەکی بەڵگەنەویستیش دوو مانا دەدا، "مانالێکدانەوە" و "گونجاندن" : تێگەیشتن بەم فۆرمە پاسیڤەی خۆی یان ئەگەر ئەکتیڤ بێ وەک (نوێنەرایەتیکردن)، ناسینە کە هەردەم دەستەڵات دەداتە ئەو کەسەی کە بە ئارەزووی خۆی ئەویتر هەڵسووڕێنێ، گوتارناس بە کورتی وەک سەردار دێتە ناسین. لەلایەکەوە ئایە ئەمە رێککەوتە گوتارێکی رۆژهەڵاتناسی لە رۆژئاواوەوە هەیە بەڵام هیچ گوتارێکی رۆژئاواناسی لە رۆژهەڵات نیە، لەولاشەوە ئایە هەردەم رۆژئاوا باڵادەست بووە بەسەر رۆژهەڵاتدا ؟

کۆنسێپت یەکەمین چەکە بۆ رام کردن و سەرنوی کردنی ئەویتر، چونکە دەیگۆڕێ دەیکاتە شت (لە کاتێکدا بابەتەکە خۆی لەوە کورت نابێتەوە ببێتە کۆنسێپت)، سنووردارکردنی "رۆژهەڵات" یان "عەرەب" وەک شت بۆ خۆی کردەیەکی توندوتیژییە. ئەم ئاماژەیە ئەمەندە مانای قورسە بە رادەیەک هیچ نرخێک ناهێڵێتەوە بۆ ئەو وتەیەی کە رەپێشی دەخەین و دەڵێ "عەرەب تەمبەڵن" وتەیەکی رەگەزپەستانەیە، بەڵام کە دەڵێین "عەرەب کارکەرن" هەمان هەڵکەوتی هەیە، گرینگ ئەوەیە بەم چەشنە باسی عەرەب بکرێ. کار و کردەی زانایان لێرەوە ناوەڕۆکێکی سیاسی وەردەگرێ کە خۆلادان لێی سەختە (هەمان شت راستە بە پلەی جیاواز بۆ هەموو زانینێکی مێژوویی)، سەرەنجام لەم روانگەیەوە بابەتی کتێبەکەی ئێدوارد سەعید دەبێتە سیاسەتی زانست. لێرەوە بە نۆرەی خۆشیەوە، رۆژهەڵاتناسیش خراوەتە ناو ئیلتیزامی تێکۆشینێک، بەڵام لیاقەت و شایانی ئەم ئیلتیزامە ئەوەیە


https://t.me/kurdistanbooks

پیشانمان بدا زانایان و پسپۆڕان لاوازتر خۆیان نەخستۆتە ناو ئیلتیزامی ئەم تێکۆشینە، هەر هیچ نەبێ وەک ئەمڕۆ ئەوان لەو بڕوایەدان لەسەرەوەی هەموو ئیدیۆلۆژییەکن.

ئێمە تێگەیشتین ئەم کتێبە هەر تەنیا تۆژینەوە نیە لە بارەی مێژووی زانست یان هی ئەدەب بەڵکو لە بارەی رۆژەڤی گەرم و هەرە تازە و هاوبەشمانە، چونکە چارەنووسی ئێمە بەستراوەتەوە بە هی ئەوانیترەوە، هەروا پەیوەندی بە روانینی ئێمەشەوە هەیە کە لە سەر ئەوان هەمانە و ئەو شوێنە و پێگەیەی پێیان دەدەین. ئەم ئەوانەی "دەرەکی"یە لەلای ئێمەن، ئەمانە پێیان دەوترێ "کرێکاری بێگانە"، یانیش لەودیو سنوورەکانی ئێمەن، بەڵام زۆر نزیک، پێیان دەگوترێ "زلهێزی پترۆلی". کاتێ کە ئێمە بە یاریدەی هەندێ نوێنەری پەرلەمان یاسایەکی رەگەزپەرست دەردەکەین دژ بەو کارگەرانە، کاتێ کە ئێمە هاوار دەکەین بەرانبەر بەو ئابڕووچوونەی گوایە نرخی بەنزین بەرزبۆتەوە، ئاگادار بین یان نا، بیزانین یان نەیزانین شوێنپێی گوتارە مەزنەکانی رۆژهەڵاتناسەکان دەگرینەبەر، ئینجا هەر زووش بەهانە و ئەرگیومەنتی بۆ دەدۆزینەوە. بەڵام تاقە جیاوازی (بەڵام ئەمە ئەو جیاوازیەیە کە ئەم ئابڕوچوونە دەیورووژێنێ ؟) کە رۆژهەڵاتییەکان چیتر ئەو وێنایە قبوڵ ناکەن کە ئێمە هەمانە لەسەر ئەوان، بێگومان بە دڵسۆزیش ئەو یارییەش ناکەن کە ئێمە هەردوولامان هاوبەشین و دانەری ریساکانین.

رۆژهەڵاتناسی چارەسەری هەموو ئەو پرسیارانەی پێ نیە کە دەیکا. رۆژهەڵاتناسی "رۆژهەڵات" رەت دەکاتەوە، بەڵام پێمان نالێ شارستانی ئیسلامی (یان میسری یان هیندی...هتد) هەندێ خەسڵەتی نیە وەک شارستانی رۆژئاوا، (ئینجا ئەگەر هەبێ، کامەیە). رۆژهەڵاتناسی دژی ئەو تێگەیشتنەیە ئەویتر بتوێنێتەوە، دژی ئەو ئیمپریالیزمەیە کە لەلایەن زانستی دامەزراوەییەوە پەیڕەو کراوە،



https://t.me/kurdistanbooks

بەڵام پێمان ناڵێ ئایە تێگەیشتنێکی دیکەی جیاواز هەیە کە تێیدا ئەویتر بچووک ناکرێتەوە و سەری نوێ ناکرێ. ڕۆژهەڵاتناسی دژی لێنەبووردنی مرۆڤەکانە لە بەربەرەکان، بەڵام ئەوەشمان فێرناکا چۆن فرمانێکی ئەخلاقی وەک (تکایە لێبووردەبن) لەگەڵ نارەزاییە مێژووییەکان ئاشت بکاتەوە:"مرۆڤەکان هەرگیز وانەبوونە" ئەو ڕێگەیەکی دیکەی نوێی ئەخلاقی ڕەوانمان نیشان نادا، ڕێگەیەک یۆتۆپیایی نەبێ.

بەڵام لەوانەیە هەر زانست خۆی بێ، بەو شێوەیەی ئێدوارد سەعید دەیەوێ: لە جیاتی ئەوەی لە نێو وەڵامەکان زیندانیمان بکا، ئەو دەیەوێ بە دروستی پرسیار بکا.

**تزڤتان تۆدۆرۆڤ**



https://t.me/kurdistanbooks

**ئەوان ناتوانن نوێنەرایەتی خۆیان بکەن، دەبێ نوێنەرایەتی بکرێن**

کارل مارکس.
"18ی برومێری لوی بۆناپارت"

# رۆژهەڵات پیشەیەکە...

بنیامین دزرائیلی.
تانکرێد



https://t.me/kurdistanbooks

# دەروازە

## 1

لە یەکێ لە سەردانەکان بۆ بەیروت لە ماوەی جەنگی تۆقێنەری 1975-1976، رۆژنامەنووسێکی فرانسی بە غەمبارییەوە باس لە ناوەندی شاری وێرانی بەیروت دەکا و دەڵێ "وا دەهاتە بەرچاو لە کۆندا ئەم شارە بەشێک بوو بێت (...) لە رۆژهەڵاتی شاتۆبریان و نێرڤال"(1). ئەگەر مەسەلەکە هەر تەنیا شوێن بێ ئەو لەسەر هەق بووە بێگومان، بە تایبەتی بۆ کەسێکی ئۆروپی. رۆژهەڵات تا رادەیەک داهێنانێکی رۆژئاوا بووە، هەر لە پێش مێژووەوە شوێنێک بووە پڕ لە فەنتازیا و پڕ لە بوونەوەری ناوێزە و ئێگزۆتیک، پڕ لە بیرەوەری و پڕ لە دیمەنی بکێش بۆ سەرنج و پڕ لە ئەزموونی لە ئاسابەدەر. ئەم رۆژهەڵاتە ئێستە رووی لە نەمانە: ئەو وابووە، بەڵام ئێستە بۆتە رابردوو. پێدەچێ و لەوانەیە ئەمە بایەخێکی ئەوتۆی نەبێ، بە چەشنێک مەسەلەکە لێرەوە رۆژهەڵاتییەکانن، وەک ئەوەی پێشتر لە سەردەمی شاتۆبریان و نێرڤال لێرە ژیابن و ئەمڕۆش هەر ئەوان بن ئازار بکێشن: لێرەوە مەسەلەی سەرەکی بۆ مێوانە ئۆروپییەکان وێناکردنی رۆژهەڵات و چارەنووسی ئەمڕۆیەتی، کە هەر یەکێک لەمانە مانایەکی تایبەتی هەیە، مانایەک لەسەر ئاستی گشتی بۆ رۆژنامەنووسەکە و بۆ خوێنەرانی فرانسی.

پێگەی ئەمریکییەکان رێک هەمان شت نیە: بۆ ئەوان، رۆژهەڵات بەختی ئەوەی هەیە زیاتر ببێتە هاوبەشێکی رۆژهەڵاتی دوور (چین و ژاپۆن بە پلەی یەکەم). بە پێچەوانەی ئەمریکییەکان، فرانسییەکان و



https://t.me/kurdistanbooks

ئینگلیزەکان، بە پلەی کەمتر ئەلمانەکان و رووسەکان و پۆرتوگالییەکان و ئیتالی و سویسراییەکان، نەریتێکی درێژیان هەیە لەوەی ناوی لێ دەنێم رۆژهەلاتناسی، کە شێوازێکە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ رۆژهەڵات لەسەر بنچینەی ئەو پێگە تایبەتیەی رۆژهەڵات هەیەتی لە ئەزموونی ئۆروپای رۆژئاوا. رۆژهەڵات هەر تەنیا هاوسێی نزیکی ئۆروپا نیە، بەڵکو ئەو شوێنەیە کە ئۆروپا بەرینترین و دەوڵەمەندترین و کۆنترین کۆلۆنییەکانی خۆی لێ دامەزراندووە، سەرچاوەی شارستانی و زمانەکانیەتی، رکابەری کولتووری خۆیەتی، رۆژهەڵات وێنایەکی ئەویتری پێشکەش دەکا کە لە قووڵایی هەناوی خۆی رەگاژۆ بووە. بێجگە لەمەش، رۆژهەڵات رێی بە ئۆروپا (یان رۆژئاوا) داوە بە کۆنتراستی جیاجیا خۆی بناسێنێ: بیری خۆی، کەسایەتی خۆی، ئەزموونی خۆی پێناسە بکا. ئەم رۆژهەڵاتە بە هیچ شێوەیەک تەواو خەیاڵی نیە. رۆژهەڵات بەشێکی بنچینەیی شارستانی و کولتووری ماتریالی ئۆروپایە. رۆژهەڵاتناسی دەربڕین و نوێنەری ئەو بەشەیە، ئەمەش لە رووی کولتووری و ئیدیۆلۆژی، لە شێوەی مۆدێکی گوتار، بە یارمەتی و پشتگیری دەزگاکان یان دامەزراوەکان Institutions، وشە، خوێندن، وێنە، رێبازەکان، هەتا دەگاتە مەسەلەی بیرۆکراسی کۆلۆنیالی و شێوازە کۆلۆنیالییەکانیش. بەراوردکردنی ئەمە بە تێگەیشتنی ئەمریکایی بۆ رۆژهەڵات، ئەوەی ئەمریکییەکان لێڵ دێتە بەرچاو، بەڵام ئەزموونی تازەی ئەڤانتوری ئەمریکییەکان لەگەڵ ژاپۆنییەکان و کۆرییەکان و هیندۆچینییەکان، پێدەچێ ئەو هەستیارییە "رۆژهەڵاتی"یەی دابێتە ئەمریکییەکان ماقووڵتر و ریالیستی تر بن. بێجگە لەمەش، دەبێ ئەم تێگەیشتنە هەستیارەی ئەمریکییەکان هاوتا بێت لەگەڵ کاریگەری سیاسی و ئابووری هەڵکشاوی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیە کە پێی دەگوترێ رۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست.



https://t.me/kurdistanbooks

دەبێ زۆر روون بێ بۆ خوێنەر (کە هەوڵدەدەم لە لاپەڕەکانی دوایی پیشانی بدەم) کە دەڵێم رۆژهەڵات، مەبەستم کۆمەڵێک شتە، بەڕای من، هەر یەک لەمانە پەیوەندیان بەوی ترەوە هەیە. مانای هەرە لە پێشینەی ئەم زاراوەیە زانکۆیی و ئەکادێمییە: ئەم مۆرکەش دەدرێتە گەلێک لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا. هەموو ئەمانە بە رۆژهەڵاتناس لە قەڵەم دەدرێن کە وانە لە بارەی رۆژهەڵات دەڵێنەوە یان لەم بارەیەوە دەنووسن یان تۆژینەوە بە شێوەیەکی گشتی یان لە بوارێکی تایبەتی دەکەن. هەمان شتیش راستە بۆ ئێتنۆلۆگ، کۆمەڵناس، مێژوونووس یان زمانناس، ئەو بوارەی تۆژینەوەی لێ دەکەن پێی دەگوترێ رۆژهەڵاتناسی. راستە ئەمڕۆ زاراوەی رۆژهەڵاتناسی لەلای پسپۆڕەکان یان لەلایەن "تۆژینەوە رۆژهەڵاتییەکان" یان لەلایەن "تۆژینەوە لە هەرێمە کولتوورییەکان" باوی نەماوە، چونکە لە یەک کاتدا زۆر لێڵ و زۆر گشتی دێتە بەرچاو، بێجگە لەمەش چونکە کەنالێکیش دەکاتەوە بۆ هەڵوێستی کۆلۆنیالی ئۆروپییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، کە ئەم وڵاتانەیان وێڕای سەرنوی کردنیان بەڕێوە دەبرد. بەڵام لەگەڵ ئەمەش هێشتا بەلای کەمی کتێب دەنووسرێ، کۆنگرە و کۆنفرانس دەبەسترێ کە تێمای سەرەکییان "رۆژهەڵات"ە، ئەمەش لە ژێر چاودێری رۆژهەڵاتناسی کۆن یان شێوازی نوێ. بە گشتی ئەگەرچی رۆژهەڵاتناسی وەک خۆی نەماوەتەوە، بەڵام رۆژهەڵاتناسی لەناو زانکۆکان درێژە بە خۆی دەدا، هەڵبەت لە رێگەی لێکۆڵینەوە لە بزووتنەوە و تێزەکان لە بارەی رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتییەکان.

بۆ ئەم نەریتە ئەکادێمییە کە سەرنەوشت و گۆڕین و پسپۆڕبوون و گواستنەوە تێیدا بە شێوەیەکی لابەلا بابەتی ئەم تۆژینەوەن، تێکەڵ بە روانینێکی دی گشتی تر دەبن لەمەڕ رۆژهەڵاتناسی: ئەمەش



https://t.me/kurdistanbooks

شێوازێکی بیرکردنەوەیە لەسەر زەمینەی جیاوازیکردن لە نێوان ئۆنتۆلۆژی Ontologie و ئێپیستمۆلۆژی Epistemologie دامەزراو لە نێوان رۆژهەڵات و (زۆربەی جار) رۆژئاوا. سەرەنجام بەم جۆرە نووسەرێکی زۆر، تیایاندا شاعیر و رۆماننووس و فەیلەسوف و تیۆریناسی سیاسی، فەرمانبەرانی ئیمپراتۆری هەبوونە، لەم جیاوازییە بنچینەییەوە رۆیشتوون بۆ دارشتنی چەندان تیۆری ئامادەکراو، چەندان داستان، رۆمان، وەسفی کۆمەڵ و سیمیناری سیاسیان لە بارەی رۆژهەڵات پێشکەش کردووە، کە ناوەڕۆکیان لە بارەی گەلانی رۆژهەڵات و نەریتەکانیان بووە، لە بارەی "ئەقڵ" و چارەنووسیان بووە،...هتد. لەناو ئەم رۆژهەڵاتناسییە دەتوانرێ شوێن بدۆزرێتەوە بۆ نموونە بۆ ئێشیل (ئەسخیلوس)و ڤیکتۆر هوگۆ، دانتێ و کارل مارکس. هەر لەم پێشەکییەوە کەمێک دواتر، ئەو کێشە میتۆدۆلۆژیانەش چارەسەر دەکەم کە لە بوارێکی ئەمەندە بەرین تووشیان دەبین.

گۆڕینەوەیەکی بەردەوام هەیە لە نێوان رۆژهەڵاتناسی بە مانا ئەکادێمییەکەی و رۆژهەڵاتناسی خەیاڵی، لە کۆتایی سەدەی هەژدەمەوە جوولە و بزووتنەوەیەکی دیار و چالاک، خاوەن دیسیپلین دەشێ زیاتریش بووبێ، لە نێوانیاندا هەبووە. بەم جۆرە لێرەوە دەگەمە مانای سێیەمی رۆژهەڵاتناسی کە بە شێوازە مێژووییەکەی پێناسە کراوە، ئەمەشیان زیاتر بەرجەستترە لەچاو دووەکەی دی. ئەگەر زۆر بە گشتی وەک خاڵی دەستپێکردن، کۆتایی سەدەی هەژدەم وەرگرین، دەتوانین وەک دامەزراوەیەکی گشتی کە پیشەی تاووتوێ و تۆژینەوە بێ لە بارەی رۆژهەڵات وەسفی رۆژهەڵاتناسی بکەین لە رێگەی: دەرکردنی بەیاننامە، هەڵوێست وەرگرتن، وەسفکردن، خوێندن، ئیدارە، حکومڕانی، بە کورتی، رۆژهەڵاتناسی شێوازێکی رۆژئاواییە بۆ باڵادەستی و زاڵبوون، سەرلەنوێ



https://t.me/kurdistanbooks

دروستکردنەوەی بنیات و دەستەڵات شکان بەسەر ڕۆژهەڵات. پێناسەکردنی چەمکی گوتار Discours لەلایەن میشێل فوکۆ لە کتێبی "ئارکیۆلۆژی زانین" و "چاودێری و سزادان" سوودی بۆ من هەبوو لە پێناسە و دیاریکردن و ناساندنی ڕۆژهەڵاتناسی. من پشتگیری لەو ڕوانینە دەکەم ئەگەر ڕۆژهەڵاتناسی وەک گوتارێک وەرنەگرین بە هیچ شێوەیەک ناتوانین لەو دیسیپلینە سیستەماتیکە باڵایە بگەین کە ڕێگەی بە کولتووری ئۆروپیدا ڕۆژهەڵات هەڵسووڕێنێ و ئیدارەی بکا و "هەتا بەرهەمیشی بهێنێ" لە ڕووی سیاسی، سۆسیۆلۆژی، سوپایی، ئیدیۆلۆژی، زانستی و خەیاڵی لە ماوەی دوای سەدەی ڕۆشنایی یان دوای سەردەمی ڕۆشنگەری. هێشتا زۆرتریش، ڕۆژهەڵاتناسی پێگەیەکی ئەوەندە باڵای لەمەڕ دەستەڵات هەیە لەو بڕوایەدام هیچ کەسێک ناتوانێ وەسفی بکا، بیری لێ بکاتەوە، یان لەگەڵ ڕۆژهەڵات هەڵسوکەوت بکا، ئەگەر ئەو سنوورانە لەبەرچاو نەگرێ کە ڕۆژهەڵاتناسی بۆ بیرکردنەوە و بۆ کردە دایناون. بە کورتی، هەر لەبەر ڕۆژهەڵاتناسی خۆی ڕۆژهەڵات هەرگیز نەبۆتە بابەتێکی بیرکردنەوە و کردەی ئازاد، نە دەشبێتە ئەمە. ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئەمە ڕۆژهەڵاتناسییە دواتر ئەوە دیاری دەکا چی بگوترێ لە بارەی ڕۆژهەڵاتەوە، بەڵکو ئەوە تۆڕێکە لە بەرژەوەندی کە بە ناچاری خراونەتە گەڕ (کە هەردەمیش تێوەگلاون) هەموو جارێک کە مەسەلەی ئەو یەکە تایبەتمەندە کە "ڕۆژهەڵات"ە دێتە ئاراوە. بە کام شێواز؟ ئەمەش ئەو بابەتەیە کە لەم کتێبە دەمەوێ بیخەمەڕوو. هەوڵدەدەم ئەوەش بخەمەڕوو کە کولتووری ئۆروپی بە خۆجیاکردنەوە لە ڕۆژهەڵات کە وەک فۆرمێک لە خۆی وەریگرتبوو، بەڵام فۆرمێک لە خوارەی خۆی و وەک وەرگرتنێکی زۆرەملێ، کولتووری خۆی بەهێزکردووە و ناسنامەی خۆی سازگاتر کردووە.



https://t.me/kurdistanbooks

له روانگەی مێژوو و کولتوورەوە، جیاوازییەکی تەواوی چەندایەتی و چلۆنایەتیش هەیە لە نێوان ئیلتیزامی فرانسی و بەریتانی لە ڕۆژهەڵات تا دەگاتە بالادەستی ئەمریکی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، لەگەڵ تەواوی زلهێزە ئۆروپییەکان و ئەتڵەنتیکییەکانی دی. سەرەنجام ئاخاوتن لە بارەی ڕۆژهەڵاتناسییەوە، ئاخاوتنە بە شێوەیەکی سەرەکی نەک تاقە ئاخاوتن لە بارەی پڕۆژەیەکی شارستانی ئینگلیزی و فرانسی، ئاخاوتن لە بارەی پڕۆژەیەک کە کۆمەڵێک بواری جیاجیا و پێکنەچوو وەک خەیاڵی جیاجیا و پێکنەچوو خۆی دەگرێتەوە، هەموو هیندستان و خاوەر "مەشریق" Levant دەگرێتەوە، هەموو تێکستەکان و هەموو ئەو وڵاتانەش دەگرێتەوە کە سەرچاوەی کتێبی پیرۆزن Bible، بازرگانی بەهارات، سوپا کۆلۆنیالییەکان و نەریتی درێژی کارگێڕی کۆلۆنیالی، تەواوێک لە تێکستی تۆژینەوە زانستییەکان، کۆمەڵێک "پسپۆڕ" لە بواری ڕۆژهەڵاتناسی، کۆمەڵێک پڕۆفیسۆری ڕۆژهەڵاتناس، بەکارهێنانێکی ئاڵۆز لە ئایدیاکان لەمەڕ "ڕۆژهەڵاتی" (دسپۆتیزمی ڕۆژهەڵاتی، جوانیی و درەخشانی ڕۆژهەڵاتی، دڕندەیی ڕۆژهەڵاتی، شەهوەت و ئاڵوش پەرستی ڕۆژهەڵاتی)، کۆمەڵێک ئایینزا، فەلسەفە و حیکەمەتی ڕۆژهەڵاتی ماڵیی کراو و رام کراو بۆ بەکارهێنانی ناوەوەی ئۆروپییەکان خۆیان، دەتوانین ئەم لیستە بێپایان درێژ بکەینەوە. بەکورتی، ڕۆژهەڵاتناسی وەک تایبەتمەندیەکی وردی ئینگلتەرا و فرانسایە بۆ ڕۆژهەڵات (تا ساڵانی یەکەمی سەرەتای سەدەی نۆزدەم مەبەست لەم تێرمە هیندستان و وڵاتانی کتێبی پیرۆز بوو). لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، فرانسا و ئینگلتەرا لە ڕۆژهەڵات و لە بواری ڕۆژهەڵاتناسی بالادەست بوون، لە دوای جەنگەوە ئەمریکا لە ڕۆژهەڵات بالادەستە، ئەمریکاش لە تاووتوێی خۆی لەگەڵ ڕۆژهەڵات هەروەکو فرانسا و ئینگلتەڕا بوو. ئەم نزیکییە زۆر دەوڵەمەند و بە پیتاکە، ئەگەرچی هەمیشە



https://t.me/kurdistanbooks

هێزی باڵادەستیی رۆژئاوا (ئینگلیزی، فرانسی یا ئەمریکی) پیشاندەدا کە لە بنچینەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵێکی گەڵێک زۆر لە سەرچاوە و تێکستن، من وەک رۆژهەڵاتناسی دەیانناسێنم.

دەبێ راستەوخۆ ئەوەش بڵێم کە تەماشای کتێبێکی زۆرم کردووە و سەرنجی نووسراوی دانەرانێکی زۆرم داوە، دوو ئەوەندەشم بە سادە و ساکاری پشتگوێخستووە. تێزی من نە پشت بە کەتەلۆگێکی پڕ لەو تێکستانەی بابەتیان رۆژهەڵاتە نە بەو هەڵبژاردە لە نووسراو و دانەر و ئایدیایانەی بە روونی دیاریکراون و رێساکانی رۆژهەڵاتی پێکدەهێنن نابەستێ: بەڵکو من بژاردەیەکی دیکەی مێتودۆلۆژیم کردووە کە بڕبڕەی پشتی ئەمەش بە مانایەک بریتییە لە تەواوی ئەو بەگشتیکردنە مێژووییەی کە لەم پێشەکییە پێشکەشم کردووە و لێرە بە دواوە بە وردی لێکدانەوەی بۆ دەکەم.

## 2

بەم گریمانەوە هەنگاوی یەکەمم هاویشت کە رۆژهەڵات شتێک نیە لە سروشتێکی بێ گیان. زۆر بە سادەیی ئەم رۆژهەڵاتە ئامادەگی نیە، هەروەکو چۆن رۆژئاوا ئەویش بە سادەیی ئامادەگی نیە. ئێمە دەبێ بە چاوێکی پڕ لە بایەخەوە بڕوانینە تێبینییە بایەخدارەکانی ڤیکۆ :مرۆیەکان مێژووی خۆیان بە خۆیان بنیات دەنێن، ئەوەی دەتوانن بیناسن هەر ئەوەیە کە بنیاتنیان ناوە، ئینجا پەیڕەوکردنی ئەمەش لەسەر جوگرافیا: وەک کۆمەڵێک ماهیەتی جیۆگرافی و کولتووری بە یەکەوە (بێ ئەوەی باس لە ماهییەتی مێژوویی بکەین) وەک شوێنەکان، هەرێم و ناوچەکان، بەش و رووبەری جیۆگرافی وەک "رۆژهەڵات" و "رۆژئاوا"، هەموو ئەمانە لەلایەن مرۆوە دروستکراون.



https://t.me/kurdistanbooks

لەبەرئەوە هەروەکو رۆژئاوا خۆی، رۆژهەڵات ئایدیایەکە مێژوویێکی هەیە، نەریتێکی فیکری هەیە، وێنایەکی هەیە، زاراوە و وشەی خۆی هەیە، ئەمانەش هەقیقەت و ئامادەگییان لە رۆژئاوا بۆ رۆژئاوا پێ بەخشیووە. ئەم دوو ماهییەتە جیۆگرافییە پشتگیری لە یەکتری دەکەن، بە چەشنێکیش وەک ئاوێنەن بۆ یەکتری، خۆیان لە یەکتریدا دەبینن.

دوای گوتنی ئەمە، دەشێ ماقووڵ بێ دەست بە هەندێ شتەوە بگرین. لە هەنگاوی یەکەمدا، بە هەڵەدا دەچین ئەگەر ئەو دەرەنجامە بەدەست بهێنین و بڵێین بە شێوەیەکی سەرەکی رۆژهەڵات ئایدیایەکە یان ساختمانێکی ئەقڵییە لەگەڵ هیچ واقیعێک تێکناکاتەوە. کاتێ کە دزرائیلی لە رۆمانەکەی خۆی "تانکرێد" دەینووسی: رۆژهەڵات پیشەیەکە، دەیویست بڵێ بایەخدان بە رۆژهەڵات لەلایەن لاوە سەرکەوتووەکانی رۆژئاوا وەک دۆزینەوەی عاتیفەیەک بووە خۆیان تیا نغرۆ کردووە، نابێ وا لێکبدرێتەوە کە رۆژهەڵات تەنیا پیشەیەکە بۆ رۆژئاواییەکان. کولتوور و نەتەوەی وا هەبوونە "هەن" لە رۆژهەڵات: ژیانیان، مێژوویان، داب و نەریتیان هەقیقەتێکی ئەوەندە خاو و وشکەڕنیان هەیە، هەر شتێکیان لە بارەوە بگوترێ لە رۆژئاوا بە سەهوچوونە. ئەمە یەکێ لەو هەقیقەتانەیە کە ئەم تۆژینەوەی رۆژهەڵاتناسییە تووخنی ناکەوێ، تەنیا بە بێدەنگی دانی پێدادەنێ. لێرەوە، ئەوەی بە پلەی یەکەم سەرنجم رادەکێشێ، هەندێ پەیوەندی نیە لە نێوان رۆژهەڵاتناسی و رۆژهەڵات، بەڵکو پتەوی ناوەوەی یان ناوەکی رۆژهەڵاتناسییە وێڕای روانین و ئایدیاکانی لەمەڕ رۆژهەڵات (رۆژهەڵات وەک پیشە)، بێجگە لە، تا ئەودیوی یان نەبوونی هەموو پەیوەندییەک لەگەڵ رۆژهەڵاتێکی "هەقیقی": روانینەکەی دزرائیلی لەبارەی رۆژهەڵات بە شێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم پتەوییە



https://t.me/kurdistanbooks

ناوەکییە دروستکراوە، بۆ ئەم پۆڵە روانینە راسەقینەیەی کە لەبارەی رۆژهەڵاتن نەک لەبارەی بوونی سادە و ساکاری وەک چۆن "والاس ستیڤنس" بۆی دەچوو.

هەنگاوی دووەم: ئێمە ناتوانین بێ تۆژینەوە بە شێوەیەکی قووڵ لە ئایدیاکان، کولتوورەکان، مێژووەکان بگەین ئەگەر لە هەمان وەخت تۆژینەوە لە هێزی ئەمانەشدا نەکەین، یان وردتر تۆژینەوە لە پێکهاتەی دینامیکییان نەکەین. باوەڕهێنان کە رۆژهەڵات داهێنراوە، یان وەک من دەیڵێم بە زاراوەی خۆم "رۆژهەڵات بە رۆژهەڵاتیکراوە"، ئینجا باوەڕهێنان کە ئەم جۆرە رووداوانە زۆر بە سادیی وەک پێویستییەکی خەیاڵ دەگەن، بەڵگەیەکە بۆ خۆ بە ساویلکە پیشاندانە. پەیوەندی نێوان رۆژئاوا و رۆژهەڵات پەیوەندییەکە لەسەر بنچینەی دەستەڵات و باڵادەستییە: رۆژئاوا تا ئاست و پلەی جیاجیای باڵادەستی Hégémonie (ئەم وشەیە ماوەیەکی زۆر نیە وەک هەژموون هاتۆتە ناو زمانی کوردی/وەرگێڕ) ئاڵۆزی خۆی پەیڕەوکردووە هەروەکو لە ناونیشانی کارە کلاسیکییەکەی "ک. م. پانیککار"دا: ئاسیا و دەستەڵاتی رۆژئاوا" دەردەکەوێ(2). رۆژهەڵات بە رۆژهەڵاتیکرا نەک لەبەرئەوەی دواتر هەستمان کرد "رۆژهەڵاتە" هەروەکو کلێشە باوەکانی مرۆی چینی ناوەندی ئۆروپی سەدەی نۆزدەم بۆی دەچوو، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەم رۆژهەڵاتە هێشتا دەتوانرا بکرێتە رۆژهەڵاتی. دەبا نموونەی ئەو بەیەکگەیشتنەی نێوان فلۆبێر و ژنە سۆزانییە میسرییەکە وەرگرین، دەبینین ئەم بەیەکگەیشتنە، مۆدێلێکی گەلێک زۆر بڵاوە بۆ ژنی رۆژهەڵاتی: ژنی رۆژهەڵاتی هەرگیز باسی خۆی ناکا، هەرگیز هەڵچوونەکانی خۆی پێشان نادا، هەرگیز باسی بوونی خۆی ناکا، باسی مێژووی خۆی ناکا، ئەمە "ئەوی نێر"ە لە جیاتی ئەو قسە دەکا و نوێنەرایەتی ئەو دەکا. کەچی ئەوی نێریش لەم هەڵکەوتە بێگانەیە، تۆزێ



https://t.me/kurdistanbooks

دەوڵەمەندیشە، ئەو پیاوە، هەر ئەم باڵادەستییەشە وەک هەقیقەتێکی مێژوویی ڕێگەی پێدەدا نەک هەر تەنیا جەستەی "کوچک خانم" بەدەست بهێنێ، بەڵکو قسە لەجیاتی ئەویش بکا و بە خوێنەرانی بڵێ لە چیدا "کوچک خانم "نموونەی مۆدێلی ڕۆژهەڵاتییە". تێزی من ئەوەیە کە هەڵکەوتی هێز لە نێوان فلۆبێر و کوچک خانم نموونەیەکی پەڕاگەندە نیە، دەشێ زۆرباش بەکاربێ و سوودی هەبێ وەک نموونەیەکی بنچینەیی پەیوەندی هێز لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەروەها وەک نموونەیەکیش بۆ ئەو گوتارەی لەسەر ڕۆژهەڵات هەیە و هەر ڕۆژهەڵاتیش خۆی ڕێگەی پێداوە ئەم گوتارە شیاو بێ.

ئەمەش ڕێگەمان پێدەدا بەرەو هەنگاوی سێیەم بچین. پێویست بەوە ناکا باوەڕ بەوەبهێنین کە سترەکتوری ڕۆژهەڵاتناسی چ نیە جگە لە سترەکتورێک بۆ درۆیەکان و ئەفسانەکان کە زۆر بە ئاسانی ئەو ڕۆژەی هەقیقەت دەزانرێ رادەماڵرێن. لەلایەن خۆمە، لەوبڕوایەدام ڕۆژهەڵاتناسی وەک نیشانەیەک بۆ هێز و توانای ئۆروپی و ئەتلەنتیکی لەسەر ڕۆژهەڵات نرخی زۆرترە نەک وەک گوتارێکی هەقیقەت هەڵگر لەسەر ڕۆژهەڵات (کە ئەم گوتارە لافی ئەوە لێدەدا بە تایبەتی لە فۆرمە ئەکادیمییەکەی). بەڵام بەلای کەمی ئەوەی دەبێ ئێمە ڕێزمان بۆی هەبێ و هەوڵی گرتنی بدەین، ئەو چینینە توندوبەندەی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسییە، پەیوەندییە زۆر نزیکەکەکانیەتی لەگەڵ هێز و توانای دەزگاکانی سۆسیۆئابووری و سیاسی و زیندوویی و چالاکییە بەرچاوەکانی ئەمانەیە. پاشان، سیستەمێک لە ئایدیاکان توانای ئەوەی هەبێ خۆی ڕاگرێ و وەک حیکمەتێک بگوازرێتەوە (لە ڕێگەی ئەکادێمیاکان، کتێبەکان، کۆنفرانسەکان، دانیشگاکان، بیرۆ دیپلۆماتیکیەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە) هەر لە سەردەمی "ئەرنست ڕێنان"ەوە تا ئێستە، واتە لە کۆتایی ساڵانی 1840 تا ئەمڕۆ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی



https://t.me/kurdistanbooks

ئەمریکا، دەبێ شتێکی زۆر توند و ترسناک بێت وەک لە زنجیرە درۆیەکی سادە و ساکار. سەرەنجام، رۆژهەڵاتناسی داهێنانێک نیە بە ئیلهامی ئۆروپی، بەڵکو جەستەیەکە لە رێباز و بزووتنەوە و پراکتیک کە تیایدا وەبەرهێنانێکی زۆر کراوە بۆ ماوەی چەندان نەوە لە دوای یەکتری. لەبەر ئەم وەبەرهێنانە بەردەوامە، رۆژهەڵات ناچار بووە بەناو فلتەری وەرگیراو و دانپیانراوی رۆژهەڵاتناسی وەک سیستەمێکی زانین و ناسین تێپەڕێ بۆ ئەوەی بچیتە ناو هوشیاری ئۆروپی، هەر ئەم وەربەرهێنانەشە لە راستیدا وایکردووە (وایکردووە بەرهەمهێن بێت) حوکمدانەکان کە لە سەرەتادا لەناو رۆژهەڵاتناسی دادەڕێژران، بچنە ناو کولتووری گشتی و جێگەی خۆیان بکەنەوە.

گرامشی گەشەی بە جیاکردنەوەیەکی شیکەرەوەی بە سوود داوە لە نێوان کۆمەڵی مەدەنی و کۆمەڵی سیاسی: یەکەمیان بریتییە لە کۆبوونەوە و پەیوەندی خۆبەخشانە (یان بەلای کەمی لەسەر بنچینەی رێسا ئەقڵییەکان، نەک ئیجباری دامەزراوە) وەک خوێندنگەکان، خێزانەکان، سەندیکاکان، هەرچی هی دووەمە لەسەر بنچینەی دەزگا دەوڵەتییەکانە وەک (سوپا، پۆلیس، بیرۆکراسی ناوەندی) کە رۆلیان لە سیاسەتدا بریتییە لە باڵادەستی راستەوخۆ. هەرچی کولتوورە، بێگومان شوێنی کاری لەناو کۆمەڵی مەدەنییە، لەوێدا ئایدیاکان، دەزگاکان و کەسایەتییەکان کاریگەری و رۆلی خۆیان دەگێڕن، لە رێگەی نەک باڵادەستی بەڵکو هەروەکو گرامشی ناوی لێ دەنێ لە رێگەی رەزامەندی. لەناو کۆمەڵێک کە تۆتالیتار نیە، هەندێ فۆرمی کولتووری باڵادەستییان لەچاو هەندێکی دی هەیە، هەروەکو چۆن هەندێ ئایدیا زۆرتر بڵاون لەچاو هەندێکی دی، گرامشی ناو لەم فۆرمە باڵادەستیە کولتوورییە دەنێ "باڵادەستی Hégémonie"، ئەمەش بێگومان کۆنسێپتێکی پێویستە بۆ ئەوەی لە شتێک بگەین لە ژیانی کولتووری رۆژئاوای پیشەساز. ئەمە ئەم


https://t.me/kurdistanbooks

هەژموونەیە، ئەم باڵادەستییەیە، یان زیاتر کاریگەرییەکانی ئەم باڵادەستی کولتووریەیە کە هێز و توندوبەندی دەداتە رۆژهەڵاتناسی کە پێشتر باسم کرد. رۆژهەڵاتناسی هەرگیز لەوە دوور نیە کە "دونیز های" ناوی لێ دەنا ئایدیای ئۆروپا (3)، ئەمەش چەمکێکی کۆگەلییە Collective کە شوناسی "ئێمە"ی ئۆروپییەکان دەناسێنێ بەرانبەر بەوانەی "ئەولا" کە ئۆروپی نین، دەتوانین باش پشتگیری لەو خەسڵەتە جەوهەرییەی کولتووری ئۆروپی بکەین، ئەوەی کە بە وردی وایکردووە لە ئۆروپا و دەرەوەی ئۆروپا باڵادەست بێ، ئەو شوناسە ئۆروپیە باڵادەست و بەرزترەیە لەچاو هەموو میللەتانی تر و هەموو ئەو کولتوورانەش کە ئۆروپی نین. بێجگە لەمە هێشتا، باڵادەستی ئایدیا ئۆروپییەکانیش هەن لەسەر رۆژهەڵات، هەر ئەم ئایدیایانەش ئەم باڵادەستییەی ئۆروپی بەرانبەر بە دواکەوتوویی رۆژهەڵات دووبارە دەکەنەوە، ئەو ئەم شیمانەیەش دەسڕێتەوە بشێ هزرمەندێکی دیکەی زیاتر سەربەخۆ و ئازاد یان زیاتر گومانکار خوێندنەوەی دیکەی بۆ بکات و روانینی تری لە بارەوە هەبێ.

بە شێوەیەکی توندوبەند، ستراتیژی رۆژهەڵاتناسی بریتییە لە وەزیفەی ئەم باڵادەستییە کە وەک پێگە وایە و زبر نیە و شوێن بۆ رۆژئاوا لەناو هەموو جۆرە پەیوەندییەک دەکاتەوە لەگەڵ رۆژهەڵات، بێ ئەوەی هەرگیز دەستی لێ بەربێ و رکێفی لەسەر نەمێنێ. ئینجا بۆ دەبوایە بە چەشنێکی دی بێ، بە تایبەتی لەماوەی نێوان سەردەمی بووژانەوە تا ئەمڕۆ کە ئۆروپا بە شێوەیەکی لە ئاسابەدەر باڵادەست بوو؟ پیاوانی زانست، پسپۆڕان، میسیۆنێرەکان، بازرگانەکان، سوپاییەکان، هەموویان لە رۆژهەڵات بوون یان لەوێ بیریان لە رۆژهەڵات دەکردەوە، چونکە دەیانتوانی لەوێ بن، بیری لێ بکەنەوە، بێ ئەوەی رووبەڕووی هیچ بەرگرییەک بنەوە لەلایەن رۆژهەڵاتەوە. لە بن ناونیشانی گشتی زانین و ناسینی رۆژهەڵات و لە بن چەتری


https://t.me/kurdistanbooks

هەژموونی ڕۆژئاوا، لەگەڵ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم، ڕۆژهەڵاتێکی ئاڵۆز سەرهەڵدەدا، ئەم ڕۆژهەڵاتەش زۆر گونجاو بوو بۆ تۆژینەوە ئەکادیمییەکان، بۆ پێشانگاکان لەناو مۆزەخانەکان، بۆ بنیاتنانەوەی بیرۆ کۆلۆنیالییەکان، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و ڕازاندنەوەی تیۆری تێزەکان لەمەڕ ئەنترۆپۆلۆژی، بیۆلۆژی، زمانناسی، نەژادناسی، تۆژینەوەی مێژوویی لە بارەی مرۆڤایەتی و گەردوون، بۆ نموونە تیۆرەکانی ئابووری و سۆسیۆلۆژی لەبارەی گەشەپێدان، شۆڕش، کەسایەتییە کولتوورییەکان، خەسڵەتی نەتەوەیی یان ئایینی. بێجگە لەمە، بە دەستهێنانی شت لەسەر ڕۆژهەڵات، لە ڕێگەی ئەندێشە، کەم و زۆر بوارێک بووە بە تەنیا لەسەر هوشیاری یان ئاگایی حاکمییەتی ڕۆژئاوا دامەزرابوو، لەسەر پێگەی ناوەندی بێ ئەملاو ئەولای ڕۆژئاوا جیهانێک سەری هەڵدەدا کە ڕۆژهەڵاتی بوو، پاشان بە هۆی لۆژیکێکی ورد ئەم ڕۆژهەڵاتییە بەڕێوەدەبرا نەک هەر تەنیا لەڕێگەی واقیعییەتێکی ئەزموونکراو بەڵکو لەڕێگەی ماشێنێک لە ئارەزوو، لە چەوساندنەوە، لە وەبەرهێنان، لە سیفەت دانەپاڵ. دەتوانین چەندین کاری ڕۆژهەڵاتناسی وەک نموونە بهێنینەوە کە وەک کار و بەڵگەی زانستی ڕاستەقینەن، وەک "هەڵبژاردە عەرەبییەکان"ی سیلڤێستر دو ساسی، یان کتێبی "وەسفی داب و نەریتی میسرییە هاوچەرخەکان"ی ئێدوارد ویلیەم لان، بەڵام دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین کە ئایدیاکانی ڕێنان یان گۆبینۆ لە بارەی نەژادەکان بەشداری لە هەمان بزووتنەوە دەکەن، هەروا کۆمەڵێکی زۆریش لە ڕۆمانە پۆڕنۆگرافییەکانی سەردەمی ڤیکتۆری لەسەر هەمان هێڵن (بڕوانە ئەو شیکردنەوەیەی ستیڤن مارکوس کە بۆ "تورکی بەباهاتوو" دەیکا).(4)

لەگەڵ ئەمەش، دەبێ بەردەوام لە خۆمان بپرسین چی مایەی زۆرترین بایەخە لە ڕۆژهەڵاتناسیدا: ئایە ئەوە کۆمەڵە ئایدیا


https://t.me/kurdistanbooks

گشتییەکانن کە بەسەر ماتریالەکاندا زاڵن، ئەو ئایدیایانەی کە ناتوانین ئینکاریان بکەین بارگەکرابوون بە بزووتنەوە باڵادەستییە ئۆروپییەکان، بە نەژادپەرستی جیاواز، بە ئیمپریالیزم و هی دیکە، بە روانینی دۆگماتیکی لەبارەی رۆژهەڵاتی وەک جۆرێک لە کورتکردنەوەی رووتی ئایدیالی و نەگۆڕ؟ یان ئەو کارە زۆر جیاوازانەی لەلایەن ژمارەیەکی تا رادەیەک خەیاڵی لە دانەران و نووسەران بەرهەم هێنراون کە دەتوانین وەک هەڵکەوتی تایبەتی، تاکەکەسی ئەو نووسەرانە وەرگرین کە تاووتوێی رۆژهەڵات دەکەن؟ بە چەشنێک، ئەم دوو لقە لە ئەلتەرناتیڤی گشتی و تایبەتی، لەڕاستیدا تەنیا دوو روانینن بۆ هەمان بابەت (ماتریال): لە هەردوو حاڵەتدا، ئێمە سەروکارمان لەگەڵ کەسانی پێشەنگدا هەیە وەک ویلیەم جۆنز، هونەرمەندانی گەورە وەک نێرڤال یان فلۆبێر. سەرەنجام بۆچی هەردوو روانین بەیەکەوە لەیەک کاتدا یان یەک لە دوای ئەویتر بەکارناهێنین؟ خۆڕاگرتن بە شێوەیەکی پلان بۆ دانراو لە ئاستێکی وەسفی زۆر گشتی یان زۆر تایبەتی، بە روونی ترسی خەوشی لێ ناکرێ (بە وردی لە هەمان جۆری ئەو مەترسییەی رۆژهەڵاتناسی ئەکادیمی تێی بکەوێ)؟ لەو بڕوایەدام دەبێ لە دوو خەوش بترسین: خەوش و نەبوونی وردەکاری، باشترە بڵێین جۆرێک لە وردەکاری کە بەگشتیکردنێکی زۆرتر دۆگماتیک و فۆکالیزاسیۆنێکی زۆرتر پۆزەتیڤ بەرهەم دەهێنێ. هەوڵمداوە تۆژینەوە لە سێ پرەنسیپەکانی واقیعی تایبەتی خۆم، هی ئەمڕۆ بکەم، ئەمانەش پێموایە ئەوەم بۆ دیاری دەکەن چۆن خۆدەربازکەین لە گرفتەکانی مێتۆد و روانین، ئەو گرفتانەش دەشێ لە حاڵەتی یەکەم ناچارمان بکەن تێکستێک دابڕێژین بە شێوەیەکی ناشیرین گفتوگۆ و دەمەقاڵێ هەڵگرێ یان ببێتە تێکستێکی وەسفی ئەوەندە گشتی شایانی ئەوە نەبێ رەنجی بۆ بدەین، یان، لە حاڵەتی دووەم، زنجیرە شیکردنەوەیەکی وردی بارگەدار بنووسین، بەم جۆرە وێڕای


https://t.me/kurdistanbooks

بزرکردنی هەموو دێرە بەهێزەکان کە بوارەکە دەگرێتەوە خۆی و هێزی تایبەتی خۆی دەداتێ. سەرەنجام چۆن ئەو فەردییەتە بناسینەوە و لەگەڵ کۆنتێکستی گشتی خۆی و دەستەڵاتی خۆی بیگونجێنین کە بە دڵنیاییەوە نە پاسیڤە نە تەواو دیکتاتۆری؟

## 3

لێرەوە هەوڵدەدەم بە کورتی ئەم سێ لایەنەی واقیعی تایبەتی خۆم روون بکەمەوە کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردبوون، ئەمەش بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین چی هانی منی داوە ئەم تۆژینەوانە بکەین و ئەم کتێبە بنووسین.

1- جیاوازیکردن لە نێوان زانینی بێگەرد و زانینی سیاسەت. زۆر سەختە لافی ئەوە لێدەین بڵێن ئەو زانینەی پەیوەندی لەگەڵ شکسپیر یان وۆردسوۆرت - ەوە هەیە سیاسی نیە کەچی ئەوەی لە بارەی چین یان یەکێتی سۆڤیەتە سیاسییە. پسپۆڕی من وەک خوێندن و وەک پیشە، ئەوەیە من مرۆپەروەرم "هیومانیست"، ئەمەش واتە مرۆپەروەری یان زانستی مرۆپەروەری بواری منە و سەرەنجام، ڕێی تێناچی چالاکی پیشەیی من دوور و نزیک سیاسی بێ. بێگومان دەزانم بەکارهێنانی ئەم زاراوانە هاوسەنگی پێویستە، بەڵام راستیی گشتی لەوەی من دەیخەمەڕوو بەربڵاوانە دانی پیانراوە. ڕێز لەوە دەگرین کە نووسین لە بارەی وۆردسوۆرت یان تۆژینەوە لە کیتس کەمترین سەروکاری لەگەڵ سیاسەتەوە نیە: هەڵبەت، پێدەچێ ئەم چالاکیانە کاریگەری سیاسی راستەوخۆیان لەسەر واقیعی رۆژانەوە نەبێ، بەڵام ئابووری یەکێتی سۆڤیەت، بۆ نموونە، بوارێکی لێکۆڵینەوەی گەرمە و حکومەتیش کارێکی لەم جۆرەی پێخۆشە،


https://t.me/kurdistanbooks

لێرەوە، گریمانەکان و تۆژینەوەکان کە لەلایەن پسپۆڕان لەم بارەیەوە دەنووسرێن، لەلایەن کارگوزارە جیاجیاکانی حکومەتەکان و ئابووریناسەکانی سەر بە دەزگا جیاجیاکان، پسپۆڕانی بواری هەواڵگری پێشوازی لێ دەکرێ. دەتوانین ئەم جیاوازییانە هێشتا بەرینتر بکەین لە نێوان "مرۆپەروەرەکان" و، ئەوانەی پیشەیان سەروکاری لەگەڵ سیاسەتەوە هەیە، یان مانایەکی سیاسی هەڵدەگرێ، ئەگەر بڵێین رەنگی ئیدیۆلۆژی یەکەم بۆ سیاسەت بایەخێکی ئەوتۆی نیە (بەڵام بۆ هاوکارەکانی نرخی زۆر بێ کە لۆمەی ستالینیزم، یان فاشیزم یان لیبرالیزمی زۆر ساویلکانەی لێ بکەن) کەچی ئیدیۆلۆژی لەگەڵ هی دووەم وەک جەستە وایە بۆ ماتریالی ئابووری، هەڵبەت سیاسەت و سۆسیۆلۆژی زانستی ئیدیۆلۆژین لە دانیشگا ئەمریکییەکان و، بەلای زۆریش پێیان وایە ئەم ئیدیۆلۆژییە "سیاسەت"ە.

زۆربەی ئەو زانینەی ئەمڕۆ لە رۆژئاوا بەرهەمهێنراوە (زیاتر مەبەستم لەمە وڵاتە یەکگرتووەکانە) دەکەونە بەر سنووردارکردنێکی دیاریکراو، واتە دەبێ زانستی بێ، ئەکادیمی بێ، بێلایەن بێ، لەسەرەوەی روانینی سەر بە بزووتنەوەیەک بێ، نابێ مەیلی بۆ لایەنێک هەبێ. لەوانەیە هیچ سەرزەنشتێکمان وەک تیۆری لەم بارەیەوە نەبێ بەڵام وەک پراکتیک، واقیع لەمە ئاڵۆزترە و سەر بە کێشەترە. چونکە هیچ کەسێک، هەرگیز نەیتوانیوە مرۆ لە زانستەکانی ژیان دابڕێنێ، نێوان دروست بکا (ئاگاییانە یان نائاگاییانە) لە نێوان خۆی و چینەکەی، خۆی و تەواوی بیروباوەڕەکانی، لە هەڵکەوتی کۆمەڵایەتی خۆی، یان لە شتێکی سادەی وەک ئەوەی ئەندامێک بێ لە کۆمەڵەیەک. هەموو ئەمانە کاریگەرییان لەسەر چالاکییە پیشەییەکانی دەبێ، ئەگەرچی ئەم تۆژینەوانە و ئەنجامی بەدەستهێنراویان زۆر بە سروشتی هەوڵی ئەوە دەدەن بە ئازادییەکی رێژەیی بگەن بەرانبەر بە


https://t.me/kurdistanbooks

واقیعی ڕۆژانەی کپ و سنووردارکراو. بێگومان، شتێک هەیە وەک زانین، کە بەلای زۆری کەمتر بێلایەنە وەک لەو کەسەی بەرهەمی دێنێ، سەرەڕای کێشە و سەرگەرمییەکانی بە هۆی دۆخی ژیانی خۆی. لەگەڵ ئەمەش، ئەم زانینە تا ئەو رادەیەش ناسیاسی نیە.

ئایە گفتوگۆ لە بارەی ئەدەب و فیلۆلۆژی مانای سیاسییان هەڵگرتووە، هیچ مانایەکی سیاسی راستەوخۆیان هەیە؟ لە شوێنێکی دی هەوڵی لێکۆڵینەوەی ئەم مەسەلە ئاڵۆزەم داوە.(5) ئەوەی ئێستە بە لامەوە پەسندە ئەوەیە چۆن هەست بکەم، لە روانگەی سازانی لیبرالی، زانینی"راستەقینە" لە بنچینەدا سیاسی نیە (بە پێچەوانەوە ئەگەر زانینێک بە شێوەیەکی والا سیاسی بێت زانینی "راستەقینە" نیە) ئەمەش دۆخە سیاسییە ئۆرگانیزەکراوەکان بەمەحکەمی دەشارێتەوە، ئەگەر هێشتا لە بەرهەمهێنانی زانین روونیش نەبێ. سەختە ئەمڕۆ تێبگەین، لە کاتێکدا سیفەتی "سیاسی" وەک لەزگەیەک بەکارهێنراوە بۆ کەمکردنەوە لە نرخی هەموو کارێک جورئەتی ئەوەی هەبێ گوێ بە پرۆتۆکۆلی مەوزوعییەتێک نەدا گوایە لەسەرەوەی سیاسەتەوەیە. پێش هەموو شتێک، ئێمە دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵی مەدەنی دان بە پلەبەندییەکدا دەنێ لە بایەخی سیاسەت لە بوارە جیاجیاکانی زانینەوە. بایەخ و گرینگییەکی سیاسی دیاریکراو بە بوارێک دەدەین ئەگەر بشێ راستەوخۆ بۆ دەستاوێژی ئابووری وەربگێڕدرێ، بەڵام ئەگەر ئەم بوارە پەیوەندییەکی وردی هەبوو لەگەڵ سەرچاوە ناسراو و دانپیانراوەکانی دەستەڵات لە کۆمەڵی سیاسی ئەوا بایەخەکە زۆرتردەبێ. بەم جۆرە کە تۆژینەوەیەک لە بارەی سەرچاوەی وزەی یەکێتی سۆڤییەت دەکرێ، وەک مەودای دوور و کاریگەرییەکانی لەسەر زلهێزە سوپاییەکان بەلای زۆری لەلایەن ولاتە یەکگرتووەکان لە رێگای وەزارەتی بەرگری باربووی دارایی دەکرێ، پاشان جۆرێک لە ستاتوی سیاسی وەردەگرێ، کەچی تۆژینەوەیەک لەسەر رۆمانە

بەراییەکانی تۆلستۆی ئەگەر بەشێکی باربووکردنیشی لەلایەنی تایبەتەوە بێ ناتوانێ ئەم هەڵکەوتە سیاسیە وەرگرێ. لەگەڵ ئەمەش ئەم دوو تۆژینەوەیە سەر بەوەن کە کۆمەڵی مەدەنی دانیان پێدادەنێ، سەر بە یەک بوار بن: بواری رووسناسی، ئەگەرچی توێژەری یەکەم ئابووریناسێکی کۆنەپارێزە و هی دووەم پسپۆڕێکی پێشکەوتووە لە بارەی مێژووی ئەدەب. ئەوەی دەمەوێ بیڵێم، ئەوەیە"رووسیا" وەک بابەتێکی گشتی پێشینە سیاسییەکەی بە پلەی یەکەم دێ لەچاو هەندێ خەسڵەتی وردتری وەک "ئابووری" و "مێژووی ئەدەب"، چونکە کۆمەڵی سیاسەت بە مانا گرامشییەکەی دەچێتە زۆنی کۆمەڵی مەدەنی وەک زانکۆ پڕی دەکا لە مانا کە راستەوخۆ پەیوەندی بەوەوە هەیە.

نامەوێ لەمە زیاتر پێداگیری لەسەر ئەمە بکەم و هەر لە ناو زەمینەی تیۆری بمێنمەوە: پێموایە دەتوانین نرخ و بەهای روانینەکانم پیشان بدرێ ئەگەر بێت و هێشتا زیاتر بەرجەستە بێت، بۆ نموونە وەک ئەو شێوازەی "ناوۆم چۆمسکی" کاتێ کە تۆژینەوەی لە بارەی پەیوەندی ئەکتیڤ کرد لە نێوان جەنگی ڤییتنام و کۆنسێپتی تۆژینەوەی پسپۆڕی باڵا و مەوزوعی کە دواتر لەلایەن دەوڵەتەوە (6) سوودی لێ وەرگیرا بۆ باربووکردنی لێکۆڵینەوە لە بواری سوپایی. ئێستەش، لەبەرئەوەی بەریتانیای گەورە، فرانسا، بەم دواییەش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوونەتە هێزی ئیمپریالی، کۆمەڵی سیاسی ئەم وڵاتانە هەست و مانای ئورژانس و فریاکەوتن، جۆرێک لە تێربوونی سیاسی راستەوخۆ بە کۆمەڵی مەدەنییان دەگەیەنێ، ئەمەش لە هەموو کاتێک و هەر جارەی کە هەر کێشەیەک هەبێ پەیوەندی بە بەرژەوەندییە ئیمپریالییەکانی ئەوانە هەبێ لە دەرەوە. لەو بڕوایەدام، بۆ نموونە، بێ ئەوەی ترسی ئەوەمان هەبێ کەسێک پەلپمان پێ بگرێ دەتوانین بڵێین کە ئینگلیزێک لە کۆتایی


https://t.me/kurdistanbooks

سەدەی نۆزدەم مەیلی بۆ هیندستان و میسر بچێ هەرگیز ناتوانێ ئەوە لە خەیاڵی خۆی دەرکا کە ئەم دوو وڵاتە دوو کۆلۆنی بەریتانین. گوتنی ئەمە دەشێ شتێکی دیکە بێ وەک لە هەموو ئەو زانینە ئەکادێمییانەی لەسەر هیندستان و میسر هەن، بە چەشنێک بە هەقیقەتی سیاسی رووتەوە رەنگرێژکراون و دەستدرێژی کراوەتە سەریان، بێگومان هەر ئەمەیە لەم تۆژینەوە لەبارەی رۆژهەڵاتناسی من دەیڵێم. چونکە، ئەگەر راستە بۆ هەر بەرهەمهێنانێکی مەعریفی لە بواری زانستە مرۆییەکان، ناتوانین ئەو سیفەتە پشتگوێ بخەین یان لەبەرچاوی نەگرین کە دانەرەکەی (نووسەر)، ئەویش زاتێکی مرۆییە، کاریگەرە بە بارودۆخی ژیانی خۆی، ئەوەش راستە کە ئۆروپییەک یان ئەمریکییەک کە لێکۆڵینەوە لەسەر رۆژهەڵات دەکا ناتوانێ دان بەو پرەنسیپەی بارودۆخی ژیان و هەقیقەتی خۆی نەنێ کە خۆی لە بەرانبەر رۆژهەڵاتدا دەدۆزێتەوە، کە بە پلەی یەکەم ئەو ئۆروپی یان ئەمریکییە، پاشان بە پلەی دووەم کەسێکی ئاساییە. ئینجا ئۆروپی یان ئەمریکی بیت لە نێو ئەم مەرج و هەڵکەوتانە، بێگومان بێ ئەنجام نابێ: ئەمەش مانای ئەوە دەدا، هێشتاش مانای ئەوە دەدا، هەتا ئەگەر بە تەمومژیش بێ هەستی ئەوەمان لا دروست دەبێ کە سەر بە زلهێزێکین کە بەرژەوەندی دیاریکراوی لە رۆژهەڵاتدا هەیە، لەوەش پڕ بایەختر، ئەوە هەستەشمان هەیە کە سەر بە پارچە زەمینێکین کە پەیوەندییەکی مێژوویی لەگەڵ رۆژهەڵاتدا هەیە، کە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هۆمیرۆس.

بەم جۆرە، ئەم واقیعە سیاسییانە هێشتا گەلێ کەم پێناسەکراون و زۆریش گشتین بۆ ئەوەی بتوانن سەرنجڕاکێش بن. هەموو کەسێک وەریدەگرێ، بێ ئەوەی هیچ پێویست بکا بە قەد یان ئاوای وەرگرێ کە بۆ نموونە بۆ فلۆبێر زۆر گرینگ بووە، کاتێ کە رۆمانی "سالامبۆ"ی نووسیووە، یان بۆ "ە.ئا.ر.گایب" گرینگ بووە کە کتێبی



https://t.me/kurdistanbooks

"ئاراسته نوێیەکانی ئیسلام"ی نووسیووە. ئەوەی هەراسانکارە، ئەوەیە مەودایەکی زۆر لە نێوان هەقیقەت یان کردەی زاڵ و دیارخەر هەیە وەک ئەوەی باسم کرد لەگەڵ وردەکارییەکانی ژیانی رۆژانە کە دیسیپلینەکان بە هەستیارییەوە دادەڕێژن و ئیتر کە رۆمانێک یان تێکستێکی پسپۆڕی وردی ئەکادیمی دەنووسین بواری خۆمان تەسک دەکەینەوە. بەڵام، ئەگەر ئێمە راستەوخۆ رەتی ئەوە بکەینەوە کە هەقیقەت یان کردە زاڵەکان وەک باڵادەستی ئیمپریالی بە شێوەیەکی میکانیکی و دیارخەر بەسەر ئەو ماتەریالە ئاڵۆزانەی وەک کولتوور و ئایدیا پەیڕەو دەبن، لێرەوە هەست دەکەین جۆرێکی دی لە توێژینەوەی سەرنجڕاکێش سەرهەڵدەدا و دەردەکەوێ. لەلایەن خۆمەوە لەو بڕوایەدام ئەو بەرژەوەندییەی ئۆروپا و پاشان ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتیان هەبووە بە دڵنیاییەوە بە پلەی یەکەم لە جۆری سیاسی بووە، هەروەک چۆن هەندێ هەقیقەتی مێژوویی بەدیهی ئەمە پیشان دەدەن هەروەکو لێرە خستوومنەتەڕوو، بەڵام کە کولتوور ئەم بەرژەوەندییەی دروست کردبێ مانای وایە کردە دینامیکیەکەی تێکەڵ بە هۆکاری سیاسی ئابووری سوپایی وشک و رووت بووە، ئەمەش وای لە رۆژهەڵات کردووە وەک شتێکی جۆربەجۆر و زۆر گرێچن دەرچێ، بێگومان ئەمەش بەشێکە لەو بوارەی کە من ناوی لێ دەنێم رۆژهەڵاتناسی.

کەواتە رۆژهەڵاتناسی تێمایەک یان بوارێکی سیاسی سادە نیە رەنگدانەوەیەکی کپی کولتوور بێ، بە هەمان شێوە پسپۆڕی و دامەزراوەیەکیش نیە، هەڵبەت کۆمەڵە تێکستێکی زۆر و بەربڵاویش نیە لەبارەی رۆژهەڵات، رۆژهەڵاتناسی نوێنەرایەتی ناکا، زمانحاڵی هیچ جۆرە پیلانگێڕییەکی ئیمپریالیستی "رۆژئاوا"ش نیە بۆ ئەوە خرابێتە سەر پێ جیهانی "رۆژهەڵات" بچەوسێنێتەوە. بەڵکو رۆژهەڵاتناسی زیاتر بریتییە لە دابەشکردنی یان بڵاوبوونەوەی



https://t.me/kurdistanbooks

جۆرێک لە کۆنسێپتی جیۆئابووری لەناو تێکستی ئێستێتیکی، پسپۆڕی لە بوارەکانی ئابووری، سۆسیۆلۆژی، مێژوویی و فیلۆلۆژی، ڕۆژهەڵاتناسی بریتییە لە ئامادەکردنی نەک هەر جیاکردنەوەیەکی جیۆگرافی (جیهان پێکهاتووە لە دوو نیوەی نایەکسان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)، بەڵکو پێکهاتووە لە زنجیرە "بەرژەوەندی"یەکیش کە نەک هەر سەر بە داهێنانە، بەڵکو هێشتا لە ڕێگەی دۆزینەوە تایبەت بە تۆژینەوە پسپۆڕییەکان، بنیاتنانەوە فیلۆلۆژییەکان، شیکردنەوە پسیکۆلۆژییەکان، وەسفی دیمەنە جیاجیاکان و وەسفە سۆسیۆلۆژییەکان، جۆرێکە لە ویست (نەک دەربڕی ویستێک) یان هەستیارییەک بۆ تێگەیشتن، هەندی جاریش بۆ گرتنی، بەکارهێنانی، هەتا گرتنەخۆی ئەوەی وەک بە شێوەیەکی دیار جیهانێکی جیاوازە (یان یەکێکی دی و نوێ) بە تایبەتیش بریتییە لە گوتارێک کە بە هیچ شێوەیەک لە هاموشۆ و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدا نیە لەگەڵ دەستەڵاتی سیاسی ڕووت، بەڵکو زیاتر، بەرهەمێکە و لە میانەی گۆڕینەوەیەکی نایەکسان لەگەڵ دەستەڵاتە جۆربەجۆرەکاندا هەیە و، تا ئاستێکی دیاریکراویش هەر بە هۆی گۆڕینەوە لەگەڵ دەستەڵاتی سیاسی دروستکراوە (وەک دامەزراوە کۆلۆنیالییەکان و ئیمپریالییەکان)، لەگەڵ دەستەڵاتی ڕۆشنگەری (وەک چۆن لەناو زانستی زاڵ دەبینرێ وەک: زمانناسی، ئەناتۆمی بەراوردکاری یان هەر زانستێکی سیاسی نوێ.) لەگەڵ دەستەڵاتی کولتووری (وەک ڕێبازە سونەتیەکان"ئۆرتۆدۆکسییەکان" ڕێساکانی دیاریکردنی چەشە، نرخ و بەهاکان، تێکستەکان)، هێز و توانای ئەخلاقی (وەک لەناو ئەو ئایدیایانەی "ئێمە" چی دەکەین و ئەوەش کە "ئەوان" ناتوانن بیکەن یان وەک ئێمە تێی بگەن). لە ڕاستیدا، تێزی من ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتناسی بریتییە لەوەی (نەک هەر نوێنەرایەتی) ڕەهەند و مەودایەکی گرینگی کولتووری سیاسی و ڕۆشنگەری نوێ دەکات، کەمتر پەیوەندی بە "ڕۆژهەڵاتەوە" هەیە وەک لە جیهانی ئێمە.



https://t.me/kurdistanbooks

ئینجا، لەبەرئەوەی رۆژهەلاتناسی هەقیقەتێکی کولتووری و سیاسییە، کەواتە لەناو فەزایەکی بەتاڵدا نیە، هیچ ئەرشیڤێکی نەبێ، تەواو بە پێچەوانەوە، لەو بڕوایەدام دەتواندرێ تەنیا ئەوە پیشان بدرێ کە بیری لێکراوەتەوە، ئەوەی دەیڵێین یان دەیکەین لەبارەی رۆژهەلاتەوە خۆی لەناو چوارچێوەیەکی دیاریکراو دەستنیشان دەکا کە دەشێ لە رووی فیکرییەوە تێی بگەین. لێرەوە هێشتا، دەتوانین تێبینی هەموو جۆرە کۆنتراست و وردەکارییەکی لە ئاسابەدەر بکەین لەوەی چۆن فشارە سوپەرستروکتورییە سەرتاپاگیرەکان کاریگەرییان دەبێ لە دارشتن و، لە هەقیقەتی سیفەتی تێکستیی. لەو باوەڕەدام، زۆربەی مرۆپەروەکان، "هیومانیستەکان" تەواو لەو ئایدیایە دڵنیان کە هەموو تێکستێک بوونی لە ناو کۆنتێکستێکە، یان هەموو تێکستێک کۆنتێکستێکی هەیە، هەروا ئەنتەرتێکستوالیتێیەکیش "نێوتێکست یان دەقئاوێزان" هەیە، کە فشاری هەڵکەوت و پرۆتۆکۆلەکان، نەوەکانی پێشوو، شێوازی رەوانبێژی سنوورێک بۆ ئەوە دادەنێن کە جارێکیان ڤالتێر بێنیامین پێی وابوو بریتییە لە "بەکارهێنانی بەرهەمهێن بە ناوی پرەنسیپێک: وەک داهێنان، کە پرەنسیپێکە گوایە دەبێ شاعیر خۆی بە خۆی سکەکەی خۆی دانێ کە کارە ئەدەبییەکەی خۆیەتی، کە لەناو ژیانی بێگەردی خۆی دەریهێناوە.(7) لەگەڵ ئەمەش سەرەڕای هەندێ دڵەڕاوکە، دەبێ دان بەوەشدابنێین کە بەربەستە سیاسییەکان، دامەزراوەیی و ئیدیۆلۆژییەکان بە هەمان شێواز کاریگەرییان لەسەر دانەر "بنووس" هەیە وەک تاکەکەسێک. بێگومان هیومانیستێک پێیوایە و شایەن لەوە دەنێ و بەلایەوە شتێکی سەرنجڕاکێشە، بۆ ئەوەی بتوانین باش لە بەلزاک بگەین دەبێ بزانین لە "کۆمێدیای مرۆیی"ەکەی کەوتۆتە ژێر کاریگەری دوبەرەکی و ململانێی نێوان "جیۆفری سان هیلێر" و "کوڤیێ"، بەڵام ئەو کەسە بە ئاستەم هەست بەوە دەکا، نابینێ کە هەمان کاریگەری بە فشاری تیۆرییە سەلتەنەتخوازە تەواو



https://t.me/kurdistanbooks

کۆنەپەرستکان لە "بلّیمەتی" ئەو کەم دەکەنەوە، سەرەنجام ئەمەش وادەکا شایەنی ئەوە نەبێ بەو گەرموگوڕییە تۆژینەوەی لەسەر بکرێ. بە هەمان شێوە نموونەی "هاری براکن"یشمان هەیە، کە گەلێ‌ک زۆر هەولّیداوە ئەوە پیشان بدا کە فەیلەسوفان گفتوگۆ لە بارەی لۆک و هیوم و فەلسەفەی ئەزموونگەری دەکەن، بێ ئەوەی هەرگیز ئەوە لەبەرچاو بگرن کە پەیوەندییەکی شاراوە لە نێوان ئەو نووسەرە کلاسیکییانە هەیە، لە نێوان ئاراستەی فیکری "فەلسەفە" و تیۆری نەژادپەستی، بەهانەهێنانەوە بۆ کۆیلەگەرایی، ئەرگیومەنت هێنانەوە بۆ سوخرەکێشییەکانی سیستەمی کۆلۆنیالی.(8) ئەمانەش پڕۆسە و کردەی زۆر بەربلاّون کە رێگە بۆ تۆژینەوەی پسپۆڕی ورد خۆش دەکەن بێگەردی خۆی بپارێزێ.

زۆرباش دەشێ زۆربەی هەولّەکان لە پێناوی ئەوەبن لووتی کولتوور بخەنە ناو قوڕی سیاسەت، ئەمەش بە شێوەیەکی ناشیرین بۆ شکاندنی خامەکی پیرۆزییەکان بێ "ئیکۆنۆکلاست". دەشێ ئەوەش بێ کە لێکدانەوەی کۆمەلاّیەتی بۆ ئەدەب لەناو ئەو بوارە تایبەتییەی من لەگەلّ پێشکەوتنە تەکنیکییەکانی شیکردنەوەی تێکستی ورد نەگونجێ و هاوتا نەیەتەوە. بەلاّم ناتوانین خۆمان لەو هەقیقەتەش لادەین کە لێکۆلّینەوە ئەدەبییەکان بە گشتی، تیۆریناسە ئەمریکییەکان بە تایبەتی، ئازاریان نەداوەتە خۆیان ئەو کەلّێنە پڕکەنەوە کە لە نێوان ئاستی سوپەرستروکتور و ئاستی بچینەییدا هەیە لە پسپۆڕی وردی مێژوویی. لە بۆنەیەکی دیکەدا تا ئەو ئاستە رۆیشتبووم بلّێم کە "دامەزراوەی ئەدەبی" و کولتووری وەک گشتێک لەگەلّ ئەوەدان تۆژینەوەی ورد لە ئیمپریالیزم و کولتوور(9) بە بەشێک لە بواری تۆژینەوەی خۆیان دانەنێن. چونکە رۆژهەلاّتناسی راستەوخۆ رووبەڕووی ئەم پرسیارەمان دەکاتەوە، ئەم پرسیارەش بریتییە لەوەی کە ئیمپریالیزمی سیاسی فەرمانڕەوایی بوارێک لە تۆژینەوە



https://t.me/kurdistanbooks

دەکا، لە خەیاڵ و ئەندێشە، لە دامەزراوەکانی تۆژینەوە، ئەمەش هەڵکەوتێکی رۆشنگەری و مێژوویی وای هەیە مەحاڵە خۆتی لێ لادەی. لەگەڵ ئەمەش هەردەم وەک رێیەکی دەربازبوونی نەمر دەمێنێتەوە: ئەگەر بڵێین پسپۆرێک لە بواری تۆژینەوەی ئەدەبی و فەیلەسوفێک بۆ نموونە هەردووکیان بەجیا بۆ ئەدەب و فەلسەفە ئامادەکراون نەک بۆ سیاسەت و شیکردنەوەی ئیدیۆلۆژی. بە چەشنێکی دی ئەرگیومەنتی توێژەری پسپۆڕ دەتوانێ وێڕای کاریگەرییەکی زۆر، فراوانترین روانگە بلۆک بکا و، بەڕای من ئەمەیان چالاکترە لە روانگەی رۆشنگەرییەوە.

پێموایە لێرەوە دەتوانین وەڵامێکی سادە بدەینەوە کە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەلای کەمی لەوەی پەیوەندی بە تۆژینەوە لە ئیمپریالیزم و کولتوورەوە هەیە (یان رۆژهەڵاتناسی). لە هەنگاوی یەکەمدا، نزیکەی زۆربەی نووسەرانی سەدەی نۆزدەم (هەمان شت راستە بۆ تەواوی نووسەرانی سەردەمەکانی پێشوو.) لە ئاستێکی زۆر بەرزی هوشیاریدا بوون بەرانبەر بە ئیمپراتۆری: ئەمەش بابەتێکە زۆرباش لێکۆڵینەوەی لە بارەوە نەکراوە، بەڵام پسپۆڕێکی سەردەمی ڤیکتۆری خێرا دەتوانێ ئەوە دیاری بکا کە پاڵەوانەکانی کولتووری لیبرالی وەک جۆن ستیوارت میل، ماتیۆ ئارنۆلد، کارلیل، نیویمان، ماکۆلی، روسکین، جۆرج ئیلیەت و هەتا دیکنزیش روانین و رای زۆر وردییان هەبووە لە بارەی نەژاد و ئیمپریالیزم کە بە ئاسانی لە نووسینەکانیان دەدۆزرێتەوە. پاشان هەتا پسپۆڕێکیش دەبێ بگاتە ئەو روانینەی بۆ نموونە ستیوارت میل بە روونی لە دوو نووسراوی خۆی بە ناوی "لە بارەی ئازادییەوە" و "حکومەتی نوێنەر" نووسیویەتی کە روانینەکانی ئەو ناشێ لەسەر هیندستان پەیڕەوببن (دواجار، ستیوارت میل بۆ خۆشی ماوەیەکی باش لە ژیانی کارمەند بووە لە "ئیندیا ئۆفیس") چونکە هیندییەکان ئەگەر بە نەژاد کەمتر نەبووبن ئەوا لە رووی



https://t.me/kurdistanbooks

شارستانییەوە کەمتر بوونە. ئەمە وەک پارادۆکسێک هەتا لەلای یەکێکی وەک مارکسیش دەدوزرێتەوە هەروەکو دەمەوێ لەم کتێبەدا نیشانی بدەم.

وەک هەنگاوی دووەم، ئەگەر باوەڕت وایە کە سیاسەت لە فۆرمی ئیمپریالیزم قورسایی خۆی دەبێ لەسەر بەرهەمهێنانی ئەدەبی، پسپۆڕی زانستی، تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان، نووسینە مێژووییەکان و، پاشان پێت وابێ کە کولتوور بە هۆی ئەمەوە لە نرخی کەم دەبێتەوە یان تێکدەچێ، ئەمە هەمان شت نیە، بە پێچەوانەوە: تەواوی تێزی من لەسەر ئەوە بنیاتنراوە دەمەوێ بڵێم، ئەوسا ئێمە باشتر لە پێداگیری و تەمەن درێژی سیستەمێکی باڵادەستی تێر دەگەین وەک کولتوور، ئەگەر دان بەوەدا بنێین کە ئیجباری و بەربەستەکانی ناوەکی لەسەر نووسەران و بیرمەندان بەرهەمهێنەرە نەک تاک لایەنانە رێگرە. ئەمە هەمان ئەو ئایدیایەیە کە گرامشی، بێگومان "میشێل فوکۆ" و "رایمۆند ویلیەمز" هەر یەکەیان بە شێوازی خۆیان گەشەیان پێداوە. تەنیا یەک دوو لاپەڕەی "ویلیەمز" لەبارەی "بەکارهێنانە ئیمپراتۆرییەکان" لە کتێبی "شۆڕشی درێژخایەن" لە بارەی دەوڵەمەندی کولتووری سەدەی نۆزدەم زانیاری زۆرترمان پێدەبەخشێ وەک لە چەندان بەرگ لە شیکردنەوەی هێرمێنۆتیکی. (10).

هەر لەبەر ئەمەیە کە من تۆژینەوە لە بارەی رۆژهەڵاتناسی دەکەم کە وەک گۆڕینەوەیەکی دینامیکی وایە لە نێوان نووسەران تاک تاکە و دامەزراو و دەزگا سیاسییە فراوانەکان کە لەلایەن سێ ئیمپراتۆری گەورەوەی بەریتانی، فرانسی، ئەمریکی دروستکراون، کە هەر لەسەر خاکی رۆشنگەری و خەیاڵی ئەمانە تەواوی نووسراوەکان بەرهەم هێنراون. ئەوەی زۆرتریش بەلای منەوە سەرنجراکێشە، هەڵبەت وەک زانستپەروەرێک، هەقیقەتی سیاسی وشک و رووت نیە، بەڵکو وردەکارییەکانە، وەک هەمان ئەو وردەکارییە سەرنجڕاکێشانەی



https://t.me/kurdistanbooks

لەلای کەسانی وەک "ئێدوراد لان" یان "گوستاڤ فلۆبێر" یان "ئەرنست ریێنان"ەوە هەیە، نەک ئەو هەقیقەتەی گفتوگۆ هەڵناگریَ (بۆ ئەو) کە پێیوایە رۆژئاواییەکان باڵادەستترن لە رۆژهەڵاتییەکان، بەڵکو شایەدحاڵی پوختە ئامادەکراو و گۆڕاو کە وردەکاری خۆی لە ناوەوەی فەزایەکی زۆر فراوان پێشکەش دەکا کە بەو هەقیقەتە کراوەتەوە. بۆ نموونە کە کتێبێکی وەک "داب و نەریتی میسرییەکان"ی ئێدوارد لان بە سەرچاوەیەکی کلاسیکی دادەنریَ بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی و ئەنترۆپۆلۆژی، بە هۆی ئەوەوەیە کە شێواز و وردەکارییەکانی ئەم کتێبە ئەوەندە زیرەکانە و سەرنجراکێشە نەک لەبەرئەوەی رەنگدانەوەیەکی سادەی باڵادەستی نەژادی نووسەرەکەیەتی.

فەرموو ئەمەش ئەو جۆرە پرسیارە سیاسییانەیە کە رۆژهەڵاتناسی دەیکا: کامانەن جۆرەکانی تری وزەی رۆشنگەری، ئێستێتیکی، تۆژینەوەی زانستی و وکولتووری کە بەشدارییان لە ئامادەکردنی نەریتێکی ئیمپریالیستی کردووە وەک نەریتی رۆژهەڵاتناسی؟ چۆن فیلۆلۆژی، لێکسیکۆگرافی، مێژوو، بیۆلۆژی، تیۆرەکانی سیاسەت و ئابووری، نووسینی رۆمان و شیعری لیریکی سوودیان هەبووە بۆ داڕشتنی جیهانێک تەواو ئیمپریالیستی وەک رۆژهەڵاتناسی؟ کامانەن گۆڕانەکان، ئامادەکردنەکان، جوان کردنەکان و پوختەکردنەکان، ئەو شۆڕشانەی لە ناوەوەی رۆژهەڵاتناسی خۆی روویانداوە؟ مانای رەسەنایەتی، بەردەوامی، یان تاکەکەسایەتی لەناو ئەم کۆنتێکستەدا چیە؟ چۆن رۆژهەڵاتناسی خۆی دەگوازێتەوە یان خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە لە سەردەمێکەوە بۆ یەکێکی دیَ؟ دواجار، چۆن بتوانین ئەو دیاردە کولتووری و مێژووییەی رۆژهەڵاتناسی لێکبدەینەوە وەک جۆرێک لە "کارێکی مرۆیی ویستراو" (نەک وەک سەلماندنێکی سادە و بیَ ناوەڕۆک) بە هەموو ئاڵۆزی مێژوویی خۆی، تەواوی



https://t.me/kurdistanbooks

وردەکارییەکانی، تەواوی نرخ و بەهاکانی، بێ ئەوەی لە هەمان کات پەیوەندی نێوان کاری کولتووری و ئاراستە سیاسییەکان، دەوڵەت و واقیعی تایبەتی بالادەستی لەبەرچاو بزرکەین؟ سەرەنجام بە ڕێنوێنی نیگەرانییەکی لەم جۆرە، تۆژینەوەیەکی هیومانیست دەتوانێ بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە خۆی لە قەرەی سیاسەت و کولتوور بدا. بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نادا کە ئەم تۆژینەوەیە ڕێسایەکی جێگیر لەبارەی پەیوەندی نێوان زانست و سیاسەت دادەڕێژێ. تێزی من ئەوەیە هەموو تۆژینەوەیەکی هیومانیست دەبێ سروشتی ئەو پەیوەندییە لەناو کۆنتێکستێکی تایبەتی لێکۆڵینەوەکەی، بابەتەکەی و هەڵکەوتی مێژووییەکەی داڕێژێ.

2. کێشەی میتۆدۆلۆژی: لە یەکێ لە کتێبەکانی پێشوو بایەخێکی زۆرم بە بیرکردنەوە و شیکردنەوە لەبارەی مێتۆد داوە، هەوڵمداوە پیشانی بدەم مێتۆد چەندە گرینگە بۆ زانستە مرۆییەکان، بۆ دۆزینەوە و داڕشتنی هەنگاوی یەکەم، خاڵی دەسپێک، پرەنسیپی بەرایی(11). ئەو وانە سەرەکییەی کە فێری بووم و هەوڵمدا پێشکەشی بکەم ئەوەیە شتێک نیە بە سادە و ساکاری بە خاڵی دەسپێک بچێ یان شتێکی ئاوا هەبێ بە ئاسانی بەدەستی بهێنی: لە هەموو پڕۆژەی تۆژینەوەیەک دەبێ بەو چەشنە دەست پێ بکەی ئەو سەرەتایە دروست بکەی و ئەوەی لە دوای ئەوەوە دێ ڕەوان بێ. هەرگیز ئەوەندە بە روونی و هوشیارییەوە هەستم بە سەختی ئەو ڕێسایە نەکردووە (وێڕای کامە سەرکەوتن و کامە بنکەوتن بە راستی نایزانم) وەک لەگەڵ ئەم تۆژینەوەی رۆژهەلاتناسییە نەبێ.

بیری دەستپێکردن، یان باشتر کردەی دەستپێکردن خۆی بریتییە لە کردەی سنووردانان کە بە هۆی ئەمەوە بەشێک یان شتێک لە بارستەیەکی گەورەی ماددی دەکەینەوە، بە هۆی ئەم سنووردانانەوە لە بارستەکە جیای دەکەینەوە، هەر بە هۆی ئەمەشەوە وادەکەین


https://t.me/kurdistanbooks

نوێنەرایەتی خۆی بکا، هەبێ، ببێتە خاڵی دەسپێک، سەرەتایەک: بۆ ئەو کەسەی تۆژینەوە لەسەر تێکست دەکا، ئەم "کۆنسێپتی سنووردانانەی بەرایی" لەلای ئەلتۆسێر بە پرۆبلێماتیک (بەگرفتکردن) problématique ناسێنراوە، یەکەیەکی دیاریکراوی تایبەتی تێکستێکە یان کۆمەڵە تێکستێکە، کە شتێکە و بەرهەمی شیکردنەوەیە (12). لەگەڵ ئەمەش لە حاڵەتی رۆژهەڵاتناسی (بە پێچەوانەی تێکستەکانی مارکس کە لەلایەن ئەلتۆسێر لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە.) مەسەلەکە بە سادەیی هەر دۆزینەوەی خاڵی دەسپێک یان مەسەلەی پرۆبلێماتیک نیە، بەڵکو مەسەلەکە بریتییە لە دەستنیشانکردنی تێکستەکان، نووسەرەکان، ئەو سەردەمانەی بە باشترین شێوە بۆ تۆژینەوە دەگونجێن.

پێموایە هیچ مانایەکی نەدەبوو هەوڵبدرێ "مێژوو و سەربردەیەکی ئەنسکلۆپیدیایانە بۆ رۆژهەڵاتناسی بنووسرێ، سەرەتا لەبەرئەوەی ئەگەر بهاتایە پرەنسیپی سەرەکی تۆژینەوەکەم "ئایدیا ئۆروپییەکان لە بارەی رۆژهەڵات" بوایە، ئەوسا ئەو ماتریالانەی لێکۆڵینەوەم لەبارەوە دەکردن بە کردەکی سنووردار دەبوون، وەک هەنگاوی دووەمیش، لەبەرئەوەی مۆدێلی گێڕانەوە وەک خۆی و بۆ خۆی لەگەڵ ئامانجەکانی وەسف و سیاسەتی من ناگونجێن، وەک هەنگاوی سێیەمیش: چونکە چەندان سەرچاوە هەن وەک: "بووژانەوەی رۆژهەڵاتی"ی رایمۆند شواب، "لێکۆڵینەوە عەرەبییەکان لە ئۆروپا تا سەرەتای سەدەی بیستەم"ی یۆهان فووک، بەم نزیکانەش کتێبی " عەرەب لە ئینگلستانی سەدەکانی ناوەڕاست"ی دۆرۆتی میتلیتزکی (13)، ئەم سەرچاوانە بۆ خۆیان دەمێکە ئەنسکلۆپیدیان لەبارەی هەندێ لایەنی پەیوەندی نێوان ئۆروپا و رۆژهەڵات، ئەمەش هەوڵ و کۆششی رەخنە دەگۆڕێ، هەڵبەت لەنێو ئەو کۆنتێکستە سیاسی و رۆشنگەرییەی من نەخشەم بۆی کێشاوە.



https://t.me/kurdistanbooks

ئەوەی دەمایەوە کەمکردنەوەی ئەو ئەرشیڤە بێ رادە زۆرە بوو بشێ تاووتوێی ئاسان بێ و، ئەوەش کە لە هەموو شتێک گرینگتر بوو، ئەوە بوو شتێکی لێ بەرهەم بهێنرێ سروشتێکی رۆشنگەری هەبێ لەناو ئەو کۆمەڵە تێکستە، بەو ئاستەش نەبێ یەک بە دوای یەک هاتنی شتەکان کوێرانە لەبەرچاو بگیرێ. سەرەنجام خاڵی دەسپێکی من ئەو روانینە بوو ئینگلیزەکان و فرانسییەکان و ئەمریکییەکان بە تەواوی مانا گشتییەکەی، چییان لەبارەی رۆژهەڵات هەیە، پاشخانی مێژوویی و رۆشنگەریی ئەم روانینە چی بووە و چۆن دروست بووە، چلۆنایەتی و خەسڵەتەکانی چی بوونە.

لەبەر هەندێ هۆ کە ئێستە پێشکەشی دەکەم، ئەم کۆمەڵە پرسیارانەم سنووردار کردوونە، بۆ خۆشیان سنووردارن (بەڵام هێشتا بێ رادە فراوانن.) هەموویانم لە روانینی ئینگلیز و فرانسی و ئەمریکییەکان کورت کردوونەتەوە کە ئەوان لەناو جیهانی عەرەب و موسلمانان ژیاون، ئەم دووانەش نوێنەرایەتی رۆژهەڵاتیان بە درێژایی نزیکەی هەزار ساڵ کردووە. ئەمە وایکرد بە جارێ بەشێکی گەورە لەو رۆژهەڵاتە ببێتەوە، وەک هیندستان و ژاپۆن و چین و بەشی دیکەی رۆژهەڵاتی دوور، ئەمەش نەک لەبەرئەوەی ئەم ناوچانە گرینگ نین (بێگومان گرینگن)، بەڵکو لەبەرئەوەی دەتوانین بە جیا باس لە روانینی ئۆروپی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلام بکەین وەک لە هەمان روانین بۆ رۆژهەڵاتی دوور.

کەچی، لە هەندێ ماوەی ئەم مێژووە گشتییەی بەرژەوەندی ئۆروپی بۆ رۆژهەڵات، ناتوانین بایەخ بە هەندێ ناوچەی تایبەتی وەک میسر و سوریا و دورگەی عەرەبی نەدەین، ئەگەر تۆژینەوە بۆ ئەوەش نەکەین ئۆروپا چۆن خۆی خزاندۆتە ناو بەشە دوورەکان وەک هیندستان و فارس کە سەرەکین: پەیوەندی نێوان میسر و هیندستان نموونەیەکی بەرچاوە بۆ ئینگلستانی سەدەی هەژدەم و



https://t.me/kurdistanbooks

سەدەی نۆزدەم. بە هەمان شێوە دەتوانین لە رۆلی فرانسییەکانیش بگەین لە هەڵهێنان و دۆزینەی مانای پیتەکانی زەندئاڤێستا، رۆلی بە هەرمێنی پاریس وەک سەنتەرێکی تۆژینەوەی سانسکریتی بە درێژایی دە ساڵی یەکەمی سەدەی نۆزدەم، نابێ ئەوەش لەیاد بکەین، کە ناپۆلیۆن مەیلی بۆ رۆژهەڵات هەبووە، چونکە بەرانبەر ئەو رۆلەی ئینگلیزەکان لە هیندستان گێراویانە هوشیار بووە: هەموو ئەم بەرژەوەندییانە بۆ رۆژهەڵاتی دوور کاریگەری راستەوخۆیان هەبووە لەسەر ئەو بەرژەوەندییەی کە فرنسا بڕیاری لێ دابوو بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلام و عەرەبەکان هەیبێ.

بەریتانیای گەورە و فرانسا هەر لەگەڵ کۆتایی سەدەی حەڤدەم لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست باڵادەست بوونە. تۆژینەوەکەم لەبارەی ئەم باڵادەستییە و ئەم بەرژەوەندییە پلان بۆدانراوە، ناتوانێ هەقی 1- ئەو بەشدارییە گرینگەی رۆژهەڵاتناسی ئەلمانی و ئیتالی و رووسی و ئیسپانی و پۆرتگالی پێشکەشیان کردووە بداتەوە. 2- ئەو شۆڕشەی لە بواری تۆژینەوە لە "کتێبی پیرۆز " کراوە و بە کاریگەری چەندان کەسانی پێشەنگ لە زۆر بواردا وەک بۆ نموونە ئێڤێک : لۆت، ئێکۆرۆن، هێردەر، میکاییلیس، کە هاندانی دیاربوون لە تۆژینەوە لە رۆژهەڵات لە سەدەی هەژدەم.

وەک هەنگاوی یەکەم، دەبوایە بە شێوەیەکی توندوتۆڵ، هەموو کارەکەم لە دەوری ماتریالە ئەنگلۆ-فرانسییەکان کۆ بکەمەوە، ئینجا هی ئەمریکییەکان، چونکە پێموابوو گومانی تێدانیە نەک هەر تەنیا ئینگلستان و فرانسا پێشەنگ بوونە لە رۆژهەڵات خۆی و لەناو تۆژینەوە رۆژهەڵاتییەکان، بەڵکو ئەوان توانیویانە پێگە و هەڵکەوتی پێشەنگی خۆیان بپارێزن، بە هۆی دوو تۆڕی هەرە گەورەی کۆلۆنیالی لەناو مێژوو پێش سەدەی بیستەم، بەڵام ئەمریکییەکان لە رۆژهەڵات لەگەڵ جەنگی دووەمی جیهانی خۆیان خستۆتە ناو (لەو



https://t.me/kurdistanbooks

بڕوایەدام بە شێوەیەکی هوشیارانە) ئەو بۆشاییەی دوو زلهێزەکەی ئۆروپی دروستییان کردبوو. پاشان، پێموایە بە هۆی چلۆنایەتی بەرز و توندوتۆڵی و یەکانگیری، بە هۆی قەبارە و رادەوە، نووسینە ئینگلیزی و فرانسی و ئەمریکییەکان لەبارەی رۆژهەڵات لەو کارە بەنرخانەش تێدەپەڕێنن کە لە ئەلمانیا، ئیتالیا، رووسیا و شوێنی دی ئەنجام دراون. بەڵام لەو بڕوایەشدام کە هەنگاوە سەرەکییەکان لە بواری تۆژینەوەی زانستی رۆژهەڵاتناسی، سەرەتا یان لە ئینگلستان یان لە فرانسا کراون، پاشان لەلایەن ئەلمانەکانەوە پوختەکراوە. سیلڤێستر دو ساسی بۆ نموونە، هەر تەنیا یەکەمین رۆژهەڵاتناسی ئۆروپی و مۆدێرن و پیشەیی نەبووە کە لەسەر ئیسلام و ئەدەبی عەرەبی و ئایینزای درووزەکان و و فارسە ساسانییەکان کاری کردووە، ئەو مامۆستای "شامپۆلیۆن و فرانز بۆپ"یش بووە کە دامەزرێنەری زمانناسی بەراوردکاری ئەلمانی بووە. دەتوانین بڵێین کەسانی وەک "ویلیەم جۆنز" و ئێدوارد لان" هەمان هەڵکەوت و ئاستییان هەیە و دواتر لەمانەی سەرەوش تێدەپەڕێنن.

وەک هەنگاوی دووەم (بێگومان ئەمەش بە فراوانی بژاردەی لاوازییەکانی تۆژینەوەکەم لەبارەی رۆژهەڵاتناسی دەکاتەوە)، بەم زووانەش کارێکی زۆر لەبارەی زەمینەی مێژوویی کتێبی پیرۆز بڵاوبووەوە، ئەمەش تا ئەو سەردەمەی گرتەوە کە من بە سەرەتای سەردەمی رۆژهەڵاتناسی مۆدێرنی دادەنێم. باشترین یەکێکیش لەم کارانە کە خاوەن گەشترین رۆشناییە بریتییە لە کتێبی سەرنجڕاکێشی "قوبلای خان و رووخانی ئۆرشەلیم" لە نووسینی "ئی. س. شەیفەر".(14) ئەم کتێبە تۆژینەوەیەکی زۆر پێویست و سەرەکییە لەبارەی رەگ و ڕیشەی رۆمانتیزم و زەمینەی چالاکی رۆشنگەری کۆلریج و براونینگ و جۆرج ئیلیەت. تا ئاستێکی دیاریکراو، ئەم کارەی شەیفەر گەشە بە هەمان ئەو هێڵە گەورانە دەدا کە لەلایەن


https://t.me/kurdistanbooks

"شواب"ەوە پێشکەش کراون، بە تایبەتیش دڵنیاییکردن لەو ماتریالە گونجاوانە کە لەلایەن پسپۆڕە ئەلمانەکان لە تێکستەکانی کتێبی پیرۆز هەن و بەکارهێنانیان هەردەم بە شێوەیەکی زیرەک و سەرنجڕاکێش بۆ خوێندنەوەی کارەکانی هەر سێ نووسەرە گەورەکەی ئینگلیز. لەگەڵ ئەمەش ئەم کتێبە هەندێ لایەنی یەکلاکەرەوەی سیاسی و هەروا ئیدیۆلۆژیشی کەمە وەک ئەو نووسەرە فرانسی و ئینگلیزییانەی من پێیانەوە خەریکم، هەمان ئەو لایەنەیان داوەتە ڕۆژهەڵاتناسی، بە چەشنێکی دی، ئەوەی شەیفەر نەیکردووە، من هەوڵ دەدەم گەشەپێدانەکانی دواتری ڕۆژهەڵاتناسی چ ئەکادیمی یان ئەدەبی ڕوونتر بکەمەوە، لەلایەک ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵاتناسی فرانسی و ئینگلیزی، لەلایەکەی دی هەڵکشانی ئیمپریالیزمێک بە ئیلهامی تەواو کۆلۆنیالیانە. هێشتا دەمەوێ ئەوەش بخەمەڕوو چۆن هەموو ئەم بابەتانە کە پێشتر هەن، کەم و زۆر خۆیان لەناو ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی بەرهەم دەهێننەوە.

لەگەڵ ئەمەش، دەشێ لێکۆڵینەوەکەم لایەنێکی هەڵخەڵەتێنەری هەبێ: بێجگە لە چەند سەرچاوەیەک لێرە و لەوێ، بە شێوەیەکی قووڵ سەرنجی ئەو پێشکەوتنانە نادەم کە لەلایەن زانایانی پسپۆڕی ئەلمانی بەدەستهێنراون، بە تایبەتی لە دوای ماوەی سەرەتاکانی ڕۆژهەڵاتناسی بن ڕکێفی سیلڤێستر دو ساسی. هەر کارێک بیەوێ لە ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمی بگا و بایەخ بە کارە زانستییەکانی کەسانی وەک "شتاینتال"، "ماکس مولەر"، "بێکەر، گۆلدزایر"، "بروکلمان"، "نۆلدکە" نەدات (ئەمانەش تەنیا نموونەیەکن) شایانی ئەوەیە لۆمەی بکەن، من لەم ڕووەوە بە سەخاوەتەوە لۆمەی خۆم دەکەم. بە تایبەتی ئەسەفم هەیە بۆ ئەوە کە نەمتوانیوە باشتر بایەخ بەو نەریتە زانستییە مەزنە بدەم کە ئەمانە توانییان بیخەنە سەر زانستی



https://t.me/kurdistanbooks

لێکۆڵینەوەی ئەلمانی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم. جۆرج ئیلیەت بەرانبەر بە دوورەپەرێزی زانا بەریتانییەکان نارەزایی دەربڕی کە ئەمانەیان پشتگوێ خستووە: لێرەوە زیاتر خەیاڵم بۆ ئەو پۆرترێتە دەچێ کە هەرگیز لەیاد ناکرێ کە بۆ "بەڕێز کازۆبۆن" لە رۆمانەکەی " میدلمارچ" کێشاویەتی (15) (...)

جۆرج ئیلیەت بە هەڵەدا نەچووە کە لە دەوروبەری ساڵانی 1830 پشتگیری لەوە دەکا کە رووداوی رۆمانەکەی لێ روودەدا، ئەو سەردەمە تۆژینەوەی زانستی ئەلمانی لەمەڕ رۆژهەڵاتناسی گەیشتبووە لووتکەی دەوڵەمەندی و پوختەیی خۆی لە ئۆروپا. بەڵام، لە هیچ یەکێک لە دوو بەشەکەی دی سەدەی نۆزدەم رۆژهەڵاتناسی ئەلمانی گەشەسەندنێکی چڕی پەیوەندی نێوان رۆژهەڵاتناسەکانی بە خۆوە نەبینی، بە هەمان شێوە بەرژەوەندییەکی نیشتمانی درێژخایەنیشی نەبوو لە رۆژهەڵاتەوە پشتگیری بکرێ. لە ئەلمانیا، شتێک نەبوو هاوتای ئامادەگی ئەنگلۆفرانسی بێ لە هیندستان، لە خاوەر"مەشریق" Levant، لە باکوری ئەفریقیا. هێشتا زیاتریش، "رۆژهەڵات"ی ئەلمانی تا رادەیەکی زۆر رۆژهەڵاتێکە تەواو سەر بە تۆژینەوەی زانستی، یان بەلای کەمی رۆژهەڵاتێکی کلاسیکی بووە: سوودی بۆ شیعری لیریک هەبووە، بۆ کاری ئەدەبی خەیاڵی، هەتا بۆ رۆمانیش، بەڵام هەرگیز هەقیقی نەبووە وەک میسر و سوریا کە هەقیقی بوونە بۆ "شاتۆبریان، لان، لامارتین، بورتۆن، دزرائیلی یان نێرڤال. هەڵبەت بێ هۆ نیە کە دوو شاکاری ئەلمانی لە هەمووان ناسراوتر لەبارەی رۆژهەڵات، Westostlicher Diwan (دیوانی رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتی)ی گۆتە و کتێبی (وتارێک لەبارەی زمان و فەلسەفەی هیندی)ی "فریدێریک شلیگل"ە، کە هەردووکیان وایان کرد پیاسەیەک بەناو رووباری راین بکەم و چەندان سەعات لە کتێبخانەکانی پاریس بمێنمەوە. کاری تۆژینەوەی زانستی ئەلمانی


https://t.me/kurdistanbooks

بریتی بوو لە پاککردنەوە و جوانکردن و پوختەکردنی تەکنیکی، ئەمەشیان بەسەر تێکستەکان و بەسەر ئەفسانە "میتۆس"کان و بەسەر ئایدیاکان و بەسەر زمانەکان، کە راستەوخۆ لە رۆژهەڵات کۆکرابوونەوە لەلایەن ئینگلستان و فرانسای ئیمپراتۆری، پەیڕەودەکرد.

لەگەڵ ئەمەش، ئەوەی رۆژهەڵاتناسی ئەلمانی هەیەتی وەک خاڵی هاوبەش لەگەڵ رۆژهەڵاتناسی ئەنگلۆفرانسی، پاشان رۆژهەڵاتناسی ئەمریکی، بریتییە لە جۆرێک لە ئۆتۆریتیٚ (دەستەڵات) لەسەر رۆژهەڵات لە ناوەوەی کولتووری رۆژئاوایی. دەبیٚ ئەم ئۆتۆریتییەش بەشێکی زۆری هەموو وەسفێکی رۆژهەڵاتناسی بگرێتەوە کە لەم تۆژینەوەیەش هەمان شت کراوە. ناوی رۆژهەڵاتناسی خۆیشی وەک پێشنیارێکە بۆ شێوازێکی چالاک، بەڵکو قورس وەک پسپۆڕێک: کە ئەم ناوە بۆ زانستە کۆمەڵایەتییە ئەمریکییە نوێیەکان بەکاردەهێنم (نەک بە مانا کلاسکییەکەی، لەبەرئەوەی ئەم توێژەرانە خۆیان بە رۆژهەڵاتناس دادەنێن) بۆ ئەوەیە سەرنج بۆ ئەو شێوازە راکێشم کە پسپۆرەکان لە بارەی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیانە و بتوانن هێشتا پشت بەو پاشماوە رۆشنگەرییە ببەستن کە رۆژهەڵاتناسی لە ئۆروپا لە سەدەی نۆزدەم هەیبووە.

ئۆتۆریتیٚ نە شتێکە رازی هەبیٚ نە شتێکە سروشتی. ئۆتۆریتیٚ دروست دەکریٚ، وەک تیشکۆیەک رۆشنایی خۆی پەرش دەکاتەوە، بڵاودەبێتەوە، وەک ئامێرێک بەکاردیٚ، رازیکەرە، خاوەن ستاتوێکە، رێسا بۆ چەشە دادەنیٚ، بۆ نرخ و بەهاکان، بە شێوەیەکی کردەکی ناشیٚ جیابکرێتەوە لە هەندیٚ ئایدیا کە بەهای راستیی و نەریتییان پێشکەش دەکا، ئۆتۆریتیٚ روانین دروست دەکا و دەیانگوازێتەوە و بەرهەمیان دەهێنێتەوە. لەسەرەوەی هەموو شتێکیشەوە، ئۆتۆریتیٚ دەشیٚ و دەبیٚ لێکبدرێتەوە و شیبکرێتەوە. هەموو ئەم خەسڵەتانەی



https://t.me/kurdistanbooks

ئۆتۆریتیٚ بەسەر رۆژهەڵاتناسیشدا پەیڕەو دەبیٚ، بەشێکی زۆری ئەو کارەی منیش دەیکەم لەم تۆژینەوەیەدا بریتییە لە وەسفکردنی ئۆتۆریتێی مێژوویی رۆژهەڵاتناسی و ئەو کەسانەش کە ئەم ئۆتۆریتێیە لەناو رۆژهەڵاتناسی دروست دەکەن.

بۆ ئەم تۆژینەوەیە لەمەڕ ئۆتۆریتیٚ، ئامێرە سەرەکییەکانی مێتۆدۆلۆژی من ئەوەیە دەشیٚ ناوی لیٚ بنێین :"دیاریکردنی ستراتیژی"، ئەمەش شێوازێکە لە وەسفکردنی پێگەی نووسەر لە تێکستێک بەرانبەر بە ماتریالەکانی رۆژهەڵاتی کە لە بارەیانەوە نووسیوویەتی و، "زانیاری و دروستبوونی ستراتیژی"، ئەمەش شێوازێکە بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان تێکستەکان، چۆن گرووپێک تێکست، تایپێک تێکست، هەتا جۆرە تێکستێکیش، بارستایی، چڕی و دەستەڵاتی سەرچاوەیی وەردەگرن. ئەم چەمکی ستراتیژییە زۆر بە سادەیی بەکاردەهێنم بۆ ناساندنی ئەو کێشانەی دێنە سەر رێگەی هەموو ئەو نووسەرانەی کار لەسەر رۆژهەڵات دەکەن: چۆن تیٚی دەگا، چۆن لێی نزیک دەبێتەوە، چۆن وابکا نەڕووخیٚ یان نەکەوێتە ژێر کاریگەری جوانی و مەزنییەکەی، مەوداکەی و رەهەندە ترسناکەکانی. ئەوەی لەسەر رۆژهەڵات دەنووسیٚ دەبیٚ بەرانبەری پێناسەی هەڵکەوت و پێگەی خۆی بکا: کە ئەمە بۆ تێکست وەردەگێڕدریٚ، ئەم دیاریکردنی شوێنە جۆری تۆنی گێڕانەوەش دەگرێتەوە کە بەکاری دەهێنیٚ، جۆری ئەو سترەکتورەش کە دروستی دەکا، جۆری ئەو وێنایەش، بابەت، مۆتیڤەکان، کە لەناو تێکستەکەی هاتووچۆیانە، هەموو ئەمانەش دەچنەوە سەر شێوازی مەبەستدار بۆ رووکردنە خوێنەر، بۆ گرتنی رۆژهەڵات و، دواجار بۆ نوێنەرایەتیکردن یان ئاخاوتن بە ناوی ئەوەوە. هیچ شتێک لە خۆوە روونادا، لەگەڵ ئەمەش، هەموو نووسەرێک کە لەبارەی رۆژهەڵات قسەی کردبیٚ (ئەمە بۆ "هۆمیرۆس"یش راستە) دەبیٚ رۆژهەڵاتێکی



https://t.me/kurdistanbooks

پێشوو هەبووبێ، زانینێکی سەرەتایی لەسەر رۆژهەڵات هەبووبێ کە ئەو وەک سەرچاوە بەکاری دەهێنێ و پشتی پێدەبەستێ. بێجگە لەمەش، هەموو کارێک لەسەر رۆژهەڵات، تێکەڵ بە کاری دی، بە خوێنەری دی، بە دامەزراوەی دی، بە رۆژهەڵات خۆی دەبێ. تەواوی پەیوەندییەکان لە نێوان ئەم کارانە، خەڵک و خوێنەران و هەندێ لایەنی تایبەتی رۆژهەڵات فۆرماسیۆنێک (زانین و زانیارییەک) پێکدەهێنن بشێ شیبکرێتەوە (بۆ نموونە، پەیوەندی نێوان تۆژینەوە فیلۆلۆژییەکان، هەڵبژاردەیەک لە تێکست لە ئەدەبی رۆژهەڵاتی، سەفەرنامەکان، (چیرۆکی) خەیاڵیی رۆژهەڵاتی) کە ئامادەگییان لەناو زەمەن، لەناو گوتار، لەناو دامەزراوەکان (وەک قوتابخانە، کتێبخانە، نووسینگەکانی وەزارەتەکانی کاروباری دەرەوە) هێز و ئۆتۆریتێی پێ دەبەخشن.

هیوادارم خۆم باش روون کردبێتەوە کە نیگەرانی من لە بارەی ئۆتۆریتێ بەرەو ئەوە نەچێ ئەوەی لە ناوەوەی تێکستی رۆژهەڵاتی خۆی شاردۆتەوە شیبکاتەوە بەڵکو زیاتر رووی تێکستەکە، تایبەتمەندی دەرەکی تێکستەکە بەرانبەر بەوەی وەسفی دەکا، شیبکاتەوە. لەو بڕوایەدام زۆر پێداگیری لەسەر ئەم ئایدیایە ناکرێ. رۆژهەڵاتناسی لەسەر بنچینەی تایبەتمەندی یان زەمینەی دەرەکی دەوەستێ، واتە لەسەر ئەوەی رۆژهەڵاتناس، شاعیر یان توێژەری پسپۆڕ باسی رۆژهەڵات دەکا، وەسفی دەکا و نهێنییەکانی بۆ رۆژئاوا روون دەکاتەوە. رۆژهەڵات هەرگیز پەیوەندی بەوەوە نیە تەنیا وەک یەکەمین هۆکاری ئەوەی دەیڵێ نەبێ. ئەوەی دەیڵێ و ئەوەی دەینووسێ، بە هۆی ئەوەی کە گوتن و نووسینە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە رۆژهەڵاتناس لە دەرەوەی رۆژهەڵاتە، لە یەک کاتدا وەک کردەیەکی وجود و وەک کردەیەکی ئەخلاقی. بەرهەمی سەرەکی ئەم تایبەتمەندییە دەرەکییە هەڵبەت مەسەلەی نوێنەرایەتیکردنە: هەر لە



https://t.me/kurdistanbooks

فارسەکانی "ئێشیل"ەوە، ڕۆژهەڵات لەوە دەوەستێ ببێتە ئەویترێکی دوور و ناوەناوە هەڕەشەکار بۆ خۆبەرجەستکردن لە شێوەی فیگەرێکی تارادەیەک ماڵیی (بۆ ئێشیل وەک کۆڕالی ژنانی ئاسیایی پرسەدار). ڕاستەوخۆیی دراماتیکی نمایشکردنی فارسەکان، ئەو کردەیە دەشارێتەوە بینەران نمایشێکی زۆر دەستکرد ببینن لەوەی کە یەکێکی نارۆژهەڵاتی کردوویەتی بە ڕەمزی هەموو ڕۆژهەڵات.

کەواتە شیکردنەوەی من بۆ تێکستی ڕۆژهەڵاتناسی دڵنیاییکردنە لەسەر شایەدحاڵی ڕوون و ئاشکرا، پێشکەشکراو لەلایەن ئەو نوێنەرایەتیکردنانەی وەک نوێنەرایتیکردنن نەک وەک وەسفێکی "سروشتی" بۆ ڕۆژهەڵات. ئەم شایەدحاڵییەش بە شێوەیەکی تەواو دیاریکراو لەناو تێکستەکان دەدۆزینەوە کە دەتوانین بە ڕاستەقانی لە قەڵەمیان بدەین (مێژووەکان، شیکردنەوە فیلۆلۆژییەکان، تۆژینەوە سیاسییەکان) وەک لەناو ئەوانەی خۆیان بە هونەر دەناسێنن (واتە خەیاڵ بە ڕوونی). کەواتە دەبێ بایەخ بە شێواز بدرێ، بە ڕوونبێژی، بە پلان، بە کەرستەکانی گێڕانەوە، بە مەرجە مێژوویی کۆمەڵایەتییەکان، نەک دروستی نوێنەرایتیکردن و دڵسۆزییەکەی بۆ نەژادێکی مەزنی نەناسراو. سیفەتی دەرەکی نوێنەرایتیکردن هەردەم بە ڤێرسیۆنێک یان بە یەکێکی دی گەلێک زۆر سادە بەڕێوەبراوە: ئەگەر ڕۆژهەڵات بیتوانیایە نوێنەرایەتی خۆی بکا، دەیکرد، لەبەرئەوەی ناتوانێ بیکا، نوێنەرایتیکردن ئەم کارە بۆ ڕۆژئاوا دەکا، هەڵبەت ئەگەر شتێکی باشتر نەبێ بۆ ڕۆژهەڵاتی بەسەزمان. ( ئەوان ناتوانن نوێنەرایەتی خۆیان بکەن، دەبێ نوێنەرایەتی بکرێن) وەک چۆن مارکس لە کتێبی "18ی برومێری لوی بۆناپارت"دا نووسیوویەتی.

هۆکارێکی دیکەشم هەیە بۆ پێداگیری کردنم لەبارەی سیفەتی دەرەکی: لەوبڕوایەدام دەبێ بە ڕوونی لەبارەی گوتاری کولتووری و



https://t.me/kurdistanbooks

گۆڕینەوەکان لە ناوەوەی کولتوورێک بدوێین، ئەوەی ئەمانە بە ڕەوانی دەیخەنە بواری پراکتیک "هەقیقەت" نیە بەڵکو نوێنەرایەتیکردنە. بە ئاستەمیش پێویستە ئەوە پیشان بدەین کە هێشتا جارێکی دیکەش زمان خۆی بریتییە لە سیستەمێکی توندوتۆڵی ڕێکخراو و بە کۆدکراو، کۆمەڵێک کەرستە و ئامێر دەخاتە بەردەست بۆ دەربڕین، دەستنیشانکردن، گۆڕینەوەی پەیام و زانیاری و نوێنەرایەتیکردن...هتد. لەناو هەموو نموونەیەکی زمانی نووسین، بەلای کەمی، شتێک نیە بریتی بێ لە ئامادەگییەکی بەخشراو، بەڵکو هەموو شتێک تێیدا "سەرلەنوێ ئامادەگی"یە یان نوێنەرایەتیکردنە. نرخ، توانا، هێز، ڕاستی ڕواڵەتیی دڵنیایی نووسینێک لەسەر ڕۆژهەڵات زۆر بە کەمی دەوەستێتە سەر ڕۆژهەڵات وەک خۆی، ناشتوانێ وەک ئامێریش پشتی پێ ببەستێ. بە پێچەوانەوە، دڵنیایی نووسینێک بریتییە لە ئامادەگی بۆ خوێنەر بە هۆی ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتی دوورخستۆتەوە، گواستوویەتیەوە، وەک شتێکی هەقیقی کردوویەتی بە شتێکی زیاد.

بەم شێوەیە، هەموو ڕۆژهەڵاتناسی بەرانبەر بە ڕۆژهەڵات دەوستێ لە هەمان کات لە دووری ئەویش دەوەستێ: ئەگەر ڕۆژهەڵاتناسی کەمترین مانایەکی هەبێ ئەوا لەم پرۆسەیەدا زیاتر پشت بە ڕۆژئاوا دەبەستێ وەک لە ڕۆژهەڵات، ئێمەش ڕاستەوخۆ قەرزاری ئەم مانایەین بە هۆی کۆمەڵێک تەکنیکی جیاوازی ڕۆژئاوایی لەمەڕ نوێنەرایەتیکردن کە وا دەکەن ڕۆژهەڵات دیاربێ، ڕوون بێ، کە وادەکەن ڕۆژهەڵات "لێرە" بێ لە نێو ئەو گوتارەی کە لەبارەی ئەوەوە هەمانە. ئەم نوێنەرایتیکردنانە بۆ گەیاندنی کاریگەرییان پشت بە دامەزراوەکان دەبەستن، بە نەریتەکان، بە ڕێککەوتنەکان، بە کۆدەکانی ڕاز دەبەستن نەک بە ڕۆژهەڵاتێکی دوور و بێ شێوە و بچم.



https://t.me/kurdistanbooks

ئەو نوێنەرایەتیکردنانەی کە لەبارەی ڕۆژهەڵات پێش کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم هەمانبوو جیاوازن لەوانەی لە دوای ئەو سەردەمە دەمانبێ (واتە ئەوانەی کە سەر بە ڕۆژهەڵاتناسی مۆدێرنن) بوارەکانیان گەلێک زۆر بەرین بوونەوەتەوە لەچاو ئەو سەردەمانەی دوایی. ڕاستە پاش ویلیەم جۆنز و ئەنکتیل دوپێرۆن، پاش هێرشی بۆناپارت بۆ میسر، ئۆروپا کەوتە ناو ئەو هەڵکەوتەی بە شێوەیەکی زانستییانەتر ڕۆژهەڵات بناسێ، وێڕای ئۆتۆریتێ و دیسیپلینێکی زیاتر تێیدا بژیێ، پێشتر قەت ئەمەی نەبینیبوو. بەڵام ئەوەی بۆ ئەو بایەخدار بوو، دەست ڕۆیشتنی زیاتر و زۆرتر پوختەکردنی تەکنیکەکانی وەرگرتنی ڕۆژهەڵات بوو. کە دەگەینە سەروبەندی وەرچەرخانی سەدەی هەژدەم، ڕۆژهەڵات بۆ دواجار پەردە لەسەر چاخی زمانەکانی هەڵدەداتەوە (کە مێژوویان بەم جۆرە بۆ زۆر کۆن دەگەڕێتەوە وەک لە ژینیالۆژی ئیلاهیانەی زمانی عیبری) گروپێک لە ئۆروپییەکان ئەمە دەدۆزنەوە و بۆ زانایانی دی دەیگوازنەوە و ئەم دۆزینەوە نوێیەش لەناو زانستی نوێ دەپارێزن: وەک فیلۆلۆژی هیندوئۆروپی. زانستێکی نوێ و بە توانا لە دایک دەبێ، ئامانج لێی پشکنین و تاقیکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی زمانناسییە و، لەگەڵ ئەم زانستەش، وەک چۆن میشێل فوکۆ لە کتێبی "وشە و شتەکان" پیشانی داوە، تەواوی تۆڕێکی بەرژەوەندی زانستی سەر بەوە. بە شێوەیەکی وەک ئەمە، ویلیەم بێکفۆرد، بایرۆن، گۆتە و هوگۆ، لە ڕێگەی هونەرەکەیان ڕۆژهەڵاتیان گرتەخۆیان و ڕەنگی ڕۆژهەڵاتیان پیشاندا، ڕۆشنابییەکانی ڕۆژهەڵات و میللەتانی ڕۆژهەڵاتیان لە ڕێگەی وێناکانیان پیشاندا، ڕیتم و مۆتیڤەکانیان پیشاندا. ڕۆژهەڵاتی "هەقیقی" هەموو شتێکی هەبوو بۆ وروژاندنی ڕوانینی نووسەرێک، بەڵام زۆر بە دەگمەن ئەو ڕۆژهەڵاتە بۆتە ڕابەری.



https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵاتناسی زیاتر وەڵامی ئەو کولتوورەی دایەوە کە بەرهەمی هێنابوو وەک لە وەڵامدانەوەی بۆ بابەتە وەهمییەکەی، کە ئەمەش هەر بەرهەمی ڕۆژئاوابوو. بەم جۆرە، مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی لە یەک کاتدا بریتییە لە توندوتۆڵییەکی ناوەکی و گشتێک لە پەیوەندی توند بەیەکەوە نووساو لەگەڵ کولتوورێکی باڵادەست کە دەورەی داوە. سەرەنجام، هەوڵدەدەم بە شیکردنەوەکانم پیشانی بدەم فۆرمی ئەم بوارە چیە و پێکهاتە ناوەکییەکەی چۆنە، پێشەنگەکانی کێن، دەستەڵاتی باوکانەی چیە، تێکستە ڕێسا داڕێژەکانی چین، وێردکردن "Doxologie"ەکانی چین، کەسایەتییە نموونەییەکانی کێن، ڕەعیەتەکانی کێن، پەراوێز و دامەننووسەکان و ئۆتۆریتییە نوێیەکانی چین و کێن، هەوڵدەدەم ئەوەش لێکبدەمەوە چۆن ڕۆژهەڵاتناسی شوونپێی "ئایدیا-هێز"ەکانی، ڕێباز و تەندانسە کولتوورییەکانی هەڵگرتووە و گەڵێجاریش ئیلهامی لێ وەرگرتوون. بەم جۆرە بوو ڕۆژهەڵاتێکی زمانەوانی، یەکێکی فرۆیدی، شپلەنگەری، داروینی، ڕۆژهەڵاتێکی نەژادپەرست...هتد، پەیدابوو (ئێستەش هەیە). کەچی هەرگیز ڕۆژهەڵاتێکی بێگەرد یان ڕۆژهەڵاتێکی پەلوپۆ نەبەستراو بە مەرج پەیدا نەبوو، بە هەمان شێوە، هەرگیز فۆرمێکی ناماددی ڕۆژهەڵاتناسیش سەری هەڵنەدا، هێشتا لەمەش کەمتر، ڕۆژهەڵاتێک وەک شتێکی بێ گوناهی وەک "ئایدیا"یەکیش نەهاتەکایەوە.

سەرەنجام بەم قەناعەتەوە کە هێشتا ڕوونکردنەوەی دەوێ، بەم ئەنجامە مێتۆدۆلۆژیانە، خۆم لە توێژەرەکانی دی جیادەکەمەوە کە کاریان لەبارەی مێژووی ئایدیاکانەوە کردووە. هەڵبەت، ئەو خاڵانەی لەسەریان دەگیرسێینەوە، خێرایی و ڕەوتی بەجێگەیاندن و کردن و بە تایبەتیش چالاکی ناماتریالی داڕشتنەکانی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی دەشێ هەبن لەناو ئەو دۆخانەی کە هەموو مێژوویێکی هێرمێتیکی ئایدیاکان بەرەو ئەوەدەچن بە تەواوی پشتگوێی بخەن. بێ ئەم



https://t.me/kurdistanbooks

خالانەی لەسەریان دەگیرسێینەوە، بێ ئەم چالاکییە ناماتریالییە، رۆژهەڵاتناسی هەروەکو هەموو ئایدیایەکی دیکەی ئاسایی دەمێنێتەوە، کەچی ئەمە بووە و لەمەش زیاتر بووە. هەر لەبەرئەمە پێشنیاری ئەوە دەکەم شیکردنەوە و لێکدانەوە نەک هەر بۆ کارە زانستییەکان بکەم، بەڵکو بۆ کارە ئەدەبییەکان، بۆ وتارە سیاسییەکانیش، بۆ وتارەکانی رۆژنامە، سەفەرنامەکان، بۆ تۆژینەوە ئایینی و فیلۆلۆژییەکانیش دەکەم. بە چەشنێکی دی، لە روانگەیەکی تێکەڵی مێژوویی و ئەنترۆپۆلۆژییەوە دەڕوانم، بەو مانایەی پێموایە هەموو تێکستێک سەر بە جیهانە، کاری دۆخێکن، لەناو هەڵکەوتی جیاوازن، بێگومان بە پێی جۆر و سەردەمی مێژوویی.

لەگەڵ ئەمەش بە پێچەوانەی میشێل فوکۆ، لە کاتێکدا کارەکانی ئەو زۆر سوودی بۆ من هەبووە، بە تایبەتی لەبارەی خاڵێک: ئەویش ئەوەیە من باوەڕم بە کاریگەری دیار و یەکلاکەرەوەی نووسەران وەک تاکەکەسان هەیە لەسەر تێکست وەک سەرچاوە، ئیتر کۆگەل Colective یان نەناسراو بێ، فۆرماسیۆنێکی لۆژیکی وەک رۆژهەڵاتناسی پێکدەهێنن. یەکێتی ئەو هەموو تێکستە زۆرانەی لێکدانەوەیان بۆ دەکەم بەشێکیان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە زۆرجار دەبنە سەرچاوە بۆ یەکتری: دواجار رۆژهەڵاتناسیش سیستەمێکە لە وەرگرتنی تێکست لە کاری دیکە و لە دانەران. کتێبی"داب و نەریتی میسرییە هاوچەرخەکان"ی ئێدوارد لان، لەلایەن کەسانی جیاواز وەک نێرڤال و فلۆبێر و "ریتشارد بورتن" خوێندراوەتەوە و ئاماژەی پێکراوە. ئەم کتێبە خاوەن ئۆتۆریتی بووە و، هەرکەسێ لەسەر رۆژهەڵات نووسی بی یان بیری لێ کردبێتەوە (نەک هەر تەنیا بۆ میسر) دەبوایە بە هەر شێوەیەک بێ بەکاری بهێنێ: بۆ نموونە نێرڤال وشە بە وشە هەندێ پارچە نووسین لە کتێبی "داب و نەریتی میسرییە هاوچەرخەکان" بەرهەم دەهێنێتەوە،



https://t.me/kurdistanbooks

پشت بە ئۆتۆریتێی ئێدوارد لان دەبەستێ بۆ نووسینی وەسفی هەندێ دیمەنی دێهاتیانی سورییایی نەک میسریش. "ئێدوارد لان" ئەم دەستەڵاتەی هەبووە، ئەو دوور و نزیک ناوی هاتووە، چونکە رۆژهەڵاتناسی ئەو، ئەو توانایەی هەبووە ئەو وەک تێکستێکی سەرچاوە بەکاربهێنێ. لەگەڵ ئەمەش، ئێمە ناتوانین لەم خەسڵەتەی ئێدوارد لان بگەین ئەگەر لە خەسڵەتە تایبەتەکانی تێکستی ئەو نەگەین، هەمان شت راستە بۆ رێنان و سیلڤێستر دو ساسی و لامارتین و شلیگل و بۆ گروپێک لە نووسەرانی گرینگ. فوکۆ باوەڕی وایە بە گشتی تێکست یان دانەر (نووسەر) وەک تاکەکەس بایەخێکی ئەوتۆی نیە، بەڵام ئەزموون ئەوەی پیشان داوم لە حاڵەتی رۆژهەڵاتناسی وانیە (لەوانەیە لە هیچ شوێنێک وانەبێ). سەرەنجام ئەوەی دەمەوێ، لە شیکردنەوەکانم بیکەم، لە رێگەی لێکدانەوەی تێکستەکان، بەو مەبەستەیە دیالیکتیک لە نێوان تێکست یان نووسەر وەک تاکەکەس و زانیاری کۆلەکتیڤی ئاڵۆز پیشان بدەم، بەو کارەی کە هەر خۆی پێی بەشداری کردووە.

لەگەڵ ئەمەش، ئەم کتێبە سەرەڕای ئەوەی باس لە هەڵبژاردەیەکی زۆری نووسەران دەکا، هێشتا دوورە لەوەی مێژوویێکی پڕ و پوختە بێ یان نوێشکێکی گشتی بێ لەبارەی رۆژهەڵاتناسی. بەرانبەر بەم خەوشەش بێگومان هوشیارم. هەر بە هۆی ئەم دەوڵەمەندییەشە کە وەک چنینێک کە زۆر چڕە، رۆژهەڵاتناسی توانیویەتی بەردەوام بێ و لە خزمەتی کۆمەڵی رۆژئاوادا بێ: هەموو ئەوەی کردووشمە وەسفی بەشێکی ئەو چنینەیە کە لە هەندێ ساتدا دڵی خۆم بەوە خۆش کردووە پێشنیاری بوونی یەکێکی دی فراوانتر بکەم، یەکێکی دی پڕ وردەکاری تر، پڕ کەسایەتی تر، پڕ تێکست و رووداوی هەست بزوێنی تر. پێشموایە ئەم کتێبە تەنیا سەرەتایەکە، هیوادارم زانا و پسپۆڕان و رەخنەگران چەشەی ئەوەیان لەلا دروست بێ هی دیکە



https://t.me/kurdistanbooks

بنووسن. بەڵام توێژینەوەیەکی دیکەی گشتی لەبارەی ئیمپریالیزم و کولتوورمان لە پێشە بینووسین، هەر لەبەرئەمە پێویستە کێشەی پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژهەڵاتناسی و پێداگۆژی قووڵتر بکەینەوە، وەک پێداگۆژی ڕۆژهەڵاتناسی ئیتالی، هۆڵەندی، ئەلمانی و سویسرایی، پێداگۆژی دینامیکی نێوان توێژینەوەی زانستی و خەیاڵ، پێداگۆژی پەیوەندی نێوان چەمکەکانی ئیداری و دیسپلینی ڕۆشنگەری. هەوڵی هەرە مەزنیش لە ئایندە، دەشێ ئەو لێکۆڵینەوانە بن لەبارەی جێگرتنەوەی ڕۆژهەڵاتناسی لەمڕۆدا، لە خۆمان بپرسین چۆن توێژینەوە لە کولتووری دیکە و دانیشتوانانی دیکە بکەین، هەڵبەت لە ڕوانگەیەک بشێ ڕزگاریخواز بێ، چەوسێنەر و یاری پێکەر نەبێ. ئەمەش بۆ ئەوەمان ڕادەکێشێ سەرلەنوێ بیر لە هەموو کێشە ئاڵۆزەکانی زانین و دەسەڵات بکەینەوە. ئەمەش ئەو هەوڵە ئاڵۆز و پڕ لە گێرەو کێشەن کە لەم توێژینەوەیەدا دواییان پێنەهێنراوە. دووەمین تێبینی، لەوانەیە جۆرێک بێ لە ستایشکردنی خۆم: وێڕای داڕشتنی ئەم کارە بیرم لە کۆمەڵێک خوێنەر دەکردەوە. ئەوانەی ئارەزووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبییان هەیە، بۆ ئەوان ڕۆژهەڵاتناسی نموونەیەکی ئێجگار نایابی پەیوەندی چڕ و پڕە کە لە کۆمەڵ و مێژوو و تێکستدا هەیە. بێجگە لەمەش، ئەو ڕۆڵەی ڕۆژهەڵات دەیگێڕێ لەناو کولتووری ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵاتناسی دەبەستێتەوە بە ئیدیۆلۆژی، بە سیاسەت و بە لۆژیکی دەسەڵات، ئەمەش بابەتێکە، بەڕای من، گونجاو و زۆریش بەستراوەتەوە بە ناوەندی ئەدەبی. وێڕای بیرکردنەوە لەوانەی ئەمڕۆ توێژینەوە لەبارەی ڕۆژهەڵات دەکەن، توێژەرانی دانیشگاکان، ئەوانەش کە ئیلهام لە سیاسەت وەردەگرن، بۆ ئەوان دوو نەخشەم هەیە: یەکێکیان ئەوەیە ژینیالۆژی، یان ڕەچەڵەکناسی ڕۆشنگەرییان پێشکەش بکەم، ئەویتریان ڕەخنەگرتنە لە گریمانەکان کە زۆرجار بێ گفتوگۆ زەمینەی بەشێکی گەورەی کارەکانیان لەسەری دادەمەزرێنن، بەو


https://t.me/kurdistanbooks

هیوایەی بەم چەشنە گفتوگۆ بورووژێنن. بۆ ئەو خوێنەرەی کە پسپۆڕ نیە هەردەم لەم تۆژینەوەیە ئەو بابەتانە دەدۆزێتەوە هەمیشە سەرنجی رابکێشێ کە بەستراونەتەوە نەک هەر بەو شێوەیەی چۆن رۆژئاوا ئەویتر وەردەگرێ و چارەسەری دەکا، بەڵکو هێشتا بەستراونەتەوەش بەو رۆڵە گرینگ و بێوێنەیەی کولتووری رۆژئاوا دەیگێڕێ لەوەی کە "ڤیکۆ" ناوی لێ دەنێ "جیهانی نەتەوەکان". دواجار ئەم تۆژینەوەیە ئەوەش پێشنیاری ئەو خوێنەرانە دەکا کە بە خوێنەرانی جیهانی سێیەم ناسراون، کە ئەم کارە هەنگاوێکە بۆ تێگەیشتن، نەک ئەوەندە زۆر بۆ سیاسەتی رۆژئاوایی و جیهانی غەیرە رۆژئاوایی لەناو ئەم سیاسەتە، بەڵکو هەنگاوێکە بۆ تێگەیشتن لە هێزی گوتاری کولتووری رۆژئاوایی، ئەمەش هێزێکە گەلێجار بە هەڵە تێیدەگەین، لە دیکۆڕ یان خۆپێشاندان وەک سوپەرستروکتورێک زیاتر نەبێ. هیوادارم توانیبێتم ئەو "ستروکتورە دژوارەی باڵادەستی کولتووری"یەم پیشاندابێ، بە تایبەتی بۆ ئەو میللەتانەی کۆلۆنی کرابوون، مەترسی و هەوڵەکانی پەیڕەوکردنی ئەو ستروکتورە بۆ ئەوان و بۆ هی دیکە.

بە ئامانجی هەرچەند بشێ بە ئاسانی گەیاندنی مەبەست، ئەم کتێبەم دابەشی سێ فەسڵ و یانزە بەش کردووە. فەسڵی یەکەم تایبەتە بە "بواری رۆژهەڵاتناسی" وەک بازنەیەکی گەورەیە لە دەورەی تەواوی رووی بابەتەکە، بۆ شیکردنەوەیان لە رووی زەمەن و ئەزموونی مێژوویی و بە هەمان ئاست لە رووی مۆتیڤە فەلسەفی و سیاسییەکانەوە. فەسڵی دووەم کە بە ناوی "رۆژهەڵاتناسی بە ستروکتورکراو و بە ستروکتورکراوەوە"یە، ئامانج لێی پێشاندانی گەشەسەندنی رۆژهەڵاتناسی مۆدێرنە بە پێی کرۆنۆلۆژی و وەسفکردنی چەند رەفتار و شێوازی هاوبەش لەگەڵ بەرهەمی شاعیران، هونەرمەندان و هەندێ توێژەری زانستی خاوەن ئاستێکی



https://t.me/kurdistanbooks

باڵا. فەسلی سێیەم کە بەناوی "ڕۆژهەڵاتناسی ئەمڕۆ"یە، لەو شوێنە دەست پێدەکات کە ئەوەی پێشوو لێی وەستاوە: نزیک ساڵانی 1870. ئەمەش سەردەمی فراوانبوونی گەورەی کۆلۆنیالیزمە لە ڕۆژهەڵات، کە لەگەڵ جەنگی دووەمی جیهانی دەگاتە چلەپۆپەی گەشەسەندنی. دوا بەشی ئەم فەسڵی سێیەمە ئەوە دەخاتەڕوو چۆن هەژموون لە دەستی ئینگلیز و فرانسییەکان دەگوازرێتەوە بۆ ناو دەستی ئەمریکییەکان: لەم بەشە هەوڵدەدەم واقیعی ڕۆشنگەری و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی ئەمڕۆ پێشان بدەم.

3- ڕەهەندی کەسیی. لە "دەفتەرەکانی زیندان" گرامشی دەڵێ: "خاڵی دەسپێکی ئامادەکردنی ڕەخنە بریتییە لە هوشیاری ئەوەی کە هەقە، واتە "تۆ خۆت، خۆت دەناسی" وەک بەرهەمی پرۆسەیەکی مێژوویی کە تا ئێستە هاتووە و لەناو تۆ خۆت کۆمەڵێکی گەلێک زۆر وردە پاشماوەی بەجێهشتووە، بێ ئەوەی هیچ لیستێکی ژماردن بەجێ بهێڵێ. ئەمەش لیستێکی وایە پێویستە بۆ دەستپێکردن هەبێ.(16)". وەبەرهێنانی کەسیی من لەم تۆژینەوەیەدا بەشی هەرە زۆری لەوەوە دێ کە، لە ئەنجامی گەورەبوون لەناو دوو کۆلۆنی ئینگلیزی، تێگەیشتم کە من "ڕۆژهەڵاتییەکم". لەناو ئەم کۆلۆنیانە (فەلەستین و میسر)، پاشان بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، هەموو پەروەردەی من ڕۆژئاوایی بوو، کەچی ئەو هەستە کۆن و قووڵە بەردەوام لام مایەوە و درێژەی هەبوو. وێڕای لێکۆڵینەوە لە ڕۆژهەڵاتناسی، بە کۆمەڵێک شێواز هەوڵمداوە لیستێک بۆ ئەو پاشماوانە دروست بکەم کە لەناو من هێشتوویانەتەوە، من وەک بابەتێکی ڕۆژهەڵاتی، بە هۆی ئەو کولتوورەی کە باڵادەستییەکەی فاکتەرێکی ئەوەندە بە هێز بوو لە ژیانی هەموو ڕۆژهەڵاتییەک. هەر لەبەرئەمەش بوو دەبوایە مەبەستی خۆم لە چواردەورەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی کۆبکەمەوە. بۆم نیە من حوکم لەسەر ئەوە بدەم ئەوەی کردوومە تەواو ئەو لیستەیە کە


https://t.me/kurdistanbooks

گرامشی رایسپاردبوو، بەڵام باش هەستم پێکردبوو، چەندە گرینگە هوشیاری ئەوەت هەبێ بیکەی. بە درێژایی تەواوی ئەم کارەم هەوڵمدا، وێڕای توندوتۆڵی و ئەقڵانیەت کە لە توانامدا هەبوو، ئەو گیانی رەخنەگرتنە بپارێزم، لە هەمان کات ئامێرەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و هیومانیست و کولتووری بەکاربهێنم کە پەروەردەی من وای لێکردم سوودمەندی بەختەوەر بم. هیچ شتێک لە هەموو ئەمە، سەرەڕای هەموو شتێکیش، وای نەکرد پەیوەندیم لەگەڵ واقیعی کولتووری رۆژهەڵاتێک بزر بکەم، وێڕای تێوەگلانی کەسیی خۆم کە ئاوا ئەو رۆژهەڵاتە منی دروستکردووە.

ئەو بارودۆخە مێژووییانەی کە رێگە بە تۆژینەوەیەکی لەم جۆرە دەدەن تا رادەیەکی زۆر ئاڵۆزن، تەنیا دەتوانم وەک هێلکارییەکی سادە بیانژمێرم. هەموو ئەوانەی هەر لە ساڵانی پەنجاکانەوە لە رۆژئاوا ژیاون، بە تایبەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەو ماوە پڕ لە تەنگ و چەڵەمە لە ئاسابەدەرە ژیاون کە لە پەیوەندی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا هەبووە. هەڵبەت ئەوەیان بەسەردا تێنەپەڕیوە کە لە ماوەی دیاریکراو رۆژهەڵات هەردەم بە مانای مەترسی و هەڕەشە هاتووە، جا ئەو رۆژهەڵاتە رۆژهەڵاتی ئاسایی بوایە یان رووسیا بوایە. لە دانیشگاکانیش، رێکخستنی ژمارەیەکی زۆر لە پرۆگرام و دامەزراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کولتووری هەرێمەکان area studies، وایان لە تۆژینەوەی زانستی کرد ببێتە لقێک لە سیاسەتی نیشتمانی. کاروباری گشتی لە وڵاتە یەکگرتووەکان، بەرژەوەندی دروستیان بۆ رۆژهەڵات تێدایە، بە قەد ئەوەی ئەم بەرژەوەندییە بایەخی ستراتیژی و ئابووری هەڵگرتووە بە قەد ئەمەش بایەخی بۆ لایەنی ئێگزۆتیزمی نەریتی هەڵگرتووە. کە جیهان راستەوخۆ بۆ هاووڵاتیانی رۆژئاوایی کراوەتەوە، کە ئێستا لە سەردەمی ئەلیکترۆنیکدا دەژیێ، رۆژهەڵاتیش لێی نزیک بووەتەوە و، ئێستە کەمتر لە ئەفسانەیەکە وەک لە شوێنێک



https://t.me/kurdistanbooks

که تێیدا بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوایی لێ تەواو دەبێ، بە تایبەتی هی ئەمریکا.

یەکێ لە ڕووەکانی جیهانی ئەلیکترۆنیک "پۆست مۆدێرن" بریتییە لە بەهێزکردنی ئەو ستریۆتایپانەی (وتە و ڕوانین و کلێشە با و نەریتییەکان/و) وەسفی ڕۆژهەڵات دەکەن. تەلەڤیزیۆن، فیلم، تەواوی سەرچاوەکانی میدیا، بە هێزەوە زانیارییان خستە ناو قالبی زۆرتر و زۆرتر ستاندارد. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ڕۆژهەڵاتەوە هەبێ، بە ستانداردکردن و دروستکردنی ستریۆتایپی کولتووری دەستەڵاتی دیمێنۆلۆژی "ڕۆژهەڵاتی پڕ لە ڕاز" یان بەهێزترکرد کە لە سەدەی نۆزدەم بوارێک بوو لە دانیشگا و لە ئەندێشە. ئەمە لە هیچ شوێنێک بەو ئاستە ڕاست نیە وەک بۆ شێوازی تێگەیشتن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبێ. سێ فاکتەر بەشدارییان لەم ڕوانینە کرد، ئەگەر هەرە سادەترین ڕوانینیش بێ، وایان کرد عەرەب و ئیسلام وەک شتێکی گەلێک زۆر بە سیاسیکراو ببینن، تا ڕادەی دیماگۆژی: یەکەم: مێژووی ڕوانینی بێ پێشینەی میللی دژەعەرەب و دژەئیسلام لە ڕۆژئاوا کە ڕاستەوخۆ لە مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی ڕەنگدەداتەوە. دووەم: ملمڵانێی نێوان و عەرەبەکان و زایۆنیزمی ئیسرائیلی و کاریگەرییەکانی لەسەر جوولەکانی ئەمریکی و بە شێوەیەکی گشتی لەسەر کولتووری لیبرالی و کۆمەڵانی خەڵک. سێیەم: نەبوونی کەمترین هەڵوێستی کولتووری کە ڕێگە بدا پێکچواندنێک هەبێ لەگەڵ عەرەب یان لەگەڵ ئیسلام بێ هیچ سۆزێک لە بارەیانەوە قسە بکرێ. بە ئاستەم پێویستە ئەوەشی بۆ زیاد بکەم کە ئەمڕۆ تا ئەو ڕادەیە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبەستنەوە بە سیاسەتی زلهێزەکان و ئابووری پترۆل و دوانەی سادە و ساکاری نێوان ئیسرائیلی مەیل بەلای دیمۆکراسی و ئازادی، عەرەبی خراپ و مەیل بە لای تۆتالیتار و تیرۆریزم، شانسێکی زۆر کەممان هەیە بە ڕوونی بزانین کە باس



https://t.me/kurdistanbooks

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێ باس لە چی دەکرێ، هەڵبەت ئەمەش شتێکە جێگەی داخە.

یەکێ لەو هۆیانەی وایانکرد ئەم کتێبە بنووسم ئەزموونی کەسیی خۆم بوو لەم بارەیەوە. ژیانی فەلەستینییەکی عەرەب لە رۆژئاوا، بەتایبەتی لە ئەمریکا، ژیانێکە ورەبەزێنە. کەسی فەلەستینی لە رۆژئاوا تا رادەیەک رووبەڕووی روانینێکی هاوبەشی گشتی دەبێتەوە، بەو مانایەی لە رووی سیاسییەوە فەلەستینی بوونی نیە، کاتێ کە بیانەوێ بوونی ئەو وەرگرن، ئەوسا وەک هەراسانکەرێک یان وەک رۆژهەڵاتییەک بۆی دەڕوانن. بێگومان تۆڕی نەژادپەرستی، ستریۆتایپی کولتووری، ئیمپریالیزمی سیاسی، ئیدیۆلۆژی مرۆ لە مرۆیی کردن، لە دەورەی عەرەب و موسلمان زۆر توندوتۆڵە و، هەموو فەلەستینییەک زۆر نیە ئەمەیان چەشتووە، هەڵبەت وەک سزادانێک کە چارەنووسی بە تایبەتی ئەمەی بۆ دیاریکردووە. هێشتا خراپتریشە کاتێ کە تێبینی دەکا کە هیچ یەکێک لەوانەی لە وڵاتە یەکگرتووەکان بە هۆی کاروباریان تێکەڵ بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن (واتە هیچ یەکێک لە رۆژهەڵاتناسەکان) هەرگیز هیچ کاتێک بە گەرمی و چالاکانە خۆیان نەداوەتە پاڵ عەرەبەکان، ئیتر لە رووی کولتووری بێ یان سیاسی، بێگومان هەندێ خۆدانەپاڵ لە هەندێ ئاستدا هەبووە، بەڵام هەرگیز ئەم خۆدانەپاڵانە فۆرمێکی (ماقووڵ)یان وەرنەگرتووە وەک ئەو پەیوەندییەی لە نێوان لیبراڵە ئەمریکییەکان لەگەڵ زایۆنیزم هەیە، گەلێجار، زۆر وەک زیادە کێشێکی سەرەکی هاوبەش، حسێبیان بۆ کراوە و تێکەڵ بە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری پڕ لە خەوش و بێ نرخ کراون (وەک عەرەبیزانەکانی کۆمپانیا پترۆلییەکان و وەزارەتی دەرەوە بۆ نموونە)، یان تێکەڵ بە ئایین کراون.



https://t.me/kurdistanbooks

بۆ من، گرێی زانین و دەستەڵات کە "رۆژهەڵاتی" دروست دەکات، بە مانایەک کە وەک بوونەوەرێکی مرۆیی لەناوی دەبا، کێشەیەکی بە تەواوی ئەکادیمی نیە، بەڵکو کێشەیەکی رۆشنگەرییە و بێگومان بایەخەکەی زۆر روونە. من توانیم دڵەراوکە و نیگەرانییە مرۆیی و سیاسییەکانی خۆم بەم کارە دەربڕم بۆ شیکردنەوە و وەسفکردنی بابەتێکی زۆر کۆنکرێت، ئەمەش سەرهەڵدان و گەشەسەندن و توندوتۆڵبوونی رۆژهەڵاتناسی بوو. زۆرجار گریمانی ئەوە دەکەین کە ئەدەب و کولتوور لە رووی سیاسی و هەتا لە رووی مێژووییشەوە بێگوناهن، هەردەم پێموابووە ئەمە هەڵەیە، ئەم تۆژینەوەیەش کە لەبارەی رۆژهەڵاتناسی کردوومە دڵنیای کردوومەتەوە (هیوادارم هاوکارانیشم لە ئەدیبان دڵنیابکاتەوە) کە کۆمەڵ و کولتووری ئەدەب تەنیا بە یەکەوە دەتوانرێ تێی بگەین و لێی بکۆڵینەوە. بێجگە لەمە، بە هۆی لۆژیکێک کە ناشێ بەسەریدا تێپەڕین، خۆم بینییەوە خەریکم مێژوویێک دەنووسم بە داوێکی نهێنی و پڕ لە راز بە دژەسامی (ئەنتیسێمیتیزم)ی رۆژئاوایی بەستراوەتەوە. کە دژەسامی و رۆژهەڵاتناسی زۆر بە یەکتری بچن وەک لە بەشە ئیسلامییەکەی پیشانم داوە، ئەمەیان هەقیقەتێکی مێژوویی، کولتووری و سیاسییە، هەر ئەوەندە هەموو شتێکە بۆ فەلەستینیەکی عەرەب ئاماژەی پێ بدەی بۆ ئەوەی لەو تەوس و پلارەی تێوەگلاوە بە تەواوی تێبگا. بەڵام هیوادارم لێرە بەشداریم لە باشترین تێگەیشتن کردبێ کە باڵادەستی کولتووری چۆن پەیڕەو دەبێ. ئەگەر ئەمە بشێ برەو بە پەیوەندییەکی نوێ بدا لەگەڵ رۆژهەڵات، لە راستیدا بشێ بە تەواوی "رۆژهەڵات" و "رۆژئاوا" بسڕێتەوە، ئەوسا دەتوانین بڵێین چەند هەنگاوێکمان هاویشتووە لەو پرۆسێسەی "رایمۆند ویلیەم" ناوی لێ دەنێ "سڕینەوەی ئەوەی فێربووینە" لە "ئەقڵییەتی باڵادەستی ئاسایی". (17)

https://t.me/kurdistanbooks

## فەسڵی یەکەم

# بواری رۆژهەڵاتناسی

بلیمەتی نیگەران و پڕ خواستی ئۆروپییەکان ئۆقرەیان
نیە ئامێری دیکەی نوێی توانایان بەکاربهێنن.

ژان باپتیست ژۆزێف فووریێ.
پێشەکی مێژوویی (1809) لە کتێبی "وەسفی میسر".



https://t.me/kurdistanbooks

https://t.me/kurdistanbooks

1

# ناسینی رۆژهەڵاتی

له 13ی پوشپەڕی 1910 "ئارتور جەیمس بەلفور" گوتارێکی له پەرلەمانی بەریتانی له بارەی "ئەو کێشانەی له میسر هەمانه و دەبێ چارەسەریان بکەین" پێشکەش کرد. "دەیگوت ئەو کێشانه به هیچ شێوەیەک له جۆری ئەو کێشانه نین که دووچاری دورگەی وایت یان ناوچەی رۆژئاوای یۆرکشایەر دەبنەوە." ئەو، وێڕای ئۆتۆریتێی پیاوێک قسەی دەکرد ماوەیەکی زۆر ئەندام پەرلەمان بووبێ، کۆنه سکرتێری تایبەتی لۆرد سالیسبێری، کۆنه سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری ئایەرلەندا، کۆنه سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری سکۆتلەندا، کۆنه سەرۆک وەزیران، چەندین گرفت و قەیرانی بینیوون، کۆمەڵێک دەستکەوت و گۆڕانی هەبووه له بواری سیاسەتی دەرەوە. له سەروبەندی بەشداری له کاروبارەکانی ئیمپڕاتۆر، ئەو شاژنەی بەلفور خزمەتی دەکرد له ساڵی 1876 وەک ئیمپراتۆری هیندستان راگەیەنرا، ئەو به تایبەتی جێگه و پێگەی باش و گونجاوی هەبووه، لەو پێگانەی ئەو هەیبوون کاریگەری گەورەی هەبوو له راگەیاندنی جەنگ دژی "زوولووەکان" و "ئەفغانەکان"، داگیرکردنی میسر لەلایەن ئینگلیز له ساڵی 1882، له مردنی ژەنەڕال گۆردۆن له سودان، رووداوی فاکۆدا، جەنگی ئوم دورمان، جەنگی بۆیرس، جەنگی رووس و ژاپۆن. بێجگه لەمەش باڵادەستی کۆمەڵایەتی دیاری ئەو، فراوانی زانینەکانی و زیرەکییەکەی، ئەو دەیتوانی لەسەر فەلسەفەی



https://t.me/kurdistanbooks

"بێرگسۆن" بنووسێ هەروا دەیتوانی لەسەر مۆسیقای "هاندل"یش بنووسێ، دەیتوانی لەسەر یەکتاپەرستی "تێیزم" بنووسێ وەک لەسەر یاری گۆلف، ئەو لە خوێندنگەی "ئیتۆن" و "ترینیتی کۆلێژی کامبریج" دەرچووو بوو، توانای هەڵسووڕاندنی کاروباری ئیمپراتۆر، هەموو ئەمانە، دەستەڵاتێکی مەزنیان دابووە گوتارەکەی لە پەرلەمان.

بەڵام هێشتا شتێکی دیکە هەبوو لە گوتارەکەی بەلفور، هەر هیچ نەبێ لە پێشکەشکردنی گوتارەکەی بە شێوەیەکی فێرکارانە و ئەخلاقێکی بەرزەوە، کە هەستی کردووە پێویستە ئەو سیفەتەی هەبێ. ڕاست بوو، هەندێ ئەندام پەرلەمان دژی بوونی پێویستی "ئینگلتەرا لە میسر" بوون، ئەمەش بابەتی کتێبێکی پڕ لە حەماسەت بوو لەلایەن ئەلفرێد میلنەر لە 1892 نووسرابوو، بەڵام لێرە، مەسەلەکە داگیرکردنی میسر بوو کە پێشتر سوودی هەبوو، ئێستە ببووە سەرچاوەی کێشە، لەوەتەی ناسیۆنالیزمی میسری سەری هەڵداوە: بوونی بەردەوامی ئینگلتەرا لە میسر ئەوەندە ئاسان نەبوو بەرگری لێ بکرێ. کەواتە هەوڵی بەلفور گەیاندنی زانیاری و لێکدانەوەیان بوو.

وێڕای بە بیرهێنانەوەی تەحەدای ئەندام پەرلەمانی ناوچەی تینسید، "ج. م. ڕۆبێرتسن"، بەلفور ئەو پرسیارەی وا وەرگرت وەک ئەوەی ئاراستەی ئەو کرابێ، پرسیارەکەش ئەوەبوو: "بە چ مافێک خۆتان وا پیشان دەدەن بالاترین بەرانبەر بە خەڵکانێک کە ئێوە هەڵیاندەبژێرن و بە ڕۆژهەڵاتی لە قەڵەمیان دەدەن؟" لێرە هەڵبژاردنی بۆ وشەی "ڕۆژهەڵاتی" هەمان ئەو هەڵبژاردنە بوو کە لەلایەن چۆسەر و ماندڤیل، شکسپیر، درایدن، پۆپ و بایرۆن بەکارهاتبوو. ڕۆژهەڵاتی بە مانای ئاسیا یان خۆرهەڵات Est دەهات لە ڕووی جیۆگرافی و ئەخلاقی و کولتوورییەوە. ئەگەر لە ئۆروپا باسیان لە کەسایەتییەکی ڕۆژهەڵاتی بکردبایە، یان لە ئەتمۆسفێرێکی ڕۆژهەڵاتی، لە هەقایەتێکی



https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵاتی، لە دسیپۆتیزمی ڕۆژهەڵاتی یان لە شێوازی بەرهەمهێنانی ڕۆژهەڵاتی، ڕاستەوخۆ تێدەگەیشتن. مارکس ئەم وشەیەی بەکارهێناوە و، ئێستەش بەلفور، هەڵبەت بژاردەی ئەو تێگەیشتنی ئاسان بوو، پێویستی بە هیچ لێکدانەوەیەک نەبوو.

(من هیچ هەڵوێستێکی باڵاتریی وەرناگرم. بەڵام داوایان لێ دەکەم، لە ڕۆبێرتسن و لە هەموو ئەوانەی کە زانینێکی ڕووکەشیشیان هەیە لەسەر مێژوو، ئەگەر بتوانن باش سەیری کێشەکان بکەن کە دووچاری پیاوێکی دەوڵەتیی ئینگلیزی دەبێتەوە کە پێگەی لە حاڵەتی باڵایی و باڵادەستی دایە بەسەر زۆرێک لەو نەژادانەی وەک ئەوانەی میسر و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتن. ئێمە باشتر شارستانی میسری لە هی هەر وڵاتێکی دی دەناسین، ئێمە بە شێوەیەکی زۆر قووڵ دەیناسین، ئێمە زۆرتری لەسەر دەزانین. ناسینی ئێمە ئاودیوی سنووری هەژاری مێژووی نەژادی ئێمە دەبێ کە هێشتا خۆی لەناو پێش مێژوو بزر دەکا، لە کاتێکدا شارستانی میسری دەمێک بوو سەردەمی زێڕینی خۆی تێپەڕاندبوو. بە وردی باس لە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵات بکەن، باسی باڵادەستی و بێ دەستەڵاتی مەکەن.)

دوو بابەتی گەورە لەم تێبینیانە و لەوانەی بە دواشیدا دێ دەخوێندرێنەوە: زانین و دەستەڵات، ئەم بابەتانەش تێمای "باکۆنین"ین. کاتێ کە بەلفور بەهانە بۆ پێویستی داگیرکردنی میسر لەلایەن ئینگلیز دەهێنێتەوە، باڵادەستی لە ئەقڵی ئەو دەبەسترێتەوە بە زانینی "ئێمە" لەسەر میسر نەک بە پلەی یەکەم بە هێزی سوپایی یان ئابووری. بۆ بەلفور، زانین (مەعریفە) واتە بوونی ڕوانینێکی گشتی لەسەر شارستانییەک، لە بنچینە و سەرەتاوە تا سەردەمی زێڕین و تا ئاوابوونی، هەڵبەت بە مانای بوونی هۆکار و ئامێری کردنیشی دێ. زانین واتە بەرزبوونەوە بۆ سەرەوەی هەڵکەوتی ئێستە، زانین واتە دەرچوون لە خۆ یان لە خود بۆ گەیشتن بە بێگانە و نەناسراو و بە



https://t.me/kurdistanbooks

دوور. بابەتی ئەم زانینەش بە شێوەیەکی سروشتی تووشی تاقیکردنەوە و پشکنین دەبێتەوە، "هەقیقەتێکە" کە، ئەگەر گەشە بکا، ئەگەر خۆی بگۆڕێ، یان لە حاڵەتێکەوە بچێتە ناو حاڵەتێکی دی هەروەکو چۆن شارستانییەکان زوو زوو دەیکەن، لەگەڵ ئەمەش، وەک بوون یان بوونناسی "ئۆنتۆلۆژی" جێگیرە. ئینجا ناسینی شتێکی لەم جۆرە، واتە باڵادەست بوون بە سەریدا، بوونی ئۆتۆریتێ بە سەریدا و، ئۆتۆریتێ لێرە بە مانای ئەوە دێ کە "ئێمە" رەتی دەکەینەوە ئۆتۆنۆمی بدەین بە "ئەو" (بە وڵاتی رۆژهەڵات)، چونکە ئێمە دەیناسین و دەزانین هەیە، بە مانایەک، بەو شێوەیەی ئێمە دەیناسین.

ئەو زانینەی ئینگلتەرا لەسەر میسری هەیە واتە میسر خۆی بۆ بەلفور و، قورسایی ئەم زانینەش وادەکا پرسیاری وەک باڵادەستی و بێدەستەڵاتی هەژار بێنە بەرچاو. بەلفور هەرگیز باڵادەستی ئینگلیز و بێدەستەڵاتی میسری ناخاتە ژێر گومانەوە، ئەمانە بۆ ئەو مەسەلەیەکن بڕاونەتەوە کە باس لە ئەنجامەکانی ئەم زانینە دەکا.

(پێش هەموو شتێک با سەرنج لە هەقیقەتی مەسەلەکە بدەین. نەتەوە رۆژئاواییەکان هەر کە لەناو مێژوو سەرهەڵدەدەن، توانای خۆبەڕێوەبردن self-government یان لێ دەردەکەوێ (...) چونکە خەسڵەتی تایبەتی ئەمەیان هەیە (...) دەتوانن هەموو مێژووی رۆژهەڵاتییەکان بگەڕێن، لەو ناوچانەی کە بە مانا فراوانەکەی بە خۆرهەڵات Est ناسراوە، پاشماوەیەکی ئەو خۆبەڕێوەبردنە نادۆزنەوە. تەواوی سەدە گەورەکانیان، کە بێگومان گەورە بوونە، بەرهەمی دەستەڵاتی دیسپۆتیزم بووە، لە ژێر فەرمانڕەوایی حکومەتێکی رەها Absolu بووە. داگیرکەران لە دوای داگیرکەران هاتوون، باڵادەستی رەها لە دوای باڵادەستی رەها هاتووە، بەڵام ئێوە هەرگیز نەتابینیوە لە هەموو شوڕشێکی چارەنووس و بەختدا، یەکێ



https://t.me/kurdistanbooks

لەو نەتەوانە بە پێی بزووتنەوەی زاتی خۆی و تایبەت بە خۆی کە ئێمە لە روانگەی رۆژئاواییەوە پێی دەڵێین "خۆبەڕێوەبردن" دابمەزرێنێ. ئەمە هەقیقەتێکە. مەسەلەکە هیچ پەیوەندی بە باڵادەستی و بێدەستەڵاتییەوە نیە. لەو باوەڕەدام کە حەکیمێکی رۆژهەڵاتی بڵێ ئەو کارەی ئەو حکومەتەی ئێمە خستوومانەتە سەر ئەرکی خۆمان لە میسر و لە لایەکانی دیکە، کارێک نیە لە فەیلەسوفێک بووەشێتەوە، بەڵکو کارێکی نزمە، کاری بێدەستەڵاتانە، بۆ کردنی ئەوەی پێویستە بکرێ.)

لەبەرئەوەی ئەم هەقیقەتانە هەقیقەتن، بەلفور دەبێ بچێتە سەر خاڵی دیکە لە بەهانە هێنانەوەکانی:

(ئایە ئەمە باشە بۆ ئەم نەتەوانە، کە بە نەتەوەی گەورەیان دادەنێم، ئەم جۆرە حکومەتە رەهایە لەلایەن ئێمەوە پەیڕەو بکرێ؟ پێموایە باشە. لەو باوەڕەدام ئەزموون پیشانی دەدا کە ئەوان بەم جۆرەن، هەر لە دوورەوە، باشترین حکومەتە لەچاو هەموو ئەو حکومەتانەی بە درێژایی مێژووی جیهان هەیانبووە و، ئەمەش هەر تەنیا قازانج نەبووە بۆ ئەوان، بەڵکو، بێگومان، قازانجیش بووە بۆ هەموو شارستانی رۆژئاوا. (...) ئێمە کە لە میسرین هەر تەنیا بە سادەیی لە پێناوی بەرژەوەندی میسرییەکان نیە، ئەگەرچی بوونی ئێمە لە بەرژەوەندی ئەوانە، ئێمە کە لەوێین لە بەرژەوەندی هەموو ئۆروپایە.)

بەلفور هیچ شایەدحاڵییەک پیشان نادا کە میسرییەکان و ئەو "نەژادانەی کە سەروکارمان لەگەڵیانە" ئەمەیان بە دڵە یان ئەو چاکەیەی کە داگیرکردنی کۆلۆنیالی بۆیان دەکا تێی دەگەن یان نا. هەرگیز ئەوە بە خەیاڵیدا نایەت لێگەڕێ میسرییەکان بۆ خۆیان قسە بکەن، چونکە وادێتە بەرچاو کە هەموو میسرییەک قسە بکا گومانی



https://t.me/kurdistanbooks

ئەوەی لێ بکرێ زیاتر بەو "گێرشێوینە دەناسرێ کە دەیەوێ کێشە دروست بکا" نەک وەک ئەو میسرییە بێوەیەی چاو دەنووقێنێ لە بەرانبەر "کێشەکانی" بالادەستی بێگانە. ئینجا بەم چەشنە، دوای ئەوەی کێشە ئەخلاقییەکانی ڕێکخست، بەلفور دواجار خۆی بۆ کێشە کردەکییەکان وەردەسووڕێنێ. "ئەگەر ئەمە کاری ئێمە بێ حوکمڕانیان بکەین، بەرانبەر بەمە سوپاسگوزار بن یان نا، ئەگەر بەڕاستی و بە دروستی بە بیریاندا بێتەوە یان نا کە ئەو هەموو خەسارەتەمان بۆ ئاسوودەیی ئەوان داوە (بەلفور باس لەو خەسارەتە ناکا وەک خەسارەتەکان، یان بەلای کەمی دوورخستنەوەی بێ پایانی سەربەخۆیی میسر) بێ ئەوەی بە گەرم و گوڕی بە خەیاڵیاندا بێ ئەو هەموو سوودەمان بۆ ئەوان هەبووە، ئەگەر ئەمە ئەرکی ئێمەیە، چۆن جێبەجێی بکەین؟ " ئینگلتەرا "باشترین ئەو شتانەی لە وڵاتەکەی خۆی هەیە بۆیان دەنێرێ". ئەم کارگێڕە لەخۆبردووانە کاری خۆیان دەکەن، هەڵبەت "لەنێو دەیان هەزاران کەسانی دی کە سەر بە ئایینێکی دین، سەر بە نەژادێکی دیکەن، سەر بە دیسیپلینێکی دیکەن، مەرج و هەلکەوتی ژیانیان جیاوازە". بێگومان کاری حکومەت بۆ ئەوان دەشێ، چونکە هەست دەکەن لە وڵاتی خۆیان پشت ئەستوورن بە حکومەتێک لەگەڵ ئەوەدایە کە دەیکەن. لەگەڵ ئەمەش:

(ڕاستەوخۆ کە دانیشتوانی ئەسلی ئەو هەستی غەریزەیان لا سەرهەڵدەدا لەگەڵ ئەوانەی سەروکار و پەیوەندییان هەیە و لە پشتیان، هێزێک، ئۆتۆریتێیەک، سۆزێک نیە، پشتگیری پڕ و تەواوی ئەو وڵاتە نیە کە ئەوانی ناردووە، ئەم دانیشتوانانە مانای هەستکردن بە نیزامیان لا نامینێ، ئەمەش بنچینەی ڕاستەقینەی شارستانی ئەوانە، تەواو وەک کارگێڕانی ئێمە کە مانای دەستەڵات و ئۆتۆریتێیان لا نامێنێ کە بنچینەی ڕاستەقینەی تەواوی ئەوەن کە دەتوانن بیکەن بۆ سوودی ئەوانەی لەناویانەوە هاتوون.)



https://t.me/kurdistanbooks

لێرە لۆژیکی بەلفور زۆر سەرنجراکێشە، بە تایبەتی لەبەرئەوەی تەواو دەگونجێ لەگەڵ پێشەکی گوتارەکەی. ئینگلتەرا میسر دەناسێ، میسر ئەوەیە کە ئینگلتەرا دەیناسێ، ئینگلتەرا دەزانێ کە میسر ناتوانێ حکومەتی خۆبەڕێوەبەری هەبێ، ئینگلتەرا بە داگیرکردنی میسر ئیقراری ئەمە دەکا، بۆ میسرییەکانیش، میسر ئەوەیە کە ئینگلتەرا داگیری کردووە ئێستەش وەک حکومەت فەرمانڕەوایە، کەواتە داگیرکردنی بێگانە دەبێتە "زەمینەی هەقیقی" شارستانی میسری هاوچەرخ. کەواتە ئەمە میسرە پێویستی پێیە و، لە راستیدا داوای داگیرکردنی ئینگلیز دەکات. بەڵام ئەگەر ئەو پەیوەندییە نزیک و تایبەتەی لە نێوان حکومەتداران و میسرییە حکومەتکراوەکان هەیە بە هۆی گومانی پەرلەمان کەڵێنی تێبکەوێ، ئەوسا "دەستەڵاتی ئەوەی کە نەژادی باڵایە و لەو باوەڕەشدام دەبێ وەک نەژادی باڵا بمێنێتەوە، تێکدەچێ." بۆ ئەمە هەر تەنیا هەیبەتی ئینگلیز زیانی بەرناکەوێ، "بێگومان بێهودەیە بۆ دەستەیەک لە کارگێڕانی بەریتانی، سەرەڕای لێهاتوویی زۆر و بوونی هەموو جۆرە خەسڵەتێک و بلیمەتییەکی خەیاڵی، مەحاڵە بتوانن لە میسر بە باشی ئەو ئەرکە گەورەیە بەڕێوەبەرن کە بەسەریاندا سەپێندراوە، نەک هەر لەلایەن ئێمەوە بەڵکو لەلایەن جیهانی شارستانەوە."(1)

ئەگەر ئەمە وەک راهێنانێکی رەوانبێژی وەرگرین، گوتارەکەی بەلفور سەرنجڕاکێشە، هەڵبەت بەهۆی ئەو شێوازەی کە رۆڵی چەند کەسایەتییەکی جیاواز دەگێڕێ و پێشکەشیان دەکا. بێگومان لێرەوە تێرمی"ئینگلیز" هەیە کە ئەو بەرانبەری راناوی "ئێمە" بەکاردەهێنێ وێڕای تێخستنی تەواوی قورسایی پیاوی هەڵبژاردە و دەستەڵات، کە پێیوایە نوێنەری ئەوە دەکا کە مێژووی وڵاتەکەی بە باشترین شێوە بەرهەمی هێناوە. بەلفور دەتوانێ بە ناوی جیهانی شارستانیشەوە قسە بکا، بەناوی رۆژئاوا، بەناوی ئەو دەستە نیمچە گەورەیەی


https://t.me/kurdistanbooks

کارگێڕانی کۆلۆنیالی بەریتانی لە میسریش قسە بکا. کە ڕاستەوخۆش قسە ناکا بۆ رۆژهەڵاتییەکان، لەبەرئەوەیە پاش هەموو شتێک ئەو بە زمانێکی دیکە قسە دەکا، لەگەڵ ئەمەش ئەو دەزانێ ئەوان هەست بە چی دەکەن چونکە ئەو مێژوویان دەزانێ، ئەوانیش باوەڕیان بە کەسانی وەک ئەو هەیە و دەزانن چی لێ چاوەڕێ دەکەن. لەگەڵ ئەمەش ئەو بۆ ئەوان قسە دەکا: چونکە ئەوەی دەیڵێن، ئەگەر رای ئەوانمان وەربگرتایە و بیانتوانیبایە رای خۆیان بڵێن، هەتا ئەگەر ئیقرارێکی رووکەشیشی بخستبایەتە سەر ئەوەی پێشتر ناسرابوو: ئەوان هەر نەژادێکی مەحکومن، ژێردەستەی نەژادێکی دیکەن کە دەیانناسێ و دەزانێ چی بۆ ئەوان باشە کە ئەوان نازانن بۆ خۆیان ئەمە بزانن. ئەوان سەردەمی مەزنیی و شکۆمەندییان کەوتۆتە رابردوو، لە راستیدا ئەوان تەنیا ئەو سوودەیان لەناو جیهانی ئەمڕۆ هەیە کە ئیمپراتۆرە زلهێز و مۆدێرنەکان، ئەوانیان لەناو کوێرەوەری و داتەپیوی ژیانی خۆیان دەرهێناون بۆ ئەوەی سەرلەنوێ وەک دانیشتوانێکی خراوەسەرپێ لە کۆلۆنییە بەرهەمهێنەکان دایان بنێنەوە.

میسر بە تایبەتی، باشترین ئەرگیومەنتە، بەلفوریش ئەوەی زۆر باش لەبەرچاو بوو وەک ئەندامی پەرلەمان، مافی ئەوەی هەبوو ئەمڕۆ بە ناوی ئینگلتەرا، رۆژئاوا و شارستانی رۆژئاوا باسی میسر بکا. راستە، میسر کۆلۆنییەک نەبوو وەک ئەوانی دی: میسر بەهانە و بەڕاستکەڕاندنی ئیمپریالیزمی رۆژئاوایی بوو، میسر تا بوونی بە بەشێک لە ئینگلتەرا، نموونەیەکی تا رادەیەک کلاسیک بوو بۆ دواکەوتنی رۆژهەڵاتی، پاشان دەبێتە نموونەی سەرکەوتن بۆ زانین و دەستەڵاتی بەریتانی. لە نێوان ساڵی 1882 کە ئینگلتەرا میسری داگیرکرد و کۆتایی بە راپەڕینی ناسیۆنالیستی "سەرهەنگ عەرابی" هێنا، ساڵی 1907 نوێنەری ئینگلتەرا لە میسر، واتە حوکمداری میسر "ئێڤلین بارینگ" بوو (کە بە ئۆڤەر بارینگ"یش بانگیان دەکرد، کەسێکی


https://t.me/kurdistanbooks

لووتبەرز بوو.) بە "لۆرد کرۆمەر" ناسراوبوو. لە 30 خەرمانانی 1907، بەلفور لە پەرلەمان پێشنیاری ئەوە دەکا لە کاتی خانەنشینی پەنجا هەزار پاوەنی پێ ببەخشن، وەک پاداشتێک بەرانبەر بەو خزمەتانەی لە میسر پێشکەشی کردوون. بەلفور دەڵێ کرۆمەر بەم جۆرە میسری دروست کرد:

(دەستی لە هەر شتێک دابێ تێیدا سەرکەوتوو بووە (...) ئەو خزمەتانەی لە میسر لە ماوەی بیست و پێنج ساڵی دوایی کردوونی میسریان لەناو رووخانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەرهێنا تا ئەو پێگەیەی کە بە رەهایی بە رای من بووە شتێکی بێ هاوتا لەنێو میللەتانی رۆژهەڵات، هەڵبەت بە هۆی بووژانەوەی دارایی و ئەخلاقی.)(2)

بێگومان بەلفور کەودەن نیە لەخۆوە بڵێ بووژانەوەی ئەخلاقی میسری چۆن پێوانە دەکرێ. ناردنەکانی بەریتانی بۆ میسر یەکسان بوو بە هەموو ئەو ناردنانەی بۆ تەواوی ئەفریقیا دەچوو: ئەمەش نیشانەیەک بوو بۆ بووژانەوەی دارایی بۆ میسر و بۆ ئینگلتەرا بە یەکەوە. (ئەگەرچی هاوتای یەکتر نەبوونە.) بەڵام ئەوەی بە ڕاستی بە هەند وەردەگیرێ، سەرپەرشتی شەرعیانەی بەردەوام و پڕ و ئەزموونکراوی رۆژئاوایە لەسەر وڵاتێکی رۆژهەڵاتی، توێژەرانی زانستی، میسیۆنێرەکان، پیاوانی کاروبار، سوپایی و چەندان پرۆفیسۆر، تا دەگاتە کاربەردەستانی بەرزی وەک کرۆمەر و بەلفور کە پڕۆژەی داگیرکردنیان ئامادە دەکرد و دەیانخستە بواری کردەکییەوە، کە لە نیگای ئەوانەوە، ئەوەی دایاندەهێنا و سەرپەرشتیان دەکرد و هەندێ جار بە تۆبزی هێزی هەڵکشانییان دەدایە میسر هەر لە بێنەوایی رۆژهەڵاتیانەی تا دەگاتە ئەو ئاستە بەرزە بێوینەیەی ئێستە هەیەتی.


https://t.me/kurdistanbooks

هەروەکو بەلفور دەڵێ، سەرکەوتنی بەریتانیا لە میسر بێوێنەیە، بەڵام ئەم سەرکەوتنە بە هیچ شێوەیەک نائەقڵانی و بێ هۆ نەبووە. کاروباری میسر بە پێی تیۆرییەکی گشتی بەڕێوەبراوە کە لە لایەن بەلفور خۆی باسی لێوەکراوە، ئەمەش لە تێبینیە گشتییەکانی لەمەڕ شارستانی رۆژهەڵات و لەلایەن کرۆمەر لەمەڕ ئیدارەی کاروباری رۆژانەی میسردا هاتووە. خاڵی هەرە گرینگ لە 1900 تا 1910 ئەوە بوو ئەم تیۆرییە بە شێوەیەکی باوەڕنەکراو سوودی لێ وەرگیرابوو. هۆکاری سەرەکیش ئەوەبوو، تیۆرییەکە خرابووە سەر باری فۆرمێکی هەرە سادە، روون و وردەکار و ئاسان بۆ پەیڕەوکردن. مەسەلەکە هەموو ئەوە بوو لەلایەک رۆژئاوایی هەن لەلاکەی دی رۆژهەڵاتی. هەندێکیان دەبێ باڵادەست بن، ئەوانی دی دەبێ ژێردەستەبن، واتە وڵاتیان دەبێ داگیربکرێ، کاروباری ناوەوەیان دەبێ بە هێزەوە بگیرێتە دەست، خوێن و کاروباری داراییان دەبێ بخرێتە بن دەستی ئەم یان ئەویتر لە زلهێزە رۆژئاواییەکان. جا مەسەلەی ئەوەی کە بەلفور و کرۆمەر توانیویانە ئەم کارە بکەن، هەروەکو پاش کەمێکی دیکە دەیبینین، مرۆڤایەتی ئەوەندە بە توندی بڕووتێننەوە و بیهێننەوە سەر باری ماهییەتی کولتووری و نەژادییەکەی، لەلایەن خۆیانەوە نیشانەیەکی شەرانگێزی تایبەتی نەبووە ئەوان کردبیان، بەڵکو ئەمە زیاتر ئەوە پیشان دەدا تا چ رادەیەک ئەم بزووتنەوە گشتییە بە ئاراستەی تەوژم بووە، لەو کاتەوەی دەیخەنە بواری کردەکیشەوە چەندە کاریگەر بووە.

تێزەکانی بەلفور لەبارەی رۆژهەڵاتییەکان لافی جیهانی و مەوزوعییەت رەپێش دەخەن. هەرچی هی کرۆمەرە، ئەو بە تایبەتی باسی رۆژهەڵاتییەکان دەکا وەک ئەوانەی لەبەر دەستی بوون و دەبوایە حکومەتیان بکا یان سەرپەرشتیان بکا، سەرەتا لە هیندستان، پاشان بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵی رابردووی خۆی لە میسر، کە



https://t.me/kurdistanbooks

ئەویان کردە کۆنسولگەری گشتی ئیمپراتۆری بەریتانی. "ڕۆژهەڵاتییەکان"ی بەلفور "نەژادێکی ژێردەستە"ی کرۆمەر بوون، ئەمەش بابەتی وتارێکی درێژی ئەو بوو لە " Edinburg Review"ی ڕێبەندانی ساڵی 1908 دا بڵاوبووەوە. لێرەش مەسەلەی سەرەکی ناسینی نەژادە ژێردەستەکان یان ڕۆژهەڵاتییەکانە کە وادەکەن ئیدارەیان ئاسان بێ و پڕ لە قازانج بێ: زانین دەستەڵاتت پێ دەبەخشێ، دەستەڵاتێکی گەورە پێویستی بە زانینێکی زۆرترە،...هتد، هەڵبەت بە پێی دیالێکتیکێکی "زانیاری و کۆنترۆڵ"ی قازانج زۆرتر و زۆرتر هێنەر. ئایدیای کرۆمەر لەسەر ئەو بنچینەیە بوو کە ئیمپراتۆری بەریتانی لەناوناچێ ئەگەر کۆت و پێوەند لەسەر میلیتاریزم و ئێگۆیزمی بازرگانی پایتەخت و "دامەزراوەی ئازاد"ی کۆلۆنی دابنرێ (وەک نەیارانی حکومەتی بەریتانین بە پێی ئەخلاقی کریستیانی.) چونکە ئەگەر، وەک کرۆمەر دەڵێ لۆژیک شتێکە "ڕۆژهەڵاتی تەواو ئامادەیە بوونی لەبەرچاو نەگرێ" بە کەڵکی ئەوە نایێ حکومەتی بکەی و پێوەرە زانستییە هەرەباڵاکانی لەسەر فەرز بکەی یان بەهێز و بە زۆر وای لێ بکەی لۆژیک وەرگرێ، باشترین مێتۆد ئەوەیە لە سنوورەکانی تێبگەی و "زۆری لە خۆت بکەی لەناو ڕەزامەندی نەژادی ژێردەستە هۆیەکی پەیوەندی زۆر بەهێز لە نێوان ئەوانەی حکومەت دەکەن و ئەوانەی حکومەت دەکرێن بدۆزیتەوە".

لە هەموو شوێنێک لە پشت ئاشتکردنەوە و هێمن کردنەوەی نەژادی ژێردەستە توانا و هێزی ئیمپریالی خۆی شاردوتەوە، کە چالاکی و کاریگەرییەکەی زۆرتر لە توانای ورد و ناسکی تێگەیشتن و کەمی بەکارهێنانی دێ وەک لە سەربازەکانی، باج وەرگرە وشکڕنەکانی، هێزە کۆنترۆلکراوەکەی. بە وشەیەک، ئیمپراتۆر دەبێ ژیر و ئاقڵ بێ: دەبێ خواستەکانی خۆی بە کەمترین ئێگۆییزم بگونجێنێ، حەوسەڵەی خۆی بە دیسیپلینی ڕەوان کۆنترۆڵ بکا.



https://t.me/kurdistanbooks

(دەشێ ئەمە روونتر بێ، ئەمەتە ئەم مانایە دەگەیەنێ کە دەڵێن ڕۆحی بازرگانی دەبێ بخرێتە ژێر هەندێ کۆنترۆڵ: وێڕای تاووتوێ لەگەڵ هیندییەکان یان میسرییەکان یان لەگەڵ شیلوکەکان لە سودان یان لەگەڵ زوولووەکان، یەکەمین پرسیار بیری لێ بکرێتەوە ئەوەیە ئەمانە کێن ئەم میللەتانە، ئەمانە هەموویان کێن، لە روانگەی نەتەوەییەوە "کە هێشتا هەرزەکارن"، دەبێ پێیانوابێ ئەمانە باشترین بن بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان، ئەگەرچی ئەم خاڵە هێشتا پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی قووڵتر هەیە. بەڵام شتێکی سەرەکییە، بۆ هەر حاڵەتێکی تایبەتی، بڕیار بێتە وەرگرتن بە گەڕانەوە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوەی لە ژێر رۆشنایی ناسین و ئەزموونی ڕۆژئاوایی گونجێنراو بە هۆی هەندێ تایبەتمەندی لۆکالی، بەوپەڕی وشیارییەوە پێمانوایە باشترە بۆ نەژادێکی ژێردەستە، بێ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ هەر سوود و بەخششێکی هەقیقی یان گریمانکراو کە دەشێ بۆ ئینگلتەرا وەک نەتەوەیەک بگەڕێتەوە یان ئەوەی کە زۆرجار ڕێی تێدەچێ بە سوود بگەڕێتەوە بۆ هەندێ بەرژەوەندی تایبەتی نوێنەرایەتیکراو بە یەکێک یان چەندین چینی کاریگەری ئینگلیزی. ئەگەر نەتەوەی بەریتانی وەک گشتێک وەرگرین و لە ڕۆحی خۆی ئەم پرەنسیپە هەڵگرێ و پێداگری لەوە بکا پەیڕەو بکرێ، ئەگەر ئێمە نەتوانین ئەم نیشتمانپەروەریەش دابهێنین نزیک بێ لەوەی لەسەر بنچینەی وردەکاری و تایبەتمەندیی نەژادی بێ یان لەسەر بنچینەی زمانی هاوبەش بێ، لەوانەیە بتوانین برەو بە تەبەعییەتێکی جیهانی بدەین، زەمینەکەی بریتیی بێ لە ڕێزگرتن، کە هەمیشە پێشکەش بەو بەهرە باڵا و بەو رەفتارە کراوە، کە کاریگەری لەسەر ئەوانی ترە وەک لە خۆی، بەرانبەر بەوەی پێشکەشمان کردووە و پێشکەشی دەکەین سوپازگوزاریمان پێدەگا. دەتوانین هیوای ئەوەمان هەبێ کە لە هەموو حاڵەتێکدا میسرییەک دڵەڕاوکە و دودڵی دایدەگرێ پێش ئەوەی چارەنووسی خۆی بداتە دەست هەر



https://t.me/kurdistanbooks

کەسێکی وەک ئەحمەد عەرابیەکی دی لە ئایندە.(...) کێویەکانی ئەفریقیای ناوەند خۆیان دواجار فێر دەبن سروود لە شەرافەتی خوداوەندی دادپەروەری "ئاسترایێیا ریدوکس"بچڕن، بەو شێوەیەی کاربەدەستی ئینگلیزی نوێنەرایەتی دەکا رەتی دەکاتەوە شەرابی "جین"ی بداتێ، بەڵام دادپەروەری پێشکەش دەکا. بێجگە لەمە، ئەوسا بازرگانی دەیباتەوە.)(3)

بە کام پێوەر سەرکردە دەبێ "ئیعتیباری قووڵ" بۆ پێشنیارەکانی نەژادی ژێردەستە دابنێ؟ نەیاریی کرۆمەر بۆ ناسیۆنالیزمی میسری ئەمە روون دەکاتەوە، دامەزراوەی لۆکالی ئازاد، نەبوونی داگیرکردنی بێگانە، سەروەری نیشتمانی بشێ بەرگری لە خۆی بکا، ئەم داواکارییانە کە شتێکی ئەوتۆی سەیریان تێدا نەبوو بەردەوام لەلایەن کرۆمەر رەت دەکرانەوە، کرۆمەر بێ هیچ تەمومژییەک بەرگری لەوە دەکرد کە "ئایندەی هەقیقی میسر (...) بە ئاراستەی ناسیۆنالیزمێکی رێک و راست نیە تەنیا ئەوانە بگرێتەوە کە بە رەچەڵەک خەڵکی میسرن (...) بەڵکو ئایندەی میسر لە کۆسمۆپۆلیتیزمێکی فراوانتردایە."(4) نەژادە ژێردەستەکان خاوەن مەعریفەیەکی خۆڕسک نین بزانن چی باشە بۆیان. بەلای زۆری زۆربەیان رۆژهەڵاتین و کرۆمەر زۆر باش خەسڵەتیان دەناسێ، چونکە ئەو ئەزموونی هەبووە لە هیندستان و لە میسر. بۆ ئەو، ئەوەی کە ئاسوودەی دەکا لەگەڵ رۆژهەڵاتییەکان ئەوەیە، ئەگەرچی لەناو هەڵکەوتی کەمێک جیاواز لێرە و لەوێ، حکومەت کردنیان تا رادەیەک لە هەموو شوێنێک هەمان شتە.(5) ئەمەش ئەو مانایە دەدا کە رۆژهەڵاتییەکانیش تا رادەیەک لە هەموو شوێنێک هەمان شتن.

دواجار، دوای ئەم هەموو گەشەپێدانە درێژە، لەوە نزیک دەبینەوە بگەینە دڵی زانینی جەوهەری، لە یەک کاتدا ئەکادیمی و پراکتیکی کە کرۆمەر و بەلفور دوای سەدەیەک لە رۆژهەڵاتناسی رۆژئاوایی


https://t.me/kurdistanbooks

مۆدێرن بۆیان بە میرات ماوەتەوە، کە بریتییە لە زانین لە بارەی ڕۆژهەڵاتییەکان، نەژادیان، خەسڵەتیان، کولتووریان، مێژوویان، نەریت و توانایان. ئەم زانینە هەقیقییە و، کرۆمەریش لەو بڕوایەدایە لە حکومەتکردنی لە میسر بەکاریهێناوە. هێشتا زیاتریش، ئەم زانینە خراوتەوە ژێر تاقیکردنەوە و بواری گۆڕانی تێدا نەبووە، چونکە "ڕۆژهەڵاتییەکان" لە ڕووی پێداویستی کردەکییەوە بریتین لە جەوهەرێکی ئەفلاتونی کە هەموو ڕۆژهەڵاتناسێک (یان هەموو سەرکردەیەکیش) دەتوانێ پشکنینی بۆ بکا و تێی بگا و بیخاتەڕوو. بەم جۆرە، لە بەشی 34 لە کتێبە دوو بەرگییەکەی بە ناوی "میسری نوێ" کە گێڕانەوەیەکی شکۆمەندانە وسەرەکییە لە بارەی ئەزموون و سەرکەوتنی خۆی لە میسر، کرۆمەر باس لە جۆرێک لە ڕێسای کەسیی تایبەت بە خۆی دەکا لە بارەی حیکمەتی ڕۆژهەڵاتی:

(ڕۆژێک "سێر ئەلفرێد لایال" پێی گوتم:"ئەقڵی ڕۆژهەڵاتی حەز لە دیققەت و وردەکاری ناکا. ئەنگلۆسەکسۆنێک هەرگیز نابێ ئەم حیکمەتە لە یاد بکا." ئەم نەبوونی دیققەت و وردەکارییە دەشێوێ، بە ئاسانی دەبێتە پێچەوانەی هەقیقەت و ڕاستی، ئەمە لە بنچینەدا خەسڵەتی جەوهەری ئەقڵی ڕۆژهەڵاتییە. ئۆروپی بە وردی کاری ئەقڵی دەکا، هەقیقەتەکان بە ڕوونی، بێ هیچ تەمومژییەک دەخاتەڕوو، ئەو بە سروشت کەسێکی لۆژیکییە، ئەگەرچی لۆژیکیشی نەخوێندووە. ئەو بە سروشت کەسێکە گومان دەکا و پێش ئەوەی دروستیی پێشنیارێک وەرگرێ داوای بەڵگەو دەستاوێژ دەکا. زیرەکییە ڕاهێنراوەکەی وەک جوولەی ئامێری مێکانیک بە وردی کار دەکا. هەرچی ئەقڵی کەسیی ڕۆژهەڵاتییە، ئەگەرچی دیمەنی شەقامەکانییان ناوێزە و جوانە بەڵام لەولاوە تا ئاستێکی زۆر باڵا پوختی و ڕێکی نوقسانە. شێوازە ئەقڵییەکەی پڕ لە پشتگوێ خستنە. ئەگەرچی عەرەبە کۆنەکان لە زانستی دیالێکتیک گەیشتبوونە ئاستێکی بەرز، بەڵام



https://t.me/kurdistanbooks

نەوەکانیان بە شێوەیەکی بێوێنە بیرکردنەوەی لۆژیکییان نوقسانە. ئەوان بە نەریت ناتوانن دەرەنجامێکی ئاسایی لە هیچ پێشەکییەکی لۆژیکی سادە سەرەڕای دانپیانان بە راستییەکەی دەربێنن. هەوڵبدەی مانایەکی سادە و ساکار لە هەر میسرییەک بە دەست بهێنی، دەبینی لێکدانەوەکانی درێژە و هیچ روونییەکی تێدانیە. لەوانەیە چەندین جار دژی خۆی بووەستێتەوە پێش ئەوەی بگاتە کۆتایی مەسەلەکە. زۆرجاریش لەگەڵ بچووکترین لێپێچینەوە دەبوورێتەوە.)

کرۆمەر پاشان وەسفی عەرەب و رۆژهەڵاتییەکان دەکا وەک کەسانی ساویلکە، "دوور لە هەموو وزە و دەسپێشخەرییەک"، زۆر مەیلیان بە لای "ستایش و مەرایی" و پیلان و فێڵ و شەرانگێزییە بەرانبەر بە گیانەوەران، رۆژهەڵاتییەکان ناتوانن لەسەر شەقام و شۆستە بڕۆن (ئەقڵی شێواویان ناتوانێ لەوە بگا کە زیرەکیی ئۆروپییەک خێرا تێی دەگا: شەقام و شۆستە بۆ ئەوە کراون مرۆ لەسەری بڕوا)، رۆژهەڵاتییەکان بە رەگەز درۆزنن، هەموویان "گێلێکی خەمۆکی و پڕ لە گومانن" و پێچەوانەی هەموو جۆرە روونی و راستگۆیی و بەگزادەییەکن کە نەژادی ئەنگلۆسەکسۆن پێی ناسراوە. (6)

کرۆمەر هیچ رەنجێک ناداتە خۆی ئەوە بشارێتەوە کە بۆ ئەو، رۆژهەڵاتییەکان هەرگیز جگە لە ماتریالی مرۆیی زیاتر نەبوونە کە لەسەر ئەوان لە کۆلۆنییە ئینگلیزییەکان حکومەتی کردووە. "هەروەکو چۆن من لە دیپلۆمات و کاربەدەستێک زیاتر نەبوومە، بواری تۆژینەوەم مرۆ بووە، بەڵام کە مەسەلەکە ئەوە بێ حکومەتییان بکەی، کرۆمەر دەڵێ: (...) بەوەندە دەوەستم ئەو هەقیقەتە تۆمار بکەم، بە هەر چەشنێک بێ، رۆژهەڵاتی بە شێوەیەکی گشتی تەواو پێچەوانەی ئۆروپییەک قسە دەکا و بیردەکاتەوە."(7) وەسفەکانی کرۆمەر بێگومان بەشێکی لەسەر بنچینەی تێبینی راستەوخۆ دامەزراون،



https://t.me/kurdistanbooks

ئەگەرچی لێرە و لەوێ وەک سەرچاوە دەگەڕێتەوە بۆ ئۆتۆریتێی ئۆرتۆدۆکسی (سونەتی) ڕۆژهەڵاتناسی (بە تایبەتی بۆ ئەرنست ڕێنان و کۆنستانتا دو ڤۆلنێ) بۆ پشتگیری کردنی ڕوانینەکانی. بە چەشنێکی دیکەش پشت بەو ئۆتۆریتێیە دەبەستێ کاتێ کە دەیەوێ ئەوە ڕوون بکاتەوە بۆچی ڕۆژهەڵاتییەکان بەو شێوەیەن. کرۆمەر بۆ ساتێکیش چییە هیچ گومانێکی نیە کە هەموو زانینێک لەسەر ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ ڕوانینەکانی بۆچی ڕۆژهەڵاتی بەم چەشنەن تێکدەکاتەوە، هەڵبەت بە پێی وەسفی بۆ میسرییەکان کە دەڵێ کە لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێ دەبووریێنەوە، کە ڕۆژهەڵاتی تاوانبارە، تاوانەکەی ئەوەیە: ڕۆژهەڵاتی ڕۆژهەڵاتییە، ئەم درێژدادڕیەش هەروەکو باوە قبوڵ دەکرێ، هەروەکو چۆن دەشێ ئەم درێژدادڕیە بنووسرێ بێ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ لۆژیک یان ڕێکی و پوختی ئەقڵی ئۆروپییەکان. بەم جۆرە هەموو دەرچوونێک هەر لەوەوە کە وەک پێوەرێک ناسراوە بۆ خەسڵەتی مرۆی ڕۆژهەڵاتی وەک دژە سروشت دێتەبەرچاو: دوا ڕاپۆرتی ساڵانەی کرۆمەر کە لە میسرەوە نێردراوە وەک سەرەنجامێک، دەڵێ ناسیۆنالیزمی میسری "ئایدیایەکی تەواو نوێیە" و ڕووەکێکی بێگانە و ناوێزەیە وەک لەوەی خۆماڵی بێ".(8)

لەو باوەڕەدام ئێمە بە هەڵەدا دەچین ئەگەر بە کەم سەیری یەدەگی مەعریفی بەدەستهاتوو، کۆدەکانی ئۆرتۆدۆکسی ڕۆژهەڵاتناسی بکەین کە هەموودەم سەرچاوەن بۆ بەلفور و کرۆمەر و بۆ نووسینەکان، بۆ هەڵوێستی سیاسییان. ئەگەر بە سادەیی بڵێین ڕۆژهەڵاتناسی بریتییە لە بەئەقڵانیکردنی ڕێساکانی کۆلۆنی، ئەمە واتە بێئاگایی لەوەی تا ئاستێک کۆلۆنیالیزم هەر لە سەرەتاوە بۆتە بەهانە بۆ ڕۆژهەڵاتناسی نەک دوای بوونی.

مرۆیەکان هەردەم جیهانیان دابەشی چەند هەرێمێکی جیاواز کردووە، ئیتر ئەو هەرێمانە هەقیقی بووبن یان خەیاڵی. چەندان ساڵی



https://t.me/kurdistanbooks

ویستووه بگره چەندان سەدەی ویستووه تا گەیشتوونەتە دیاریکردنی رەهای رۆژهەڵات و رۆژئاوا کە بەلفور و کرۆمەر بەم ئاستە رەزامەندییەوە قبوڵی بکەن. بێگومان کۆمەڵێک سەفەری دۆزینەوە، کۆمەڵێک پەیوەندی بازرگانی و جەنگی تێدابووە. بەڵام بێجگە لەمەش، هەر لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەمەوە، پەیوەندییەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دوو پێکهاتەی سەرەکی تێدابووە. یەکێکیان ئەوەبووە کە ئۆروپا زانینێکی سیستەماتیکی و هەڵکشاوی لەسەر رۆژهەڵات هەبووە، ئەم زانینە بە هەقیقەتی کۆلۆنیالی و بە بەرژەوەندیەکی گشتی بۆ بێگانەکان و بە زانستە نائاساییەکان بەهێزکرابوو وەک: ئیتنۆلۆژی، ئەناتۆمی بەراوردکاری، فیلۆلۆژی و مێژوو، بێجگە لەمەش، ئەم زانینە سیستەماتیکییە بارستەیەکی زۆر لە کاری ئەدەبی بەرهەمهێنراو لەلایەن رۆماننووسان و شاعیران و وەرگێرەکان و گەڕیدە بەهرەمەندەکانیشی دێتە سەر.

پێکهاتە دیارەکەی دیکەی ئەو پەیوەندییانە ئەوەیە ئۆروپا هەردەم لە پێگەی بەهێزدا بووە، ئەگەر لە پێگەی باڵادەستیدا نەبووبێ. ناتوانین نیشانەیەک بۆ دەربڕین لەم کردەیە بدۆزینەوە، تەنیا دەتوانین بڵێین راستە دەکرا بشاردرێتەوە یان نەهێڵرێ، هەروەکو چۆن بینیمان بەلفور دان بە "شکۆمەندی و مەزنیی" شارستانی رۆژهەڵاتدا دەنێ، بەڵام پەیوەندی جەوهەری لە بواری سیاسی، کولتووری، لە رووی ئاینییش، بەو شێوەیەیە لە رۆژئاوا وەریان دەگرت (کە ئەمە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە) وەک پەیوەندییەک لە نێوان دوو شەریکی بەهێز و لاواز.

زاراوەی زۆر بەکارهات بۆ دەربڕین لەم پەیوەندییە: بەلفور و کرۆمەر بە شێوەیەکی بەرچاو زۆریان بەکاردەهێنا، وەک: رۆژهەڵاتی کەسێکی نائەقڵانییە، بێ ئەخلاقە، مناڵکارە، "جیاوازە"، بە هەمان شێوە ئۆروپییەک: کەسێکی ئەقڵانییە، خاوەن فەزیلەتە، پێگەیشتووە،



https://t.me/kurdistanbooks

"ئاسایی"ە. بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر برەو بەم پەیوەندییە بدەن، هەردەم گرینگییان بەوە دەدا کە رۆژهەڵاتی واببینن لەناو جیهانێک تایبەت بە خۆی دەژیێ، جیاواز بەڵام تەواو رێکخراو، جیهانێک خاوەن سنووری نیشتمانی، خاوەن کولتوور و ئێپیستیمۆلۆژی سەر بە پرەنسیپی توندوتۆڵی ناوەکی خۆی. لەگەڵ ئەمەش، ئەوەی کە روونی و ناسنامەی خۆی دەدایە جیهانی رۆژهەڵات، لە ئەنجامی توانا و رەنجی خۆی نەبووە، بەڵکو زیاتر ئەمەیان دەگەڕایەوە بۆ زنجیرەیەکی ئاڵۆز لە بەکارهێنانی زیرەک کە ئەو توانایەی دەدایە رۆژئاوا رۆژهەڵات دیاری بکا و بیناسێنێ. بەم جۆرەیە کە هەردوو سیفەت و پێکهاتەکەی ئەم پەیوەندییە کولتوورییە کە پێشتر باسم کردن دەگەنەوە یەکتری. لەبەرئەوەی زانین لەسەر رۆژهەڵات لە هێزەوە هاتووە، ئەو مانایە دەدا کە رۆژهەڵات داهێنانی رۆژئاوایە، رۆژهەڵاتی و جیهانی رۆژهەڵاتی. لە زمانی کرۆمەر و بەلفور، رۆژهەڵاتی وا نیگار کراوە وەک شتێک کە حوکمی لەسەر بدرێ (وەک چۆن لە دادگاکان روودەدا)، شتێک کە دەتوانین تۆژینەوەی لەسەر بکەین و وەسفی بکەین (وەک چۆن لە سەربردەی پیشەییدا هەیە CV) شتێک کە چاودێری بکرێ (وەک لە قوتابخانە و لە زیندان) شتێک وەک وێنە و جوانکاری تێدابێ (وەک لەو کتێبانەی لەبارەی گیانەوەرانن.) لە هەر یەکێک لەم حاڵەتانەدا، رۆژهەڵاتی بریتییە لە ناواخن و نوێنەرایەتیکراو لەلایەن ستروکتوری باڵادەست. ئەم ستروکتورانە لە کوێوە دێن ؟

هێزی کولتووری شتێک نیە بشێ بە ئاسانی قسەی لەبارەوە بکرێ. یەکێ لە بابەتەکانی ئەم کتێبە روونکردنەوە، شیکردنەوە و لێکدانەوەی رۆژهەڵاتناسییە وەک راهێنانێکی هێزی کولتووری و پرسیارکردن لەم بارەیەوە. بە چەشنێکی دی، باشترە خۆ لە قەرەی ئەوە نەدەین بە ئایدیای گشتی کۆنسێپتێکی ئەوەندە پڕ راز و ئەوەندە



https://t.me/kurdistanbooks

گرینگ لێکبدەینەوە پێش ئەوەی ماتریالێکی زۆرمان شی نەکردبێتەوە. بەڵام وەک سەرەتایەک دەتوانین ئەوە بڵێین: لە سەدەی نۆزدەم و سەدەی بیستەم، لە رۆژئاوا، لەو گریمانەوە لەبارەی رۆژهەڵاتەوە رۆیشتووین وێڕای هەموو ئەوەی تیایەتی، ئەگەر زۆر بە سادەیی رۆژهەڵات لە خوارەوەی رۆژئاوا نەبووبێ و بەرانبەری کەم دەستەڵات نەبووبێ، بەلای کەمی پێویستی بەوە دەبوو تۆژینەوەی لەبارەوە بکرێ و لەلایەن ئەوەوە راست بکرێتەوە. کەواتە رۆژهەڵاتناسی زانستێکە لەسەر رۆژهەڵات کە شتەکانی رۆژهەڵات دەخاتە ناو پۆل، دادگا، زیندان، کتێبی خوێندن یان کتێبی رابەر، بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لێیان، دادگایی کردنیان، چاودێری کردنیان یان حکومەت کردنیان.

لە ماوەی بیست ساڵی سەرەتای سەدەی بیستەم، پیاوانی وەک کرۆمەر و بەلفور توانیان ئەوە بڵێن کە وتیان، ئەوان توانییان بڵێن چونکە نەریتێکی رۆژهەڵاتناسی هەبوو کە دەگەڕایەوە پێش سەدەی نۆزدەم و وەک سەرچاوەیەکیش، وشە و ئیماژ (وێنا)، گوتار و رەوانبێژییەکی پێشکەش دەکردن بۆ گوتن. لەگەڵ ئەمەش رۆژهەڵاتناسی بەهێز دەبوو و خۆی بەو دڵنیاییەوە بەهێز دەکرد کە ئۆروپا یان رۆژئاوا بەسەر بەشێکی گەورەی گۆی زەوی زاڵ و باڵادەستە. ئەو ماوەیەی دامەزراوە، ناواخنی رۆژهەڵاتناسی زۆر گەشەی کرد، لە هەمان ئەم ماوەیەدا ئۆروپا دەگاتە بەرزترین ئاستی گەشە و بڵاوبوونەوەی خۆی: لە 1815 تا 1914، ئیمپراتۆری کۆلۆنیالی راستەوخۆی ئۆروپا، لە رێژەی 35% گەیشتە رێژەی 85% لە رووبەری گۆی زەوی، هەموو کیشوەرەکان بەریان کەوت بە تایبەتی ئەفریقیا و ئاسیا.

هەردوو ئیمپڕاتۆرە سەرەکییەکەی ئینگلیزی و فرانسی، لە هەندێ حاڵەت شەریک و هاوبەشی یەکتر بوون، بەڵام لە هەندێ حاڵەتی دی



https://t.me/kurdistanbooks

رکابەر و نەیاری یەکتر بوون. لە رۆژهەڵاتیشەوە، لە لێوارەکانی "رۆژهەڵاتی مێدیترانیێ"وە (دەریای ناوەڕاست) تا دەگییە هیندۆچین و مالیزیا، ئەو خاکە کۆلۆنیالییانەی هەیانبوو، ئەو زۆنی کاریگەرییە ئیمپریالییەی بەسەریدا رادەگەیشتن، لە تەنیشت یەکتر بوون یان تێکیان دەکردەوە و گەلێ جاریش دەبوونە بابەتی ململانێ و دووبەرەکی. بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەناو وڵاتانی عەرەبی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئیسلام تێیدا بە گوێرەی گریمانەکان خەسڵەتی کولتووری و نەژادیی دەستنیشان دەکرد، بەریتانی و فرانسییەکان لێی دەگەیشتنە یەکتری و دەگەیشتنە "رۆژهەڵات"یش، هەڵبەت وێڕای خەستی و نەرمی و ئاڵۆزییەکی گەلێ زۆر. بۆ ماوەیەکی زۆر لە سەدەی نۆزدەم وەک لۆرد سالسبێری لە 1881 دەیگوت، روانینی هاوبەشی ئەم دووانە لەسەر رۆژهەڵات کێشەی ئاڵۆز و پڕگرێی دروست دەکرد:" کە هاوپەیمانێکی دڵسۆزت دەبێ و ئامادەیە بچێتە ناو وڵاتێک کە تێیدا بەرژەوەندییەکی زۆرت دەکەوێتە بەر مەترسییەوە، سێ رێگات لە پێشە. دەتوانی رەتی کەیتەوە، یان هەڵوێستێکی مۆنۆپۆل وەرگری یانیش بەشداری پێ بکەیت. رەتکردنەوە واتە جێگیرکردنی فرانسییەکان لەسەر رێگەمان بۆ هیندستان، وەرگرتنی هەڵوێستی مۆنۆپۆلیش وەک نزیکبوونەوە لە مەترسی رووودانی جەنگ بوو، لەبەرئەوە بڕیارماندا ببینە هاوبەش لەگەڵ یەکتری."(10)

بەم جۆرە، بوونە هاوبەشی یەکتر وەک ئەوەی ئێستە دەیبینین. ئەوەی لە نێوان خۆیان دابەشیان کرد، هەڵبەت، هەر تەنیا خاک یان قازانج یان سەروەری نەبوو، بەڵکو ئەو جۆرە دەستەڵاتە رۆشنگەرییەش بوو کە من بە رۆژهەڵاتناسی پێناسەی بۆ دەکەم. رۆژهەڵاتناسی بە مانایەک بریتی بوو لە کتێبخانە، ئەرشیڤەکان و ئەو زانیارییە گشتییانەی بەیەکەوە بە دەستیان دەگەیشت. ئەوەی ئەم



https://t.me/kurdistanbooks

ئەرشیڤەی بەیەکەوە دەبەستەوە بریتی بوو لە ماڵباتێک لە ئایدیا و کۆمەڵێکی یەکگرتوو لە نرخ و بەها کە بە شێوەی جیاجیا کاریگەری خۆیان نواندووە. ئەم ئایدیایانەش خەسڵەتی رۆژهەڵاتیەکان پیشان دەدەن: وەک پێدانی رەفتاری دەروونی رەچەڵەکناسی و ئەتمۆسفێریک، هێشتا زیاتریش، رێ بە ئۆروپییەکان دەدا تاووتوێ لەگەڵ رۆژهەڵاتییەکان بکەن، هەتا رێی ئەوەشیان پێدەدا بە چەشنێک بیانبینن وەک دیاردەیەک خاوەن خەسڵەتێکی رێک.

بەڵام، وەک کۆمەڵێک ئایدیای درێژخایەن، کۆنسێپتە رۆژهەڵاتناسییەکان کاریگەرییان لەسەر ئەوانە هەبووە کە بە رۆژهەڵاتی ناسراون بە هەمان ئاست کاریگەری لەسەر ئەوانەش هەبووە کە بە رۆژئاوایی یان بە ئۆروپی ناسراون. بەکورتی، رۆژهەڵاتناسی باشتر وەک گشتێک لە بەربەست و سنووری فیکر دێتە ناساندن وەک لە رێبازێکی پۆزەتیڤ. ئەگەر ماهییەتی رۆژهەڵاتناسی ئەو جیاوازییە رەگاژۆیە بێ لە نێوان باڵادەستی رۆژئاوا و کەم دەستەڵاتی رۆژهەڵات، دەبێ خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەوە چۆن، رۆژهەڵاتناسی لە گەشەسەندنی خۆی و مێژووی دواتری خۆی ئەم جیاوازییەی قووڵ کردۆتەوە، نەک هەر ئەمە بەڵکو بەهێزیشی کردووە. کاتێ کە بووە نەریتێکی باو بۆ بەریتانیای گەورە، بە درێژایی سەدەی نۆزدەم، کارمەند و کاربەدەستەکانی لە هیندستان و شوێنانی دی لە تەمەنی پەنجا ساڵییەوە خانەنشین بکا، هەنگاوێک لە پوختەکردن و قووڵترکردنەوەی رۆژهەڵاتناسی چوونە پێشەوە، هەرگیز رێگە بە رۆژهەڵاتییەک نەدراوە رۆژئاواییەک ببینێ پیر بێ و دووچاری شێوان بێ، هەرگیز پێویست نەبووە بۆ رۆژئاواییەک خۆی لە چاوی نەژادێکی ژێردەستە و رەعییەتدا ببینێ ئەگەر وەک لاوێک نوێنەری شایەک نەبووبێ، لاوێک پڕ لە چالاکی و ئەقڵانی و هەمیشەش بە ئاگا.



https://t.me/kurdistanbooks

ئایدیاکانی رۆژهەڵاتناسی لە سەدەی نۆزدەم و سەدەی بیستەم هەندێ فۆرمی جیاوازیان وەرگرت. بە پلەی یەکەم، ئۆروپا لە رابردووی خۆی ئەدەبیاتێکی زۆری لەسەر رۆژهەڵات هەبوو، بە میرات بۆی مابووەوە. یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی کۆتایی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم کە ئێمە بە سەرەتای رۆژهەڵاتناسی مۆدێرنی دادەنێین، ئەوەی کە لەم ماوەیە روویدا بە پێی روانینی ئێدگار کینێ (13) بریتییە لە رێنێسانسی "بووژانەوە" رۆژهەڵاتناسی. لەناکاو، نەوەیەک لە بیرمەندان، پیاوانی سیاسەت، هونەرمەندان دەردەکەون، هوشیارییەکی نوێ لەبارەی رۆژهەڵات و چین و مێدیترانێ سەری هەڵدەدا، ئەمەش بەشێکی دەگەڕایەوە بۆ دۆزینەوە و وەرگێڕانی تێکستە رۆژهەڵاتییەکان وەک سانسکریتی، زەند یان عەرەبی، هەروا بۆ سەرهەڵدانی روانینێکی نوێ لەمەڕ پەیوەندی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا.

ئەوەی لەگەڵ مەبەستەکانی من دەگونجێ، داگیرکردنی میسرە لەلایەن بۆناپارتەوە لە ساڵی 1798 کە وەک تۆنێک بوو درا بە پەیوەندی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، ئەم داگیرکردنەش لە کۆمەڵێک روانگەوە مۆدێلێکی دەستبەسەرداگرتنی راستەقانی زانستی بوو بۆ کولتوورێک لەلایەن کولتوورێکی دی کە بەلای زۆری بەهێزتر بووە. بێگومان وابوو، داگیرکردنی میسر چەندان پرۆسەی خستە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا کە ئەمڕۆش هێشتا بەسەر روانگەی کولتووری و سیاسیماندا زاڵە. هێرش بۆ سەر میسر لەلایەن بۆناپارت، وێڕای شاکارە زانستییەکەی بەناوی "وەسفی میسر" کە لەلایەن چەندان کەس دانراوە، دیمەن و دیکۆڕی پێشکەش بە رۆژهەڵاتناسی کردووە، چونکە سەرەتا میسر، پاشان وڵاتانی دیکەی موسلمان بە رەوتێکی زیندوو کران بە بواری لێکۆڵینەوە بۆ تاقیگە و شانۆی زانینی



https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژئاوایی کاریگەر لەسەر ڕۆژهەڵات. کەمێک دوورتر دەگەڕێمەوە سەر ئەم ئەڤانتورە ناپۆلیۆنییە.

لەگەڵ ئەزموونێکی لەم جۆرەی سەرەوە، ڕۆژهەڵات وەک سەرچاوەیەکی زانین بۆ ڕۆژئاوا خۆی نوێ کردۆتەوە و، سەرەنجام ئەم دووەەمین فۆرمە نوێیەش ڕۆژهەڵاتناسی سەدەی نۆزدەم و بیستەمە. هەر لە سەرەتای ئەو ماوەی کە من لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەم، ڕۆژهەڵاتناسەکان لە هەموو لایەکەوە ئاواتی ئەوەیان لا دروست بوو دۆزینەوەکانی خۆیان، ئەزموونەکانیان، ڕوانینەکانیان بە زاراوەی مۆدێرن داڕێژن، ئایدیاکانی خۆیان لەمەڕ ڕۆژهەڵات بخەنە ناو پەیوەندی خەست لەگەڵ واقیعی سەردەمی خۆیان. بۆ نموونە، ئەرنست ڕێنانساڵی 1848 تۆژینەوەکانی خۆی لەبارەی زمانناسی، لەسەر زمانە سامییەکان پێشکەشکرد، ڕێنان تۆژینەوەکانی بە شێوازێک نووسیبوو کە زۆربەی دەستەڵاتی خۆی لە ڕێزمانی بەراوردکاری، ئەناتۆمی بەراوردکاری و تیۆرەکانی نەژادی ئەو سەردەمە هەڵێنجابوو، ئەمەش ڕووێکی گەشی بەخشیبووە ڕۆژهەڵاتناسییەکەی ئەو (ڕووە خراپەکەشی نیشان دەدا کە هەر لەوکاتەوە وەک خۆی ماوەتەوە) چۆن دەکەوێتە بن کاریگەری بزووتنەوەی مۆدە فیکرییە ڕاگوزارەکان لە ڕۆژئاوا، بە هەمان شێوە بن کاریگەری ئەو بزووتنەوانەش کە کاریگەری دروستییان هەبووە لەسەر ڕۆژهەڵاتناسی، هەر لە ئۆتۆپیزمەوە بگرە تا دەگاتە ئیمپریالیزم، بە تێپەڕین بە فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم، مێژووناسی، داروینیزم، نەژادناسی، فرویدیزم، مارکسیزم، شبنگلەریزم. بەڵام، وەک زۆربەی زانستە سروشتییەکان و زانستە مرۆییەکان، ڕۆژهەڵاتناسیش بووە خاوەن نموونە "پارادیگم"ی تۆژینەوەی خۆی، گرووپی توێژەرانی خۆی، دامەزراوەی خۆی. بە درێژایی تەواوی سەدەی نۆزدەم، ئەم بوارە بووە خاوەن پرێستیژێکی زۆر و

دامەزراوەی زۆر: "کۆمەڵەی ئاسیایی" (فرانسی)، "کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیایی" (بەریتانی)، "کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتیی ئەلمانی، "کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتیی ئەمریکی، ئەمانە ناووبانگێکی زۆریان پەیدا کرد و هەڵبەت کاریگەرییەکی زۆریش. لەهەمان کات، ژمارەی کورسییەکانی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی لە هەموو ئۆروپا زیادی کرد، هۆیەکانی بڵاوکردنەوەشی زۆر بوو. گۆڤارە وەرزییەکانی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتناسی هەر لە گۆڤاری "دۆزینەوەکانی ڕۆژهەڵات"ی ئەلمانییەوە لە ساڵی 1809 زۆر بوون و دەستیان هەبوو لە زۆرکردنی زانین و ناسینی ڕۆژهەڵات و زۆرکردنی پسپۆڕی جیاجیا لەم بوارەوە.

لەگەڵ ئەمەش، تەنیا بەشێکی بچووک لەم چالاکییە و ژمارەیەکی تەواو کەم لەم دامەزراوانە بە ئازادی پەرەیان سەند، چونکە، ڕۆژهەڵاتناسی بە فۆرمە سێیەمەکەی سنووری بۆ فیکر لەبارەی ڕۆژهەڵات دەسەپاند. لەو سەردەمەدا، هەتا بەهرەمەندترین نووسەرانی پڕ ئەدندێشە و خەیاڵیش، کەسانی وەک فلۆبێر، نێرڤال یان سکۆت، لە نووسینیان یان لە هەست و بینینیان بەرانبەر بە ڕۆژهەڵات بێگومان هەراسان بوونە، ڕاستە، ڕۆژهەڵاتناسی دواجار بریتییە لە ڕوانگەیەکی سیاسی بۆ واقیع، ستروکتورەکەی لە جیاوازی نێوان ئەوەی ماڵییە و ئەوەی ناسراوە (وەک ئۆروپا، ڕۆژئاوا "ئێمە") و ئەوەی بێگانە و ئەوەی نەناسراوە (وەک ڕۆژهەڵات "ئەوان") قووڵتر دەکاتەوە. ئەم ڕوانگەیە، بە چەشنێک، هەردوو جیهانی داهێناوە و خزمەتی کردوون، پاشان بە ئەندێشەکراوە: ڕۆژهەڵاتییەکان لە جیهانی خۆیان دەژین، "ئێمە"ش لەناو جیهانی خۆمان، ئەم ڕوانگەیە و واقیعی ماتریالیش پشتگیری کاری یەکترین و بەیەکەوە کاردەکەن و هەڵدەکەن. ئەگەر هەندێک ئازادیش لەم نێوانە هەبێ، ئەوا هەردەم پارسەنگی بەلای ڕۆژئاوایە، چونکە کولتوورەکەی بەهێزترە، چونکە


https://t.me/kurdistanbooks

دەتوانێ بچێتە ناو نهێنی مەزنیی ئاسیایی، هەروەکو دزرائیلی دەیگوت: خۆی پێوەدەنووسێنێ و فۆرمی خۆی دەداتێ. لەگەڵ ئەمەش تا ئێستە تێبینی وشە و دەستەواژەی تایبەت بەم پارسەنگە و بە سنوورەکانی ئەم روانگەیەمان نەکردووە. ئەوەی دەمەوێ پیشانی بدەم ئەوەیە کە هەقیقەتی رۆژهەڵاتناسی لەیەک کاتدا نامرۆڤانە و خۆسەپێنە. دیاریکردنی سنوورەکانی، بە هەمان شێوە دامەزراوەکانی، کاریگەرییە جیهانییەکەی، تا ئەمڕۆ خۆی راگرتووە.

بەڵام رۆژهەڵاتناسی چۆن کاری دەکرد، ئێستە چۆن کار دەکات؟ چۆن دەتوانین هەمووی بەیەکەوە وەک دیاردەیەکی مێژوویی، مۆدێکی فیکری، کێشەی هاوچەرخ و واقیعێکی ماتریالی وەسف بکەین؟ لێرەوە جارێکی دی خەیاڵمان بۆ کرۆمەر دەچێتەوە کە کەسێکی تەکنۆکراتی بێوێنەی ئیمپراتۆری بوو، بەڵام یەکێکیش بوو لەوانەی سوودیان لە رۆژهەڵاتناسی وەرگرتبوو، ئەو دەتوانێ وەڵامی بنچینەییمان بداتەوە. لە وتاری "حکومڕانی نەژادە ژێردەستەکان"دا، خۆی لە قەرەی پرسیاری وا دەدا: چۆن بەریتانیای گەورە، کە نەتەوەیەکە لە تاکەکەسەکان، دەتوانێ ئیدارەی ئەم ئیمپراتۆرە پان و بەرینە بە پێی هەندێ پرەنسیپی بەڕێوەبەر بکا؟ کرۆمەر "کاربەدەستی لۆکالی" کە وەک پسپۆڕێک جیهانی خۆی باش دەناسێ و لە هەمان کات کەسایەتیەکی ئەنگلۆسەکسۆنیشی هەیە، بەرانبەر بە دەستەڵاتی ناوەندی دادەنێ کە لە لەندەنە. "یەکەمیان دەتوانێ ئەو بابەتانە بگرێتە ئەستۆی خۆی کە سەر بە بەرژەوەندی لۆکالین بە چەشنێک دەشێ ئەنجامی ئەمە زیان یان مەترسی بن بۆ بەرژەوەندییەکانی ئیمپراتۆری."دەستەڵاتی ناوەندیش لە حاڵەتێکدایە خۆی لەو مەترسییانە لابدا کە لێیەوە پەیدا دەبن. لەبۆچی ؟ چونکە ئەم دەستەڵاتە دەتوانێ "وەزیفەی هارمۆنی و رێکی بەشە جیاجیاکانی ماشێنەکە مسۆگەر بکا" و " دەبێ هەوڵبدا بە پێی توانای شیاو، ئەو


https://t.me/kurdistanbooks

دۆخە بێنێتە ئاراوە کە دەبنە یاوەری حکومەتی سەر بە ئەو".(14) ئەم شێوازی قسەکردنە روون نیە و سەرنجڕاکێشیش نیە، بەڵام ئایدیاکە وەرگرتنی سەخت نیە. کرۆمەر روانگەیەکی هەیە وەک کورسییەکی دەستەڵات بێ کەوتبێتە رۆژئاوا و وەک ماشێنێکی بەرین بێ هەموو شتێک بگرێتە خۆی و تیشک بەرەو رۆژهەڵات بهاوێژێ، پشتگیری دەستەڵاتی ناوەند دەکا بەڵام هەر لەلایەن ئەویشەوە فەرمانی پێدەکرێ. باسکەکانی ئەم ماشێنە لە رۆژهەڵاتەوە خۆراکی بۆ دەهێنێ، وەک ماتریالی مرۆیی، سامانی ماتریالی "چوزانم چیتر" هەر خۆی ئامادەی دەکات و دواتر دەیگۆڕێ بۆ دەستەڵاتی زیاتر. توێژەری پسپۆڕیش ئەم ماتریالە سادەیەی رۆژهەڵاتی راستەوخۆ بۆ جەوهەرێکی بەسوود وەردەگێڕێ: بۆ نموونە، رۆژهەڵاتی دەبێتە نەژادێکی ژێردەستە، حاڵەتێکی دەروونی "رۆژهەڵاتی"، هەموو ئەمەش بۆ بەهێزکردنی "ئۆتۆریتێ"ی وڵات. "بەرژەوەندییە لۆکالییەکان" بریتین لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی رۆژهەڵاتناس، "بەرژەوەندی ناوەند" بریتییە لە بەرژەوەندی گشتی تەواوی کۆمەڵی ئیمپراتۆری. ئەوەی کرۆمەر دەیبینێ زۆر بە وردی ئیدارەی زانینە لەلایەن کۆمەڵ، مەسەلەکە ئەوەیە زانین (ئەگەر لە ئاستێکی زۆر پسپۆڕیش بێ) بە پلەی یەکەم لەلایەن نیگەرانی و دڵەڕاوکەی پسپۆڕێک رێکخراوە، پاشان لەلایەن نیگەرانی و دڵەڕاوکەی گشتی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دەستەڵاتێک رێکخراوە. کاریگەریی هاوبەشی بەرژەوەندییە لۆکالی و ناوەندییەکان تێکەڵن، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئەم تێکەڵییە بە رێکەوت نیە.

با حاڵەتی تایبەتی کرۆمەر وەرگرین وەک کاربەدەستێکی ئیمپراتۆری: ئەو دەڵێ "تاقە بابەتی تۆژینەوەکانی مرۆڤیشە". کاتێ کە "پۆپ" یش گوتی تاقە بابەتی مرۆناسی مرۆیە، ئەو مەبەستی لە هەموو مرۆ بوو، "هیندییە هەژارەکان"یشی دەگرتەوە، کەچی لەلای


https://t.me/kurdistanbooks

کرۆمەر ئەو (...یشە) تەنیا هەندێ مرۆ دەگرێتەوە، وەک ڕۆژهەڵاتییەکان، دەشێ جیابکرێنەوە وەک تاقە بابەتی تۆژینەوە خۆی. تاقە بابەتی تۆژینەوە خۆی "بەم مانایە" ڕۆژهەڵاتییەکانی ڕۆژهەڵاتناسییە، کە جیاکراونەتەوە بە شێوەی تاقە بابەتێک لە فۆرمەکانی دیکەی زانین، بەڵام لە دواجاردا بەسوود (چونکە کۆتایی پێهاتووە) لە پەیوەندی لەگەڵ واقیعی ماتریالی و کۆمەڵایەتی کە لە هەموو ساتێکدا هەموو زانینێک گڵ دەداوە و پشتگیری لە هەموو زانینێک دەکا و سوودی خۆی پێدەبەخشی. لێرەوە ڕێکخستنێک لە سەروەری نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پەیدا دەبێ، زنجیرەیەکی بێنرخی بوون کە ڕۆژێک لەلایەن "کیپلینگ"ەوە بە ڕوونترین شێوە خراوەتەڕوو.

(بارگیر، ئەسپ، فیل، یا گا بۆ کێڵان، گوێڕایەڵی خاوەنەکەی دەکا، خاوەنەکەی گوێڕایەڵی عەریفەکەی (گروهبان یان چاوش)، عەریف گوێڕایەڵی سەرتیپ دەکا، سەرتیپ گوێڕایەڵی فەرماندە دەکا، فەرماندە گوێڕایەڵی سەرهەنگ دەکا، سەرهەنگ گوێڕایەڵی سوپاسالار دەکا کە سەرپەرشتی سێ تیپ دەکا، سوپاسالار گوێڕایەڵی ژەنەڕالی سەرەوەی خۆی دەکا، ئەمەش گوێڕایەڵی جێگری شا دەکا، جێگری شا-ش بۆ خۆی خزمەتکاری شاژنە.)(15)

ئەم زنجیرە تۆقێنەرە پلەدارییە دەبێ بە توندوتۆڵی دروست کرابێ، "وەزیفەی هارمۆنی" کرۆمەر دەبێ بە توندوتۆڵی ئاراستە کرابێ، بە شێوەیەک ڕۆژهەڵاتناسیش دەتوانێ هێزی ڕۆژئاوا و لاوازی ڕۆژهەڵات بەو شێوەیەی ڕۆژئاوا دەیبینێ دەربڕێ. ئەم هێزە و ئەم لاوازییە دەبێ بە قەد ئەوە بەشێکی دانەبڕاو بن لە ڕۆژهەڵاتناسی وەک لەو کۆنسێپت پێدانانەی کە جیهان بۆ بەشی گەورە و گشتی دابەش دەکەن، بۆ چەندان جەوهەر کە بەیەکەوە لەناو بارێکی پڕ لە شڵەژان دەژین کە پێمانوایە بەرهەمی جیاوازییەکی بنچینەییە.



https://t.me/kurdistanbooks

چونکە ئەمەیە پرسیاری سەرەکی رۆشنگەری ورووژێنراو لەلایەن رۆژهەڵاتناسی. ئایە دەتوانین واقیعی مرۆیی دابەش بکەین، هەڵبەت، پێدەچێ واقیعی مرۆیی بە شێوەیەکی رەسەن بۆ کولتوور، مێژوو، کۆمەڵان، هەتا چەندین نەژاد دابەش کرابێ، بێگومان جیاواز لە نێوان خۆیان و، درێژەدان بە ژیان وێڕای لەئەستۆگرتنی ئەنجامەکانی ئەم دابەشکردنە بە شێوەیەکی مرۆییانە؟ لەمە مەبەستم ئەوەیە بپرسم، ئایە هیچ وەسیلەیەک هەیە بۆ خۆلادان لە دژایەتی لەمەڕ ئەو دابەشکردنەی مرۆیان، با بتوانین بڵێین لەنێوان "ئێمە" (رۆژئاواییەکان) و "ئەوان" (رۆژهەڵاتییەکان). چونکە ئەم دابەشکردنانە ئایدیای گشتین و وەزیفەیان لەناو مێژوو و ئێستەدا بریتییە لە پێداگیری لە گرینگی نێوان هەندێ مرۆ و هەندێکی دیکە، بە مەبەستێک کە بە نەریت و بە شێوەیەکی تایبەتی سەرنجڕاکێش نیە.

کە کاتیگۆری وەک رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی بەیەکەوە وەک خاڵی دەسپێک و خاڵی گەیشتن بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و سیاسەت بەکاردەهێنین (کە بەم شێوەیە لەلایەن بەلفور و کرۆمەر بەکارهێنراون) بە شێوەیەکی ئاسایی ئەنجامەکەی بریتییە لە بەسەرجەبکردنی گرینگی پێدان: رۆژهەڵاتی زیاتر دەبێتە رۆژهەڵاتی، رۆژئاوایی زیاتر دەبێتە رۆژئاوایی، سنووردارکردنی بەیەکگەیشتنی مرۆیی لە نێوان کولتووورە جیاوازەکان، نەریتە جیاوازەکان، کۆمەڵە جیاوازەکان. بە کورتی، هەر لە سەرەتای مێژووی هاوچەرخەوە تا دەگاتە ساتی ئێستە، رۆژهەڵاتناسی وەک فۆرمێکی فیکری بۆ تۆژینەوە لە بێگانە (بیانی) بە شێوەیەکی بەرجەستە و دیار تەندانسێکی لە هەموو زانستەکان پێشکەش کردووە کە مایەی پەشیمانیە و لەسەر بنچینەی گرینگی پێدانی یەکلاکەرەوە بنیات نراوە، کە بریتییە لە کەنالیزەکردنی فیکر لەناو بەشێکی وەک "رۆژئاوا" و "رۆژهەڵات". چونکە ئەم تەندانسە هەتا ناوەندی تیۆرییش داگیردەکا،



https://t.me/kurdistanbooks

هی پراکتیک و هی نرخ و بەهاکانی رۆژهەڵاتناسییش بەو شێوەیەی لە رۆژئاوا دەیاندۆزینەوە و کە مانای دەستەڵاتی رۆژئاوا لەسەر رۆژهەڵات وەک هەقیقەتێکی زانستی بێ گفتوگۆ وەردەگیرێ.

نموونەیەک یان دوو لە ژیانی ئەمڕۆ دەبێ تێری ئەوە بکا ئەم تێبینیانە بە تێروتەسەلی روون بکەنەوە. شتێکی سروشتیە بۆ ئەو پیاوانەی سەروکاریان لەگەڵ دەستەڵاتدا هەیە وەختێک بۆ ئەوە تەرخانکەن ناوەناوە روانینێکی گشتییان بۆ ئەو کاروبارانە هەبێ کە پەیوەندی بەوانەوە هەیە. بەلفور زووزوو ئەم کارەی دەکرد. هێنری کیسنجەری هاوچەرخمانیش هەمان کار دەکا، ئەو ئەوەندە بە دەگمەنی ئەو کارەی بە روونییەکی سازگار کردووە ناشێ لەوە روونتر بێ وەک لەو وتارەی بە ناوی (ستروکتووری ناوەوە و سیاسەتی دەرەوە)دا هاتووە. ئەو کارەساتەی ئەو نیگاری دەکا کارەساتێکی هەقیقییە، تێیدا وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ رەفتاری خۆی لە جیهان راست بکاتەوە، بە کاریگەری فشاری هێزی ناوەوە لە لایەک، واقیعی دەرەوە لە لایەکی دی. لەبەر ئەم هۆیە، گوتاری کیسنجەر دەبێ سەرجەبێک داڕێژێ لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و جیهان، بە چەشنێکی دی، شتێکی ئاساییە ئەو بە هوشیاری وەک زمانحاڵی رێگەپێدراوی سەرەکیترین هێزی رۆژئاوایی قسە بکا، کە لەلایەن مێژووی هاوچەرخ و واقیعی رۆژەڤ پێگەیەکی هەیە بکەوێتە بەرانبەر جیهانێک کە بە ئاسانی دەستەڵات و باڵادەستی ئەو قبوڵ ناکا. کیسنجەر روانینێکی وای هەیە وڵاتە یەکگرتووەکان کێشەی کەمتر دەبێ لەگەڵ رۆژئاوایەکی پیشەساز و گەشەسەندوو تاووتوێی بکا وەک لە جیهانێک کە لەسەر رێگەی گەشەسەندنە. لەولاشەوە، پەیوەندی رۆژەڤی وڵاتەیەکگرتووەکان لەگەڵ ئەو لایەنەی پێی دەگوترێ جیهانی سێیەم (وەک چین، هیندۆچین، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین) پەیوەندییەکە بە شێوەیەکی

دیار پڕە لە کێشەی خاردار، کیسنجەر بۆ خۆشی ناتوانێ ئەمە بشارێتەوە.

لەم وتارە، مێتۆدی کیسنجەر پەیڕەوی ئەوە دەکا کە زمانناسەکان پێی دەڵێن "دوانەی دژیەک": واتە ئەوە پیشان دەدا کە هەیە بە دوو شێواز لە سیاسەتی دەرەوە، (پێشبینی و سیاسەت)، دوو تیپی تەکنیکی و دوو سەردەم،...هتد. کاتێ، لە کۆتایی بەشی مێژوویی لێکدانەوەکەی، دەبینێ رووبەڕووی جیهانی ئەمڕۆ دەبێتەوە، بەم شێوەیە دابەشی دوو نیوەی دەکا، وڵاتانی گەشەسەندو و وڵاتانی روو لە گەشەسەندن. نیوەی یەکەم رۆژئاوایە، "کە بە قووڵی کەوتۆتە یان تێرە بەو ئایدیایەی کە جیهانی راستەقینە لە دەرەوەی کەسی چاودێرە، زانینیش بریتییە لە تۆمارکردن و پۆلێنکردنی پێدراوەکان بەوپەڕی وردەکاری شیاو". ئەو بەڵگەیەی کیسنجەر پێشکەشی دەکا "شۆڕشی نیوتن"ە، ئەمەش لەو وڵاتانە روویندەداوە کە بەرەو گەشەسەندن دەچن: "ئەو کولتوورانەی بەر هێدمەی بیری نیوتنی نەکەوتوون بە شێوەیەکی سەرەکی بیری پێش نیوتنیان پاراستووە و جیهانی راستەقینە بۆ ئەوان تا رادەیەکی پڕ لە ناوەوەیە بۆ کەسی چاودێر." سەرەنجام، ئەو ئەمەش دەڵێ: "واقیعی تەجریبی، بۆ گەلێک لە نەتەوە تازە پێگەیشتووەکان، مانایەکی جیاوازی هەیە وەک لەو مانایەی بۆ رۆژئاوای هەیە، لەبەرئەوەی، بە چەشنێک، هەرگیز ئەوان بەناو پرۆسەی خۆدۆزینەوەدا تێنەپەڕیوون".(16)

کیسنجەر پێویستی بەوە نیە وەک ئەوەی کرۆمەر دەیکا، سێر ئەلفرێد لایال بە نموونە بهێنێتەوە لە بارەی ئەو مەحاڵەی کە دەڵێ رۆژهەڵاتی ناتوانێ وردەکار بێ. ئەرگیومەنتی کیسنجەر تەواوێک پێویستی بەو گفتوگۆیە نیە داوای ئەوە بکا بۆی تێپەڕێنن: ئێمە شۆڕشی نیوتینی خۆمان هەیە، ئەوان نەیانتوانیوە هەیانبێ. وەک بیرمەندێک ئێمە نرخمان لەوان زیاترە. باشە: دواجار هێڵەکانی


https://t.me/kurdistanbooks

دەستنیشانکردن تارادەیەک بە هەمان شێوەی بەلفور و کرۆمەر کێشران، کەچی، شەست ساڵ بەلای کەمی تێپەڕیووە، لە نێوان ئیمپریالیستە بەریتانییەکان و کیسنجەر. کۆمەڵێک جەنگ و شۆڕش بە شێوەیەکی بنبڕ ئەوەیان پیشاندا کە شێوازی پێشبینی پێش نیوتنی، کە کیسنجەر لە یەک کاتدا دەیداتە پاڵ وڵاتانی روو لە گەشەسەندن (بێ وردەکاری) و ئۆروپای پێش کۆنگرەی ڤییەنا، هەردەم بێ سەرکەوتن نەبووە. لەولاشەوە، بە پێچەوانەی کرۆمەر، کیسنجەر هەست دەکات ناچارە ئیعتیبارێک وێڕای رێزەوە بۆ روانگەی پێش نیوتنی دابنێ، لەبەرئەوەی "ئەم روانگەیە رەوانییەکی مەزن لە بەرانبەر ئاڵۆزی شۆڕشگێری ئەمڕۆ پیشان دەدا". ئەمەش ئەرکی پیاوانی جیهانی پاش نیوتنی (هەقیقی)یە نەوەک نیزامێکی جیهانی دروست بێ "پێش" ئەوەی قەیرانێک وەک پێویستییەک بیسەپێنێ"، بە زاراوەیەکی دی، ئەوەمان بۆ (ئێمە) دەمێنێتەوە بە دوای هۆیەک بگەڕێین جیهانی روو لە گەشەسەندنی پێ کۆنترۆل بکەین. ئایە ئەمە زۆر بەو روانگەیە ناچێ کە کرۆمەر هەیبوو وەک ئەو ماشێنەی کە وەزیفەیەکی هارمۆنی هەبوو، دواجار بەو ئامانجە بوو لە خزمەتی دەستەڵاتێکی ناوەندیدا بێ، کە رووبەڕووی ئەو جیهانە دەوەستایەوە کە رووی لە گەشەسەندندا بوو؟

لەوانەیە کیسنجەر ژینیالۆژی (رەچەڵەکناسی) قووڵایی ئەو زانینە نەناسێ کە روانینی خۆی لێ دەردێنێ، کاتێ کە جیهان بە پێی کۆنسێپتی واقیعی دابەشی دوو نیوە دەکا، پێش نیوتنی و پاش نیوتنی. بەڵام ئەم جیاکارییە تەواو هاوتای ئەو جیاکارییە ئۆرتۆدۆکسیەیە (سونەتی) کە رۆژهەڵاتناسەکان دەیکەن، کە رۆژهەڵاتییەکان لە رۆژئاواییەکان جیادەکەنەوە، وەک جیاکاری رۆژهەڵاتناسی، ئەوەی کیسنجەر بەو شێوەیە ناڕوا پشت نەبەستێ بە هەندێ لە نرخ و بەهاکان سەرەڕای زمانە بە رواڵەت بێلایەنەکەی.



https://t.me/kurdistanbooks

بەم جۆرە، زاراوەی وەک "پێشبینی"، "وردەکاری"، "واقیعی تەجریبی" و "نیزام" لێرە و لەوێ لە تەواوی وەسفەکانی دەبینرێ، ئەم زاراوانەش ئاماژەن یان بۆ فەزیلەتێکی سەرنجڕاکێش، ئاشنا، مایەی ئارەزوو، یان بۆ خەوشی هەڕەشەکار، سەیر، گەڕەلاوژە. ئینجا رۆژهەلاتناسی نەریتی وەک دواتر دەیبینین، کیسنجەر جیاوازی لە نێوان کولتوورەکان وا دەبینن، یەکەم وەک دروستکردنی بەرەیەک کە جیایان دەکاتەوە، دووەم، وەک داوەتکردنی رۆژئاوا بێ و کۆنترۆلی بکا، رێکی بخا، یاخود حکومەت لەسەر ئەویتر بکا (بە هۆی زانین و دەستەلاتی بالای گونجاندن). لێرەوە پێویست ناکا باسی ئەوە بکەین بە چ ئەنجامێک و بە کام نرخی بەرچاو ئەم دابەشکردنە خەباتکارانە راگیراون.

یەکێکی دی لەو نموونانەی کە بە روونی دەبێتە هاوتای (لەوانەیە زۆر هاوتای بێ) روانین و لێکدانەوەکەی کیسنجەر. لە ژمارەی مانگی رەشەمەی سالی 1972 "گۆڤاری ئەمریکی پزیشکی دەروونی" تۆژینەوەیەکی "هارۆلد گلیدن"ی بلاوکردەوە، گلیدن کۆنە ئەندامی بیرۆی هەوالگری و لێکۆلینەوەی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایە، ناونیشانی تۆژینەوەکە بە ناوی: (جیهانی عەرەب)ییە، زمان و ناوەڕۆکی بابەتەکەی ئەوە نیشان دەدەن کە ئەقلێکی زۆر لە خەسلەتی رۆژهەلاتناسی لە پشتە. بۆ کێشانی پۆرترێتێکی سایکۆلۆژی، لە چوار لاپەڕە و بە دوو ستوون، بۆ زیاتر لە سەد ملیۆن کەس و مێژوویێک لە زیاتر لە 1300 سال، گلیدن زۆر بە وردی چوار سەرچاوە دەستنیشان دەکا: کتێبێکی تازە لەسەر تەرابلوس، ژمارەیەک لە رۆژنامەی میسری "الاهرام"، وەرزنامەی "رۆژهەلاتی مۆدێرن"، کتێبێکی رۆژهەلاتناسی ناسراو "مەجید خەدوری". ئەم وتارە هەولدەدا پەردە لەسەر "وەزیفەی ناوەکی رەفتاری عەرەب" هەلبداتەوە، کە لە روانگەی "ئێمە" شتێکە "لادەرە"



https://t.me/kurdistanbooks

بەڵام "ئاساییە" بۆ عەرەب. پاش ئەم پێشەکییە پێ و قەدەم بەخێرە، پێمان دەڵێن کە عەرەب مەیلیان بەلای رەفتاری باوە، عەرەب لەناو کولتوورێکی شەرم و عەیب دەژین کە "سیستەمە شکۆمەندەکەی" شیمانەی ئەوەی لێ دەکرێ کڕیار و موریدان بۆ خۆی راکێشێ (لە تەنیشتەوەش، پێمان دەڵێن کە کۆمەڵی عەرەبی هەردەم لەسەر بنچینەی ئەوە دارێژراوە سیستەمێک بێ، پێکهاتبێ لە پەیوەندی کڕیار و خاوەنکار)، عەرەب ناتوانن وەیفەی خۆیان بگێڕن تەنیا لە حاڵەتی ناکۆکی و پێکداهەڵپژان نەبێ، کە شکۆمەندی عەرەب تەنیا لەسەر ئەو توانایە دامەزراوە بەسەر ئەوانی دیکە باڵادەست بێ، وەک کولتوورێکی شەرم و عەیب، لە ئیسلام خۆیەوە بیگرین، تۆڵەسەندنەوە وەک فەزیلەتێکە. (لێرەوە گلیدن بە شێوەیەک وەک ئەوەی سەرکەوتنی بە دەست هێنابێ نموونەی رۆژنامەی ئەهرامی رۆژی 29 پوشپەڕی ساڵی 1970 دەهێنێتەوە، کە لە ساڵی 1969 لە میسر، لەسەر 1070 تاوانی کوشتن، کە تاوانبارەکان گیراون، لەسەدا بیستیان بەو مەبەستە تاوانیان کردووە شەرم و عەیبیان بسڕنەوە، لە سەدا سی تاوانەکان بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە بووە بەرانبەر بە زوڵمێکی هەقیقی یان خەیاڵی، لە سەدا سی و یەکیش بەهۆی تۆڵەسەندنەوەی خوێن بووە). ئەگەر لە روانگەیەکی رۆژئاواییەوە بۆی بڕوانین، "تاقە شتێکی ماقووڵ بۆ عەرەبەکان ئەوە بێ ئاشتی بەرقەرار بکەن (...) ئەوا هەر بۆ عەرەبەکان خۆیان دۆخەکە بەو شێوەیە نیە لۆژیکێکی لەم جۆرە فەرمانڕەواییان بکا، چونکە مەوزوعییەت نرخ و بەهایەک نیە لەناو سیستەمی عەرەبی."گلیدن بەردەوام دەبێ و بە حەماسەتێکی زۆرەوە پێداگیری لە روانینی خۆی دەکا" مایەی سەرنج و تێڕامانە، لە کاتێکدا سیستەمی نرخ و بەهاکانی عەرەب لەسەر بنچینەی هاریکاری رەها لە ناوەوەی گروپێک دامەزراوە، کەچی لە هەمان کات لە نێوان ئەندامەکانی برەو بە جۆرێک لە ململانێ و دووبەرەکی دەدرێ کە ئەم هاریکارییەی ناوەوە



https://t.me/kurdistanbooks

تێکدەدا"، لە کۆمەڵی عەرەب، تەنیا "سەرکەوتن حسێبی بۆ دەکرێ" و "ئەنجام لە وەسیلە بایەخدارترە"، عەرەبەکان بە شێوەیەکی (سروشتی) لەناو جیهانێکدا دەژین خەسڵەتی ئەم ژیانەش "ترس و دڵەڕاوکەیە" و لە شێوەی "گومان و باوەڕبەخۆنەبوون" و نادڵنیایی گشتی تەعبیری لێ دەکرێ، ئەوەی ناوی لێ دەنێن یان بە دژایەتییەکی بێ چێوە دەیناسێنن free-floating ئەوەیە "هونەری فێڵ و لەخشتەبردن زۆر گەشاوەیە لە ژیانی عەرەب، هەتا لە ناو ئیسلام خۆیشی"، پێویستی تۆڵەسەندنەوە لەلای عەرەبەکان لە پێش هەموو شتێکەوە دێ، بێ تۆڵەسەندنەوە، عەرەبەکان هەست بە شەرم و عەیب دەکەن، پێیان وایە ئەمەیان "تێکدەری "من"ی خۆیانە". ئیدی بەم جۆرە، ئەگەر "لەلای رۆژئاواییەکان ئاشتی لە ئاستێکی باڵای پەیژەی نرخ و بەهاکانیان بێ" و ئەگەر "ئێمە هوشیارییەکی زۆر گەشەسەندوومان لەبارەی نرخ و بەهای زەمەن هەبێ"، ئەمە لەسەر عەرەبەکان پەیڕەو نابێ. "لە واقیعدا" پێمان دەڵێن "لە کۆمەڵی خێڵەکی عەرەب (کە نرخ و بەهاکان لێی لە دایکبوون) دووبەرەکی نەک ئاشتی حاڵەتی ئاسایی یان نۆرمالی شتەکانە، چونکە "غەزو" بریتی بووە لە یەکێک لەو دوو پرەنسیپانەی کە پشتگیری ئابوورییان کردووە". بابەتی ئەم ئەنکێتە زانستییە زۆر بە سادەیی ئەوە پیشاندەدا چۆن لە پەیژەی نرخ و بەهاکانی رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتی، "رێکخستن و شوێنی رێژەیی پێکهێنەرەکان تەواو جیاوازن". 17) CQFD)

لووتکەی باوەڕبەخۆبوونی رۆژهەڵاتناسی لێرەوەیە. هەموو ئایدیایەکی گۆکراو بە سادەیی و بە روونی، وەک شەرەفی هەقیقەت دانی پێدانراوە. هەموو لیستێکی تیۆری لە خەسڵەتی رۆژهەڵاتیەکان لە جیهانی واقیعی بەسەر رەفتاری رۆژهەڵاتیەکان پەیڕەو کراوە. لەلایەک رۆژئاواییەکان هەن، لەلایەکەی دی عەرەبە رۆژهەڵاتیەکان. یەکەمیان (نموونە بێ ریزکردن دەهێنینەوە) ئاقڵمەندن، ئاشتیخوازن،



https://t.me/kurdistanbooks

ئازادیخوازن، لۆژیکین، دەتوانن نرخ و بەها راستەقینەکان بپارێزن، بە سروشت کەسانی گومانبار نین، هەرچی دووەمیانە هیچ یەکێک لەم خەسڵەتانەیان نیە. لە کام روانین و نیگای کۆلەکتیڤی لە هەمان کات وردەکار و وردبین لەبارەی رۆژهەڵات ئەم وتە و دڵنیاییە دەرچوونە؟ بە کام توانا و لێهاتوویی تایبەت، بە کام فشاری ئەندێشە، کام دامەزراوە و کام نەریت، کام هێزی کولتووری ئەم پێچواندنە ئەمەندە روونە بەرهەم دەهێنێ لە نێوان وەسفی رۆژهەڵات کە لەلایەن کرۆمەر و بەلفور هەیە لەلایەک و پیاوانی دەوڵەت، هاوچەرخەکانمان لە لایەکی دی دەیاندۆزینەوە؟



https://t.me/kurdistanbooks

https://t.me/kurdistanbooks

## 2

# جیوگرافیای خەیاڵی و نوێنەرایەتیکردنەکانی بەرۆژهەڵاتیکردنی رۆژهەڵاتی

رۆژهەڵاتناسی زۆر بە وردی بوارێکی پسپۆڕی باڵای زانستییە. لەو باوەڕەداین سەرەتای فەرمی دەگەڕێتەوە بۆ رۆژئاوای کریستیانی، بۆ بڕیاری ئەنجومەنی ڤییەنای ساڵی 1312 کە زنجیرەیەک کورسی خوێندنی ئەکادیمی بۆ زمانەکانی "عەرەبی، یۆنانی، عیبری و سریانی، لە پاریس، ئۆکسفۆرد، بوولۆن، ئەڤینیۆن، سەلەمانک" تەرخان کرد.(18) بە وردبوونەوە لە رۆژهەڵاتناسی، دەبێ نەک هەر تەنیا رۆژهەڵاتناسی پیشەکار و چالاکییەکەی لەبەرچاو بگیرێ بەڵکو دەبێ چەمکی بوارێکی توێژینەوەش لەبەرچاو بگیرێ کە لەسەر بنچینەی یەکێتی جیۆگرافی، کولتووری، زمانناسی و ئیتنیکی دامەزرابێ کە پێی دەگوترێ رۆژهەڵات. هەڵبەت بوارەکان دادەهێنرێن. لەگەڵ وەخت یەکانگیری و توندوتۆڵی لۆژیکی وەردەگرێ، چونکە توێژەرانی زانستی بە هەر چەشنێک بێ خۆیان تەرخان دەکەن بۆ ئەو بوارەی دەشێ بە گشتی قبوڵ بکرێ. بەڵام شتێکی ئاساییە بوارێکی لێکۆڵینەوە بە دەگمەن بەو سادەییە پێناسە دەکرێ کە لایەنگرە زۆر دڵنیاکان داکۆکی لێ دەکەن، کە بە شێوەیەکی ئاسایی کەسانی



https://t.me/kurdistanbooks

توێژەری پسپۆڕی باڵا و، پرۆفیسۆر و شارەزان،...هتد. لەولاشەوە دەشێ بوارێک بە تەواوی بگۆڕێ، لە نێو بوارە باوەکانیش وەک فیلۆلۆژی، مێژوو یان ئاییناسی، ئەگەرچی تا رادەیەک مەحاڵیشە پێناسەیەکی بدرێتێ بۆ هەموو بابەتێک بشێ. ئەمەش بە دڵنیاییەوە راستە بۆ رۆژهەڵاتناسی، لەبەر هەندێ هۆ کە جۆرە بەرژەوەندییەکی تێدایە.

قسەکردن لەبارەی پسپۆڕییەکی زانستی وەک "بوارێک"ی جیۆگرافی، لە حاڵەتی رۆژهەڵاتناسی مانای روونی خۆی هەیە، چونکە هیچ کەسێک ناچێ بیر لە بوارێکی هاوتا بکاتەوە وەک "رۆژئاواناسی". لێرەوە هەڵوێستی تایبەتی رەسەنی رۆژهەڵاتناسیش یەکسەر دەردەکەوێ. لەبەرئەوەی، زۆرێک لە بواری زانستی پێویستی بە هەڵوێست وەرگرتنە بەرانبەر بە ماتریالێکی مرۆیی، دەتوانین بڵێین (مێژووناسێک لە روانگەیەکی تایبەتی ئەمرۆ بایەخ بە رابردووی مرۆڤەکان دەدا)، هاوتەریبێکی راستەقینە بۆ ئەم هەڵوێست وەرگرتنە جێگیرە نیە، کەم و زۆر جیۆگرافی بێ، بەرانبەر بە واقیعە کۆمەڵایەتییەکان، زماننناسییەکان، سیاسی و مێژووییە جۆراوجۆرەکان. کلاسیکناسەکان، شارەزایانی زمانەکانی رۆمانی، ئەمریکاناسەکانیش، سەنتەری بەرژەوەندی ئەوان پارچەیەکی رێژەیی بێ فیزی جیهانە، نەک نیوەیەکی زۆری ئەم جیهانە. بەڵام رۆژهەڵاتناسی بوارێکە ئاوات و خواستێکی جیۆگرافی بەرچاوی هەیە. ئینجا لەبەرئەوەی رۆژهەڵاتناسەکان نەریتخوازانە بایەخ بە شتەکانی رۆژهەڵات نادەن (توێژەرێکی پسپۆڕ لە شەریعەتی ئیسلامی، هەر بەو ئاستەی یەکێکی دی لە بواری دیالێکتەکانی زمانی چینی یان ئایینەکانی هیندستان، بە رۆژهەڵاتناس لەقەڵەم دەدرێن، بێگومان لەلایەن کەسانێک کە ئەوان خۆیان بە رۆژهەڵاتناس دادەنێن)، ئێمە دەبێ خۆمان رابهێنین لەگەڵ ئەو ئایدیایەی کە یەکێ لە خەسڵەتە



https://t.me/kurdistanbooks

سەرەکییەکانی رۆژهەڵاتناسی بەرینییە بێ سنووورەکەیەتی، سرک و پەنهانە، لەولاشەوە توانایەکی بێپایانی دابەشبوونی هەیە: تێکەڵەیەکی سەر لێشێوێنەری پڕ لە تەم و مژی ئیمپڕاتۆرییە، پڕ لە وردەکاری دیارە.

هەموو ئەمانە وەسفە بۆ رۆژهەڵاتناسی وەک دیسیپلینێکی ئەکادێمی. پاشگری isme ی رۆژهەڵاتناسی Orientalisme تایبەتمەندی ئەو بوارە پیشان دەدا. رێسای گەشەسەندنە مێژووییەکەی فراوانبوونی بواری رۆژهەڵاتناسی بووە نەک هەڵاوێردنێکی زۆر. رۆژهەڵاتناسەکانی سەردەمی بووژانەوە، وەک "ئەرپێنیوس" و "گییۆم پۆستێل"، بە پلەی یەکەم پسپۆڕ بوون لە وڵاتانی "کتێبی پیرۆز"، ئەگەرچی پۆستێل خۆی وانیشاندەدا تواناى ئەوەی هەیە بە هەموو ئاسیادا تێپەڕێ تا دەگاتە چین بێ ئەوەی پێویستی بە وەرگێڕ هەبێ. بە شێوەیەکی گشتی، رۆژهەڵاتناسەکان تا ناوەڕاستی سەدەی هەژدەم، شارەزا و پسپۆڕی باڵای "کتێبی پیرۆز" بوون، هی زمانە سامییەکان، هی ئیسلام. بێجگە لەمە جێزویتەکان (یەسوعییەکان) رێگای لێکۆڵینەوە لە زمانە چینییەکانیان خۆشکرد، ئەوان بە چینیناس دەناسران. تەنیا لە کۆتایی سەدەی هەژدەم توانرا تەواوی پانتایی ئاسیای ناوەڕاست لەلایەن رۆژهەڵاتناسەکان بناسرێ، کە "ئەنکتیل دوپێرۆن" و "سێر ویلیەم جۆنز" توانییان لە دەوڵەمەندی بێهاوتایی ئاڤێستا و سانسکریتی بگەن و بیناسێنن. نزیک لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم، رۆژهەڵاتناسی بووبووە بەرینترین گەنجینەی لە خەیاڵ نەهاتوو.

دوو نیشانە هەن ئەم ئاراستەی هەڵاوێردنە نوێ و سەرکەوتووە بە شێوەیەکی نایاب پیشان دەدەن. دەتوانین یەکەمیان لە وەسفی ئەنسکلۆپێدیای رۆژهەڵاتناسی بدۆزینەوە، تا رادەیەک لە نێوان 1765 و 1850، کە رایمۆند شواب لە کتێبەکەی "بووژانەوەی


https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵاتناسی"(19) باسی دەکا. تەواو لە دەرەوەی دۆزینەوە زانستییەکان لەبارەی شتەکانی ڕۆژهەڵات کە توێژەرانی زانستی لەم ماوەیە لە ئۆروپا دەیانکرد، ڕۆژهەڵات orientalia وەک پەتایەکی لێهاتبوو تووشی ژمارەیەکی زۆر لە شاعیران و وتارنووسان و فەیلەسوفانی ئەو سەردەمە بووبوو. رایمۆند شواب پێیوایە کە وشەی "ڕۆژهەڵاتی oriental " بە مانای شەوقێکی ئەماتۆرانە و پیشەییانە دێ بۆ هەموو شتێکی ئاسایی، ئەم وشەیە هاوواتایەکی جوان و پوختی هەرچی ئێگزۆتیک (ناوێزە و غەریب) و پڕ لە ڕاز، قووڵ، "تۆ" séminal دێ. بە مانای گواستنەوەیەکی هاوشێوەی زیاتر نوێی ئەو حەماسەتە دەهات کە بە هەمان ئاست ئۆروپییەکانی سەرەتای سەردەمی بووژانەوە بۆ سەردەمی کەونارای یۆنانی "ئەنتیکیتێ Antiquité" هەیانبوو.ساڵی 1829 ڤیکتۆر هوگۆ لەم گۆڕانە ئاراستەیەکی دیکە وەردەگرێ:"لە سەدەی لویسی چواردە ئێمە هێلینیست (یۆنانییەکانی پێش زایین) بووین، ئێستە ئێمە ڕۆژهەڵاتین."(20) کەواتە ڕۆژهەڵاتناسەکان لە سەدەی نۆزدەم توێژەری زانستی (چینیناس، ئیسلامناس، شارەزا لە هیندوئۆروپییەکان بوون) یان کەسێک بوون حەماسەت و بەهرەداربوون (وەک ڤیکتۆر هوگۆ لە دیوانی"ڕۆژهەڵاتییەکان"، گۆتە لە "دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی" یان کەسانی وەک "ریتشارد بورتۆن، ئێدوارد لان، فرێدێریک شلیگل بوون".

نیشانەی دووەم ئەوە پیشان دەدا کە ڕۆژهەڵاتناسی هەر لە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ڤیەنناوە چەندە بووەتە کۆکەرەوە، ئەمەش لە تۆمارەکانی سەدەی نۆزدەم دەدۆزرێتەوە کە بوارەکە خۆی لەمانەوە دەرهاتووە. یەکێ لەو تۆمارانەی کە لە هەموویان پڕتر و تەواوترە کتێبی: "بیست و حەوت ساڵ لە مێژووی تۆژینەوەی ڕۆژهەڵاتی"ی ژول مۆل ـــە، ئەمەش وەک ژورنال یان فەرهەنگێکە لە دوو بەش


https://t.me/kurdistanbooks

پێکهاتووه، تێبینی لەبارەی هەموو ئەو بەرهەمە دیارانەی تێدایە کە لەبارەی رۆژهەڵاتناسییە لە نێوان 1840 تا 1870. مۆل سکرتێری "کۆمەڵەی ئاسیایی" پاریس بوو. بۆ ماوەی کەمێک زیاتر لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم، پاریس پایتەختی جیهانی رۆژهەڵاتناسی بوو (بە رای ڤالتێر بنیامین پاریس پایتەختی تەواوی سەدەی نۆزدەم بووە.) پۆستی "ژول مۆل" وایکردبوو لە دڵی بواری رۆژهەڵاتناسی بژیێ. مۆل کارێکی وایکرد تا رادەیەک هەموو بەرهەمی توێژەرانی زانستی ئۆروپییەکان لەبارەی ئاسیا بۆ ماوەی بیست و حەوت ساڵ بخاتە ناو کتێبەکەی "توژینەوە رۆهەلاتییەکان". بێگومان تۆمارکردنەکانی تەنیا بڵاوکراوەکان دەگرێتەوە، بەڵام فراوانی ماتریالە بڵاوکراوەکان لەمەڕ رۆژهەڵاتناسی بێ رادە گەلێ زۆرن. وەک زمانی عەرەبی، چەندین دیالێکتی زمانەکانی هیندی، عیبری، پەهلەوی، ئاشووری، بابلی، مۆنگۆلی، چینی، بیرمانی، مێزۆپۆتامی، ژاڤانی: ئەو کارە فیلۆلۆژیانەی کە بە بەشێک لە رۆژهەڵاتناسی دادەنرێن، ئەمانەش تا رادەیەک لە ژمارە نایەن. هێشتا زیاتریش، لێکۆڵینەوە رۆژهەڵاتناسییەکان هەموو شتێکی دەگرتەوە، لە بڵاوکردنەوە و وەرگێڕانەوە بگرە تا دەگەیشتە زانستی تۆژینەوە لە پارە و سکەی کۆن، لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان، ئارکیۆلۆژییەکان، سۆسیۆلۆژییەکان، ئابوورییەکان، مێژووییەکان، ئەدەبییەکان و کولتوورییەکان لەناو تەواوی شارستانیە ناسراوەکانی ئاسیا و باکوری ئەفریقیا، لە کۆن و نوێیەکان. کتێبی "مێژووی رۆژهەڵاتناسەکانی ئۆروپا لە سەدەی 12 بۆ سەدەی 19"ی (1868-1870)ی گوستاڤ دوگا، تایبەتە بە کەسایەتییە باڵادەستەکان، بەڵام جۆراوجۆری بابەتە باسکراوەکانی هیچی لە دەوڵەمەندیی کەمتر نیە لەوەی ژول مۆل.



https://t.me/kurdistanbooks

بێگومان لێکۆڵینەوەی هەڵاوێردنی لەم جۆرە بەو مانایە نایێ شت پشتگوێ نەخراوە. زۆربەی رۆژهەڵاتناسە ئەکادیمییەکان بایەخیان بە سەردەمی کلاسیکی زمان یان ئەو کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە داوە. تەنیا لە سەردەمێکی درەنگ لە سەدەی نۆزدەم، لەگەڵ "ئەنستیتوی میسری"ی ناپۆلیۆن، ئاراستەی تۆژینەوە بەرەو لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لە بارەی رۆژهەڵاتی مۆدێرن یان هاوچەرخ دەچێ. بێجگە لەمەش، لێکۆڵینەوە لە رۆژهەڵات بە شێوەیەکی گشتی بە مانایێ جیهانێکی سەر بە تۆژینەوە لە تێکست دەهات، واتە کاریگەری رۆژهەڵات لە رێگەی کتێب و دەستنووس دەردەکەوت نەک وەک ئەو کاریگەرییەی یۆنان هەیبووە لەسەر سەردەمی بووژانەوە لە رێگەی کارە هونەرییەکان وەک پەیکەرتاشی و گۆزەکاری. ئەو پەویوەندییەی لە نێوان رۆژهەڵاتناس و رۆژهەڵات خۆی هەبووە لە رێگای تێکستەوە بووە، ئەمە بە رادەیەکی ئەوتۆ بووە لە هەندێ رۆژهەڵاتناسی ئەلمانی سەرەتای سەدەی نۆزدەم دەگێڕنەوە، لەگەڵ یەکەم بینینی پەیکەرێکی هیندی هەشت گەز بڵند، لە چەشەی رۆژهەڵاتناسیانەیان چاکبوونەتەوە.(23)

کاتێ کە رۆژهەڵاتناسێک سەفەری دەکرد بۆ وڵاتی پسپۆڕییەکەی خۆی، هەردەم زەینی خۆی بە کۆمەڵێک حیکمەت و پەندی موجەڕەدی توند وبەند لەبارەی ئەو "شارستانیەی" لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرد پڕ دەکرد و دادەپۆشت. دەگمەن بوون ئەو رۆژهەڵاتناسانەی گرینگی بە شتێکی دی بدەن، تەنیا هەوڵیاندەدا ئەو "هەقیقەتە" کەڕووهەڵێناوانە، بێ هیچ سەرکەوتنێک بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتە کە لەوان نەدەگەیشتن پەیڕەو بکەن، سەرەنجام خەڵکەکەیان بە دواکەوتوو و نەزان دادەنا. دواجار دەستەڵات و ئامانجی رۆژهەڵاتناسی خۆیشی نەک هەر ژمارەیەکی زۆر لە زانینی دروست و ئەرێنییان بەرهەم هێنا، بەڵکو هێشتا، جۆرە زانینێکی دیکەی پلە



https://t.me/kurdistanbooks

دووشییان بەرهەم هێنا، ئەمانە کەوتبوونە ناو چیرۆک یان ئەو هەقایەت"انەی "ڕۆژهەڵاتییەکان"، ناو میتۆلۆژی پڕ لە تەم و مژی ڕۆژهەڵات، ئایدیای وەک ئەوەی ئاسیاییەکان خوێندنەوەیان سەختە، ژیانی تایبەتی خۆیان هەیە، هەروەک "ڤ.گ. کیرنان" بە روونی لەم بارەیەوە دەڵێ: "خەونی بە کۆمەڵی بەئاگاهاتنەوەی ئۆروپا لەبارەی ڕۆژهەڵات". ئەمەش ئەنجامێکی دڵگیری هەبوو: ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی سەدەی نۆزدەم شەوق و ئارەزوویان بۆ ڕۆژهەڵات هەبوو، لەو باوەڕەدام شتێکی تەواو دروست و ڕێگەپێدراوە باس لە ڕۆژهەڵاتناسی بکەم وەک جۆرێکی ئەدەبی بەرجەستەکراو لە کارەکانی هوگۆ، نێرڤال، گۆتە، فلۆبێر، فیتزجرالد و هی دی. لەگەڵ ئەمەش کارێکی لەم جۆرە هەردەم وێڕای میتۆلۆژییەکی زۆر و زەبەندی ڕۆژهەڵات خۆی دەنوێنێ، ڕۆژهەڵاتێک کە نەک تەنیا بەرانبەر هەڵوێستی هاوچەرخەکانمان و حوکم لەسەردانی بێ پێشینە میللییەکان ئاوەژوو نابێ، بەڵکو هەروەکو "ڤیکۆ" ناوی لێ دەنێ: غروری نەتەوەکان و پسپۆڕە باڵاکان. پێشتر باسی بەکارهێنانی سیاسییانەی ئەم ماتریالەم کردووە لەمەڕ سەدەی بیستەم.

ئەمڕۆ کەمتر شیمانەی ئەوە هەیە ڕۆژهەڵاتناسێک خۆی بە ڕۆژهەڵاتناس بناسێنێ، تەواو کەمتر لە هەموو سەردەمێک، یان بەلای کەمی وەک پێش جەنگی دووەمی جیهانی. ئەم سیفەتە، لەگەڵ ئەمەش، بەردەوام سوود و بەکارهێنانی خۆی هەیە، بۆ نموونە کە دانیشگاکان پشتگیری بەردەوامیان لە پرۆگرامەکان دەکرد، لە بەشی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان یان شارستانییە ڕۆژهەڵاتییەکان. لە زانکۆی ئۆکسفۆرد "کۆلیژێک" بۆ لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتییەکان هەیە و بەشێکی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتیش لە زانکۆی پرینستۆن هەیە. هێشتا، ساڵی 1959 حکومەتی بەریتانی کۆمیسیۆنێکی پێکهێنا بۆ پشکنینی ئەو پێشکەوتنانەی لە زانکۆکان بە دەست هێنراون لە بواری "لێکۆڵینەوە


https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵاتییەکان"، وەک لێکۆڵینەوە سلاڤییەکان، ئۆرووپای ڕۆژهەڵات و لێکۆڵینەوە ئەفریقییەکان و، (...) بایەخدان و پێشکەشکردنی ڕاوێژ و پێشنیار بۆ گەشەپێدانی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتییەکان."(25) پێدەچێ مانای ئەمەندە بەرینی وشەی "ڕۆژهەڵات"بۆ ڕاپۆرتەکەی هایتەر هەراسان نەبووبێ (هەر ئەو ناوە بوو کە لە ساڵی 1961 ڕاپۆرتەکە بڵاوبووەوە وەریگرتبوو.) ئەو مانایەی بەلای زانکۆ ئەمریکییەکانیش لە جێی خۆی بووە. وابوو، بۆ نموونە گەورەترین ناو لە بواری لێکۆڵینەوە لە ئیسلامناسی ئەنگلۆئەمریکییەکان "ە.ئا.ر.گایب"ە، ئەو بەلایەوە پەسندتر بوو خۆی بە ڕۆژهەڵاتناس بناسێنێ وەک لە عەرەبناس. ئەو کە کەسێکی "کلاسیست" بوو، دەیتوانی ئەو هەڵکەوتە نیۆلۆجیزمە تۆقێنەرەی "هەرێمی کولتووری area study " بەکاربهێنێ بۆ ناساندن و دیاریکردنی وەک ڕۆژهەڵاتناسی، ئەمەش شێوازێک بوو بۆ پێشاندانی "هەرێمی کولتووری" و ڕۆژهەڵاتناسی، دواجار چ نەبوو جگە لە ناولێنانێکی جیۆگرافی کە لەناوەوە لەگەڵ یەکتری جێگۆڕکێ دەکەن. (26) من لەو باوەڕەدام ئەمەیان شێوازێکی ساویلکانەیە بۆ داپۆشینی پەیوەندی سەرنجڕاکێشتر لە نێوان زانین و جیۆگرافی، کە پەیوەندییەکە لێرە بە دواوە بە خێرایی لێی دەکۆڵمەوە.

سەرەڕای وێلی کە سەرچاوەکەی بریتییە لە کۆمەڵێک ئارەزووی پەنهان و شاراوە و وێنا یان ئیماژ، پێدەچێ ئەقڵ ئەوەی لێڤی ستڕۆس وێڕای پێداگیری ناوی لێ دەنێ زانستی بەرجەستە (27) دابڕێژێ. (...) ئەو ڕێکخستنەی ئەقڵ پێویستی پێیەتی بە هۆی پۆلینکردنێکی سەرەتایی دەیگەیەنێ. بەڵام هەمیشە بەشێک لە زۆرداری لە شێوازی وەرگرتنی جیاکاری لە نێوان شتەکاندا هەیە، ئەو شتانەی ئەگەرچی خۆیان پێدەچێ بە شێوەیەکی مەوزوعی هەبن، زۆرجار تەنیا وەک واقیعێکی وەهمین. ئەو خەڵکەی لە چەند دۆنمێک زەوی


https://t.me/kurdistanbooks

دادەنیشن دەچن سنووریک لە نێوان زەوی خۆیان و زەوی دەوروبەری هاوسێ و زەوی دوورتر دەکێشن، ناویان لێ دەنێن "وڵاتی بەربەرەکان یان (کێوییەکان)". بە مانایەکی دی، وەک کردەی جیهانی ئەوەیە لە ئەقڵی خۆی شوێنێکی ماڵیی وەک هی"ئێمە" و شوێنێکی دی وەک هی "ئەوان" دەستنیشان بکا، ئەمەش شێوازێکە بۆ جیاکارییە جیۆگرافییەکان کە دەشێ بە تەواوی زۆرداری تێدابێ. لێرە وشەی "زۆرداری" بەکاردەهێنم، چونکە جیۆگرافیای خەیاڵی لە جۆری "وڵاتی ئێمە بەرانبەر بە وڵاتی بەربەرەکان (کێوییەکان)" داوای ئەوە ناکا ئەمانەی دوایی دان بەم جیاکارییەدا بنێن. هەرئەوەندە بۆ "ئێمە" هەموو شتێکە سنوورەکان لەناو ئەقڵی خۆمان بکێشین، بەم جۆرە "ئەوان" دەبنە "خۆیان" و، خاکەکەشیان لە دەروون و ئەقڵیان وەک خاکێکی جیاواز لە هی "ئێمە" دەستنیشان دەکرێ. تا رادەیەکی دیاریکراو، پێدەچێ کۆمەڵە مۆدێرنەکان و کۆمەڵە سەرەتاییەکان بەم جۆرە بە شێوەیەکی نەرێنی مانایەک بۆ ناسنامەی خۆیان بە دەست بهێنن. ئاتێن- یەکی سەدەی پێنجەم لەوانەیە هەستی نەکردبێ بەو ئاستە بەربەرە وەک لەوەی بە ئەرێنی هەستی کردووە ئاتێن- ییە. سنوورەکانی جیۆگرافیا هەردەم لەگەڵ شێوازێکی چاوەڕوانکراوی سنوورە کۆمەڵایەتی و ئیتنیکی و کولتوورییەکانە. لەگەڵ ئەمەش، زۆرجار وارێدەکەوێ ئێمە هەست نەکەین بێگانەین، ئەمەش لەبەر ئایدیایەکی کەم توندوتۆڵی ئەوەی کە "لەوێیە"، لە دەرەوەی خاکی تایبەت بە خۆمان. پێدەچێ هەموو جۆرە گریمانەیەک، پەیوەندییەک و خەیاڵێک خۆیان لەناو شوێنێکی بێگانە و نەناسراو چڕ بکەنەوە، کە لە دەرەوەی ئێمەیە.

گاستۆن باشلار شیکردنەوەی لە بارەی شوێن هەیە بە ناوی شیعرییەتی شوێن.(28) دەڵێ ناوەوەی ماڵێک، هەستی کەسیی تایبەت بە خۆمان دەداتێ، هەستی نهێنی، ئاسایش، هەقیقی یان خەیاڵی،


https://t.me/kurdistanbooks

ئەمەش لەبەر ئەو ئەزموونە تایبەتییانەی بەو "ناوەوە"یە خۆیان دەردەخەن. شوێنی مەوزوعی ماڵێک، گۆشەکانی، داڵانەکانی، ژێرزەمینەکەی، ژوورەکانی، لە دوورەوە کەمتر بایەخیان هەیە، وەک لەوەی ئەو ماڵە بە شیعرییەت بارگەکراوە و، کە بە نەریت چلۆنایەتییەکە خەسڵەتێکی ئەندێشەیی یان مەجازی هەیە کە ئێمە دەتوانین دیاری بکەین یان ئەزموونی بکەین: دەشێ ماڵێک لانەی ترس بێ، یان تێیدا هەست بکەین لە ماڵی خۆمانین، یان زیندان بێ، دەشێ ماڵێک پڕ لە ئەفسوون بێ. بەم جۆرە شوێن سیفەتێکی دەروونی و ئەقڵانیش وەرگرێ، ئەمەش بە جۆرێک لە پرۆسەی شیعرییەت کە وا دەکا شوێنە چۆڵ و درێژبووەوەکان، پەنهان و نەناسراوبن، بۆ ئێمە لێرە، مانا بدەنە خۆیان.

کە سەروکارمان لەگەڵ زەمەندایە هەمان پرۆسە دووبارە دەبێتەوە. بەشێکی گەورە لەوەی ئێمە دەیبەستینەوە بە ماوە و سەردەمەکان وەک "ماوەیەکی گەلێ زۆرە"، "لە سەرەتادا" یان "لە کۆتایی دنیا"، هەتا ئەوەش کە لە بارەی ئەمەوە دەیزانین، شیعرین، واتە دروستکراون. بۆ مێژووناسێکی "میسر لە سەردەمی ئیمپراتۆری ناوەند"، "ماوەیەکی گەلێ زۆرە" مانایەکی زۆر روونی هەیە، بەڵام ئەمەش خۆی ناتوانێ ئەو چلۆنایەتییە ئەندێشەییە بسڕێتەوە کە تا رادەیەک خەیاڵە، کە هەست دەکەین شادراوەتەوە لەناو زەمەنێکی زۆر جیاواز و دوور لە خۆمان. هیچ گومانێک نیە، هەڵبەت، کە جیۆگرافیا و مێژووە خەیاڵییەکان یارمەتی ئەقڵ دەدەن هەستی تایبەت بە کەسیی خۆی چڕتر بکاتەوە، بە دراماتیکی کردنی نێوانەکان و جیاوازییەکان لە نێوان ئەوەی کە نزیکە و ئەوەی کە دوورە. ئەمە راستتر نیە لەو هەستەی کە زۆرجار ئێمە هەمانە، کە دەشێ ئێمە هەست بکەین باشترین، "لە ماڵی خۆمان" لە سەدەی شازدە، لە تاهیتی.


https://t.me/kurdistanbooks

لەگەڵ ئەمەش سوودێکی نیە، لافی ئەوە لێدەین هەموو ئەوەی دەیزانین لەبارەی زەمەن و شوێن، یان زیاتر مێژوو و جیۆگرافیا، زیاد لە هەر شتێکی دی سەر بە ئەندێشەن. مێژوویکی پۆزەتیڤ هەیە، جیۆگرافیایەکی پۆزەتیڤیش هەیە کە دەتوانن خۆیان وا پیشان بدەن لە ئۆروپا و ولاتەیەکگرتووەکان خاوەن ئەنجامێکی جوانن. بۆ نموونە پسپۆڕە بالاکان ئەمڕۆ لەم بارەیەوە لەسەر جیهان، رابردووی، سەردەمی ئێستەی، زیاتر دەزانن وەک لە سەردەمی گیبۆن. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نادا کە ئەوان هەموو شتێک دەزان کە دەبێ بیزانن، هەروا ئەو مانایەش نادا، چی زیاتر بایەخدارترە، وەک لەوەی دەیزانن، بە کردە ناسینی جیۆگرافیا و مێژووی خەیاڵی رەواندۆتەوە کە قسەم لە بارەیەوە کرد. ئێمە پێویستیمان بە زانینێکی خەیاڵی لەم جۆرە نیە لێرە، ئایە مۆرکی خۆی لەسەر مێژوو و جیۆگرافیا بەجێدەهێڵێ یان ئایە بە مانایەک لێیان رەت دەبێ، هەر ئەوەندە هەموو شتێکە بۆ ئەم ساتە وەک شتێکی زیاد لێرەیە وەک لەوەی دەردەکەوێ بە سادەیی زانینێکی پۆزەتیڤ بێ.

لە ئۆروپا، هەر لە ئەسڵەوە یان نزیک لەوە، رۆژهەلات ئایدیایەکە لەوە تێدەپەڕێ کە بە ئەزموون لەبارەیەوە دەیزانین. بە لای کەمی تا سەدەی هەژدەم، هەروەکو "ر. و. سووزرن" بەو هەموو جوانیەوە پیشانی داوە، ئۆروپا زیرەکییەکی هەبوو لەسەر بنچینەی نەزانینی (گرێ) یەکێک لە فۆرمە کولتوورییەکانی رۆژهەلات دامەزراندبوو، ئەویش کولتووری ئیسلامی بوو.(29) چونکە چەمکی رۆژهەلات پێدەچێ هەردەم کۆمەڵێک ئایدیای بۆ خۆی راکێشاوە یان لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە، نە بە نەزانینی بێگەرد دیاریکراون نە بە تەنیا بە زانیاری. لە راستیدا، هەندێ پەیوەندی لەگەڵ رۆژهەلات، (نە تەواو نەزانراو نە تەواو زانراو) وادێتە بەرچاو هەمیشە لە دەورەی چەمکی رۆژهەلاتێکە.



https://t.me/kurdistanbooks

با سەرەتا سەرنجی جیاکردنەوە لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا بدەین، پێشتر هەر لە سەردەمی ئیلیادەوە بە زەقی دەرکەوتبوو. دوو خەسڵەت لە پەیوەندی بە رۆژهەڵات کە زۆرترین کاریگەریان نواندبێ لە شانۆنامەی "فارسەکان"ی "ئێشیل"ە (یان ئەسخیلوس)، کە کۆنترین شانۆنامەی ئاتێن-ییە کە تا ئێستە ماوە و، لەگەڵ شانۆنامەی "باکانتەکان – باخوسەکان"ی یورپیدوس، کە دوا شانۆنامەیە کە ئەویش تا ئێستە ماوەتەوە. ئێشیل وەسفی هەستی کارەسات دەکا کە تووشی فارسەکان بووە، کاتێ کە دەزانن سوپاکەیان بە سەرۆکایەتی خشایارشا، بە دەستی یۆنانییەکان شکاوە. کۆرال ئەم سرووده دەخوێنێ:

(بەلێ، وەختی هات هەموو ئاسیا بنالێنێ هەست بکا بەتاڵە. خشایارشا پێشەوایی دەکردن، حەیف! خشایارشا بە فەتارەتی دان، حەیف! خشایارشا پێشەوایی هەمووانی دەکرد، شێتانە، حەیف! خشایارشا و کەشتییەکانی! ئاە بۆچی داریوش، ئەو، خۆی، شایەکی ئەوەندە دلۆڤان بوو بۆ ئەوانەی خۆی، داریوش، تیرهاوێژ، سەرکردەی خۆشەویستی شوش؟) (30)

ئەوەی کە لێرە حسێبی بۆ دەکرێ ئەوەیە کە ئاسیا لە رێگەی خەیاڵی ئۆروپا قسە دەکا، کە وەک سەرکەوتوویێک بەسەر ئاسیا وەسف کراوە، ئەم "ئەویتر"ە جیهانێکی دژە تا ئەودیوی دەریاکان. هەست و سۆزی بەتاڵ و بزربوون و کارەسات دراوەتە پاڵ ئاسیا: ئەمەش ئەو نرخەیە کە پێدەچێ رۆژهەڵات دەبێ بیداتە رۆژئاوا بەرانبەر بە هەرەشەکانی و لە هەمان کات ناڵە و ئازاریشە بۆ لە دەستچوونی رابردوویێکی شکۆمەند کە ئاسیا ئەوسا زۆر سەرفراز بووە، ئەو خۆی توانی سەرکەوتووبێ بەسەر ئۆروپا.



https://t.me/kurdistanbooks

لەوانەیە شانۆنامەی "باکانتەکان – باخوسەکان" لە هەموو دراماکانی ئاتێنی زیاتر ئاسیایی بێ، دیۆنیزۆس بە شێوەیەکی شاراوە لە پەیوەندی دایە لەگەڵ نەژادە ئاسیاییەکانی خۆی و لەگەڵ هەندێ زیادەڕەوی غەریبی هەڕەشەی لێڵ و پەنهانی رۆژهەڵاتی. "پەنتێ"، پاشای تێب، لەلایەن دایکی خۆی "ئەگاڤێ" و باخوسەکانی دی دەکوژرێ. چونکە ئاڵنگاری دیۆنیزۆسی کردووە، نە دان بە دەستەڵاتیدا بنێ نە سیفەتی خوداییەکەی بناسێ، بەم جۆرە پەنتێ دڕندانە سزا دەدرێ و، شانۆنامەکەش بە ناسین و دانپێدانانی گشتی دەستەڵاتی تۆقێنەری ئەم خودا لاچەپە کۆتایی دێ. شیکارە هاوچەرخەکانی "باکانتەکان – باخوسەکان" لە بیریان نەکردووە تێبینی نرخ و بەهای نایابی کاریگەری رۆشنگەری و ئێستێتیکی ئەم شانۆنامەیە بکەن، وردەکارییەکی مێژوویی چیە بەسەریاندا تێنەپەڕیوە: یورپیدوس بە دڵنیاییەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو دیمەنە نوێیەی دەبوایە لە پەرستشی دیۆنیزیاک (خوای با) وەرگرن لەبەر رۆشنایی ئایینزا بە خەسڵەت پێکهاتوو لە حەماسەت و وەجدی بیانی وەک "بەندیس" و "سیبێل" و "سابازیۆ" و "ئەدۆنیس" و "ئیزیس" کە خۆیان خزاندبووە ناوچەکانی ئاسیای بچووک و رۆژهەڵاتی مێدیترانێ (دەریای ناوەڕاست) کە "پیرێ" و "ئاتێن"یان راماڵی بوو، بە تایبەتی لە ماوەی سالانی پەریشانی و دڵ سارد و نائەقڵانی فراژی دوای جەنگی "پێلۆپنێس." (31)

ئەم هەر دوو دیمەنەی رۆژهەڵات کە وەک نەیار بەرانبەر بە رۆژئاوا دەوەستن لە هەر یەک لەو شانۆنامانە دواجار وەک هاندەری سەرەکی ئەندێشەی جیۆگرافی ئۆروپا دەمێننەوە. هێڵێکی هاوبەش لە نێوان هەر دوو کیشوەر راکێشراوە. ئۆروپا بەهێزە و دەتوانێ لە خۆی دەربڕێ، ئاسیا رووخاوە و دوورکەوتۆتەوە. ئێشیل نوێنەرایەتی ئاسیا دەکا، وادەکا لە رێگەی دەمی پیرەشاژنی فارس،



https://t.me/kurdistanbooks

دایکی خشایارشا قسە بکا. ئەمە ئۆروپایە کە رۆژهەڵات بەگۆ دێنێ، ئەم فۆرم پێدانە دەستەڵاتێکە نەک هی پیشاندەری بووکەڵەیەک بەڵکو داهێنەرێکی رەسەن کە دەستەڵاتی ژیان پێدانی نوێنەر و رێکخەر و پێکهێنەری شوێنێکە لەودیوی سنوورەماڵی و ناسراوەکانە، شوێنێکە، بە مانایەکی دی بێدەنگ و مەترسیدار. هاوتەریبییەک هەیە لە نێوان ئۆرکێسترای ئێشیل کە جیهانی ئاسیایی دەگرێتە خۆی بەو شێوەی درامانووس تێی گەیشتووە لەگەڵ پاکێجی پسپۆڕی و تۆژینەوەی زانستی لەلای رۆژهەڵاتناسان، کە ئەویش خۆی بە توندی لەناو بەرینی و بێ شێوەیی و شل و خاوی ئاسیایی رادەگرێ بۆ ئەوەی بیخاتە ژێر تاقیکردنەوەیەک کە هەندێ جار دڵگیرە بەڵام هەمیشە باڵادەستە.

دووەمینیان هاندەری رۆژهەڵاتە وەک ئاماژەیەکی مەترسیدار. ئەقلانییەت مینرێژکراوە بە خەسڵەتێکی "زیادەڕەوی" رۆژهەڵات، کە تەمومژی خۆی وەک بچمێکی سەرنجڕاکێش دەخاتە بەرانبەر نرخ و بەهایەک وا دێنە بەرچاو ئاسایی بن. ئەو جیاوازییەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لێکجیادەکاتەوە بەو سەختییە بە رەمزی کراوە کە "پەنتێ" سەرەتا باخوسە وروووژاوەکان رەت دەکاتەوە. کاتێ، دواتر، ئەو خۆی دەبێتە باخوس، دەکوژرێ، زۆر لەبەرئەوە نا ملی داوە بۆ دیۆنیزۆس بەڵکو لەبەرئەوەی هەر لە سەرەتاوە بە خراپی هەڕەشەکانی هەڵسەنگاندووە.

ئەو دەرسەی کە یورپیدوس دەیەوێ بیداتەوە بە بوونی کادموس و تێریزیاس لەناو شانۆنامەکە مەسەلەکەی زیاتر دراماتیکی کردووە، ئەمانە دوو حەکیمی پیرن لەو باوەڕەدان کە تەنیا "سەروەری" فەرمانڕەوایی مرۆیەکان ناکا، ئەوان دەڵێن لە حوکمدان دەبێ بە دروستی لە هێز و توانای زلهێزە بێگانەکان تێبگەی و پێشبینیان بۆ بکەی، بۆ ئەوەی بە لێوەشاوەییەوە خۆتی لەگەڵ بگونجێنی. پاشان،



https://t.me/kurdistanbooks

نهێنی ڕۆژهەڵاتییەکان بە هەند وەردەگیرێن، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی هەڕەشەن لەسەر ڕوحی ئەقڵانی ڕۆژئاوا، بتوانێ بەشێوەیەکی نوێ خواستە نوێیەکان و دەستەڵاتی هەمیشەیی خۆی بەکاربهێنێ.

بەڵام دابەشبوونێکی گەورەی وەک ئەوەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دابەش دەکا بەرەو ئەوە دەچێ دابەشکردنی بچووکتری لێ بکەوێتەوە، بەتایبەتی کە دەسپێشخەری و پڕۆژە ئاساییەکانی شارستانی هەندێ چالاکی بە ئاراستەی دەرەوە دەورووژێنن، وەک سەفەرەکان، داگیرکارییەکان، ئەزموونە نوێیەکان. لەلای جیۆگرافیناس و مێژووناسە کەوناراکانی ڕۆما و یۆنانی کۆن، کەسایەتییە گشتییەکان وەک سێزار (قەیسەر)، وتاربێژەکان و شاعیرەکان بە قووڵی بەشداری لە زانستی تاکسۆنۆمی (زانست و پۆلێنکردنی کەلەپووری میللی و بوونەوەرە زیندووەکان) نەریتی دەکەن کە نەژادەکان و هەرێمەکان و چەمک و ئەقڵەکانی لێکجیادەکردەوە، بەشێکی زۆر لە هەموو ئەمە بۆ بەکارهێنانی ناوەوە بووە و، بوونیشی سوودی بۆ ئەوە هەبووە ئەوە بسەلمێنێ کە ڕۆمانەکان و یۆنانییەکان باڵاترن لە هەر جۆرە گەلێکی دی. بەڵام لە گرینگیدان بە ڕۆژهەڵات، نەریتی پۆلێنکردن و پلەبەندی تایبەت بە خۆی هەبوو. بەلای کەمی هەر لە سەدەی دووەمی پێش زایینەوە، هەر گەڕیدەیەک، سەردارێکی ڕۆژئاوا مەیل و خواستی بۆ ڕۆژهەڵات هەبووبێ نەیتوانیوە ئەوە لەبەرچاو نەگرێ کە هیرۆدۆت مێژوونووس بووە، گەڕیدە بووە، بنووسی چەندان سەربردەی لەبن نەهاتوو بووە، ئەسکەندەر، پاشا و سوارچاک بووە، داگیرکار و دۆزەرەوەی زانست بووە، پێشتر بێرەدا تێپەڕیوون. کەواتە ڕۆژهەڵات دەمێک بوو دابەشکرابوو بۆ چەندان هەرێم، پێشتر ناسرابوون، هیرۆدۆت و ئەسکەندەر و لایەنگرەکانی پێیدا تێپەڕیبوون و ناسیبوویان، هەرێم و ناوچەی دیکەش هەبوون کە هێشتا نەناسرابوون، کەس بۆی


https://t.me/kurdistanbooks

نەچووبوو، داگیریش نەکرابوون. بەڵام ئاینی کریستیانی چێوە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی دیاریکرد: بەم جۆرە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی دوور هەبوو، ڕۆژهەڵاتێکی ماڵیی و ناسراو هەبوو "ڕۆنێ گرووسێ" ناوی لێ دەنا: ئیمپراتۆری خاوەر (مەشریق) Levant (33)، ڕۆژهەڵاتێکی دی تازە.

کەواتە ڕۆژهەڵات جێگۆڕکێی دەکرد، لەناو جیۆگرافیای ئەقڵی لە نێوان "جیهانێکی کۆن" کە بۆی دەگەڕایەوە، وەک گەڕانەوە بۆ بەهەشتی عەدەن و بەهەشت، بۆ دانانی کۆپییەکی نوێ لە کۆنەکە و، لەگەڵ شوێنێکی تەواو نوێ کە پێی دەگەیشتین، وەک چۆن کۆلۆمبوس گەیشتبووە ئەمریکا، بۆ دامەزراندنی جیهانی نوێ" (ئەگەرچی ئەمەیان تەوس و پلارێکی تێدایە، کۆلومبوس خۆی باوەڕی کردبوو بەشێکی نوێی لە "جیهانی کۆن" دۆزیتەوە). سەرەنجام لەوە دڵنیاین کە هیچ یەکێک لەم دوو ڕۆژهەڵاتە بە تەواوی نە ئەوە نە ئەویتر: بەڵکو لەرینەوە و جێگۆڕکێیەکە لەنێوان هەردووکیان، دەستەڵاتی پێشنیارکردنیان، توانای سەرگەرم کردن و لێل کردنیان بۆ ئەقڵ بەلامانەوە سەرنجڕاکێشە.

ئەبێ سەرنجی ئەوە بدەین چۆن ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەلایەن ڕۆژئاواوە وەک پێچەوانەی گەورەی خۆی و تەواوکەری خۆی، هەر لە سەردەمی کۆنەوە ناسرا. لە سەرەتاوە "کتێبی پیرۆز" و گەشەسەندنی ئایینی کریستیانیزم هەبوو، چەندان گەڕیدەی وەک مارکۆ پۆلۆ هەبوون کە ڕێگەی بازرگانییان کێشا و سیستەمێکی دروستی گۆڕینەوەی بازرگانییان دامەزراند، پاش ئەو، "لۆدۆڤیکۆ دی ڤارتێما" و "پییێترۆ دێلا ڤالا" هەبوون، ئەفسانەنووسانی وەک ماندڤیل هەبوو، هەڵبەت بزووتنەوەی ترسناکی داگیرکردنی ڕۆژهەڵات هەبوو، بەتایبەتی ئیسلام، حاجییانی جەنگاوەر هەبوون، وەک خاچپەرستەکان. بە گشتی، ئەرشیڤێکی ڕێکخراوی ئەدەبی لەم



https://t.me/kurdistanbooks

ئەزموونانە دروست دەبێ، لەمەشەوە ژمارەیەکی دیاریکراو لە بەشی بەیەکچوو دەردەچێ وەک: سەفەر، مێژوو، چیرۆکی ئەفسانەیی، روانینی بێ پێشینە، مشتومڕ. ئەمانە هەموو دەبنە نیگا و زەرەبین کە بە هۆی ئەمانەوە رۆژهەڵات دەبینرێ، زمانی گفتوگۆ دەگۆڕێ، هەست پێکردن و ئیدراک دەگۆڕێ، فۆرمی بەیەکگەیشتنی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەگۆڕێ.

لەگەڵ ئەمەش ئەوەی جۆرێک یەکێتی دەداتە ئەم بەیەکگەیشتنە زۆرانە، ئەو هاتوچوون و لەرینەوەیەیە کە پێشتر باسم کرد. هەڵبەت ئەوەی بیانی و دوور بووە بۆ هەر مەبەستێک بێت ستاتوی شتێک وەردەگرێ زیاتر ماڵیی و ناسراو بێ. مەیل بۆ ئەوە دەچێ کۆتایی بێنین بە حوکمدان لەسەر ئەو شتانەی وەک تەواو نوێ یان وەک تەواو ناسراو دێنە بەرچاو: لێرەوە کاتیگۆرییەکی ناوەنجی سەرهەڵدەدا، ئەم کاتیگۆرییەش رێ بۆ ئەوە خۆش دەکا حسێب بۆ شتی هەرە تازە و نوێ بکەین، شتی نوێی بینراو بۆ یەکەمین جار وەک کۆپییەک لە شتەکان پێشتر ناسرابێ. بە جەوهەر، ئەم کاتیگۆرییە، زیاتر وەک شێوازێک بۆ بەدەستهێنانی زانیارییە نوێیەکان، مێتۆدێکە بۆ دەستەڵات شکان بەسەر ئەوەی وەک هەڕەشە دەردەکەوێ، لەبەر بوونی جۆرێک لە کۆنسێپتی نەریتی بۆ جیهان. ئەگەر ئەقڵ دەبێ لەناکاو خەریکی ئەوە بێ، ئەوەی کە وەریدەگرێ لە رەگەوە فۆرمێکی نوێی ژیان بێ (وەک دەرکەوتن و بینینی ئیسلام لە روانینی ئۆروپا لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست) ئەوسا دەبێ وەڵامەکەی بە شێوەیەکی گشتی کۆنەپارێز و بەرگریکار بێ، ئیسلام وەک کۆپییەکی نوێی پڕ لە "هەڕەشە" ئەزموونێکی کۆنتر حوکمی لەسەر دراوە، مەبەستیش لەم ئەزموونە کۆنە کریستیانیزمە. بەم جۆرە هەڕەشەکە نامێنێ، نرخ و بەها ناسراو و ماڵییەکان لە خۆیانەوە خۆیان دەسەپێنن و، دواجار، ئەقڵ ئەو قورساییە لەسەر



https://t.me/kurdistanbooks

خۆی لادەبا کە فشاری لەسەر دروست دەکا، ئەمەش بە گونجاندنی شتەکان لەگەڵ نەریتی خۆی: یان ئەوەتە "رەسەنن" یان ئەوەتە"دووبارەن." لێرەوە ئیسلام کۆنترۆل کراوە: کۆنترۆلی دەوڵەمەندییە سەرشارەکەی کراوە، بە چەشنێک دەتوانرا جیاکاریی تا رادەیەک هەرەشەلێکراوی لێ بکەوێتەوە، ئەوسا مەحاڵ بوو ئەگەر نوێخوازی رووتی ئیسلام "چارەسەر" نەکرایە. کەواتە رۆژهەڵات وەک ئایدیایەکی گشتی لە ئەقڵی رۆژئاوایی لە هاتوچوون و لەرینەوەدایە لە نێوان رق بەرانبەر بەوەی ناسراو و ماڵییە لەگەڵ موچڕکەکانی لەززەت یان لە ترسان، بەرانبەر بە هەر نوێیەک.

لەگەڵ ئەمەش ترسی ئۆروپا لە ئیسلام دیاردەیەک بوو لە جێی خۆی بوو، ئەگەر هەردەم رێزیشی نەگرتبێ. پاش کۆچی دوایی "محەمەد" لە 632 زایینی، قەڵەمڕەوی سوپایی، پاشان کولتووری و ئایینی ئیسلام گەلێک زۆر فراوان بوو. سەرەتا فارس، سوریا، میسر، ئینجا تورکیا، پاشان باکوری ئەفریقیا، هەمووی لەلایەن سوپای موسلمانان گیران، بە درێژایی سەدەی هەشتەم و نۆیەمی زایینی، ئیسپانیا، سیسیل، بەشێک لە فرانساشی دەچێتە سەر. لە سەدەی سێزدەم و چواردەم، ئیسلام لە رۆژهەڵات تا هیند و ئەندۆنیسیا و چین حوکمڕانی دەکرد. بەرانبەر بەم پەلامارە لە ئاسابەدەرە، ئۆروپا چیتر نەیدەتوانی وەڵام بداتەوە مەگەر بە ترس تا دەگاتە جۆرێک لە تۆقین نەبێ. نووسەرانی (دانەرانی) کریستیانی شایەدحاڵی فتوحاتی ئیسلام، هیچ خۆیان نیگەران نەدەکرد بەرانبەر بە زانست و کولتووری دەوڵەمەند و شکۆی ناسراوی موسلمانەکان، گیبۆن پێیوایە ئەم شایەدحاڵانە "هاوچەرخانی تاریکترین سەردەم و تەمەڵترین کەسانی ناو تۆمارەکانی ئۆروپا بوون". (بەڵام وێڕای جۆرێک لە خۆشنودی ئەوەش دەڵێ: لەوەتەی بارستایی زانست لە رۆژئاوا زیادی کردووە، دەڵێی تۆژینەوە و خوێندن لە رۆژهەڵات رماوە و



https://t.me/kurdistanbooks

ئاوەژوو بووە".)(34) ڕوانینی باوی کریستیانەکان بۆ سوپاکانی ڕۆژهەڵات بەم جۆرە بووە: "بە ڕواڵەت وەک شانە هەنگن، بەڵام بە دەستێکی قورسەوە،(...) ئەم سوپایانە هەموو شتێکیان کاوڵ دەکرد": ئەمە نووسراوی ئێرکەمبێرت-ی ڕاهیب بوو لە سەدەی یانزەم لە "مۆنت کاسا".(35)

(...) بۆ ئۆروپا ئیسلام بریتی بووە لە کارەسات و تراژیدیایەکی درێژخایەن. تا کۆتایی سەدەی حەڤدەم، "مەترسی عوسمانیەکان" شاراوە و لە مەلاسدا بووە بۆ هەموو ئۆروپا، بەرجەستەکاری مەترسییەکی بەردەوام بووە بۆ شارستانی کریستیانی، لەگەڵ تێپەڕینی وەخت، شارستانی ئۆروپی چووە ناو تاروپۆی ژیانی ئەم مەترسییە و نەریتەکەی، ڕووداوە مەزنەکانی، کەسایەتییەکانی، فەزیلەت و ڕەزیلەتەکانی. بە تەنیا لە ئینگلستانی سەردەمی بووژانەوە، هەروەکو "ساموێل شوو" لە تۆژینەوە کلاسیکییەکەی بە ناوی: "هیلال و گوڵ" دەگێڕێتەوە: "کەسێک بە پەروەردە و زیرەکییەکی ناوەندی، دەتوانێ لەسەر شانۆکانی لەندەن ژمارەیەکی زۆر لە ڕووداوی گەورەی پڕ لە وردەکاری مێژوویی ئیسلامی عوسمانی ببینێ کە لەبارەی زیادەڕەوییەکانن لەسەر ئۆروپای کریستیانی.(36)

مەبەستم لەمە ئەوەیە بڵێم ئەو ئایدیایانەی لەبارەی ئیسلام لە سووڕانەوەدابوون بە پێویست کۆپییەکی نرخ دابەزیوی گرینگ و مەترسیداربوون کە ئیسلام وەک ڕەمزێک نوێنەرایەتی دەکرد بۆ ئۆروپا. وەک لە "موسلمانەکان"ی والتەر سکۆتدا هاتووە، ئەو نوێنەرایەتیکردنەی ئۆروپا دەیکرد بۆ موسلمانەکان، عوسمانیەکان یان بۆ عەرەبەکان، هەردەم شێوازێک بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕۆژهەڵاتی مەترسیدار، هەمان شتیش ڕاست بوو تا ئاستێکی دیاریکراو بۆ مێتۆدی زانا ڕۆژهەڵاتناسە هاوچەرخەکان، کە بابەتەکە ئەوەندە


https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵات خۆی نەبوو وەک لە ڕۆژهەڵاتی بەماڵیی کراو و کەمتر مەترسیدار بۆ خوێنەرانی ڕۆژئاوایی.

شتێک نیە بە تایبەتی قسەی لەسەر بکرێ یان لۆمە بکرێ لەم مەسەلەی بە ماڵیی کردن و رام کردنەی ئێگزۆتیک (غەریب، ناوێزە): بە دڵنیاییەوە لەنێوان هەموو کولتوورێک و لە نێوان هەموو مرۆیەک ڕوودەدات. بەڵام دەمەوێ پێداگیری لەسەر ئەم هەقیقەتە بکەم: ڕۆژهەڵاتناس وەک هەموو ئەو کەسانەی لە ڕۆژئاوای ئۆرووپی بیری لە ڕۆژهەڵات دەکردەوە یان ئەزموونی لەبارەوە هەبوو، ئەم جۆرە پرۆسە زیهنییەی ئەنجام داوە. هێشتا ئەوەی گرینگتریش بوو، وشە و یاری ئیماژ (وێنا)ی سنووردارپشیان دەسەپاند کە ئەنجامی ئیجباری ئەو پرۆسەیە بوو. ئەو شێوازەی ڕۆژئاوا ئیسلامی پێگەیشتووە یەکێ لە نموونە پوختەکانە، کە بە شێوەیەکی دڵگیرانە لەلایەن "نۆرمان دانیەل" تۆژینەوەی لەبارەوە کراوە. یەکێ لەو قەیدانەی کە کاریگەری لەسەر بیرمەندە کریستیانەکان هەبوو کە هەوڵیاندەدا لە ئیسلام بگەن، بریتی بوو لە دروستکردنی هاوتەرییێک: لەبەرئەوەی کریست (مەسیح) زەمینە و بنچینەی ئایینی کریستیانییە، وای بۆ دەچوون، هەڵبەت تەواو بە هەڵە، محەمەدیش بۆ ئیسلام وەک کریستە بۆ کریستیانیزم. هەر لەمەشەوە دەستەواژەی "محەمەدیزم- mahometisme " دراوەتە ئیسلام کە گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێ، سەرەنجام ئەمە وایکردووە، سیفەتی (...) Imposteur " بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بدرێتە ئیسلام. (37) لەم ئایدیا هەڵەیە و زۆری تریش "بازنەیەک دروست دەبوو هەرگیز دەرچوونی بۆ نەبوو لە بەکردنەدەرەکی extériorisation ئەندێشەیی". کۆنسێپتی کریستیانی بۆ ئیسلام کۆنسێپتێکی پڕ بوو، بەشی خۆی دەکرد".(38) لێرەوە ئیسلام بووبووە ئیماژ (وێنا)، (ئەم دەستەواژەیەش هی نۆرمان دانیەلە و، وا دێتە بەرچاو نیشانەی گرینگ بن بۆ



https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵاتناسی بە گشتی)، ئەم ئیماژ یان وێنایە، وەزیفەکەی ئەوەندە نوێنەرایەتی ئیسلام خۆی نەبوو بە قەد ئەوەی نوێنەرایەتیکردنی ئیسلام بوو بۆ کریستیانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست.

( ئاراستەی نەگۆڕ بۆ پشتگوێخستنی چ مانایەک دەبەخشێ، قورئان یان موسلمانەکان چۆن بیریان لەم مانایە دەکردەوە، یان چۆن موسلمانەکان لە هەلومەرجی دیاریکراو بیریان دەکردەوە یان دەیانگوت، ئەنجامێکی پێویستی وای هەبوو کە مەزهەبی قورئانی و مەزهەبەکانی دیکەی ئیسلام لە شێوەی فۆرمی قایلبوون بۆ کریستیانەکان و، فۆرمی زۆرتر و زۆرتری غەریب بەختی ئەوەی هەبووە وەربگیرێ هەرچەند ئەو ماوەی نووسەران و خوێنەرانیان لێکجیادەکردەوە زۆرتر بوایە لە سنووری ئیسلام. وێڕای بێدەنگییەکی زۆر ئەوەی موسلمانەکان دەیانگوت باوەڕی موسلمانەکان بێ، ئەمە وا وەرگیرابوو وەک ئەوەی بەڕاستی باوەڕیان پێ هەبێ. وێنایەکی کریستیانی هەبوو کە وردەکارییەکانی (بە هۆی فشاری کردەکانیش) پشتگوێ نەخرابوون، تەنیا تا ئاستێکی شیاو نەبێ و هێڵە گشتییەکانی هەرگیز پشتگوێ نەخرابوون. جیاوازییەکی سادە هەبوو، بەڵام تەنیا لەسەر هێڵێکی هاوبەش. هەموو ڕاستکردنەویەکی ئەنجامدراو بۆ زۆرکردنی دیقەت و وردەکاری بوو، سوودی تەنیا بۆ بەرگریکردن بوو لەوەی تازە زانیومانە کە برینە، توندکردنەوەی بنیاتێکی لاواز بوو. ڕای کریستیانەکان مۆنیمەنتیانە (توحفەیی) بوو نەدەتوانرا بڕووخێندرێ، هەتا بۆ دروستکردنەوەشی.)

ئەم وێنە دڵرەقە کە کریستیانەکان بۆ ئیسلامیان دروست دەکرد بە کۆمەڵێک شێواز توندوتۆڵ کرابوو، لەناو ئەمانە، لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتای سەردەمی بووژانەوە، بە کۆمەڵێک فۆرمی شیعری، وتووێژی زانستی و خورافاتی میللی.(40) لەم سەردەمە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دڵنیاییەوە هێشتا باش تێکەڵ بە وێنای



https://t.me/kurdistanbooks

جیهانیی هاوبەش لەناو کریستیانی لاتین نەبووبوو: لە تێکستی "بەیتی رۆلان" موسلمانەکان "محەمەد" و "ئەپۆلۆ" دەپەرستن. نزیک لە ناوەڕاستی سەدەی پانزەم، هەروەکو چۆن "ر. وو. سوزرن" زۆر بە جوانی پیشانی داوە، بۆ بیرمەندە ئۆروپییە سەنگینەکان روون ببووەوە: "دەبوایە شتێک بکرێ بەرانبەر بە ئیسلام"، کە بە چەشنێک هەڵکەوتەکەی وەرگێڕابووەوە بە هۆی گەیشتنی سوپاکەی بۆ رۆژهەڵاتی ئۆروپا. سوزرن رووداوێکی رووبەڕووبوونەوەی دیمەندار دەگێڕێتەوە کە لە نێوان 1450 و 1460 روویداوە: چوار پیاوی زانست، ژان دو سێگۆڤی، نیکۆلا دو کوزا، ژان ژێرمان و ئایێناس سیلڤیوز (ئەمەی دوایی دەبێتە پاپا پۆلسی دووەم Pie II")، هەوڵیانداوە لە رێگەی کۆنفرانسێک پەیوەندییەکان رێکبخەن. بیرەکە دەگەڕێتەوە بۆ ژان دو سێگۆڤی: دەبوایە ئەم کۆنفرانسە کۆنفرانسێکی گەیشتن بێ بە ئیسلام بۆ ئەوەی کریستیانەکان "بە کۆمەڵ" موسلمانەکان بێننە سەر ئایینی کریستیانی. " ژان سێگۆڤی پێی وابوو ئەم کۆنفرانسە وەک هۆیەکە وەزیفەیەکی سیاسی هەیە بێجگە لە وەزیفەی وردی ئایینی، ئینجا بە شێوازێک قسەی دەکرد وەک ئەوەی بیەوێ ژێیە هەستیارەکانی دڵی گوێگرەکان بجووڵێنێ: ئەگەر ئەم کۆنفرانسە دەساڵیش بخایەنێ، تێچوو و کاوڵکارییەکەی کەمتر دەبێ لەچاو جەنگ." هەر چوار پیاوەکە نەیاندەتوانی بگەنە ئەنجامێک هەموویان کۆکاتەوە، بەڵام ئەم رووداوە مەسەلەیەکی سەرەکی بوو، چونکە هەوڵێکی جوان و ناسک بوو (بەشێکە لە هەوڵی ئۆروپا بە گشتی لە بێد -ەوە بۆ لوتەر)، بۆ دانانی رۆژهەڵاتێکی نوێنەر بەرانبەر بە ئۆروپا، بۆ پێدانی "دیمەنێک" بە یەکەوە بە رۆژهەڵات و ئۆروپا بە شێوەیەکی یەکگر و توندوتۆڵ، وێڕای ئەو بیرە بۆ کریستیانەکان باش لە موسلمانەکان بگەیەنن کە ئیسلام چ نیە جگە لە کۆپیەکی ناڕێکی کریستیانیزم. ئەنجامی سوزرن بەم جۆرەیە:



https://t.me/kurdistanbooks

(تەواو شتێکی ئاساییە بۆ ئێمە کە هەر یەکە لەم سیستەمە فیکریانە "ئۆروپی کریستیانی" توانای ئەوەیان نەبوو لێکدانەوەیەکی پڕ و بێ گرێ و گاڵ و رازیکەر بۆ ئەو دیاردەیە بکەن کە خۆیان بۆ تەرخان کردبوو روونی بکەنەوە کە "ئیسلام" بوو، هێشتا کەمتریش توانای ئەوەیان هەبوو کاریگەری بە شێوەیەکی بڕیار بە دەست لەسەر رەوتی رووداوەکان دانێن. لە ئاستی پڕاکتیکدا، رووداوەکان هەرگیز بەو رادەیە باش یان بەو رادەیە خراپ نەگەڕانەوە کە پێشتر چاودێرە شارەزاکان پێشبینییان بۆ کردبوو: ئەمەش لەوانەیە شایانی ئەوە بێ تێبینی بکرێ هەرگیز ئەمانە رەوتی هەرە باشیان وەرنەگرتووە کە باشترین لە حاکمەکان وێڕای دڵنیایی چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد بە خراپ کۆتایی بێ. ئایە پێشکەوتنێک هەبوو "لەو ناسینەی کە کریستیانەکان بۆ ئیسلام هەیانبوو؟" دەبێ بڵێم بەڵێ. ئەگەرچی چارەسەر بۆ کێشەکە سەرکێشانە بە روونی نەدەبینرا، کەچی شێوازی دەربڕین لێی ئاڵۆزتر بووبوو، زیاتر ئەقڵانی و زیاتر نزیک لە ئەزموون (...) ئەو زانا و توێژەرانەی لەسەر کێشەی ئیسلام لە سەدەکانی ناوەڕاست کاریان کردووە، لە دۆزینەوەی ئەو چارەسەریانەی بۆی دەگەڕان و ئارەزوویان لێ بوو، سەرنەکەوتن، بەڵام هەندێ نەریتی فیکری و هەندێ دەستەڵاتی تێگەیشتنیان بەدەست هێنا کە، لەلای کەسانی دی و لە بواری دیکە، شایانی ئەوەیە هێشتا ئەنجامێکی باشیان هەبێ.)(41)

باشترین بەش لە شیکارییەکەی سوزرن، لێرە یان لە شوێنی دی لە کورتەی مێژووی روانینی رۆژئاوا بۆ ئیسلام، پیشاندانەکانی ئەو خۆیەتی، کە دواجار ئەوە نەزانیی رۆژئاوایە کە وردتر و ئاڵۆزتر دەبێتەوە، نەک هەندێ بەهای زانینی رۆژئاوایی ئەرێنی کە گرینگی و دیققەت و وردەکاری وەردەگرێ. راستە، وەهم و خەیاڵ، لۆژیک و دیالێکتیکی تایبەت بە خۆیان هەیە و کە سەرپەرشتی فراژوو بوون و



https://t.me/kurdistanbooks

ئاوابوونیان دەکا. لە بارەی خەسڵەتی "محەمەد"، لە سەدەکانی ناوەڕاست کۆمەڵێک سیفەت هەبوون کە بەسەر خەسڵەتی ئەو"پەیامبەرانەی سەدەی دوانزەم پەیڕەو دەبوون کە خۆیان بە "روحی ئازاد" دادەنا و بە کردەکی لە ئۆروپا لە دایک بووبوون و داوایان دەکرد خەڵک باوەڕیان پێ بهێنن و موریدی زۆریان هەبوو".(...) (42) بەم چەشنە رۆژهەڵات هەندێ نوێنەر، بە مانایەک، هەندێ نوێنەرایەتیکردن وەردەگرێ، گشتی تەواو بەرجەستە، زیاتر گونجاو لەگەڵ هەندێ داواکاری رۆژئاوا لەچاو ئەوانەی پێشوو. ئەمەش وەکو ئەوە وابوو، هەر کە بۆ جارێ رۆژئاوا ئیختیاری لەسەر رۆژهەڵات گیرسایەوە وەک شوێنێکی تایبەت بە بەرجەستەکردنی بێپایانی لە بن فۆرمی پایان، ئۆروپا چیتر نەیدەتوانی ئەمە نەکا: رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی، عەرەب و موسلمان، هیندی و چینی، کێیتر هێشتا، بوون بە نیمچە بەرجەستەکارێکی دووبارە بووەوەی ئەسڵێکی مەزن کە ئەوانیش بریتین لە:(کریست "مەسیح"، ئۆروپا، رۆژئاوا) بە پێی ئەوەی گوایە لاسایی ئەمانە کراوەتەوە. تەنیا سەرچاوەی ئەم ئایدیا رۆژئاواییانە بە پێی تێپەڕینی وەخت گۆڕا کە ئەوەیش زیاتر نارسیسیزم (نرجسی) بوو، نە خەسڵەتیان بگۆڕێ. بەم جۆرە دەبینین لە سەدەی دوانزەم و سێزدەم بە گشتی لەو بڕوایەدابوون کە دورگەی عەرەبی شوێنێکە لە پەراوێزی جیهانی کریستیانی، پەناگایەکی سروشتییە بۆ یاخییە رافزییەکان"(43) (...) کەچی لە سەدەی بیستەم زانا و توێژەرێکی رۆژهەڵاتناس، شارەزا و پسپۆڕ، تێبینی ئەوە دەکا کە ئیسلام لە هەقیقەتدا چ نیە جگە لە بە رواڵەت ئایینێکی ئارییانەی پلە دوو(44).

لێرەوە وەسفمان بۆ رۆژهەڵاتناسی وەک بوارێکی زانستی خەسڵەتێکی نوێ و بەرجەستە وەردەگرێ. ئایدیای نوێنەرایەتیکردن ئایدیایەکی شانۆییە (تایبەت بە نمایش): رۆژهەڵات ئەو شانۆیەیە کە



https://t.me/kurdistanbooks

هەموو خاوەری تێدا قەتیس بووە، لەسەر ئەم شانۆیە هەموو ئەو کەسایەتییانە دەردەکەون کە رۆڵیان نوێنەرایەتیکردنی گشتێکی فراوانترینە کە خۆیان لێیەوە هاتوون. سەرەنجام رۆژهەڵات لێرەوە پێناچێ درێژبوونەوەیەکی بێسنووری ئەودیوی جیهانی ناسراو و ماڵیی ئۆروپا بێ، بەڵکو زیاتر وەک بوارێکی داخراو دێتە بەرچاو، دیمەنێکی شانۆیی گرێدراو بە ئۆروپا. رۆژهەڵاتناسێک تەنیا پسپۆڕێکی تایبەتە لە زانینێک کە تەواوی ئۆروپا لێی بەرپرسیارە، وەک بینەران کە بە شێوەیەکی مێژوویی و کولتووری بەرپرسن لەو درامایانەی کە دەرهێنەر بە شێوەیەکی تەکنیکی دایڕشتووە.(بینەرانیش وەڵامی دەدەنەوە). لە قووڵایی ئەم شانۆ رۆژهەڵاتییە فەهرەستێکی کولتووری پەرجوو ئامێز هەیە کە هەر دانەیەکی بە تەنیا بیگری باس لە جیهانی دەوڵەمەندییەکی ئەفسووناوی دەکا: سفینیکس، کلیۆپاترا، عەدەن، تەروادە، سۆدۆم و عامورە، عەشتار، ئیزیس، و ئۆریس، سەبەو ، بابل، ئەجندەکان، موغەکان، نینەوا، کەشیش ژان، "محەمەد" و دەیانی دی. پێشاندانی چەندان دیمەن، لە هەندێ حاڵەت تەنیا هەندێ ناو، نیوە خەیاڵی، نیوە ناسراو، چەندان دڕندە، چەندان دێو و درنج، پاڵەوانان، تۆقێنەران، چەشە و ئارەزوو. ئەندێشە و خەیاڵی ئۆروپی بە کۆپی کردن لەم فەهرەستە خۆراکی وەرگرتووە: لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا سەدەی هەژدەم، نووسەرانی گەورەی وەک: ئاریۆست، میلتن، مارلۆو، تاس، شکسپیر، سێرڤانتێس، نووسەرانی "بەیتی رۆلاند" و "رۆمانسێرۆ"ی سید Cid ، هەموویان بۆ بەرهەمەکانیان نغرۆی ناو سامانەکانی رۆژهەڵات بوون، ئەمەش وایکردووە هێڵە گشتییەکانی وێناکان (ئیماژ) و ئایدیاکان و ئەو کەسایەتییانەی تێیدان هەراش دەرکەون. بە چەشنێکی دی، بەشێکی گەورەی ئەوەی وەک تۆژینەوەی پسپۆڕی رۆژهەڵاتناسی دادەنرا هەندێ میتۆلۆژی


https://t.me/kurdistanbooks

ئیدیۆلۆژیانەی خستەگەڕەوە، تا ئەو کاتەش کە زانست بە شێوەیەکی ڕەسەن وادەهاتە بەرچاو پێشکەوێ.

کتێبی "کتێبخانەی ڕۆژهەڵاتی"ی "بارتێلیمی دێربێلۆ"، کە لەساڵی 1697 پاش مەرگی خۆی بە پێشەکی ئەنتوان گالان بڵاوبووەتەوە، نموونەیەکی بەناووبانگە بۆ ئەو شێوازەی چۆن فۆرمی دراماتیکی و وێنا زانستییەکان خۆیان دەگەیەننە سەر شانۆی ڕۆژهەڵاتناسی. پێشەکی کتێبی تازەی "مێژووی ئیسلامیی کامبریج" پێی وایە کتێبی "کتێبخانە"، بە هەمان شێوە گوتاری پێشەکی جۆرج سال لە سەروبەندی وەرگێڕانی قورئان (1734) و کتێبی "مێژووی موسلمانان"ی سیمۆن ئۆکلی (1780، 1718)، "بایەخێکی گەلێک زۆریان هەیە" بۆ فراوانکردنی "تێگەیشتنی نوێ لە ئیسلام" و گواستنەوەی "بۆ خوێنەرانێک کەمتر ئەکادیمی". ئەمەش وەسفێکی نوقسانە بۆ کاری دێربێلۆ، کە تەنیا تایبەت نیە بە ئیسلام وەک ئەوانەی سال و ئۆکلی. بێجگە لە کتێبی "مێژووی ڕۆژهەڵات"ی "یۆهان ە. هۆتینگەر"، کە لە ساڵی 1651 بڵاوبووەتەوە، کتێبی "کتێبخانەی ڕۆژهەڵات" وەک تاقە کارێکی جۆری سەرچاوە لە ئۆروپا تا سەرەتای سەدەی نۆزدەم دەمێنێتەوە، بەڕاستی ئەم کتێبە کاری خۆی کرد، بە هۆی ئەوەی سەرچاوەیەک بوو بۆ بوارێکی فراوان: ئەنتوان گالان، کە یەکەم وەرگێڕی "هەزار و یەک شەوە" بوو، عەرەبیزانێکی بە ڕوومەت بوو. گالان کاری دێربێلۆ "کتێبخانەی ڕۆژهەڵاتی"ی بەرانبەر بە هەموو ئەوانە دادەنا کە لە پێش ئەو دەرچووبوون، وێڕای تێبینیکردن کە کارێکی پەرجووئامێز و پرۆژەیەکی گەورە بووە. ئەنتوان گالان دەڵێ دێربێلۆ ژمارەیەکی زۆر کتێبی خوێندبووەوە، بە عەرەبی، بە فارسی، بە تورکی، "ئەمەش وای لێ کردبوو زانیاری زۆر بە دەستبهێنێ کە تا ئەو کاتە لە ئۆروپییەکان شاراوە بوو(46)". دوای دانانی فەرهەنگێک بەم هەر سێ



https://t.me/kurdistanbooks

زمانانەی رۆژهەڵات، دێربێلۆ لە بوارەکانی مێژوو، تیۆلۆژی، جیۆگرافی، زانست و هونەری رۆژهەڵاتی درێژەی بە خوێندن دا، لە یەک کاتدا لەناو جۆراوجۆری جوان و بلیمەتی ئەم بوارانە خۆیان و جۆراوجۆری راستەقینەیان. لێرەوە بە هۆی ئەم پاشخانەوە بڕیاردەدا دوو کار دابڕێژێ: یەکێکیان "کتێبخانەی رۆژهەڵات"ە کە فەرهەنگێکە بە پێی ئەلفابێ، دووەم بریتییە لە "هەڵبژاردە"یەک. تەنیا کتێبی یەکەمی تەواو کرد.

ویڕای قسەکردن لەبارەی کتێبی "کتێبخانەی رۆژهەڵاتی"، گالان دڵنیایی لەوە دەکردەوە کە سیفەتی "رۆژهەڵاتی" دەبێ بە شێوەیەکی گشتی بە مانای "خاوەر Levant " (مەشریق) بێ، (واتە تەنیا رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست/سوریا و لوبنان و خاکی پیرۆز)، ئەگەرچی بە ستایشەوە دەڵێ:" نەک هەر تەنیا لەگەڵ ئادەمەوە دەست پێدەکات و، لەگەڵ سەردەمی ئێمە تەواو دەبێ، "هێشتا زیاتر بۆ دواوە هەڵدەکشێ، ئەگەر بە پێی مێژووە ئەفسووناوییەکانەوە بێ، ئەوەی دەیگێڕێتەوە، سەردەمی فەرمانڕەوایی پەیامبەر سولەیمان لە پێش خەلقی ئادەمەوە بووە". لەگەڵ خوێندنەوەی وەسفی گالان، تێدەگەین کە کتێبی "کتێبخانەی رۆژهەڵاتی" وەک هەر "یەکێکی تر" مێژوویێکی جیهان بووە، چونکە هەوڵیداوە کتێبەکەی خولاسەیەکی تەواو بێ بۆ ناسین و زانینەکان، کراوە بێ بەسەر بابەتی وەک: خەلقی جیهان، تۆفان، رووخاندنی بابل،...هتد. وێڕای ئەو جیاوازییەش کە سەرچاوەکانی دێربێلۆ رۆژهەڵاتی بوون. ئەو مێژووی دابەشی دوو جۆر دەکرد: مێژووی پیرۆز و مێژووی پیس (جوولەکە و کریستیانەکان و سەر بە یەکەمن، مولسمانانیش سەر بە دووەمن)، هەروا مێژووەکەشی دابەشی دوو سەردەم دەکرد: پێش و پاش تۆفان. دێربێلۆ توانی بەم شێوەیە لێکۆڵینەوە لە مێژوو بکا، بە رادەیەک جۆربەجۆر و فراوان، مێژووی مۆنگۆل، هی تەتەرەکان،



https://t.me/kurdistanbooks

مێژووی تورک و سلاڤەکانیش بگرێتەوە، باس لە هەموو هەرێمی ئیمپراتۆری موسلمانەکان دەکا، لە رۆژهەڵاتی دوورەوە پێدادێ تا دەگاتە کۆلۆنەکانی هێرکول، باس لە داب و نەریت و کەشی ئایینیان دەکا، باس لە نەریتیان دەکا، باس لە لێکدانەوە و روانینیان، لە بنەماڵە و ماڵباتەکانیان، لە کۆشکەکانیان، لە رووبار و رووەکیان دەکا.

ئەم کارە، ئەگەرچی هەندێ سەرنجی تایبەت کردووە بە "مەزهەبی محەمەد"(...)، کە زیانێکی زۆر گەورەی لە کریستیانیزم داوە"، لە هەموو کتێبێکی دیکەی پێش خۆی قووڵترە.

گالان وێڕای بە درێژی دڵنیاکردنەوەی خوێنەران ئەنجامێکمان لە "گوتاری" خۆی پێشکەش دەکا کە کتێبی "کتێبخانەی" دێربێلۆ "بەسوود و دڵگیرترە" لەچاو کاری تەواوی رۆژهەڵاتناسانی وەک: پۆستێل، سالیگەر، گۆلیوس، پۆکۆک و ئێرپێنیوس، کەچی لێکۆڵینەوە رۆژهەڵاتناسیەکانی ئەمانە گەلێک زۆر تەسک و تریسک بوون، زیاتر گرینگیان بە هەندێ بابەتی وەک رێزمان، وشەناسی، جیۆگرافی،...هتد، دەدا. تەنیا دێربێلۆ توانای ئەوەی هەبوو بابەتێک بنووسێ بتوانێ یان ئەوەی لێ چاوەڕێ بکرێ خوێنەرانی ئۆروپی بۆ خۆی راکێشێ و پێیان بڵێ کە کولتووری رۆژهەڵاتی ناچالاک و بێ بەرهەم نیە، تەنیا دێربێلۆ، بە رای گالان، بە دوای ئەوە گەڕاوە لەناو ئەقڵی خوێنەرانی ئایدیایەکی تا رادەیەک فراوان لەبارەی ئەوەی ویستوویەتی بیڵێ: ناسین و تۆژینەوە لەبارەی رۆژهەڵات چ مانایەک دەگەیەنێ، ئەمەش ئایدیایەک بوو لە یەک کاتدا بتوانێ ئەقڵ پڕ بکا و هیوا گەورەکان تێر بکا کە پێشتر هەمانبوو.(47)

لەگەڵ پڕۆژەیەکی وەک ئەمەی دێربێلۆ، ئۆروپا لەو توانایەدابوو رۆژهەڵات لە باوەش بگرێ و بە رۆژهەڵاتیی بکا. لێرە و لەوێ



https://t.me/kurdistanbooks

چاومان به هەندێ مانای باڵادەستی دەکەوێ لەوەی گالان دەیویست بیڵێ لەبارەی "ماتریالەکانی ڕۆژهەڵاتی" خۆی و ئەوەی دێربێلۆ، بە هەمان شێوە لەناو کاری جیۆگرافیناسی سەدەی حەڤدەمی وەک "رافایل دو مانس"، ئۆروپییەکان دەیانتوانی لەمەوە ڕۆژهەڵات ببینن خەریکە دوور دەکەویتەوە و لە زانستیی ڕۆژئاوا تێدەپەڕێ.(48) بەڵام ئەوەی دەبێتە شتێکی ئاسایی، تەنیا ئەو سوودە نیە کە ڕوانگەی ڕۆژئاوایی پێشکەشی دەکا یان پیشانی دەدا، بەڵکو تەکنیکی سەرکەوتنیش هەیە کە ڕێگەی پێدەدان دەوڵەمەندیی ڕۆژهەڵات بگرن و وای لێ بکەن بە شێوەیەکی پلان بۆ دانراو کراوە بێ، ئەگەر بە شێوەیەکی ئەلفابێتیش بێ بۆ خوێنەرانی ئۆروپی.

کاتێ کە گالان لەبارەی دێربێلۆ قسە دەکا و وەڵامی ئەوەی داوەتەوە کە لێمان چاوەڕێ دەکرد، لەو باوەڕەدام دەیویست بڵێ کە کتێبی "کتێبخانەی ڕۆژهەڵاتی"، هەوڵی ئەوەی نەداوە ئەو ئایدیا بێ پێشینانە لەسەر ڕۆژهەڵات بگۆڕێ. چونکە ڕۆژهەڵاتناس دڵنیایی و جەغت لەسەر ڕۆژهەڵات لە چاوی خوێنەرانی دەکاتەوە. ڕۆژهەڵاتناس هەرگیز ناگەڕێ و هیوای ئەوە ناخوازێ ئەو دڵنیایی و یەقینانەی پێشتر جێگیربوونە هەڵیانوەشێنێتەوە. کتێبی "کتێبخانەی ڕۆژهەڵاتی" چی نەکردووە جگە لە زیاتر، بە فراوانی و بە ڕوونی ڕۆژهەڵات بناسێنێ، ڕێی تێدەچوو ئەم کارە ببێتە هەڵبژاردەیەکی هەزار لەبارەی هەندێ هەقیقەتی بێ سەروبەر و مێژووی لێڵی خاوەر، وێناکانی کتێبی پیرۆز، کولتووری ئیسلامی، ناوی شوێنەکان و زۆری تری لەم چەشنە، بەڵکو بووە پانۆرامایەکی ئەقڵانی لەبارەی ڕۆژهەڵات، لە ئەلفەوە تا یێ. لە باسی محەمەد، دێربێلۆ سەرەتا ئەو ناوانە ڕێکدەخا و ڕوون دەکاتەوە کە پەیوەندییان بە پەیامبەرەوە هەیە، پاشان درێژەی دەداتێ و دڵنیایی لەسەر نرخی ئیدیۆلۆژی و مەزهەبی محەمەد بەم چەشنەی خوارەوە دەکا:



https://t.me/kurdistanbooks

(محەمەد (...) بەناووبانگە. دانەر و دامەزرێنەری ئایینێکە (...)، ئێمە پێی دەڵێین محەمەدی. برۆ سەر وشەی ئیسلام. لێکدەرەوەکانی قورئان و زاناکانی دیکەی شەریعەی ئیسلامی یان محەمەدی، هەموو ئەو سیفەتانەیان داوەتە ئەم پەیامبەرە (...) کە ئارییەکان، پۆلیبتییەکان و پۆلیانیستەکان و ئەوانی(...) دی داویانەتە یەسوعی مەسیح. (...))(49).

محەمەدی بریتییە لە ناولێنانێکی ئۆروپی تایبەت (...) بەڵام ئیسلام کە ناوی تەواوە بۆ موسلمان، لە جێگیەکی دی باسی دەکا، (...) کە ئێمە پێیان دەڵێین محەمەدی ئەمەش وەک لاساییکردنەوەیەک بۆ لاساییکردنەوەیەکی کریستیانیزم وەرگیراوە بۆ ئایینی راستەقینە. پاشان، لە سەربردەی مێژوویی درێژی ژیانی محەمەد، دێربێلۆ دەتوانێ خۆی بۆ گێڕانەوی کەم و زۆر راستەوخۆ تەرخان بکا. بەڵام ئەو شوێنەی بە محەمەد دراوە ئەوەیان حسێبە لە کتێبی "کتێبخانەی رۆژهەڵاتی".(...) کاتێ کە دەیگۆڕین بۆ ماتریالێک بە شێوەیەکی ئیدیۆلۆژی روون بێ بۆ باسکردنی بە پێی ئەلفوبێ لە ژێر پیتی(م). لێرەوە محەمەد چیتر لەناو جیهانی رۆژهەڵاتی پیاسە ناکا،(...) بە هێمنی لە شوێنی تایبەت بە خۆی (شوێنێکی دیار بێگومان) لەسەر شانۆ رۆژهەڵاتناسی دانیشتووە.(50) لێرەوە ژینیالۆژییەک، لێکدانەوەیەک، هەتا گەشەپێدانێکیش بۆی داڕێژراوە، هەموو ئەمە بە دەربڕینی سادە رێگەی ئەوەی لێ دەگرن بۆ لایەکی دی وێڵ بێ.

ئەم وێنایانەی "رۆژهەڵات" جۆرە وێنایەکن نوێنەرایەتی یان جێگرەوەن بۆ جەوهەرێکی زۆر فراوان، زۆر بڵاون، بە هۆی ئەمانەوە مرۆ دەتوانێ بیانبینێ و تێیان بگا، ئەگینا لەبەر فراوانی ئەمە سەخت دەبوو. لە هەمان کات ئەمانە خەسڵەتیشن، وەک هەیتووهووت و بەخیلی و قرچۆکی و زۆرخۆری بێ رادە کە "تیۆفراست" و "لابرویێر" یان "سێلدن" باسیان کردووە. (...)



https://t.me/kurdistanbooks

ناتوانین خەسڵەتی تەعلیمی لە نوێنەرایەتیکردنی ڕۆژهەڵاتناسی لە پاشماوەی دیمەنەکە بکەینەوە. لە کارێکی زانستی وەک "کتێبخانەی ڕۆژهەڵاتی"، کە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و تۆژینەی پلان بۆ دانراوە، نووسەر ڕێکخستنێک بەسەر ماتریالەکان دەسەپێنێ کە لەسەریان کاری کردووە، بە شێوەیەکی دی، خۆزگەی ئەوە لە خوێنەر دەخوازێ تێبگا کە کتێب و ڕووپەڕی چاپکراو حوکمدانێکی ڕێک و پێکی ئەو ماتریالەیە. ئەوەی بەم چەشنە کتێبی "کتێبخانەی ڕۆژهەڵاتی" دەیگەیەنێ، ئایدیای بەهێز و دینامیکی ڕۆژهەڵاتناسییە کە لە هەموو ڕوویەکەوە ئەوە بە یادی خوێنەر دەهێنێتەوە کە لەمەودوا، بۆ گەیشتن بە ڕۆژهەڵات، دەبێ بەناو نەخشە و پلان و کۆدی ڕۆژهەڵاتناس تێپەڕێ. ڕۆژهەڵات نەک هەر بە تام بۆی داواکارییە ئەخلاقییەکانی کریستیانیزمی ڕۆژئاوایی گونجێنراوە، بەڵکو دەورەدراویشە بە تەواوی کۆمەڵێک لە زنجیرە هەڵوێست و حوکمدان کە ئەقڵی ڕۆژئاوا دەگەڕێنێتەوە، نەک بە پلەی یەکەم بۆ سەرچاوەکانی ڕۆژهەڵاتی بە مەبەستی پێداچوونەوە و پشکنین، بەڵکو زیاتر بۆ کاری دیکەی ڕۆژهەڵاتناسی. بەم جۆرە، شانۆی ڕۆژهەڵاتناسی، وەک چۆن بەم شێوەیە ناساندوومە، دەبێتە سیستەمێکی توندوتۆڵی ئەخلاقی و ئێپیستیمۆلۆژی.

ڕۆژهەڵاتناسی وەک دیسیپلینێک کە نوێنەرایەتی زانینی بەدامەزراوەکراو دەکا و کە ڕۆژئاوا لەسەر ڕۆژهەڵاتی هەیەتی، ڕۆژهەڵاتناسی ڕوو لەوە دەکا هێزێک بە سێ ئاراستە بنوێنێ: لەسەر ڕۆژهەڵات، لەسەر ڕۆژهەڵاتناس و، لەسەر "بەکاربەرانی" ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵات. لەو باوەڕدام بەهەڵەدا دەچین ئەگەر هێز و توانای ئەم سێ پەیوەندییە بە کەم سەیر بکەین. ڕاستە، ڕۆژهەڵات ("لەوێ" بەرەو ڕۆژهەڵات) ڕاستکراوەتەوە، بەڵکو سزاش دەدرێ، بە هۆی ئەوەی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی کۆمەڵی ئۆروپی دەدۆزێتەوە،



https://t.me/kurdistanbooks

جیهانی (ئێمە)، بەم شێوەیە ڕۆژهەڵات بە ڕۆژهەڵاتی دەکرێ، ئەمەش پرۆسەیەکە نەک هەر تەنیا ڕۆژهەڵات وەک هەرێمێکی (ئوستان، پارێزگا)ی ڕۆژهەڵاتناسی دیاری دەکا، بەڵکو هێشتا زۆریی لە خوێنەری ڕۆژئاوایی بێ ئاگا دەکا بە کۆدکردنەکانی ڕۆژهەڵاتناسی (بۆ نموونە: ڕیزکردنی وشەکان بە پێی ئەلفوبێی کتێبی "کتێبخانەی ڕۆژهەڵاتی" دێربێلۆ") وەک ڕۆژهەڵاتی ڕاستەقینە وەرگرێ. بە کورتی، لێرەوە هەقیقەت دەبێتە وەزیفەی حوکمدانی تۆژینەوەی زانستی، نەک بۆ ماتریالەکان خۆیان، کە لەگەڵ تێپەرینی وەخت، پێدەچێ قەرزاربار ببنەوە بەرانبەر بە بوونی ڕۆژهەڵاتناس خۆی.

هەموو پرۆسەیەکی تەعلیمی نە سەختە بۆ تێگەیشتن نە سەختە بۆ لێکدانەوە. پێویستە، جارێکی دیکەش، بە بیرخۆمانی بهێنینەوە کە هەموو کولتوورێک چەندان ڕاستکردنەوە بەسەر واقیعی خاو دەسەپێنێ، لە هەڵبژاردەیەک لە شتی خراپ دەستنیشانکراو دەیانکا بە یەکەی زانین. سەرەنجام ئەوەی کێشە دروست دەکا، ئەوە نیە ئەم گۆڕانە ڕوویداوە. تەواو شتێکی سروشتییە، بۆ ئەقڵی مرۆ، بەرگری لە خۆی بکا بەرانبەر بەو هێرشانەی کە هەڵکەوتی بێگانەی ڕووت بۆی دێنێ، لەبەر ئەم هۆکارە، کولتوورەکان هەمیشە مەیلی ئەوەیان هەبووە گۆڕینی تەواو بەسەر کولتووری دیکە بسەپێنن، بە وەرگرتنی ئەم گۆڕینانە، نەک بەو شێوەی کە هەن، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی باشیی وەرگر، وەک ئەوەی دەبێ ببن. لەگەڵ ئەمەش، بۆ ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵاتی هەردەم "وەک" ڕوویەکی یان یەکێکی تری ڕۆژئاوا بووە. لەلای ڕۆمانتیکە ئەلمانەکان بۆ نموونە، ئایینی هیندی وەک ماهییەت کۆپییەکی ڕۆژهەڵاتی بووە لە ئایینزای حلولی جێرمانۆ-کریستیانی. بەڵام هەمیشە ڕۆژهەڵاتناس ئەو ئەرکە دەخاتە سەرخۆی ڕۆژهەڵات لە شتێکەوە بگۆڕێ بۆ شتێکی دی. ئەو ئەمە بۆ خۆی دەکا، بۆ بەرژەوەندی کولتووری خۆی، لە هەندێ حاڵەتیش بە باوەڕی ئەوەی



https://t.me/kurdistanbooks

له بەرژەوەندی رۆژهەڵاتیدا دەیکا. ئەم پرۆسەیەی گۆڕینە پرۆسەیەکە بە ڕێکوپێکی بەڕێوە دەچێ: دەخوێندرێ، کۆمەڵەی خۆی هەیە، وەرزنامەی خۆی هەیە، نەریتی خۆی هەیە، وشەی خۆی هەیە، رەوانبێژی خۆی هەیە، هەموو ئەمە بە شێوەیەکی زەمینەساز لەگەڵ نۆرمە کولتووری و سیاسییە باوەکانی رۆژئاوان کە هەر لەلایەن خۆیشیەوە پێی دەدرێ. هەروەک چۆن دواتر پیشانی دەدەم، زیاتر مەیلی بەلای ئەوەوە هەیە لە هەوڵەکانی سەرتاپاگیر بێ، ئەگەرچی، کە لە سەدەی هەژدەم بۆ سەدەی بیستەم بەسەر رۆژهەڵاتناسیدا دەچینەوە، ئینتیباعی باڵادەست بریتییە لە نمایشێکی ساردی پیشاندانی تەواوی رۆژهەڵات لەلایەن رۆژهەڵتناسییەوە.

ئەم نمایشە لە زوویەکەوە کەوتۆتەگەڕ، ئەو نموونانەی لە بارەی نوێنەرایەتیکردنی رۆژئاوا بۆ رۆژهەڵات لە یۆنانی کلاسیکیدا پێشکەشم کردن، زۆر بە جوانی ئەمە روون دەکەنەوە. نوێنەرایەتیکردنی نوێتر لەسەر روونی و سازگاری کۆنەکانەوە بیناکراوە، بە نمایشکردنەکانیان بەوپەڕی جوانی لە ئاسابەدەر رێکخرابوو، جێگیرکردنییان لەناو جیۆگرافیای خەیاڵی رۆژئاوا کاریگەرییەکی دیمەنداری بەرچاوی هەبووە، ئێمە ئێستە دەتوانین نموونە بۆ ئەمە بهێنینەوە، ئەمەش بە سەرنجدان لە "دۆزەخ"ی دانتێ. لە "کۆمێدیای ئیلاهی" تواندراوە بە رێکخستنێکی بێ گرێ گۆڵ بگەن، بە رووالەت بۆ نیگاری واقیعی ژیانی دنیایی و سیستەمێکی جیهانی و نەمریی نرخ و بەهاکانی کریستیانی. ئەوەی دانتێ وەک زیارەتێک لە تەی کردنی دۆزەخ و بەرزەخ و بەهەشت دەیبینێ، روانگەیەکی بێ هاوتای حوکمدانە. بۆ نموونە، پاولۆ و فرانچێسکا وەک زیندانیانی ئەبەدی دۆزەخ دادەنرێن، لەبەر ئەو گوناهانەی کردوویانە، کەچی دەیانبینین دەژین و نمایشی ئەو کەسایەتییانە و ئەو کردانە دەکەن کە لەو شوێنە دایانناون کە لەوێ بۆ هەتاهەتایێ دەمێننەوە. بەم جۆرە،



https://t.me/kurdistanbooks

هەر یەکە لە کەسایەتییەکانی روانینی دانتێ نەک هەر خۆیان نوێنەرایەتی خۆیان دەکەن، بەڵکو نوێنەرایەتیەکیشە لە جۆری کەسایەتی خۆی بە چەشنێک کە بۆی دەست نیشان کراوە.

"ئەو لە سروودی 28ی دۆزەخ دەردەکەوێ. ئەو لە بازنەی هەشتەم لە نۆ بازنە دۆزەخ دانراوە،، لە چاڵی نۆیەم لەسەر دە چاڵی "مالێسفۆس" دانراوە، بازنەیەک لە چاڵی دۆزەخی و تاریک و تروسک دەورەی قەڵای شەیتانی داوە لە دۆزەخ، بە چەشنێک پێش ئەوەی چاوت بە "ئەو" بکەوێ، دانتێ بەناو بازنەکان تێدەپەڕێ کە پڕن لە خەڵکانێک کە تاوانیان سووکترە: ئەوانەی بە دوای ژیانێکی پڕ لە فەخامەت و شیک گەڕاون، نەوسنەکان، چاوچنۆکەکان، هاروتووڕەکان، زافزییەکان، خۆکوژەکان، کفرکەرەکان. پاش "ئەو"، تەنیا ئەوانە هەن کە موزەیەف و خائینن (وەک جودا، بروتوس و کاسیوس) پێش ئەوەی بگەی بە قووڵایی دۆزەخ، لەو شوێنەی شەیتان خۆی لێیەتی. بەم جۆرە "ئەو" سەر بە پلەبەندییەکەی زۆر توندوتۆڵی شەرانگێزەکانە، لەو کاتیگۆرییەی دانتێ ناوی لێ دەنێ "بڵاوکەرەوانی فەسادیی و فتنە".

سزای ئەو کە لە هەمان کات چارەنووسیشیەتی بۆ هەتاهەتایێ، سزایەکی بێزهێنەرەوە و تایبەتە: بێ کۆتاییە، دابەشی دوو بەش کراوە، لە چەناگەوە بۆ کۆم، دانتێ دەڵێ وەک بەرمیلێکە هەناوی لێککردبێتەوە. شیعری دانتێ لێرەوە هیچ وردەکارییەکی سکاتۆلۆژی (ئەدەبی تایبەت بە پیسایی و شتی پیس و کاری سوزانی- و) کە لەم سزایەدا هەیە بەجێناهێڵێ: هەناو و پیسایی "ئەو" بە وەسفێکی زۆر بە دیقەتەوە نووسراوە. "ئەو" سزادانەکەی خۆی بۆ دانتێ لێکدەداتەوە، هاوڕێکەشی پێشان دەدا، ئەویش لە بازنەی پێش ئەوە، لە نێو ئەوانەدایە کە کراوەنەتە دوو لەتەوە لەلایەن یاریدەدەری شەیتان، داوا لە دانتێ دەکا ئاگاداری "فرا دۆلچینۆ" بکاتەوە کە چی چاوەڕێی



https://t.me/kurdistanbooks

دەکا، فرا دۆلچینۆ قەشەیەکی هەڵگەڕاوەیە سەر بە تایفەیەکە داوای ئەوە دەکەن بەشداری لە ژنەکانیان و سامانەکانیان بکەن، بەوە تاوانبار کراوە کە دۆستێکی هەبووە. خوێنەر تێبینی ئەوە دەکا کە دانتێ شەهوانییەتی فرا دۆلچینۆ و ئەوی خستۆتە بەرانبەر یەکتر وەک هاوتای یەکتری، بە هەمان شێوە لافی باڵادەستی تیۆلۆژیشیان.

بەڵام دانتێ هێشتا شتی دیکەشی هەیە لەم بارەیەوە (...) بیلێ. کەمێک پێش دۆزەخ گروپێکی گچکەی موسلمانان هەن. ئیبن سینا، ئیبن روشد و سەلاحەدین، ئەمانە بەشێکن لە (...)کەسانی فەزیلەتدار، کە لەگەڵ هێکتۆر، ئێنێ، سۆکرات، ئەفلاتون، ئەریستۆ، لە بازنەی یەکەمی دۆزەخ دانراون بۆ چەشتنی سزایەکی سووک (بەڵکو شەرافەتمەندانەش) چونکە سوودیان لە وەحی کریستیانی وەرنەگرتووە. بێگومان دانتێ سەرسامە بە فەزیلەت و تایبەتمەندی بەرزیان، بەڵام لەبەرئەوەی کریستیانی نین ئەگەر بە سووکیش بێ دەبێ لە دۆزەخ سزا بدرێن. ئەبەدییەت لەناوبەریکی مەزنی جیاوازییەکانە، راستە، بەڵام ئەناکرۆنیزم (پارادۆکسی مێژوویی) و بێ تەرتیبی تەواو تایبەتن کە بریتییە لە دانانی کەسایەتیە گەورەکانی پێش کریستیانیزم لەناو هەمان کاتیگۆری سزادانی "بت پەرستان" وەک موسلمانانی دوای کریسیانیزم دانتی تێک نادەن. ئەگەرچی قورئان بە وردی باسی ئەوەی کردووە کە عیسا پەیامبەرە، دانتێ دەیەوێ فەیلەسوفە گەورەکان و پاشای موسلمانان بە شێوەیەکی سەرەکی لە روانگەی کریستیانیزم وەک نەزان حسێبیان بۆ بکا. ئەگەر بتوانن هەمان ئەو ئاستە بەرزە وەرگرن وەک پاڵەوانەکان و حەکیمەکانی سەردەمی کۆنی پێش مێژوو، ئەوا روانینێکی نامێژووییە، وەک رافایل لەناو فرێسکەکەی "خوێندنگەی ئاتێن" کە تێیدا ئیبن روشد هاوسێی سۆکرات و ئەفلاتونە لە ئەکادێمیا (دەشێ بەراوردیش بکرێ بە "دیالۆگی مردووان"ی "فێنێلۆن"ن لە نێوان 1700 تا 1718


https://t.me/kurdistanbooks

نووسراوە، کە تێیدا سۆکرات و کۆنفۆشیوس بەیەکەوە گفتوگۆ دەکەن.).

جیاوازیکردن و وردبوونەوەی زۆر لە گرتن و تێگەیشتنی شیعرییەتی ئیسلام لەلایەن دانتێ –وە نموونەیەکی ئەم ویستی نمایشەیە، کە تا رادەیەک کۆسمۆلۆژییە (جیهانی بە مانای فراوانی گەردوونی- و)، بە هۆی ئەمەوە ئیسلام و نوێنەرایەتیکردنەکانی دیاریکراون، بە تێگەیشتنی جیۆگرافی و مێژوویی، بە تایبەتی مۆرالی ئۆروپی داهێنراون. زانراوە تەجریبیەکان لەمەڕ رۆژهەڵات یان لەمەڕ هەر بەشێک لە بەشەکان گەلێک کەم حسێبی بۆ دەکەن، ئەوەی گرینگە، بەشێوەیەکی ئێجگاری، ئەوەیە کە من بە روانینی رۆژهەڵاتی دادەنێم، ئەمەش روانینێکە بە هیچ شێوەیەک تایبەت نیە بە توێژەری پسپۆڕی پیشەیی، بەڵام زیاتر بە هاوبەشی سەر بەوانەیە کە لە رۆژئاوا بیریان لە رۆژهەڵات کردۆتەوە. هێز و توانای شیعرییەتی دانتێ هەڵدەکشێ، ئەم روانینانە، یان ئەم روانگانە بۆ رۆژهەڵات وا دەکەن زیاتر ببنە نوێنەرایەتیکار. دانتێ محەمەد و سەلاحەدین و ئیب روشد و ئیبن سینا لەناو کۆسمۆلۆژییەکی روانگەدار جێگیر دەکا، جێگیرکراون، رێکخراون، دەورەدراون و زیندانیکراون، وێڕای بایەخ نەدان تەنیا بە (وەزیفەیان) و بەو کەسایەتییانەی دێنە سەر شانۆ و لێی دەردەکەون. "ئیزاییا بەرلین" باسی لە کاریگەری ئەم هەڵوێستانە کردووە:

(لەناو ئەم (...) کۆسمۆلۆژییە، ژیانی مرۆیان و (لە هەندێ کۆپی، تەواوی گەردوون) پلەبەندی یان هێرارشییەکی سادەیە، سەرتاپاگیرە، بە چەشنێک کە لێکدەدەینەوە بۆچی هەر یەک لەم شتانە وەک ئەوەی کە هەن، لەو دەمەی کە وان و ئەوە دەکەن کە دەیکەن بە هەمان شێوە دەڵێین ئامانجی چیە، تا کوێ بڕ دەکا، کامەیە پەیوەندی و ناونیشان و وابەستەگی لە نێوان ئامانجەکانی ماهییەتە تیلۆلۆژییە


https://t.me/kurdistanbooks

(واتە هەموو شتێک لە سروشتدا بۆ مەبەستێک ئاراستەکراوە/و) جیاوازەکان لەناو پیرامیدی هارمۆنی کە بە هاوبەشی دروستی دەکەن. ئەگەر ئەم وێنایەی واقیع راست بێ، لێکدانەوەی مێژوویی، وەک هەر فۆرمێکی دیکەی لێکدانەوە، دەبێ بە تایبەتی لەسەر ئەوە بەند بێ وەک تاکەکەسەکان، گروپەکان، نەتەوەکان، هەر یەک لە جۆرەکان لە جێی خۆی دانێ لەناو تاروپۆی (چنین)ی جیهانی. ناسینی جێگەی (کۆسمی، گەردوونی) شتێک یان کەسێک، واتە ئەو شتە، ئەو کەسە چیە و چی دەکا. کەواتە شتێکە و هەمان شتە وەک لەوەی ببی یان نرخ و بەهایەکت هەبێ، هەبی و وەزیفەیەکت هەبێ و (تا رادەیەک سەرکەوی لە جێبەجێکردنی) تاروپۆ یان چنین، خۆی بە تەنیا، ژیان دەبەخشێ، دەیوەستێنێ و وێنەیەک دەبەخشێ، واتە نرخ و بەهاو مانایەک بۆ هەموو ئەو شتانەی هەن. تێگەیشتن واتە بینینی تاروپۆ یان چنینەکان (...) هەرچەند بتوانین رووداوێک، کردەیەک یان خەسڵەتێک نەشێ خۆی لێ لادەین، هەرچەند مەزەندەی توێژەر قووڵ بێ، لە تاقە دوا هەقیقەت نزیک دەبینەوە. ئەم هەڵوێستە بە قووڵی دژەتەجریبییە.) (51)

ئەمەیە نموونەی هەڵوێستی رۆژهەڵاتناس بە گشتی. ئەو ئەفسوون و میتۆلۆژی دەخاتە پاڵ خەسڵەتی سیستەمی داخراو، کە لە خۆیدایە و خۆی لە خۆیەوە بەهێز دەکا، تێیدا شتەکان بەو شێوەیەن کە وان "لەبەرئەوەی" بە ئێجگاری وان کە بەم شێوەیەن، لەبەر هۆکاری بوونیان "ئۆنتۆلۆژی" کە هیچ یەکێک لە زانراوە تەجریبییەکان ناتوانێ نە دەرکرێ نە بگۆڕدرێ. چوونەناو پەیوەندی لەگەڵ رۆژهەڵات و، بە تایبەتیش لەگەڵ ئیسلام، ئۆروپا سیستەمی نوێنەرایەتیکردنی خۆی بۆ رۆژهەڵات توندتۆڵ کردووە و، بەو چەشنەی "هێنری پیرێن" بۆی چووە، ئیسلامی کردووە بە جەوهەری بوونێک لە دەرەوە، هەر لە دژی سەرتاپاگیری ئەمەشەوە شارستانی ئۆروپی هەر لە سەدەکانی


https://t.me/kurdistanbooks

ناوەڕاستەوە خۆی بنیاتناوەتەوە. رووخانی ئیمپراتۆری رۆمانی بەهۆی هێرشی بەربەرەکان ئەنجامێکی پارادۆکسی هەبوو کە بووە هۆی ئەوەی شێوازی بەربەرەکان بچێتە ناو کولتووری رۆمانی و مێدیترانیێ: رۆمانیا (خوێنەری کورد نابێ ئەم ناوەی لێ تێکەڵ بێ لەگەڵ کۆماری "روومانیا"ی ئێستا کە بە هەڵە دەنووسن رۆمانیا/و) سەرەنجام هێنری پیرێن دەڵێ: هێرشەکانی ئیسلام کە لە سەدەی حەفتەم دەستی پێکرد، ئەنجامێکی وایان هەبوو ناوەندی کولتووری ئۆرووپی لە مێدیترانیێ کە ئێستە بۆتە هەرێمێکی عەرەبی، بەلادا بچێ و بگوازرێتەوە بۆ باکوور. "لێرەوە جێرمانیزم دەست دەکا رۆڵی خۆی بگێڕێ. بەڵام تا ئێرە نەریتی رۆمانی درێژە بە خۆی دەدا. لێرەوە شارستانیەکی رۆمانۆجێرمانی رەسەن گەشەدەسێنێ." ئۆرووپا بەسەر خۆیدا داخرابوو: رۆژهەڵاتیش، کە تەنیا شوێنێکی بازرگانی نەبوو، لە رووی کولتووری، رۆشنگەری، روحی، خۆی لە دەرەوەی ئۆرووپا و شارستانی ئۆرووپی دەدۆزێتەوە، وەک هێنری پیرێن دەڵێ، ببووە کۆمەڵێکی گەورەی کریستیانی بەرین وەک "ئێکلێزیا (...) لێرەوە رۆژئاوا لەسەر ژیانی تایبەتی خۆی دەژیێ".(52) لە قەسیدەکەی دانتێ، لە کارەکانی "پیێری شکۆمەند" و رۆژهەڵاتناسە کلونییەکان، لە نووسینی نووسەرە وتووێژخوازە polémiste کریستیانەکانی دژ بە ئیسلام وەک: گیبێر دو نۆژن، بێدێ، رۆژێ باکۆن، گویۆم دو تریپۆلی، بورشارد دو مۆنت سیۆن، لوتەر، لە "رۆمانسێرۆ"ی سید Cid و لە "بەیتی رۆلاند" و لە "ئۆتیلۆ"ی شکسپیر (ئەم هەڵخەڵەتێنەرەی جیهان)، رۆژهەڵات و ئیسلام هەردەم بە چەشنێک نوێنەرایەتیکراون وەک بوونێک لە دەرەوە کە رۆڵێکی تایبەتییان هەیە لە ناوەوەی ئۆرووپا بیگێڕن.

جیۆگرافیای خەیاڵی، کە لە پۆرترێتە زیندووەکانەوە دەست پێدەکا کە لە "دۆزەخ" و لە تێکستە پەخشانیەکانی کتێبی "کتێبخانەی رۆژهەڵاتی"

دێربێلۆ دا هەن، شەرعییەت بە  وشەیەک، بە جیهانی گوتارێکی نوێنەرایەتیکاری سەر بە گفتوگۆ و تێگەیشتن لە ئیسلام و لە رۆژهەڵات دەدرێ.(...) لە بن یەکە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتناسی، (مەبەستم لەمە زۆر بە ئاسانی ئەو وشەیەیە کە هەموو جارێک بەکاری دەهێنین کە باس لە رۆژهەڵات دەکەین یان کە لەسەری دەنووسین)، کۆمەڵێک یان گەلێک زۆر لە کەسایەتی نوێنەرایەتیکار هەیە. ئەم کەسایەتییانە هی رۆژهەڵاتی هەقیقین یان هی ئیسلامن، (کە لێرەوە من بە تایبەتی خەریکیم)، وەک بەرگ و پۆشاکی شێواز تایبەتن بۆ ئەکتەرەکانی شانۆگەرییەک، وەک بۆ نموونە، ئەو خاچەی بەڕێز "تولۆمۆند" هەڵیدەگرێ یان بەرگی رەنگاوڕەنگی "ئارلۆکا" لە شانۆنامەی "کۆمێدیا دێلا ئارتا" پۆشیووە. بە مانایەکی دی، واتە ئێمە پێویستیمان بەوە نیە بگەڕێین نێوانێک بدۆزینەوە لە نێوان زمانی بەکارهێنراو بۆ وێنەکێشانی رۆژهەڵات و رۆژهەڵات خۆی، مەسەلەکە زۆر ئەوە نیە ئەم زمانە دیقەتی نیە، بەڵکو لەبەرئەوەیە نایەوێ بگەڕێ دیقەتی هەبێ. ئەوەی هەوڵی بۆ دەدا بیکا، ئەوەیە وەک لە "دۆزەخ" دەیبینین، بە هەمان شێوە دەستنیشانی رۆژهەڵات بکرێ وەک بێگانەیەک و، جەستەیەکی نمایشی بدرێتێ لە دیمەنی شانۆیەک کە بینەرانی، بەرێوەبەری، ئەکتەرەکانی "بۆ" ئۆروپان، تەنیا بۆ ئۆروپا. لێرەوە مەسەلەی هاتوچوون و لەرینەوە لە نێوان ئەوەی ناسراو و ماڵییە، ئەوەی بێگانەیە هەستی پێدەکرێ. (...)

لە جیاتی ریزکردنی لیستی هەموو رەوانبێژییەکانی گوتاری سەر بە رۆژهەڵات، بێگانەییەکەی، جیاوازییەکەی، شەهوانییەتە ناوێزەکەی، دەتوانین ئایدیای گشتی لێ دەربهێنین، چۆن بە درێژایی سەردەمی بووژانەوە گواستراونەتەوە. هەموویان گفتوگۆ هەڵناگرن و لە خۆیانەوە دەڕۆن، ئەو زەمەنەی بەکاریشی دێنێ نەمریی دەرەوەی زەمەنە. ئینتیباعی دووبارەبوونەوە و هێز دەبەخشن، هەردەم


https://t.me/kurdistanbooks

هاوسەنگن کەچی بە شێوەیەکی ریشەیی لە خوارەوەی هاوتا ئۆروپییەکەیانن، هەندێ جار دیاریکراون هەندێ جاریش دیارینەکراون. بۆ هەموو ئەم وەزیفانە، زۆرجار هەر ئەوەندە تێری ئەوە دەکا راناوی کەسیی کەسی سێیەمی بوون (ە – est) بەکاربهێنی.(...) : ئەم رستەیە خۆی لەلایەن دێربێلۆ لە کتێبی "کتێبخانەی رۆژهەڵاتی" سیفەتێکی شەرعی دراوەتێ، لە هەمان کات لەلایەن دانتێ –وە بە دراماتیکی کراوە. بێگومان پێویست بە هیچ بەهانە هێنانەوەیەک ناکات، ئەو بەڵگەیەی پێویستمانە بۆ حوکمدانی(ئەو)(...) لەناو ناوەڕۆکی راناوی کەسیی کەسی سێیەمدا هەیە (ە). رستەکەمان بۆ روون ناکەنەوە، پێشناچێ پێویست بێ ئەمە بگوترێ(...). بۆ ساتێکیش پێویستمان بەوە نیە، دەشێ پێوست نەبێ داڕشتنەکە دووبارە بکرێتەوە لەگەڵ ئەمەش دووبارە دەکرێتەوە (...)، دانەری ئەم داڕشتنەش کەمێک زیاتر دەستەڵات بە گوتنەوەی دەباتەوە. بەم جۆرە دەبینین کە بیۆگرافیای بەناووبانگی مەحەمەد لە سەدەی هەژدەم لەلایەن "هامفری پریدۆ"نووسراوە(...). دواجار، شتێکی سروشتییە کە کاتیگۆرییەکی(...)، (بەرێککەوت رۆژهەڵاتیی) داوای یان پێویستی بە پێچەوانە و دژێکە نە شتێک بێت بە چەشنێک موزەیەف بێ نە بەردەوام بە دوای ناسنامەی روون بگەڕێ. ئەم دژە "رۆژئاوایە لە حاڵەتی محەمەد مەسیحە.

کەواتە لە روانگەی فەلسەفییەوە، جۆری زمان و فیکر و روانین کە بە شێوەیەکی گشتی من بە رۆژهەڵاتناسیم داناوە، بریتییە لە فۆرمێکی بنەوانخوازانەی ریالیزم. بەندە بە شێوازێکی ناسراوی تۆژینەوە لە پرسیارێک، شتێک، چلۆنایەتییەک، هەندێ ناوچەی پێشنیارکراو کە رۆژهەڵاتین. ئەوانەی بەکاریان دەهێنن دەستنیشانی دەکەن، ناوی لێ دەنێن، دیاری دەکەن، جێگیری دەکەن، لە بارەی زاراوەیەک بێ یان دەستەواژە و ئیدیۆمێک. سەرەنجام وای بۆ


https://t.me/kurdistanbooks

دەڕوانن ئەو زاراوەیە یان ئەو دەستەواژەیە هەندێ سیفەتی واقیعی وەرگرتووە یان، زۆر بە سادەیی خۆی بریتییە لە واقیع. لە روانگەی گوتاری رەوانبێژییەوە، رۆژهەڵاتناسی بە رەهایی ئەناتۆمی و ژمێرەرە: بەکارهێنانی وشەی خۆی تایبەت، واتە چوونە ناو تایبەتمەندییەک و دابەشکردنی شتەکانی رۆژهەڵات بۆ ئەوەی بتوانرێ تۆژینەوە لەبارەیانەوە بکرێ. لە روانگەی سایکۆلۆژییەوە، رۆژهەڵاتناسی فۆرمێکی پارانۆیایە، بۆ نموونە زانینێکە وەک سیستەمی زانینی مێژوویی، ئاسایی نیە. ئەمە هەندێ لە ئەنجامەکانی جیۆگرافیای خەیاڵی و ئەو سنوورە دیمەندارانەیەتی کە دەیکێشێ. ئێستەش بەرەو ئەوە دەچم لە هەندێ گۆڕانی تایبەتی مۆدێرنی ئەم ئەنجامە بە رۆژهەڵاتیکراوانە بکۆڵمەوە.

https://t.me/kurdistanbooks

3

# پرۆژەکان

پێویستە پشکنین بۆ سەرکەوتنە رۆشنەکانی رۆژهەلاتناسی بکەین بۆ حوکمدان تا چ رادەیەک ئەوەی "میشلێ" دەیڵێ بە تەواوی پێچەوانەی ئەوەیە کە پێویستە بیڵێ کە باس لە ئایدیای ئەم هەرەشە مەزنە دەکا:" رۆژهەلات هەنگاو دەنێ، ناشکێندرێ، بکوژە بۆ خواکانی رۆشنایی بە هۆی ئەفسوونی خەونەکانی، بە هۆی ئەفسوونی تاریک و روونی."(53) پەیوەندییە کولتووری و ماتریالی و رۆشنگەرییەکانی نێوان ئۆروپا و رۆژهەلات بەناو چەندان رستەی بێ ئەژمار تێپەڕیون، ئەگەرچی ئەمەش راستە کە دیاریکردنی تخووبەکان لە نێوان رۆژهەلات و رۆژئاوا بەردەوام بێ پچڕان لە ئۆروپا هەستیار بوونە. کەچی، بە گشتی رۆژئاوا بەرەو رۆژهەلات هەنگاوی ناوە نەک بە پێچەوانەوە.

من زاراوەی رۆژهەلاتناسیم بۆ نزیکبوونەوە و تێگەیشتنی رۆژئاوا لە رۆژهەلات بەکارهێناوە، رۆژهەلاتناسی دیسیپلینێکە بە هۆی ئەمەوە رۆژهەلات بە شێوەیەکی پلان بۆ دانراو باسکراوە (هەڵبەت ئێستەش) وەک بابەتی لێکۆڵینەوە، دۆزینەوە و پراکتیک. بەلام هێشتا ئەم زاراوەشم بۆ دەستنیشانکردنی کۆمەڵێک شتی دیکەش



https://t.me/kurdistanbooks

بەکارهێناوە، وەک: خەون، وێنا و ئەو وشانەی لەبەر دەستی ئەوانەن کە هەوڵدەدەن قسە لەبارەی ئەوە بکەن کە لەلای ڕۆژهەڵاتی ئەو تخووبە هاوبەشەیە. ئەم دوو ڕووەی ڕۆژهەڵاتناسی لەگەڵ یەکتری ناکۆک نین، چونکە بە سوود وەرگرتن لەمە یان لەویتر ئۆروپا توانیویەتی پێشکەوێ و هەنگاو بنێ بەرەو ڕۆژهەڵات، هەڵبەت بە دڵنیاییەوە نەک بە شێوەیەکی مەجازی. لێرەوە، دەمەوێ بە شێوەیەکی سەرەکی شوون پێی ماتریالییانەی ئەم پێشکەوتن و هەنگاونانە هەڵگرم.

ئیسلامی لێ دەرکە، ڕۆژهەڵات تا سەدەی نۆزدەم بۆ ئۆروپا، بوارێک بووە، مێژوویێکی بەردەوامی هەبووە لە باڵادەستی بێ ئەملاو ئەولای ڕۆژئاوایی. بەڵگەی ڕاستیی بەرچاوی ئەمەش بوونی بەریتانیایە لە هیندستان، بوونی پۆرتوگال لە ڕۆژهەڵاتی هیندستان، لە چین و ژاپۆن، بوونی فرانسی و ئیتالییەکانە لە کۆمەڵێک ناوچەی ڕۆژهەڵات. نموونەی بەرهەڵستی لێرە و لەوێ لەلایەن خەڵکی ڕەسەنی شوێنەکان هەبووە کە سەفای شیعری ئەم هەڵکەوتەیان تێکداوە، وەک لە ساڵانی 1638-1639، گرووپێک لە کریستیانەکانی ژاپۆن پۆرتوگالیەکانیان لە ناوچەکانی خۆیان دەرکردووە: وەکوتر، تەنیا ڕۆژهەڵاتی عەرەبی و ئیسلامی تەحەدایەکی بەردەوام بوونە بۆ ئۆروپا، ئەمەش لەسەر ئاستی سیاسی، ڕۆشنگەری، بۆ ماوەیەکیش ئابووری. ڕۆژهەڵاتناسی لە بەشێکی گەورەی مێژووی خۆی، مۆرکی هەڵوێستی شڵەژانی ئۆروپی بەرانبەر بە ئیسلام هەڵگرتووە و، سەرەنجام لەم تۆژینەوەیەدا بایەخ بەو ڕووە زۆر هەستیارە دەدەم.

گومانی تێدا نیە لە زۆر باردا ئیسلام ئەنگیزە و پشێوی هەقیقی بووە (بۆ ڕۆژئاوا). بەشداری لە نەریتی جودایی و هێلینی (یۆنانی) کردوە، بە شێوەیەکی هەراسانکار لە کریستیانیزم نزیک بووە، لە ڕووی جیۆگرافی و کولتووریەوە، بە شێوەیەکی داهێنەرانە شتی لە



https://t.me/kurdistanbooks

کریستیانیزم وەرگرتووە، دەیتوانی شانازی بە سەرکەوتنە سوپایی و سیاسییە بێ هاوتاکانی بکا. ئەمەش هەموو شتێک نیە. وڵاتانی موسلمان راستەوخۆ لە تەنیشت وڵاتانی کتێبی پیرۆزن، هەتا لەسەرەوەی ئەوانیشن، هێشتا زیاتر، دڵی بواری ئیسلامی هەردەم ناوچەیەک بووە وایکردووە نزیکترین هاوسێی ئۆروپا بێ، کە بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان خاوەرمیانە ناسراوە. عەرەبی و عیبری دوو زمانی سامین، بەیەکەوە، ماتریالێک بەکاردەهێنن و بەکاردەهێننەوە کە گرینگییەکی لەبن نەهاتوویان بۆ کریستیانیزم هەیە. لە کۆتاییەکانی سەدەی حەفتەمی زایینی تا "جەنگی لێپانت" لە 1571، ئیسلام، چ بە فۆرمە عەرەبی یان عوسمانی یان باکوری ئەفریقیایی یان ئیسپانیایی بێ، باڵادەست و هەڕەشەی کاریگەر بووە لەسەر کریستیانی ئۆروپی. ئیسلام توانی بە پێش رۆما بکەوێ و ئەستێرەی ئاوا بکا، هیچ ئۆروپییەک، هی دوێنێ و هی ئەمڕۆ، ناتوانێ بیر لەمە نەکاتەوە. هەتا گیبۆن – خۆیشی نەیتوانیوە ئەمە بە سەریدا تێپەڕێ، وەک چۆن ئەم تێکستەی خوارەوە ئەم مەسلەیە دەخاتە بەر رۆشنایی لە کتێبی (مێژووی رووخان و کەوتنی ئیمپراتۆریای رۆمانی):

(لە رۆژانی سەرکەوتن و سەرفرازی کۆماری رۆمانی، ئامانجی سێنات سنووردارکردنی ئەنجومەن و تیپەکانی جەنگ بوون بۆ یەک جەنگ بە تەنیا تا لەناوبردنی تەواوی یەکەم دوژمن پێش دوژمنایەتیکردن لەگەڵ یەکێکی دی. بەڵام ئەم حیکمەتە شەرمنەی سیاسی لەلایەن شەهامەت و حەماسەتی خەلیفە عەرەبەکان مایەی گاڵتەجاڕی بوو. بە زیندوویی و بە هەمان سەرکەوتنەوە خەلیفە عەرەبەکان هێرشیان بردە سەر خاکی جێگرەوەکانی ئۆگوست و ئارتەهشاستا. سەرەنجام شا ناکۆکەکان لە نێوان خۆیان لە هەمان وەخت بوونە نێچیری دوژمنێک کە ماوەیەکی زۆر بوو نەریتیان



https://t.me/kurdistanbooks

بەوەگرتبوو رقیان لێ بێتەوە. لە ماوەی دە ساڵی ئیدارەی عومەر، موسلمانەکان دەستیان بەسەر سی و شەش هەزار شار و قەڵادا گرت، چوار هەزار کڵێساو پەرستگای بێ باوەڕەکانیان رووخاند و هەزار و چوار سەد مزگەوتیان بۆ پراکتیکی ئایینی محەمەد بنیاتنا. چەند سەد ساڵێک دوای ئەوەی لە مەکە هەڵات، سوپا و ئیمپراتۆڕی جێگرەوەکانی پەیامبەر لە هیندەوە درێژ دەبۆوە تا دەگەیشتە ئۆقیانووسی ئەتلەنتیکی، بە درێژایی چەندان هەرێمی جیاجیا و لێک دوور (...).(54)

کە وشەی رۆژهەڵات هێشتا بە سادەیی وەک هاوواتایەکی رۆژهەڵاتی ئاسیا کە هەموو ناوچەکە بگرێتەوە وەرنەگیرابوو، یان بە مانایەکی گشتی وەک ناو بەکارنەدەهات بۆ وڵاتی دوور و ئێگزۆتیک، بە شێوەیەکی تەواو توندۆتۆڵ وا تێگەیشتبوون ئەم ناوە بەسەر رۆژهەڵاتی ئیسلامی پەیڕەو دەبێ. ئەم رۆژهەڵاتە "جەنگاوەرە" وا دەهاتە پێشەوە خۆی بناسێنێ وەک ئەوەی "هێنری بۆدێ" دەڵێ:"شەپۆڵێکی ئاسیایی" بوو. بە دڵنیاییەوە ئەمە حاڵەت و هەڵکەوتەکە بوو لە ئۆروپا تا ناوەڕاستی سەدەی هەژدەم، لەو دەمەوە، ئەرشیڤی زانینی "رۆژهەڵاتی" وەک کتێبی "کتێبخانەی رۆژهەڵاتی"ی دێربێلۆ لەوە وەستان هەر تەنیا سەروکاریان لەگەڵ ئیسلام، عەرەبەکان یان عوسمانیەکانەوە هەبێ. تا ئەو سەردەمە، یاداشتی کولتووری، گرینگی بە شتێک دەدا بشێ تێبگەن، یان بایەخی پلە یەکی بە هەندێ رووداو دەدا تا رادەیەک دوور بوون، وەک رووخانی کۆنستەنتینۆپل، خاچپەرستەکان، داگیرکردنی سیسیل و ئیسپانیا، بەڵام کە ئەمە مانای هەڕەشەی رۆژهەڵاتی دەگەیاند، مانای وانیە بەو ئاستەش شوێنەکانی دیکەی ئاسیای دەسڕییەوە.

هەمیشە هیندستان هەبووە، راستە: لە دامەزراندنی یەکەمین بنکە ئۆروپییەکان لە سەرەتای سەدەی شانزەم پۆرتوگال پێشەنگ بوو،



https://t.me/kurdistanbooks

پاشان ئۆروپا، بە پلەی یەکەم ئینگلتەرا، دوای ماوەیەکی درێژ، لە 1600 بۆ 1758 بە شێوەیەکی سەرەکی خەریکی چالاکی بازرگانی بوون، توانی لە رووی سیاسییەوە باڵادەست بێ، دواتر داگیری بکا. کەچی، هیندستان خۆی وەک دانیشتوانی ئەسلی هەرگیز نەبۆتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ ئۆروپا. ئەمەش لەبەرئەوە بوو کە دەستەڵاتی لۆکالی هەڵوەشابووەوە و وڵاتی خستبووە سەر گازەرای پشت بۆ ناکۆکی نێوان ئۆروپییەکان خۆیان و، بە هەمان شێوە بۆ کۆنترۆڵی سەرلەبەری سیاسی ئۆروپی، هەر لەبەر ئەمەشە ئۆروپا بەو لووتبەرزیە ملکدارییەوە تاووتوێی لەگەڵ هیندی رۆژهەڵات کردووە، هەرگیز نەک بەو هەست و سۆزە پڕ لە مەترسییەی کە بۆ ئیسلامی هەبوو.(56) بە لای کەمی نێوانێکی فراوان لە نێوان ئەو لووتبەرزییە و ئەوەی کە بە زانینێکی پۆزەتیڤی ورد و دیاریکراو دەچوو هەبوو. لە کتێبی "کتێبخانەی رۆژهەڵاتی" دێربێلۆ، ئەو بابەتانەی لەبارەی هیند و فارس بوون، لە هەموویان پشت بە سەرچاوەی ئیسلامی بەسترا بوو، راستیشە، تا سەرەتای سەدەی نۆزدەم، کە دەگوترا "زمانە رۆژهەڵاتییەکان"، مەبەست لێی تەنیا "زمانە سامییەکان" بوو. بووژانەوەی رۆژهەڵات کە "کینێ" قسەی لەبارەوە کردووە، وەزیفەکەی بەرینکردنی هەندێ سنووری تەواو تەسک بوو کە ئیسلام تێیدا نموونەی هەگبەیەکی رۆژهەڵاتی بوو هەموو شتێکی تێدابوو.(57) سانسکریتی، ئایین، مێژووی هیندستان لەگەڵ هەوڵ و کۆششی "سێر ویلیەم جۆنز" لە کۆتایی سەدەی هەژدەم بوونە بابەتی ناسینی زانستی، ئەم بایەخدانەی جۆنز خۆیشی بە هیندستان بە پلەی یەکەم لە رێگەی بەرژەوەندی پلە یەکی خۆی بوو بۆ ئیسلام.

کەواتە شتێکی سەیر نیە کە یەکەم کاری گرینگی تۆژینەوەی پسپۆڕی رۆژهەڵاتی، پاش کتێبی "کتێبخانەی رۆژهەڵاتی" دێربێلۆ،



https://t.me/kurdistanbooks

کتێبی "مێژووی موسلمانان"ی "سیمۆن ئۆکلی" بێ، کە بەرگی یەکەمی لە ساڵی 1708 بڵاوبۆتەوە. مێژوونووسێکی هاوچەرخ لە رۆژهەڵاتناسی رای وابووە کە هەڵوێستی سیمۆن ئۆکلی بەرانبەر بە موسلمانان (بەو پێیەی کریستیانە ئۆروپییەکان لە یەکەم ناسینیان بۆ فەلسەفە قەرزاری ئەوانن) خوێنەرە ئۆروپییەکانی "تووشی هێدمەیەکی بە ئێش کردووە". هەڵبەت، سیمۆن ئۆکلی هەر بەوە نەوەستا لە کارەکەی بە روونی ئەم باڵادەستییەی ئیسلامی پیشان بدا، بەڵکو ئەو "یەکەمین تامکردنی رەسەن و جەوهەری پیشانی ئۆروپادا لە روانگەی عەرەب لەمەڕ جەنگەکان لەگەڵ فارس و بیزەنتییەکان"(58). لەگەڵ ئەمەش ئۆکلی وشیاربووە خۆی بە دوور بگرێ بکەوێتە ژێر کاریگەری ئیسلام و، بە جیاواز لە هاوکارەکەی "ویلیەم ویستن" کە جێگەی نیوتنی گرتەوە لە کامبریج، (...) سەرەنجام ویلیەم ویستن بە هۆی حەماسەتی بۆ ئیسلام ساڵی 1709 لە کامبریج دوورخرایەوە.

بۆ گەیشتن بە سەروەت و سامانی هیندییەکان (رۆژهەڵاتییەکان) دەبوایە هەردەم بە هەرێمی وڵاتە موسلمانەکاندا تێپەڕی و وێڕای بەرگری کردن لە کاریگەرییەکانی (...) ئیسلام، کە سیستەمێکی ئایینی تا رادەیەک ئارییانەیە. بەلای کەمی لە بەشی زۆری سەدەی هەژدەم، ئینگلتەرا و فرانسا توانیان لەمە سەرکەون. ئیمپراتۆری عوسمانیش ماوەیەکی زۆر بوو کەوتبووە ناو پیرییەکی ئاسوودە بۆ ئۆروپا. ئەم دیاردەیەش لە مێژووی سەدەی نۆزدەم وەک "مەسەلەی رۆژهەڵات" ناسرابوو. لە نێوان ساڵی 1744 و 1748 ئینگلتەرا و فرانسا لە هیندیستان رووبەڕووی یەکتر بوونەوە، جارێکی دیش لە نوێ لە نێوان 1753 و 1763، تا ئەو کاتەی بەریتانیاییەکان، لە ساڵی 1769 بە تەواوی لەم رووبەڕووبوونەوەیە دەرچوون و بە تەواوی دەستیان بەسەر ئابووری و سیاسەتی نیمچە کیشوەرەی هیندستاندا گرت.



https://t.me/kurdistanbooks

سەرەنجام، کام لەمپەر لە پێش ناپۆلیۆن بۆناپارت هەبوو وای لێ بکا دەست هەڵنەگرێ لە هەراسانکردنی ئیمپراتۆڕی رۆژهەڵاتی بەریتانی بە بڕینی رێگەی ئیسلامی هاتووچۆیان لە میسر؟

داکیرگردنی میسر لەلایەن ناپۆلیۆن بۆناپارت لە ساڵی 1798، پاشان هەڵکوتانە سەر سوریا، کۆمەڵێک ئەنجامی زۆر گەورەیان هەبوو بۆ مێژووی مۆدێرنی رۆژهەڵاتناسی. پێش بۆناپارت، تەنیا دوو پرۆژە هەبوو کە لەلایەن دوو لە توێژەرە پسپۆڕەکان دانرابوون، بۆ هێرشکردنە سەر رۆژهەڵات و لابردنی ئەو پەردانەی دەیشاردنەوە، وێڕای ئەمەش ئاودیو بوون لە پەناگا نیمچە ئارامەکانی رۆژهەڵاتی "کتێبی پیرۆز". هەوڵی یەکەم لەلایەن "ئەبراهام هایکنت ئەنکتیل دوپێرۆن" بوو (1731-1805)، ئەنکتیل دوپێرۆن کەسێکی رەفتار سەیر بوو، تیۆریناسێکی یەکسانیخواز بوو، پیاوێک بوو لە فیکر و ئەقڵی خۆی سازانی لە نێوان ئاینی جانسانیزم و لایەنی ئۆرتۆدۆکسی کاتۆلیکی و براهمانیزم دەکرد، ئەنکتیل دوپێرۆن تا هیندستان چوو، بۆ سەلماندنی باڵادەستی "گەلی هەڵبژێردراو" لەگەڵ ژینیالۆژی باسکراو لە "کتێبی پیرۆز" کە بەرای ئەو هەقیقەتێک بووە. لە جیاتی ئەمە، بەسەر ئامانجی یەکەمی خۆی بازی دا، تا شاری "سورات" چوو، لەوێ گەنجینەیەکی لە تێکستەکانی ئاڤێستا دۆزییەوە، هەر لەوێ مایەوە تا وەرگێڕانی ئاڤێستای تەواو کرد. رایمۆند شواب لە بارەی ئەم پارچە تێکستە رازدارانەی ئاڤێستا کە وای کردووە ئەنکتیل دو پێرۆن ئەم سەفەرە بکا گوتوویەتی "زاناکان سەیری پارچە تێکستە ناسراوەکانی ئۆکسفۆردیان کرد و گەڕانەوە ناو کابینەی لێکۆڵینەوەکانیان: "ئەنکتیل تێکستەکان دەبینێ و دەڕوا بۆ هیند". شواب ئەمەش دەڵێ کە ئەنکتیل و ڤۆلتێر، ئەگەرچی سروشت و ئیدیۆلۆژییان لێکدژە و هیچ شتێک کۆیان ناکاتەوە، بەڵام هەمان مەیل و بەرژەوەندییان بۆ رۆژهەڵات و کتێبی پیرۆز هەبووە، "یەکێکیان



https://t.me/kurdistanbooks

لەگەڵ ئەوە بووە وابکا کتێبی پیرۆز گفتوگۆ هەڵنەگرێ، ئەویتر لەگەڵ ئەوە بووە وای لێ بکا هێشتا جێگەی باوەڕ نەبێ." ئەوەی کە سەرەنجراکێشە، وەرگێڕانی ئاڤێستا بۆ ڤۆلتێر زۆر بە سوود بووە، چونکە دۆزینەوەکانی ئەنکتیل "لەناکاو ڕێگە بۆ ڕەخنە لەم کتێبانە دەکەنەوە کە تا ئەو کاتە وەک تێکستی دابەزیو بە وەحی حسێبیان بۆ دەکرا، وەک "کتێبی پیرۆز".

(ئەنکتیل، لە ساڵی 1759، لە سورات وەرگێڕانی "ئاڤێستا" تەواو دەکا، لە ساڵی 1786 وەرگێڕانی "ئوپانیشاد" لە پاریس تەواو دەکا، بەم جۆرە کەناڵێک لە نێوان هەر دوو بەشی بلیمەتی مرۆیی دروست دەکا، ژیاندنەوەی پیرە هیومانیزمی ستێرکی مێدیترانێ، کەمتر لە پەنجا ساڵ پێشتر، هاووڵاتییەکانی خۆی دەیانپرسی چۆن دەتوانین ببین بە فارس، بوون بە فارس مانای چیە، ئەمە کاتێ بوو کە باسی بەراوردکردنی میراتەکانی فارسی بە هی یۆنانییەکان دەکرد. پێش ئەو خەڵکەکە هەر بەوە دەوەستان لە داواکردنی زانیاری لەبارەی رابردووی گۆی زەوی، بۆ نووسەرانی لاتین و یۆنانی و جوولەکە و عەرەبەکان بگەڕێنەوە. کتێبی پیرۆز وەک بلۆکێکی سەربەخۆ و وەک ستێرەیەکی رژاو لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی حسێبی بۆ دەکرا. جیهانی نووسین لەناو دەستی خەڵکەکە بوو، بەڵام بە ئاستەم خەیاَلیان بۆ فراوانی و بەرینی ئەو خاکە نەناسراوانە دەچوو. بەڵام بە وەرگێڕانی ئاڤێستا لەلایەن ئەنکتیل، ڕوانین و جیاوازی و هەستکردن سەرهەڵدەدا، ئێستەش لەگەڵ دۆزینەوەکانی ئاسیای ناوەڕاست بۆ ئەو زمانانەی لە دوای بابل سەرهەڵدەدەن دەگاتە ئاستێکی باڵای سەرسورمێنەر. لە خوێندنگەکانمان کە تا ئەوسا زۆر لاف لێدەرانە خۆی بە میراتی سەردەمی بووژانەوەی یۆنانی و رۆمانی قەتیس کردبوو (کە بەشێکی زۆری ئەمەش هەر لە ڕێگەی ئیسلامەوە پێیان گەیشتبوو)، ئەوەی ئەنکتیل ڕوانینێک بەسەر



https://t.me/kurdistanbooks

کۆمەڵێک شارستانی بێ ئەژمار و کەونارا دەکاتەوە، بەسەر ئەدەبیاتێکی بێ پایان، لێرە بە دواوە، چەند کانتۆنێکی ئۆروپی چیدی تەنیا نین لەناو مێژوو ناویان بە هەڵکۆلراوی بمێنێتەوە.(59)

بۆ یەکەمین جار، ئۆروپا رۆژهەڵات لەناو ماتریالی تێکستەکانی خۆی، زمانەکانی خۆی و شارستانییەکانی خۆی بە روونی دەبینێ. بۆ یەکەمین جاریش، ئاسیا رەهەندیکی رۆشنگەری و مێژوویی ورد وەردەگرێ رێگەی پێدەدەدن میتۆلۆژی دوورییەکانی خۆی و جیۆگرافیای مەزنی خۆی توندوتۆل بکاتەوە. بە هۆی یەکێک لەم ناکۆکییە ئەستەمانە کە وەک بژاردەیەک بوو بۆ گەشانەوەیەکی کولتووری لە ناکاو، پاش کارەکانی رۆژهەڵاتناسی ئەنکتیل ئەوانەی ویلیەم جۆنز دێن کە دووەمین پرۆژەیە پێش ناپۆلیۆن دێ. ئەگەر ئەنکتیل روانگەی فراوانی کردبێتەوە، ئەوا ویلیەم جۆنز، دایدەخستن، لە رێگەی بە کۆدکردنیان، دارشتنیان، بەراوردکردنیان. پێش ئەوەی ئینگلتەرا بەجێهێڵێ لە ساڵی 1783 بچێتە هیندستان، جۆنز بە دروستی و بە قووڵی عەرەبی و عیبری و فارسی دەزانی. پێدەچێ ئەمە لە شتە بچووکەکانی بلیمەتییەکەی بێ: ئەو شاعیر بوو، قانونناس بوو، ئەقڵێکی ئەنسکلۆپیدیایی هەبوو، کلاسیکێک بوو بۆ خۆی، تویژەرێکی پسپۆری ماندوویی نەناس بوو کە تواناکانی وای لێ دەکەن بێتە رێزی کەسانی وەک بنیامین فرانکلین، ئێدمۆند بورک، ویلیەم پایت و سامویل جۆنسن.

لە کاتی گونجاو لە "پۆستێکی شەرافەتمەند و بە قازانج لە هیندستان" دامەزرا، هەر کە گەیشت بۆ وەرگرتنی پۆستەکەی لە "کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵات"، بۆ تۆژینەوە تایبەتییەکانی خۆی کەوتە کارکردن، کۆکردنەوەی ماتریالی پێویست، لێکجیاکردنەوەی، ماڵیی و رام کردنی رۆژهەڵات، لێرەشەوە بۆ گۆڕین و خستنەناو بوارێکی زانستی ئۆروپی. هەرچی کارەکەیەتی بەناوی (بابەتی لێکۆڵینەوە لە



https://t.me/kurdistanbooks

ماوەی دانیشتنم لە ئاسیا)، هەندێ لە بوارەکانی تۆژینەوەکەی ئەمانەن: قانونەکانی هیندوس و موسلمانەکان، سیاسەت و جیۆگرافیای هیندستان، باشترین شێواز بۆ حوکمڕانی بەنگال، زانستی حیساب و ئەندازە، جیۆمەتری و زانستی جۆراوجۆری دیکەی ئاسیایی وەک پزیشکی، کیمیا، نەشتەرگەری و ئەناتۆمی هیندییەکان، بەرهەمهێنانە سروشتییەکان لە هیندستان، شیعر، رەوانبێژی و ئەخلاق لە ئاسیا، مۆسیقای نەتەوە رۆژهەڵاتییەکان، گۆڕینەوە، پیشەسازی، کشتوکاڵ و بازرگانی هیندستان"...هتد. رۆژی 17 گەلاوێژی 1787، بە سادەیی بۆ لۆرد ئالترۆپ دەنووسێ: "ئامانجم ئەوەیە هیند ئەوەندە باش بناسم لە هەر ئۆروپییەکی تر کە ناسیوویەتی." ئیدی لێرەوەیە کە بەلفور لە ساڵی 1910 توانی یەکەمین مۆدێل بۆ ئیدیعاکەی خۆی وەک ئینگلیزێک بدۆزێتەوە، کە رۆژهەڵات لە هەموو کەسێکی تر باشتر دەناسێ.

بە شێوە فەرمییەکەی جۆنز لە بواری قانون کاری دەکرد، ئەمەش چالاکییەک بوو مانایەکی رەمزی هەبوو بۆ مێژووی رۆژهەڵاتناسی. حەوت ساڵ پێش ئەوەی جۆنز بگاتە هیندستان، "وارێن هاستینگ" بڕیاری دابوو کە هیندییەکان دەبێ بە پێی قانونی تایبەتی خۆیان حوکمڕانی بکرێن، ئەمەش پرۆژەیەکی جوان و پڕ خواست بوو، بەڵام وا دەرنەدەکەوت، چونکە کۆدەکانی قانونی سانسکریتی بۆ بەکارهێنانی ژیانی کردەکی بوونی نەبوو، تەنیا بە وەرگێڕانی فارسی نەبێ، لەو سەردەمەش، هیچ ئینگلیزێک بە باشی سانسکریتی بۆ راوێژکردن بە تێکستە ئەسڵییەکانی نەدەزانی. یەکێ لە کاربەدەستانی "کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵات"، "شارل ویلیکین"، فێری سانسکریتی دەبێ، پاشان دەکەوێتە سەر وەرگێڕانی: "قانونەکانی مانوو"، لەم کارەدا، دواتر جۆنز یارمەتی دەدا، ویلیکین یەکەم وەرگێڕی (بهاگاڤاد-گیتا-یە).



https://t.me/kurdistanbooks

له مانگی ڕێبەندانی 1784، جۆنز ئەنجومەنی دامەزراندنی "کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیایی بەنگال" کۆدەکاتەوە، دەبێ ئەم کۆمەڵەیە بۆ هیندستان بێ، هەوەکو چۆن "کۆمەڵەی شاهانە" تایبەت بوو بە ئینگلتەرا. ئەو وەک یەکەمین سەرۆکی کۆمەڵە و وەک دادوەرێکیش زانین و ناسینی بە کاریگەری لەمەڕ ڕۆژهەلات و ڕۆژهەلاتییەکان بە دەست هێنا، کە دەبوایە ئەو بکاتە دامەزرێنەری ناسراوی ڕۆژهەلاتناسی (ئەم زاراوەیەش هی "ئا، ژ، ئابێری" یە). حوکمڕانی و فێربوون، پاشان بەراوردکردنی ڕۆژهەلات بە ڕۆژئاوا: ئەمە بوو ئامانجی جۆنز و پێشی گەیشت، هەڵبەت وێڕای توانای بێوچانی بۆ بە کۆدکردن، بچووککردنەوە یان کەمکردنەوەی جۆراوجۆری بێپایانی ڕۆژهەلات بۆ "کورتەیەکی پوختە"ی قانونەکان، بۆ کەسایەتییەکان و بۆ نەریت و کارەکان. وتە هەرە ناسراوەکانی ئەوە نیشان دەدەن تا چ ڕادەیەک ڕۆژهەلاتناسی مۆدێرن، لە سەرەتا فەلسەفییەکانیشیەوە، دیسیپلینێکی بەراوردکاری بووە، کە بابەتە سەرەکییەکانی دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی ڕۆژهەلاتی دوور و بێ زیان بووە بۆ زمانەکانی ئۆروپی:

(زمانی سانسکریتی، کەونارابیەکەی هەر چییەک بێ، ستروکتوورێکی جوان و نایابی هەیە، زۆر پوختەترە لە یۆنانی، دەوڵەمەندترە لە لاتینی، وردەکاری و ناسکی لە هەردووکیان زیاترە، لەگەڵ ئەمەش پەیوەندییەکی نزیکی بە هەردووکیانەوە هەیە، لە یەک کاتدا لە ڕەگی فەرمانەکان و فۆرمە ڕێزمانییەکانی، پەیوەندی نێوانیان ئەوەندە بەهێزە ناشێ بەرهەمی ڕێکەوت بێ، دروست، ئەو پەیوەندییە ئەوەندە بەهێزە، فەیلەسوفێک ناتوانێ تۆژینەوە لە هەر سێ زمانەکە بکا ئەگەر باوەڕنەکا ئەمانە لە یەک سەرچاوەی هاوبەشەوە هاتوون). (60)



https://t.me/kurdistanbooks

ژمارەیەکی زۆر لە رۆژهەڵاتناسە بەراییەکانی ئینگلیز لە هیندستان وەک جۆنز توێژەری قانون بوون یان سەرەنجڕاکێشتر پزیشک بوون، وێڕای هەڵگرتنی خەسڵەتی بەهێزی میسیۆنێریانە. ئەوەی دەتوانین بیڵێین، زۆربەیان بە ئامانجی بایەخدان بە توژینەوە لە دوو بوارەوە ئەو ریگایەیان گرتبوو "زانست و هونەرەکانی ئاسیا"، وێڕای هیوای ئەوەی بتوانن هونەرەکانی وڵاتی خۆیان ئاسانتر بکەن، چاکتر و پوختەتری بکەن"(61): بەم جۆرە بوو ئامانجی هاوبەشی رۆژهەڵاتناسەکان لەو بەرگە کتێبەی بە ناوی "سەدساڵەی کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیایی" کە بڵاوکرایەوە، کە لە ساڵی 1823 لەلایەن "هێنری تۆماس کۆلبرووک" دامەزرابوو. لە پەیوەندییان لەگەڵ رۆژهەڵاتییەکانی ئەو سەردەمە، رۆژهەڵاتناسە پیشەکارەکانی بەرایی تەنیا دوو رۆڵیان هەبوو ببینن، بەڵام ئەمڕۆ ناتوانین لۆمەیان بکەین، بە هۆی ئەو نالەبارییەی خرابووە سەر هەڵکەوتی مرۆیی ئەوان بە هۆی کاریکتەری فەرمی بوونی "رۆژئاواییەکان" لە رۆژهەڵات. یان ئەوەتە رۆژهەڵاتناسەکان دادوەر بوون، یان ئەوەتە پزیشک بوون. کەسێکی وەک "ئێدگار کینێ"ش، کە لە روانگەیەکی میتافیزیکییەوە وەک لە ریالیزمییانە دەینووسی، کەمێک بەرانبەر بەم پەیوەندییە تێراپوتیکی (وەک چارەسەرکردنی نەخۆشی)یە بە ئاگابووە. لە کتێبی "بلێمەتی ئایینەکان" دەڵێ : "ئاسیا پەیامبەرەکانی خۆی هەیە، ئۆروپاش پزیشکەکانی". (62)

ناسینی گونجاو بۆ رۆژهەڵات سەرەتا بە توژینەوە لە تێکستە کلاسیکییەکانەوە دەستی پێدەکرد، پاشان بە پەیڕەوکردنی ئەم تێکستانە بەسەر رۆژهەڵاتی مۆدێرن کۆتایی دەهات. لە ئەنجامی بەرکەوتنیان بە لاوازی دیاریی کەسایەتی رۆژهەڵاتی و بێتوانایی سیاسیان، رۆژهەڵاتناسەکان بە ئەرکی خۆیان دەزانی بەشێک لە مەزنایەتی رابردووی کلاسیکی رۆژهەڵات رزگار بەکەن، بەم جۆرە



https://t.me/kurdistanbooks

بۆ "ئەوەی بتوانن بە ئاسانی چاکسازی لە رۆژهەڵاتی ئێستە بکەن". ئەوەی ئۆروپییەک لە رابردووی کلاسیکی رۆژهەڵات وەریدەگرت، روانینێک و (سەدان هەقیقەت و شت بوون) کە تەنیا ئەو دەیتوانی بە باشترین شێوە بەکاریبهێنێ، ئەو بۆ رۆژهەڵاتی مۆدێرن شتەکانی ئاسان دەکردەوە و روانینی خۆی پێ دەوڵەمەند دەکرد، بۆ ئەوەی بە سوود بگەڕێتەوە بۆ رۆژهەڵاتی مۆدێرن.

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی تەواوی پرۆژە رۆژهەڵاتناسییەکانی پێش ناپۆلیۆن تەنیا شتێکی کەم هەبوو بیکەن وەک سەرەتایەک بۆ ئامادەکردنی سەرکەوتنەکانیان. بۆ نموونە ئەنکتیل و جۆنز لەوەی دەیانزانی تەنیا بە ئامادەبوونیان لە رۆژهەڵات فێری بووبوون، دەڵێن ئەوان رووبەڕووی تەواوی رۆژهەڵات بوونەوە، تەنیا بە وەخت تێپەڕین و هەڵگرتنی بەشێکی زۆری کارەکانیان لەسەر دڵ توانیان لە قەبارەی زانیارییەکان کەم بکەنەوە بۆ ئەوەی وەک هەرێمێکی بچکۆڵە دیاربێ. لەولاشەوە بۆناپارت، لەوە کەمتری نەدەویست دەست بەسەر هەموو میسردا بگرێ و، ئامادەکارییەکانیشی ئەمەندە بەرین و ورد بوون هاوتای نەبوو. هەتا بەم جۆرەش، ئامادەکارییەکانی تا رادەیەک بە شێوەیەکی فەناتیکانە بە پێی پلانێکی رێک بوو، ئەگەر بشێ ئەو زاراوەیە بەکاربهێنم، لەسەر بنچینەی "تێکستەکان" بووە: ئەمەش ئەو خەسڵەتانەن کە لێرە شیکارییان بۆ دەکەم.

پێدەچێ ناپۆلیۆن سێ شتی لە مێشکدا بوو بێ کە لە ساڵی 1797 لە ئیتالیا بوو، کە خۆی بۆ هێرشی سوپایی ئایندەی ئامادە دەکرد. یەکەمینیان، لە دەرەوەی هێزوتوانای هەمیشە مەترسیداری ئینگلتەرا، سەرکەوتنە سوپاییەکانی، لەگەڵ "پەیماننامەی کامپۆفۆرمیۆ" گەیشتبوونە لووتکە، تەنیا خۆرهەڵاتی بۆ دەمایەوە تێیدا شکۆمەندی خۆی لێ وەدەست بهێنێ. بە چەشنێکی دیکە، تالێران ئەوسا تازە تێبینی ئەوەی کردبوو "ئەو سوودەی کە دەشێ لە کۆلۆنی دیکەی



https://t.me/kurdistanbooks

نویێ له هه‌ڵکه‌وتی ئێسته وه‌ربگیرێ"، ئه‌م روانینه و له هه‌مان کات ئه‌و روانینه دڵگیره‌ی زیان گه‌یاندن به به‌ریتانیای گه‌وره، به‌ره‌و خۆرهه‌ڵات پاڵی پێوه‌ده‌نا. دووه‌مینیان، بۆناپارت هه‌ر له سه‌رده‌می هه‌رزه‌کاری که‌وتبووه ژێر کاریگه‌ری رۆژهه‌ڵات، بۆ نموونه ده‌ستخه‌ته‌کانی سه‌رده‌می لاویی ئه‌و، کورتکردنه‌وه‌یه‌کی تێدایه بۆ کتێبی: "مێژووی عه‌ره‌ب" له نووسینی مارینی، لێره‌وه به جوانی له رێگه‌ی ئه‌و نووسینانه و ئه‌و گفتوگۆیانه‌ی هه‌یبوو، هه‌روه‌کو "ژان تێری" بۆی چووه، که‌وتبووه ژێر کاریگه‌ری یاداشته‌کان و شکۆمه‌ندییه‌کانی ئه‌سکه‌نده‌ری گه‌وره له رۆژهه‌ڵات به گشتی و میسر به تایبه‌تی.(63) سه‌ره‌نجام به‌م جۆره بوو، داگیرکردنه‌وه‌ی میسر وه‌ک ئه‌سکه‌نده‌رێکی نویێ خۆی خۆی پێشکه‌ش به ئه‌و ده‌کا، هه‌ڵبه‌ت له ته‌نیشت سوودێکی دیکه‌ش که بریتی بوو له به‌ده‌ستهێنانی کۆلۆنییه‌کی ئیسلامی له‌سه‌ر حیسابی ئینگلته‌را. سێیه‌مینیان، بۆناپارت پێیوابوو میسر پرۆژه‌یه‌که شیمانه‌ی جێبه‌جێبوونی تێدایه چونکه به شێوه‌یه‌کی تاکتیکی و ستراتیژی و مێژوویی ده‌یناسی، ئه‌مه‌ش شتێک بوو نه‌ده‌بوایه به چاوێکی که‌م سه‌یر بکرێ، هه‌ڵبه‌ت له رووی تێکسته‌وه، یان تێکستییانه، وه‌ک شتێکی ناسراو بوو به هۆی خوێندنه‌وه‌ی تێکسته‌کانی ئۆتۆریتێی ئۆروپی نویێ و کلاسیکییه‌کانیش.

هه‌موو ئه‌مه نیشانه‌ی ئه‌وه‌ن بۆ بۆناپارت که میسر پرۆژه‌یه‌ک بووه له‌ناو زه‌ینی ئه‌و و هه‌قیقه‌تێکی هه‌بووه، پاشان ئه‌م هه‌قیقه‌ته له‌ناو ئاماده‌کارییه‌کانی بۆ داگیرکردنی میسریشه‌وه هه‌بوو، به هۆی ئه‌و ئه‌زموونانه‌ی سه‌ر به بواری ئایدیاکان و میتۆلۆژییه‌کانه‌وه بوو که سه‌رچاوه‌یان تێکسته‌کان بوو نه‌ک واقیعی ئه‌زموونکراو. نه‌خشه‌کانی ناپۆلیۆن بۆ میسر کردنه‌وه‌ی ده‌رگه بوو له‌سه‌ر زنجیره‌یه‌کی درێژ له په‌یوه‌ندی له نێوان ئۆروپا و رۆژهه‌ڵات، که تیایاندا، پسپۆڕی رۆژهه‌ڵاتناسی راسته‌وخۆ خرایه خزمه‌ت دایگرکردنی کۆلۆنیالی،



https://t.me/kurdistanbooks

هەڵبەت، هەر لە سەردەمی ناپۆلیۆنەوە، ئەو ساتە هەستیارە گەیشت رۆهەڵاتناس تێیدا بڕیاری خۆی بدا مەیل و سۆزی بۆ رۆژهەڵات دەچێ یان بۆ رۆژئاوای داگیرکار، بێگومان هەردەم ئەمەی دوایی هەڵدەبژارد. هەرچی ناپۆلیۆن بوو بۆ خۆی، ئەو رۆژهەڵاتی تەنیا وەک ئەوە دەبینی کە خۆی کۆدی بۆ دانابوو، سەرەتا بە هۆی تێکستە کلاسیکییەکان، پاشان بە هۆی تێکستی رۆژهەڵاتناسەکان کە روانینیان، لەسەر بنچینەی تێکستە کلاسیکییەکان بوو، ئەمەش وەک ئەلتەرناتیڤێکی گونجاو دەهاتە بەرچاو بۆ هەموو پەیوەندییەکی هەقیقی لەگەڵ رۆژهەڵاتی هەقیقی.

وەک کردەیەکی ناسراو و بەناووبانگ، ناپۆلیۆن دەیان توێژەری پسپۆڕی بەگەڵ هێرشەکەی دابوو بۆ میسر، لەم بارەیەوە پێویستمان بەوە نیە وردەکارییەکان لێرە باس بکەین. ناپۆلیۆن لەم کارە ئامانجی ئەوەبوو ئەرشیڤێکی زیندوو بۆ هێرشەکەی دروست بکا، لە ژێر فۆرمی تۆژینەوە لەبارەی هەموو بابەتێکەوە لەلایەن "ئەنستیتوی میسر" کە هەر خۆی دایمەزراندبوو. ئەوەی کەمتر لێی ئاگادارین، لەوانەیە، ئەوە بێ ناپۆلیۆن پشتی بە کاری گەڕیدەیەکی فرانسی دەبەست ئەویش "کۆنت ڤۆلنێ" بوو، کە سەرفەنامەکەی "سەفەر بۆ میسر و سوریا" کە بە دوو بەرگ لە ساڵی 1787 بڵاوبووەتەوە. بێجگە لەو پێشەکیە کورتەی ڤۆلنێ خۆی کە تێیدا زانیاری دەداتە خوێنەر کە لەناکاو هەندێ پارەی کەوتۆتە دەست (میراتەکەی)، توانیویەتی لە ساڵی 1783 رێگەی خۆرهەڵات بگرێ، سەفەرنامەکەی ڤۆلنێ، وەک بەڵگەنامەیک دێتە بەرچاو مۆرکی کەسیی خۆی لێ نەبینرێ و زۆریش ماندووە. بێگومان ڤۆلنێ خۆی بە کەسایەتییەکی زانستی لەقەڵەم داوە، هەوڵەکانیشی هەردەم بۆ ئەوە بووە باس لە "بار"ی ئەوەی دەیبینێ بکا. خاڵی هەرە دیاری سەفەرەکەی لە بەرگی دووەمی سەفەرنامەکەیدایە: باس لە ئیسلام دەکا وەک ئایینێک.(64)



https://t.me/kurdistanbooks

رایەکانی ڤۆلنێ بە شێوەیەکی قانونی دژی ئیسلامن، هەڵبەت وەک ئایینێک و سیستەمێکی دامەزراوەیی سیاسی، لەگەڵ ئەمەش ناپۆلیۆن پێیوابوو ئەم کارە و کارەکەی دی ڤۆلنێ بەناوی "هەندێ روانین لەبارەی شەڕی ئێستەی تورک" کە لە ساڵی 1788 بڵاوبۆتەوە، گرینگییەکی تایبەتییان بۆ ئەو هەبووە. دواجار، ڤۆلنێ فرانسییەکی ژیر بووە، وەک شاتۆبریان و لامارتین کە چارەکە سەدەیەک پاش ئەو سەفەریان بۆ رۆژهەڵات کردووە، ڤۆلنێ پێیوابوو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو شوێنەیە کە فرانسا دەتوانێ خواستە کۆلۆنیالییەکانی لێ بهێنێتە دی. ئەوەی بۆناپارت لەلای ڤۆلنێ بە گرینگی دەبینی، ژماردنی ئەو سەختی و بەربەستانە بوون لە سەرەتاوە تا کۆتایی، کە هێزێکی نێردراو لەسەر رێگەی خۆی بۆ رۆژهەڵات تووشیان دەبێ.

ناپۆلیۆن بە ئاشکرا پشتی بە روانین و ئایدیاکانی ڤۆلنێ بەستبوو بۆ حەملەکەی بۆ سەر میسر، "حەملەی میسر و سوریا (1798-1799) کە بە ژەنەراڵ بێرتراندی لە "سانت هێلێن" نووسیەوە. ڤۆلنی پێیوابووە سێ بەربەست لە پێش دەستەڵاتی فرانسی دان لە رۆژهەڵات، هێزێکی نێردراوی فرانسی دەبێ سێ جەنگ بکا: یەکێک دژ بە ئینگلتەرا، دووەم دژ بە بابی عالی عوسمانی، سێیەم لە هەموویان سەختتر دژ بە موسلمانەکانە.(65). تەخمینەکانی ڤۆلنێ لە یەک کاتدا ورد و بیرتیژیان تێدابوو، لە هەمان کاتیش سەخت بوو رەت بکرێنەوە، چونکە زۆر روون بوو، بۆ بۆناپارت و بۆ هەموو خوێنەرانی ڤۆلنێ، کە "سەفەرەکەی" و "هەندێ روانین لەبارەی شەڕی ئێستەی تورک" تێکستێک بوون دەبوایە کردەی هەموو ئۆروپییەک دیاری بکا بیانوستایە لە رۆژهەڵات سەرکەون. بە مانایەکی دی، کارەکەی ڤۆلنێ وەک کتێبی رابەر و رێنمایی دەهاتە بەرچاو، بۆ ئەوە کرابێ مرۆ لە هێدمەی پەیوەندی لەگەڵ رۆژهەڵات بپارێزێ کە ئۆروپییەک هەستی پێدەکا، کە دەکەوێتە ناو پەیوەندی راستەوخۆ



https://t.me/kurdistanbooks

لەگەڵ رۆژهەڵات: ئەم کتێبانە بخوێننەوە و، لە جیاتی تووشی دڵەڕاوکە ببن، دەست بەسەر رۆژهەڵاتدا دەگرن، پێدەچێ ئەمە بووبێ تێزی ڤۆلنێ.

بۆناپارت روانینەکانی ڤۆلنێی دێر بە دێر پەیڕەو کرد، بەڵام وێڕای وردبینی خۆی، کە پێی ناسراو بوو. لەو ساتەوە کە سوپای میسر (فرانسی) لە ئاسۆی میسر دەردەکەوێ، هەموو هەوڵێک خرانەگەڕ بۆ دڵنیاکردنەوەی موسلمانەکان کە "ئێمە موسلمانی هەقیقین"، وەک چۆن لە بانگەوازەکەی بۆناپارت هاتبوو لە 2 خەرمانانی 1798 لە ئەسکەندەریە بۆ گەلی خوێندەوە. بۆناپارت لەگەڵ خۆی دەستەیەک لە رۆژهەڵاتناسانی لەگەڵ خۆی هێنابوو (لەناو کەشتییەکی فەرماندەیی دابوون بە ناوی "رۆژهەڵات")، بۆناپارت سوود لە دژایەتی میسرییەکان بەرانبەر بە مەملوکەکان وەردەگرێ، بە هەمان شێوە لە بانگەوازی ئایدیای شۆڕشگێری وەک شانسی یەکسان بۆ هەموو کەسێک، لە پێناوی هەڵگیرساندنی شەڕێکی نەرم و پچڕپچڕ کە هەرگیز دژ بە ئیسلام نەبینرابێ.

ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر سەرنجی یەکەمین مێژوونووسی عەرەبی "عبدالرحمن الجبرتي" لەبارەی حەملەکە راکێشابوو، بەکارهێنانی زانا توێژەرە رۆژهەڵاتناسەکان بوو بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ خەڵکی میسر، ئەوەش کە دووچاری شۆکی کردبوو، چاودێری نزیکی ئەو بوو بۆ دامەزراوەی رۆشنگەری مۆدێرنی ئۆروپییەکان. بۆناپارت دەگەڕا بە هەموو شێوەیەک بیسەڵمێنێ کە بۆ ئیسلام تێدەکۆشێ، هەموو ئەوەی دەیگوت بۆ سەر زمانی "عەرەبی نووسین" وەردەگێڕدرا، بێجگە لەمەش داوای لە فەرماندەی سوپاکەی کردبوو هەرگیز هەستیاری ئیسلامی لە یاد نەکەن. (بەراوردکردنی تاکتیکی ناپۆلیۆن لەم بارەیەوە بەوەی لە بەڵگەنامەی "مەرجەکان Requerimiento"ی ئیسپانییەکاندا هاتووە کە لە ساڵی 1513 بە



https://t.me/kurdistanbooks

ئیسپانی نووسرابوو بۆ ئەوەی بە دەنگێکی بەرز بۆ هیندییەکان بخوێندرێتەوە، نووسرابوو: "دەتانگرم،، ئێوە، ژنەکانتان و منداڵەکانتان و، دەتانکەمە کۆیلە (...). دەست بەسەر سامانتان دادەگرم و هەموو شتێکی خراپتان بەرانبەر دەکەم، هەر زیانێک کە بتوانم بیکەم، ئەمە بۆ ئەو تابعانەش راستە کە سەر بۆ سەردارەکانیان دانانوێنن....هتد.)(68)

کە بۆ بۆناپارت روون دەبێتەوە هێزەکەی کەمە و بەشی ئەوە ناکا دەستەڵاتی خۆی بەسەر میسرییەکان بسەپێنێ، هەوڵیدا قورئان لە خزمەتی سوپا گەورەکەی بە ئیمامەکان، قازییەکان، موفتییەکان و عولەماکان و مەلاکان لێکبداتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، ئەو شەست عولەمایەی لە ئەزهەر دەرسیان دەگوتەوە، داوەتی بارەگای دانیشتنی ناپۆلیۆن کران، بە مەراسیمێکی عەسکەری وەک رێزلێنان پێشوازی کران، پاشان گوێیان لە ستایش و پەسنی بۆناپارت گرت بۆ ئیسلام و بۆ پەیامبەر و بۆ مەزنی قورئان، وا دەهاتە بەرچاو بۆناپارت شارەزایی باشی لەم بارەیەوە هەبێ. پلانەکەی بۆناپارت سەرکەوت، پێدەچوو هەر زوو تەواوی دانیشتوانی قاهیرە گومان و دوودڵییان بەرانبەر بە داگیرکەران رەوییبێتەوە.(69) دوای ئەمە، بۆناپارت نوێنەرایەتی خۆی و رێنمایی توندی دا بە جێگرەوەی خۆی "کلێبەر" بۆ ئەوەی حوکمڕانی میسر بکا، هەڵبەت بە یارمەتی رۆژهەڵاتناسەکان و رابەرە ئایینیەکانی موسلمانان، بۆ ئەوەی بەلای خۆیاندا رایانکێشێ، هەر سیاسەتێک پێچەوانەی ئەمە بە گران لەسەریان دەکەوێتەوە و لە هەمان کاتیش شتێکی ناماقووڵە. ڤیکتۆر هوگۆ پێیوابووە هەستی بەو گەشانەوە پڕ لە ناسکییەی حەملەکەی ناپۆلیۆن بۆ رۆژهەڵات کردووە کە لە قەسیدەیەک بە ناوی "بۆ ئەو" دەڵێ:



https://t.me/kurdistanbooks

له لێواری نیل هێشتا دەیبینمەوە
میسر گەشاوەیە بە بڵێسەی بەرەبەیانی
ستێرەی شاهانەی لە رۆژهەڵات هەڵدێ

سەرکەوتوو، پڕ لە حەماسەت، گەشاوە بە شکۆمەندییەکانی
پەرجوو، خاکی پەرجووش پێی سەرسامە
شێخەپیرەکان پەسنی میری لاو دەکەن و هەستیارن
گەلیش گیانی پڕ لە ترسە لەبەر چەکی بێوێنەی
لە چاوی خێڵە ترساوەکان پڕ بوو لە مەزنیی بێهاوتا
وەک محەمەدێکی هاتوو لە رۆژئاوا. (71)

ئەم جۆرە سەرکەوتنە دەبێ پێش حەملەی سوپایی ئامادەکاری بۆ کرابێ و، هەڵبەت لەلایەن یەکێکەوە کە هیچی نەزانیوە لە رۆژهەڵات تەنیا پشتی بەوە بەستبێ توێژەرە زانستی و کتێبەکان چی پێ دەڵێن. ئایدیای بردنی دەستەیەک لە ئەکادیمییەکان لەگەڵ خۆی رووێکی ئەم هەڵوێستە سەر بە "تێکستە" روون دەکاتەوە بەرانبەر بە رۆژهەڵات. ئەم هەڵوێستەش لەلایەن خۆیەوە، پشت ئەستووربووە بە هەندێ فرمانی شۆڕشگێڕی تایبەت (بەتایبەتی ئەوەی 10 ژێرمینالی ساڵی 3 رێپۆبلیک (30 مانگی نەورۆزی 1793) کە بووە هۆی دامەزراندنی "خوێندنگەیەکی گشتی لە کتێبخانەی نیشتمانی فرانسی بۆ خوێندنی زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی (72)) ئامانجیش لەمە "ئامانجێکی ئەقڵانی بوو" بۆ رەواندنەوەی هەموو پەنهانییەک و بە دامەزراوەکردنی زانست هەرچەند سەختیش بێ. بەم جۆرە، زۆرێک لە وەرگێڕە رۆژهەڵاتناسەکانی بۆناپارت قوتابی سیلڤێستر دو ساسی بوون، کە هەر لە مانگی پوشپەڕی 1796 تاقە پڕۆفیسۆری زمانی عەرەبی بوو لە "خوێندنگەی گشتی زمانە رۆژهەڵاتییەکان".



https://t.me/kurdistanbooks

قوتابییەکانی "دو ساسی" بۆ ماوەی سێ چارەکە سەدە دەستەڵاتییان بەسەر رۆژهەڵاتناسیدا هەبوو. زۆرێک لەمانە سوودیان بۆ سیاسەت هەبوو، بە هەمان شێوە بەشێکیان لەگەڵ حەملەکەی بۆناپارت بوون لە میسر.

بەڵام پەیوەندییەکانی بۆناپارت لەگەڵ موسلمانان تەنیا بەشێک بوون لە پرۆژە باڵادەستییەکەی بەسەر میسر. بەشەکەی دی بریتی بوو لە کردنەوە و والاکردنی میسر بە تەواوی بۆ لێکۆڵینەوە ئۆروپییەکان. کۆتاییهێنان بە پەنهانی و شاراوەیی ئەم وڵاتە، کە تا ئەوسا بەشێک بوو لەو رۆژهەڵاتەی کە تەنیا لە رێگەی دەستی دوو دەناسرا، وەک سەردان و گەڕانی گەڕیدەکان، زاناکان و داگیرکارە کۆنەکان، میسر دەبوایە ببێتە بەشێک لە زانستی فرانسی. لێرەشەوە، هەڵوێستی سەر بە تێکستەکان و نەخشە و پلان زۆر بە جوانی هەستی پێدەکرێ. ئەو ئەنستیتوەی بۆناپارت دایمەزراندبوو بۆ میسر، لەگەڵ تیپی کیمیاناسەکانی، مێژوونووسەکانی، بیۆلۆژیستەکانی، ئارکیۆلۆگەکانی، پزیشکەکانی، پسپۆڕەکانی لە بواری مێژووی کەونارا، تیپێکی زانای سوپاکەی بوون. توندوتیژی ئەمانەش هیچی کەمتر نەبوو لە سوپاکەی: ئامانجی ئەمانەش کردنی میسر بوو بە فرانسییەکی مۆدێرن و، جیاوازی کتێبی "وەسفی میسر"ی کەشیش "لۆ ماسکریێ"(1735) لەگەڵ ئەوەی بۆناپارت، دەبێ پرۆژەیەکی جیهانی بووبێ.

تارادەیەک لە ساتەکانی یەکەمی داگیرکردنی میسر، بۆناپارت هانی ئەنستیتوی دەدا کۆبوونەوەکانی خۆی بکا، ئەزموونەکانی پیشانبدا، کە بە زمانی ئەمڕۆ بە میسیۆنەکانی کۆکردنەوەی ماتریالەکان ناوی دەهێنین. هێشتا بایەخدارتر، هەموو ئەوەی دەگوترا و دەبینرا و تۆژینەوەی لەسەر دەکرا، دەبوایە تۆمار بکرێ، ئەمەش خۆی لەو دەستبەسەرداگرتنە گەلەکۆمەکییەی وڵاتێک بۆ یەکێکی تر دەدۆزییەوە



https://t.me/kurdistanbooks

که له شێوەی کتێبی "وەسفی میسر" هاتووە که 33 بەرگی گەورەیە و له 1803 بۆ 1828 بڵاوبۆتەوە.(73).

تاقه خەسڵەتی کتێبی چەند بەرگی "وەسفی میسر" تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ مەزنییەکەی، هەروا بۆ زیرەکی دانەرەکانیشی، بەڵکو بۆ هەڵویستیەتی بەرانبەر بابەتەکەی (بابەتی کتێبی وەسفی میسر/ و) ئەم هەڵوێستەشە که وای لێ دەکا ئەوەندە سەرنجڕاکیش بێ بۆ لێکۆڵینەوە له پرۆژەکانی رۆژهەڵاتناسی مۆدێرن. له چەند لاپەڕەی بەرایی "پێشەکی مێژوویی" که لەلایەن سکرتێری ئەنستیتو" ژان بابتیست ژۆزێف فووریێ" نووسراوە، ئەوە باش روون دەکاتەوە که "کارکردنیان لەسەر میسر" زانا پسپۆڕەکان راستەوخۆ سەروکاریان لەگەڵ جۆرێک له مانای کولتووری و جیۆگرافی و مێژوویی بێگەرد دایە.

میسر ئەڵقەی بەیەکەوە بەستنی پەیوەندییەکان بوو له نێوان ئەفریقیا و ئاسیا، له نێوان ئۆروپا و خۆرهەڵات، له نێوان یاداشت و ژیانی ئەمڕۆ.

(میسر که کەوتۆتە نێوان ئەفریقیا و ئاسیا و، دەتوانێ به ئاسانی پەیوەندی لەگەڵ ئۆروپا بکا، کەوتۆتە ناوەڕاستی کیشوەری کۆنی (ئاسیا، ئەفریقیا، ئۆروپا)، ئەم ناوچەیە بیرەوەری زۆری لێیە، وڵاتی هونەرە و شوێنەواری زۆری هەیە، پەرستگا سەرەکییەکانی و کۆشکی نشینگەی پاشاکانی هێشتا ماون، ئەگەرچی ساختمانە هەرە تازەکانی پێش جەنگی ترواده بنیات نراون. هۆمیروس، لیکورگ، سۆلۆن، پیتاگۆر و ئەفلاتون، سەردانی میسریان کردووە، بۆ خوێندنی زانست و ئایین و قانون. ئەسکەندەری گەورە شارێکی دەوڵەمەندی لێ بنیاتناوە، ماوەیەکی زۆر بازرگانی مەزنی لێ کراوە، هەر ئەو شارە، دیدەنیگای پۆمپێ و سێزار و مارک ئەنتوان و ئۆگوست بووە،



https://t.me/kurdistanbooks

که له نێوان خۆیان بیریان له چارەنووسی ڕۆما و هی هەموو دنیا دەکردەوە. خاسیەتی ئەم وڵاتە ئەوەیە سەرنجی میرە بەناوودەنگەکان ڕاکێشێ کە چارەنووسی میللەتانیان لە دەست بووە. هیچ زلهێزێک نە لە ڕۆژئاوا نە لە ئاسیا دروست نەبووە ڕووی لە میسر نەکردبێ، وا سەیری نەکردبێ بە چەشنێک وەک بەشێکی خۆی نەبێ). (74)

چونکە میسر تێربوو بە مانا بۆ هونەرەکان، بۆ زانستەکان بۆ حوکمڕانی، ڕۆڵێکی وای هەبوو وەک شانۆیەک بوو کە تێیدا چەندان کردەی لێ ڕوودەدا، گرینگ و مەزن بوون بۆ مێژووی جیهانی. کەواتە، دەست بەسەرداگرتنی میسر، بۆ زلهێزێکی مۆدێرن وەک پیشاندانێکی سروشتی هێزی خۆی بووە و لە هەمان کات بەڕاستەقانی گەڕاندنی مێژوویش بووە بۆ ئەو، چارەنووسی تایبەتی میسریش ئەوە بووە بە پلەی یەکەم ببێتە بەشێک لە ئۆروپا. بە شێوەیەکی دی، ئەم زلهێزە ئەویش دەچێتە ناو مێژوو کە ڕەگەزی هاوبەشی پێشتر پێناسە و دیاریکرابوو، بە چەندان کەسایەتی وەک هۆمیروس، ئەسکەندەر، سێزار، ئەفلاتون، سۆلۆن و پیتاگۆر، کە پێشتر بە ئامادەبوونی خۆیان لەوێ ڕۆژهەڵاتیان شەرافەتمەند کردبوو. بە کورتی، ڕۆژهەڵات وەک کۆمەڵێک نرخ و بەها بوونی هەبووە، نەک بە هەڵکەوت واقیعی ئەمڕۆی، بەڵکو بەو هەموو پەیوەندییانەی کە لەگەڵ ڕابردوویێکی دووری ئۆروپاوە هەیبووە. سەرەنجام لێرەوەیە نموونەی بێگەردی هەڵوێستی سەر بە تێکست و نەخشە و پلان کە پێشتر باسم کردووە.

فووریێ بەم جۆرە بە درێژایی زیاتر لە سەد پەڕە بەردەوام دەبێ (لەولاشەوە هەر پەڕەیەک ڕووبەرەکەی مەترێکی چوارگۆشە بووە، وەک ئەوەی بیریان لەوە کردبێتەوە کە پڕۆژەکە و بەرینایی پەڕەکان هەمان پایەیان هەبێ). لەگەڵ ئەمەش لەبەر ئەو ڕابردووە زۆرە و خراپ دیاریکراوە و ناسێنراوە، فووریێ ناچاربووە بەڵگە و بەهانەی



https://t.me/kurdistanbooks

دروست بۆ حەملەکەی بۆناپارت بهێنێتەوە کە لە جێی خۆی بووە ئەم کارە لەم ساتە بکرێ کە کراوە. فووریێ هەرگیز واز لە روانگەی شانۆیی ناهێنێ. ئەو هوشیارە لە خوێنەری ئۆروپی خۆی و کەسایەتییە رۆژهەلاتییەکان کە بەکاریان دەهێنێ، دەنووسێ:

(بە بیرمان دێتەوە کە لە هەموو ئۆروپا هەواڵی سەرسوورمێنەری فرانسییەکان لە رۆژهەلات چ ئینتیباعێکی دروست کرد (...) ئەم پرۆژە مەزنە، بە بێدەنگی لێی وردبیتەوە، کە بەو هەموو چالاکی و نهێنییەوە ئامادەکرابوو، کە وریایی پڕ لە دڵەڕاوکەی دوژمنەکانمان لە خشتەبرد، تا رادەیەک هەر ئەو ساتە زانییان کە نەخشەی بۆ کێشرابوو، دەست پێکرا بوو و جێبەجێ کرا. (...)

ئەم کردە لەناکاوە سوودی بۆ رۆژهەلاتیش هەبوو:

(ئەم ناوچەیە، کە زانین و ناسینەکانی بۆ چەندان میللەتان گواستۆتەوە، ئەمڕۆ نغرۆی ناو بەربەرییەت بووە.)

تەنیا پاڵەوانەکان دەتوانن ئەم هەموو فاکتۆرانە کۆکەنەوە، هەر ئەمەشە کە فوریێ لەبارەیەوە دەنووسێ:

(ناپۆلیۆن ئەو کاریگەرییەی بەرز دەنرخاند کە ئەم رووداوە دەبێ هەیبێ لەسەر پەیوەندییەکانی ئۆروپا لەگەڵ رۆژهەلات و ناوەوەی ئەفریقیا، لەسەر هاتووچۆی کەشتیرانی لە مێدیترانێ و لەسەر چارەنووسی ئاسیا (...) بۆناپارت مەبەستی بوو نموونەیەکی ئۆروپی بە سوود پێشکەش بە رۆژهەلات بکا و دواجار ژیانی خەڵکەکە ئارامتر بکاتەوە و هەموو سیما و خەسڵەتێکی شارستانی بالایان بۆ بەدەستبهێنێ. ناتوانین بێ پەیڕەوکردنی بەردەوامی زانست و هونەرەکان بەم ئامانجە بگەین.)(75)



https://t.me/kurdistanbooks

بنیاتنانەوە و چاککردنەوەی ناوچەیەک لە بەربەریّتی خۆی، هی ئێستە و گەڕاندنەوەی مەزنایەتییە کلاسیکییە کەوناراکەی، گۆشکردنی ڕۆژهەڵات (بۆ بەرژەوەندی ئەو) بە میتۆدەکانی ڕۆژئاوای مۆدێرن، بەستنەوە یان نەرمکردنەوەی هێز و توانای سوپایی بۆ بەخشینی فراوانی زیاتر بۆ پڕۆژەی بە دەستهێنانی شکۆمەندییەکانی زانین لە ناو ڕەوتی پڕۆسەیەکی باڵادەستی ڕۆژهەڵات، داڕشتنەوەی ڕۆژهەڵات، بەخشینی فۆرم پێی، ناسنامە، پێناسەکردن، وێڕای دانپیانان بە پڕی بە شوێنی لەناو یاداشت، گرینگییەکەی بۆ ستراتیژی ئیمپریالی و ڕۆڵی "سروشتی" ببێتە بەشێک لە ئۆروپا، مەزنکردنی هەموو زانینێکی کۆکراوە لە ماوەی داگیرکردنی کۆلۆنیالی بەناولێنانی "بەشداریکردن لە زانستی مۆدێرن" لە کاتێکدا خەڵکی ڕەسەنی وڵاتەکە پرسییان پێنەکراوە، تەنیا وەک بەهانە و حوجەت نەبێ بۆ تێکستێک بەکارهێنراون، کە بۆ ئەوان هیچ سوودێکی نیە، هەستکردن وەک ئۆروپییەک، ئیرادەی مێژووت هەبێ، لە زەمەن و لە جیۆگرافیای ڕۆژهەڵات، داڕشتنی دیسیپلینی نوێ، دابەشکردن، بەکارهێنان، نەخشەدانان، لە چوارچێوە گرتن، دانانی ئەندێکس بۆی و تۆمارکردنی ئەوەی دیارە (ئەوەش کە نادیارە) دەرهێنانی بەگشتیکردنێک لە هەموو وردەکارییەک بشێ چاودێری بکرێ و، لە بەگشتیکردنەکانیش قانونێک دەربهێنی جێگیر بێ لەبارەی سروشت و میزاج و دەروون و نەریت و تایپی ڕۆژهەڵاتییەکان و، بە تایبەتیش، گۆڕینی واقیعی زیندوو بۆ ماهییەتێکی تێکستەکان، بە دەستهێنانی (یان بیرکردنەوە لە بەدەستهێنانی) واقیع، چونکە بە گشتی هیچ لە ڕۆژهەڵات نیە بتوانێ خۆی ڕاگرێ بەرانبەر دەستەڵاتەکانتان: ئەمانەن لە خەسڵەتە دیارەکانی نمایشی ڕۆژهەڵاتناسی کە بە تەواوی لە کتێبی "وەسفی میسر" جێبەجێ بووە و کە ڕێگەی داوە قووتدانی تەواو ڕۆژهەڵاتناسیانەی میسر لەلایەن بۆناپارتەوە بەهێزبێ، بە هۆی ئامێرەکانی زانست و دەستەڵاتی ڕۆژئاوایی. بەم شێوەیە، فووریێ،



https://t.me/kurdistanbooks

کۆتایی بە پێشەکییەکەی دەهێنێ و وێڕای گوتن کە مێژوو بە بیری دێتەوە چۆن "میسر بووە شانۆی شکۆمەندی بۆناپارت و، لە هەموو دۆخێکی ئەو ڕووداوە لە ئاسابەدەرە دەیپارێزی لە یاد بکرێ". (76).

بەم شێوەیە کتێبی "وەسفی میسر" لە مێژووی میسر یان لە مێژووی ڕۆژهەڵات، پێگەی مێژوو دەدزێ، لێناگەڕێ توندوتۆڵی یان ناسنامە یان مانایەکی تایبەت بە خۆی هەبێ و، ڕاستەوخۆ دەیخاتە ناو مێژووی جیهان، ئەگەر نەڵێین مێژووی ئۆروپا. پاراستنی ڕووداوێک لە لەبیرچوونەوە یان لە لەیادچوونەوە، لە ئەقڵی ڕۆژهەڵاتی، واتە گۆڕینی ڕۆژهەڵات بۆ شانۆیەکی نوێنەرایەتیکردنەکانی خۆی (ئۆروپا) بۆ ڕۆژهەڵات: تا ڕادەیک بە دروستی ئەمەیە فووریێ دەیڵێ. بێجگە لەمە، بە کورتی و بە سادەیی، توانات هەبێ وەسفی ڕۆژهەڵات بە زمانی ڕۆژئاوای مۆدێرن بکەی، ڕۆژهەڵات کە لەناو مەملەکەتی تاریکی بەجێماوە دەباتە (بێجگە لە پسەپسە بێدەنگەکانی هەستێکی بەرین بەڵام نادیار لە ڕابردووی خۆی) ئاستی ڕوونی و سازگاری زانستی مۆدێرنی ئۆروپایی. لێرەوە، ئەم ڕۆژهەڵاتە نوێیە بۆ نموونە لە تێزە بیۆلۆژییە پەخشکراوەکانی "جیۆفروا سان هیلێر" دەدردەکەوێ لەناو کتێبی "وەسفی میسر"، وەک دڵنیاکردنەوەیەک لە قانونەکانی پسپۆڕی گیانەوەرناسی داڕێژراو لەلایەن بووفۆن.(77) یان ئەوەتە، سوودی "وەک کۆنتراستێکی بەڵگەنەویست بۆ نەریتی نەتەوە ئۆروپییەکان"هەیە، وەک: "لەززەت وەرگرتنە سەیر و سەمەرەکان"ی ڕۆژهەڵاتییەکان، سوودی ئەوەیان هەیە بەهاو نرخ بدرێ بە زوهد و ئەقڵانیەتی نەریتی ڕۆژئاواییەکان. یان نموونەیەکی دی لە لە سوودوەرگرتنەکانی ڕۆژهەڵات، بۆ جەستەی ئۆروپییەکان لە هاوتای ئەو تایبەتمەندییە فیزیۆلۆژیانەی ڕۆژهەڵاتییەکان دەگەڕێین کە ڕێگەیان داوە جەستەی خۆیان مۆمیا بکەن، بە چەشنێک کە سەربازە


https://t.me/kurdistanbooks

سوارچاکەکانیان لە گۆڕەپانی شەرەف دەکوژرێن بتوانن بیانپارێزن وەک شوێنەوارێکی زیندوو بۆ حەملەی مەزنی بۆناپارت بۆ ڕۆژهەڵات"(79).

لەگەڵ ئەمەش، ئەگەر داگیرکردنی میسر لەلایەن بۆناپارت شکانێک بووبێ لەسەر ئاستی سوپایی، ئەمە مانای ئەوە نادا ئەم شکانە دەوڵەمەندی نمایشەکەی بە تەواوی لەناو دەبا بۆ میسر یان بۆ تەواوی ڕۆژهەڵات. بە شێوەیەکی دی ڕێکتر، لەم داگیرکردنە ئەزموونی مۆدێرنی تەواوی ڕۆژهەڵات لە دایک دەبێ وەک بەو شێوەی لە ناوەوەی جیهانی گوتاری داڕێژراو لەلایەن بۆناپارتەوە بۆ میسر شیکردنەوەی بۆ کرابوو کە جەوهەرەکانی باڵادەستی و پەرشوبڵاوکردنەوە ئەنستیتو و کتێبی "وەسفی میسر"ی دەگرتەوە. ئایدیاکە وەک ئەوە بوو کە "شارل ڕوو" بۆی چووە، کە میسر "گەڕایەوە ناو بووژانەوە، بە حکومەتێکی ئاقڵ و ڕووناک نوێکرایەوە، تیشکی خۆی بۆ هەموو وڵاتانی دەوروبەری دەنێرێ".(80) ڕاستە زلهێزەکانی دیکەی ئۆروپی دێن خۆیان دەخەنە ناو پێشبڕکێی ئەم میسیۆنە، ئینگلتەرا لە هەمووان زیاتر. بەڵام ئەوەی دەبێتە میراتی درێژخایەنی بەجێماو بۆ ڕۆژهەڵات بە هۆی ئەم میسیۆنە هاوبەشەی ڕۆژئاوا (سەرەڕای دووبەرەکی، ناکۆکی ناشیرین یان بە ئێجگاری جەنگی تەواو لە نێوان ئۆروپییەکان) دەبێ داهێنانی پرۆژەی دی بێ، ڕوانینی نوێ بێ، پرۆژەی دیکەی نوێ کە هێشتا بەشەکانی دیکەی پیرە ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەقڵی داگیرکاری ئۆروپییەکان بگونجێ.

کەواتە پاش ناپۆلیۆن، زمانی ڕۆهەڵاتناسی خۆیشی گۆڕانی رادیکالی بەخۆوە بینی. بەزربۆوە بۆ سەرەوەی ریالیزمی وەسفی بۆ ئەوەی ببێتە، نەک هەر بە سادەیی شێوازێکی نوێنەرایەتیکردن، بەڵکو زمانێک، هۆیەکی "داهێنان". لە هەمان کات "زمانەکانی دایک"، کە ئەمەش ناوێکە لەلایەن "ئەنتوان فابر دۆلیڤێ" دراوەتە سەرچاوە


https://t.me/kurdistanbooks

نووستووەکان، لەبیرکراوەکان، زمانە میللییەکانی ئۆروپای مۆدێرن، ڕۆژهەڵات بنیاتنرابووەوە، کۆکرابووەوە، دروست کرابوو، بە کورتی، بە هەوڵ و کۆششی ڕۆژهەڵاتناسەکان تازە کرابووەوە. کتێبی "وەسفی میسر" ببووە نموونە تایپی هەموو هەوڵ و کۆششێکی دواتر خۆیشی بۆ نزیککردنەوەی ڕۆژهەڵات لە ئۆروپا، پاشان قووتدانی بە تەواوی (کە گرینگییەکی سەرەکی هەیە) و نەهێشتنی، یان بە لای کەمی رامکردنی و کەمکردنەوەی بێگانەیی و ناوێزەییەکەی و نەهێشتنی دژایەتییەکەشی بەرانبەر بە ئیسلام. چونکە، لێرە بە دواوە، ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی وەک کاتیگۆرییەک دەردەکەوێ مانای دەستەڵاتی ڕۆژهەڵاتناس بگەیەنێ نەک گەلی موسلمان وەک گرووپێک لە بوونەوەرانی مرۆیی یان مێژووەکەی وەک مێژوو.

بەم جۆرە بوو لە حەملەی بۆناپارت تەواوی زنجیرەیەک لە منالانی تێکستەکان دەرچوون، لە "ڕێگە"ی شاتۆبریان"ەوە بۆ "سەفەر بۆ ڕۆژهەڵات"ی لامارتین و لە "سالامبۆ"ی فلۆبێرەوە بە هەمان شێوە لەناو هەمان نەریت، تا دەگاتە هەر دوو کتێبی:"وەسفی داب و نەریتی میسرییە هاوچەرخەکان"ی ئێدوارد لان و "گێڕانەوەیەکی کەسیی بۆ حەج بۆ مەدینە و مەکە"ی ریتشارد بورتۆن. ئەوەی ئەم نووسەرانە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، هەر تەنیا قوولایی ئەفسانەکان و ئەزموونەکانی ڕۆژهەڵاتی نین کە تیایاندا هاوبەشن، بەڵکو ئەوەشە ئەوان زانستێک دەزانن دڵنیان کە ڕۆژهەڵات جۆرێکە لە زایەنگە یان پزدان هەموویان لێی دەرهاتوون. ئەگەر بە پێچەوانەی نەریت، وادەرکەوت ئەم داهێنانانە ڕواڵەتێکی هەڵخەڵەتێنەری گەلێک زۆرباش هۆنراوە بن یان لاسایی کردنەوەی ئامادەکراوی ئەوەی پێمانوایە ڕۆژهەڵاتی زیندووە، ئەمە لە هیچ کەم ناکاتەوە، نە لە هێزی کۆنسێپتی خەیاڵییان نە لە دەستەڵاتی ئۆروپا لەسەر ڕۆژهەڵات و، نموونەکانیشی بە ڕێکی بە "کاگلیۆسترۆ" بوون، گەورە

بەرجەستەکاری ئۆروپی بۆ رۆژهەڵات و، ناپۆلیۆنیش یەکەم داگیرکاری مۆدێرنیەتی.

هێرشی سوپایی بۆناپارت تەنیا بەرهەمەکانی هەر کاری هونەری یان تێکستیی نەبوو، بەڵکو لەمەش تێپەڕی و ئەمەش بێگومان کاریگەرییەکی مەزنی هەبوو، وەک پڕۆژەیەکی زانستی، یەکێ لەو نموونە سەرەکییانە"سیستەمی بەراوردکاری و مێژووی زمانە سامییەکان"ی ئەرنست رێنان بوو، کە لە ساڵی 1848 بڵاوببووەوە، کە خەڵاتی (ئەمەش بۆ خۆی شتێکی خۆشە، تەوسێکی تێدایە) ڤۆلنێی وەرگرت. ئەویتر پڕۆژەیەکی جیۆپۆلیتیکییە کە بەرهەمە دیارەکەی پرۆژەی مەزنی کەنالی سوێسە، کە لەلایەن فێردیناند دو لیسێپ"ەوە جێبەجێ کراوە، یەکێ لە بەرهەمەکانی دی داگیرکردنی میسرە لەلایەن ئینگلیز لە ساڵی 1882. جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە پڕۆژەیە هەر تەنیا پەیوەندییان بە پێگەیانەوە نیە لە رووی مەزنییان، بەڵکو پەیوەندی بە چلۆنایەتی باوەڕبەخۆبوونی رۆژهەڵاتناسییانەوەیە. رێنان بە راستی لەو باوەڕەدابوو کە رۆژهەڵاتی لەناو کارەکانی داهێناوەتەوە بەو شێوەی کە لە واقیعدا هەبووە. هەرچی "فێردیناند دو لیسێپ"ە، لەولاوە، هەرگیز لەوە نەوەستا کەمێک تۆقیو نێتە بەرچاو بە هۆی ئەو تازەگەرییە دەرهاتووەی لە پڕۆژەکەی و لە پیرە رۆژهەڵات و، ئەم هەستەش گەیشتە تەواوی ئەو کەسانەش کە پێیان وابوو کردنەوەی کەنالی سوێس لە ساڵی 1869، رووداوێکی لەئاسابەدەرە. لە گۆڤاری "رێکلامی گەشت و گەڕان"ی یەکی خەرمانانی 1869، حەماسەتی "تۆماس کووک" وەک درێژەپێدەری ئەوەی فێردیناند دو لیسێپ دەهاتەبەرچاو:

(لە 17 سەرماوەرز، سەرکەوتنی گەورەترین کاری تەکنیکی ئەم سەدەیە بە ئاهەنگێکی گەورەی کردنەوەی (کەنالی سوێس) بەرپا دەکرێ، بۆ ئەمەش نزیکەی تەواوی ماڵباتە حوکمڕانەکانی ئۆروپا


https://t.me/kurdistanbooks

نوێنەری خۆیان بۆی دەنێرن. ئەمەش بێگومان فرسەتێکی بێوێنەیە. دروستکردنی رێگەیەکی پەیوەندی ئاویی لە نێوان ئۆروپا و خۆرهەڵات ئایدیای چەندان سەدەیە و کۆنە، پێشتر یۆنانییەکان، رۆمانییەکان، ساکسۆنەکان، گۆلواییەکان (فرانسییەکان) بیریان لی کردبۆوە، بەڵام تەنیا لەم ساڵانەی دوایی کە شارستانی نوێ بە گەرمی کەوتە بیری رکابەری ئەو کارەی پێشتر کۆنە فیرعەونەکان کردبوویان، چەند سەدەیەک پێش ئێستە، کە کەنالێکیان لە نێوان دوو دەریاکە بنیاتنابوو کە تا ئەمڕۆش شوێنەواری ماوە (...) هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە کارەکانی ئەمڕۆی ئەم پڕۆژەوە هەیە لە ئاستێکی زۆر مەزن و گەورەن، خوێندنەوەی نامیلکەی وەسفی ئەم پڕۆژەیە کە بە قەڵەمی "شوڤالیێ سان ستۆس"ە، هەستێکی بەهێزی بڵیمەتی ئەقڵێکی گەورەمان دەداتێ کە هی بەرێز "فێردیناند دو لێسێپ"ە، بە هۆی هەوڵ و کۆششی ئەو، جورئەتی هێمن و دووربینییەکەی، ئەم خەونە کەونارایە دواجار هاتە دی و دەبینرێ (...) پڕۆژەی نزیککردنەوەی زیاتری وڵاتانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا و کۆکردنەوەی شارستانە جیاجیاکانی سەردەمی جیاجیا بە یەکەوە.) (81)

گونجاندنی ئایدیا کۆنەکان بە مێتۆدی نوێ، کۆکردنەوەی کولتوورەکان کە پەیوەندییان بە سەدەی نۆزدەمەوە جیاواز بوو، سەپاندنی راسەقینانەی هێزی تەکنۆلۆژیای مۆدێرن و ویستی رۆشنگەری لەسەر دوو جەوهەر کە تا ئێرە جێگر بوونە و لە رووی جیۆگرافییەوە لێکجیابوونە وەک خۆرهەڵات و خۆرئاوا، هەر ئەمە بوو کە تۆماس کووک دەیبینی و فێردیناند دو لێسێپ لە رۆژانە یاداشتەکانی، گوتارەکانی، نامیلکەکان و نامەکانی باسی دەکرد.

لە رووی رەچەڵەکناسییەوە فێردیناند دو لێسێپ سەرەتایەکی بەختەوەری هەبووە. "ماتیۆ دو لێسێپ"ی باوکی پێشتر لەگەڵ


https://t.me/kurdistanbooks

بۆناپارت هاتبووە میسر و وەک مارلۆو دەڵێ (بە "نوێنەری نافەرمی فرانسا" ناسرابوو)(82) بۆ ماوەی چوار ساڵ لەوێ مابووەوە تا ئەو کاتەی فرانسییەکان لە ساڵی 1801 خۆیان لە میسر دەکێشنەوە. لە زۆر لە نووسینەکانی دوایی، فێردیناند وەک سەرچاوە دەگەڕێتەوە بۆ ناپۆلیۆن خۆی کە دروستکردنی کەناڵێک سەرنجی راکێشاوە، بەڵام هەرگیز باوەڕی نەکردووە، چونکە لەلایەن شارەزاکان لە خشتەبردراوە پرۆژەیەکی لەم جۆرە جێبەجێ بکرێ، فێردیناند دو لێسێپ کەوتبووە ناو مێژووی پر سەیر و سەمەرەی پرۆژەکانی کەناڵ، ئەو پلان و نەخشە فرانسییانەشی دەگرتەوە کە لەلایەن "ریشیلیو و سان سیمۆن"یەکانەوە بۆی داڕێژرابوو، فێردیناند دو لێسێپ ساڵی 1854 دەگەڕێتەوە میسر، بۆ دەستکردن بە پرۆژەکە کە دەبێ پانزە ساڵ دواتر تەواو بێ. فێردیناند دو لێسێپ هیچ پاشخانێکی ئەندازیاری هەقیقی نەبووە، بەڵکو تەنیا پشت ئەستوور بووە بە باوەڕێکی قووڵی تا رادەیەک ئیلاهییانەی بنیاتنەرانە و رێکخەرانە و داهێنەرانەی خۆی، بەهرە دیپلۆماتی و داراییەکەی وایکردبوو لەلایەن ئۆروپا و میسر پشتگیری بکرێ، پێدەچێ زانین و ناسینی باشی بە دەست هێنابێ بۆ سەرپەرشتیکردنی شتەکان بە باشی. ئەوەی دەشێ زۆرتر سوودمەند بێ، لەوانەیە، فێری ئەوە بووبێ چۆن بەشداریکارە شیاوەکانی سەر شانۆی مێژووی جیهان دابنێ و پێیان پیشان بدا "بیری ئەخلاقی" ئەو کە پرۆژەکەی بەم شێوەیە ناو دەهێنا، دروست چ مانایەک دەگەیەنێ. ساڵی 1860 پێی دەگوتن "دەبێ ئەو خزمەتگوزارییە مەزنە بێننە بەرچاوتان کە نزیککردنەوەی رۆژئاوا لە رۆژهەڵات چ سوودێک بە شارستانی و بە گەشەسەندنی سامان بە گشتی دێنێ."(83) بە گوێرەی ئایدیاکانی ئەو، ناوی کۆمپانیای وەبەرهێنەری دامەزرێندراو لەلایەن فێردیناند دو لێسێپ لە ساڵی 1858 دەوڵەمەندە بە مانا کە نەخشە مەزنەکان تێیدا رەنگ دەدەنەوە: "کۆمپانیای جیهانی".


https://t.me/kurdistanbooks

سالّی 1862، ئەکادێمیای فرانسی پێشنیاری خەڵاتێک بۆ قەسیدەیەکی مەلحەمی لەبارەی کەنال دەکا. ئەو کەسەی خەڵاتەکەی بردەوە: "بۆرنیێ" بوو کە بە درێژدادڕییەوە وەسفی ئەوە دەکا کەسێک نەتوانێ پێچەوانەی ئەو وێنایە ببینێ کە فێردیناند دو لێسێپ لە پڕۆژەکەیدا دەیبینی:

بڕۆن بۆ کار، کرێکارانی هاتوو لە فرانسامان
راکێشن بۆ جیهان ئەم رێگەیە
باوکانتان، پاڵەوانەکان، تا ئێرە هاتن
بەهێزبن وەک ئەوان بەجورئەت
وەک ئەوان لە دامێنی پیرامیدەکان خەبات بکەن
چوار هەزار سالّی ئەوان سەیرتان دەکەن

بەڵێ، بۆ جیهانە، بۆ ئاسیایە بۆ ئۆروپا،
بۆ ئەو کەشە دوورانەیە کە شەو دایاندەپۆشێ
بۆ چینییە بتپەرستەکان و هیندییە نیوە رووتەکان
بۆ گەلە بەختەوەرەکان، مرۆیی و ئازاکان،
بۆ گەلە دڕندەکان، بۆ گەلە کۆیلەکان
بۆ ئەوانەی هێشتا مەسیح ناناسن. (84)

فێردیناند دو لێسێپ هەرگیز ئەوەندە رەوان و ئەوەندە بیرتژ و جاقی نەبووە کە دەبوایە بەهانە بۆ ئەو هەموو خەرجی زۆرە بە پارە و بە دەستی کاری پێویست بۆ کەنال بهێنێتەوە. دەبێ ئەو زۆر دڵخۆش بووبێ بە پڕکردنی گوێیەکان بە ئامارەکان (ئەو توانای هەبوو هەر بەو ئاسانییە نموونە لە هێرۆدۆت و ئامارە دەریاییەکانی


https://t.me/kurdistanbooks

بهێنێتەوە). لە لاپەڕەکانی یاداشتی ساڵی 1864، وێڕای دانپیانان نموونەی تێبینییەکی "کازیمیر لۆکۆنت" دەهێنێتەوە: ژیانێکی سەیر و نائاسایی دەشێ لەلای مرۆ رەسەنایەتیەکی دیار گەشە پێ بدا، لە رەسەنایەتیش کار و دەستکەوتی گەورە و چاوەڕوان نەکراو پەیدا دەبێ (85) ئەم کار و دەستکەوتانە خۆیان خۆیان بەڕاست دەگەڕێنن. سەرەڕای مێژووی کەنارای پێکهاتوو لە شکان و رووخانەکان، سەرەڕای نرخی لە رادەبەدەر و زۆری، سەرەڕای ئاواتی بێسنووری لە گۆڕانی ئەو شێوازەی ئۆروپا چارەسەری رۆژهەڵاتی پێدەکا، کەنال ئەو نرخەی دەهێنا ئازار و رەنجی بۆ بدەین. پڕۆژەیەک بوو کە لە نێو هەموو ئەوانی دی، شیمانەی ئەوەی تیا بوو بەسەر رەتکردنەوەی ئەوانەی راوێژیان پێکرابوو ئاودیوو بێ، وێڕای چاککردنی رۆژهەڵات بە گشتی، شتێک بکرێ کە میسرییە پیلانگێڕەکان، چینییە بت پەرستەکان، هیندییە نیوەڕووتەکان هەرگیز نەیاندەتوانی بە خۆیان بیکەن.

مەراسیمی کردنەوەی کەنالی سوێس لە سەرماوەرزی 1869، فرسەتێک بوو، تەواو وەک هەموو مێژووی میکانیزمی "فێردیناند دو لێسێپ" دەیویست بە تەواوی ئایدیاکانی خۆی بەرجەستەکرد. بۆ ماوەی چەندان ساڵ، گوتارەکانی، نامەکانی، نامیلکەکانی پڕ بوون لە وشەی پڕ لە وزە و نمایشکارانە. لە خەباتی بێوچانی بۆ سەرکەوتن، دەمانتوانی هەست بەوە بکەین خەریکە بە خۆی دەڵێ (بەردەوام بە کەسی یەکەمی کۆ: ئێمە): ئێمە دامانهێنا، تێکۆشاین، پێداگیریمان کرد، تەواومان کرد، هەنگاومان نا، دانیان پێداناین، پاراستیانمان و پێشکەوتین، هیچ شتێک (وێڕای زۆر دووبارەکردنەوەی لە چەندان فرسەتی دی) نەیتوانی رامانگرێ، هیچ شتێک نەبوو مەحاڵ بێ، هیچ شتێک حسێبی بۆ نەکرا لە غەیری بنیاتنانی "ئەنجامی کۆتایی"، ئامانجی گەورە" کە نەخشەی بۆ دانرابوو، دیاریکرابوو، دواجار


https://t.me/kurdistanbooks

جێبەجێ کرا. کاتێ کە نوێنەری پاپا لە مەراسیمەکە لە 16 سەرماوەرز رووی لە ئەنجومەنی گەورەپیاوان کرد، هەوڵی دەدا لە گوتارەکەی بە هەر نرخێک بێت بگاتە ئاستی ئەو دیمەنە فیکری و خەیاڵییەی بۆ کەنال لەلایەن فێردیناند دو لیسێپ ئامادەکرابوو:

(رێگەمان پێدراوە بڵێین ئەم ساتەی ئێستە نەک هەر لە هەموو وەختێکی دی ئەم سەدەیە پڕ لە ئوبهەت و ئاهەنگە، بەڵکو هێشتا لە هەمووان بەهادارتر و قەرار بەدەستترە لە ژیانی مرۆ لەوەتەی مێژووی هەیە. ئەم شوێنە، کە ئەفریقیا و ئاسیا بێ ئەوەی تێکەڵ بن لێی دەگەنەوە یەکتری، ئەم جەژنە گەورەی مرۆ، ئەم کۆبوونەوە شکۆمەند و جۆراوجۆرە، هەموو نەژادەکانی زەمین، هەموو ئاڵاکان، هەموو کەشتییەکان، بە شادییەوە لەسەر ئەم ئاوەن، لە بن ئەم ئاسمانە جوان و بێ سنوورە، خاچ بەرانبەر بە هیلال بە پێوەیە و لەلایەن هەمووان رێزی لێ گیراوە، چ جوانییەکی بێهاوتایە، چ جیاوازییەکی سەرنجراکێشە، چەند خەون، کە وەک وەهم و تراویلکە سەیریان دەکرا بوونە راستی، لەم کۆکردنەوە پڕ لە پەرجووەدا چەندان بابەتی بیرکرنەوە بۆ بیرمەندان هەبوون، ئەم ساتە چەند پڕ لە شادییە و، لە روانگەی ئاییندەشەوە تەنیا هیوای پڕ لە شکۆمەندی دیارە.(...) دوو سەرجەبی گۆی زەمین دەگەنەوە یەکتری، لەگەڵ بەیەکگەیشتن یەکتر دەناسنەوە، وێڕای ناسینەوەی یەکتری، هەموو مرۆ، مناڵانی تاقە خوای هەمووان، لە خۆشی هاوبەش و برایەتیان موچڕکیان پێدادێ، ئەی رۆژئاوا، ئەی رۆژهەڵات، لێک نزیکبنەوە، سەیری یەکتر بکەن، دان بە یەکتریدابنێن، سڵاو لە یەکتری بکەن، باوەش بۆ یەکتری بکەنەوە. (...) بەڵام لە پشت دیاردەی ماددی، روانینی بیرمەند ئاسۆی دیکەی بەرینتر لە شوێنی پێوانەکراو دەدۆزێتەوە، ئاسۆ بێ سنوورەکان کە تیایاندا بەرزترین چارەنووس و شکۆمەندترین سەرکەوتن و بکوژترین یەقین بۆ جۆری مرۆ



https://t.me/kurdistanbooks

مەیسەر دەبن. (...) خودای گەورە و نەمر. دەبا بای هەناسە ئیلاهییەکەت بەسەر ئەم ئاوانە هەڵکا، لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات، لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا، ئای خودای مەزن، دەبا ئەم دەنگە بۆ نزیککردنەوەی مرۆیەکان بێ لە یەکتری.). (86)

پێدەچوو هەموو جیهان لەم شوێنە گردبوونەتەوە بۆ ستایشکردنی نەخشەیەک کە خودا رێزی لێ بنێ. کۆنە جیاوازی و کۆنە بەربەستەکان دەتوانەوە: خاچ لە بەرزاییەوە دەیڕوانییە هیلال، خۆرئاوا هاتبووە رۆژهەڵات بۆ هەتاهەتایێ جێی نەهێڵێ (تا ئەو ساتەی، لە مانگی خەرمانانی 1956، جەمال عەبدولناسر، بە شەتاو وێڕای ناوهێنانی "فێردیناند دو لیسێپ" کەنالی بۆ میسرییەکان گەڕاندەوە).

لە مەسەلەی ئایدیای کەنالی سوێس، دەرەنجامی لۆژیکی فیکری رۆژهەڵاتی دەبینین، بەڵام ئەوەی لە هەمووان سەرنجڕاکێشترە، هەوڵ و کۆششی رۆژهەڵاتناسیە. بۆ رۆژئاوا، پێشان، ئاسیا نوێنەرایەتی نێوانێکی لاڵ و بێگانە و ناوێزەی دەکرد، ئیسلامیش بەرانبەر بە کریستیانیزمی ئۆروپی دوژمنێکی جەنگاوەر بوو. بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەم بەرقەرارییە ترسناکە، رۆژهەڵات دەبوایە بناسرێ، پاشان هێرشی بکرێتەسەر و داگیربکرێ، پاشان سەرلەنوێ لەلایەن توێژەرە زانستییەکان، سەربازەکان، دادوەرەکان کە لەناو مێژوو گەڕابوون، نەژادەکان و کولتووری لەبیرکراو بۆ سەرلەنوێ پێشخستنی (بۆ ئەودیوی خۆناسینی رۆژهەڵاتی مۆدێرن) وەک رۆژهەڵاتی راستەقینە بتواندرێ بەکاربهێنرێ بۆ حوکمدان و حوکمڕانی رۆژهەڵاتی مۆدێرن، دابهێنرێتەوە. رۆژهەڵاتێکی تازە سەرهەڵدەدا: زاراوەی رۆژهەڵات دەربڕینێکی پسپۆڕی سەر بە تۆژینەوەی هەبوو، بە مانای ئەوە دەهات ئۆروپای مۆدێرن دێ و خۆرهەڵاتێکی دیکەی نوێ بنیات دەنێ. دواجار فێردیناند دو لیسێپ و کەنالەکەی، نێوانی رۆژهەڵات،



https://t.me/kurdistanbooks

تایبەتمەندیی کەسیی قەتیسبووی "لەلاوەنراو"ی رۆژهەلاتی دوور لە رۆژئاوا، ئێگزۆتیزمە بەرقەرارەکەی رۆژهەلاتیان لەناوبرد. تەواو وەک بەربەستێک لە خاک توانیبی ببێتە دەمارێک لە شلە، بەم جۆرە رۆژهەلات دەگۆڕدرا بۆ جەوهەرێک، لە بەرگریکارێکی نەیارەوە بۆ هاریکارێکی هاوبەش و گوێڕایەڵ و بێدەنگ. پاش فێردیناند دو لێسێپ، هیچ کەسێک نەیدەتوانی باس لە رۆژهەلات بکا، بە تەواوی مانا، وەک ئەوەی سەر بە جیهانێکی تر بێ. جیهانی "ئێمە" هەبوو، ئەمەش "یەک" جیهان بوو، بەردەوام جیهانێکی بێ چارە، چونکە کەنالی سوێس ئەم دوا خەڵکەی هەرێمەکانی لەسەر هەڵە و گومڕا دادەنا کە هێشتا لە ناو جیهان باوەڕیان بە جیاوازی بوو.

لێرە بە دواوە چەمکی "رۆژهەلاتی" دەبێتە چەمکێکی کارگێڕی و، دەکەوێتە ژێر کاریگەری فاکتۆرە دیمۆگرافی، ئابووری و سۆسیۆلۆژییەکان. بۆ کەسانی ئیمپریالیستی وەک بەلفور یان بۆ کەسانی دژەئیمپریالیستی وەک "ژ. ئا. هۆبسن"، رۆژهەلاتی وەک ئەفریقیایی، ئەندامێکن لە نەژادی ژێردەست، ئەوان بە هیچ شێوەیەک و بە تەواوی دانیشتوانی هەندێ زۆنی جیۆگرافیش نین. فێردیناند دو لێسێپ، ئەو، ناسنامەی جیۆگرافی رۆژهەلاتی دامەزراندبوو بە راکێشان و (نزیکەی بە پڕی) هێنانەناوەوەی رۆژهەلات بۆ ناو رۆژئاوا، دواجار وێڕای ڕەواندنەوەی مەترسی ئیسلام. سەرەنجام کاتیگۆری نوێ، ئەزموونی نوێ سەرهەڵدەدەن، لەگەڵ وەخت تێپەڕین، رۆژهەلاتناسی خۆی لەگەڵیان دەگونجێنێ، بەلام نەک بێ هەندێ گیروگرفت.



https://t.me/kurdistanbooks

https://t.me/kurdistanbooks

# 4

# قەیران

دەشێ ئەمە سەیر بێ قسە لەبارەی هەڵوێستێکی تێکستییانە بکەی، باشتر لەم دەستەواژەیە دەگەین ئەگەر بیر لە ڕوانینەکانی ڤۆلتێر بکەینەوە کە لە "کاندید" هێرش دەبا، یان بیر لە ڕەفتاری سێرڤانتێس بکەینەوە بەرانبەر بە واقیع کە بە شێوەیەکی ساتیریکی لە "دۆن کیخۆتێ" باسی دەکا. بۆ ڤۆلتێر هەروا بۆ سێرڤانتێسیش، ڕوانینی دروست کە وەک گریمانەیەک پێشنیاری دەکەین کە کتێب یان تێکست دەتوانێ یاریدەدەر بێ لە تێگەیشتن لە ژیانی ئاپۆڕە و شتی چاوەڕوان نەکراو و پڕ لە کێشە، وەک خۆدانە دەست شێتیی و کارەسات وایە بمانەوێ پیت بە پیت ئەوەی لە کتێبان فێری دەبین بەسەر واقیعی پەیڕەو بکەین. بە قەد ئەوەی ناتوانین زیاتر بیر لەوە بکەینەوە سوود لە ڕۆمانی "ئەمادی گۆڵواییەکان Amadis des Gaules" وەرگرین بۆ تێگەیشتن لە ئیسپانیای سەدەی شانزە (یان هی ئەمڕۆ) بە هەمان شێوە ناتوانین سوود لە "کتێبی پیرۆز" وەرگرین بۆ تێگەیشتن لە "ئەنجومەنی نوێنەران"ی بەریتانی. بەڵام بە دڵنیاییەوە هەندێ کەسانێک هەبوونە هەوڵیانداوە، ئێستەش بەم ساویلکەییە هەوڵدەدەن تێکست بەکاربهێنن، هەر لەبەر ئەمەشە کە "کاندید" و "دۆن کیخۆتێ" توانیویانە ئەفسوونی خۆیان بۆ خوێنەری ئەمڕۆ ڕاگرن. پێدەچێ، ئەمە خەوشێکی باو بێ وەک لەوەی پێت باشتر بێ دەستەڵاتی نەخشەدار و پلانی تێکستێک هەڵبژێری بۆ پەیوەندی



https://t.me/kurdistanbooks

مرۆیی راستەوخۆ، یان ئایە دۆخێک هەیە، زیاتر لەوانی دی، پێشبینی هەڵوێستی سەر بە تێکست بکا؟

دوو هەڵکەوت یان دوو حاڵەت برەو بە هەڵوێستی سەر بە تێکست دەدەن. یەکێکیان بەو شێوەیە خۆی پێشکەش دەکا کە بوونەوەرێکی مرۆیی دەخرێتە ناو پەیوەندی لەگەڵ شتێک تا رادەیەک نەناسراو بێ، مەزندەی هەڕەشەی لێ بکرێ و تا ئێرەش لەو دوور بێ. لەم هەڵکەوتەدا، هەر تەنیا پەنا بۆ ئەوە نابا لەناو ئەزموونی خۆی لەم تازەییە نزیک بێتەوە، بەڵکو هەوڵدەدا پەنا بۆ ئەوەش ببا کە لە بارەی ئەم بابەتە خوێندوویەتییەوە. سەفەرنامەکان و کتێبەکانی رێنوێنی جۆرە تێکستێکن تارادەیەکی زۆر "ئاسایی"ن و هەر بەو شێوەیە لۆژیکین، ئەمەش بە هۆی دارشتن و بەکارهێنانیان وەک هەر کتێبێکی دی، هۆکاری ئەمەش زۆر بە وردی دەگەرێتەوە بۆ ئەو مەیلەی مرۆ کە پشت بە تێکستێکەوە دەبەستێ کە گومانەکانی سەفەرێک بۆ وڵاتێکی بیانی ئارامی دەخاتە مەترسییەوە. گەلێک لە گەرێدەکان دەڵێن لەو وڵاتە نوێیانەی بۆی چوونە تووشی ئەوە نەبوونە کە لێی گەراون: مەبەستیان ئەوەیە بڵێن ئەوەی دیویانە جیاوازە لەوەی لە کتێبێک خوێندوویانەتەوە. هەڵبەت، زۆرن دانەرانی سەفەرنامە و کتێبی رێنوێنی، دانەرەکانیان بۆ ئەوەیان دارشتوون بڵێن وڵاتێک "بەم" جۆرەیە، یان باشتر، زۆر نایاب "ە"، گرانە، سەرنجراکێشە،...هتد. لە هەر دوو حاڵەتدا، ئایدیاکە ئەوەیە کە مرۆڤەکان، شوێنەکان و ئەزموونەکان دەشێن هەمیشە لە کتێبێکدا وەسف بکرێن، بە لای زۆری ئەگەرچی کتێب (یان تێکست) ئۆتۆریتێی زیاتر و هەتا بەکارهێنانی زیاتریش وەردەگرێ لەچاو ئەو واقیعەی باسی دەکا. ئەوەی کە کۆمێدییە لەلای "فابریس دێل دۆنگۆ" پاڵەوانی رۆمانی "دێری پارم"ی ستاندال لە گەرانی لە "جەنگی واترلوو"، مەسەلەکە بەو



https://t.me/kurdistanbooks

رادەیە نیە کە ناتوانێ بیدۆزێتەوە، بەڵکو ئەو بە دوای دەگەڕێ، وەک ئەوەی شتێکە تێکستەکان باسیان کردووە.

دۆخی دووەم کە برەو بە هەڵوێستی تێکستیی دەدا سەرکەوتنی تێکست خۆیەتی بە رواڵەت.(...) ئاسان نیە تێکستێک بەلاوە بنێی کە لافی ئەوە لێ دەدا زانین و ناسینی لەسەر شتێکی هەقیقی تێدایە. خەسڵەتی نرخ و بەهای شارەزا بەم تێکستە دەدەن. ئۆتۆریتێی توێژەرە پسپۆڕەکان، دامەزراوەکان و حکومەتەکان دەتوانن ناووبانگێکی هێشتا مەزنتری پێبدەن لەچاو گەرانتیکردنی سەرکەوتنی کردەکی. ئەوەی کە زۆر مەترسیدارە، ئەم جۆرە تێکستە دەتوانێ نەک هەر زانین "دابهێنێ" بەڵکو دەتوانێ واقیعیش دابهێنێ، ئەگەرچی وا دەردەکەوێ خۆی وەسفی دەکا. لەگەڵ تێپەڕینی وەخت، ئەم زانینە و ئەم واقیعە نەریتێک پێشکەش دەکەن، یان وەک ئەوەی "میشێل فوکۆ" دەڵێ گوتارێک دادەهێنن: ئامادەگی ماتریالی یان قورسایی ئەم نەریتە، نەک رەسانەیەتی نووسەرێکی دیاریکراو، بەرپرسی هەقیقی تێکستەکانە کە لە رێگای ئەوەوە (نووسەرەکە) بەرهەم هێنراون. ئەو تێکستانەی بەم جۆرەن، لەو یەکە زانیاریانەوە دروستبوون کە بوونێکی پێشینەییان هەیە (پێش ئەوەی ببن) لەلایەن فلۆبێرەوە لەناو کاتیگۆری روانین یان "ئایدیا پەسندەکان" دانراون.

ئێستە لەبەر رۆشنایی هەموو ئەمانە بایەخ بە بۆناپارت و فێردیناند دو لێسێپ دەدەین. زانیارییەکانیان لەبارەی رۆژهەڵات لەو کتێبانەوە دێن کە لەناو نەریتی رۆژهەڵاتناسی نووسراون، لەناو کتێبخانەی "ئایدیا پەسندەکان" دانراون، رۆژهەڵات بۆ ئەوان، شتێک بووە پێی بگەن و تاوتوێی لەگەڵ بکەن، لە هەندێک حاڵەتیشدا تێکستەکان ئەم بەیەکگەیشتنەیان لەگەڵ رۆژهەڵات بۆ مەیسەر دەکردن. ئەم رۆژهەڵاتەی ناو تێکستەکان رۆژهەڵاتێکی لاڵە، لەبەر دەستی ئۆروپا بووە بۆ ئەوەی ئەو پرۆژانەی لێ دروست بکا کە پەیوەندییان بە



https://t.me/kurdistanbooks

خەڵکە ڕەسەنەکەوە (خەڵکی ڕۆژهەڵات) هەیە بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بەرانبەر بە ئەوان بەرپرسیار بن، ڕۆژهەڵاتێک نەتوانێ خۆی ڕابگرێ بەرانبەر بە پڕۆژەکان، بەرانبەر بە وێناکان یان بە سادەیی بەرانبەر بە وەسفی داهێنراو بۆ ئەو. من ئەم پەیوەندییەی نێوان نووسینەکانی ڕۆژئاوایی و (دەرەنجامەکانیان) و ئەو لالییەی ڕۆژهەڵات وەک ئەنجام و نیشانەی هێزی گەورەی کولتووری ڕۆژئاوا دەبینم، هی ئیرادە و توانای بەسەر ڕۆژهەڵات.

بەڵام ئەو هێزە ڕوویێکی دیکەشی هەیە، ئەنجامی کاریگەری نەریتی ڕۆژهەڵاتناسییە و بە هۆی هەڵوێستی تێکستیی بەرانبەر بە ڕۆژهەڵاتە، ڕوویێکە کە لەسەر ژیانی خۆی دەژیێ. بە دەگمەن بایەخمان بە بۆناپارت و فێردیناند دو لێسێپ داوە (وەک نموونەیەک بۆ دوو لەو دانەرانەی پڕۆژەیان هەبووە بۆ ڕۆژهەڵات) هەڵبەت لە چوارچێوەی ئەو ڕوانگەیەی کە پێشانیان دەدا خەریکن دەکەونە ناو بێدەنگی بەردەوام و دیارینەکردن و نەناساندنی ڕۆژهەڵات، چونکە گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی، لەگەڵ بێتوانایی ڕۆژهەڵات هەر چییەک بکا لە بابەتەکەی، چالاکییەکانی خۆیان نغرۆی ناو مانا دەکەن، نغرۆی ناو ڕوونی ماقووڵییەت و واقیع دەکەن. گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی و ئەوەش کە شیاوی کردووە یان کە دەشێ ببێ، واتە وای کردووە بشێ (بۆ بۆناپارت، ئەوە بووە کە ڕۆژئاوا توانا و هێزێکی سوپایی تەواو باڵاتری لەوەی ڕۆژهەڵاتی هەبووە) ڕۆژهەڵاتییەکانی پێشکەش بە ئەوان کردووە کە دەیانتوانی وەسفیان بکەن هەڵبەت لەناو کارێک وەک "وەسفی میسر" و ڕۆژهەڵاتێک بشێ دوو لەت بکرێ وەک چۆن فێردیناند دو لێسێپ لە سوێس کردی. بێجگە لەمەش، ڕۆژهەڵاتناسی سەرکەوتنیشی پێشکەش دەکردن، بەلای کەمی لە ڕوانگەی ئەمانەوە، کە هیچ پەیوەندییەکی بەمەی ڕۆژهەڵاتییەکانەوە نەبووە.



https://t.me/kurdistanbooks

هەر کە دەکەوینە ناو بیرکردنەوە لە رۆژهەڵاتناسی وەک جۆرێک لە نمایش یان دروستکردنی وێنایەکی رۆژئاوا لەسەر رۆژهەڵات و وەک ئیرادەیەک بۆ حوکمڕانی کردنی، کەمتر تووشی شتی چاوەڕواننەکراو دەبین. لەبەرئەوەی، ئەگەر راستە مێژوونووسانی وەک میشلێ و رانک و تۆکڤیل و بۆرکهارت "گرێ یان چیرۆک"ێک بنیات دەنێن بۆ گێڕانەوەکانیان "وەک چیرۆکێک لە جۆرێکی تایبەتی"(87) هەمان شتیش راستە بۆ رۆژهەڵاتناسەکان کە سەرکردایەتی مێژوو، کەسایەتییەکان و چارەنووسی رۆژهەڵاتیان بۆ ماوەی سەدان ساڵ کردووە. لەناو سەدەی نۆزدەم و بیستەم، رۆژهەڵاتناسەکان لەوە دەوەستن ژمارەیەکی لەبیرکراوبن، چونکە لەو دەمەدا، خاکی جیۆگرافیای خەیاڵی و هەقیقی بچووک ببووەوە، چونکە پەیوەندییەکان لە نێوان رۆژهەڵاتییەکان و ئۆروپییەکان بە فراوانبوونێکی ئۆروپییانەی بێ بەرگری دیاری دەکران لە گەڕان لە بازاڕ، لە سەرچاوەکان و لە کۆلۆنییەکان و، دواجار، چونکە رۆژهەڵاتناسی بە مێتامۆرفۆزبوونی (کەولگۆڕین، حلول) گوتاری زانستی خۆی تەواوکرد و کردنی بە دامەزراوەی ئیمپریالی. نموونەی شایەدحاڵ بۆ ئەم بە مێتامۆرفۆزبوونە ئەوەیە کە لە بارەی بۆناپارت و فێردیناند دو لیسێپ و بەلفور و کرۆمەر گوتوومن. تەنیا لەسەر ئاستێکی زۆر سەرەتایی دەشێ لە پڕۆژەکانیان لە رۆژهەڵات بگەن، وەک پڕۆژەی کەسانی خاوەن روانین و مرۆڤی بلیمەت، پاڵەوان بە مانا "کارلیل"یەکەی. لە راستیدا لەوانەیە بۆناپارت، فێردیناند دو لیسێپ، کرۆمەر، بەلفور، کەسانی دروستتر و کەمتر لەسەرەوەی ئاسایی بن ئەگەر نەخشە و پلانەکانی دێربێلۆ و دانتێ بە بیرخۆمان بهێنینەوە، وێڕای زیادکردنی دینامیزمی مۆدێرن و کاریگەری ئۆروپی (وەک ئیمپڕاتۆری ئۆروپی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم) بۆ هەردووکیان لە پاڵ خەسڵەتێکی ئیجابی: لەبەرئەوەی ناتوانین بە شێوەیەکی ئۆنتۆلۆژیانە رۆژهەڵات لەناوبەرین (لەوانەیە هەر ئەمەش



https://t.me/kurdistanbooks

بێ دێربێلۆ و دانتێ ئەنجامیان دابێ)، بەڵام وەسیلەمان لەبەردەستە بیگرین، تاووتوێی لەگەڵ بکەین، وەسفی بکەین، چاکی بکەین، گۆڕانێکی رادیکالی بەسەردا بهێنین.

ئەوەی لێرە هەوڵی بۆ دەدەم پیشانی بدەم، گۆڕین یان گواستنەوەیە لە نێوان تێگەیشتنێک یان داڕشتنێک یان پێناسەکردنێکی رووت و سادەی تێکستییە کە بە کردەکی لە رۆژهەڵات روویداوە و، رۆژهەڵاتناسی بە مانای وشە رۆڵێکی گەورەی لەم گواستنەوەیە گێراوە و لە جیهان بە پێچەوانەوە هاتۆتەدی. ئەگەر مەسەلەکە کاری تۆژینەوەی پسپۆڕی رۆژهەڵاتناسی بووبێ (من ئازارم هەیە لە تێگەیشتن لە ئایدیا کاری تۆژینەوەی پسپۆڕی بە مانای وشە، واتە پاک و موجەڕەد: بەڵام ئەگەر لە روانگەی رۆشنگەرییەوە بڕوانین دەتوانین بیهێلینەوە) ئەوا رۆژهەڵاتناسی وەک چالاکییەک دەستکەوتی زۆری هەبووە. رۆژهەڵاتناسی لە سەردەمی مەزنی خۆی، واتە لە سەدەی نۆزدەم، کۆمەڵێک لە توێژەری پسپۆڕی زانستی بەرهەم هێناوە، ژمارەی خوێندنی زمانەکانی لە رۆژئاوا بەرزکردەوە، لێکۆڵینەوە لە دەستخەتەکان (دەستنووسەکان) زۆرتر بوون، وەرگێڕان و لێکدانەوەکان زۆرتر بوون، لە زۆر حاڵەتدا، کۆمەڵێک لە خوێندکاری ئۆرووپی دڵگیری پێشکەش بە رۆژهەڵات کرد، کە بە هەقیقی کاریان لە زۆر بواردا کرد، وەک رێزمانی سانسکریتی، سکەناسی فینیقی و شیعری عەرەبی. لەگەڵ ئەمەش (کە پێویستە لێرە زۆر بە روونی بدوێین) رۆژهەڵاتناسی زاڵ بوو بەسەر رۆژهەڵات. وەک سیستەمێکی فیکری لەبارەی رۆژهەڵات، رۆژهەڵاتناسی هەردەم لە ئاستێکی تایبەتمەند لەمەڕ وردەکاری مرۆیی بەرزبووەوە بۆ ئاستێکی وردەکاری گشتی ئاودیوی مرۆ خۆی بێ: تێبینییەک لەبارەی شاعیرێکی عەرەب لە سەدەی دەیەمی زایینی لە خۆیەوە زۆر دەبوو، دواجار دەبووە سیاسەتێک بەرانبەر (لە بارەی) دەروون و رەفتاری



https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵاتی لە میسر، لە عێراق یان لە دورگەی عەرەبی.(...) ڕۆژهەڵاتناسی پێشنیاری ڕۆژهەڵاتێکی جێگیری دەکرد، بە ڕەهایی جیاواز لە ڕۆژئاوا. (هۆی ئەمەش لە سەردەمێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێ) ئینجا ڕۆژهەڵاتناسی بە پێی ئەو فۆرمەی دوای سەدەی هەژدەم وەریگرتبوو، هەرگیز نەیتوانی خۆی ببینێتەوە و خۆی خۆی ڕاست بکاتەوە. هەموو ئەمە بە شێوەیەک نەشێ خۆی لێ لابدرێ، کرۆمەر و بەلفور دەکەنە چاودێر و کاربگێڕی ڕۆژهەڵات.

سیاسەت و ڕۆژهەڵاتناسی لە یەکتری نزیکن، یان وردتر و بە ئەسپاییەوە، زۆر پێدەچێ کە ڕوانین و ئایدیاکان لە بارەی ڕۆژهەڵات ئامادەکراو لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسی بەکارهێنانێکی سیاسی هەبێ: ئەمەیە هەقیقەتێکی مەترسیدار، ئەگەرچی گەلێک زۆریش هەستیار و ئاڵۆزە. ئەمە سەروکاری لەگەڵ هەندێ کێشە هەیە کە تایبەتن بە بوونی مەیلێکی پێشینەیی بۆ بێگوناهی یان بۆ هەستکردن بە تاوانباری، بە پێچەوانەی یان بە پیلانگێڕی گروپی فشار لە بوارەکانی وەک لێکۆڵینەوە لە ڕەشەکان یان لێکۆڵینەوە لە ژنان. هەڵبەت ئەمەش بە پێویست هوشیارییەکی دڵەڕاوکە دەورووژێنێ لە بارەی بە گشتیکردنە کولتوورییەکان، نەژادییەکان یان مێژووییەکان، لە بارەی بەکارهێنانەکانیان، نرخ و بەهاکانیان، پلە و ڕادەی مەوزوعی تیایاندا و ئامانجی قووڵیان. زیاتر لە هەر شتێکی دی، دۆخە سیاسییەکان و کولتوورییەکان کە ڕۆژهەڵاتناسی ڕۆژئاوایی تیایاندا گەشەی کردووە سەرنج بۆ پێگەی نزمی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ڕادەکێشن وەک کەرستەی (بابەت) لێکۆڵینەوە. ڕۆژهەڵاتی بە ڕۆژهەڵاتیکراو کە لەلایەن ئەنوەر عەبدولمەلیک پێناسەی بۆ کراوە تواندراوە لەلایەن پەیوەندییەکی دیکەوە دابهێنرێ لە غەیری ئەو پەیوەندییەی لە نێوان سەردار و کۆیلەدا هەیە ؟



https://t.me/kurdistanbooks

(ئا: لەسەر ئاستی پێگەی کێشە، بە کێشەکردن، (ڕۆژهەڵاتناسەکان) پێیانوایە ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتییەکان وەک "کەرستە - شت"ی لێکۆڵینەوەن، گیرۆدەی ئەویتر بووە، وەک هەموو ئەوانەی دی ئەویترن، ئیتر "بابەت" بن یان "کەرستە، شت"، بەڵام وەک ئەویترێکی دروستکەر، خەسڵەت جەوهەری (...) ئەم "کەرستە، شت"ەی لێکۆڵینەوە دەبێتە، هەروەکو دەبێ، دەبێ بە پاسیڤ، نەک بەشداربوویکی خاوەن مەزوعییەتێکی "مێژوویی"، لە سەرەوەی هەمووشی، ناچالاک، نائۆتۆنۆم، ناسەروەر بەرانبەر بە خۆی: تاکە ڕۆژهەڵات یان ڕۆژهەڵاتی یان "بابەت" کە دەبێ دانی پیدابنێین، ئەوپەڕەکەی، بوونەوەری دێوانە و شێتە (مغترب) بە مانا فەلسەفییەکەی، واتە یەکێکی تر وەک لە ئەو خۆی بەرانبەر بە ئەو خۆی، دانراو، بیستراو، پێناسەکراو، جوولەپێکراو لەلایەن ئەویترەوە.

(بێ: لەئاستی تێماتیک یان بابەتی هەڵبژێردراو (ڕۆژهەڵاتناسەکان) لە تۆژینەوەکانیان پشتگیری لە کۆنسێپتێکی جەوهەری بۆ وڵاتەکان، نەتەوەکان، گەلانی ڕۆژهەڵات دەکەن، ئەمەش کۆنسێپتێکە بە تایپۆلۆژییەکی ئێتنیکی خەسڵەت دیار لە خۆی دەردەبرێ کە خێرا وەردەگەڕێ بۆ نەژادپەرستی "ڕاسیزم".

بە گوێرەی ڕۆژهەڵاتناسە نەریتییەکان، جەوهەرێک بوونی هەیە، هەندێ جار زۆر بە ڕوونی وەک میتافیزیک وەسفی دەکەن، کە زەمینەی نەگۆڕ و هاوبەشی هەموو بوونەوەرێک دەگرێتەوە کە تۆژینەوەی لەبارەیەوە دەکەن، ئەم جەوهەرە لە یەک کاتدا "مێژووییە" چونکە لە قووڵایی مێژووەوە دێ، لە هەمان کاتیش زۆر بە قووڵی نامێژووییە، چونکە بوونەوەر "کەرستە، شت" دەمەیێنێ لەناو تایبەتمەندی نەگۆڕ و ناگەشەسەندوو، لە جیاتی ئەوەی بیکاتە، وەک هەموو ئەوانیتر، دەوڵەتان، نەتەوەکان، گەڵ و کولتوورەکان، کە بەرهەمێکن، ئەنجامێکی هێزی بکەرن لەناو گەشەسەندنی مێژوویی.



https://t.me/kurdistanbooks

بەم جۆرە دەگەینە تایپۆلۆژییەک دامەزراو بێ لەسەر تایبەتمەندییەکی هەقیقی، بەڵام نەبەستراو بە مێژوو، کەچی وا دروستکراوە وەک ئەوەی نەتواندرێ دەستی لێ بدرێ، جەوهەری بێ، کە "کەرستە، شت"ی لێکۆڵینەوە لەسەرکراو دەکاتە یەکێکی تر، ئەویتر، بەرانبەر بەمەش ئەو بابەتەی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات بەرزبوونەوەی مێتافیزیکییە transcendent: بەم جۆرە دەبینە خاوەنی: مرۆی چینی، مرۆی عەرەبی (ئینجا بۆچی نا مرۆی میسریش،...هتد) مرۆیەکی ئەفریقیایی، لێرەوە "مرۆ"ش واتە "مرۆی سروشتی" واتە ئەو، مرۆی ئۆروپی سەردەمی مێژوویی، واتە هەر لە یۆنانییەکانەوە بیگرە تا دەگاتە ئەمڕۆ. بەم شێوەیە دەبینین لە سەدەی هەژدەمەوە تا سەدەی بیستەم چەندە دەستەڵاتخوازی "هێژێمۆنیزم" کەمایەتییە خاوەن ملکە (سەرمایەدارەکان) پەردە لەسەر هەڵدراوەکان لەلایەن مارکس و ئەنگلز و، ئەنترۆپۆسەنتەریزمی هەڵوەشاوە لەلایەن فروید یاوەری ئۆروپۆسەنتەریزمن لە بابەت زانستەکانی مرۆناسی و کۆمەڵایەتی و، بە تایبەتی لەناو ئەو بوارانەی پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ گەلانی نائۆروپی هەیە). (88).

بە رای ئەنوەر عەبولمەلیک رۆژهەڵاتناسی مێژوویکی هەیە، بە پێی "رۆژهەڵاتی" کۆتایی سەدەی بیستەم، خستوویەتییە ناو بنبەستێکی وەک ئەم وەسفەی سەرەوە. دەبا بە خێرایی هێڵە گشتییەکانی ئەم مێژووە دیاریی بکەین لە کاتێکدا ئەم مێژووە خۆی، بە درێژایی سەدەی نۆزدەم قورسایی و هێزی وەرگرتووە، "دەستەڵاتخوازی "هێژێمۆنیزم" کەماتییە سەرمایەدارەکان" و ئەنترۆپۆسەنتەریزمی هاوپەیمانی ئۆروپۆسەنتەریزمێک. لە ساڵانی دەیەی کۆتایی سەدەی هەژدەم و بۆ ماوەی سەدە و نیوێک بەلای کەمی، ئینگلتەرا و فرانسا وەک دیسیپلینێک دەستەڵاتیان بەسەر رۆژهەڵاتناسیدا هەبوو. دۆزینەوە گەورەکان لە بواری فیلۆلۆژی، رێزمانی بەراوردکاری



https://t.me/kurdistanbooks

لەلایەن جۆنز، فرانتس بۆپ، ژاکۆب گریم و هی دی، ئەسڵیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەستنووسانەی لە ڕۆژهەڵاتەوە هێنابوویانە پاریس و لەندەن. هەموو ڕۆژهەڵاتناسەکان بێ هەوڵاوێردن سەرەتای ژیانی زانستییان بە فیلۆلۆژی دەست پێکرد و، ئەو شۆڕشەی لەناو فیلۆلۆژیش بەرپا بوو کە کەسانی وەک بۆپ و سیلڤێستر دو ساسی و بورنووف و قوتابیەکانی بەرهەم هێنا، بووە هۆی داهێنانی زانستی بەراوردکاری دامەزراو لەسەر گریمانەیەک کە هەموو زمانەکان سەر بە خێزانەزمانی تایبەتین، وەک خێزانە زمانی هیندوئۆروپی و سامی کە دوو نموونەی بەرچاون. هەر لەسەرەتاوە ڕۆژهەڵاتناسی دوو خەسڵەتی پیشاندا: یەکەم: هوشیارییەکی زانستی داهێنانی تازە دامەزراو لەسەر بایەخی زمانەوانی ڕۆژهەڵات بۆ ئۆروپا. دووەم: بوونی تەندانس و ڕوانینێک بۆ دابەشکردن و بندابەشکردن و دابەشکردنەوەی بابەتەکان (تێمایەکان Thèmes) بێ ئەوەی قەت ڕوانین بگۆڕی لەسەر ڕۆژهەڵات، بابەت "کەرستە" هەمیشە هەر ئەو شتە بێت، بێ گۆڕان، بەیەکچوو، تایبەتمەند بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ.

فریدێریک شلیگل، کە لە پاریس فێری سانسکریتی بووبوو، نموونەیەکە بۆ تەواوی ئەمانە هەمووی. ئەگەرچی لەو سەردەمەی کە کتێبی "وتارێک لەبارەی زمان و فەلسەفەی هیندییەکان"ی لە ساڵی 1808 بڵاوکردەوە، شلیگل بە کردەکی خۆی لە ڕۆژهەڵاتناسی کشاندەوە، بەڵام بەردەوام بوو لە پشتگیریکردن کە زمانی سانسکریتی و فارسی لەلایەک، یۆنانی و ئەلمانی لەلایەکی دی، پەیوەندی و نزیکییان زۆرترە لەچاو زمانەکانی سامی، چینییەکان، ئەمریکاییەکان یان ئەفریقاییەکان. هێشتا زیاتر، ئەو پێی وایە، خێزانە زمانی هیندوئۆروپی، لە ڕوانگەیەکی ئێستێتیکییەوە، زمانی سادە و تێرن، زمانە سامییەکان هەمان هەڵکەوتیان نیە. ئەم جۆرە تەجریدانە شلیگلی هەراسان نەدەکرد، چونکە بە درێژایی ژیانی کەوتبووە بن



https://t.me/kurdistanbooks

کاریگەری نەتەوەکان، نەژادەکان، دەروون و رەفتارەکان، گەلان، ئەمانەش شتێک بوون دەکرا بە شەوقەوە باسیان بکرێ (هەردەم بە روانگەیەکی تەسکتر لە پۆپولیزمی برەوپێدراو لەلایەن هێردەر). کەچی نابینین شلیگل لە هیچ شوێنێک باس لە رۆژهەڵاتی زیندوو و هاوچەرخ بکا. ساڵی 1800 کە دەڵێ: "ئێمە دەبێ لە رۆژهەڵاتەوە لە رۆمانتیزمی هەرە باڵا بگەرێین." مەبەستی لەم رۆژهەڵاتە، رۆژهەڵاتی "چاکونتالا" و "زەند ئاڤێستا" و "ئوپانیشادەکان"ە. بەڵام پێیوایە زمانە سامییەکان، کە زمانێکی "بەیەکەوەنووساو Agglutinate"ن، نائێستێتیکی و مێکانیکین، جیاوازن و پایەنزم و دواکەوتوون. کۆنفرانسەکانی شلیگل لەبارەی زمان و ژیان، مێژوو و ئەدەب، پڕن لەم جۆرە جیاکارییە نەژادپەرستییە بێ هیچ لێکدانەویەکی بەهانەدار. شلیگل دەڵێ زمانی عیبری زمانێکە بۆ دەربڕینێکی پەیامبەرانە و ئیلاهییانە دەگونجێ، هەرچی موسلمانەکانن، ئەوان سەر بە یەکتاپەرستییەکی مردوو و بەتاڵن، ئیمانێکی پەکتاپەرستی تەواو نێگەتیڤیان هەیە".(89)

بەشێک لەو نەژادپەرستییەی لە رەخنەکانی شلیگلدا هەیە بەرانبەر بە سامییەکان و رۆژهەڵاتییە ژێردەستەکانی دی، لە کولتووری ئۆروپی باو بوو. بەڵام ئەم روانینە لە هیچ شوێنێکی دی، لەوانەیە تەنیا دواتر لە درێژەی سەدەی نۆزدەم، لەلایەن ئەنترۆپۆلۆگە داروینییەکان و فرێنۆلۆگەکان (فرێنۆلۆژی=کەلەناس یان کاژەلاکناس) نەبێ، ئەگینا نەبۆتە زەمینەی ماتریالی زانستی وەک چۆن لە زمانەوانی بەراوردکاری و یان فیلۆلۆژی هەبووە. پێدەچوو زمان و نەژاد لە پەیوەندییەکدابووبن جیابوونەوەیان نەبێ و، رۆژهەڵاتی "باش"یش، بێ ئەوەی بگۆڕێ سەردەمێکی کلاسیکی بووە، کەوتبووە شوێنێک لە هیندستان ماوەیەکی زۆری بەسەرچووبێ، کەچی رۆژهەڵاتی "خراپ" لە ئاسیای ئەمڕۆیە، لە بەشێک لە باکوری ئەفریقیا



https://t.me/kurdistanbooks

و لەگەڵیشی ئیسلام لە هەموو شوێنێک. "ئارییەکان" لە ئۆروپا و لە ڕۆژهەڵاتی کۆندابوونە، وەک چۆن "لیێۆن پۆلیاکۆڤ" پیشانی داوە (بێ ئەوەی دیاریی بکا کە "سامییەکان" هەر تەنیا جوولەکە نەبوونە، بەلکو موسلمانەکانیش دەگرێتەوە.)(90) ئەفسانەی ئاری باڵادەستی لە ناو ئەنترۆپۆلۆژی مێژوویی و کولتووری هەبوو، ئەمەش لەسەر حسێبی گەلانی "ژێردەستە".

ئەگەر بمانەوێ ڕەچەڵەکناسی ڕۆشنگەری و فەرمی بۆ ڕۆژهەڵاتناسی بکەین، بە دڵنیاییەوە ئەوانەش دەگرێتەوە کە نموونەیەکن بۆ هەڵبژاردنێکی بە ڕێکەوت لە بیرمەندانی بەناوودەنگی وەک: "گۆبینۆ، ڕێنان، هومبۆلد، شتێنتال، بورنووف، ڕۆموسات، پالمێر، ڤەی، دۆزی، مووێر". بێجگە لەمانە دەبێ دەستەڵاتی دابەشکردنی کۆمەڵەی توێژەرەوانی زانستیشی بەگەڵ بدەین وەک: "کۆمەڵەی ئاسیایی"، کە لە ساڵی 1822 دامەزراوە، "کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیایی" کە لە ساڵی 1823 دامەزراوە، "کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتی ئەمریکایی" کە لە ساڵی 1842 دامەزراوە،...هتد. بەڵام دەبێ بە پێویستیش بەشداری گرینگی کارە ئەدەبییە خەیاڵییەکان و سەفەرنامەکانیش لەلایەکەوە دانێین، کە ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە بەهێزکردنی دابەشکردنەکان کە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکان دامەزرابوو لە نێوان بەشە جیاجیاکانی جیۆگرافی، لەمەڕ زەمەن و نەژادەکانی ڕۆژهەڵات، هەڵبەت بە هەڵە، چونکە، بۆ ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، ئەم ئەدەبیاتە بە تایبەت دەوڵەمەندە و بە شێوەیەکی مانادار بەشداری لە بنیاتنانی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی دەکا. ئەمەش کارەکانی "گۆتە، هوگۆ، لامارتین، شاتۆبریان، کینگلەیک، نێرڤال، فلۆبێر، لان، بورتۆن، والتەر سکۆت، بایرۆن، ڤینی، دزرائیلی، جۆرج ئیلیەت، و گۆتیێ" دەگرێتەوە. دواتر، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، دەتوانین ئەم ناوانەشی بۆ زیاد بکەین وەک: "دوگتی، مۆریس بارێس،


https://t.me/kurdistanbooks

پییێر لۆتی، ت، ە. لۆرەنس، فۆرستەر"، ئەو نووسەرانەش کە چوارچێوەیەکی گشتی دیارتر دەدەن بە "نهێنی مەزنی ئاسیا"ی دزرائیلی. ئەم پرۆژەیە بە شێوەیەکی پڕ بایەخ برەوی پێدراوە، نەک هەر بە پشکنین لە شارستانی مردوو (لەلایەن شوێنەوارناسە ئۆروپییەکان) لە مێزۆپۆتامیا و لە میسر و سوریا و تورکیا، بەڵکو هێشتا بە هۆی پشکنینە سەرەکییەکانی جیۆگرافی لە هەموو رۆژهەڵات.

داگیرکردنی تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن ئۆروپییەکانەوە (جگە لە ئیمپراتۆری عوسمانی کە لە دوای 1918 قووتدرا) لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم، بووە راگرێک بۆ کاری ئۆروپییەکان. بۆ جارێکی دیکەش، زلهێزە کۆلۆنیالییە گەورەکان بەریتانیای گەورە و فرانسا بوون، ئەگەرچی رووسیا و ئەلمانیاش رۆلێکیان گێڕا.(91) بە کۆلۆنیکردن، پێش هەموو شتێک لە راستیدا بەمانای "ناسین و دانپیانان" دەهات، واتە دروستکردنی کۆمەڵێک بەرژەوەندی، ئەم بەرژەوەندیانەش بریتی بوون لە: بازرگانی، پەیوەندی، ئایینی، سوپایی، کولتووری. بۆ ئیسلام و خاکی ئیسلامی بۆ نموونە، ئینگلتەرا کە زلهێزێکی کریستیانی بوو، پێیوابوو بەرژەوەندی ئایینی لە رۆژهەڵاتدا هەیە و دەبێ بیپارێزێ. کۆنە رێکخراوەکانی وەک "کۆمەڵەی گەشەپێدانی زانستی کریستیانی" کە لە ساڵی 1698 دامەزرابوو، لەگەڵ "کۆمەڵەی پڕۆپاگەندە بۆ ئینجیل لەناو بێباوەڕان" کە لە ساڵی 1701 دامەزرابوو، دەیانبینی کاریان درێژەی هەیە و، پاشان پشتگیری و هان دەدران لەلایەن "کۆمەڵەی میسیۆنێری بابتیستی" کە لە ساڵی 1792 دامەزرابوو، لەلایەن "کۆمەڵەی میسیۆنێری کڵێسایی" کە لە ساڵی 1799 دامەزرابوو، لەلایەن "کۆمەڵەی کتێبی پیرۆز لە بەریتانیا و لە بیانی" کە لە ساڵی 1804 دامەزرابوو، لەلایەن "کۆمەڵەی لەندەن بۆ بڵاوکردنەوەی کریستیانی



https://t.me/kurdistanbooks

لەناو جوولەکەکان" کە لە ساڵی 1808 دامەزرابوو. پڕۆژە و میسیۆنی ئەم کۆمەڵانە بە ئاشکرا تێکەڵ بە بڵاوبوونەوە و فراوانخوازی ئۆروپی" دەبووەوە.(92) دەبێ ئەو کۆمەڵانەش بخەینە سەر ئەمانە کە لە بوارەکانی وەک: بازرگانی کاریان دەکرد، کۆمەڵەکانی تۆژینەوەی پسپۆڕی زانستی، دەزگاکانی دۆزینەوەی جیۆگرافی، دەزگاکانی وەرگێڕان، کردنەوەی قوتابخانەکان لە رۆژهەڵات، تەرخانکردنی میسیۆنەکان، بیرۆیەکانی راوێژکاری، کارگەکان و، هەندێ جاریش بوونی کۆمەڵێک لە دانیشتوانی ئۆروپی لە رۆژهەڵات و، بەم جۆرە چەمکی "بەرژەوەندی" بە مانا و واتا دەوڵەمەند دەبێ. پاشان، ئەم بەرژەوەندیانە بە گەرمی بەرگرییان لێ دەکرێ.

تا ئێرە ئەوەی باسکراوە هێڵە گشتییەکانە. ئەی چی دەڵێین لە بارەی ئەزموونەکان و هەڵچوونە تایبەتییەکانیان، گەشەسەندنەکان لە بواری تۆژینەوەی پسپۆڕی زانستی رۆژهەڵاتناسی و، داگیرکردنە سیاسییەکانی کە بە یارمەتی رۆژهەڵاتناسی کراون؟ پێش هەموو شتێک بێئومێدییەک هەستی پێدەکرێ: رۆژهەڵاتی مۆدێرن ئەوە نیە کە لە تێکستەکاندا هەیە. ژێرار دو نێرڤال لە کۆتایی مانگی گەلاوێژی ساڵی 1843 بۆ "تیۆفیل گۆتیێ"ی نووسیووە:

(من، هەموویم لە دەستدا، مەملەکەت لە دوای مەملەکەت، هەرێم لە دوای هەرێم، جوانترین نیوەی جیهان و، ماوەیەکی دیکەش چیتر نازانم پەناگا بۆ خەونەکانم لە کوێ بدۆزمەوە، بەڵام ئەوە میسرە کە بە داخەوەم لە هەموو شتێک زیاتر لە ئەندێشەم دوورخستۆتەوە، بۆ ئەوەی بە غەمباری لەناو بیرەوەرییەکانم جێیان بۆ بکەمەوە.) (93)

کەواتە ئەمەیە کە نووسەری سەفەرنامەی مەزن"سەفەر بۆ رۆژهەڵات" نووسیوویەتی. ئاە و ئەسەفی نێرڤال بابەتێکی هاوبەشی



https://t.me/kurdistanbooks

رۆمانتیکەکانە "خەونی لە دەستچوو" کە لەلایەن "ئەلبێر بێگا" لە کتێبەکەی:"گیانی رۆمانتیکی و خەون"دا هاتووە و، لەلای ئەوانەش کە سەفەریان بۆ رۆژهەڵاتی "کتێبی پیرۆز" کردووە وەک شاتۆبریان تا دەگاتە مارک توین. هەموو هەستکردنێکی راستەوخۆ بە رۆژهەڵاتی هەقیقی ماتریالی لێکدانەوەیەکی تەوسبار و پڕ لە پلاری نرخ و بەها پێدانەکانیەتی، کە دەتوانین لە قەسیدەی "چریکەیەک بۆ محمەد"ی گۆتە یان لە "ماڵئاوایی مێوانە عەرەبەکە"ی هوگۆ بدۆزینەوە. بیرەوەری رۆژهەڵاتی مۆدێرن لە دووبەرەکی دایە لەگەڵ ئەندێشە، ئەوەی بۆ ئەندێشەی دەگەڕێنێتەوە شوێنێکە زیاتر گونجاوە بۆ هەستیاری ئۆروپی لەچاو رۆژهەڵاتی هەقیقی. رۆژێک نێرڤال بە "تیۆفیل گۆتیێ"ی دەگوت بۆ کەسێک هەرگیز رۆژهەڵاتی نەبینیبێ، گوڵی لۆتس هەر گوڵی لۆتسە، بەڵام بۆ من تەنیا جۆرێکە لە پیاز. نووسین لەبارەی رۆژهەڵاتی مۆدێرن، واتە یان دەبێ وابکەی بە شێوەیەکی هەراسانکار سیحر و ئەفسوون لەو وێنایانە بکەیتەوە کە لە ناو تێکستەکاندا بەدەستیان دەهێنین یان خۆت دوورەپەرێز راگری لەناو ئەو رۆژهەڵاتەی ڤیکتۆر هوگۆ باسی دەکا لە پێشەکییەکەی بۆ کۆمەڵە شیعری "رۆژهەڵاتییەکان": "رۆژهەڵات، چ وەک وێنا "ئیماژ" چ وەک فیکر، بووەتە (...) جۆرێک لە دڵەڕاوکەی گشتی. (...).(94)

ئەگەر لە سەرەتادا، لابردنی سیحر و ئەفسوونی کەسیی و دڵەڕاوکەی گشتی تا رادەیەکی باش نەخشەی هەستیاری رۆژهەڵاتناسی کێشابێ، هەندێ نەریتی دیکەی فیکری، سۆز، هەستکردنی ئاشنا و ناسراوی دیکەیش بۆ خۆی رادەکێشێ. ئێمە فێردەبین لە نێوان تێگەیشتنی گشتی لە رۆژهەڵات لەگەڵ ئەزموونێکی تایبەتی رۆژهەڵاتیانە جیاوازی بکەین، ئەگەر بشێ بڵێین هەر یەکە بە رێی خۆیدا دەڕوا. لە "ریتشارد لە فەلەستین" لە رۆمانی "تەلیسمان"ی والتەر سکۆت کە لە ساڵی 1825 بڵاوبۆتەوە، سێر کنێت (ناسراو بە:


https://t.me/kurdistanbooks

شێری مەیدان) دەکەویتە ململانێیەکی بێوێنە لەگەڵ یەکێ لە موسلمانەکان لە شوێنێک لە سەحرای فەلەستین، بەردەوام دەبێ لە ململانێ تا ئەو کاتەی هەست دەکا هاوتان لە هێز و توانا: کە خاچپەرستەکە و نەیارەکەی، کە کەسێکی دی زیاتر نیە لە سەلاحەدین، دەکەونە گفتوگۆ، خاچپەرستەکە هەست دەکا نەیارە موسلمانەکەی پاش هەموو شتێک ئەوەندە خراپ نیە، ئەم تێبینییەی هەیە:

(تەواو وامدەزانی کە نەژادە کوێرەکەت نەوەی گیانی دۆزەخەکانە، بێ یارمەتی ئەو هەرگیز نەتاندەتوانی خۆتان لەم خاکە پیرۆزەی فەلەستین راگرن بەرانبەر بەو هەموو ژمارە زۆرەی ئەم سەربازە ئازایانە. مەبەستم تۆ نیە بە تایبەتی ئەی موسلمان، مەبەستم گەلەکەت و ئایینەکەتە بە گشتی، لەگەڵ ئەمەش پێم سەیرە، نەک لەبەرئەوەی ئێوە نەوەی گیانی خراپەن، بەڵکو دەبینم شکۆمەندن پێی.(95)

سەرەنجام لەم رۆمانەی والتەر سکۆت، گوایە موسلمانان لافی ئەوە لێدەدن رەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ ئیبلیس، کە وەک "لوسیفێر"ی موسلمانان وایە، واتە گەورەی شەیتانەکان. بەڵام ئەوەی سەیرە، مەسەلەکە لاوازی لایەنی مێژوویی نیە کە بە هۆی ئەمەوە والتەر سکۆت دەیەوێ دیمەنێکی "چاخەکانی ناوەڕاست" بداتە رۆمانەکەی بۆ ئەوەی لە روانگەی ئایینییەوە لە موسلمانان بدا بە هۆی کریستیانەکانەوە، کە بە چەشنێک ئۆروپییەکانی سەدەی نۆزدەم بێگومان پشتگیری لە روانینێکی وا ناکەن، بەڵکو ئەوەی زیاتر سەرنجڕاکێشترە ئەو هەستی لێبووردەییە ناشیرینەیە کە دەیەوێ تەواوی میللەتێک تاوانبار بکا "بە گشتی" کاتێ کە دەیەوێ لە توندی هەڕەشەکەی کەم بکاتەوە بە گیانێکی سارد دەڵێ: " مەبەستم تۆ نیە بە تایبەتی".



https://t.me/kurdistanbooks

بەلای کەمی والتەر سکۆت پسپۆڕ نەبووە لە ئیسلام (ئەگەرچی "ە.ئا.گایب" پسپۆڕ بوو لە ئیسلام، دەبینین ستایشی روانینە قووڵەکان دەکا لە بارەی ئیسلام و سەلاحەدین کە لە "ریتشارد لە فەلەستین"دا هاتووە)(96) والتەر سکۆت ئازادییەکی زۆری بە خۆی دەدا لە رۆڵی ئیبلیس، دەیکردە پاڵەوانێک بۆ ئیماندارەکان. لەوانەشە سکۆت زانیارییەکانی لە "بایرۆن و بێکفۆرد"ەوە وەرگرتبێ، لێرەوە دەبێ تێبینی ئەوە بکەین بە چ هێزێکی توندوتۆڵەوە خەسڵەتی گشتی دراوەتە شتەکانی رۆژهەڵات، سەرەڕای هێزی رەوانبێژی و وجودی جیای بەڵگەنەویست، توانیوویەتی خۆی رابگرێ. ئەمە وەک ئەوە وایە لەلایەکەوە سندوقێک هەبووبێ بە ناوی "رۆژهەڵاتی" هەموو هەڵوێستێکی ئۆتۆریتاری، نەناسراو و نەریتی رۆژئاواییەکانی لە بارەی رۆژهەڵاتی بێ بیرکردنەوە تێدا فرێدرابێ، کەچی لە لایەکەی دی، وێڕای شوون هەڵگرتنی نەریتی مەتەڵی حیکایەتبێژەکان، دەمانتوانی بەلای کەمی ئەو ژیانە بگێڕینەوە کە لەناو یان لەگەڵ رۆژهەڵات بینیومانە، ئەمەش ئەزموونێک بووە هیچ پەیوەندییەکی بەو سندوقەی بەکارهێنانی گشتییەوە نەبووە. بەڵام ستروکتوری پەخشانی والتەر سکۆت خۆیشی ئەم دوو روانینە پیشان دەدا چەندە بە ئاڵۆزی تێکەڵی یەکترن. چونکە کاتیگۆری گشتی پێشتر وەک نموونەیەکی تایبەتی رووبەری سنووردار جێگیردەکا کە لە سەری کار دەکا: ئەگەر جیایی تایبەتی زۆر دووریش بڕوا، هەتا ئەگەر رۆژهەڵاتییەکی تاکەکەسیش بتوانێ لەناو هەڵ و مەرجێکی فراوانیش خۆی بگەیەنێتە دەرەوەی بەربەستە دانراوەکان لە چواردەورەی خۆی، بە پلەی یەکەم هەر رۆژهەڵاتییە، بە پلەی دووەم بوونەوەرێکی مرۆییە، دواجاریش سەرلەنوێ هەر رۆژهەڵاتییەکە.

کاتیگۆرییەکی ئەوەندە گشتی وەک ئەوەی "رۆژهەڵاتی" گومانی جۆربەجۆری تەواو سەرنجڕاکێشی لێ دەکرێ. حەماسەتی دزرائیلی



https://t.me/kurdistanbooks

بۆ رۆژهەڵات سەرەتا لە درێژەی سەفەرێکی دەردەکەوێ کە لە ساڵی 1801 کردوویەتی، ئەو لە قاهیرە دەنووسێ:" لەگەڵ ئەمەش چاوەکانم و ئەقڵم بە ئازارن بەرانبەر بەم مەزنییە ئەوەندە کەم هارمۆنییە لەگەڵ رواڵەتی تایبەتی خۆمان."(97) مەزنی و سۆزی گشتی ئیلهامی فڕین یان بەرزبوونەوەی میتافیزیکی transcendant شتەکان وێڕای بێزاربوون و هەراسان بوون بەرانبەر بە واقیعی هەقیقی پێ بەخشیووە. رۆمانەکەی "تانکرێد" پڕە لە شتی سووکی نەژادپەرستی و جیۆگرافی، سیدۆنیا دەڵێ هەموو مەسەلەکە پەیوەندی بە نەژادەوە هەیە، ئەگەرچی بە لای زۆری رزگاربوونیش ناشێ بدۆزرێتەوە تەنیا لە رۆژهەڵات نەبێ، لەناو نەژادە رۆژهەڵاتیەکان نەبێ. لێرەوە، لەم حاڵەتە کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، درووزەکان، کریستیانەکان، موسلمانەکان و جوولەکەکان بێ هیچ کێشەیەک تێکەڵی یەکتر دەبن، چونکە (بە پێکەنینەوە بە یەکێک بڵێی) عەرەبەکان بە سادەیی بریتین لە جوولەکەی توند و سەخت و، هەمووشیان لە قووڵایی دڵەوە رۆژهەڵاتین. هارمۆنی لە نێو کاتیگۆری گشتی روودەدا، نەک لە نێوان کاتیگۆرییەکان و ناوەڕۆکەکانیان. رۆژهەڵاتی لە رۆژهەڵات دەژێ، ئەو ژیانێک دەژێ ژیانی تەمبەڵانەی رۆژهەڵاتییە، لەناو وڵاتێکی دیسپۆتیک "زۆردار" و شەهوانییەتی رۆژهەڵاتی دەژێ، تێرە بە قەدەری بکوژی رۆژهەڵاتی. نووسەرانی جیاوازیش وەک مارکس، دزرائیلی، بورتۆن و نێرڤال توانیوویانە لە نێوان خۆیان گفتوگۆیەکی درێژیان هەبێ، بۆ نموونە وەک بەکارهێنانی ئەم هەموو روانینە گشتییە بێ ئەوەی پرسیار لە خۆیان بکەن، لەگەڵ ئەمەش لەگەڵ یەکتر ماونەتەوە، تێگەیشتوو بەرانبەر بە یەکتری.

لەگەڵ روانینی بێهیوایی و ئایدیای گشتی (بۆ ئەوەی نەڵێم شیزۆفرێنی) بۆ رۆژهەڵات، دەتوانین وەک باوە خەسڵەتی دیکەی



https://t.me/kurdistanbooks

دیاری بۆ زیاد بکەین. لەبەرئەوەی ئێمە رۆژهەڵاتمان کردووەتە "کەرستە، شت"ی گشتی، دەشێ رۆژهەڵات سوودی هەبێ وەک نموونەیەک بۆ فۆرمێکی تایبەتی سەیر و ناتەواویی لە رووی رەفتارەوە. ئەگەر رۆژهەڵاتی وەک تاکەکەس نەتوانێ کاتیگۆرییە گشتییەکان بجوولێنێ یان هەراسانیان بکا کە مانایەک بەم تایبەتمەندییە سەیر وناتەواوەی لە رووی رەفتارەوە دەبەخشن، کەواتە ئەم سەیر و ناتەواوییە لە رووی رەفتارەوە بەلای کەمی دەشێ خۆی نرخ بۆ خۆی دابنێ. ئەمەش نموونەیەکی لەم جۆرە کاتێ کە فلۆبێر باس لە دیمەنێکی رۆژهەڵات دەکا:

(لێبووکی (مهرج) محەمەد عەلی، بۆ سەرگەرمی ئاپۆرەکە، رۆژێک ژنێکی لە بازاری قاهیرە گرت، لەسەر لێواری دوکانی فرۆشیارێک دایناو لەبەرچاوی خەڵکەکە لەگەڵی جووت بوو لە کاتێکدا فرۆشیارەکە بێ ئەوەی خۆی تێکدا بە ئارامی خەریکی کێشانی قەڵنەکەی خۆی بوو.

لەسەر رێگەی "شوبرا" ماوەیەک بەر لە ئێستە، لاوێکی سەیروسەمەرە هەبوو لەبەرچاوی خەڵک مەیموونێکی گەورەی سواری خۆی دەکرد، بە مەبەستی پێکەنین و سەرنجڕاکێشانی خەڵکەکە.

بەم دواییە دێوانەیەک هەبوو مرد. کەسێکی گێڵ بوو، ماوەیەکی زۆر بوو خەڵکەکە بە پیر و وەلی خودایان دەزانی. تەواوی ژنانی موسلمان دەهاتنە لای بیبینن و ئارەزووی تێرکەن، دواجار لەبەر ماندووییان مرد. لە بەیانی تا ئێوارە ئەم کارەی دەکرد. (...)

هەمان شت لە بارەی ئەم رووداوەش دەڵێن. ماوەیەک بەر لە ئێستا وەلییەک هەبوو (قەشەیەکی زاهید) تەواو رووت، تەنیا کڵاوێکی


https://t.me/kurdistanbooks

لەسەر دەنا یەکێکی لەسەر شوێنە هەستیارەکەی دادەنا. کە میزی دەکرد دەبوایە کڵاوەکەی لابەرێ، ئەو ژنانەی نەزۆک بوون و حەزیان لە منداڵ بوو دەچوون خۆیان دەخستە بەر پرووشکی ئەو میزە و لەشی خۆیان پێ تەڕ دەکرد. (98)

فلۆبێر بە روونی دان بەوەدا دەنێ ئەم دیاردانە تەواو بێ نرخ و نزمن grotesque . (هەموو ئەمانە بە رای فلۆبێر کۆمێدیایەکی کۆنە، وەک: کۆیلەی بە قامچی لێدراو، فرۆشیاری وشکەڕنی ژنان، بازرگانی دز، بەڵام لێرە زۆر لاوە، زۆر راستە، زۆر دڵگیرە.) ئەم نموونانە زۆر ناسراون و مانایەکی نوێ بە رۆژهەڵات دەبەخشن، کە ناشێ بەرهەم بهێندرێنەوە، دەتوانین تەنیا لە شوێنی روودان چەشەی لێ وەرگرین و تۆزێک وەک خۆی "بیگوازینەوە". لێرەوە رۆژهەڵات چاودێری کراوە، چونکە رەفتار و هەڵسوکەوتی تا رادەیەک (هەرگیز بە تەواوی نا) توندوتیژی دەگەڕێتەوە بۆ کۆگایەک لەم رەفتارە سەیر و ناتەواوە بێ رادە زۆرانە، هەرچی ئۆروپییە کە وەک هەستیارییەک وایە زیارەتی رۆژهەڵات بکا، وەک گەشتیارێکە، ئەو چاودێری دەکا، هەرگیز تێکەڵی نابێ، هەمیشە لە دوورەوەیە، هەمیشە ئامادەیە بۆ بینینی نموونەی نوێ لەوەی کتێبی "وەسفی میسر" ناوی لێ دەنێ " لەززەتە سەیرەکان". سەرەنجام رۆژهەڵات دەبێتە تابلۆیەکی زیندوو لە سەیر و سەمەرە.

ئینجا ئەم تابلۆیە تەواو بە شێوەیەکی لۆژیکی دەبێتە تێمایەکی "بابەت" تایبەتی بۆ تێکستەکان. بەم جۆرە بازنەکە دادەخرێتەوە، لە سەرەتادا بەو چەشنە بوو کە هێشتا بۆ تێکست ئامادە نەبووبێ، بەڵام لێرەوە رۆژهەڵات بە چەشنێکی دیکە دەگەڕێتەوە وەک شتێک کە بە شێوازێکی دیسپیلینیکراو لەسەری بنووسین. بێگانەیی و سەیروسەمەرەکەی وەردەگێڕدرێ، کۆدی ماناکانی هەڵدەهێندرێ، دوشمنایەتیەکەشی رام یانماڵیی دەکرێ، لەگەڵ ئەمەش سیفەتی



https://t.me/kurdistanbooks

گشتی دراو بە ڕۆژهەڵات، ئەو بێهیواییەی لە دوای سەردانیکردنی هەستی پێدەکەین، ناتەواوییەکەی لە ڕووی ڕەفتارەوە کە بێ چارەسەرە و بڵاویشی دەکاتەوە، سەرلەنوێ لەناو هەموو ئەوانەی لە بارەیەوە دەگوترێ و دەنووسرێ دابەش دەکرێنەوە. بۆ نموونە ئیسلام، تایپێکی ڕۆژهەڵاتییە بۆ ڕۆژهەڵاتناسەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم. بۆ نموونە "کارل بێیکەر" دەڵێ ئەگەرچی ئیسلام (تێبینی ئەم ڕوانینە بکە چەندە گشتییە) لە میراتی نەریتی هێلینی (یۆنانی پێش زایین) سوودی وەرگرتوە، بەڵام نەیتوانی نە ئەم میراتە بگرێ نە نەریتی مرۆیی یۆنانییەکان بەکاربهێنێ، هێشتا زیاتریش دەڵێ، بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام، بە تایبەتی پێویستە وەک جۆرە ئایینێک سەیری بکرێ، (...) وەک هەوڵێکی ڕۆژهەڵاتی لە دەستچوو بۆ بەکارهێنانی فەلسەفەی یۆنانی بێ ئیلهامی داهێنەرانە کە ئێمە لە ئۆروپا لەسەردەمی بووژانەوە دەیدۆزینەوە.

بۆ "لوی ماسینیۆن" کە لەوانەیە لەناو ڕۆژهەڵاتناسە فرانسییە مۆدێرنەکان لە هەموویان ناسراوتر بێ و لە هەمووشیان زیاتر کاریگەری هەبووبێ، لەلای ئەو ئیسلام بریتییە لە ڕەتکردنەوەی سیستەماتیکی "مەزهەبی بەرجەستەکردن"ی کریستیانی، گەورەترین کەسایەتیش لەلای ئەو نە محەمەدە نە ئیبن ڕوشد، بەڵکو حەلاجە. حەلاج کەسایەتییەکی پیرۆزی موسلمانە و لەلایەن موسلمانە سوننەتییەکان لەدار دراوە، دوای ئەوەی جورئەتی هەبووە سیفەتی "بەجەستەکار" بداتە خۆی و بداتە ئیسلام خۆیشی.(100) بەڵام ئەوەی بە ڕوونی لەلایەن کارل بێیکەر و لوی ماسینیۆن لە تۆژینەوەکانیان خراوەتە لایەکەوە ئەم "ناتەواوی"ەیە لە ڕفتاری ڕۆژهەڵات، ئەوان وەک "نێگەتیڤ" ناساندوویانە و هەوڵێکی زۆر سەختیان داوە لە زمانی ڕۆژئاوایی ڕاستی بکەنەوە. بەم جۆرە


https://t.me/kurdistanbooks

محەمەد بەلاوە دەنرێ، بەلام حەلاج پێشدەخرێ چونکە ئەو خۆی بە خۆی وەک روخسارێکی "کریست - مەسیح" داناوە.

بۆ حوکمدان لەسەر رۆژهەلات، پسپۆڕی"رۆژهەلاتناس"ی مۆدێرن لە خۆی زیاتر پێگەیەکی نیە مەوزوعی بێ، وەک چۆن باوەڕی وایە و خۆیشی وا دەلێ. جیابوونەوە مرۆییەکەشی، کە نیشانەکەی نەبوونی رووێکی سەرنجڕاکێش و دلگیری داپۆشراو بە زانینی پیشەییە، بە گەلێک هەلوێست، روانگە، سەلیقە سوننەتییکانی رۆژهەلاتناسی کە من وەسفیان دەکەم، بارگرانە. رۆژهەلاتەکەشی، ئەو رۆژهەلاتە نیە کە وەک خۆی هەیە، بەلکو ئەو رۆژهەلاتەیە کە بەڕۆژهەلاتیکراوە. وەک کەوانەیەکی نەپچڕاوی زانین و دەستەلاتە، پیاوی سیاسی ئۆروپی یان رۆژئاوایی دەبەستێتەوە بە رۆژهەلاتناسە رۆژئاواییەکان. ئەم کەوانەیە لێواری شانۆ دروست دەکا کە رۆژهەلاتی تێدایە. لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ئەفریقیا و رۆژهەلات بۆ رۆژئاوا کەمتر دیمەنێکی رۆشنگەرییان پێکدەهێنا وەک لە رووبەرێکی تایبەت و ئیمتیازی خۆیان. بواری رۆژهەلاتناسی تێکەل و هاوتای بواری ئیمپراتۆری دەبووەوە و، هەر ئەم یەکگرتنە رەهایەشە کە لە نێوان هەردووکیان هەیە کە بووەتە هۆی ورووژاندنی تاقە قەیرانی مێژوویی فیکر و رەفتاری رۆژئاواییەکان بەرانبەر بە رۆژهەلات.

هەر لە سەرەتای سالەکانی 1920، لەم سەری جیهانی سێیەمەوە بۆ ئەوسەری، پەرچەکردار بەرانبەر بە ئیمپراتۆری و ئیمپریالیزم دیالێکتیکانە بوو. لە سەروبەندی کۆنفرانسی جیهانی سێیەم لە باندوگ لە سالی 1955، تەواوی رۆژهەلات سەربەخۆیی سیاسی خۆی بەرانبەر بە ئیمپراتۆرە رۆژئاواییەکان بردەوە، سەرەنجام خۆی بەرانبەر بە نەخشەیەکی نوێ لە زلهێزە ئیمپریالییەکان دۆزییەوە کە پێکهاتبوون لە ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤییەت. رۆژهەلاتناسی توانای ئەوەی نامێنێ رۆژهەلاتی "خۆی" لەناو جیهانی



https://t.me/kurdistanbooks

سێیەمی نوێ بدۆزێتەوە، لێرەوە ڕۆژهەڵاتناسی دەکەوێتە بەرانبەر ڕۆژهەڵاتێکی ورووژێنەر و چەکدار بە سیاسەت. ڕۆژهەڵاتناسی خۆی بەرانبەر بە ئەلتەرناتیڤێک دەدۆزێتەوە. سەرەنجام بەشێک لە ڕۆژهەڵاتناسی، وەک ئەوەی هیچ ڕووینەدابێ درێژە بە خۆی دەدا. بەشی دووەم پشتگیری لە شێوازە کۆنەکان دەکا بۆ حاڵەتی نوێ. بەڵام بۆ ڕۆژهەڵاتناس، کە لەو باوەڕەدایە ڕۆژهەڵات هەرگیز ناگۆڕێ، نوێیەکە تەنیا کۆنە خیانەت لێکراوەیەکەیە لەلایەن ڕۆژهەڵاتییە نوێیەکان (ڕێگە بە خۆمان دەدەین ئەم دەربڕینە نوێیە بەکاربهێنین) کە خراپ تێیگەیشتوون. ئەلتەرناتیڤی سێیەم یان بەشی سێیەم، بوونی شیمانەی پێداچوونەوە بووە بە ڕۆژهەڵاتناسی، کە بریتی بووە لە نەهێشتنی ڕۆژهەڵاتناسی بە تەواوی، بەڵام ئەمەیان تەنیا لەلایەن کەمایەتییەکی لاواز پشتگیری لێ دەکرا.

یەکێ لە نیشانەکانی ئەم قەیرانە، بەڕای ئەنوەر عەبدولمەلیک، هەر تەنیا بە سادەیی بۆ بوونی "بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نیشتمانییەکان لە ڕۆژهەڵات و کۆلۆنییەکانی پێشوو" ناگەڕێتەوە، کە زیانی گەورەیان لە ئایدیاکانی ڕۆژهەڵاتناسی دا لەبارەی "نەژادی ژێردەستە"ی پاسیڤ و فەتالیست (بکوژ)، بەڵکو هۆی دیکەش هەن وەک "پسپۆڕەکان و خەڵکی زۆر هوشیاربووەوە لە تێکچوونی یان بوونی نێوانێک "بۆشاییەک" نەک هەر لە نێوان زانستی ڕۆژهەڵاتناسی و ماتریالی بابەتی توژینەوە، بەڵکو بە هەمان شێوە (کە دەبێ ئەمەش هۆکاری بنەڕەتی بێ) لە نێوان کۆنسێپتەکان، مێتۆدەکان، ئامێرەکانی کاری زانستەکانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و ئەوانەش کە هی ڕۆژهەڵاتناسین.(101) ڕۆژهەڵاتناسەکان (لە"ڕێنان"ەوە بگرە تا دەگاتە "گۆلدزایەر"، لە "ماکدۆنالد"ەوە تا دەگاتە "ڤۆن گرونبۆم، گایب، بێرنارد لویس") بۆ نموونە ئیسلامیان وا دەبینی کە "سەنتێزێکی کولتوورییە" (بە پێی دەربڕینی "پ.م.هۆڵت") دەشێ لە دەرەوەی ئابووری،



https://t.me/kurdistanbooks

سۆسیۆلۆژی، سیاسەتی گەلانی موسلمان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ. بۆ رۆژهەڵاتناسی، ئیسلام مانایەکی هەبوو، ئەگەر بگەڕابایین دەمانتوانی لەناو سادەترین دارشتنی لێکۆڵینەوە بەراییەکانی رێنان بیدۆزینەوە: ئینجا بۆ باشتر تێگەیشتن، دەبێ ئیسلام لە "خیوەت و خێڵ" کورتبکرێتەوە. کاریگەری کۆلۆنیالیزم، کاریگەری دۆخەکان، گەشەسەندنی مێژوویی: بۆ رۆژهەڵاتناسەکان چ نەبوون جگە لە، لەو مێشانەی لەناو دەستی منداڵانی هار بوون کە دەیانکوشتن (یان دووریان دەخەستنەوە) بۆ شۆخی کردن، هەرگیز ئەوەندە بە قووڵی بۆ ئاڵۆزکردنی ئیسلام بە گشتی وەریانەگرتبوو.

ژیانی ئەکادیمی گایب هەر بۆ خۆی نموونەیەکە ئەم دوو روانینە شیاوە پیشان دەدا کە بە هۆی ئەمانەوە رۆژهەڵاتناسی لە رۆژهەڵاتی مۆدێرن کاری کردووە. ساڵی 1945 گایب لە زانینگەی شیکاگۆ "سیمینارەکانی هاسکیل"ی لەبارەی "ئایینناسی بەراوردکاری" پێشکەش کرد. ئەو جیهانەی ئەو باسی دەکرد ئەوە نەبوو کە بەلفور و کرۆمەر پێش جەنگی یەکەمی جیهانی ناسیبوویان. کۆمەڵێک شۆڕش، دوو جەنگی جیهانی و کۆمەڵێک گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەقیقەتی ساڵی 1945 یان کردبووە بابەتی تازەگەرییەکی بێ ئەملاو ئەولا و کارەسات خۆیشی. لەگەڵ ئەمەش، دەبینین گایب سیمینارەکانی بەوە دەکاتەوە و ناوی لێ دەنێ: "ئاراستە نوێیەکان لە ئیسلام" بەم شێوەیەی خوارەوە:

(ئەو کەسەی کە لێکۆڵینەوە لە شارستانی عەرەب دەکا کۆنتراستە بەرچاو و دیارەکانی نێوان هێزی خەیاڵ رایدەگرن کە بۆ نموونە هەندێ لە لقەکانی ئەدەبی عەرەبی و سیفەتی ئەدەبیانەی عەرەبی پێشکەشی دەکا، لەگەڵ ئەو ئاراستەیەی کە لافی زانست لێدەدا و رێنوێنی و لێکدانەوەکان پێشکەش دەکا کە بەسەر بەرهەمەکانی خۆیشی پەیڕەوی دەکا. راستە فەیلەسوفی گەورە هەبوونە لەناو



https://t.me/kurdistanbooks

میللەتانی موسلمان و هەندێک لەمانە عەرەب بوون، بەڵام ئەمە ریزپەڕێکی دەگمەن بووە. ئەقڵی عەرەب، چ لە پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە یان لە پەیوەندی لە پرۆسەی فیکریدا، ناتوانێ خۆی لەو هەستە قووڵە جیابکاتەوە کە رووداوە کۆنکرێتەکان لێکجیاوازن و تاکەکەسین. لەو باوەڕەدام ئەمە یەکێ لەو فاکتۆرانەیە کە لە پشت ئەم "نەبوونی هەستی قانونی"یە دایە کە لەلایەن پرۆفیسۆر ماکدۆنالد وەک خەسڵەتی جیاوازی رۆژهەڵاتی دەردەکەوێ.

ئەمەش ئەو دیاردە لێکدەداتەوە کە بۆ قوتابیانی رۆژئاوایی زۆر سەختە تێی بگەن (تا ئەو کاتەی رۆژهەڵاتناس خۆی لێکدانەوەی بۆ دەکا): کە موسلمانەکان ڕقیان لە بیرکردنەوەی رۆشنگەری ئەقڵانییە (...). رەتکردنەوەی مۆدی بیری ئەقڵانی و ئەخلاقی سوودمەند کە لێکجیاناکرێنەوە و رەگ و ڕیشەیان هەیە، ئەمەش ناگەڕێتەوە بۆ ئەو شتەی پێی دەڵێن "تاریکپەرستی" پیاوانی ئایینناسی موسلمان، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەتۆمیزم و دابەشبوون و پچرپچڕبوونی ئەندێشەی عەرەب خۆی.)(102)

فەرموو بێگومان ئەمەیە رۆژهەڵاتناسی بێگەرد، بەڵام، ئەگەر ناسینی لەئاسابەدەری ئیسلامی بە دامەزراوەکراوەیش دانی پیدابنێین کە سیفەتی جیاکەرەوەی پاشماوەی کتێبەکەیە، لایەنگیری گایب هەر لە سەرەتای گوتارەکەی وەک بەربەستێکی نایاب دەمێنێتەوە بۆ یەکێک هیوای ئەوە بخوازێ ئیسلامی مۆدێرن بناسێ. مانای "جیاوازی" چ دەگەیەنێ کە ئامرازی پەیوەندی "لەگەڵ" بە تەواوی بزردەبێ؟ ئایە داوامان لێ ناکەن، بۆ جارێکی دیکەش، پشکنین بۆ موسلمانی رۆژهەڵاتی بکەین وەک ئەوەی جیهانی ئەو (بە جیاوازی) لە هی خۆمان، هەرگیز لە سەدەی حەفتەمی زایینی تێنەپەریوە؟ هەرچی ئیسلام خۆیەتی، ئەگەرچی زانینێکی هەیە خاوەن ئاڵۆزییەکی زۆرە و لەولاشەوە سەرەکییە، ئەی بۆچی گایب دەبێ بەو



https://t.me/kurdistanbooks

دوژمنایەتییە هارە بۆ ئیسلام بڕوانێ؟ ئەگەر ئیسلام هەر لە سەرەتاوە خەوشێکی هەبووبێ بە هۆی نوقسانییە بەردەوامەکانی، دەبێ ڕۆژهەڵاتناس نەیاری هەموو هەوڵێک بێ بۆ ڕیفۆرمی ئیسلام، چونکە بەرای ئەو گایب، ڕیفۆرم خیانەتکردنە لە ئیسلام خۆی: فەرموو ئەمەیە تێزی گایب بە تەواوی. ڕۆژهەڵاتییەک چۆن خۆی بخزێنێتە دەرەوەی ئەو هەموو زنجیرانەی جیهانی مۆدێرن، ئەگەر بە دووبارەکردنەوەی ئاخاوتنەکانی ئەو "شێتە" نەبێ کە لە شانۆنامەی "شالیر" هەیە: (دەیانەوێ بە قامچی لێم بدەن ئەگەر ڕاستیی بڵێم، تۆ خۆت دەتەوێ بە قامچی لێم بدەی ئەگەر درۆ بکەم، هەندێ جاریش بە قامچی لێم دراوە چونکە قسە ناکەم.)

هەژدە ساڵ دواتر، گایب بۆ هاووڵاتییە ئینگلیزەکانی قسە دەکا، بەڵام ئەو تەنیا وەک بەڕێوەبەری "سەنتەری تۆژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هارڤەرد" قسە دەکا. بابەتی ئەم جارەی "بیرکرنەوە لە هەرێمە کولتوورییەکان"ە، یەکێ لە تێبینیەکانی لەناو کۆمەڵێکی دی بریتییە لەوەی "ڕۆژهەڵاتناسی گەڵێک زۆر لەوە گرینگترە بۆ ڕۆژهەڵاتناسەکان بەجێهێڵدرێ." ئەمە ڕاگەیاندنی ڕوانینی نوێیە (بەشی دووەمی ئەلتەرناتیڤەکەیە) کراوەیە بۆ ڕۆژهەڵاتناسەکان، تەواو وەک "ئاراستە نوێیەکانی ئیسلام" کە نموونەیەکە بۆ ئەلتەرناتیڤی یەکەم، بۆ ڕوانینی بەشی نەریتی. داڕشتنی گایب لە بارەی "بیرکرنەوە لە هەرێمە کولتوورییەکان"، بە هوشیارییەوە قسە دەکا، بەلای کەمی لەبارەی توێژەرە پسپۆڕە ڕۆژئاواییەکان، کە کاریان بریتییە لە ئامادەکردنی خوێندکار بۆ ئەزموونی "ژیانی سیاسی و کاروبار". گایب دەڵێ هەر ئەمەیە کە ئێستە ئێمە پێویستمان پێیەتی، ئەمەش ڕۆژهەڵاتناسی نەریتییە لەگەڵ توێژەرانی پسپۆڕی باش لە زانستە مرۆییەکان، بۆ ئەوەی بەیەکەوە کاربکەن: لە هەردووکیان دەیانەوێ کار لەسەر "تێکهەڵکێشکردنی بوارەکانی



https://t.me/kurdistanbooks

لێکۆڵینەوە interdisciplinaire " بکەن. لەگەڵ ئەمەش پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتناسی نەریتی زانینێکی بەسەرچوو لەبارەی ڕۆژهەڵات ناهێنێتەوە، نەخێر، زانین و ناسینەکانی وەک توێژەری پسپۆڕ سوودیان بۆ ئەو دەبێ بە بیر هاوکارەکانی بهێنێتەوە کە لە بواری "هەرێمی کولتووری" تازەکارن "دروونناسی و میکانیزمی دامەزراوە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا بەسەر حاڵەتی ئاسیایی پەیڕەو بکا، ئەمەش تەواو "والت دیزنەی" بێخەوشە.."(103)

لە رووی کردەییەوە، کە ڕۆژهەڵاتییەکان لە دژی داگیرکردنی کۆلۆنیالی ڕۆژئاوایی تێدەکۆشن، دەبێ بڵێن (بۆ ئەوەی وەک والت دیزنەی نەکەوێتەوە) هەرگیز وەک ئێمە تێنەگەیشتوون ئۆتۆحوکمڕانی self-gouvernement مانای چی دەگەیەنێ. کاتێ کە هەندێ ڕۆژهەڵاتی دژی نەژادپەرستی دەوەستنەوە کەچی هەندێکی دیکە بە کردەوە دەیکەن، ئێوە بڵێن:"لە بنچینەدا هەموویان هەر ڕۆژهەڵاتین"، لێرەوە بەرژەوەندی چین، هەڵکەوتی سیاسی، فاکتۆرە سیاسییەکان هەموویان لە دەرەوەی بابەتەکەن و باسیان ناکرێ. یانیش لەگەڵ بێرنارد لویس بڵێن، ئێوە دەڵێن ئەگەر فەلەستینیە عەرەبەکان دژی نیشتەجێبوون و داگیرکردنی خاکەکەیانن لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە، ئەمە چ نیە جگە لە "گەڕانەوەی ئیسلام"، یان، وەک چۆن ڕۆژهەڵاتناسێکی هاوچەرخی بەناوودەنگ وەسفی دەکا، نەیاری ئیسلامییە دژی خەڵکە نائیسلامییەکان.(104) ئەمەش پرەنسیپێکی ئیسلامە رەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەم. مێژوو، سیاسەت، ئابووری حسێبی بۆ ناکرێ. ئیسلام هەر ئیسلامە، ڕۆژهەڵات هەر ڕۆژهەڵاتە: کەواتە ئایدیاکانتان بگەڕێننەوە بۆ "دیزنەی لاند" لەبارەی چەپ و ڕاستڕەو، شۆڕش و گۆڕانەکان.

ئەگەر ئەم درێژدادڕی و ئاخنینانە، دڵنیاکردنەوانە، لە بنچینەدا ئامانج وەرنەگرتنی شتەکان بێ و وا پێ بچێ بۆ مێژوونووسەکان،



https://t.me/kurdistanbooks

کۆمەڵناسەکان، ئابووریناسەکان و پسپۆڕەکانی بواری زانستە مرۆییەکان ئاشنا نەبن لە هیچ بوارێکی دی جگە لە رۆژهەڵاتناسی، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەقیقەتێکی بەڵگەنەویست. چونکە، رۆژهەڵاتناسی، سەرەڕای بابەتی بواری خۆیشی، رێگەی نەداوە بە ئایدیاکان قووڵایی سەروەرییەکەی ببڕێ. بەڵام رۆژهەڵاتناسی ئەمڕۆ، یان پسپۆڕەکانی بواری هەرێمە کولتوورییەکان، بۆ ئەوەی بە ناوی خۆیان بانگیان بکەین، خۆیان بە پاسیڤی گل نەداوەتەوە لەناو بەشەکانی زمانناسی، بە پێچەوانەوە، سوودیان لە راوێژەکانی گایب وەرگرتووە. زۆربەیان ئەمڕۆ جیاناکرێنەوە لە "توێژەرە پسپۆڕەکانی دی" و "راوێژکارەکان" لەناو ئەوەی هارۆلد لاسوێل ناوی لێ دەنێ "زانستی سیاسەت".(105) بەم جۆرە بوو دواتر خێرا دانمان بە شیمانەی فەرمانی سوپایی و ئاسایشی نیشتمانیدا هێنا کە هاوپەیمانییەک لە نێوان توێژەرێکی پسپۆڕ لە "شیکردنەوەی خەسڵەتی نیشتمانی" و توێژەرێکی پسپۆڕ لە حاڵەتەکانی ئیسلامی پێشکەشی دەکا، هەڵبەت بۆ مەبەستی سازان یان بۆ هەر مەبەستێکی دی. پاش هەموو شتێک، "رۆژئاوا" هەر لەگەڵ جەنگی دووەمی جیهانی دوژمنێکی تۆتالیتار و زیرەکی لە بەرانبەر خۆی دۆزییەوە و ئەم دوژمنەش هاوپەیمانێکی زۆری لە نەتەوە رۆژهەڵاتییە کەودەنەکان بۆ خۆی راکێشا (لە ئەفریقایی و ئاسیاییە کەم گەشەسەندووەکان). ئەمە چ شێوازێکی نایابە لەم دوژمنە وەرسووڕێیتەوە وەک لە نمایشکردن لەگەڵ ئەقڵی نالۆژیکی رۆژهەڵاتییەکان بە چەشنێک تەنیا رۆژهەڵاتناسێک بتوانێ خەیاڵی بۆ بچێ؟ بەم جۆرە بوو تاکتیکە نایابەکان داهێنران وەک تەکنیکی چەکوچ و سمبە، هاوپەیمانی بۆ پێشکەوتن، هاوپەیمانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا otase...هتد، هەموویان لەسەر بنچینەی "زانست"ی نەریتی دامەزرابوون، سەرلەنوێ کاریان لەسەر کرابووەوە، بۆ


https://t.me/kurdistanbooks

ئەوەی، ئەوەی ڕێگەی باشترین بەکارهێنانی بۆ بابەتی پێشنیارکراو هەبێ.

بەم جۆرە، لە کاتێکدا زریانی شۆڕشگێڕی چەنگی لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی گیرکردووە، چەندان کۆمەڵناس بە یادمان دەهێننەوە کە عەرەبەکان هەر قسەیان هەیە (106)، لەولاشەوە ئابووریناسەکان، وەک ڕۆژهەڵاتناسانێک لە کۆنەکانەوە دروستکرابنەوە، تێبینییەکان بەیان دەکەن کە نە سەرمایەداری نە سۆسیالیزم بابەتێک نین لەگەڵ ئیسلامی مۆدێرن بگونجێن. لەولاشەوە ئەنتی کۆلۆنیالیزم هەموو شتێک ڕادەمالێ و هەر ئەمەش نا بەڵکو هەموو جیهانی ڕۆژهەڵات یەکدەخا، بەڵام ڕۆژهەڵاتناسی ئیدانەی هەموو ئەمانە دەکا، نەک هەر وەکو هەڵکەوتێکی زیانبەخش بەڵکو وەک نەفرەتێک بۆ هەموو دیمۆکراتیە ڕۆژئاواییەکان. لە کاتێکدا جیهان ڕووبەڕووی کێشەی مەترسیدار دەبێتەوە و بایەخی ئەم کێشانەش زۆر گشتین، لەوانە وەک مەترسی کارەساتی ناووکی، دەگمەنیی کارەساتباری سەرچاوەکان، داواکاری بێوێنە بۆ یەکسانی و عەدالەت و یەکسانی ئابووری لە نێوان مرۆیەکان، کاریکاتۆری میللی لەسەر ڕۆژهەڵات لەلایەن سیاسییەکان بەکاردەهێنرێ، کە سەرچاوەی ئیدیۆلۆژییان هەر تەنیا تەکنۆکراتە نیوە شارەزاکان نین، بەڵکو هێشتا ڕۆژهەڵاتناسە سوپەر شارەزاکانن. عەرەبناسە ئەفسووناوییەکانی "وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ولاتەیەکگرتووەکان" ئاگاداری لەبارەی پلانی عەرەبەکان بۆ داگیرکردنی دنیا بلاودەکەنەوە. چینییە خائینەکان، هیندییە نیوەڕووتەکان، موسلمانە پاسیڤەکان وەک داڵ وان لەسەر بەخشندەیی "ئێمە" دەژین، کە "ئێمەش لە دەستیان دەدەین" ڕوو لە کۆمۆنیزم دەکەن یان دەگەڕێنەوە بۆ غەریزەی ڕەگاژۆی ڕۆژهەڵاتیانەیان، بۆ ئەمەش هەر لەلایەن ئێمە ئیدانەکراون: جیاوازییەکان ئەوەندە زۆر مانادارنین.



https://t.me/kurdistanbooks

ئەم هەڵویستانەی رۆژهەڵاتناسەکان ئەمڕۆ رۆژنامەگەری و ئەقڵی خەڵکیان نغرۆ کردووە. بۆ نموونە خەیاڵیان بەو شێوە بۆ عەرەبەکان دەچێ وەک ئەوەی سواری وشترن، تیرۆرستن، لووتیان چەماوەیە و پوولەکین و ئەو سامانەی کە شایانیان نیە ئیهانەیە بۆ شارستانی هەقیقی. هەردەم ئەو گریمانەیەش هەیە، ئەگەرچی بەشێوەیەکی شاراوەش بێ، کە بەکاربەرە رۆژئاواییەکان لە رووی ژمارەوە کەمایەتییەک پێکدەهێنن، مافی ئەوەیان هەیە خاوەن ملک بن یان مافی خەرجکردنی (یان هەردووکیان) گەورەترین بەشی سەرچاوەکانی جیهانیان هەبێ. بۆچی؟ چونکە بە پێچەوانەی رۆژهەڵاتییەکان، رۆژئاواییەکان بریتین لە مرۆی هەقیقی. ئەمڕۆ نموونەیەکی لەوە باشتر نیە کە ئەنوەر عەبدولمەلیک ناو لەمە دەنێ "دەستەڵاتی کەمایەتی سەرمایەدار" و، ئەنترۆپۆسەنتەریزمی هاوپەیمانی ئۆرۆسەنتەریزم: رۆژئاواییەکی سەر بە بۆرژوازی لەوبڕوایەدایە مافی مرۆیی خۆیەتی نەک هەر جیهانی غەیرە سپییەکان بەڕێوەبەرێ، بەڵکو ئەو مافەی هەیە ببێتە خاوەنیشی، هەر لەبەرئەوەی "ئەو" تەواو مرۆ نیە وەک "ئێمە". ناشێ نموونە لەوە روونتر بدۆزرێتەوە لەبارەی "لەمرۆخستن".

بە چەشنێک، سنوورەکانی رۆژهەڵاتناسی بریتین لە، هەروەکو پێشتریش گوتوومە، ئەوانەن ئەو کاتە دەردەکەون کە دانیان پێدادەنێین، بچووککراوە بۆ خولاسەیەک، مرۆیی لە کولتوورێک، لە گەلێک یان لە هەرێمێکی جیۆگرافی دادەبڕێ. بەڵام رۆژهەڵاتناسی هەنگاوێکی دیکەی زیادیشی نا: پێیوایە رۆژهەڵات وەک شتێکە کە بوونەکەی نەک هەر خراوەتەڕوو بۆ رۆژئاوا، بەڵکو هەر بۆ ئەویش خۆی لەناو زەمەن و شوێن جێگیر دەکا. سەرکەوتنی وەسفی و تێکستییانەی رۆژهەڵاتناسی ئەوەند سەرنجڕاکێش بوو، تەواوی سەردەمەکانی مێژووی کولتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی رۆژهەڵات



https://t.me/kurdistanbooks

تەنیا وەک پەرچەکردارێک بەرانبەر بە رۆژئاوا چاویان لێ کراوە. رۆژئاوا بکەرە، رۆژهەڵات پاسیڤ. رۆژئاوا بینەر و حاکم و دەستەی دادوەریی هەموو گۆشەیەکی هەڵسوکەوت و رەفتاری رۆژهەڵاتییە. لەگەڵ ئەمەش، ئەگەر مێژوو لە درێژەی سەدەی بیستەم بووە هۆی گۆڕانێکی جەوهەری لە رۆژهەڵات و بۆ رۆژهەڵات خۆی، ئەوسا رۆژهەڵاتناس گێژ دەبێ: ناتوانێ ئەوە بهێنێتە بەرچاوی:

(کە سەرکردە نوێیەکان، رۆشنگەرە نوێیەکان، بەرپرسە سیاسییە "رۆژهەڵاتییەکان" ئەو وانانەیان دۆزییەوە کە لە کاری ئەوانەی پێش خۆیان فێری بوون. گۆڕانی ستروکتوری و دامەزراوەییە تەواو بووەکان لە ماوەی رابردوو یارمەتییان دان و بە هۆی ئەوەی ئەوان لە روانگەیەکی فراوانترەوە ئازادتر بوون دوارۆژی وڵاتەکەیان داڕێژنەوە. ئەوان زیاتر باوەڕیان بە خۆیان هەیە و لەوانەشە کەمێک توندوتیژبن. چیتر چاوەڕێی ئەوە ناکەن هیوا بخوازن فەرمانێک لە بەرژەوەندی ئەوان لە دەستەی دادوەرییەکی نادیاری رۆژئاواوە بۆیان دەرچێ. ئەوان دیالۆگ لەگەڵ رۆژئاوا ناکەن، دیالۆگ لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆیان دەکەن. (108)

بێجگە لەمە، رۆژهەڵاتناس گریمانەی ئەوە دەکا بە هۆی ئەو هۆکارانەی نەیتوانیوە تێکستەکانی ئامادە بکا، ئەنجامەکەی دەگەڕێتەوە یان بۆ ئەو ئاشووبەی لە دەرەوە هاتۆتە ناو رۆژهەڵات یان بە هۆی خراپی رۆژهەڵات خۆیەتی. هیچ یەکێک لەو تێکستە رۆژهەڵاتناسییانەی لە بارەی ئیسلامەوەن، هەتا ئەوەش کە بە لووتکە دادەنرێ:"مێژووی ئیسلامیی کامبریج"، توانای ئەوەیان نەبووە خوێنەرانیان بۆ ئەوە ئامادە بکەن لە 1948 تا ئەمڕۆ چی روویداوە لە میسر، لە فەلەستین، لە عێراق، لە سوریا، لە لوبنان و لە هەردوو یەمەن. کە دۆگمەکان لەبارەی ئیسلامەوە هیچ سوودێکیان نەبێ، هەتا بۆ رۆژهەڵاتناسە هەرە گەشبینەکانیش "دۆکتۆر پانگلۆس"، لەم


https://t.me/kurdistanbooks

حاڵەتەدا ڕوو لە زەمانێکی پڕ لە تەمومژی زانستی مرۆیی بەرۆژهەڵاتیکراو دەکەین، ڕوو لە تەجرید دەکەین کە باش دەفرۆشرێن: هەڵبژاردەکان، جێگیری سیاسی، نوێخوازی، گەشەپێدانی دامەزراوەیی، هەموو نیشانەکراو بە مۆری حیکمەتی ڕۆژهەڵاتناس. لەم ماوەیەدا، ئەو چاڵەی کە بەرین دەبێ و، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مەترسیدار دەبێ، ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوا جیادەکاتەوە.

قەیرانی ئەمڕۆ بە شێوەیەکی دراماتیکی جیاوازی لە نێوان تێکستەکان و واقیع دەخاتە سەر شانۆ. لەگەڵ ئەمەش، لەم لێکۆڵینەوەیە لەبارەی ڕۆژهەڵاتناسی، هەر تەنیا نامەوێ سەرچاوەکانی کۆنسێپتی ڕۆژهەڵاتناسی بخەمەڕوو، بەڵکو هێشتا بیرکردنەوەیە لە بایەخەکەی، چونکە، ڕۆشنگەری ئەمڕۆ، پێیوایە دروست کە هەڵاتن لە واقیع وەک پشتگوێ خستنی بەشێک لە جیهان شتێکی ئاساییە پەیوەندی بەویشەوە هەیە. پسپۆڕانی زانستە مرۆییەکان زۆرجار مەبەستی خۆیان لە هەندێ بابەتی لێکۆڵینەوەی دیاریکراو کۆدەکەنەوە. ئەوان نە چاودێرییان کرد نە وەک ڕۆژهەڵاتناسەکان فێری دیسیپلینەکان بوون، کە ئامانجی ڕۆژهەڵاتناسەکان بەردەوام کۆنترۆلکردنی تەواوی جیهان بوو، نەک بەشێک لەو جیهانە کە بە ئاسانی دەکرا سنووردار بکرێ وەک: دانەرێک، هەڵبژاردەیەک لە تێکست. لەگەڵ ئەمەش، لە هەمان کات لەناو هەندێ لە بەشە ئەکادێمییە ئاسوودەکان لە جۆری "مێژوو" و "ئەدەب" یان "زانستە مرۆییەکان"، سەرەڕای خواستی زۆریان، ڕۆژهەڵاتناسی دەخرێتە ناو دۆخەکانی جیهانی و مێژوویی کە هەوڵیداوە لە پشت "زانستیزم یان زانستخوازی" بیشارێتەوە کە زۆرجار مەزنە و بانگەوازێکە بۆ ئەقڵانییەت. ڕۆشنگەر ئەمڕۆ چۆن دەتوانێ لە ڕۆژهەڵاتناسییەوە فێربێ، لەلایەکەوە، یان بە هۆی سنووردانان و بچووککردنەوەیە، یان بە هۆی فراوانکردنی دووری و



https://t.me/kurdistanbooks

مەودای بوارەکانی لێکۆڵینەوەیە بە شێوەیەکی ریالیستیانە، لەلایەکی ترەوە، بینینی زەمینەی مرۆییە (ئەوەی کە شاعیر "ییتس" ناوی لێ دەنا:"کۆگای هەوکردووی دڵم") کە تێیدا تێکستەکان، رایەکان، میتۆدەکان و دیسیپلینەکان لێی لە دایکدەبن، گەورە دەبن، گەشەدەکەن و لەناودەچن. تۆژینەوە لە رۆژهەڵاتناسی واتە پێشنیاری وەسیلەکانی رۆشنگەری بۆ تاووتوێکردنی کێشە میتۆدۆلۆژییەکان کە مێژوو دروستی کردوون یان دەریهێناون، ئەگەر دروست بۆی بچین، لە بابەتەکەی، کە رۆژهەڵاتە. بەڵام پێشتر، ئێمە دەبێ ئەوە پێشان بدەین نرخ و بەها مرۆییەکان چین کە رۆژهەڵاتناسی، بە دووری و مەوداکەی، بە ئەزموونەکانی، بە ستروکتوورەکانی تا رادەیەک لەناوی بردوون.



https://t.me/kurdistanbooks

https://t.me/kurdistanbooks

# فەسڵی دووەم

## ڕۆژهەڵاتناسی بە ستروکتورکراو
## و
## بە ستروکتورکراوەوە

که سەید عومەر، نەقیبلئەشراف، پێش نزیکەی چل و پێنج ساڵ، یەکێ لە کچەکانی بە شوودا، لە پێش کەژاوەی زەماوەند لاوێک دەڕۆیشت سکی خۆی شەق کردبوو، بەشێک لە هەناوی خۆی دەرهێنابوو، لەسەر سینییەکی زیوین لەپێش خۆی دانابوو. دوای تەواو بوونی کەژاوەی زەماوەند، هەناوی خستەوە شوێنی خۆی، بۆ ماوەی چەندان ڕۆژ لە جێ کەوت پێش ئەوەی لەم کردە شێتانە و بێزهێنەرەوەیە چاکبێتەوە.

**ئێدوارد ویلیەم لان**



https://t.me/kurdistanbooks

(...) لە حاڵەتی رووخانی ئەم ئیمپڕاتۆریە (عوسمانی)، بە شۆڕش لە کۆنستەنتینۆپل (ئەستەنبۆل) یان بە پارچە پارچەبوونی یەک لە دوای یەکی، هەر یەک لە زلهێزە ئۆروپییەکان بەشێک وەک هەرێمی پارێزراوی خۆی (محمیە) دەبەن، کە بە پێی مەرجەکانی کۆنگرە بۆیان دیاری دەکرێ، کە هەرێمە پارێزراوەکان پێناسە کراون و دیاری کراون، هەرچی خاکی ئەم هەرێمانەیە، بە پێی دراوسێیی و ئاسایشی سنوورەکان و نزیکی ئایینی، نەریت و بەرژەوەندییەکان (...) سەر بە سەروەری زلهێزەکان دەبێ. کە ئەم جۆرە سەروەرییە بەو شێوە پێناسە دەکرێ، وەک مافێکی ئۆروپییەکان حسێبی بۆ دەکرێ، ئەمەش ئەو مافە بۆ ئۆروپییەکان دەگەڕێنێتەوە ئەم و ئەو خاکە داگیر بکەن یان ئەو لێوار دەریایانە داگیر بکەن، بۆ بنیاتنانی چەندین شاری ئازاد، یان چەندین کۆلۆنی ئۆروپی، یان بەندەر و مەڵبەندی بازرگانی (...) زلهێزە ئۆروپییەکان بە ماندای سوپایی و شارستانی دەستەڵاتی خۆیان لەسەر هەرێمە پارێزراوەکان پەیڕەو دەکەن، بەم جۆرە لە بن ئاڵای نەتەوەیەکی بەهێز گەرانتی بوون و پێکهاتە نیشتمانیەکانیان دەکەن.

**ئەلفۆنس دو لامارتین**



https://t.me/kurdistanbooks

# 1

## کێشانەوەی سنوورەکان،

## پێناسەکردنەوەی کێشەکان، بە عەلمانی کردنی ئایین.

گوستاڤ فلۆبێر ساڵی 1880 کۆچی دوایی کرد بێ ئەوەی بتوانێ ڕۆمانی "بووڤار و پێکوشێ" تەواو بکا، ئەم ڕۆمانە زیاتر ئەنسکلۆپیدیایەکی کۆمیدییە لە فۆرمی ڕۆمان لە بارەی ڕووخانی مەعریفی و بێمانایی ڕەنجەکانی مرۆ. لەگەڵ ئەمەش هێڵە گشتییەکانی پرۆژەکەی سازگارن و بە ڕوونی پشت ئەستوورن بە وردەکاری ڕۆمانەکەی. هەر دوو پاڵەوانی ڕۆمانەکە، کە ناونیشانی ڕۆمانەکەشن، کەسانێکن لە چینی بۆرژوازی، لەبەرئەوەی یەکێکیان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو میراتێکی زۆری بۆ بەجێ دەمێنێ، هەردووکیان بڕیار دەدەن خۆیان لە ژیانی شار بکێشنەوە و ڕوو لە دێهات بکەن لەناو ماڵێک کە هی خۆیانە بژین: "لەوێ هەرچی ئارەزووومان لێ بێ بۆ خۆمان دەیکەین!" فلۆبێر ئەزموونی ئەمانە دەگێڕێتەوە: هەرچی ئارەزوویانە بیکەن بووڤار و پێکوشێ رادەکێشێتە ناو گەڕان و پیاسەیەکی کردەکی و تیۆری بۆ ناو: کشتوکاڵ، مێژوو، کیمیا، پەروەرشت، شوێنەوارناسی، ئەدەب، هەمیشەش وێڕای بە دەستنەهێنانی سەرکەوتنی پێویست، هەردووکیان لەناو بوارەکانی مەعریفە وەک گەڕیدەیەک لەناو زەمەن و لەناو زانین دەگەڕێن،



https://t.me/kurdistanbooks

بێهیوایی، کارەسات، وەک ئەماتۆرێکی بێ بلیمەتی چاوەڕێی ڕەواندنەوەی وەهم دەکەن. لە ڕاستیدا ئەوەی لێی دەگەڕێن ڕەواندنەوەی وەهمەکانی سەدەی نۆزدەمە هەروەکو شارل مۆرازێ لەم بارەیەوە دەڵێ "بۆرژوا سەرکەوتووەکان" خۆیان دەبیننەوە بوونەتە قوربانی خراپی بێتوانایی خۆیان و قرچۆکی ڕێ خۆشکەر. هەموو حەماسەتێک دەگۆڕێ دەبێتە کلێشەیەکی بێزارکەر، هەموو دیسیپلینێک و هەموو جۆرە زانینێک لە ئومێد و دەستەڵاتەوە دەگۆڕێن دەبنە گەڕەلاوژە و کاولگە و خەم.

لە نێو ئەو پلانانەی لەلایەن فلۆبێرەوە نووسراون بۆ ئەنجامی ئەم پانۆرامای بێهیواییە، دوو بابەت سوودی بۆ ئێمە هەیە. هەر دوو پیاوەکە لەبارەی ئایندەی مرۆڤایەتییەوە قسە دەکەن. پێکوشێ پێیوایە "ئایندەی مرۆڤایەتی تاریکە" کەچی بووڤار ئاییندەی مرۆ "گەش" دەبینێ.

(مرۆی نوێ لە پێشکەوتندایە، ئۆروپا بە هۆی ئاسیا نوێدەبێتەوە. قانونی مێژوویش وایە شارستانی لە ڕۆژهەڵاتەوە بچێتە ڕۆژئاوا (...) سەرەنجام هەردوو مرۆڤایەتی تێکەڵی یەکدی دەبن.(1)

ئەم زایەڵە ڕوونەی فیکری "کینێ" هێشتا سەرەتایەکی ترە بۆ بازنەکانی حەماسەت و ڕەواندنەوەی وەهم کە بە هۆی ئەمانەوە هەر دوو کەسایەتییەکە دەگەنە ئەودیو. تێبینییەکانی فلۆبێر ئەوە دەستنیشان دەکەن، وەک هەموو پڕۆژەکانی دیکە، ئەم دەسپێشخەرییەی بووڤار لەناکاو بە توندی بە هۆی قورسایی واقیع دەپچڕێ: لێرەوە کێشەکە پۆلیسی تێدەکەوێ کە بە فەسادی تاوانباریان دەکەن.



https://t.me/kurdistanbooks

لەگەڵ ئەمەش، چەند دێرێک لەولاتر، بابەتی دووەم دەردەکەوێ کە سەرنجی ئێمە رادەکێشێ: هەردوو پیاوەکە بە یەکەوە نهێنی خۆیان دەگۆڕنەوە: "کۆپیکردنەوە وەک پێشوو". بۆیە داوای مێزێک دەکەن جێگەی کارکردنی دوو کەسی لێ بێتەوە، ئینجا کەرستەی دۆسیە و قەڵەم و رەشکەرەوە دەکڕن،...هتد. بەم جۆرە فلۆبێر کۆتایی بە تەواوی پلان و نەخشەکانی دەهێنێ "ئیتر دەکەونە کارکردن". بووڤار و پێکوشێ هەوڵیاندا بژین، کەم و زۆر راستەوخۆ زانین پەیڕەو بکەن، دواجار هەموو کارەکەیان لەوە کورت بووەوە تێکستەکان کۆپی بکەنەوە بێ ئەوەی رەخنە بگرن.

ئەگەر نوێبوونەوەی ئۆروپا بە هۆی ئاسیا بەو شێوەیەی بووڤار خەیاڵی بۆچووە بە تەواوی گەشەی نەکردبێ، بەڵام دەتواندرێ هەڵبسەنگێندرێ (بەو شێوەی لەسەر مێزی کۆپیستەکە کۆتایی هاتووە) بە کۆمەڵێک شێواز. وەک زۆرێک لە روانینەکانی ئەم دوو پیاوە، ئەمەشیان "گشتی" و "بنیاتنەرانە"یە، وەک ئەوە وان کە فلۆبێر بۆ سەدەی نۆزدەمی پێشنیار دەکرد: سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی جیهان بە پێی پرۆژەیەکی خەیاڵی کە هەندێجار تەکنیکێکی زانستی تایبەتی بە دوادادێ. لە نێو ئەو روانینانەی فلۆبێر بیری لێ دەکردنەوە ئەمانە دەبینرێن: یۆتۆپیاکانی سان سیمۆن و فووریێ و نوێنەرایەتیکردنی زانستی مرۆڤایەتی بەوشێوەیەی لەلای ئۆگوست کۆنت هەیە، تەواوی ئایینزا تەکنیکییەکانی یان عەلمانییەکانی بەرهەمی ئەو ئیدیۆلۆژییانەی باوەڕیان بە هێزی شاراوە هەیە، نەرتیخوازەکان، ئیدیالیستەکان وەک "دێستو دو تراسی"، کابانییەکان، میشلێ، ڤیکتۆر کوزا، پرودۆن، کورنۆ، کابێ، ژانێت و لامۆنێ.(2) بە درێژایی ئەو رۆمانە، بووڤار و پێکوشێ، باوەش بۆ کۆمەڵێک ئەنگیزەی ئەم کەسایەتییانە دەکەنەوە، پاشان دوای لەناوبردنیان، بەردەوام دەبن لە هی نوێتر بگەڕێن، بەڵام بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی باش بەدەستبهێنن.



https://t.me/kurdistanbooks

خواستی ئەم جۆرە روانینە لەمەڕ پێداچوونەوە، بە شێوەیەکی زۆر تایبەتی رەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ رۆمانتیزم. دەبێ بە بیرخۆمان بهێنینەوە تا رادەیەک پرۆژە روحی و رۆشنگەرییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەم زۆربەیان تیۆلۆژییەکی دروستکراوەوە بوون: "م، ه، ئەبرامز" پێی وابوو ئەمە سورناتورالیزمێکی (ئەودیوی سروشت یان سەرەوەی سروشت وەک سوریالیزم کە دەکاتە سەرەوەی واقیع/ و) سروشتییە، ئەم جۆرە فیکرە لە هەڵوێستی تایپی سەدەی نۆزدەمە کە فلۆبێر لە بووڤار و پێکوشێ ساتیری لێ دروست کردووە. کەواتە چەمکی نوێبوونەوە گەڕانەوەیە بۆ :

(ئاراستەیەکی رۆمانتیکی دیار پاش راسیۆنالیزم (ئەقڵانییەت) و لیاقەتی سەردەمی رۆشنایی (...)(کە مەبەستی گەڕانەوەیە بۆ) درامای رەها و نهێنییە سوپراراسیۆنالی (سەرەوەی ئەقڵانییەت/و) مەزهەبی کریستیانەکان و دووبەرەکییە پڕ لە توندوتیژییەکان، بۆ هەڵگەڕانەوە لەناکاوەکانی ژیانی ناوەوەی کریستیانی، کە روانینی بنەوانیان بەرهەم هێناوە وەک: رووخان و داهێنان، بەهەشت و دۆزەخ، مەنفا و ژیانی بەیەکەوە، مەرگ و لەدایکبوون، بێهیوایی و شادیی، بەهەشتی لەدەستچوو و بەهەشتی دۆزراوە (...)، بەڵام، لەبەرئەوەی رۆمانسییەکان بە شێوەیەکی حەتمی لە دوای سەدەی رۆشنایی ژیاون، نووسەرە رۆمانتیکەکان بابەتە کۆنەکانی ئەوان وێڕای ئەم جیاوازییەی خوارەوە دەژیێننەوە: پرۆژەیان بریتییە لە پاراستنی روانینی پانۆراماییانەی مێژوو و چارەنووسی مرۆڤایەتی، پاراستنی پارادیگمەکانی بوون، پاراستنی نرخ و بەها سەرەکییەکانی میراتی ئایینییان، وێڕای بنیاتنانەوەیان بە شێوەیەک لە رووی رۆشنگەرییەوە گونجاو بێ، لە رووی هەست و سۆزیشەوە بێ خەوش بێ بۆ ئەوەی بە کەڵکی سەردەمەکەیان بێ.(3)



https://t.me/kurdistanbooks

ئەوەی لەناو سەری بووڤار بوو: نوێبوونەوەی ئۆروپا بوو بە هۆی ئاسیا. ئەم ئایدیایەش لەلای رۆمانتیکەکان زۆر بڵاوە. بۆ نموونە "فریدێریک شلیگل و نۆڤالیس" هاوولاتی خۆیان و ئۆروپییەکانیان بە گشتی هاندەدا بە وردی لێکۆڵینەوە لە بارەی هیندستان بکەن، دەیانگوت تەنیا کولتوور و ئایینی هیندییەکان دەتوانێ چۆک بە تەندانسی ماتریالیستی و میکانیستی (هی کۆماریخوازەکانیش) کولتووری رۆژئاوا بدا. لەم شکانەدا ئۆروپایەکی نوێی زیندووبووەوە لە دایکدەبێ: چۆنیەتی وێنای "کتێبی پیرۆز" بۆ مەرگ و لە دایکبوونەوە و رزگاربوونی بەشەرییەت بە دەستی کریست/مەسیح، لەم زانیارییانە بە روونی دیارن. هێشتا زیاتریش، پڕۆژەی رۆژهەلاتناسی رۆمانتیکەکان هەر تەنیا نموونەیەکی تایبەتی نەبوو بۆ ئاراستەیەکی گشتی، بەڵکو بەهێزەوە بەشداری لەوە دەکرد فۆرمێک بداتە ئەم ئاراستەیە، هەروەک چۆن رایمۆند شواب دڵنیایی لەسەر کردۆتەوە، وێڕای ئەرگیومەنتی بێ ئەملاو ئەولا وەک پشتگیرییەک بۆ "لەدایکبوونەوەی رۆژهەلات". بەڵام ئەوەی حسێبی بۆ دەکرا ئەوەندە ئاسیا نەبوو وەک لە سوودی ئاسیا بۆ ئۆروپای مۆدێرن. بەم جۆرە کەسانی وەک شلیگل یان فرانز بۆپ، کە زمانی رۆژهەلاتیان دەزانی وەک پاڵەوانێکی روحی یان سوارچاکێکی ماندوو وابوون ئەو مانایانە لە گەڕانە پیرۆزەکانیان بگەڕێننەوە ئۆروپا کە ئەمڕۆ بزربوونە و نەماون. ئەمە دروست ئەو مانایانەن کە ئایینە عەلمانییە زیاتر نوێیەکان کە لە سەدەی نۆزدەم بە دوایدا دەگەڕان فلۆبێر وەسفی دەکا. "ئۆگوست کۆنت"یش کەمتر لە شلیگل و وۆردسوۆرت و شاتۆبریان، وەک بووڤار راگر و بەرگریکار نەبوو لە میتۆلۆژییەکانی عەلمانی پاش سەردەمی رۆشنایی کە هێڵە گشتییەکانی بە دڵنیاییەوە کریستیانی بوون.



https://t.me/kurdistanbooks

وێڕای ڕێگەدان هەر جارەی بە بووڤار و پێکوشیٚ لە ڕێگەی ئایدیا پێداچووەوەکان révisionists بۆ گەیشتن بە ئەنجامێک بە شێوەیەکی کۆمێدی رووخاو بێ، لەم بارەیەوە فلۆبێر سەرنج بۆ خەوشی هاوبەشی مرۆیی هەموو پرۆژەیەک رادەکێشێ. دروست ئەو بە روونی دەبینێ کە روانینی باوی "نوێبوونەوەی ئۆروپا بە هۆی ئاسیا" لووتبەرزییەکی فێڵبازانەی تیایە. نە "ئۆروپا" نە "ئاسیا" نابنە هیچ بێ تەکنیکی کەسانی خاوەن روانین کە بوارێکی بەرینی جیۆگرافی دەگۆڕن بۆ چەندین قەوارە کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرێ تاووتوێ بکرێن و سەرپەرشتی بکرێن. بە گشتی لە بنچینەدا ئۆروپا و ئاسیا بریتین لە ئۆروپای "ئێمە" و ئاسیای "ئێمە"، واتە ویستی "ئێمە" و نوێنەرایەتیکردنی "ئێمە"، وەک چۆن شۆپنهاوەر بۆی چووبوو. قانونە مێژووییەکان لە راستیدا قانونی "مێژوونووسەکانن"، تەواو وەک چۆن "هەر دوو مرۆڤایەتییەکە" سەرنجیان کەمتر بۆ واقیع دەچێ وەک بۆ ئۆروپییەکان کە بە شێوەیەکی حەتمی لە توانایاندا هەیە ئەو تایبەتمەندییانە تێپەڕێنن کە کردەی مرۆن.

هەرچی پەیوەندی بە بەشی دووەمی رستەکەوە هەیە: "سەرەنجام هەردوو مرۆڤایەتی تێکەڵ یەکدی دەبن"، فلۆبێر لە ڕێگەی ئەمەوە دەیەوێ گاڵتە بەو بێباکییە شادمانەی زانست بکا بەرانبەر بە واقیع، زانستێک کە مانا لێکدەدادەتەوە و چەندین قەوارەی مرۆیی دادەمەزرێنێ وەک ئەوەی هیچ نەبووبن جگە لە ماتریالی بێ گیان. بەڵام ئەو زانستەی گاڵتەی پێدەکا هەروا لە خۆڕا هەر زانستێک نیە، بەڵکو زانستی ئۆروپییەکانە کە پڕە لە حەماسەت و کریستیانیزم خۆیشی، کە سەرکەوتنەکانیان پڕە لە شۆڕشی بە ئەنجام نەگەیشتوو، جەنگ، چەوساندنەوە و چەشەیەکی خراپ و بێ چارە بۆ راستەوخۆ و بە شێوەیەکی دۆکیخۆتییانە بە کردەکی کردنی ئایدیای گەورەی سەر بە کتێبان. ئەوەی ئەم زانستە یان ئەم زانینە هەرگیز نایخاتە ناو



https://t.me/kurdistanbooks

حسێبی خۆی، بێگوناهییە خراپ و شەڕانگێزی و بەربەرەلاکەیەتی و، ئەو بەرگرییەش کە واقیع بەرانبەری هەیەتی. کاتێ کە بووڤار خۆی بە پیاوی زانست دادەنێ، ساویلکانە پێیوایە زانست بە روونی و بە سادەیی هەیە و تەواو، واقیعیش وەک ئەوەیە کە پیاوی زانستی دەیڵێ، ئیتر ئەو پیاوە شێت بێ یان کەسێکی زانای خاوەن روانین بێ بایەخێکی ئەوتۆی نیە، ئەو توانای بینینی نیە (وەک هەموو ئەوانەی وەک ئەو بیردەکەنەوە.) کە دەشێ رۆژهەڵات ئارەزوو نەکا ئۆروپا نوێ بێتەوە یان ئۆروپا ئامادە نەبێ بە شێوەیەکی دیمۆکراتیانە خۆی تێکەڵ بە ئاسیای زەرد یان رەشتاڵە بکا. بە کورتی، پیاوێکی زانستی لەم جۆرە لە زانستەکەی ویستی بەهێز و ئیگۆیستی ناناسێتەوە کە خۆراک دەدەن بە پڕۆژەکانی و، خواستەکانی تێکدەدەن.

هەڵبەت فلۆبێر هوشیارە لەوەی ئەم دوو کەسە لەم سەختییانە نزیکبنەوە. بووڤار و پێکوشێ فێری ئەوە بوون لە یەک کاتدا تاووتوێ لەگەڵ ئایدیاکان و واقیع نەکەن. رۆمانەکە بە وێنای یەکێ لە کەسایەتییەکان تەواو دەبێ کە بە پڕی گەیشتۆتە دڵنیابوون کە بە دڵسۆزییەوە ئەو ئایدیایانەی بەلایانەوە گرینگە بیخەنە سەر کاغەز. "زانین پێویستی بەوە نیە پەیڕەو بکرێ بەسەر واقیعدا، زانین ئەوەیە کە بە بێدەنگی دەگوازرێتەوە، بێ هیچ کۆمێنتێک، لە تێکستێکەوە بۆ یەکێکی تر. ئایدیاکان بۆ خۆیان بڵاودەبنەوە و رادەگەینرێن بێ ئەوەی بدرێنە پاڵ نووسەرێک، دووبارەش دەکرێنەوە بێ ئەوەی باس لە نووسەرەکەی بکرێ، ئایدیاکان "لەوێن" بۆ دووبارەکردنەوە، بە بەر پەرچەکردار دەکەون و جارێکی دی پەرچەکردار دەکرێنەوە، بێ ئەوەی بکەونە بەر رەخنە".

ئەم فۆرمە زۆر کورتکراوەوەی ئەم رووداوە کورتە کە لە تێبینیەکانی فلۆبێر دەرهێنراون لە بارەی بووڤار و پێکوشێ، نیگارێکە بۆ چوارچێوەی ستروکتورە تایبەت و مۆدێرنەکانی رۆژهەڵاتناسی،


https://t.me/kurdistanbooks

که پاش هەموو شتێک، دیسیپلینێکە لە نێو ئایینزا عەلمانییەکان (کە نیمچە ئایینێکیشن) لە فیکری ئۆروپی سەدەی نۆزدەم. ئێمە پێشتر وەسفی بواری گشتی فیکرمان کرد لەبارەی رۆژهەڵات کە بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست تا سەردەمی بووژانەوە گواستراونەتەوە، ئەمانەش چەندین سەردەمن کە تیایاندا ئیسلام خاڵی سەرەکی بوو لە رۆژهەڵات. لەگەڵ ئەمەش، بە درێژایی سەدەی هەژدەم، هەندێ پێکهاتەی نوێی هاتۆتە سەر و تێکەڵی بوونە، وێڕای ئاماژەدان بە هاتنی پەیامی ئینجیلی کە دواتر فلۆبێر هێڵە گشتییەکانی دادەڕێژێتەوە.

یەکەمین پێکهاتە: رۆژهەڵات فراوانتر دەبێ و سنوورەکانی ئاودیوی وڵاتە موسلمانەکان دەبێ. ئەم گۆڕانە چەندایەتییە بە رادەیەکی زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ئۆروپییەکان بەردەوام لە دۆزینەوە دابوون و هەردەمیش لە پێش خەڵکانی دیکەی جیهان بوونە. کاریگەری زۆرتر و زۆرتری سەفەرنامەکان، هی یۆتۆپیا خەیاڵییەکان، سەفەرە ئەخلاقییەکان و وتار و راپۆرتە زانستییەکان لەبارەی رۆژهەڵات کە لە یەک کاتدا بە شێوەیەکی خەست و فراوان سەرنجەکانیان بۆ سەر رۆژهەڵات راکێشاوە. ئەگەر رۆژهەڵاتناسی لە پێشکەوتنەکانی بە شێوەیەکی سەرەکی لە پاری کۆتایی سەدە قەرزاری دۆزینەوە دەوڵەمەندەکانی "ئەنکتیل و جۆنز" بێ، ئەمانە لەناو کۆنتێکستێکی بەرینتر دانراون کە لەلایەن "کووک" و "بووگێنڤیل" داهێنراون، بەهۆی سەفەرەکانی "توورنەفۆر" و "ئەدنسۆن"، بە هۆی "مێژووی کەشتیرانییەکان بۆ خاکەکانی باشوور"ی سەرۆک "برۆس" و، بە هۆی کەشتییەکانی بازرگانی فرانسی لەناو "زەریای هێمن" و، بە هۆی میسۆنێرە جێزویتەکان (یەسوعییەکان) لە چین و هەر دوو ئەمریکا و، بە هۆی دۆزینەوەکان و پشکنین و راپۆرتە زانستییەکانی "ویلیەم دامپیێ" و، بە هۆی کۆمەڵێک رامان و وردبوونەوە لەبارەی کۆلۆسەکان "مرۆ بەرزەکان" و، لەناو پەتاگۆنییەکان، خەڵکە


https://t.me/kurdistanbooks

کێوییەکان، دانیشتوانە رەسەنەکان و دێو و ئەژدیها نیشتەجێکانی دووری بەرەو خۆرهەڵات، خۆرئاوا، باشوور، باکووری ئۆروپا. بەڵام ئەم هەموو ئاسۆیانە کە بەرین دەبوون و دوور دەکەوتنەوە هەردەم ئۆروپای تیابوو وەک سەنتەر، وەک چاودێری سەرەکی (یان چاودێریکراو بە شێوەیەکی سەرەکی وەک چۆن لە کتێبی "هاووڵاتی جیهان"ی گۆلدسمیت"دا هاتووە). سەرەنجام کاتێ کە ئۆروپاش بەرەو دەرەوە پێشڕەوی دەکرد، ئەو هەستەی لەبارەی هێزی کولتووری خۆی هەبوو زیاتر توندوتۆڵتر دەبوو. بە کاریگەری سەفەرنامەی گەڕیدەکان بوو نەک تەنیا بە کاریگەری دامەزراوە گەورەکان وەک کۆمپانیا جیاجیاکانی هیندستان، کە چەندین کۆلۆنی دروستکران و چەندین روانگەی ئیتنۆسەنتریک جێگیرکران. (4)

پێکهاتەی دووەم: بوونی هەڵوێستێکی باشتر و پڕ زانیاری ترە لەبارەی ئەویتر و ئەویتری ئێگزۆتیک، برەوپێدراو نەک تەنیا بە کاریگەری گەڕیدەکان و دۆزرەوەکان، بەڵکو هێشتا بە هۆی مێژوونووسان کە بەلایانەوە ئەزموونی ئۆروپا دەیتوانی وێڕای قازانج خۆی بە ئەزموونی شارستانییە جیاواز و هەرە کۆنەکانیش بەراورد بکا. ئەم هێزە رەوانەی ئەنترۆپۆلۆژی مێژوویی سەدەی هەژدەم، کە توێژەرە پسپۆڕە باڵاکان وەک رووبەڕووبوونەوەی خوداکان وەسفیان کردووە، ئەم ئەنجامەی خوارەوەی هەبووە: کە "گیبۆن" دەیتوانی لە وانەی رووخانی رۆما هەڵکشانی ئیسلام ببینێ، تەواو وەک "ڤیکۆ" دەیتوانی لەبەر رۆشنایی بێهاوتای جوانیی کێویانە و شیعریانەی سەرەتاکانی لە شارستانی نوێ بگا. کەچی مێژوونووسەکانی سەردەمی بووژانەوە بە پێداگیرییەوە وەک دوژمنێک حوکمیان لەسەر رۆژهەڵات دەدا، بەڵام ئەوانەی سەدەی هەژدەم وێڕای بوونی جۆرێک لە پەیوەندی رووبەڕووی ئەم خەسڵەتە تایبەتیانە دەبوونەوە، وێڕای گەڕانی کەم و زۆر کارکردن



https://t.me/kurdistanbooks

راستەوخۆ لەگەڵ هەندێ ماتریالی دەرهێنراو لە سەرچاوە رۆژهەڵاتییەکان، لەوانەیە ئەمەش لەبەرئەوە بووبێ ئەم تەکنیکە یارمەتی ئۆروپییەکانی دابێ باشتر خۆیان بناسن. نموونەی ئەم گۆڕانەش وەرگێڕانی قورئانە لەلایەن "جۆرج سال" لەگەڵ گوتارە هاوپێچەکانی بەرایی. جۆرج سال بە پێچەوانەی ئەوانەی پێش خۆی هەوڵی دەدا باس لە مێژووی عەرەب لە روانگەی سەرچاوە عەرەبییەکان خۆیان بکا، بێجگە لەمەش، رێگەی خۆش دەکرد لێکدەرەوە موسلمانەکانیش لە بارەی تێکستە پیرۆزەکان قسەیان بۆ بکا.(5) لە کن جۆرج سال، هەروەک بە درێژایی سەدەی هەژدەم، بەراوردکردنێکی سادە وەک یەکەم هەنگاو بووە بۆ ئەم دیسیپلینە بەراوردکارییانە (فیلۆلۆژی، ئەناتۆمی، قانونناسی، ئایین) کە سەدەی نۆزدەم وەک شکۆمەندییەک شانازی پێوەدەکرد.

بەڵام لەلای هەندێ لە بیرمەند، تەندانسێک هەبوو بۆ تێپەڕین لە تۆژینەوە بەراوردکارییەکان و روانینەکانی کە بە گشتی زیرەکانە بوون لەبارەی مرۆڤایەتی، "لە چینەوە بگرە تا دەگاتە پێرۆ"، ئەمەش لە رێگەی ناسینەوەیەکی دڵگیرانە. ئەمەیە سێیەم پێکهاتە کە لە سەدەی هەژدەم، رێگەی رۆژهەڵاتناسی مۆدێرن ئامادە دەکا. ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە پێی دەڵێین "مێژووناسی" ئایدیای سەدەی هەژدەمە، ڤیکۆ، هێردەر و هامان، بێجگە لە هیتر، لەوباوەڕەدابوون کە هەموو کولتوورێک توندوتۆڵییەکی لۆژیکی ناوەکی و ئۆرگانیکی هەیە، کە پێکهاتەکانی هەموویان بەیەکەوە بە روحێک، بلیمەتییەک، وشەیەک یان ئایدیایەکی نەتەوەیی بەستراونەتەوە کە کەسێکی دەرەکی ناتوانێ بچێتە ناوی تەنیا بە هۆی سۆزێکی مێژوویی نەبێ. بەم جۆرە، کتێبەکەی "هێردەر":"هەندێ ئایدیا لەبارەی فەلسەفەی مێژووی مرۆڤایەتی" (1784-1791) پانۆرامایەکە لەبارەی کولتووری جیاجیا، کە هەر یەکەیان لەلایەن خۆیانەوە کەوتوونەتە بن کاریگەری ئەقڵ و



https://t.me/kurdistanbooks

ئاوەزێکی داهێنەر و نەیار، هەر یەکەشیان لەلایەن خۆیانەوە تەنیا بۆ یەک چاودێر کراونەتەوە حوکمدانە پێشینەییەکانی دەکاتە قوربانی "هاوسۆزی". پڕ لە هەست و سۆزی میللیانە و ئازادیخوازانەن و پیرۆزکراون لەلایەن هێردەر و هی دیکە (6) کەسێکی زیرەکی سەدەی نۆزدەم دەیتوانی کەڵێنێک لە دیوارە مەزهەبییەکان بکاتەوە کە لە نێوان رۆژئاوا و ئیسلام بنیاتنرابوو، پێکهاتە هاوبەشە شاراوەکانی نێوان خۆی و رۆژهەڵات ببینێ. ناپۆلیۆن نموونەیەکی بەناووبانگە بۆ ناسینەوە (کە بێ هیچ پێوەرێک هەڵبژێردراوە) هەڵبەت بە هۆی ئەو دڵگیرییەی بۆ کەسایەتی ئەو هەیە. مۆزارت نموونەیەکی ترە: "فلووتی شادمان" (کە تیایدا کۆدەکانی فرانماسۆنی تێکەڵ بەو روانینانەی رۆژهەڵاتێکی میهرەبان دەبن) و، "رفاندن لە سەرای" رۆژهەڵات پڕ دەکا لە فۆرمێکی مرۆپەروەری بەخشندەی تایبەت. ئینجا ئەمەش، زۆر زیاتر لە مۆدی موزیکی "تورکی" دڵگیری مۆزارت زیاتر بەرەو خۆرهەڵات رادەکێشێ.

گەلێ سەختە مەیل و هەستی رۆژهەڵاتیانەی وەک ئەوەی مۆزارت جیابکەیتەوە لە هەموو چنینەکانی نوێنەرایەتیکردنی پێش رۆمانتیک و رۆمانتیکی رۆژهەڵات وەک دیمەنی ئێگزۆتیک و ناوێزە. لە کۆتایی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم، رۆژهەڵاتناسی میللیانە سەرکەوتنێکی بەرچاوی هەبوو. بەڵام سەختە، ئەم تەوژمە، کە ئاسانە لەلای "ویلیەم بێکفۆرد و بایرۆن و تۆماس موور و گۆتە" دیاری بکرێ، لە چەشە و تام بۆ چیرۆک و هەقایەتە گۆتیکییەکان کە گوایە غەزەلی عاشقانەی سەدەکانی ناوەڕاستن جیابکەیتەوە لە روانینە جوانەکان و دڕەندەیی کێویانە. بەم جۆرە لە هەندێ باردا دەتوانین نوێنەرایەتیکردنی رۆژهەڵات ببەستینەوە بە زیندانی "پیرانێس"، لە هەندێ باری تردا، لەگەڵ کەشی پڕ لە شکۆمەندی تابلۆکانی "تیپۆلۆ"، هێشتا لە هەندێ باری تریشدا لەگەڵ ئێگزۆتیک و ناوێزەیی پڕ لە



https://t.me/kurdistanbooks

جوانی نایابی نیگار و شێوەکاری کۆتایی سەدەی هەژدەم.(7) دواتر، لە سەدەی نۆزدەم، لە کارەکانی دولاکروا و دە دوانزە نیگارکێشی (بە مانای وشە) دیکەی فرانسی و ئینگلیزی، تابلۆکان لەمەڕ بابەتی رۆژهەلاتی یان رۆژهەلاتناسی، دەربڕینێکی بینراو (تایبەت بە چاو و بینین) و ژیانێکی تایبەتی خۆیان بەم نوێنەرایەتیکردنە بەخشی (کە ئەم کتێبە بە داخ و کەسەرەوە ناچارە پشتگوێی بخا). شەهوەت پەرستی، عەهدوپەیمان، تیرۆر، جوانی نایاب و بێ هاوتا، لەززەتی عاشقانە، وزەی خەست و چڕ: رۆژهەلات و ئاوەڵناوی رۆژهەلات لە ئەندێشەی "رۆژهەلاتناس"ی پێش رۆمانتیک، پێش تەکنیکی ئۆروپی کۆتایی سەدەی نۆزدەم، لە راستیدا خەسڵەتێکی حەربابییانەی هەبوو.(8) بەلام ئەم رۆژهەلاتە نەناسێنراوە، بەرەو ئەوە دەچوو بە گەرمی لە نرخی کەم بکرێتەوە، هەڵبەت بە هۆی سەرهەڵدانی رۆژهەلاتناسی ئەکادیمی.

چوارەم پێکهاتە کە رێگە بۆ ستروکتوری رۆژهەلاتناسی مۆدێرن خۆش دەکا بریتییە لە: هەموو جۆرە بزووتنەوەیەکی پۆلێنکردن لە تایپی سروشت و مرۆ. ناوە گەورەکان بێگومان "لینێ" و "بووفۆن"ن، بەلام پرۆسەی رۆشنگەری کە رێگەی دەدا بە گۆڕانی فراوانبوونی جەستەیی (دواتر ئەخلاقی، رۆشنگەری و روحی) لە جۆری ماتریالی شتێک، دیمەنی بێگەرد بە پێوانەی وردی خەسڵەتێکی جیا و تایبەت زۆر گشتی بوو. "لینێ" دەیگوت هەموو تێبینییەکی وەرگیراو لە بارەی تایپێکی سروشتی "دەبێ لە ژمارە و روخسار و مەودا و حاڵەت وەربگیردرێ)، ئەمەش راستە، ئەگەر سەیری "کانت" یان "دیدرۆ" یان "جۆنسۆن" بکەین و لێیان وردبینەوە، دەبینین لەلای هەمووان هەمان روانین هەیە بۆ بەرجەستەکردنی خەسڵەتە گشتییەکان، بۆ بچووککردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە شتەکان بۆ ژمارەی بچووکتر لە جۆرێک یان لە تایپێک بتوانین رێکیان بخەین و وەسفیان بکەین. بۆ



https://t.me/kurdistanbooks

مێژووی سروشت، بۆ ئەنترۆپۆلۆژی، بۆ بەگشتیکردنە کولتوورییەکان، جۆرە خەسڵەتێکی تایبەتی هەیە کە ناولێنانێک یان دیاریکردنێک (یان دەستنیشان کردنێک) دەداتە چاودێر، وەک فوکۆ دەڵێ "ئاوەژووبوونێکی بەرزەفتکراو"ە. ئەم تایپ و خەسڵەتانە سەر بە سیستەمێکن، سەر بە تۆڕێکی بەگشتیکردنەکانن. بەم شێوەیە:

(هەموو ناولێنان و دیاریکردنێک دەبێ لە ڕێگەی جۆرێک لە پەیوەندیدا بکرێ بۆ هەموو ناولێنان و دیاریکردنێکی دیکەی شیاو. ناسینی ئەوەی بە تەواوی هی کەسێکی تاکە، واتە هەبوونی پۆلێنکردنێک لەلای خۆم و لە قووڵایی خۆم یان شیمانەی پۆلێنکردنی تەواوی ئەوانی دی." (9)

لە نووسینی فەیلەسوفەکان، مێژوونووسەکان، ئەنسکلۆپێدیاییەکان، وتارنووسەکان، دەبینین ئەم خەسڵەتی ناولێنان و دیاریکردنە وەک پۆلێنکردنێکی دەروونی و ئەخلاقی دەردەکەوێ: بۆ نموونە وەک خەڵکانی کێوی و دڕندە، ئۆروپییەکان، ئاسیایی،...هتد. هەڵبەت لەلای "لینێ" و مۆنتیسکیو و جۆنسۆن و بلومنباخ و سۆمێرگ و کانت –یش هەیە. خەسڵەتەکانی دەروونی و ئەخلاقی کەم و زۆر بە یەکسانی دابەشکراون: وەک ئەمریکییەکان کەسایەتییەکی " سوور و توڕە و راستگۆیان هەیە"، ئاسیاییەکان کەسایەتییەکی "زەرد و خەمبار و گرژیان هەیە" ئەفریقاییەکان کەسایەتییەکی "ڕەش و سروشت سارد و خاوبووەوەیان هەیە" (10) بەڵام ئەم ناولێنان و دیاریکردنانە هەر لە پێش سەدەی نۆزدەم بەهێز دەبن یان هێز و توانا وەردەگرن کە دەبەسترێنەوە بە خەسڵەتێکی وەک ئاوەژووبوون (لە رێ لادان) وەک تایپێکی ژێنێتیک (کە لە بنچینەیدا هەبووبێ) بۆ نموونە لەلای "ڤیکۆ" و لەلای "رووسۆ"، هێزی بەگشتیکردنی ئەخلاقی هەڵکێشراوە یان بڵندکراوەتەوە، بەهۆی وردبوونەوەیەک لە ڕێگەی ئەوەوە هەندێ ڕوخساری دیمەندار پیشان دەدرێن وەک نموونەی بنچینەیی و



https://t.me/kurdistanbooks

سەرەتایی تایپ یان جۆرن: وەک مرۆی سەرەتایی یان مرۆی سەرەتایی و دواکەوتوو، کۆلۆسەکان (بالآبەرزەکان) پالّەوانەکان، ئەمانە بنچینە و نەژادی پرسیارە ئەخلاقییە باوەکانی فەلسەفە و زمانناسین. بەم جۆرە، کە باس لە رۆژهەلاتێک دەکرا، مەبەست لەو زاراوە گەردونییە ژێنێتیکیانە بوون کە حالّەتە "سەرەتایی و دواکەوتوو"ەکەیەتی، خەسلّەتە سەرەتاییەکانییەتی، پاشخانی تایبەتە روحیەکەیەتی.

هەر چوار پێکهاتە کە لێرە باسم کردوون بریتین لە: فراوانبوون و بەرینبوونی ئۆروپا، پێکداهەلّپژان و رووبەڕووبوونەوەی مێژوویی، سۆز و دلّگیری، پۆلینکردن، ئەمانە بزووتنەوەکانی فیکری سەدەی هەژدەمن کە ئامادەگی و بوونیان، کە ستروکتورە تایبەتەکانی رۆژهەلآتناسی، رۆشنگەری و دامەزراوەییەکان دەگونجێنن. بێ ئەمانە وەک کەمێکی دیکە دەیانبینین، رۆژهەلآتناسی بوونی نەدەبوو. بێجگە لەمە، ئەم پێکهاتانە ئەنجامێکیان هەبوو وەک ئازادکردنی رۆژهەلآت بە گشتی، ئیسلام بە تایبەتی، لە تاقیکردنەوەی ئایینی کە هەر بە هۆی ئەمەشەوە تا ئەو کاتە لێکۆلّینەوەی لەسەر کرابوو لە لایەن رۆژئاواشەوە (حوکمی لەسەر درابوو). بە چەشنێکی دی، واتە، رۆژهەلآتناسی مۆدێرن ببووە سەرچاوەی چەندین پێکهاتەی بگوازەرەوە لە ژیانی ئایینی بۆ ژیانی مەدەنی کولتووری ئۆروپی سەدەی هەژدەم.

1- فراوانبوونی رۆژهەلآت، درێژبوونەوەی زیاتر بەرەو خۆرهەلآت لە رووی جیۆگرافییەوە، هەلّکشانی لە رووی زەمەنەوە، ئەمەش بە شێوەیەکی دیار وای کرد چوارچێوەی رۆژهەلآتیانەی "کتێبی پیرۆز" نەرم بێتەوە و تا ئەو ئاستەی لەناویشی بەرێ. لێرەوە خالّی سەرچاوە و بەیەکگەیشتن چیتر نە کریستیانیزمە نە جوداییزم، وێڕای سالّنامە و نەخشەکانیان کە زیاتر سادە و ساکار بوونە، بەلّکو



https://t.me/kurdistanbooks

ئەوانەی لەمەودوا دەبنە سەرچاوە بریتین لە هیندستان، چین، ژاپۆن، سومەر، بودابیزم، سانسکریت، زەرتوشتی و مانەوی.

2- توانای لێکۆڵینەوە و چارەسەری مێژوویی (نەک بە مەبەستی بچووککردنەوەی بۆ بابەتە سیاسییەکان) بۆ ئەو کولتوورانەی نە ئۆروپین نە جودایی و کریستیانین، واتە دڵنیاییکردن و بە راستەقانیکردن بەو رادەیەی کە مێژوو خۆیشی وا نەخشەی بۆ کێشراوە بە چەشنێک زیاتر پێشکەوتووخواز بێ، باش تێگەیشتن لە ئۆروپا، مەبەست لێی تێگەیشتنیش بووە لە پەیوەندییە مەوزوعییەکان لە نێوان ئۆروپا و سنوورە زەمەنی و کولتوورییەکانی کە تا ئێرە داخرابوون. بە مانایەک، بە پێی روانینی "ژان سێگۆڤی" پێکداهەڵپژان یان رووبەڕووبوونەوەیەک لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا سەرهەڵدەدا، بەڵام ئەمەیان بە شێوەیەکی تەواو عەلمانی و مەدەنیانەیە، لەمەوە دەبینین "گیبۆن" لێکۆڵینەوە لەسەر "محەمەد"دا دەکات وەک کەسایەتییەکی مێژوویی کە کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر ئۆروپا(...).

3- ناسینەوە و هاوتابوونێکی بژاردەیی لەگەڵ چەندین هەرێم و کولتووری جیاواز لە هی خۆمان بووە هۆی تێکدانی "من" لەگەڵ ناسنامەکەی، کە پێشتر، بە هۆی ئۆپۆزیسیۆنێکی کەم خایەن لە نێوان کۆمەڵەی باوەڕدارانی رێکخراو لە شێوەی خۆتەیارکردن بۆ جەنگ و ئۆردووی بەربەرەکان ورووژێنرابوو. چیتر سنوورە دوورەکانی ئۆروپای کریستیانی جۆرێک نین لە پۆستی گومرگی، چەمکەکانی پەیوەندی و بەیەکگەیشتن و هاریکاری مرۆیی و شیمانەی مرۆپەروەری شەرعیەتێکی زۆر گشتی وەردەگرن، بەرانبەر یان بە پێچەوانەی شەرعیەتێکی تەسک و تریسک.



https://t.me/kurdistanbooks

4- پۆلێنکردنەکانی مرۆیی بە شێوەیەکی پلان بۆ دانراو زۆر دەبن، لە هەمان کات شیمانەکانی ناولێنان و دیاریکردن و ئاوەژووبوون پڕ دەبن لە وردەکاری و دیقەت تا ئەودیوی کاتیگۆرییەکان کە "ڤیکۆ" وەک کاتیگۆری خەڵکانی ژیر، نەتەوە پیرۆزەکان، نەژاد، رەنگ، رەچەڵەک، میزاج، خەسڵەت، دەیانناسێنێ، تایپەکانیش دوو جۆر خەڵک دەگرنەوە، ئەویش جیاوازی کردنە لە نێوان کریستیانەکان و هەموو ئەوانی دی.

بەڵام ئەگەر ئەم پێکهاتانە کە لەناوەوەی خۆیان لە پەیوەندیدان نوێنەرایەتی تەندانسێکی عەلمانی و مەدەنی بکەن، مانای ئەوە ناگەیەنێ کە مۆدێلە ئایینییە کۆنەکانی مێژوو، چارەنووسی مرۆ و "پارادیگمە وجودییەکانی" مرۆیان بە سادەیی بەلاودەنرێن. دوور لەمەوە: بنیات دەنرێنەوە، بەکاردەهێنرێنەوە، لەناو چوارچێوەیەکی عەلمانی و مەدەنی دابەشدەکرێنەوە کە تازە ژماردمانن. ئەو کەسەی تۆژینەوە لەبارەی رۆژهەڵاتناسی دەکا دەبێ وشەی خۆی هەبێ بگونجێ لەگەڵ ئەم چوارچێوانە. لەگەڵ ئەمەش، ئەگەر رۆژهەڵاتناسی وشەی خۆی، فەهرەستی کۆنسێپتەکانی، تەکنیکەکانی خۆی پێشکەش بکا (چونکە ئەمە بوو رۆژهەڵاتناسی دەیکرد و هەر ئەمەش رۆژهەڵاتناسی بوو، هەر لە کۆتایی سەدەی هەژدەمەوە)، وەک تەوژمێکی بەردەوامی گوتارەکەی، هاندەرێکی ئایینی بنیاتنراوەوە، سورناتوراليزمێکی بە سروشتیکراویش دەپارێزێ. ئەوەی دەمەوێ وەک هەوڵێک پیشانی بدەم، ئەوەیە ئەم هاندەرەی رۆژهەڵاتناسییە لەناو کۆنسێپت نیشتەجێیە کە رۆژهەڵاتناس وەک سیفەتێک دەیداتە خۆی، لەبارەی رۆژهەڵات و دیسیپلینەکەی.

"توێژەری رۆژهەڵاتناس"ی مۆدێرن لە روانگەی خۆی، پاڵەوانێکە رۆژهەڵات لە تاریکی، لە شێتبوون، لە بێگانەیی دەپارێزێ کە هەر ئەو خۆی بە شێوەیەکی گونجاو هەستی بەمە کردووە. تۆژینەوەکانی لە



https://t.me/kurdistanbooks

زمانە بزرەکانی رۆژهەڵات، نەریتەکانی، هەتا دەروون و هەڵکەوتیشی بنیات دەنێتەوە. شامپۆلیۆن لە ڕێگەی یان بە هۆی دۆزینەوەی بەردەنووسی "رۆزێت" لە ئەلرەشید، توانی خەتی هێرۆگلیفی میسری بخوێنێتەوە. تەکنیکە تایبەتەکانی رۆژهەڵاتناسی بریتین لە: لێکسیکۆگرافی، رێزمان، وەرگێڕان، هەڵهێنانی کۆدە کولتوورییەکان، گەڕاندنەوە و بەرجەستکردن و دڵنیاکردنەوە لەسەر نرخ و بەهاکان لە یەک کاتدا لە هی رۆژهەڵاتێکی کۆن، لە هی کلاسیک و بوارە نەریتییەکانی وەک: فیلۆلۆژی، مێژوو، رەوانبێژی، جەدەلی سەر بە بزووتنەوە و رێبازەکان. بەڵام لە میانەی ئەم پرۆسێسە، رۆژهەڵات و بوارەکانی رۆژهەڵاتناسی بە شێوەیەکی دیالێکتیکی دەگۆڕێ، چونکە ناتوانن لە بن فۆرمە بەراییەکانیان بژین و درێژە بە خۆیان بدەن. رۆژهەڵات بە فۆرمە "کلاسیکی"یەکەشی، کە لە بن ئەمەوە بە نەریت رۆژهەڵاتناس تۆژینەوەی خۆی دەکا، نوێدەکرێتەوە، دەگەڕێندرێتەوە بۆ باری ئێستە، بوارە نەریتییەکانیش، ئەمانیش، دەهێنرێنەوە ناو کولتووری هاوچەرخ. لەگەڵ ئەمەش، ئەمەی سەرەوەتر لەگەڵ ئەمەی دوایی، شوێنپێیەکانی دەستەڵات پیشان دەدەن، دەستەڵاتی ژیاندنەوە، داهێنانی رۆژهەڵات خۆی، ئەو دەستەڵاتەی کە لەناو تەکنیکە نوێیەکاندا هەیە، تەکنیکە زانستییە پێشکەوتووەکان کە فیلۆلۆژی و بەگشتیکردنە ئەنترۆپۆلۆژییەکانن.

بە کورتی، دوای گواستنەوەی رۆژهەڵات بۆ ناو مۆدێرنیتێ، رۆژهەڵاتناس دەتوانێ ئاهەنگ بۆ مێتۆدەکەی بگێڕێ، بۆ پێگەی خۆی وەک ئەوانەی داهێنەری عەلمانی و مەدەنییەتن، وەک پیاوێک کە جیهانە نوێیەکانی دامەزراندووە بەو شێوەیەی چۆن خودا لە کۆندا دایهێناوە. هەرچی دەربارەی درێژەدانە بەم مێتۆدانە و بەم پێگەیانە تا ئەودیوی ماوەی ژیانی رۆژهەڵاتناس وەک تاکە کەسێک، نەریتێکی عەلمانی لەبارەی بەردەوامی و درێژەدان دێتە ئاراوە، سیستەمێکی لایک "Laïc" انە (عەلمانی) بۆ مێتۆدۆلۆژیناسە رێکخراوەکان

سەرهەڵدەدا کە برایەتی نێوانیان لەسەر پەیوەندی خوێن دانەمەزراوە بەڵکو لەسەر گوتارێکی هاوبەش، لەسەر کاری پراکتیکی، کتێبخانەیەک، کۆمەڵێک ئایدیای جێگیر، بە کورتی لەسەر وێرد و زکرێکی Doxologie هاوبەش بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێ بێنە ریزی ئەوان. فلۆبێر رادەیەکی باش لە پێشبینی دووری هەبوو کە "رۆژهەڵاتناس"ی مۆدێرن دواجار دەبێتە کۆپیستێک (لەبەرگرەوەیەک) وەک بووڤار و پێکوشێ، بەڵام، لە سەرەتادا، لە درێژەی کاری رۆژهەڵاتناسی سیلڤێستر دو ساسی و ئەرنست رێنان، هیچ مەترسییەکی لەم جۆرە دەرنەکەوتن.

بە پێی تێزی من دەتوانین لە رووە جەوهەرییەکانی تیۆری و پراکتیکی "رۆژهەڵاتناس"ی مۆدێرن بگەین (کە رۆژهەڵاتناسی ئەمڕۆی لێوە دەردێ)، نەک وەک گوزەرێکی لەناکاو بۆ زانینی مەوزوعی لەسەر رۆژهەڵات، بەڵکو وەک کۆمەڵێک ستروکتوری میراتی رابردوو، بە عەلمانیکراو، سەرلەنوێ رێکخراوە و ریفۆرمکراوەوە بە بوارەکانی وەک فیلۆلۆژی، کە ئەمانیش بە نۆرەی خۆیان، بریتی بوون لە جێگرەوەکانی (یان نوسخەکان) ستروکتورالیزمی کریستیانی. خۆرهەڵات لە فۆرمی ئایدیاکان و چەندین تێکستی نوێ بەم ستروکتورانە گونجێنراوە و راهێنراوە. زماناسان و دۆزەرەوەکانی وەک جۆنز و ئەنکتیل بە دڵنیاییەوە بەشدارییان لە رۆژهەڵاتناسی مۆدێرن کردووە، بەڵام ئەوەی وایکردووە تایبەتمەندی ئەمەی دوایی (رۆژهەڵاتناسی مۆدێرن) وەک بوارێک، کۆمەڵێک ئایدیا، کۆمەڵێک گوتار بکەوێتەوە، کاری نەوەی دوای ئەوانە، یان هی دواترە.

ئەگەر ئێمە ئەزموونی ناپۆلیۆن بۆناپارت (1798-1801) وەرگرین وەک جۆرێک لە یەکەمین ئەزموونی ئامادەسازی بۆ رۆژهەڵاتناسی مۆدێرن، دەتوانین پاڵەوانە پێشەنگەکان بخەینە بەرایی کە بۆ تۆژینەوە ئیسلامییەکان "سیلڤێستر دو ساسی و ئەرنست رێنان و ئێدوارد ویلیەم لان"ن کە وەک بنیاتنەری بوارەکەن، وەک داهێنەری



https://t.me/kurdistanbooks

نەریتێکن، وەک باوکانی دامەزرێنەری برایەتی (یان تەریقەتی) رۆژهەڵاتناسانن. ئەوەی سیلڤێستر دو ساسی و ئەرنست رێنان و ئێدوارد ویلیەم لان کردوویانە، دانانی رۆژهەڵاتناسییە لەسەر زەمینەیەکی زانستی و ئەقڵانی. ئەمەش بەرەو ئەوەی راکێشاون نەک هەر کاری نموونەیی خۆیان داهێنن، بەڵکو وشە و کۆمەڵێک ئایدیاش دابهێنن بە شێوەیەکی غەیرەکەسی، لەلای هەموو ئەوانەش بەکاربهێنرێ کە هیوای ئەوە دەخوازن ببنە رۆژهەڵاتناس. پێشەنگیی ئەوان بۆ رۆژهەڵاتناسی وەبەرهێنانێکی گەورە بوو. هەر ئەم پێشەنگی و دەسپێشخەرییەی ئەوان سەرچاوەی زاراوەسازییەکی زانستی شیاو بوو، تاریکی رەواندەوە و فۆرمێکی تایبەتی رۆشنکردنەوەی بۆ رۆژهەڵات دامەزراند، کەسی "رۆژهەڵاتناس"ی وەک دەستەڵاتێکی ناوەندی بۆ رۆژهەڵات و لەسەر رۆژهەڵات جێگیر کرد، شەرعیەتی دا بە جۆرێکی تایبەتی لە کاری رۆژهەڵاتناس کە یەکانگیرییەکی تایبەتی هەبێ، لەناو جیهانی کولتوور فۆرمێکی لە "تێکستی سەرچاوە" یان وەک سەرچاوە خستە ناو هاتووچۆ کە لێرە بە دواوە بۆ رۆژهەڵات بدوێ و، بە تایبەتی بۆ کاری پێشەنگەکان، بوارێکی لێکۆڵینەوە وماڵباتێک لە ئایدیای جیاکردەوە، کە ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان، بتوانن کۆمەڵەیەک لە توێژەرانی زانستی پێکبهێنن کە هێڵی پەیوەندی نێوانیان و نەریت و خواستەکانیان لە هەمان کات دەبنە بەرایی بوارەکە و تەواوێک لە دەرەوەی ئەوەوە بۆ نرخ و بەهای مەزنیی پێگەیان لەناو خەڵک. لە درێژەی سەدەی نۆزدەم هەرچەند ئۆروپا گرتن و زیانی بۆ رۆژهەڵات زیاتر بوایە ئەوەندە رۆژهەڵاتناسی زیاتر دڵنیایی خەڵکی دەبردەوە. بەڵام ئەگەر ئەم بردنەوەیە بەر زیانێکی رەسەنایەتی بکەوتایە، نابێ ئەمە دووچاری سەرسوڕمانمان بکا، چونکە مۆدەکەی بە جارێ بنیاتنانەوە و دووبارەکردنەوە بووە.



https://t.me/kurdistanbooks

دواتێبینی: ئایدیاکان، دامەزراوەکان و کەسایەتییەکانی کۆتایی سەدەی هەژدەم و هی سەدەی نۆزدەم کە لێرە بە دواوە لەبارەیان دەدوێم، بەشێکی گەورە و بنیاتنان و ئامادەکردنێکی سەرەکی پێکدەهێنن لە گەورەترین سەردەمی بەدەستهێنانی خاک، هەرگیز نموونە و هاوتای نەبووبێ. هەر بۆ رۆژی دوایی جەنگی یەکەمی جیهانی، کە پێشتر باسم کردووە، ئۆروپا لەسەدا 85 خاکی گۆی زەمینی کۆلۆنی کردبوو. ئەگەر بە سادەیی بڵێین کە رۆژهەڵاتناسی مۆدێرن چ نەبووە جگە لە رووەکانی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم، ئەوا شتێک ناڵێین زۆر ناڕەزایی تێدابێ. بەڵام هەر گوتن هەموو شتێک نیە، بەڵکو دەبێ بخرێتە ژێر ئامادەکردنێکی شیکارانەی مێژوویی. ئەوەی بەلامەوە سەرنجڕاکێشە پیشانی بدەم ئەوەیە چۆن رۆژهەڵاتناسی مۆدێرن، بە جیا لە هوشیاری پێش کۆلۆنیالی دانتێ و دێربێلۆ، بوارێکی پلان بۆ دانراوی کەڵەکەکردن دەگرێتە خۆی. دوور لەوەی هەر تەنیا خەسڵەتێکی رۆشنگەری یان تیۆری بێ، ئەمە پاڵی بە رۆژهەڵاتناسی ناوە بە شێوەیەکی خۆکوژانە خۆی بڵاوبکاتەوە بەرەو کەڵەکەکردنی سیستەمێکی بوونەوەرە مرۆییەکان و خاکەکان بچێ. زیندووکردنەوەی زمانێکی رۆژهەڵاتیی مردوو یان بزربوو، دواجار ئەو مانایە دەدا رۆژهەڵاتێکی مردوو یان پشتگوێخراو زیندوو بکەیتەوە، بەو مانایەش دێ کە وردبوونەوە و دیقەت، زانست و ئەندێشەی بنیاتنانەوە خۆیشیان دەتوانن ئەو رێگەیە ئامادە و ساز بکەن بۆ ئەوەی سوپاکان، ئیدارەکان و بیرۆکراتیەکان، دواتر زەمینەی خۆیان لە رۆژهەڵات دامەزرێنن. بە مانایەکی دی، بەهانەی رۆژهەڵاتناسی هەر تەنیا لە سەرکەوتنەکانیدا نیە لە بوارە رۆشنگەری و هونەرییەکانی، بەڵکو لە کاریگەری و ئەکتیڤیەکەیدایە، لە سوودی، لەو دەستەڵاتەی دواتر دەیبێ. ئەمەش شایانی ئەوەیە لە نزیکەوە بایەخی پێ بدەین



https://t.me/kurdistanbooks

## 2

# سیلڤێستر دو ساسی، ئەرنست ڕێنان، کارل مارکس

## ئەنترۆپۆلۆژی ئەقڵانی،

## تاقیگەی فیلۆلۆژی و ئەنجامەکانی

لە ژیانی سیلڤێستر دو ساسی دوو بابەتی گەورە هەبوونە: ڕەنجی پاڵەوانانە و خۆبەختکردن و دڵسۆزی بۆ سوودی پێداگۆژی. لە ساڵی 1757 لە خێزانێکی سەر بە ئایینزای ژانسێنی لە دایکبووە کە بە نەریت کاریان پارێزگاریی بووە. ئەتوان ئیسحاق سیلڤێستر دو ساسی، لە یەکێ لە کڵێساکانی "بەنەدیکتانەکان" وانەی تایبەتی خوێندووە، سەرەتا زمانی عەرەبی و سیریاکی و کلدانی خوێندووە، پاشان زمانی عیبری. بە پلەی یەکەم زمانی عەرەبی دەروازەی ڕۆژهەڵاتی بۆ کردۆتەوە، چونکە، بە گوێرەی "ژۆزێف ڕێینۆ"، تەواوی نووسراوە ڕۆژهەڵاتییەکان بە زمانی عەرەبی نووسراون، ئیتر نووسراوە ئایینی یان غەیرە ئایینییەکان بێ، هەرە کۆنەکان و هەرە پڕ لە زانستەکان بەو زمانە نووسراون.(11) ئەگەرچی سیلڤێستر دو ساسی کەسێکی سەڵتەنەتی بوو، کەچی لە ساڵی 1796 بووە یەکەم پرۆفیسۆری زمانی عەرەبی لە "خوێندنگەی زمانە زیندووەکانی ڕۆژهەڵات" کە تازە دامەزرابوو، ساڵی 1824 بووە بەڕێوەبەری ئەم خوێندنگەیە. ساڵی 1806 وەک پرۆفیسۆر لە "کۆلێژ دو فرانس" بە فەرمی بووە ئەندام، ئەگەرچی هەر لە ساڵی 1805ەوە وەک


https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵاتناس لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فرانسا کاری دەکرد. کاری ئەو (ئەگەرچی تا ساڵی 1811 بێ بەرانبەر دەیکرد) لە سەرەتادا بریتی بوو لە وەرگێڕانی بولتەنەکانی "سوپای گەورە" و "مانیفێستی" ساڵی 1806 کە بە هۆی ئەمەوە ناپۆلیۆن دەیوست دنەی "فەناتیزمی موسلمانان بدا و بیانورووژێنێ دژی رووسیای ئۆرتۆدۆکس". بەڵام بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر، سیلڤێستر دو ساسی کۆمەڵێک وەرگێڕی ئامادە و فێرکرد، وەک "تەرجومانی مەشریق یان تەرجومانی خاوەرزەمین" ناسرابوون، لە هەمان کات ئامادەکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵێک توێژەری زانستی لەمەڕ ڕۆژهەڵات. کە فرانسییەکان لە ساڵی 1830 جەزایریان داگیرکرد، سیلڤێستر دو ساسی بەیاننامەکانی بۆ جەزایرییەکان وەردەگێڕا، وەک ڕاوێژکارێک لە هەموو بوارێکی تایبەت بە ڕۆژهەڵات بۆ کاروباری دیپلۆماتی لەلایەن وەزیری جەنگ گوێی لێ دەگیرا. لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵی، جێگەی "داسیێ"ی گرتەوە، وەک سکرتێری هەمیشەیی Académie des Inscriptions (ئەکادیمیای تۆمارەکان) و دەبێتە کۆنزێرڤاتۆری دەستنووس و دەسخەتە ڕۆژهەڵاتییەکانیش لە "کتێبخانەی شاهانە". بە درێژایی ژیانی پڕ لە کار و بێوێنەی، ناوی سیلڤێستر دو ساسی هاوتا لەگەڵ بنیاتنانەوە و ڕیفۆرمی خوێندن (بەتایبەتی لە بواری تۆژینەوەکان لەسەر ڕۆژهەڵات) لە فرانسای دوای شۆڕش.(12) سیلڤێستر دو ساسی ساڵی 1832 نازناوی "کۆنت دو فرانس" لە هەمان کات وەک "کوڤیێ" وەردەگرێ.

هەر لەبەرئەوە نیە کە سیلڤێستر دو ساسی یەکەمین سەرۆکی کۆمەڵەی ئاسیایی (دامەزرێنراو لە ساڵی 1822) بووە، ناوی ئەو لە سەرەتای ڕۆژهەڵاتناسی مۆدێرن دێ، بەڵکو بە گشتی لەبەرئەوەیە، پێشنیاری بوونی کۆمەڵێک یان بنچینەیەک لە کۆمەڵێک تێکستی سەرچاوەی پلان بۆ دانراو کردووە، پێشنیاری کردەکی بۆ پێداگۆژی



https://t.me/kurdistanbooks

و دامەزراندنی نەریتێکی پسپۆڕی زانستی کردووە، هەروا بە دامەزرێنەری پەیوەندییەکی ئەکتیڤ دادەنرێ لە نێوان پسپۆڕی زانستی رۆژهەڵاتی و بەرژەوەندی خەڵک. لە کارەکانی سیلڤێستر دو ساسی، بۆ یەکەمین جار لە ئۆروپا، هەر لە سەردەمی "ئەنجومەنی ڤیەننا"وە، دەبینین پرەنسیپێکی میتۆدۆلۆژی هوشیار لەهەمان کات لەگەڵ بواری پسپۆڕی زانستی لە ئارادایە و بەردەوامە. گرینگ بە هەمان ئاست، سیلڤێستر دو ساسی بەردەوام خۆی وەک کەسێکی پێشەنگ لە پڕۆژەی نوێبوونەوەی زانست داناوە. ئەو بە پێشەنگ و دەسپێشخەر دادەنرێ، بەرانبەر بەمەش هوشیار بووە و، ئەوەش کە لە زۆر نزیکەوە پەیوەندی بە تێزە گشتییەکەی ئێمەوە هەبێ، لە نووسینەکانی خۆی بەو شێوەیە پیشاندەدا، وەک ئەوەی کاهینێکی عەلمانی بێ کە رۆژهەڵات بۆ خۆی و بۆ خوێندکارەکانی وەک رێباز و بزووتنەوە بێتە بەرچاو و خوێندکارەکانیشی وەک فەقێی ئەو بن. یەکێ لە هاوچەرخەکانی کە پێی سەرسام بووە، "دوک دو برۆگۆلی" بووە، لەبارەی کارەکانی سیلڤێستر دو ساسی دەڵێ هەوڵیدەدا گونجان و ئاشتەوایی لە نێوان شێوازی زانستی و پسپۆڕی مێژووی پیرۆز دروست بکا، ئەو تاقە کەسێک بووە توانای هەبووە ئەو گونجان و ئاشتەواییە لە نێوان "هیوایەکانی لایبنتز لەگەڵ هەوڵ و رەنجەکانی بووسوێ" بێنێتەدی(13). سەرەنجام، هەموو ئەو شتانەی دەینووسین بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ خوێندکارەکانی بووە (لە نموونەی یەکەمین کاری ئەو "پرەنسیپەکانی رێزمانی گشتی" کە لە ساڵی 1799 بڵاوبووەتەوە، ئەو خوێندکارە کوڕەکەی خۆی بووە.) ئەم نووسینانەشی وەک شتێکی نوێ پێشکەش نەدەکرد، بەڵکو وەک نوێشکێکی پوختە لە هەموو ئەوانەی پێشتر بە باشترین شێوە نووسراون و گوتراون.


https://t.me/kurdistanbooks

ئەم دووو خەسڵەتە: پێشکەشکردن و سیفەتی فێرکاری بۆ خوێندکارانی لەگەڵ مەبەستی روونی بۆ دووبارەکردنەوە، بە پێداچوونەوە و وەرگرتنی نوێشکێکی پوختە، دوو خاڵی سەرەکین. نووسراوەکانی سیلڤێستر دو ساسیێ هەردەم تۆنی یان ئاوازی گوتارێکی ئاخاوتنانەی هەیە، پەخشانی ئەو پڕە لە راناوەکانی کەسی یەکەم، دەربڕینی سەر بە دیاریکردنی کەسایەتییەکان، وێڕای ئامادەگییەکی تیۆری. هەتا لە نووسینە سەخت و قووڵەکانیشی (وەک تێبینییە زانستییەکانی لەبارەی سکە ساسانییەکانی سەدەی سێیەم) زیاتر دەنگێک قسە دەکا وەک لەوەی قەڵەمێکە دەنووسێ.

لە یەکەمین دێرەکانی لە پێشکەشکردنی کتێبی "پرەنسیپەکانی رێزمانی گشتی" بۆ کوڕەکەی، تۆنی کارەکەی دەردەکەوێ: "ئەمە بۆ تۆیە، کوڕی ئازیزم، ئەم کارە بچووکە"، ئەمەش بەو مانایە دێ: بۆت دەنووسم (یان قسەت بۆ دەکەم) چونکە تۆ پێویستیت بە زانینی ئەم شتانە دەبێ و، لەبەرئەوەی بەو شێوەیە لە فۆرمێکدا نین بشێ بەکاربهێنرێ، بۆیە هەر خۆم ئەم کارەم بۆت کردووە. گوتاری راستەوخۆ، سوود، رەنج، ئەقڵانیەتی راستەوخۆ و سوودمەند. چونکە سیلڤێستر دو ساسی لەو بڕوایەدابووە دەتواندرێ هەموو شتێک ماقووڵ و روون بکرێتەوە، هەرچەند ئەو شتە سەخت و تاریک بێ. ئەمەش پێکهاتەیەکە لە سەختی "بووسوێ"، مرۆپەروەری تەجریدی لاییبنتز، لەگەڵ تۆنی رووسۆ، هەمووی لەناو یەک شێواز کۆبوونەوتەوە.

تۆنی سیلڤێستر دو ساسی بریتییە لە دروستکردنی نێوانێکی جیاکردنەوە، جیاکردنەوەی ئەو خۆی لە خەڵک و ئەوانی دی لەناو جیهان، لە شێوەی مامۆستا و خوێندکار لەناو پۆلێک کە فەزایەکی داخراو پێکدەهێنن. بابەتی لێکۆڵینەوە رۆژهەڵاتییەکانی وەک ئەوانەی فیزیک و فەلسەفە یان ئەدەبی کلاسیک نین، بەڵکو وەک بابەتێکی


https://t.me/kurdistanbooks

شاراوە وان، وەک باتنیەت وان، گرینگی بۆ ئەوانە هەیە کە پێشتر ئارەزووی رۆژهەڵاتناسییان هەیە، دەیانەوێ بە باشی بیناسن، بە شێوەیەکی ئۆرگانیزەکراو و، لێرەوەش بوارە پێداگۆژییەکە زیاتر بە دوای کاریگەری دەگەڕێ وەک لە مەیل و سەرنجڕاکێشان. ئەو کەسەی بە مەبەستی فێرکردن لە خۆی دەردەبڕێ ماتریالەکانی بۆ خوێندکارەکانی پەخش و بڵاو دەکاتەوە، کە رۆڵی بریتییە لە وەرگرتنی ئەوەی پێیان دراوە لە فۆرمی چەندین بابەت کە بە پوختی هەڵبژێردراوە و رێکخراوە. ئینجا لەبەرئەوەی رۆژهەڵات کۆنە و دوورە، مەسەلەی سەرەکی بریتییە لە ژیاندنەوە، زیندووکردنەوە، بینینەوەی ئەوەی بزربووە لە بوارە فراوانەکانی زانین و ناسین. جا لەبەرئەوەی دەوڵەمەندی بێ پایانی رۆژهەڵات (لە شوێن و لە زەمەن و لە کولتوورەکان) ناشێ وەک گشتێک بخرێتە روو، دەبێ ئەم کارە لە رێگەی پارچە یان بەشە هەرە دیار و بەرچاوەکانی بکرێ. بەم جۆرە ئەوەی بە لای سیلڤیستر دو ساسی-یەوە گرینگە، بریتییە لە پێشکەشکردن لە شێوەی ئەنتۆلۆژی، کورتەیەکی هەڵبژێردراو، نوێشکێک، لە شێوەی تابلۆیەک، خستنەڕووی پرەنسیپە گشتییەکان، کە تیایاندا گشتێک کە تا رادەیەک وەک نموونەی کورتەیەکی بەهێز لەبارەی رۆژهەڵات پێشکەش بە خوێندکار دەکرێ. ئەم نموونانە زۆر بەهێزن، ئەمەش لەبەر دوو هۆ: یەکەم: لەبەر ئەوەی ئەو دەستەڵاتەی سیلڤێستر دو ساسی پیشان دەدەن وەک رۆژئاواییەک، بۆ وەرگرتنی ئەوەیە لە رۆژهەڵات کە دوورییەکەی و لاتەریکیەکەی تا ئێستە بە شاراوەیی هێشتوویانەتەوە. دووەم: چونکە ئەم نموونانە لە خۆیاندا (یان لە رۆژهەڵاتناسییەوە پێیان گەیشتووە) دەستەڵاتی سیمیۆتیکین بۆ مانای رۆژهەڵات.

به گشتی هەموو کارەکانی سیلڤێستر دو ساسی لە هەڵبژاردە پێکهاتوون، بە شێوەیەکی فەرمیانە وێرای توانایەکی لە بن نەهاتوو



https://t.me/kurdistanbooks

فێرکاریانە و روانیندارن و سەر بە روانینی پێداچوونەوەن. بێجگە لە "پرەنسیپەکانی رێزمانی گشتی"، کتێبی دیکەشی بە ناوی "هەڵبژاردە عەرەبییەکان" نووسیوە، لە سێ بەرگدا لە نێوان 1806 بۆ 1827 بڵاوبوونەتەوە. کتێبی "هەڵبژاردەیەک لە تێکستە رێزمانییە عەرەبییەکان" کە لە ساڵی 1825 بڵاوبۆتەوە، کتێبی "رێزمانی عەرەبی" کە لە ساڵی 1810 بڵاوبۆتەوە (بۆ خوێندکارانی لە خوێندنگەی تایبەتی)، چەندین تۆژینەوە لە بارەی عەروزی عەرەبی و ئایینی درووزەکان و کۆمەڵێک کاری دی کورتتر لە بارەی سکەناسی، ناوی کەسایەتییەکان، نەقشەکان (وەک نەقشەکانی تاقی بوستان/و) جیۆگرافی، مێژوو، کێش و پێوانە لە رۆژهەڵات. کۆمەڵێک وەرگێران و لێکدانەوەی وردی هەیە لەبارەی کتێبی "کلیلە و دمنە" و لە بارەی "مەقاماتی ئەلحەریری". سیلڤێستر دو ساسی بە قەد ئەوەی توانا و وزەی بۆ ئامادەکردن و دارشتنەوەی نووسراوەکان هەبووە بە قەد ئەمەش وەک یاداشتنووسێک و مێژوونووسێکی زانستی نوێ وزەی خەرج کردووە. شتێک نەبووە لەلای سیلڤێستر دو ساسی هەرچەند کەم بایەخیش بوایە لە بوارەکەی ئەو و نزیک بوایە لەو بایەخی پێنەدابێ، ئەگەرچی نووسینەکانی زیاتر بەلای سادەییدا دەشکێنەوە، بۆ ئەوانەی سەروکاریان بە رۆژهەڵاتناسییەوە نیە، مەیلێکی پۆزەتیڤیستی بەرتەسکییان هەیە.

کەچی، کاتێ کە ناپۆلیۆن لە ساڵی 1802 "ئەنستیتوی فرانسا" رادەسپێرێ بۆ ئامادەکردنی "تابلۆیەکی گشتی" لە بارەی هەڵکەوت و پێشکەوتنەکانی هونەر و زانستەکان هەر لە ساڵی 1789 وە ، سیلڤێستر دو ساسی وەک ئەندامێکی ئێکیپی نووسین هەڵدەبژێردرێ، ئەو لەناو پسپۆڕەکان لە هەموویان زیاتر وردەکار و توندوتۆڵتر بوو، لەناو ئەوانەش کە تاووتوێی کێشە گشتییەکانییان دەکرد، بیر و هزری ئەو لە هەموویان زیاتر بەلای مێژوودا دەشکایەوە. راپۆرتی داسیێ



https://t.me/kurdistanbooks

(که به فەرمی بەم ناوە ناسرابوو) روانینەکانی سیلڤێستر دو ساسی دەخاتە بەرایی و بە هەند وەریان دەگرێ و، کە بەشدارییەکانی ئەو لەم راپۆرتەدا لەبارەی هەڵکەوتی زانستی رۆژهەڵاتی بوو. ناونیشانی بابەتەکەی بریتی بوو لە :"تابلۆیەکی مێژوویی لەبارەی پسپۆڕی زانستی فرانسی"، ئەمەش وەک هوشیاریەکی مێژوویی نوێ بوو.(کە پێچەوانەکەی هوشیاری ئایینی بوو). ئەم هوشیارییە مێژووییە هەڵکەوتێکی شانۆیی هەیە: گوایە دەشێ زانست بخرێتە سەر شانۆ، لەوێوە دەتوانرێ بە ئاسانی وەک گشتێک هەمووی ببینرێ. پێشەکییەکەی داسیێ، کە ئاراستەی ئیمپراتۆر کراوە بە جوانی ئەم بابەتە پیشان دەدا. ئەم دیمەنە گشتییە رێگەی ئەوەی پێدەدا وەک نیشانەیەک بە ئیمپراتۆر رابگەیەنێ کە شتێکی لەم جۆرە هەرگیز هیچ ئیمپراتۆرێک نەیکردووە یان هەوڵی بۆ نەداوە، واتە:"بە جارێ بە یەک نیگا بینینی جیهانی زانینی مرۆڤایەتی". ئەگەر لە کۆندا پرۆژەیەکی لەم جۆرە وەک تابلۆیەکی مێژوویی بکرابابە " ئەگەر تابلۆی مێژوویی لەم جۆرەمان هەبوایە ئێستە چەندین شاکار پارێزرابوون، کەچی لەناوچوون و بوونە خۆراکی نەزانین! ئەگەر لەبەر دەست بوونایە دەمانتوانی لەناو هەموو سەردەمەکان و لە هەموو وەختێک هاتووچۆ بکەین". داسیێ هێشتا دەڵێ کە ئەزموونی میسر کارەکەی ئاسان کرد، بەم جۆرە کۆمەڵێک سەفەر "بوونە هۆی بەشداری لە فراوانکردنی چێوە و رووبەری زانینە جیۆگرافییەکانمان".(14)

"تابلۆی مێژوویی" کارێکی گرینگە بۆ تێگەیشتن لە هەنگاوی یەکەمی رۆژهەڵاتناسی، چونکە وادەکا فۆرمی زانینی رۆژهەڵاتناسی و خەسڵەتە تایبەتەکانی بناسین، باس لە پەیوەندی "رۆژهەڵاتناس"یش دەکا بە بابەتەکەی. لەو پەڕانەی کە سیلڤێستر دو ساسی لەبارەی رۆژهەڵاتناسی لێی نووسیون، (وەک چۆن لە تەواوی نووسینەکانیشیدا هاتووە)، باس لە کاری خۆی دەکا، وەک ئەوەی



https://t.me/kurdistanbooks

بارستەیەکی زۆر لە ماتریالێکی تاریکی "دۆزیبێتەوە، پێویستی بە نوێکردنەوە و رزگارکردن هەبێ". بۆ کام مەبەست؟ بۆ "پێشکەش" کردنی بە خوێندکارەکانی. چونکە، وەک هەموو خوێندەوارێکی سەردەمی خۆی، سیلڤێستر دو ساسی پێیوابوو هەر کارێکی پسپۆڕی زانستی ئیزافەیەکی پۆزەتیڤە بۆ سەر ساختمانێک کە هەموو زاناکان تێدا بەشداری دەکەن لە بنیاتنانی. زانین، بە شێوەیەکی سەرەکی واتە: بەدیارخستنی ماتریالێک بە زەین و بینین و، بابەتی تابلۆیەکیش بریتییە لە دروستکردنی جۆرێک لە ساختمانی"پانۆپتیکۆن Panopticon" لە شێوە و شێوازی "بێنتام". بواری پسپۆڕی زانستی تەکنیکیکی تایبەتی دەستەڵاتە: وادەکا بەکارهێنەرەکەی و (خوێندکارەکانیشی) ئامێر و زانین ببەنەوە کە (ئەگەر ئەو کەسە مێژوونووس بێ) تا ئێستە بزربووبوون. (15) راستە وشەی دەستەڵات و بەدەستهێنانی پسپۆڕی تایبەتی پەیوەندی تەواویان بە ناووبانگی سیلڤێستر دو ساسییەوە هەیە وەک پێشەنگێکی رۆژهەڵاتناسی. پاڵەوانیی سیلڤێستر دو ساسی وەک توێژەرێکی زانستی بریتی بووە لە رووبورووبونەوەی سەختی و گرانییە ئەستەمەکان، ئەویش وەسیلەی ئەوەی هەبوو بوارێک پێشکەش بە خوێندکارەکانی بکا کە پێشتر نەبووە. دوک دو برۆگلی دەڵێ: چەندان کتێبی نووسی، چەندین کۆنسێپتی داهێنا و چەندین نموونەی پێشکەش کردن. ئەنجام: بەرهەمهێنانی ماتریالەکان لەبارەی رۆژهەڵات، مێتۆد بۆ تۆژینەوە لە بارەیان و نموونە هێنانەوە کە رۆژهەڵاتییەکان خۆشیان نەیان بووە.

بەراوردکردنی کاری سیلڤێستر دو ساسی بە رەنج و کۆششی هێلینیستێک (پسپۆڕ لە یۆنانی پێش زایین/و) یان بە هی لاتینیستێک (زمانی ئیمپراتۆری رۆمانی/و) کە بەیەکەوە لەناو تیپی ئەنستیتوی فرانسا کاریان دەکرد، ئەوەی سیلڤێستر دو ساسی ترسناک دێتە



https://t.me/kurdistanbooks

بەرچاو. ئەوان تێکست و پەیماننامە و قوتابخانەیان لەبەر دەست بوو، هەرچی ئەو بوو، سیلڤێستر دو ساسی هیچ شتێکی لەم جۆرەی نەبوو، سەرەنجام دەبوایە دروستیان بکا. دینامیکی لە دەستچوونی رەسەنایەتی و قازانجی دوایی لەناو ئەوەی سیلڤێستر دو ساسی دەینووسین لێی ببووە سەرشێتییەک، لەم رووەشەوە وەبەرهێنانەکەی بەڕاستیی قورس بوو. وەک هاوکارەکانی لە بواری دیکە، لەو باوەڕەدابوو کە زانین واتە بینین بە شێوەیەکی "پانۆپتیکی Panoptic " واتە بە شێوەیەکی سەرتاپاگیری، بەڵام ئەو وەک هاوکارەکانی هەر تەنیا کاری ناسینەوەی زانین نەبووە، بەڵکو ئەو دەبوایە کۆدەکان هەڵێنێ، شیکاری بکا، ئەوەش کە لە هەموو شتێک سەختتر بوو، دەبوایە بیخاتە بەردەستی هەموو کەسێک. سیلڤێستر دو ساسی لە بەرهەمهێنانی بوارێکی تەواودا سەرکەوتووبوو. وەک ئۆروپییەک، بەناو ئەرشیڤە رۆژهەڵاتییەکان دەکەوت و دەگەڕا، توانیشی ئەمە بکا بێ ئەوەی لە فرانسا بچێتە دەرەوە. ئەو تێکستانەی جیای دەکردنەوە، دواتر دەهاتەوە سەریان، "چاکی دەکردن" پاشان تێبینی بۆ دەنووسین، کۆدی بۆ دادەنا، رێکی دەخستن، بێگومان وێڕای لێکدانەوە. پاشان، لەگەڵ تێپەڕینی وەخت، رۆژهەڵات خۆی گرینگییەکی ئەوتۆی نەدەما لەچاو ئەوەی رۆژهەڵاتناس دەیکرد، بەم جۆرە، کە رۆژهەڵات رادەکێشرایە ناو پێگەی گوتاری داخراو لەناو تابلۆیەکی پێداگۆژی، رۆژهەڵاتی رۆژهەڵاتناس رەونەقێکی ئەوتۆی نەدەما بچێتە ناو واقیع.

بێگومان سیلڤێستر دو ساسی گەلێک زۆر زیرەک بووە روانین و کارە پراکتیکییەکانی وا بەجێهێڵێ هیچ پشتگیرییەکی تیۆرییان نەبێ. پێش هەموو شتێک، هەردەم بە روونی ئەوەی پیشان داوە کە رۆژهەڵات خۆی توانای ئەوەی نەبووە بتوانێ خۆی بەرانبەر بە هێدمەی چەشە و زیرەکی و ئارامی ئۆروپییەک راگرێ. سیلڤێستر دو



https://t.me/kurdistanbooks

ساسی بەرگری لە سوود و بەرژەوەندی شتانێک دەکا وەک شیعری عەرەبی، بەڵام ئەوەی دەیڵێ، لە راستیدا ئەوەیە، کە شیعری عەرەبی پێویستی بەوەیە بە شێوەیەکی گونجاو و دروست لەلایەن رۆژهەڵاتناس بگۆردرێ پێش ئەوەی بتوانرێ نرخی بزانرێ و چەشەی لێ وەربگیرێ. هۆکاری ئەمەش بە پان و پۆڕی بۆ کێشەیەکی ئێپیستیمۆلۆژی دەگەڕێتەوە، بەڵام بەهانە بە خۆدانێکیشی تیایە بۆ رۆژهەڵاتناس. شیعری عەرەبی لەلایەن گەلێکەوە بەرهەم هێنراوە تەواو بێگانەیە (بۆ ئۆروپییەکان)، لەناو هەڵومەرجێکی کەشناسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی گەلێک زۆر جیاواز لەوەی ئۆروپییەک بتوانێ بیناسێ بەرهەم هێنراوە، بێجگە لەمەش، ئەم شیعرە، "خۆراکی خۆی لە کۆمەڵێک را و بۆچوون، حوکمدانی پێشوەخت، باوەڕەکان، ئەفسوونەکان وەردەگرت کە بۆ ئێمە سەختە زانین و ناسینی لێ دەربێنین ئەگەر بە لێکۆڵینەوەی درێژ و بە ئازار نەبێ". هەتا ئەگەر خۆمان بخەینە ژێر باری توندوتۆڵی زانیاری پسپۆڕێکی زانستی، بەشێکی گەورە لە وەسفەکان، لەناو ئەم شیعرە، ناگاتە دەستی هەموو ئۆروپییەک "کە ئەوان گەیشتوونەتە پلەیەکی بەرزی شارستانی". لەگەڵ ئەمەش، ئەوەی دەیتوانین لێی وەرگرین نرخ و بەهایەکی مەزنی بۆ ئێمەی ئۆروپی هەیە، کە بەوە راهاتووین خەسڵەتە دەرەکییەکان و چالاکی جەستەیی و پەیوەندییەکانمان لەگەڵ سروشت بشارینەوە، بەم جۆرە دەبینین، رۆژهەڵاتناس سوودی زۆرە بۆ ئەوەی ئەزموونێکی زۆری نەناسراو بخاتە بەردەستی هاووڵاتییەکانی، ئەوەی کە هێشتا نرخ و بەهاشی زۆرترە، جۆرێکە لە ئەدەب بتوانێ یارمەتیمان بدا لە شیعری "بە راستی ئیلاهیانە"ی عیبری بگەین. (17)

بەم شێوەیە، ئەگەر راستە رۆژهەڵاتناس پێویستە چونکە هەندێ مرواری بە سوود لە قووڵایی دووری رۆژهەڵات راودەکا، چونکە



https://t.me/kurdistanbooks

ناتوانین رۆژهەڵات بناسین بێ رامان و بیرکردنەوەی رۆژهەڵاتناس، ئەوەش راستە پێویست بەوە ناکا نووسراوە رۆژهەڵاتییەکان وەک گشت و بە تەواوی وەرگرین. ئەمەیە پێشەکی سیلڤێستر دو ساسی بۆ "تیۆری پارچەپارچەییەکەی Théorie des frgments"، کە هەردەم وەک نیگەرانییەکی ئاشنا بووە بۆ رۆمانتیکەکان. نەک هەر تەنیا بەرهەمە ئەدەبییە رۆژهەڵاتییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بێگانەن بۆ ئۆروپییەکان، بەڵکو بێجگە لەمەش "سوودێکی ئەوتۆی تێدانیە و وێڕای چەشە و رەخنەیەکی ئەوتۆ نەنووسراوە و تەنیا شایەنی ئەوەیە بەشێکی لێ بڵاوبکرێتەوە".(18) کەواتە لە رۆژهەڵاتناس داواکراوە رۆژهەڵات لە شێوەی زنجیرە پارچەپارچەیەکی نوێنەرایەتیکار "پێشکەش" بکا، پارچەپارچەی بڵاوکراوەوە، پارچەچارچەی شیکاریکراو، پارچەپارچە وێڕای تێبینی و نۆت، دەورەدراو هێشتا بە پارچەپارچەی دی. بۆ ئەم جۆرە پێشکەشکردنە، پێویستیمان بە ژانرێکی تایبەتی دەبێ وەک: هەڵبژاردە chrestomathies، (منتخبات) سەرەنجام لێرەوەیە لە حاڵەتی سیلڤێستر دو ساسی، ئەم هەڵبژاردە و هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی زیاتر راستەوخۆ بە قازانج بۆ بەکارهێنان و بەرژەوەندی رۆژهەڵاتناسی بەکاردەهێنرێ. بەناووبانگترین کاری سیلڤێستر دو ساسی، کتێبە سێ بەرگییەکەیەتی بە ناوی "هەڵبژاردە عەرەبییەکان"، کە دروستتر هەر لە سەرەتاوە بە دوو دێری سەروادار دەست پێدەکا: "كتاب الانيس المفيد، للطالب المستفيد، وجامع الشذور، من منظوم و منثور". (کتێبی هاوەڵی بە سوود بۆ قوتابی سوودمەند، کۆمەڵە دانە مرواریییەکان "واتە پارچە پارچە" لە شیعر و پەخشان).

هەڵبژاردەکانی سیلڤێستر دو ساسی بە شێوەیەکی گەلێ فراوان لە ئۆروپا لەلایەن کۆمەڵێک نەوە لە قوتابیان سوودی لێ وەرگیراوە. ئەگەرچی ناوەڕۆکی کارەکانی لافی ئەوە لێدەدەن تایبەتمەند بێ، بەڵام


https://t.me/kurdistanbooks

سانسۆری ڕۆژهەڵات لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکان دادەپۆشن و دەشارنەوە. بێجگە لەمەش، تەرتیبی ناوەڕۆک، ڕێکخستنی بەشەکان، بژاردەی (اختیار) پارچەپارچەکان، هەرگیز نهێنییەکانی خۆیان پیشان نادەن، وادێنە بەرچاو، ئەگەر پارچەپارچەکان لەبەر گرینگییان یان لەبەر گەشەسەندنی یەک لە دوای یەکیان یان لەبەر چلۆنایەتی ئیستێتیکییان هەڵنەبژێردرابن (کە ئەمە حاڵەتی پارچەپارچەکانی سیلڤێستر دو ساسی نیە) دەبێ بەلای کەمی هەندێ سروشتی ڕۆژهەڵاتی یان پێویستییەکی نوێنەرایەتیکراو بگرنە خۆیان. بەڵام ئەمەش هەرگیز ناوترێ. فەرموو سیلڤێستر دو ساسی چی دەڵێ: "بابەتی سەرەکی کە لە دانانی ئەم هەڵبژاردەیە کە پێشنیارم کردووە بە مەبەستی ئەوە بووە دەستاوێژێک (وەسیلەیەک) لەبەر دەست بێ بۆ قوتابیانی "خوێندنگەی شاهانەی تایبەت بە زمانە زیندووەکانی ڕۆژهەڵات" بۆ خۆڕاهێنان لەسەر جۆرێکی زۆر لە داڕشتنی عەرەبی، بێ ئەوەی ناچار بن دەست بۆ کۆمەڵێک سەرچاوەی دی ببەن کە بەدەستهێنانیان سەختە و خەرجییەکی زۆری دەوێ". لەگەڵ وەخت تێپەرین، خوێنەر ڕەنجی ڕۆژهەڵاتناس لەیاد دەکا و، پێیوایە ئەو ڕۆژهەڵاتەی بنیاتنراوەتەوە کە بە مانای هەڵبژاردە دێ، ڕۆژهەڵات خۆیەتی و تەواو. ستروکتوری مەوزوعی (ناولێنان و ناساندنی ڕۆژهەڵات) و بەستروکتورکردنەوەی زاتی (واتە نوێنەرایەتیکردنی ڕۆژهەڵات لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس) لەناوەوە جێگۆڕکێ دەکەن. بەم جۆرە ڕۆژهەڵات بە ئەقڵانییەتی ڕۆژهەڵاتناس دادەپۆشرێ، پرەنسیپەکانی ئەوەی دوایی دەخرێنە سەر ئەوەی بەرایی. ئەمەش واتە ڕۆژهەڵات دوور بووە، دەخرێتەوە بەردەستی هەمووان، ڕۆژهەڵات بەرژەوەندییەکی نەبووە خۆی پێ ڕاگرێ، لێرەوە سوودێکی پێداگۆژی وەردەگرێ. ڕۆژهەڵات بزر بووبوو، ئێستە دۆزراوەتەوە، ئەگەر لەم پرۆسەیەدا هەندێ پارچەشمان لێ لەناوبردبن. هەڵبژاردەکانی سیلڤێستر دو ساسی هەر تەنیا



https://t.me/kurdistanbooks

تەواوکەرێک نین بۆ رۆژهەڵات، بەڵکو وەک ئامادەگییەکی رۆژهەڵاتە پێشکەش بە رۆژئاوای دەکا.(19) کارەکانی سیلڤێستر دو ساسی رێسایەک بۆ رۆژهەڵات دادەنێن، لەم رێسایانەش رێسایەکی دی لە شێوەی بابەتە تێکستییەکان دەردێ کە لە نەوەیەکەوە دەگوازرێنەوە بۆ نەویەکی دی.

میراتی زیندووی سیلڤێستر دو ساسی لەسەر خوێندکارەکانی سەرنجراکێش بووە. زۆربەی عەرەبیزانە ئۆروپییەکانی سەدەی نۆزدەم دەستەڵاتی رۆشنگەری خۆیان بۆ ئەو دەگەڕێننەوە. زانینگەکان، ئەکادێمیاکانی فرانسا، ئیسپانیا، نۆرڤێژ، سوێد، دانمارک، بە تایبەتیش ئەلمانیا، پڕبوون لە قوتابیان کە لەسەر رێبازی ئەو رۆیشتبوون و بە تایبەتیش بە کاریگەری تابلۆ هەڵبژاردەکانی کە کارەکانی بە گشتی پێشکەشیان دەکرد.(20) وەک هەموو کەلەپوورێکی رۆشنگەری، دەوڵەمەندی و کەمبوونەوەی بایەخدان بە کارەکانی بە یەک ئاست گوازراونەتەوە. رەسەنایەتی ژێنیالۆژی سیلڤێستر دو ساسی لەسەر ئەوە بەندە کە تاووتوێی لەگەڵ رۆژهەڵات وەک شتێک بووە بنیات بنرێتەوە، نەک هەر لەبەرئەمە، بەڵکو لەبەرئەوە و سەرەڕای ئەوەش رۆژهەڵاتی مۆدێرن ئامادەگییەکی ناڕێک و سرکی هەبووە. سیلڤێستر دو ساسی عەرەب لەناو رۆژهەڵات "دادەنێ"، رۆژهەڵات خۆیشی لەناو تابلۆ گشتییەکانی زانستی مۆدێرن دادەنێ. کەواتە رۆژهەڵاتناسی دەبێتە بەشێک لە پسپۆڕی باڵای زانستی ئۆروپی، بەڵام ماتریالەکانی دەبێ سەرلەنوێ دابهێنرێنەوە لەلایەن رۆژهەڵاتناس پێش ئەوەی بە بن تاق و کەوانەکانی دانیشگا تێپەڕێ لە تەنیشت تۆژینەوە لاتینی و یۆنانییەکان. هەموو رۆژهەڵاتناسێک رۆژهەڵاتی خۆی بە پێی رێسا ئێپیستیمۆلۆژییە بنچینەییەکانی زیان و قازانج دادەهێنێ کە سەرەتا لەلایەن سیلڤێستر دو ساسی پێشکەش کراون و پەیڕەو کراون.


https://t.me/kurdistanbooks

هەروەکو چۆن سیلڤێستر دو ساسی باوکی رۆژهەڵاتناسییە، لە هەمان کات یەکەمین قوربانیشە، چونکە، رۆژهەڵاتناسەکانی دوای ئەو بە وەرگێڕانی تێکستەکان، پارچەپارچەکان، نوێشکێک لە تێکستە نوێیەکانیان بە تەواوی جێگەی کارەکانی "سیلڤێستر دو ساسی"یان گرتەوە، هەڵبەت لە رێگەی دانانی رۆژهەڵاتی بنیاتنراوەی تایبەت بە خۆیان لە جێگەی ئەو. هەر هیچ نەبێ ئەو پرۆسێسەی کە سیلڤیستر دو ساسی خستییەگەڕ بەردەوام دەبێ تا ئەو کاتەی کە فیلۆلۆژی بە تایبەتی، هێز و توانایەکی پلان بۆ دانراو و دامەزراوەیی وەردەگرێ کە سیلڤێستر دو ساسی هەرگیز بەکاری نەهێنابوو. ئەمەش، کاری ئەرنست رێنانە: ئەرنست رێنان رۆژهەڵات تێکەڵ بە بوارە بەراوردکارییە زۆر تازەکان دەکا کە فیلۆلۆژی تیایاندا یەکێ لە بوارە هەرە سەرنجڕاکێشەکانیانە.

جیاوازی سیلڤێستر دو ساسی لەگەڵ رێنان وەک ئەو جیاوازیە وایە کە لە نێوان پێشەنگی و بەردەوامیدا هەیە. سیلڤێستر دو ساسی داهێنەرە، کارەکانی نوێنەرایەتی سەرهەڵدانی بوارێک دەکەن و ستاتوەکەی وەک بواریکی زانستی سەدەی نۆزدەمە کە رەگەکانی دەگەڕێنەوە بۆ ناو رۆمانتیزمی شۆڕشگێڕی. رێنان لە نەوەی دووەمی رۆژهەڵاتناسییە: کۆششی رێنان بەهێزکردنی گوتاری فەرمی رۆژهەڵاتناسی بوو، بە سیستەماتیکیکردنی مەزندەکانی بوو، بە جێگیرکردنی دامەزراوە رۆشنگەری و ئیدارییەکانی بوو. سیلڤێستر دو ساسی بە هەوڵی تاکەکەسی خۆی چووە ناو بوارێک وەک دەسپێشخەر و زیندووکەرەوەی ستروکتورەکانی. هەرچی رێنانە، ئەو رۆژهەڵاتناسی لەگەڵ فیلۆلۆژی گونجاندووە، هەردووکیشی خستۆتە ناو کولتووری زانستی سەردەمەکەی خۆی، کە لەسەر ئاستی رۆشنگەری بەردەوامییان بە ستروکتورەکانی رۆژهەڵاتناسی داوە و وای لێ کردوون دیارترین.



https://t.me/kurdistanbooks

رێنان خۆی نە بە سەرتاپاگیری رەسەنە نە بە رەهاییش نارەسەن و لاتەریکە. کەواتە، ئەگەر وەک هێزێکی کولتووری یان وەک رۆژهەڵاتناسێکی گرینگی دابنێین، ناتوانین بە سادەیی بچووکی بکەینەوە نە لە کەسایەتی خۆی نە لە هەموو ئایدیا مێتۆدییەکانی کە ئەو باوەڕی پێیان بوو. باشتر لە رێنان وەک هێزێک دەگەین کە پێکهاتەکانی لەلایەن کەسانی پێشەنگی وەک سیلڤێستر دو ساسی ئامادەکرابێ، بەڵام کارەکانی ئەوانی گۆڕیبێ بۆ جۆرێک لە تێکستی سەرچاوە کە خۆی خستوونیەڕوو و جارێکی دی خراوتەوەڕوو، هەمیشە بوونەتەوە سەرچاوە بۆ خۆی. بە کورتی، رێنان کەسایەتییەکە دەبێ وەک تایپێک لە پراکتیکی کولتووری و رۆشنگەری لێی بڕوانین، وەک شێوازێک کە تێیدا دڵنیاییە رۆژهەڵاتناسییەکان پیشان دەدا لە ناوەوەی ئەوەی میشێل فوکۆ پێی دەڵێ "ئەرشیڤی سەردەمەکەی؟" (21).

ئەوەی حسێبی بۆ دەکرێ، هەر ئەو شتانە نین کە رێنان گوتوویەتی، بەڵکو شێوازی گوتنیانە، ئەو شتانەی هەڵیبژاردوون، لە چوارچێوەی رەگ و ڕیشە و چۆنیەتی دروست بوونیان، پاشان کردنیان بە بابەتی تۆژینەوەکانی، چی لەگەڵ چی گونجاندووە،...هتد. ئەوسا دەتوانین باسی پەیوەندییەکانی رێنان بکەین لەگەڵ بابەتی رۆژهەڵاتی خۆی، باس لە پەیوەندی ئەو بکەین لەگەڵ سەردەمەکەی، خوێنەرەکانی، هەتا لەگەڵ کاری خۆیشی، بێ ئەوەی پەنا بۆ ئەو داڕشتنانە ببەین کە بە شێوەیەکی شاراوە پشت بە جێگیرییەکی ئۆنتۆلۆژی دەبەستن ( بۆ نموونە zeitgeist گیانی سەردەم، مێژووی ئایدیاکان، "دانەر یان نووسەرێک و سەردەمەکەی")، جیا لەمە، لە تواناماندا هەیە رێنان وەک نووسەرێک بخوێنینەوە کە شتێک دەکا مایەی وەسفکردن بێ، لەجێیەکی دیاریکراو لە رووی زەمەنی و کولتووری و شوێنەوە (وەک سەرەتایەکیش ئەگەر لە روانگەی



https://t.me/kurdistanbooks

ئەرشیڤەوە بۆی بڕوانین)، بۆ خوێنەران و، ئەوەش کە بایەخی کەمتر نیە، بۆ بەردەوامیدان بە پێگەی تایبەتی خۆی لەناو ڕۆژهەڵاتناسی سەردەمەکەی خۆی.

ڕێنان لە ڕێگەی فیلۆلۆژییەوە هاتۆتە ناو ڕۆژهەڵاتناسی و، دەوڵەمەندیی باڵا و شکۆمەندیی ئەم بوارەش بوون کە خەسڵەتە تەکنیکییە سەرەکییەکانی بە ڕۆژهەڵاتناسی بەخشی. هەرکەسێ خەیاڵی بۆ ئەوە بچێ کە فیلۆلۆژی وەک بوارێکی تۆژینەوەیە لە وشە گران و بێ بەرهەمەکان، وێڕای سەرسامی دەبینێ کە "فریدێریک نیچ" لەگەڵ ئەقڵە هەرە مەزنەکانی سەدەی نۆزدەم خۆی بە فیلۆلۆگ یان فیلۆلۆژیناس دادەنێ، بەڵام دووچاری سەرسامی نابێ ئەگەر "لوی لامبێرت"ی بەلزاک بە بیری خۆیدا بێنێتەوە:

(دەبێ ئەو کتێبە چەند جوان بێ کە لە بارەی ژیان و ئەڤانتورەکانی وشەیەک دەینووسین؟ بێگومان وشە چەندان هەست و ڕوانین و ڕووداوی بینیووە کە بە کاری هێناون، بە پێی شوێنەکان ئایدیای نوێی بەئاگاهێناوە، بەڵام ئەمە هێشتا مەزنتر نیە لە ڕوانگەی گیان و جەستە و جوولەدا سەرنجی بدەینێ.) (22)

ئینجا ئەو کاتیگۆرییە چیە کە پاشان "نیچ" دەپرسێ و ئەو خۆی و ڤاگنەر و شۆپنهاوەر و لیۆپاردی، هەموویان وەک فەیلەسوف تێیدەگەن؟ پێدەچێ ئەم زاراوەیە لە یەک کاتدا بەهرە و مەزندەیەکی ناوێزەی هەبێ بۆ زمان و بتوانین پێی، کارێک داهێنین کە گۆکردنی هێزێکی ئێستێتیکی و مێژوویی هەبێ. ئەگەرچی پیشەی فیلۆلۆگ یان فیلۆلۆژیناس لە ساڵی 1777 سەریهەڵداوە، کە "ف. ئا. وۆلف" بۆ خۆی وشەی "خوێندکاری فیلۆ"ی داهێنا، لەگەڵ ئەمەش دەبینین "نیچ" زەحمەتی دەداتە خۆی بۆ ئەوەی پیشانی بدا کە ئەوانەی پیشەیان تۆژینەوەیە لە کارە کلاسیکییەکانی یۆنانی و لاتینی، بەلای زۆری



https://t.me/kurdistanbooks

بێتوانان لە بواری خۆیان بگەن:"هەرگیز ناگەنە رەگ و ڕیشەکانی بابەت: هەرگیز وەک کێشەیەک باس لە فیلۆلۆژی ناکەن. "چونکە زۆر بە سادەیی" وەک زانین و ناسینی جیهانێکی کۆن، بێگومان فیلۆلۆژی ناتوانێ بە نەمریی درێژە بە خۆی بدا، ماتریالەکانی هەڵبەت لە بن دێن.(23) ئەمەیە ئەو کۆمەڵە فیلۆلۆگانە کە ناتوانن تێی بگەن.

بەڵام ئەوەی چەند گیانێکی تایبەتمەند جیادەکاتەوە کە "نیچ" پێیوایە شایەنی پەسن و ستایشن (هەڵبەت بێ هیچ تەمومژییەک و بەو شێوە رووکەشیەی من لێرە باسی دەکەم)، قووڵی پەیوەندییانەوەیە بە مۆدێرنیتێوە، ئەم پەیوەندییە قووڵەش ئەنجامی پراکتیکی ئەوانە بۆ فیلۆلۆژی.

فیلۆلۆژی هەموو شتێک بە پڕۆبلێماتیک (بەگرفتکردن/اشکالیە) دەکا: بەگرفتکردنی خۆیشی، ئەوانەش کە پراکتیکی دەکەن، بە سەردەمی ئەمڕۆشەوە. فیلۆلۆژی بەرجەستەی مەرجێکی تایبەتی مرۆی نوێ و مرۆی ئۆروپی دەکا، چونکە هیچ یەکێک لەم دوو کاتیگۆرییە مانای راستەقینەیان نابێ ئەگەر نەخرێنە ناو پەیوەندی لەگەڵ کولتوورێکی دی یان سەردەمێکی کۆنتر. "نیچ" فیلۆلۆژی بەو شێوەیەش دەبینێ وەک شتێک "لەدایکبووبێ"، دروستکرابێ، بەو شێوەیەی ڤیکۆ بۆی دەچێ: وەک نیشانەی پڕۆژەیەکی مرۆیی، شتێکی داهێنراو وەک کاتیگۆری دۆزینەوەیەکی مرۆیی، خۆدۆزینەوە و رەسەنایەتی. فیلۆلۆژی شێوازێکە بۆ خۆدابڕاندن، وەک چۆن هونەرمەندە گەورەکان دەیکەن، لەگەڵ سەردەمی خۆیان و رابردووی نزیکیان، لە راستیدا بە شێوەیەکی دژیەک و ناکۆک لە رێگەی ئەم شێوازەوە مۆدێرنیتێی خۆی دیاری دەکا.

لە نێوان "فریدێریک ئۆگوست وۆلف"ی ساڵی 1777 و "فریدێریک نیچ"ی ساڵی 1875 ئەرنست رێنان هەیە: رێنان فیلۆلۆژناسێکی



https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵاتناس بوو، پیاوێکیش بوو خاوەن هەستێکی گرێچن بوو لەبارەی شێوازی تێکەڵبوون و لێکڕەتبوونی فیلۆلۆژی و کولتووری مۆدێرن. لە کتێبی "ئایندەی زانست" کە لە ساڵی 1848 نووسراوە بەڵام لە ساڵی 1890 بڵاوبووەتەوە، بە بایەخەوە دەنووسێ: "دامەزرێنەرانی ئەقڵی نوێ فیلۆلۆژناسەکانن". "ئەو مەبەستی لە ئەقڵی نوێ راسیۆنالیزمە (ئەقلانیەت)، ڕەخنەیە، لیبرالیزمە، ئەمانە لە هەمان ئەو ڕۆژە لەگەڵ فیلۆلۆژی دامەزراون". فیلۆلۆژی بوارێکی بەراوردکارییشە: فیلۆلۆژی یەکێ لەو باڵادەستیانەشە کە مۆدێرنەکان بە مافی خۆیانی دەزانن لەسەر کۆنەکان هەیانبێ. "شۆڕشە هەرە گرینگەکانی فیکر ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن ئەو کەسانەوە بەرپاکراون کە دەتوانین ناویان لێ بنێین ئەدیبان یان فیلۆلۆژناسەکان". "ڕۆڵی فیلۆلۆژی لەناو کولتووری مۆدێرن"، کە ڕێنان بە کولتووری فیلۆلۆژیانە ناوی دێنێ، هاوڕێکە لەگەڵ زانستە فیزیاییەکان، (...) لە جێگەی ئەندێشە فەنتاستیکییەکان خەونە سەرەتاییەکان بۆ ڕوانین و نیگا سازگارەکانی چاخی زانستی دانێ". "بەم جۆرە، هەموو سوپەرناتورالیزمێک دوا تیری بکوژی فیلۆلۆژی بەردەکەوێ".

(بەڵام ڕوانین و نیگا گشتییەکان و ڕەخنە، بریتییە لە لێگەڕانێکی گەردوونی، هەست دەکەم، ئەگەر من خۆم دە ژیانی induction مرۆییم هەبوایە هەموویم بە تەریبی لە پاڵ یەکتری ببایەتەسەر، بە ئامانجی گەڕان و پشکنین و دۆزینەوەی هەموو جیهان، من خۆم لە ناوەڕاست بدۆزیبایەوە، بۆنی هەموو شتێکم بکردایە، حوکمم لەسەر هەموو شتێک بدایە، هەموو شتێکم بەراورد بکردبایە، شتەکانم بگونجاندبایە، هەڵێنجانم بکردایە، ئەوسا دەگەیشتمە سیستەمی شتەکان.(...) کارکردن لەناو فەلسەفە، واتە زانینی شتەکان، واتە، وەک چۆن "کوڤیێ" بە جوانی دەیڵێ: "فێرکردنی جیهان لە ڕێگەی



https://t.me/kurdistanbooks

تیۆرییەوە". وەک "کانت" لەو بڕوایەدام کە هەموو بەڵگەهێنانەوەیەکی تەواو فیکری نرخی لە بەڵگەهێنانەوەیەکی ماتماتیکی زیاتر نیە و، هیچمان فێرناکا لەبارەی ئەو واقیعەی تێیدا دەژین. فیلۆلۆژی "زانستی دروستی" شتەکانی ئەقڵە. فیلۆلۆژی بۆ زانستە مرۆییەکان وەک فیزیا و کیمیا وان بۆ زانستی فەلسەفەی تایبەت بە جەستەکان). (24)

کەمێک دواتر دەگەڕێمەوە سەر روانینەکەی "کوڤیێ" کە لەسەرەوەدا هاتووە، بە هەمان شێوە بۆ سەرچاوەکانی لەبارەی زانستە سروشتییەکان کە هەردەم رێنان ئاماژەیان پێدەدا. بۆ ئێستە، دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە تەواوی بەشی سەرەکی کتێبی" ئاییندەی زانست" وێڕای ستاییشەوە تایبەتە بە ناساندن و پێناسەی فیلۆلۆژی، کە زانستێکە رێنان پێیوایە "بریتییە لە هەموو بەشەکانی زانین، ئەوانەی لە هەمووان سەختترە ئامانج و یەکێتییەکەی بگیرێ" و، لە هەموو بوارێک زیاتر وردەکارترە. رێنان لە ئیلهام و خولیای خۆی دەیەوێ فیلۆلۆژی بکاتە زانستێکی راستەقینەی زانستە مرۆییەکان، بە روونی خۆی دەداتە پاڵ ڤیکۆ، هێردەر، وۆلف و مۆنتێسکیو، ئەو فیلۆلۆژیناسانەش کە تا رادەیەک هاوچەرخی خۆی بوون وەک: ویلیەم ڤۆن هومبۆلت، بۆپ و رۆژهەڵاتناسی گەورە "ئۆژێن بورنووف" (کە کتێبەکەشی پێشکەش بەو کردووە). رێنان فیلۆلۆژی لە ناوەندی ئەوە دادەنێ کە هەردەم وەک سەرچاوە بۆی دەگەڕێتەوە و ناوی لێ دەنێ "رێڕەوی زانست"، کتێبەکە خۆیشی وەک مانیفێستێکی رێبازی پێشکەوتنی مرۆییە، ئەگەر سەرنج لە ناونیشانی دووەمیشی بدەین کە نووسیویەتی (هزر و بیری ساڵی 1848) مایەی پلار و تەوسێکیشە، بە هەمان شێوە وەک کتێبی دیکەی ساڵی 1848 وەک "بووڤار و پێکوشێ" و "18ی برومێری لوی بۆناپارت". کەواتە دەتوانین بڵێین کە رێنان ئەم مانیفێستەی بە تایبەتی و بە گشتی لەگەڵ سیمینارەکانی بەو چەشنە داڕشتووە (ئەو پێشتر ئەو

لێکۆڵینەوەیەی لەبارەی فیلۆلۆژی زمانە سامییەکان بڵاوکردبووەوە کە خەڵاتی ڤۆلنیی پێ وەرگرت) جێگەی خۆی وەک رۆشنگەرێک لەناو پەیوەندییەکی سادە دەرکەوێ لە بەرانبەر کێشە گەورە کۆمەڵایەتییەکان کە هەر لە ساڵی 1848 ەوە باسی لێوەکراوە. رێنان لە زووێکەوە ئەوەی هەڵبژاردووە فۆرمێک بداتە ئەم پەیوەندییە، ئەمەش لەسەر بنچینەی ئەو بوارە رۆشنگەرییانەی (فیلۆلۆژی) بە کەمترین شێوە لەبەردەستن، ئەوەی، بە رواڵەت، پەیوەندی بە کەمترین خەڵکەوە هەیە و لە هەمووش کۆنەپارێزترە، ئەمەش وامان لێ دەکا بیر لە پێگەی رێنان بکەینەوە کە بەوپەڕی ئەنقەستەوە وایکردبێ. چونکە بە هەقیەقەت، وەک مرۆیەک لەگەڵ هەموو مرۆیەکانی دی قسە ناکات، بەڵکو زیاتر وەک دەنگێکی بیرکەرەوە و پسپۆڕ قسە دەکا، شتەکان بەو شێوە وەردەگرێ کە لە پێشەکیەکەی ساڵی 1890 نووسیویەتی، نایەکسانی نەژادەکان و پێویستی باڵادەستی هەندێک لەسەر کۆمەڵانی خەڵک شتێکی جێگیرن، وەک قانونێکی دژەدیمۆکراتی سروشت و کۆمەڵ وان. (25)

بەڵام رێنان چۆن دەتوانێ خۆی و ئەوەی دەیڵێ بخاتە ناو ئەم هەڵکەوتە دژبەیەکە؟ راستە، لەلایەکەوە فیلۆلۆژی چیە ئەگەر زانستێک نەبێ بۆ هەموو مرۆڤایەتی، زانستێک نەبێ یەکێتی نەژادی مرۆ و تەواوی نرخ و بەهای هەموو وردەکارییەکی مرۆیی لە بەرایی خۆی دانەنێ و لەسەر ئەوە بەند نەبێ، لەولاشەوە فیلۆلۆگ خۆی چیە، کە رێنان خۆی بە حوکمدانە لە پێشینە و رەگەزپەرستە بەناووبانگەکانی بەرانبەر سامییە رۆژهەڵاتییەکان پیشانی داوە، کە خۆی لە رێگەی لێکۆڵینەوە لەبارەیانەوە ناووبانگێکی پیشەیی بەدەستهێناوە. (26) پیاوێک کە بە سەختی مرۆیەکان بۆ نەژادی باڵادەست و ژێردەستە لێکجیادەکاتەوە، رەخنەگرێکی ئازاد کە کارەکانی پڕە لە چەمک و پێناسەی زۆرتر باتنی لە رووی زەمەنەوە، لە رووی بنچینەوە، لە



https://t.me/kurdistanbooks

رووی گەشەسەندن و لە رووی پەیوەندی و نرخ و بەها مرۆییەکان؟ بەشێکی وەڵام بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە رێنان، هەروەکو لە نامە فیلۆلۆژییە بەراییەکانیدا هاتووە و بۆ "ڤیکتۆر کوزان و میشلێ و ئەلێکساندەر ڤۆن هومبۆلت"ی ناردوون، (27) هەستێکی زۆر بەهێزی پیشەیی پسپۆڕی زانستی پیشەیی هەبووە، هەستێک، کە نێوان یان دوورییەکی لە نێوان ئەو خۆی و کۆمەڵانی خەڵکی دادەنا. بەڵام ئەوەی زیاتر بە رای من حسێبی بۆ دەکرا، ئەو ئایدیا و روانینە بوو کە رێنان لەبارەی رۆلی خۆی هەیبوو وەک فیلۆلۆگێکی رۆژهەڵاتناس لە ناوەوەی مێژوویێکی زیاتر گشتی تری گەشەسەندن و ئامانجەکانی فیلۆلۆژی بەو شێوەیەی خۆی دەیانیبینی. بە چەشنێکی دی، ئەوەی دەشێ بۆ ئێمە ناکۆک بێ، ئەو ئەنجامە چاوەڕوانکراوەیە کە رێنان هەیەتی لەبارەی پێگەی "ماڵباتانەی" خۆی لەناوەوەی فیلۆلۆژی، لە ناوەوەی مێژووی فیلۆلۆژی و دۆزینەوە بەراییەکانی فیلۆلۆژی، ئەوەش کە رێنان خۆی چی دەکرد لەناوەوەی ئەمانە. کەواتە پێویستە رێنان بناسێنین، نەک وەک کەسێک کە لەبارەی فیلۆلۆژییەوە قسە دەکا، بەڵکو زیاتر وەک یەکێک کە فیلۆلۆژیانە قسە دەکا وێڕای تەواوی هێز و توانای شارەزایەک کە زمانی بە کۆدکراوی زانستێکی نوێ و پڕ لە شکۆمەندی بۆ خۆی بەکاردێنێ کە هیچ یەکێک لە دڵنیابوون و دووپاتکردنەوەکانی لە بارەی زمان خۆی ناتوانێ نە راستەوخۆ نە ساویلکانە خۆی بنیات بنێ.

فیلۆلۆژی بەو شێوەی رێنان وەریگرتووە و تێی گەیشتووە و فێری بووە، بوارێکە کۆمەڵێک رێسای دۆکسۆلۆژی (وەک رێسا و وێردە ئایینییەکان) خۆی دەسەپێنێ. بوون بە فیلۆلۆگ یان فیلۆلۆگبوون، واتە پێش هەموو شتێک ئێمە لەناو چالاکییەکانیدا رێنوێنی دەکرێین بە هۆی زنجیرەیەک لە دۆزینەوەی تازە، هەڵسەنگاندنەوەیەک، کە هەنگاوی یەکەمیان لە زانستی فیلۆلۆژی



https://t.me/kurdistanbooks

هەڵێناوە و ئێپیستیمۆلۆژی تایبەت بە فیلۆلۆژی خۆی دارِشتووە: من لێرەوە قسە لەو سەردەمە دەکەم کە لە ساڵانی 1780 دەست پێدەکا تا دەگاتە ناوەڕاستی ساڵانی 1830، لەو ماوەیەدا، ڕێنان دەستی کردووە بە خوێندن و لێکۆڵینەوە. لە بیرەوەریەکانی خۆی ئەوەمان بە یاددا دەهێنێتەوە چۆن قەیرانی ئایینی دواجار بۆتە هۆی لەدەستدانی باوەڕی ئایینی خۆی، هەر ئەمەش ڕێنمایی کردووە لە ساڵی 1845 خۆی تەرخان بکا بۆ بواری تۆژینەوەی زانستی: ئیتر چوونی بۆ ناو فیلۆلۆژی بەم شێوەیە بووە، کە بۆتە شێوەی تێگەیشتنی بۆ جیهان و شێوازی خۆی و گرفتەکانی. لەسەر ئاستی کەسیش لەوبڕوایەدابووە کە لە ژیانی خۆی ژیانی دامەزراوەیی فیلۆلۆژی ڕەنگدەداتەوە. لەگەڵ ئەمەش، لە ژیانیدا، دەبینین بڕیاری ئەوەشی داوە کریستیانیانە بێ کە پێشتر وابوو، تەنیا ئەوەبوو ئەم ژیانە بێ کریستیانیزم بووە، ئەو بە "زانستی لایک – زانستی عەلمانی" دەیناساند. (28)

چەند ساڵێک دواتر، ڕێنان باشترین نموونەیەک لەو "زانستی عەلمانی La science laïque "ەمان پێشکەش دەکا، ئەو زانستە چی پێدەکرێ و چی پێناکرێ، ئەمەشی بە سیمینارێک لە سۆربۆن لە ساڵی 1878 لە ژێر ناوی "لەبارەی ئەو خزمەتانەی فیلۆلۆژی پێشکەشی زانستە مێژووییەکان دەکا" پێشکەش کرد. ڕێنان کە باس لە فیلۆلۆژی دەکا بە ڕوونی ئایینی لەناو سەردایە. "بۆ نموونە: فیلۆلۆژیش وەک ئایین زانیاریمان لەبارەی ئەسلی مرۆڤایەتی، شارستانی، زمان دەداتێ" ئەمەش تەنیا ئەوە بۆ ئەوانە ئاشکرا دەکا کە گوێیان لێی گرتووە کە فیلۆلۆژی ناتوانێ لە تاقە یەک پەیامی کەمتر تونوتۆڵ، زۆر کەمتر تێکئالاو و ئەرێنی لەچاو ئایین پێشکەش بکا. (29) چونکە، ڕوانگەی ڕێنان بێ گەڕانەوە دواوە و بە شێوەیەکی حەتمی مێژووییە و، هەروەک جارێکیش خۆی گوتوویەتی، ڕوانگەیەکی مێژوویی مۆرفۆلۆژیانەی هەیە، ئەمەش بۆ خۆی هەر



https://t.me/kurdistanbooks

ئەو مانایە دەدا کە تاقە یەک ڕێگەی کراوە لەبەردەم ئەو هەیە وەک کەسێکی لاو بۆ دەرچوون لە ئایین و چوونەناو پسپۆڕی زانستی فیلۆلۆژی، ئەمەش خۆی لە پاراستنی شێوەی ڕوانین و کۆنسێپتی خۆی بۆ جیهانی مێژوویی لەناو ئەم زانستە لاییکەی (عەلمانی) کە ئایین پێشکەشی کردووە دەدۆزێتەوە. کەواتە "تەنیا یەک کار شایەنی ئەوە بووە ژیانی خۆمی پێوە خەریک بکەم ئەمەش درێژەدان بووە بە تۆژینەوە ڕەخنەییەکانم لەبارەی کریستیانیزم" (ئاماژەیە بۆ پڕۆژە گەورەکەی ڕێنان لەم بارەیەوە) لە ڕێگەی وەسیلەی فراوانتر ڕێنان بە شێوازی خۆی کە شێوازێکی پۆست کریستیانیزمە خۆی تێکەڵ بە فیلۆلۆژی کردووە.

بوونی جیاوازی لە نێوان مێژووی ناوەکی کە کریستیانیزم پێشکەشی دەکا لەگەڵ ئەوەی فیلۆلۆژی، بوارێکە تا ڕادەیەک نوێیە، هەر ئەمەش زۆر بە وردی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی فیلۆلۆژی مۆدێرن، ڕێنانیش ئەمەی بە تەواوی دەزانی. ڕاستە، هەرجارەی لە کۆتایی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم لەبارەی "فیلۆلۆژی" قسە بکەین، دەبوایە لە فیلۆلۆژی "نوێ" بگەین، کە سەرکەوتنە سەرەکییەکانی ئەو بوارانەی دەگرتەوە وەک: ڕێزمانی بەراوردکاری، پۆلینکردنی نوێی زمانەکان بۆ خێزانەزمان و ڕەفزی کۆتایی ئەسلی ئیلاهییانەی زمانەکان. لەمەش درێژدادڕییەکی تێدا نیە ئەگەر بڵێین ئەم ئەنجامانە بەری کەم و زۆر ڕاستەوخۆی ئەو ئایدیایانەن کە زمان دیاردەیەکی تەواو مرۆییە. ئەم ڕوانینەش ببووە ئایدیایەکی باو، بە تایبەتی، کە بە شێوەیەکی کردەکی بۆیان دەرکەوت ئەو زمانانەی بە پیرۆزیان دادەنان (وەک زمانی عیبری بە پلەی یەکەم) زمانێکن نە جەوهەرێکی خالقی کەونارایان هەیە نە بنچینەیەکی ئیلاهییانە. لە بارەی دۆزینەوەی زمان، فوکۆ ئەمە بە ڕووداوێکی مەدەنی و خوێندەواری Séculier دادەنێ، ئەم ڕوانینەش

جێگەی کۆنسێپتی ئایینی دەگرێتەوە کە پێیوایە خودا لە "بەهەشتی عەدەن" زمانی بە مرۆ بەخشیووە.(31) لە ڕاستیدا، ئەم گۆڕان و جێگۆڕکێیە، کۆنسێپتی ئیتیمۆلۆژی و ماڵباتیی ڕەچەڵەکی زمان بەلاوە دەنێ، بۆ جێگرتنەوەی بە کۆنسێپتی زمانیی وەک بوارێکی ئۆتۆنۆم و توندوتۆڵکراو لە ڕێگەی ستروکتورەکانی ناوەوە کە یەک خۆی بەوی تر هەڵدەواسێ بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێک لە دوورخستنەوەی هەموو بەرژەوەندییەک لە کێشەی نەژادی زمانەکان. سەرەنجام کە گفتوگۆ لە بارەی ئەم کێشەوە ئاگری دەکردەوە، هەر لەو سەردەمەش دەبینین وتارەکەی هێردەر لەبارەی ئەسلی زمانەکان خەڵاتی مەدالیای ئەکادێمیای بەرلینی ساڵی 1772 دەبردەوە، هەر لە دەیەی یەکەمی سەدەی نوێ (سەدەی نۆزدەم) تا ڕادەیەک بە تەواوی ئەم بابەتە لە گفتوگۆی زانستی لە ئۆروپا دوورخرایەوە.

لە هەموو لایەکەوە و بە زۆر شێوازی جیاجیا، ئەوەی ویلیەم جۆنز دڵنیایی لەسەر دەکرد لە کتێبی "گوتارەکانی یادی ساڵی لەدایکبوون" (1785-1792) یان ئەوەی فرانز بۆپ دەیخستەڕوو لە 1832 لە کتێبی ( Vergleichende Grammatik") کە لە ساڵی 1866 لە ژێر ناونیشانی "ڕێزمانی بەراوردکاری بۆ فرانسی وەرگێڕدراوە"، ئایدیای ئەسڵی ئیلاهییانەی زمان بە یەکجارەکی کۆتایی پێهێنراوە و مایەی گومانیش بووە. بەکورتی، پێویستمان بە کۆنسێپتێکی دیکەی مێژوویی نوێ بووە، چونکە واپێدەچوو کریستیانیزم بەرگەی بەڵگە کردەکی و تەجریبییەکان نەگرێ، کە تێکستی سەرەکی خۆی لە هەموو قەوارەیەکی ئیلاهییانە بێبەری دەکرد. وەک چۆن شاتۆبریان دەڵێ، بۆ هەندێک ئیمان هەڵتەکانی بۆ نەبوو کەچی ئەوان لێرە بە دواوە دەزانن زمانی سانسکریتی لە زمانی عیبری کۆنترە: "بەداخەوە، وارێدەکەوێ زانین و ناسینێکی قووڵتری زمانی هیند بە شێوەیەکی زانستی وایکرد ئەم سەدە زۆر و



https://t.me/kurdistanbooks

له ژماره نەهاتووانە بگەڕێندرێنەوە ناو بازنەی تەسکی "کتێبی پیرۆز". ئەمەش زۆر شتی فێرکردم ببمەوە کەسێکی ئیماندار پێش ئەوەی ناچاربم ئەزموونی ئەم شەرمە بکەم".(32) بۆ ئەوانی دی، بەتایبەتیش بۆ فیلۆلۆگەکان، وەک "بۆپ"ی پێشەنگ خۆی، تۆژینەوە لە زمان، راماندەکێشێتە ناو مێژووی زمان، فەلسەفەی زمان، مەعریفەی زمان خۆی، هەمووشی خۆیان لە هەموو چەمکێکی سەرەتاییانەی بەخشراو لەلایەن خوداوە لە بەهەشتی عەدەن بە مرۆ دادەبڕێنن. بە هەمان شێوە تۆژینەوە لە زمانی سانسکریتی و مەیل و چەشەی فراوانخوازی کۆتایی سەدەی هەژدەم پێدەچێ سەرەتا یەکەمەکانی شارستانی زۆر دوورخستبێتەوە بۆ خۆرئاوای وڵاتانی "کتێبی پیرۆز"، بەم جۆرە زمان خۆیشی، ئەو بەردەوامییە لە نێوان زلهێزێکی دەرەکی و ئاخێوەرانی مرۆیی پیشان نادا، بۆ ئەوەی ببێتە بوارێکی ناوەکی لەلایەن ئەوانەوە داهێنرابێ و جێبەجێ کرابێ کە بەکاری دەهێنن. هیچ زمانێکی سەرەتایی بوونی نیە، (تەنیا بە مێتۆدێک نەبێ کە ئێستە پێشکەشی دەکەم) هەروەک چۆن بە هیچ شێوەیەکیش زمانی سادەش بوونی نیە.

میراتی ئەم نەوەی یەکەمی فیلۆلۆگانە بۆ رێنان بایەخێکی گەلێ زۆری هەبوو، هەتا گەورەتریش لە کاریگەری کارەکانی سیلڤێستر دو ساسی لەسەر رێنان. هەر جارێک رێنان قسەی لەسەر زمان و فیلۆلۆژی کردبێ، لە سەرەتای ژیانی زانستی، لە ناوەڕاست یان لە کۆتایی ئەم ژیانە، وانەکانی فیلۆلۆژی نوێی دووبارە کردۆتەوە کە کۆڵەگە سەرەکییەکانی بریتی بوونە لە دۆگمە دژەماڵباتی و دژەبەردەوامی پراکتیکێکی زمانناسی تەکنیکی (وەک پێچەوانەیەک بۆ روانینی ئیلاهی). بۆ زمانناس، ناشێ زمان بەو شێوە وێنا بکرێ وەک ئەنجامی هێزێک بێ لە یەک تەرەفەوە هاتبێ کە خودایە. هەروەکو کۆلریج نووسیویەتی:" زمان جبەخانەی ئەقڵی مرۆڤە، لە یەک کاتدا



https://t.me/kurdistanbooks

تالان و سەرکەوتنەکانی رابردوو و چەکی داگیرکردنەکانی ئایینده‌شی هەڵگرتووە". (33) بیری زمانێکی "بەهەشتی عەدەنی" یەکەم جێگەی خۆی چۆل دەکا بۆ کۆنسێپتی دۆزینەوە یان دۆزەرەوەی زمانی سەرەتایی (وەک هیندوئۆروپی، سامی) کە هەرگیز گفتوگۆ لەسەر بوونیان ناکرێ، چونکە دەبێ دان بەوەدا بنێین کە زمانێکی لەم جۆرە ناشێ بدۆزرێتەوە یان بگەڕێندرێتەوە، بەڵام تەنیا دەتوانرێ بە پرۆسەیەکی فیلۆلۆژی بنیاتبنرێتەوە. ئەگەر تا ئێستە زمانێک هێشتا وەک بنچینە و کلیلێکی بدۆزەرەوە بەکاربهێنرێ بۆ هەموو زمانەکانی دی، ئەوا تەنیا زمانی سانسکریتییە کە وەک فۆرمێکی هەرەکۆنی هیندوئۆروپییە، ئەم کارەی پێدەکرێ. لەم بارەیەوە زاراوەسازییەکانیش گۆڕاون: ئێستە باس لە خێزانەزمانەکان دەکرێ (بە تەریبی لەگەڵ پۆلینکردنی جۆرەکانی زمان و پۆلینکردنە ئەناتۆمییەکان)، لەولاشەوە فۆرمێکی زمانناسی "پوختە" هەیە پێویستی بەوە نیە لەگەڵ هیچ زمانێکی "هەقیقی" تێکبکاتەوە و، هیچ کۆمەڵە زمانێکی ئەسڵی بوونی نیە تەنیا بە پێی وەزیفەی گوتاری فیلۆلۆژی نەبێ، نەک بە پێی بوونی سروشتی.

بەڵام هەندێ نووسەر تێبینی جوانییان هەبووە لەبارەی زمانی سانسکریتی و شتەکانی هیندستان کە بە گشتی و بە شێوەیەکی سادە جێگەی زمانی عیبری و خەسڵەتی زمانی "بەهەشتی عەدەنی"ی عیبری گرتۆتەوە. هەر لە ساڵی 1804 ەوە بنیامین کۆنستان لە "رۆژانە یاداشتەکانی" خۆی دەنووسێ:"هۆکارێکی ماقوولم لەبەر دەستە بە وردی لە کتێبەکەم باس لە (ئایین) و میتۆلۆژی هیندی نەکەم (...) ئینگلیزەکان کە سەردارانی هیندستان بوون، پێیان وایە هەموو شتێک لەوێوە دێ. شلیگل کە بە درێژایی چوار ساڵی ژیانی خەریکی فێربوونی هیندی بوو، هەمان شت دەڵێ. فرانسییەکانیش کە لە میسر گەڕاونەتەوە پێیان وایە میسر بنچینەی هەموو شتێکە".(34)



https://t.me/kurdistanbooks

ئەم هەموو حەماسەتە تێلیۆلۆژیانە "مەبەستدارانە" دوای ساڵی 1808 بوونەتە خۆراکی کاری بەناووبانگی فریدێریک شلیگل کە لە ژێر ناوی Uber die Sprache und Weisheit der Indiens (ساڵی 1837 لە ژێر ناوی "زمان و فەلسەفەی هیندییەکان" بۆ زمانی فرانسی وەرگێڕدراوە)، ئەمەش پێدەچوو هەمان ئەو دڵنیاییەی سەرەوە هی ساڵی 1800 دوپات بکاتەوە کە دەڵێ:" رۆژهەڵات باڵاترین فۆرمی رۆمانسیزم پێکدەهێنێ."

ئەوەی نەوەی رێنان (کە خوێندنی خۆی لە نێوان 1835 تا 1848 کردووە) لەم هەموو حەماسەتانە بۆ رۆژهەڵات دەریانهێناوە، ئەوەیە بۆ کەسێکی توێژەری زانستی رۆژئاوایی خەریکی زمان و کولتوور و ئایین بێ، رۆژهەڵات وەک سەرچاوەیەک پێویستییەکی رۆشنگەری بووە. لێرەشەوە تێکستی کلیل لەم بارەیەوە کتێبی "بڵیمەتی ئایینەکان"ی "ئێدگار کینێ"یە کە لە ساڵی 1832 بڵاوبووەتەوە، ئەمەش کارێگە بووژانەوەی رۆژهەڵات رەپێش دەخا و رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەخاتە ناو پەیوەندییەکی کردەکی یەک بەرانبەر بەویتر. پێشتر باسی مانای دیاری ئەم پەیوەندییەم کردووە کە لەلایەن رایمۆند شواب بە پان و پۆڕی لە کارەکەی بە ناوی "بووژانەوەی رۆژهەڵات" شیکاری بۆ کراوە، لێرەوە جارێکی دی ناگەڕێمەوە سەری تەنیا بۆ تێبینی کردن نەبێ لەبارەی هەندێ رووی تایبەتی کە کاریگەرییان لەسەر روانینەکانی رێنان هەبووە لەبارەی فیلۆلۆژی و رۆژهەڵاتناسی. کینێ و میشلێ بە یەکەوە و بەرژەوەندییان بۆ هێردەر و ڤیکۆ هەر یەکەیان بە جیا، ئەو پێویستییەی لەلای ئەوان وەک توێژەری زانستی مێژوویی وروووژاندووە، تا رادەیەک بە شێوازی خەڵکانێک رووبەڕووبینەوە جیاوازی و ناوێزە و مەودای دوور ببینن وەک بینەرانێک کە لەبەر چاوی خۆیان دەبینن رووداوەکان وەک شانۆ لە پێشیان تێدەپەڕێ، یان وەک ئیماندارێک



https://t.me/kurdistanbooks

که شایەدحاڵی سروشێکە. دارِشتنەکەی کینیَ ئەوەبوو کە رۆژهەڵات پێشنیار دەکا و رۆژئاوا جێبەجێی دەکا: "ئاسیا پەیامبەرانی هەیە بەڵام ئۆروپا پزیشکی هەیە"، (لێرەشەوە یاری کردن بە وشە مەبەستدارە). لەم بەیەکگەیشتنە دۆگمێکی نویَ لە دایکدەبیَ، یان خودایەکی نویَ لە دایکدەبیَ، بەڵام ئەوەی کینیَ دەیەویَ بیڵیَ، لەم بەیەکگەیشتنە خۆرهەڵات و خۆرئاوا چارەنووسی خۆیان دەگرنە دەست و دڵنیایی و پێداگیری لە ناسنامەکانی خۆیان دەکەنەوە. پێداچوونەوە بە هەڵوێستی پسپۆرِی زانستی توێژەرە زانستییە رۆژئاواییەکان، وەک ئەوەی لە خاڵ و نیگایەکەوە بە باشترین شێواز هەڵبژێردرابیَ، رۆژهەڵات پاسیڤە و شێوەی زاییندەی هەیە، میَ و لاڵ و هەڵتەکاوە، پاشان رۆژهەڵاتناس بە ئۆتۆریتێی زانستی فیلۆلۆژی خۆی کە توانای هەیە کۆدی زمانە نهێنی و شاراوەکان و ناوەوەیان هەڵبێنیَ، نهێنییەکانیان هەڵدەماڵیَ، ئەم هەڵوێستە لەلای رێنان بە قووڵی هەیە. ئەوەی کە لەلای رێنان لە ماوەی ساڵانی 1840 ، واتە بە درێژایی ماوی خوێندنی وەک فیلۆلۆگێک قورِساییەکی ئەوتۆی نەبووە، هەڵوێستی شانۆییانەیە: ئەم هەڵوێستە شانۆییە بە هەڵوێستی زانستی جێگەی پرِکراوەتەوە.

بۆ کینیَ و میشلیَ، مێژوو شانۆنامەیەکە. کینیَ بە شێوازێکی مەیل و مانابەخش وەسفی تەواوی جیهان دەکا وەک پەرستگایەک بیَ و مێژووی مرۆڤایەتیش وەک جۆرێک لە نەریتی ئایینی بیَ. میشلیَ و کینیَ هەردووکیان ئەو جیهانە دەبینن کە قسەی لەبارەوە دەکەن. ئەسڵی مێژووی مرۆیی شتێکە ئەوان دەتوانن باسی بکەن، هەڵبەت بە هەمان زاراوە قەشەنگ و پرِ لە عاتیفەکان، لەولاشەوە دراماتیکانە وەک چۆن ڤیکۆ و رووسۆ ئەم وەسفەیان بەکارهێناوە بۆ باسکردنی ژیانی سەر ئەرز لە رۆژگارە دوور و سەرەتاییەکاندا. بۆ میشلیَ و کینیَ، هیچ گومانێکی تێدا نیە ئەوان سەر بە گرووپی رۆمانتیکە



https://t.me/kurdistanbooks

ئۆروپییەکانن کە "یان بە داستان، یان بە جۆرێکی ئەدەبی دی گەورە، بە دراما یان بە رۆمانی نووسراو بە پەخشان یان بە بەیت و چامەی درێژ"ی پڕ لە روانین و نیگا، نەخشە و روانینی کریستیانی بۆ کەوتن یان رووخان، خەلاسی بەشەرییەت و سەرهەڵدانی خاکێکی نوێ کە بەهەشتی بنیاتنراوەوە پێکدەهێنێ بە شێوەیەکی رادیکالانە لە ناو زمانێک بتوێننەوە کە لەگەڵ دۆخە مێژوویی و رۆشنگەرییەکانی رۆژگاری خۆیان دەگونجێ.(35) لەوباوەڕەدام بۆ کینێ ئایدیای خودایەکی نوێ خەریکبووە لە دایکبێ، ئەو خودایەش بە گشتی، ئەو شوێنەی پڕ دەکردەوە کە خودا کۆنەکە بە بەتاڵی جێی هێشتبوو، بەڵام، بۆ رێنان، بوون بە فیلۆلۆگ یان فیلۆلۆژناس بەو مانایە دەهات خۆت لە هەموو پەیوەندییەک لەهەر جۆرێک بێ لەمەڕ خودای کریستیانی دووربخەیتەوە، بە چەشنێک وەک رێباز و بزووتنەوەیەکی نوێ کە دەشێ بە زانست ناوی بهێنین، لەناو فەزایەکی نوێ و ئازاد دەربکەویتەوە. رێنان هەموو ژیانی زانستی خۆی بۆ ئەوە تەرخان دەکا جەستەیەک بداتە ئەم پێشڤەچوونە.

رێنان زۆر بە روونی لە کۆتایی وتارە هەژارەکەی لەبارەی ئەسڵی زمانەکان دەڵێ: مرۆ چیتر داهێنەر نیە و، سەردەمی داهێنان بەتەواوی بەسەرچووە.(36) سەردەمێک هەبوو کە ئێمە ناتوانین دیاری بکەین مرۆ تێیدا بە تەواوی لە بێدەنگییەوە گواسترایەوە بۆ ناو وشە (وشەکان). پاش ئەوە، زمان پەیدابوو، سەرەنجام بۆ مرۆی پسپۆڕی زانستی، دەبێ هەوڵ و کۆششی پشکنین بێ لەوەی زمان چیە و چۆنە نەک چۆن هاتووە و گەیشتووە. لەگەڵ ئەمەش، ئەگەر رێنان بایەخ بە داهێنانی پڕ لە شەوق و هەڵچوونی رۆژگاری سەرەتایی نەدا (کە ئەمە هێردەر و ڤیکۆ و رووسۆ و هەتا میشلێ و کینێ –شی ورووژاندبوو)، لە جێی ئەو تایپێکی دیکەی نوێ لە داهێنانی دەستکرد بە ئەنقەستیش بێ دادەنێ، داهێنانێک کە بە


https://t.me/kurdistanbooks

شێوەیەک تەواو و پوختەکراوەوە وەک بەرهەمی شیکاری زانستی بێ. ڕێنان لە سیمینارە بەراییەکەی لە "کۆلێژ دو فرانس" لە 21 رەشەمەی 1862، بانگەوازی ئەوەی دا کە وانەکانی بۆ هەموو خەڵک کراوەیە بۆ ئەوەی بتوانن بێ هیچ یاریدەدرێک راستەوخۆ "تاقیگەی زانستی فیلۆلۆژی خۆی" ببینن.(37) تەواوی خوێنەرانی ڕێنان واتێگەیشتن ئەم دڵنیایی و دووپاتکردنەوەیە بە مەبەستی گەیاندنی تەوس و پلارێکی تایبەتییە ئەگەرچی زیاتر لاواز بوو، بەڵام مەبەست ئەوە بوو خوێنەران کەمتر دووچاری هێدمە بن وەک لە سەرسامی. چونکە ڕێنان لە "کۆلێژ دو فرانس" کورسی تایبەت بە زمانی عیبری وەرگرتبوو، سیمینارەکانیشی لەبارەی بابەتی بەشداری گەلانی سامی بوو لە مێژووی شارستانی. ئەمە چ سووکایەتییەکی زیرەکانەیە بۆ مێژووی "پیرۆز" لە جیاتی دەستێوەردانی ئیلاهییانە بۆ مێژوو تاقیگەیەکی فیلۆلۆژی دابمەزرێنی بانگەوازی ئەوە بدەی کە بەرژەوەندی رۆژهەڵات بۆ ئێمە، ئەمڕۆ، تەنیا بە سادەیی خزمەتکردنی ئەو ماتریالانەیە بۆ تۆژینەوەی زانستی ئۆروپییانە.(38) پارچە هەڵبژێردراوەکانی سیلڤێستر دو ساسی، کە وەک تابلۆ رێکخرابوون و ژیانێکی ئەوتۆیان نەبوو، ئێستە بە شتێکی دیکەی نوێ شوێنیان پڕکراوەتەوە.

گوتەی دوایی پڕ لە هەست و سۆز کە ڕێنان کۆتایی بە سیمینارەکەی هێنا تەنیا ئەو وەزیفەیەی نیە فیلۆلۆژی سامی و رۆژهەڵاتی بە ئایندە و زانست ببەستێتەوە."ئێتیەن کاترۆمێر" کە راستەوخۆ لە دوای ڕێنان کورسی تایبەت بە زمانی عیبری لە "کۆلێژ دو فرانس" وەرگرت، زانایەک بوو زیاتر بە کاریکاتورێکی میللییانەی کەسێکی توێژەری زانستی دەچوو. ئێتیەن کاترۆمێر خاوەن توانایەکی گەورەی کاری هەبوو، لاف لێدەرێکی بێوێنەش بوو، لەم بارەیەوە ڕێنان لە وتارێکی سارد و سڕ کە تا رادەیەک تایبەت بوو بە



https://t.me/kurdistanbooks

یادهێنانەوەی ئێتیەن کاترۆمێر کە لە کۆواری " Journal des débats" ساڵی 1857 بڵاوی کردبووەوە، وەک کەسێکی کارگەری دادەنێ، ئەو کاتانەی خزمەتێکی گەورەش پێشکەش دەکا ناتوانێ تەواوی ساختمانەکە ببینێ کە لە ئانی بنیاتنانە:"ئەو (ئێتیەن کاترۆمێر) ئامانجی باڵای پسپۆڕی باڵای زانستی نابینێ کە کاری بنیاتنانی بەرد بە بەردی زانستی مێژوویی ئەقڵی مرۆڤایەتییە."(39) ئێتیەن کاترۆمێر سەر بە سەردەمی ئێمە نەبوو، بەڵام رێنان بە کارەکانی پێداگیری لەوە دەکرد سەر بە سەردەمی ئێمە بێ. بێجگە لەمە، ئەگەر تا ئەوسا، رۆژهەڵات بە شێوەیەکی سەرەکی و بێهاوتا تەنیا هیند و چین بوو، ئەوا خواستی رێنان بنیاتنانی هەرێمێکی دی نوێ بوو لەو رۆژهەڵاتە تایبەت بە خۆی بێ: ئەمەش رۆژهەڵاتی سامی بوو. بێگومان رێنان هەستی بەو تێکەڵکردنە راگوزارە کردووە کە بە دڵنیاییشەوە باو بووە لە نێوان زمانی عەرەبی و سانسکریتی (وەک چۆن بەلزاک لە رۆمانی "پێستی ئەفسوونی" خەتی عەرەبی وەک تەلیسمێکی بکوژ بە خەتی سانسکریتی دادەنێ) سەرەنجام خۆی تەرخان دەکا هەمان ئەو شتەی "بۆپ" بۆ زمانە هیندوئۆروپییەکان کردوویەتی ئەویش بۆ زمانە سامییەکان بیکا: هەر ئەمەشە کە لە ساڵی 1855 لە پێشەکی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکەی لە زمانە سامییەکان باسی دەکا.(40) کەواتە نەخشەکانی رێنان رۆشنکردنەوەی زمانە سامییەکان بوو بە رووناکییەکی زیندوو و سەرنجڕاکێش، بە شێوازی "بۆپ" و، بێجگە لەمەش، بەرزکردنەوەی تۆژینەوە لەم زمانە پشتگوێخراو و ژێردەستانە بۆ ئاستی زانستێکی دیکەی نوێی ئەقڵی، وەک گەڕان و پشکنینێکی پڕ لە سۆز و هەڵچوونی "لوی لامبێرت"یيانەی بەلزاک.

زیاتر لە جارێک رێنان بە روونی دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە سامییەکان و زمانی سامی داهێنانی تۆژینەوە فیلۆلۆژییە رۆژهەڵاتناسییەکان بووە. لەبەرئەوەی خۆیشی وەک مرۆ و پسپۆڕی



https://t.me/kurdistanbooks

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە بووە، ئەمەش مانای وایە ئیدی تەمومژێک لەسەر رۆڵی ناوەندی ئەو لەم داهێنانە نوێ و دەستکردە نەبووە. بەڵام رێنان چۆن لە وشەی "داهێنان" لەناو ئەم دۆخانە دەگەیشت؟ ئینجا چۆن ئەم داهێنانە بەستراوەتەوە بە داهێنانی سروشتی یان بەو داهێنانەی لەلایەن رێنان و تاقیگەکانی دی دراوەتە پاڵ زانستە پۆلینکارەکان و سروشتییەکان، بە شێوەیەکی سەرەکی ئەوەی پێی دەڵێن ئەناتۆمی فەلسەفی؟ لێرەوە پێویستیمان بە کەمێک رامان و قووڵبوونەوە هەیە. پێدەچێ رێنان بە درێژایی تەواوی ژیانی زانستی خۆی، خەیاڵی بۆ ئەوە چووبێ کە رۆڵی زانست لە ژیانی مرۆ "واتە گوتنی یەکجارەکی ئەوە بە مرۆ کە وشەی (لۆگۆس؟) واتە شتەکان".(42) زانست زمانی ئاخاوتن دەداتە شتەکان، هێشتا وێوەتر، زانست وادەکا گوتارێکی هەبوو وەک وزەیەکی شیاوی پێش شتەکان دەربێنێ و خۆی بەیان بکا. نرخی زماننناسی (کە بەم شێوەیە زۆرجار ناوی فیلۆلۆژی نوێیان هێناوە)، مەسەلە ئەوە نیە زانستە سروشتییەکان بەو دەچن، بەڵکو مەسەلەکە زیاتر ئەوەیە کە تۆژینەوە لەبارەی وشەکان، وشەکان وەک شتە سروشتییەکان وەریدەگرێ، لە دەرەوەی ئەمە وشەکان لاڵن، ئێمە ناچاریان دەکەین لە نهێنییەکانی خۆیان هەڵماڵن. دەبێ ئەوە بە بیرخۆمان بهێنینەوە کە گوزەری سەرەکی لە بواری لێکۆڵینەوە لە رێنووس و خەتەکان، لە خەتی هێرۆگلیفی، ئەو کاتە هاتە بەرهەم و جێبەجێکردن کە شامپۆلیۆن رەمزە هەڵکۆڵراوەکانی سەر بەردی "رۆزێت"ی (بەردەنووسی رۆزێت) دۆزییەوە، ئەم نووسراوەی سەر ئەم بەردە پێکهاتەیەکی فۆنێتیکی و شیکاری هەبوو.(43) سەرەنجام قسەپێکردنی شتەکان، وەک ئەوە وابوو قسە بە وشەکان بکەی، نرخ و بەهایەک لەمەڕ دۆخ و زروفیان پێ ببەخشی و بە وردی جێگەیەکی دیاریکراویان لەناو دەستوری گونجان و رێکیی بە قانونێک پێ بدەی. لە هەنگاوی یەکەم وەک مانا، وشەی "داهێنان" بەو شێوەیەی رێنان بەکاریهێناوە، بە



https://t.me/kurdistanbooks

مانای دروست گۆکردن دەهات کە بە هۆی ئەمەوە شتێک وەک زمانی سامی بەو چاوە سەیری بکرێ وەک بوونەوەرێک بێ بە چەشنێک. دووەمین، ئەم وشەیە بە مانای دێکۆر-یش دەهات (لە حاڵەتی زمانی سامیدا، ئەم وشەیە بە مانای مێژوو، کولتوور، نەژاد، گیانی رۆژهەڵاتیش دەهات) لەلایەن مرۆی توێژەری زانستی رۆشنکراوەتەوە و لەناو لاڵی و بێدەنگی دەرهێنراوە. دواجار "داهێنان" خۆی بریتی بوو لە دارِشتنی سیستەمێکی پۆلێنکردن رێگەی بۆ ئەوە خۆشدەکرد بتوانێ ئەو شتەی مەبەستە ببینرێ، ئەمەش بە بەراوردکردن لەگەڵ شتی دیکەی هاوشێوە. ئینجا لە مەسەلەی "بەراوردکردن"یش رێنان مەبەستی لە تۆڕێکی گرێچن بوو کە پەیوەندییەکی پارادیگماتیک کۆی دەکردنەوە لە نێوان زمانە سامییەکان و هیندوئۆروپییەکان ئەکتیڤ بوو.

ئەگەر، لە هەموو ئەوانەی تا ئێستە گوتوومە، لەم تۆژینەوەیە پێداگیریم لەسەریان کردووە، کە تا رادەیەکیش لەیادکراون، زمانە سامییەکان لەلایەن رێنانەوە باسکراون، لەبەر چەند هۆیەکە، زمانی سامی بابەتی تۆژینەوەی زانستییە کە رێنان بایەخی پێداوە راستەوخۆ هەر ئەو کاتەی باوەڕی کریستیانی لە دەستداوە، لەسەرەوە باسی ئەوەم کردووە چۆن، رێنان گەیشتۆتە تۆژینەوە لە بواری زمانی سامی و شوێنی باوەڕی ئایینی ئەوی گرتۆتەوە هەر ئەمەش رێگەی ئەوەی بۆ کردۆتەوە، دواتر بچێتە ناو بواری پەیوەندییەکی رەخنەیی لەگەڵی. لێکۆڵینەوە لە زمانی سامی یەکەمین لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتناسی راستەقینە و مەزن بووە کە لەلایەن رێنانەوە کراوە. (ساڵی 1847 تەواو بووە و ساڵی 1855 بۆ یەکەمین جار چاپ و پەخش کراوە.) ئەمەش وەک دەروازە و سەرەتایەکە بۆ کارە سەرەکییەکانی دواتری لەبارەی ئەسڵی کریستیانیزم و مێژووی جوولەکەکان. پرۆژەی رێنان ئەگەر نەخشە

یان کارنامەی ئەو لەبەرچاو بگرین، شتێکی سەرنجڕاکێشە، ئەگینا تەنیا هەندێ لە کارە کلاسیکییەکان یان هاوچەرخەکانی، چ لەبارەی مێژووی رۆژهەڵاتناسی بن یان مێژووی زمانناسی، زیاتر رێنانی پێ ناسراوە (44)، کارەکەی لەبارەی زمانی سامی وەک گوزەر و چوونەناو فیلۆلۆژی وایە هەر لەسەر ئەمەش بەندە، هەر لەمەشەوە دواتر دەستەڵاتێکی بەسەر رابردوو لێ دەرهێناوە، هەڵبەت بۆ پشتگیری پێگەی خۆی (کە تا رادەیەک هەمیشە لاواز بووە) لەبارەی ئایین، نەژاد و ناسیۆنالیزم. (45) بۆ نموونە هەر جارەی رێنان ویستبی شتێک لەبارەی جوولەکەکان یان موسلمانەکان بڵێ، هەردەم ئەو رەخنە زبر و دیارەی لەبارەی سامییەکان لە مێشکدا بووە (ئەمەش رەخنەیەک بوو بێ بنچینە تەنیا لە زانستدا نەبێ بەو شێوەیەی پراکتیکی کردووە). بێجگە لەمە، لێکۆڵینەوە لە زمانە سامییەکان بابەتێک بووە لەلای رێنان لە یەک کاتدا بۆ بەشداری کردن لە گەشەپێدانی زمانناسی هیندوئۆروپی و لێکجیاکردنەوەی چەندین جۆری رۆژهەڵاتناسی لە یەکتری. بۆ یەکەمیان، زمانی سامی فۆرمێکی (یان زمانە سامییەکان) داوەشاو و رووخاو بووە، داوەشاو و رووخاو بە مانا ئەخلاقییەکەی و بە مانا بیۆلۆژییەکەی، کەچی بۆ دووەمیان، زمانی سامی فۆرمێکی جێگیری رووخانی کولتووری بووە. دواجار، زمانی سامی یەکەمین داهێنانی رێنان بووە، خەیاڵێک بووە کە لەناو تاقیگەی فیلۆلۆژی دایهێنابوو بۆ تێرکردنی ئەو پێگەیەی خۆی و میسیۆنە گشتییەکەی هەیبوو. بێگومان ئێمە نابێ ئەوەمان بۆ ساتێکیش بەسەردا تێپەڕێ کە بابەتی سامی و سامییەکان بەلای کەمییەوە، رەمزی باڵادەستی ئۆروپایە (بە هەمان شێوە هی خۆشی) لەسەر رۆژهەڵات و لەسەر سەردەمەکەی.

کەواتە بەم جۆرە وەک لقێک لە رۆژهەڵات، زمانی سامی نە بە تەواوی شتێکی سروشتی بووە، وەک جۆرێک لە مەیموون بۆ



https://t.me/kurdistanbooks

نموونە، نە بە تەواوی شتێکی ناسروشتی یان خودایی بووە وەک پێشتر بۆی دەچوون. بەڵکو زیاتر زمانی سامی پێگەیەکی ناوەنجی هەبووە، هەڵکەوتە خواروخێچەکەی ئەم شەرعییەتەی پێداوە (بەو مانایەی زمانە هیندوئۆروپییەکان خواروخێچی تێدانیە) ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ زمانە ئاساییەکان، دەبینین زمانی سامی وەک دیاردەیەکی لاتەریک و تا رادەیەک کێویانە تێیگەیشتوون، چونکە کتێبخانەکان و تاقیگەکان و مۆزەخانەکان دەیانتوانی سوودی لێ وەرگرن بۆ پێشانگا و شیکاری. رێنان لە تۆژینەوەکەی، تۆنی دەنگێک و مۆدێکی پیشاندانی وای بەکارهێناوە بتوانێ گەورەترین کاریگەری زانینی سەر بە کتێبان لەگەڵ تێبینی سروشتی بە دەست بهێنێ بەو شێوەی کەسانی وەک "کوڤیێ" و "ژیۆفروا سان هێلێر"ی باوک و کوڕ بەکاریانهێناوە. کارەکەی رێنان بەرهەمێکی شێوازگەری گرینگە، چونکە رێنان توانیویەتی بە شێوەیەکی توندوتۆڵ "کتێبخانە" بەکاربهێنێ، وەک لە پشت بەستن بە "سەرەتایی" یان کردەی ئیلاهی، وەک چوارچێوەیەکی کۆنسێپتی تێیدا لە زمان بگەین، هەروەها توانیویەتی لە هەمان کات مۆزەخانەش بەکاربهێنێ، کە شوێنێکە تێیدا ئەنجامەکانی تێبینی بەدەستهێنراو لە تاقیگەکان دەبنە کەرستەی پێشانگا یان کەرستەی لێکۆڵینەوە و خوێندن. (46) کەچی رێنان کە باس لە هەقیقەتە مرۆییە ئاساییەکان دەکا وەک: زمان، کولتوور، زیرەکی، ئەندێشە، بەو شێوە باسیان دەکا وەک ئەوەی بۆ شتێکی دیکە گۆڕابن، شتێک تەواو لە رێی خۆیان لایاندابێ چونکە ئەم شتانە سامین یان رۆژهەلاتین، چونکە دواجار دەبنە کەرستەی تاقیگە بۆ ئەوەی شیبکرێنەوە. بەم جۆرە دەبینین سامییەکان لەلای ئەو خەڵکێکی یەکتاپەرستی مولتەزیمن، نە میتۆلۆژی نە هونەر نە بازرگانی نە شارستانییان بەرهەم نەهێناوە، خاوەن هوشیارییەکی کەم و گرژن، بە گشتیش سامییەکان نوێنەرایەتی "هاوکێشەیەکی ژێردەستە و ئاست نزمی سروشتی مرۆیی" دەکەن.(47) لە هەمان



https://t.me/kurdistanbooks

کات ڕێنان دەیەوێ تێی بگەین کە ئەو باس لە نموونەی تایپێک دەکات نەک تایپی ڕاستەقینەی سامی، ئەگەرچی ئەو خۆشی لەگەڵێ لە نووسینەکانی لەسەر ئەو پێگەیە بەردەوام نەبووە: بۆ نموونە کە باس لە جوولەکە و موسلمانانی ئەمڕۆ دەکا، هەست بە بێلایەنی زانستی ناکرێ. (48) بەم جۆرە دەبینین لەلایەک، گۆڕان یان گۆڕینی مرۆیی بۆ نموونەیەک، لەلایەکی دی بە حوکمدانێکی بەراوردکاری کە ئەم نموونەیە وەک نموونەیەک و وەک بابەتێکی تۆژینەوەی فیلۆلۆژی و زانستی دەمێنێتەوە.

لێرە و لەوێ لە (مێژووی گشتی و سیستەمی بەراوردکاری زمانە سامییەکان)، قووڵبوونەوە و بیرکردنەوەیەک لەبارەی پەیوەندییەکان لە نێوان زمانناسی و ئەناتۆمی هەستی پێدەکرێ، (بێگومان ئەمەش بە قەد ئەوە گرینگە بۆ ڕێنان) لەبارەی شێوازی یان چۆنیەتی ئەم پەیوەندییانە بتوانرێن بەکرابهێنرێن بۆ "زانستی مێژوویی". بەڵام پێویستە سەرەتا باس لە پەیوەندییەکانی بنەوە یان پەیوەندییە شاراوەکان بکەین. لەو باوەڕەدا نیم هەڵە یان درێژدادڕی بێ بڵێین لاپەڕەیەک وەک نموونەیەک لە کتێبی "مێژووی گشتی.." ڕۆژهەڵاتیانەی ڕێنان بە چەشنێک نووسراوە وەک نموونە و ستروکتورێک ڕێنان ئەوەی لە خەیاڵدابووە بە شێوازی لاپەڕەیەک لە ئەناتۆمی فەلسەفەی بەراوردکارانەی "کوڤیێ یان ژیۆفروا سان هێلێر" بنووسێ. زمانناسەکان و ئەناتۆمیستەکان زۆربەیان پێیانوایە باس لە بابەتێک دەکەن ڕاستەوخۆ ناگیرێ یان ناشێ لەناو سروشت تێبینی بکرێ، لەبەرئەوەی سکێلێتێک (ئێسکبەندێک) یان نیگارێکی وردی ماسولکەیەک و پارادیگمە بنیاتنراوەکان لەلایەن زمانناسەکان لە ڕێگەی نموونەیەکی سەرەتایی سامی یان هیندوئۆروپی تەواو وەک پێشنیهادێک، بە هەمان شێوە ئەمانەش بەرهەمی تاقیگە و کتێبخانەن. تێکستی نووسراوێکی زمانناسی یان ئەناتۆمی هەمان ئەو پەیوەندییە



https://t.me/kurdistanbooks

گشتییە بە سروشت (یان بە واقیع) پیشان دەدا وەک چۆن مینای مۆزەخانەیەک نموونەیەک لە گیانەوەری شیردەرە لەناوچووەکان یان ئۆرگانێک لەمانە پیشان دەدەن. ئەوەی لە لاپەڕەکە پێشکەش کراوە لەگەڵ ئەوەی لەناو مینای مۆزەخانە پیشان دراوە درێژدادڕی ناتەواوی تێدایە، وەک زۆرێک لە پارچە هەڵبژێردراوە رۆژهەلاتییەکانی سیلڤێستر دو ساسی، کە ئامانجی پیشاندانی پەیوەندییەک بووە لە نێوان زانست (یان توێژەری زانستی) و شت، نەک پەیوەندییەک لە نێوان شت و سروشت. هەر لاپەڕەیەک بێ هەڵبژاردنی پێشوەختە لە نووسراوەکانی رێنان لەبارەی زمانی عەرەبی، عیبری یان ئارامی یان سامی سەرەتایی بخوێنیتەوە: وەک ئەوە وایە کردەیەکی دەستەلات بخوێنیتەوە کە بە هۆی ئەمەوە ئۆتۆریتێی فیلۆلۆگی رۆژهەلاتناس بە ئارەزووی خۆی لەناو کتێبخانە کۆمەڵێک لە نموونەی گوتاری مرۆیی دەردێنێ و، جارێکی دیکە لە کتێبخانەیان دادەنێتەوە، بەلام ئەم جارە دەورەدراو بە پەخشانێکی ناسکی ئۆروپییانە کە وادەکا جارێکی دیکە خەوشەکانیان، خەسڵەتی چلۆنایەتییان، خەسڵەتی کێویانەیان، خەوش و ناتەواوی زمانەکەیان، هی گەل و شارستانییان دەربێنێتەوە. ئەم پیشاندانەش بە تۆن و زەمەنێک باس دەکرێن وەک ئەوەی باس لە ئێستە و رۆژەڤدا بکەن، بە چەشنێک هەستی ئەوە دروست بکا لە کاتی پێشکەشکردنی وانەیەکی پێداگۆژی مرۆی پسپۆڕی بالای زانستی لەسەر تریبون بەرانبەر بە ئێمە لەناو هۆڵی پێشاندان دەوەستێ، بۆ ئەوەی داهێنانی لێ بکا، شت گلداتەوە و حوکم لەسەر ئەو ماتریالە بدا کە تۆژینەوە لەبارەیانەوە دەکا.

لەو شوێنەی دەبینین رێنان چەندە بە باشی خۆزگە دەخوازێ روانینێک وەک پیشاندان و خستنەڕووێک پێشکەش بکا کە خەریکە روودودا، ئەمە ئەو کاتەیە کە بە شێوەیەکی روون تێبینی دەکا، کەچی


https://t.me/kurdistanbooks

ئەناتۆمی نیشانەی جێگیر و دیار بەکاردەهێنێ کە بە هۆی ئەمانەوە دەتوانێ دەستنیشانی شتەکان بکا بۆ چەندین کلاس، بەڵام زماناناس ئەمە ناکا.(49) کەواتە فیلۆلۆگ دەبێ بە هەر شێوازێک بێ هەقیقەتێکی زماناسی خراوەڕوو لەگەڵ سەردەمێکی مێژوویی بسازێنێ: لێرەوە شیمانەی پۆلینکردنێک هەیە. لەگەڵ ئەمەش، هەروەک رێنان زۆرجار دەیگوت، خەسڵەتی زماناسی و مێژوو پڕ لە کەلێنن، پڕ لە پچڕانی مەزنن، پڕ لە سەردەمێکی گریمانین. کەواتە رووداوە زمانناسییەکان لەناو مەودا و رەهەندێکی زەمەنی نەک لەسەر هێڵێکی رێک روودەدەن، ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی پچڕپچڕە کە زماناناس بە شێوازێکی زۆر تایبەتی کۆنترۆلی دەکا. ئەم شێوازەش شێوازی بەراوردکارییە وەک هەموو تۆژینەوەکانی رێنان لەبارەی لقی زمانە سامییەکانی رۆژهەڵاتی کە بە ئازارێکی زۆرەوە پیشانی دەدا: رێنان زمانەکانی هیندوئۆروپی وەک پێوەرێکی زیندوو "ئۆرگانیک" وەردەگرێ، سەرەنجام بە بەراوردکردن دەبینین زمانە سامییەکان نائۆرگانیکن.(50) زەمەن گۆڕدراوە بۆ شوێن کە تێیدا پۆلێنکردنە بەراوردکارییەکانی لێ روودەدا، ئەمەش لە بنچینەدا لەسەر ئۆپۆزیسیۆنێکی دوانەیی گرژ لە نێوان زمانە ئۆرگانیکەکان و زمانە نائۆرگانیکەکان دامەزراوە.(...) ئەوەی کە زۆر گرینگە، ئەوەیە رێنان زۆر بە روونی دڵنیایی لەسەر دەکاتەوە کە ئەم حوکم لەسەردانە ئیجبارییە کاری فیلۆلۆگە لەناو تاقیگە، چونکە جیاکردنەوەی تایپێک لەوانەی کە ئەو پێیانەوە خەریکە تەنیا ئەو کاتە دەشێ یان کە بۆ پسپۆڕی شارەزا کراوەیە: "کەواتە ئێمە خەسڵەتی خۆنوێکردنەوە لە زمانە سامییەکان رەت دەکەینەوە وێڕای دانپیانان کە ئەوانیش ناتوانن وەک هەموو کارێکی دیکەی هوشیاری مرۆیی خۆیان لە پێویستی گۆڕان و گۆڕانی یەک لە دوای یەک دەرباز بکەن".(51).



https://t.me/kurdistanbooks

بەڵام لەم دیوی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە رادیکالە، ئۆپۆزیسیۆنێکی دی لە کارەکە لەناو زەینی رێناندا هەیە و، لەم رووەشەوە بە شێوەیەکی ساویلکانە هەڵوێستی خۆی بۆ خوێنەر لە چەند لاپەڕەیەک لە بەشی یەکەمی کتێبی پێنجەم روون دەکاتەوە. ئەمەش ئەو کاتەیە کە روانینەکانی "ژیۆفروا سان هێلێر" لەبارەی "پووکانەوەی تایپەکان"(52) دەهێنێتەوە. ئەگەرچی رێنان ناڵێ پشت بە کام ژیۆفروا سان هێلێر دەبەستێ، ژیۆفروا سان هێلێری باوک یان کوڕ، سەرچاوەکەی زۆر روونە، چونکە، "ئێتیەن" و "ئیزیدۆر"ی کوڕەکەی هەردووکیان خاوەن ناوودەنگ و کاریگەری مەزن بوون بەهۆی بیرکردنەوەیان وەک بیۆلۆژیست، بەتایبەتی لەناو ئەدیبانی فرانسی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم. نابێ ئەوە لەیاد بکەین "ئێتیەن" یەکێک بوو لە ئەندامانی "حەملەی میسر" و "بەلزاک"یش لە "کۆمێدیای مرۆیی"ەکەی بەشێکی گەورەی لە پێشەکییەکەی پێشکەش بەو کردووە، کۆمەڵێک شایەدحاڵیش هەیە کە فلۆبێر کارەکانی باوک و کوڕی خوێندۆتەوە و سوودی لە ئایدیاکانی ئەوان بۆ کارەکانی خۆی وەرگرتووە.(53) ئێتیەن و ئیزیدۆر نەک هەر تەنیا میراتگری نەریتی بیۆلۆژی "رۆمانتیک" بوون، کە "گۆتە" و "کوڤیێ"ش دەگرێتەوە، بەڵکو ئەوان بایەخیان بە ئەنالۆژی و هۆمۆلۆژی و فۆرمی سەرەتایی لەناو جۆرەکان دەدا، لە هەمان کاتیش پسپۆڕبوون لە فەلسەفە و ئەناتۆمی ئەندامی شێواو کە ئیزیدۆر ناوی لێنابوو "تێترالۆژی"، ئەوان پێیانوابوو شێوانە فیزیۆلۆژییە هەرە تۆقێنەرەکان ئەنجامی پووکانەوەی ناوەکی ژیانی جۆرەکان بووە.(54) لێرەوە من ناتوانم بچمە ناو ئاڵۆزییەکان (سەرسامی ناقۆڵای خۆم پێشان بدەم) لەبارەی تێترالۆژی: تەنیا ئەوەندە هەموو شتێکە ئاماژە بەوە بدەم کە ئێتیەن و ئیزیدۆر ژیۆفروا سان هێلێر، هەردووکیان هێز و توانای تیۆری پارادیگمی زماناسییان بەکاردەهێنا بۆ شیکردنەوەی لادانەکان کە دەشێ لەناوەوەی سیستەمێکی بیۆلۆژی بێتەکایەوە. بەم جۆرە،



https://t.me/kurdistanbooks

ئێتیەن لەوباوەڕەدابوو کە بوونەوەرێکی شێواو "لادانێکە"، بە هەمان ئاراستەی مانا، لەناو زمانیش، هەندێ وشە لەناو پەیوەندییەکی ئەنالۆژیدا هەن یەک لەگەڵ ئەویتر لە پەیوەندییەکی نائاساییدان: لە زمانناسیدا، ئەم روانینە بەلای کەمی دەگەڕێتەوە بۆ "زمانی لاتینی" ڤارۆن. هیچ "لادانێک" ناشێ بە سادەیی وەک دەراویتە (استثناء Exception) یەکی بێ بنەما دابنرێ، بە پێچەوانەوە "لادانەکان" ئەو ستروکتورە رێکانە بە راست دەگەڕێنن کە ئەندامەکانی یەک چین یان یەک جۆر بە یەک دەگەیەنن. ئەمەش بۆ ئەناتۆمی روانینێکە جورئەتێکی زۆری تێدایە. ئێتیەن ژیۆفروا سان هێلێر لە بەراییەکانی کتێبی "فەلسەفەی ئەناتۆمی"دا دەڵێ:

(راستە، ئەمەیە خەسڵەتی سەردەمی ئێمە، مەحاڵە ئەمڕۆ دڵڕەقانە خۆمان لەناو چوارچێوەیەکی سادەی مۆنۆگرافییەک (وەک کتێبی رێنمایی) قەتیس بکەین. تۆژینەوە لە شتێک دوور و دوورەپەرێز، تەنیا دەبێ بۆ خۆی بیگەڕێنێتەوە، سەرەنجام تەنیا زانینێکی ناتەواوت دەست دەکەوێ. بەڵام ئەگەر لەناو کۆمەڵێک شتی دیکە تۆژینەوەی لەسەر بکەی، دەبینین لە زۆر لاوە لێک نزیک دەبنەوە و لە هەندێکی دیکە دوور دەکەونەوە، ئەوسا پەیوەندی فراوانتر دەدۆزینەوە. سەرەتا باشتر دەیناسی، هەتا لەناو تایبەتمەندی خۆیشی: بەڵام ئەگەر زیاتر لەناوەڕاستی چێوەی چالاکی خۆی بایەخی پێبدەی، ئەوسا دەزانی چۆن دەچێتە دەرەوەی جیهانی بوونی خۆی و، هەموو ئەوانەش دەناسی کە ئەو خۆی پێشوازییان لێ دەکا وەک چلۆنایەتی، بەهۆی پەرچەکرداری ناوەندێکی گونجاو.(55)

ژیۆفروا سان هێلێر هەر ئەوە ناڵێ پشکنینی بەراوردکارانەی دیاردەکان خەسڵەتی تایبەتی لێکۆڵینەوەی سەردەمەکەیەتی (ئەو لەساڵی 1822 دەینووسی)، بەڵکو، بۆ مرۆی زانستخواز، ئەمە بوونی نیە، دیاردەیەک، ئەگەر شێواو و دەراویتەش بێ، نەتوانرێ شیکاریشی



https://t.me/kurdistanbooks

بۆ بکرێ بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە لەمەڕ چەندین دیارەی دی. با تێبینی ئەوە بکەین ژیۆفروا سان هیلێر چۆن میتافۆری (مەجاز) ناوەند (سەنتەر) بەکاردەهێنێ (سەنتەری چێوەی چالاکی) کە دواتر ڕێنان لە کتێبی (ئاییندی زانست) بۆ وەسفکردنی پێگەی هەموو شتێک بەکاری دەهێنێ کە لەناو سروشت داگیری دەکا، (هەتا بۆ فیلۆلۆژناسێکیش) ڕاستەوخۆ دوای ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی لەلایەن توێژەری زانستی لە شوێنی خۆی دادەنرێ بۆ پشکنین لەبارەیەوە. پاشان، پەیوەندییەکی دڵگیر لە نێوان شت و توێژەری زانستی بەرقەرار دەبێ. لەولاشەوە ناشێ ئەمە ڕووبدا تەنیا لەناو تاقیگە لەکاتی پشکنیندا نەبێ. ئەوەی دەمانەوێ پیشانی بدەین، ئەوەیە کە توێژەری زانستی جۆرێک لە باڵادەستی هەیە ڕێگەی پێدەدا بە شێوەیەکی سروشتی ببینێ و، بە شێوازێکی زانستیانەش ڕووداوێکی چاوەڕوانەکراویش ببینێ، لەم حاڵەتەدا، مانای وایە بێ ئەوەی پشت بە شتێکی وەک "سەرەوەی سروشت یان ئەودیو سروشت" ببەستین، دەتوانین پشت بە ناوەندێکی گونجاو ببەستین لەلایەن توێژەری زانستییەوە پێکهاتبێ. ئەنجام: سروشت خۆیشی دەشێ سەرلەنوێ وەک بەردەوامییەک ببینرێ، توندوتۆڵ بە شێوەیەکی هارمۆنیانە و بە شێوەیەکی سەرەکیش ڕوون بۆ تێگەیشتن.

بەم جۆرە، زمانی سامی بۆ ڕێنان دیاردەیەکە بۆ گەشەپێدانێکی پچڕاو ئەگەر بە زمان و کولتوورەکانی هیندوئۆروپی بەراوردی بکەین کە گەیشتوونەتە پلەی پێگەیشتن، هەڵبەت بە زمانەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتیش.(56) لەگەڵ ئەمەش دەبینین ڕێنان پشتگیری لە پارادۆکسێک دەکا: ئەو کاتەش کە ڕێنان ئازایەتیمان پێدەبەخشێ زمانەکان وەک پەیوەندییەک لەگەڵ (بوونەوەرە زیندووەکانی سروشت) ببینین، لەولاشەوە دەیەوێ لە هەموو ڕوویێکەوە ئەوە بسەلمێنێ کە زمانەکانی ڕۆژهەڵات، زمانە سامییەکان، زمانی



https://t.me/kurdistanbooks

نائۆرگانین، وەستاون، تەواو بە بەردبوونە، توانای نوێبوونەوە یان لەدایکبوونەوەشیان نیە، بە چەشنێکی دیکە، دەیەوێ بیسەلمێنێ کە زمانی سامی زمانێکی زیندوو نیە، دواجار ئەو مانایەش دەدا کە سامییەکان خۆشیان بوونەوەری زیندوو نین. بەڵام زمان و کولتووری هیندوئۆروپییەکان زیندوون، هەڵبەت بە هۆی تاقیگە نەک لەبەر خۆیان.

بەڵام، دوور لەوەی ئەم روانینە شتێکی پەراوێزخراوبێ لە کارەکانی رێنان، بە رای من ئەم پارادۆکسە، لە ناوەندی ئەم کارانەیدا هەیە، لە شێوازی نووسینی، هەروا لە بوونی خۆی وەک ئەرشیڤێک لەناو کولتووری سەردەمی خۆی، ئەو کولتوورەی کە ئەو زۆر بەشداری تێدا کردووە، بەوانەشەوە کە بەشدارییان لەم کولتوورە کردووە وەک کەسانی جیاجیای وەک ماتیۆ ئارنۆلد، ئۆسکار وایلد، جەیمس فرێزەر و مارسێل پروست. ئەم روانینەش تەواوی ژیانی بوونەوەرە نیمچە زیندووەکانی گرتۆتە خۆی و دەستی پێوەگرتوون (هیندوئۆروپی، کولتووری هیندوئۆروپی) بەوانەشەوە کە دیاردەی نائۆرگانیکن لەپاڵ ئەوانی دی هەن، کە شێواون (وەک زمانی سامی و کولتووری رۆژهەڵاتی): هەر ئەمەش کە زۆر بە وردی مرۆی زانستخوازی ئۆروپی لە تاقیگەی خۆی بەدەستی دەهێنێ. ئەو مرۆڤە بنیات دەنێ، ئەم کردەی بنیاتنانە خۆیشی نیشانەیەکە بۆ دەستەڵاتی ئیمپریالی لەسەر دیاردە یاخییە بەرگریکارەکان، لە هەمان کاتیش بە دروست پیشاندانی کولتووری باڵادەست و هەڵکەوتە ئاساییەکەیەتی (سروشتی). لە راستیدا دەتوانین بە دروستی بڵێین کە تاقیگەی فیلۆلۆژی رێنان شوێنی راستەقینەی ئیتنۆسەنتەریزمی ئۆروپی ئەوە، بەڵام ئەوەی دەبێ لێرەدا خەتی بەژێردا بهێنین، ئەوەیە تاقیگەی فیلۆلۆژی لە دەرەوەی گوتار بوونێکی نیە، لە دەرەوەی ئەو نووسینانە بوونێکی نیە کە لە رێگەی ئەمانەوە بەردەوام بەرهەم



https://t.me/kurdistanbooks

هێنراوە و هەستی پێکراوە. بەم جۆرە، هەتا ئەو کولتوورەش کە ئەو، رێنان، بە ئۆرگانی و زیندووی لەقەڵەم دەدا، کولتووری ئۆروپا، ئەمەش کولتوورێکە لە پرۆسەی دروستبوون و بنیاتانە لەناو تاقیگە بە هۆی فیلۆلۆژییەوە.

کۆتایی ژیانی زانستی رێنان هەمووی ئۆروپی و کولتووری بوو، ئەم ژیانە پڕ لە کاری جۆربەجۆر بوو، هەر ئەمەش ناووبانگی پێدابوو. ئەگەر شێوازی رێنان هەندێ دەستەڵاتی هەبووبێ، لەو باوەڕەدام هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەکنیکەی بەکاری دەهێنا بۆ بنیاتنانی نائۆرگانیک و (یان ئەوەی نوقسان بووە) بە رواڵەت بەخشینی ژیان پێی. بێگومان ئەوەی کە زیاتر ناووبانگی پێدەرکردبوو کتێبی "ژیانی کریست" بوو، کە وەک دەروازیەک بوو بۆ مێژووە مەزنەکەی لە بارەی کریستیانیزم و گەلی جوولەکە. بەڵام ئێمە دەبێ تێبگەین کە "ژیانی کریست" "شاکارێک" بوو تەواو وەک هەمان تایپی کتێبی "مێژووی گشتی": بنیاتنانی مێژوویێک، توانای هەبێ بە لێوەشاوەیی بایۆگرافییەکی رۆژهەڵاتی مردوو دابهێنێ (مردوو بۆ رێنان دوو مانای هەبوو، جارێک وەک مردنی ئیمانێک، جارێکیش وەک سەردەمێکی مێژوویی لەدەستچوو، واتە مردوو) راستەوخۆ پارادۆکسێکی تێدایە، وەک ئەوەی سەربردەی هەقیقی ژیانێکی سروشتی بێ. هەموو ئەو شتەی رێنان دەیگوت سەرەتا بەناو تاقیگەی فیلۆلۆژیدا تێدەپەڕی، لێرەوە لەناو تاروپۆی تێکستە چاپکراوەکەی، هێزێکی داهێنەری ژیانی مۆرکێکی کولتووری هاوچەرخ هەبوو، کە هەموو دەستەڵاتی زانستی خۆی و هەموو "ئۆتۆرازیبوون"ی خۆی لەناو مۆدێرنیتێ دەردەهێنا. بۆ ئەم جۆرە کولتوورە، هەندێ یەکەی مێژوویی وەک ماڵبات، نەریت، ئایین، کۆمەڵە ئیتنیکییەکان، ئەمانە هەموویان بە سادەیی وەزیفەی تیۆرێک بوونە ئەرکیان فێرکردنی جیهان بووە. بە وەرگرتنی ئەم دەستەواژەی



https://t.me/kurdistanbooks

دوایی لە کوڤیێ، ڕێنان بە هوشیارییەوە پیشاندانی ئەزموونی زانستی لەسەرەوەی ئەزموون خۆی دادەنا، سیفەتی زەمانی لە "لەناو جیهانی ئەزموونی ڕۆژانە" دووردەخستەوە، هیچ سوودێکی زانستی نەبووە، کەچی دەستەڵاتەکانی ڕوانینی ئەخلاقی زۆر پێشکەوتوو بەگەڵ سەردەم (ایەتی) تایبەتی کولتووری و بەراوردکاریانەی کولتووری دەخرا (کە ببوونە سەرچاوەی دایک بۆ ئیتنۆسەنتەریزم، تیۆری نەژادپەرستی و چەوساندنەوەی ئابووری).

شێوازی ڕێنان، تەواوی ژیانی وەک ڕۆژهەڵاتناسێک و وەک ئەدیبێک، ئەو کۆنتێکستەی لەمەڕ مانا کە دەیگەیەنێ، پەیوەندی زۆر نزیکی بە گشتی لەگەڵ کولتوور و لەگەڵ تۆژینەوەی باڵای ئۆروپی سەردەمەکەی (لیبرال، گشتگیر، بڕیاردەر، دژەمرۆ بە مانایەکی زۆر تایبەتی) من وەک ڕوانینەکانی کەسێکی ڕەبەن و زانستخوازی دەیبینم. بۆ ئەو، داهێنان زیاتر سەر بە مەملەکەتی ئایندەیە، ئەمەش لە مانیفێستە بەناووبانگەکەیدا تێکەڵ بە زانستی دەکا. ئەگەرچی ئەو وەک مێژوونووسێکی کولتووری سەر بە هەمان قوتابخانەی ئەو کەسانەن وەک "تورگۆ"، "کۆندۆرسێ"، "ڤیکتۆر کوزا"، "ژیۆفروا" و "بالانش"، وەک پسپۆڕی باڵاش وەک "سیلڤێستر دو ساسی، کۆسا دو پێرسوڤال، ئۆزانام، فوریەل و بوورنووف" وایە، جیهانی ڕێنان بە شێوەیەکی تایبەتی جیهانێکە زیانبارە، شێتانە نێرە، جیهانێکە لە ڕاستیدا پڕ لە مێژوو و زانستە، ئەمەش جیهانێکە، هی باوکان و دایکانی خاوەن منداڵ نین، جیهانێکە وەک مەسیحەکەی خۆی، وەک مارک ئۆرێل، "کالیبان"ەکەی خۆی، "خودای هەتاو"ەکەی خۆی (بەو شێوەی خۆی لە "خەونەکان" لە "دیالۆگە فەلسەفییەکان" وەسفی کردووە).(57) ڕێنان بە چاوێکی پیرۆز تەواو تایبەتی سەیری دەستەڵاتی زانست و فیلۆلۆژی ڕۆژهەڵاتناسی دەکرد، بە دوای ڕوانینی قووڵ و تەکنیکەکانی دەگەڕا، بۆ دەستێوەردانەکانی بەکاری



https://t.me/kurdistanbooks

دەهێنا، هەردەمیش وێڕای سەرکەوتن لە ژیانی سەردەمەکەی. لەگەڵ ئەمەش دەبینین رۆڵی ئیدیالی ئەو بۆ خۆی، رۆڵی بینەر بووە.

بە رای رێنان فیلۆلۆژناس دەبێ "بەختەوەری" لە جیاتی "چێژ" هەڵبژێرێ: هەڵبژاردنی بەختەوەرییەکی باڵا، ئەگەر نەزۆکیش بێ، لە چێژی سێکسی باشترە. وشەکان سەر بە بواری بەختەوەرین، هەروەکو چۆن لێکۆڵینەوە لە وشەکان بۆ ئەوەیە بە شێوەیەکی نموونەیی قسە بکەین. بە پێی شارەزایی خۆم، لەناو هەموو ئەو نووسینانەی رێنان بۆ خەڵک نووسیونی، بە دەگمەن لە شوێنێک دەبینین رۆڵێکی سوودمەند و چالاکی دابێتە ژنان. یەکێک لەو رۆڵانە دەبینین کاتێ کە رێنان رای خۆی لەبارەی ژنانی بێگانە دەردەبڕێ (پەرستیاران و خزمەتکارەکان) دەبوایە منداڵانی داگیرکارە نۆرماندییەکان بەخێو بکەن، ئەمەش سەرنج بەلای ئەوە دەشکێننەوە بووبێتە سەرچاوەی گۆڕان لە زمان. دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە ئەمە نەبۆتە هۆی یاریدەدان بۆ زۆربوونی بەرهەم و بڵاوبوونەوە، بەڵام بۆتە هۆی گۆڕان لە ناوەوە، سەرەنجام ئەم گۆڕانەش گۆڕانێکی لاوەکی بووە. (رێنان لە کۆتایی سیمینارەکەی دەڵێ مرۆ: نە سەر بە زمانەکەیەتی نە سەر بە نەژادی، بەڵکو مرۆ پێش هەموو شتێک سەر بە خۆیەتی، چونکە پێش هەموو شتێک ئەو بوونێکی ئازادە، بوونێکی ئەخلاقییە.)(58) لە روانگەی رێنان مرۆ ئازادی و مۆراڵە، بەڵام ئەم مرۆیە بە نەژاد، بە مێژوو، بە زانست زنجیرکراوە، ئەمانەش چەند مەرجێکن لەلایەن مرۆی توێژەری زانستییەوە بەسەر مرۆ دەسەپێنرێن.

لێکۆڵینەوە لە زمانە رۆژهەڵاتییەکان "رێنان"یان بۆ ناو دڵی ئەم مەرجانە برد و، فیلۆلۆژیش بە شێوەیەکی بەرجەستە ئەوەی پیشاندا کە زانین بە شیعر ناگۆڕدرێ (بۆ لێکدانەوەی روانینەکەی ئەرنست کاسیرەر)،(59) تەنیا ئەگەر پێشتر لە واقیعی رووت دانەبڕاندرابێ



https://t.me/kurdistanbooks

(هەروەک چۆن سیلڤێستر دو ساسی بە پێویست پارچە عەرەبییەکانی لە واقیعی خۆیان دابڕیبوو)، پاشان خرابوونەوە ناو بەرگێکی ئیجباریِ بۆ وێرد و زیکرکردن Doxologie . پاشان کە تۆژینەوە لە وشەکان بووە فیلۆلۆژی، بەو شێوەی پێشوو "ڤیکۆ، هێردەر، رووسۆ، میشلێ و کینێ" پەیڕەویان دەکرد، گرێی بنچینەیی خۆی و خەسڵەتی دراماتیکی خۆی بزر کرد، هەڵبەت بەو شێوەی "شێلینگ" پێشتر رۆژێک دایڕشتبوو. بە پێچەوانەوە، بە شێوەیەکی ئێپیستیمۆلۆژیانە فیلۆلۆژی ئاڵۆز دەبێ، چیتر Sprachegefühl گیرکردنی "هەستی زمانەوانی" بەشی هیچ ناکا، چونکە وشەکان خۆیان کەمتر سەر بە ماناکان یان جەستە بوون (وەک چۆن بۆ ڤیکۆ وابوو) وەک لەوەی سەر بە جیهانێکی نابینا، بێ وێنا و ئەبستراکتی بنیاتنراو بە داڕشتنە گەرمەکان بن وەک: نەژاد، ئەقڵ، کولتوور و نەتەوە. لەناو ئەم جیهانە، کە بە شێوەیەکی زەینی دروستکرابوو و ناوی لێنرابوو رۆژهەڵات، دەمانتوانی دڵنیایی لەسەر هەندێ تایپ بکەین، هەموویان هەمان خەسڵەتی گشتی بەهێزوتوانا و هەمان دروستی کولتووریان هەبێ. چونکە هەموو رەنجی رێنان لەوە کۆدەبووەوە ئینکاری مافی نوێبوونەوە لە کولتووری رۆژهەڵاتی بکا، تەنیا بە شێوەیەکی دەستکرد نەبێ، لەناو تاقیگەی فیلۆلۆژی نەبێ. لەلای ئەو مرۆ منداڵی کولتوور نیە، ئەم کۆنسێپتە ماڵباتییەش بە شێوەکی زۆر کاریگەر لەلایەن فیلۆلۆژییەوە کرابووە پرسیار. فیلۆلۆژی مرۆی فێری ئەوە دەکرد کە کولتوور بنیاتنانێکی ئەقڵە، واتە "ئاخاوتن و گۆکردن" ئەمەش بۆ خۆی داهێنانێکە، بەڵام لە ستروکتورێکی نیمچە ئۆرگانیکی زیاتر نیە.

ئەوەی بە تایبەتی لەلای رێنان سەرنجی من رادەکێشێ، ئەوەیە تا چ رادەیەک ئەو خۆی دەیزانی بوونەوەرێکی سەردەم و کولتووری ئیتنۆسەنتریزمە. بە وەڵامدانەوەی گوتاری پێشوازی "فێردیناند دو



https://t.me/kurdistanbooks

لێسێپ" لە ئەکادێمیای فرانسی لە ساڵی 1885، رێنان دەڵێ:"شتێکی خەمبارە مرۆ ئەوەندە زیرەکتر بێ لە وڵاتەکەی (...) بێگومان رق بەرانبەر بە وڵات هەڵناگرین. بەڵام باشترە مرۆ لەگەڵ ئەو بەهەڵدا بچێ وەک لەوەی زۆر لەسەر هەق بێ لەگەڵ ئەوانەی هەقیقەتە رەهاکانی پێ دەڵێن).(60) کورتەی ئەم پێشنیارەش تا رادەیەک گەلێک زۆر پوختەیە بۆ ئەوەی راست بێ. دروستە، ئایە رێنانی پیر لەمە مەبەستی ئەوە نیە بڵێ باشترین پەیوەندی پەیوەندی هاوتایە لەگەڵ کولتوورەکەی خۆی، مۆرالی خۆی، گیانی گەل لە ماوەی ژیانی خۆی، نەک ئەو پەیوەندییە ماڵباتییەی کە بە هۆی ئەمەوە یان منداڵی سەردەمی خۆمانین یان هی دایباب؟ لێرەوە دەگەڕێینەوە بۆ تاقیگە، چونکە لێرەوەیە، لەمەدا، لە ئایدیای رێنان بەرپرسیارییە کوڕایەتییەکان دەوەستن و، وەک دواهەولێش بەرپرسیارییە کۆمەڵایەتییەکان، سەرەنجام بەرپرسیارییە زانستی و رۆژهەڵاتناسییەکان شوێنیان دەگرنەوە. تاقیگەکەی رێنان وەک تریبونێکی بڵند بوو لەوێوە رێنان وەک رۆژهەڵاتناسێک قسەی بۆ جیهان دەکرد، بانگەوازەکانی بە مێدیایی دەکرا و دڵنیایی و دیقەتی گشتی بەردەوامیشی پێدەبەخشی. بەم جۆرە، تاقیگەی فیلۆلۆژی بەو شێوەیەی رێنان تێیدەگەیشت، هەر تەنیا بە ناساندنی سەردەم و کولتوورەکەی خۆی بە شێوازی جیاجیای نوێ نەدەوەستا مێژوویان دیاری بکا و فۆرمێکیان بداتێ، بەڵکو توندوتۆڵییەکی زانستی باڵای بە ماتریالی رۆژهەڵاتناسی دەبەخشی و، لەمەش زیاتر، رێنانی دەکردە (ئەو رۆژهەڵاتناسانەش کە لە دوای ئەو دەهاتن و درێژەیان بە نەریتی ئەو دەدا) ئەو کەسایەتییە کولتوورییەی رۆژئاوا کە ئەو لە کۆتاییدا خۆی بوویێ. ئێمە کە گرینگی بە مێژووی رەخنەی رۆژهەڵاتناسی دەدەین، دەتوانین بپرسین ئایە ئەم ئۆتۆنۆمییە نوێیەی ناوەوەی ئەم کولتوورە ئازادییەکی تەواو هێنرابوو وەک چۆن رێنان باوەڕی وابوو، بە هۆی زانستە رۆژهەڵاتناسییە فیلۆلۆژییەکەی، یان


https://t.me/kurdistanbooks

ئەگەر ئەو زیاتر مەبەستی ئەوە نەبووبێ پەیوەندییەکی کوڕوباوکانەی ئاڵۆز لەنێوان ڕۆژهەڵاتناسەکان و ماتریالە مرۆییەکان دامەزرێنێ، دواجار ئەو پەیوەندییە کوڕوباوکانەیە لەسەر دەستەڵات بەرقەرار دەبوو نەک لەسەر ئامانجی نەویستراو.

ڕوانینەکانی ڕێنان لەبارەی سامییە ڕۆژهەڵاتییەکان، بێگومان کەمتر بوارێکن بۆ حوکمدانی پێشینە و میللیانە و دژەسامی باو وەک لە بواری فیلۆلۆژی ڕۆژهەڵاتی زانستی. بە خوێندنەوەی ڕێنان و سیلڤێستر دو ساسی، بە ئاسانی دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین چۆن بەگشتیکردنە کولتوورییەکان خۆیان بە دەربڕینی زانستی و ئەتمۆسفێرێکی تۆژینەوەی زانستی ڕاستکەرەوە زرێپۆش دەکەن. وەک زۆرێک لە پسپۆڕە ئەکادیمییەکان لە سەرەتای دەسبەکاربوونیان، ڕۆژهەڵاتناسی مۆدێرن بە چەشنێک دەستی بە بابەتی خۆی دەگرتەوە وەک ئەوەی لەناو قووتوویەک بێ هەموو شتێک بکا بۆ ئەوەی بەردەوام بێ. بێگومان بەم جۆرە وشەنامە زانستییەکان، وەزیفەیان، بە هەمان شێوە شێوازیان گەشەیان سەندووە و ڕۆژهەڵاتیان خستۆتە ناو ستروکتورێکی "بەراوردکاری"، لەو جۆرەی ڕێنان بەکاری دەهێنا و سوودی لێ وەردوەگرت. ئەم تایپە بەراوردکارییە بە دەگمەن وەسفییە، بەڵکو زۆربەی جار، لە یەک کاتدا سوودی هەبووە بۆ هەڵسەنگاندن و پیشاندان. ئەمەش نموونەیەکە لەوەی ڕێنان دەڵێ کە پەردە لەسەر زۆر شت هەڵدەداتەوە:

(لە هەموو ڕوویێکەوە، دەبینین، نەژادی سامی وەک نەژادێکی نوقسان دەردەکەوێ، ئەمەش بە هۆی سادەییەکەی خۆی. نەژادی سامی، ئەگەر جورئەتم هەبێ بڵێم، بە بەراورد بە نەژادی هیندوئۆروپی وەک تەمێک وایە بەرانبەر بە تابلۆیەک، وەک سرووودێکی ئایینی کۆن وایە بەرانبەر بە مۆسیقای مۆدێرن، نەژادی



https://t.me/kurdistanbooks

سامی ئەم هەقیقەتەی نوقسانە، ئەم پانتاییەی نیە، پڕ لە ژیان نیە کە مەرجێکە بۆ پوختەیی و کەمال. زیاتر بەو سروشتە دەچێ کە کەم بە پیتە، دوای بەسەربردنی منداڵییەکی گەشاوە، تەنیا دەتوانێ بگاتە پیاوەتییەکی (نێرایەتی) چرووک، نەتەوە سامییەکان سەردەمی بووژانەوە و پوختەییان دەگەڕێتەوە بۆ چاخی یەکەمیان، چیتر رۆڵیان لە سەردەمی پێگەیشتنیان نەماوە.)(61).

لەم روانینەدا نەژادی هیندوئۆروپی کراوەتە بەردی بنچینە، تەواو بەو شێوەیەن کە رێنان دەڵێ هەستیارییە رۆژهەڵاتییە سامییەکان هەرگیز نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە باڵایەی نەژادی هیندوجێرمەنیەکان پێی گەیشتوون.

بەدڵنیایی رەهاوە ئێمە ناتوانین بزانین ئایە ئەم هەڵوێستە بەراوردکارییە بە شێوەیەکی سەرەکی پێیوستییەکی تۆژینەوەی باڵایە یان حوکمدانێکی پێشوەختی نەژادپەرستانەی ئیتنۆسەنتریزمی شاردۆتەوە. ئەوەی دەتوانین بیڵێین هەردووکیان هاریکارن و یەک پشتگیری ئەویتر دەکا. ئەوەی رێنان و سیلڤیستر دو ساسی هەوڵیان بۆ دەدا خەسڵەتی مرۆیی رۆژهەڵات لە هەر دوو مەودا و رەهەند کەم بکەنەوە، ئەم کەم کردنەوەشە رێگەی بۆ ئەوە ئاسان دەکرد تۆژینەوە لە خەسڵەتەکان بکەن بە لادانی سیفەتی مرۆیی لێی، کە سەرچاوەی شیمانەی ئاڵۆزییەک بوو. بۆ رێنان، هەوڵ و رەنجەکانی لە رێگەی فیلۆلۆژی پشتڕاست دەکرانەوە، کە دۆگمە ئیدیۆلۆژییەکانی برەویان بە کەمکردنەوە یان بچووککردنەوەی زمانێک دەدا بۆ رەگەکانی، پاشان، فیلۆلۆژناس هەوڵی دەدا شیمانەیەک بدۆزێتەوە ئەم رەگە زمانناسییانە بەیەکەوە گرێبداتەوە، وەک چۆن رێنان و ئەوانی دی کردوویانە، بۆ نەژاد، بۆ ئەقڵ، بۆ خەسڵەت و بۆ نەریت و خوو و رەوشت و کارکردن لەسەریان لە رێگەی رەگەکانیانەوە. بۆ نموونە رێنان دانی بەوەدانابوو کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ "گۆبینۆ" دەگەڕایەوە



https://t.me/kurdistanbooks

بۆ بوونی روانگەی فیلۆلۆژی و رۆژهەڵاتناسی هاوبەش لەلای هەردووکیان،(62) لە یەکێ لە چاپە بەراییەکانی "مێژووی گشتی.."، بەشێک لە کارەکانی گۆبینۆی خستبووە ناو کاری خۆی. بەم جۆرە رێبازی بەراوردکاری لە تۆژینەوە لە رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتییەکان دەبێتە هاوواتای نایەکسانی ئۆنتۆلۆژی (بوونناسی) دیاری نێوان رۆژئاوا و رۆژهەڵات.

لێرەوەش شایەنی ئەوەیە بە خێرایی بەسەر خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەم نایەکسانیەدا بچینەوە: بۆ نموونە ئێمە حەماسەتی شلیگل بۆ هیندستان دەناسین، هەروا ئەوەش دەناسین پاشان چۆن بێزی لەمە دەبووەوە. لە نێو ئەماتۆرە بەراییەکانی رۆژهەڵات، بەشێکی زۆریان وەک "هەراسانییەک" بۆ دروستی نەریتی فیکری و ئەقڵی ئۆروپی وەریانگرت. لە باسی رۆژهەڵات، بە هۆی بوونی سیفەتی Pantheism یەکتابوونی، سیفەتی روحانییەتی، جێگیرییەکەی، تەمەنی درێژ و سیفەتی سەرەتاییەکەی درێژدادڕیان دەکرد،...هتد. شێلینگ بۆ نموونە، پێیوابوو کە باوەڕبوون بە چەندین خودا Polytheisme لە رۆژهەڵات، رێگای خۆشکردووە بۆ دەرکەوتنی یەکتاپەرستی monotheisme جودایی و کریستیانی، براهما رێگەی بۆ ئیبراهیم خۆشکردووە دەرکەوێ. بەڵام تا رادەیەک بێ هیچ دەراویتەیەک، درێژدادڕییەکی لەم جۆرە پەرچەکردارێکی بە پێچەوانەوەی لێ کەوتۆتەوە: رۆژهەڵات لەناکاو وەک زۆر کەم مرۆیی دەردەکەوێ، بە داخەوە وەک دژەدیمۆکراتی و دواکەوتوو و کێویانە...هتد، دەردەکەوێ. واتە لەرینەوەی پەندۆل بە ئاراستەیەک دەبووە هۆی لەرینەوەیەکی دی پەندۆل یەکسان و پێچەوانە: ئەمەش واتە خراپ هەڵسەنگاندنی رۆژهەڵات بوو. رۆژهەڵاتناسی وەک پیشەیەک لەسەر ئەم دژ و پێچەوانانە گەورە بووە، لەسەر ئەم بژاردنانە و ئەم راستکردنەوانە کە لەسەر نایەکسانی بنیاتنرابوون



https://t.me/kurdistanbooks

گەورە بووە، ئەمەش ئەو ئایدیایانە بوون لەیەک کاتدا هۆ و ئەنجام بوون، ئایدیایەک بوون لە هەمان تایپی ناو کولتوور بە تەواوی. لە راستیدا، دەتوانین راستەوخۆ بگەڕێینەوە بۆ پڕۆژەی کۆت و بەند دانان و بنیاتنانەوە و گرێیانبدەینەوە بە رۆژهەڵاتناسی و بە نایەکسانی کە بە هۆی ئەمەوە هەژاری (یان دەوڵەمەندی) ریژەیی رۆژهەڵات پێویستی بە چارەسەرێکی تۆژینەوەی زانستی باڵا بێ لە جۆری ئەو تۆژینەوانەی لە بواری جیاجیای وەک فیلۆلۆژی، بیۆلۆژی، مێژوو، ئەنترۆپۆلۆژی، فەلسەفی یان ئابووری دەکرێ.

بەم جۆرە، کاری راستەقینەی رۆژهەڵاتناسی دانان و جێگیرکردنی ئەم نایەکسانییە بووە و ئەمەش هەر ئەو پارادۆکسە بووە کە لێیەوە سەریهەڵداوە. زۆربەی جاران کەسێک کە دەهاتە ناو رۆژهەڵاتناسی وەک پیشەیەک، بەوشێوەیە دەهات وەک ئەوەی رۆژهەڵات مافی لەسەر ئەو هەبێ، بەڵام، زرۆبەی جارانیش، زانیاری و خوێندنەکانی ئەگەر راست بێژین وەک رۆژهەڵاتناس چاوی دەکردنەوە و، ئەوەی بۆی دەمایەوە، جۆرێک بوو لە پڕۆژەیەکی پەنماو، کە بە هۆی ئەمەوە رۆژهەڵات بچووک دەکرایەوە بۆ مەوداو رەهەندی کەمتر وەک لەوەی جاران پێی ناسرابوو. ئەگەر وانەبووبێ ئەی چۆن رەنجی زۆری پێشکەشکراو لە کارەکانی "ویلیەم مویر" (1819-1905) لێکبدەینەوە، یان بۆ نموونە لە کارەکانی "رێنهارت دۆزی" (1820-1883) کە دژایەتییەکی زۆری بەرانبەر رۆژهەڵات و ئیسلام و عەرەب تێدایە؟ شتێکی ماناداره، رێنان خۆی یەکێک بووە لە لایەنگرانی "رێنهارت دۆزی"، تەواو وەک لە کارە چوار بەرگییەکەی رێنهارت دۆزی دەیدۆزینەوە: "مێژووی موسلمانەکانی ئیسپانیا تا دەگاتە داگیرکردنی ئەندەلوسیا لەلایەن مورابیتەکان (1861)، رەخنەیەکی زۆری رێنان لە سامییەکان لەو بەرگە کتێبەدا هاتووە کە لە ساڵی 1864 بڵاوبۆتەوە، تێیدا ئەوە خراوەتەڕوو کە خودای



https://t.me/kurdistanbooks

سەرەتایی جوولەکەکان "یەهوە Jahweh " نەبووە بەڵکو "بەعل Baal " بووە، بەڵگەی ئەمەش لە "مەککە"دا هەیە! کتێبەکانی ویلیەم مویر: "ژیانی محەمەد" (1858-1861) و "خەلافەت: سەرهەڵدان و رووچوون و رووخان" (1891)، ئەم کتێبانە وەک توحفەیەکی تۆژینەوەی باڵاو گرینگ سەیریان کراوە، بەڵام ویلیەم مویر هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بە بابەتەکانی بە روونی پێشانداوە (...)(63) دەتوانین ئایدیای زۆری تری وەک ئەمە لە کارەکانی "ئەلفرێد لایال" بدۆزینەوە کە یەکێ لە نووسەرە دڵگیرەکانی "کرۆمەر" بووە.

ئەگەر رۆژهەڵاتناس حوکمدانی خۆی لەسەر ماتریالەکان وەک چۆن رێنهارت دۆزی و ویلیەم مویر بە روونی کردوویانە دەرنەبڕێ، ئەوا بەلای کەمی هەر هیچ نەبێ کەوتۆتە ژێر کاریگەری پرەنسیپی نایەکسانی. کۆششی توێژەری پسپۆڕ هەردەم لەسەر ئەوە دەوەستێ پێکهاتەکانی وێنەیەکی رۆژهەڵات یان رۆژهەڵاتی بەیەکەوە دانێ و کۆیان بکاتەوە وەک ئەوەی تابلۆیەک بێ دروست کرابێتەوە، وەک ئەو پارچە پارچانەی سیلڤێستر دو ساسی دۆزیبوونیەوە و سەرچاوەی ماتریالەکان بوون، بەڵام فۆرمی بگێڕەوە، بەردەوامی و کەسایەتیەکان لەلایەن توێژەری زانستی دروستکرابوون، بۆ ئەمەش کاری تۆژینەوەی زانستی باڵا لەسەر ئەوە دەوەستێ فێڵ لە "نا-مێژووی ناڕێک" (نارۆژئاوایی) رۆژهەڵات بکرێ لە رێگەی سەربردەی باش رێکخراو و وێنە و چیرۆک. کتێبی "وتارێک لەبارەی مێژووی عەرەبی پێش ئیسلام و لەسەردەمی محەمەد" (کە سێ بەرگە و لە ساڵانی 1847- 1848 بڵاوبوونەتەوە) لە نووسینی "کوسا دو پێرسوڤال"، کە تۆژینەوەیەکی تەواو پسپۆڕانەن و سەرچاوەکانی لەو دۆکیومەنتەکانە دەرهێناون کە لە ناوەوەی بوارەکە لەلایەن رۆژهەڵاتناسانی دی پێشکەش کرابوون (بێگومان بە شێوەیەکی سەرەکی لە سیلڤێستر دو ساسی) یان لەو دۆکیومەنتانە وەریگرتوون


https://t.me/kurdistanbooks

وەک تێکستەکانی "ئیبن خەلدون" کە "کوسا دو پێرسوڤال" زۆر لێیان دڵنیابوو، لە کتێبخانە ڕۆژهەڵاتییەکانی ئۆروپا دانرابوون. تێزی "کوسا دو پێرسوڤال" ئەوە بوو کە محەمەد عەرەبەکانی کردە گەل، ئیسلامیش بە شێوەیەکی سەرەکی وەسیلەیەکی سیاسی بووە و بە هیچ شێوەیەک وەسیلەیەکی ڕۆحی نەبووە. کوسا دو پێرسوڤال هەوڵ و ڕەنجی زۆر دەدا ڕووناکی بخاتە سەر بارستەیەکی زۆر لە وردەکاری تێکەڵ و پێکەڵ. بەم جۆرە ئەوەی لە تۆژینەوەکەی لەسەر ئیسلام بە دەست دێ، لە کۆتایی کارەکەیدایە (پاش وەسفی مردنەکەی) وێنەیەکی پڕ لە وردەکاری، فۆتۆگرافیانەی "محەمەد" دەکێشێ(64).(...) بەڵکو "محەمەد"ی کوسا دو پێرسوڤال" کەسێکە گونجاوە بۆ مێژوویێکی ئیسلام (لە باشترین جۆری ئیسلام)، وەک بزووتنەوەیەکی تەواو سیاسی، جێگیربوو بە کۆمەڵێک دەربڕین و شایەدحاڵی کە بەزری دەکەنەوە بە چەشنێک، بۆ دەرەوەی تێکست. مەبەستی کوسا دو پێرسوڤال پشتگوێخستنی هیچ شتێک نەبووە لەبارەی "محەمەد"، لەم ڕووەوە، لە ڕوانگەیەکی ساردەوە پەیامبەر بینراوە، لە یەک کاتدا دووریدەخاتەوە لەو هێزە ئایینییە مەزنەی هەیەتی لەو توانایەش ببێتە سەرچاوەی مەترسی بۆ ئۆروپییەکان. خاڵی هەرە گرینگ لێرەوە، کەسایەتی "محەمەد"ە لەسەردەمەکەی خۆی، لە وڵاتی خۆی، ئەمانە هەمووی ڕەشکراونەتەوە، بە چەشنێک هیچی لێ نەماوەتەوە تەنیا وێنەیەکی زۆر بچووک نەبێ، وەک وێنەیەکی مینیاتوری.

لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان، وێنەیەکی دی هاوتای ئەمەی کوسا دو پێرسوڤال لەلایەن نووسەرانی تر پێشکەش کراوە، وەک ئەمەی "کارلیل". کارلیل ناچار بووە تێزێک پێشکەش بکا تەواو دوور بێ لە بارودۆخی مێژوویی و کولتووری سەردەمەکەی و وڵاتی پەیامبەر. ئەگەرچی کارلیل پشتی بە سەرچاوەکانی سیلڤێستر دو ساسی



https://t.me/kurdistanbooks

بەستووە، ئەوەش روونە لە وتارەکەی، خەریکی ئەوەیە بەرگری بکا لە هەندێ ئایدیای گشتی وەک دڵسۆزی و سوارچاکی و خەسڵەتی پەیامبەری. هەڵوێستی لەبارەی پەیامبەر روون و پۆزەتیڤە: محەمەد کەسایەتییەکی ئەفسانەیی نیە، کەسێکی لەززەت پەرست نەبووە، هەروا جادوگەرێکیش نەبووە (...) بەڵکو کەسایەتییەکی خاوەن روانین و باوەڕدار بە روانینی خۆی بووە.(...) (65) بێ ئەوەی کارلیل خۆی نموونەیەک بێ بۆ روونی و رەوانی و شێوازی روونبێژی، ئەو بە چەشنێک باس لەم شتانە دەکا وەک ئەوەی شێوازێک بێ بۆ رزگارکردنی "محەمەد" لەم مۆدێلە "ژێرێمی بنتام"یانەی کە بە هۆی ئەمەوە دەتوانێ حوکم لەسەر هەموو شتێک، خۆی و "محەمەد"یش بدا. بەڵام ئەو پێیوایە "محەمەد" پاڵەوانێکە، لە رۆژهەڵاتی بەربەر گواستراوەتەوە بۆ ئۆروپا کە "لۆرد ماکۆلێ" پێی وایە ئەو رۆژهەڵاتە بۆ خۆی نوقسانییەکە، هەروەکو چۆن لە تێبینییە بەناووبانگەکەیدا هاتووە لە "خولەکێک" لە ساڵی 1835 بڵاوبۆتەوە، تێیدا دەڵێ:" رەعیەتی ئێمە لەو وڵاتانە دەبێ زۆرتر لە ئێمە فێربن وەک ئێمە لەوان."(66)

به چەشنێکی دی، کوسا دو پێرسوڤال و کارلیل، هەر یەکەیان دەیانەوێ ئەوەمان نیشان بدەن تا ئەو کاتەی دەستکەوت و جێبەجێکردنە رۆژهەڵاتییەکان دوور بن لەوەی ئۆروپا پێویستمان بەوە نیە لە رۆژهەڵات بترسین. لێرەوە دەبینین روانگەی رۆژهەڵاتناسان و نارۆژهەڵاتناسان تێکدەکەنەوە. بێگومان وایە، لەم بوارە بەراوردکارییە کە پاش شۆڕشی فیلۆلۆژی بۆتە رۆژهەڵاتناسی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم و، لە دەرەوەی ئەم شۆڕشەش، ئەگەر لەناو ستریۆتایپە میللییەکان بێ یان لەناو ئەو وێنایە بێ کە لەلایەن فەیلەسوفەکانەوە لەسەر رۆژهەڵات هەڵچنراون وەک ئەمەی کارلیل و لەناو ستریۆتایپەکانی "ماکۆلێ"، رۆژهەڵات خۆی لە رووی



https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆشنگەرییەوە کراوەتە پاشکۆی ڕۆژئاوا. وەک ماتریالی تۆژینەوە و بیرکردنەوە، ڕۆژهەڵات هەموو نیشانەیەکی لاوازی ڕەگاژۆ وەردەگریّ. دەبێتە بابەتی ناز و نووزی تیۆری جیاجیا، کە وەک نموونەیەک بەکاریاندەهێنیّ. بۆ نموونە کاردینال نیومان، کە ڕۆژهەڵاتناس نەبوو، ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی وەک دەروازەیەک بۆ کۆنفرانسی خۆی لە ساڵی 1853 بەکاردەهێنیّ بۆ بەهانەدان بە دەستێوەردانی بەریتانی لە جەنگی کریمیّ. (67) لەولاشەوە "کوڤیێ" پێیوایە ڕۆژهەڵات سوودی هەیە بۆ کتێبەکەی "مەمەلەکەتی گیانەوەران" کە لە ساڵی 1816 بڵاوبووتەوە. لەلایەکی تریشەوە، ڕۆژهەڵات بۆتە بابەتی گفتوگۆی ئاسوودە لە سالۆنە جیاجیاکانی پاریس.(68) لیستی سەرچاوەکان، وەرگرتنی تێکستەکان، گۆڕانەکان کە پەیوەندییان بە ڕۆژهەڵاتەوە هەیە، گەلێک زۆر و بەرینن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسە پێشەنگەکان تەواویان کردووە و ئەوەش کە نارۆژهەڵاتناسە ڕۆژئاواییەکان بەرهەمیان هێناوە، هەمووی لە مۆدێلێکی بچووکبووەوەی ڕۆژهەڵات کۆدەبێتەوە، ڕۆژهەڵاتێکی گونجێنراو لەگەڵ کولتووری فەرمانڕەوا، دەستەڵاتدار و داوا تیۆرییەکانی (لەگەڵ داواکارییە کردەکییەکانی کە ڕاستەوخۆ دوای ئەمە دیّ).

هەندیّ جاریش بە ڕێکەوت دەکەوینە بەرانبەر هەندیّ دەراویتە یان بەلای کەمی هەندیّ لێکدانەوەی دڵگیر لەم پەیوەندییە نابەرابەرەی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا. کارل مارکس لە شیکردنەوەکەی پێناسەی چەمکی سیستەمی ئابووری ئاسیایی دەکا کە لە ساڵی 1853 نووسیویەتی، هەروا باس لە باڵادەستی بەریتانیا لە هیندستان دەکا، پاشان لە پاڵ ئەمە، ڕاستەوخۆ لە تەنیشت ئەمەوە، باس لە ڕاو و ڕووت ڕووتاندنەوەی مرۆیی دەکا لەناو ئەم سیستەمە کە لەلایەن دەستپێشخەری کۆلۆنیالی ئینگلتەرا جێگیرکراوە، باس لە تێرنەبوون و



https://t.me/kurdistanbooks

ئێرەیی و نفرین و دڕندەییەکەی دەکا. مارکس وتار دوای وتار وێڕای باوەڕی زیاتر دەگەڕێتەوە سەر هەمان ئایدیا، ئەگەر هەموو ئاسیاش لەناوبەرن، ئینگلتەرا دەتوانێ شیمانەی شۆڕشێکی راستەقینەی کۆمەڵایەتی برەو پێ بدا. شێوازی مارکس ناچارمان دەکا رووبەڕووی ئەم سەختییە ببینەوە: ئەمەش سازاندنی ئەو نەفرەتەیە کە وەک ئیلهامێک وایە بەرانبەر بەو ئازارانەی برا رۆژهەڵاتییەکانمان چەشتوویانە لە کاتێکدا کۆمەڵیان بە هۆی توندوتیژی گۆڕاوە و لەگەڵ پێویستی مێژوویی ئەم گۆڕانانە.

(سەرەنجام، ئەگەر لە روانگەی سۆزی مرۆییەوە ئەمەندە خەمبار بێ بینینی ئەم هەزاران رێکخراوە کۆمەڵایەتییە باوکسالاریانە، کە بێوەی و کارگەرن، بتوێنەوە و هەڵوەشێنەوە بۆ پێکهاتەی داڕێژەر و، بچووک ببنەوە و ببنە مایەی خەمباری و، ئەندامەکانیان لە هەمان کاتدا فۆرمی کۆنی شارستانی خۆیان و وەسیلەی بژێوی نەریتی خۆیان بزر بکەن، ئێمە نابێ لە بیری بکەین کە کۆمەڵەی ئەم دێهاتیە شاعیرانەیە، سەرەڕای دیمەنی بێ زیانیان، هەردەم زەمینەیەکی توندوتۆڵ بوونە بۆ دیسپۆتیزمی رۆژهەڵاتی، هەر ئەم کۆمەڵەی دێهاتیانە ئەقڵی مرۆییان لەناو چوارچێوەیەکی زۆر تەسک گل دەدایەوە و دەیانکردە هۆیەکی نەرم بۆ جادوگەری و کۆیلەی رێسای نەریتی، وێڕای دابڕاندنی لە هەموو مەزنییەک و هەموو هێز و توانایەکی مێژوویی. (...)

راستە کە ئینگلتەرا شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لە هیندستان ورووژاند، رێنمایی بەرژەوەندییەکانی سووکی و ریسوایی بوو، بە شێوەیەکی زۆر بێماناو کەودەنانە هەنگاوی دەنا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. بەڵام مەسەلە ئەمە نیە. بەڵکو کێشەی سەرەکی ئەوەیە ئایە مرۆڤایەتی دەتوانێ بێ شۆڕشێکی بنچینەیی لە بارودۆخی ئێستەی ئاسیا چارەنووسی خۆی بگرێتە دەست، یان تاوانەکانی ئینگلتەرا هەر



https://t.me/kurdistanbooks

چییەک بووبن، ئەو توانیویەتی ببێتە وەسیلەیەک لە نائاگایی مێژوویی بۆ ورووژاندنی ئەم شۆڕشە. لەم هەڵکەوتەدا، هەست بە هەر غەم و پەژارەیەک بکەین بەرانبەر بە رووخانی جیهانێکی کۆن، مافی ئەوەمان هەیە لەگەڵ گۆتە سەرسوڕمانی خۆمان بەیان بکەین:

Sollte deise Qual nus qualen

Da sie unsere Lust vermerhrt

Hat nicht Myriaden Seelen

? Timurs Herrschaft aufgezehrt

ئایە دەبێ بەم ئازارە بتلێینەوە

کە شادیمان زۆر دەکا

ئەی بە حوکمی تەیمور هەزاران

گیانی مرۆیی لەناونەچوون ؟ (69))

ئەم چەند دێرە شیعرە کە پشتگیری ئەرگیومەنتی مارکس دەکا لەبارەی ئەو ئازارەی شادی زۆر دەکا لە کتێبی "دیوانی رۆژئاوایی رۆژهەڵاتی" وەرگیراوە و، پێماندەڵێ سەرچاوەی ئایدیاکانی مارکس چین لەبارەی رۆژهەڵات. ئەم سەرچاوانەش سەرچاوەی رۆمانتیک و کریستیانین: رۆژهەڵات وەک ماتریالێکی مرۆیی کەمتر بایەخی هەیە



https://t.me/kurdistanbooks

وەک لە پێکهاتەی پرۆژەیەکی رۆمانتیکی رزگارکار (بە مانا ئاییەنییەکەی/و) شیکردنەوە ئابوورییەکانی مارکس تەواو لەگەڵ پرۆژەی رۆژهەڵاتناسی ئاسایی دەگونجێ، ئەگەرچی هەستی مرۆیی و سۆزی بەرانبەر بە کوێرەوەری گەل بە روونی دیارە. بەڵام، دواجار، ئەوەی حسێبی بۆ دەکرێ روانینی رۆژهەڵاتناسی و رۆمانتیکییە، هەرچی روانینە تیۆری و سۆسیۆئابووریەکانی مارکسە نغرۆی ناو ئەم وێنا کلاسیکییەیە:

(ئینگلتەرا دوو میسیۆنی هەیە دەبێ لە هیندستان تەواویان بکا: یەکێکیان تێکدەرە، ئەویتریان بنیاتنەرە، یەکەمیان بۆ لەناوبردنی کۆمەڵی کۆنی ئاسیاییە، دووەمیان بۆ دانانی بنچینەی ماتریالی کۆمەڵی رۆژئاواییە لە ئاسیا). (70)

ئایدیای نوێکردنەوەی ئاسیا بە شێوەیەکی بنچینەیی بێ ژیان، رۆژهەڵاتناسییەکی رۆمانتیکی بێگەردە، بەڵام، لەلایەن هەمان ئەو دانەرەی (نووسەر) کە ئازاری هەبوو ئێشی سەر بەو نوێکردنەوەیە لەیاد بکا، دڵنیاکردنەوەیەکی بێ دەردەسەری نیە. ئەم ئێشە وامان لێ دەکا دوو پرسیار بکەین: سەرەتا، چۆن ئەو هاوکێشە ئەخلاقییەی کە مارکس وەک پرسیار دەیکا لە نێوان ئەو زیانەی بە ئاسیا گەیشتووە لەگەڵ باڵادەستی کۆلۆنیالی بەریتانی کە ئەو خۆی ئیدانەی دەکا، لەناو مانای کۆنی نایەکسانی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا کە تا ئێستە ئێمە تێبینیمان کردبێ بە خراپ هەڵگێڕدراوەتەوە؟ پاشان، ئەو سۆزە مرۆییە چووە کوێ، لەناو کام بیرکردنەوە بزربوو تا روانینی رۆژهەڵاتناسی جێی بگرێتەوە؟

لێرەوە ئێمە راستەوخۆ واتێدەگەین کە رۆژهەڵاتناسەکان، وەک زۆربەی بیرمەندانی سەرەتای سەدەی نۆزدەم، مرۆڤایەتی بەو چەشنە وێنا دەکەن کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر بن یان گشتێکی ئەبستراکت



https://t.me/kurdistanbooks

بن. رۆژهەڵاتناسەکان بایەخ بە تاکەکەس نادەن، توانای ئەوەشیان نیە لەبارەیانەوە قسە بکەن، بە پێچەوانەوە ئەوەی لەلای ئەوان بە هەرمێنە و رکێفی هەیە یەکە دەستکردەکانە، ئەمانەش لەوانەیە رەگ و ریشەیان بگەڕێتەوە بۆ پۆپۆلیزمی هێردەر. لە روانگەی رۆژهەڵاتناسی، رۆژهەڵاتی هەیە، ئاسیایی هەیە، موسلمانەکان هەن، عەرەبەکان هەن، جوولەکەکان هەن، نەژادەکان هەن، دەروون و رەفتارەکان و شتی لەم جۆرە هەن، هەندێکیشیان بەرهەمی ئۆپەراسیۆنی تۆژینەوەی زانستین وەک لەو جۆرانەی لەلای رێنان دەیاندۆزینەوە. وەک ئەو کۆنە جیاوازییەی لە نێوان "ئۆروپا" و "ئاسیا"دا هەیە، یان ئەو جیاوازییەی لە نێوان "رۆژئاوا" و رۆژهەڵات" دا هەیە، لە پشت خۆی چەندان "ناونیشانی زۆر گەورە" جۆربەجۆری و جیاوازی پلورالیزمی مرۆیی وەک شیمانەیەک کۆدەکاتەوە، لە درێژەی ئەم پرۆسەیەدا بۆ یەک یان دوو ئەبستراکتی کۆمەڵی کۆتایی بچووکیان دەکاتەوە. مارکسیش لەم پرۆسەیەدا دەراویتە نیە. ئاسانترە بۆ ئەو هەموو کۆمەڵی رۆژهەڵات وەک نموونەیەکی تیۆری بەکاربهێنێ وەک لە ناسنامە مرۆییە وجودییەکان. چونکە، لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا، وەک ئەوەی لەناکاو سیحرێک روویدابێ، تەنیا ئەوەی بایەخدار بێ یان هەبێ، ئەو کۆمەڵە گەورە و زۆر نەناسراوەی رۆژهەڵاتە. هیچ جۆرە پەیوەندییەکی دیکەی بەردەست نەبووبێ، هەتا بۆ رۆڵێکی لابەلاش.

مارکس هێشتا توانای ئەوەی هەیە هەست بە هاوکاری بکا و کەمێک هاوسۆزی بەرانبەر بە ئاسیای هەژار بنوێنێ، ئەمەش وامان لێ دەکا بیر لەوە بکەینەوە کە شتێک روویداوە پێش ئەوەی "ناونیشانی زۆر گەورە" بیباتەوە، پێش ئەوەی مارکس روو لە "گۆتە" بکا وەک سەرچاوەیەکی حیکمەت لەبارەی رۆژهەڵات بەکارییبهێنێ. ئەمەش وەک ئەوە وایە ئەقڵی تاکەکەسێک (لێرە مەبەست لە مارکسە)



https://t.me/kurdistanbooks

نەیتوانیبێ فەردییەتێکی پێش دەستەجەمعی (کۆگەلی) و پێش بە فەرمیکردن لە ئاسیا بدۆزێتەوە "پاشان دۆزیبێتیەوە و لە بن فشاری ئەو فەردییەتە وازی هێنابێ کە کاریگەری هەبووە لەسەر دەروون و سۆز و ماناکانی" وەک لەوەی وازی لێ بێنێ کە رووبەڕووی سانسۆرێکی زیاتر نایاب دەبێتەوە لەناو ئەو وشەنامەی هەست دەکا ناچارە بەکاربهێنێ.

ئەوەی ئەم سانسۆرە دەیکا وەستاندنە، پاشان نەهێشتنی هاوسۆزییە، وێڕای ناساندنێکی کورت: دەڵێ ئەم خەڵکانە ئازاریان نیە، چونکە ئەمانە رۆژهەڵاتین و سەرەنجام دەبێ لە رێگەی وەسیلەی دی تۆژینەوەیان لەسەر بکەین وەک ئەوەی ئێوە تازە بەکارتان هێناوە. کەواتە شەپۆلێک لە هەست و سۆز کە رووبەڕووی پێناسە جێگیرەکان دەبێتەوە بزردەبێ کە لەلایەن زانستی رۆژهەڵاتناسی بنیاتنراوە و بە بارستەی زانینی "رۆژهەڵاتی"ی پشتگیری کراوە (وەک بۆ نموونە دیوانی گۆتە) کە پێدەچێ گونجاو بێ بۆ ئەو. وشەنامەی هەست و سۆز ئەو کاتە بزر دەبێ و نامێنێ کە دەخرێتە ژێر ئۆپەراسیۆنی پۆلیسی لێکسیکۆگرافی زانستی رۆژهەڵاتناسی و هونەری رۆژهەڵاتناسی خۆیشی. لێرەوە ئەزموونێک بە هۆی پێناسەکردنی فەرهەنگیانە جێگۆرکێی پێدەکرێ: دەتوانین بە ئاستەم ئەمە لە وتارەکانی مارکس ببینین کە لە بارەی هیندستان روودەدا، دواجار ئەوەی روودەدا، شتێک هەیە ناچاری دەکا خۆی بۆ لای گۆتە وەرگێڕێ و لەناو رۆژهەڵاتی بە رۆژهەڵاتناسیکراو بمێنێتەوە و ببێتە هۆی پارێزەری ئەمەش.

لەلایەکەوە ئاساییە مارکس بە دوای بەرگریکردن لە تێزەکانی خۆی گەڕابێ لەبارەی شۆڕشی سۆسیۆئابووری، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە، پێدەچێ بە ئاسانی دەستی بە بارستەیەکی زۆر لە تێکستان گەیشتبێ، لە یەک کاتدا لەناوەوە لەلایەن رۆژهەڵاتناسییەوە



https://t.me/kurdistanbooks

توندوتۆڵ کرابێ هەر لەلایەن ئەمەشەوە خرابێتە دەرەوەی بوارەکە، ئەم تێکستانەش فرمانڕەوایی هەموو دڵنیابوونێکی کردووە لە بابەت رۆژهەڵات.

لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبە، هەوڵمداوە ئەوە پێشان بدەم چۆن ئەم فەرمانڕەواییکردنە هەر لە پێش مێژووەوە مێژوویێکی کولتووری گشتی لە ئۆروپا هەبووە، لەم بەشەدا دەمەوێ ئەوە پێشان بدەم چۆن لە سەدەی نۆزدەم زاراوەسازییەک و پراکتیکێکی مۆدێرن و پسپۆڕانە دروستکراون، کە بوونیان دەستەڵاتداربووە لەسەر گوتار لەبارەی رۆژهەڵات، لەلایەن رۆژهەڵاتناسەکان یان نارۆژهەڵاتناسەکان پەیڕەو کراون. سیلڤێستر دو ساسی و ئەرنست رێنان نموونەی ئەو شێوازانەمان پێشکەش دەکەن کە رۆژهەڵاتناسی دروستی دەکرد، بۆ یەکیان سەرچاوەکان تێکست بوون، بۆ ئەویتریان پرۆسەیەکی رەگازۆ بوو لەناو فەلسەفە، کە بە هۆی ئەمانەوە رۆژهەڵات ناسنامەیەکی گوتاریی وەرگرت و وای لێکرد یەکسان نەبێ بە رۆژئاوا. ئەگەر هەڵکەوتی مارکس وەرگرین وەک یەکێکی نارۆژهەڵاتناس کە ئیلتیزامە مرۆییەکانی سەرەتا نەماون، پاشان لەلایەن بەگشتیکردنە رۆژهەڵاتناسییەکان داگیرکرابێ، لێرەوە دەبێ ئێمە پرۆسەی توندوڵکردنی لێکسیکۆگرافی و دامەزراوەیی تایبەت بە رۆژهەڵاتناسی لەبەرچاو بگرین. ئەو ئۆپەراسیۆنە چییە کە دەبێ بە هۆی ئەمەوە هەموو جارێک کە قسە لەبارەی رۆژهەڵاتەوە دەکەین، میکانیزمێکی نایابی پێناسەکردنی کەم توانا لە خۆیەوە پەیدا دەبێ وەک تاقە شتی رێپێدراو بۆ گفتوگۆ؟ ئینجا، لەبەرئەوەی دەبێ ئەوەش پیشان بدەین چۆن ئەم میکانیزمە بە شێوەیەکی دیاریکراو (چالاکانەش) لەسەر ئەزموونە کەسییەکان پەیڕەو دەبێ، کە لەلایەکی ترەوە قەدەغەی دەکردن، ئێمە دەبێ ئەوەش پیشان بدەین ئەم ئەزموونە کەسییانە دەچوونە کوێ و تا بەردەوام بوونیان کام


https://t.me/kurdistanbooks

فۆرمیان وەردەگرت. مەسەلەکە ئۆپەراسیۆنێکی زۆر سەخت و زۆر ئاڵۆزە، بەلای کەمی ئەمەندە سەخت و ئاڵۆزە، وەک شێوازێک، کە بوارێک لە گەشەسەندن دابیَ، نەیارەکانی خۆی دووربخاتەوە، بۆ نەریت و مێتۆد و دامەزراوەکانی ئۆتۆریتێیەک وەربگریَ، بە هەمان شێوە شەرعییەتێکی کولتووری گشتی بۆ دڵنیایی، بۆ کەسایەتی و ئۆرگانیزمەکانی وەرگریَ. بەڵام ئێمە دەتوانین بە شێوەیەکی هەستیار ئاڵۆزی تەواوی بگێڕەوەی ئۆپەراسیۆنەکەی بچووک بکەینەوە، وێڕای دیاریکردنی جۆرەکانی ئەزموونی تایبەتی کە رۆژهەڵاتناسی بەکاری هێناوە بۆ ئامانجی تایبەتی خۆی و نوێنەرایەتیکراوە بۆ خوێنەرانی خۆی کە پسپۆڕنین. بە گشتی، ئەم ئەزموونانە درێژە بە خۆیان دەدەن وەک ئەوانەی وەسفم کردوون بۆ سیلڤێستر دو ساسی و رێنان. بەڵام، ئەگەرچی ئەم دوو توێژەرە باڵایە رۆژهەڵاتناسییەکی تەواو کتێبیانە یان سەربە "کتێبی"مان پێشکەش دەکەن، چونکە هیچ یەکێک لەمانە لافی هیچ توانایەکی تایبەتییان لیَ نەداوە لەمەڕ رۆژهەڵات لەناو سروشتی تایبەتی خۆی، بۆیە نەریتێکی دی شەرعییەتی خۆی لەو هەقیقەتە تەواو مەترسیدارە دەردێنیَ ئەمەش نیشتەجێبوونە لە رۆژهەڵات و بوونی پەیوەندییەکی راستەقینەی مان و نەمانە لەگەڵی.

ئەنکتیل، جۆنز، حەملەی میسر، ئەمانە هەموویان بێگومان سنوور و گۆشە و هێڵە سەرەکییە هەرە کۆنەکانی ئەم نەریتە پێناسە دەکەن، ئەمەش پاشان کاریگەرییەکی جێگیر لەسەر تەواوی رۆژهەڵاتناسە دانیشتووەکانی رۆژهەڵات بەجێدەهێڵیَ. ئەم سنوور و گۆشەو هێڵە سەرەکییانە هەر ئەمانەی زلهێزە ئۆروپییەکانن: دانیشتن لە رۆژهەڵات، واتە گوزەراندنی ژیانێکی تایبەت و بێوێنە، نەک وەک هاووڵاتییەکی ئاسایی، بەڵکو وەک ئۆروپییەکی نوێنەر کە ئیمپراتۆرەکەی (فرانسی بیَ یان بەریتانی) بە چەکی سوپایی یان


https://t.me/kurdistanbooks

ئابووری، بە تایبەتیش کولتووری دەورەی رۆژهەڵاتی دابێ. بەم جۆرە نیشتەجێبوون لە رۆژهەڵات بەرەکەی کە تۆژینەوەی باڵایە دەبێتە خۆراکێک بۆ نەریتی کتێبیانەی هەڵوێستە تێکستییەکان کە ئێمە لەلای رێنان و سیلڤێستر دو ساسی دەستنیشانمان کردن: بەیەکەوە، هەردوو ئەزموون دەبنە پێکهێنانی کتێبخانەیەکی مەترسیدار هیچ کەسێک ناتوانێ بەرانبەریان بووەستێتەوە، هەتا مارکسیش، هەروا هیچ کەسێکیش ناتوانێ خۆی لێیان لادا.


https://t.me/kurdistanbooks

https://t.me/kurdistanbooks

3

# حەج و حاجیانی ئینگلیز و فرانسی

نیشتەجێبوون لە ڕۆژهەڵات تا ئاستێکی دیاریکراو پێویستی بە هەندێ ئەزموون و شایەدحاڵی کەسیی هەیە. بەشداریکردنەکان لە کتێبخانەی ڕۆژهەڵاتناسی و توندوتۆڵکردنی دەوەستێتە سەر شێواز و شایەدحاڵییەکان بۆ ئەوەی بچنە ناو کۆدە دامەزرێنەرەکانی زانستی ڕۆژهەڵاتناسی کە دەبێ لە چوارچێوەی دۆکیومەنتی تەواو شەخسی بچنە دەرەوە. بە چەشنێکی دی، دەبێ لە ناوەوەی تێکستێک میتامۆرفۆزێک جێگەی خۆی بکاتەوە بۆ ئەوەی دڵنیاییەکی کەسیی بگۆڕێ بۆ دڵنیاییەکی فەرمی: سەربردەی دانیشتنێک یان ئەزموونێک لە ڕۆژهەڵات لەلایەن ئۆروپییەک دەبێ خۆی دابڕێنێ لە وەسفە تەواو ئۆتۆبیۆگرافییەکان و وەسفە نەرم و نیانەکان، یان هەر هیچ نەبێ بۆ کەمترین ئاست دایبەزێنێ، لە پێناوی ئەو وەسفانەی ڕێگە بە ڕۆژهەڵاتناسی گشتی دەدەن، دواتریش، بۆ ڕۆژهەڵاتناسەکانیش بە شێوەیەکی تایبەتی، تێبینی و وەسفی دیکەی زانستی لێ دەربێنن و بنیاتی بنێن و دایمەزرێنن. بەم جۆرە، یەکێ لەو شتانەی کە ئێمە چاوەڕێی لێ دەکەین گۆڕانە، ڕوونتر وەک ئەو هەڵکەوتەی لەلای مارکس دەیبینین، کە هەست و سۆزی کەسیی لەبارەی ڕۆژهەڵات دەگۆڕێ بۆ دڵنیایی ڕۆژهەڵاتناسی فەرمی.


https://t.me/kurdistanbooks

سەرەنجام ئێمە خۆمان لەناو هەڵکەوتێکی دەوڵەمەندتر و ئاڵۆزتر دەدۆزینەوە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی، بە درێژایی تەواوی سەدەی نۆزدەم، رۆژهەڵات، بە تایبەتیش رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یەکێ لە ئامانجەکانی سەفەر و یەکێ لە تێما ئەدەبییە دڵخوازەکانی ئۆروپییەکان بوو. بەڵکو لەمەش زیاتر، بینیمان چۆن ئەدەبێک لەسەر شێوازی رۆژهەڵاتی ئۆروپیانە گەشە دەکا و زۆربەی جاریش لەسەر بنچینەی ئەزموونە تاکەکەسییەکان لە رۆژهەڵات دامەزرابوو. لێرەوە راستەوخۆ خەیاڵمان بۆ فلۆبێر دەچێ وەک یەکێ لە مۆدێلە گەورەکانی ئەم ئەدەبە، هەڵبەت "دزرائیلی و مارک توین و کینگلەیک" سێ نموونەی دیارن لەم بارەیەوە. بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە سەرجڕاکێش و دڵخوازە، ئەو جیاوازییە کە لە نێوان تێکستەکاندا هەیە، کە لە تێکستی کەسیی گۆڕاون بۆ تێکستی رۆژهەڵاتناسی پیشەیی (فەرمی)، بێجگە لەمە تایپێکی دیکەی دووەمیش لە تێکستان سەرنجمان رادەکێشن، کە ئەمانیش لەسەر بنچینەی ئەزموونی نیشتەجێبوون لە رۆژهەڵات و شایەدحاڵی تاکەکەسیی دامەزراون، کە وەک "ئەدەب" دەمێننەوە بێ ئەوەی ببنە زانست: سەرەنجام ئەو جیاوازییە کە دەمەوێ لێرە کاری لەسەر بکەم و لێکی بدەمەوە.

کە ئۆروپییەک بێت لە رۆژهەڵات هەمیشە ئاگایی ئەوەت لا دروست دەبێ جیاواز بیت لە دەوروبەرەکەت، لەگەڵ ئەو بیت بەڵام لەناو پەیوەندییەکی نابەرابەر و نایەکسان. بەڵام ئەوەی بە تایبەتی پێویستە تێبینی بکرێ، مەبەست لەم هوشیاربوونەوەیە چیە: مەبەست لە هاتن بۆ رۆژهەڵات چیە؟ بۆچی بایەخی پێ بدەین، ئەگەرچی ئەمە حاڵەتی هەندێ نووسەرە وەک "والتەر سکۆت، هوگۆ، گۆتە"، بێ ئەوەی سەفەر بۆ رۆژهەڵات بکەن بایەخیان بە رۆژهەڵات داوە بۆ دۆزینەوەی جۆرێک لە ئەزموونی زۆر بەرجەستە؟ لێرەوە ژمارەیەکی بچووک لە کاتیگۆری مەبەست و مەزندە لە خۆیانەوە خۆیان رەپێش



https://t.me/kurdistanbooks

دەخەن، هەڵبەت وەک نەخشە یان پلانێک: یەک: ئەو نووسەرەی دەیەوێ نیشتەجێبوونی خۆی بۆ کاری زانستی بەکاربهێنێ و دەیەوێ ماتریالی زانستی پێشکەش بە ڕۆژهەڵاتناسی زانستی بکا و، نیشتەجێبوونی خۆی وەک فۆرمێک لە تێبینی زانستی دادەنێ. دوو: ئەو نووسەرەی هەمان مەبەستی هەیە، بەڵام کەمتر مەیلی بەلای ئەوەدا دەشکێتەوە ڕەسەنایەتی و شێوازی تایبەت بە هوشیاری تاکەکەسیی خۆی قوربانی هەندێ پێناسەی ڕۆژهەڵاتناسی ناتاکەکەسییەکان بکا. ئەمانەی دوایی بە باشی لەناو کارەکانی خۆیان دەردەکەون، بەڵام لەبەر ناز و فیزی شێوازی خۆیان بە سەختی خۆیان تێکەڵ دەکەن. سێیەم: ئەو نووسەرانەی سەفەرکردنیان بۆ ڕۆژهەڵات هەقیقی یان مەجازی بێ، وەک جێبەجێکردنی پڕۆژەیەک بە قووڵی هەستی پێکراوە و فشاری لەسەری هەیە. تێکستی ئەمەیان لەسەر بنچینەی ئێستێتیکێکی کەسیی دامەزراوە و هەر لەلایەن پڕۆژەکەشی ئەم ئێستێتیکییە توێشووی پێ دەدرێ و زانیاری پێدەبەخشرێ. لەناو کاتیگۆری دووەم و سێیەم، جێگە زۆرترە وەک لە ناو کاتیگۆری یەکەم بۆ ئەوەی هوشیاری تایبەتی تاکەکەسیی ڕۆڵی خۆی ببینێ، یان بەلای کەمی هوشیارییەکی نارۆژهەڵاتناسیانە، ئەگەر ئێمە نموونەیەکی دەراویتە بۆ کاتیگۆری یەکەم وەرگرین وەک بۆ نموونە کتێبی "وەسفی داب و نەریتی میسرییە هاوچەرخەکان"ی ئێدوارد لان، کتێبی "گێڕانەوەیەکی کەسیی بۆ حەج بۆ مەدینە و مەکە"ی ریتشارد بورتۆن، وەک ئەوەی سەر بە کاتیگۆری دووەم بێ و، کتێبی "سەفەر بۆ ڕۆژهەڵات"ی نێرڤاڵ، وەک نوێنەرایەتییەک بۆ کاتیگۆری سێیەم، بە ڕوونی جێگەی بەجێهێڵراوی تایبەت بە ئامادەگی نووسەر لەناو تێکست دەبینین.

سەرەڕای جیاوازییان، ئەم سێ کاتیگۆرییە لەگەڵ ئەمەش ئەوەندە یەک لەویتر جیاواز نیە باوەڕ بکەین. هیچ یەکێکیش لە کاتیگۆرییەکان


https://t.me/kurdistanbooks

تایپێکی نوێنەرانەی "بێگەرد"یشیان تێدانیە. بۆ نموونە، ئەو کارانەی سەر بە هەر سێ کاتیگۆرین پشت بە دەستەڵاتێکی تەواو ئێگۆیستی هوشیاری ئۆروپیانە دەبەستن کە سەنتەری ئەوان پێکدەهێنێ. لە هەموو حاڵەتێکدا، رۆژهەڵات بۆ چاودێری ئۆروپی، بێجگە لەمەش، لەو کاتیگۆرییەی کە "میسرییە هاوچەرخەکان"ی "ئێدوارد لان"ی تێدایە، منی رۆژهەڵاتناس زۆر بە روونی دیارە، ئەگەرچی شێوازەکەی هەوڵی ئەوەدەدا وەک مەوزوعیەتێکی بێلایەن خۆی بناسێنێ. هێشتا زیاتر، هەندێ هاندەر لەناو هەر سێ کاتیگۆری بە رێکی دووبارە دەبنەوە. لەناو یەک لەمانە رۆژهەڵات شوێنی حەج کردنە و، وێنای رۆژهەڵاتیش وەک دیمەنێکە یان "تابلۆیەکی زیندوو"ە. هەر یەک لەم کتێبانە لە بارەی رۆژهەڵات، لەناو ئەم کاتیگۆریانە، لە دوای ئەوە دەگەڕێن بێگومان وەسفی شوێنەکە بکەن، بەڵام ئەوەی زیاتر بەرژەوەندی پێشکەش دەکا، ئەوەیە بە کام پێوانە ستروکتوری ناوەوەی کارەکە هاوواتای لێکدانەوەیەکی گشتگیرە لە بارەی رۆژهەڵات (یان هاوواتای هەوڵێکی لێکدانەوەیە). زۆربەی وەخت، ئەوەی کە مایەی سەرسوڕمان نیە، ئەم لێکدانەوەیە فۆرمێکی بە ستروکتورکردنەوەی رۆمانتیکی رۆژهەڵاتە، سەرلەنوێ پێداچوونەوەی رۆژهەڵاتە، کە دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئێستە بە شێوازی رزگاربوون (خلاص) بە مانا ئایینییەکەی. کەواتە هەموو لێکدانەوەیەک، هەموو ستروکتورێکی داهێنراو بۆ رۆژهەڵات سەرلەنوێ لێکدانەوەیە، بۆ بە ستروکتورکردنەوەیەتی.

پاش گوتنی ئەمە، دەگەڕێینەوە بۆ جیاوازی نێوان کاتیگۆرییەکان. کتێبەکەی ئێدوارد لان لەبارەی میسرییەکان گەشانەوە و کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، گەلێ زۆر خوێندراوتەوە و وەک سەرچاوە بەکارهێنراوە (وەک لەلایەن فلۆبێر بۆ نموونە)، ئەم کتێبە ناووبانگێکی زۆری بە ئێدوارد لان بەخشیوە، وەک کەسایەتییەکی


https://t.me/kurdistanbooks

گەورەی پسپۆڕی تۆژینەوەی باڵای ڕۆژهەڵاتناسی. بە مانایەکی دی، ئۆتۆریتێی ئێدوارد لان بەو شێوە وەرگیراوە، نەک فەزیلەتی ئەوەی دەیڵێ، بەڵکو بە فەزیلەتی ئەو شێوازەی ئەوەی دەیڵێ توانیویەتی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسی بگونجێ. وەک سەرچاوەیەکی زانین و ناسینی میسر و وڵاتی عەرەبی سوودی لێ وەرگیراوە، کەچی بورتۆن و فلۆبێر خوێندراونەتەوە و ئێستاش دەخوێندرێنەوە بە هۆی ئەوەی ئەم دوو نووسەرە چیمان لەسەر بورتۆن و فلۆبێر لەو دیوی زانین و ناسینیان لەسەر ڕۆژهەڵات بۆ دەگێڕنەوە. "وەزیفەی دانەر یان نووسەر" لە کتێبی "میسرییە هاوچەرخەکان"ی ئێدوارد لان کەمتر توند و بەهێزە لەچاو کاتیگۆرییەکانی دی، چونکە کارەکەی ئێدوارد لان لەناو پیشەکەی خۆی بڵاوبۆتەوە، هەر بە هۆی ئەمەشەوە توندوتۆڵکراوە، وەک ئەو بە دامەزراوەیی کراوە. ناسنامەی یان شوناسی دانەر یان نووسەر لەناو کارێک یان لەناو بوارێکی پیشەیی زانستی وەک ئەمە (ڕۆژهەڵاتناسی) پەیوەستە بە داواکاریەکانی بوارەکە هەروا داواکارییەکانی بابەتەکە. بەڵام ئەمە هەروا بە سادەیی ڕوونەداوە یان بێ ئەوی کێشەی بەدوادا نێ.

کتێبە کلاسیکییەکەی ئێدوارد لان "وەسفی داب و نەریتی میسرییە هاوچەرخەکان" (1836) ئەنجامێکی بە ئاگای زنجیرەیەک کاری دوو جار مانەوە و دانیشتنە لە میسر (1825-1828 و 1833-1835). ئێمە لێرە وشەی "ئاگایی" وێڕای جۆرێک لە پێداگیری بەکاردەهێنین، چونکە ئێدوارد لان هەوڵیداوە ئەو ئینتیباعە بگەینێ کە تۆژینەوەکەی وەسفێکی ڕاستەوخۆ و بێ ڕازاندنەوە و بێلایەنە، لەکاتێکدا لە ڕاستیدا بەرهەمی کارێکی زۆری داڕشتن (ئەو کارەی کە نووسی هەر ئەوە نیە کە دواجار بڵاویکردەوە) و زنجیرەیەک ڕەنجی زۆر تایبەتییە. هیچ شتێک، نە لە دایکبوونی، نە خوێندنی، بەوە نەدەچوون چارەنووسی بەرەو ڕۆژهەڵات بڕوا، تەنیا ئەوە نەبێ کاری مێتۆدیانەی خۆی و



https://t.me/kurdistanbooks

توانای زۆری لە بواری تۆژینەوەی کلاسیکی و ماتماتیکی، نیشانەیەکن بۆ هەندێ لە روونی و رێکی ناوەوەی رواڵەتی کتێبەکەی. پێشەکی کتێبەکەی کۆمەڵێک نیشانەی سەرنجراکێش لەبارەی ئامادەکردن و دارشتنی پێشکەش دەکا. سەرەتا چۆتە میسر بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی. پاشان، دوای ئەوەی هەندێ نۆتی لەبارەی میسری نوێ نووسیوە، لەلایەن کۆمیتەی "کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی زانینی بەسوود" پشتگیری کراوە کارێکی نەخشەرێژ لەبارەی میسر و دانیشتوانەکەی بنووسێ. لە هەموو ئەو چاودێری و تێبینیە تۆمارکراوانەی بە بێ نەخشە و پلان نووسیوونی، کارەکەی گۆڕاوە بۆ دۆکیومەنتێکی پڕ لە زانینی بەسوود، زانینەکان و ناسینەکان بە چەشنێک رێکخراون گەیشتن پێیان، بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێ زانینێکی سەرەکی لەبارەی کۆمەڵێکی بیانی بزانن ئاسان بێ. پێشەکییەکەی بە روونی دەڵێ ئەم زانینە دەبێ، بە شێوازێک، دەستەڵاتی هەبێ بەسەر زانینی پێشوو، بە هەمان شێوە خۆشی وەک خەسڵەتێکی زۆر کاریگەر بناسێنێ: لێرەوە ئێدوارد لان وەک کەسێکی زیرەک و بە توانا دەردەکەوێ. دەبێ سەرەتا ئەوە پیشان بدا کە ئەو شتێکی کردووە، کەسی تر پێش ئەو نەیتوانیوە بیکا، یان نەیانکردووە، پاشان ئەو توانای هەبووە زانیاری بەدەست بهێنێ لە یەک کاتدا زانیارییەکان رەسەن بن و تەواو دروست بن. بەم شێوەیە، دەبینین ئۆتۆریتێی ئەو دەکەوێتە دەرکەوتن.

سەرەنجام لە کاتێکدا ئێدوارد لان لە پێشەکی کتێبەکەی خۆی بە کتێبێک بەناوی "وەسفی دانیشتوانی حەلەب" (کارێکی لەیادکراو) لە نووسینی "دۆکتۆر رووسێل" ناوێک رادەبوێرێ، بەڵام دیارە کتێبی "وەسفی میسر" پێشوەخت رکابەری سەرەکی ئەو بووە. بەڵام لەبارەی ئەم کارەوەش کە ئێدوارد لان لە پەراوێزی لاپەڕەکەی بە درێژی باسی دەکا، لە نێوان دوو کەوانەی بە سووک سەیرکردن



https://t.me/kurdistanbooks

دەنووسێ "کارە مەزنەکەی فرانسی" لە بارەی میسر. لە بارەی ئەم کارەشەوە ئێدوارد لان پێیوایە لە یەک کاتدا گشتێکی زۆر فەلسەفییانەیە و زۆریش ناڕێکە. بەڵام تۆژینەوە ناسراوەکەی "ژاکۆب بورکهارت" چ نیە جگە لە هەڵبژاردەیەکی سادە و ساکاری حیکمەتی پەندئامێزی میسرییەکان.

بە پێچەوانەی فرانسییەکان و بورکهارت، ئێدوارد لان توانای هەبووە خۆی تێکەڵی دانیشتوانی رەسەن بکا و وەک ئەوان بژیێ و، خۆی لەگەڵ نەریتەکانی ئەوان بگونجێنێ و، "نێوانێک لە نێوان خۆی و ئەوان بپارێزێ و نەیان ورووژێنێ وەک بێگانەیەک سەیری بکەن(...) وەک ئەوەی ئەو مافی نەبێ خۆی تێکەڵیان بکا". ئەمەش لە ترسی ئەوەی نەوەکا بەو شێوە بکەوێتەوە بڵێن ئێدوارد لان روانینی مەوزوعی خۆی لە دەست داوە، بۆیە درێژەی پێدەدا و دەڵێ ئەو تەنیا خۆی لەگەڵ "وشەکان"ی قورئان دەگونجێنێ (ئێدوارد لان وشەکانی خستۆتە ناو دوو کەوانە)، ئێدوارد لان هەمیشە هوشیار بووە کە ئەو جیاوازی هەبووە لەگەڵ کولتوورێکی دیکەی تەواو جیاواز.(71) بەم جۆرە، لە کاتێکدا بەشێک لە شوناسی ئێدوارد لان بە ئاسانی بێ هیچ گومانێک لەسەر دەریای موسلمان شەپۆڵ دەدا، بەشی ژێرەوەی ئەم شوناسە کە لە بن ئاوە، دەستەڵاتی نهێنی ئۆروپی دەپارێزێ بۆ لێکدانەوە، بە دەستهێنان، خاوەنداری کردنی هەموو ئەوەی لە دەوروبەریەتی.

رۆژهەڵاتناس دەتوانێ لاسایی رۆژهەڵات بکاتەوە بێ ئەوەی پێچەوانەکەی جیاواز بێ. کەواتە ئەوەی رۆژهەڵاتناس دەیڵێ دەبێ بەو شێوەیە تێبگەین وەک وەسفێک لەناو گۆڕینەوەیەکی یەک ئاراستە بێ: رۆژهەڵاتییەکان قسە دەکەن و کردار دەنوێنن، کەچی رۆژهەڵاتناس چاودێری دەکا و تێبینی دەنووسێ. دەتوانین بڵێین، دەستەڵاتی رۆژهەڵاتناس لەسەر ئەوە بەندە خۆی لە ناوەڕاستی



https://t.me/kurdistanbooks

ئەوان (رۆژهەڵاتییەکان) دەورووژێنێ وەک ئەوەی یەکێک بێت لەوان و نووسەرێکی نهێنی بێ. ئینجا، ئەوەی دەینووسێ بە ئامانجی ئەوەیە ببێتە زانستێکی بەسوود بەڵام نەک بۆ ئەوان، بەڵکو بۆ ئۆروپا و بۆ دامەزراوە ئۆروپییە جیاجیاکانی بڵاوکردنەوە. چونکە، لەناو پەخشانی ئێدوارد لان شتێک هەیە هەرگیز لێناگەڕێ لە بیری بکەین: کە من، راناوی کەسی یەکەم کە دەچێتە میسر، بەناو داب و نەریتەکان، کەش و مەراسیمەکان، جەژنەکان، منداڵیی، تەمەنی گەورە، و مەراسیمەکانی ناشتن تێدەپەڕێ، لە راستیدا، لە یەک کاتدا وەک خۆشاردنەوەیەکە لەناو بەرگێکی رۆژهەڵاتیانە و پڕۆسەیەکی رۆژهەڵاتناسییانە، بە ئامانجی بە دەستهێنان و گواستنەوەی زانیارییە بە نرخەکان، کە بە شێوەیەکی دی بێجگە لەمە چوونە ناویان ئەستەمە. وەک بگێڕەرەوەیەک، ئێدوارد لان لە یەک کاتدا کەرستەی نیشاندان و نیشاندەر خۆیەتی، ئەو لە هەردوو لاوە قازانج دەکا، ئێدوارد لان دوو چەشەی خواردن پیشان دەدا: چەشەیەکی رۆژهەڵاتیانە کە هانی دەدەن پەیوەندی برادەرانە ببەستێ، (وەک وا پێدەچێ بە لای کەمی)، چەشەیەکی رۆژئاواییانە بۆ بەدەستهێنانی زانینی بەسوود و ئۆتۆریتێ دروست بکا.

هیچ نموونەیەک لەوە جوانتر نیە کە لە دوا بەشی پێشەکیەکەی باسی دەکا. لەوێ ئێدوارد لان باس لە سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکانی دەکا کە یەکێکە لەگەڵ شێخ ئەحمەدی برادەری، وەک هاوڕێ و وەک نموونەیەکی فزولی: هەردووکیان بەو شێوە باس لە ئێدوارد لان دەکەن کە موسلمانێکە، لەگەڵ ئەمەش دوای ئەوەی ئێدوارد لان بەسەر ترسەکانی خۆی زاڵ دەبێ، کە ئەمەش توانای لاساییکردنەوەی بە جورئەتی ئەو پیشان دەدا، وەک شێخ ئەحمەد دەتوانێ لە تەنیشت ئەو لە مزگەوت نوێژ بکا. پێش ئەمە، دوو دیمەن هەبوو کە شێخ ئەحمەد لە هەردووکیان وەک شووشە خۆرێکی سەیر



https://t.me/kurdistanbooks

و سەمەرە و وەک کەسێکی پۆلیگام (خاوەن دوو ژن یان زیاتر) باسی کراوە. لە هەر سێ بەشی وەسفی شێخ ئەحمەد، نێوانی موسلمان و ئێدوارد لان زیاتر دەبێ، ئەگەرچی لە رووی کردەییەوە کەمتر دەبێتەوە. ئەگەر بڵێین وەک ناوبژێک و وەرگێڕێکی هەڵسوکەوتی موسلمانان، ئێدوارد لان بە تەوسەوە دەچێتە ناو هێڵی موسلمانان، تەنیا هەر ئەوەندە بتوانێ وەسفی ئەو موسلمانانە بکا و بیانخاتە ناو پەخشانێکی نهێنیانەی ئینگلیزی. شوناسی ئێدوارد لان وەک کەسێکی باوەڕداری موزەیەف و ئۆروپییەکی خاوەن پایە جەوهەری فەسادی ئیمان خۆیەتی، چونکە هی دووەم ئەوەی یەکەم بە دڵنیاییەوە لەناو دەبا. بەم جۆرە، ئەوەی وەک سەربردەی رووداني کردە و رەفتاری موسلمانێک دێتە بەرچاو و هەڵکەوتێکی سەیری هەیە، ئێدوارد لان بەو شێوەیە پیشانی دەدا وەک ئەوەی سەنتەری باوەڕی هەموو موسلمانێک بێت بە شێوەیەکی ساویلکانە خۆی دەرخستبێ. بۆ ئێدوارد لان، ئەمە هیچ نرخێکی نیە خیانەتی لە هاوڕێکەی شێخ ئەحمەد و ئەوانی دی کردبێ کە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئەو بوون. چونکە ئەوەی بایەخدارە ئەوەیە سەربردەکە دیمەنێکی دروستی هەبێ، گشتی بێ و بێ حوکمدانی پێشوەخت بێ، خوێنەری ئینگلیزی قەناعەت بێنێ کە ئێدوارد لان هەرگیز نەبۆتە رافزی و هەڵنەگەڕاوەتەوە و، دواجاریش، تێکستی ئێدوارد لان ناوەڕۆکی مرۆییانەی بابەتەکەی لەناوببا و هەڵبەت لە پێناوی دروستی زانستی.

ئەمانە ئەو نیگارانەن کە کتێبەکەی ئێدوارد لان پێکدەهێنن، نەک بە سادەیی وەک سەربردەی دانیشتنی لە میسر، بەڵکو زیاتر وەک ستروکتوری گێڕانەوەی نغرۆبووی ناو بەستروکتورکردنەوەکان و شیکاری پڕ لە وردەکاری رۆژهەڵاتناسیانە. ئەمەش بە ڕای من، سەرکەوتووترین شتێکە لە کارەکەی ئێدوارد لان. پلان و فۆرمی



https://t.me/kurdistanbooks

کتێبی "داب و نەریتی میسرییە هاوچەرخەکان" لەسەر هێڵی رۆمانی سەدەی هەژدەمە، بۆ نموونە وەک "هێنری فیلدینگ". کتێبەکە بە وەسف و دیمەنی ناوچەکە دەست پێدەکات، پاشان بەشێکی بەدوادا دێ لەبارەی "خەسڵەتە کەسایەتییەکان" و "سەردەمی منداڵی و پەروەرش". پاشان بیست و پێنج بەشمان هەیە لەبارەی چەندین بابەتی وەک جەژنەکان، یاساکان، خەسڵەت، پیشەسازی، ئەفسوون و ژیانی رۆژانە، دوابەشیش تەرخانە بۆ "مەرگ و مەراسیمەکانی ناشتن". لەگەڵ یەکەم بینین، لان شتەکان وەک رووداوی یەک لە دوای یەک هاتوو باس دەکا و پاشان گەشە دەسەنن. باس لە خۆی دەکا هەڵبەت وەک چاودێرێکی دیمەنەکان کە بە ناو ژیانی مرۆدا تێدەپەڕێ، مۆدێلی ئەو نەخشە و پلانی گێڕانەوەیە وەک لە رۆمانی "تۆم جۆنز"دا هاتووە، سەرەتا لە دایکبوونی پاڵەوان، پاشان ئەڤانتورەکان دەست پێدەکەن، پاشان ژن هێنان و بە شێوەیەکی شاراوەش مەرگی خۆی. تەنیا ئەوەندە هەیە لە تێکستی ئێدوارد لان، دەنگی بگێڕەرەوە بێ تەمەنە و هەست بە تەمەنی ناکرێ، لەگەڵ ئەمەش بابەتەکەی میسرییە هاوچەرخەکانە کە بەناو بازنەیەکی ژیانی تاکەکەسیدا تێدەپەڕێ. ئەم رۆڵ وەرگێڕانە کە بە هۆی ئەمەوە تاکەکەسێکی تەنیا توانایەکی بێهاوتا دەداتە خۆی و ماوەی تەمەنی ژیانی تاکەکەسێک بەسەر کۆمەڵێک یان گەلێک دەسەپێنێ، تەنیا یەکێکە لەو ئۆپەراسیۆنە زۆرانەی دەیانەوێ بۆ رێکخستنی ئەوەی دەشێ نەبێتە هیچ شتێک جگە لە گێڕانەوەیەکی سادە و ساکاری سەفەرێک بۆ وڵاتی بێگانە، گۆڕینی تێکستێکی بێ هیچ هونەرێک بۆ ئەنسکلۆپیدیایەکی ئێگزۆتیزم و بۆ زەمینەی راهێنان بۆ پشکنین و دۆزینەوەکانی رۆژهەڵاتناسەکان.

ئێدوارد لان دەستەڵاتی بەسەر ماتریالەکانیدا دەشکێ، نەک هەر تەنیا بە دوو رووە ئامادەگییە شانۆییەکەی (وەک موسلمانێک بە فێڵ



https://t.me/kurdistanbooks

و رۆژئاواییەکی ڕەسەن) و بە جوانی بەکارهێنانی دەنگەکان و بابەتی سەربردەکەی، بەڵکو بە شێوازی بەکارهێنانی وردەکاریەکانیشی. لە هەر یەک لە بەشە گەورەکانی، لەناو هەر بەشێکی لابەلاش، بێ هیچ گۆڕانێک تێبینی گشتی بێ هیچ شاگەشکەیەک خراوتە ناویەوە. بۆ نموونە "بە شێوەیەکی گشتی تێبینی ئەوە دەکرێ دەتوانین بە باشی خەسڵەتە هەرە دیارەکانی ڕەفتار و داب و نەریت و کەسایەتی نەتەوەیەک بدەینە خەسڵەتە فیزیکییەکانی وڵاتێک".(72) ئەوەی لە دوای ئەمەوە دێ دڵنیایی لەم دیاردەیەوە دەکا: "نیل"، کەشی "زۆر گونجاو بۆ دروستی"ی میسر، کاری "وردی" جوتیارەکان. بەڵام، لە جیاتی ئەوەی ئەمە بەرەو بەشی دوای ئەمە بچێ لەناو ڕیزبەندی گێڕانەوە، دەبینین وردەکاری تری دێتە سەر، سەرەنجام، ئەو گێڕانەوە تەواوەی چاوەڕێی دەکەین، لەبەر هۆی تەواو سەر بە فۆرم، پێشکەش نەکراوە. بە چەشنێکی دی، ئەگەرچی تایبەتمەندییە گەورەکانی تێکستی ئێدوارد لان لەگەڵ بەش و زانیاری گێڕانەوە و هۆیەکانی لەدایکبوون و ژیان و مردن تێکدەکەنەوە، وردەکارییە تایبەتمەندەکان، ئەوانەی لە درێژەی ئەم بەشە دەخرێنە ناوەوە دەبنە بزووتنەوەی گێڕانەوە. تێپەڕین لە تێبینییەکی گشتییەوە بۆ نیگارکێشانی هەندێ ڕوو یان لایەنی خەسڵەتی کەسایەتی میسری، بۆ وەسفێکی ژیانی منالیی، هەرزەکاری، لە سەردەمی بالغییەوە بۆ سەردەمی پیری میسرییەک، ئێدوارد لان هەمیشە وێڕای وردەکارییەکی زۆر ئامادەیە بۆ ڕێگری لە گواستنەوەیەکی نەرم. کەمێک دوای ئەوەی بیستمان باس لە کەشی دروستی میسر دەکا بۆ نموونە، دەبینین پێمان دەڵێ میسرییەکان تەمەنیان کورتە بە هۆی نەخۆشییە بکوژەکان و نەبوونی دەرمانسازی و بوونی هاوینی گەرم و بە تین. پاشان دەگێڕێتەوە و دەڵێ "گەرمی میسرییەکان دەورووژێنێ (هەڵبەت ئەمەش بەگشتیکردنێکی بێ بەڵگەیە) ڕوو لە لەززەتە سێکسییەکان بکەن"، لێرەوە نغرۆی ناو هەندێ لە وەسفەکانی



https://t.me/kurdistanbooks

دەبینەوە کە بریتین لە دیاگرام و وێنە بۆ هەندێ خەسڵەت و بیناسازی و دیکۆڕ و نافورە و وەسفی قوفڵەکانی شاری قاهیرە. ئینجا کە مۆدی گێڕانەوە جارێکی دی دەگەڕێتەوە، وەک رواڵەتێکی بێگەرد دێتە بەرچاو.

تۆنی گێڕانەوە، لەو ساتەی وەک وەزیفەیەکی باڵادەستیی تێکستی ئێدوارد لان دەردەکەوێ، بە هۆی وەسفی سادە و ساکار و بێ بەرگری و سەرنجڕاکێش، شێوانی تێدەکەوێ. ئامانجی ئێدوارد لان بەدیارخستنی تەواوی میسر و میسرییەکانە و هیچ شتێکی نادیار لەم بارەیەوە بۆ خوێنەر نەهێڵێتەوە، تەنیا رواڵەتی میسرییەکانی پێشکەش بکا، بێ هیچ قوڵبوونەوەیەک. کە هەندێ رووداو دەگێڕێتەوە، زیاتر مەیلی بۆ گێڕانەوەی وەسفی بریندارکەر و گەورە و سادی و مازۆشی هەیە وەک: لەخۆدان و خۆبریندارکردنی دەروێشەکان، دڕندەیی حاکمەکان، تێکەڵبوونی فسق و فجور بە ئایین لە لای موسلمانەکان، مەیلی زۆری شەهوانی،...هتد. لەگەڵ ئەمەش، هەرچەند رووداوەکان سەیر و بەدکار بن، هەرچەند لەناو گێژاوی وردەکارییەکان ئاوارە بین، ئێدوارد لان لە هەموو لایەکەوە ئامادەیە، کاری ئەو کۆکردنەوەی پارچەکان و رێ خۆشکردنە، بتوانین بۆ پێشەوە بڕۆین ئەگەر بە پچڕپچڕیش بێ. تا رادەیەکی زۆر ئەو کە ئەمە دەکا، وەک ئۆروپییەک دەیکا کە دەتوانێ بە شێوازی نووسین کۆنترۆلی ئەو هەڵچوون و ورووژانانە بکا کە موسلمانەکان بەداخەوە بوونەتە کۆیلەی. بەڵام توانای ئێدوارد لان لە راگرتنی بابەتەکەی بە توندی و بە مەوزوعی، بۆ ئەو نێوانە ساردە دەگەڕێتەوە کە جیای دەکاتەوە لە ژیان و لە دەوڵەمەندیی میسرییەکان.

ساتی سەرەکی و رەمزی لەسەرەتای بەشی شەشەم دەگا "ژیانی رۆژانە، پاشماوە". لێرەوە ئێدوارد لان وەک پەیماننامەیەک ئەوە پەیڕەو دەکا گەڕانەکانی بەناو ژیانی میسرییەکان بگێڕێتەوە و، دوای



https://t.me/kurdistanbooks

ئەوەی لە گەڕانەکانی لەناو ژوور و نەریتە گشتییەکانی ناو ماڵێکی میسری تەواو دەبێ، جیهانی کۆمەڵ تێکەڵ بە جیهانی شوێن دەکا، دەست دەکا بە باسکردنی لایەنی تایبەتی و ناوەوەی ژیان لەناو ماڵ. پاشان راستەوخۆ دەبێ "وەسفێکی مارەیی و مەراسیمەکانی مارەیی پێشکەش بکا". هەروەکو باویشە ئەم وەسفە بە تێبینییەکی گشتی دەست پێدەکا: ژن نەهێنان "کاتێ کە مرۆ دەگاتە تەمەنێکی گونجاو بۆ ئەم کارە و هیچ رێگرییەکی هەقیقی نیە، بەلای میسرییەکانەوە کارێکی شیاو نیە بگرە شەرم ئاوەریشە"، بێ هیچ پێشەکییەک، ئێدوارد لان ئەم تێبینییە لەسەر خۆی پەیڕەو دەکا و هەست دەکا لەم بارەیەوە تاوانبارە. بە درێژایی پەڕەگرافێک، ئەو فشارانە دەگێڕێتەوە کە لەم بارەیەوە لەسەر خۆی هەبووە  ژن بهێنێ، ئەویش بێ چەند و چۆن رەتی کردۆتەوە. دواجار، دوای ئەوەی یەکێ لە هاوڕێ میسرییەکانی پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکا ژنهێنانێکی "تایبەتی" بۆ رێکبخا، ئەمەش هەر لەلایەن ئێدوارد لانەوە رەت دەکرێتەوە، پاشان لەناکاو تەواوی ئەم پەڕەگرافە بە خاڵێک کۆتایی دێ.(73) لێرەوە دەگەڕێتەوە بۆ تێبینییە گشتییەکانی هەڵبەت بە تێبینییەکی دی کە ئەویش هەر گشتییە.

ئەوەی لێرەوە دەیبینین، هەر تەنیا ئەو شێوازە تایبەمەندە نیە کە ئێدوارد لان دەیەوێ سەربردەی سەرەکی بە هەندێ وردەکاری بپچڕێنێ کە هیچ پەیوەندییەکیان بەمەوە نیە، بەڵکو ئەو دەیەوێ جیابوونەوەی توندوتۆڵ و بێ ئەملاو ئەولای خۆیشی بەرانبەر بە پڕۆسە بەرهەمهێنەکانی کۆمەڵی رۆژهەلاتیش نەهێڵێ. چیرۆکی یان سەربردەی رەتکردنەوەی خۆی بۆ تێکەڵبوون بەو کۆمەڵەی وەسفی دەکا بە درزێکی دراماتیکی کۆتایی دێ: بۆیە واپێدەچێ سەربردەکەی ئەو نەتوانێ درێژە بە خۆی بدا تا ئەو کاتەی نەچێتە ناو ژیانی رۆژانە و ناوەوەی ئەم کۆمەڵەی وەسفی دەکا، بەم جۆرە وەک



https://t.me/kurdistanbooks

کاندیدایەک بۆ ئەم هەڵکەوتە لەبەر چاوان بزر دەبێ. ئەو خۆی خۆی بە پڕی ڕەت دەکاتەوە، وەک زاتێکی مرۆیی دژی ئەوە دەوەستێتەوە تێکەڵ بە کۆمەڵی مرۆیان بێ و ژن بێنێ. بەم جۆرە ناسنامەی ڕێگەپێدراوی خۆی دەپارێزێ وەک بەشدارێک لەو پێکەنینە و توندوتۆڵکردنی مەوزوعیەتی سەربردەکەی خۆی. ئەگەر پێشتر زانیبمان کە ئێدوارد لان موسلمان نیە، ئێستە دەزانین بۆ ئەوەی ببێتە ڕۆژهەڵاتناسێک "لەجیاتی ڕۆژهەڵاتییەک"، دەبوایە لەززەتە فیزیکییەکانی ژیانی ناوەوە لە خۆی دووربخاتەوە. بە چەشنێکی دی، ئەو ناچار بووە خۆی لە سەردەمەکەشی دابڕێنێ، هەڵبەت بە ڕەتکردنەوەی چوونی بۆ ناو بازنەی ژیانی مرۆییانە. سەرەنجام تەنیا بەم شێوازە نێگەتیڤەیە ئەو دەتوانێ دەستەڵاتی تێبینیکاری خۆی لە دەرەوەی سەردەم بپارێزێ.

ئێدوارد لان دەبوایە لە نێوان ژیانێکی بێ "گێرە و کێشە" یان درێژەدان بە تۆژینەوە لە میسرییە هاوچەرخەکان یەکێکیان هەڵبژێرێ. ئەو یەکێکی هەڵبژارد، ئەمەش ڕێگەی پێدا میسرییەکان بناسێنێ، چونکە، ئەگەر ئەو ببایەتە کەسێک لەوان، ڕوانگە و ڕوانینەکانی چیتر نەدەبوونە لێکسیکۆگرافی بە شێوەیەکی گوماناوی و ناسێکسی. لێرەوە ئێدوارد لان هەڵکەوتێکی ڕاستەقانی و شەرعی توێژەری باڵا بە دوو شێوازی پڕ لە فشار دەباتەوە. یەکەمینیان بە هۆی دەستتێوەردان لە ڕێڕەوی گێڕانەوەی ژیانی مرۆڤایەتی: هەر لەبەر ئەمەشە دەچێتە ناو ئەم وردەکاریە گەورەیە، کە تێیدا زیرەکی تێبینیکاری بێگانەیەک دەتوانێ بچێتە ناوی و پاشان بارستەیەک لە زانیاری بەدەست بهێنێ. ئەگەر بشێ بڵێین، لان سکی میسرییەکان هەڵدەدڕێ بۆ ئەوەی هەناوی خۆیان ببینن، پاشان وێڕای سەرزەنشت و سەرکوتکردنیان سکەکەیان بۆ دەدوورێتەوە. دووەمیان: بەهۆی ڕەتکردنەوەی لە بەشداریکردن لە دروستکردنی



https://t.me/kurdistanbooks

ژیانی میسری و رۆژهەڵاتی : هەر لەبەرئەمەشە بەسەر چەشنە گیانەورئاساکانی رکێفدارە، بە ئامانجی بەرژەوەندی بڵاوکردنەوەی زانیاری، نەک لە میسر و بۆ میسرییەکان خۆیان، بەڵکو بۆ زانستی ئۆروپییەکان بە مانا فراوانەکەی و هەر لە پێناوی ئەمەش. ناووبانگی مەزنی ئێدوارد لان لەناو نیگار و ساڵنامەکانی رۆژهەڵاتناسی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە یەک کاتدا توانیویەتی ئیرادەیەکی تۆژینەوەی باڵای پەرش و بڵاو بسەپێنێ و بە مەبەست جێگەی خۆی بۆ ناووبانگە زانستییەکەی جێبهێڵێ. زانستێکی بەسوودی وەک ئەمەی ئەو، نەدەتوانرا بە دەست بهێنرێ، دابڕێژرێ، بڵاوبکرێتەوە، تەنیا بەو جۆرە رەتکردنەوەیەی ئەو نەبوایە. (...)

شتێکی زۆر رۆشنکەرەوەیە کتێبی "...میسرییە هاوچەرخەکان" بخوێنیتەوە، نەک وەک سەرچاوەیەک بۆ زانین و ناسینی رۆژهەڵاتی، بەڵکو وەک کارێک بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی رێکخستنی رۆژهەڵاتناسی ئەکادێمی. مەیلی"من"ی ژێنێتیکی (یان جەنەتیکی) بۆ دەستەڵاتی تۆژینەوەی باڵا لەلای ئێدوارد لان، تەواو لەگەڵ خۆپسپۆڕکردن و بەدامەزراوەکردنی هەڵکشاوی زانین لەبارەی رۆژهەڵات تێکدەکاتەوە کە نوێنەرایەتی کۆمەڵانی جیاجیای رۆژهەڵاتی دەکەن. "کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیایی" دەیان ساڵ پێش بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی ئێدوارد لان دامەزرابوو، بەڵام کۆمیتەی خوێندنەوەی کۆمەڵەی شاهانە، کە "ئامانجی وەرگرتنی زانیاری و تۆژینەوە بوو لەبارەی هونەرەکان، زانستەکان، ئەدەبیات، مێژوو و سەردەمە کەوناراکان"ی رۆژهەڵات، (74) بە هۆیستروکتورە وەرگرەکەی سوودمەندی سەرەکی بوو لە گەنجینەی زانیارییەکانی ئێدوارد لان، بەو شێوەیەی پێشتر ئامادەکرابوون و داڕێژرابوون. هەرچی لەبارەی بڵاوکردنەوەی کارێکن وەک ئەمەی ئێدوارد لان، هەر تەنیا کۆمەڵەی جیاجیای زانینی بەسوود نەبوون، بەڵکو لەم



https://t.me/kurdistanbooks

سەردەمەش کە پرۆگرامی رۆژهەڵاتناسی رەسەن بۆ یارمەتیدانی بازرگانی و گۆڕینەوەکان لەگەڵ رۆژهەڵاتیش نەمابوون، کۆمەڵە زانستییە پسپۆڕەکان کە بەرهەمەکانیان نرخ و بەهای شاراوە (یان هەقیقی) تۆژینەوەی باڵایان پیشاندەدا بێ سەروبەر بوون. بەم جۆرە دەبینین پرۆگرامێکی کۆمەڵەی ئاسیایی ئەمە دەخاتەڕوو:

(دارشتنی یان چاپکردنی کتێبی رێزمان، فەرهەنگ یان کتێبی دیکەی سەرەتایی ناسراو و بە سوود یان پێویست بۆ خوێندنی زمانەکان کە لە ناوەندە گشتییەکان دەگوترێنەوە، بەشداریکردن بە ئابۆنە یان بەهەر شێوەیەکی تر لە بڵاوکردنەوەی کاری لە هەمان جۆر لە فرانسا یان لە دەرەوە، بەدەستهێنانی دەستخەتە ئاسیاییەکان یان کۆپیکردنەوەیان بە تەواوی یان بەشێک لەوانەی لە ئۆروپا هەن لە ناوەندە گشتییەکان، وەرگێڕانی هەموویان یان بەشێک لێیان، زۆرکردنیان لە رێگەی چاپکردن و نیگاری هەڵکۆڵراو یان بە لیتۆگرافی، وەرگرتنی کاری بەسوود لەبارەی جیۆگرافیا، مێژوو، زانست یان هونەرەکان لە ناوچە جیاجیاکانی رۆژهەڵات و دابینکردنی ئەو وەسیلانەی وابکەن خوێنەران چەشە لە بەرهەمی رەنج و شەونخوونی وەرگرن، راکێشانی سەرنجی خوێنەران لە رێگەی بڵاوکراوەیەکی وەرزی لەبارەی بەرهەمە زانستییەکان، ئەدەبی یان شیعرییەکانی رۆژهەڵات و لەسەر ئەوانەش کە لە هەمان جۆرن و بە رێکی لە ئۆروپا بەرهەم دەهێنرێن، لە بارەی ئەو راستییانەش کە دەشێ بۆ ئۆروپا گرینگ بن، لەبارەی دۆزینەوە و کارە جۆربەجۆرەکان کە دەشێ میللەتانی رۆژهەڵاتی ببنە بابەتیان: ئەمەیە ئامانجەکانی کۆمەڵەی ئاسیایی کە پێشنیاری دەکا)

رۆژهەڵاتناسی بە شێوەیەکی پلان بۆ دانراو خۆی لە بن فۆرمی بە دەستهێنانی ماتریالی رۆژهەڵاتی و بڵاوکردنەوەی رێکخراو وەک زانستێکی پسپۆڕ ئۆرگانیزە دەکا. لە ناوەوەی ئەم سیستەمە و هەر



https://t.me/kurdistanbooks

بۆ ئەمەش لان کتێبەکەی نووسیووە و "من"ی خۆی کردۆتە قوربانی. بەو مۆدەی کە کارەکەی ئەو لە ئەرشیڤی رۆژهەڵاتناسی بوون و بەردەوامی هەیە، خۆیشی بەو شێوەیە دەبینرێ. هەروەکو سیلڤێستر دو ساسی دەڵێ:

(یەکێ لە پێداویستییە هەرە لە پێشینەکانی ئەم کۆمەڵەیە "مۆزەخانەی ئاسیا"یە کە کۆگایەکی مەزنی هەموو جۆرە بابەتێکە، نیگار و هێڵکاری، کتێبی ئەسلی، نەخشە، سەفەرنامەکان، ئەمانە هەموو لەبەر دەستی ئەو کەسانەن کە خۆیان تەرخان دەکەن بۆ تۆژینەوە لە ئاسیا، ئەمانە بە چەشنێک رێکخراون بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بە ئەفسوونێک بکەوێتە ناو ئەو خێڵە مۆنگۆلە یان ئەو نەژادە چینییە کە بۆتە بابەتی تایبەتی لێکۆڵینەوەکانی (...) گونجاوە بڵێین (...) دوای بڵاوکردنەوەی کتێبە سەرەتاییەکان لەبارەی زمانەکانی ئاسیا، هیچ شتێک لەوە گرینگتر نیە هەنگاو بنێین بۆ دانانی یەکەمین بەردی بناغەی ئەو مۆزەخانەیە، کە من وەک گوزارە و لێکدانەوەیەکی زیندووی فەرهەنگەکانی دادەنێم کە پێویستییان بە وەرگێر"تەرجومان" truchement ە).

وشەی truchement بە جوانی لە وشەی "تەرجومانی" عەرەبییەوە هاتووە، کە بە مانای "وەرگێر" و "نێوانگر" یان "قسەکەر" دێ. لەلایەکەوە، رۆژهەڵاتناسی تا ئەو ئاستەی پێی بکرێ و بشێ، رۆژهەڵاتی بە پڕی وەرگرتووە و بەدەستی هێناوە، لەلایەکی ترەوە، دوای تێپەڕاندنی بەناو کۆمەڵێک کۆدی رێکخەر، بەناو پۆلێنکردنەکان، بەناو ئەو حاڵەتەی کە نموونەیەکە بۆ جۆرێک، بەناو وەرزنامەکان، فەرهەنگەکانی، کتێبەکانی رێزمان، لێکدانەوەکان، پەخشنامەکان، نەریتەکان، کە هەموویان بەیەکەوە رواڵەتێکی لەخشتەبردنی رۆژهەڵاتن و لە شێوەی ماتریال لە رۆژئاوا بەرهەم دەهێنرێنەوە بۆ رۆژئاوا خۆی. بە کورتی، واتە رۆژهەڵات لەلایەن سوپایەک لە



https://t.me/kurdistanbooks

کارگەرانی زانستی لە شایەدحاڵی کەسییەوە، هەندێجاریش لە درۆی گەڕیدەکان و ئەو کەسانەی بێ هیچ ترسێک دەچن لە ڕۆژهەڵات دادەنیشن دەگۆڕدرێ بۆ پێناسە و ناساندنێکی ناکەسیی. واتە لە ئەزموونی یەک بە دوای یەکدا هاتوو دەگۆڕدرێ بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ناکەکەسیی، بۆ جۆرێک لە مۆزەخانەی خەیاڵی بێ هیچ دیوارێک، کە هەموو ئەوەی پێشتر لێی کۆکرابووەوە لە جۆر و جیاوازی زۆر و بەرینی کولتووری ڕۆژهەڵاتی بە شێوەیەکی ئێجگاریی بە "ڕۆژهەڵاتی" دەکرێن. بەم جۆرە دەگۆڕدرێن، سەرلەنوێ بە ستروکتور دەکرێنەوە، بە دەستپێکردن لە باڵەی پارچەپارچەکان کە یەک یەکە لەلایەن دۆزرەوەکان، میسیۆنەکان، کۆمیسیۆنەکان، سوپاکان، بازرگانەکان بە مانا ڕۆژهەڵاتناسیە لێکسیکۆگرافییەکەی، بیبلۆگرافییەکەی، لە بەشەکان دادەنرێن و بە تێکست دەکرێن. تا رادەیەک لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم، هەروەکو دزرائیلی دەیگوت ڕۆژهەڵات ببووە پیشەیەک، تێیدا دەتوانرا نەک هەر ڕۆژهەڵات دروست بکرێتەوە و بگەڕێندرێتەوە، بەڵکو خۆیشی بە هەمان شێوە.

هەموو ئەو ئۆروپیانەی سەفەریان دەکرد یان دەچوون لە ڕۆژهەڵات دادەنیشتن دەبوایە خۆیان لە کاریگەری هەراسانکاری ڕۆژهەڵات بپارێزن. ئێدوارد لان بۆ نموونە، کە دەکەوتە نووسینی بابەتەکەی، دواجار دەیتوانی ڕۆژهەڵات بە پرۆگرام بکاتەوە و بیگەڕێنێتەوە. ناتەواوییەکانی ژیانی ڕۆژهەڵاتی، وێڕای ساڵنامە سەیر و سەمەرەکانی، شێوە و هەڵکەوتی شوێنە ئێگزۆتیکەکانی، زمانەکانی کە بێگانە و هیوا بکوژن، مۆرالی ڕۆژهەڵاتی کە زیاتر بەلای بەدکاری و فەسادیدا دەشکێتەوە، بە شێوەیەکی بەرچاو بچووک و کەم کراونەتەوە، بە تایبەتی کە وەک زنجیرەیەک وردەکاری بە شێوازێک لەناو پەخشانێکی ئۆروپی پێوەرئاسا پێشکەش کراون. دروستە بڵێین لە، بە ڕۆژهەڵاتیکردنەوەی ڕۆژهەڵات لەلایەن "ئێدوارد لان"ەوە، هەر



https://t.me/kurdistanbooks

تەنیا پێناسەی بۆ نەکراوە، بەڵکو ئەو بە کاری داڕشتن و کاری (ئێدیت "دوافۆرمی نووسین") یش هەڵساوە: هەموو ئەو شتانەی لێ لابردووە ببنە سەرچاوەی هەراسانکردنی هەستیاری ئۆروپی و هەست و دڵگیری مرۆییانەی خۆیشی. لە هەموو حاڵەتاکاندا، وادەهاتە بەرچاو رۆژهەڵات لە روانگەی دروستی یان لیاقەتی سێکسییەوە بریندارکاربێ، چونکە هەموو شتێک لە رۆژهەڵات، یان بەلای کەمی لە میسر وەک رۆژهەڵاتی ئێدوارد لان خۆی، بۆنێکی سێکسی مەترسیداری لێ هاتووە کە هەڕەشە بووە بۆ سەر دروستی گشتی و پەیوەندی ناوماڵ بە هۆی بوونی "ئازادی سێکسی" یەکی بێ مانا هەروەکو ئێدوارد لان دەیڵێ سەرەڕای نەبوونی بەربەستێک بە نەریت لەلای ئەو نەیتوانیوە خۆی لەم بەکارهێنانە لادا.

بەڵام کۆمەڵێک جۆرە هەڕەشەی دی وەک لە هەڕەشەی سێکس هەبوون کە هەموو شتێکی دەخستە بەر تاقیکردنەوەیەکی سەختی ئەو مانایەی ئۆروپییەکان هەیانبوو بۆ نابەردەوامی و ئەقڵانیەتی زەمەن، بۆ شوێن و بۆ ناسنامەی کەسایەتی هەیانبوو. کەچی لە رۆژهەڵاتەوە، لەناکاو رووبەڕووی کەونارایییەکی دەرەوەی خەیاڵ دەبووینەوە، رووبەڕووی جوانیەکی نامرۆڤانە دەبووینەوە، رووبەڕووی مەودای دوور و بێپایان دەبووینەوە، کە دەکرا زیاتر بێگوناهانە سوودی لێ وەربگیرابایە ئەگەر بابەتی بیرکردنەوە و نووسین بوایە نەک بەو شێوەیە بە کردە تێیدا بژیابایەنە. لە کتێبی "گاور Giaour"ی بایرۆن، لە کتێبی "دیوانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات"ی گۆتە، لە کۆمەڵە شیعری "رۆژهەڵاتییەکان"ی ڤیکتۆر هوگۆ، رۆژهەڵات فۆرمێکی رزگاریخوازییە، شوێنێکە بۆ فرسەتێکی رەسەن، کە گۆتە ئاوازە سەرەکییەکەی لە شیعری Hegire داڕشتووە.


https://t.me/kurdistanbooks

Nord und West Süd zersplittern

,Throne bersten, Reiche zittern

Fluchte du, in reinen Osten

! Patriarchenluft zu kosten

باکور، خۆرئاوا پارچەپارچە دەبن

عەرشەکان دەشکێن، ئیمپراتۆرەکان دەلەرزن

خۆت رزگار بکە، برۆ بۆ رۆژهەڵاتی بێگەرد

هەناسەی حەکیمەکان هەڵمژە !

Dort, im Reinen und in Rechten

Will ich menschlichten Geschlechten

In des Ursprungs Tiefe dringen

هەمیشە دەگەڕاینەوە بۆ رۆژهەڵات، "لەوێ، لەناو بێگەردی و دادپەروەری/ نەژادی مرۆیانەم دەوێن/ بگەڕێنەوە بۆ دوا رەچەڵەک" ئەمەیان وەک تەواوکەرێک بۆ دڵنیایی هەموو ئەو شتانەی خەیاڵمان بۆ چووە بینراوە.



https://t.me/kurdistanbooks

! Gottes ist der Orient

! Gottes ist der Okzident

Nord und südliches Gelände

. Ruht im Frienden seiner Hände

ڕۆژهەڵات هی خودایە

ڕۆژئاوا هی خودایە

هەرێمەکانی باکور و باشور

لەناو ئارامی دەستەکانی پشوو دەدەن (76)

ڕۆژهەڵات بە شیعر و ئەتمۆسفێرەکەی، بە شیمانەکانی، لەلایەن شاعیرانی وەک حافز نوێنەرایەتیکراوە، unbegrenzt وەک شوێنێکی "بێ سنوور" وایە بە ڕای گۆتە، پیرتر و لاوترە وەک لە ئێمەی ئۆروپییەکان. بۆ "ڤیکتۆر هوگۆ"ش لە قەسیدەی "هاواری شەڕی موفتی" و "ئازاری پاشا"(77)، دڕندەیی و داماوی بێ سەروبەری ڕۆژهەڵاتییەکان بە میدیایی کراوە، نەک بە هۆی ترسێکی هەقیقی لە ژیانیان یان بوونی هەست و سۆزی لەدەستدان و وێڵی، بەڵکو بەهۆی ڤۆلنێ و جۆرج سال، کە لە نووسینەکانیان باسیان لە جوانی و مەزنی بەربەرەکان کردووە وەک زانیارییەک بشێ وەک بەهرەیەکی زۆر مەزن و جوان لەلایەن شاعیر بەکاربهێنرێ.



https://t.me/kurdistanbooks

ئەوەی رۆژهەڵاتناسانی وەک لان، سیلڤیستر دو ساسی، رێنان، ڤۆلنێ (بێ ئەوی باسی کتێبی "وەسفی میسر" بکەین) و پێشەنگانی دی دەیانخستنە بەردەست، لەلای ئەدیبانەوە بەکاردەهاتنەوە. دەبا بگەڕێینەوە بۆ هەموو ئەوانەی لەبارەی هەر سێ تایپی ئەو کارانە بوون کە لە رۆژهەڵاتیان دەکۆڵییەوە و لەسەر بنچینەی نیشتەجێبوون لە رۆژهەڵات دامەزرابوون. مەرج و داواکارییە توندوتۆڵەکانی زانست، نووسراوە رۆژهەڵاتناسییەکانی لە هەستیاری نووسەر (دانەر) پاک کردۆتەوە: هەر لەمەشەوە ئۆتۆسانسۆری ئێدوارد لان (خۆسانسۆرکردن) سەرچاوەی گرتووە، هەر لەمەشەوە یەکەمین جۆری ئەو کارانە دێن کە ژماردمانن. لە تایپی دوو و سێ، "من"ی نووسەر یان دانەر بە روونی دەردەکەوێ کە سەر بە دەنگێکە کاری بریتییە لە پێشکەشکردنی زانینی راستەقینە (تایپی دووەم) یان دەستەڵاتدار و بە مێدیاکاری هەموو ئەوانە دادەنرێ کە لەبارەی رۆژهەڵاتەوە پێمان دەڵێن (تایپی سێیەم). لەگەڵ ئەمەش، لەمسەر بۆ ئەوسەری سەدەی نۆزدەم، دوای بۆناپارت، رۆژهەڵات شوێنێک بووە بۆ حەج کردن، هەموو کارێکی گرینگی سەر بە رۆژهەڵاتناسییەکی رەسەنیش، ئەگەر ئەم کارانە هەردەم ئەکادێمیایش نەبووبن، فۆرم و شێواز و مانا و مەبەستی خۆی لە ئایدیای حەجکردن بۆ رۆژهەڵات دەرهێناوە. سەرچاوەی سەرەکی ئەم ئایدیایەش، وەک زۆر فۆرمی نووسراوی رۆژهەڵاتناسی دیکە کە لەبارەیانەوە قسەمان کردووە، ئایدیایەکی رۆمانتیکی بنیاتنانەوەی بنیاتنانەوەیەکە (واتە سورناتورالیزمی سروشتی).

هەر حاجییەک بە شێوازی خۆی شتەکان دەبینێ، بەڵام سوودی هەر حەجێکیش بۆ رۆژهەڵات سنووری خۆی هەیە، بەو شێوەیەی وەریدەگرێ و ئەو هەقیقەتانەی دەیخاتەڕوو. هەموو حەجەکان (زیارەتەکان) بۆ رۆژهەڵات بە وڵاتی "کتێبی پیرۆز Bible" دا



https://t.me/kurdistanbooks

تێدەپەڕی یان دەبوایە بەوێدا تێپەڕێ، لە راستیدا زۆربەیان هەوڵێک بوون بۆ ژیاندنەوەی بەشێک لە واقیعی جودایی-کریستیانی/ یۆنانی-رۆمانی، یانیش بۆ رزگارکردنی ئەو رۆژهەڵاتە بەرینە بوو کە بە چەشنێکی باوەڕنەکراو بە پیت و دەوڵەمەند بوو. بۆ ئەم حاجییانە (ئەوانەی زیارەتی رۆژهەڵاتیان دەکرد) رۆژهەڵاتی زانا رۆژهەڵاتناسەکان ئاڵنگارییەک بوو دەبوایە قبوڵی بکەن، تەواو وەک وەرگرتنی "کتێبی پیرۆز Bible"، خاچپەرستەکان، ئیسلام، ناپۆلیۆن و ئەسکەندەر کە پێشینانێکی مەزن و مەترسیدار بوون، دەبوایە بە هەند وەربگیرێن. نەک هەر تەنیا رۆژهەڵاتی رۆژهەڵاتناسەکان بەربەست بوو لە پێش خەون و خەیاڵی تاکەکەسی حاجی، بەڵکو وێنای پێش گەشتکردنیشی بەربەستی لە نێوان گەڕیدەی ئەمڕۆ و ئەوەی دەینووسی دادەنا، مەگەر وەک نێرڤال و فلۆبێریان بکردبایە لە شێوازی بەکارهێنانیان بۆ ئێدوارد لان، کاری رۆژهەڵاتناس لە کتێبخانە جیانەکرابایەوە و وەک بەشێک لە پرۆژەی ئێستێتیکی خۆیان وەریانبگرتایە. بەربەستی دیکە: نووسراوی رۆژهەڵاتناسی قەتیس و دەورەدراوە بە کۆمەڵێک مەرج و داواکاری رەسمی زانستی رۆژهەڵاتناسی. حاجییەکی وەک شاتۆبریان بە بێمانایی لافی ئەوەی لێ دەدا کە تەنیا سەفەر بۆ خۆی دەکا: "دەڕۆم بەدوای وێناکان دەگەڕێم و هیچی تر."(78) بەڵام فلۆبێر و نێرڤال و کینگلەیک، دزرائیلی و بورتۆن، ئەمانە هەموویان حەجیان کرد بۆ رەواندنەوە و لابردنی تەڵخی سەر ئەرشیڤی پێشووی رۆژهەڵاتناسی. نووسینەکان دەبێ وەک دەفرێکی نوێ بێ بۆ هەموو ئەزموونێکی رۆژهەڵاتی، کەچی، وەک دواتر دەیبینین، ئەم پرۆژەیەش بە نەریت لە خۆیەوە دەگۆڕدرا (نەک هەمیشە) بۆ روانین و مێتۆدی کەمکردنەوە و بچووککردنەوەی reductionisme بەکارهێنراو لەلای رۆژهەڵاتناس. بێگومان هۆیەکان زۆر و ئاڵۆزن، پەیوەندییان بە سروشتی حەجەوە



https://t.me/kurdistanbooks

هەیە، بە مۆدی نووسینی و بەو فۆرمەی وەک نیگارێک دەیدایە کارەکەی خۆی.

رۆژهەڵات بۆ گەڕیدە و گەشتیار وەک تاکەکەسێک لە سەدەی نۆزدەم چی بوو؟ سەرەتا با بزانین چ جیاوازییەک لە نێوان گەڕیدەی ئینگلیزی زمان و گەریدەی فرانسی زمان هەیە. بۆ یەکەمیان رۆژهەڵات بێگومان هیندستان بوو، کە بە ڕاستی ملکی بەریتانیا بوو، سەرەنجام تێپەڕین بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەنگاوێک بوو لەسەر رێگەی یەکێ لە کۆلۆنییە سەرەکییەکانی ئیمپراتۆر. کەواتە پێشتر شوێنی پێویست بۆ یاری خەیاڵ و ئەندێشە سنووردار بوو بە واقیعی ئیداری و شەرعییەتی هەرێمایەتی و دەستەڵاتی جێبەجێکردن. والتەر سکۆت، کینگلەیک، دزرائیلی، واربورتۆن، بورتۆن، هەتا جۆرج ئیلیەت خۆیشی (لە کتێبی "دانیال دێرۆندا" نەخشەیان بۆ رۆژهەڵات کێشاوە)، نووسەرانێک بوون، وەک ئێدوارد لان خۆی و پێش ئەویش ویلیەم جۆنز، بۆ هەموو ئەمانە رۆژهەڵات بە ملکایەتی ماتریالی یان دەتوانین بڵێین بە ئەندێشەیەکی ماتریالی پێناسەدەکرا. ئینگلتەرا ناپۆلیۆنی شکاندبوو، فرانسای دوورخستبووەوە: ئەوەی ئەقڵی ئینگلیزی باوەڕی پێی بوو یان دەیگرتە خۆی، مەودا و بوارێکی ئیمپراتۆری بوو لە سالآنی 1880 ببووە سەرزەمینێک بڕانەوەی بۆ نەبوو، قەڵەمڕەوی بەریتانی بوو، لە مێدیترانێوە دەگەیشتە هیندستان. نووسین لەبارەی میسر، سوریا یان تورکیا، وێڕای سەفەرکردن بۆیان، بەندبوو بە زیارەتی مەملەکەتی ئیرادەی سیاسی، ئیدارەی سیاسی، شوناسی سیاسی. قەڵەمڕەوی هەرێمایەتی مرۆی ناچار دەکرد پێیەوە پابەند بێ، هەتا بۆ نووسەرێکی ئازادی وەک دزرائیلیش، کە کتێبەکەی "تانکرێد" هەر تەنیا بە سادەیی فەنتازییەکی رۆژهەڵاتی نیە، بەڵکو راهێنانێکە بۆ رێکخستنێکی سیاسی زیرەکانەی هێزە هەقیقییەکانە لەسەر زەمینە راستەقینەکان.



https://t.me/kurdistanbooks

هەرچی حاجی فرانسییە، بە پێچەوانەوە، پڕ لە هەست و سۆزی توندی لەدەستچوون بوو. فرانسییەکان دەگەیشتنە سەر شوێنێک فرانسا بە پێچەوانەی ئینگلتەرا ئامادەگییەکی سەروەرانەی نەبوو. دەریای مێدیترانێ بووبووە شوێنی زایەڵە و دەنگدانەوەی شکانی فرانسییەکان، ئەمەش لە سەردەمی خاچپەرستەکانەوە بگرە تا دەگەیشتە ناپۆلیۆن. ئەوەی دواتر وەک "میسیۆنێکی بە شارستانیکردن"ی پرۆژەی فرانسایی دەناسرێ لە سەدەی نۆزدەمەوە دەست پێدەکا، ئەمەش لە ئامادەگییەکی سیاسی پلە دوو زیاتر نەبووە لە دوای "بەریتانیای مەزن". سەرەنجام حاجیانی فرانسی، هەر لە "ڤۆلنێ" وە بگرە تا کۆتایی، نەخشە و پرۆژەیان دادەڕشت، خەیاڵیان بۆ شوێنێک دەچوو تەنیا لەناو زەینی خۆیان هەبوو، هەر ئەمەشیان کاوێژ دەکردەوە، پارچە مۆسیقایەکیان دادەهێنا بۆ کۆنسێرتێکی فرانسی، بگرە بۆ ئۆروپاش، لە رۆژهەڵات، هەڵبەت وا پێشنیاریشیان دەکرد خۆیان سەرپەرشتی بکەن. "رۆژهەڵات"ی فرانسی رۆژهەڵاتی بیرەوەرییەکان بوو، هی شوێنەوارە ئیلهامبەخشەکان بوو، هی نهێنییە لەبیرکراوەکان بوو، هی سازاندنە شاراوەکان بوو، هی شێوازێکی تا رادەیەک دەسترەنگینی ژیان بوو، رۆژهەڵاتێک کە باڵاترین فۆرمە ئەدەبییەکەی لەلای نێرڤال و فلۆبێر بوو: کارە ئەدەبییەکانی هەر یەکێک لەمانە لەسەر زەمینەیەکی توندوتۆڵ بوون و بەرجەستەی ناو مەودا و رەهەندێکی خەیاڵی مەحاڵ بوون (تەنیا بە ئێستێتیکا نەبێ).

راستە، ئەمەش تا رادەیەکی زۆر بەسەر گەڕیدە توێژەرە باڵاکانی فرانسیش پەیڕەو دەبوو. زۆربەیان بایەخیان بە رابردووی "کتێبی پیرۆز"یانە یان بە رابردووی خاچپەرستەکان دەدا، هەروەکو چۆن "هێنری بۆردۆ" لە کتێبی "گەڕیدەکانی رۆژهەڵات" باسی دەکا.(79) ئەو ناوانانەی هێنری بۆردۆ دەیانهێنێ دەبێ ئەوانەشی بخەینە سەر (بە پێشنیاری حەسەن ئەلنوتی) ناوی رۆژهەڵاتناسە پسپۆڕەکان لە



https://t.me/kurdistanbooks

زمانی سامی، له نێوانیشیان کەسانی وەک کاترۆمێر، سولسی، دۆزەرەوەی "دەریای مردوو"، ڕێنان وەک ئارکیۆلۆگێکی فینیسی (یان فینیقی)، ژودا، پسپۆڕ لە بواری زمانەکانی فینیسی، کاتافاگۆ و دێفرێمێری، کە تۆژینەوەیان لەبارەی ئەنساریەکان و ئیسماعیلییەکان و سەلجوقییەکان کردووە، کۆنت کلێرمۆ-گانۆ، کە پشکنینی بۆ ناوچەی "جودێ" کردووە، مارکیز ڤۆگێ، کە کارەکانی بە شێوەیەکی سەرەکی تایبەت بوو بە خوێندنەوەی بەردەنووسەکانی "پالمیر". بێجگە لەمە هێشتا قوتابخانەی "میسرناسەکانیش" هەبوو، کە بە کاریگەری شامپۆلیۆن و دومارییێت سەریان هەڵدابوو، کە دواتر "ماسپێرۆ" و "لۆگران"یش دێنە ناویان. بۆ باش جیاکردنەوە لە نێوان واقیعی بەریتانیەکان و فەنتازی فرانسییەکان، ئەوە دێنێ وتەکەی هونەرمەندی نیگارکێش "لودۆڤیک لۆپیک" بە یادی خۆمان بهێنینەوە، کە لە ساڵی 1884 (دوو ساڵ دوای سەرەتای داگیرکردنی بەریتانی) ئەم قسە غەمبارەی کردووە:" ڕۆژهەڵات لە قاهیرە مرد." تەنیا ڕێنان، وێڕای ریالیزمە ڕەگەزپەرستەکەی، پۆزش و بەهانەی بۆ سەرکوتکردنی ئینگلیزی بۆ ڕاپەڕینی ناسیۆنالیستی عەرابی دەهێنایەوە، بە حیکمەتە باڵاکەی خۆی دەیگوت ئەم ڕاپەڕینە شەرمێک بوو بۆ شارستانی.(80)

ڤۆلنێ و بۆناپارت بە دوای هەقیقەتێکی زانستیدا دەگەڕان، هەرچی حاجیەکانی فرانسی بوون لە سەدەی نۆزدەم، ئەوان لە هەقیقەتێکی ئێگزۆتیک دەگەڕان، هەڵبەت، بەڵام هەقیقەتێکی ئێگزۆتیکی تایبەتی. ئەمەش بە روونی بەسەر حاجیە ئەدیبەکان پەیڕەو دەبوو، هەر لە شاتۆبریانەوە بگرە، کە لەناو ڕۆژهەڵات دیمەنێکیان دەدۆزییەوە پەیوەندییەکی دڵگیری هەبوو لەگەڵ ئەفسانە و میتۆیەکانی خۆیان، لەگەڵ مەراق و خواستە کەسییەکانی خۆیان. دەبێ لێرە تێبینی ئەوە بکەین کە هەموو حاجییەکان، بەتایبەتی فرانسییەکان، ڕۆژهەڵاتیان



https://t.me/kurdistanbooks

بەو جۆرە لە کارەکانیان بەکارهێناوە، وەک بەهانەهێنانەوەیەک بێ بۆ هەندێ شێواز کە خولیا وجودییەکانی خۆیان رەپێش بخا. تەنیا کە پڕۆژەیەکی مەعریفی زیاتر لە کردەی وەک نووسین لەسەر رۆژهەڵات هەبوو، پێدەچوو هەڵچوونی عاتیفی خۆیان باشتر کۆنترۆل بکەن. بۆ نموونە لامارتین لەبارەی خۆی نووسیوە هەروا لەبارەی فرانساش وەک زلهێزێک لە رۆژهەڵات، ئەم دووەم پڕۆژەیەش بێدەنگ کراوە و، دواجاریش کۆنترۆلی هاندەرەکانیشی کردووە کە لە شێوازی ئەو، گیانی ئەو، یاداشتی ئەو و ئەندێشەی ئەو کەڵەکە دەبوون. هیچ حاجییەکی فرانسی یان ئینگلیزی، وەک ئێدوارد لان نەیتوانیوە دڵڕەقانە دەستەڵاتی بەسەر کەسایەتی خۆی یان بابەتەکەیدا بشکێ. هەتا بورتۆن و "ت. ئی. لۆرەنس (یەکەمیان بێ ئەملاو ئەولا حەجێکی موسلمانانەی کردووە، دووەمیان حەجێکی کردووە ناوی لێناوە حەجی پێچەوانە، واتە سەرەتا لە مەککەوە رۆیشتووە) کە بارستەیەک لە ماتریالی رۆژهەڵاتناسی مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتیان پێشکەش کردووە، ئەمانەش هەرگیز ئەوەندە دوور نەبوون لە کەسایەتی خۆیان وەک ئێدوارد لان. هەر لەبەرئەمەیە بورتۆن و شارل دوگتی، شوێنێکی ناوەنجی لە نێوان لان و شاتۆبریان داگیر دەکەن.

سەفەرنامەی "گەشتێک لە پاریسەوە بۆ ئۆرشەلیم"ی شاتۆبریان کە لە ساڵانی (1811/1810) بڵاوبۆتەوە، پڕە لە وردەکاری گەشتێک کە لە ساڵانی 1806/1805 کراون، هەڵبەت دوای گەشتێکی دی بۆ ئەمریکای باکور. ئەم کتێبە لە چەندین سەد پەڕەیەک بینینەکانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە بەو چەشنە قسە دەکا وەک خۆی دەیڵێ:"من هەمیشە قسە لەبارەی خۆمەوە دەکەم"، ئەمەش بە رادەیەک سەرنجی ستاندال رادەکێشێ سەرەڕای ئەوەی ئەویش نووسەرێک نەبووە بایەخی بە زاتی خۆی نەدابێ، لەبارەی شاتۆبریانەوە دەنووسێ:



https://t.me/kurdistanbooks

"هەرگیز شتێکی وام نەبینیوە ئەوەندە بە خۆپەرستی بۆگەن بێ"، هەڵبەت وەک لێکدانەوەیەک بۆ سەرنەکەوتنی شاتۆبریان وەک گەڕیدەیەکی جێی متمانە. شاتۆبریان بارێکی قورسی پڕ لە ئامانج و گریمانی زاتی خۆی هێنایە ڕۆژهەڵات و لەوێ هەڵیڕشت، ئینجا لێرە و لەوێ کەوتە فشار خستنە خەڵک و شوێن و ئایدیاکان وەک ئەوەی هیچ شتێک نەتوانێ بەرهەڵستی خەیاڵە لەخۆباییەکەی بکا. شاتۆبریان وەک کەسێکی "خوێندەوار" گەیشتۆتە ڕۆژهەڵات نەک خۆی وەک زاتێک. بۆ ئەو، ناپۆلیۆن بۆناپارت دوا خاچپەرست بوو، "لەوانەشە خۆشم ببمە دوا فرانسی کە لە وڵاتەکەی خۆی دەرچووبێ بۆ گەشتی "خاکی پیرۆز" وێڕای بوونی ئایدیا و ئامانج و هەست و سۆزی حاجییە کۆنەکان". بەڵام سەفەرەکەی شاتۆبریان بە ئامانجی تر بوو. ئەمەش مەسەلەی سازان و گونجان Symétrie بوو "لە سەحرای ئەمریکا لە مۆنیمێنتە سروشتییەکان ڕامابووم، لەناو مۆنیمێنتەکانی دەستکردی مرۆ، هێشتا دوو جۆر مۆنیمێنتی کەونارام دەناسین، مۆنیمێنتی کەونارای سێلت و ڕۆمانەکان، تەنیا ئەوانەی ئاتێن و مەمفیس و کارتاج مابوون بیانبینم". بۆ تەواو کردن: پێویستی بەسەرلەنوێ پڕکردنەوەی کۆگاکەی بوو لە وێناکان. دڵنیایی کردنەوەی ئەو لەبارەی روحی ئایین پێیوایە: "ئایین جۆرێکە لە زمانێکی جیهانی کە هەموو مرۆیەک تێیدەگا"، ئایە شوێنێک لە ڕۆژهەڵات باشتر هەیە لەناو گونجاوترین مەرج و هەڵکەوت تێبینی ئایینی لێ بکرێ، هەتا لەو وڵاتانەش کە ئایینێک بە ڕێژەیەک خوارتر لە ئیسلام بەرقەرار بێ؟ سەرەڕای هەموو ئەمانەش، شاتۆبریان دەیویست لەبارەی پێویستی بینینی شتەکانەوە، بەو شێوەیە نەیانبینێ کە هەن بەڵکو بەو شێوەیە بیانبینێ کە ئەو پێشنیاری بۆ دەکردن.(...)(81)


https://t.me/kurdistanbooks

بۆ کەسێکی ئەوەندە بەهاداری وەک شاتۆبریان، ڕۆژهەڵات وەک تەونێکی دڕاو بوو پێویستی بە چاککردنەوە هەبوو. مرۆی عەرەبی ڕۆژهەڵاتی بۆ ئەو "مرۆیەکی شارستانی بووە کەوتۆتە ناو هەڵکەوتی کێویانە"، بۆیە شتێکی سەیر نیە ببینین لە کاتێکدا ئەو تێبینی و چاودێری مرۆی عەرەبی کردووە وێڕای قسەکردن بە فرانسی، شاتۆبریان هەستی کردووە وەک "ڕۆبنسۆن کرۆزۆیێ"یە تووشی هەڵچوون و شاگەشکە بووە کە دەبینێ تووتیەکەی بۆ یەکەمین جار قسە دەکا. بەڵێ، گەڵێک شوێنی واهەبوون، وەک "بەیت لەحم" (شاتۆبریان لەبارەی ئیتیمۆلۆژی ئەم ناوە بە تەواوی بەهەڵەدا چووە) لەم شوێنانە هەندێ پێکچوون لەگەڵ شارستانی ڕاستەقینە دەدۆزرانەوە و هەستی پێدەکرا، واتە لەگەڵ شارستانی ئۆرووپی، بەڵام ئەم شوێنانە دەگمەن بوون و لە یەکتری دووربوون. لە هەموو لایەکەوە تووشی ڕۆژهەڵاتییەکان دەبووین، وەک عەرەبەکان کە شارستانی و ئایین و داب و نەریتیان ئەمەندە دواکەوتوو و کێویانە بوو، ئەوەندە جیاوازبوون، شایانی ئەوە بوون سەرلەنوێ (فتح) داگیربکرێنەوە. شاتۆبریان پێیوایە شەڕی خاچپەرستەکان چ نەبوو جگە لە پەرچەکردارێک بەرانبەر بە هاتنی "عومەر" (ئیسلام/و) بۆ ئۆرووپا. لەلایەکی ترەوە ئەمەش دەڵێ: ئەگەرچی خاچپەرستەکان بە فۆرمی مۆدێرنی خۆیان یان بە فۆرمە ڕەسەنەکەی خۆیان، دەستدرێژییەک بوو، ئەو کێشانەی بەرپایان دەکرد، لەسەرەوەی تێگەیشتنی مرۆی چارەمەرگ بوو:

(خاچپەرستەکان تەنیا لەوە کورت بکەینەوە حاجیانی چەکدار بن دەچن گۆڕێک لە فەلەستین ڕزگار دەکەن، واتە بوونی ڕوانینێکی خوار و سەقەت بۆ مێژوو. مەسەلەکە هەر ئەوە نیە گۆڕێکی پیرۆز ڕزگار بکەی، بەڵکو زیاتر ئەوەیە بزانی کێ دەبێ لەسەر زەمین براوە بێ، نەریتێکی دوژمنی شارستانی، بە سیستەم پشتگیری لە نەزانین و


https://t.me/kurdistanbooks

دیسپۆتیزم و کۆیلەگەرایی بکا دەبێ بباتەوە یان نەریتێک کە لەناو مرۆی سەردەم بڵیمەتی بۆ باوەڕی کەونارا ژیاندۆتەوە و کۆیڵەگەرایی لەناوبردووە؟) (82)

ئەمە یەکەمین ئاماژەیە بۆ ئایدیایەکی مانادار و بەرچاو کە دەستەڵاتێکی تا رادەیەک ناڕەحەت وەردەگرێ، دەستەڵاتێکی نیمچە ئۆتۆماتیک لە نووسراوە ئۆروپییەکان: تێمای ئەوەی ئۆروپا دەبێ رۆژهەڵات فێر بکا ئازادی چیە، لەم بارەشەوە شاتۆبریان و هەموو ئەوانەی دوای ئەو، لەو باوەڕەدابوون کە هەموو رۆژهەڵاتییەکان، بە تایبەتی موسلمانەکان تەواو مانای ئەمە نازانن.

(ئازادی، مانای نازانن، ملکایەتی، مانای نازانن، هێز خودای ئەوانە. کاتێ کە ماوەیەکی زۆر نابینن داگیرکارەکان دەرکەون دادپەروەری بالاَی ئاسمانیی بەرقەرار بکەن، وەک سەربازانی بێ سەردار، هاووڵاتیانی بێ دادوەر و خێزانێکی بێ باوک وان.) (83)

هەر لە ساڵی 1810ەوە ئێمە یەکێکی ئۆروپیمان هەیە وەک کرۆمەری ساڵی 1910 قسە دەکا و پشتگیری لەوە دەکا رۆژهەڵاتییەکان پێویستیان بە داگیرکردنە (فتح)، هیچ پارادۆکسێک لەوەدا نابینێ کە داگیرکردنێکی رۆژهەڵات لەلایەن رۆژئاواوە، ناشێ وەک داگیرکردنێک بێ، بەڵکو سەرەڕای هەموو شتێک دەبێ وەک ئازادی بێ، یان وەک ئازادی وەربگیرێ. شاتۆبریان لەناو زاراوە رۆمانتیکەکانی میسیۆنێکی کریستیانی باس لەم ئایدیایە دەکا کە ئامانجی ژیاندنەوەی جیهانێکی نێژراوە، یان جیهانێکی مردووە. سەرەنجام بۆ ژیاندنەوەی هەستی توانا و وزەی خۆی، تەنیا لە توانای ئۆروپییەکە ئەمە لە بن رووی بێ ژیان و گەنیو ببینێ و جیای بکاتەوە. بۆ گەڕیدەیەک، ئەمە مانای ئەوەی دەگەیاند دەبێ "تەورات" و "ئینجیل" وەک رابەر بەکاربێنێ لە فەلەستین،(84) واتە تەنیا بەم



https://t.me/kurdistanbooks

شێوەیە دەتوانێ بگاتە ئەودیوی گەنیویە رواڵەتییەکانی رۆژهەڵاتی ئەمڕۆ. لەگەڵ ئەمەش شاتۆبریان هیچ تەوسێک لەوەدا نادۆزێتەوە کە سەفەرەکەی و روانینەکانی پەردە لەسەر هیچ شتێکی رۆژهەڵاتی نوێ و چارەنووسی هەڵنادەنەوە. ئەوەی لەبارەی رۆژهەڵاتەوە بایەخدارە، ئەو رووداوانەن کە لە ژیانی شاتۆبریان خۆی دەردەکەون، ئەمەش رێگە بۆ ئەقڵی ئەو خۆش دەکەن، وای لێ بکەن بتوانێ باشتر خۆی و ئایدیا و ئومێدەکانی خۆی بناسێ. ئەو ئازادییەی ئەو ئەوەندە پێی خۆشە و سەرنجی رادەکێشێ، چ نیە جگە لە ئازادی و رزگاری خۆی لەناو سەحرا سەختەکانی رۆژهەڵات.

بە هۆی ئەم ئازادی و رزگاربوونە، ئەو دەتوانێ راستەوخۆ بگەڕێتەوە بۆ مەملەکەتی ئەندێشە و لێکدانەوەی خەیاڵی. وەسفی رۆژهەڵات بەو نیگار و نەخشانەی کە "من"ی ستەمکار بەسەریدا زاڵ کردووە رەشبوونەتەوە، ئەمەش نهێنی بۆ دەستەڵاتی ئەو دروست ناکا. ئەگەر لە پەخشانی ئێدوارد لان "من" بزر بووبێ، بە چەشنێک رۆژهەڵات بتوانێ لەناو هەموو وردەکارییە واقیعییەکان دەرکەوێ، لەلای شاتۆبریان "من" لەناو رامان لە جوانیی نایاب کە خۆی دایهێناوە دەتوێتەوە، پاشان لە دایکدەبێتەوە، لە جاران بەهێزتر، بە تواناتر بۆ تام وەرگرتن لە هێز و توانای خۆی و لەززەت وەرگرتن لە لێکدانەوەکانی.

(کە لە سەفەردابین لە جودێ (یەهودا) سەرەتا بێزاری چڕنووک لە دڵ گیر دەکا، بەڵام کاتێ لە تەنیاییێکەوە دەچین بۆ ناو تەنیاییێکی دی، هەتا چاو بڕکا ئەو فەزا و شوێنە بێ سنوورە لە پێشت درێژ دەبێتەوە، وردە وردە بێزاری دەڕەوێتەوە، هەست بە تۆقینێکی شاراوە دەکەین، دوور لەوەی گیان ئارام بکاتەوە، ئازایەتی بە مرۆ دەبەخشێ و بلیمەتی لەناو گیان بەرزدەکاتەوە. دیمەنی لەئاسابەدەر لە هەموو لایەکەوە لە خاڵێک هەڵدەستێ کە کاری دەستی

موعجیزەکانە: هەتاوی سووتێنەر، هەڵۆی سەرکێش، روخساری نەزۆک، هەموو ناوێک رازێکی هەڵگرتووە. لە هەموو ئەشکەوتێک سەدای ئایندە دێ، لە هەموو دوندێک زایەڵەی دەنگی پەیامبەر دێ. خودا خۆی لەسەر ئەم لێوار و خاکانە قسەی کردووە: سێڵاوەکان برانەوە، تاوێرەکان توانەوە، گۆڕە واڵاکانیش نیشانەیەکن بۆ پەرجوو، سەحراش هێشتا لە ترسان لاڵە و، دەڵێی لەوەتەی گوێی لە دەنگی خودا بووە جورئەت ناکا بێدەنگی بشکێنێ).(85)

رێرەوی فیکر لەم پارچە نووسینە خەیاڵفڕێنە. ئەزموونێکە لە تۆقینی پاسکالیانە، دوورە لەوەی بە سادەیی لە باوەڕبەخۆبوون کەم بکاتەوە. دیمەنی رووتبووەوە وەک تێکستێکی پڕ لە رۆشنایی درێژدەبێتەوە خۆی دەداتە دەست تاقیکردنەوە. شاتۆبریان چۆتە ئەودیوی واقیعی سەخت، بەڵام ئەودیوی واقیعی تۆقێنەری رۆژهەڵاتی هاوچەرخ، ئەمەشی بە شێوەیەک کردووە بتوانێ لەگەڵی پەیوەندییەکی رەسەن و داهێنەرانە دامەزرێنێ. نزیک لە کۆتایی تێکستەکە، ئەو چیتر مرۆڤێکی مۆدێرن نیە، بەڵکو پەیامبەرێکی خاوەن روانینی کەم و زۆر هاوچەرخی خودایە، ئەگەر سەحرای یەهودا لەوەتەی خودا قسەی لێ کردووە بێدەنگ بووبێ، ئەوا تەنیا شاتۆبریان هەیە دەتوانێ گوێ لە بێدەنگی بگرێ و لە ماناکەی بگا، سەرەنجام بۆ خوێنەرەکانی، وابێتە بەرچاو توانیویەتی سەرلەنوێ وا بکا سەحرا قسە بکە.

بەهرەی گەورەی فیکری و خەیاڵی دڵگیری شاتۆبریان کە رێگەی پێداوە نوێنەرایەتی و لێکدانەوە بۆ نهێنی و رازەکانی "ئەمریکای باکور" لە کتێبی "رۆنێ و ئەتالا"دا بکا، بە هەمان شێوە لێکدانەوە بۆ کریستیانیزمیش لە کتێبی "بلێمەتی کریستیانیزم" بکا، هەموو ئەمانە هانی داون لە "سەفەرنامەکەی" بەرەو ئاسۆی باڵاتری لێکدانەوە بچێ. نووسەر چیتر بایەخی بە لێکدانەوەی هەڵکەوتی یەکەمین و سەرەتایی



https://t.me/kurdistanbooks

سروشت یان هەستی رۆمانتیکانە نەداوە: لێرەوە بایەخ بە داهێنانی نەمر و رەسەنایەتی ئیلاهی دەدا، چونکە بۆ یەکەمین جار ئەمانە لە رۆژهەلاتی مەلبەندی "کتێبی پیرۆز" سەریان هەلدا. بێگومان، ئەمانەش سووک و ئاسان ناگیرێن، دەبێ ئارەزووت لێیان بێ و ئەمەش دەبێ شاتۆبریان تەواویان بکا. سەرەنجام ئەم ئامانجە پڕ لە خواستە کە لە "سەفەرنامەکەی" دەیەوێ بیخاتەڕوو، هەر لەم بارەیەوە، لەناو تێکست "من"ی شاتۆبریان بۆ کردنی ئەم کارە دەبێ لە بنچینەوە بنیات بنرێتەوە. جیاواز لە ئێدوارد لان، شاتۆبریان دەیەوێ رۆژهەلات بخوا. شاتۆبریان نەک هەر دەیەوێ رۆژهەلات لەگەل خۆی بگونجێنێ، بەلکو دەیەوێ ببێتە نوێنەری ئەو و قسەشی بۆ بکا. قسەی بۆ بکا، نەک لەناو مێژوو، بەلکو لەودیوی مێژوو، لەناو رەهەند و مەودایەکی نازەمەنی جیهانێکی تەواو چاکبووەوە لە نەخۆشی کە تێیدا خودا و مرۆڤەکان یەک شتن. لە ئۆرشەلیم، لە چەقی روانینی، لە کۆتایی زیارەتەکەی، بە جۆرێک لە ئاشتەوایی تەواو، خۆی لەگەل رۆژهەلات دەگونجێنێ، لەگەل رۆژهەلاتی جوولەکە، رۆژهەلاتی کریستیانی، موسلمان، یۆنانی، فارس، رۆمانی و دواجاریش رۆژهەلاتی فرانسی. لێرەوە شاتۆبریان کەوتۆتە ژێر کاریگەری جوولەکە، بەلام پێیوایە ئەوانیش خزمەت بە رۆشنکردنەوەی روانینە گشتییەکانی ئەو دەکەن، بێجگە لەمە، پێی وایە ئەوان، جوولەکەکان، گازی پێویست لە روحی تۆلەسەندنەوەی کریستیانی ئەو دەگرن. دەلێ، خودا گەلێکی دیکەی هەلبژاردووە، ئەم گەلەش جوولەکە نیە.(86)

لێرەوە شاتۆبریان هەندێ سازش لەگەل واقیعی زەمینی دەکا، لەگەل ئەمەش، ئەگەر ئۆرشەلیم وەک دوا ئامانجی "نا-زەمینی" گەشتەکەی بێ، ئەوا میسر ماتریالی پێویستی پێشکەش دەکا بۆ گەشتێکی سیاسی. ئایدیاکانی لەبارەی میسر وەک پاشکۆیەکی


https://t.me/kurdistanbooks

سەرنجڕاکێشن بۆ حەجەکەی. بینینی دەلتای نیل کاریگەری لێ دەکا و لەم بارەیەوە دەڵێ:

(جگە لە شکۆمەندییەکانی وڵاتەکەم هیچ شتێکم لەم دەشتە جوان و نایابانە نەدۆزییەوە: لەناو پاشماوەی مۆنیمێنتەکانی شارستانییەکی نوێ گەشتم دەکرد کە بلیمەتی فرانسا هێنابوونی بۆ لێوارەکانی نیل.) (87)

بەڵام ئەم ئایدیایانە بە شێوازێکی نۆستالژیانە خراونەتەڕوو، چونکە شاتۆبریان باوەڕی وایە دەتوانێ نەبوونی فرانسا لە میسر هاوتا بکا بە نەبوونی حکومەتێکی ئازاد لە رابەری گەلێکی بەختەوەر. لەولاشەوە، دوای ئۆرشەلیم، پێناچێ میسر لە جۆرە ئەنجامێکی خراپی روحی زێدەتر نەبێ. دوای وەسفی ئەو هەڵکەوتە غەمبارەی ئەو خۆی تێدا دەدۆزییەوە، شاتۆبریان پرسیاری رۆتینی لەبارەی "جیاوازی" لە خۆی دەکا کە ئەنجامی گەشەسەندنی مێژوویین: چۆن دەشێ ئەم مێگەڵە خەڵکە بێماناو بۆگەنە موسلمانانە لەم وڵاتانە نیشتەجێن کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان خاوەنەکانیان هەیە، سەرنج و کاریگەرییان لە "هێرۆدۆت و دیۆدۆر" کردووە ؟

ئەمەش گوتارێکی ماڵئاوایی بوو لەگەڵ میسر دەگونجا، میسر جێدەهێڵی بەرەو تونس دەچێ، بۆ بینینی پاشماوەکانی کارتاج و دواجاریش گەڕانەوە نیشتمان (فرانسا). لەگەڵ ئەمەش بۆ دواجار شتێکی سەرنجراکێش لە میسر دەکا: لەبەرئەوەی هەر لە دوورەوە تەماشای پیرامیدەکانی میسر دەکا، ئازار دەداتە خۆی یەکێک بنێرێ ناوی (شاتۆبریان) لەسەر بەرد هەڵکۆڵێ وێڕای ئەم رستەیە: "دەبێ ئەرکە بچووکەکانی گەڕیدەیەکی ناوێزە جێبەجێ بکرێ". بە نەریت بایەخێکی ئەوتۆ لە سەرنجێکی راگوزاری و دڵگیر زیاتر بە خەسڵەتی لەم جۆرەی گەشتیاری نادەین. بەڵام وەک ئامادەکردنی دوا لاپەڕەی



https://t.me/kurdistanbooks

"سەفەرنامەکەی" ئەم پارچە تێکستەی خوارەوە بایەخێکی گرینگتری هەیە وەک لە سەرنجێکی راگوزاری.

(ماوەی بیست ساڵ وێڕای دەیان گرفت و رێکەوت و حەسرەتێکی زۆر خۆم بۆ لێکۆڵینەوە تەرخان کردووە، "هەر کەسێ لە مەنفا بژیێ بە دەنگێکی لاواندنەوە هەموو ئەو کتێبانەی نووسیویەتی لە راستیدا درێژکردنەوەی ژیانی خۆی بووە. کتێبەکانم لە بن خیوەت و لەناو سەحرا و لە ناوەڕاستی شەپۆلەکان نووسراون، زۆربەی جار دەستم داوەتە قەڵەم بێ ئەوەی بزانم چۆن بۆ چەند ساتێک درێژە بە بوونی خۆم دەدەم: لێرەوەیە داواکاری بۆ مافی لێبووردن نەک لافی شکۆمەندی لێدان. لەناو ""مارتیرەکان" ماڵئاواییم لە خواوەندەکانی "موز Muses کرد، لەناو ئەم "یاداشت"انەش نوێیان دەکەمەوە کە پاشماوە یان وەسفی کارەکەی دیکەی منن. ئەگەر ئاسمان پشووێکم پێ ببەخشێ کە هەرگیز نەمبینیوە، هەوڵدەدەم بە بێدەنگی توحفەیەک بۆ وڵاتەکەم بەرزکەمەوە، ئەگەر خودای پەروەردگاریش ئەم پشووەم لێ رەت کاتەوە، نابێ خەیاڵم بۆ هیچ شتێک بچێ جگە لە پاراستنی دوا رۆژەکانی ژیانم لە نیگەرانیەکانی رۆژانی بەرایی کە ژیانی منیان ژەهراوی کردووە. من چیتر لاو نیم، چیتر ئارەزووی هەراوزەنا ناکەم، من تەنیا نووسراوەکان دەناسم، پەیوەندیم لەگەڵیان گەلێ ناسکە و پڕ لە راز و نهێنییە، تەنیا گەواڵەکان ناچارمان دەکەن بچینە دەرەوە: لە هەموو حاڵەتێکدا، من زۆرم نووسیوە ئەگەر قەرار بێ ناوم بمێنێتەوە، ئەگەر نەشمێنێتەوە دیارە گەلێک زۆر بووە.(88)

ئەم دێرانە وەک سەرەنجامێکە بۆ بەرژەوەندی ئارەزووی شاتۆبریان لە هەڵکۆڵینی ناوی خۆی لەسەر پیرامیدەکان. ئێمە وا تێگەیشتین ئەم "یاداشت"ە رۆژهەڵاتیە ئێگۆییستانە ئەزموونێکی زاتی بەردەوام باوەرداڕ پێشکەش دەکەن. چونکە نووسین کردەیەکی ژیان و مەرگە بۆ شاتۆبریان، بۆ ئەو هیچ شتێک، هەتا بەردێکیش لەولاوە



https://t.me/kurdistanbooks

لە دوور کەوتبێ، بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێنێتەوە، ناشێ نەبێتە بابەتی نووسینی ئەو. ئەگەر سیستەمی گێڕانەوەی ئێدوارد لان بکەوێتە ژێر باری ئۆتۆریتێی زانستی و وردەکاری زۆر، ئەوەی شاتۆبریان دەبێ وەک ویستێکی دڵنیایی تاکەکەسێکی ئێگۆیست و زۆر ناجێگیر بێ. لە کاتێکدا لان (من)ی خۆی دەکاتە قوربانی ڕێساکانی ڕۆژهەڵاتناسی، کەچی شاتۆبریان هەموو ئەوەی لەبارەی ڕۆژهەڵاتەوە دەیڵێ بە تەواوی دەیانگەڕێنێتەوە و وابەستەیان دەکاتەوە بە خۆی، بە (من)ی شاتۆبریان. لەگەڵ ئەمەش هیچ یەکێک لەم دوو نووسەرانە نەیانتوانیوە ئەوە بێننە بەرچاویان کە کارەکانیان لە پاش خۆیان سوودی دەبێ و هەر بەم چەشنەش بەردەوام دەبن. ئێدوارد لان دەگەڕێتەوە بۆ ناو "نا-تاکەکەسیی" بوارێکی تەکنیکی، ئەو دەزانێ سوود لە کارەکانی وەردەگیرێ بەڵام نەک وەک دۆکیومەنتێکی مرۆیی. هەرچی شاتۆبریانە، ئەو نووسینەکانی خۆی وەک ڕەمزێک دەبینێ لە شێوەی هەڵکۆڵینی ناوی خۆی لەسەر پیرامیدێک کە مانای کەسایەتی ئەو دەگەیەنن، بەڵام ئەگەر سەرنەکەوت لە درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی بە نووسین، ئەوا وەک زیادە و ڕواڵەتێک دێتەبەرچاو.

ئەگەرچی هەموو ئەو گەڕیدانەی دوای شاتۆبریان و ئێدوارد لان چوونەتە ڕۆژهەڵات، کارەکانی ئەمانەیان لەبەرچاو گرتووە (لە هەندێ حاڵەتدا، نووسینەکانی ئەمانەیان وشە بە وشە گواستۆتەوە)، میراتی ئەم دووانە بەرجەستەی چارەنووسی ڕۆژهەڵاتناسی و ئەو بژاردانەش دەکا کە پێیەوە سنووردارن. ئەوەی دەنووسرێ یان زانستن وەک ئەمەی ئێدوارد لان یان ئاخاوتنی زاتی ئاساییین وەک ئەوەی شاتۆبریان. ئەوەی کە کێشە دروست دەکا بۆ یەکەمیان، وێڕای دڵنیاییەکی ناکەسیی ڕۆژئاواییانە باوەڕی وایە، دەشێ وەسفی دیاردەی کۆمەڵانی خەڵک بە گشتی بکرێ، ئەم وەسفەش زیاتر مەیلی



https://t.me/kurdistanbooks

بۆ لای ئەوە دەشکێتەوە واقیعێک دروست بکا لە روانگەی تێبینی و چاودێرییەکانی خۆیەوە نەک لە روانگەی رۆژهەڵاتەوە. هەرچی ئاخاوتنی زاتی ئاساییں، بە شێوەیەکی حەتمی خۆی لەو پێگەیە دەکشێنێتەوە و رۆژهەڵات دەهێنێتە سەر هەمان هێڵ وەک فەنتازییەکی کەسیی، ئەگەر ئەم فەنتازییەش لە روانگەی ئێستێتیکییەوە ئاستێکی زۆر بەرزیشی هەبێ. بێگومان لە هەر دوو حاڵەتدا، رۆژهەڵاتناسی کاریگەریەکی بەهێزی هەیە لەسەر ئەو شێوازەی رۆژهەڵاتی چۆن پێ وەسف کراوە و چۆن خەسڵەتی پێ دیاریکراوە. بەڵام ئەم کاریگەرییە هەردەم رێگر بووە، ئەمڕۆش، هەستێکمان لەسەر رۆژهەڵات هەبێ، نە بەگشتیکراوێکی نەشیاو بێ نە بە شێوەیەکی جێگیر تایبەت بێ. بێهوودەیە لەناو رۆژهەڵاتناسی لە مانایەکی زیندووی واقیعێکی مرۆیی یان کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتییەک بگەڕێی: لە مرۆیەکی هاوچەرخی جیهانی نوێ بگەڕێی.

نەبوونی ئەم مانا زیندووە بە لای زۆری دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ئەم دوو روانینە کە لەسەرەوە باسم کرد، ئەوەی لان و شاتۆبریان، کە بەرجەستەی روانینی ئینگلیزی و فرانسی دەکەن. گەشەسەندنی زانین، بە تایبەتیش لە بواری زانینی پسپۆڕ، بوارێکی زۆر لەسەرخۆیە. هەر تەنیا کاری ئیزافە یان کاری زانستی نیە، بەڵکو پرۆسەیەکە پێکهاتووە لە کەڵەکەکردن، جێگۆڕکێ، تێکدان، رێکخستنەوە و پێداگیری هەڵبژێردراو لە ناوەوەی ئەوەی پێی دەڵێن سازانی لێکۆڵینەوە. شەرعیەتی زانینێکی وەک رۆژهەڵاتناسی بە درێژایی سەدەی نۆزدەم لە ئۆتۆریتێی ئایینییەوە نەدەهات هەروەکو لە پێش سەردەمی "رۆشنایی"یەوە بۆی دەچوون، بەڵکو لەوەوە دەهات کە دەتوانین ناوی لێ بنێین: نووسینە بنیاتنەرەوەکانی ئۆتۆریتێی پێشەنگەکان: کە لە سیلڤێستر دو ساسی –یەوە دەست پێدەکا، هەڵوێستی توێژەرێکی زانستی رۆژهەڵاتناس هەمان ئەوەی


https://t.me/kurdistanbooks

کەسێکی زانستییە کە بە ناو زنجیرەیەک لە "پارچە پارچەکان" تێدەپەڕێ، پاشان، کاری داڕشتن و ڕێکخستن دەکا بە هەمان شێوەی چاککردنەوەی تابلۆیەکی کۆن کە دەشێ تێیدا زنجیرەیەک کۆبکاتەوە بۆ پێشکەشکردنی وێنایەکی کەڵەکەبوو کە بە شێوەیەکی شاراوە نوێنەرایەتیان دەکا. سەرەنجام، ڕۆژهەڵاتناسەکان لێکۆڵینەوە لە کارەکانی هاوڕێ ڕۆژهەڵاتناسەکانیان دەکەن و بەم شێوەیە پێشکەشیان دەکەن. بۆ نموونە بورتۆن بە ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی کارەکانی لان لێکۆڵینەوە لە "هەزار و یەک شەوە" یان لە میسر دەکا، ڕوانینەکانی ئەو بە نموونە دەهێنێتەوە، وێڕای داننان بە ئۆتۆریتێی ئەو، ڕەخنەشی لێ دەگرێ. بە هەمان شێوە گەشتەکەی نێرڤال بۆ ڕۆژهەڵات، بەناو شوون پێیەکانی لامارتین دادەچێ، ئەوەی لامارتینیش بەناو ئەوەی شاتۆبریان دا دەچێ.

بە کورتی، ڕۆژهەڵاتناسی وەک زانینێکی بەردەوام لە گەشەسەندن، بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ بەدەستهێنانی خۆراک بۆ نووسراوی ڕۆژهەڵاتناسانی پێشوو دەگەڕێتەوە. هەمان شتیش ڕاستە کە ماتریالی نوێی پێدەگا، ڕۆژهەڵاتناسەکان ڕوانگە و ئیدیۆلۆژی و تێزی ئاراستەکەر لە ڕۆژهەڵاتناسە پێشەنگەکان دەخوازنەوە و لە ڕێگەی ئەمانەوە حوکم لەسەر ئەو ماتریالانە دەدەن. (هەروەکو چۆن زۆربەی جار توێژەرە پسپۆڕە باڵاکان دەیکەن). کەواتە، بە شێوەیەکی زۆر ڕێک و ورد، ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی لە دوای سیلڤێستر دو ساسی و لان هاتوون، سیلڤێستر دو ساسی و لان-یان نووسیوەتەوە، دوای شاتۆبریانیش حاجییەکان نووسیویانەتەوە. لەناو ئەم نووسینەوە ئاڵۆزەدا، واقیعی ڕۆژهەڵاتی نوێ بە شێوەیەکی پلان بۆ دانراو دوورخراوەتەوە، بە تایبەتی کاتێ حاجیانی بەهرەداری وەک نێرڤال و فلۆبێر وەسفەکانی لان هەڵدەبژێرن وەک لەوەی چاو و زیرەکی خۆیان ڕاستەوخۆ هەمان وەسفیان پێشان بدا.



https://t.me/kurdistanbooks

لەناو سیستەمی ناسین و زانین لەسەر رۆژهەڵات، رۆژهەڵات کەمتر شوێنێکە بە مانا جیۆگرافییەکەی وەک لە نەخشە و پلانێک، بەڵکو بریتییە لە کۆمەڵێک لە سەرچاوە، بارستەیەک لە خەسڵەت کە پێدەچێ رەگ و ریشەی بگەڕێتەوە بۆ نووسراوەکان یان پارچە تێکستێک، یان بۆ تێکستێک لەناو کاری یەکێک لەسەر رۆژهەڵات، یان بۆ چەند لەتێک لە ئەندێشەی کۆنتر، یان بۆ تێکەڵەیەک لە هەموو ئەمانە. تێبینی راستەوخۆ و وەسفی رۆژهەڵات لەناو دۆخێکی دیاریکراو ئەو خەیاڵانەن کە نووسینەکان لەبارەی رۆژهەڵات پێشکەشیان دەکەن، بەڵام، بێ ئەوەی بگۆڕێن، لە ئاستی پلە دوو دان بە بەراورد لەگەڵ هەوڵە پلان بۆ دانراوەکانی فرمانێکی تر. لەلای لامارتین و نێرڤال و فلۆبێر، رۆژهەڵات بریتییە لە دووبارە پێشکەشکردنەوەی ماتریالە ڕێساییەکان، بە ویستێکی ئێستێتیکی رابەری کراون، بەو شێوەیە خۆیان رەپێش دەخەن توانایان هەیە بەرژەوەندی لەلای خوێنەر وشیاربکەنەوە. لەگەڵ ئەمەش، لەلای هەر یەک لەم سێ نووسەرانە، رۆژهەڵاتناسی یان روویێکی ئەم رۆژهەڵاتناسییە، دڵنیایی لەسەر کراوەتەوە، ئەگەرچی، هەروەکو لەسەرەوە گوتم، هوشیاری گێڕانەوە رۆڵێکی گەورەی هەیە بیگێڕێ. ئەوەی ئێستە دەیبینین، سەرەڕای هەموو فەردییەتێکی لابەلا excentrique ئەو هوشیاری گێڕانەوەیە دواجار وەک بووڤار و پێکوشێ هەست دەکا کە، حەج یان حەجکردن (سەفەر بۆ رۆژهەڵات) دوای هەموو شتێک فۆرمێکە لە کۆپی.

کە لامارتین لە ساڵی 1833 سەفەرەکەی بۆ رۆژهەڵات دەکا دەڵێ ئەم سەفەرە وەک شتێک وابووە هەردەم خەونی پێیەوە بینیووە: "سەفەر بۆ رۆژهەڵات وەک کردەیەکی گەورەی ژیانی ناوەوەم بووە." کەواتە ئەمە وەک پاکەتێک بووە لە ئایدیای پێشتر ئامادە و لە هەست و سۆز و لە مەیل و پێشبینی: لامارتین رقی لە رۆمانەکان و کارتاج


https://t.me/kurdistanbooks

دەبێتەوە، جوولەکە و میسر و هیندۆسەکانی خۆشدەوێ، لافی ئەوە لێ دەدا ببێتە "دانتێ". چەکدار بە قەسیدەیەکی فەرمی بەناوی "ماڵئاوایی" لە فرانسا، لەم قەسیدەیە بە ریز باس لە هەموو ئەو شتانە دەکا کە دەیەوێ لە رۆژهەڵات بیکا، سەرەنجام دەکەوێتە رێ. لە سەرەتادا، هەموو ئەو شتانەی دێنە رێی، یان ئەوەتە پێشبینییە شیعرییەکانی پیشان دەدەن یان ئەوەتە ئارەزوو و مەیلی ئەو بۆ هاوتابوون و بەراوردکردن جێبەجێ دەکەن. بۆ نموونە "لەیدی هێستەر ستانهۆپ" جادووگەری سەحرایە، رۆژهەڵات لەلای ئەو "بەشێکە لە ئەندێشەم"، عەرەبەکان میللەتێکی سەرەتایین، هەموو پەڕەکانی شیعری "کتێبی پیرۆز" بە پیتی درشت لەسەر خاکی لوبنان هەڵکۆڵراوە"، رۆژهەڵات نیشانەیەکە بۆ مەزنیی سەرنجڕاکێشی ئاسیا، بە بەراورد یۆنان زۆر بچووکە. لەگەڵ ئەمەش کەمێک دوای ئەوەی دەگاتە فەلەستین، دەبێتە داهێنەرێکی سەرسەختی رۆژهەڵاتی خەیاڵی. لامارتین پشتگیری لەوە دەکا کە دەشتەکانی کەنعان بە باشترین شێوە لە کارە هونەرییەکانی "پووسا" و "کلۆد لۆرا" پێشکەش کراون. هەروەکو خۆی دەڵێ سەفەرەکەی تا ئێستە زیاتر وەک "وەرگێران"ێک وابووە، بەڵام ئێستە گۆڕاوە بۆ نوێژێک کە یاداشت و گیان و دڵی زیاتر دەبووژێنێتەوە وەک لە چاوەکانی، بیری یان ئەقڵی.(89)

حەماسەتی هاوتاکردن و بەراوردکردنی هەرەپاسی لامارتین لێرەوە بە تەواوی بەم ئاخاوتنە ساویلکەیە هەوساری پساندووە. بۆ ئەو کریستیانیزم ئایینی ئەندێشە و بیرەوەرییە و، ئەو رێگە بە خۆی دەدا ئەمە بڵێ چونکە خۆی بە ئیماندارێکی بێهاوتا دادەنێ. سەرەنجام ئەگەر لیستی "تێبینییە" لاف لێدانەکانی ریز بکەین هەرگیز تەواو نابێ: بۆ نموونە ژنێک "هایدێ"ی "دۆن ژوان"ی شاعیر بایرۆنی بە بیر دەهێنێتەوە، یان پەیوەندی نێوان کریست و فەلەستین وەک ئەو



https://t.me/kurdistanbooks

پەیوەندیەیە کە لە نێوان "رووسۆ" و "ژنێڤ"دا هەیە. رووباری راستەقینەی ئوردن بایەخی کەمترە وەک لەو "راز و نهێنی"یەی کە لە گیانی مرۆ دروستی دەکا، رۆژهەڵاتییەکان، بە تایبەتی موسلمانەکان، خەڵکێکی تەمبەڵن، سیاسەتیان بە میزاج و عاتیفەیە و ئاییندەیەکی نیە. ژنێکی دی پەرەگرافێکی لە رۆمانی "ئەتالا"ی شاتۆبریانی بە بیردەهێنێتەوە، نە "لۆ تاس" نە شاتۆبریان ( کە سەفەرەکانیان پێش ئەوەی لامارتین بوو، پێدەچێ ئەم سەفەرانە ئێگۆییزمی لامارتینیان دنە دابێ و پێیانەوە تلابێتەوە، لە دەرەوەی ئەمە لامارتین وەک کەسێکی بێ نیگەرانی دێتە بەرچاو) باش لە خاکی پیرۆز نەگەیشتوون...هتد. لاپەڕەکانیان لەبارەی فیکری عەرەبی کە ئەوان بە دڵنیاییەکی باڵاوە قسەی لەبارەوە دەکەن هیچ بوارێک بۆ هەراسان بوون ناهێڵێتەوە، نەزانینی زمانی عەرەبیشیان بە تەواوی لەولاوە بووەستێ. هەموو ئەوەی بەلای لامارتینەوە بایەخدارە، گەشتەکانیەتی بۆ رۆژهەڵات، پەردە لەسەر ئەوە هەڵبدەنەوە کە رۆژهەڵات "خاکی نەریتە ئایینی و پەرجووەکانە"، ئەویش شاعیری ئەم خاکەیە و وەک رۆژئاواییەک لە رۆژئاواوە پێی سەرسامە. بێ ئەوەی هیچ تەوس و پلارێکی تێدابێ دەڵێ:

(ئەم خاکەی عەرەب خاکی پەرجووەکانە، هەموو شتێکی لێ سەرهەڵدەدا، هەموو کەسێکی ساویلکە یان دەمارگیر بە نۆرەی خۆی دەتوانێ لێی ببێ بە پەیامبەر). (90)

ئەو بە دانیشتنێکی سادە لە رۆژهەڵات بووەتە پەیامبەر. لە کۆتایی گێڕانەوەکەی، لامارتین ئامانجی خۆی دەپێکێ، هەڵبەت بە زیارەتی کلێسای قیامە Saint Sépulcre لە ئۆرشەلیم، ئەمەش خاڵی سەرەتا و کۆتایی زەمەن و شوێنە. لامارتین تەواوێک لە واقیعی ئەو شوێنە رامایە و بیری کردۆتەوە بۆ ئەوەی هیوای ئەوە بخوازێ لەم


https://t.me/kurdistanbooks

واقیعە خۆی بکێشێتەوە و سەرەنجام بگەڕێتەوە بۆ رامان و بیرکردنەوەی قووڵ، بۆ تەنیایی، بۆ فەلسەفە و بۆ شیعر. (91)

وێڕای بەرزبوونەوەی بۆ سەرەوەی رۆژهەڵات بە مانا جیۆگرافیە وردەکەی، لامارتین بووەتە شاتۆبریان-ێکی بەجێماو، خۆرهەڵات بە نیگایەک وەردەگرێ و قبوڵیەتی وەک ئەوەی بەشێک بێ لە هەرێمی فەردی خۆی (یان بەلای کەمی هەرێمێکی فرانسی) و لەبەردەستی زلهێزە ئۆروپییەکان بێ. لامارتین گەڕیدە و حاجییەک بوو لەناو زەمەن و شوێنی راستەقینە. ئەو دەبێتە "من"ێکی ئەودیوی فەردییەتی خۆی و لەگەڵ خۆی یەکدەگرێتەوە، هەڵبەت بە هێز و هوشیارییەوە لەگەڵ تەواوی ئۆروپا. ئەوەی لە پێش خۆیدا دەیبینێ، رۆژهەڵاتێکە لەناو پرۆسەیەکی هەڵوەشانەوە، ئەم هەڵوەشانەوەیە گومانێکی تێدا نیە و ئاییندەی رۆژهەڵاتە، سەرەنجام کەرستەی بایەخ و داگیرکاری سەروەری ئۆروپییە. بەم جۆرە لووتکەی روانینی لامارتین رۆژهەڵاتێک پیشان دەدا کە بۆ جاری دووەم لە دایک دەبێتەوە، ئەمەش لە ژێر فۆرمی ویستی ئۆروپیانە بۆ حوکمڕانی کردنی.

(بەم جۆرە ئەم سەروەرییە پێناسەی بۆ کراوە و بووەتە ماتریالی مافی ئۆروپی، ئەم مافەش بە شێوەیەکی سەرەکی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ئەو بەشە خاکانە یان ئەو لێوار دەریایانە داگیربکرێن، بۆ بنیاتنانی چەندین شاری ئازاد یان کۆمەڵێک کۆلۆنی ئۆروپی یان بنیاتنانی چەندین بەندەر و بنکەی بازرگانی.)

لامارتین هەر لێرەوە ناوەستێ. هێشتا بۆ سەرتر هەڵدەکشێ، تا ئەو خاڵەی لە رۆژهەڵات، ئەو شوێنانەی زیارەتی بۆ کردوون و بەجێی هێشتوون، بچووک دەبنەوە و دەبنە :"نەتەوە بێ خاکەکان، بێ وڵات، بێ ماف، بێ قانون، بێ ئاسایش(...) و پەناگا"، لێرەوە ئەو پەناگایە بە داگیرکردن لەلایەن ئۆروپاوە مەیسەر دەبێ. (92)



https://t.me/kurdistanbooks

له هەموو روانگە رۆژهەڵاتییە داهێنراوەکانی رۆژهەڵاتناسی، بە وردی هیچ پێکچوواندن و تواندنەوەیەکی ئەمەندە پڕی وەک ئەمە نیە. بۆ لامارتین، زیارەتێک بۆ رۆژهەڵات نەک هەر تەنیا چوونی هوشیارییەکی پێویست بۆ ناو رۆژهەڵات دەخاتە بەر لێپرسینەوە، بەڵکو لەناوبردنی شەبەنگییانەی ئەم هوشیارییەش دەخاتە بەر لێپرسینەوە وەک ئەنجامی چوونی بۆ ناو جۆرێک لە کۆنترۆلی ناکەسیی و دەستەڵاتی کیشوەری ئۆروپا لەسەر رۆژهەڵات. واتە شوناسی راستەقینەی رۆژهەڵات هەڵدەوشێتەوە بۆ زنجیرەیەک لە پارچە پارچەی یەک لە دوای یەک، واتە تێبینییە پڕ لە یاداشتەکانی لامارتین، دواتر بە چەشنێک کۆدەکرێنەوە سەرلەنوێ وەک لە دایکبوونەوە بێ بۆ خەونە ناپۆلیۆنییەکان کە دەکاتە دستەڵات شکان بەسەر جیهان. لە کاتێکدا شوناسی مرۆیی ئێدوارد لان لەناو تاروپۆی زانستی پۆلینکردنەکانی بۆ میسر بزر دەبێ، هەرچی هوشیاری لامارتینە بە تەواوی سنووری سورشتییەکانی لەناو دەبا. دوای ئەمە، سەفەرەکەی شاتۆبریان و روانینەکانی دووبارە ناکاتەوە تەنیا بۆ چوون بۆ ئەودیو نەبێ، بۆ ناو سفێری موجەرەدی شیللی و ناپۆلیۆن کە بە هۆی ئەم سفێرەوە جیهان و خەڵکەکان بە قەد کارتی یاری سەر مێزێک تێکەڵ و پێکەڵن. ئەوەی لە رۆژهەڵات لەناو پەخشانی لامارتین دەمێنێتەوە زۆر جەوهەری نین. واقیعی ژیۆپۆلیتیکیش بە نەخشە و پلانێک داپۆشراون کە بۆ خۆی کردوویەتی، واتە بۆ واقیعەکە. ئەو شوێن و شوێنەوارانەی زیارەتی بۆ کردوون، ئەو کەسانەی بینیوون، ئەو ئەزموونانەی ئەو هەیبووە، بچووک دەبنەوە بۆ هەندێ زایەڵەی بە تەنتەنە و هەیتووهووتی گشتی. دوا پاشماوە تایبەتییەکان بە "نوێشکێکی سیاسی" لەناوبراون، هەر بە هۆی ئەمەوە"سەفەر بۆ رۆژهەڵات" کۆتایی دێ.


https://t.me/kurdistanbooks

بەرانبەر بە ئیگۆییزمی سەرکەوتوو و نیمچە سەرتاپاگیری لامارتین، دەبێ بە پلە و ئاستی جیاواز نێرڤال و فلۆبێر-یش دابنێین. نووسینەکانیان لەمەڕ رۆژهەلات رۆڵێکی جەوهەری لەناو هەموو کارەکانیان دەگێڕن، مەزنتر لە "سەفەرە" ئیمپریالیستەکەی لامارتین. هەر یەک لەم دووانە، وەک لامارتین زیارەتی رۆژهەلاتیان کردووە، هەڵبەت دوای ئەوەی بە خوێندنەوەیەکی زۆر خۆیان بۆ ئەم سەفەرە ئامادە کردووە: وەک خوێندنەوەی سەرچاوە کلاسیکییەکان، ئەدەبی نوێ، سەرچاوە ئەکادیمییەکان لەمەڕ رۆژهەلات. فلۆبێر دانی پێداناوە، بۆ ئەم خۆئامادەکردنە پاکتر و پوختەتر لەچاو نێرڤال ئامادەسازی کردووە، پێیوابووە بەرچاوی روون نەبووە کاتێ کە لە "کچەکانی ئاگر" دەڵێ ئەوەی لەبارەی رۆژهەلاتەوە دەیزانی بیرەوەرییەکی نیوە لەیادکراو بوو لەوەی لە خوێندنگە فێری بووە.(93) ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە لە "سەفەر بۆ رۆژهەلات"ی لامارتین هاتووە، ئەگەرچی ئەوەی لامارتین زانین و ناسینێک لەبارەی "رۆژهەلاتیانە" بە شێوەیەکی کەمتر پلان بۆ دانراو و تەتبیقی لەچاو ئەوەی فلۆبێر پێشکەش دەکا. ئەوەی بایەخدارە، ئەم دوو نووسەرە، لە روانگەی بینینی کەسایەتی خۆیان و لە روانگەی بینینی ئێستێتیکی، ئەوان زیاتر زیارەتی خۆیان بۆ رۆژهەلات (نێرڤال لە 1843/1842 و فلۆبێر 1850/1849) لەچاو هەر گەڕیدەیەکی دی لەسەدەی نۆزدەم بەکارهێناوە. دەبێ بڵێین، هەر یەکە لەم دوو گەڕیدەیە، دوو نووسەری بلیمەت بوون و هەردووکیان نغرۆی ناوەندی کولتووری ئۆروپی بوون و سەرەڕای بوونی هەندێ روانینی بەدکار پشتگیرییان لە روانینی ئێستێتیکی رۆژهەلات دەکرد. نێرڤال و فلۆبێر سەر بەو ناوەندە فیکری و عاتیفیەن کە "ماریۆ پراز" لە کتێبی "رووخانی رۆمانتیکی" باسی دەکا، لەم ناوەندە وێنای Imagerie شوێنە ناوێزە و ئیگزۆتیکەکان، لەززەتی سادۆماسۆشی (ماریۆ پراز ناوی لێ دەنێ: ئەلگۆلانیا)، کەوتنەژێر کاریگەری هەڵکەوتە شووم و غەمبار و



https://t.me/kurdistanbooks

ترسێنەرەکان، ئایدیای ژنی بکوژ، راز و سیحر و جادوو هەیە، هەموو ئەمانە شیمانەیەک بوون بۆ ئەو فۆرمە ئەدەبییەی لەلایەن تیۆفیل گۆتیێ (کە ئەویش بە رۆژهەڵات کاریگەربوو) و سوینبورن، بۆدلێر و هیوسمان بەرهەم هێنراون.(94) بۆ نێرڤال و فلۆبێر، کەسایەتییە مێیەکان وەک کلیۆپاترا، سالۆمێ و ئیزیس، مانایەکی تایبەتیان هەبوو، سەرەنجام بە رێکەوت نیە کە، لەناو کارەکانیان لەبارەی رۆژهەڵات، هەروا لە دانیشتنیشیان لە رۆژهەڵات، بایەخیان بەم تایپە لە کەسایەتییە مێیەکان داوە کە سیفەتی ئەفسانەییان هەبووە، دەوڵەمەند بوونە بە پێشنیار و ئاماژە و رایەڵەکان.

نێرڤال و فلۆبێر بێجگە لە هەڵوێستە کولتوورییەکانی خۆیان میتۆلۆژییەکی تاکەکەسیی خۆشیان هێنابووە رۆژهەڵات، بەرژەوەندی و ستروکتوری ئەم میتۆلۆژییەش پێویستی بە رۆژهەڵات هەبوو. ئەم دوو مرۆڤە کەوتبوونە ژێر کاریگەری "بووژانەوەی" رۆژهەڵات بەو شێوەیەی "کینێ" و ئەوانی دی پێناسەیان بۆ کردبوو، ئەوان لەناو ئەم پێناسەکردنانە لەو ژیاندنەوانە دەگەڕان کە بە شێوەیەکی جوان و ئەفسانەیی هەموو شتێکی کەونارا و ئێگزۆتیک پێشکەشی دەکردن. لەگەڵ ئەمەش بۆ هەر یەکێک لەم دوو نووسەرە، حەج کردن بۆ رۆژهەڵات، وەک شتێک بە رێژەیی پەیوەندی بە تاکەکەسی خۆیانەوە هەبوو: وەک چۆن "ژان برونۆ" باسی دەکا، فلۆبێر لە، لە سەرزەمینی بنچینەیی ئایینەکان و سەرزەمینی روانینەکان و سەرزەمینی کەونارای کلاسیکی لە "نیشتمانێک" دەگەڕا.(95) هەرچی نێرڤال بوو، ئەو زیاتر بە دوای روانینی خۆی کەوتبوو وەک لە گەڕان، شوونپێی هەست و سۆز و خەونەکانی کەوتبوو وەک چۆن پێش ئەو پاڵەوانی"یۆریک" کردبووی لە رۆمانی "سەفەری هەست و سۆز"ی لۆرەنس ستێرن. کەواتە بۆ هەردوو نووسەر رۆژهەڵات شوێنێک بوو "پێشتر بینرابوو"، بۆ هەردووکیشیان، وێڕای ئابوورییەکی هونەری



https://t.me/kurdistanbooks

تایبەت بە هەموو گەورە ئەندێشە ئێستێتیکییەکان، ڕۆژهەڵات شوێنێک بووە هەردەم بۆی گەڕاونەتەوە، هەڵبەت دوای تەواوبوونی یەکەمین سەفەری ڕاستەقینە. نە بۆ ئەو نە بۆ ئەویتر، ڕۆژهەڵات بە بەکارهێنانەکانی ئەوان کۆتایی نەهات و نەبڕایەوە، ئەگەرچی نووسینە ڕۆژهەڵاتییەکانیان زۆرجار باس لە بێئومێدی، ڕەواندنەوەی وەهم، داماڵینی ڕاز و نهێنی دەکەن.

گرینگی بێهاوتای نێرڤال و فلۆبێر بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەقڵی ڕۆژهەڵاتناسی سەدەی نۆزدەم و هەروا بۆ ئەم تۆژینەوەیەش، لەوەوە دێ کە ئەوان کاری وایان بەرهەم هێناوە کە وەک فۆرمی ڕۆژهەڵاتناسی خۆدەنوێنن بەو شێوەیەی تا ئێستە ئێمە قسەی لەبارەوە دەکەین و، لە هەمان کاتیش کارەکانی ئەوان سەربەخۆیی خۆیان هەیە بێ ئەوەی بەشێک بن لە ڕۆژهەڵاتناسی. نێرڤال "سەفەر بۆ ڕۆژهەڵات"ی خۆی لە شێوەی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی نۆت و تێبینی داڕشتووە، لە شێوەی ڕەشنووس، مێژوو، پارچەنووسین، دەتوانین ئەم نیگەرانییە ڕۆژهەڵاتیانەی نێرڤال لە کۆمەڵە شیعری "خورافەکان"یش بدۆزینەوە، هەروا لە نامەکانی و لە هەندێ کاری خەیاڵی و نووسینی تری بە پەخشان. هەرچی نووسینەکانی فلۆبێرە، ئەوانەی پێش سەفەرەکەی بۆ ڕۆژهەڵات یان ئەوانەی دوای ئەوە، کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ڕۆژهەڵات. ڕۆژهەڵات، لە کتێبی "یاداشتەکانی سەفەر" یان لە یەکەمین داڕشتنی کتێبی "هەڵخەڵەتاندنەکانی سان ئەنتوان" ( و لە دوو داڕشتنی دوای بەرگی یەکەم)، بە هەمان شێوە لە چیرۆکی "هێرۆدیا" و لە ڕۆمانی"سالامبۆ"و لە کۆمەڵێک تێبینی خوێندنەوە و، سیناریۆکان و کۆمەڵێک چیرۆکی ناتەواو کە هێشتاش لەبەردەستن و، کە بە شێوەیەکی زۆر زیرەکانە لەلایەن "ژان برونۆ: تۆژینەوەیان لەسەر کراوە. (69) بێجگە لەمە سەدا و زایەڵەی ڕۆژهەڵات لەناو ڕۆمانە



https://t.me/kurdistanbooks

گەورەکانیشی دەدۆزرێتەوە. بە کورتی، نێرڤال و فلۆبێر بەردەوام ماتریالە ڕۆژهەڵاتییەکانی خۆیان ئامادە کردووە و بە کۆمەڵێک شێوەی جیاواز تێکەڵیان بە ستروکتوری تایبەتی پڕۆژە ئێستێتیکییەکانی خۆیان کردووە. بەڵام ئەمە بەو مانایەش نایێ کە ڕۆژهەڵات تەنیا یەک ڕۆڵی ڕاگوزاری لەناو کارەکانیاندا هەیە. بەڵکو زیاتر بە پێچەوانەوەیە، بە پێچەوانەی نووسەرانی وەک ئێدوارد لان (کە هەردووکیان بێ شەرمانە شتیان لێ وەرگرتوون) شاتۆبریان، لامارتین، ڕێنان، سیلڤێستر دو ساسی، ڕۆژهەڵاتی ئەوان ئەمەندە گیراو وماڵیی و بچووککراوە و بە کۆدنەکرابوو وەک لەوەی بتوانن تێیدا بژین، لە ڕوانگەی ئێستێتیکی و خەیاڵەوە وەک شوێنێکی بەرین و فراوان خاوەن فەزا و دەوڵەمەند بە شیمانەکان Possibilités بەکارهێنرابوو. ئەوەی بۆ ئەوان گرینگ بوو، ستروکتوری کارەکانی خۆیان بوو، وەک هەقیقەتێکی سەربەخۆ، ئێستێتیک و سەر بە کەسایەتی خۆیان و، نەک ئەو شێوازەی دەتوانن پێی، ئەگەر بیانەوێ، دەستەڵاتیان بەسەر ڕۆژهەڵاتدا بشکێ یان بە شێوەیەکی گرافیکیانە دەست نیشانی بکەن و ڕەمزی بۆ دانێن. "من"ی ئەوان هەرگیز ڕۆژهەڵاتی قووت نەداوە، هەوڵیشیان نەداوە ڕۆژهەڵات بە زانین و ناسینی سەر بە دۆکیومەنت و لە ڕێگەی تێکست بناسنەوە یان بیناسێنن (بە کورتی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسی فەرمی.)

کەواتە، لەلایەکەوە، فراوانی و مەودای هەڵکشانی کاریگەری کارە ڕۆژهەڵاتییەکان لە سنوورە سەپێنراوەکان لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسی ئۆرتۆدۆکسی(سونەتی) تێدەپەڕێ، لەلایەکی ترەوە، بابەتی کارەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژهەڵاتناسی زیاترە (ئەگەر ئەوان ڕۆژهەڵاتناسی خۆشیان هەبێ بۆ ڕۆژهەڵات)، ئەوان تەواو بە هوشیارییەوە تاووتوێیان لەگەڵ سنوورەکان و ئەو ئاڵنگاریانە کردووە کە ڕۆژهەڵات پێشکەشی کردوون و لەگەڵ ئەو زانینەش کە سەر بە



https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵاتە. بۆ نموونە نێرڤال، پێیوایە دەبێ زیندوویی بخاتە ناو ئەوەی دەیبینێ، چونکە دەبینین دەڵێ:

(ئاسمان و دەریا هەمیشە لێرەن، ئاسمانی ڕۆژهەڵات و دەریای ئایۆن هەموو سپێدەیەک بە خۆشەویستی یەکتر رادەمووسن، بەڵام خاک لە بن دەستی مرۆیەکان مردووە و خوداکانیش هەڵاتوون!)

ئێستەش کە خوداکان هەڵاتوون، ئەگەر ڕۆژهەڵات بیەوێ بە ڕاستی و دروستی بژیێ، ئەوا دەبێ بە ڕەنج و کاری بەرهەمدار بێ. لە کتێبی "سەفەر بۆ ڕۆژهەڵات"ی نێرڤال، هوشیاری یان ئاگایی بگێڕەوە (یان حیکایەتخوان) دەنگێکە هەردەم پڕ لە وزەیە، هەردەم لەناو ونگە و لابرینتی بوونی ڕۆژهەڵات لە جێگۆڕینە، چەکدار (نێرڤال خۆی پێماندەڵێ) بە دوو وشە: "تەیب" بۆ ڕەزامەندی، "مفیش" بۆ ڕەتکردنەوە. ئەم دوو وشەیە بە هەڵبژاردن ڕێگەی بۆ خۆش دەکەن رووبەڕووی جیهانی ڕۆژهەڵاتی ببێتەوە کە ناکۆکە لەگەڵ ئەو، رووبەڕووی ڕۆژهەڵات ببێتەوە و پرەنسیپە نهێنییەکانی لێ دەربێنێ. ئەو پێشوەخت ئامادەیە دان بەوەدا بنێ کە ڕۆژهەڵات "وڵاتی وەهم و خەونەکانە"، ئەمەش وەک ئەو هەموو تارا و چارۆکانە وان کە لە هەموو لایەکی قاهیرە دەبینێ هەڵواسراون، قووڵاییەکی زۆر و زەمینەیەکی دەوڵەمەندی سێکسی و مێیانەی شاردۆتەوە. نێرڤال ئەزموونی ئێدوارد لان دووبارە دەکاتەوە: پێویستی مارەیی و ژنهێنان لە کۆمەڵی ئیسلامی هەست پێدەکات و دەدۆزێتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوەی لان، ئەو پەیوەندی لەگەڵ ژنێک دەبەستێ. پەیوەندییەکانی لەگەڵ "زەینەب" لەچاو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی ئیجباری زۆرترە:

(دەبێ خۆم بەگەڵ هەندێ کچی سادە و ساکاری ئەم خاکە پیرۆزە بدەم کە یەکەمین نیشتمانی هەمووومان بوو، خۆم بخەمە ناو



https://t.me/kurdistanbooks

سەرچاوە زیندووەکانی مرۆپەروەری، کە لێیانەوە شیعر و باوەڕی باوکانمان هەڵدەقووڵێ !(...) پێمخۆشە ژیانم وەک رۆمانێک بێ، بە ویستی خۆم خۆم بخەمە ناو هەڵکەوتی یەکێ لە پاڵەوانە چالاکەکانی ئەم رۆمانە و بڕیار لە دەست خۆی بێ کە بە هەر نرخێک بێ بیەوێ لە چواردەورەی ئەوانیتر دراما و گرێ و بەرژەوەندی، بە کورتی کردەیەک بەرپا بکا.) (97)

وەک وەبەرهێنانێک نێرڤال خۆی خۆی بۆ رۆژهەڵات بەکاردەهێنێ، بۆ زیاتر بەرهەم هێنانی گێڕانەوە یان سەربردەیەکی داستانی، مەبەستێکی درێژخایەن (بێ ئەوەی بواری جێبەجێبوونی بە تەواوی هەبێ) بۆ تێکەڵکردن و تواندنەوەی ئەقڵ لەگەڵ کردەیەکی فیزیکی. ئەم دژە- سەربردەیە (یان دژەگێڕانەوە) ئەم پارا- حەجە (شتێک لە حەج بچێ/و) شێوازێکە بۆ لێکجیاکردنەوەی فەزای کۆتایی گوتارئامێز هەستپێکراو وەک روانینێک لەلایەن نووسەرانی پێشووتر لەبارەی رۆژهەڵات.

وەک پەیوەندییەکی فیزیکی و بوونی هەست و سۆز بەرانبەر بە رۆژهەڵات، نێرڤال بێ بوونی هیچ بەربەستێک لەناو دەوڵەمەندی و ئەتمۆسفێری کولتووری خۆی ( و بە گشتی مێیانە) دەگەڕێ، بە تایبەتیش جێگیربوون لە میسر "وەک سەنتەرێکی دایکایەتی لەیەک کاتدا پڕ لە راز و نهێنی و والا و کراوە، کە هەموو بلیمەتێکی سەرەتاکانی زەمەن حیکمەتی خۆیان لێ بەدەستهێناوە.(98) هەست و بینینەکانی، خەون و بیرەوەرییەکانی بە دوای پارچە سەربردە رازاوەکانیدا دێن کە بە شێواز و داڕشتنی رۆژهەڵاتیانە نووسراون، سەختییەکانی واقیعی سەفەر (لە میسر، لە لوبنان، لە تورکیا) وێڕای تێکەڵکردن بە نیگاری دوورکەوتنەوە لە بابەت بە ئەنقەست، وەک ئەوەی نێرڤال خەریکبووبێ هەمان سەفەر و رێبڕینی شاتۆبریان دووبارە بکاتەوە بەڵام بە هەمان رێگەی ئەو نا، بەڵکو بە رێگەیەکی



https://t.me/kurdistanbooks

ژێرزەمینی، گەلێک کەمتر ئیمپریالانە و سادەتر. میشێل بوتۆر زۆر بە جوانی ئەمەی نیشانداوە:

(سەفەری شاتۆبریان بۆ نێرڤال هەردەم وەک سەفەرێکی سەر زەمینی دەمێنێتەوە، ئەویش بۆ خۆی (نێرڤال) حسێب بۆ سەفەرەکەی خۆی دەکا بە هۆی بەکارهێنانی هەندێ چەقی پاشکۆ، ئەم چەقانە مەڵبەندی شاردنەوەکانن کە هەموو پرەنسیپەکان دەگرنە خۆیان، ئەم پرەنسیپانەش رێگەی پێدەدەن بە هۆی گۆشەی روانینەکان تەواوی ئەستوورایی ئەم تەڵەیە بخاتە باری ئاسایی کە سەنتەرە ئاساییەکان دەشارنەوە. بە دەم رۆیشتن لە شەقامەکانی قاهیرە، بەیروت یان ئەستەنبۆل، نێرڤال نێچیری هەموو ئەو شتانەیە رێگەی بۆ والا دەکەنەوە هەست بەو ژێرزەمینییە بکا کە لە ژێرەوەی رۆما- وە درێژدەبێتەوە تا ئاتێن و ئۆرشەلیم (کە ئەوشارانەن شاتۆبریان پێیاندا تێپەڕیووە) (...) هەروەکو چۆن پەیوەندی لە نێوان ئەم شارانەدا هەیە، شاری رۆما بە ئیمپراتۆرەکانی و بە میراتی پاپایەکانی وەسیەتنامەی ئاتێن و ئۆرشەلیم لە خۆی کۆدەکاتەوە، بەڵام بە هۆی کەمێک تێکەڵکردن و لێڵکردنیان، بە هەمان شێوە ژێرزەمینییەکانی نێرڤالیش لە نێوان خۆیان پەیوەندی لەگەڵ یەکتری دەبەستن.)

لە دوو دیمەنە درێژەکانی:"چیرۆکی خەلیفە حەکیم" و "چیرۆکی شاژنی بەیانی و سولەیمانی میری ئەجندەکان" کە هەر یەکەیان گرێ و بیرۆکەیەکیشیان هەیە، کە گوایە گوتارێکی بگێڕەوەی درێژخایەن و توندوتۆڵیان هەڵگرتووە، وا دێنە بەرچاو نێرڤال دوورخەنەوە لە ئامانجی "سەرزەمینی"، زیاتر و زیاتر بیخەنە ناو قووڵایی جیهانێکی ناوەکی دەستەمۆی دژیەک و خەونەکان. هەردوو حیکایەت باس لە فرەشوناسی دەکەن، یان ئەمە نیشان دەدەن، یەکێ لە هاندەرەکانیان (کە بە شێوەیەکی شاراوە خراوەتەڕوو) پەیوەندی سێکسی مەحرەمە و، هەردوو چیرۆکەکە دەمانگێڕنەوە بۆ جیهانی رۆژهەڵاتی کە



https://t.me/kurdistanbooks

پوختەی جیهانی نێرڤالە، دەمانگێڕنەوە بۆ خەونە رەوان و گومانداڕەکان کە بێپایان لەودیوی ویست و ئیرادە، لەودیوی دیقەت و لەودیوی بە سیفەت ماتریال ئاسا زۆر دەبن. کە سەفەرەکەی نێرڤال تەواو دەبێ و دەگاتە "مالتە" لەسەر رێگەی خۆی بۆ گەڕانەوە بۆ سەر خاکی ئۆرووپا، خۆی وادێتە بەرچاو ئێستە لەناو "وڵاتی سارد و بە گەواڵە و هەورە تریشقەیە و، دەمێکە رۆژهەڵات بۆ من چیتر لەو خەونانەی بەیانی زیاتر نین و ماوەیەکی دیکە بێزارییەکانی رۆژانی بەدوادادێ". (100) نێرڤال کۆمەڵێک لاپەڕەی کۆپیکراوی لە کتێبی "میسرییە هاوچەرخەکان"ی ئێدوارد لان خستۆتە ناو سەفەرنامەکەی "سەفەر بۆ رۆژهەڵات"، بەڵام پێدەچێ باوەڕە روون و رەوانەکانی ئەم دووانە، لەناو پێکهێنەرە ژێرزەمینییەکان بتوێنەوە کە بە شێوەیەکی نەمر و بۆ هەمیشە لەناو هەڵوەشانەوەدان، کە ئەمەش رۆژهەڵاتی نێرڤالە.

پێموایە یاداشتەکانی بۆ "سەفەر" دوو تێکستمان دەدەنێ کە بە تەواوی تێماندەگەیەنێ چۆن رۆژهەڵاتی نێرڤال خۆی لە هەموو ئەوە جیاکردۆتەوە بە کۆنسێپتێکی رۆژهەڵاتناسی رۆژهەڵات بچێ، ئەگەرچی کارەکانی بە ئاستێکی دیاریکراو پشت بە رۆژهەڵاتناسی دەبەستێ. پێش هەموو شتێک، چەشە و ئارەزووەکانی نێرڤال هەوڵی ئەوە دەدەن بێ جیاکاری ئەزموون و بیرەوەرییەکان بە دەست بهێنن: "هەست دەکەم پێویستیم بە خۆتواندنەوەیە لەناو هەموو سروشت (ژنانی بێگانە). بەیادم بێتەوە کە تیایدا ژیاوم." دووەم کەمێک پوختەتر و رەوانترە لەچاو یەکەم:" شێتی و خەونەکان... حەزوئارەزوو بۆ رۆژهەڵات. ئۆرووپا قیت دەبێتەوە. خەونەکان بەدی دێن... ئەو ئۆرووپایەی لێی هەڵاتبووم، ئەو ئۆرووپایەی لەدەستم چووبوو... کەشتی رۆژهەڵات".(101) رۆژهەڵات رەمزی گەڕانی بنچینە و یەکەمینی نێرڤالە و ژنی ناکام éphèmere و سرکیش چەقی ئەم



https://t.me/kurdistanbooks

گەڕانە داگیردەکا، لەیەک کاتدا وەک حەز و ئارەزوو و وەک لەدەستچوون. "کەشتی رۆژهەڵات" بە شێوەیەکی رەمزی و مژدار دەگەڕێتەوە یان بۆ ژن یان بۆ کەشتی نێرڤال بۆ رۆژهەڵات، کە سەفەرەکەیەتی بە پەخشان. لە هەردوو حاڵەتدا، رۆژهەڵات خۆی لەناو نادیارییەکی بیرهێنەرەوە وەک یادگاری دەدۆزێتەوە.

چۆن دەبێ لە "سەفەر بۆ رۆژهەڵات" کە کاری روحێکی ئەمەندە رەسەن و ئەمەندە تاکەکەسییانەی نێرڤاڵە، تەمبەڵانە و بێ پەروا چەندان پارچە تێکستی درێژ لە ئێدوارد لان وەربگرێ و بێ هیچ ئاماژەیەک بیانخاتە ناو کتێبەکەی وەک ئەوەی ئەم تێکستانە وەسف و تێبینییەکانی "خۆی" بن لەبارەی رۆژهەڵات؟ هەموو شتێک بەو شێوەیە روودەدا وەک ئەوەی نێرڤال لە یەک کاتدا، لە گەڕانی بەدوای واقیعێکی رۆژهەڵاتی جێگیر و لە مەبەستی خۆی بۆ دانانی سیستەمێکی پلان بۆ دانراو لە نوێنەرایەتیکردنی بۆ رۆژهەڵات سەرنەکەوتبێ، نێرڤال ئۆتۆریتێیەکی خواستراو لە تێکستی رۆژهەڵاتناسێکی سەر بە رێساکان (لەوەی لان/و) بەکاردەهێنێ. لە دوای سەفەرەکەی زەمین (خاک) بە مردوویی دەمێنێتەوە و، لە دەرەوەی رەمز و بەرجەستەکردنەکانی، کە بە جوانی کاری لەبارەوە کردوون، بەڵام پارچەپارچەن لەناو تێکستی"سەفەرەکەی"، "من"ەکەی کەمتر سڕ و رووشاوە وەک لە پێشوو. لێرەوە بە سەیرکردن و ئاوڕدانەوە بۆ رابردوو پێدەچێ رۆژهەڵات سەر بە مەملەکەتێکی نێگەتیڤ بێ، کە تێیدا، سەربردە لە دەستچووەکان، رووداوە ناڕێک و تێکەڵ و پێکەڵەکان، نووسینەوە و کۆپیکردنی سادە و ساکاری تێکستی توێژەرە پسپۆڕە باڵاکان تاقە کەشتی شیاوی ئەو بووبێ. ئەی بەلای کەمییەوە، نێرڤال هەوڵی نەدا پرۆژەکەی خۆی لە رێگەی بە شەوقەوە خۆ تەرخان کردن بۆ پلان و نەخشەکانی فرانسا بۆ



https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵات رزگار بکا، ئەگەرچی ئەو پشتی بە ڕۆژهەڵاتناسی بەست بۆ گوتنی ئەوەی هەیەتی و دەبێ بیڵێ.

نێرڤال ڕوانینێکی نێگەتیڤی بۆ ڕۆژهەڵاتێکی بۆش هەیە، بەڵام ئەوەی فلۆبێر، بە پێچەوانەوە هەتا بڵێی جەستەدارە. نۆت و تێبینییەکانی سەفەر و نامەکانی کەسێکمان پیشان دەدەن کە ڕووداوەکان، کەسەکان، دیمەنەکان، وەک خۆیان بە دروستی دەگێڕێتەوە، "سەیروسەمەرەیی" ئەم ڕووداو و کەسانە ئەگەرچی سەرچاوەیەکی چەشە و ئارەزووە بۆ ئەو بەڵام هەگیز هەوڵنادا سەرەڕای بێ ماناییان لە نرخیان کەم بکاتەوە. بە گوێرەی ئەوەی نووسیویەتی (یان لەوانەیە چونکە نووسیویەتی)، بایەخ بەو شتانە دەدا کە سەرنج و چاو ڕادەکێشن، ئەمەش بە ئاگاییەوە دەخاتە ناو ڕستەی پوختە و ڕێک، بۆ نموونە:" نووسین و ریقنەی باڵندە، ئەمانەن تەنیا ئەو دوو شتەن لەسەر ئاسەوارەکانی میسرن کە نیشانەن بۆ ژیان" (102) حەز و ئارەزووەکانی بۆ بەدکاری perverse دنەی دەدەن، زۆربەی جاریش لە فۆرمی پێکهاتەیەکی ئەوپەڕی گیانەوەرانە و تا ڕادەی فاحیشەیەکی سووک و چرووکیش، ئەمەش وێڕای ئەوپەڕی ڕوونبێژی و جوانییەک و هەندێ جاریش ڕۆشنگەرانە. لەگەڵ ئەمەش، ئەم تایپە تایبەتەی بەدکاریی شتێک نیە بە سادە و ساکاری هەستی پێبکرێ و دیاربێ، یان تۆژینەوەی لەسەر بکرێ وەک ئەوەی ئێمە ئێستە یەکێ لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی خەیاڵ و ئەندێشەی فلۆبێرمان پێشکەش کرد. ئۆپۆزیسیۆنە ناسراوەکان یان ئیزدیواجیەتەکان، وەک چۆن "هاری لۆڤا" دەیانناسێنێ کە لەناو نووسینەکانی فلۆبێر دێن و دەچن (جەستە و ڕوح، سالۆمی بەرانبەر بە "سان ژان" – یوحەننای پیرۆز (و)، سالامبۆ و سان ئەنتوان – ئەنتوانی پیرۆز)(103) بەهێزەوە پێداگیریان لەسەر کراوە، چونکە ئەو لە ڕۆژهەڵات ئەمانەی بینیووە، ئەمەش لە ڕێگەی کۆکردنەوە و لە


https://t.me/kurdistanbooks

تەنیشت یەکتر دانانی زانست و ناشرینی جەستە بە مانا سێکسیەکەی کە ئەو توانیویەتی جیاوازی لە نێوانیان بکا، کە وەک بواری زانینی بژاردنی eclectique ئەون. لە باکوری میسر فلۆبێر کەوتبووە ژێر کاریگەری جوانی هونەری میسری کۆن، کە "درێژدادڕی و شەبەق و بای بێ پەردەی" تێدایە: "کەواتە نیگاری پڕ لە بەدکاری بە درێژایی رابردووی کەونارا هەبووە!" رۆژهەڵات بە هەقیقی وەڵامی گەلێک لەو پرسیارانەی دەدایەوە کە ئەو نەیدەورووژاندن، ئەمەش لەم پارچە تێکستەی خوارەوە لە نامەیەکی بۆ دایکی هەستی پێدەکرێ:

(تۆ لێت دەپرسیم ئایە رۆژهەڵات لەسەرەوەی ئەوە دایە کە من خەیاڵم بۆی دەچوو. لەسەرەوە، بەڵێ، بەڵکو زیاتریش، بە پانایی لەو گریمانەش تێدەپەڕێ کە من پێشنیارم دەکرد. ئەوەی لە زەینی من لێڵ بوو بینیمەوە، بە جوانی نیگاری بۆ کرابوو. هەقیقەت شوێنی پێشبینییەکانی گرتەوە، ئەگەرچی ئەمەش وەک ئەوە وایە لەناکاو کۆنە خەونەکانی خۆم دۆزیبێتەوە.) (104)

کارەکانی فلۆبێر ئەمەندە ئاڵۆز و ئەمەندە بەرینن کە سەرنج لە نووسراوە رۆژهەڵاتییەکانی دەدەین، هەرچەند بەو هیوایە بین لێکدانەوەیەکی پڕی بۆ بکەین بەڵام ئەم لێکدانەوەیە هێشتا هەر نوقسانە، لەناو ئەو کۆنتێکستەی کە لە بارەی رۆژهەڵاتە و نووسەرانی دی دایانهێناوە، تا ئاستێکی باش دەتوانین هەندێ لە خەسڵەتە جەوهەرییەکانی رۆژهەڵاتناسی فلۆبێر وەسف بکەین. ئەگەر ئەو جیاوازییەی لە نێوان نووسراوە تەواو فەردییەکان (نامە، تێبینییەکانی سەفەر، کورتەی یاداشتەکانی رۆژانە) و نووسراوە ئێستێتیکییەکان (رۆمان و چیرۆکەکان) وەک نموونەیەک وەرگرین، دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە رەگ و ریشەی روانینی رۆژهەڵاتی فلۆبێر دەگەڕێتەوە بۆ ناو لێکۆڵینەوە و گەڕان، بە ئاراستەی رۆژهەڵات و باشوور، دەگەڕێتەوە بۆ "ئەلتەرناتیڤێکی سەر بە روانین"



https://t.me/kurdistanbooks

که دەیەوێ دیمەنی رەنگە جوانەکان پیشان بدا وەک جیاوازییەک بەرانبەر بە دیمەنی کەشی پڕ لە هەور و مژی خاکی فرانسا. ئەو ئەلتەرناتیڤەی سەر بە روانین، دەیەوێ دیمەنی نمایشێکی پڕ لە سۆز و هەڵچوون پیشان بدا وەک لە دیمەنی رۆتین و مۆنۆتۆن، دەیەوێ دیمەنی نەمریی پڕ لە راز و نیهان پیشان بدا وەک لەوەی زۆر رام و ماڵییە".(105) بەڵام کاتێ کە فلۆبێر بە کردە لە رۆژهەڵات گەڕا و سووڕا، رۆژهەڵات هەستی پیری و پووکانەوەی دایێ. رۆژهەڵاتناسی فلۆبێر، وەک هەموو رۆژهەڵاتناسییەکان دی، کەوتۆتە بن کاریگەری ئەقڵی یان روحی ژیانەوە "رەستاخیز": دەبێ رۆژهەڵات بگەڕێنێتەوە بۆ ژیان، دەبێ بۆ خۆی بیژیێنێتەوە، بۆ خۆی و بۆ خوێنەرانی، بۆ ئەمەش ئەزموونی رۆژهەڵاتی خۆی لەناو کتێبان و لە شوێنەکان، زمانیش بۆ گوتن، ئەم کارەی بۆ دەکەن. بێجگە لەمە رۆمانانیش دەنووسێ کە رووداوەکانیان لە رۆژهەڵات روودەدەن وەک بنیاتنانەوەیەکی مێژوویی ئامادەکراو و زانستییانە. شاری کارتاج لە رۆمانی سالامبۆ، ئەندێشە سەرشار و توندەکانی "سان ئەنتوان"، هەموو ئەمانە بەری رەسەنی خوێندنەوەی زۆری فلۆبێرە بۆ سەرچاوەکان (بەشی هەرە زۆری سەرچاوە رۆژئاواییەکان) لەبارەی ئایین، هونەری جەنگ، سروت و کۆمەڵانی رۆژهەڵاتی.

ئەوەی کارە بە فۆرم ئێستێتیکییەکان گلی دەدەنەوە، لەودیوی شوونپێی خوێندنەوە گەلێک زۆرەکانی فلۆبێر و ئەو خوێندنەوانەش کە پێشکەشی دەکەن، بیرەوەرییەکانی سەفەرەکەیەتی بۆ رۆژهەڵات. کتێبی "فەرهەنگی ئایدیا باوەکان"ی فلۆبێر دڵنیایی لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە رۆژهەڵاتناس واتە " یەکێک کە زۆری سەفەر کردووە."(106)، تەنیا ئەوە هەیە، بە جیاوازی تەواوی گەڕیدەکانی دیکە، فلۆبێر وادەکا سوودێکی بلیمەتانە لە سەفەرەکانی وەرگرێ. تەواوی ئەزموونەکانی لەم بارەیەوە لە فۆرمی شانۆیی


https://t.me/kurdistanbooks

گواستراونەتەوە. ئەوەی سەرنجی ئەو رادەکێشێ و بەلایەوە جێی بایەخە، هەر تەنیا ناوەڕۆکی ئەوە نیە کە دەیبینێ، بەڵکو ئەویش وەک ریێنان، چۆنیەتی بینینی بەلاوە گرینگە، هەڵبەت وەک شێوازێکی هەندێجار تۆقێنەرانە، بەڵام هەردەم سەرنجراکێش، کە وا پێدەچێ رۆژهەڵات خۆی خۆی پێشکەشی دەکا، فلۆبێریش باشترین بینەریەتی:

(نەخۆشخانەی قەسرولعەین رێک و پێک و بە تەرتیبە، کاری کلۆت بەگە، ئێستاش دەست و پاشماوەی ئەوی پێوەدیارە، هەندێ حاڵەتی نەخۆشی سفلس هەیە، لە هۆڵی مەملوکی عەباس هەندێکیان لەناوگەڵەوە تووش بوونە، بە ئاماژەیەکی پزیشک، هەموو لەسەر تەختەکانیان هەڵدەستنەوە سەر پێ، قایشی پانتۆلیان دەکەنەوە (وەک مانۆڤەرێکی سوپایی دەهاتە بەرچاو) و بە پەنجەکانیان کۆمی خۆیان دەکردنەوە بۆ پێشاندانی برینیان، برینی سفلسی گەورە، لە کۆمی یەکێکیان هەندێک موو شین بووبوو، چووکی یەکێک لە پیاوە پیرەکان بەتەواوی پێستەکەی داماڵرابوو، لەبەر بڵاوبوونەوەی بۆن هەنگاوێک کشامەوە، نەخۆشێکی سیس و لاواز، دەستەکانی هەڵگەڕابوونەوە، نینۆکەکانی درێژ بوون وەک چرنووکیان لێ هاتبوو، ستروکتوری جەستەت دەبینی وەک ئێسکبەندێکی لێ هاتبوو، بە هەمان شێوە پاشماوەی جەستەی ئەم کەسەش ئەوەندە لاواز بوو لە لاوازیان وەک خەیاڵ دەهاتە بەرچاو، سەریشی بە خاڵ و پنتی گووڕوویی مەیلە و سپی داپۆشرابوو.

لە هۆڵی ئەناتۆمی: (...) لەسەر مێزێک لاشەی عەرەبێک دانرابوو، قژێکی رەشی جوانی هەبوو، لاشەکەش شەق کرابوو.) (107)

ئەم وردەکارییە بێزەوەر و ناشرینانەی ئەم دیمەنە لەگەڵ کۆمەڵێک دیمەن و رووداوی رۆمانەکانی فلۆبێر پەیوەندی هەیە، فلۆبێر لە



https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆمانەکانی باس لە نەخۆشی دەکا بە چەشنێکی وا پیشانمان دەدا دەڵێی لە هۆڵی خوێندن دانیشتووین و ئەویش بە کردەکی دەیخاتەڕوو. مەیل و کاریگەربوونی فلۆبێر بە ئەناتۆمی و جوانی، بۆ نموونە دیمەنی کۆتایی ڕۆمانی "سالامبۆ"مان بە یاد دەهێنێتەوە کە لەگەڵ مەرگی پڕ لە مەراسیم و هەیتوو هووتی "ماتۆ" دەگاتە لووتکە. لەم دیمەنانە، هەستی بێزاری و نەفرەت هاویشتن یان بوونی هەستی سۆز و دڵگیری هەموو خراوەتە کۆتایی، ئەوەی بایەخدارە و بە پلەی یەکەم دێ پێشکەشکردنی وەسفێکی دروستی وردەکارییە ڕاستەکانە.

بەڵام ساتە هەرە ناسراوەکان لە "سەفەر بۆ ڕۆژهەڵات"ی فلۆبێر، پەیوەندییان بە "کوچک خانم"ەوە هەیە کە سەماکار و سۆزانییەکی ناسراو بوو، فلۆبێر لە "وادی حەلفا" ناسی بووی. فلۆبێر لە کتێبەکەی ئێدوارد لان هەرچی پەیوەندی بە "عالمە" و "خەوال"ەوە هەیە خوێندبوویەوە، کە ئەمانە سەماکارن لە کوڕان و کچان، بەڵام ئەمە ئەندێشەی ئەوە زیاتر وەک لە هی لان کە دەتوانێ ڕاستەوخۆ وێڕای لەززەت لێ وەرگرتنی ئەو پارادۆکسە تا ڕادەیەک میتافیزیکییە بگرێ و هەستی پێبکا کە بریتییە لە پیشەی "عالمە" و مانای ناوەکەی. (لە ڕۆمانی "سەرکەوتنێک" جۆزێف کۆنراد هەمان ئەو تێبینییەی فلۆبێر دووبارە دەکاتەوە ئەمەش وادەکا ژنە پاڵەوانەکەی کە موزیکژەنێکە بە ناوی "ئەلما" بۆ "ئەکسل هەیست" زۆر جوان و سەرنجڕاکێش و بکوژ بێ.) "عالمە" لە زمانی عەرەبیدا بە مانای ژنێکی خوێندەوار دێ. لە کۆمەڵی کۆنەپارێزی میسری سەدەی هەژدەم ئەم ناوەیان دەدا ئەو ژنانە کە لە شیعر خوێندنەوە شارەزاییان هەبوو، نزیک ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم، ئەم ناونیشانە وەک جۆرێک لە ناو بۆ پیشەی ئەو سەماکارانە بەکاردەهات کە لە هەمان کات سوزانیش بوون و، ئەمە بوو "کوچک خانم"، پێش ئەوەی لەگەڵی بخەوێ فلۆبێر بینیبووی سەمای "هەنگ"ی پێشکەش کردبوو. ئەم کوچک خانمە بە دڵنیاییەوە،



https://t.me/kurdistanbooks

وەک نموونەی تایبێکە بۆ کۆمەڵێک لە پاڵەوانی مێیینەی ناو ڕۆمانەکانی، وێڕای شەهوانیەتی ڕێکی ئەو و ناسکی و (وەک فلۆبێر دەڵێ) بێزەوەرییە زیرەکییەکەی. لە یەکێ لە نامەکانی بۆ "لویز کۆلێ" دوای گەڕانەوەی دەڵێ: "تۆ دەڵێی ڕشک و ئەسپێیەکانی کوچک خانم بێزت دەهێننەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە من ئەمەم پێ خۆشە. بۆنی بێزهێنەرەوەیان تێکەڵ بە عەتری سەندەلووسی پێستیان دەبێ." ئینجا بۆ دڵنیاکردنەوەی دەڵێ: "ژنی ڕۆژهەڵاتی لە ماشێنێک زیاتر نیە، هیچ جیاوازییەک لە نێوان پیاو و پیاوێکی دی ناکا." شەهوانییەتی لاڵ و تێنووی کوچک خانم ڕێگەی بە ئەقڵی فلۆبێر داوە وێڵی ناو ڕامان و بیرکردنەوە بێ کە دەستەڵاتی سەرنج بکێشی ئەمە هەندێ هەڵوێستی "دێلۆرێ" و "فرێدێریک مۆرۆ"مان لە کۆتایی ڕۆمانی "پەروەردی عاتیفی" بە بیردەهێنێتەوە.

(هەرچی منم هەر هیچ چاوم لێک نەناوە، شەوم بە دەم خەونی خەست و بێ پایان بەرێکردووە. هەر لەبەرئەمەش بوو مابوومەوە. سەیری ئەو بوونەوەرە جوانەم دەکرد کە قووڵ خەوی لێکەوتبوو، سەری لەسەر باسکم بوو، خەیاڵم بۆ شەوانی خۆم دەچوو کە لە سۆزانیخانەکانی پاریس بەسەرم بردبوون، کۆمەڵێک بیرەوەری بە خەیاڵمدا دەهاتن... بێگومان خەیاڵم بۆ ئەمەش دەچوو، بۆ سەماکەی، بۆ دەنگی کە گۆرانی دەگوت، بۆ من بێ مانابوون و وشەکانیم لێکجیانەدەکردنەوە.) (108)

ژنی ڕۆژهەڵاتی بابەت و فرسەتێکی خەون و خەیاڵ و بیرکردنەوەیە بۆ فلۆبێر، ئەو سەرسامە بە سادەیی و ڕازی بوونیان بەوەی هەیانە، بە بێباکییان لە ڕوانگەی عاتیفییەوە، هەروا بەوەش کاتێ کە لە تەنیشتی ڕادەکشێ دەبێتە سەرچاوەی بیرکردنەوە بۆ ئەو. کەمتر لە ژن وەک لە وێنای مێیایەتی، ورووژێنەر بێ ئەوەی بدوێ، کوچک خانم نموونەی تایبێکە بۆ سالامبۆ و سالۆمێی فلۆبێر، هەروا



https://t.me/kurdistanbooks

تایپێکە بۆ تەواوی وێنا ورووژێنەرەکانی جەستەی مێیینە کە کەسایەتی "سان ئەنتوان" لە لای ئەو رووبەڕووی بوونەتەوە. وەک "شاژنی سەبأ" (کە ئەویش دەیزانی سەمای "هەنگ" بکا)، دەیتوانی بڵێ، ئەگەر توانای قسەکردنی هەبوایە :"من ژن نیم، من جیهانێکم".(109) لە روانگەیەکی ترەوە، کوچک خانم رەمزی بە پیتی نیگەرانکارە، تەواو رۆژهەڵاتیانە و لەناو هەڵکەوتێکی سێکسیانەی سەرشار کە پێدەچێ بێ سنوور بێ. ماڵەکەشی لە باکوری نیل، شوێنێکی وای هەیە لە رووی ستروکتورەوە بەو شوێنە دەچێ کە "چارۆکەی تانیت"ی لێ شاردراوەتەوە، تانیت خواوەندێکی ژنە و رەمزی "سەرچاوەی بە پیتییە" لە رۆمانی سالامبۆ. پاشان، وەک تانیت و سالۆمێ و سالامبۆ خۆیشی، کوچک خانم دەبێ هەتاهەتایێ بە نەزۆکی و گەندەڵ و بێ نەوە بمێنێتەوە. کوچک خانم و جیهانی رۆژهەڵاتی بەیەکەوە وایانکردووە هەستی فلۆبێر بە هەستی نەزۆکی خۆی زیاتر چڕ بێتەوە، لەم پارچە تێکستەی خوارەوە ئەمە هەستی پێدەکرێ:

(ئۆرکێسترایەکی گەورەمان هەیە، مێزێکی رازاوە، سەرچاوەی جۆراوجۆر. فێڵ و فڕی زۆر دەزانین، زۆرتر لە جاران کە قەت تێبینیمان بۆی نەچووە. نەخێر، ئەوەی لێمان کەمە، پرەنسیپێکی جەوهەرییە، گیانی شتەکانە، ئایدیای شتەکان خۆیان. تێبینی و نۆت وەردەگرین، سەفەر دەکەین، کوێرەوەری لە دوای کوێرەوەری دێ. دەبینە پیاوی زانست، دەبینە شوێنەوارناس، مێژوونووس، پزیشک، پینەدۆز و خەڵکانێکی بە چەشە و سەلیقە. بەڵام هەموو ئەمانە سوودی چی هەیە؟ ئەی دڵ؟ زیندوویی؟ نیان؟ لە کوێ دەست پێ بکەین و بچینە کوێ؟ باش دەمژین، قسە و یاری زمان زۆر دەکەین، لەسەرخۆ خەریکی ماچ و موچ و راموسان دەبین، بەڵام جووت نابین بۆ منداڵبوون.(111)



https://t.me/kurdistanbooks

لەناو تاروپۆی هەموو ئەزموونێکی رۆژهەڵاتیانەی فلۆبێر، ئومێد بەخش بێ یان بە پێچەوانەوە، تا رادەیەک بەردەوام رۆژهەڵات تێکەڵ بە سێکس کراوە. فلۆبێر لەم تێکەڵکردنە مەبەستی ئەوە نەبووە نموونەیەکی بنچینەیی یان نموونەیەکی زۆر بنەوان پێشکەش بکا لە چاو ئەو هاندەرەی کە بە شێوەیەکی دیار و جوان لەناو هەڵوێستەکانی رۆژئاوا بەرانبەر بە رۆژهەڵات هەستی پێدەکرێ. ئەم هاندەرە بۆ خۆیشی بە شێوەیەکی بێهاوتا نەگۆڕە، ئەگەرچی بلیمەتی فلۆبێر شتێکی زۆرتری کردووە بۆ ئەوەی خەسڵەتێکی هونەری بداتێ. بۆچی پێدەچێ رۆژهەڵات وێنایەک بێ نەک هەر بۆ بەپیتی بەڵکو بۆ سۆز و (هەڕەشەی) سێکسیش، ئاڵوشێکی بەردەوام و بێ وەستان، حەز و ئارەزووێکی بێ سنوور، وزەی قووڵی لەدایکبوون؟ لە بارەی ئەم خاڵەوە دەتوانین تەنیا مەزندە و تەخمینمان هەبێ و، ئەمەش ناکەوێتە ناو چێوەی شیکاری ئەم بابەتەی بەردەست، بەداخەوە، ئەگەرچی زۆرجار تێبینی ئەمەم کردووە. دەبێ بەلای کەمی دان بەوەدا بنێین کە شتێکی بایەخدار لەلای رۆژهەڵاتناس دەبێتە هۆی وروژاندنی وەڵامی گرێچن، هەندێ جاریش دەبێتە هۆی دۆزینەوەی زاتی خۆی، هەر ئەمەش دەیترسێنێ و، لەم بارەشەوە فلۆبێر نموونەیەکی سەرنجڕاکێشە بۆ ئێمە.

رۆژهەڵات ناچاری دەکا بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە مرۆیی و تەکنیکییەکانی. رۆژهەڵاتیش زیاتر لە کوچک خانم وەڵامی بوون و ئامادەیی ئەو نادەنەوە. بەرانبەر بەو ژیانەی کە بە پێشیدا تێدەپەڕی، فلۆبێریش وەک ئێدوارد لان پێش خۆی، هەست بە بێهێزی و جیابوونەوە دەکا، لەوانەشە نەفرەت و بێزاری ناوەوەی خۆی بێ وای لێ بکا نەچێتە ناو ئەوەی دەیبینێ و ئەوەی دەیەوێ بەشداری تێدا بکا. بێگومان ئەمەش کێشەی هەمیشەیی فلۆبێرە، پێش ئەوەی بۆ رۆژهەڵات بڕوا هەیبووە و دوای گەڕانەوەشی هێشتا هەر هەیبووە.



https://t.me/kurdistanbooks

فلۆبێر دان بە سەختییەکاندا دادەنێ و، تریاکی چارەسەریش لەناو یەکێ لە کارەکانی دەدۆزرێتەوە (بەتایبەتی لەناو ئەو کارە رۆژهەڵاتیەی بەناوی "هەڵخەڵەتاندنەکانی سان ئەنتوان"ە (هەڵخەڵەتاندن بە مانای سێکسی، وەک ئیغراکردن/و) کە دڵنیایی لەسەر پێشکەشکردنی ئەنسکلۆپێدیایانەی ماتریالەکەی دەکا، ئەمەش لەسەر حسێبی بەشداریکردنی خۆی لە ژیان وەک بوونێکی مرۆیی. لە راستیدا، سان ئەنتوان چ نیە جگە لە پیاوێک یان کەسێک کە واقیع بۆ ئەو تەنیا زنجیرە کتێبێکە، زەنجیرە دیمەنێکە، زنجیرە بنیاتنانەوەیەکی مێژووییە کە بە پێش چاوی ئەو وەک زنجیرە هەڵخەڵەتاندنێک تێدەپەڕێ.

زانین و ناسینی فراوان و بەرینی فلۆبێر خاوەن چەندین ستروکتورە، هەروەکو میشێل فوکۆ زۆر بە جوانی باسی کردووە، وەک کتێبخانەیەکی خەیاڵی وایە، وەک دیمەنێکی شانۆییە بەبەر چاوی زاهیدێک تێپەڕێ، (112) دیمەنەکان لەگەڵ خۆیان ئەو بیرەوەرییانەشیان هەڵگرتووە کە فلۆبێر لە بارەی نەخۆشخانەی "قەسرولعەین" و (پشکنینی ئەوانەی نەخۆشی سفلسیان هەبووە لە شێوەی راهێنانی سوپایی) سەمای کوچک خانم هەیبووە. لەگەڵ ئەمەش ئەوەی زۆر گونجاوە و پەیوەندی زۆری بە بابەتەکەوە هەیە، ئەوەیە "سان ئەنتوان" کەسێکە خۆی تەرخان کردووە بۆ پاکی و عیفەت، سەرەنجام هەڵخەڵەتاندنەکان بۆ ئەو هەموویان لە جۆری سێکسین. دوای ئەوەی توانی بەرانبەر بە هەموو جۆرە دڵبردن و دڵفراندنێکی ترسناک خۆی رزگار بکا، دواجار رێگەی پێدراوە سەیرێکی ژیان بکا وەک پرۆسێسێکی بیۆلۆژی، ئەم سەیرکردنەش دووچاری ورێنەی دەکا توانای ئەوەی هەیە ببینێ ژیان لەبەردەمی لە دایکدەبێ، ئەمەش دیمەنێک بوو فلۆبێر خۆی هەستی دەکرد بێتوانایە بەرانبەری لە کاتی مانەوەی لە رۆژهەڵات. لەگەڵ ئەمەش،


https://t.me/kurdistanbooks

لەبەرئەوەی سان ئەنتوان وڕێنە دەکا، ناچارین ئەم دیمەنە وەک تەوس و پلارێک وەرگرین. دواجار ئەوەی بەدەستی دەهێنێ، ئارەزووی "بوون" بە ماتەرە، بوون بە ژیان، لە هەموو حاڵەتێکدا لە ئارەزوو زیاتر نیە، ئێمەش نازانین ئەم ئارەزووە جێبەجێ دەبێ و تێر دەکرێ.

سەرەڕای هێزی زیرەکی وتوانای بێ رادەی لە ئاستی تێگەیشتنی رۆشنگەری، هەستی دەکرد لە رۆژهەڵات:

(وردەکارییەکان توند دەتگرن، قامکت تێوەردەئاڵێنن، نقورچەت لێ دەدەن، هەرچەند وردەکارییەکان بتگرن، کەمتر هەست بە وێنەی گشتی یان هەمووی دەکەی. پاشان، وردە وردە، ئەمە هارمۆنی تێدەکەوێ و شوێنی خۆی دەگۆڕێ، هەڵبەت وێڕای گۆڕانی روانگەش.)(113)

لە باشترین حاڵەتدا، ئەمە فۆرمێکی دیمەندار بەرهەم دەهێنێ، بەڵام وەک بەربەستێک دەمێنێتەوە لە پێش بەشداری پڕی رۆژئاواییەکان. لە هەندێ لایەنەوە، وەک کێشەیەکی کەسیی تایبەت بە فلۆبێر خۆی دێتە بەرچاو، ئەویش هەندێ وەسیلەی داهێنابوو، "ئێمە باسی هەندێکیمان کردبوو" بۆ خۆگونجاندن لەگەڵی. لەسەر ئاستێکی گشتی تر، کێشەیەکی ئێپیستیمۆلۆژیکییە و، بێگومان بۆ چارەسەرکردنیشی بواری زانستی رۆژهەڵاتناسی لەبەردەست بووە. لە هەندێ سات لە ماوەی گەڕانی لە رۆژهەڵات، بیری لەوە کردبووەوە ئاڵنگاری ئێپیستیمۆلۆژی دەتوانێ چی بکا. پێیوایە بە هۆی نەبوونی ئەقڵ و شێواز، دەشێ زیرەکی و ئەقڵ لەناو ئارکیۆلۆژی خۆیان بزرکەن و لە دەست بچن": فلۆبێر ئاماژە بۆ جۆرە رێکخستنێکی ئارکیۆلۆژیانە دەکا کە بە هۆی ئەمەوە بتوانرێ "ئێگزۆتیک" و "بێگانە و ناوێزە" لە شێوەی وشە یان لێکسیک، وەک کۆد دابڕێژرێ و دواجاریش لە



https://t.me/kurdistanbooks

شێوەی کلیشەی ئامادە، هەر بە شێوەی ئەوانەی دەبێ لە کتێبی "فەرهەنگی ئایدیا باوەکان" ببنە مایەی تەنز و پلار. لەژێر کاریگەری هەڵوێستێکی لەم جۆرە، کۆمەڵ "لە سەردەمێکی کەم و زۆر دوور، وەک کۆلیژێکی زانستگا دادەڕێژرێتەوە. مامۆستاکان قانون دادەنێن، هەموو شتێک وەک یەکی لێ دێ".(114) بەراوردکردنی ئەمە بە بوارێکی زانستی سەپێنراوی وەک ئەمەی سەرەوە، بێ هیچ گومانێک پێیوایە بەکارهێنانی مێتۆدی کەسی خۆی بۆ ماتریالی ئێگزۆتیک، بە تایبەتیش بۆ ماتریالی رۆژهەڵاتی، بەلایەوە بێپایان باشتر بووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی کەسیی خۆی و خوێندنەوەکانی کە ساڵانێکی زۆریان پێچووە. لێرەوە، بەلای کەمی، شوێنێک بۆ "هەستی ئامادەیی نها" هەیە، شوێنێک بۆ ئەندێشە، شوێنێک بۆ بۆنکردنی، لە کاتێکدا لەناو کتێبە ئارکیۆلۆژییەکان، ئەوەی "زانست" نەبێ توورِ هەڵدراوە. باشتر لە هەموو رۆماننووسەکانی دی، فلۆبێر مانای زانین و ناسینی رێکخراو یان ئۆرگانیزەکراو دەزانێ، بێگومان بەرهەم و ئەنجامەکانیشی دەزانێ، ئەم بەرهەمانەش بە جوانی لە ئەڤانتوری "بووڤار و پێکوشێ" دەردەکەون، بەڵام دەبوایە ئەوەندە روون بن بە قەد ئەمەش کۆمێدیانە بن لەناو هەندێ بواری وەک رۆژهەڵاتناسی کە هەڵوێستە تێکستییەکانیان سەر بە جیهانی "ئایدیا باوەکان"ن. کەواتە دەتوانین یان جیهان بە گەرم و گوڕی و بە زیندوویی و بە شێوازەوە بنیات بنێین یان بێوەستان ئەو جیهانە وێڕای رێسا ئەکادێمییە ناکەسییەکان کۆپی بکەینەوە. لەم حاڵەتە و لە یەکێکی دی، ئەوەی پەیوەندی بە رۆژهەڵاتەوە هەیە، بە روونی دان بەوەدا دەنێین کە رۆژهەڵات جیهانێکە کەوتۆتە شوێنێکی دی یان جێگایەکی دی، ئەم جیهانەش دابڕاوە لە هەست و سۆز و نرخ و بەها ئاساییەکانی جیهانی "ئێمە" کە دەکاتە جیهانی رۆژئاوا.



https://t.me/kurdistanbooks

فلۆبێر له هەموو رۆمانەکانی رۆژهەڵات دەبەستێتەوە بە ئاوارەیی فەنتازیا و خەیاڵی سێکسی. "ئێما بۆڤاری" و "فریدێریک مۆرۆ" وێڵن بەدوای ئەوەی لە ژیانی بۆرژوازیانەی خۆیان نیانە و لەم بارەیەوە خەفەتیان هەیە و پێیەوە دەتلێنەوە، سەرەنجام ئەوەش کە بە ئاگایی و هوشیارییەوە داوای دەکەن لە کۆتاییدا لە زیندەخەونەکانییان بەدی دێ، لە شێوەی کلێشەی رۆژهەڵاتی وەک:"حەرەم، ئەمیرەکان، میر و کۆیلەکان، چارۆکە، سەماکاران لە کوڕان و کچان، جۆرەها شەربەت و زەیتی بۆندار...هتد. هەڵبەت بە ریزکردنی ئەم شتانە ئاشناین، نەک ئەمەندە زۆر لەبەرئەوەی سەفەری فلۆبێر و مەراقی ئەومان بۆ رۆژهەڵات بەیاددا دەهێنێتەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی، بۆ جارێکی دیکەش، بە شێوەیەکی روون تێکەڵبوون و یەکبوونێک لە نێوان رۆژهەڵات و ئازادی سێکسی پیشان دەدا. ئێمە دەتوانین دان بەوەشدا بنێین کە بۆ ئۆروپای سەدەی نۆزدەم، وێڕای هەڵکشان و زیاتر بوونە بۆرژوازی، ژیانی سێکسیش بە ئاستێکی باڵا بە دامەزراوەیی کرا. لەلایەکەوە شتێک نیە بە ژیانێکی سێکسی "ئازاد" بچێ و لەولاشەوە، ژیانی سێکسی لەناو کۆمەڵ، تۆڕێک لە ئیجبارییە یاساییی و ئەخلاقی و سیاسی و هەتا ئابوورییەکانیش دەخاتە گەڕ کە بێگومان ئەمانەش وردن و سەر بە کێشەشن. بە هەمان شێوە وەک کۆلۆنییە جیاجیاکان، لە دەرەوەی سوود و قازانجی ئابوورییان بۆ شارە گەورەکانی ئۆروپا یان ئۆروپای میترۆپۆلیتان، سوودی ئەوەشیان هەیە کوڕە یاخییەکانی خۆیان، خەڵکە زیادە چەمووش و تاوانبارەکان و هەژارەکان و ئەوانەش کە نەفرەتبارن لێیان دانێن، رۆژهەڵات شوێنێکە دەتوانین تێیدا لەو ئەزموونە سێکسییانە بگەڕێین کە لە ئۆروپا دەست ناکەون. هیچ نووسەرێکی ئۆروپی، ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەبارەی رۆژهەڵات کردووە، ئەوانەش کە هەر لە ساڵی 1800ەوە سەفەریان بۆ رۆژهەڵات کردووە، خۆیان لەم لایەنەوە نەبواردووە و باسیان کردووە: فلۆبێر، نێرڤال، دێرتی دیک، بورتۆن،



https://t.me/kurdistanbooks

ئێدوارد لان، له هەموویان بەرچاوترن و له هەموویان لەم رووەوە له پێشترن. بەڵام بۆ سەدەی بیستەم لەم بارەیەوە زیاتر خەیاڵ بۆ "ئەندرێ ژید"، "کۆنراد"، "سۆمەرست مۆم" و ده دوانزه نووسەری دیکەش دەچێ. ئەوەی زۆربەی جار لێی دەگەڕان، دروست لەو بڕوایەدام، ژیانێکی سێکسی له جۆرێکی جیاوازبووە، لەوانەیە ئازادانەتر و کەمتر گرانتر به گوناه بووبێ. بەڵام ئەم گەڕانەش، ئەگەر لەلایەن کەسانێکی زۆرەوە دووبارەبکرێتەوە، دەکرا ببێتە رێسایەک تەواو هەمان فۆرمی وەک زانین خۆیشی هەبوایە (هەر ئەمەش روویدا). لەگەڵ تێپەڕینی وەخت، "ژیانی سێکسی رۆژهەڵات" بووە کاڵایەکی ئاساییبووەوە وەک هەموو شتێکی دیکەی ناو کولتووری "کۆمەڵانی خەڵکی زۆر Masse "، ئەمەش وەک ئەنجامێک بوو نووسەران و خوێنەران دەیانتوانی بێ ئەوەی سەفەر بۆ رۆژهەڵات بکەن به دەستی بهێنن.

نزیک له ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم، فرانسا و ئینگلستان و تەواوی ئۆروپا به دڵنیاییەوە خاوەنی پیشەسازییەکی زانین و مەعریفەی بووژاوه بوون، ئەم پێشکەوتنه به چەشنێک بوو فلۆبێر ترسی لێ نیشتبوو. کۆمەڵێکی ئیجگار زۆری تێکست نووسران و داڕێژران و، ئەوەی له هەموو شتێکیشەوە پڕ بایەختر بوو، له هەموو لایەکەوە ئۆرگانیزم و دامەزراوه هەبوون بۆ بڵاوکردنەوە و پەخشکردنیان. هەروەکو چۆن مێژوونووسانی زانستەکان تێبینییان کردووە، ئۆرگانیزاسیۆنی بواری زانست و پسپۆڕی باڵا که به درێژایی سەدەی نۆزدەم بەرهەم هاتووە، هەر لەو سەدەمەدا توندوتۆڵ و سەراتاپاگیر بووە و هەموو شتێکی دەگرته خۆی. لێکۆڵینەوە بووبووە چالاکییەکی بەردەوام، گۆڕینەوەی زانیاری هەبوو، رێککەوتن لەبارەی ئەو کێشه و سازشانەی دێنه پێش پارادیگمەکانی لێکۆڵینەوە و ئەنجامەکانی کرا.(115) ئەو ئامێرەش که


https://t.me/kurdistanbooks

له خزمەت و گوزارەی لێکۆڵینەوە و خوێندنی رۆژهەڵات بوو بەشێک بوو لە تابلۆیەکە. بێگومان ئەمەش شتێک بووە فلۆبێر بە دڵنیاییەوە لە زەینیدا بووە کە دەڵێ: "هەموو یەکن یان بە یەکتری دەچن". رۆژهەڵاتناسێک کەسێکی ئەماتۆری خاوەن بەهرە و پڕ لە حەماسەت نیە، یان ئەگەر واشبێ، ئەوا ئازاری دەبێ خۆی وەک پسپۆڕێکی زانستی و زانایایەک بناسێنێ. بوون بە رۆژهەڵاتناس واتە خوێندنی رۆژهەڵاتناسی و لێکۆڵینەوە رۆژهەڵاتییەکان لە زانستگا (هەر لە ساڵی 1850، زانستگا گەورەکانی ئۆروپا پڕۆگرامێکی خوێندنی تەواویان لە یەکێ لە بوارەکانی رۆژهەڵاتناسی هەبووە)، بە هەمان شێوە رۆژهەڵاتناس بەو مانایەش دەهات باربوویکی دارایی بۆ یەکێ لە سەفەرەکان وەرگری (دەشێ لە یەکێ لە "کۆمەڵەی ئاسیایی"ەکان بێ، یان لەو پارەیە بێ کە بۆ پشکنینی جیۆگرافی تەرخان کراوە، یان وەک بورسێکی خوێندن بێ لەسەر ئەرکی حکومەت) هەروا رۆژهەڵاتناسی بە مانای پەخش و بڵاوکردنەوەش دەهات بە شێوەیەکی رێگەپێدراو (بە ختم و مۆری کۆمەڵەیەکی زانستی یان دەزگایەکی وەرگێڕانی تایبەت بە تێکستە رۆژهەڵاتییەکان). داواجار، لە یەک کاتدا، لەلای ناوەندی توێژەرە زانستییە رۆژهەڵاتییەکان و خەڵک بە گشتی، ئەم رێگەپێدانە یەکگرتووە لە کاری تۆژینەوەی باڵا بە پلەی یەکەم دێ و، وەک زانست حسێبی بۆ دەکەن نەک شایەدحاڵی کەسیی یان هەست و بینینی گشتی زاتی.

لەپاڵ ئەم رێکخستنە سەختە لەبارەی رۆژهەڵات، دەبینین سەرنج و بایەخی زلهێزەکانیش زۆرتر دەبێ (ئەوسا بەم جۆرە ناوی ئیمپراتۆرە ئۆروپییەکانیان دەهێنا) بۆ رۆژهەڵات، بە تایبەتیش بۆ خاوەر(مەشریق) Levant، لەوەتەی"پەیماننامەی چاناک" لە ساڵی 1806ەوە لەلایەن "ئیمپراتۆری عوسمانی" و "بەریتانیای گەورە" مۆرکراوە، کێشەی رۆژهەڵات رۆژ بە رۆژ قورسایی زۆرتر دەبوو



https://t.me/kurdistanbooks

لەسەر لێوارەکانی مێدیترانێی ئۆروپا. بەرژەوەندییەکانی بەریتانییەکان زیاتر جەوهەری بوون لەچاو ئەوانەی فرانسا، بەڵام لێرەوەش نابێ پێشکەوتنی رووسیا لە رۆژهەڵات پشتگوێ بخرێ (سەمەرقەند و بوخارا لەساڵی 1868ەوە داگیرکران، هێڵی قیتاری دەشتی دەریای خەزەر هێشتا درێژکرایەوە)، هەروا نابێ لەم بارەیەوە پێشکەوتنەکانی ئەلمانیا و "نەمسا و هەنگاریا"ش لەیاد بکرێن. چوون و دەستتێوەردانەکانی فرانسا لە باکوری ئەفریقیا تاقە پێکهێنەرەکانی سیاسەتی ئیسلامی ئەو نەبووە. ساڵی 1860، لەسەروبەندی پێکدادانی نێوان مارۆنییەکان و درووزەکانی لوبنان (کە لامارتین و نێرڤال پێشتر پێشبینییان کردبوو)، فرانسا پشتگیری لە کریستیانەکان دەکا، ئینگلستانیش لە درووزەکان. چونکە، تا رادەیەک لە ناوەندی هەموو سیاسەتێکی ئۆروپی لە رۆژهەڵات، کێشەی کەمایەتی ئامادەیە و هەیە: زلهێزەکانیش، هەر یەکەیان بە شێوازی خۆیان، لافی پاراستن و نوێنەرایەتیکردنی "بەرژەوەندییەکانی" ئەوان لێ دەدەن. جولەکەکان، یۆنانییە ئۆرتۆدۆکسەکان، رووسەکان، درووزەکان، چەرکەسەکان، ئەرمەنییەکان، کوردەکان، چەندین ئایینزای دیکەی کریستیانی: بۆ هەموو ئەمانە زلهێزە ئۆروپییەکان لێکۆڵینەوە دەکەن و نەخشەی چەندین پرۆژە لە شێوەی بێ پلان و لە شێوەی بنیاتنانی سیاسەتی خۆیان بۆ رۆژهەڵات دادەرێژن.

کە باسی هەموو ئەمانە دەکەم بۆ تێگەیشتنە لەوەی چەندە هەستکردن بە کەڵەکەبوونی چینە بەرژەوەندییەکان، زانینە رەسمییەکان، فشاری دامەزراوەکان کە هەموو رۆژهەڵاتیان دەگرتەوە، زیندوو بوون، وەک بابەتی خوێندن و وەک خاک لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم. بێگوناهترین سەفەرنامەش (کە لە دوای 1850(116) کە سەدانی لەم جۆرە هەبوون، ئەمانەش بەشداریان لە چڕکردنەوە و خەستکردنەوەی ئەو هوشیارییەی خەڵک


https://t.me/kurdistanbooks

دەکرد کە لەبارەی رۆژهەڵاتەوە هەیانبوو. تخوبێک وەک هێڵێکی دیارخەری زۆر روونی چەشە و مەیلەکان، ئەڤانتورە جیاجیاکان، شایەدحاڵە گەشاوەکانی حاجیانی رۆژهەڵاتی لێکجیادەکردەوە (لەناو ئەمانە هەندێ گەڕیدەی ئەمریکی هەبوون لەمانە وەک مارک توین، هێرمان مێلڤل (117))، چەندین راپۆرتی جێی متمانە لەلایەن گەڕیدە توێژەرە باڵاکان و میسیۆنێرەکان و کاربەدەستانی حکومی و شایەدحاڵی شارەزایانی دیکە نووسراون. ئەمەش شتێکی روونە ئەم تخوبە وەک هێڵێکی دیارخەر لە زەینی فلۆبێردا هەبووە، دەبێ لە ئاگایی هەموو تاکێکیش هەبووبێ، هەر تەنیا بەوە نەوەستابێ بە نیگایەکی بێگوناهانە سەیری رۆژهەڵات بکا وەک خاکێک کە دەتوانێ وەبەرهێنانی ئەدەبی خۆی لێ بکا.

نووسەرە ئینگلیزەکان بە گشتی هەستێکی بەرچاوتر و روونتریان لەوەی فرانسییەکان هەبوو لەبارەی حەج و زیارەتەکان بۆ رۆژهەڵات، چ ئەنجامێکیان دەبێ و چی بەدوای خۆیاندا دێنن. لەم رووەوە، هیندستان نموونەی جێگیری و بەردەوامییەکی هەقیقی و خاوەن نرخ و بەهایەکی مەزن بوو، سەرەنجام، هەموو ئەو خاکەی کەوتۆتە نێوان دەریای مێدیترانێ و هیندستان قورسایی و بایەخێکی مەزن وەردەگرن. بەم جۆرە لەلای نووسەرانی رۆمانتیکی وەک بایرۆن و والتەر سکۆت روانینێکی سیاسی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەبێ، لەم روانینەش هوشیارییەکی زۆری خەباتگێڕانە سەرهەڵدەدا وەک شێوازێک بۆ ئاراستەکردنی پەیوەندی نێوان رۆژهەڵات و ئۆروپا. هەست و مانای مێژووییانە لەلای والتەر سکۆت لە رووداوەکانی "ریتشارد لە فەلەستین" لە رۆمانی (تەلیسمان) و (کۆنت رۆبێرت لە پاریس) وای لێ دەکەن رووداوەکانی ئەم رۆمانانە هەر یەکەی بە جیا لە فەلەستین، لەسەردەمی خاچپەرستەکان و لە ئیمپراتۆری بێزەنتی سەدەی یانزەم رووبدەن، بێ ئەوەی لە روانینی


https://t.me/kurdistanbooks

سیاسی خۆی کەم بکاتەوە کە لە ڕێگەی ئەمەوە دەیتوانی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی زلهێزەکان لە دەرەوە هەڵسەنگێنێ. دەتوانین بێ هیچ کێشەیەک شکان یان سەرنەکەوتن بدەینە پاڵ ڕۆمانی "تانکرێد"ی درزرائیلی، بە هۆی شیمانەی زانین و ناسینی زۆر گەشەسەندووی نووسەرەکەی لەبارەی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتیانە و تۆڕی بەرژەوەندییەکانی کە "دامەزراوەی" بەریتانی هەیبووە، تانکرێد ساویلکانە ئارەزووی ئەوە دەکا بچێتە ئۆرشەلیم، بەڵام هەر زوو، درزرائیلی خۆی دەخاتە ناو وەسفی ئاڵۆزییەکی بێهوودە: سەرۆک خێڵێکی لوبنانی هەوڵی ئەوە دەدا درووزەکان، موسلمانەکان، جوولەکەکان و ئۆروپییەکان بۆ ناسینی سیاسەتەکەی خۆی بەکاربهێنێ. نزیک لە کۆتایی ڕۆمانەکەی، گەڕانی ڕۆژهەڵاتیانەی تانکرێد کەم و زۆر بزر دەبێ، چونکە هیچ شتێک لە ئارادا نیە، بێگومان لە ڕوانینی ماتریالی ئەو لەبارەی واقیعە ڕۆژهەڵاتیەکانی دزرائیلی، کە دنەی هاندەرە کەمێک بەنازەکانی حاجییان دەدا. جۆرج ئیلیەت-یش، کە هەرگیز چاوی بە ڕۆژهەڵات نەکەوتووە، نەیتوانیووە پشتگیری لە هاوتای جوولەکانەی حەجێکی ڕۆژهەڵاتی بکا لە ڕۆمانی "دانیال دێرۆندا" (1876) بێ ئەوەی ئاوارەبێ لەناو ئاڵۆزی واقیعە بەریتانیەکان کە بە شێوەیەکی بڕیاردەرانە کاریگەری لەسەر پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی دادەنا.

بەم جۆرە، هەموو جارێک، بۆ نووسەری ئینگلیز، کە ئەنگیزەی یان هاندەری ڕۆژهەڵاتیانەی بە شێوەیەکی سەرەکی سەروکاری لەگەڵ بەرهەمێک نەبووبێ ماتریالی سەرەکی شێواز و شێوازەکانی نووسین بێ (وەک چۆن لە "چوارینەکانی عومەر خەیام"ی فیتزجرالد یان "ئەڤانتورەکانی حاجی بابا لە ئەسفەهان"ی دو "مۆریێ" دا هاتووە) هەوڵدەدا ڕووبەڕووی فەنتازییە تاکەکەسییەکانی خۆی بێتەوە، ئەمەش بە زنجیرەیەک بەرگریکردنی سەپێنراو. کارە ڕۆژهەڵاتییەکانی



https://t.me/kurdistanbooks

شاتۆبریان، لامارتین، نێرڤال و فلۆبێر هاوتایان لەناو ئەدەبی ئینگلیزی نیە، بە هەمان شێوە ڕۆژهەڵاتناسە بەراییەکانی فرانسی وەک سیلڤێستر دو ساسی و ڕێنان کە هاوتای ئێدوار لان دەوەستن، هەرووکیان لە ئێدوارد لان هوشیارترن لەوەی دەیاننووسی داهێنانیان تێدا دەکرد. فۆرمی کارێکی وەک "ئێیۆتێن"ی (1844) کینگلەیک و، کتێبی "چیرۆکێکی کەسیی حەجی مەدینە و مەکە"ی بورتۆن، یەک بە دوای یەک هاتنی ڕووداوەکان زۆر تۆندوتۆڵە و گێڕانەوەش بە هێڵێکی ڕاست گەشە دەکا، وەک ئەمە وایە نووسەرانی ئەم دوو کارە وەسفی ڕووداو و ئەڤانتورەکان نەکەن بەڵکو وەسفی چۆنیەتی کڕینی شت بکەن لە بازاڕێکی ڕۆژهەڵاتی.

کارەکەی "کینگلەیک" نە شایەنی ئەو ناووبانگەیە نە ئەو سەرکەوتنە میللییە، بەڵکو کارەکەی کەتەلۆگێکی بێ مانایە لەبارەی هەستی ئێتنۆسەنتریزمی پڕ لە هەیتوو هووت و پڕ لە سەربردەی تەمبەڵانە و بێ سەروبەر بۆ ڕۆژهەڵاتی ئینگلیزەکان. پلانی ڕواڵەتی ئەم کتێبە بۆ سەلماندنی ئەو ڕوانینەیە کە سەفەرکردن بۆ ڕۆژهەڵات گرینگی خۆی بۆ "ڕێکخستنەوەی کەسایەتی هەیە، واتە ڕێکخستنەوەی شوناسیش" بەڵام، لە ڕاستیدا، ئەمە چ نیە جگە لە توندوتۆڵکردنەوەی دژەسامیایەتی "خۆت" و گزینۆفۆبی "ڕق و کینە لە بێگانان"ی "خۆت" و حوکمدانە پێشوەختییە نەژادپەرستییەکانی "خۆت" کە دەیەوێ هەموو شتێک بکا. بۆ نموونە پێمان دەڵێن کە داستانی "هەزار و یەک شەوە" کارێکە زۆر زیندووە و زۆر داهێنەرانەیە ناشێ ئەمە لەلایەن ڕۆژهەڵاتییەکی سادە نووسرابێ کە بۆ ئەو داهێنان شتێکی وشک و مردووە، مۆمیایەکی ڕۆشنگەرییە"، ئەگەرچی کینگلەیک بێ پەروا دان بەوەدا دەنێ کە هیچ زمانێکی ڕۆژهەڵاتی نازانێ، بەڵام ئەم نەزانینە ڕێگەی لەو نەگرتووە حوکمی سەرتاپاگیر و لەناوبەر لەسەر ڕۆژهەڵات و کولتوور و دەروون و کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی بدا. زۆر لەو


https://t.me/kurdistanbooks

هەڵوێستانەی هەیەتی بێگومان بە پێی رێساکانن، بەڵام ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە بینینی رۆژهەڵات بە چاوی خۆت کاریگەری کەم هەبێ لەسەر روانینەکانت. وەک زۆربەی گەڕیدەکانی تر، ئەوەی بەلای ئەو بە پلەی یەکەم هاتووە خۆدروستکردنەوە و دروستکردنەوەی رۆژهەڵات بووە (وشک و مردوو، مۆمیایەکی رۆشنگەری) وەک لە بینینی ئەوەی دەبێ ببینرێ. هەموو ئەو کەسانەی تووشی دەبن لە هاندانی ئیمانی زیاتر شتێکی دیکە ناکەن کە باشترین شێواز بۆ تاووتوێ لەگەڵ رۆژهەڵاتی دەمکوتکردنیانە و، ئینجا ئامێرێکی باشتر لەم دەمکوتکردنە زیاتر هەیە کە خۆی لە "من"ی باڵادەست و سەروەری رۆژئاوایی دەبینێتەوە؟ لەسەر رێگەی کەنالی سوێس، لەناو سەحرای بەرین، شکۆمەند خۆی نیشان دەدا و هەست دەکا پێوستی بە هیچ نیە و زۆر بە توانایە: "لەوێ بووم، لەناو سەحرای ئەفریقیا، خۆم خۆم هەبوو و کەسی تر، بەرپرسی ژیانی خۆم بووم."(118) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە نرخی رۆژهەڵات بۆ ئەو لە مەبەستێکی تا رادەیەک بێ مانا کۆدەبێتەوە کینگلەیک بتوانێ خۆی بێ.

هەروەک لامارتین پێش ئەو، کینگلەیک زۆر بە ئاسوودەیی هوشیاری باڵادەستیی خۆی لەگەڵ ئەوەی وڵاتەکەی تێکەڵ دەکا، وێڕای ئەو جیاوازییە بۆ حاڵەتی ئینگلیزی، حکومەتەکەی ئەو هەر ئەو کاتە زیاتر نزیکتربووە لە خۆدامەزراندن لە تەواوی رۆژهەڵات وەک لە فرانسا. فلۆبێر ئەمەی بە دروستییەکی پوختەوە بینیووە:

(بۆ من تا رادەیەک شتێکی مەحاڵە لێرەوە تا ماوەیەکی دی ئینگلتەرا نەبێتە سەرداری میسر. دەمێکە ئەو عەدەنی گرتووە و پڕە لە سوپای بەریتانی. تێپەڕین لە کەنالی سوێس زۆر بە ئاسوودەیی جێبەجێ دەبێ کە دەبینی بەیانییەکی گەشاوە بەرگ سوورەکان (سوپای بەریتانیا) دەگەنە قاهیرە. ئێمەش لە فرانسا پانزە رۆژ دواتر



https://t.me/kurdistanbooks

دەیزانین، تووشی سەرسوڕمان دەبین! بۆیە پێشبینییەکەی منتان بەبیربێتەوە: لەگەڵ یەکەمین رووداو لە ئۆروپا، ئینگلتەرا میسر دەگرێ، رووسیاش کۆنستەنتینۆپل (ئەستەنبۆل) دەگرێ، وەک تۆڵەسەندنەوەیەک لە چیاکانی "سوریا"وە دوچاری کوشتار دەبینەوە.)(119)

سەرەڕای فەردیەتی بە باق و بریقی کینگلەیک، لەگەڵ ئەمەش روانینەکانی ویستێکی گشتی و نەتەوایەتی بۆ دەستەڵات بەسەر رۆژهەڵاتدا دەردەبڕن، "من"ی ئەو بریتییە لە ئامێر و نوێڵی دەبڕین لەم ویستە، واتە ناتوانێ دەستەڵاتی بەسەر ئەو ویستەدا هەبێ. نیشانەیەک لەناو ئەوەی نووسیوویەتی نیە پیشان بدا کە رەنج و هەوڵێک هەبووە بۆ داهێنانی روانینێکی نوێ لەبارەی رۆژهەڵات، ئەو بۆ ئەمە نەکرابوو، نە بە زانینەکەی نە بە کەسایەتییەکەی و، هەر لەسەر ئەم خاڵەش بوو کە لەگەڵ ریتشارد بورتۆن ناکۆک و لێکجیاوازبوون. وەک گەڕیدە، ریتشارد بورتۆن ئەڤانتور و سەرکێشێکی هەقیەقی بوو، وەک زانایەکیش دەیتوانی لێکۆڵینەوە وەک هەر یەکێک لە رۆژهەڵاتناسە ئەکادیمییەکانی ئۆروپی بکا، کەسایەتی خۆی وای لێ دەکرد هوشیار بێ بەرانبەر بە پێویستی خەبات و رکابەری ئەو فێرکارانەی وەک یەک بیریان دەکردەوە و سەرپەرشتی و فەرمانڕەوایی زانستی ئۆروپییان دەکرد وێڕای وردەکارییەکی ئەوەندە شاراوە و خۆڕاگرییەکی ئەوەندە زانستیانە. هەموو ئەوەی ریتشارد بورتۆن نووسیوویەتی شایەدحاڵی ئەم خەباتگێڕیەن، ئەو بە دەگمەن ئەوەندە ساویلکانە نەفرەت لە نەیارانی دەکا لەچاو ئەو نەفرەتەی لە پێشەکی وەرگێڕانەکەی بۆ "هەزار و یەک شەوە"دا هاتووە. دەڵێی ئەو مناڵانە چەشەی لەوە وەرگرتووە پیشانی بدا کە ئەو لە پسپۆڕە باڵا پیشەییەکان زۆرتر دەزانێ، ئەو وردەکاری زۆرتر



https://t.me/kurdistanbooks

لەچاو ئەوان کۆکردۆتەوە، دەتوانێ لە روانگەیەکی ئەقڵی و زیرەکی و تازەگی لێکۆڵینەوە لە ماتریالەکان بکا.

هەروەکو پێشتریش گوتوومە، کارەکانی بورتۆن لەسەر بنچینەی ئەزموونی تاکەکەسیی خۆی بنیاتنراون، ئەم کارانەی پێگەیەکی ناوەنجی لە نێو جۆرەکانی رۆژهەلاتناسی داگیر دەکەن کە لە لایەکەوە لەلایەن ئێدوارد لانەوە نوێنەرایەتیکراوە، لەلایەکەی دی، لەلایەن ئەو نووسەرە فرانسییانەی پێشتر باسم کردوون. چیرۆک و سەربردە رۆژهەلاتییەکانی بورتۆن ستروکتورێکی حەجکردنیانەیان هەیە و، لە حاڵەتی کتێبی "جارێکی دی بینینەوەی خاکی میدیان" حەجکردنێکە وەک گەڕانەوەیەکە بۆ ئەو شوێنانەی کە هەندێ جار مانایەکی ئایینییان هەیە، هەندێ جاریش مانایەکی سیاسی و ئابووری. ئەو رۆڵی یەکەمی لەم کارانەدا هەیە، بەقەد ئەوەی ئەو سەنتەری ئەڤانتورە فەنتاستیکییەکانی داگیر دەکا بە هەمان شێوە سەنتەری ئەندێشەکانیش داگیر دەکا (وەک نووسەرانی فرانسی) وەک دامەننووس و پەراوێزنووس و لێکدەرەوەی (جێی باوەڕ و رۆژئاواییەکی بێ حوکمدانی پێشینە)ی کۆمەڵ و داب و نەریتە رۆژهەلاتییەکان (وەک ئێدوارد لان). "تۆماس ئاساد" بە ئینسافەوە باسی کردووە وەک یەکێک لەو کۆمەڵە گەڕیدە ڤیکتۆریانەی رۆژهەلات کە خاوەن کەسایەتییەکی کێویانە بوونە (ئەوانیتر "بلونت و داوتی" بوونە) کاری تۆماس ئاساد لەسەر بنچینەی مەودا و ماوە دامەزراوە، لەناو تۆن و زیرەکی و زانیاری، کە لەناو کارەکانی ئەم نووسەرانە هەیە و لەناو کارەکانی وەک: "دۆزینەوەی پاشماوەکانی نینەڤا و بابل"ی ئۆستن لایارد (1851)، کتێبی ناسراوی ئیلیەت واربورتۆن "هیلال و خاچ" (1844)، کتێبی "زیارەت بۆ دێرەکانی خاوەر "مەشریق"ی رۆبێرت کورزۆن (1849)، کتێبێکیش کە ناوی ناهێنێ و ئەمەش چیتر خۆش نیە: "بیرەوەری گەشتێک لە کۆرنهێلەوە



https://t.me/kurdistanbooks

بۆ قاهیرەی گەورە"ی نووسەر "تاکرێی Thackeray" (1845) (120)، لەگەڵ ئەمەش میراتی بورتۆن ئاڵۆزە، هەر تەنیا بە سادەیی فەردییەت نیە، دروست، چونکە ئێمە دەتوانین لەناو ئەوەی نووسیوویەتی نموونەی خەبات و ململانێی نێوان فەردییەت و هەستێکی زۆر بەهێزی خۆبەرجەستەکردنی نەتەوایەتی لەگەڵ ئۆروپا بدۆزینەوە (بەتایبەتیش ئینگلتەرا) وەک زلهێزێکی ئیمپراتۆری لە رۆژهەڵات. تۆماس ئاساد بە دروستی تێبینی ئەوەی کردووە کە بورتۆن کەسێکی ئیمپریالیست بووە، سەرەڕای هەموو دڵگیرییەکی خۆگونجاندنی لەگەڵ عەرەبەکان، بەڵام ئەوەی زیاتر پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، ئەوەیە بورتۆن خۆی لە یەک کاتدا بە یاخیگەر و دژ بە ئۆتۆریتێ و (کە هەر لەم ئۆتۆریتێیەوە خۆبەرجەستەکردنی لەگەڵ خۆرهەڵات دێ کە شوێنێکە مرۆ لە ئۆتۆریتێی مۆرالی ڤیکتۆری دادەبڕێ) ئاژانێکی شاراوە و بەهێزی ئۆتۆریتێ لە رۆژهەڵات دادەنێ. لێرەوە بەرژەوەندی سەرەکی لەناو ئەو شێوازەدایە کە بۆ ئەو ئەم دوو رۆڵە دژ بە یەکە پێکەوە هەن و هەڵدەکەن.

دواجار ئەم کێشەیە خۆی لە زانین و ناسینی رۆژهەڵات کورتدەکاتەوە: کەواتە وەک دەرەنجامێک دەبێ بە رۆژهەڵاتناسی بورتۆن کۆتایی بەم تۆژینەویە بهێنین بەو شێوەیەی رۆژهەڵاتناسی بەستروکتور و بەستروکتورکراوەتەوە، ئەمەش بە درێژایی بەشی هەرە زۆری سەدەی نۆزدەم. وەک گەڕیدەیەک وێڵ بەدوای ئەڤانتور، بورتۆن بەو شێوەیە خۆی راهێنابوو بەشداری لە ژیانی خەڵک بکا لەو وڵاتانەی لەگەڵیان دەژیا. ئەو گەلێک باشتر لە "ت. ئی. لۆرەنس" دەیتوانی ببێتە رۆژهەڵاتی، نەک هەر بە پوختی زمانی ئەوانی دەزانی، بەڵکو توانی بچێتە ناو دڵی ئیسلامیش، کاتێ کە خۆی وەک پزیشکێکی هیندی موسلمان ناساندبوو، توانی بە نهێنی مەراسیمی حەج لە مەکە بکا. بەڵام خەسڵەتی هەرە لە ئاسابەدەر و باڵای بورتۆن، لەو



https://t.me/kurdistanbooks

باوەڕەدام، ئەو تێگەیشتنێکی تەواو تایبەتی هەبوو بۆ ئەو پلەیەی کە بە هۆی ئەمەوە ژیانی مرۆیان لەناو کۆمەڵ بە هۆی ڕێسا و کۆدەکان داڕێژراوە. تەواوی زانین و ناسینی فراوانی لەبارەی ڕۆژهەڵات، کە لێرە و لەوێ ئامادەیە و لەناو هەر یەک لەو پەڕانەدایە کە نووسیوونی، ئەم ئامادەگییە پەردە لەسەر ئەوە هەڵدەدەنەوە کە ئەو دەزانێ ڕۆژهەڵات بە گشتی و ئیسلام بەتایبەتی بریتین لە سیستەمێکی زانیاری، سیستەمێک لە ڕەفتار، لە ئایینزا، ڕۆژهەڵاتی بوون یان ئیسلام بوون لەسەر ئەوە دەوەستێ هەندێ شت بە هەندێ شێواز بزانی و ئەم شتانەش هەڵبەت دەکەونە بەر ڕکێفی مێژوو، جیۆگرافیا و گەشەسەندنی کۆمەڵ لەناو مەرجی تایبەتی. بەم جۆرە ئەو سەربردانەی بۆ سەفەرەکانی بۆ ڕۆژهەڵات نووسیوونی بەڵگەی ئەوەن کە ئەو بەرانبەر بەم شتانە هوشیار بووە و، توانای ئەوەی هەبووە ئاراستەی ڕێگەی گێڕانەوەکانی بەناو ئەم شتانەدا ببات: تەنیا یەکێکی وەک بورتۆن ئەوەندە باش عەرەبی بزانێ و ئیسلام بناسێ دەتوانێ ئەمەندە دوور بڕوا ببێتە حاجی لە مەکە و مەدینە. ئەوەی ئێمە لەناو پەخشانی ئەو دەیخوێنینەوە مێژووی هوشیارییەکە کە توانیویەتی ڕێگەی خۆی لەناو کولتوورێکی بێگانە بکاتەوە، چونکە ئەو توانیویەتی سیستەمەکانی زانیاری و ڕەفتارەکان قووت بدا. ئازادی بورتۆن لەسەر ئەوە گیرساوەتەوە، ئەو توانیویەتی تەواوێک خۆی لە نەژادی ئۆروپییانەی خۆی دابڕێنێ بۆ ئەوەی بتوانێ وەک ڕۆژهەڵاتییەک بژیێ. هەر یەکە لە دیمەنەکانی حەج، ئەوە پیشان دەدەن دەیەوێ ئەو بەربەستانە نەهێڵێ کە وەک بێگانەیەک لە وڵاتێکی نەناسراو دێنە پێشی. ئەو توانی ئەمە بکا چونکە ئەو زانین و ناسینی پێویستی لەبارەی کۆمەڵێکی دیکە هەبوو.

زیاتر لە هەموو نووسەرێک، بورتۆن حوکمی پێشینە و بەگشتیکردن دەخاتە پاڵ ڕۆژهەڵاتی، بۆ نموونە، لەو شوێنەی باس لە



https://t.me/kurdistanbooks

چەمکی "کەیف" دەکا بۆ عەرەبەکان و لەو شوێنەش کە باس لەوە دەکا پەروەردە چۆن گونجێنراوە لەگەڵ ئەقڵ و روحی رۆژهەڵاتی (چەندان لاپەڕە کە بە روونی نووسراون بۆ رەتکردنەوەی روانینە سادەکانی "ماکۆلیَ") (121) لە ئەنجامی ناسینی رۆژهەڵاتەوە بووە، بە هۆی ژیان لەناویان بەدەستی هێناوە، ئەو بە چاوی خۆی ئەوانی بینیووە، وێڕای هەوڵدان دڵپاک و دڵسۆزانە بیرکردنەوە لە ژیانی رۆژهەڵاتی لە روانگەی کەسێکەوە کە لە قووڵایی ژیانی ئەواندابووە. لەگەڵ ئەمەش هەستێکی دیکەش هەیە کە لە پەخشانی بورتۆن-ەوە سەردەکا، ئەمەش باوەڕبەخۆبوون و دڵنیاییکردنەوە لەسەر خۆ و بوونی دەستەڵات بەسەر هەموو ئاڵۆزییەکی ژیانی رۆژهەڵاتی بووە. ئەو بە خۆی تێبینی بۆ پەراوێزەکانی دادەڕشت، ئیتر چ بۆ کتێبی"حەج" بێ یان بۆ وەرگێڕنەکەی "هەزار و یەک شەوە" (ئەمەش بۆ وتاری کۆتایی وەرگێڕانەکەشی راستە)،(122) وەک شایەدحاڵێک بۆ سەرکەوتنی خۆی لەسەر سیستەمی کەمێ ئابڕووچووی زانستی رۆژهەڵاتی، کە سیستەمێکە ئەو خۆی توانی سەرکەوێ و ببێتە مامۆستا و شارەزا. چونکە لەناو پەخشانی بورتۆن- یشدا، رۆژهەڵات هەرگیز راستەوخۆ پێشکەشمان ناکرێ، هەموو ئەوەی پەیوەندی پێیەوە هەیە لە رێگەی وەسیلەی دەستتێوەردانی زیرەکانە پێشکەشمان کراوە (کە زۆربەی جاریش بێزارکەرن) کە بە شێوەیەکی دووبارە کراوەوە بە یادمان دەهێنێتەوە چۆن خۆی رێکخستووە بۆ ئۆرگانیزەکردنی ژیانی رۆژهەڵاتی بۆ پێویستی گێڕانەوەکانی. ئەمەش هەقیقەتە، چونکە، لە کتێبی "حەج" وەک هەقیقەتێک هاتووە، کە ئاگایی یان هوشیاری بورتۆن تا ئاستی پێگەی دەستەڵات هەبوون بەسەر رۆژهەڵات بەرز دەکاتەوە. لێرەوە، فەردییەتی ئەو بە ناچاری تووشی دەنگی ئیمپراتۆری دەبێ، لە راستیدا تێکەڵی دەبێ. سەرەنجام، ئەم دەنگە خۆی بریتییە لە سیستەمێک لە رێساکان، کۆدەکان و بەکارهێنانە ئێپیستیمۆلۆژییە

بەرجەستەکان. بەم جۆرە، کاتێ کە بورتۆن لە کتێبی "حەج" پێمان دەڵێ: "میسر گەنجینەیەکە بۆ بردنەوە"، یان کە دەڵێ:"سەرنجراکێشترین خەڵاتێکە کە خۆرهەڵات بیداتە خواست و داواکارییەکانی ئۆروپا، بێ لەبەرچاوگرتنی "کەنداوی کۆرن دۆر"،(123) پێویستمان بەوەیە بە جوانی بزانین چۆن دەنگی ئەم شارەزا گەلێک زۆر تایبەتە بۆ زانستی رۆژهەڵاتی فۆرم و هێز و چالاکی داوەتە دەنگی ئۆروپا کە مەیل و ئاواتی ئەوەی هەیە فرمانڕەوایی لەسەر رۆژهەڵات بکا.

هەر دوو دەنگەکەی بورتۆن کە تێکەڵی یەکتر دەبن و دەبنە یەک، لە یەک کاتدا پێشبینین بۆ کاری رۆژهەڵاتناسەکان و ئاژانەکانی ئیمپراتۆر وەک "ت. ئی. لۆرەنس"، ئێدوار هێنری پالمێر، "د. گ. هۆگارت" گێرترود بێل، رۆنالد ستۆر، سان جۆن فیلیپی و ویلیەم گیفۆر پالگراف، وەک نموونەیەک بۆ هەندێ نووسەری ئینگلیزی. بورتۆن لەسەر مەبەستێکی دوو لایەنە کار دەکا نیشتەجێبوونی خۆی بەکاربهێنێ بۆ تێبینی و چاودێری زانستی و، هەڵبەت بێ ئازاریش نیە، فەردیەتی خۆی لە پێناوی ئەمەدا بکاتە قوربانی. لایەنی دووەمی مەبەستەکەی بە ناچاری دەیباتەوە سەر خۆدانە دەست هی یەکەم، چونکە، هەروەکو چۆن ئەمە زیاتر و زیاتر روون دەبێتەوە، ئەو کەسێکی ئۆروپییە و ئەوە دێنێتە بەرچاوی خۆی کە ئەو تایپە زانین و ناسینەی لەسەر کۆمەڵی رۆژهەڵاتی ئەو هەیەتی شیاو نیە تەنیا بۆ ئۆروپییەک کە کۆمەڵ وادێتە بەرچاوی گوڵبژێرێک بێ لە رێسا و کردەکان. بە چەشنێکی دیکە، بۆ ئەوەی ببێتە ئۆروپییەک لە رۆژهەڵات و، بۆ ئەوەی بە زیرەکانەش ببێتە ئەو ئۆروپییە لە رۆژهەڵات، دەبێ رۆژهەڵات بەو شێوەیە ببینێ و بناسێ وەک بوارێکی دەستەڵاتداری ئۆروپا بێ نەک بە پێچەوانەوە. رۆژهەڵاتناسی کە سیستەمی زانستی ئۆروپیانە یان رۆژئاواییانەیە لەسەر


https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵات، ئەویش دەبێتە هاووڵاتای دەستەڵاتداری ئۆرووپی لەسەر ڕۆژهەڵات و، بێگومان ئەمەش گەلێ بەهێزترە لە ڕەسەنایەتی شێوازی بورتۆن-یش.

بورتۆن هەوڵیدا زانین و ناسینی کەسیی، ڕەسەن و دڵگیر و مرۆپەروەر بۆ ڕۆژهەڵات بە گوێرەی توانای خۆی تا دوورترین شوێن ببا لە خەباتی خۆی دژی ئەرشیفی زانین و ناسینی ئۆروپیانەی فەرمی لەسەر ڕۆژهەڵات. لە مێژووی هەوڵەکانی سەدەی نۆزدەم بۆ گەڕاندنەوە و بنیاتنانەوە و ڕزگارکردنی هەرێمە جیاجیاکانی زانین و ناسین و ژیان، ڕۆژهەڵاتناسی وەک هەموو بوارەکانی دیکەی زانستی و ئیلهامی ڕۆمانتیکی بەشێکی گەورەی بەرکەوت. چونکە، نەک هەر تەنیا ئەم بوارە، کە بریتی بوو لە سیستەمێکی چاودێریکردنی ئیلهامدار، بەو چەشنە گۆڕاوە و گەشەی کردووە بۆ ئەوەی "ببێتە کۆلیژێک"، بە پێی ڕوانینی فلۆبێر، بەڵام هێشتا، کەسایەتی ڕۆژهەڵاتناس، هەتا ئەوانەش کە لە هەموویان زیاتر سەر بە فەردییەتێکی ترسناکن وەک بورتۆن، لەوەدا کورتکراونەتەوە و بچووککراونەتەوە ڕۆڵی کۆپیستێکی ئیمپراتۆری ببینن. ڕۆژهەڵات شوێنێکە، بووەتە بوارێکی ڕێسای پسپۆڕی باڵای هەقیقی و شوێنی یان بواری باڵادەستی ئیمپریالی شاراوە و بەهێز. ڕۆلی ڕۆژهەڵاتناسە بەراییەکانی وەک ڕێنان و سیلڤێستر دو ساسی و ئێدوارد لان، بریتی بوو لە پێشکەشکردنی نمایشێکی شانۆیی بە کارەکانیان و بە هەموو ڕۆژهەڵات، ڕۆژهەڵاتناسانی دوای ئەوان، بە هۆی لێکۆڵینەوەی زانستی بێ یان بە هۆی ئەندێشە، بە هێزەوە دەستیان بەسەر ئەم نمایشەدا گرت. پاشان درەنگتر، کە ئەم نمایشە پێویستی بە ئاراستە و ڕێڕەو بوو، ڕوونبووەوە کە دامەزراوەکان و حکومەتەکان لەم یاریەدا باشترینن لەچاو کەسەکان. ئەمەیە پاشماوەی ڕۆژهەڵاتناسی لە سەدەی نۆزدەم کە سەدەی بیستەم دەبێتە میراتگری. ئێستەش



https://t.me/kurdistanbooks

پێویستە وێڕای ئەوپەڕی وردبوونەوەی شیاو پشکنین بۆ ئەو شێوازە بکەین چۆن رۆژهەڵاتناسی سەدەی بیستەم دەرگای ئەو پرۆسێسە درێژەی کردەوە کە بە داگیرکردنی رۆژهەڵات لەلایەن رۆژئاواوە دەبێتەوە کە هەر لە ساڵی 1880 وە بگرە توانیوویەتی سەرکەوێ و خۆی بکاتە سەرداری ئازادی و زانین، بە کورتی، ئەو شێوازەی کە رۆژهەڵاتناسی بە شێوەیەکی سەرتاپاگیری لە شێوەی کۆپییەک لە خۆی دارێژراوە و بەرهەمی شێوازی دووبارەبووەوەیە.



https://t.me/kurdistanbooks

https://t.me/kurdistanbooks

## فەسڵی سێیەم

# رۆژهەڵاتناسی ئەمڕۆ

وەک منداڵانی گەورەی ئیفلیج دەمانبینین بتەکانیان

لە باوەشی خۆیان دەنا

**فلۆبێر**

**"هەڵخەڵەتاندنەکانی سان ئەنتوان"**

داگیرکردنی خاک کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر ئەوە دەوەستێ لەبەردەستی ئەوانەی دەربێنی کە روخساریان لە هی ئێمە جیاوازە، یان لووتیان کەمێک راستترە، کاتێ کە قووڵ بیری لێ دەکەینەوە دەبینین شتێکی زۆر جوان نیە. ئەوەی نرخێک دەداتە ئەمە تەنیا ئایدیایە. ئایدیایەک لە پشت ئەمە هەیە، نەک بەهانەیەکی هەست و سۆز، بەڵکو ئایدیایەک و باوەڕێکی پشتگوێخراو لە خۆیدا، شتێک، بە وشەیەک، شتێکی خەیاڵفرێن بێ، شتێک مایەی پەرستن، شتێک بتوانین قوربانی پێشکەش بکەین...

**جۆزێف کۆنراد،**

**"دڵی تاریکی"**



https://t.me/kurdistanbooks

https://t.me/kurdistanbooks

1

# ڕۆژهەڵاتناسی شاراوە و

# ڕۆژهەڵاتناسی دیار

لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا، هەوڵمدا بوو بواری فیکری و کردەکی دەستەواژەی ڕۆژهەڵاتناسی پیشان بدەم، وەک تایپێکی تایبەتی ئەزموونەکانی بەریتانی و فرانسابییم بە نموونە وەرگرتبوو لەبارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلام و عەرەبەکان. لەناو ئەمەش جیاوازیم لە نێوان پەیوەندییە دەوڵەمەند و کەسییەکان، لەوانەشە زۆر کەسیی بووبێ، کردبوو، لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، ئەمانەش تەنیا بەشێک لە پەیوەندییەکی گەلێ زۆر فراوانتر پێکدەهێنن لە نێوان ئۆروپا یان لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، بەڵام ئەوەی پێدەچێ زۆرترین کاریگەری لەسەر ڕۆژهەڵاتناسی هەبووبێ، هەستی ڕووبەڕووبوونەوەیە کە تا ڕادەیەک بە بەردەوامی ڕۆژئاواییەکان لە پەیوەندییان لەگەڵ ڕۆژهەڵات ئەزموونیان کردووە. چەمکی سنوور لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا، هەستی خۆبەکەمزانین و خۆ بە بەهێز زانین بە پلەی جیاواز، ئاستی ئەو کارەی تەواو کراوە، تایپی ئەو خەسڵەتە تایبەتییەی بە ڕۆژهەڵات دراوە، هەموو ئەمانە شایەتمانین بۆ دابەشبوونێکی خۆبەخشانە و ئەندێشەیی و جیۆگرافیانە لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا کە بە درێژایی سەدە ژیاوە.


https://t.me/kurdistanbooks

لەبەشی دووەم ئامانجی خۆم زۆر خەست کردەوە. زیاتر روانینم بەلای ئەوەدا چوو بوو بایەخ بە هەنگاوە بەرایییەکانی ئەوەی ناوی لێ دەنێم رۆژهەڵاتناسی مۆدێرن بدەم، کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم دەست پێدەکات. هەروەکو چۆن نەمدەویست تۆژینەوەکەم ببێتە کرۆنیک و تۆماری لێکۆڵینەوە رۆژهەڵاتیەکان لە رۆژئاوای مۆدێرن، زیاتر ئەوەم بۆ خۆم پێشنیار کرد بیر لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی رۆژهەڵاتناسی و دامەزراوەکانی بکەمەوە، بەو شێوەیەی خۆیان دروست بوونە و لەسەر بنچینە و باکراوەندێکی رۆشنگەری و کولتووری و سیاسی دەرکەوتوونە، تا دەگاتە ساڵانی 1870 یان 1880. ئەگەرچی خۆم بە ژمارەیەکی زۆری زانایان خەریک کرد هی دیکەش کە زۆر جیاواز بوون، بە هیچ شێوەیەک ناتوانم لافی ئەوە لێ بدەم ئەگەر لە وێنەیەک زیاترم لە بارەی ستروکتورە تایبەتییەکانی رۆژهەڵاتناسی پێشکەش کردبێ (بە بزووتنەوە ئیدیۆلۆژییەکانیشیانەوە)، لە پەیوەندییان لەگەڵ بواری دی و کاری دیکەی هەندێ توێژەری پسپۆڕ کە زۆرترین درەوشانەوەیان هەبووە.

گریمانە سەرەکییەکانی کاری من هەمیشە هەر ئەمانەن: بوارەکانی زانستی، بە هەمان ئاستیش کاری هونەرمەند، هەرە رەسەنترینیان، دەکەونە بن فشار و ئیجبارییەکانی کۆمەڵ، نەریت، کولتوورەکان، بارودۆخی دەرەوە و کاریگەری ناوەندە جێگیرەکان وەک: خوێندنگەکان، کتێبخانەکان، حکومەتەکان، بە چەشنێکی دی، نووسراوەکان، ئیتر ئەو نووسراوانە چ تۆژینەوەی پسپۆڕی باڵا بووبن یان نووسراوی خەیاڵی، هەرگیز ئازاد نین، بەڵام لەناو یاری وێناکانیان، گریمانەکانیان، مەبەستەکانیان سنووردارن و، دواجاریش، ئەو پێشکەوتنەی بە هۆی "زانستی"ی وەک رۆژهەڵاتناسی بە دەستهێنراوە لە شێوەی فۆرمە ئەکادێمییەکەی (زانینگەیی) کەمتر


https://t.me/kurdistanbooks

مەوزوعیانە راستن کە زۆرجار ئێمە نامانەوێ باوەڕبکەین. بەکورتی، تا ئێرە لەم کارەی خۆم هەوڵمداوە، وەسفی ئەو "ئابووری"یە بکەم کە وادەکا رۆژهەڵاتناسی بوارێکی زانستی یەکانگیر بێ، ئەگەر وەک گریمانێکیش بۆی بڕوانین، وەک ئایدیایەک، وەک کۆنسێپت یان وێنایەک، وشەی "رۆژهەڵات" سەدا و زایەڵەیەکی گەورەی کولتووری لە رۆژئاوادا هەیە.

باش دەزانم ئەم گریمانانە لە هەندێ رووەوە گفتوگۆ هەڵدەگرن. بەڵام ئێمە بە شێوەیەکی گشتی وایدادەنێین کە زانست و تۆژینەوەی باڵا پێشدەکەون و، لەگەڵ تێپەڕینی وەخت و زانیاری کەڵەکەبوو، میتۆدی دیکە کە زیاتر وردتر و بەکارترە، لەگەڵ نەوەی نوێی توێژەرانی زانستی کە یەک لە دوای یەکتر خۆیان باشتر دەکەن، پوختەتر دەبێ. بە چەشنێکی دیکە، ئێمە میتۆلۆژییەکی داهێنان پەروەردە دەکەین: لەو بڕوایەداین کە بلیمەتێکی هونەری، بەهرەیەکی رەسەن یان رۆشنگەرێکی بەهێز دەتوانێ بە یەک هەڵبەزینەوە سنوورەکانی سەردەمەکەی خۆی ببڕێ بۆ ئەوەی کارێکی نوێ پێشکەش بە جیهان بکا. بەشێک لە راستی لەم بۆچوونانەشدا هەیە، ناتوانین رەتی بکەینەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی بەلای کەمی شیمانەکانی کار کە خۆی لەناو کولتوور پێشکەش بە ئەقڵێکی رەسەن دەکەن هەرگیز بێ پایان نین، ئەوەش راستە کە بەهرەیەکی گەورە رێزی پڕ لە پەسنی بۆ ئەو کارانە هەیە کە ئەوانی دی پێش ئەو کردوویانە، ئەو بوارەی خۆیشی کە پێشتر ئەو لایەنانەی کە بە خۆیەوە گرتووە. کاری ئەوانەی پێش ئەو کراون، ژیانی دامەزراوەیی بوارێکی زانستی، سروشتی بە کۆمەڵی هەموو پرۆژەیەک لەمەر تۆژینەوەی زانستی: هەموو ئەمانە، بێجگە لە هەڵکەوتی ئابووری و کۆمەڵایەتی، کە مەیلیان بەلای ئەوەدایە سنوورێک بۆ کاریگەری بەرهەمی کەسیی توێژەری زانستی دابنێن. بوارێکی وەک رۆژهەڵاتناسی شوناسێکی



https://t.me/kurdistanbooks

کەڵەکبوو و بە کۆمەڵی هەیە، شوناسێک بە تایبەتی بەهێز. بەو مانایەی تێکەڵ بە زانستە نەریتییەکان دەبێ (وەک کلاسیکەکان، کتێبی پیرۆز، فیلۆلۆژی)، دامەزراوە گشتییەکان (وەک حکومەت، کۆمپانیا بازرگانییەکان، کۆمەڵەی جیۆگرافییەکان، زانینگەکان) و نووسراوە دەستنیشانکراوەکان بە پێی جۆریان (وەک سەفەرنامە، تێکستی دۆزینەوە و پشکنینەکان، تێکستە خەیاڵییەکان، وەسفە ئێگزۆتیکییەکان). ئەمەش جۆرێک لە سازانی خستۆتەڕوو: کە هەندێ شت، هەندێ جۆر لە زانیارییەکان، هەندێ جۆرە کاری دی کە بەلای رۆژهەلاتناسەوە دروستن. کە رۆژهەلاتناسی کاری خۆی لەسەریان بنیاتناون و، ئەوانیش لەلای خۆیانەوە، فشاری زۆریان لەسەر نووسەرە نوێیەکان و توێژەرە زانستییە نوێیەکان داناوە. بەم جۆرە دەتوانین رۆژهەلاتناسی وەک جۆرێک لە نووسین، روانین و توێژینەوەی رێکخراو (یان بە رۆژهەلاتیکراو) دابنێین، کە کەوتوونەتە بن دەستەلاتی کۆمەڵێک فرمان، روانگە و لایەنگیری ئیدیۆلۆژی کە بە شێوەیەکی ئاشکرا بەسەر رۆژهەلاتدا گونجێنراون. رۆژهەلات دەخوێندرێ، لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ، ئیدارە دەکرێ و بە هەندێ شێوازی باش دیاریکراو حوکمی لەبارەوە دەدرێ.

رۆژهەلات بەو شێوەی لەناو رۆژهەلاتناسی دەردەکەوێ سیستەمێکی نوێنەرایەتیکردنی لە چوارچێوەنراوە بە هۆی زنجیرەیەکی تەواو لە هێز، کە بۆ ناو زانستی رۆژئاوا و بۆ ناو هوشیاری رۆژئاوا هێنراوە و، دواتر، هێنراوەتە ناو ئیمپراتۆری رۆژئاوایی. ئەگەر ئەم پێناسەیە پێدەچێ زیاتر سیاسی بێ، بە سادەیی لەبەرئەوەیە، بە پێی روانینی من، رۆژهەلاتناسی خۆیشی بەرهەمی هەندێ هێز و هەندێ چالاکی سیاسی بووە. رۆژهەلاتناسی قوتابخانەیەکی لێکدانەوەیە کە ماتریالەکانی وا رێدەکەوێ رۆژهەلات بێ، شارستانی رۆژهەلات، میللەتانی رۆژهەلات و شوێنەکانی



https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵات بێ. دۆزینەوە مەوزوعییەکانی ڕۆژهەڵاتناسی، کە کاری زۆری توێژەرە زانستییە لە خۆبووردووەکانە، کە تێکستێکی زۆریان داڕشتووە و وەریانگێڕاوە و، کۆدیان بۆ ڕێزمانەکان داناوە، فەرهەنگیان نووسیووە، سەردەمە مردووەکانیان بنیاتناوەتەوە، زانینێکیان بەرهەم هێناوە دەشێ بە شێوەیەکی پۆزەتیڤیستیانە هێشتا دروستییەکەی یەکلابکرێتەوە، ئەمانەش هەردەم بەو هەقیقەتانە مەرجدارکراون کە سەرچاوەکانیان زمانە یان هەقیقەتەکان لەلایەن زمانەوە پێیاندراوە، ئەم هەقیقەتانەش لەناو زمان بەرجەستەن و، هەروەکو "نیچ" دەڵێ هەقیقەتی زمان چیە ئەگەر (کۆمەڵێک مێتافۆر (مەجاز) و مێتۆنیمی (کنایە) و ئەنترۆپۆمۆرفیزم (پێکچوون و پێچواندن)ی بزۆک نەبن، بە کورتی کۆمەڵێک پەیوەندی مرۆیی، کە بەرزکراونەتەوە گواستراونەتەوە و جێگۆڕکێیان پێکراوە و ڕازێندراونەتەوە بە هۆی شیعر و ڕەوانبێژی و، پاشان، دوای بەکارهێنانێکی زۆر، توند جێگیر دەبن، بە ڕێسا دەکرێن و بەسەر گەلێکدا فەرز دەبن: هەقیقەتەکان وەهمن ئێمە لەیادمان کردوون کە وان.)(1)

لەوانەیە سەرسام بین بەو نیهیلیزمەی لە ڕوانینی نیچ دا هەیە، بەڵام بە لای کەمی سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە ڕۆژهەڵات، بەو پێیەی لەناو هوشیاری ڕۆژئاوا هەبووە، بە چینی یەک لە دوای یەک داپۆشرابێ: تەواوی بوارێکی مانابەخش، پەیوەندی ئایدیاکان بەیەکەوە و مانای دووەم یان دەلالەتی ئیزافی کە بە شێوەیەکی پێویست وەک سەرچاوە ناگەڕێنەوە بۆ "ڕۆژهەڵات" وەک خۆی بە تەنیا، بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ ئەو زۆنەی لە چواردەورەی ئەم وشەیەن.

ڕۆژهەڵاتناسی هەر تەنیا ڕێبازێکی پۆزەتیڤ نیە لەسەر ڕۆژهەڵات، لە هەموو سەردەمێک لە ڕۆژئاوادا هەبووبێ، بەڵکو نەریتێکی بەهێزی زانستگەییە (کاتێ کە دەگەڕێینەوە بۆ پسپۆڕێکی زانستگەیی کە بە



https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵاتناس بانگی دەکەن) لە هەمان کات ڕووبەڕێکە لە کۆمەڵێک بەرژەوەندی کە لەلایەن گەڕیدەکان، کۆمپانیا بازرگانییەکان، حکومەتەکان، داگیرکردن و دەستتێوەردانە سوپاییەکان، خوێنەرانی ڕۆمان و چیرۆکی ئەڤانتور و چیرۆکە ئێگزۆتیکەکان، پسپۆڕانی مێژووی سروشتی و حاجیان ناسێنراوە کە بۆ ئەوان ڕۆژهەڵات جۆرێکی تایبەتییە لە زانین لەبارەی شوێنەکان، خەڵکان و شارستانیە تایبەتییەکان. بە هەمان شێوە زاراوە و دەستەواژە ڕۆژهەڵاتییەکان زۆر دەبن و شوێنی خۆیان لەناو گوتاری ئۆروپی دەگرن. لە بن ئەم زاراوە و دەستەواژانە چینێک لە ڕێباز یان بزووتنەوە لەبارەی ڕۆژهەڵات هەبوو، بزووتنەوە و ڕێبازێک کە بە هۆی چەندین ئەزموونی ژمارەیەکی زۆر لە ئۆروپییەکان دروستکرابوو، کە هەموویان لەسەر ڕووە جەوهەرییەکانی ڕۆژهەڵات یەکیان دەگرتەوە وەک خەسڵەتی ڕۆژهەڵاتی، دیسپۆتیزمی ڕۆژهەڵاتی، ئالووش و شەهوانیەتی ڕۆژهەڵاتی و شتی دیکەی لەم جۆرە. بۆ هەموو ئۆروپییەکی سەدەی نۆزدەم، لەو باوەڕەدام دەتوانین بێ هیچ قەید و بەربەستێک بڵێین، ڕۆژهەڵاتناسی سیستەمێکی هەقیقەتی لەم جۆرە بوو، ئەو هەقیقەتانەی بەو مانایەی "نیچ" پێناسەی بۆ ئەم وشەیە کردووە. کەواتە ڕاستە کە هەموو ئۆروپییەک، لەوەی لەبارەی ڕۆژهەڵات دەیتوانی بیڵێ، لەبەر ئەم مەبەستە نەژادپەرست بووە، ئیمپریالیست و تا ڕادەیەکیش بە شێوەیەکی سەرتاپاگیریانە ئێتنۆسەنتریست بووە. بۆ ئەوەی لە تینی بریندارکاری ئەم زاراوانە کەم بکەینەوە، بە بیرخۆمان دەهێنینەوە، کە هێشتا، کۆمەڵانی مرۆیی، بەلای کەمی لەناو ئەو کولتوورانەی لە هەمووان زیاتر پێشکەوتوو بوونە، بە دەگمەن پێشنیارێکیان بۆ تاکەکەسەکان هەبووە ئیمپریالیزم و ڕەگەزپەست و ئێتنۆسەنتریست نەبووبن لە پەیوەندییان لەگەڵ کولتووری "ئەوانیتر". بەم جۆرە، ڕۆژهەڵاتناسی بە چەندین فشاری کولتووری کە ئەو مەیلەیان هەبووە هەستی جیاوازی زیاتر توند و



https://t.me/kurdistanbooks

سەختتر بکەن لە نێوان بەشەکانی جیهان کە ئۆروپا و ئاسیایە پشتگیری کردووە و پشتگیریشی لێ کراوە. ئەوەی من دەیەخەمەڕوو، ئەوەیە ڕۆژهەڵاتناسی بە شێوەیەکی بنچینەیی و بنەوانگرانە مەزهەبێکی سیاسی سەپێنراوە بەسەر ڕۆژهەڵات، چونکە ڕۆژهەڵات بێهێزتر بووە لە ڕۆژئاوا، ڕۆژئاوا جیاوازی ڕۆژهەڵاتی وێڕای تواندنەوەی لەناو لاوازی خۆی سڕیوەتەوە.

پێشتر باسی ئەم پێشنیارەم کردووە لە سەرەتای بەشی یەکەمی ئەم کتێبە، تا ڕادەیەک هەموو ئەوانەی نووسیوومە لە پەڕەکانی دوایی، بۆ پشتگیری ئەمە بووە. تاقە ئامادەگی "بوارێک"ی وەک ڕۆژهەڵاتناسی، بێهاوتا لە ڕۆژهەڵات، بەڵگەیە بۆ هێزی ڕێژەیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. ژمارەیەکی زۆر لە پەڕەی نووسراو لەسەر ڕۆژهەڵات هەیە، ئەم پەڕانە بێگومان مانای ئاستێک و ژمارەیەک لە کارلێک لەگەڵ ڕۆژهەڵات دەگەیەنن کە تەواو سەرنجڕاکێشن. بەڵام نیشانەی سەرەکی بۆ هێزی ڕۆژئاوا ئەوەیە، هیچ شیمانەیەک نیە بەراوردی جوولەی ڕۆژئاواییەکان بەرەو خۆرهەڵات بکا (هەر لە کۆتایی سەدەی هەژدەمەوە) بە جوولەی ڕۆژهەڵاتییەکان بەرەو خۆرئاوا. بێجگە لەوەی سوپاکان، دەستەی کۆنسولگەرییەکان، بازرگانەکان، میسیۆنە زانستییەکان و شوێنەوارناسە ڕۆژئاواییەکان هەمیشە چوونەتە خۆرهەڵات، ژمارەی ئەو گەڕیدانەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی کە لە نێوان 1800 بۆ 1900 روویان لە ئۆروپا کردووە هەر باس ناکرێ بە بەراورد بە ژمارەی ئەو گەڕیدانەی لە خۆرئاواوە چوونەتە خۆرهەڵات.(2) بێجگە لەمە، بە چەشنێکی دی، گەڕیدە ڕۆژهەڵاتییەکان دەچوونە ڕۆژئاوا بۆ خوێندن و فێربوون لەناو کولتوورێکی دیکەی پێشکەوتووتر کە تێیدا دووچاری سەرسامی دەبوون، بەڵام بۆ ڕۆژئاواییەکان، سەفەرکردن بۆ ڕۆژهەڵات، ئامانج لێی شتێکی دی تەواو جیاواز بوو، وەک چۆن بینیمان. بێجگە لەمەش،



https://t.me/kurdistanbooks

به پێی تەخمین و مەزندە لە نێوان 1800 بۆ 1950 نزیکەی شەش سەد هەزار کتێب لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نووسراوە، بێگومان ژمارەی ئەو کتێبانەی لە رۆژهەڵات لەسەر رۆژئاوا نووسراون نەک هەر لەم ژمارەیە نزیک نیە بەڵکو زۆریش لێی دوورە.

رۆژهەڵاتناسی وەک دامەزراوەیەکی کولتووری بریتییە لە بریندارکردنی تەواو، چالاکی، حوکم لەسەردان، ویستی زانین و ناسین. رۆژهەڵات بۆ رۆژئاوا هەبووە، یان، ئەمە باوەڕی ژمارەیەکی زۆر لە رۆژهەڵاتناسان بووە، هەڵوێستیان بەرانبەر بە بابەتی کارەکانیان یان ئەوەتە باوکانە بووە، یان بە شێوەیەکی ساویلکانە لووتبەرزییەکی تێدابووە، ئەمە ئەگەر لە حاڵەتێکدا بێگومان پسپۆڕ نەبوونایە لە پێش مێژوو و کەونارا: لەم حاڵەتەدا، دەبوایە سیفەتی "رۆژهەڵاتی کلاسیک" بخرێتە سەر کارنامەیان نەک بۆ سەر رۆژهەڵاتی بەدبەختی نوێ، پاشان، بۆ باربووکردن و دەوڵەمەندکردنی کاری توێژەرە زانستییەکانی رۆژئاوا، کۆمەڵێک ئۆرگانیزم و دامەزراوە هەبوون، ئەمانە وێنەیان لە رۆژهەڵات نەبووە.

ئەم ناهاوسەنگییەی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا، بێگومان پەیوەندی بە وەزیفەی یان کاری نەخشەی مێژووییەوە هەیە کە خۆی دەگۆڕێ. لەسەردەمی لووتکەی باڵادەستی سیاسی و سوپایی، کە لە سەدەی هەشتەمەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە سەدەی شانزەم، ئیسلام بەسەر خۆرهەڵات و خۆرئاوا رادەگەیشت. پاشان سەنتەری هێز گوازرایەوە `خۆرئاوا، ئێستەش، لە کۆتایی سەدەی بیستەم (وەختی نووسینی ئەم کتێبە/و) پێدەچێ سەرلەنوێ جێی بگۆڕێ بەرەو خۆرهەڵات. وێڕای لێکۆڵینەوە لە رۆژهەڵاتناسی سەدەی نۆزدەم، لە بەشی دووەمی ئەم کتێبە وەستام، بە تایبەتی لەو ماوەیەی زۆر خەست و ئاڵۆزە، واتە لە کۆتایی سەدە، کە رووەکانی درێژکردنەوە و تەجرید و پرۆژە خەیاڵییەکان رۆژهەڵاتناسی بەرەو



https://t.me/kurdistanbooks

ئەوە دەچوون مانای نوێی میسیۆنێکی جیهانی وەرگرن لە خزمەتی کۆلۆنیالیزمی رەسمی. ئێستەش دەمەوێ وەسفی ئەم ساتە و ئەم پرۆژانە بکەم، بە تایبەتیش ئەمانە، چونکە شوێنێکی گەورە دەگرن لەناو پاشخانی قەیرانی رۆژهەڵاتناسی سەدەی بیستەم و سەرهەڵدانی هێزی سیاسی و کولتووری لە رۆژهەڵات.

پێشتر چەند جارێک ئاماژەم بە پەیوەندییەکانی نێوان رۆژهەڵاتناسی و کۆمەڵەی ئایدیاکان، ئاییزاکان، کلێشەکان و زانینەکان لەبارەی خۆرهەڵات داوە، هەروا لەگەڵ قوتابخانە فیکرییە گشتییەکان لەناو کولتوور. سەرەنجام، یەکێ لە خەسڵەتە گرینگەکانی گەشەسەندنی رۆژهەڵاتناسی لە سەدەی نۆزدەم ئەوەیە کە رۆژهەڵاتناسی ئایدیا سەرەکییەکانی لەبارەی رۆژهەڵات دڵۆپاندووە، یان لە رێگەی دڵۆپاندن ئایدیا سەرەکییەکانی بەدەستهێناوە وەک: ئاڵووش و شەهوانییەتیەکەی، مەیلی دیسپۆتیزم، ئەقڵییەتە بەدکارەکەی، راهاتن لەگەڵ بیرنەکردنەوەی ورد، دواکەوتوویی، رۆژهەڵاتناسی لە رێگەی ئەم مێتۆدە، توندوتۆڵی و یەکانگیرییەکی جیا و سەربەخۆی بێ ئەملاو ئەولای داوەتە ئایدیاکانی، بەم جۆرە، کاتێ کە نووسەرێک وشەی "رۆژهەڵاتی" بەکاردەهێنا، ئەو سەرچاوەیەی دەدایە خوێنەر کۆمەڵەیەکی تایبەتی لە زانیاری لەبارەی رۆژهەڵات پێ بناسێتەوە. ئەم زانیاریانەش وادەهاتنە بەرچاو لە رووی مۆرالییەوە بێلایەن بن و لە رووی مەوزوعییەتەوە دروستبن، پێدەچوو ستاتوێکی ئێپیستیمۆلۆژی یەکسانیان بە کرۆنۆلۆژی مێژوویی یان بە دیاریکردنی شوێنی جیۆگرافی هەبێ. بە فۆرمی هەرە سەرەکی خۆی، ماتریالی رۆژهەڵاتی بە راستی نەدەتوانرا بە هەر دۆزینەوەیەک بێ، هی هەر کەسێک بووایە رەت بکرێتەوە، هەرگیز ئەو ماتریالە ئاواش نەدەهاتە بەرچاو جارێکی دی سەرتاپاگیرانە هەڵبسەنگێندرێتەوە. بە پێچەوانەوە، کاری توێژەرە باڵاکان و نووسەرانی سەدەی نۆزدەم



https://t.me/kurdistanbooks

زیاتر روونی و وردەکاری زۆر و ماهییەتی زۆر و جیاوازی زۆریان لەگەڵ "رۆژئاواناسی" دەبەخشییە ئەم کۆمەڵە زانین و نووسینە سەرەکییە. لەگەڵ ئەمەش، ئایدیا رۆژهەڵاتناسییەکان دەیانتوانی ببنە هاوپەیمانی تیۆرە گشتییەکانی فەلسەفە (وەک ئەوانەی لەبارەی مێژووی مرۆپەروەری و شارستانیەکانن) و هەندێ کۆنسێپتی بە باق و بریق لەبارەی جیهان، هەروەک چۆن فەیلەسوفان وای پێدەڵێن و، هەروەها بە زۆر شێوە، ئەوانەی بە کارەکانیان بەشداریان لە زانینی رۆژهەڵاتی دەکرد ئارەزووی ئەوەیان دەکرد زانیاریەکانیان، ئایدیاکانیان، کاری زانستییان، تێبینی و بیرکردنەوەکانیان لە بارەی جیهانی ئەمرۆ بە زمانێک و زاراوەناسییەک دابرێژن کە دروستیی کولتوورییەکەی لە زانستی دی و لە سیستەمی فیکری دیکەوە دەهات.

ئەو جیاوازییەی دەمەوێ پیشانی بدەم بە راستی جێگەی خۆی لە نێوان ئەرێنییەکی تا رادەیەک نائاگاییانە (کە بە دڵنیاییەوە دەستلێدانی بۆ نیە) کە من ناوی لێ دەنێم رۆژهەڵاتناسی "شاراوە"و، لەگەڵ چەندین زانیاری لەبارەی کۆمەڵەکان، زمانەکان، ئەدەبەکان، مێژووەکان، سۆسیۆلۆژیەکانی ...هتد رۆژهەڵات، کە ناوی لێ دەنێم رۆژهەڵاتناسی دیار. ئەو گۆڕانە هەر چیەک بێ کە لەناو زانین و ناسینی رۆژهەڵات بەرهەم دێ، تا رادەیەک بە تەواوی لەناو رۆژهەڵاتناسی دیار دەیدۆزینەوە، کۆدەنگی، جێگیری، بەردەوامی رۆژهەڵاتناسی شاراوە کەم و زۆر جێگیرن. لە کن نووسەرانی سەدەی نۆزدەم کە من شیکاریم بۆ کردوون، جیاوازییەکان لە ئایدیاکانیان لەبارەی رۆژهەڵات خۆیان وادەنواند وەک ئەو جیاوازیانە بن کە تەواو دیارن، ئەو جیاوازییانەی سەروکاریان لەگەڵ فۆرم و شێوازی کەسیی هەیە و بە دەگمەن لەگەڵ ناوەڕۆکی بنچینەیی. هەر یەکێک لەمانە خەسڵەتی جیاوازی رۆژهەڵاتیان وەک رەسەنایەتییەکەی، دواکەوتووییەکەی، جیاوازییە لاڵەکەی، توانای



https://t.me/kurdistanbooks

چوونەناوەکی مێیینانەی، نەرمییە کەودەنییەکەی بە بێگەردی پاراستبوو، لەبەرئەوە، هەموو ئەوانەی لەبارەی رۆژهەڵاتیان نووسیووە، لە رێنانەوە بۆ مارکس (بۆ قسەکردن لە روانگەی ئیدیۆلۆژی)، یان ئەو زانایانەی بە توندوتۆڵی ناسراون (وەک ئێدوارد لان و سیلڤێستر دو ساسی) یان ئەوانەی بە ئەندێشەی بەهێز و خەست ناسراون (وەک فلۆبێر و نێرڤاڵ) ئەمانە هەموویان لە رۆژهەڵات دیمەنێکیان بینیووە کە پێویستی بە وشیاری بووە، پێویستی بە بنیاتنانەوە و هەتا بە رزگاربوون "خلاص"یش هەبووە لەلایەن رۆژئاواوە. رۆژهەڵات وەک شوێنێکی دوورەپەرێز و دوور لە بزووتنەوەکانی پێشکەوتنی ئۆروپی لەناو زانست، لەناو هونەرەکان و لەناو پیشەسازی هەبووە. بەم جۆرە، بۆیە هەرچییەک بێ ئەو نرخ و بەهایەی دەدرێتە پاڵ رۆژهەڵات، باش یان خراپ، وەک وەزیفەی بەرژەوەندییەکی رۆژئاوایی زۆر تایبەت لە رۆژهەڵات دێنەبەرچاو. ئەمە بوو هەڵکەوتەکە هەر لە ساڵی 1870وە، لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیش. بەڵام لێرەوە هەندێ نموونە دەهێنمەوە بۆ روونکردنەوەی ئەوەی دەمەوێ بیڵێم.

چەندین تێز لەبارەی دواکەوتوویی، رووخان و داتەپینی رۆژهەڵات و نایەکسانییەکەی لەگەڵ رۆژئاوا هەبوو کە زۆر بە ئاسانی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم ناوەڕۆکیان دەگەڕێندرایەوە بۆ ئەو ئایدیایانەی زەمینەیان لەسەر بنچینەی بیۆلۆژی نایەکسانی نەژادەکان دامەزرابوو. بەم جۆرە بوو کە پۆلینکردنی نەژادەکان لە "مەملەکەتی گیانەوەر"ی "کوڤیێ" دەدۆزینەوە، یان لە کتێبی "وتارێک لەبارەی نایەکسانی نەژادەکانی مرۆیی" ی گۆبینۆ و، "نەژادی رەشی مرۆ"ی "رۆبێرت نۆکس"، هەموو ئەمە وەک ئەوە وایە لەناو رۆژهەڵاتناسی شاراوە هاوکارانێکی ئیرادە باشیان دۆزیبێتەوە. دەبێ وەک پلە دوو داروینیزمیش بخەینە سەر ئەم ئایدیایانە، کە پێدەچوو پێداگیری بکا


https://t.me/kurdistanbooks

لەسەر دروستی "زانستی" دابەشبوونی نەژادەکان بۆ نەژادی پێشکەوتوو و نەژادی دواکەوتوو، یان ئۆروپی ئارياييەکان و رۆژهەڵاتی و ئەفریقیاييەکان. بەم جۆرە بوو کە هەموو کێشەی ئیمپریالیزم، بەو شێوەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم، لەلایەن سەر بە ئیمپریالیزمەکان یان سەر بە ئەنتی ئیمپریالیزمەکان گفتوگۆی لەبارەوە کرابوو، دوو تايپۆلۆژی نەژادی رەپێش خستبوو، دوو کولتوور و کۆمەڵی پێشکەوتوو و دواکەوتوو (یان ژێردەستە)ی رەپێش خستبوو. بۆ نموونە لە کتێبی "چەند بەشێک لەبارەی پرەنسیپەکانی قانونی نێودەوڵەتی" (1894) لە نووسینی "جۆن وێستلاک"، کە دڵنیایی لەسەر ئەوە دەکرد هەندێ هەرێم هەن لەسەر گۆی زەوی وەک "ناشارستانی" دیاریکراون (لەولاشەوە ئەم وشەیە بە هەندێ گریمانەی رۆژهەڵاتناسی قورسە بێجگە لە هی دی) دەبێ ئەم هەرێمانە بخرێنە سەر زلهێزە پێشکەوتووەکان یان لەلایەن ئەوانەوە داگیربکرێ. بە هەمان شێوە ئایدیاکانی نووسەرانی وەک "کارل پیتەر" و "لیۆپۆلد دو سۆسور" و "شارل تەمپل" پشتی بە ناکۆکی و دژایەتی دو تايپۆلۆژی پێشکەوتوو/ پاشکەوتوو دەبەست(3).

لە هەمان کات هەندێ لە گەلان بە شێوازی جیاجیا دیاری کرابوون وەک: پاشکەوتوو، رووخاو، ناشارستانی، دواکەوتوو، رۆژهەڵاتییەکان لە چوارچێوەیەکی بنیاتنراو لەسەر حەتمیەتی بیۆلۆژی و تەمبێ کردن و ئاگادارکردنەوەی مۆرالی و سیاسی بینرابوون. بەم جۆرە رۆژهەڵاتی بەسترابووەوە بە پێکهێنەرەکانی (هێمانەکانی) les éléments کۆمەڵی رۆژئاوایی (وەک تاوانباران، شێتەکان، ژنەکان، هەژارەکان) ئەمانەش شوناسێکی هاوبەشیان هەبوو، خەمبارانە دەتوانین بە شتێکی دیکەی دابنێین. رۆژهەڵاتییەکان بە دەگمەن بینراون یان سەیریان کراوە، بەردەوام لێیان کۆڵراوەتەوە، شیکاریان



https://t.me/kurdistanbooks

بۆ کراوە نەک وەک هاووڵاتییان، یان وەک کەسانی ئاسایی، بەڵکو وەک کێشەیەک بۆ چارەسەرکردن، یان بۆ گلدانەوە، یان هێشتا (لە کاتێکدا زلهێزە کۆلۆنیالییەکان بە ئاشکرا چاویان لە خاکیان بڕیبوو) وەک داگیرکراو. مەسەلەکە ئەوە بوو، هەر تەنیا دەستنیشانکردنی شتێک وەک ڕۆژهەڵاتی، مەسەلەکە دەگەڕێندرایەوە بۆ حوکمدان لەسەر نرخ و بەهایەکی پێشوەختە گوتراو، لە حاڵەتی دانیشتوانانی ئیمپراتۆری عوسمانی کە لە ڕووخاندابوو، پرۆگرامێکی کردەی شاراوە هەبوو. لەبەرئەوەی ڕۆژهەڵاتی ئەندامی نەژادێکی ژێردەستە بوو، دەبوایە زۆر بە سادەیی ژێردەستە بێ. سەرچاوەی کلاسیکی ئەم جۆرە حوکمدان و کردەیە لە کتێبی" قانونە دەروونییەکانی گەشەسەندن" (1894) لە نووسینی "گوستاڤ لۆبۆن" دەدۆزرێتەوە.

بەڵام ڕۆژهەڵاتناسی شاراوە بەکارهێنانی دیکەشی هەبوو. ئەگەر ئەم کۆمەڵە ئایدیایە ڕێگەی خۆشکردبایە بۆ جیاکردنەوەی ڕۆژهەڵاتییەکان لە زلهێزە پێکشەوتوو و شارستانی هێنەرەکان و، ئەگەر ڕۆژهەڵاتی (کلاسیک) لە یەک کاتدا بەهانەیەک بوایە بۆ بەڕاستگەڕاندنی ڕۆژهەڵاتناسی و جیاوازییەکەی بەرانبەر بە ڕۆژهەڵاتییە مۆدێرنەکان، ئەوسا ڕۆژهەڵاتناسی شاراوە برەوی بە کۆنسێپتێک دەدا بۆ جیهان بە شێوەیەکی تایبەتی (بۆ ئەوەی نەڵێین شەرمهێنەرانە) نێرانە بێ. پێشتر لە بارەی ڕێنانەوە باسی ئەمەم کردووە. مرۆی ڕۆژهەڵاتی لەناو ئەو کۆمەڵەی تێیدا دەژیا بە تەنیا یان دوورەپەرێز دادەنرا و، ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسەکانیش، لەپاش "ئێدوارد لان" وەک ئەو بە چەشنێک سەیریان کردووە وەک شتێک کە بە نەفرەت یان بە ترس بچێ. ڕۆژهەڵاتناسی خۆیشی بە چەشنێکی دیکە، هەرێمێکی تەواو نێرانە "Masculinisme" بووە، وەک زۆر گرووپی پیشەیی تر، بە چاوێکی سێکسیانە سەیری خۆی کردووە، واتە خۆی، بابەتەکەی. ئەمەش شتێکی بەڵگەنەویستە،



https://t.me/kurdistanbooks

بەتایبەتی لە نووسراوی گەڕیدە و ڕۆماننووسەکان: ژنان هەردەم بە گشتی بوونەوەری فەنتازمی هێزە نێرەکان بوونە، ژنان مایەی ئالۆوش و شەهوانیەتێکی بێ پایان بوونە، کەم و زۆریش بێ ئەقڵن، بە تایبەتیش ڕەتکردنەوە نازانن. "کوچک خانم"ی فلۆبێر نموونەی تایپی ئەم جۆرە کاریکاتورەیە، کە لە ڕۆمانە ئێرۆتیکییەکان زۆر باو بووە. (بۆ نموونە وەک "ئەفرۆدیت"ی پیەر لویس) کە بەرژەوەندییەکی نوێ پێشکەش دەکا چونکە ڕۆژهەڵاتین. بێجگە لەمەش، کۆنسێپتی جیهانی ماسکولینیزم (نێر) بەلای ئەوەدا دەشکێتەوە ستاتیک "جێگیر" و مەنگ و چەسپاو بێ بۆ هەمیشە کە کاریگەری دەبێ لەسەر ڕۆژهەڵاتناس لە پیشەکەی. شیمانەی گەشەسەندن خۆیشی، هی گۆڕانی بزووتنەوە مرۆییەکان "بە مانا هەرە قووڵەکەی"، لە ڕۆژهەڵات و بۆ ڕۆژهەڵاتی ڕەت کراوەتەوە. ئەم زاراوانە، وەک چلۆنایەتییەکی ناسراو و، دواجار، وەستاو و بێ بەرهەمن، پاشان بە جۆرێک بە نەمری خراپ دەناسرێنەوە، بەتایبەتی کە ڕەزامەندی بەرانبەر بە ڕۆژهەڵات دەنوێنن بە هەندێ دەستەواژەی وەک "حیکمەتی ڕۆژهەڵات".

هەر کە گوازرایەوە لە هەڵسەنگاندنێکی کۆمەڵایەتی شاراوە بۆ هەڵسەنگاندنێکی باڵا و مەزنی کولتووری، ئەم ڕۆژهەڵاتناسییە جێگیر و نێرە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم هەموو جۆرە فۆرمێکی وەرگرت، بەتایبەتی کە کێشەکە پەیوەندی بە ئیسلامەوە هەبوو. مێژوونووسانی کولتووری وەک کەسانی بەرێزی وەک "لیۆپۆلد ڤۆن ڕانکە" و "ژاکۆب بورکهارت" هێرشیان کردە سەر ئیسلام، وەک ئەوەی ئەوان ئەوەندە زۆر بایەخ بە تەجریدێکی ئەنترۆپۆمۆرفیک نادەن وەک لە کولتوورێکی ئایینی و سیاسی کە بەرانبەر بە بابەتی ئەمانە شیمانەی ئەوە هەبوو، بەڕاست بگەڕێندرێ، بەگشتیکردنی قووڵ بکرێ: لە کتێبەکەی مێژووی جیهان weltgeschichte (1881-1888) ،


https://t.me/kurdistanbooks

لیۆپۆلد ڤۆن رانکە باس لە ئیسلامی رووخاو یان شکاو دەکا بە دەستی گەلانی رۆمانی و جێرمەنی، لە "پارچە مێژووییەکان" (کە هەندێ تێبینین بڵاونەکراونەتەوە 1893) بورکهارت وەسفی ئیسلام دەکا دۆڕاو، بەدبەخت و رووت و رەجاڵ (4) بێگومان ئۆپەراسیۆنی رۆشنگەری لەم جۆرە بە حەماسەتێکی زۆرەوە لەلایەن "ئۆزوالد شپنگلەر" پراتیک کراوە، ئایدیاکانی لەبارەی "کەسایەتییەکی ئەفسوونی" (کە موسلمانی رۆژهەڵاتی نموونەی تایپی لەم جۆرە بوو) دەگرێتەوە کە لە کتێبەکەی دەدۆزرێتەوە:"ئاوابوونی رۆژئاوا" Der Untergang des Abendlandes 1918-1922) ئەو ئەمە وەک "مۆرفۆلۆژی"یەک بۆ کولتوورەکان پێشنیار دەکا.

ئایدیاکانی شپنگلەر لەبارەی رۆژهەڵات توانیان بڵاوببنەوە، ئەمەش بە هۆی نادیاری و نائامادەگی تەواوی رۆژهەڵات وەک هێزێکی هەستپێکراو و ژیاو لە ناو کولتووری رۆژئاوایی ئەو سەردەمە. لەبەر هەندێ هۆکاری ئاساییش، رۆژهەڵات هەردەم لە پەراوێزی یاری یان وازی رۆژئاوا بووە و وەک هاوبەشێکی بێهێز و لاوازی ئەو بووە. ئەگەر توێژەرە زانستییەکانی رۆژئاوا دانیشیان بە رۆژهەڵاتییەکانی سەردەمی خۆیان نابێ، هەروا دانیشیان بە بزووتنەوە فیکری و کولتوورییەکانی رۆژهەڵاتی سەردەمی خۆیان نابێ، ئەوا یان وەک چەند سێبەرێکی لاڵ بوونە کە رۆژهەڵاتناس دەبوایە رێکیان بخا و بیانهێنێتەوە ناو واقیع، یان ئەوەتە وەک جۆرێک لە پرۆلیتاریای کولتووری و رۆشنگەری بەسوود بووە بۆ ئەوەی رۆژهەڵاتناس بتوانێ چالاکی باڵای خۆی لە شیکردنەوە و لێکدانەوە بکا، کە پێویستە رۆلی مرۆیانە و رۆڵی خۆی وەک ئیرادەیەکی بەهێزی کولتووری بگێڕێ. دەمەوێ بڵێم، کە گفتوگۆ لەبارەی رۆژهەڵات دەکەین، رۆژهەڵات تەواو نادیارە، لە کاتێکدا ئەوەی رۆژهەڵاتناس هەستی پێدەکا و ئەوەی دەیڵێ وەک ئامادەگی رۆژهەڵاتە، بەڵام نابێ



https://t.me/kurdistanbooks

ئەوەش لەبیر بکەین کە دروست نادیاریی رۆژهەڵات خۆیەتی کە وادەکا رۆژهەڵاتناسی ئامادەگی هەبێ. ئەمەش روونە ئەم کردەیە کە گۆڕین و جێگۆڕکێیە و دەبێ ئەوها ناویان بێ، هەندێ کاریگەری لەسەر رۆژهەڵاتناس هەیە و وای لێ دەکا رۆژهەڵات لە کارەکەی خۆی کورت بکاتەوە ئەگەرچی ئەو وەختێکی زۆری بە روونکردنەوە و پێشکەش کردنیشی بەسەر بردووە. ئەگینا، دەبێ چۆن ئەو تایپە بەرهەمە تۆژینەوە باڵا سەرەکییە لێکدەینەوە کە دەیگەڕێنینەوە بۆ "ژولیوس ڤێلهاوسن" و "تیۆدۆر نۆلدکە" و، لەولاشەوە بوونی ئەو هەموو دڵنیابوونە رووت و رەهایانە کە تا رادەیەک تەحقیری هەموو ئەو بابەتی تۆژینەوەیە دەکا کە ئەوان هەڵیانبژاردووە؟ نۆلدکە دەیتوانی بەم جۆرە لە ساڵی 1887 بڵێ ئەنجامی گشتی کارەکەی وەک رۆژهەڵاتناس بریتیی بووە لەوەی دڵنیایی لەسەر "ناچیزەیی رای خۆی" بکا بەرانبەر بە گەلانی رۆژهەڵات(5) وەک کارل بەیکەر، "نۆلدکە"ش هەواداری هێلینی (یۆنانی) بوو، بە شێوەیەکی سەیریش خۆشەویستی خۆی بۆ یۆنان دەردەبڕی، لە رێگەی دەربڕینی بێزاری زۆری لە رۆژهەڵات، کەچی لەگەڵ ئەمەش، رۆژهەڵات بواری لێکۆڵینەوەی باڵای ئەو بوو وەک پسپۆڕێک.

لە لێکۆڵینەوە ئەوەندە زیرەک و دەوڵەمەندەکەی لە بارەی رۆژهەڵاتناسی (ئیسلام لە ئاوێنەی رۆژئاوادا)، "ژاک ڤاردنبورگ" پشکنین بۆ ئەوە دەکا چۆن پێنج شارەزای ئاست بەرز وێنایەکیان لەبارەی ئیسلام پێشکەشکردووە. بێگومان مەجازی ئاوێنە باش گونجێنراوە لەگەڵ رۆژهەڵاتناسی کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم. لە کاری هەر یەکە لەم رۆژهەڵاتناسە بێهاوتایانە، روانگەیەک هەیە گەلێک زۆر نەیارانەیە، "چوار لەسەر پێنج حاڵەت دوژمنانەن"، وەک ئەوەی هەر یەک لە توێژەرەکان ئیسلامیان وەک بیرکردنەوەیەک لە لاوازییەکانی خۆیان بینیبێ. هەر



https://t.me/kurdistanbooks

یەکە لەم توێژەرە باڵایانە زۆر زانان و هەر یەکەیان شێوازێکی کەسیی و بێ هاوتایان داوەتە بەشداریکردنیان لە زانست. هەر پێنجیان، نموونەی ئەوەن نەریتی رۆژهەڵاتناسی چی بەرهەم هێناوە وەک باشترین و توندوتۆلترین لێکۆڵینەوە لەو ماوەیەی کە بە گشتی، لە ساڵانی 1880ەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە نێوان هەر دوو جەنگ. لەگەڵ ئەمەش، ئەگەر "ئیگناز گۆلدزایەر" سەرسام بووبێ بە"بەخشندەیی وەک شیمانەیەک لە ناوەوەی ئیسلامدا"، بێگومان ئەم هەڵسەنگاندنە وەک ریزێک حوکمدانی توند و سەخت لەبارەی "ئەنترۆپۆمۆرفیزمی محەمەد و سیفەتی دەرەکی تیۆلۆژی ئیسلام" بۆمبرێژکراوە، هەرچی"دونکان بلەیک ماکدونالد"ە، ئەو بایەخ بە شەفەقە و سیفەتی سوننەتی یان ئۆرتۆدۆکسی ئیسلام دەدا، ئەمەش ئەوەی بەتاڵ دەکردەوە کە پێیوابوو ئیسلام بیدعەیەک بێ وەک رافزیەتی کریستیانی، کارل بەیکەر لە شارستانی ئیسلامی تێدەگەیشت، بەڵام وەک شارستانییەک خەمبارانە هێشتا پێیوابوو گەشەی نەکردووە. "س. سنووک هورگرۆنژ" بە ناسکی و بە وردەکارییەکی زۆرەوە تۆژینەوەی لە سۆفیگەری ئیسلامی کردووە (وەک بەشێکی سەرەکی لە ئیسلامی دادەنێ)، ئەمەش بەرەو ئەوەی دەهێننەوە بە سەختی حوکم لەبارەی نوقسانیەکانی ئەم سۆفیگەرییە بدا کە وەک رێگرن لە بەرانبەری، لەولاشەوە بەرجەستەبوونی باڵای "لوی ماسینیۆن" لەگەڵ تیۆلۆژی ئیسلامی، عاتیفەی سۆفیگەریانە و هونەری شیعری موسلمانان، رێگەی لێ دەگرن لە ئیسلام خۆشبێ بەرانبەر بەوەی کە ئەو بە راپەڕینی جێگیری خۆی دادەنا دژ بە فیکرەی بەرجەستبوون لە کریستیانی. جیاوازییە دیارەکان لەناو مێتۆدیان کەمتر بایەخی هەیە وەک لە رێکەوتنی رۆژهەڵاتناسانەی ئەوان لەبارەی ئیسلام، ئەمەش ژێردەستەییە (پێچەوانەی باڵادەستی) شاراوەکەیەتی.(6)


https://t.me/kurdistanbooks

لێکۆڵینەوەکەی ڤاردنبورگ هێشتاش گیانی ئەوەی تیایە پیشانمان بدا چۆن ئەم پێنج توێژەرە زانستییە هاوبەشبوون لە نەریتێکی رۆشنگەری و میتۆدۆلۆژی هاوبەش کە یەکێتییەکەی بەڕاستی جیهانی بوو. هەر لە کۆنگرەی یەکەمی رۆژهەڵاتناسی لە ساڵی 1873، توێژەرە زانستییەکان بە کارەکانی یەکتر ئاشنابوون و بە روونی هەستیان بە ئامادەگی یەکتر کرد. ڤاردنبورگ زۆر پێداگیری ناکا لەسەر ئەوەی کە زۆربەی رۆژهەڵاتناسەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەم ئەوانیش لە رووی سیاسییەوە یەک بەوی ترەوە بەسترابوونەوە. "سنووک هورگرۆنژ" راستەوخۆ لە لێکۆڵنەوەکانی لەبارەی ئیسلامەوە گواستییەوە بۆ رۆڵ وەرگرتن وەک راوێژکارێکی حکومەتی هۆلەندی بۆ کۆلۆنییە موسلمانەکانی ئەندۆنیسیا. "ماکدۆنالد و لوی ماسینیۆن"یش داواکاری گەلێک زۆریان لەسەر بوو وەک شارەزا لە بوارەکانی ئیسلام لەگەڵ ئیدارەی کۆلۆنیالی کار بکەن، لەسەر رووبەرێک کە لە باکوری ئەفریقیاوە دەکشێ تا ئەو شوێنەی ئەمرۆ پێی دەڵێن پاکستان و، وەک چۆن ڤاردنبورگ بۆ ساتێک بەڵام زۆر بە خێرایی دەیڵێ، ئەم پێنج زانایە هەموو شتێکیان کرد بۆ ئەوەی فۆرمێک بدەنە روانگە و روانینێکی توندوتۆڵ بۆ ئیسلام کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دەزگا حکومەتییەکان هەبوو لە تەواوی رۆژئاوا.(7) دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەم پێنج زانایە ئەو ئاراستەیەیان گەیاندە لووتکەی وردی و رێکی خۆی کە دەگەڕایەوە بۆ سەدەی شانزەم و سەدەی حەڤدەم، بەو شێوەیە لێکۆڵینەوەیان لەبارەی رۆژهەڵات دەکرد نەک وەک کێشەیەکی سادەی ئەدەبی، بەڵکو وەک بەوشێوەیەی "ماسۆن ئورسێل" دەڵێ:"نیەتێکی توندوتۆڵ بۆ تێگەیشتنێکی گونجاوی نرخ و بەهای زمانەکان بۆ چوونە ناو داب و نەریت و بیرکردنەوەکان، هەتا بۆ ناچارکردنی رازەکانی مێژووش خۆیان هەڵبێنن".(8)


https://t.me/kurdistanbooks

پێشتر باسی تێکەڵبوون یان یەکبوون incorporation و تێگەیشتن، تواندنەوە یان "وەک یەکبوونایەتی" assimilation ـی ڕۆژهەڵاتم کردووە، بەو شێوەیەی لەلای نووسەرانی تەواو جیاوازی وەک "دێربێلۆ" و "دانتێ"دا هەیە. بێگومان، ئەمە هەمان شت نیە وەک ئەوەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم بووەتە پڕۆژەیەکی نایابی کولتووری، سیاسی و ماتریالی ئۆروپی. هەڵبەت "شەڕ لەسەر ئەفریقیا"ی کۆلۆنیالی سەدەی نۆزدەم بۆ بردنەوەی، بە هیچ شێوەیەک خۆی سنووردار نەکرد بە ئەفریقیا، بێگومان چوونەناو ڕۆژهەڵاتیش شتێک نەبوو لەناکاو و بە شێوەیەکی دراماتیکی پەیدا بووبێ دوای ئەو هەموو ساڵە لە تۆژینەوەی باڵا لەبارەی ئاسیا. دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە لە ڕێگەی پرۆسەیەکی درێژ و لەسەرخۆی بەخاوەنداریکردن ئۆروپا یان زیاتر ئاگایی ئۆروپیانەی ڕۆژهەڵات دەگۆڕێ: ئەم ئاگاییە لەسەرەتادا تێکستیانە و ڕامان و بیرکردنەوە بووە پاشان دەگۆڕێ بۆ حوکمڕانی، ئابووری و سوپاییش. بەڵام گۆڕانی بنچینەیی لە جۆری گۆڕانی شوێن و جیۆگرافی بوو، یان بە چەشنێکی تر، چلۆنایەتی تێگەیشتنی سەر بە شوێن و جیۆگرافی بوو گۆڕا لەو حاڵەتەی مەسەلەکە پەیوەندی بە ڕۆژهەڵاتەوە هەبووە. مەسەلەی ئەوەی چەندان سەدەیە ناو لەو فەزا جیۆگرافییەی خۆرهەڵاتی ئۆروپا دەنێن "ڕۆژهەڵات" بەشێکی پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەبووە، بەشێکیش پەیوەندی بە مەزهەبەوە هەبووە، بەشێکی دیکەشی پەیوەندی بە ئەندێشەوە هەبووە، ئەو پەیوەندییە پێویستانەشی تێوەنەدەگلاند کە لە نێوان ئەزموونە ڕەسەنەکان و زانین و ناسینە ڕۆژهەڵاتییەکاندا هەیە. دانتێ و دێربێلۆ لەبارەی ڕوانینیان بۆ ڕۆژهەڵات هیچ بانگەشەیەکیان نەبوو جگە لەوەی ئایدیاکانیان بە نەریتێکی درێژی زانستی (نەک وجودی) دڵنیایی لەسەر کراوەتەوە. بەڵام کاتێ کە ئێدوارد لان و ئەرنست ڕێنان و ڕیتشارد بورتۆن و سەدان گەڕیدە و توێژەری دیکەی ئۆروپی



https://t.me/kurdistanbooks

سەدەی نۆزدەم قسە لە بارەی ڕۆژهەڵات دەکەن، ڕاستەوخۆ دەتوانین هەڵویستێکی دیکەی زۆر نزیکتر لە ڕۆژهەڵات تێبینی بکەین، هەڵویستێکی وەک ملکایەتی بەرانبەر بە ڕۆژهەڵات و بەرانبەر بە شتەکانی ڕۆژهەڵات. لە ژێر فۆرمی کلاسیک و زۆرجاریش دوورکەوتووەوە لەو زەمەنەی کە تیایدا ڕۆژهەڵات لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس بنیات دەنرێتەوە، لەژێر فۆرمی تەواو هەقیقی کە تیایدا ڕۆژهەڵاتناس ژیاوە و تۆژینەوەی کردووە و ئەندێشەی هەبووە، "شوێنی جیۆگرافی" ڕۆژهەڵات کە چوونەتە ناوی و کاری لەسەر کراوە، بە توندی بەرزەفت کراوە. کاریگەری کەڵەکەبووی چەندان دەیەی لێکۆڵینەوەی ئەمەندە سەروەرانە لەلایەن ڕۆژئاواوە وایکردووە ڕۆژهەڵات لە شوێنێکی بێگانەوە بگۆڕدرێ بۆ شوێنێکی کۆلۆنیالی. ئەوەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم بایەخی هەبوو، ئەوە نەبوو کە ڕۆژئاوا چووبووە ناو ڕۆژهەڵات و ببووە خاوەنی ڕۆژهەڵات، بەڵکو ئەوە بوو ئینگلیزەکان و فرانسییەکان چ هەستێکیان هەبوو کە کردیان.

کاتێ کە نووسەری ئینگلیزی، هێشتا زیاتر، ئیدارەی کۆلۆنیالی ئینگلیزی تاووتوێی ڕۆژهەڵاتی دەکرد، هیچ گومانێکی تێدا نەبوو، لەسەر ئەم خاکانە، دەسەڵات و توانای بەریتانیەکان لەوپەڕی بەهێزیی و باڵایی خۆی بوو، ئەگەرچی خەڵکی ڕەسەنی شوێنەکەش لەگەڵ یەکەم بینین زیاتر مەیلیان بۆ فرانسا و فیکری فرانسی هەبووبێ. لەو حاڵەتەی ڕۆژهەڵات وەک شوێنێکی هەقیقی و کێشەیەک لە ئارادا بوو، ئینگلتەرا بەڕاستی ئامادە بوو، بەڵام فرانسا سەدایەکی نەبوو، تەنیا بۆ ئەو فریوخواردوو و کەودەنە ڕۆژهەڵاتیانە نەبێ. هیچ شتێک ئەو جیاوازییە چلۆنایەتییەی ناو هەڵویستەکان لەمەڕ شوێن دیاری ناکا وەک لەوەی "لۆرد کرۆمەر" دەیویست بیڵێ لەم بارەیەوە کە زۆر بەلایەوە ئازیز بووە:



https://t.me/kurdistanbooks

(ئەو هۆکارانەی وادەکەن شارستانی فرانسی خەسڵەتێکی سەرنجڕاکێش و تایبەتی لەلای ئاسیاییەکان و خەڵکی خاوەر(مەشریق) هەبێ زۆر روونن. ئەم شارستانیە، لەڕاستیدا سەرنجڕاکێشترە وەک لە شارستانی ئینگلیزی و ئەلمانی، بێجگە لەمەش، لاسایکردنەوەی ئاسانترە. ئەگەر ئینگلیزەکان بە فرانسییەکان بەراورد بکەین، ئینگلیزەکان کەمتر خۆدەرخەرن، شەرمنترن، لە رووی کۆمەڵایەتیەوە، نەریتپارێز و دوورەپەرێزن، هەرچی فرانسییەکانن چالاکن، حەز بە تێکەڵی خەڵکی دی دەکەن و نازانن مانای وشەی شەرمن چیە و لە ماوەی دە چرکە دەبنە هاوڕێی ئەو کەسەی کە تازە ناسیوویانە. رۆژهەڵاتی نیمچە خوێندەوار دان بە هی یەکەمیان دانانێ کە لە هەموو حاڵەتێکدا شایەنی دڵسۆزییە، ئەوەی دووەمیان تەنیا بەوە دڵی خۆی خۆش دەکا رۆڵێک بگیرێ. رۆژهەڵاتی بە ساردی تەماشای ئینگلیزەکان دەکا بەڵام راستەوخۆ خۆیان دەخەنە باوەشی فرانسییەکان.)

پاشان کەم و زۆر بە ئاسایی ئاماژە سێکسییەکانی تێدەکەوێ. مرۆی فرانسی تەواو دەم بە خەندەیە و خاوەن ئەقڵ و شۆخ و شەنگە، مرۆیەکە هەردەم نوێ، هەرچی ئینگلیزە، گران و کارگەر و "باکۆنی"ن (باوەڕیان بە ئەزموون هەیە)، وردەکارن. ئەرگیومەنتی کرۆمەر هەڵبەت لەسەر بنچینەی توندوتۆڵی بەریتانییە دژ بە فریودانی فرانسی بێ ئەوەی ئامادەگییەکی راستەقینەی لە واقیعی میسریدا هەبێ.

(ئایە دەشێ دووچاری سەرسوڕمان بین (کرۆمەر درێژەی پێدەدا) ئەگەر میسرییەک وێڕای توانای لاوازی فیکری خۆی نەتوانێ ئەوە ببینێ کە زۆرجار هەندێ هەڵە لە بنچینەی لێکدانەوەی ئەقڵی فرانسی هەیە، یان ئەگەر زیاتر مەیلی بەلای لێهاتوویی تەواوێک رووکەشی فرانسی بچێ لەچاو چالاکی گران و سەنگینی بێ سەرنجڕاکێشی



https://t.me/kurdistanbooks

ئینگلیزی و ئەلمانی؟ هێشتا بیر لە پوختەیی تیۆری سیستەمی ئیداری فرانسی و وردەکارییە جوانەکانی بکەوە و لەو شێوازەی کە زیاتر دەتوانێ پێشبینی بۆ هەر شتێک بکا بگا. ئەم خەسڵەتانە بەراورد بکە بە سیستەمی پراکتیکی ئینگلیزی، کە ڕێسا لەسەر بنچینەی ژمارەیەکی کەمی سەرەکی دادەنێ و کۆمەڵێک لە وردەکاری زۆری دی بۆ مەزندە و تەخمینی تاکەکان بەجێدەهێڵێ. بێگومان میسرییەکی نیمچە خوێندەوار سیستەمی فرانسی هەڵدەبژێرێ، چونکە ئەو، سەرەڕای هەموو ڕواڵەتێکی دەرەکی، پوختەترە و پەیڕەوکردنیشی ئاسانترە. بەڵام ئەو میسرییە ئەوەی بەسەردا تێدەپەڕێ کە ئینگلیزەکان ئارەزووی ئەوە دەکەن سیستەمێک جێگیر بکەن لەگەڵ ئەو هەقیقەتانە بگونجێ کە دەیانەوێ تاوتوویێی لەگەڵ بکەن، لە کاتێکدا بەربەستی سەرەکی بەرانبەر پەیڕەوکردنی پرۆسەی ئیداری فرانسی لە میسر ئەوەیە کە هەقیقەتەکان زۆربەی جار هەر ئەوەیان لەبەردەستە خۆیان لەگەڵ سیستەمی ئامادە بگونجێنن.)

لەبەرئەوەی ئامادەگییەکی هەقیقی ئینگلتەرا لە میسر هەیە و لەبەرئەوەی ئەم ئامادەگییە "بەرای کرۆمەر" بۆ ئەوە لە میسر نین ڕاهێنان بە گیانی میسرییەکان بکەن بەڵکو زیاتر بۆ ئەوەیە "کەسایەتییان دروست بکەن"، ئەمەش ئەوەی بە دوادادێ، کە خەسڵەتە ناکامەکانی فرانسی بریتین لە خەسڵەتی کیژۆلەیەکی جوانی خاوەن "جوانییەکی کەمێک دەستکرد"، لە کاتێکدا خەسڵەتەکانی ئینگلیز بە "دایەن"ێک دەچێ، تەمەنێکی کاملی هەبێ، لەوانەیە ئەم خەسڵەتە خاوەن نرخ و بەهایەکی مۆرالی زیاتر بێ بەڵام خاوەن ڕواڵەتێکی دەرەکی کەمتر سەرنجڕاکێش بێ" (9)

بنچینەی ئەم بەراوردە لە نێوان "دایەن"ی ئینگلیزی و "کیژۆڵە"ی بە نازی فرانسی، بە سادەیی تەرازوو بەلای ئینگلیز دەشکێنێتەوە لە ڕۆژهەڵات. "ئەو هەقیقەتانەی ئەوان (ئینگلیز)ەکان دەبێ مشووری



https://t.me/kurdistanbooks

بخۆن" لە هەموو حاڵەتێکدا زۆر ئاڵۆزتر و سەرنجڕاکێشترن کە لە دەست ئینگلتەرا دایە وەک لە هەموو ئەو شتانەی فرانسییەکی بیرتیژ بتوانێ تێبینی بکا. دوو ساڵ دوای پەخشی کتێبەکەی "میسری نوێ" (1908)، کرۆمەر لێکدانەوەیەکی فەلسەفی لە کتێبەکەی "ئیمپریالیزمی کۆن و نوێ" (1910) پێشکەش دەکا. ئەو پێیوایە بە بەراورد بە ئیمپریالیزمی رۆمانی وێڕای سیاسەتی نمایشکارانەی تواندنەوە و بەکارهێنان و چەوساندنەوە، پێدەچێ ئیمپریالیزمی بەریتانی باشتر بێ بەلای کرۆمەر، ئەگەرچی کەمێک لاوازترە. لەگەڵ ئەمەش ئینگلیزەکان لەگەڵێک رووەوە تەواوێک روون بوونە، ئەگەرچی "بە شێوەیەکی لاواز، پشتگوێخراو، بەڵام خەسڵەت ئەنگلۆسەکسۆن" ماونەتەوە، پێدەچێ ئیمپراتۆرەکەیان هیچی هەڵنەبژاردبێ لە نێوان"یەکێک لەو دوو بنچینەیەی: داگیرکردنێکی سوپایی درێژخایەن یان پرەنسیپی نەتەوایەتی (بۆ نەژادە ژێردەستەکان). بەڵام، دواجار، ئەم دوودڵییە لە بریاردان شتێکی ئەکادیمی بوو، چونکە لە رووی پراکتیکەوە کرۆمەر و ئینگلتەرا، ئینگلتەرا خۆی لەگەڵ ئەو، دژی هەڵبژاردنی "پرەنسیپی نەتەوایەتی" بوو. پاشان شتی دیکەش هەبوو تێبینی بکرێ. یەکێک لەم تێبینیانە ئەوەبوو کە ئیمپراتۆر پشتگوێ ناخرێ. یەکێکی دی ئەوە بوو کە مارەیی تێکەڵاو لە نێوان خەڵکی رەسەن و ئینگلیزەکان، پیاوان و ژنان، جێی رەزامەندی نەبوو. سێیەمیان کە لە هەمووی گرینگترە، لەو باوەڕەدام، کرۆمەر ئامادەگی ئیمپراتۆری بەریتانی لە کۆلۆنییەکانی رۆژهەڵات بەو شێوەیە وەردەگرت وەک ئەوەی کاریگەری بەردەوام و درێژخایەنی هەبووبێ، نەک وەک کارەسات و ژێروژوور بوونی دنیا لەسەر گیان و کۆمەڵانی رۆژهەڵاتی. ئەو مەجازەی کرۆمەر بەکاری دەهێنێ بۆ دەربڕینی ئەم کاریگەرییە، تا رادەیەک تیۆلۆژیانەیە، ئەمەش رادەی زۆر بەهێزی بوو، ئایدیای چوونەژوورەوەی رۆژئاوا بۆ سەر خاکی رۆژهەڵات لەلای کرۆمەر پیشان دەدا. "کرۆمەر دەڵێ: ئەو خاکانەی هەناسەی رۆژئاوا



https://t.me/kurdistanbooks

لەسەریان گرانە بە فیکری زانستی، جارێک ئەو هەناسەیە بەسەر ئەو خاکانەدا تێپەڕیوە، لەگەڵ تێپەڕینەوە جارێکی دی، نیشانەیەکی درێژخایەنی بەجێهێشتووە، هەرگیز چیتر ناتوانێ ئەوە بێ کە پێشتر بووە.".(10)

لە بارەی ئەم جۆرە کێشانەوە، کرۆمەر دوورە لەوەی روانینێکی رەسەنی هەبێ. ئەوەی ئەو دەیبینی، شێوازی دەربڕینی لێی بریتی بوو لە مۆدێکی باو لەلای هاوکارانی لە یەک کاتدا لەناو "دامەزراوەی" ئیمپریالی و لەناو رۆشنبیران. ئەم سازانە شتێکی نایابە بۆ حاڵەتی هاوکارانی  بە ناونیشان "جێگری شا"ی وەک کرۆمەر، کورزۆن، سوویتنهام و لاگارد. لۆرد کورزۆن بە تایبەتی، ئەو هەردەم بە زمانی ستانداردی ئیمپریالی قسەی دەکرد و بێجگە لەمەش بە زمانێکی هێشتا روونتر لە کرۆمەر دەدوا، ئەو کە وێنەی بۆ پەیوەندی نێوان ئینگلتەرا و رۆژهەلات دەنەخشاند بە زاراوەی ملکایەتی قسەی دەکرد، بەو زاراوانەی کە شوێنێکی جیۆگرافی زۆر بەرین و فراوان تەواو بە ملک کرابێ (خاوەنداری کرابێ) لەلایەن سەردارێکی کۆلۆنیالی بە کاریگەر. جارێک گوتی بۆ ئەو، ئیمپراتۆر (کێشەی خواست) نیە، بەڵکو (پێش هەموو شتێک هەقیقەتێکی مێژوویی، سیاسی و سۆسیۆلۆژییە). ساڵی 1909، لە "کۆنفرانسی پرێسی ئیمپریالی"کە لە ئۆکسفۆرد کۆبیوونەوە، بە یادی هەندێ لە نێردەکانی هێنایەوە کە "ئێمە لێرە فرماندارەکانتان، کاربەدەستەکانتان، دادوەرەکانتان، پرۆفیسۆرەکانتان، کەشیش و پارێزەرەکانتان بۆ ئامادە دەکەین و بۆتان دەنێرین". ئەم وێنایە کە تا رادەیەک وەک پێداگۆژی ئیمپراتۆری وایە، بۆ کورزۆن دیکۆری تایبەی خۆیەتی لە ئاسیا، هەروەکو جارێک لە دارشتنێکدا گوتوویەتی وا لە مرۆ دەکا: "بووەستێ و بیربکاتەوە".

(هەندێ جار پێمخۆشە وێنەی ئەم ساختمانە مەزنەی ئیمپراتۆری لە فۆرمی ستروکتورێکی گەورە وەک جۆرێک لە "کۆشکی هونەر"ی



https://t.me/kurdistanbooks

"تینیسۆن"، كە زەمینەكانی لەم وڵاتەیە و هەر لەوێش دانراون و ئێستەش دەبێ بە دەستی ئینگلیز پارێزگاری لێ بكرێ، بەڵام كۆلۆنییەكان بریتین لە دینگە و كۆڵەگەكانی ئەم ساختمانە، لە بەرزایی زۆریش لە سەرەوە، بەرینایی بێ پایانی گومەزی ئاسیایی شەپۆڵ دەدا). (11)

وێرای بیركردنەوە لە كۆشكێكی هونەری لەسەر شێوازی تینیسۆنی لەم جۆرە كە كورزۆن و كرۆمەر هەردووكیان بەیەكەوە لایەنگری بە حەماسەت بوون لە كۆمیتەی وەزاری كە لە ساڵی 1909 دروستكرا بۆ چالاككردنی دانانی یان دامەزراندنی "قوتابخانەی تۆژینەوە رۆژهەڵاتییەكان". كورزۆن تێبینی ئەوەی كردبوو هەڵبەت وێرای جۆرێك لە پەشیمانی ئەگەر زمانی قسەكردنی خەڵكی هیندستانی بزانیایە ئەوا ئەمە زۆرتر یارمەتی دەدا لە گەڕانەكانی لە هیند كە بە "گەڕانەكانی سەردەمی گرانی" ناسراوە، بێجگە لەمە، كورزۆن پشتگیری لە خوێندنی رۆژهەڵاتی دەكرد، ئەوەشی بە بەشێك لە بەرپرسیاری بەریتانی دادەنا بەرانبەر بە رۆژهەڵات. لە 22 مانگی رەزبەری ساڵی 1909، بۆ ئەنجومەنی لۆردانی لێكدەدایەوە كە:

(ئاشناییمان نەک هەر بە زمانەكان و كەسەكانی رۆژهەڵات، بەڵكو بە داب و نەریتیان، بە شێوازی هەست كردنیان، بە مێژوویان و بە ئاینیان، توانای تێگەیشتنی ئێمە لەوەی كە پێی دەڵێن بلیمەتی رۆژهەڵات، تاقە بنچینەیە كە دەشێ ئێمە بتوانین لە ئایندە ئەو پێگەیە لە سەری دانێین كە بردوومانەتەوە و، هەر هەوڵێكیش هەبێ بۆ بەهێزكردنی ئەم پێگەیە دەبێ جێگەی رەزامەندی حكومەتی خاوەن شكۆ و بابەتی گفتوگۆی ئەنجومەنی لۆردان بێ.)



https://t.me/kurdistanbooks

لە درێژەی کۆنفرانسێک لە "ماڵی مانسیۆن" کە پێنج ساڵ دواتر لەم بارەیەوە بەسترابوو، کورزۆن دواجار خاڵ لەسەر پیتەکان دادەنێ. تۆژینەوە و خوێندنی رۆژهەڵاتی بابەتێک نەبوو بۆ رابواردن و خۆدرخستنی رۆشنگەریانە، دەڵێ بۆ ئەوە بوو:

(یەکێ لە پێویستییە ئیجبارییەکانی ئیمپریالی. بە رای من، دانانی قوتابخانەیەک (بۆ خوێندنی رۆژهەڵاتی، کە دەبێ دواتر ببێتە "قوتابخانەی خوێندنی رۆژهەڵاتی و ئەفریقیایی" لە زانکۆی لەندەن) وەک ئەمە لە لەندەن بەشێکە لە کەلوپەلە پێویستەکانی ئیمپراتۆری. هەموو ئەوانەی وەک ئێمە بە هەر چەشنێک بێت هەندێ ساڵانی درێژیان لە رۆژهەڵات بەسەر بردووە، کە بە بەختەوەرترین بەشی ژیانی خۆیانیان دادەنێن و پێیانوایە ئەو کارانەی ئێمە لەوێ کردوومانە، گەورە یان گچکە بێ، لە باڵاترین بەرپرسیاری بووە کەوتبێتە سەر شانی ئینگلیزێک، هەست دەکەن نوقسانییەک لەناو ئامێر و کەرستەی نەتەوایەتیمان هەیە کە دەبێ، من پێداگیری لەسەر دەکەم، ئەم نوقسانییە پڕ بکرێتەوە و ئەوانەی ئەندامی شاری لەندەنن، بە یارمەتی باربووی دارایی یان بە هەر فۆرمێکی دیکەی یارمەتی چالاک و پراکتیک بێ، پێویستە بیخەنە سەر ئەستۆی خۆیان بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە، ئەوانەی ئەم کارە دەکەن، ئەرکێکی نیشتمانی بەرانبەر ئیمپراتۆری جێبەجێ دەکەن و خزمەت بە نیەت و ویستی پاک دەکەن لە نێو مرۆڤیان.)(12)

تا ئاستێکی زۆر، ئایدیاکانی کورزۆن لەبارەی خوێندن و تۆژینەوە رۆژهەڵاتییەکان بە شێوەیەکی لۆژیکی بەرهەمی سەدەیەکی پڕ لە ئیدارە و فەلسەفەی سوودگەرایی بەریتانین لەمەڕ کۆلۆنییە رۆژهەڵاتییەکان. کاریگەری "بێنتام" و هاوشێوەی"جۆن ستیوارت میل"ەکان لەبارەی مۆدی حوکمڕانی بەریتانی لە رۆژهەڵات (بە تایبەتیش لە هیندستان) زۆر گەورە بوو، ئەم کاریگەرییەش توانی



https://t.me/kurdistanbooks

کۆمەڵێک ڕێکخستن و نوژەنکردنەوەی رووکەش لەناوبەرێ، بە پێچەوانەوە، هەروەکو چۆن "ئێریک ستۆک" بە شێوەیەکی رازیکەر، سوودگەرایی بەستراوەتەوە بە میراتی لیبرالیزم و ئیڤانجیلیزم، وەک فەلسەفەکانی حکومەتی ئینگلیزی لە رۆژهەڵات دادەنێ، توانی گرینگی ئەقڵانی دەستەڵاتێکی بەهێز پیشان بدا، ئەم دەستەڵاتەش چەکدار بێ بە کۆمەڵێک کۆدی جیاوازی قانونی و جەزایی، داهێنانی سیستەمێکی دۆکترینالی (عەقائیدی) لەبارەی مەسەلەکانی وەک سنوورەکان و کرێ و داهاتی زەوی و، سەرپەرشتی کردنیشیان لەلایەن دەستەڵاتێکی ئیمپراتۆری کەمکردنەوە قبوڵ نەکا. (13) بەردی بناغەی هەموو سیستەمەکە بریتی بووە لە زانین و ناسینێکی هەمیشە زۆر وردتر لەبارەی رۆژهەڵات، بە چەشنێک، کاتێ کە کۆمەڵانی نەریتی پەلەیان بوو ببنە کۆمەڵی بازرگانی مۆدێرن، ئینگلیزەکان دەبوایە هیچ زەرەر نەکەن، نە لە دەستەڵاتی باوکانەی خۆیان نە لە داهاتیان. لەگەڵ ئەمەش، کاتێ کە کورزۆن وەک پشت بەستن بە سەرچاوە بێ هیچ رەفتارێکی جوان دەگەڕێتەوە بۆ خوێندن و تۆژینەوە رۆژهەڵاتییەکان وەک "کەلوپەلی پێویستی ئیمپراتۆری"، فۆرمێکی دەدایە وێنایەکی جێگیری گۆڕینەوە بازرگانییەکان بە هۆی ئەمەوە ئینگلیزەکان و خەڵکە رەسەنەکان هەر یەکەیان خەریکی کاروباری خۆیان دەبوون و هەر یەکەیان لە شوێنی خۆیان دەمانەوە. هەر لە سەردەمی "سێر ویلیەم جۆنز"، رۆژهەڵات لە یەک کاتدا ئەوە بوو کە ئینگلتەرا حکومەتی دەکرد و ئەوەش بوو کە ئینگلتەرا دەیزانی، تێکەڵبوون و بەیەک گەیشتنی جیۆگرافیا و زانین و دەستەڵات هەمیشە لەگەڵ ئینگلتەرا بەدی هاتووە هەمیشەش ئینگلتەرا وەک سەردارێکی ئەم پرۆسەیە بووە. رۆژێکیان کورزۆن گوتبووی:"رۆژهەڵات زانینگەیەکە توێژەری باڵا هەرگیز دیپلۆمی لێ وەرناگرێ"، ئەمەش شێوازێک بوو بۆ گوتنی رۆژهەڵات پێویستی بە بوون و ئامادەگی ئێمە هەیە کەم و زۆر بۆ هەتاهەتایی.(14).


https://t.me/kurdistanbooks

بەڵام هێشتا زلهێزی دیکەی ئۆرووپی هەبوون، لەوانە وەک فرانسا و رووسیا، کە هەردەم هەڕەشەیان لە ئامادەگی بەریتانیا دەکرد (لەوانەیە لە پەراوێزدا). کورزۆن بە دڵنیاییەوە ئەوەی هێناوەتە بەرچاوی کە هەموو زلهێزێکی مەزنی رۆژئاوا بەو شێوە بیر لە جیهان دەکاتەوە وەک چۆن ئینگلتەرا بیری لێ دەکردەوە. گۆڕانی جیۆگرافیا لە مادەیەکی " بێزارکەر و لاف لێدەر" بۆ "لە هەموو زانستێک زیاتر جیهانی" بە تەواوی ئەم پێشکەوتنە رۆژئاواییە نوێیە زۆر سەرتاپاگیرە پیشان دەدا. بێ هۆ نیە کە کورزۆن ساڵی 1912، لە "کۆمەڵەی جیۆگرافیناسان" کە هەر خۆی سەرۆکایەتی دەکرد گوتی:

(شۆڕشێکی رەها بەرپابووە، نەک هەر تەنیا لە شێوازی گوتنەوەی جیۆگرافیا و مێتۆدەکانی، بەڵکو لەو رێزەی ئێستە رای گشتی بۆی هەیە. ئەمرۆ پێمانوایە زانین و ناسینی جیۆگرافیا وەک بەشێکی سەرەکی لە زانین و ناسینە گشتییەکان دادەنرێ. لە رێگەی جیۆگرافیا نەک لە رێگەی شتێکی دیکە، لە کردەی هێزە مەزنەکانی سروشت دەگەین، دابەشبوونی دانیشتوانان، گەشەسەندنی بازرگانی، فراوانبوونی سنوورەکان، پێشکەوتنی دەوڵەتەکان، ئەنجامە نایابەکانی وزەی مرۆیی لە کۆمەڵێک دەرکەوتن و دیاردە جۆربەجۆرەکان.

ئێمە بەو شێوەیە جیۆگرافیا دەناسینەوە وەک خزمەتکارێکی مێژوو بێ (...) جیۆگرافیا زانستێکی دەستەخوشکی ئابووری و سیاسەتیشە، هەموو ئەوانەی هەوڵیانداوە جیۆگرافیا بخوێنن دەزانن کە، لەو دەمەی لە بواری جیۆگرافیا لادەدەین، خۆمان دەبینینەوە خەریکین دەچینە ناو سنووری جیۆلۆجی، زوولۆجی، ئێتنۆلۆجی، کیمیا، فیزیا و تا رادەیەک تەواوی زانستە نزیکەکانی. کەواتە ئێمە راست دەکەین کە دەڵێین جیۆگرافیا یەکێکە لە زانستە بەرایییەکان، یەکێکە لەو تیپە پێویستەی بۆ



https://t.me/kurdistanbooks

باش تێگەیشتن لە هاووڵاتیبوون و، یاریدەدەرێکی پێویستیشە بۆ دروستکردنی کەسێکی خاوەن ئەرکی دەوڵەتی.(15)

جیۆگرافیا بە شێوەیەکی سەرەکی ماتریالی کۆڵەگەی زانین و ناسینی رۆژهەڵات بووە. هەموو خەسڵەتە شاراوە و جێگیرەکانی رۆژهەڵات دەوەستایە سەر جیۆگرافیەکەی و رەگەکانی لەوێوە دەهاتن. بەم جۆرە لە لایەکەوە، رۆژهەڵاتی جیۆگرافیایی خۆراک بوو بۆ دانیشتوانەکەی، گەرانتی بوو بۆ خەسڵەتە تایبەتییەکانی ئەوان و تایبەتمەندییەکانی ئەوانیشی دیاری دەکرد. لەلایەکەی دیەوە، رۆژهەڵاتی جیۆگرافیایی داوای لە رۆژئاوا دەکرد بایەخی پێبدا، کەچی بە هۆی یەکێ لەو دژیەکانەی کە ئەوەندە زۆر زانینی ئۆرگانیزەکراو دەخاتەڕوو، خۆرهەڵات هەر خۆرهەڵات بوو، خۆرئاواش هەر خۆرئاوا بوو. جیۆگرافیا بابەتێکی کۆسمۆپۆلیتی بوو، لە ئەقڵی کورزۆنیش گرینگییەکەی بۆ رۆژئاوا، هەر لەمەوە دەهات، کە پەیوەندی بە جیهان پەیوەندییەکە لەسەر بنچینەی ئێرەیی ئاشکرا و روون. لەگەڵ ئەمەش، دەشێ ئارەزۆوی جیۆگرافیش بتوانێ بێلایەنی مۆرالی واقیعێکی ئێپیستیمۆلۆژی بخاتە ئەستۆی خۆی کە بدۆزرێتەوە، جێگیر بکرێ، بخرێتە روو، وەک چۆن کاتێ لە "دڵی تاریکی"، مارلۆو دان بەوەدا دەنێ کە خولیایەکی بۆ نەخشە و کارتۆگرافی هەیە:

(چەندان سەعات دەمامەوە سەیری ئەمریکای باشوورم دەکرد یان ئەفریقیا یان ئوستورالیا، کە لەناو شکۆمەندی دۆزینەوەکان بزر ببوون. لەو سەردەمە، شوێنێکی زۆر هەبوون پەڵەی سپی بوون لەسەر گۆی زەمین و کە یەکێک لەو شوێنە سپیانەم لەسەر نەخشە دەبینی کە زیاتر سیمایەکی سەرنجڕاکێشی هەبوو (بەڵام هەموویان ئەم سیمایەیان هەیە!) پەنجەم لەسەری دادەنا و دەمگوت: "کە گەورە بووم دەچمە ئەو شوێنە.") (16)



https://t.me/kurdistanbooks

حەفتا ساڵ پێش بڵاوبوونەوەی رۆمانەکەی کۆنراد، لامارتین بەم پەڵە سپیانەی سەر نەخشە کاریگەر نەبوو، ئەو نەیدەزانی ئەم پەڵە سپیانە پڕە لە دانیشتوانی رەسەنی شوێنەکە، لەولاشەوە هەر بە خەیاڵی "ئەمر دو ڤاتێل"ی سویسری و پرووسیایی نەدەهات، کە لە ساڵی 1758، داوای لە دەوڵەتە ئۆروپییەکان کرد تەنیا ئەو خاکانە داگیربکەن دەستیان بەسەردا بگرن کە دانیشتوانەکەی خێڵە کۆچەرەکانن (17). شتی گرینگ ئەوە بوو بە سادەیی شەرەف و شکۆمەندی بدەیتە داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتن لە رێگەی ئایدیایەک، گۆڕینی چەشە و ئارەزوو بۆ شوێنی جیۆگرافی زیاتر، لەسەر بنچینەی تیۆری ئەو پەیوەندییە تایبەتەی کە لە نێوان جیۆگرافیا لەلایەک و میللەتانی شارستان لە لایەکی ترەوە هەیە. بەڵام فرانسا خۆی بە شێوەیەکی تایبەتی بەشداری لەم بە ئەقڵانی گەڕاندنە کرد.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم، مەرج و هەلکەوتی سیاسی و رۆشنگەری تەواوێک بەریەک دەکەوتن، لە فرانسا، بۆ خەریکبوون بە جیۆگرافیا و بیرکردنەوە لە جیۆگرافیا (بە هەردوو مانای وشەکە) ببووە سەرگەرمییەکی نیشتمانی. ئاووهەوای رای گشتی لە ئۆروپاش گرینگی پێدەدا: سەرکەوتنەکانی ئیمپریالیزمی بەریتانی بەدڵنیاییەوە بە دەنگی بەرز ئابڕووی خۆیان دەبرد. لەگەڵ ئەمەش بۆ فرانسا، بۆ ئەوانەی لە فرانسا لەم بارەوە بیریان دەکردەوە، ئینگلتەرا هەردەم بەربەستێک بووە بەرانبەر بە هەموو رۆڵێکی ئیمپراتۆریانەی فرانسا بتوانێ لە رۆژهەڵات بیگێڕێ ئەگەر ئەم رۆڵە سەرکەوتنێکی کەمیش بوایە. پێش جەنگی 1870، سیاسەتی دەرەوە لەمەڕ رۆژهەڵات رێگەی بۆ ئەوە خۆشکرد شتی زۆر سەنگین لە بارەی رۆژهەڵات بنووسرێ، ئەمەش هەر لەلایەن شاعیران و نووسەرانی فرانسی



https://t.me/kurdistanbooks

نەبوو. بۆ نموونە "سان مارک ژیراردا" لە گۆڤاری " Revue des Deux Mondes" لە 15 نەورۆز/مارس 1862 چی دەڵێ:

(فرانسا زۆر شتی هەیە لە رۆژهەڵات بیکا، چونکە رۆژهەڵات چاوەڕێی زۆر لەو دەکەن. بەڵکو زۆرتری داوا لێ دەکەن لەوەی ئەو پێی بکرێ، رۆژهەڵات بە ویستی خۆی سەرپەرشتی کردنی ئایندەی خۆی دەداتە دەست فرانسا. ئەمەش بۆ فرانسا و بۆ رۆژهەڵات مەترسی گەورەیە: مەترسیەکەی بۆ فرانسا ئەوەیە، فرانسا ئامادەیە کێشەی دانیشتوانە ئازارچەشتووەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی، فرانسا زۆربەی جار چەندین حاڵەتی ناخۆش و ئیجباری خستۆتە ئەستۆی خۆی کە لە توانای خۆی گەورەتر بوونە. بەڵام مەترسی لەسەر رۆژهەڵات ئەوەیە، هەر میللەتێک چاوەڕێی چارەنووسی خۆی بکا لە دەرەوە، هەردەم لەناو هەڵکەوتێکی مەمری و مەژی دەژی و رزرگاربوونیش بۆ نەتەوەکان لەوەوە دێ خۆیان خاوەنی خۆیان بن.) (18)

لەوانەیە بێگومان ئەمە وای لە دزرائیلی کردبێ بڵێ، هەروەکو زۆرجار ئەمەشی پێکردووە، کە فرانسا تەنیا "بەرژەوەندی عاتیفی لە سوریا هەیە" ئەمەش هەر رۆژهەڵاتەکەی "سان مارک ژیراردا"یە. بێگومان ناپۆلیۆن بۆناپارت خەیاڵی "دانیشتوانانی ئازارچەشتوو"ی بۆ خۆی بەکارهێنا کە بە ناوی ئیسلام بانگەوازی بۆ میسرییەکان دژ بە تورکەکان دا. لە نێوان 1830 و 1870، دانیشتوانە ئازار چەشتووەکان تەنیا کەمایەتییە کریستیانەکانی سوریا بوون. هیچ نیشانەیەکیش بۆ رۆژهەڵات لە ئارادا نەبوو لە فرانسا چاوەڕێی رزگاربوون بکا. باشتر و دروستتر بوو بگوترێ ئینگلتەرا لە رۆژهەڵات لە پێش فرانسا بەربەست بوو، چونکە، ئەگەرچی فرانسا هەستێکی ئیجباری راستەقینەی بەرانبەر بە رۆژهەڵات هەبوو (کە حاڵەتەکە بۆ چەند فرانسییەک وابوو)، فرانسا هیچ شیمانەیەکی



https://t.me/kurdistanbooks

لەبەردەمدا نەبوو خۆی بخزێنێتە نێوان ئینگلتەرا و ئەو هەموو خاکە زۆرەی لە بن دەستی ئینگلتەرا بوو، لە هیندستان و لە مێدیترانێ.

ئەنجامی دیار و بەرچاوی جەنگی 1870ی نێوان فرانسا و پرووسیا: بووژانەوەیەکی لە ئاسابەدەری کۆمەڵە جیۆگرافییەکان بوو لە فرانسا و دووبارەبوونەوەی داواکاری بەهێز بۆ دەست بەسەرداگرتن و بەدەستهێنانی خاکی زۆر. لە کۆتایی ساڵی 1871، "کۆمەڵەی جیۆگرافی پاریس"، بانگەوازی ئەوەی بڵاوکردەوە کە چیتر کارەکانیان هەر بە "رامانی زانستی" ناوەستێ. هانی هاووڵاتیانی دەدا "لەیاد نەکەن کە سەروەری پێشوومان لەو رۆژەوە دژایەتی کرا کە ئێمە لەسەر هێڵی کێبڕکێ لە سەرکەوتنەکانی شارستانی بەسەر بەربەری نەماین". "گویوم دوپینگ" کە سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوەیەی دەکرد دواتر بە "بزووتنەوەی جیۆگرافی" ناسرا، ساڵی 1881 دڵنیایی لەسەر ئەوە دەکرد کە لە ماوەی جەنگی 1870، "ئەوە مامۆستای خوێندنگەکان بوو کە سەرکەوت"، دەیویست بڵێ کە سەرکەوتنە راستەقینەکان جیۆگرافیای زانستی پرووسی بوون لەسەر ستراتیژییە ناتەواوەکانی فرانسی. رۆژنامەی رەسمی Le Journal Official ژمارە لە دوای ژمارە بابەتی لەبارەی فەزیلەت و سوودەکانی دۆزینەوەی جیۆگرافی و ئەڤانتوری کۆلۆنیالی بڵاودەکردەوە، لە یەکێ لە ژمارەکان، "فێردیناند دو لیسێپ" باسی لەو فرسەتانە دەکرد کە لە ئەفریقیا لەبەر دەستن، "گارنیێ"ش وەسفی "دۆزینەوەی رووباری شین"ی دەکرد.

زۆری پێنەچوو جیۆگرافیای زانستی شوێنی خۆی بۆ جیۆگرافیای بازرگانی چۆڵ کرد، کەچی دڵبڵندی و شکۆمەندی نەتەوایەتی بۆ ئەنجامی بەدەستهاتووی زانستی و کولتووری و هاندەرەکانی سوودی تەواوێک سەرەتایی، هەمووی بەیەکەوە برەوی پێدەدرا بۆ کەنالیزەکردنی پشتگیری بەدەست هێنراوی کۆلۆنیالی. بە قسەی یەکێ



https://t.me/kurdistanbooks

لەوانەی پڕ لە حەماسەت بوون: "کۆمەڵە جیۆگرافییەکان بۆ ئەوە دروستکراون بۆ شکاندنی ئەو جوانیە بکوژەی ئێمەی بە زنجیر لە لێوارەکانمان بەستۆتەوە." بۆ بەشداری کردن لەم رزگارکردنە، هەموو جۆرە یارمەتییەک ڕێپێدراوبوو: تێوەگلاندنی "ژول ڤێرن" وەک دەڵێن "خاوەن سەرکەوتنێکی بێهاوتا" بوو، بە ئاشکرا ئەم "گیانە زانستی"یەی پیشان دەدا کە لە ئاستێکی زۆر بەرزی بیرکردنەوەی لۆژیکی بوو، بۆ سەرپەرشتیکردنی "حەملەیەکی دۆزینەوەی زانستی لە هەر چواری لای جیهان" و پلانێک بۆ داهێنانی دەریایەکی نوێ راستەوخۆ لە باشووری لێوارەکانی ئەفریقیای باکوور، لەگەڵ پرۆژەیەک بۆ بەستنەوەی جەزائیر بە سینێگال لە ڕێگەی هێڵی ئاسنین: کە دانەرانی پرۆژەکە بە ناوی"شریتێکی راستەقینەی ئاسنین" ناویان دەهێنا.

بەشێک لەو حەماسەتە فراوانخوازییەی فرانسا، لە ماوەی چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەم، بەرهەمی ئارەزووی شاراوەی فرانسا بوو وەک بژاردنێک بەرانبەر بە سەرکەوتنی پرووسیا لە جەنگی 1870-1871، لە هەمان کات ئارەزووشی بوو بۆ خۆهێنانە ئاست سەرکەوتنە ئیمپراتۆرییەکانی بەریتانیا. ئەم ئارەزووە ئەوەندە بە هێزبوو، لەناو نەریتێکی زۆر کۆنی ناکۆکی و دژایەتی ئینگلیزی و فرانسی لە رۆژهەڵات دەردەهات، بە رادەیەک پێدەچوو فرانسا تەواو کەوتبێتە بەر ترسی فانتۆمی ئینگلتەرا لە نیگەرانی خۆی بۆ بەدەستهێنانی هەمان ئاستی ئینگلیزی لە بارەی هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە رۆژهەڵاتەوە هەیە. نزیک لە کۆتایی ساڵانی 1879، کە "کۆمەڵەی ئەکادیمی هیندوچین" ئامانجەکانی دارشتەوە، مەزەندەی وابوو "هیندوچین بهێنێتە ناو بواری رۆژهەڵاتناسی" بۆچی؟ بۆ دروستکردنی "هیندستانێکی فرانسی" لە "کۆچینچین". بۆ سوپاییەکان، نەبوونی خاکێکی کۆلۆنیالی هۆکاری ئەم لاوازییە بوو لە باری


https://t.me/kurdistanbooks

سوپایی و بازرگانی که فرنسا له جەنگی لەگەڵ پرووسیا پیشانیدا، بێجگە لە کەم دەستەڵاتی کۆلۆنیالی درێژخایەن و زۆر روونی لەچاو ئینگلتەرا. یەکێک لە گەورە جیۆگرافیناسەکان "لارۆنسیێر لۆنووریێ" دەیگوت "دەستەڵاتی فراوانخوازی نەژادە رۆژئاواییەکان"، "هۆکارە مەزنەکانی، پێکهێنەرەکانی، کاریگەری لەسەر چارەنووسە مرۆییەکان، لە ئایندە دەبنە بابەتی جوان بۆ مێژوونووسەکان." بەڵام تەنیا ئەگەر نەژادە سپییەکان واز لە مەیلیان بهێنن بۆ سەفەر، کە نیشانەی باڵادەستی رۆشنگەرییانە، ئەوسا دەشێ فراوانخوازی کۆلۆنیالی گەشە بسەنێ.(20)

لە تێزی وەک ئەمە ئەو ئایدیا باوە دێ کە رۆژهەڵات شوێنێکی جیۆگرافیە بۆ چاندن و دروێنە و پاراستن. دەبینین چەندین وێنا لە کشتوکاڵەوە دەرهێنراون و مەبەستێکی سێکسی روون دەگەیەنن. ئەمەش لە تێکستێکی "گابریەل شارم" کە جۆرێکە لەو تێکستانەی بە خەستی ئەمە نیشان دەدا، لەساڵی 1880 نووسراوە:

(لەو رۆژەوەی ئێمە چیتر لە رۆژهەڵات نابین و زلهێزە ئۆروپییەکانی دی لەوێ دەبن، هەموو شتێک بۆ بازرگانی ئێمە لە مێدیترانێ کۆتایی پێ دێ، بۆ ئایندەی ئێمە لە ئاسیا، بۆ هاتووچۆی بەندەرکانمان لە باشوور. **"یەکێک لە سەرچاوە هەرە بە پیتەکانی دەوڵەمەندی نەتەوایەتیمان وشک دەبێ"** (رەشکردنی ئەم رستەی دوای لەلایەن نووسەرەوەیە) یەکێکی دی لە بیرمەندەکان، "لۆروا بۆلیو" لە ئامادەکردنی ئەم فەلسەفەیە هێشتا دوورتر دەڕوا:

(کۆمەڵێک کۆمەڵێکی دی کۆلۆنیزە دەکا کە ئەو خۆی گەیشتۆتە پلەیەکی باڵای پێگەیشتن و هێز، کۆمەڵێکی دیکە دادەهێنێ، دەیپارێزێ، لەناو مەرج و گەشەسەندنی باشی دادەنێ و ئەو کۆمەڵەیە دەگەیەنێتە


https://t.me/kurdistanbooks

سەردەمی پیاوەتی کە لە هەناوی خۆیەوە دەرهاتووە. کۆلۆنیزاسیۆن ئاڵۆزترین و هەستیارترین دیاردەی فیزیۆلۆژی کۆمەڵایەتییە.)

ئەم هاوتاکردنە لە نێوان خۆبەرهەمهێنانەوە و کۆلۆنیزاسیۆن وا لە "لۆروا بۆلیو" دەکا بەرەو ئایدیای کەمێک شووم بچێ، کە هەموو ئەو شتانەی زیندوون لەناو کۆمەڵی مۆدێرن "بە هۆی فرێدانی یان دوورخستنەوەی چالاکییە زۆرەکانی مەزن دەکرێ." بەم جۆرە دەڵێ:

(کۆلۆنیزاسیۆن هێزی فراوانخوازی گەلێکە. دەستەڵاتی خۆ بەرهەمهێنانەوە و زۆرکردنە، گەشە و زۆربوونی لەناو شوێن، ژێردەستەکردنی گەردوونە یان بەشێک لە گەردوون بۆ زمان، داب و نەریت، ئایدیا و یاساکانی ئەو گەلە.) (21)

شتێکی سەرنجڕاکێشە، شوێنی هەرێمە هەرە لاواز و کەم گەشەسەندووەکانی وەک رۆژهەڵات لێرەوە وەک شتێک باسی دەکرێ بەرژەوەندی و چوونەژوورەوە و "تۆدانانی" فرانسای بووێ. بە کورتی واتە کۆلۆنیزاسیۆن. کۆنسێپتە جیۆگرافییەکان بە شێوەیەکی مەجازی و هەقیقی یەکە جیاجیاکان لەناو دەبەن کە بە سنوورەکان گلدراونەتەوە. تەواو بە قەد کەسانی دەسپێشخەر و خاوەن روانگە وەک "فیردیناند دو لێسێپ"، کە پلان و نەخشەی بریتی بوو لە رزگارکردنی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە پەیوەندییە جیۆگرافییەکانیان، لە زاناکانیان، لە کاربەدەستەکانیان، لە جیۆگرافیناسەکانیان و لە نوێنەرانی بازرگانی فرانسی کە چالاکی زۆری خۆیان دەرژاندە سەر رۆژهەڵاتی داوەشاو و مێ. چەندین کۆمەڵەی جیۆگرافی هەبوون، دوو ئەوەندە گرینگتر بوون بە ژمارە و بە ئەندام وەک لەوانەی تەواوی ئۆروپا، رێکخراوی بەهێزی وەک "کۆمیتەی ئاسیای فرانسی" و "کۆمیتەی رۆژهەڵات"، بێجگە لەمەش کۆمەڵەی توێژەرە زانستییەکانیش هەبوو، پێش هەموو شتێک وەک



https://t.me/kurdistanbooks

"کۆمەڵەی ئاسیایی"، کە ڕێکخراو و ئەندامەکانی بە هێزەوە لەناو زانینگەکان، ئەنستیتووەکان، حکومەتەکان بوون. هەر یەکە بە شێوازی خۆی بەرژەوەندییەکانی فرانسای لە ڕۆژهەڵات زیاتر بە هەقیقی و بە جەوهەری تر دەکرد. نزیکەی سەدەیەک لەوەی ئێستە بە تۆژینەوەی پاسیڤی ڕۆژهەڵات دادەنرێ کۆتایی بێ، لە کاتێکدا فرانسا ڕووبەڕووی بەرپرسیارییەکانی خۆی دەبووەوە کە لە سنوورە نیشتمانییەکانی لە ماوەی ئەو بیست ساڵەی دوایی سەدەی نۆزدەم تێدەپەڕی.

لە تاقە بەشی ڕۆژهەڵات کە تێیدا بەرژەوەندییەکانی فرانسی و ئینگلیزی بە مانای وشە دەکەوتنە بەرانبەر یەکتر، خاکی ئیمپراتۆری عوسمانی بوو، کە ئێستە لە گیانەڵادا بوو، هەردوو ڕکابەر ناکۆکی خۆیان بە توندوتۆڵییەکی تایبەتی و بەرچاو تا ڕادەی پوختەیی تێدەپەڕاند. ئینگلتەرا لە میسر و لە مێزۆپۆتامیا بوو، بە هۆی زنجیرەیەک لە پەیماننامەی تەواوێک خەیاڵی لەگەڵ سەردارە لۆکاڵەکان (بێ دەستەڵات)، دەستەڵاتی بەسەر دەریای سوور و کەنداوی فارس و کەناڵی سوێسدا ڕادەگەیشت، بە هەمان شێوە لەسەر زۆرترین بەشی خاک هەر لە دەریای مێدیترانێوە تا دەگاتە هیندستان. چارەنووسی فرانساش، لەولاوە، پێدەچوو لە ئاسمانی ڕۆژهەڵات لە هاتووچووندا بێ، ناوەناوە بێتە خوارەوە بۆ جێبەجێکردنی هەندێ پڕۆژە کە سەرکەوتنی "فێردیناند دو لێسێپ"ی دووبارە دەکردەوە بۆ کەناڵی سوێس، بەشی هەرە زۆری پڕۆژەکانیش بریتی بوون لە پڕۆژەی هێڵی ئاسنین، وەک ئەوەی پێشبینی بۆ کرابوو لەسەر خاکی کەم و زۆر بەریتانی، هێڵی سوریا و مێزۆپۆتامیا. بێجگە لەمەش، فرانسا خۆی وەک پارێزەری کەمایەتییە کریستیانەکانی وەک: مارۆنی، کلدانی، نەستۆری دەبینی.



https://t.me/kurdistanbooks

لەگەڵ ئەمەش فرانسا و ئینگلتەرا ڕێککەوتن، وەک پرەنسیپ، لەسەر پێویستی دابەشکردنی تورکیای ئاسیا، ئەم ساتەش گەیشت. پێش یەکەم جەنگی جیهانی و لە درێژەی ئەم جەنگەش، دیپلۆماتی نهێنی بۆ دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیڕەو کرا، سەرەتا بۆ سفێری کاریگەری دابەشکرا پاشان بۆ ئەو خاکانەی دەکەونە ژێر ماندای (یان داگیرکراو)ی فرانسی و ئینگلیزی. لە فرانسا، بەشێکی گەورەی هەست و سۆزی فراوانخوازی کە لە سەردەمی ڕۆژە خۆشەکانی بزووتنەوەی جیۆگرافی دروست بوو بوو، ئێستە لەسەر دابەشکردنی تورکیای ئاسیا گیرسابووەوە، سەرەڕای ئەمەش لە ساڵی 1914 بۆ ئەم مەبەستە "حەملەیەکی بەرچاو و دیمەنداری پریس خرایەگەڕ".(22) لە ئینگلتەرا کۆمەڵێک کۆمیتە بە دەستەڵاتی تەواو تەرخان کران بۆ تۆژینەوە لە داڕشتنی سیاسەتی بەدواداچوو بۆ دابەشکردنی ڕۆژهەڵات بە باشترین شێوە. هەندێ کۆمیسیۆنی وەک "کۆمیتەی بونسن" ئێکیپێکی فرانسی و ئینگلیزیان پێکهێنا، هەرە ناسراوترینیان ئەوە بوو کە بە سەرکردایەتی مارک سایکس و جۆرج پیکۆ بوو. نەخشە و پلانەکانی ئەمانە دانانی ڕێسایەک بوو بۆ دابەشکردنێکی یەکسانی شوێنی جیۆگرافی بوو: هەوڵیشیان دەدا، هەڵبەت هەوڵی مەبەستدار بۆ ئارامکردنەوەی ململانێی فرانکۆبەریتانی. چونکە، هەروەکو مارک سایکس لە یاداشتێکیدا دەڵێ:

(ڕوون بوو(...) کە ڕاپەڕینێکی عەرەبی درەنگ و زوو بەڕێوەیە و بۆ ئەمەش دەبوایە ئێمە و فرانسییەکان لە پەیوەندییەکی باشدابین ئەگەر ئەم ڕاپەڕینە نەبێتە بەدبەختی لە جیاتی خۆشبەختی.(...)(23)

دژایەتی بەردەوام بوو. ئەو وروژاندنەشی هاتە سەر کە بە کاریگەری پرۆگرامی ئۆتۆسەربەخۆیی نەتەوایەتی "ویدرۆ ویسلن" بوو، کە هەروەکو مارک سایکس خۆی دەبوایە تێبینی بکا، پێدەچوو هەموو ئێسکبەندی نەخشە کۆلۆنیالییەکان و نەخشەکانی دابەشکردن



https://t.me/kurdistanbooks

کە زلهێزەکان بەیەکەوە پێی گەیشتبوون هەڵوەشێنێتەوە. ئێرە شوێنی ئەوە نیە پشکنین بۆ مێژووی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی سەرەتای سەدەی بیستەم بکەین، سەرەڕای ئەو هەموو ئاڵۆزی و گفتوگۆیەی هەڵیگیرساند، چونکە چارەنووس لە نێوان زلهێزەکان و ماڵباتەکانی ناوچەکە بڕیاری لێ دەدرا، حزبە جیاجیاکان و بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان و زایۆنیستەکان بڕیاریان لێ دەدا. ئەوەی راستەوخۆ بۆ ئێمە گرینگە، ئەو چوارچێوە ئیپیستیمۆلۆژیە تایبەتەیە کە روانینی زلهێز و کردەی ئەوانی بۆ رۆژهەلات دیاری دەکرد. سەرەڕای جیاوازییان، ئینگلیز و فرانسییەکان رۆژهەلاتیان وەک یەکەیەکی جیۆگرافی دەبینی (هەروا کولتووری، سیاسی، دیمۆگرافی، سۆسیۆلۆژی و مێژوویی)، پێیانوابوو ئەوان خۆیان لەسەر چارەنووسی ئەم رۆژهەلاتە مافی نەریتییان هەیە چیان بوێ بیکەن. رۆژهەلات بۆ ئەوان، دۆزراوەیەکی لەناکاو نەبوو، وەک رووداوێکی سادە و ساکاری مێژوویی، بەڵکو زۆنێک بوو کەوتبووە خۆرهەلاتی ئۆروپا کە نرخ و بەهای سەرەکی بە شێوەیەکی وەک یەک بە گوێرەی وەزیفەی ئۆروپا پێناسەی بۆ کرابوو، "وردتر وێڕای گونجاندنی تایبەتی لەگەڵ ئۆروپا، لەگەڵ زانستی ئۆروپا، لەگەڵ توێژینەوەی باڵای ئۆروپی، زیرەکی و تێگەیشتن و ئیدارەی ئۆروپی"، هەر ئەم نرخ و بەهایەش بوو وای لە رۆژهەلات کرد کە ئەمڕۆ هەیە. ئەمەش بریتییە لە رۆژهەلاتناسی نوێ، کە تەواوی کرد، سەرەنجام بە ئەنقەست بووبێ یان نا بایەخێکی نیە.

بە گشتی بە دوو مێتۆد رۆژهەلاتناسی لە سەرەتای سەدەی بیستەم رۆژهەلاتی پێشکەش بە رۆژئاوا کرد. یەکەمیان پەیوەندی بە بەکارهێنانی شیمانەکانی پەخشە کە زانستی مۆدێرن هەیەتی: واتە ئامێری پەخش و بڵاوبوونەوەی لەلای توێژەرە زانستییەکان، لە زانینگەکان، لەناو کۆمەڵەی پسپۆڕان، ئۆرگانیزمەکانی تایبەت بە



https://t.me/kurdistanbooks

دۆزینەوە و جیۆگرافیا، دەزگاکانی پەخش و بڵاوکردنەوە. هەموو ئەمە، هەروەکو بینیمان، دەوەستایە سەر ئۆتۆریتێی باڵای پیشەنگەکان وەک: زاناکان، گەڕیدەکان، شاعیرەکان، کە روانینی کەڵەکەبوویان فۆرمێکی بە رۆژهەڵاتێکی جەوهەری داوە، هەرچی دەرکەوتنی دۆکترینالی (بزووتنەوە و رێباز) و دۆکسۆلۆلۆژی (وەک وێرد و زیکرکردن/مەزهەب)-یانەی رۆژهەڵاتە، ئەوەیە کە من ناوی لێ دەنێم رۆژهەڵاتی شاراوە. ئەو کەسانەی پێیان خۆشبوو بانگەوازێک لەبارەی رۆژهەڵات هەر سەنگێکی هەبوایە بڵاوبکەنەوە، رۆژهەڵاتناسی شاراوە توانایەکی دەربڕینی دەدایێ، دەیتوانی بەکاری بهێنێ یان زیاتر ئامادەی بکا و بیخاتە سەر پێ و بیگۆڕێ بۆ گوتارێکی ماقووڵ بۆ بۆنەیەکی کۆنکرێتی چاوەڕوانکراو. بەم جۆرە، کاتێ کە بەلفور لە ساڵی 1910لە پەرلەمان باسی "رۆژهەڵاتی" دەکا، دەبێ بە دڵنیاییەوە ئەم توانای دەربڕینانەی لەناو سەردا هەبووبێ، کە لەناو زمانی قسەکردندا هەبووە و تا رادەیەکی زۆریش لەسەردەمی ئەو ماقووڵ بوونە، ئەمەش رێگەی پێداون ناو لە شتێک بنێن کە پێی دەڵێن "رۆژهەڵاتی" و بتوانێ لەبارەیەوە قسە بکا بێ ئەوەی تەمومژێکی تێدابێ.

بەڵام، وەک هەموو تواناکانی دەربڕین و ئەو گوتارانەی رێگەدەدەن، رۆژهەڵاتناسی شاراوە بە قووڵی کۆنەپارێز بوو، واتە خۆی بۆ خۆپارستن تەرخان کردبوو. لە نەوەیەکەوە دەگوازرایەوە بۆ نەوەیەکی دی، بە قەد ئەوەی بەشێک بوو لە کولتوور بە قەد ئەمەش وەک زمان بەسەر بەشێک لە واقیع دەکرایەوە وەک"جیۆمەتری یان فیزیک". رۆژهەڵاتناسی گرەوی لەسەر بوونی خۆی دەکرد، نەک لەسەر کرانەوە و وەرگرتنی بۆ رۆژهەڵات، بەڵکو زیاتر گرەوی لەسەر توندوتۆڵی ناوەکی خۆی دەکرد، ناوەکییەکی دووبارەبووەوە دەربارەی ویستی هێزی جێبەجێکار لەسەر رۆژهەڵات. بەم شێوەیە،



https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵاتناسی دەیتوانی بەرانبەر بە شۆڕشەکان، جەنگەکانی جیهانی و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆڕەکان بە مانای وشە، درێژە بە خۆی بدا.

میتۆدی دووەم کە بە هۆی ئەمەوە ڕۆژهەڵاتناسی ڕۆژهەڵاتی پێشکەش بە ڕۆژئاوا کردووە بریتییە لە ئەنجامی نزیکبوونەوەیەکی بەرچاو و دیار. بە درێژایی دەیان ساڵ، ڕۆژهەڵاتناسەکان قسەیان لەبارەی ڕۆژهەڵات دەکرد، چەندین تێکستیان وەرگێڕا، چەندین لێکدانەوەیان بۆ شارستانیەکان کرد، بۆ ئایینەکان، بۆ بەرەباب و ماڵباتەکان، بۆ کولتوورەکان، بۆ دەروون و ڕەفتارەکان، وەک بابەتی زانینگەییش (زانکۆیی یان ئەکادیمی) لە نیگای ئۆروپا نادیاربوون بە هۆی بێگانەیی کە لاسایی کردنەوەیان مەحاڵ بوو. ڕۆژهەڵاتناس پسپۆڕێک بوو، وەک ئەرنست ڕێنان یان ئێدوارد لان، کە ئەرکیان لەناو کۆمەڵ لێکدانەوە و شیکردنەوەی ڕۆژهەڵات بووە بۆ هاوولاتیەکانی خۆیان. پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵاتناس و ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندییەکی هێرمینۆتیکی بووە: بەرانبەر بە شارستانیەک یان بەرانبەر بە توحفەیەکی کولتووری، بە ئاستەم روون، توێژەری ڕۆژهەڵاتناس لە ڕێگەی وەرگێڕان، وەسفکردنی دڵگیرانە، تێگەیشتنی لە ناوەوە بۆ ڕەواندنەوەی سەختییەکانی، هەموو تاریکییەکی لادەبرد. لەگەڵ ئەمەش ڕۆژهەڵاتناس لە دەرەوەی ڕۆژهەڵات دەمایەوە، ڕۆژهەڵاتیش هەرچەند لێکدانەوەت بۆ بکردایە لە دەرەوەی ڕۆژئاوا دەمایەوە. ئەم نێوانە کولتوورییە، زەمەنی و جیۆگرافیە بە میتافۆری قووڵایی، نهێنی، قەوڵی سێکسی تەعبیری لێ دەکرا: ڕستەی وەک: "تاراکانی سەر بووکێکی ڕۆژهەڵاتی" یان "ڕۆژهەڵاتی ڕازدار" هاتبووە ناو زمانی قسەکردن.

لەگەڵ ئەمەش مەودای نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە درێژایی سەدەی نۆزدەم تارادەیەک لە کەمبوونەوەدا بوو، ئەمەش وەک



https://t.me/kurdistanbooks

پارادۆکسێک وابوو. کەچی بەیەک گەیشتنە بازرگانییەکان، سیاسییەکان، وجودییەکان بە شێوەیەکی تر لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا زۆرتر دەبن (بەو شێوەیەی تا ئێستە لێمان کۆڵیوەتەوە)، دڵەڕاوکە و نیگەرانییەک لە نێوان دۆگمەکانی رۆژهەڵاتناسی شاراوە و لەگەڵ پشتگیرییەکەی، وەک خوێندنی رۆژهەڵات "کلاسیک" و وەسفی رۆژهەڵاتێکی ئامادە، دیار، باسکراو لەلایەن گەڕیدەکان، حاجییەکان، پیاوانی دەوڵەت،...هتد. گەشەی سەندووە. لە هەندێ وەخت کە مەحاڵە بە وردی دیاری بکرێ، ئەم دڵەڕاوکەیە بۆتە هۆی نزیکبوونەوەی هەر دوو تایپی رۆژهەڵاتناسی، لەوانەیە ئەوسا بەرهەم هاتبێ "ئەمە تەنیا گریمانێکە" کە رۆژهەڵاتناسەکان، هەر لە "سیلڤێستر دو ساسی"یەوە بیگرە، کە راوێژیان لە بارەی رۆژهەڵاتی نوێ چیە پێشکەش بە حکومەتەکانیان کردووە. لێرەوە، رۆڵی پسپۆڕان، لەگەڵ فێربوون و ئەو زانیارییە تایبەتانەی پێیانە، رەهەندێکی دیکە وەردەگرێ: تواندرا رۆژهەڵاتناس بە ئاژانی نهێنی زلهێزە رۆژئاواییەکان دابنرێ، هەڵبەتە لە هەوڵەکانیان بۆ دانانی سیاسەتێک بەرانبەر بە رۆژهەڵات. هەموو گەڕیدە ئۆروپییە زاناکان (ئەوەند زاناش نا) لە رۆژهەڵات هەستیان دەکرد وەک شایەدحاڵێکی رۆژئاوایین کە سەرکەوتوو بوونە بە بن چینە تاریکەکاندا تێپەڕن. ئەمەش راستە بۆ بورتۆن، لان، دووگتی، فلۆبێر و کەسایەتییە سەرەکییەکانی دی کە تۆژینەوەم لەبارەیان کردووە.

دۆزینەوەکانی رۆژئاوا لەمەڕ رۆژهەڵاتی دیار و مۆدێرن هەڵکەوتێکی بلەز و پێویستی وەرگرت کە بەدەستهێنانی خاک لەلایەن رۆژئاوا لە رۆژهەڵات زۆرتربوو. بەم جۆرە، ئەوەی رۆژهەڵاتناسی سەر بە تۆژینەوەی باڵا پێناسەی بۆ دەکا وەک رۆژهەڵاتێکی "جەوهەری"، هەندێجار پێچەوانە دەکەوێتەوە، بەڵام لە زۆر حاڵەتدا، ئەمە دڵنیایی لەسەر کراوە کە رۆژهەڵات بووەتە ئیجبارییەکی هەقیقی.



https://t.me/kurdistanbooks

لەوە دڵنیاین کە تیۆرەکانی کرۆمەر لەبارەی رۆژهەڵاتی (تیۆرەکان لە ئەرشیڤی رۆژهەڵاتناسی نەریتی دەرهاتووە) فرەبەهانەدار کرابوون، لە کاتێکدا ئەو لە واقیعدا حوکمڕانی چەندان ملیۆن رۆژهەڵاتی دەکرد. ئەمەش بە هەمان پلە راستە بۆ ئەزموونی فرانسی لە سوریا و باکووری ئەفریقیا، لەولاشەوە لە هەموو لایەک لە کۆلۆنییە فرانسییە کەمەکان. بەڵام نزیکبوونەوە لە نێوان بزووتنەوەی رۆژهەڵاتناسی شاراوە و ئەزموونی رۆژهەڵاتناسی دیار، هەرگیز بەو شێوە زیاتر نمایشدارە سەریهەڵنەداوە وەک کە (ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی) ئینگلتەرا و فرانسا یەک لە دوای یەک جێگەی یەکتریان دەگرتەوە بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی تورکیا. لێرەوە، راکشاو لەسەر تەختی نەشتەرگەری،"پیاوە نەخۆشەکەی ئۆروپا" هەموو لاوازی و خەسڵەتە تایبەتەکان و تۆپۆگرافییەکەی خرانەڕوو.

رۆژهەڵاتناس بە زانین و ناسینە تایبەتییەکانی خۆی، لەناو ئەم نەشتەرگەرییە رۆڵێکی گرینگ و لە نەرخ نەهاتووی گێڕاوە. ئەم رۆڵە گرینگە لە جۆری ئاژانی نهێنی لە ناوەوەی رۆژهەڵات، پێشتر پێشنیاری بۆ کرابوو کە توێژەری زانستی ئینگلیزی "ئێدوارد هێنری پالمێر" ساڵی 1882 نێردرابووە ناوچەی "سینای" بۆ زانینی رادەی هەست و روانینی دژ بە ئینگلیزەکان و شیمانەی بەکارهێنانی بۆ خزمەتی شۆڕشی عەرابی. پالمێر لە درێژەی ئەم ئۆپەراسیۆنەدا کوژرا، بەڵام ئەو لە هەموو ئەوانی تر بەدبەختر بوو کە هەمان خزمەتیان پێشکەش بە ئیمپراتۆڕی کردبوو، لێرە بە دواوە کارەکە گرینگ و سەخت بوو، بۆیە بەشێکی خرایە ئەستۆی "شارەزا"ی ناوچەیی. بێگومان بێ هۆ نیە کە رۆژهەڵاتناسێکی وەک "د.گ.هۆگارت" نووسەری سەربردەی بەناوودەنگی دۆزینەوەی دوورگەی عەرەبی بەناوی "چوونەناو دوورگەی عەرەبی"(1904)(24)، بۆ ئەم کارە هەڵبژێردرا و کرایە سەرۆکی



https://t.me/kurdistanbooks

بیرۆ له قاهیره، له ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی. هەڵبەت بە ڕێکەوتیش نیە کە پیاوان و ژنانی وەک "گێرترود بێل"، "ت. ئی. لۆرەنس" و "سان جۆن فیلبی"، کە هەموویان شارەزابوون لە مەسەلەی ڕۆژهەڵات، هەموویان وەک ئاژانی ئیمپراتۆری پۆستیان لە ڕۆژهەڵات هەبوو، هاوڕێی ڕۆژهەڵات بوون، نێردرابوون بۆ داڕشتنی سیاسەتی گۆڕینەوە، چونکە ئەم شارەزایانە زانین و ناسینێکی زۆر نزیک و قووڵ و پسپۆڕانەیان هەبوو لەبارەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتییەکان. ئەوان "باند"ێکیان پێکدەهێنا "هەروەکو چۆن جارێک لۆرەنس وای گوت"، بیری دژەبەیەک و پێکچوونی کەسیی ئەمانەی کۆدەکردنەوە: فەردییەتێکی زۆر بەهێزیان هەبوو، هەست و سۆز و بەرجەستەبوونێکی سروشتی تا رادەی یەکگرتنیان لەگەڵ ڕۆژهەڵات تێدابوو، پەیامی تاکەکەسیی خۆیان لەوانی دی دەپاراست، ڕەسەنایەتیەکی کولتووری جوانیان تێدابوو، دواجاریش بڕیار و حوکمیان لە سەر ڕۆژهەڵات دەدا. بۆ گشتیان، ڕۆژهەڵات ئەزموونێکی ڕاستەوخۆ و تایبەتی بوو. سەرەنجام لەلای ئەمانەیە کە ڕۆژهەڵاتناسی و هونەری بەکارهێنانی ڕۆژهەڵات بە سەرکەوتوویی گەیشتە فۆرمی هەرە باڵای خۆی پێش ئەوەی ئیمپراتۆری بزر بێ و میراتی خۆی بداتە دەست کاندیدای دی خاوەن ڕۆڵی زلهێزانەی باڵادەست.

ئەم ڕۆژهەڵاتناسانە کە باوەڕیان بە فەردییەت هەبوو، کەسانی ئەکادیمی نەبوون، دواتر دەبینین ئەمانە سوودیان لە خوێندنی ڕۆژهەڵاتی زانکۆکان وەرگرتووە بێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک سەر بە کۆمەڵەی ڕەسمی و پیشەیی ڕۆژهەڵاتناسەکان بن. لەگەڵ ئەمەش ڕۆڵی ئەمانە، نە نەفرەتکردن بووە لە ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمی نە خراپ کردن، بەڵکو بەخشینی کاریگەری بووە پێی. لەناو ئەمانە، هەندێ لەوانەی نەوەی یەکەمیش هەن وەک ئێدوارد لان و ڕیتشارد


https://t.me/kurdistanbooks

بورتۆن، نەک هەر لەبەرئەوەی ئەمانە خۆیان خۆیان فێری خوێندەواری کردووە و دواتر بوونەتە خاوەن زانینێکی ئەنسکلۆپیدیایی، بەڵکو هێشتا بۆ زانین و ناسینی تا رادەیەک وەک توێژەری باڵای رۆژهەڵات کە لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ رۆژهەڵات پیشانیان دابوو. لە خوێندن لە چوارچێوەیەکی زانینگەیی یان زانکۆیی لەمەڕ رۆژهەڵات، بە جۆرێک لە ئامادەکردنی رۆژهەڵاتناسی شاراوە جێگەیان پڕ کردبووەوە، کە ئەمە بۆ ئەوان دەست پێگەیشتنی ئاسان بووە لەناو کولتووری ئیمپریالی لە سەردەمی خۆیان. چوارچێوەی سەرچاوەی ئەوان وەک توێژەری باڵا لەلایەن کەسانی وەک "ویلیەم مویر، ئەنتۆنی بێڤان، د. س. مارگۆلیووت، شارل لایال، ئی. گ. براون، ر. ئا. نیکلسن، گی لۆ سترانژ، ئی. د. رۆس، تۆماس ئارنۆلد"، داڕێژرابوو، ئەمانەش هەموویان نەوەی راستەوخۆی دوای ئێدوارد لانن. روانگەی خەیاڵییان بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن هاوسەردەمی خۆیان کەسایەتی بێوینە "رویارد کیپلینگ" پێشکەش کرابوو، کە بە شێوەیەک لەیاد نەکرێ بە جوانی گوتبووی: "باڵادەستبوون بەسەر دارسنۆبەر و دارخورما" لە یەک کاتدا.

جیاوازی لە نێوان ئینگلتەرا و فرانسا لەبارەی ئەم ماتریالانە، بە پوختی و تەواوی لەناو هێڵی مێژووی هەر دوو وڵات بوو لە رۆژهەڵات: ئینگلتەرا لەوێ ئامادە بوو، هەرچی فرانسایە لۆمە و سەرزەنشتی خۆی دەکرد کە هیندستان و وخاکەکانی لە دەستچووە. لە کۆتایی سەدە، چالاکییەکانی فرانسا بە تایبەتی لەسەر سوریا گیرسانەوە، بەڵام، لەم ئاستەش، لەسەر ئەوە هاوڕابوون کە فرانسییەکان نەیاندەتوانی بگەنە ئاستی یان هاوتای ئینگلیزەکان بن، نە بە هۆی چلۆنایەتی کەسایەتیەکانیان، نە بە ئاستی کاریگەری سیاسییان. پێشبڕکێی فرانسی و ئینگلیزی لەسەر تەرمی ئیمپڕاتۆری عوسمانی، ئەوەندە گەورە بوو، لە گۆڕەپانی جەنگ، لە حیجاز و


https://t.me/kurdistanbooks

سوریا و میزۆپۆتامیا هەستی پێدەکرا، بەڵکو لە هەموو لایەکەوە، هەر بەو شێوەیەی پیاوانی بلیمەتی وەک "ئیدمۆند بێرمۆند" تێبینیان کردبوو، ڕۆژهەڵاتناسە فرانسییەکان و شارەزا لۆکالییەکان لە زیرەکی و لە مانۆڤەری تاکتیکی لە خوارەوەی هاوتا بەریتانیاکانیان بوون. (25)

بێجگە لە هەندێ بلیمەتی فرانسی وەک "لوی ماسینیۆن"، فرانسییەکان نە کەسانی وەک لۆرەنس، نە وەک مارک سایکس نەک وەک گێرترود بێل-ی فرانسیان نەبوو. بەڵام فرانسیەکان کەسانی ئیمپریالیستی زۆر باوەڕداریان هەبوو وەک "ئێتیەن فلاندا" و فرانکلین بوویۆن". لە کۆنفرانسێک لە "Alliance Française de Paris" ئیمپریالیستێکی برووسکە ئاسا "کۆنت دو کرێساتی" لە ساڵی 1913 گوتی: سوریا ڕۆژهەڵاتی تایبەتی فرانسایە، شوێنی بەرژەوەندییە سیاسییەکان و ئەخلاقییەکان و ئابوورییەکانی فرانسایە، بەرژەوەندییەکان دەیگوت، دەبێ بەرگری لێ بکرێ لەم "سەردەمی هێرشی ئیمپریالیستانە"یە، لەگەڵ ئەمەش "کۆنت دو کرێساتی" تێبینی ئەوەی دەکرد، سەرەڕای ئامادەگی فرانسی بەهێزی بازرگانی و پیشەسازی لە ڕۆژهەڵات، سەرەڕای زۆرترین خوێندکاری زمانی فرانسی لە قوتابخانە فرانسییەکان لە ڕۆژهەڵات، فرانسا بێ هیچ گۆڕانێک وەلادەنرا، هەڕەشەی لێدەکرا، نەک هەر لەلایەن ئینگلتەرا، بەڵکو لەلایەن ئوتریش (نەمسا) ئەلمانیا و رووسیا. ئەگەر فرانسا درێژە بەوە بدا و ڕێگە لە "ئیسلام بگرێ بگەڕێتەوە"، باشترە ئەوسا ڕۆژهەڵاتی لەناو دەستدا بێ، ئەمەش ئەو ئەرگیومەنتە بوو کە کۆنت دو کرێساتی پێشنیاری کردبوو بە پشتگیری سێناتۆر "پۆل دوومێ".(26) ئەم پێگەیەش لە گەلێک بۆنە دووبارە کرایەوە، فرانساش توانی بە باشی کاروباری خۆی لە ئەفریقیای باکوور و لە سوریا پاش جەنگی یەکەمی جیهانی تێپەڕێنێ، بەڵام فرانسییەکان


https://t.me/kurdistanbooks

بەردەوام ئەو هەستەیان هەبوو کە ئیدارەی تایبەتی و بەرجەستەی دانیشتوانانی رۆژهەڵاتی کە سەر بە مێژوو و خاکێکن لە رووی تیۆرییەوە سەربەخۆن، شتێک بوو بەسەریاندا تێپەڕی، لە کاتێکدا ئینگلیزەکان هەمیشە توانیبوویان بەسەریدا سەرکەون.

دواجار، لەوانەیە ئەو جیاوازییەی هەمیشە لە نێوان رۆژهەڵاتناسی مۆدێرنی ئینگلیزی و رۆژهەڵاتناسی مۆدێرنی فرانسی هەیە، پەیوەندی بە سیستەمی شێوازەوە هەبێ، ئەنجامی بەگشتیکردنەکان لەسەر رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتییەکان، پاراستنی هەستی جیاوازی لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، ئارەزووی باڵادەستی رۆژئاوا لەسەر رۆژهەڵات، هەموو ئەمانە وەک یەکن لەناو نەریتی رۆژهەڵاتناسی فرانسی و ئینگلیزی. لەنێو زۆرێک لە خەسڵەتە دیار و تایبەتییەکانی شارەزا، یەکێک لە هەرە بەڵگەنەویستەکان کە دەبێ هەبێ ئەویش شێوازە، کە ئەنجامی بارودۆخی دەرەکی تایبەتە، وەک کەوتنە بەر کاریگەری نەریتی دامەزراوەکان، ئیرادە و زیرەکی، بە چەشنێک پێت بگا لە شێوەی فۆرمێکی دیاریکراو. ئێستەش دەبێ سەرنجی ئەم قەرار و ئەم دلۆپاندنەی مۆدێرنیزاسیۆنە بدەین کە لە رۆژهەڵاتناسی سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئینگلتەرا و لە فرانسا پێمان دەگا، کە لەمەودوا باسی دەکەین.


https://t.me/kurdistanbooks

# 2

# شێواز، توانایی، روانگەی پسپۆڕ، ڕۆژهەڵاتناسی لەناو جیهان

مرۆی سپی لەلای "رویارد کیپلینگ" لەناو گەلێ دارشتن و سلۆگاندا هەیە، بۆ ئەوەی وەک کەسایەتیەکی خەیاڵی و تەوسبار بکەویتەوە، لە گەڵێک شیعر و لە رۆمانی "کیم" دەردەکەوێ. پێدەچی بۆ ئینگلیزەکان لە درێژەی دانیشتنیان لە وڵاتانی بیانی زۆر سوودی هەبووبێ. بە رەنگی پێستیان بە شێوەیەکی بەرچاو و دڵنەواکار، لەناو ئەو دەریا خەڵکەی رەسەنی ناوچەکە دەناسرانەوە، بەڵام کە ئینگلیزێک لەناو هیندییەکان، ئەفریقییەکان یان عەرەبەکان کە هاتووچۆی دەکرد بە دڵنیاییەوە دەیزانی سەر بە زانین و ناسینێکە، دەیزانی سەر بە نەریتێکی درێژی بەرپرسیارییە بەرانبەر بە نەژاد و رەنگەکان و دەتوانێ پشت بە یەدەگی تەجریبی و روحی ئەم نەریتە ببەستێ. بێگومان لەبارەی ئەمەیە، لەبارەی شکۆمەندی و سەختییەکانە کە کیپلینگ قسە دەکا، کە ستایشی ئەو "رێگە"یە دەکا کە مرۆی سپی لەناو کۆلۆنییەکان گرتوویەتی:


https://t.me/kurdistanbooks

ئەمەش ئەو ڕێگەیەی مرۆ سپییەکان دەیگرن

کە دەچن وڵاتێک پاک بکەنەوە

لە بن پێیان ئاسن هەیە و لەسەر سەریسشیان گەڵاکان

لە لای چەپ و لەلای ڕاست هەڵدێر

ئێمە بەم ڕێگەیەدا چووین، لەناو با و باران

ئەستێرەش ڕابەرمان بوو

ئاه ! باشترە بۆ جیهان کە مرۆی سپی پێشدەکەوێ

لەسەر ڕێگە گەورەکانیان، شان بەشان دەڕۆن.

"پاک کردنەوەی وڵاتێک" مرۆی سپی (یان پیاوانی سپی) بەیەکەوە باشتری دەکەن، بە هەستیاری، ئاماژەیە بۆ مەترسی ململانێیەک لە نێوان ئۆروپییەکان لە کۆلۆنییەکان: چونکە، ئەگەر نەتوانن سیاسیەتی خۆیان لەگەڵ یەکتری بگونجێنن، پیاوانی سپی کیپلینگ ئامادەن شەڕ بکەن: "ئازادی بۆ ئێمە و ئازادی بۆ کوڕەکانمان، نەبوونی ئازادی واتە جەنگ". لە پشت ئەو ماسکەی سەرکردایەتی کە ڕوخسار پڕە لە ئەوین، پیاوی سپی (یان مرۆی سپی) هەمیشە ئامادەیە هێز بەکاربهێنێ، بکوژێ و بکوژرێ. ئەوەی کە شەرەفیش دەداتە ئەم میسیۆنە، هەندێ دڵسۆزی و خۆتەرخانکردنی ڕۆشنگەریانەیە: ئەو مرۆڤێکی سپییە بەڵام نەک بە مەبەستی سادەی قازانج، چونکە "ئەستێرەی ئەو" لەوانەیە لەسەرەوەی قازانجی زەمینیانە بووەستێ. گەڵێک پیاوی سپی بە دڵنیاییەوە زۆرجار لە خۆیان پرسیووە بۆچی لەسەر ئەم "ڕێگەیە لەناو با و باران" خەبات دەکەن. ئەوان



https://t.me/kurdistanbooks

پەشۆکابوون کە بینیبوویان ڕەنگی پێستیان ستاتو (قەوارە)یەکی ئۆنتۆلۆژی (بوونناسی) باڵایان دەداتێ، هاوکات لەگەڵ دەستەڵاتێکی مەزن لەسەر بەشێکی باشی جیهان، پڕ لە دانیشتوان. دواجار، لەگەڵ ئەمەش پیاو یان مرۆیەکی سپی بیت، بۆ رویارد کیپلینگ و بۆ ئەوانەش کە ئەو کاریگەری لەسەر بۆچوون و ڕەوانبێژییان هەبووە، مەسەلەیەک بووە پەیوەندی بە ئۆتۆدڵنیاییەوە هەبووە. دەبین بە مرۆی سپی چونکە پێشتر مرۆی سپی بووینە، لەمەش گرینگتر کە "ئەو پەرداخە دەخواتەوە" ئەو ژیانە دەژین کە قەدەر تێیدا ناگۆڕێ "لە ڕۆژانی مرۆی سپی"، وەختی تەواو نادۆزرێتەوە بەشی هیچ رامان و بیرکردنەوەیەک بکا لەبارەی هۆکارەکان و لۆژیکی مێژوویی. (...)

لەبەرئەوەی پیاوی سپی، وەک ڕۆژهەڵاتناس، کە لە زۆر نزیکەوە لەگەڵ ئەو بەربەستانە دەژیا کە ڕێگەی دەدا مرۆ ڕەنگ جیاوازەکان دووربخاتەوە، پێیوابوو لەسەری پێویستە پێناسە و پێناسەکردنەوەی ئەو بوارە بکاتەوە کەلەبەر چاویەتی. چەندین تێکستی وەسفکردن بە گێڕانەوە، جێگەی خۆیان بۆ تێکستی دیکەی پێناسەکردن و حوکمدانی داڕێژراو کە سەربردە و گێڕانەوەکەی دەپچڕی: ئەمەش شێوازی نووسینی تایبەتی ڕۆژهەڵاتناسە شارەزاکانە، کە ماسکی پیاوی سپییان دەپۆشی کە کیپلینگ وێنەی کێشابوو. بەم جۆرە "ت.ئی.لۆرەنس" بۆ "ڤ. و. ریشاردز" دەنووسێ:

(...) عەرەبەکان ئەندێشەی منیان داگیرکردبوو. ئەمەش شارستانی کۆنە کۆن، کە خۆی پاک و بێگەرد کردۆتەوە بە هۆی دوورخستنەوەی خوداوەندەماڵییەکان و نیوەی جوانکارییەکان کە شارستانی ئێمە هەڵپەیەتی خۆی بکاتە خاوەنی. ئینجیلی نەداری بەرانبەر بە شتە ماددییەکان شتێکی گونجاوە، بەڵام پێدەچێ جۆرێک لە نەداری ئەخلاقیشی بەدوادا بێ. ئەم خەڵکە تەنیا بیر لە ئێستە دەکەنەوە، ڕەنج دەدەنە خۆیان بە ئاسانی بەناو ژیاندا تێپەڕن، بێ


https://t.me/kurdistanbooks

ئەوەی هیچ شتێکیان هەبێ خەمی لێ بخۆن یان پێیدا هەڵگەڕێن. لە ڕاستیدا بەشێکی بریتییە لە ماندووبوونی دەروونی و مۆرالی، ئیتر ئەوان نەژادێکن ماندوون، بۆ خۆلادان لە کێشە و گرفت ناچارن قورسایی زۆر شت ،کە ئێمە پێمانوایە فەخر و شانازی و گرینگە هەمانبێ لەسەر خۆیان سووک دەکەنەوە، لەگەڵ ئەمەش بێ ئەوەی من لەگەڵ ڕوانینی ئەوان بم، لەو باوەڕەدام دەتوانم تەواوێک تێیان بگەم لە پێناوی هەستکردن بە خۆمان و بینینی خۆم و بێگانەکانی دی، لەو گۆشەیەی کە ئەوانیش ئێمە دەبینین بێ ئەوەی حوکممان لەسەر بدەن: من ناتوانم حوکمیان لەسەر بدەم و بڵێم ئەوان لە خوارەوەی ئێمەن، بە هەمان شێوە ناتوانم خۆم وا لێ بکەم بە شێوەی ئەوان بژیم.) (28) ڕوانگەیەکی لەم جۆرە سەرەڕای جیاوازی بابەتی تۆژینەوە لەم تێبینییانەی گێرترود بێڵ دا دەبینرێ:

(چەندان هەزاران ساڵ ئەم هەڵکەوتەی شتەکان بەردەوام بوو (واتە ئەو هەڵکەوتەی عەرەبەکان تێیدا دەژین:هەڵکەوتی جەنگ)، ئەوانەی لە تۆمارە هەر کۆنەکان دەکۆڵنەوە کە سەحرای زۆر کۆن پێشەکشی کردووین پێمام دەڵێن، چونکە ئەم هەڵکەوتە هەر لە کۆنەوە هەبووە و بینراوە، بەڵام، بە درێژایی ئەو هەموو سەدانە، عەرەبەکان هیچ ئەزموونێکیان نەبووە و فێری هیچ نەبوونە. هەچ کاتێک لە ئەماندا نەبوونە، لەگەڵ ئەمەشدا بەو شێوەیە خۆیان پیشاندەدەن وەک ئەوەی ئەمان نانی ڕۆژانەیان بێ.)(29)

وەک لێکدانەوەیەک دەتوانین ئەم تێبینیانەشی بخەینە سەر کە ئەم جارە لەبارەی ژیانە لە شاری دیمەشق:

(لێرەوە بە ئاستەم هەست دەکەم بزانم مانای شارستانی لە شارێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی چیە، خەڵکەکەی چۆن دەژین، بیر لە چی دەکەنەوە، خۆم لەگەڵ ئەوان گونجاند. لەو باوەڕەدام بوونم وەک


https://t.me/kurdistanbooks

ئینگلیزێک زۆر یارمەتیم دەدا.(...) ماوەی پێنج ساڵە ئێمە پایەمان لە جیهاندا بەرزبۆتەوە. جیاوازیمان زۆر روونە. لەوباوەڕەشدام بەشی هەر زۆری دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنی حکومەتەکەمان لە میسر (...). شکانی رووسیاش گرینگە و حسێبی بۆ دەکرێ، پێموایە سیاسەتی بەهێزی "لۆرد کورزۆن" لە کەنداوی فارس و لە سنوورەکانی هیندستان هێشتا حسێبی زۆرتری بۆ دەکرێ. تەنیا ئەو کەسەی رۆژهەلات دەناسێ دەتوانێ باش تێبگا چۆن ئەم هەموو شتە بەیەکەوە خۆڕادەگرن. لەو بڕوایەشدام درێژدادڕییەکی ئەوتۆی تێدا نیە بڵێم ئەگەر ئینگلیزەکان لە دەروازی کابول پاشەکشەیان پێ بکرایە ئەوسا لە شەقامەکانی دیمەشق توریستە ئینگلیزەکان روخسارێکی دەم بە خەندەیان نەدەبینی.)(30)

لێرەوە، راستەوخۆ دەبینین کە واژەی وەک "عەرەب" یان "عەرەبەکان" خەسڵەتێکیان هەیە جیایان دەکاتەوە و دەیانناسێنێ و توندوتۆڵییەکی گشتییان پێدەبەخشێ، بە رادەیەک ئەم توندوتۆڵییە هەموو پاشماوەیەکی "عەرەب" وەک تاکەکەس دەسڕێتەوە مێژوویێکی کەسیی هەبێ بتوانین بیگێڕینەوە. ئەوەی خەیاڵی لۆرەنسی داگیرکردبوو، روونی و سازگاری عەرەب بوو، لە یەک کاتدا وەک وێنا و وەک فەلسەفەیەک (یان هەڵوێستێک) بۆ ژیان: لە هەردوو حاڵەتدا، لۆرەنس کە لە عەرەب نزیک دەبێتەوە لە روانگەی یەکێک دەڕوانێتە عەرەب کە خۆی عەرەب نیە، لە روانگەی یەکێک دەڕوانێ کە سادە و ساویلکەیی و سەرەتایی عەرەب شتێکە لەلایەن چاودێرێکەوە پێناسە کراوە، ئەمەش مرۆی (یان پیاوی) سپییە لێرە. لەگەڵ ئەمەش روونی و سازگاری عەرەب، زیاتر بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ روانینی بیزانسی شاعیر "ییتس" یەکدەگرێتەوە:



https://t.me/kurdistanbooks

,Flames that no faggot feeds, flint nor steel has lit

Nor storm disturbs, flames begotten of flame

Where blood-begotten sprits come

And all complexities of fury leave

ئەو بڵێسەی نە پێویستی بە پۆڵایە نە بە دار

کە هیچ بایەک تێکی نادا بڵێسەی کچی بڵێسە

گیانە خوێناویەکان لە کوێ دێن

کە تۆقین و ئاڵۆزی خۆیان جێدەهێڵن. (31)

ئەوە بە جێگیری عەرەب دەبەستێتەوە وەک ئەوەی عەرەب نەکەوتبێتە بەر هەڵکشانی کاریگەری ئاسایی مێژوو. بە شێوەیەک دژیەک، پێدەچێ عەرەب بۆ لۆرەنس لەناو بەردەوامی زەمەنی خۆی ماندوو بووبێ یان لەناو چووبێ، بەم جۆرە چاخی گەورە و درێژی شارستانی عەرەب وایکردووە عەرەب سازگار و روون بێتەوە، تا ئەو ئاستەی تەنیا سیفەتە جەوهەرییەکانی ماونەتەوە، لەم



https://t.me/kurdistanbooks

پرۆسەیەش لە رووی مۆراڵەوە ماندوو بووە. ئەوەی بۆمان ماوەتەوە، ئەوا عەرەبەکانی "گێرترود بێڵ"ن: چەندان سەدەی پڕ لە ئەزموون بەڵام بێ حیکمەت. کەواتە، وەک یەکەیەکی بە کۆمەڵ، عەرەبەکان نە خەستبوونەوەیەک لەمەڕ بوون نە خەستبوونەوەیەکی سیمانتیکیشیان کەڵەکە نەکردووە. وەک خۆیان هەمان شت ماونەتەوە، جگە لەو روونی و سازگاریە ماندووەی لەسەرەوە لۆرەنس باسی کردووە، لەمسەر بۆ ئەوسەری "ئەو تۆمارانەی سەحرای زۆر کۆن پێشەکشی کردووین". ئێمە دەبێ گریمانی ئەوە بکەین، ئەگەر عەرەبێک دڵخۆش بێ، یان هەست بە خەمباری بکا بە هۆی مردنی منداڵێکی یان باوکی، ئەگەر هەست بە عەداڵەت یان ستەمی سیاسەت بکا، ئەوا ئەم هەستانە هەڵکەوتێکی بە پێویست لابەلایان هەیە، چونکە دەکەونە ژێر باری ئەو هەقیقەتە رووتە کە ئەو عەرەبێکە ئیتر.

ئەم هەڵکەوتەش وەک حاڵەتێکی سەرەتایی لە یەک کاتدا بە دوو پلان هەیە: "پلانی پێناسەکردن" کە کەمکەرەوە یان بچووککەرەوەیە (بە گوێرەی روانینی لۆرەنس و گێرترود بێل) دووەم پلانی واقیع. ئەم بەیەکگەیشتنە رەهایە بەیەکگەیشتنێکی سادە نیە. پێش هەموو شتێک، تەنیا لە دەرەوە دەتوانرێ جێبەجێ بکرێ، بە فەزیلەتی واژە و ئامێرە ئێپیستیمۆلۆژییەکان، ئەمە وەک ئەوانی تر، تایبەتن بە گەیشتن بە دڵی شتەکان و خۆلادان لەو تێکشکانانەی هۆکارەکانیان رووداو، بارودۆخەکان یان ئەزموونن. پاشان، بەیەکگەیشتن هەقیقەتێکە تەنیا ئەنجامی مێتۆد و نەریت و سیاسەتە وەک چالاکییەکی هاوبەش لەلایەن هەمووانەوە. هەر یەکێک لەم پلانانە هەندێ شێوەی جیاکاری نێوان تایپی "رۆژهەڵاتی" و "سامی"و "عەرەب" و "رۆژهەڵات" و واقیعی مرۆی ئاسایی دەشارنەوە "رازی رام نەکراو لەسەر ئەرزێکی گیانەوەری" شاعیر "ییتس"، کە هەموو مرۆڤایەتی لەسەری دەژین. بۆ



https://t.me/kurdistanbooks

توێژەرەوە، یەکێک وەک "ڕۆژهەڵاتی" دیاری کرابێ، هەمان شتە وەک هەر کەسێک یان تاکێکی ڕۆژهەڵاتی کە دەشێ بیناسین. چەندان ساڵی نەریت هەندێ ڕەونەقی شەرعیەتیان داوەتە گوتاری هەندێ کێشەی وەک سامیایی (واتە سامی بوون) یان ڕۆژهەڵاتی. مانای دروستی سیاسیش ئەوەمان فێر دەکا کە لەناو جوانترین ڕستەی گێرترود بێل لە ڕۆژهەڵات "هەموو خۆڕاگرن". کەواتە سەرتاییبوون (دواکەوتوویی) لە ڕۆژهەڵات شتێکە ڕەگ و ڕیشەی هەیە، ئەمەش ڕۆژهەڵات خۆیەتی، ئەمەش ئایدیایەکە هەموو ئەوانەی کاری لەبارەوە دەکەن دەبێ بۆی بگەڕێنەوە وەک چۆن دەگەڕێنەوە بۆ سەنگی مەحەک کە تەمەن درێژترە لە زەمەن و لە ئەزموون.(...).

کاریگەری سیستەمێکی سەرچاوەیی (مرجع) لەم جۆرە کە بە هۆی ئەمەوە هەموو نموونەیەکی شاراوەی ڕەفتاری هەقیقی دەتواندرێ بگەڕێندرێتەوە بۆ ژمارەیەکی بچووکی کاتیگۆری شیکەرەوەی "ڕەسەن" لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم شتێکی گەورە بوو. ئەمەش بۆ ڕۆژهەڵاتناسی لەناو دەزگاکانی حکومەت هاوتای بیرۆکراسی بوو. دەزگاکان بەسوودتر بوون لە دۆسیەی تاکەکەس، مرۆش بە دڵنیاییەوە بەو مانا سەرەکییە دەهات فرسەتێک بێت بۆ دۆسیەیەک. دەبێ وا بێنینە بەرچاومان کە ڕۆژهەڵاتناس لە شوێنی خۆی لە بیرۆیەک لە شێوەی کاربەدەستێک لە کاردایە و کۆمەڵێک دۆسیەی جۆراوجۆر لەناو دۆلابێک ڕێکدەخات لەسەری نووسراوە "سامییەکان". لەگەڵ دۆزینەوە نوێیەکان لە بواری ئەنترۆپۆلۆژی کۆمەڵەی خەڵکی سەرەتایی و لە بواری ئەنترۆپۆلۆژی بەراوردکاریش، زانا و توێژەرێکی وەک "ویلیەم ڕۆبێرتسۆن سمیت" دەیتوانی وەک گروپێک لەبارەی دانیشتوانانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کار بکا، وەسفی سیستەمی بەرەبابی و خزمایەتی و داب و نەریتی مارەیی و ژنهێنانیان بکا، فۆرم و ناوەڕۆکی داب و نەریتی ئایینیان



https://t.me/kurdistanbooks

باس بکا. کاری سمیت هێز و توانای خۆی لەوەوە دێنێ کە لێکۆڵینەوەکەی لەسەر بنچینەی "داماڵینی سیفەتی میتۆلۆژی Démythologisation" سامییەکان بووە بە شێوەیەکی روون و زبر. لابردنی تەواوی بەربەستە "ناو"ییەکان کە ئیسلام یان جودایزم پێشکەش بە جیهانی دەکەن: سمیت فیلۆلۆژی و میتۆلۆژی سامییەکان خۆیان بەکاردەهێنێ، لێکۆڵینەوە باڵاکانی رۆژهەڵاتناسان بەکاردەهێنێ بۆ "بنیاتنانی(...) وێنایەکی ئیفترازی لەمەڕ گەشەسەندنی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان بە چەشنێک گونجاو بێ و یەکبگرێتەوە لەگەڵ هەموو هەقیقەتێکی عەرەبەکان". ئەگەر ئەم وێنایە بتوانێ پەردە لەسەر ئەوە هەڵماڵێ کە رەگ و ڕیشەی مۆنۆتایزم (یەکتاپەرستی) کە بۆ رابردوو دەگەڕێتەوە بەڵام کاریگەری خۆیان هەر پاراستووە، لەناو تۆتۆمیزم یان نەریتی پەرستنی گیانەوەران بدۆزرێتەوە، واتە توێژەرەکە لە کارەکەی خۆی سەرکەوتووبووە. لەم بارەشەوە سمیت دەڵێ سەرەڕای ئەوەی کە "سەرچاوە محەمەدییەکان هەتا پێیان بکرێ وردەکارییەکان لەبارەی بت پەرستی دەشارنەوە."(32).

سمیت لە کارەکەی لەسەر سامییەکان کۆمەڵێک بوار دەکاتەوە وەک تیۆلۆژی، ئەدەب و مێژوو، سمیت لە نووسینی کتێبەکەی تەواو بەرانبەر بە کاری رۆژهەڵاتناسەکانیش بە ئاگابوو (ببینن، بۆ نموونە، بە چ درەندەییەک ساڵی 1887 رەخنە لە کتێبی"مێژووی گەلی ئیسرائیل"ی ئەرنست رێنان دەگرێ)، ئەوەش کە زۆرتر گرینگە، بە چەشنێک نەخشەی کتێبەکەی داڕشتووە یارمەتی سامیناسە مۆدێرنەکان بدا تێبگەن. چونکە سمیت لەو بڕوایەدام ئەڵقەیەکی سەرەکییە لە زنجیری رۆشنگەری کە مرۆی سپی وەک پسپۆڕ و شارەزایەک بە رۆژهەڵات دەبەستێتەوە. ئەو زانستەی بەش بەش و پار پار لۆرەنس، هۆگارت و گێرترود بێل و ئەوانی دی وەک شارەزا و پسپۆڕ لە کێشەی رۆژهەڵات پێشکەشیان دەکرد، بێ سمیت مەحاڵ



https://t.me/kurdistanbooks

بوو. سمیت خۆیشی، وەک زانایەکی ئارکیۆلۆژی نیو ئەوەندە دەستەڵاتی نەدەبوو ئەگەر ئەم ئەزموونە زیادەکیەشی لە بارەی "هەقیقەتە عەرەبییەکان" نەبوایە. سمیت هەر زوو لە کاتیگۆرییە سەرەتاییەکان "گەیشت"، لە هەمان کات توانای ئەوەشی هەبوو راستییە گشتییەکان لە پشت ئاوارەبوونی کردەکی رەفتاری رۆژهەڵاتی سەردەمەکەی خۆی ببینێ: ئەم پێکهاتەیەش دوو قورسایی دەداتە نووسینەکانی. بێجگە لەمە، ئەزموونی سمیت رەشنووسێک بوو لەمەڕ شێواز کە لۆرەنس، گێرترود بێل و فیلبی ناووبانگی خۆیان وەک پسپۆڕ لەسەری بنیاتنابوو.

سمیت لە نێوان 1880 بۆ 1881 لە حیجاز بوو، هەروەکو ریتشارد بورتۆن و شارل دوگتی پێش ئەو لەوێ بوون. دورگەی عەرەبی، شوێنێکی تەواو تایبەتی بوو بۆ رۆژهەڵاتناس، نەک هەر تەنیا لەبەر ئەوەی موسلمانەکان ئیسلام وەک "کەشی روحی ئەو شوێنە"ی دادەنێن لە دوورگەی عەرەبی، بەڵکو لەبەرئەوەش حیجاز لە رووی مێژووییەوە وەک ناوچەیەکی دواکەوتووی هاوتای دواکەوتوویی لە رووی جیۆگرافییەوە دەهاتە بەرچاو، بەم جۆرە سەحرای عەرەبی وەک دیکۆرێک تەماشا کراوە دەتوانین لەسەر هەندێ شت لەبارەی رابردوو دڵنیابین هەروەکو چۆن تەواو بە هەمان ئاست (وێڕای هەمان ناوەرۆکیش) هەمان دڵنیابوونمان هەبێ لە ئێستەدا. لە حیجاز، دەتوانین لەبارەی موسلمانەکان، ئیسلامی مۆدێرن و ئیسلامی سەرەتایی بێ خۆنیگەران کردن لەمەڕ جیاکاری لە نێوانیان قسە بکەین. لەبارەی ئەم دەستەواژانە کە هیچ بنچینەیەکی مێژووییان نیە، سمیت لە توانایدا هەبوو مۆری ئۆتۆریتێیەکی زیادەشی لێ بدا کە تۆژینەوەکانی لەمەڕ سامییەکان پێشکەشی دەکردن. کۆمێنتەکانی بەڵگەن بۆ بوونی روانینی زانایەک کە هەموو رابردووی ئیسلام و عەرەبەکان و دوورگەی عەرەبی لەبەر دەست بووە:



https://t.me/kurdistanbooks

(ئەوە خەسڵەتێکی ئایینی محەمەدییە کە هەموو هەستێکی نەتەوایەتی روخسارێکی ئایینی وەردەگرێ، لەو حاڵەتەی کە هەموو سیاسەت و فۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتێکی موسلمان بە بەرگێکی ئایینی داپۆشراون. بەڵام هەڵەیە ئەگەر وای بۆ بچین ئەم هەستە ئایینییە رەسەنە لە قووڵایی هەموو ئەوەدایە بەو شێوە بەهانە دەداتە خۆی فۆرمێکی ئایینی وەردەگرێ. حوکمدانە پێشینەییەکانی عەرەب رەگوڕیشەیان لەناو کۆنەپارێزییەکە کە قووڵترە لە باوەڕی خۆشیان بە ئیسلام. ئەمە، لە راستیدا، یەکێکە لە خەوشەکانی ئایینی (...) وەک لەوەی ئەوەندە بە ئاسانی گوێ بۆ حوکمدانە پێشینەییەکان شل بکەی لەمەڕ نەژاد کە لەناوەوەی ئەمە سەرەتا سەریهەڵداوە و، ئەوەندە ئایدیای بەربەرانە و بەسەرچوو بپارێزی، دەبێ محەمەدیش خۆی بینیبی ئەمانە هیچ نرخ و بەهایەکی ئایینییان نەبووە، بەڵام ئەو گواستینییەوە ناو سیستەمەکەی خۆی بۆ ئاسانکردنی بڵاوکردنەوەی باوەڕە ریفۆرمکراوەکانی. لەگەڵ ئەمەش، کۆمەڵێک لە حوکمدانی پێشینە کە وا دێنە بەرچاومان (هی ئێمە) بە روونی محەمەدیانە بن کەچی هیچ بنچینەیەکیان لەناو قورئاندا نیە.)(33)

وشەی "ئێمە" لە دوادێری ئەم پارچە تێکستە لۆژیکییە عەجایبە، بە شێوەیەکی شاراوە روانگەی کەسێکی سپی دەردەخا. ئەم "ئێمە"یە رێگەمان پێدەدا بڵێین، لە یەکەمین رستە، کە هەموو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرگێکی ئایینی هەیە (دەشێ ئیسلام بەو شێوەیە پێناسەبکرێ وەک ستەمکار)، پاشان بڵێی، لە رستەی دووەم، کە ئایین چ نیە جگە لە رووپۆشێکی بەکارهێنراو لەلایەن موسلمانان (بە واتایەکی دی، موسلمانەکان بە شێوەیەکی سەرەکی کەسانی خراپن(...). لە رستەی سێیەم، پشتگیری لەوە دەکرێ کە ئیسلام، کە دەستی بەسەر ئیمان لە دوورگەی عەربدبیدا گرتووە، لە هەقیقەتدا کۆنەپارێزی سەرەکی پێش ئیسلامی ریفۆرم نەکردووە. بێگومان ئەمە



https://t.me/kurdistanbooks

هەموو نیە. چونکە، ئەگەرچی ئیسلام وەک ئایین سەرکەوتووبووە، لەبەرئەوەیە بە شێوەیەکی ساویلکانە ڕێگەی داوە حوکمدانە پێشینەییە عەرەبیەکان "ڕەسەنەکان" خۆیان بخزێننە ناو ئیسلام، ئەم تاکتیکە (ئێستە دەبینین کە تاکتیکێک بوو لەلایەن ئیسلام خۆی)، (...). بەڵام هەموو ئەم شتانە کەم و زۆر لە دوا ڕستەدا لابراون کاتێ کە سمیت دڵنیا"مان" دەکاتەوە کە هەموو ئەو شتانەی لەبارەی ئیسلامەوە گوتووە ڕاست نین، چونکە، پاش هەموو شتێک، ڕووە جەوهەرییەکانی ئیسلام کە ڕۆژئاوا دەیناسێ "محەمەدیانە" نین.

ڕۆژهەڵاتناس بە گوێرەی پرەنسیپی شوناس و پرەنسیپی "نا-ناکۆکی" کار ناکا، ئەمە دیارە. ئەمانە بەسەرچوونە، توانای ڕۆژهەڵاتناس وەک پسپۆڕێک ڕەشی کردوونەتەوە، توانای ڕۆژهەڵاتناس خۆی لەسەر بنچینەی ڕاستییەکی گەلەکی بەڵگەدار بنیاتناوە کە فەلسەفە و گوتاری ڕۆژهەڵاتناس هەر خۆی خاوەنی هەموویەتی. سمیت توانای هەیە بەبێ هیچ دوودڵییەک قسە لە بارەی "ئەقڵی سەخت و کردەکی و (...) نائاییینیانە لە پێکهاتەی ئەقڵی عەرەبی" بکا، قسە لەبارەی ئیسلامەوە بکا وەک سیستەمێک،(...) پیشاندانی ڕێز بۆ عیبادەتی موسلمان کە تێیدا فۆرمالیزم و دووبارەبوونەوە لە سیستەمدا کورت بوونەتەوە."هێرشەکانی سمیت بۆ سەر ئیسلام خەسڵەتێکی ڕێژەییان نیە، چونکە ڕوونە بۆ ئەو باڵادەستی ئۆروپی و باڵادەستی ئایینی کریستیانیزم هەقیقەتێکە و هەڵەتێکی خەیاڵی نیە. لە بنچینەدا، ڕوانینی جیهانی سمیت ڕوانینێکی دوانەکییە، ئەمەش لەم پارچە تێکستەی خوارەوە بە جوانی دیارە:

(گەڕیدەی عەرەبان تەواو جیاوازن لەوانەی ئێمە. سەفەرکردن بۆ ئەوان گەورەترین ئەرک و هەراسانیە، هیچ چەشەیەک لە کردنی وەرناگرێ (وەک "ئێمە") بە هەموو توانای خۆی ناڕەزایی لە بارەی برسیەتی و ماندووبوون دەردەبڕێ (کە "ئێمە" ئەمەمان نیە). هەرگیز



https://t.me/kurdistanbooks

ناتوانن رۆژهەڵاتییەک بهێننە بەرچاوتان کە لە وشترەکەی دابەزی ڕاستەوخۆ نەچێ لەسەر مافوور پاڵنەداتەوە (ئیستراح) و خەریکی خواردنەوە و کێشان نەبێ. بێجگە لەمەش، دیمەنی دەرەوە سەرنجی عەرەب ڕاناکێشێ (بەڵام سەرنجی "ئێمە" ڕادەکێشێ). (34)

"ئێمە" ئەوەین، "ئەوان" ئەوەن. کام عەرەب، کام ئیسلام، کەی، چۆن، بە پێی کام پێوەر: پێدەچێ ئەم جیاکاری و جیاوازیانە لە لێکۆڵینەوە وردەکەی سمیت لەمەڕ حیجاز کە لەوێ ژیاوە هیچ حسێبێکی بۆ نەکرێ، مەسەلەی سەرەکیش هەموو ئەوەی دەتوانین بیزانین و فێری بین لەبارەی "سامییەکان" و ڕۆژهەڵاتییەکان" ڕاستەوخۆ دڵنیابوونێک لەبارەیانەوە هەیە، نەک هەر لەناو ئەرشیڤەکان، بەڵکو ڕاستەوخۆ لە کاری مەیدانیش.

کار و بەرهەمی پسپۆڕ و شارەزا گەورەکان لەمەڕ کێشەی ڕۆژهەڵاتی سەدەی بیستەم، لە فرانسا و لە ئینگلتەرا، ئەنجامی ئەم ستروکتورە ئیجبارییەن کە هەموو مرۆیەکی (ڕەنگدار)ی نوێ بە هەندێ ڕاستی گشتی دەبەستێتەوە هەرگیز کرانەوەی بۆ نەبێ کە لەلایەن زانایەکی سپی ئۆروپی لەبابەت وەچە و ڕەچەڵەکەکانی ئەم مرۆیە داڕێژراوە، لە ڕوانگەی زمانناسی، ئەنترۆپۆلۆژی یان دۆکترینال (بزووتنەوە). ئەم پسپۆڕ و شارەزایانەش میتۆلۆژی و مەراق و هەوەسی کەسیی خۆیان تێخستووە، کە نووسەرانی وەک لۆرەنس و دوگتی بە وەزەیەکی زۆرەوە تۆژینەوەیان لەبارەوە کردووە. هەر یەک لەمانە، ویلفرید ساوێن بلونت، دوگتی، لۆرەنس، گێرترود بێل، هۆگارت، فیلبی، مارک سایکس، ستۆر، لەو باوەڕدان کە ڕوانینیان بۆ شتەکانی ڕۆژهەڵات تاکەکەسی بووە، داهێنانی تایبەت بە خۆیان بووە، لە ڕێگەی هەندێ پەیوەندی زۆر نزیک و تاکەکەسی لەگەڵ ڕۆژهەڵات، ئیسلام و عەرەبەکان بووە، هەر یەک لەمانەش، ڕقێکی زۆر گشتیان بەرانبەر بە زانستی فەرمی لەبارەی ڕۆژهەڵات


https://t.me/kurdistanbooks

هەبوو. دوگتی لە کتێبی "سەحرای دوورگەی عەرەبی" نووسیبووی "خۆر منی کردە عەرەب، بەڵام هەرگیز منی نغرۆی ناو رۆژهەڵاتناسی نەکرد". بەڵام، لە کۆتایی شیکردنەوەیان، هەموویان (تەنیا ویلفرید ساوێن بلونت نەبێ) دژایەتی و ترسی خۆیان، کە رۆژئاوا بەرانبەر بە رۆژهەڵات هەستی پێدەکا، پیشان دەدا. ئایدیای ئەمانە سازگاری و خەسڵەتێکی کەسیی بە شێوازی ئەکادیمی رۆژهەڵاتناسی مۆدێرن بەخشیووە، وێرای نەخشەی خۆدۆزینەوەی گەورە و پڕ لە روانینی بەگشتیکراو و لافلێدانێک وەک زانست کە لە دژیان نە نارەزایی دەخوا نە دارشتنێک بچووکیان بکاتەوە. (دوگتی هێشتا دەڵێ:" سامیەکان بە پیاوێک دەچن لەناو زێراب دانیشتبن تا بن چاویان نغرۆی ناو چڵکاو بن و هەنیەیان تا ئاسمانەکان چووبێ") (35) رۆژهەڵاتناسەکان بەم جۆرە رەفتاریان دەکرد و قەوڵ و سۆزیان دەدا، پێشنیاری سیاسەتێکی رابەریان دەکرد، هەڵبەتە لە روانگەی بەگشتیکردنی لەم جۆرە و، وەک تەوسێکی بێوینەش، شوناسی رۆژهەڵاتیە سپییەکانیان بۆ ناو کولتووری وڵاتەکەیان بەدەست دەهێنا، ئەگەرچی، وەک لە حاڵەتی دوگتی، لۆرەنس، هۆگارت و گێرترود بێل، دەردەکەوێ، تێوەگلانی پیشەییان بەرانبەر بە رۆژهەڵات (وەک ئەمەی سمیت) رێگەی پێنەدەدان بە تەواوی رقیان لە رۆژهەڵات بێتەوە. مەسەلەی سەرەکی بۆ ئەوان هێشتنەوەی کۆنترۆلی مرۆ سپییەکان بوو لەسەر رۆژهەڵات و ئیسلام.

دیالێکتیکی نوێ لەم پرۆژەیە دەردەچێ. ئەوەی لە پسپۆری رۆژهەڵاتی داوادەکرێ هەر بە سادەیی "تێگەیشتن" نیە: بەڵکو ئێستە داوای ئەوەی لێ دەکرێ بچێتە ناو کردەی رۆژهەڵات، هێز و توانای ئەم رۆژهەڵاتە دەبێ بهێنرێتە رێزی نرخ و بەهاکانی "ئێمە"، شارستانی "ئێمە"، بەرژەوەندی "ئێمە"و ئامانجەکانی "ئێمە". زانین و ناسینی رۆژهەڵات راستەوخۆ بۆ چالاکی وەردەگێردرێ، کە



https://t.me/kurdistanbooks

ئەنجامەکانی بریتین لە بزووتنەوەی نوێی فیکری و کردەیی لە ڕۆژهەڵات. بەڵام، ئەمانەش بە دەوری خۆیان، داوا لە مرۆی سپی دەکەن سەرلەنوێ لە دەستەڵاتی زاڵبوونی خۆی دڵنیابێتەوە، ئەم جارە نەک وەک نووسەری کارێکی زانستی لەسەر ڕۆژهەڵات، بەڵکو وەک داهێنەرێکی مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵات و وەک شارەزایەک لەبارەی ڕۆژەڤی گەرمی ڕۆژهەڵات (چونکە ئەو سەرەتا دەستی داوەتە ئەم کارە، ئەو وەک تاقە پسپۆڕ و شارەزایەکی ڕۆژهەڵات دەتوانێ بە شێوەیەکی گونجاو تێبگا). لێرەوە ڕۆژهەڵاتناس بووەتە فیگەرێکی مێژووی ڕۆژهەڵات، ناتوانین لە فیگەری ڕۆژهەڵاتی جیابکەینەوە، چونکە هەر ئەوە دەتوانێ فۆرم بداتە ڕۆژهەڵات، ببێتە "نیشانەی" ناسینەوە بۆ ڕۆژئاوا. ئەمەش ئەو دیالێکتیکەیە کە لە خوارەوە بە خێرایی خراوەتەڕوو:

(هەندێ ئینگلیز، یەکێک لەوانە "کیچنەر" بوو، لەو بڕوایەدابوون ڕاپەڕینێکی عەرەبەکان دژ بە تورکەکان ڕێگە بۆ ئینگلتەرا خۆش دەکەن، وێڕای خەباتکردن دژی ئەلمانیا، تورکیای هاوپەیمانی لەناوبەرێ. ناسینی سروشت و هێز و توانای وڵاتانی دانیشتوان بە زمان عەرەبی، بیری بۆ ئەوە بردن بواری تێدایە ئەم ڕاپەڕینە سەرکەوێ، ئەمەش خەسڵەت و مێتۆدی بەکاربەری بۆ دەرخستن. بەم جۆرە ڕێگەیاندا بکەونە کار، دوای ئەوەی لەلایەن حکومەتی بەریتانی مۆڵەتی فەرمیان پێگەیشت. ڕاپەڕینی شەریفی مەککە بۆ زۆربە شتێکی لەناکاو نەبوو، ئەگەرچی هێشتا هاوپەیمانان بۆی ئامادە نەبوون. ئەوەی لێی کەوتەوە هەستێکی تێکەڵاوبوو، هەندێکی لەگەڵدا بوون هەندێکی دی دژی بوون، لە نێوان بەریەککەوتنی ئەمانە، هەموو شتێک بە خراپ کەوتەوە.)(36)

ئەمە بوو تابلۆیەکی گشتی کە لۆرەنس لە بەشی یەکەمی کتێبەکەی "هەر حەوت دینگەکەی حیکمەت" پێشکەشی دەکا. "زانین"ی "هەندێ


https://t.me/kurdistanbooks

ئینگلیز" بزووتنەوەیەک لە ڕۆژهەڵات بەرپا دەکەن، کە "کاروبارەکان"ی ئەنجامێکی تێکەڵاویان دەبێ، تەمومژیی، ئەنجامی تراژیدی و کۆمیدی، نیوە خەیاڵ و نیوە ڕاستی لە بارەی ئەم ڕۆژهەڵاتە نوێیە، ئینجا کە دەژییتەوە، هەموو ئەمانە دەبنە بابەتی نووسینی شارەزاوپسپۆڕەکان، یان دەبنە فۆرمێکی نوێی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی کە ڕوانینێک لەبارەی ڕۆژهەڵاتی هاوچەرخ پێشکەش دەکا نەک لە شێوەی سەربردە، بەڵکو لە شێوەی ئاڵۆزی، بەگرفتکردن و ئومێدی لەبارچوو، لەگەڵ نووسەر (دانەر)ی ڕۆژهەڵاتناس وەک کەسێکی سپی، کە خۆی وەک پێناسەی ورد و پەیامبەرانەی ئەم ڕۆژهەڵاتەیە.

سەرنەکەوتنی سەربردە (گێڕانەوە) بە هۆی سەرکەوتنی ڕوانین کە ئێمە پێمان وایە لە کتێبی"هەر حەوت دینگەکەی حیکمەت"یش دا هەستی پێدەکرێ، کە کارێکە بە والایی بە دوای ئاراستەی ڕووداوەکاندا دەچێ، پێشتر لە کتێبی "..میسرییە هاوچەرخەکان"ی ئیدوارد لان هەستمان پێکردبوو. ناکۆکی نێوان ڕوانینی گشتی Holistique ی ڕۆژهەڵات (بەو شێوەی لە وەسف و ڕاپۆرتی شوێنەوارناسی دەردەکەوێ) و سەربردەی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵات لەسەر کۆمەڵێک ئاست دەردەکەون و کۆمەڵێک گرێبوونەوەی Dénouements تێدایە. هەروەکو چۆن زۆرجار خۆیان لەناو گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی نوێ دەکەنەوە، شایەنی ئەوەیە لێرەوە بە خێرایی شیکردنەوەیەکی بۆ بکەین. ڕۆژهەڵاتناس لە بەرزاییەوە دەڕوانێتە ڕۆژهەڵات، وێڕای بوونی ئەو نیەت و هەستەی، تەواوی ئەو پانۆرامایە بگرێ کە بە بەر چاویدا تێدەپەڕێ: کولتوور، ئایین، ئەقڵ، مێژوو، کۆمەڵ. بۆ ئەم کارە، ئەو دەبێ هەموو وردەکارییەک لە ڕێگەی ئامادەیی هەموو کاتیگۆرییەکان، کورتکراوەکان، ببینێ (وەک سامییەکان، ئەقڵی موسلمان، ڕۆژهەڵات،...هتد). ئینجا لەبەرئەوەی ئەم



https://t.me/kurdistanbooks

کاتیگۆریانە پێش هەموو شتێک نەخشە و پلانن و رووپان لە کاریگەری دایە و، لەبەرئەوەی هیچ رۆژهەلاتیەکیش ناتوانێ خۆی بناسێ وەک چۆن رۆژهەلاتناس دەیناسێ، هەموو روانینێک بۆ رۆژهەلات دواجار لە رووی توندوتۆلی و یەکانگیری و هێز و تواناوە دەوەستێتە سەر کەسی رۆژهەلاتناس خۆی، دەوەستێتە سەر ئەو دامەزراوەیەی یان ئەو گوتارەی کە ئەو خۆی خاوەنیەتی. هەموو روانینێکی سەرتاپاگیر بە شێوەیەکی بنچینەیی کۆنەپارێزە و، ئێمەش تێبینی ئەوەمان کرد بە چ شێوازێک، لە مێژووی ئایدیاکانی رۆژئاوا لەبارەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، ئەم ئایدیایانە خۆیان پاراستووە بێ ئەوەی گوێ بەو شایەدمانیانەش بدرێ کە دژی دەوەستنەوە. (لە راستیدا، دەتوانین بلێین ئەم ئایدیایانە ئەو شایەدمانیانە بەرهەم دەهێنن کە راستی خۆیان پیشان دەدەن.)

رۆژهەلاتناس بە شێوەیەکی گشتی جۆرێک لە ئاژانی ئەم روانینە سەرتاپاگیرەیە. ئێدوارد لان تایپێکی نموونەیی ئەو شێوازەیە کە تاکەکەسێک لەوباوەڕەدایە کەوتۆتە بن کاریگەری ئایدیاکانی، یان هەتا ئەوەش کە دەبینێ، داواکاری هەندێ روانینی زانستیانەن لەسەر گشت دیاردەی ناسراو بە شێوەیەکی گەلەکی وەک رۆژهەلات یان نەتەوەی رۆژهەلات. کەواتە روانینێکی مەنگ و بێ جوولەیە، وەک تەواوی ئەو کاتیگۆریە زانستیانەی ئیلهامیان دەبەخشیە رۆژهەلاتناسی کۆتایی سەدەی نۆزدەم: چوون بۆ ئەودیوی "سامییەکان" یان "ئەقلی رۆژهەلاتی" بوونی نەبووە، چونکە ئەمانە ئەوپەڕی ئەو سنوورانە بوون کە هەموو راستییەکی لەبارەی رەفتاری رۆژهەلاتی لە ناوەوەی روانینێکی گشتی تەواوی بوارەکە دەگرتەوە خۆی. وەک بواری زانستی، وەک پیشە، وەک زمان، وەک گوتاری تایبەت بە بوارێک، رۆژهەلاتناسی بوونی بەند بوو بە بەردەوامی، یان هەمیشەیی رۆژهەلات هەمووی بە یەکەوە، چونکە،



https://t.me/kurdistanbooks

بێ "ڕۆژهەڵات"، زانین و ناسینی یەکانگیر، روون، ورد کە پێی دەڵێن "ڕۆژهەڵاتناسی" نەدەکرا هەبێ. "بەم جۆرە ڕۆژهەڵات سەر بە ڕۆژهەڵاتناسییە، وەک چۆن وای بۆ دەچین کە زانیاری بەڵگەداریش هەیە (یان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵات) سەر بە ڕۆژهەڵاتە.

فشارێکی بەردەوام هەیە دژ بەو سیستەمە کە "بە شێوەیەکی جەوهەری کرۆنیکییە"(37)، من ناو لەمە دەنێم روانین، چونکە دەبێ وەک گریمانێک پێشنیاری ئەوە بکا تەواوی ڕۆژهەڵات لە شێوەی "پانۆپتیکۆن" (واتە ببینین لە هەموو رووێکەوە کە نیشانەیەکە بۆ دەستەڵات لە روانگەی بێنتام/وەرگێڕ) ببینرێ. ئەم فشارە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوە، بەو مانایەی کە، ئەگەر بتوانین هەر وردەکارییەکی ڕۆژهەڵاتی پیشان بدەین، خۆی دەگۆڕێ یان گەشە دەسەنێ، لەم حاڵەتەدا دیاکرۆنی دەخەینە ناو سیستەم. ئەوەی کە پێدەچێ جێگیر بێ ( کە ڕۆژهەڵاتیش هاوتای جێگیری و نەمریی ئەبەدییە) ئێستە ناجێگیر دەردەکەوێ. ئەمەش وامان لێ دەکا بیربکەینەوە کە مێژوو، وێڕای تایبەنمەندییە هەراسانکارەکانی، بزووتنەوەکانی لەمەڕ گۆڕان، رووی لە هەڵکشان و لە ئاوابوونە، یان رووی لە بزووتنەوەی دراماتیکییە، ئەمەش لە ڕۆژهەڵات دەشێ و بۆ ڕۆژهەڵاتە. مێژوو و گێڕانەوە، کە نوێنەرایەتی دەکەن، ئەوە پیشان دەدەن کە روانین نوقسانی هەیە، کە "ڕۆژهەڵات "، وەک کاتیگۆرییەکی ئۆنتۆلۆژی (بوونناسی) بێ مەرج، دادپەروەری ناگەڕێنێتەوە بۆ پۆتەنسیەلی گۆڕانی واقیع.

بێجگە لەمە، گێڕانەوە ئەو فۆرمە تایبەتەیە کە مێژووی نووسراو وەریدەگرێ بۆ دژایەتی بەردەوامی روانین. ئێدوارد لان هەستی بە مەترسییەکانی گێڕانەوە کردبوو کە رەتی دەکردەوە فۆرمێکی رێک و ڕاست وەک هێڵێک بداتە زانیارییەکانی (گێڕانەوەکانی/و) پێی باشتربوو فۆرمێکی مۆنیومەنتانە بداتە روانینی ئەنسکلۆپیدیایی یان



https://t.me/kurdistanbooks

لێکسیکۆگرافی. گێڕانەوە دڵنیایی لەسەر ئەوە دەکا کە مرۆ لە دایک دەبێ، پیر دەبێ و دەمرێ، دامەزراوەکان و مەرجەکانی ژیانی هەقیقیش روویان لە گۆڕانە، بەلای زۆریش شیمانەیەکی بەهێزیش هەیە مۆدێرنیتێ و هاوچەرخی و سەردەمیانەش بە شارستانیە "کلاسیکەکان" رادەگەن، بە تایبەتیش، ئەو مۆدێرنیتێیەش دڵنیایی لەسەر ئەوە دەکەن کە بالادەستی بە هۆی روانین چ نیە جگە لە ئیرادەی هێز و توانا، ئیرادەیەک بۆ راستی و بۆ لێکدانەوە، نەک مەرجێکی مەوزوعی مێژوو. بە کورتی، گێڕانەوە رایەک، روانگەیەک، بە ئاگاهاتنەوەیەک دێنێتە ژوورەوە، ئەم بەئاگاهاتنەوەیەش دژ بە تاروپۆی یەکانگیری روانینە، دەستدرێژی دەکاتە سەر خەیاڵی ئەپۆلۆنیانە و پتەو کە روانین پێشنیاری دەکا.

کاتێ کە جەنگی یەکەمی جیهانی رۆژهەلاتی هێنایە ناو مێژوو، رۆژهەلاتناس وەک ئاژانێک (سیخوڕ) بەم کارە هەڵسا. هاننا ئارنت بە جوانی تێبینی ئەوەی کردبوو کە هاوتای بیرۆکراسی ئاژانی ئیمپریالیيە (38)، ئەمەش بەو مانایە دێ، لە حاڵەتی ئێمە، ئەو پرۆژە ئەکادێمییەی کۆمەڵێک کەس پێیەوە خەریکە و پێی دەوترێ رۆژهەلاتناسی، دامەزراوەیەکی بیرۆکراسی بووە لەسەر بنچینەی هەندێ روانینی کۆنەپارێز لەمەڕ رۆژهەلات دامەزراوە، ئەوانەی خزمەتی ئەم روانینەیان لە رۆژهەلات دەکرد ئاژانی ئیمپراتۆری بوون، وەک "ت. ئی. لۆرەنس". دەتوانین لە کارەکەی بە روونی ناکۆکی و ململانێی نێوان "مێژوو- سەربردە" و "روانین" ببینین، لە کاتێکدا، (بە زاراوەی خۆی) "ئیمپریالیزمی نوێ" هەوڵی دەدا "شەپۆلێک لە چالاکی بەرپا بکا لە رێگەی سەپاندنی بەرپرسیاری بەسەر خەڵکی ولات" (رۆژهەلات)(39). چونکە زلهێزە ئۆروپییەکان لە پێشبڕکێدان بۆ ئاراستەکردنی رۆژهەلات بۆ ئەوەی بیهێننە ناو ژیانی ئەکتیڤ، وای لێ بکەن سوودی هەبێ، لە ژیانێکی پاسیڤی


https://t.me/kurdistanbooks

"ڕۆژهەڵاتیانە" بیهێننە ناو ژیانێکی مۆدێرنی پڕ لە چالاکی. پێیانوابوو، هەر هیچ نەبێ، بەلای کەمی نابێ هەرگیز لێگەڕێین ڕۆژهەڵات ڕێگای خۆی بگرێ بۆ بووژانەوە، ڕا و ڕوانینە ڕێساسائاسایی‌کانیش لەگەڵ ئەوەدان کە ڕۆژهەڵاتییەکان هیچ نەریتێکیان لەمەڕ ئازادیدا نیە.

گەورەترین کارەساتی کارەکەی لۆرەنس لەوەدایە دەیەوێ خەبات بکاتە ڕەمزێک، یەکەم: بۆ هاندانی ڕۆژهەڵات (بێ ژیان، بێ زەمەن، بێ هێز) و جوولە تێخستنی، دووەم: بۆ سەپاندنی فۆرمێک بە پلەی یەکەم ڕۆژئاوایی بەسەر ئەم جوولەیە. سێیەم: بۆ ڕاگرتنی ئەم ڕۆژهەڵاتە نوێیە، بە ئاگاهاتووە، لەناو ڕوانینێکی کەسیی، کە مۆدی سەیرکردنی بۆ دواوە یان ڕابردوو مانایەکی بەهێزی شکان و خیانەتی هەڵگرتبێ:

(مەبەستی من دروستکردنی نەتەوەیەکی نوێ بوو، بنیاتنانەوەی دەستەڵاتێکی لەدەستچوو، پێشکەشکردنی بنچینە و زەمینەیەک بە بیست ملیۆن سامی بتوانن لەسەری کۆشکێک لە ئیسپانیا بۆ بیری نیشتمانی خۆیان" بنیات بنێن(...) هەموو هەرێمەکانی سەر بە ئیمپراتۆری بۆ من نرخی ئینگلیزێکی مردوویان نیە. ئەگەر من لە ڕۆژهەڵات هەندێ خۆشەویستی، ئامانجێک، ئیدیالێکم گەڕاندبێتەوە، ئەگەر وام کردبێ مۆدێلی ئۆتۆریتێی سپییەکان لەسەر سوورەکان زیاتر پێویست بێ، ئەوا تا ڕادەیەک ئەو دانیشتوانانەم لەگەڵ تایپی نوێی حکومەت ڕاهێناوە کە لەناو ئەم حکومەتە، نەژادە باڵادەستەکان هەر داهێنانێکی شەرمەزاریان کردبێ لەیادی دەکەن، سپی و سوور و زەرد و ئەسمەر و ڕەشەکانیش بەیەکەوە لەگەڵ یەکتر دەمێننەوە، بێ ئەوەی خۆیان تەماشای تەنیشت خۆیان بکەن بۆ خزمەتی جیهان.)(40).


https://t.me/kurdistanbooks

هیچ شتێک لەمانە، ئەگەر مەبەست بووبێ یان پرۆژەی راستەقینە یان هەتا پرۆرژەیەکی تەواو نەکراویش، بواری جێبەجێ بوونی نەبووە، هەتا بە سادەییش، ئەگەر هەر لە سەرەتادا را و روانینی "رۆژهەڵاتناس"ی سپی نەبوایە.

(جوولەکە لە پایتەخت لە بریگتۆن، چاوچنۆکن، ئەدۆنیسی دەپەرستن، پیاوە بە باکانیشیان لە دیمەشق بەڵگەن بۆ ئەوە کە سامییەکان توانای لەززەت وەرگرتنیان هەیە، هەر لەناو ئەوانیش هەمان ئەو هێزە هەیە کە پێچەوانەی ئینکاری زاتی زوهدی جووەکانی "ئێسێنییەکان" بەراییە، کریستیانە بەراییەکان یان یەکەمین خەلیفەکانی موسلمان کە پێیان وابوو چوونە ئاسمان بۆ روح هەژاران ئاسانترە. کەسی سامی هەردەم لە نێوان ژیانێکی پڕ لە شەهوانی و بە باق و بریق و زوهد لە هاتووچۆدا بووە.)

بۆ دڵنیابوون لەمە، لۆرەنس نەریتێکی یەکانگیری لە پشتە وەک منارەچرای سەر دەریا بە هەموو سەدەی نۆزدەمدا تێدەپەڕێ، سەرچاوەی رووناکییەکانی بێگومان رۆژهەڵاتە، ئەم چرایەش تەواوێک بەهێزە بۆ رووناککردنەوە لە یەک کاتدا تۆپۆگرافیای شوێنە ناشرینەکان و تۆپۆگرافیای شوێنە جوانەکانی بەردەم. جوولەکەی ئەدۆنیس پەرست، بەباکانی دیمەشق، دەتوانین بڵێین نیشانەی مرۆیی نین، بەڵکو بوارێکی سێمیۆتیکین پێی دەگوترێ :سامیایەتی، کە لەلایەن لقێک لە سامیایەتی رۆژهەڵاتناسی توندوتۆڵ کراوە. لەناو ئەم بوارە دەشێ هەندێ شت هەبن:

(دەتوانین عەرەبەکان لەگەڵ ئایدیایەک وەک بەستنەوەیان بە گوریسێک رابهێنین: دڵسۆزی رەوانیان لەباری ئەقڵییەوە وای لێ کردوون خزمەتکارێکی بە وەفا و سەرکزبن. هیچ یەکێکیان هەوڵی ئەوە نادەن پێش سەرکەوتن لەم کۆت و بەندە خۆیان رزگار بکەن.



https://t.me/kurdistanbooks

بەڵام لەگەڵ ئەو بەرپرسیاری و ئەرک و ئیلتیزام دێن، ئایدیا بزر دەبێ و کار تەواو دەبێ و بە کاولبوون کۆتایی دێ. راستە دەتوانین بێ باوەڕ سامییەکان بۆ هەر چواری لای جیهان ببەین (نەک بۆ ئاسمان) تەنیا سامان و لەززەتەکانی ئەرزیان نیشان بدەین. بەڵام ئەگەر لەسەر ریگەی خۆیان تووشی پەیامبەری ئایدیایەک بن، بێ پەناگا بۆ پاراستنی گیانی خۆیان، بێ هیچ هۆیەکی مانەوە جگە لەوەی باڵندە بۆی داوێ یان دەرۆزە دەکا، ئەوان راستەوخۆ ئامادەن دەست لە هەموو سامانی خۆیان هەڵگرن بەدوای بکەن... ئەمانە میللەتێکن وەک ئاو ناجێگیرن، بەڵام بە وردیش، وەک ئاو لە سەرکەوتنی کۆتایی خۆیان دڵنیان. لەوەتەی دنیا دنیایە، ئەم شەپۆلانە، ناوەناوە، خۆیان بە لێواری گردەڵانی جەستە دادەدەن و دەشکێن. هەر یەک لەم شەپۆلانە لە گەڕانەوەیان لەگەڵ خۆیان هەندێ بەردی گرانیت لێ دەکەنەوە کە ئەم لێوارانەی راگرتووە... ئەمە یەکێک لەو شەپۆلانە بوو (نەک کەمتر) کە من لە دوورگەی عەرەبی هەڵمگیرساند. بە بای ئایدیایەکی موجەڕەد دەچووە پێشەوە و هەنگاوی دەنا، وردە وردە گەورە دەبوو تا ئەو کاتەی، گەیشتە لووتکە، ئینجا لە دیمەشق کەوتە خوارەوە. ئاوە کۆبووەوە و کەفدارەکەی، بە هۆی جێگیری هێز و توانای ماتریالەکان کشێنرایەوە، ئەمەش شەپۆلی ئایندە دروست دەکاتەوە، کە ئەو وەختە دێ، دەریا دەبێ جارێکی دی هەڵسێتەوە.)

لۆرەنس خۆی لە بن فۆرمی رێزمانی on ی مەرجی لە ناو تابلۆیەکە دادەنێ. بەم جۆرە شیمانەی رستەی پێش کۆتایی ئامادە دەکا، کە تێیدا وەک بەکارهێنەرێکی عەرەبەکان دەردەکەوێ کە لەسەرەوەی هەموویانە. بە هەمان شێوەی "کروز"ی لە رۆمانی "دڵی تاریکی" کۆنراد، لۆرەنس خۆی لە خاک جیاکردۆتەوە بۆ ئەوەی لەناو واقیعێکی نوێ بناسرێتەوە بە ئامانجی ئەوەی بتوانێ (دواتر دەڵێ)



https://t.me/kurdistanbooks

"ئاسیا ناچار بکەی لە ماوەی ژیانی من فۆرمێکی نوێ وەرگرێ کە زەمەن بێ پەروا بەرەو رووی ئێمەی دەهێنێ."(41)

راپەڕینی عەرەب ئەو کاتە مانایەک وەردەگرێ کە لۆرەنس یەکێک لەو مانایانەی پێدەبەخشی، ئەم مانایە، بەو شێوەیەی بە ئاسیا گەیشتووە، سەرکەوتنێک بووە، "فراوانبوونێکی سەرکەوتنانە"، "پێمانوابوو ئازار و ئەزموونی یەکێکی دی، کەسایەتیەکەی، دەخەینە سەر خۆمان". لێرەوە رۆژهەڵاتناسی دەبێتە رۆژهەڵاتی نوێنەرایەتیکراو، بە جیاوازی چاودێرە بەرابییەکان کە بەشداریان لە ژیانی وڵاتدا کردووە وەک ئێدوارد لان، کە بۆ ئەو رۆژهەڵات شتێک بوو بە جوانی لە دووری خۆی رایدەگرت. بەڵام لەلای لۆرەنس ناکۆکی و ململانێیەکی نەگەیشتوو بە ئەنجام لە نێوان مرۆی سپی و رۆژهەڵاتی هەیە و، ئەگەرچی ئەو بە شاراوەیی یان بە لابەلا باسی ناکا، ئەم ناکۆکی و ململانێیە جارێکی دی لە ئەقڵی ئەو ناکۆکی و ململانێی مێژوویی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا دێنێتەوە سەر شانۆ. ئەو کە هوشیارە بەرانبەر بە دەستەڵاتی لەسەر رۆژهەڵات، هوشیارە بەرانبەر بە دووڕوویەکەی خۆی، بەڵام نەک بەرانبەر بە هەموو ئەو شتانەی، لە رۆژهەڵات، پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکرێ کە مێژوو، پاش هەموو شتێک، مێژووە و بێ ئەویش، عەرەبەکان دواجار دووبەرەکی خۆیان لەگەڵ تورکەکان چارەسەر دەکەن، لۆرەنس سەربردەی راپەڕین (سەرکەوتنە راگوزاریەکانی و شکانە تاڵەکانی) لەم روانینە بچووک دەکاتەوە کە سەرچاوەکەی هەر خۆیەتی: "شەڕێکی براکوژی بەردەوام" و بێ چارەسەری.

(لە راستیدا بە هۆی خۆشەویستی بۆ خۆمان بوو کە ئازاری ئەوانی ترمان هەڵدەگرت، یان، بەلای کەمی، بۆ قازانجێک بوو لە ئایندە و، ئێمەش نەماندەتوانی بیزانین بێ ئەوەی فێڵ لە خۆمان نەکەین، فێل لە هەست و هاندەرەکانی خۆمان.(...)

(...) هیچ ڕێگەیەکی ڕاست لە پێشمان نەبوو ئێمەی سەرکردەکان بیگرینەبەر، لەناو ئەم ئازارگە پێچەڵپێچەی مۆرال، لەناو ئەم یەک بە دوای یەکی بازنە نەناسراوەکان، کە تیایاندا هاندەرە شلەژاوەکان هەردەم ئەوانەی پێش خۆیان ڕەش دەکردەوە یان بەهێز دەکردەوە.)(42)

بەرانبەر بەم هەستە قووڵەی شکان، دەبێ لۆرەنس دواتر تیۆرییەک لەمەڕ "پیرەکان"یش بخاتە سەری کە سەرکەوتنەکانیان لێ دزیوە. لە هەموو حاڵەتێکدا، ئەوەی بۆ لۆرەنس گرینگە، وەک شارەزایەکی مرۆی سپی، وەک میراتگرێکی ساڵانی حیکمەتی ئەکادێمی و میللی لە بارەی ڕۆژهەڵات خۆی، توانای هەبێ شێوازی بوونی خۆی بخاتە ژێر ئەوەی ڕۆژهەڵاتییەکان، پاشان ڕۆڵی پەیامبەری ڕۆژهەڵاتی بگێڕێ کە فۆرم دەداتە بزووتنەوەیەک لە ناو "ئاسیای نوێ". ئینجا لەبەر هەندێ هۆ کە بزووتنەوەکە سەرناگرێ (لەلایەن ئەوانی دی دەستی بەسەردا گیراوە، ئامانجەکانی خیانەتی لێ کراوە، خەونی سەربەخۆیی تێنەپەڕیوە) مانای وایە ئەوە وەهمەکانی لۆرەنسە کە حسێبی بۆ دەکرێ. دوور لەوەی بە سادەیی کەسێکی وێڵ بێ لەناو ڕێڕەوی ڕووداوەکان، لۆرەنس بە تەواوی خۆی لەناو خەباتی ئاسیای نوێ دەدۆزێتەوە کە خەریکە لە دایک دەبێ.

لەکاتێکدا "ئێشیل"(ئەسخیلوس) نوێنەرایەتی ئاسیای دەکرد بەڵام بۆ دۆڕانەکانی ئازار دەکێشێ، نێرڤال باس لە بێ ئومێدییەکانی خۆی دەکرد بەرانبەر ڕۆژهەڵات، کەچی لۆرەنس لە یەک کاتدا دەبێتە کیشوەری پرسە و هوشیارییەکی زاتی، بێ ئومێدانەی تا ڕادەیەک کۆمێدی. دواجار لۆرەنس و ڕوانینەکەی دەبنە (ئەمەش هەر تەنیا بە خێرا لوێل تۆماس و ڕۆبێرت گراڤ نا) سەمبۆلی لێڵی ڕۆژهەڵات: بە کورتی، لۆرەنس سەر بۆ بەرپرسیارییەکانی لە ڕۆژهەڵاتِ نوی دەکا بە دانانی ئەزموونی زانستی خۆی لە نێوان خوێنەر و مێژوو. لە



https://t.me/kurdistanbooks

راستیدا، ئەوەی لۆرەنس پێشکەشی خوێنەری دەکا دەستەڵاتی پسپۆڕ و شارەزایەکە مێدیاتیزە نەکراوە (دەستەڵاتی بوون بە ڕۆژهەڵات بۆ ماوەیەکی کورت). هەموو ئەو ڕووداوانەی دراونەتە پاڵ ڕاپەڕینی مێژوویی عەرەب و ئەوانەش کە پەیوەندیان بەو ڕاپەڕینەوە هەیە، دواجار لە ئەزموونەکانی لۆرەنسدا کورت دەبنەوە.

کەواتە، لەم حاڵەتەدا، شێواز هەر تەنیا دەستەڵاتی بە ڕەمزکردنی بە گشتیکردنە گەورەکانی وەک ئاسیا، ڕۆژهەڵات یان عەرەبەکان نیە، ئەمە هەندێ فۆرمی جێگرتنەوە و تێکەڵبوونیشە کە بە هۆی ئەمانەوە تاقە یەک دەنگ دەبێتە مێژوویێکی سەرلەبەر و (بۆ ڕۆژئاوای سپی، ئەگەر خوێنەر یان نووسەر بێ) تاقە جۆری ڕۆژهەڵاتیش کە شیمانەی ئەوەی هەیە بناسرێ. ئەرنست ڕێنان نەخشەی بواری شیمانە کراوەکانی بۆ "سامییەکان" لەناو کولتوور و فیکر و زمان داڕشتبوو، هەرچی لۆرەنسە، شوێن و زەمەنی ئاسیای مۆدێرن (لە ڕاستیدا، دەست بەسەر ئەو شوێنەدا دەگرێ) دەکاتە گرافیک. شێوازی ئەو کاریگەری ئەوەی هەیە ئاسیا بباتە بەر دەستی ڕۆژئاوا، بۆ دەسخەڕۆکردنی، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ. لە کۆتاییدا، ئەوەی بۆمان دەمێنێتەوە هەستی ماوە یان نێوانێکی پاتێتیکە (وەک نەخۆشی) کە "ئێمە" هێشتا لە ڕۆژهەڵاتێک جیادەکاتەوە کە بۆ ئەوە کراوە، خەسڵەتی بێگانەی خۆی وەک نیشانەیەکی نامۆبوونی بەردەوام بەرانبەر بە ڕۆژئاوا هەڵگرێ. ئەمە ئەو سەرەنجامە بێ ئومێدەیە کە لە کۆتایی ڕۆمانی "ڕێگە بەرەو هیندستان" لە نووسینی "ئی.م.فۆرستەر" دڵنیایی لەسەر کراوەتەوە، کە لە هەمان سەردەمی لۆرەنس بڵاوبۆتەوە، "عەزیز و فیلدینگ" هەوڵدەدەن لەگەڵ یەکتر ئاشت بنەوە بێ ئەوەی پێی بگەن:

(ئەوەی دی وێڕای گرتنی بە سۆزەوە دەڵێ: ئەی بۆ نەبینە برادەر هەر ئێستە؟ ئەمەیە کە من دەمەوێ، ئەوەشە کە ئێوە دەتانەوێ."بەڵام



https://t.me/kurdistanbooks

ئەسپەکان نەیاندەویست، بە پاژێک لێک جیادەبوونەوە، زەویش نەیدەویست، تاوێر و بەردی دەخستە سەر ڕێگەکان، سوارەکان نەیاندەتوانی تێپەڕن، تەنیا یەک لە دوای یەک نەبێ. پەرستگاکان، مەزراکان، زیندان، کۆشک، باڵندەکان، داڵەکان، ماڵەکانی میوانداری، نەیاندەویست، کە لە ڕۆیشتنەکە دەرچوون هەموو کەوتە بەرچاویان و "مۆ"ش لەبەر دەمیان بوو: هیچ شتێک نەیدەویست و هەموویان بە سەد دەنگی خۆیان دەیانگوت: "نەخێر، هێشتا نا "، ئاسمانیش دەیگوت:"نەخێر لێرە نا". (43)

ئەم شێوازە، ئەم داڕشتنە خەستە، هەردەم ئەو بەربەستەیە دێتە پێش ڕۆژهەلات. سەرەڕای ڕەشبینی، پەیامێکی سیاسی پۆزەتیڤ لە پشت ئەم ڕستانەدا هەیە. وەک چۆن کرۆمەر و بەلفور باش دەیانزانی، زانین و دەستەلاتی بالای ڕۆژئاوا دەیتوانی کۆنترۆلی ئەو نێوانە زۆرە بکا کە خۆرهەلاتی لە خۆرئاوا جیادەکردەوە. ڕوانینی لۆرەنس وەک تەواوکەرێک لە فرانسا کارەکەی "مۆریس بارێس"ە: "تۆژینەوەیەک لە بارەی ولاتی خاوەر"مەشریق" کە سەفەرنامەیەکە مۆریس بارێس لە ساڵی 1914 بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کردوویەتی. وەک زۆرێک لە کاری دیکەی پێش ئەو، ئەم "تۆژینەویە" کارێکە لە شێوەی بابەتێکی کورتکراوە، کە نووسەر دڵی خۆی بەوە خۆش ناکا لە ڕۆژهەلات لە سەرچاوە و ئەسڵی کولتووری ڕۆژئاوایی بگەڕێ، بەلام ئەو جارێکی دی نێرڤال و فلۆبێر و لامارتین لەناو سەفەرەکەی بەرهەم دێنێتەوە. لەگەڵ ئەمەش بۆ مۆریس بارێس، ڕەهەندێکی سیاسی وەک پاشکۆیەک لە کارەکەیدا هەیە. لە ڕێگەی شایەدحاڵی بە ئەنجام گەیشتوو هەوڵدەدا ئەوە بسەڵمێنێ کە فرانسا لە ڕۆژهەلات ڕۆڵێکی بنیاتنەری هەیە. بەلام جیاوازییەک لە نێوان پسپۆڕ و شارەزای فرانسی و پسپۆڕ و شارەزای ئینگلیزی دەمێنێتەوە: فرانسییەکان هەوڵدەدەن پەیوەندی هەقیقی لە نێوان



https://t.me/kurdistanbooks

خاکەکان و دانیشتوانەکان دروست بکەن، هەرچی ئینگلیزەکانن دەیانەوێ گرینگی بە شیمانەی بوارێکی روحی بدەن. بۆ مۆریس بارێس، ئامادەگی فرانسا زیاتر لەناو خوێندنگەکانە، بەم جۆرە لە بارەی خوێندنگەیەک لە ئەسکەندەریە قسە دەکا: "شتێکی سەرنجڕاکێشە ببینی ئەو کچۆڵانەی رۆژهەڵات ئەوەندە بە زیندوویی پێشوازی لە فەنتازی و ئاوازی ناوچەی پاریس و دەوروبەری Ile de France" دەکەن و بەرهەمی دەهێننەوە، (وێڕای قسەکردن بە فرانسی). ئەگەر فرانسا بە هەقیقی کۆلۆنیشی نەبێ، مانای وانیە بە تەواوی بێ خاوەندارییە:

(لەوێ لە بارەی فرانسا، هەستێک هەیە خەسڵەتێکی ئەوەندە ئایینیانەی هەیە و ئەوەندە بەهێزە دەتوانین وەریبگرین و هەموو ئیلهامی جۆراوجۆری خۆمانی پێ ئاشت بکەینەوە. لە رۆژهەڵات، ئێمە نوێنەرایەتی روحانیەت، دادپەروەری، کاتیگۆری ئیدیال دەکەین. ئینگلتەرا لەوێ بەهێزە، ئەلمانیا بەهێزترە، بەڵام ئێمە گیانمان هەیە.)

وێڕای بەڵگەهێنانەوە بە دەنگی بەرز لەگەڵ "ژۆرێس" ئەو پزیشکە ئۆروپیە ناسراوە پێشنیاری ئەوە دەکا" ڤاکسینێک لە ئاسیا بدرێ دژ بە هەموو ناتەواویەکانی"، "بە رۆژئاواییکردنی رۆژهەڵاتیەکان"، بیانخەیتە ناو پەیوەندیەکی "دروست" لەگەڵ فرانسا. لەگەڵ ئەمەش روانینی مۆریس بارێس، هەتا لەناو ئەم پرۆژانەش، ئەو جیاوازیە دەپارێزێ کە لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا هەیە کە ئەو دەیەوێ کەمی بکاتەوە:

(چۆن دەتوانین بژاردەیەکی رۆشنگەر دروست بکەین بتوانین لەگەڵیان کار بکەین، کەسانی رۆژهەڵاتی کە هێشتا رەگوڕیشەیان ماوە و بەردەوامن لە گەشەسەندن بە پێی نەریتی خۆیان، هێشتا لە ژێر کاریگەری نەریتی خێزاندا ماونەتەوە و، ئەو بەیەک گەیشتنە



https://t.me/kurdistanbooks

دروست دەکەن لە نێوان ئێمە و کۆمەڵانی خەڵکی رەسەنی وڵات؟ چۆن دەتوانین خزمایەتی دروست بکەین، بە مەبەستی ئامادەکردنی پەیوەندی و رێککەوتن ببنە فۆرمی داواکراو بۆ سیاسەتی ئایندەمان؟ مەسەلە ئەوەیە لەناو ئەم میللەتە بێگانانە چەشە و ئارەزووی راگرتنی (چارەنووسی نەتەوایەتیان لە ئایندە هەر چیەک بێ) پەیوەندی لەگەڵ زیرەکی ئێمە بورووژێنین (ئەم دوو کەوانەیەی دوایی لەلایەن مۆریس بارێس خۆی دانراوە.)(44)

لەبەرئەوەی جیاواز لە لۆرەنس و هۆگارت (کتێبەکەی هۆگارت "زانای گەڕیدە"The Wandering Scholar زیاتر تۆمارێکی واقیعیە و بێ رۆمانتیکیە، دوو سەفەرە بۆ خاوەر"مەشریق"، لە 1896 و 1910)(45)، قسە لە بارەی جیهانێک وەک شیمانەیەکی دوور دەکا، ئەو لەوان باشتر ئامادەکراوە ئەوە بێنێتە بەرچاوی، رۆژهەڵات رێگەی تایبەتی خۆی بگرێ. لەگەڵ ئەمەش، پەیوەندی (گوریسەکە) لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا کە دەبێ لە دەست خۆی بێ، بەو شێوە داڕێژراوە رێگەی پێ بدا هەموو جۆرە فشارێکی رۆشنگەری رۆژئاوا لەسەر رۆژهەڵاتدا هەبێ. مۆریس بارێس شتەکان بەو جۆرە نابینێ وەک شەپۆڵ، نەبەرد، ئەڤانتوری روحی، بەڵکو وەک ئیمپریالیزمێکی رۆشنگەر، بە قەد ئەوەی رەگازۆیە بە قەد ئەمەش زیرەکە. روانینی بەریتانی کە لۆرەنس نموونەیەکە بۆ ئەمە، لە بزووتنەوە گەورەکانی رۆژهەڵاتە، هی گەلان، هی ئۆرگانیزاسیۆن و بزووتنەوە سیاسییە رابەریکراوەکان و رکێف لە دەست دەستەڵاتی پسپۆڕ و شارەزای مرۆی سپی: رۆژهەڵات رۆژهەڵاتی "ئێمە"یە، گەل گەلی "ئێمە"یە، "ئێمە، خۆمان" بەسەریدا زاڵین. لەوانەیە ئینگلیزەکان کەمتر لەچاو فرانسییەکان جیاوازی لە نێوان "بژاردە/ئێلیت" و کۆمەڵانی خەڵک بکەن، لەلای فرانسییەکان روانین و سیاسەت هەردەم لەسەر بنچینەی



https://t.me/kurdistanbooks

کەمایەتییەکان و فشارە نارەسەنە پەیڕەوکراوەکان لەلایەن بژاردەی روحی داڕێژراوە، لە نێوان فرانسا و منداڵە کۆلۆنییەکانی.

ئاژانی رۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی لۆرەنس، گێرترود بێل، فیلبی، ستۆر، هۆگارت، لە ماوە و لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی رۆلی پسپۆڕ و شارەزا و ئەڤانتوری رەفتار سەیریان دەگێڕا (ئەم رۆڵە لە سەدەی نۆزدەم لەلایەن ئێدوارد لان و ریتشارد بورتۆن و هێستەر ستانهۆپ داهێنراوە) لەگەڵ ئۆتۆریتێی کۆلۆنیالی، کە پێگەیەکی ناوەندی هەبوو، دروست لە تەنیشت فرمانڕەوای وڵات: لۆرەنس لە تەنیشت هاشمییەکان، فیلبی لەگەڵ ماڵباتی سعودی، ئەمانە نموونەی هەرە دیارن. رێباز یان باوەڕی پسپۆڕ و شارەزا ئینگلیزەکان لەبارەی کێشەی رۆژهەڵاتییەکان زیاتر لەسەر بنچینەی "سازان" و دروستی مەزهەبی "ئۆرتۆدۆکسی/سونەتی" و "دەستەڵاتی فرمانڕەوا" دامەزراوە، هەرچی هی فرانسییەکانە، ئەوان لە نێوان هەر دوو جەنگ خۆیان بە "بیدعە مەزهەبییەکان و پەیوەندییە روحییەکان و رەسەنایەتییەکان" خەریک کردبوو. کەواتە هەر بە رێکەوت نیە کە دوو کەس لە هەرە ئەکادیمیستە گرینگەکانی ئەو سەردەمە یەکێکیان ئینگلیزییە ئەویتریان فرانسییە، ئەمانەش : "ە.ئا.ر.گایب"ە، ئەویتر "لوی ماسینیۆن"ە: گایب بایەخێکی زۆری بە چەمکی "السنە" (یان ئۆرتۆدۆکسی لەناو ئیسلام) داوە. بەڵام ئەوەی دووەمیان کەسایەتی سۆفی و تیۆسۆفیانەی کەمێک نزیک لە کەسایەتی مەسیح (کریست) "مەنسوری حەلاج"ە کە بابەتی سەرەکی تۆژینەوەکانیەتی. کەمێک دواتر دەگەڕێمە سەر ئەم دوو رۆژهەڵاتناسە گەورانە.

کە لەم بەشەدا زیاتر بایەخم بە ئاژانە ئیمپریالیستەکان و سیاسییەکان لەچاو زانا توێژەرەکان داوە، بە مەبەستی ئەوە بوو پەنجە بخەینە سەر گۆڕانە گەورەکان لە رۆژهەڵاتناسی، لە ناسینی رۆژهەڵات، لە پەیوەندییەکان لەگەڵ رۆژهەڵات، کە لە هەڵکەوتێکی


https://t.me/kurdistanbooks

زانینگەیی"ئەکادیمی" چۆتە ناو هەڵکەوتێکی وەک ئامێرێک بۆ ژیانی کردەکی. لە هەمان وەخت، رۆژهەڵاتناس چیتر سەرنجی خۆی نادا وەک چۆن ئێدوارد لان و سیلڤێستر دو ساسی و ئەرنست رێنان و کۆسا دو پێرسڤال، ماکس مولەر و ئەوانی دی دەیانکرد، وەک ئەندامێکی سەر بە جۆرێک لە کۆمەڵەیەک، رابەر و نەریتی تایبەت بە خۆی و رێسای ناوەکی خۆی هەبێ. رۆژهەڵاتناس لێرەوە دەبێتە نوێنەری یان نمایندەی کولتووری رۆژئاوای خۆی، کەسێک کە لەناو کارەکە مەبەستێکی دووانەکی چڕ دەکاتەوە کە ئەم کارە بریتییە لە دەربڕینێکی رەمزی: لەلایەکەوە زانین، لەلایەکەی دی درێژبوونەوەکانی رۆژهەڵات لەناو ئەوپەڕی وردەکاریەکانی خۆی. بە شێوەیەکی رەسمیش، رۆژهەڵاتناس وەک کەسێک خۆی دەبینێ یەکێتی لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا بنیات بنێ، بەڵام ئەو بە گشتی بەو شێوەیە دەیکا دڵنیایی لەسەر باڵادەستی تەکنۆلۆژی، سیاسی و کولتووری رۆژئاوا بکاتەوە. لەناو یەکێتیەکی لەم جۆرە، مێژوو تەواو تووشی بەدگۆڕان دەبێ، ئەمە ئەگەر لەناونەچێ. وەک بزووتنەوەیەک لەمەڕ گەشەسەندن، وەک هێڵێکی ناو گێڕانەوەی سەربردە، یان وەک هێزێکی بەکارهێنراو بە شێوەیەکی پلان بۆ دانراو و بە شێوەی ماتریالی لەناو شوێن و زەمەن، مێژووی مرۆیان (یان هی خۆرهەڵات و خۆرئاوا) دەکەوێتە ژێر کۆنسێپتێکی جەوهەرخوازانە، ئایدیالیستانەی رۆژئاوا و رۆژهەڵات. چونکە رۆژهەڵاتناس هەست دەکا لە لێواری ئەو نێوانەیە کە خۆرهەڵات لە خۆرئاوا جیادەکاتەوە، رۆژهەڵاتناس هەر بەوە دڵی خۆش ناکا لە هەندێ ئایدیای زۆر گشتی دەربڕینی هەبێ، بەڵکو لەوەش دەگەڕێ هەر یەکە لە روخسار یان رووەکانی ژیانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بگۆڕێ بۆ نیشانەیەکی میدیاتیزەنەکراوی ئەم و ئەو، ئەم نیوە بەشانەی جیهانی جیۆگرافی.


https://t.me/kurdistanbooks

ئەم یەک بە دوای یەکییە، لە نووسینی رۆژهەڵاتناس، لە نێوان کەسایەتی پسپۆڕ و شارەزا و کەسایەتییەکەی وەک شایەدحاڵ و بینەر و نوێنەری رۆژئاوا، لە شێوەی بینین Visuels ئامادەکراوە. ئەمەش نموونەی تایپێک (کە لەلایەن گایب بەکارهێنراوە) هی کاری کلاسیکی "دونکان ماکدۆناڵد"ە لە کتێبی: "هەڵوێستی ئایینی و ژیان لەناو ئیسلام" The Religious Attitude and Life in islam کە لە ساڵی 1909 بڵاوبۆتەوە هاتووە:

(عەرەبەکان خۆیان وا پیشان نادەن رازی کردنیان ئاسان بێ، بەڵام وەک مرۆی پۆزەتیڤ، ماتریالیست، پرسیارکەر خۆیان پیشان دەدەن، گاڵتەیان بە خورافات و جادووی خۆیان و سوود لێ وەرگرتنەکان بێتەوە، ئارەزوویان بۆ تاقیکردنەوە و دیاردەکانی سەرەوەی سروشت هەبێ، بە گشتی هەموو ئەمانە بە شێوازێکی سەیری کەودەنانە، تا رادەی مناڵانە دەکەن.) (46)

ئەو فرمانەی کە ئاراستەی ئەم رستەیەی لە دەستە "پیشاندان"ە، ئەمەش لێرەوە ئەوەمان دەداتێ بۆ تێگەیشتن کە عەرەبەکان خۆیان خۆیان ناخەنەڕوو (بە ویستی خۆیان یان نا) بۆ تاقیکردنەوە و پشکنینی پسپۆڕانە. ژمارەی ئەو سیفەتانەی دراونەتە پاڵیان، بەهۆی زۆری و بەهۆی دووبارەبوونەوەی ماناکان، وا لە عەرەبەکان دەکەن سیفەتێکی بوونی سووک وەرگرن، بەم جۆرە دەیانگەڕێننەوە بۆ ناولێنانێکی زۆر فراوان، کە زۆر باوە لەناو فیکری ئەنترۆپۆلۆژی مۆدێرن، ئەویش "سەرەتایی مندالانە"یە. دونکان ماکدۆنالد ئەوەش پێشنیار دەکا، بۆ بەرهەمهێنانی ئەم تایپە لە وەسفکردن، رۆژهەڵاتناسی رۆژئاوایی پێگەیەکی تایبەتی هەیە، وەزیفەی نوێنەرایەتی ئەو بە وردی "پیشاندان"ی ئەوەی پێویستە بۆ بینین. هەموو مێژوویێکی تایبەتی، دەشێ لە لووتکە یان لە سنووری هەستیاری رۆژهەڵات و رۆژئاوا بە یەکەوە ببینرێ. دینامیکی ئاڵۆزی


https://t.me/kurdistanbooks

ژیانی مرۆ (ئەوەی کە من ناوم لێناوە مێژووی سەربردە) یان لە دەرەوەی بابەت دەبێ یان بە بەراورد بە روانینی بازنەیی بێ نرخ دەبێ کە بە هۆی ئەمەوە وردەکارییەکانی ژیانی رۆژهەلاتی بە سادە و ساکاری بە کەڵکی ئەوە دێ دڵنیایی لە رۆژهەلاتیانەی "بابەت" و رۆژئاواییانەی "تێبینیکار" بکاتەوە.

ئەگەر ئەم جۆرە روانینە بە چەشنێک ئەوەی "دانتێ"مان بە بیربهێنێتەوە، دەبێ ئەو جیاوازییە گەورەیە ببینین لە نێوان رۆژهەلات و ئەوەی خۆی (هی دانتێ). ئامانج لێرەش وەک بەڵگە ئەوەیە زانستیانە بێ (دەشێ زانستی بێ) ئەو رەچەڵەکی هەیە، لە روانگەی ژێنیالۆژی، لەناو زانستی ئۆروپی، رۆشنگەری و مرۆپەروەری سەدەی نۆزدەم. بێجگە لەمەش، رۆژهەلات هەر تەنیا جوانیەکی بێهاوتا، یان دوژمنێک، یان لقێک لە ئێگزۆتیزم نیە، بەڵکو واقیعێکی سیاسییە و لێکەوتەکانیشی قورسن. ماکدۆنالدیش زیاتر لە لۆرەنس ناتوانێ بەڕاستی خەسڵەتە نوێنەرایەتییەکانی رۆژئاوایی لە رۆڵی خۆی وەک زانایەک دابڕێنێ. بەم جۆرە، روانینی بۆ ئیسلام، تەواو بە قەد ئەو شێوازەی کە لۆرەنس عەرەبەکانی پێ دەبینێ، پێناسەی بابەت (شت) لەگەڵ شوناسی ئەوەی کە پێناسەی بۆ کراوە تێکەڵی یەکتر دەبن. هەموو رۆژهەلاتییە عەرەبەکان دەبێ خۆیان بگونجێنن بۆ ئەوەی لەناو روانینی تایبەتی رۆژهەلاتی ببینرێن وەک ئەوەی توێژەرە زانستییە رۆژئاواییەکان دایانمەزراندووە. ئەوان دەبێ خۆشیان بگونجێنن بۆ ئەوەی لەناو بەیەککەیشتنێکی تایبەتی لە رۆژهەلات دەرکەون کە تێیدا رۆژئاوا جەوهەری رۆژهەلات سەرلەنوێ دەگرێتەوە وەک ئەنجامێک بۆ نامۆبوونی کەسیی تایبەت بە خۆی. بۆ لۆرەنس هەروەها بۆ "فۆرستەر"یش، ئەم هەستی نامۆبوونە هێشتا ساردبوونەوە دەوروژێنێ کە بە هۆی شکانی


https://t.me/kurdistanbooks

کەسییەوە سەریهەڵداوە، بۆ زانایانی وەک ماکدۆنالد، هێز زیاتر دەداتە گوتاری رۆژهەڵاتناسی خۆی.

جا ئەم گوتارە فراوانتر لە جیهان لە ناو کولتوور، سیاسەت و رووداوی رۆژ بڵاودەبێتەوە. لە نێوان هەردوو جەنگ، هەروەکو دەتوانین بە ئاسانی لە رێگەی رۆمانەکانی ئەندرێ مالرۆ حوکمی لەسەر بدەین، بۆ نموونە پەیوەندییەکانی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا بابەتی هاتووچوونێکی زۆر فراوان و پەشۆکانە. نیشانەکانی داواکاری سەربەخۆیی سیاسی رۆژهەڵاتییەکان لە هەموو شوێنێکە، لەوە دڵنیاین ئەم داواکاریانە بە هاندانی هاوپەیمانان بووە لەناو ئیمپراتۆری عوسمانی هەڵوەشاوە، هەروەک چۆن بە پوختیش زۆر روون نیە بۆ راپەرینی عەرەب و کارگەرییەکانی، ئەم داواکاریانە خێرا بوونە کێشە و گرفت. پێدەچوو ئێستە رۆژهەڵات ئاڵنگارییەک بێ، نەک هەر تەنیا بۆ رۆژئاوا بە گشتی، بەڵکو بۆ ئەقڵ، بۆ زانین، بۆ باڵادەستی رۆژئاواش. پاش سەدەیەک لە دەستتێوەردان لە رۆژهەڵات (لە تۆژینەوەی رۆژهەڵاتیش) رۆڵی رۆژئاوا لەناو رۆژهەڵاتێک کە ئەو خۆی تووشی گرفتی مۆدێرنیتێ بووە پێدەچێ بە شێوەیەکی بەرچاو هەستیار و ئاڵۆز بێ. کێشەی داگیرکردنی سەرتاپاگیریانە لە ئارادایە، کێشەی ئەو خاکانەش لە ئارادایە کە لە ژێر ماندان، کێشەی پێشبڕکێی نێوان ئۆروپییەکان خۆیان لە رۆژهەڵات لە ئارادایە، کێشەی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی رەسەنی ناوچەکە لەگەڵ بزووتنەوە میللییەکانی ناوچەکە و، داواکارییەکانی "خۆبەڕێوەبردن" و سەربەخۆیی، کێشەی پەیوەندی کولتووری نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە ئارادایە. زانایەکی گەورەی وەک "سیلڤا لیڤی"، سەرۆکی "کۆمەڵەی ئاسیایی" لە نێوان 1928 و 1935، پرۆفیسۆری زمانی سانسکریتی لە "کۆلێژ دو فرانس"، بە وردی و بە قووڵی لە ساڵی 1925 بیری لە فریاکەوتنی کێشەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا کردۆتەوە:


https://t.me/kurdistanbooks

(ئەرکی ئێمە تێگەیشتنە لە شارستانی رۆژهەڵات. کێشەی مرۆپەروەری (هیومانیزم) کە لە رووی رۆشنگەری و لە رووی پیشاندانی دڵگیری و زیرەکی بۆ تێگەیشتن لە شارستانیە بێگانەکان، رابردوو و ئێستەیان، بۆ ئێمەی فرانسی، دەکەوێتە ناو سیستەمی کردەکی بەرانبەر بە کۆلۆنیە گەورەکانمان لە ئاسیا (دەشێ ئینگلیزێک هەمان هەستی هەبێ: مەسەلەکە کێشەیەکی ئۆروپییە.)(...). ئەم دانیشتوانانە میراتگرانی رابردوویەکی دروو و درێژن لە مێژوو، لە هونەر، لە ئایین، کە بە تەواوی ئاگاییان لە دەست نەچووە وەک چۆن ئەو گومانەیان لێ دەکرا لەم رووەوە نغرۆ بووبن. ئێمە بەرپرسیاری دەستتێوردانمان گرتە ئەستۆی خۆمان بۆ گەشەپێدانیان، هەندێجار بێ ئەوەی پرسیان پێ بکەین، هەندێجاریش لەسەر داواکاری خۆیان وەک لە حاڵەتی "کامبۆچ –کەمبۆدیا" دەردەکەوێ کە داوای یارمەتی ئێمەیان کرد بۆ بەرگری کردن لە بوونیان. هەڵە یان راست بین، گوایە ئێمە نوێنەرایەتی شارستانیەکی باڵادەست و باڵا دەکەین و، بە پێی مافی ئەم باڵاییە و ئەم باڵادەستییە وێڕای دڵنەوایی زۆر دووپاتمان کردۆتەوە، لەلایەن خەڵکی رەسەنی ناوچەکە هیچ ناڕەزایەتیک نەبوو، ئێمە هەموو نەریتی ئەوانمان خستە ژێر پرسیارەوە (...). لەو باوەڕەدابووین، بە دڵێکی پاکەوە، لەناو سیستەمی مرۆیی پەروەردەیان دەکەین بێ ئەوەی ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین بزانین ئێمە دەتوانین بەختەوەرییان بکەین یان نا. سەرەنجام، هێرارشی (پایەبەندی یان پلەبەندی) لەناو سیستەمی مرۆیی، بە سەختی پێوانە دەکرێ، هەرچی لە بارەی بەختەوەرییە بە تەنیا، هیچ پێوەرێکی دیکە نیە لە غەیری حوکمدان لەسەر هەر کەسێک بە تەنیا.

بە شێوەیەکی گشتی، لە هەموو ئەو شوێنانەی ئۆروپییەکان دەستتێوەردانیان کردووە، خەڵکی رەسەنی شوێنەکە بەڕاستی بە بێ ئومێدییەکی زۆر و بە ئازارەوە خۆیان هاتوتە بەرچاو، بە جۆرێک



https://t.me/kurdistanbooks

ڕادەی بەختەوەرییان لە ڕووی مۆراڵەوە زیاتر وەک لە ڕووی ماتریالەوە، دووربووە لەوەی هەڵکشێ، بەڵکو دابەزیوە. هەموو ئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوی پێکدەهێنا لار دەبێتەوە و دەڕووخێ لە بنی، ئەو کۆڵەگە ئاڵتوونیانەی لەو باوەڕەدابوو لەسەریان سەرلەنوێ بنیاتنانەوە بکا زیاتر وەک کارتۆنی زێڕین دێنە بەرچاوی.

ئەم بێهیواییە لەوسەری ڕۆژهەڵات بۆ ئەوسەری دەگۆڕێ و دەبێتە کینە، ئەم کینەیەش تەواو ئامادەیە ببێتە ڕق و کینەی ئەستوورتر، ئەمەش تەنیا چاوەڕێی فرسەتی گونجاو دەکا بۆ ئەوەی ببێتە کردە.

ئەگەر ئۆروپا، لەبەر تەمبەڵی بێ یان لەبەر تێنەگەیشتن بێ، هەوڵێک نەدا تەنیا بەرژەوەندییەکانی ئاراستەی بکەن، ئەوا کارەساتی ئاسیا دەگاتە خاڵی گرفت.

ئیدی لێرەوەیە کە زانست کە فۆرمێکی ژیانە و ئامێرێکی سیاسیشە (واتە لەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە) دەبێ ڕەنجێکی زۆر بدا بۆ بردنی شارستانی بۆ ناو خەڵکە ڕەسەنەکە، ناو ژیانی خەڵکەکە، لەناو ئەقڵی تایبەت بە خۆیان، بۆ پیشاندانی نرخە بنچینەییەکان و خەسڵەتە بەردەوامەکانی ئەم شارستانیە لەجیاتی کوژاندنەوەی ئەم ژیانە لە بن هەڕەشەی ناڕێکی بەشداری ئۆروپییەکان. ئێمە دەبێ ئەم شارستانیەی خۆمان وەک هەموو کاڵا بازرگانیەکانی دی لە بازێڕە لۆکالییەکان بخەینەڕوو بۆ تاووتوێ. دەبێ بزانین ئەوەی بە هەقیقی نرخێکی هەیە بە پلەی یەکەم دێ. دەبا ئێمە هەوڵ نەدەین لە هیکڕا خۆمان دەرخەین. دەبا لێگەڕێین خەڵکی ڕەسەنی شوێنەکە مافی هەڵبژاردنی هەبێ بە پێی چەشە و بە پێی وەختی خۆی و بە پێی گونجان لەگەڵ خۆی.


https://t.me/kurdistanbooks

دەبا هەوڵبدەین یارمەتیان بدەین لە هەڵبژاردنە سەختەکانیان وێڕای رابەری کردنیان بە ناسکی بێ ئەوەی سەرنجیان وێڵ بکەین، ئێمە خۆمان رەنج بدەینە خۆمان تێبگەین چی بۆ ئەوان گرینگە لە نەریتیان رزگار بکرێ، ئەگەر ئارەزووش بکەن لەگەڵ ئەوانەی ئێمە بیانگونجێنن.) (ئەوانەی لەناو کەوانەن هی سیلڤا لیڤییە).(47)

سیلڤا لیڤی کێشەی ئەوەی نیە رۆژهەڵاتناسی ببەستێتەوە بە سیاسەت، چونکە دەستتێوەردانی درێژی (یان زیاتر درێژبووەوە) رۆژئاوا لە رۆژهەڵات، ناشێ ئینکاری لێ بکرێ، چ لە رووی کاریگەریەکانی لەسەر زانین یان لە رووی ئەو کاریگەریانەی لەسەر خەڵکی بەدبەختی رەسەنی شوێنەکە هەیبووە. هەردووکیان بەیەکەوە ئەوە دروست دەکەن لە ئاییندە ببێتە هەڕەشە. سەرەڕای ئەو هەموو مرۆپەروەریەی دەیخاتەڕوو، ئەو هەموو خەمخۆریە دڵگیرەی بۆ ئەوانی دی هەیەتی، سیلڤا لیڤی لە زەینی خۆی ساتی ئێستەی بە شێوەیەک وێنەکێشاوە مایەی رەخنەیەکی ناشیرین بێ. ئەو پێیوایە رۆژهەڵاتیەکان هەست دەکەن هەڕەشەی شارستانیەکی باڵاتر لەسەر جیهان هەیە، بەڵام ئەوان بە ئەنگیزەی تر هاندراون کە هەندێ ئارەزووی پۆزەتیڤ نین لەمەڕ ئازادی، سەربەخۆیی سیاسی یان جێبەجێکردنی هەندێ کاری کولتووری، بە پێی ئەو پێوەرانەی تایبەت بە خۆیانن، نەک کینە و شەڕانگێزی دڵپیس. سیلڤا لیڤی بێگومان بە کارەکانی نموونەی کەسێکی پسپۆڕی باڵا و بە ئاگا بەرانبەر بە بابەتەکەی پێشکەش کردووە و، ناتوانین گومانمان لە نیگەرانییە رەسەنەکانی هەبێ بەرانبەر قوتابیە رۆژهەڵاتییەکانی. بەڵام چالاکی ئەو وەک مامۆستایەک هەردەم لەناو کۆنتێکستێکی سیاسی گشتی بەڕێوەچووە، ئەمەش بەم رستە هەڕەشەتبارە نیشانی دەدا: "ئەوا کارەساتی ئاسیا دەگاتە خاڵی گرفت"


https://t.me/kurdistanbooks

ئاسیا ئازار دەکێشێ، ئازارەکەی هەڕەشەیە بۆ ئۆروپا: ئەم سنووره نەمرە پڕ لە مەترسیە هێشتا لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا بەردەوامە، تا رادەیەک بێ گۆڕان هەر لە سەردەمی پێش مێژووی کلاسیکەوە. ئەوەی سیلڤا لیڤی وەک یەکێک لە دروشاوەترین رۆژهەڵاتناسی مۆدێرن دەیڵێ، سەدایەکی کەمتر سەرنجڕاکێشی دەبێ لەناو مرۆپەروەرانی کولتوور. بۆ نموونە: ساڵی 1925، گۆڤاری فرانسی Les Cahiers du mois ئەنکێتێک لەنێو هەڵبژاردەی جیهانی رۆشنگەری رێکدەخا، ئەو نووسەرانەی داوایان لێ کراوە (سیلڤا لیڤی و ئێمیل سێنار)ی تێدایە، لەگەڵ هەندێ لە ئەدیبانی وەک ئەندرێ ژید، پۆل ڤالێری و ئێدمۆند ژالوو. ئەو پرسیارانەی کراون تایبەتن بە پەیوەندییەکانی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەو سەردەمە، وێڕای بوونی هەندێ هەراسانی: ئەمەش هەندێ نیشانەمان لەبارەی کەشی کولتووری ئەو سەردەمە پێشکەش دەکا و رێگە بەوە دەدا ببینین چۆن ئەو ئایدیایانەی برەو بە رۆژهەڵاتناسی دەدەن ئێستە گەیشتوونەتە ئاستێکی راستی قبوڵکراو.

(1- لەو باوەڕەدان کە رۆژئاوا و رۆژهەڵات تەواو بەرانبەر بە یەکتری داخراین و یەک نەتوانێ بچێتە ناو ئەویتر، یان بەلای کەمی وەک "مۆریس مێترلانک" بۆی دەچێ، لەناو مێشکی مرۆیانە بەشێکی رۆژئاوایی و بەشێکی رۆژهەڵاتی هەبێ کە هەردەم بە هاوبەشی هەوڵ و رەنجی ئەوانیان ئیفلیج کردبێ؟(...)

3- ئایە ئێوەش لەگەڵ ئەو رایەدان وەک هێنری ماسی، ئەم کاریگەریەی رۆژهەڵات بتوانێ مەترسی گەورە بێ بۆ فیکر و هونەری فرانسی و پێویستە بە خێرایی لەناوبچێ (...)؟

5- بە رای ئێوە ئەو نرخ و بەها رۆژئاواییانە چین کە وا دەکەن رۆژئاوا باڵادەست بێ بەسەر رۆژهەڵات(...)؟)



https://t.me/kurdistanbooks

پێموایە وەڵامەکانی پۆل ڤالێری شایەنی ئەوەن لێرە پیشان بدرێن، ئەوەندە ئەرگیومەنتەکانی سازگار و روون و باون، لەم سەرەتایەی سەدەی بیستەمە، ڤالێری دەڵێ:

((...) لە روانگەی کولتوورییەوە لەو باوەڕەدانیم ئەبێ ترسمان هەبێ "ئێستە، ئەمڕۆ" لە کاریگەری رۆژهەڵات. رۆژهەڵات بۆ ئێمە نەناسراو نیە. ئێمە قەرداری رۆژهەڵاتین لە سەرەتاکانمان بۆ هونەر و بۆ زانینەکانمان. دەتوانین بە جوانی پێشوازی لەوە بکەین کە لە رۆژهەڵاتەوە دێ، ئەگەر شتێکی نوێ لەم هاتنەدا هەبێ، کە من گومانم هەیە. ئەم گومانە بە وردی گەرانتی و چەکی ئۆروپیانەمانە.

لەولاشەوە، کێشەی سەرەکی لە بارەی ئەم بابەتانە پەیوەندی بە "هەرسکردنەوە" هەیە، سەرەنجام لەمەدا بوو بە وردی کێشەی گەورە و هەتا تایبەتمەندی ئەقڵی ئۆروپی خۆی بە درێژایی چاخەکان. رۆڵی ئێمەش راگرتنی ئەم هێز و توانای هەڵبژاردنەیە، هێز و توانای تێگەیشتنی جیهان و گۆڕینی هەموو شتێک بۆ ئەو جەوهەرەی لێی دروستبووین، ئەمەش ئەوەی لێ دروست کردووین کە هەین. یۆنانی و رۆمانەکان پیشانیان داین چۆن دەبێ تاووتوێ لەگەڵ دڕندە و کێویەکانی ئاسیا بکەین، لە شیکردنەوە چۆن تاووتوێیان لەگەڵ بکەین، دەبێ کام جەوهەریان لێ وەرگرین... ناوچەی مێدیترانێ و دەوروبەری وەک گوڵدانێکی داخراو دێتە بەرچاوم کە تێیدا هەموو جەوهەرەکانی رۆژهەڵاتی تێدا کۆبۆتەوە، لە هەموو سەردەمێکەوە هاتوون و چڕبوونەتەوە. (کەوانەکان هی ئەسڵە فرانسیەکەیە)(48)

ئەگەر کولتووری ئۆروپی بە شێوەیەکی گشتی هەرسی رۆژهەڵاتی کردبێ، ئەوا پۆل ڤالێری بە دڵنیاییەوە دەزانێ کە یەکێک لەو ئاژانە تایبەتییانەی ئەم کاری هەرسکردنەی جێبەجێ کردبێ رۆژهەڵاتناسییە. لە ناو جیهانی پرەنسیپەکانی ئۆتۆسەربەخۆیی



https://t.me/kurdistanbooks

نیشتمانی "وودرۆ ویلسۆن"، پۆل ڤالێری باوەڕی بە شیکردنەوە و لێکدانەوە هەیە بۆ لابردنی هەڕەشەی ڕۆژهەڵات. "هێز و توانای هەڵبژاردن" بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئۆروپا بریتیە لە سەرەتا دانان بە ڕۆژهەڵات وەک ئەسڵی زانستی ئۆروپی، پاشان تاووتوێ لەگەڵ کردنی وەک ئەسڵێکی ماوە بەسەرچوو. بەم جۆرە، لەناو کۆنتێکستێکی جیاواز، بەلفور دەتوانێ بیر لە دانیشتوانی ڕەسەنی فەلەستین بکاتەوە کە مافێکی لەپێشتریان هەیە لەسەر وڵاتەکەیان، بەڵام دوورن لەوەی بتوانن بیپارێزن، ئەو دەستەڵاتەی لێیەوە دەردێت، ئارەزووە سادەکانی حەوت سەد هەزار عەرەب، دەڵێ هیچ ئەنجامێکیان نیە بەرانبەر چارەنووسی بزووتنەوەیەک کە بە شێوەیەکی سەرەکی کۆلۆنیالی و ئۆروپیە. (49)

کەواتە ئاسیا بریتییە لە شیمانەیەکی ناحەزی تەقینەوەیەکی لەناکاو کە جیهانی "ئێمە" دەڕووخێنێ، وەک چۆن "جۆن بوکان" ساڵی 1922 بەم شێوە نووسیبووی:

(زەمین لە بن هێز و توانای نارێک و زیرەکی ڕێکنەخراو دەکوڵێ و بڵق دەدا. ئایە قەت بیرتان لە حاڵەتی چین کردۆتەوە ؟ لەوێ، دەیان ملیۆن گیانی زیندووت هەیە بە هۆی دروستکردن بە شتی بێ نرخ خنکاون. بێ ئاراستەن، هیچ دەستەڵاتێک ڕابەرییان ناکا: هەموو ڕەنجیان بە با چووە، جیهانیش بە چین پێدەکەنێ.(50)

بەڵام ئەگەر چین خۆی ڕێکبخا (کە دەیکا)، چیتر مەسەلەی پێکەنین لە ئارادا نیە. کەواتە ئۆروپا هەوڵدەدا وەک بەو شێوەیەی پۆل ڤالێری دەڵێ:"ماشێنێکی بە هێز و توانا"(51) خۆی ڕابگرێ، هەر چی پێدەکرێ لە جیهانی دەرەوە قووتی بدا، هەمووی بۆ بەکارهێنانی خۆی بگۆڕێ، لە رووی ڕۆشنگەری و لە رووی ماتریالییەوە، ڕاگرتنی ڕۆژهەڵاتیش لەناو فۆرمێکی هەڵبژێردراوی ڕێکخستن (یان نارێکخستن). بەڵام ئەمە



https://t.me/kurdistanbooks

ناشێ بکرێ تەنیا بە روونی و سازگاری روانین و شیکردنەوە نەبێ. بەلای کەمی دەبێ رۆژهەڵات وەک خۆی لێگەڕێی، توانای سوپایی و ماتریالی و روحی، درەنگ یان زوو ئۆروپا پڕ دەکا. ئیمپراتۆرە کۆلۆنیالییە گەورەکان، سیستەمە گەورەکانی چەوساندنەوە بە پلان ئامادە و هەن بۆ خۆلادان لە شیمانەیەکی مەترسیداری لەم جۆرە، بابەتە کۆلۆنیالییەکان کە جۆرج ئۆرویل لە مەراکیش بینیوویە لە ساڵی 1939، نابێ وەک جۆرێک لە سەرهەڵدانی کیشوەری ئەفریقیایی، ئاسیایی، رۆژهەڵاتی سەیر بکرێ:

(کاتێ کە پیاسە لەناو شارێکی وەک ئەمە دەکەین "لە دوو سەد هەزار دانیشتوان بەلای کەمی بیست هەزاریان هیچیان نیە جگە لەو پۆشاکەی لەبەریانە"، کە دەبینی چۆن دەژین، هێشتا زیاتر چۆن بە ئاسانی دەمرن، هەردەم سەختە باوەڕ بکەی لەناو مرۆیان دەڕۆی. لە راستیدا، هەموو ئیمپراتۆرێکی کۆلۆنیالی لەسەر ئەمە دامەزراوە. خەڵکەکە روخسارێکی ئەسمەریان هەیە، زۆریش ئەسمەرن. ئایە بەراستی هەمان گۆشتیان هەیە وەک ئێوە؟ یانیش بە سادەیی جۆرێکە لە ماتریالێکی ئەسمەر پارچەکانی لەیەک ناچن، جیاوازی نێوانیان هەروەکو جیاوازی نێوان هەنگەکان خۆیانە یان نێوان مەرجانەکان خۆیانە ؟ لە زەوی دەردێن، ئارەقە دەکەن و بۆ ماوەی چەندان ساڵ برسیانە و پاشان سەرلەنوێ شۆڕدەبنەوە بۆ ناو گۆڕستانی بێ ناو، کەسیش تێبینی ناکا رۆیشتوون. گۆڕەکانیش ماوەیەکی دی، ئەوانیش لەسەر خاک رەش دەبنەوە.) (52).

بێجگە لەو کەسایەتیە سەرنجڕاکێشانەی لە رۆمانە ئێگزۆتیکەکانی نووسەرانی پلە دووی وەک "پیێر لۆتی و مارمادوک پیکتال...هتد" پێشکەش بە خوێنەرانی ئۆروپی کراون، ئەو "نائۆروپیانەی" ئۆروپیەکان دەیانناسن، تەواو ئەوەیە کە جۆرج ئۆرۆویل دەیلێ، یان ئەوەتە کەسایەتی کۆمێدین، یان ئەوەتە ئەتۆمێکە لە کۆمەڵەیەکی



https://t.me/kurdistanbooks

بەرین لەناو گوتاری باو یان لەناو گوتاری پەروەردەکراو وەک تایبێکی جیاواز کە پێی دەگوترێ رۆژهەڵاتی. رۆژهەڵاتناسی بە دەستەڵاتی بەگشتیکردنی خۆی بەشداری لە داهێنانی ئەم تایپە بە ئەبستراکتکردنە (موجەرەدکردنە) کردووە، کە کۆمەڵێک نموونەی لە شارستانییەک گۆڕیوە کە هەڵگری نرخ و فیکر و پێگەکانی خۆیەتی، کە رۆژهەڵاتناسەکان لەلایەن خۆیانەوە لە رۆژهەڵات دۆزیبوویانەوە و گۆڕابوون بۆ پارەی باوی کولتووری.

ساڵی 1934 رایمۆند شواب بیۆگرافیە جوانەکەی "ئەنکتیل دوپێرۆن"ی بڵاوکردەوە و، ئینجا دەستیکرد بە تۆژینەوەکانی کە دەبێ رۆژهەڵاتناسی لەناو کۆنتێکستی کولتووری خۆی دابنێ، دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە شواب بە روونی پێچەوانەی هاوکارەکانیەتی، لە هونەرمەندان و رۆشنگەران، کە بۆ ئەوان هێشتا و بەردەوام رۆژهەڵات و رۆژئاوا ئەبستراکتی دەستی دووەم بوون وەک لەلای پۆل ڤالێری. ناتوانین بڵێین ئەزرا پاوەند و ئیلیەت، ییتس، ئارتور ڤالێ، فینیلۆزا، پۆل کلۆدێل (لە کتێبەکەی: زانین و ناسینی خۆرهەڵات) ڤیکتۆر سێگالا، هی دیکەش، ئاگایان لە "حیکمەتی رۆژهەڵات" نەبووە، هەروەکو ماکس مولەر چەند نەوەیەک پێشتر ئەمەی گوتبوو، بەڵام ئەوەبوو زیاتر جیهانی کولتوور بیری لە رۆژهەڵات و لە ئیسلام بە تایبەتی دەکردەوە، وێڕای بوونی ئەو گومانە کە هەردەم قورسایی بوو لەسەر هەڵوێستی زانستی بەرانبەر بە رۆژهەڵات.

لەم بارەیەوە دەتوانین نموونەیەکی دروست و لە هەمووانیش زیاتر روونتر بهێنینەوە لە زنجیرە کۆنفرانسێک کە لە ساڵی 1924 لە زانکۆی شیکاگۆ لەبارەی "رۆژئاوا و رۆژهەڵات" لەلایەن ناسراوترین رۆژنامەنووسی ئۆروپی "ڤالانتین شیرۆل" بەسترا کە ئەزموونێکی گەورەی هەبوو لەبارەی رۆژهەڵات، بابەتەکەی ئەوەبوو پیشانی ئەمریکاییە رۆشنبیرەکانی بدا کە رۆژهەڵات ئەوەندە دوور نیە وەک



https://t.me/kurdistanbooks

ئەوەی لەوانەیە ئەوان وای بۆ بچن. هێڵە گشتییەکانی فیکری ئەو زۆر سادەیە: رۆژهەڵات و رۆژئاوا یەک لەگەڵ ئەویتر ناکۆکن بە چەشنێک بواری کەمکردنەوەی ئەم ناکۆکییە نیە. رۆژهەڵات "بە تایبەتی محەمەدیزم (ئیسلام/و) یەکێکە لە "هێزە گەورەکانی جیهان" بەرپرسە لەو "نێوانە قووڵەی" جیهان.(53) پێموایە ناونیشانی هەر شەش کۆنفرانس پوختەیەکمان لەبارەی بەگشتیکردنە بەڵگەنەویستەکانی شیرۆل دەداتێ:"مەیدانە کۆنەکانی جەنگەکانیان" لەناوچوونی ئیمپراتۆری عوسمانی لەگەڵ حاڵەتی تایبەتی میسر"، "ئەزموونی گەورەی بەریتانیا لە میسر"، "پاراستن و منداکان"، "بۆلشەڤیزم وەک فاکتەرێکی نوێ"، "هەندێ سەرەنجامی گشتی".

بێجگە لە کۆنفرانسەکانی شیرۆل لەبارەی رۆژهەڵات کە بۆ خەڵکێکی زۆر بوو، دەتوانین شایەدحاڵییەکانی "ئێلی فۆر" بهێنینەوە کە لەناو بیرکردنەوەکانی وەک هی شیرۆل پشت بە مێژوو، زانیارییە تایبەتەکانی خۆی لەمەڕ کولتوور، ناکۆکی ئاشنای نێوان رۆژئاواناسی سپی و رۆژهەڵاتناسی رەنگاورەنگ دەبەستێ. پارادۆکسی وەک "کوشتارگەی بەردەوامی بێباکی رۆژهەڵاتی"، (چونکە "ئەوان" روانینێکیان نیە بۆ ئاشتی وەک "ئێمە" کە هەمانە) درێژەی پێدەدا و دەڵێ جەستەی رۆژهەڵاتییەکان تەمبەڵە، هەروەها دەڵێ "شتێک نیە بە ناوی نیشتمان، بە ناوی مێژوو، بە ناوی نەتەوە لە رۆژهەڵات" تەنیا رۆژهەڵات هەیە، رۆژهەڵاتیش بە شێوەیەکی سەرەکی سۆفیانەیە...هتد. ئێلی فۆر پێیوایە، ئەگەر بە لای کەمی رۆژهەڵات فێر نەبێ ببێتە ئەقڵانی و خۆی نەخاتە بن باری تەکنیکی زانستی و فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم، نزیکبوونەوە لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا مەحاڵە. (54)

لە وتارەکەی "فێرناند بالدنسپێرگەر":"لە کوێ رۆژهەڵات رووبەڕووی رۆژئاوای رۆشنگەر دەبێتەوە"، کێشەی خۆرهەڵات-



https://t.me/kurdistanbooks

خۆرئاوا گەلێ زیرەکانەتر و زانایانەتر خراوەتەڕوو، بەڵام ئەویش دەڵێ:

(پێدەچێ سووکایەتییەکی لەم جۆرە بە فیکر، بە بوارێکی زانستی سەپێندراو لەلایەن ئەقڵ لە رەوتی هەستەکان، بە لێکدانەوە ئەقڵانیەکانیان و بە جێگیربوونیان لەسەر نەخشەی تایبەتی، وەک کۆنسێپتی رۆژهەڵاتی زانایان دەمێنێتەوە.) (55)

دەرهاتوو لە قووڵایی کولتووری ئۆروپی و باس لێکراو لەلایەن نووسەران کە بەڕاستی لەو باوەڕەدابوون بەناوی ئەو کولتوورە قسە دەکەن، ئەم شوێنە هاوبەشانە (چونکە ئەمانە "ئایدیای باو"ی تەواون) ناتوانن بە سادەیی لە یەکتری بگەن وەک هەندێ دەرکەوتن و نیشانەکانی شۆڤێنیزمی لۆکالی. نەخێر، شتێکی ئاساییە بۆ ئەو کەسانەی کەمێک لە کارەکانی دیکەی "ئێلی فۆر" و " فێرناند بالدنسپێرگەر" دەناسن، ئەمانەش بە هەمان ئاست هەڵکەوتی پارادۆکسیان هەیە. پاشخانی ئەم کارانەشیان گۆڕینی زانستی پیشەیی و پێداگربوو کە رۆژهەڵاتناسی بوو، رۆژهەڵاتناسیش وەزیفەیەکی لەناو کولتووری سەدەی نۆزدەم هەبوو، ئەویش گەڕاندنەوەی بەشێک یان پارێک لە مرۆپەروەری بوو بۆ ئۆروپا، بەڵام، لە سەدەی بیستەم، لە یەک کاتدا بووە ئامێرێک بۆ سیاسەت و ئەوەش کە لە هەموویان گرینگترە، بووە کۆدێک کە رێگەی بە ئۆروپا دەدا بە قازانجی خۆی و رۆژهەڵات لێکدانەوەی بۆ بکا. لەبەر هەندێ هۆکار کە پێشتر لەم کتێبە باسم کردووە، رۆژهەڵاتناسی مۆدێرن دەمێک بوو ئەدگاری ترسی گەورەی ئۆروپای بەرانبەر بە ئیسلام هەڵگرتبوو، سەرەنجام تەحەدا سیاسییەکانی نێوان هەردوو جەنگ مەترسیدارتری دەکەن. دەمەوێ بڵێم: ئەوەی کە پسپۆڕی بوو لە بوارێک، بەڕێژەیەکی بێگوناه، لە فیلۆلۆژییەوە بووە بوارێکی زانستی توانای ئەوەی هەبێ سەرپەرشتی بزووتنەوە سیاسییەکان، ئیدارەی



https://t.me/kurdistanbooks

کۆلۆنیەکان بکا، بەیاننامەی تا رادەیەک وەک "رۆژی قیامەت" دەرکا کە میسیۆنی سەختی بە شارستانیکەری مرۆی سپی دەربخا، ئەم مێتامۆرفۆزە (کەولگۆڕین، بەدگۆڕان، حلول /و) لە ناوەوەی کولتوورێک کە لافی ئەوەی لێ دەدا لیبێرال بێ، چالاک بوو، خەمخۆری پێوەرە بەهادارەکانی کاتۆلیکی بوو، هی پلورالیزم و کراونەوەی ئەقڵی و روحی. لە راستیدا شتێک روویدا پێچەوانەی لیبرالی خۆی بوو: ئەویش بە بەردبوونی بزووتنەوە و مانا بوو کە "زانست" پێشکەشی بە "راستی" کردووە. چونکە ئەگەر ئەم راستییە مافی حوکمدان بداتە خۆی کە رۆژهەلات هەر رۆژهەلاتە و ناگۆڕێ، وەک پێشتر ئاماژەم پێدابوو، لەم حاڵەتەدا لیبرالیزم چ نیە جگە لە چەوساندنەوە و حوکمدانی پێشوەخت.

لە ناوەوەی کولتوور، زۆربەی جار نەمانزانیوە ئەم "نا- لیبرالیزم"ە تا کوێ بڕ دەکا (ئێستەش بەردەوام ئەمە ناکەین). لەگەڵ ئەمەش هەندێجار، گومانی لێ کراوە، ئەمەش بۆ خۆی دڵنەواییەک بوو. ئەمەش نموونەیەک کە لە پێشەکی کتێبی Mencius on the Mind (مەنسیوز لە ئەقڵ)، (مەنسیوز یان مەنشیوز فەیلەسوفێکی چینییە/و)ی رەخنەگر "ئای. ئەی. ریتشارد" دەرهاتووە، کە دەتوانین بە ئاسانی لە جێگەی وشەی "چین" وشەی "رۆژهەلاتی" دابنێین:

(هەرچی دەربارەی کاریگەری یەکێ لە گەورەترین زانینی "چین"ە لەسەر رۆژئاوا، شتێکی سەرنجڕاکێشە تێبینی ئەوە بکەین کە نووسەرێک، دوودڵین لەوەی بە نەزان یان سووکی دابنێین، وەک بەڕێز "ئێتیەن گیلسۆن"، لەگەڵ ئەمەش دەتوانێ لە پێشەکییە ئینگلیزییەکەی کتێبی "فەلسەفەی سان تۆماس ئەکینوس" لە بارەی فەلسەفەی تۆماسی قسە بکا کە "هەموو نەریتی مرۆیی وەردەگرێ و کۆیان دەکاتەوە". ئەمە شێوازی بیرکردنەوەی ئێمەیە، بۆ ئێمە جیهانی رۆژئاوایی هەمیشە جیهانە (یان ئەو بەشەی جیهانە کە حسێبی بۆ



https://t.me/kurdistanbooks

دەکرێ و گرینگە) بەڵام چاودێرێکی بێلایەن لەوانەیە بڵێ ئەم جۆرە روانینە هەرێمایەتیە مەترسیدارە. ئێمە هێشتا لە رۆژئاوا ئەوەندە بەختەوەر نین بۆ ئەوەی دڵنیابین کە ئازار ناکێشین.) (56)

ریتشارد لە کتێبەکەی داوای ئەوە دەکا ئەوە بکەین کە ئەو ناوی لێ دەنێ "پێناسەی هەمەجۆر"، کە تایپێکی رەسەنە لە پلورالیزم، خەباتی نێوان سیستەمەکانی پێناسەکردن لەناودەبا. ئەگەر هێرشەکەی بۆ سەر "ئێتیەن گیلسۆن" لە بارەی روانینی هەرێمایەتی وەرگرین یان نا، دەتوانین پێشنیارەکەی وەرگرین: مرۆپەروەری لیبرالیزم، کە رۆژهەڵاتناسی لە رووی مێژووییەوە بەشێک بووە لێی، دەرکەوتنی مانایەکی فراوان، لە بەرینبووندا بێ، رێگە بدا بگەینە تێگەیشتنێکی راستەقینە بە درەنگەوە دەخات. ئەوەی جێگەی مانای فراوانی لەناو رۆژهەڵاتناسی سەدەی بیستەم گرتۆتەوە، واتە لە ناوەوەی بواری تەکنیکی، ئەو بابەتەیە لێرە بەدواوە خەریکی دەبین.



https://t.me/kurdistanbooks

https://t.me/kurdistanbooks

3

# ڕۆژهەڵاتناسی فرانکۆ ئینگلیزی مۆدێرن

# لە هەڕەتی بووژانەوەدا

لەم سەردەمە، نەریتمان بەوە گرتووە لەو کەسەی کە توانایەکی تایبەتی هەیە لەبارەی هەندێ بواری ڕۆژهەڵات، هەندێ لایەنی ژیان، پسپۆڕێک لە بواری "هەرێمە کولتوورییەکان area studies، تا دەگاتە دەوروبەری جەنگی دووەمی جیهانی، وەک ڕۆژهەڵاتناسێک ببینین کە کەسێکە خاوەن پسپۆڕییەکی گشتییە (بێگومان خاوەن شارەزاییەکی تایبەت و گەورە) خاوەن بەهرەیەکی زۆری گەشەسەندوو بۆ پێشکەشکردنی دڵنیاییکردنی سەرتاپاگیرانە. لەمەوە دەمەوێ بڵێم، کە ئەو کەسە ئایدیایەکی دادەڕشت هیچ ئاڵۆزیەکی نەبێ، بۆ نموونە لەبارەی ڕێزمانی عەرەبی یان لەبارەی ئایینی هیندستان، وا لە ڕۆژهەڵاتناس دەگەیشتن (ئەویش وا لە خۆی دەگەیشت) وەک ئەوەی دڵنیایی لەسەر شتێک بکا لەبارەی ڕۆژهەڵات وەک گشتێک بە سەرتاپاگیرییەوە. بەم جۆرە، هەموو تۆژینەوەیەکی بەجیای پێکهاتەیەکی ماتریالی ڕۆژهەڵاتی دڵنیایی لە شێوەیەکی کورتکراوەی قووڵایی "ڕۆژهەڵاتیانەی" ئەو ماتریالە دەکرد. لەبەرئەوەی بە گشتی لەو باوەڕەدابووین کە ڕۆژهەڵات نموونەیەک بوو بۆ یەکانگیرییەکی قووڵ و ئۆرگانیکی، ئەمە بۆ زانای ڕۆژهەڵاتناس مانایەکی تەواو ڕاستی هەبوو بیر لەوە بکاتەوە کە شایەدحاڵی ماتریالی کە ئەو خەریکی بوو دواجار بیگەیەنێتە باشترین



https://t.me/kurdistanbooks

تێگەیشتن لە کەسایەتی، لە ئەقڵ، لە ئێتۆس یان لە روانینی رۆژهەڵاتیەکان بۆ جیهان.

لە دوو بەشی بەرایی ئەم کتێبە، زۆرجار هەندێ بەڵگە و ئەرگیومەنتم پێشکەش کردووە هاوتای هەندێ سەردەمی کۆنتر بێ لە مێژووی بیری رۆژهەڵاتناسی. لە مێژووی تازەی خۆی، ئەوەی لێرەوە سەرنجی من رادەکێشێ، ئەو جیاوازیەیە لە نێوان ئەو ماوەیەی راستەوخۆ دەکەوێتە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی و ئەو ماوەیەی راستەوخۆ لە دوای ئەوەوە دێ. بۆ هەردووکیان، وەک چۆن بۆ سەردەمە کۆنترەکانیش، رۆژهەڵات رۆژهەڵاتی بوو، ئیدی پرسیاری تایبەتی هەر چیەک بوایە، ئەو شێواز و تەکنیکەی بەکاریش هێنراون بۆ قسەکردن لەبارەی رۆژهەڵاتەوە هەرچیەک بوایە، جیاوازی لە نێوان هەر دوو سەردەم کە لێرە مەبەستن، لەناو "ئەقڵ"ن و لەلایەن رۆژهەڵاتناسەوە پێشکەش کراوە بۆ بینینی "رۆژهەڵات/یایەتی" سەرەکی رۆژهەڵات. نموونەیەکی جوانمان لەبارەی بەهانەهێنانەوەی پێش جەنگ لەم پارچە تێکستەی خوارەوە هەیە کە لەلایەن "سنووک هورگرۆنژ" نووسراوە، لەو راپۆرتەی خۆی دەرهاتووە کە لە 1899 کە لەسەر کتێبەکەی "ئێدوارد ساکو" Muhammedanisches Recht ، (قانونی محەمەدی) نووسراوە:

((...) ئەگەرچی لە رووی کردەکییەوە دەبوایە قانون هێشتا واز لە بەشێکی زۆری داب و نەریتی وڵاتان و زۆرداری فرمانڕەواکانی بێنێ، بەڵام بەلای کەمی هەندێ کاریگەری بەرچاوی خۆی لەسەر ژیانی رۆشنگەری موسلمانان هێشتبووەوە. لەبەرئەوە هەردەم بابەتێکی گرینگی تۆژینەوە بووە (بۆ ئێمە ئێستەش هەمان بایەخی هەیە) نەک لەبەر هۆکاری موجەڕەدی سەر بە مێژووی قانون و شارستانی و ئایین، بەڵکو لەبەر ئامانجێکی کردەکیش. بە قەد ئەوەی بۆ ئێمەی ئۆرووپی باش ناسینی ژیانی رۆشنگەری، رێسا ئایینییەکان،



https://t.me/kurdistanbooks

پاشخانی روانینی ئیسلام گرینگە، بە قەد ئەمەش توندوتۆڵ بوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئۆروپا و ڕۆژهەڵاتی موسلمان گرینگە. ئەمە وادەکا وڵاتانی موسلمان بکەونە ژێر سەروەری ئۆروپا.)(57)

سنووک هورگرۆنژ بە باشی ڕێگە بەوەدەدا کە شتێکی ئەوەندە موجەڕەدی وەک "قانونی ئیسلامی" هەندێ جار بکەوێتە ژێر کاریگەری مێژوو و کۆمەڵ، بەڵام ئەو زیاتر پێیخۆشە ئەو موجەڕەدییە بپارێزێ، بۆ بەکارهێنانی فیکری، چونکە، "قانونی ئیسلامی" بە هێڵە گشتییەکانی، بەڵگەیەکە بۆ جیاوازی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا. جیاوازی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بۆ ئەو نە تەواو ئەکادیمییە، نە کلێشەیەکی میللی، بەڵکو بە پێچەوانەوە: پەیوەندی بە دەستەڵاتی مێژوویی و جەوهەریانەی نێوان هەردووکیانەوە هەیە. ناسینی ڕۆژهەڵات یان ئەوەتە ئەو جیاوازییە دەخاتە بەر ڕۆشنایی کە لەسەر بنچینەی ئەمەوە سەروەری ئۆروپی (ئەم زاراوەیەش نەژادێکی شکۆمەندانەی لەسەدەی نۆزدەم هەبووە) بە دڵنیاییەوە لەسەر ئاسیا درێژ دەبێتەوە، یان ئەوەتە دەردەهێنێ و جیاوازییەکە زۆرتر دەکا. کەواتە ناسینی ڕۆژهەڵات وەک گشتێک، ناسینە، چونکە بە ئێوە سپێردراوە، ئەگەر ئێوە ڕۆژئاواییەک بن.

تێکستێکی تا ڕادەیەک هاوتای ئەوەی "سنووک هورگرۆنژ"مان هەیە کە وەک پەرەگرافێکی کۆتاییهێنانە بە وتارەکەی بە ناوی (ئەدەب) کە لەلایەن گایب لە کتێبەکەی بە ناوی "میراتی ئیسلام" The Legacy of Islam نووسراوە، کە لە ساڵی 1931 بڵاوبۆتەوە. دوای ئەوەی باس لە پەیوەندییەکانی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا دەکا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەم، گایب باس لە پەیوەندییەکانی سەدەی نۆزدەم دەکا:



https://t.me/kurdistanbooks

(لە پاش ئەم سێ ساتە لەناکاوەی پەیوەندییەکاندا، رۆمانتیکە ئەلمانەکان سەرلەنوێ رووی خۆیان بەرەو رۆژهەڵات وەرگێڕا و، بۆ یەکەمین جار، راستەوخۆ گەڕان ریگە لەبەردەم میراتی راستەقینەی شیعری رۆژهەڵاتی بکەنەوە بۆ ئەوەی پێ بنێنە ناو شیعری ئۆرووپی. بەڵام سەدەی نۆزدەم، وێڕای هەستی نوێی بەهێز و توانایی و باڵادەستی خۆی، پێدەچوو ئەو دەرگایەی بە روویاندا دابخا. ئەمڕۆ، لەلایەکی دیکەوە، نیشانەی هەندێ گۆڕان هەن. سەرلەنوێ کەوتینە تۆژینەوە لە ئەدەبی رۆژهەڵاتی بۆ خۆی و لە پێناوی خۆی، سەرەنجام خەریکین تێگەیشتنێکی نوێ لەبارەی خۆرهەڵات بەدەست دەهێنین. لە کاتێکدا ئەم زانین و ناسینە بڵاودەبێتەوە و رۆژهەڵات شوێنی شایستەی خۆی لەناو ژیانی مرۆپەروەری وەردەگرێتەوە، ئەدەبی رۆژهەڵاتی هێشتا دەتوانێ وەزیفەی مێژوویی خۆی بگێڕێ و یارمەتیمان بدا لە روانینی تەسک و تریسک رزگارمان بێ کە سنوور بۆ هەموو ئەوانە لەناو ئەدەب و فیکر و مێژوو دادەنێن کە بۆ ئەو بەشە گۆی زەمینەی ئێمە لەسەری دەژین گرینگە.)(58)

ئەم دەربڕینەی گایب "بۆ خۆی و لە پێناوی خۆی" کە لە سەرەوە بەکاری هێناوە بە تەواوی ناکۆکە لەگەڵ ئەو زنجیرە هۆکارانەی سەر بە بانگەوازەکەی "سنووک هورگرۆنژ"ن لەبارەی سەروەری ئۆرووپی لەسەر رۆژهەڵات. ئەوەی پێداگیری لەبارەوە دەکرێ بەلای کەمی پێدەچێ ئەو شوناسە جیهانگیر و قەدەغەیە بێ، هی ئەو شتەی پێی دەوترێ (خۆرهەڵات) و شتێکی تریش کە پێی دەوترێ (خۆرئاوا). ئەم قەوارانەش یەک بۆ ئەویتر سوودی هەیە و، بێگومان مەبەستی گایب مەبەستێکە مایەی پەسنە، کە دەیەوێ بڵێ کاریگەری ئەدەبی رۆژهەڵات لەسەر ئەدەبی رۆژئاوا بە پێویست (بە هۆی ئەنجامەکانی) ئەوە نیە هەروەکو "برونێیر" دەیگوت "شەرمێکە بۆ نەتەوە". بە پێچەوانەوە گایب دەیەوێ بڵێ: دەشێ پێکدادانێک لەگەڵ رۆژهەڵات



https://t.me/kurdistanbooks

لەناو جۆرێک لە ئاڵنگاری مرۆپەروەرانە لە سنوورە دوورەکانی ئیتنۆسەنتەریزمی رۆژئاوایی هەبێ.

ئەگەرچی گایب پێشتر کەمێک بایەخی بە ئایدیای "ئەدەبی جیهانی Weltliteratur گۆتەی شاعیر داوە، بەڵام بانگەوازەکەی بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکی مرۆپەروەرانەی هاوئاستی یەکتر لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، وەک وەڵامێکە بۆ هەقیقەتی واقیعی سیاسی و کولتووری پاش جەنگ. باڵادەستی و سەروەری ئۆروپی لەسەر رۆژهەڵات کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو گەشەی سەندووە، بۆ نموونە لە میسری ژێردەستی بەریتانی، لە قبوڵکردنێکی کەم و زۆر شەرمنانەی خەڵکی میسر، چووە بۆ حاڵەتێکی سیاسی زیاتر مایەی نارەزایی بە داواکارییەکی گرژ و مۆنی سەربەخۆیی میسرییەکان. ئەمە ئەو ساڵانە بوو کە پڕ لە ئاشووب و ناجێگیری بەردەوام بوو بۆ بەریتانیەکان لەگەڵ "سەعد زەغلول" و حزبی وەفد و...هتد. (59) بێجگە لەمەش، قەیرانی ئابووری جیهانی هەر لە ساڵی 1925 ەوە، لەو نیگەرانی و دڵەراوکەی زیاتر کرد کە پەخشانی گایب نیشانی دەدا. بەڵام لە پەخشانی گایب پەیامی تایبەتی کولتووری تێیدا بەهێزترە: پێدەچێ گایب بە خوێنەرانی خۆی بڵێ: گرینگیدانتان بە رۆژهەڵات لەبەرئەوەیە سوودی بۆ ئەقڵی رۆژئاوا هەیە لە خەباتی بۆ سەرکەوتن بە سەر ئاسۆتەنگی ئەقڵی، بەسەر پسپۆڕی تەسک و تریسک، بەسەر روانینی سنووردار.

لە "سنووک هورگرۆنژ"ەوە بۆ "گایب"، بنچینە و بەراییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕاون. چیتر بێ ناکۆکی توند و ئاڵۆز قبوڵ ناکرێ بووترێ باڵادەستی ئۆروپی بەسەر رۆژهەڵات تا رادەیەک کردەیەکی سروشت بووە، بێگومان ئەوەش دەڵێن کە رۆژهەڵاتیش پێویستی بە رۆشنایی رۆژئاوا نەبووە. ئەوەی کە بایەخی لە نێوان هەر دوو جەنگەکەدا هەبوو، ئەو ئۆتۆپێناسە کولتوورییە بوو کە



https://t.me/kurdistanbooks

بەسەر هەستی هەرێمپەرستی و رقبوونەوە لە بێگانان تێپەڕێ. بۆ گایب، رۆژئاوا وەک شتێک پێویستی بە رۆژهەڵات هەیە بتوانێ تۆژینەوەی لەسەر بکا، چونکە ئەقڵ دەپارێزێ لە خۆپسپۆڕکردنێکی نەزۆک، روح هێمن دەکاتەوە لەو زیانەی بە هۆی ئیتنۆسەنتریزمی شۆڤێنیزمی بنەوانگر پێی گەیشتووە، یارمەتی ئەوە دەدا کێشە راستەقینە سەنتراڵەکانی تۆژینەوەی کولتووری دەست نیشان بکرێ. ئەگەر رۆژهەڵات هەڵکەوتێکی زیاتر وەک هاوبەشێک لەناو ئەم دیالێکتیکە تازە لەدایکبووەی ئاگایی خۆناسینی کولتووری وەرگرێ، بە پلەی یەکەم لەبەرئەوەیە زیاتر لە جاران تەحەدای هەیە، پاشان، چونکە رۆژئاواش دەچێتە ناو هەنگاوێکی تا رادەیەک نوێ لە گرفت و قەیرانی کولتووری، کە یەکێ لە هۆکارەکانی لاوازبوونی باڵادەستی و سەروەری ئەوە لەسەر شوێنەکانی تری جیهان.

کەواتە دەبێ پێکهێنەرە یان هێمانە هاوبەشەکانی نێوان کارە رۆژهەڵاتناسییە گەورەکانی نێوان هەر دوو جەنگی جیهانی بدۆزینەوە، کە دوو نووسەری گەورەی وەک "لوی ماسینیۆن و گایب" خۆیان بە کارەکانیان نوێنەرایەتی دەکەن، ئەمانەش بریتین لە دوو توێژەری باڵای مرۆپەروەری هەرە نایابی ئەم ماوەیە. هەڵوێستی سەرتاپاگیرانەی Totalisante لەسەرەوە باسمکرد، دەتواندرێ وەک هاوتای رۆژهەڵاتناسی دابندرێ بۆ هەوڵەکانی زانستی مرۆپەروەری تەواو رۆژئاوایی بۆ تێگەیشتن لە کولتوور وەک گشتێک، بە شێوەیەکی ئەنتی پۆزەتیڤیست، مەزندەناسانە و وێڕای دڵگیری. رۆژهەڵاتناس و رۆژهەڵاتنەناس، هەر یەکەیان لەو خاڵەوە هەنگاو دەنێن کە هەست دەکەن کولتووری رۆژئاوایی بە ناو قەیران و گرفتدا تێدەپەڕێ کە چەندین هەڕەشەی وەک بەربەری، بەرژەوەندییە تەسەکەکانی تەواو تەکنیکی، گرژی مۆرالی، نارەزایی ناسیۆنالستانەی تەسک...هتد، خۆیان بەسەریدا دەسەپێنن. فیکرێ بەکارهێنانی تێکستە



https://t.me/kurdistanbooks

تایبەتییەکان بۆ نموونە، بۆ کارکردن لە تایبەتەوە بۆ گشتی (بۆ تێگەیشتن لە تەواوی ژیانی سەردەمێک و سەرەنجام لە کولتوورێک) لە کاری ئەوانەش وەک توێژەرانی بواری زانستی مرۆپەروەری ڕۆژئاوایی کە ئیلهام لە کارەکانی "ویلیەم دیلتێی" وەردەگرن و لەو زانا توێژەرە ڕۆژهەڵاتناسانەش کە ستاتوێکی مەزنیان هەیە وەک لوی ماسینیۆن و گایب. پڕۆژەی ژیاندنەوەی فیلۆلۆژی کە لە کارەکانی "کیورتیوس" و "دو ڤۆسلەر" و "ئۆوێرباخ" و "سپیتزەر" و " گوندۆلف" و "هۆفمانستال"دا دەیاندۆزینەوە، (60) هاوتایان لەناو توندوتۆڵی لۆژیکی نوێی ناو فیلۆلۆژی ڕۆژهەڵاتناسانەی تەواو تەکنیکی، تۆژینەوەکانی لوی ماسینیۆن هەن لەبارەی ئەو وشەنامە و واژەنامانەی ئەو ناوی لێناون سۆفیانە، واژەنامەکانی پەرستشی ئیسلامی...هتد.

بەڵام پەیوەندییەکی دیکەی سەرنجڕاکێشتر هەیە لە نێوان ڕۆژهەڵاتناسی لەم ماوەیەی مێژووی خۆی لەگەڵ زانستەکانی مرۆناسی ئۆروپییەکان (Geisteswissenschaften) کە هاوچەرخیانن. ئەمانە بە زۆری لە یەکەمین ئەو هەستیارییانە بوون بەرانبەر بە هەڕەشەکانی پسپۆڕی بوارێکی تەکنیکی، مۆرالی، کە درێژدادڕی لە بایەخی خۆی بکا، ئەو هەڕەشانەی بەلای کەمی لە بەشێکیاندا بە بەرزبوونەوەی فاشیزمی ئۆروپی نوێنەرایەتیکرابوون. ئەم هەستیارییە بە سیفەت دڵەڕاوکەیی و سەرقاڵییەکانی نێوان هەر دوو جەنگی تا دوای جەنگی دووەمی جیهانیش درێژکردبووەوە. لەم بارەیەوە یاداشت و شایەدحاڵییەکی باڵا و زۆر کەسییانە و زۆر ڕوونبێژانە لە کارە مەزنەکەی "ئێرخ ئۆوێرباخ" لە کتێبی: "لاساییکردنەوە Mimesis" لەناو دوا بیرکردنەوەکانی لەبارەی مێتۆدۆلۆژی فیلۆلۆژناسدا دەدۆزینەوە.(61) ئۆوێرباخ پێمان دەڵێ کە کتێبی "لاساییکردنەوە"ی لەو ماوەیە نووسیوە کە لە تورکیا لە مەنفادا


https://t.me/kurdistanbooks

بووه و، هەوڵیداوه گەشەسەندنی کولتووری رۆژئاوایی ببینێ کە تا رادەیەک لە دواساتەکانی خۆیدا بووه، لە کاتێکدا هێشتا ئەو کولتووره یەکانیگری و توندوتۆڵی شارستانی خۆی هەبووه، سەرەنجام ئەویش ئەو هەوڵەی خستۆتەبەر خۆی، کارێکی گشتی لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی هەندێ تێکستی تایبەتی بنووسێ، بە شێوەیەک پرەنسیپە بەرهەمهێنانە ئەدەبییەکان بە تەواوی جۆراوجۆری، دەوڵەمەندی، بە پیتوفەڕی خۆیانەوه بەکاربهێنێ. ئامانجی ئەوه بووه سەنتێزێک بۆ کولتووری ئۆروپی بکا کە تێیدا سەنتێزەکە هەمان گرینگی کردەی کردنەکەی هەبێ. ئەوەی وادەکا ئەمە بشێ، وەک ئۆوێرباخ بۆی دەچێ، هەر ئەوەیە کە ئەو ناوی لێ دەنێ: "مرۆپەروەری بۆرژوازیانەی درەنگوەخت".(62) بەم جۆرە وردەکارییە شاراوەکان گۆڕێندراون بۆ رەمزێکی بەهێزی میدیاتیزەکراوی پرۆسەی مێژووی جیهان.

ئەوەی کەم بایەختر نەبوو بۆ ئۆوێرباخ (ئەمەش راستەوخۆ بەسەر رۆژهەڵاتناسیش پەیرەو دەبوو) نەریتی مرۆپەروەرانەی چوون بوو بۆ ناو کولتوورێک یان ناو ئەدەبێکی نەتەوایەتی جیا لەوەی خۆی. ئۆوێرباخ نموونەی "کیورتیس"ی لەبەر دەست بوو، کە خاوەن بەرهەمێکی بێهاوتا بوو، نیشانەی ئەوەبوو کە ئەو راستەوخۆ وەک "ئەلمان"ێک و وەک پیشەکارێک خۆی تەرخان کردبوو بۆ ئەدەبی میللەتانی رۆمانەکان (وەک فرانسییەکان و ئیسپانییەکان و ئیتالییەکان). کەواتە بێ هۆ نیە ئۆوێرباخ بیرکردنەوەکانی لە پاییزی تەمەنی خۆی بە پەرەگرافێکی ماناداری لەکتێبی"هونەری خوێندنەوەی" Didascalion "هوگ دو سان ڤیکتۆر" کۆتایی پێ دێنێ: (ئەو کەسەی کە هێشتا هەست دەکا وڵاتەکەی ناسکە هەرزەکارێکی دڵگیره، بۆ ئەو کەسەی هەموو خاکێک وەک خاکەکەی خۆیەتی ئەمەیان دەمێکە بەهێزه، بەڵام ئەو کەسەی دەبینێ هەموو جیهان



https://t.me/kurdistanbooks

وەک وڵاتێکی بێگانەیە، ئەو کەسە کەسێکی پوخت و پڕە.)(63) هەرچەند توانای ئەوەمان هەبێ وڵاتی کوولتووری خۆمان بەجێهێڵین، ئاسانتر توانای ئەوەمان دەبێ حوکمی لەسەر بدەین، بە هەمان شێوە تەواوی جیهانیش، بەو دابڕانە روحی و بەخشندەییە پێویستە، دەتوانی وەک خۆیان ببینی. ئەوسا ئاسانتر دەتوانین حوکم لەسەر خۆشمان بدەین، خۆمان و کولتوورەکانی دی، هەڵبەت وێڕای هەمان هاوکێشەی نزیکی و دووریی.

وەک زانیاری مێتۆدۆلۆژی کە بایەخی کەمتر نەبێ: بەکارهێنانی زانستە مرۆییەکان بۆ "تایپەکان" لە یەک کاتدا وەک رەفتارێکی شیکارانە و وەک شێوازێکی بینینی شتە ئاشناکان بە شێوەیەکی نوێ. مێژووی "تایپ" بەو شێوەیەی لەلای نووسەرانی سەرەتای سەدەی بیستەم دەیدۆزینەوە وەک: ماکس ڤیبەر، ئێمیل دۆرکایم، جۆرج لوکاش، مانهایم و ئەوانی دی لە سۆسیۆلۆگەکانی زانین، چەندین جار تۆژینەوەیان لەبارەوە کراوە. (64) لەگەڵ ئەوەش لەو باوەڕەدام تێبینیمان نەکردووە، کاتێ کە ماکس ڤیبەر شیکاری بۆ پڕۆتێستانتیزم، جودایزم و بوودایزم دەکا، بەو شێوە بۆ سەر هەمان ئەو زەمینە خزیووە (لەوانەیە بە ئەنقەستیش نەبێ) کە لە بنچینەدا رۆژهەڵاتناسەکان کۆدەکانیان کردۆتەوە و داگیریان کردووە. ئەو برەودانی لەلای هەموو ئەو بیرمەندانەی سەدەی نۆزدەم دەدۆزییەوە کە باوەڕیان بە جۆرێک لە جیاوازی ئۆنتۆلۆژی (بوونناسی) هەبوو لە نێوان ئەقڵیەتی ئابووریانەی (ئایینیانەش هەڵبەت) رۆژهەڵات و رۆژئاوا. ئەگەرچی ماکس ڤیبەر هەرگیز بایەخێکی ئەوتۆی بە ئیسلام نەداوە، کەچی دەبینین لەگەڵ ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر تۆژینەوە ئیسلامییەکان هەبووە، بە شێوەیەکی سەرەکی لەبەرئەوەی ئایدیای ئەو بۆ "تایپ" دڵنیاکردنەوە بووە (لە دەرەوە) لەسەر چەندین تێزی رێسایی پشتگیریکراو لەلایەن رۆژهەڵاتناسەکان، کە ئایدیاکان



https://t.me/kurdistanbooks

لەمەڕ ئابووری هەرگیز هێوەتر نەڕۆیشتوون وەک لە دڵنیاکردنەوە لەسەر ناتوانایی یان بێ توانایی بنچینەیی رۆژهەڵاتییەکان لە بواری پیشەسازی، بازرگانی، ئەقڵانیەتی ئابووری. لە بواری تۆژینەوە ئیسلامییەکان، ئەم کلێشانە ماوەی سەدان ساڵ درێژەیان هەبوو، تا بڵاوبوونەوەی تۆژینەوە بە نرخەکەی مەکسیم رۆدنسۆن بەناوی "ئیسلام و سەرمایەداری" لە ساڵی 1966. چەمکی "تایپ"ی رۆژهەڵاتی، ئیسلامی، عەرەب، هێشتا، درێژە بە خۆیان دەدەن و خۆراک لە تەجرید "ئەبستراکسیۆن" یان پارادیگمەکان یان لەو تایپانە وەردەگرن بەو شێوەیەی لە زانستە مرۆییە مۆدێرنەکان دەردەکەون.

لەم کتێبە زۆرجار گوتوومە رۆژهەڵاتناسەکان چەندە هەستیان بە مەنفا کردووە لە بەرانبەر کولتوورێک کە هی خۆیان نەبووە. لە بوارەکانی دیکەی زانستی مرۆپەروەری، ئایدیاکانی ئۆوێرباخ لەسەر مەنفا یان غەریبی پەیڕەو دەبن، بەڵام رۆژهەڵاتناسە ئیسلامناسەکان هەرگیز، لەلایەن خۆیانەوە، بیریان لەو مەنفا و غەریبییە نەکردۆتەوە بەرانبەر بە ئیسلام وەک شتێکی دروست یان وەک هەڵوێستێک بەرەو ئەوەیان راکێشێ باشترین تێگەیشتنیان بۆ کولتووری خۆیان هەبێ. بە پێچەوانەوە، ئەو نێوانە یان دوورییە بە سادەیی هەستی باڵادەستی کولتووری ئۆروپیانەیان بەهێزتر کردووە، هەستی نەفرەتباریان بەسەر هەموو رۆژهەڵاتدا رادەگەیشت، بەو شێوە ئیسلامیان دەبینی وەک نوێنەرێکی رووشاو (لەولاشەوە زۆر مەترسیدار). هەروا ئەوەشم پیشانداوە کە ئەم روانینانە چوونەتە ناو ساختمانی نەریتی تۆژینەوە رۆژهەڵاتییەکان خۆشیان بە درێژایی تەواوی سەدەی نۆزدەم، لە کۆتاییدا بوونەتە هێمان یان پێکهێنەرێکی کلاسیکی لە دروستبوونی رۆژهەڵاتناس، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی. بێجگە لەمە، دواتر، لەو باوەڕەدام، شیمانەیەکی بەهێز هەبووە زانا توێژەرە ئۆروپییەکان بەردەوام بن لە بینینی رۆژهەڵاتی



https://t.me/kurdistanbooks

ناوەڕاست لە روانگەی بنچینەکانی "کتێبی پیرۆز Bible"، وەک شوێنێک بۆ پێشینەیەکی ئایینی نەگۆڕ. بە هۆی پەیوەندی تایبەتی بە کریستیانیزم و جودایزم، ئیسلام بۆ رۆژهەلاتناس هەردەم وەک ئایدیا یان "تایپ"ێک لە (...) هەڕەشەی کولتووری "رەسەن" سەیری کراوە، کە بێگومان ترس پەخش دەکا، ئەگەر شارستانی ئیسلامی بە چەشنێک وەک خۆی بمێنێتەوە کە ناکۆکە لەگەڵ رۆژئاوای کریستیانی.

لەبەرئەوەی رۆژهەلاتناسی ئیسلامی ئەو هەڵوێستە ئایینیەی پاراستووە کە بە شێوەیەکی بەرچاو گفتوگۆ و مشتومڕ هەڵبگرێ و هەر لە سەرەتاشەوە هەروابووە، بۆیە دەتوانین بڵێین بە چەشنێک لەناو درز و کەلێنەکانی میتۆدۆلۆژی ماوەتەوە. نامۆبوونە کولتوورییەکەی دەبوایە سەرەتا، خۆی لە مێژوو و لە کۆنتێکستی سۆسیۆسیاسی مۆدێرن بپارێزێ، بە هەمان شێوە خۆی لە پێداچوونەوە پێویستەکانیش بپارێزێ کە هەندێ پێدراوی نوێ بۆ هەر "تایپ"ێکی تیۆری یان مێژوویی دەسەپێنن. پاشان، ئەو تەجریدانەی Abstractions کە رۆژهەلاتناسی پێشکەشی دەکردن (یان باشتر ئەو فرسەتانەی رۆژهەلاتناسی پێشکەشی دەکردن بۆ تەجریدکردنەکان) لە حاڵەتی شارستانی ئیسلامی دروستییەکی نوێیان وەرگرتووە، چونکە وای بۆدەچوون کە ئیسلام بەو شێوەیە کار دەکات کە رۆژهەلاتناسی دەیگوت. (بێ گەڕانەوە بۆ واقیع وەک سەرچاوەیەک، تەنیا پشت بەستن بە کۆمەڵێک پرەنسیپی کلاسیکی)، دیسان وای بۆدەچوون کە ئیسلامی مۆدێرن چ نیە جگە لە کۆپییەکی دووبارەبووەوەی ئیسلامی کۆن بە تایبەتی، چونکە دیسان وای بۆدەچوون کە مۆدێرنیتێ بۆ ئیسلام زیاتر نەفرەتە وەک لە تەحەدا. (زۆری ژمارەی گریمان و بۆچوونەکان کە لەم وەسفکردنەدا هەیە بابەتن بۆ وەسفی پێچ و پەنای تا رادەیەک شاز کە پێوست بوون بۆ



https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵاتناسی بۆ ئەوەی بتوانێ شێوازی تایبتی خۆی لە بینینی واقیعی مرۆیی بپارێزێ.) سەرەنجام، ئەگەر ئامانج و خواستی سەنتێتێزیانە لە فیلۆلۆژی (بەو شێوەیەی ئۆوێرباخ و کیورتیوس تێیگەیشتبوون) دەبێ بەرەو فراوانبوونەوەیەکی ئاگایی توێژەر، هەستی برادەرایەتی مرۆپەروەریانە، هەندێ پرەنسیپی جیهانیانەی رەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆیی بچێ، ئەوا بۆ ڕۆژهەڵاتناسیی ئیسلامناس سەنتێز بەرەو ئەوە چوو هەستی جیاوازی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بژیێنێتەوە کە ئیسلام نوێنەرایەتی ئەو جیاوازییەی دەکرد.

من خەریکم باس لە شتێک دەکەم کە خەسڵەتێکی ڕۆژهەڵاتناسی ئیسلامییە تا ئەمڕۆ: کە لە ڕووی پێگەی بە سیفەت پاشەکشییەوە بە زانستە مرۆییەکانی دی بەراوردی دەکەین (هەتا لەگەڵ هەندێ لقی دی لە ڕۆژهەڵاتناسی خۆیشی) دواکەوتنە گشتییەکەی لە روانگەی میتۆدۆلۆژی و ئیدیۆلۆژی و، مەیلێکی ڕێژەیی بۆ دوورەپەرێزی بەرانبەر بەو گەشەسەندنانەی لە یەک کاتدا لە زانستە مرۆییەکانی دیکە و لە جیهانی هەقیقی مەرجە مێژووییەکان، ئابوورییەکان، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ڕوودەدەن.(65) نزیک کۆتایی سەدەی نۆزدەم هەندێ لە چاودێران تێبینییان کردبوو هەموو ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسی سامی یان ئیسلامی وەک پاشخانی ئایینی دەیپارێزێ هەمووی لەو پاشخانەوە دەهاتن کە بنچینەیان بوون. یەکەمین کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتناسی لە پاریس لە ساڵی 1873 بەسترا، تا رادەیک ڕاستەوخۆ بۆ هەندێ لە توێژەرە باڵاکان لە ڕوانگەیەکی گشتییەوە ڕوونبووەوە، ڕۆژهەڵاتناسی سامی و ئیسلامی لەناو جۆرێک لە بەجێمانی ڕۆشنگەریدا دەژین. توێژەری ئینگلیزی "ر.ن.کوست" لەبارەی تەواوی ئەو کۆنگرانەی لە 1873 بۆ 1879



https://t.me/kurdistanbooks

بەستراون راپۆرتێکی پێشکەش کردووە کە لە بابەت بواری سامی و ئیسلامیدا دەڵێ:

(کۆبوونەوەی لەم جۆرە "لە بواری سامی کۆن" بەڕاستی زانستی ڕۆژهەڵاتناسی پێشدەخەن. جێگەی داخە کە ناتوانین هەمان شت لە بارەی بەشی سامییە مۆدێرنەکان بڵێین. گەلێک زۆر شت هەبوون لەم بارەیەوە، بەڵام ئەو بابەتانەی گفتوگۆیان لەبارەوە کرا لە رووی ئەدەبی و لە رووی بەرژەوەندییەوە زۆر کەم بوون، دەشێ سەرنجی توێژەرە کەم ئەزموونەکانی قوتابخانەی کۆن راکێشێ، بەڵام نەک ئەوانەی چینی گەورەی "پرۆفیسۆرە" رۆژهەڵاتناسەکانی سەدەی نۆزدەم. لەم حاڵەتەدا دەبێ تا "پلین" بگەرێمەوە بۆ دۆزینەوەی زاراوەیەک. ئەم بوارەش ئەقڵی فیلۆلۆژی و ئەقڵی ئارکیۆلۆژی مۆدێرنی نوقسان بوو، ئەم راپۆرتەش زیاتر بە کۆنگرەی پرۆفیسۆرەکانی دانیشگا دەچێ لە سەدەی رابردوو کە کۆدەبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی خوێندنەوەی تێکستێکی یۆنانی یان سەر و بۆر دانان لەسەر بزوێنێک، پێش ئەوەی کازیۆەی فیلۆلۆژی بەراوردکاری هەڵبێ هەموو تەونی لێکدەرەوە کۆنەکان لەناوبەرێ. (...)(66)

ئارکیۆلۆژیزمی گفتوگۆ و مشتومڕ هەڵگر کە "کوست" وەسفی دەکا، لە هەندێ حاڵەتدا، کۆپییەکە لە پسپۆڕی باڵای ئەنتی سامیانەی ئۆرووپی. دەستەواژەی "سامییە مۆدێرنەکان" کە دەبێ لە یەک کاتدا موسلمانەکان و جودایییەکان "جووەکان" بگرێتەوە (کە بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بواری سامی کۆن، کە ئەرنست رێنان پێشەنگی ئەم بوارە بوو) ئاڵای نەژادپەرستانەی خۆی بەرزکردۆتەوە، مەبەستیش لێی بێگومان بە ڕواڵەت بە رێزەوە خۆنیشاندانە. کەمێک لەولاتر لەناو هەمان راپۆرت، کوست لە هەمان کۆبوونەوە مانای ئەوە لێکدەداتەوە کە ("ئارییەکان" ماتریالێکی زۆریان پێشکەش کردووە بۆ بیرکردنەوە



https://t.me/kurdistanbooks

لێیان). ئەمەش روونە کە "ئارییەکان" تەجریدێکە بەرانبەر بە "سامییەکان" دەوەستێ، بەڵام، لەبەر هەندێ هۆکار کە لەسەرەوە باسم کردوون، پێمانوابوو کە کلێشەی لەم جۆرانە کە ئاماژەن بۆ میراتی رەفتار و سروشتی مرۆی کۆن Atavisme سیفەتێکە بە تایبەتی دراوەتە سامییەکان، ئەمەو وێڕای ئەنجامە مەترسیدارە مۆرالی و مرۆییەکانی بۆ تەواوی کۆمەڵ کە مێژووی سەدەی بیستەم بە فراوانی پیشانی داوە. لەگەڵ ئەمەش، لەناو مێژووەکانی ئەنتی سامی مۆدێرن ئێمە هێشتا زۆر پێداگیریمان نەکردووە لەو شەرعیەتەی رۆژهەڵاتناسەکان دەیدەنە ئەم ناولێنان و کلێشانە کە ئاماژەن بۆ رەفتار و سروشتی بە میرات مایەوە، سەرەنجام ئەوەی بۆ تێزەکەی من گرینگە، بایەیخدانە بەو شێوازەی چۆن ئەم شەرعییەتدانە ئەکادیمی و رۆشنگەرییە بەردەوام بووە و درێژەی بە خۆیداوە لەم سەردەمەی ئێمە کە باس لە ئیسلام، عەرەبەکان، یان باس لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەین. هەڵبەت، لە کاتێکد چیتر بواری ئەوە نەماوەتەوە وتار و توێژینەوەی زانستی (هەتا بە ئاستێکی میللیش) لەبارەی "ئەقڵی رەشپێستەکان" یان لەبارەی "کەسایەتی جووەکان" بنووسی، تەواو بواری ئەوە هەیە وەک شیمانەیەک توێژینەوە لەسەر بابەتی وەک "ئەقڵی ئیسلام" یان "کەسایەتی عەرەب" بنووسرێ، بەڵام دواتر دەگەڕێمەوە سەر ئەم بابەتە.

قەیرانی رۆشنگەری رۆژهەڵاتناسی ئیسلامی رووێکی قەیرانی روحی "مرۆپەروەری بۆرژوازیانەی درەنگوەخت"ە، بەڵام فۆرم، شێوازی ئەم رۆژهەڵاتناسییە ئەوە دەستنیشان دەکەن کە بۆ ئەو خۆی، مرۆڤایەتی دەتوانێ خۆی دابەشی دوو کاتیگۆری بکا: "رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی"، رزگاری (رزگاریخوازی) لەخۆدەربڕین، خۆدروستکردن و بنیاتنان بۆ رۆژهەڵاتی هەمان شت نین بۆ رۆژئاوایی. رۆژهەڵاتناسی ئیسلامناس بەو چەشنە ئایدیاکانی لەبارەی



https://t.me/kurdistanbooks

ئیسلام دەدەبڕێ و دادەڕێژێ بەرگری خۆی بخاتەڕوو، بەم جۆرە هەمان بەرگریش دەداتە پاڵ موسلمانان بەرانبەر بە گۆڕان، بەرانبەر بە تێگەیشتنی هاوبەشی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا، بەرانبەر بە گەشەسەندنی پیاوان و ژنان، وایان لێ بکا دەریان بێنێ لە دامەزراوە کلاسیکییەکان، کۆن و بەسەرچووەکان و سەرەتاییەکان بۆ چوونە ناو مۆدێرنیتێ. لە راستیدا ئەم بەرگرییە، هەستێکی ئەوەندە بەهێزە، ئەو توانا و هێزەی پێیدراوە یان دراوەتە پاڵی، ئەوەندە جیهانییە، لەگەڵ خوێندنەوەی رۆژهەڵاتناسەکان تێدەگەین، ئەو قیامەتەی لێی دەترسین لەناوچوون و رووخانی شارستانی رۆژئاوایی نیە، بەڵکو زیاتر لەناوبردنی ئەو بەربەستانەن کە خۆرهەڵات لە خۆرئاوا جیادەکاتەوە. کاتێ کە گایب دژی ناسیۆنالیزم لە وڵاتە ئیسلامییە مۆدێرنەکان دەوەستێتەوە، پێیوایە ناسیۆنالیزم لە ستروکتوورەکانی ناوەوە دەدەن کە کەسایەتی رۆژهەڵاتیانەی ئیسلامیان پاراستووە. ئەنجامی روونی ناسیۆنالیزمی مەدەنیانە یان خوێندەوارانە Séculier دەبێتە هۆی ئەوەی رۆژهەڵات هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ رۆژئاوادا نەمێنێ. لەگەڵ ئەمەش دەبێ ئەم سیفەتە بۆ تواناکانی خۆبەرجەستکردنێکی لەئاسابەدەر و دڵگیری گایب بگەڕێنینەوە لەگەڵ ئایینێکی دی، ئەو بە چەشنێک رازی نەبوونی خۆی پیشاندا وەک ئەوەی "بەناوی" کۆمەڵی ئیسلامی سونەتی (ئۆرتۆدۆکس) قسە بکا. ئایە ئەم بەکارهێنانە گەڕانەوەیەکە بۆ نەریتە کۆنەکانی رۆژهەڵاتناسان بەناوی خەڵکی رەسەن قسە بکەن، یان هەوڵدانێکی دڵسۆزانەیە بۆ قسەکردن لەبارەی بەرژەوەندی پێشتر ناسراوی ئیسلام ؟ وەڵام ئەمەیە یان ئەویتر یان لە نێوان ئەمە و ئەویترە.

هیچ توێژەرێک، هیچ نووسەر و بیرمەندێک هەڵبەت نوێنەرێکی پوخت و بێگەردی هیچ تایپێکی ئیدیال یان هیچ قوتابخانەیەک نیە بە هۆی نەژادە نیشتمانیەکەی یان بە هۆی رووداوەکانی مێژوو. کەچی،


https://t.me/kurdistanbooks

لەناو نەریتێکی بە ڕێژەیی زۆر دوورەپەرێز و زۆر پسپۆڕانەی وەک ڕۆژهەڵاتناسی، لەو باوەڕەدام هەموو ڕۆژهەڵاتناسێک بە ڕێژەیەکی نائاگاییانە و بە ڕێژەیەکیش ئاگاییانە، لە ڕوانگەی نەریتی نەتەوایەتی خۆی، یان هەر هیچ نەبێ لە ڕوانگەی ئیدیۆلۆژی خۆی دەڕوانێ. ئەمە بە شێوەیەکی تایبەت بۆ ڕۆژهەڵاتناسی ڕاستە، چونکە، نەتەوە ئۆروپییەکان بە شێوەیەکی سیاسی کەوتوونەتە ناو کاروباری ئەم یان ئەویتری وڵاتانی ڕۆژهەڵات: لەمەشەوە ڕاستەوخۆ خەیاڵمان بۆ حاڵەتی "سنووک هورگرۆنژ" دەچێ، کە نموونەیەکە نە ئینگلیزییە نە فرانسییە، هەر لەم نموونەیەش هەستی شوناسی نیشتمانی زانای توێژەر زۆر ڕوون و زۆر سادەیە.(67) بەڵام ئەگەر بە هەموو نموونە گونجاوەکانیش لەبارەی جیاوازی نێوان "تاکەکەس و تایپ"دا بچینەوە (یان لە نێوان تاکەکەس و نەریتێک)، دەبینین تا چەند و تا چ ئاستێک سەرنجراکێشە گایب و لوی ماسینیۆن نموونەی تایپی نوێنەرایەتیکەرن. لەوانەیە باشتر بێ بگوترێ کە گایب و لوی ماسینیۆن وەڵامی هەموو ئەو پێشبینی و داواکاریانەیان داوەتەوە کە لەلایەن نەریتی نیشتمانی خۆیان بۆ ئەوان دروستکراون یان بۆ ئەوان داهێنراون، بە هۆی سیاسەتی وڵاتەکانیان و بە هۆی مێژووی ناوەوەی "قوتابخانەی" ڕۆژهەڵاتناسی نیشتمانی ئەوان. سیلڤا لیڤی جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان ئەم دوو قوتابخانەیە پیشان دەدا:

(ئەو بەرژەوەندییە سیاسییەی کە ئینگلتەرا بە هیندستان دەبەستێتەوە کاری بەریتانییەکان دەخاتە ناو پەیوەندی لەگەڵ واقیعی کۆنکرێت و، یەکگرتنی نێوان نوێنەرایەتییەکانی ڕابردوو و هەڵکەوتی ئێستە ڕادەگرێ. هەرچی فرانسایە، خۆراک لە نەریتە کلاسیکییەکان وەردەگرێ، فرانسا لە ڕوحی مرۆیی لەناو زەمەن و شوێندا دەگەڕێ. فرانسا هەروەکو چۆن بایەخ بە هیندستان دەدا بایەخ بە "چین"یش دەدا (...))(68)


https://t.me/kurdistanbooks

دەبێتە شتێکی ئاسان بڵێین ئەم دوو سەرجەب "قطب"ە polarité، یەکێکیان نوێنەری کارێک دەکا ئەقڵانی، کاریگەر، کۆنکرێت، ئەویتر نوێنەری کارێک دەکا بە سیفەت جیهانی، سەر بە رامان و بیرکردنەوە، هەمیشە سەرکەوتوو، بێهاوتا. لەگەڵ ئەمەش ئەم سەرجەبانە سوودی ئەوەیان هەیە دوو ژیانی کردەکی و پیشەیی دوور و درێژ و زۆر لێکجیاواز روون بکەنەوە، کە هەردووکیان، تا ساڵی 1960 بەسەر رۆژهەڵاتناسی ئیسلامی فرانسی و رۆژهەڵاتناسی ئەنگلۆئەمریکایی باڵادەست بوون، لەولاشەوە کە باس لە مەسەلەی باڵادەستی دەکەین، لەبەرئەوەیە کە هەر یەکە لەم زانا توێژەرانە لە نەریتێکی هوشیارەوە دەهاتن و بەردەوامیش کاریان لەسەر ئەو نەریتە کردووە، ئەمەش نەریتێک بووە بەربەستەکانی (یان سنوورەکانی ئەگەر بە شێوەیەکی رۆشنگەری و سیاسیانە قسە بکەین) دەتوانرێ وەسف بکرێن وەک چۆن سیلڤا لێڤی کردوویەتی.

گایب لە میسر لە دایکبووە، لوی ماسینیۆن لە فرانسا. هەر یەک لەمانە دەبوایە بە شێوەیەکی قووڵ ببنە کەسانی ئایینی، ئەو خوێندنەی کە هەیانبووە لە جیاتی بەلای توێژینەوە لە کۆمەڵدا بشکێتەوە زیاتر بە لای توێژینەوە لە ژیانی ئایین لە ناو کۆمەڵدا شکاوەتەوە. بێجگە لەوە هەر یەکێک لەم دووانە زۆریش تێکەڵی کاروبارەکانی دنیا بوون، یەکێ لە سەرکەوتنە گەورەکانی ئەم دووانە، ئەوە بوو توانیان وابکەن پسپۆڕی و توێژینەوەی باڵای نەریتی سوودی بۆ جیهانی سیاسی مۆدێرن هەبێ. لەگەڵ ئەمەش، کارەکانیان تا رادەیەک هەموویان چنینێکیان هەبوو زۆر لێک جیاواز بوون، سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە دیارەکانیان لە رووی خوێندن و پەروەردەی ئایینییانەوە.

لوی ماسینیۆن هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ توێژینەوە لە کارەکانی "ئەلحەلاج"، هەروەکو گایب لە ساڵی 1962 لەو وتارەی


https://t.me/kurdistanbooks

تایبەت بە ماڵئاوایی لوی ماسینیۆن لە دنیا نووسیبووی دەڵێ "ماسینیۆن هەرگیز لە گەڕان نەوەستا بە دوای شوون پێیەکانی ئەلحەلاج لەناو ئەدەب و لەناو کارە سۆفیە ئیسلامییەکانی دواتر"، کاریگەری و سفێری تا رادەیەک بێ سنووری کارەکانی ماسینیۆن دەبێ بە شێوەیەکی کردەکی بگاتە هەموو شوێنێک، لە هەر جێیەک شایەدحاڵییەک هەبووبێ لە بارەی "ئەقڵی مرۆ لەناو زەمەن و لەناو شوێن". هەموو ئەمەش لەناو بەرهەم و کاریکی ئەوەندە سەرتاپاگیر "کە دەبێ هەموو رووێک و هەموو هەرێمێک لە ژیان و فیکری موسلمانە هاوچەرخەکان بگرێتەوە"، بوونی لوی ماسینیۆن لەناو رۆژهەڵاتناسی تەحەدایەکی بەردەوام بوو بۆ هەموو هاوکارەکانی. لەوە دڵنیاین کە گایب یەکێ لەو کەسانەی بەرایی بوو کە زۆر بە ماسینیۆن و شێوازی بیرکردنەوەی کاریگەر بوو، هەڵبەت وێڕای پاراستنی نێوانێکیش لە بەینی خۆی و ئەو، گایب دەڵێ:

(هەندێ تێما هەبوون کە بە شێوەیەک دەبوونە بابەتی پەیوەندی لە نێوان ژیانی روحی موسلمانان و ژیانی روحی کاتۆلیکەکان "ئەمەش رێگەی پێدەدا بە دوای" پێکهێنەرێک بگەڕێ لەناو پەرستن و عیبادەتە ناسراوەکان لەمەڕ "فاتیمەی زەهرا"و، وەک ئەنجامێک بۆ بوارێکی تایبەتی خاوەن بەرژەوەندی بۆ تۆژینەوە لە فیکری شیعایەتی لەناو کۆمەڵێک دەرکەوتە و روو یان هێشتا لەناو کۆمەلانی خەڵکی بەرایی ئیبراهیمی و لەناو تێماکانی وەک بۆ نموونە "یارانی ئەشکەوت". لەبارەی ئەم بابەتانەوە، نووسینەکانی ماسینیۆن و بە هۆی ئەو چلۆنایەتیە قووڵەی ئەو پێی بەخشیوون، مانایەکی بەردەوام و هەمیشەییان بۆ تۆژینەوە ئیسلامییەکان هەبووە. بەڵام، دروست بە هۆی و لەبەر ئەم چلۆنایەتیە قووڵەوە، تۆژینەوەکانی وادێنە بەرچاو لەسەر دوو تۆمار داڕێژرابن. یەکێکیان لەسەر ئاستی ئاسایی پسپۆڕی باڵای مەوزوعیانە، لەوە بگەڕێ سروشتی دیاردەیەک روون



https://t.me/kurdistanbooks

بکاتەوە بە هۆی بەرزەفتکردنی کەرستە و ئامێرە کلاسیکییەکانی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی. ئەویتریان ئاستێکی هەیە کە بە هۆی بابەتە مەوزوعییەکان و تێگەیشتن قووتدرابن و بە مەزندەیەکی تاکەکەسیی رەهەندی روحی گۆڕدرابن. هەردەم ئاسان نەبووە سنوورێکی جیاکەرەوە لەنێوان ئەمەی دوایی و ئاستی شێوەگۆڕانەکان بکێشرێ کە سەرچاوەکانیان دەگەڕێنەوە بۆ پڕژانی دەوڵەمەندی کەسایەتی خۆی.)

گایب لێرەوە دەیەوێ پێمان بڵێ دەشێ کاتۆلیکەکان لە چاو پرۆتێستانەکان نزیکتر بن لە تۆژینەوە لە نەریتی سەر بە پەرستنی "فاتیمەی زەهرا"، بەڵام بە روونی بێ هیچ گرێ و گۆڵێک دەیەوێ بەرانبەر بە کەسێک ئەوە پیشان بدا کە دەیەوێ جیاوازی یان جیاکردنەوەی نێوان پسپۆڕی باڵای "مەوزوعیانە" و پسپۆڕییەک لەسەر بنچینەی "مەزندەی تاکەکەسیی رەهەندی روحی" دامەزرابێ تێکبدا. گایب بە لای کەمی لەمەوە لەسەر هەقە کە دەیەوێ دان بەوەدا بنێ، کە لە پەرەگرافی کۆتایی نووسینەکەی لەمەڕ کۆچی دوایی ماسینیۆن باس لە "دەوڵەمەندی" ئەقڵی ماسینیۆن دەکا لەناو ئەو بوارە جۆربەجۆرانەی وەک "رەمزیەتی هونەری موسڵمانان" ستروکتوری لۆژیکی موسڵمانان، ئاڵۆزی کاروباری دارایی چاخەکانی ناوەڕاست و ئۆرگانیزاسیۆنی بەش و بوارەکانی پیشەگەری"، کەچی لەولاشەوە گایب بە هەڵەدا نەچووە کە دەیەوێ پێناسەی بەرژەوەندی مەیل و بەرژەوەندی زووی ماسینیۆن بکا بۆ زمانە سامییەکان وەک ئەوەی بەشداری زۆری کردبێ لەسەرهەڵدانی "تۆژینەوە Elliptiques"ەکان (بوارێکی لێکۆڵینەوە کە تێیدا هەندێ لایەنی بە شاراوەیی و نهێنی دەهێڵرێتەوە/و) کە بۆ ئەوانەی تازە هاتوونەتە ناو بواری تۆژینەوە، تا رادەیەک هاوتای نهێنی"هێرمێتیکا"ی کۆنەکانە. لەگەڵ ئەمەش گایب روانینەکەی بە تێبینییەکی بەخشندەتر تەواو دەکا:



https://t.me/kurdistanbooks

(بۆ ئێمە، ئەو وانەیەی ماسینیۆن پێشکەشی بە ڕۆژهەڵاتناسەکانی سەردەمی خۆی کردووە ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتناسی کلاسیکی خۆیشی چیتر گونجاو نیە ئەگەر هەندێ پلەی ئیلتیزامکردنی تێدا نەبێ بەرانبەر بەو هێزە زیندووانەی کە ماناو چەندین نرخیان داوەتە رووە جیاوازەکانی کولتووری ڕۆژهەڵاتییەکان.)(69)

ئەمەیە بەشداری هەرە گرینگی ماسینیۆن و، ڕاستیشە، کە ئیسلامۆلۆژی فرانسی هاوچەرخ (وەک چۆن هەندێ جار بەم شێوەیە ناوی دەهێنرێ) نەریتێکی بەرجەستەبوونی لەگەڵ "هێزە زیندووەکان"ی ناوەوەی خۆی گەشەپێداوە، کە بوونەتە وزە و خۆراک بۆ "کولتووری ڕۆژهەڵاتی"، هەر ئەوەندەش هەموو شتێکە ناوی ئەو کارە دیار و بەرچاوانەی زانایانی وەک: ژاک بێرک، مەکسیم ڕۆدنسۆن، ئیڤ لاکۆست، ڕۆژێ ئارنالدێز بێنین (کە یەک لەوانی دی زۆر جیاوازن، لە ڕووی توێژینەوەیان لە بابەتەکە و لە ڕووی مەبەست و ئامانجیان) کە کەوتبوونە بن کاریگەری دەوڵەمەندیی لوی ماسینیۆن، کە جێ پەنجەی ڕۆشنگەری لەسەر هەر یەکێکیان جێهێشتووە و ئەمەش گفتوگۆی لەسەر نیە.

وێڕای کۆکردنەوەی ئەم کۆمێنتانە لە چەقێک و بە شێوازێکیش کەمێک تەنزئامێز، لەبارەی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی کار و بەرهەمەکانی لوی ماسینیۆن، گایب هەندێ شتی دیار و سادەی پشتگوێ خستووە، ئەگەر بە چاوێکی سەرتاپاگیری سەیریان بکەین، دەبینین ماسینیۆن دەکەنە ڕەمزی پڕ و پوختەی گەشەسەندنی سەرەکی ڕۆژهەڵاتناسی فرانسی، هەڵبەت وێڕای جیاوازی زۆر لە نێوان هەر یەکەیان. بەم جۆرە، پاشخانی کەسیی ماسینیۆن نموونەیەکی نایابە بۆ ڕۆژهەڵاتناسی فرانسی بەو شێوەیەی سیلڤا لیڤی وەسفی دەکا. ئایدیای "ڕوحی مرۆیی"یش کەم و زۆر بێگانەیە بە پاشخانی ڕۆشنگەری و ئایینی گایب و زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناسە


https://t.me/kurdistanbooks

ئینگلیزە مۆدێرنەکان، لە کاتێکدا پێدەچێ لوی ماسینیۆن هەر لە منداڵییەوە لە چەمکی "روحی" خۆراکی وەرگرتبێ، ئەمەش هەقیقەتێکی زیاتر ئێستێتیکی بووە وەک لە هەقیەقتێکی ئایینی، مۆرالی یان مێژوویی. ماڵباتی لوی ماسینیۆن پەیوەندی برادەرایەتیان لەگەڵ پیاوانی وەک "ژ. ک. هیوسمان" هەبووە، کەشی رۆشنگەری پەروەردەبوونی بەرایی، ئایدیا سەمبۆلیزمە درەنگەکان (یان سەمبۆلیزم لە ماوەی کۆتایی خۆی) بە جوانی لە هەموو نووسینەکانیدا دەرکەوتوون، هەتا لەو نووسینانەش کە لەسەر جۆراوجۆری تایبەتمەندی کاتۆلیسیزم و (سۆفی)یشن کە ئەو بایەخی پێداون. شوونپێی زوهد و دەستگرتنەوە لە کارەکانی ماسینیۆندا نادۆزرێنەوە، لەناو شێوازی گەورەی نووسینی ئەویشیدا نین. روانین و فیکری ئەو بە پان و پۆڕی سەداو زایەڵەی لەناو کاری هاوسەردەمەکانی خۆی دەدۆزرێتەوە لە نووسەران و بیرمەندان و هونەرمەندان، ئەم دەوڵەمەندی و فراوانیە لەمەڕ کولتوور و شێوازەوە، ماسینیۆن دەخەنە ناو کاتیگۆرییەکی دی تەواو جیاواز لەوەی گایب. ئایدیا بەراییەکانی ماسینیۆن لەو سەردەمە رسکاون کە پێی دەوترێ سەردەمی رووخانی ئێستێتیکی (کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم/و)، بەڵام ماسینیۆن کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەمانەش وەک: بێرگسۆن، دۆرکایم و دومۆس. بە هۆی ئەرنست رێنانەوە کە ئەو لە سەردەمی لاوی ئامادەی وانەکانی دەبوو، دێتە ناو رۆژهەڵاتناسی، بێجگە لەمە ماسینیۆن قوتابی "سیلڤا لیڤی"یش بوو، یەکێ لە هاوڕێیانی "پۆل کلۆدێل و گابریەل بوونوور و ژاک و رابیسا ماریتێن و شارل دو فووکوو" بوو. پاشان ماسینیۆن توانی تەواوی ئەو کار و بەرهەمانە تێبگا و هەرسیان بکا کە سەر بە بواری تا رادەیەک نوێ بوون وەک: سۆسیۆلۆژی مەدەنی (سیڤیل)، زمانناسی ستروکتورالی، سایکۆلۆژی، ئێتنۆلۆژی هاوچەرخ و مێژووی نوێ.


https://t.me/kurdistanbooks

وتارەکانی، بێجگە لە تۆژینەوە مەزنەکەی لەبارەی "ئەلحەلاج" بێ هیچ کێشەیەک بە ئاسانی دەتوانن سوود بگەیەنن و تێکەڵ بن بە هەموو سەرچاوەی ئەدەبی ئیسلامی، وەک پسپۆڕێکی باڵای بێهاوتا و کەسایەتیەکی سادە و ساکار، هەندێجار وا دێتە بەرچاو بەو پسپۆڕانە بچێ کە لەلایەن نووسەر "خۆرخی لوی بۆرخێس" داهێنرابێ. بۆرخێس گەلێک هەستیار بوو بەرانبەر بە تێما "رۆژهەڵاتییەکان" لەناو ئەدەبی ئۆروپی، کە بە هەمان شێوە سەرنجی "گایب"یشیان راکێشابوو، بەڵام گایب زیاتر سەرنجی بۆ نووسەرانی ئۆروپی دەچوو، ئەوانەی لە رۆژهەڵات "دەگەیشتن" بە تێکستە ئۆروپییەکانیان کە پێشتر وەک دڵنیاییەکی هونەری بوو لەوەی دواتر زانایان پەردەیان لەسەر هەڵدەدایەوە و باسیان دەکرد (وەک "و. سکۆت" وەک سەرچاوەیەک بۆ تۆژینەوە لە سەلاحەددین ئەیوبی)، بەڵام حاڵەتی ماسینیۆن وانەبوو. "رۆژهەڵات"ی ماسینیۆن لە هارمۆنی پڕدا بوو لەگەڵ جیهانی "یارانی ئەشکەوت" یان لەگەڵ "نوێژەکانی ئیبراهیمی" (ئەم دوو تێمایەش لەلایەن گایبەوە باسیان لێکراوە، هەڵبەت وەک دوو نیشانەی دیاری روانین و رای نائۆرتۆدۆکسی (ناسونەتی) لوی ماسینیۆن لەبارەی ئیسلام): ئەمەش ریزپەڕییەک بوو، کەمێکیش سەیر بوو، وەڵامدانەوەیەکی سەرتاپاگیرە بۆ بەهرەی نایابی شیکردنەوە و لێکدانەوەی لوی ماسینیۆن (کە بە شێوەیەک بابەتی خۆیان دروست دەکرد). ئەگەر گایب مەیل و سەرنجی بەلای سەلاحەدیینی "سکۆت" دا بشکێتەوە، ئەوا ماسینیۆن ئەم مەیل و سەرنجەی بۆ نێرڤال هەبوو، وەک شاعیرێکی خۆکوژ، نەفرەتبار و سەر بە فزوولیەتێکی سایکۆلۆژی. بەڵام ئەمەش بەو مانایە نایەت کە ماسینیۆن بە تایبەت خۆی تەرخان کردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە رابردوو، بە پێچەوانەوە، ئەو ئامادەگییەکی گەورەی هەبوو لەناو پەیوەندییەکانی فرانسا و جیهانی ئیسلامی، لەناو سیاسەت و لەناو کولتوور. ئەم پیاوە دڵ پڕ لە شەوقە، هەڵبەت تەواو لەو باوەڕەدابوو


https://t.me/kurdistanbooks

کە بە تەنیا بە پسپۆڕی باڵا ناتوانین بچینە ناو جیهانی ئیسلام، بەڵکو دەبێ هەموو چالاکی خۆتی بۆ تەرخان بکەی، بەم جۆرە، "ئەمەیان کەمترین شت نیە". ماسینیۆن بە گەرمی پشتگیری هاوکاری "بەدەلیە"ی دەکرد، وەک گروپێکی لاوەکی کریستیانی ڕۆژهەڵات شینبوو لەناوەوەی ئیسلام.

بەهرە مەزنە ئەدەبییەکانی لوی ماسینیۆن هەندێجار ڕواڵەتێکی وا دەدەنە پسپۆڕییەکەی وەک ئەوەی سەر بە بیرکردنەوە و ڕامانێکی میزاجی بێ، کۆسمۆپۆلیتیەکی لەرادەبەدەر بێ، زۆریش تاکەکەسیی بێ، بەڵام ئەم ڕواڵەتە هەڵخەڵەتێنەرە. ئەو هەر لە سەرەتاوە ویستوویەتی خۆی لەوە لادا کە پێی دەڵێن "لێکدانەوەی شیکاری و ستاتیکی ڕۆژهەڵاتناسی"(70) (ستاتیکی: زانستی هاوسەنگی و جێگیری/و)، وەک جۆرێک لە کەڵەکەبوونی بێ ژیان، لەبارەی تێکستەکان، یان ئەو کێشانەی دەشێ ئیسلامی بن، لەبارەی سەرچاوەکان، بنچینەکان، بەڵگە و سەلماندنەکان....هتد. ئەو لە هەموو ڕوویێکەوە هەوڵی داوە هەرچەند بشێ کۆنتێکستی تێکستێک یان کێشەیەک ڕەپێش بخا و ڕێکی بخا و تا ڕادەیەک خوێنەرانی شاگەشکە بکا بە ڕوانینە قووڵەکانی کە دەتوانن هەموو ئەوانەی وەک ئەون، ئارەزوو دەکەن بەربەستەکانی پێش بوارە زانستییەکان یان پێش نەریتێک دووربخەنەوە بۆ چوونەناو دڵی مرۆییانەی تێکستێک. هیچ ڕۆژهەڵاتناسێکی مۆدێرن (بە دڵنیاییەوە کەسێکی وەک گایب نا، کە تا ڕادەیەک هاوتای یەکسانی ماسینیۆنە بە بەهرە و بە کاریگەری) نەیدەتوانی ئەوەندە بە ئاسانی و ئەوەندە بە وردی لە هەمان کار وەک سەرچاوە بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک سۆفی ئیسلامی، بۆ یۆنگ، بۆ هایزینبێرگ، بۆ مالارمێ، بۆ کێرکگارد، هیچ یەکێکیان ئەو ڕوانینە بەرینە هەستپێکراوەی بۆ ئەزموونی سیاسی بەرجەستە نەبوو کە ماسینیۆن باسی لێوە دەکا، لە ساڵی 1952، لە وتاری "ڕۆژهەڵات



https://t.me/kurdistanbooks

بەرانبەر بە رۆژهەڵات": کە پێشینە دەداتە چارەسەرێکی کولتووری. (71) لەگەڵ ئەمەش جیهانی کولتووری ئەو باش پێناسەی بۆ کرابوو، ستروکتورێکی تۆکمەی هەبوو کە هەر لە سەرەتای ژیانی زانستی تا کۆتایی بە یەکانگیری مابووەوە و، توندوتۆڵ، سەرەڕای دەوڵەمەندی بێهاوتای بوارەکەی خۆی و سەرچاوەکانی، لەناو کۆمەڵێک ئایدیای قووڵ و نەگۆڕ. لێرەوە بە خێرایی باس لەم ستروکتورە دەکەین و بە کورتی ئایدیاکانی دەخەینەڕوو.

ماسینیۆن وەک هەنگاوی یەکەم باس لە بوونی سێ ئایینی ئیبراهیمی دەکا، ئیسلام وەک ئایینی ئیسماعیل دەناسێنێ، وەک مۆنۆتاییزمی گەلێکی دوورخراوە لە بەڵێنی خوا بۆ ئیسحاق، کە ئایینی پرۆتێستۆیە (دژی خودای باوک، دژی کریست "مەسیح" وەک بەرجەستەی ئەم خودایە) کەچی لەناو خۆی ئەو خەمەی پاراستووە کە سەرەتا لەگەڵ فرمێسکەکانی هاجەر دەردەکەون. ئەمە وا دەکا زمانی عەرەبی هەر ئەو زمانەی فرمێسکەکان بێ، بە هەمان شێوە، هەموو مانای چەمکی "جیهاد" لەناو ئیسلام ( ماسینیۆن بە روونی دەڵێ جیهاد فۆرمێکی داستانسەراییە (ئێپیکی) لەناو ئیسلام کە رێنان توانای نیە ببینێ یان لێی تێبگا) رەهەندێکی رۆشنگەری گەورەی هەیە کە پەیام یان میسیۆنی ئەمەش جەنگە دژی کریستیانیزم و جوداییزم، کە دوژمنی دەرەکین، دژی رافزییەت کە دوژمنی ناوەکییە. لەگەڵ ئەمەش، لە ناوەوەی ئیسلام، ماسینیۆن باوەڕی وایە لە توانایدا هەیە جیاوازی بکا و هەست بە هەندێ تایپی دژە ئاراستە بکا، ئەمەش وەک میسیۆنی سەرەکی رۆشنگەری ئەوە، کە تۆژینەوەیە لە هەموو ئەوەی لە سۆفیزم بەرجەستە بووە، وەک رێگایەک بەرەو شوکرانە و رەحمەتی خودایی. خەسڵەتی سەرەکی سۆفیزم بێگومان بریتییە لە خەسڵەتی زاتییەت، کە هەڵکەوتی نائەقڵانی و ناڕوونی، بەرەو ئەزموونی تاک و تاکەکەسیی و وەختی بەشداریکردنی ئیلاهی دەچێ.



https://t.me/kurdistanbooks

هەموو ئەو کارە نایابەی کە ماسینیۆن تەرخانی کردووە بۆ سۆفیزم بەم جۆرە هەوڵێکە بۆ وەسفکردنی ناوەوەی گیانەکان بۆ بە دەستهێنانی سازانێکی سنووردار کە کۆمەڵی ئیسلامی ئۆرتۆدۆکس یان سوونەتی بەسەریدا دەسەپێنن. سۆفییەکی ئێرانی بە جورئەت ترە لە سۆفییەکی عەرەبی، چونکە بە ڕیژەیەک ئارياييە (ئەمەش کۆنە کلێشەکانی سەدەی نۆزدەمە "ئاری" و "سامی" کە بۆ ماسینیۆن حاڵەتی فشارهێن و ناچارین، بە هەمان شێوە وەک دوانەی دژبەیەک لەلای شلیگل لە نێوان هەر دوو خێزانە زمانی ئاری و سامی)(72) بە ڕیژەیەکیش لەبەرئەوەی ئەو مرۆیەکە وێڵە بە دوای پوختەیی و پڕی. بە ڕای ماسینیۆن سۆفیزمی عەرەبی بەلای ئەوەدا دەشکێتەوە کە "واردنبێرگ" ناوی لێ دەنێ: یەکتاپەرستی شهودی MonismeTestemoniale، کەسایەتی نموونەیش بۆ ماسینیۆن و بۆ ئەمە "ئەلحەلاج"ە، کە لە دەرەوەی کۆمەڵی موسلمانان وێڕای داواکردن و پرسین لە ڕزگاری خۆی دەگەڕا، دواجاریش ئەوەی دەیویست لە "خاچدان" بە دەستی هێنا کە ئیسلام وەگ گشت هەمووی ڕەت دەکاتەوە، بە ڕای ماسینیۆن "محەمەد" ڕاستەوخۆ ئەو فرسەتەی ڕەت کردەوە کە پێشکەشی کرابوو ئەو نێوانە پڕ بکاتەوە کە لە خودای جیای دەکردەوە. ئەلحەلاج توانی بگاتە ئەو یەکێتیە سۆفییە لەگەڵ خودا سەرەڕای ناڕەزایی ئیسلام.

بەشەکەی دی، ئەوەی دەمێنێتەوە لە کۆمەڵی ئۆرتۆدۆکس لەناو ئەو مەرجە دەژین کە ماسینیۆن ناوی لێدەنێ"تینوی بوون". خودا خۆی وەک جۆرێک لە نادیاری یان نائامادەگی "غیاب Absence "بە مرۆ دەناسێنێ، وەک ڕەتکردنەوەی دیاربوون و ئامادەبوون، کەچی، ئەو هوشیارییەی موسلمانێکی تەقوادار هەیەتی لە خۆ دانە دەست خودا و ویستی خودا (لە ئیسلامدا) دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی غیرە بەرانبەر هەستی بەرزبوونەوەی مێتافیزیکی transcendance،



https://t.me/kurdistanbooks

ئەمەش وادەکا موسلمانان هیچ بەخشینێکیان نەبێ بەرانبەر بە بتپەرستی لە هەر جۆرێک بێ. مەڵبەندی ئەم ئایدیایانە، بە پێی روانینی ماسینیۆن بریتییە لە "دڵی پاکبووەوە" کە، لە کاتێکدا بە هۆی حەماسەت و تەقوای شەهادەی موسلمانان دەگیرێ، ئەوەش دەتوانێ، وەک چۆن لە حاڵەتی سۆفیانەی ئەلحەلاج دا هەیە، بە عەشقێکی خودایی یان بە خۆشەویستی خودایی گڕ بگرێ. لە هەر دوو حاڵەتدا، وەحدانیەتی خودا (تەوحید) شتێکە دەبێ چەندین جار لەلای موسلمانانی تەقوادار جێبەجێ بکرێ و تێی بگەن، یان لە رێگەی شەهادە یان لە رێگەی خۆشەویستی سۆفیانە بۆ خودا، ئەمەش هەروەکو چۆن ماسینیۆن لە توێژینەوەیەکی ئاڵۆز نووسیوویەتی، پێناسەیە بۆ "مەبەست یان نیەت" لە ئیسلامدا.(73) شتێکی روونە کە سەرنج و مەیلی ماسینیۆن بۆ سۆفیایەتی لەناو ئیسلامدا دەچێ، ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی خەسڵەتی ئایینی خۆی وەک کاتۆلیکێکی تەقوادار وەک لەوەی ئەو سەرنج و مەیلەی کاریگەرییەکی هەراسانباری هەبێ لەناوەوەی جەستەی ئۆرتۆدۆکسی ئیمانداران. ئەو وێنایەی ماسینیۆن هەیەتی بۆ ئیسلام، وێنای ئایینێکە بەردەوام و بێ وەستان رەت بکاتەوە، سەرهەڵدانی درەنگی ئیسلام (بەرانبەر بە ئایینە ئیبراهیمییەکانی دی) مانای بە رێژەیەک وشک و رووتی بەرانبەر بە واقیعی جیهان، ستروکتورە بەرگرییە گەورەکانی بەرانبەر بە (هەڵچوونە دەروونییەکان) لە جۆری ئەوەی لەلایەن ئەلحەلاج و سۆفیزم و سۆفیەکانی دی پەیڕەوکراوە، تەنیایی ئیسلام خۆی کە وەک ئایینی تەنیای "رۆژهەلاتی" ماوەتەوە لە نێو هەر سێ ئایینی گەورەی یەکتاپەرست.(74)

بەلام ئەم روانینە ئەوەندە توند و بەڵگەنەویستە لەسەر ئیسلام وێڕای "ئایدیا نەگۆڕە سادەکان"ی ماسینیۆن،(75) (بەتایبەتی بۆ فیکری دەوڵەمەند و پڕ لە فەخامەتی لوی ماسینیۆن)، هیچ دژایەتیەکی


https://t.me/kurdistanbooks

قووڵی بەرانبەر نەکراوە. کە ماسینیۆن دەخوێنینەوە، دەکەوینە بن کاریگەری پێداگیری بەردەوامی ئەو بۆ پێویستی خوێندنەوەیەکی ئاڵۆز و قووڵ: هەڵبەت مەحاڵە گومان لە دڵسۆزی و دروستی راوێژەکانی بکەین. ساڵی 1951 دەنووسێ کە ئەو جۆرە رۆژهەڵاتناسییەی ئەو بایەخی پێدەدا "نە خولیایەکە بۆ ئیگزۆتیزم نە بۆ رەتکردنەوەی ئۆروپا، بەڵکو هاوسەنگکردنی نێوان مێتۆدەکانی تۆژینەوەی ئێمە و نەریتە ژیاوەکانی شارستانیە کۆنەکانە".(76) کاتێ کە خراوەتە ناو کردەوە بۆ خوێندنەوەی تێکستێکی عەرەبی یان ئیسلامی، ئەم تایپە رۆژهەڵاتناسییە، لێکدانەوە و شیکردنەوەی پڕ لە زیرەکی بێهاوتا بەرهەمهێناوە، بێگومان بە هەڵەدا دەچین ئەگەر رێز لەو بلیمەتە راستەقینەیە نەگرین، نوێخوازی گەورەی ئەقڵی لوی ماسینیۆن. لەگەڵ ئەمەش دەبێ وشیار بین، لە پێناسەی خۆی بۆ رۆژهەڵاتناسی، بە دوو پاری رستەیەک:"مێتۆدەکانی تۆژینەوەی ئێمە" و "نەریتە ژیاوەکانی شارستانیە کۆنەکان". ماسینیۆن وا دەبینێ ئەوەی دەیکا وەک سەنتێزێک وایە بۆ دوو چۆنایەتی، کە بە شێوەیەکی ناشیرینانە دژ (ئۆپۆزیسیۆن) بە یەکن، مەسەلەکە ئەو پێکنەچوونە ناهاوسەنگە تایبەتییەیە کە کێشە دروست دەکا نەک مەسەلەی سادەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوان ئۆروپا و رۆژهەڵات. لەمەوە، ئەم پێکنەچوونە ناهاوسەنگە لە شێوەی فۆرمێکی تایبەتی وەک لەناو نووسراوەکەی ماسینیۆندا هاتووە لەبارەی کێشە سیاسییە هاوچەرخەکان دەردەکەوێ، لێرەوەیە کە دەتوانین راستەوخۆ سنوورەکانی مێتۆدی (نوقسانییەکەی) ئەو دیاری بکەین.

لەولاشەوە باشتر، ماسینیۆن روانینێکی بۆ بەیەکگەیشتنی خۆرهەڵات و خۆرئاوا هەیە، لەم رووەشەوە، بەرپرسیارییەکی قورسی خستۆتە سەر رۆژئاوا، چونکە هێرشی بۆ سەر خۆرهەڵات کردووە، لەبەر کۆلۆنیالیزم، لەبەر هێرشەکانی دژ بە ئیسلام.



https://t.me/kurdistanbooks

ماسینیۆن بێ ماندووبوون خەباتی لە پێناوی شارستانی موسلمانان کرد و، شایەدحاڵی ئەمەش کۆمەڵێک وتار و نامەیە کە پاش ساڵی 1948 نووسراون، بۆ پشتگیری کردنی پەنابەرانی فەلەستینی، بۆ پشتگیریی کردنی مافی عەرەبە موسلمانەکان و کریستیانە فەلەستینییەکان دژ بە زایۆنیزم، دژ بەوەی ئەو بە شێوازێکی پڕ لە پلار ناوی نابوو "کۆلۆنیالیزمی بۆرژوازی" ئیسرائیلییەکان، وەک گەڕانەوەیەک بۆ قسەکەی "ئەبا ئێبان".(77) لەگەڵ ئەمەش، ماسینیۆن، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بە شێوەیەکی سەرەکی دەخاتە ناو سەردەمێکی کۆن و، ڕۆژئاواش دەخاتە ناو مۆدێرنیتێ. وەک "ڕۆبێرتسۆن سمیت" پێیوایە ڕۆژهەڵات مرۆڤێکی مۆدێرن نیە، بەڵکو سامییەکە، ئەم کاتیگۆرییە کورتبڕە کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر فیکری ئەو هەیە. بۆ نموونە، دیالۆگی ئەو لەگەڵ ژاک بێرک لەبارەی "عەرەبەکان" کە هاوکاری خۆی بوو لە "کۆلێژ دو فرانس" (کە لە ساڵی 1960 لە کۆڤاری Esprit بڵاوبۆتەوە)، لەم دیالۆگە بۆ ماوەیکی درێژ پێداگیری لەوە دەکا لە خۆی بپرسێ، ئایە باشترین شێواز بۆ بینینی کێشەی عەرەبەکان ئەمڕۆ ئەوە نیە بە سادەیی و بە گشتی بڵێی کە ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و عەرەبەکان لە ڕاستیدا هەر کێشەیەکی "سامی"یانە نیە. ژاک بێرک هەوڵدەدا بە ئاقڵانە مەسەلەکە فراوانتر بکاتەوە و قەناعەت بە ماسینیۆن بێنێ کە، وەک هەموو خەڵکانی دی دنیا، عەرەبەکانیش کەوتوونەتە بەر ئەوەی ئەو ناوی لێ دەنێ "گۆڕانە ئەنترۆپۆلۆژییەکان"، ئەمەش ڕاستەوخۆ لەلایەن ماسینیۆن ڕەتکرایەوە.(78) هەوڵە دووبارە بووەوەکانی بۆ تێگەیشتن لە کێشەی فەلەستینییەکان و بیرکردنەوە لێی، سەرەڕای مرۆپەروەری قووڵی ئەو، هەرگیز لە دەمەقاڵی نێوان ئیسحاق و ئیسماعیل تێنەپەڕیووە، یان، لەو حاڵەتەی کە مەسەلەکە پەیوەندی بە دەمەقاڵی خۆی هەبوو لەگەڵ ئیسرائیل، وەک ئەو دڵەڕاوکەیە بووە لە نێوان جودایزم و کریستیانیزم هەبووە. کاتێ کە زایۆنیستەکان



https://t.me/kurdistanbooks

دەستیان بەسەر شار و دێهاتی عەرەبەکان داگرت، ئەوە هەستیاری ئایینی ماسینیۆن بوو کە خۆی بینییەوە بریندار بووە.

ئۆروپا، بە تایبەتی فرانسا لە روانگەی ئەو بە واقیعێکی "هاوچەرخ" دادەنرێن. بە رێژەیەک لەبەر یەکەمین پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ئینگلیزەکان لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی، ماسینیۆن هەمیشە بە قووڵی رقی لە سیاسەتی ئینگلتەرا و سیاسەتی ئینگلیز بووەتەوە، لە روانگەی ئەو لۆرەنس و پیاوانی وەک ئەو نوێنەری سیاسەتێکی زۆر ئاڵۆزبوون، ماسینیۆن بەرانبەر بەم سیاسەتە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ "فەیسەل" دژایەتی خۆی بۆ ئەم سیاسەتە باس کردووە. "لەگەڵ فەیسەل (...) باسمان لە مانای نەریتی خۆی دەکرد چۆن تێیدا قووڵ بینەوە". کەچی ئینگلیزەکان وادەهاتنە بەرچاو نوێنەری (فراوانکردنی قەڵەمڕەوی خۆیان بن لە رۆژهەڵات، "سیاسەتێکی ئابوورییانەی بێ ئەخلاقیان هەبوو لەگەڵ فەلسەفەیەکی ماوەبەسەرچوو لەبارەی کاریگەری سیاسی).(79) فرانسییەکان کەسانی زیاتر مۆدێرن بوون، ئەوان ناچاربوون ئەوە لە رۆژهەڵات وەرگرن کە لە بواری روحی بزریان کردبوو، وەک نرخ و بەها نەریتییەکان و شتی دیکەی لەم جۆرە. کارکردنی ماسینیۆن لەم بارەیەوە، وابزانم، هەموو نەریتی سەدەی نۆزدەمی لە پشتە: رۆژهەڵات هەتوانی چارەسەرە بۆ رۆژئاوا، ئەمەش وەک نەریتێک یەکەمین ئاماژەکانی لە نووسینەکانی "کینێ" دا دەدۆزینەوە، ئەم روانینەش تێکەڵ بە رەحمەت و سۆزی کریستیانانە دەبێ لەلای ماسینیۆن:

(بەرانبەر بە رۆژهەڵاتییەکان دەبێ روو لەم زانستەی رەحمەت و سۆزە بکەین، روو لەم "بەشداریکردن"ە بکەین، روو لە بنیاتنانی زمانیان بکەین، لە ستروکتوری دەروونییان، بۆچی ئێمە دەبێ بەشداری بکەین: چونکە، یان ئەوەتە ئەم بەشدارییە شایەدحاڵی هەقیقەتێکە کە نەک هەر هی ئەوانە بەڵکو هی ئێمەشە، یان ئەوەتە ئەم



https://t.me/kurdistanbooks

بەشداریکردنانە چەند هەقیقەتێکن ئێمە لە دەستمان چوونە و دەبێ ئێستە وەریانگرینەوە. دواجار، چونکە، بە مانایەکی قووڵ، ئەوەی کە هەیە بە چەشنێک باشە (خێرە) و ئەم خەڵکە کۆلۆنیزەکراوانەش هەر تەنیا بۆ ئەوە باش نین داواکاری ئێمە جێبەجێ بکەن، بەڵکو بۆ خۆیان و لە خۆیاندا باشن. (80)

رۆژهەڵاتی "لە خۆیدا" بەلای کەمی توانای ئەوەی نیە خۆی هەڵسەنگێنێ یان بتوانێ لە خۆی بگا. بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئۆروپا بەرانبەری کردووە:

(ئێمە هەموو شتێکمان لەناو ئەوان رووخاند، فەلسەفەکەیان، ئایینیان. ئەوان چیتر باوەڕیان بە هیچ نیە. بۆشاییەکی مەزن لەناو ئەواندا هەیە. ئەوان ئێستە ئامادەن بۆ ئەوەی ببنە ئانارشیزم یان خۆیان بکوژن (...). سەرەنجام وەختی ئەوە هاتووە، بە تایبەتی لە فرانسا، بۆ پێشەوە بڕۆین. سیاسەتێکی موسلمانانەی راستەقینە و بەکار دەبێ هەر ئێستە و لێرەوە بێتکایەوە، بۆ گونجانی ئایندە لەگەڵ جیهانی مۆدێرنی فۆرمە تایبەتییەکانی کۆمەڵی موسلمان، کە ئەو کۆمەڵە نایەوێ بمرێ، دەبێ بیر لەوە بکەینەوە تا چ ئاستێک سیستەمی کۆمەڵایەتی رۆژئاوایی دەتوانێ تێکەڵ بە موسلمانان بێ لەناو چوارچێوەی بەرگریکردنی کۆمەڵایەتی لە کولتووری نەریتییان، رێسا هاوبەشەکانی ژیانیان، کەلەپووری باوەڕدارانیان.)(81)

هیچ توێژەرێکی زانستی، هەتا"ماسینیۆن"یش ناتوانێ خۆی لەبەر فشاری وڵاتەکەی یان نەریتی تۆژینەوەی باڵا کە ئەو خۆی کاری لێ دەکا راگرێ. لە بەشێکی گەورەی ئەوەی لە بارەی رۆژهەڵاتەوە دەیلێ و لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ رۆژئاوادا هەیەتی، ماسینیۆن وا دێتە بەرچاو ئایدیا و روانینی رۆژهەڵاتناسە فرانسییەکانی دی وەردەگرێتەوە و لەسەریان کار دەکاتەوە. لەگەڵ ئەمەش دەبێ دان



https://t.me/kurdistanbooks

بەوەدا بنێین کە وردەکاری و شێوازی تایبەت بە خۆی و بلیمەتی تاکەکەسیی دواجار دەتوانن، ئەو بەربەستە سیاسیانە لابەرن کە بە شێوازێکی مەوزوعی کاریگەریان هەیە لە سەر نەریت و خواستی نیشتمانی. بەم شێوەیەش، دەبێ دان بەوەدا بنێین، لە حاڵەتی ماسینیۆن، وێڕای گرتنی هەندێ ئاراستە، ئایدیاکانی لەسەر رۆژهەڵات لەوسەر بۆ ئەوسەر هەمووی نەریتخوازانە و رۆژهەڵاتناسانەیە، هەڵبەت سەرەڕای خەسڵەتی تاکەکەسیی ئایدیاکانی و رەسەنایەتی بێهاوتایان. لە روانگەی ئەو، رۆژهەڵاتی ئیسلامی رۆژهەڵاتێکی روحییە، سامیانەیە، خێڵەکییە، بە شێوەیەکی رادیکالانە یەکتاپەرستە، "ئاری"انەیش نین: ئەم ئاوەڵناوانە وا دێنە بەرچاو وەک کەتەلۆگی وەسفی ئیتنۆلۆژی کۆتایی سەدەی نۆزدەم بن. ئەزموونەکان بە شێوەیەکی رێژەیی لە بارەی جەنگ و کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم و فشاری ئابووری و خۆشەویستی و مەرگ و گۆڕینەوە کولتوورییەکان بن، پێدەچێ بەردەوام، لە نیگای ماسینیۆن، بە زەرەبینی میتافیزیکی دەرهاتبن و، دواجاریش، لە مرۆیی دابڕێندرابن، ئەمانە سامییەکانن، ئۆروپییەکانن، رۆژهەڵاتییەکانن، رۆژئاواییەکانن، ئارییەکانن...هتد. کاتیگۆرییەکان جیهانی ئەویان بە ستروکتور کردووە و جۆرێک لە "مانای قووڵ"یان بەوەی دەیڵێ بەخشیووە، بەلای کەمی بۆ ئەو.

لە لایەکی دییەوە، ماسینیۆن پێگەیەکی تایبەتی بۆ خۆی لە نێو ئایدیا تاکەکەسییەکانی وردەکاری جیهانی توێژەرانی زانستی بەدەستهێناوە. ئەو ئیسلامی بنیاتنایەوە و بەرگری لێ کرد دژ بە ئۆروپا لەلایەک و دژ بە ئۆرتۆدۆکسی خۆیشی لەلایەکەی دی. ئەم دەستتێوەردانە، "کە بە راستی دەستتێوەردان بوو" لە رۆژهەڵات وەک رێکخەر و وەک پاڵەوان کە قبوڵکردنی خۆی بۆ جیاوازی رۆژهەڵات بە رەمزی بکا، لە هەمان کات هەوڵیش بدا بۆ گۆڕینی بۆ ئەوەی ئەو


https://t.me/kurdistanbooks

ئارەزووی دەکا. ئەم دوو ئاراستەیە: "ئیرادەی ناسینی ڕۆژھەڵات بە مەبەستی باڵادەستی و کۆنترۆلکردنی" و "ئیرادەی ناسینی ڕۆژھەڵات لە پێناوی خۆی و بە سوودی خۆی"، لەلای ماسینیۆن زۆر بەھێزەوە ئامادەگییان ھەیە. "ئەلحەلاج"ەکەی ماسینیۆن نموونەیەکی یەکانگیرە بۆ ئەم ئیرادە دووانەکییە. ماسینیۆن بایەخێکی لە ڕادەبەدەر بە ئەلحەلاج دەدا، سەرەتا پێش ھەموو شتێک، لەبەرئەوەی ئەو وەک توێژەرێکی زانستی بڕیاری داوە نرخێک بداتە کەسایەتییەک و بەرزی بکاتەوە بۆ سەرەوەی ئەو کولتوورەی خۆراکی پێداوە، پاشان، لەبەرئەوەی ئەلحەلاج نوێنەرایەتی ئاڵنگاری و تەحەدایەکی بەردەوام و ھەراسانیشە بۆ کریستیانەکانی ڕۆژئاوا کە بەلای ئەوانەوە ئیمان نابێتە (ناشێ ببێ) قوربانی ھەرە بەرزترین و باڵا بۆ زات وەک چۆن بۆ سۆفی وایە. لە ھەردوو حاڵەتدا، ماسینیۆن بە وردی و خەستی وێنای بەرجەستەکردنی ئەو نرخ و بەھایانە دەداتە ئەلحەلاج کە بە شێوەیەکی سەرەکی خراونەتە دەرەوەی یاسا لەلایەن سیستەمی عەقیدەیی سەرەکی ئیسلام، ئەمەش سیستەمێکە کە ماسینیۆن خۆی وەسفی دەکا بە تایبەتی بۆ ئەوەی لە ھەموو لایەکەوە بە ئەلحەلاج دەورەی سیستەمەکە بدا.

بەلای کەمی پێویستمان بەوە نیە بە خێرایی لە بارەی کارەکانی ماسینیۆن بڕیار بدەین و بڵێین بەدکارە یان سەرەکیترین لاوازی لەلای ئەو خراپ ناساندنی ئیسلامە بە چەشنێک موسلمانێکی ئاسایی ناتوانێ خۆی تێدا بدۆزیتەوە. زانایەکی موسلمانی ناسراو دروست پشتیگری لەم پێگەیە کرد، بەڵام بێ ئەوەی ناوی ماسینیۆن بێنێ.(82) ئەگەرچی ئێمە سەرنجمان زیاتر بەرەو ئەمە دەچێ ئەم تێزە بسەلمێنین، چونکە، ھەروەکو ئەم کتێبە ھەوڵی ئەوەی داوە ئەمە پیشان بدا، ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی بنچینەیی خراپ ئیسلامی ناساندووە، پرسیاری ڕاستەقینە لێرەوەیە: ئایە دەشێ

نوێنەرایەتیکردنێکی راستگۆیانە بۆ هەر شتێک هەبێ؟ یان هێشتا، هەندێ نوێنەرایەتیکردن هەبێ، هەموو نوێنەراتیکردنێک، لەبەرئەوەی نوێنەرایەتیکردنن، ئایە ئەمانە سەرەتا لە زمان دەرناکەون، پاشان لەناو کولتوور و دامەزراوەکان و بارودۆخ و کەشی سیاسی ئەوەی کە دروستی کردوون؟ ئەگەر وایە (کە لەو باوەڕەدام)، لەم حاڵەتەدا دەبێ ئامادەبین ئەوە قبوڵ بکەین کە نوێنەرایەتیکردنێک سەرەنجام تێکەڵ بە زۆر شتی دیکە دەبێ لە دەرەوەی ئەو "راستییە" کە خۆیشی نوێنەراتیکردنێکە؟ ئەمەش دەبێ بەرەو ئەوەمان ببا بە شێوەیەکی میتۆدۆلۆژیانە بیر لە نوێنەرایەتیکردنەکان بکەینەوە (راستن یان هەڵە، جیاوازی لە باشترین حاڵەتدا لە پلە زیاتر نیە) وەک ئەوەی لەناو بوارێکی هاوبەشدا جێگیربن کە بۆ خۆیان پێناسەیان کردووە، نەک وەک تاقە یەک بابەتی هاوبەش کە بەلایانەوە پێویستە، بەڵکو وەک هەندێ جیهانی گوتارن، مێژوویێک، نەریتێکی هاوبەشن. لەناو ئەم بوارە کە هیچ توێژەرێکی زانستی دوورەپەرێز ناتوانێ دایبهێنێ، بەڵام کە بە هەموو توێژەرە زانستییەکان دەگا و دەبێ لەناویدا سەرەنجام شوێنی خۆیان بکەنەوە، توێژەری تاکەکەس بەشداری خۆی تێدا دەکا. ئەم بەشدارییانە، هەتا بۆ حاڵەتی دەراویتەش، بلیمەتییەکان بریتین لە ستراتیژی کە بە کەڵکی دابەشکردنەوەی ماتریالەکانەوە دێن لەناوەوەی بوارەکە، توێژەرێکی زانستی کە دەستخەتێکی بزربوو دەدۆزێتەوە تێکستی "دۆزراوە" لەناو کۆنتێکستێکی پێشتر ئامادەکراو بەرهەم دەهێنێتەوە، چونکە ئەمەیە بەڕاستی "دۆرزراوە" مانای تێکستی نوێ دەگەیەنێ. بەم جۆرە، هەموو بەشداریکردنێکی تاکەکەسی پێش هەموو شتێک گۆڕانێک لە ناوەوەی بوارەکە دەورووژێنێ، پاشان جێگیرییەکی نوێ.

نوێنەرایەتیکردنەکانی رۆژهەڵاتناسی لەناو کولتووری ئۆرووپی بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە دەتوانین ناویان لێ بنێین توندوتۆڵییەکی لۆژیکی


https://t.me/kurdistanbooks

لۆژیک Cohérence discursive کە نەک هەر مێژوویێک بۆ ئەمە هەیە، بەڵکو ئامادەگییەکی ماتریالیشی هەیە (ئامادەگیەکی دامەزراوەییش). وەک چۆن پێشتر لەبارەی "رێنان"ەوە گوتبووم، ئەم توندوتۆڵییە لۆژیکییە، فۆرمێکە لە پراکتیکی کولتووری، سیستەمێکی ناوە ناوەی دڵنیاکردنەوەی شتەکانە لەبارەی رۆژهەڵات. هەموو ئەوەی دەمەوێ بیڵێم لەبارەی ئەم سیستەمەوە ئەوە نیە کە نوێنەرایەتیکردنێکی هەڵەیە بۆ هەندێ ماهییەتی رۆژهەڵاتی کە بۆ ساتێکیش باوەڕم پێی نیە، بەڵکو ئەم نوێنەراتیکردنە بەو شێوەیە رەفتار دەکا کە بە شێوەیەکی ئاسایی نوێنەرایتیەکان دەیکەن، بە ئامانجێک، بە پێی بزووتنەوەیەک، لەناو کەشێکی مێژوویی، رۆشنگەری و هەتا ئابووریانەی تایبەتیش. بە زاراوەیەکی دی، نوێنەرایەتییەکان ئامانجێکیان هەیە، هەموو وەختێک وەزیفەیەک دەگێڕن، هەوڵێک جێبەجێ دەکەن، یان کۆمەڵێک هەوڵ جێبەجێ دەکەن. نوێنەرایەتییەکان بریتین لە زانیارییەکان یان، وەک رۆلان بارت دەیڵێ، لەناو هەموو ئۆپەراسیۆنەکانی زمان بریتین لە تێکدەر یان تێکدانی زانیارییەکان. رۆژهەڵات وەک نوێنەرایەتییەک لە ئۆروپا لە رێگەی هەستیارییەکی کەم و زۆر تایبەتی بەرانبەر بە هەرێمێکی جیۆگرافی کە پێی دەگوترێ "رۆژهەڵات" دروستبووە و "شێوێندراوە". با بڵێین شارەزاییەکانی ئەم هەرێمە کاری خۆیان لەسەری دەکەن، چونکە درەنگ و زوو پیشەی رۆژهەڵاتناسییان داوایان لێ دەکا وێناکانیان لەمەڕ رۆژهەڵات پێشکەش بە کۆمەڵی خۆیان بکەن، ئەو زانینانەی کە پەیوەندی بەوانەوە هەیە و ئەو ئایدیایانەش کە لەسەر رۆژهەڵات هەیانە. ئینجا لە حاڵەتێکی گەورە و فراوانتر، رۆژهەڵاتناس نوێنەرایەتییەکان پێشکەش بە کۆمەڵی خۆی دەکا، یەک: کە نیشانەی تایبەتی ئەوی هەڵگرتبێ. دوو: نموونەیەک بێ بۆ ئەو کۆنسێپتەی کە رۆژهەڵات دەبێ ببێتە ئەوە یان بتوانێ ببێتە ئەوە. سێ: کە بە ئاگاییەوە گفتوگۆی ئەو روانینانە بکا کە یەکێکی دی لەسەر



https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵات هەیەتی. چوار: ئەوە بداتە گوتاری ڕۆژهەڵاتناسییانە کە پێدەچێ لە هەموو وەختێک زیاتر پێویستی پێی هەبێ. پێنج: وەڵامی هەندێ پرسیار و داواکاری کولتووری بداتەوە، ئیتر ئەو پرسیار و داوایانە پیشەیی بن یان نەتەوەیی یان سیاسی و ئابووری سەردەمەکەی. شتێکی بەڵگەنەویستە، ئەگەرچی هەردەم نادیارە، ڕۆڵی زانینی پۆزەتیڤ دووره لەوەی ڕەها بێ. بە پێچەوانەوە، "زانین" کە هەرگیز شتێکی خاو، لەبەردەست، یان بە سادەیی مەوزوعی نیە، هەر ئەوەیە کە ئەم پێنج سیفەتەی نوێنەرایەتیکردنی ڕۆژهەڵاتناسی دابەشی دەکەن و دابەشی دەکەنەوە کە لەسەرەوە ژماردمن.

لەم ڕوانگەیەوە، ماسینیۆن کەمتر "بلیمەت"ێکی میتۆلۆژییە وەک لە جۆرێک لە سیستەم بۆ بەرهەمهێنانی هەندێ تایپی دڵنیاکردنەوەی پەرشوبڵاو لەناو بارستایی زۆری زانیارییە لۆژیکییەکان کە بەیەکەوە ئەرشیڤ یان ماتریالی کولتووری سەردەمی خۆیان پێکدەهێنن. لەو باوەڕدانیم وێڕای دانپیانان بەم هەقیقەتە سیفەتی مرۆپەروەری لە ماسینیۆن دادەبڕێنین، هەروا بچووکیشی ناکەینەوە بۆ ئەوەی لە بابەتی حەتمییەتێکی ڤولگێر زیاتر نەبێ. بە پێچەوانەوە، دەبینین، بە چەشنێک، چۆن بوونەوەرێکی مرۆیی توانای کولتووری و بەرهەمهێنانی سەر بە ڕەهەندێکی دامەزراوەیی یان "سەرەوەی مرۆ"یانەی هەبوو، چۆن توانی زیاتری بکا: بێگومان دەبێ بوونەوەری مرۆیی ژیان سنووردار ئیلهام لەمەوە وەرگرێ ئەگەر نەیەوێ دڵی خۆی بە ئامادەگی تەواو چارەنووس مەرگدار لەناو زەمەن و لەناو شوێن خۆش بکا. کە ماسینیۆن گوتی: "ئێمە هەموومان سامین"، بەم قسەیە دەستنیشانی بوار و مەودای ڕۆیشتنی کاریگەری ئایدیاکانی خۆی دەکرد لەسەر کۆمەڵ، وێڕای پیشاندانی تا چ ئاستێک ئایدیاکانی لەبارەی ڕۆژهەڵات دەتوانن دۆخی لۆکالی و لابەلای مرۆی فرانسی و کۆمەڵی فرانسی بەرزوباڵا بکەنەوە. کاتیگۆری "سامی" ماهییەتی خۆی



https://t.me/kurdistanbooks

له ڕۆژهەڵاتناسی ماسینیۆن وەردەگرت و هێزی خۆیشی له مەیلی خۆی وەردەگرت بۆ دەرچوون له سنوورەکانی بواره زانستییەکەی و جێگیربوونی لەسەر رووبەرێکی فراوانتری مێژوو و ئەنترۆپۆلۆژی که تێیدا پێدەچوو هەندێ نرخ وهەندێ دەستەڵاتی هەبێ.

دارشتنەکانی ماسینیۆن و نوێنەرایەتیکردنەکانی لەمەڕ ڕۆژهەڵات بەلای کەمی کاریگەرییەکی راستەوخۆیان هەبووە، ئەگەر نەڵێین نرخ و بەهایەکی گفتوگۆهەڵنەگریان لەلای ئەوانەوە هەبووە که به پیشه ڕۆژهەڵاتناس بوون. هەروەکو لەسەرەوە گوتم، کاتێ که گایب پەسن وستایشی پاشمەرگی ماسینیۆن دەکا، بەم جۆرە، به شێوەیەکی شاراوە، دان بەوەدا دەنێ که رێگەیەکی دیکه هەیه وەک لەوەی ئەو. بێگومان، مەبەستم هەر ئەو وتارەی پەسن و ستایشی پاش مەرگییەتی که لەلایەن گایبەوە نووسراوە و که هەندێ سیفەت دەدەمه شتەکانی ناوی که خۆیان تێیدا له شێوەی شوونپێ دەدۆزنەوە، بێ ئەوەی به شێوەیەکی واقیعی دڵنیایيان لەسەر بکرێ، بەڵام گرینگییەکی بەڵگەنەویستیان هەیه ئەگەر ئێستە سەیری ژیانی درێژی زانستی گایب بکەین وەک هاوتایەکی زیاتر له ماسینیۆن. ئەو وتاره یاداشتنامەیەی "ئەلبێرت حورانی" لەبارەی گایبەوە بۆ ئەکادێمیای بەریتانی نووسیوویەتی، به شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و دڵگیرانه هەموو ژیانی زانستی گایب دەخاتەڕوو، وەک ئایدیا به هەرمێنەکانی و کاره گرینگەکانی ئەو: به شێوەیەکی گشتی من هاوڕام لەگەڵ یاداشتنامەکەی حۆرانی. لەگەڵ ئەمەش روانینەکانی شتێکی نوقسانه که بەشێکی لەناو تێکستێکی کورتتر دەدۆزینەوە (سێر هاملتۆن گایب له نێوان ڕۆژهەڵاتناسی و مێژوو)، له نووسینی"ویلیەم پۆلک".(84) ئەلبێرت حورانی سەرنجی بەلای ئەوەیه له "گایب" دا بەرهەمی بەیەککەیشتنی کەسیی، کاریگەرییه کەسییەکان ببینێ...هتد.، لەکاتێکدا "ویلیەم پۆلک" که به شێوەیەکی گشتی کەمتر وردبینتره



https://t.me/kurdistanbooks

لەچاو حورانی لە شێوازی تێگەیشتنی لە گایب، ئەو لە "گایب"دا لووتکەی هەرە باڵای نەریتێکی ئەکادیمی تایبەتی دەبینێ (بۆ بەکارهێنانی دەستەواژەیەک کە لە ناو پەخشانی "ویلیەم پۆلک"دا نیە) کە دەتوانین ناوی لێ بنێین پارادیگم یان سازانی تۆژینەوەی ئەکادیمی.

ئەم ئایدیایە کە کەمێک سوارچاکانە لە "تۆماس کوون" خواستراوەتەوە، هەروەکو ئەلبێرت حورانی پێماندەڵێ بە شێوەیەکی تایبەتی بەسەر گایبدا پەیڕەو دەبێ، بە کۆمەڵێک شێوە گایب کەسایەتیەکی دامەزراوەیی بوو. هەموو ئەو شتانەی گایب کردوونی و هەموو ئەوانەی گوتوویەتی، هەر لەسەرەتای سەردەمی ژیانی زانستییەوە تا ساڵانی دوای تەواوکردنی ئۆکسفۆرد و لەو دەمەی ئەو بەڕێوەبەری بەهێز و بە توانای "سەنتەری تۆژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" بوو لە هارڤارد، خاوەن نیشانەی ئەقڵ و ڕوحێکی بێهاوتا بوو کە بە ئاسوودەیی لە ناوەوەی دامەزراوە جێگیرەکان کاری دەکرد. هەرچی ماسینیۆن بوو، ئەو بە شێوەیەک کە چاکبوونەوەی بۆ نەبێ کەسایەتییەکی دەرەوە بوو، یان ڕووی لە دەرەوە بوو، هەرچی گایبە کەسایەتی ناوەوە بوو یان ڕووی لە ناوەوە بوو. لە هەموو حاڵەتێکدا، هەر دوو کەسایەتی خاوەن گەورەترین پرێستیژ بوون، خاوەن گەورەترین دروشانەوەش بوون لەناو ڕۆژهەڵاتناسی فرانسی و ئەنگلۆ ئەمەریکانی بە جیا.(...) وەک ماسینیۆن، گایب-یش شانازی بە برادەرە موسلمانەکانی دەکرد، بەڵام واپێدەچێ، وەک چۆن بۆ ئێدوارد لان بۆ ئەویش ئەم برادەرایەتیانە برادەرایەتی بە سوود بوون، نەک برادەرایەتی خاوەن کاریگەری دیاریکراو. سەرەنجام گایب وەک کەسایەتیەکی ماڵباتی لەناوەوەی چوارچێوەی ئەکادیمی ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی پاشان ئەمریکانی دەهاتە بەرچاو، وەک توێژەرێکی زانستی و زانایەک کە کارەکەی بە شێوەیەکی تەواو


https://t.me/kurdistanbooks

هوشیارانە مەیلە نەتەوایەتییەکانی نەریتێکی ئەکادیمیانەی لە ناوەوەی زانینگەکان، حکومەتەکان و فۆنداسیۆنەکانی لێکۆڵینەوە پیشانداوە.

ئەوەی ئەمەش بە جوانی پیشاندەدا، ئەوەیە کە زۆرجار دەبینین گایب، وەک پیاوێکی پێگەیشتوو، خەریکی قسەکردن و نووسینە بۆ چەندین ئۆرگانیزم کە کاریان دیارکردن و دەستنیشانکردنی سیاسەتە. ساڵی 1951 بۆ نموونە، بە وتارێک بەشداری لە کتێبێک دەکا کە بابەتەکەی ئەو ناونیشانێکی سەرنجڕاکێشی هەیە: "خۆرهەڵاتی نزیک و زلهێزە مەزنەکان"، لەم وتارە گایب هەوڵدەدا پێویستی گەشەپێدانی پرۆگرامی ئەنگلۆئەمریکایی بۆ تۆژینەوە رۆژهەڵاتییەکان لێکبداتەوە.

(بە گشتی بارودۆخی وڵاتانی رۆژئاوا بەرانبەر بە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا گۆڕاوە. ئێمە چیتر ناتوانین پشت بەو فاکتۆرە سەنگینانە ببەستین کە وا دەهاتنە بەرچاو رۆڵێکی مەزنیان لە فیکری پێش جەنگ گێڕاوە، لەولاشەوە ئێمە چیتر ناتوانین چاوەڕێی وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا یان ئۆروپای رۆژهەڵات بین بێنە لامان بۆ فێربوون، لە کاتێکدا ئێمە لە پشوودایین. ئێمە پێویستیمان بە فێربوونی ئەوەیە کە پەیوەندی بە ئەوانەوە هەیە بۆ ئەوەی بتوانین فێربین کار لەگەڵ ئەوان بکەین لە ناو چوارچێوەیەک نزیکبێتەوە لە گۆڕینەوە لەنێوان یەکتر.)(85)

گایب ئەم چوارچێوە نوێیانەی لە وتارێکی تازەتر لێکداوەتەوە بە ناوی "پێداچوونەوە بە هەرێمە کولتووریەکان". لە روانگەی ئەو، پێویست بەوە ناکا بیر لە تۆژینەوە رۆژهەڵاتییەکان بکەینەوە وەک چالاکی تۆژینەوەی زانستی، بەڵکو زیاتر وەک ئامێرەکانی سیاسەتی نیشتمانی بەرانبەر بە دەوڵەتانی جیهانی پۆست کۆلۆنیال کە تازە سەربەخۆییان وەرگرتووە و، کە لەوانەیە تاووتوێ لەگەڵیان سەخت


https://t.me/kurdistanbooks

بێ: ڕۆژهەڵاتناس کە ئاگاییەکی بەدەستهێناوە و لە بایەخدانی خۆی ڕووی ئاراستەی سەرلەنوێ کردۆتەوە کۆمەڵی ئەتلەنتیک (کۆمەڵی ڕۆژئاوایی/و)، دەبێ ڕابەرێک بێ بۆ ئەو کەسانەی سیاسەت دیاری دەکەن، کەسانی کاروبار، توێژەرانی زانستی لە نەوەی نوێ.

بەم جۆرە، بە گوێرەی ئەم ڕوانینە نوێیەی گایب، ئەوەی گرینگە ڕۆژهەڵاتناس بیکا ئەوە نیە کارێکی پۆزەتیڤ بکا وەک توێژەرێکی زانستی (وەک نموونەی گایب خۆی وەک تایپێک لە توێژەری زانستی لە تافی لاوی خۆی، کاتێ کە خەریکی تۆژینەوە بوو لە بارەی داگیرکردنی ئاسیای ناوەڕاست لەلایەن موسلمانانەوە)، بەڵکو ئەوەیە بتوانێ خۆی بگونجێنێ بۆ بەکارهێنان و سوودی گشتی. ئەلبێرت حورانی بە جوانی لەم بارەیەوە نووسیوویەتی:

(بە ڕوونی بۆی دەرکەوت کە دەستەبژێرەکان و حکومەتەکانی ئێستە بە خۆنەبانکردن یان ڕەتکردنەوەی نەریتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی مۆرالی خۆیان ڕەفتاریان دەکرد و، هەر ئەمەش بوو هۆکاری سەرنەکەوتنیان. هەر لەبەرئەمەش گایب تەواوی توانای خۆی تەرخانکرد بۆ ڕوونکردنەوە و سازگارکردنی ئەمە، لە ڕێگەی تۆژینەوەیەکی بە هەستیار لەبارەی ڕابردوو، لە بارەی سروشتی تایبەتی کۆمەڵی موسلمان، ئایینزاکانیان و، ئەو کولتوورەی کە دڵی ئەوانی پێکدەهێنا. بۆ ئەم کێشەیەش ئەو مەیلی بەلای ئەوەدابوو سەرەتا بە تایبەتی لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە ببینێ.)(86)

بەڵام ئەم ڕوانینە نوێیەش شیمانەی بوونی نەبوو ئەگەر پێشتر لە کارێکی کۆنتری گایب بە ڕادەیەکی توندوتۆڵ ئامادەکاری بۆ نەکرابایە و، هەر لێرەشەوەیە دەبێ سەرەتا ئێمە بۆ تێگەیشتن لە ئایدیاکانی بگەڕێین. یەکێ لەو کاریگەرییە بەراییانەی کە ڕاهێنانیان لەسەر گایب هەبوو، ئایدیاکانی "دونکان ماکدۆناڵد" بوو، ئەمەش



https://t.me/kurdistanbooks

روونه كه له كارى ئەم بوو گايب ئەو ئايديايەى وەرگرتبوو كه ئيسلام سيستەميكى ژيانى توندوتۆڵه، ئەم توندوتۆڵييەش زياتر دەگەڕيتەوە بۆ ئەو خەڵكه كه ئەم ژيانەيان هەيه، بۆ هەندێ تايپى بزووتنەوە "دۆكترين" يان ڕێباز، هەندێ ميتۆد بۆ پراكتيككردنى ئايين، هەندێ ئايدياى وەك سيستەم (يان نيزام) كه هەموو گەلانى موسلمان تێيدا بەشدارن. له نێوان گەل و "ئيسلام"، بێگومان جۆرێك له بەيەكگەيشتنى ديناميك هەيه، بەڵام ئەوەى بۆ ڕۆژهەڵات بايەخداره كه تۆژينەوەى لەسەرى دەكا، ئەو دەستەڵاتەيه كه ئيسلام هەيەتى كه دەتوانێ ئەزموونەكانى گەلانى موسلمان روون بكاتەوە نەك به پێچەوانەوە.

ماكدۆنالد، دواتريش گايب، هەرگيز كاريان لەسەر ئەو گرفته ئێپيستيمۆلۆژى و ميتۆدۆلۆژيانەى ئيسلام نەكردووە وەك بابەت (لەم بارەيەوە دەتوانين هەندێ دڵنياكردنەوەى گەلێك زۆر گشتى پێشكەش بكەين).

ماكدۆنالد لەلاى خۆيەوە لەو باوەڕدابوو، لەناو ئيسلام دەتوانين ڕووەكانى تەجريدێك "ئەبستراكسيۆن" هەست پێ بكەين كاريگەرى هێشتا مەودا درێژتر بێ: وەك ئەقڵيەتى ڕۆژهەڵاتى. تەواوى بەشى يەكەمى يەكێ لەو كتێبانەى كه زۆرترين كاريگەرى هەبووه (هەڵوێسته ئايينييەكان و ژيان لەناو ئيسلام The Religious Attitude and Life in Islam)، (كه ناتوانين گرينگى ئەمە بۆ گايب به هەند وەرنەگرين)، بريتييه له هەڵبژاردەيەك له بانگەوازى گفتوگۆهەڵنەگر لەبارەى ئەقڵى ڕۆژهەڵاتييەكان. بەمە دەست پێدەكات بڵێ:" پێموايه شتێكى ڕوونه و به گشتيش دانى پيانراوه كه كۆنسێپتى "ناديار" زۆرتر لەبەردەست و هەقيقى تره بۆ ڕۆژهەڵاتى وەك بۆ ڕۆژئاواييەكان". "پێكهێنەره مەزنەكانى گۆڕان كه واپێدەچن ناوه ناوه، تا ڕادەيەك قانونه گشتييەكان سەراوبن بكەن"، سەراوبنيان ناكەن،



https://t.me/kurdistanbooks

قانونەکانی دیکەش سەراوبن ناکەن کە ئەوانیش گشتین و کە فرمانڕەوایی ئەقڵی ڕۆژهەڵاتیەکان دەکەن. "جیاوازی جەوهەری لەناو ئەقڵی ڕۆژهەڵاتییەکان ساویلکەیی نیە کە پیشانی دەدەن بەرانبەر بە شتە نادیارەکان، بەڵکو نەتوانینی بنیاتنانی سیستەمێکە کە پەیوەندییان بە شتە دیارەکانەوە هەیە." یەکێکی دی لە ڕووەکانی ئەم گرفتە، کە لەبارەیەوە دەبێ گایب دواتر، سیفەتی دیارنەبوونی فۆرم بداتە ئەدەبی عەرەبی و ئەو وێنا جەوهەرییە ئەتۆمییەی واقیعیش کە موسلمانەکان بۆ خۆیان هەیانە و دەیکەن، ئەوەیە کە "جیاوازی لەلای ڕۆژهەڵاتی بە شێوەیەکی سەرەکی ئایینیانە نیە بەڵکو نادیاری و نەبوونی مانای قانونە لەلای ئەو. بۆ ئەو، نیزامێکی جێگیر لە سروشتدا نیە". ئەگەر "هەقیقەتێکی" لەم جۆرە واپێبچێ دەستکەوتەکانی زانستی ئیسلامی لەبەرچاو وەرنەگرێ، کە لەسەر بنچینەی ئەمانە بەشێکی زۆری زانستی مۆدێرنی ڕۆژئاوایی بنیاتنراوە، دەبینین ماکدۆنالد باسیان ناکا. ئەو درێژە بە کەتەلۆگی خۆی دەدا:" شتێکی بەڵگەنەویستە هەموو شتێک دەشێ بۆ ڕۆژهەڵاتی. لێرەوە، "ئەودیوسروشت" (یان غەیبیات) ئەوەندە نزیکە دەشێ لە هەموو ساتێک دەست بیگاتێ". ئەمەش فرسەتێکە (کە دەزانین مۆنۆتاییزم لە ڕووی مێژوویی و لە ڕووی جیۆگرافی لە ڕۆژهەڵات سەریهەڵداوە) ئەمەش لەناو لۆژیکی ماکدۆنالد بە تەواوی دەبێتە تەواوی تیۆرییەکی جیاوازیی لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا: ئەمەش نیشانەی ئەوەیە چەندە بە قووڵییەوە ماکدۆنالد کەوتۆتە ناو ڕۆژهەڵاتناسی. ئەمەش کورتەیەک لەم بارەیەوە:

(بێتوانایی لە ژیان بە عەزم و ئیرادەوە، وەک گشتیش تێگەیشتن کە تیۆرییەکی ژیان دەبێ هەموو هەقیقەتەکانی ژیان لەباوەش گرێ و، ئامادەییەک یەک تاقە ئایدیا لەگەڵ خۆی بیبا و نابینا بێ بەرانبەر هەر



https://t.me/kurdistanbooks

شتێکی دیکە: لێرەوەیە لەوبڕوایەدام جیاوازی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.) (87)

بێگومان هیچ شتێکی نوێی تایبەتی لە هەموو ئەمەدا نیە. لە شلیگلەوە تا ڕینان، لە ڕۆبێرتسۆن سمیتەوە تا دەگاتە "ت. ئی. لۆرەنس"، ئەم ئایدیایانە گەلێ جار دووبارە کراونەتەوە. مەسەلەکە بڕیارێکە لە بارەی ڕۆژهەڵات، بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە هەقیقەتێکی سروشتەوە نیە. یەکێک کە بە ئاگاییەوە وەک ماکدۆنالد یان گایب دەچێتە ناو پیشەی ڕۆژهەڵاتناسی، بە پێی بڕیارێک دەچێتە ناوی کە ڕۆژهەڵات ڕۆژهەڵاتە، کە جیاوازە...هتد. ئامادەکارییەکان، دەستڕەنگینییەکان لە بواری ڕۆژهەڵاتناسییەوە، ئەنجام و دەستەکەوتەکانی هەموویان پشتگیری لەمە دەکەن و درێژکەرەوەی ئەم بڕیارەی "زیندانیکردن"ی ڕۆژهەڵاتن. ئێمە ناتوانین هیچ تەوس و پلارێک لە ئایدیاکانی ماکدۆنالد (یان گایب) لەبارەی ڕۆژهەڵات ببینین کە دەشێ یەک ئایدیا لەگەڵ خۆی بیبا، نە ئەم نە ئەویان پێناچێ لە توانایاندا هەبێ دان بەوەدا بنێن لە کام حاڵەتدا ڕۆژهەڵاتناسی دەشێ بە تاقە یەک ئایدیای جیاوازی ڕۆژهەڵاتی ببردرێ. پاشان ئەوان هەردووکیان، بێ ئەوەی بیری لێ بکەنەوە وشەی "ئیسلام" و "ڕۆژهەڵات" وەک قالب بەکاردەهێنن نەک وەک ناوی تەواو کە دەشێ ئاوەڵناوان وەرگرێ و فرمانیان لێ بێتەوە، وەک ئەوەی سەروکاریان لەگەڵ هەندێ لە کەسان هەبێ نەک ئایدیای ئەفلاتونی.

کەواتە ڕێککەوت نیە کە ئایدیای سەرەکی گایب تا رادەیەک لە تەواوی ئەوانەی نووسیوویەتی لەبارەی ئیسلام و عەرەبەکان، ئەو دڵەڕاوکەیەیە کە لە نێوان "ئیسلام"ێک وەک هەقیقەتێکی ڕۆژهەڵاتی و باڵا و ناچار لەگەڵ هەقیقەتەکانی ئەزموونی ڕۆژانە دا هەیە. وەک توێژەرێکی زانستی و وەک کریستیانێکی بە ئیمان، بەرژەوەندی خۆی دەخاتە ناو "ئیسلام"، بەڵام ئەو ئالۆزیانەی کە بە هۆی ناسیۆنالیزم،



https://t.me/kurdistanbooks

خەبات و جیاوازی چینایەتی، ئەزموونە تاکەکەسییەکانی خۆشەویستی، تووڕەیی، یان هی کار، بە ڕێژەیەک چ نینە بۆ ئەو لە ئاڵۆزی بیمانا زیاتر. خەسڵەتی هەژاری ئەم وەبەرهێنانە بە جوانی لەو کتێبە دەردەکەوێ کە گایب خۆی سەرپەرشتی کردووە "ئیسلام بۆ کوێ دەچێ؟ -?Whither Islam " کە هەر ناونیشانی بابەتەکەی ئەویش بۆتە ناونیشانی کتێبەکەش کە لە ساڵی 1932 بڵاوبۆتەوە. لەم کتێبە بابەتێکی نایابی "لوی ماسینیۆن"یش لە بارەی ئیسلامی باکوری ئەفریقیا هەیە. هەوڵی گایب، بەو شێوەی ئەو لێی تێگەیشتووە، تەخمینکردنی ئیسلامە، دۆخی ئێستە و ئاییندەی وەک شیمانەیەک. بۆ ئەم هەوڵە، هەرێمە جیاوازەکان، کە بە ڕوونی و دیاری لە یەکتر جیاوازن، لەناو جیهانی ئیسلامی بەڵگەی لێکترازانی یەکێتی ئیسلام نیە بەڵکو نموونەیەکە بۆ یەکێتی ئیسلام. گایب خۆی پێشنیاری وتارێک دەکا وەک پێشەکییەک بۆ پیناسەکردنی ئیسلام، پاشان، لەو بابەتەی کە وەک سەرەنجام بەکارهێنراوە، بە دوای ئەوەدا دەگەڕێ حوکمێک بەسەر واقیعی ئێستە و ئاییندەی ڕاستەقینەی خۆی بدات. وەک ماکدۆناڵد، گایب وادێتە بەرچاو تەواو ئاسوودە بێ لەگەڵ ئایدیای ڕۆژهەڵاتێکی دۆگماتیک Monolithiqe ، کە مەرج و بارودۆخەکانی بوون ناتوانن خۆیان لە نەژاد یان لە تیۆری نەژاد کورت بکەنەوە، گایب تەواوێک لەسەرەوەی هەموو تێگەیشتنە نایابەکانی نەوەی ڕۆژهەڵاتناسانی پێش خۆی بووە. لەم ڕووەوە ئەو ڕوانینێکی بەخشندە و دڵگیری بۆ جیهانگیری ئیسلامی و لێبووردن "تۆلێرانس"ی ئیسلامی هەیە کە ڕێگە دەدا کۆمەڵی جیاجیای ئێتنیکی و ئایینی بەیەکەوە بە ئاشتی بژین و بە شێوەیەکی دیمۆکراسیانە خۆیان بخەنە ژێر دەستەڵاتی. لەولاشەوە تێبینییەکی پێشبینیکار و هەڕەشەئامێز لەلای گایب هەستی پێدەکرێ، کاتێ کە باس لە زایۆنیەکان و مارۆنیە کریستیانەکان دەکا وەک دوو کۆمەڵی ئێتنیکی جیهانی ئیسلامی توانای ئەوەیان نەبێ بەیەکەوە بژین.



https://t.me/kurdistanbooks

بەڵام ئەرگیومەنتی سەرەکی گایب ئەوەیە کە ئیسلام لەوانەیە دواجار نیگەرانی هەرە تایبەتی رۆژهەڵاتی بێ نەک بۆ سروشت بەڵکو بۆ نادیار (بۆ غەیب)، ئەمەش ئەوپەڕی ئامادەگی و باڵادەستی لەسەر ژیانی تەواوی رۆژهەڵاتی ئیسلامی هەیە. بۆ گایب ئیسلام ئیسلامی ئۆرتۆدۆکسییە (ئیسلامی سونەتی)، ئیسلام کۆمەڵەی ئیماندارانیشە، ژیانە، یەکێتییە، توانای تێگەیشتنە، نرخ و بەهاکانیشە. ئیسلام قانون و نیزامیشە، سەرەڕای گەرەلاوژەی یارانی فتنە لە جیهادییەکان و ئاژاوەگێڕە کۆمۆنیستەکان. وێڕای خوێندنەوەی پەخشانی گایب پەڕ لە دوای پەڕ لە کتێبی "ئیسلام بۆ کوێ دەچێ ؟" تێدەگەین کە بانکە نوێیەکانی بازرگانی لە میسر، لە سوریا، هەقیقەتێکن سەر بە ئیسلامن یان لە دەسپێشخەری ئیسلامن، خوێندنگەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری هەموو ئەمانە هەقیقەتێکن سەر بە ئیسلامن، تەواو وەک ژوورنالیزم، بە رۆژئاواییکردن و کۆمەڵە رۆشنگەرییەکان. گایب بە هیچ شێوەیەک و هیچ کاتێک باس لە کۆلۆنیالیزمی ئۆرووپی ناکا کە تۆژینەوە لە بەرزبوونەوەی ناسیۆنالیزم و "ژەهرەکانی" دەکا. بە هیچ شێوەیەک ئەوەش بە ئەقڵی گایبدا نایەت کە مێژووی ئیسلامی مۆدێرن دەشێ باشتر تێبگەین ئەگەر بەرگری ئیسلاممان لەبەرچاو گرتبا بەرانبەر بە سیاسەت و ناسیاسەتی کۆلۆنیالیزم، بە هەمان شێوە لە بنچینەدا بابەتێک نیە باس لە حکومەتە "ئیسلامییەکان" بکەین لەلای ئەو، ئیتر ئەو حکومەتە کۆمارییە، فیۆداڵە یان سەلتەنەتی.

"ئیسلام" بۆ گایب جۆرێکە لە سوپەرستروکتور لە یەک کاتدا لەژێر مەترسی سیاسەت(ەکاندایە): (ناسیۆنالیزم، ئاژاوەی کۆمۆنیستی، بەرۆژئاواییکردن) لەگەڵ مەترسی هەوڵی موسلمانەکان خۆشیان لە یاریکردن بە سەروەری رۆشنگەری خۆیان. لەم تێکستەی خوارەوە، دەبینی چۆن وشەی "ئایین" و وشە هاوشێوەکانی تۆنی خۆیان



https://t.me/kurdistanbooks

دەدەنە پەخشانی گایب، بە رادەیەک ئێمە هەست بە جۆرێک لە هەراسانی بەرانبەر بەو فشارە بێ مانایانە دەکەین کە دەکرێنە سەر ئیسلام:

(ئیسلام وەک ئایین، هیچ لە هێزی کەم نەبۆتەوە، بەڵام ئیسلام وەک ناوبژیوانێک بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی (لەناو جیهانی مۆدێرن)، خەریکە عەرشی خۆی لە دەست دەدا، لە تەنیشت ئەمەشەوە یان لەسەرەوە، چەندین هێزی دیکەی نوێ راهێنانی ئۆتۆریتییەکیان هەیە کە هەندێ جار ناکۆکن لەگەڵ نەریتەکانی خۆیان و لەگەڵ فرمانە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان، بەڵام بەلای کەمی رێگەی خۆی دەکاتەوە (سەرەڕای ئەوان). بۆ گوتنی بەشێوەیەکی سادەتر، فەرموو بزانە چی روویداوە. تا سەردەمێکی نزیک، موسلمانی شارنشین یان دێهاتنشین، حەزی لە سیاسەت نەدەکرد و هیچ رۆڵێکی تێدا نەبوو، ئەدەبێکی نەبوو تێگەیشتن لێی ئاسان بێ لە غەیری ئەدەبیاتی ئایینی نەبێ، نە جەژنی هەبوو نە ژیانێکی بەیەکەوەیی، ئەوەی هەبوو پەیوەندی بە ئایینەوە هەبوو، تا رادەیەکی زۆریش هیچی لە جیهانی دەرەوە نەدەبینی، تەنیا لە رێگەی زەرەبینی ئایینییەوە نەبێ. "بۆ ئەو سەرەنجام ئایین هەموو شتێک بوو". کەچی ئەمڕۆ، بە تایبەتی لە وڵاتانی هەرە پێشکەوتوو، بایەخدان بە بەرژەوەندییەکانی فراوان بووە و ئایینیش چالاکییەکانی سنووردار ناکا، سەرەنجام پرسیاری سیاسی لەلای ئەڕوێ، دەخوێنێتەوە، یان چەندین وتار لە هەموو جۆرە بابەتێکی بۆ دەخوێننەوە کە فریان بەسەر ئایینەوە نیە، یان تیایاندا بابەتی وا گفتوگۆی لەسەر دەکرێ ئایین بە هیچ شێوەیەک باس نەکرێ، بڕیاری کۆتاییش پشت بە هەندێ پرەنسیپی دی تەواو جیاواز دەبەستێ. (کەوانەکانی ناوەڕاست لەلایەن ئێمەوەیە.)

دەبێ بڵێین ئەم وێنایە کەمێک سەختە بۆ بینین، چونکە، بە پێچەوانەی هەموو ئایینەکانی دی، ئیسلام هەموو شتێکە یان مانای



https://t.me/kurdistanbooks

هەموو شتێک دەگەیەنێ. وەک وەسفکردنی دیاردە مرۆییەکان، لەو بڕوایەدام درێژدادڕی تەنیا لە رۆژهەڵاتناسیدا دەردەکەوێ. ژیان خۆی (سیاسەت، ئەدەب، وزە، چالاکی، گەشەسەندن) دەستتێوەردانە لەم سەرتاپاگیرییەی رۆژهەڵاتی کە ناچێتە ئەقڵەوە (بۆ رۆژئاواییەک). بەڵام، وەک "تەواوکەر و قورساییەک بۆ شارستانی ئۆروپی، ئیسلام، بە فۆرمە نوێیەکەی، لەگەڵ ئەمەش شێکی بەسوودە: ئەمەیە ناوەڕۆکی پێشنیاری گایب لەبارەی ئیسلامی مۆدێرن. سەرەنجام، لە فراوانترین رووی مێژووییەوە، ئەوەی ئێستە لە نێوان ئۆروپا و ئیسلام روودەدا سەرلەنوێ پوختەبوونەوەی یان پوختەکردنەوەی شارستانی رۆژئاواییە، بە شێوەیەکی دەستکرد بە هۆی "بووژانەوە/ رێنێسانس" قەڵێشی تێکەوتووە و ئێستەش بە هێزێکی زۆرەوە دڵنیایی لە یەکێتی خۆی دەکاتەوە.

ماسینیۆن رامان و بیرکرنەوە مێتافیزیکییەکانی خۆی نەدەشاردنەوە هەرچی گایبە، ئەو بە چەشنێک باسی ئەو تێبینیانەی دەکرد وەک ئەوەی ئەمانە زانین و ناسینی مەوزوعی بن (ئەمەش کاتیگۆرییەک بوو بەرای ئەو لەلای ماسینیۆن نەبوو) لەگەڵ ئەمەش، تا رادەیەک بە پێی تەواوی پێوەرەکان، گەورەترین بەشی کارە گشتییەکانی گایب لەبارەی ئیسلام مێتافیزیکیین، نەک لەبەرئەوەی هەندێ ئەبستراکسیۆن "تەجرید"ی وەک "ئیسلام" بەکاردەهێنێ، وەک ئەوەی مانایەکی روون و رەوانیان هەبووبێ، بەڵکو لەبەرئەوەش کە هەرگیز بە روونی نابینین "ئیسلام"ی گایب کەوتۆتە ناو کام شوێن و زەمەن. ئەگەر لەلایەکی ترەوە، لەم بارەیەوە سەرنج لە ماکدۆنالد بدەین، ئەو ئیسلام بە روونی لە دەرەوەی رۆژئاوا دادەنێ، لەلایەکەی ترەوە، لە بەشی هەرە زۆری کارەکانی، دەبینین ئەو خەریکە ئیسلام "دەهێنێتەوە" بۆ ناو رۆژئاوا. ساڵی 1955 ئەو هەندێ روونکردنەوەی لەبارەی ئەم مەسەلەی ناوەوە و دەرەوە پێشکەش کرد: رۆژئاوا



https://t.me/kurdistanbooks

هیچی لە ئیسلام وەرنەگرتووە جگە لە پێکهاتە نازانستییەکانی نەبێ، ئەمەش ئیسلام خۆی لە بنچینەدا لە ڕۆژئاوای وەرگرتووە، لە کاتێکدا، وێڕای خواستنەوە یان وەرگرتن لە زانستی ئیسلامی، ڕۆژئاوا هەر ئەو ڕێسایەی گرتۆتەبەر کە دەڵێ "زانستی سروشتی و تەکنۆلۆژی (...) بێ پایان دەگوازرێنەوە." (91) سەرەنجام، ئیسلام، لە بواری "هونەر، ئێستێتیک (جوانیناسی) فەلسەفە و فیکری ئایینی" دیاردەیەکە بە پلەی دووەم دێ (چونکە هەموو ئەم شتانە لە ڕۆژئاواوە هاتوون)، ئەوەش کە پەیوەندی بە زانست و تەکنۆلۆژییەوە هەیە، ئیسلام کەناڵێکی سادە بووە بۆ گواستنەوەی ئەمانە کە بە سروشت ئیسلامی نەبوونە.

بۆ تێگەیشتن بە ڕوونی ئیسلام لە فیکری گایب چیە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئیجبارییە مێتافیزیکییەکان، بۆ دوو لە کتێبە گرینگەکانی ئەو کە لە ساڵی 1940 بڵاوبوونەتەوە، "بزووتنەوە نوێیەکان لە ئیسلام Modern Trends in Islam "، ئایینی محەمەدی: خوێندنەوەیەکی مێژوویی Mohammedanism : An Historical Survey" ئەم سەرچاوانە ماتریالێکی تەواویان تێدایە. لەم کتێبانە، گایب ئازارێکی زۆر دەداتە خۆی بۆ تۆژینەوە لە قەیرانی ئەمڕۆی ئیسلام، لایەنی جێگیر و جەوهەری ئیسلام دەخاتە بەرانبەر بە هەوڵە مۆدێرنەکان بۆ گۆڕینی. پێشتر باسی ئەوەم کردووە کە گایب دژی بزووتنەوەکانی مۆدێرنیزاسیۆنی ئیسلام بوو، ئەو بە سەرسەختییەکی زۆرەوە لایەنگیری ئیسلامی ئۆرتۆدۆکسی (سونەتی) دەگرت. لێرەوە دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە گایب پێی باشتر بوو لە جیاتی زاراوەی ئیسلام زاراوەی محەمەدی mahométisme ou mohammedanism بەکاربهێنێ (چونکە ئەو دەڵێ ئیسلام لە بنچینەدا لەسەر ئایدیای جێگرتنەوە "خەلافەت" دامەزراوە کە لەگەڵ "محەمەد" گەیشتۆتە لووتکە) بە ڕای ئەو، زانستی سەرەکیش لە


https://t.me/kurdistanbooks

ئیسلام قانونە، ئەمەش هەر لە زوویەکەوە جێگەی تیۆلۆژی (ئاییناسی یان لاهوت) گرتۆتەوە. شتێکی سەیرە، ئەم دڵنیاییکردنانە لەسەر ئیسلام بەو شێوە باسکراون نەک لە ڕێگەی بەڵگەنەویستێکی ناوەکی ئیسلام خۆی، بەڵکو لە ڕێگەی لۆژیکێک کە ڕاستەوخۆ کەوتۆتە دەرەوەی ئەو. هیچ موسلمانێک بە خۆی ناڵێ محەمەدی، هیچ موسلمانێکیش بە گوێرەی ئەوەی تا ئێستە دەیزانین، بە پێویست هەست ناکا کە قانون لە تیۆلۆژی گرینگترە. بەلام ئەوەی گایب دەیکا، ئەوەیە خۆی وەک زانایەک بخاتە ناوەوەی ئەو ناکۆکیانەی کە ئەو خۆی دایاندەڕێژێ، بەو ڕادەیەی کە لەناو "ئیسلام" هەندێ هەڵپچڕانی گۆنەکراو لە نێوان پرۆسێسی فۆرمی دەرەوە و هەقیقەتەکانی ناوەوە هەن".(92)

کەواتە ڕۆژهەلاتناس وا دەڕوانێتە هەوڵەکانی خۆی دەربڕین بێ لەم هەڵپچڕاندنانە و، دەرەنجام، ڕاستی لەسەر ئیسلام بڵێ (چونکە ناکۆکییەکانی خۆی دەستەلاتی کەم دەکەنەوە لە خۆناسین) کە ناتوانێ دەریانبڕێ. زۆربەی دڵنیاکردنەوەکانی گایب لەبارەی ئیسلام وەک پێشکەشکردنی هەندێ کۆنسێپتن کە ئایین یان کولتوور، هەر یەکەی بە پێناسەی خۆیان هێشتا ناتوانن بیگرن: "فەلسەفەی ڕۆژهەلاتی هەرگیز نرخ و بەهایەکی بۆ ئایدیای سەرەکی دادپەروەری لە فەلسەفەی یۆنانی دانەناوە". هەرچی لەبارەی کۆمەڵی ڕۆژهەلاتییە "بە پێچەوانەی زۆربەی کۆمەلانی ڕۆژئاوایی بە شێوەیەکی گشتی (خۆیان) تەرخان کردووە بۆ بنیاتنانی ئۆرگانیزاسیۆنی کۆمەلایەتی جێگیر وەک لە بنیاتنانی سیستەمە ئایدیالەکانی فیکری فەلسەفی". لاوازی و بێهێزی ناوەوە و سەرەکیانەی ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ "نەمانی یان پچڕانی پەیوەندی لەنێوان پایە یان نیزامە ئایینییەکان و چینە بالا و ناوەنجییەکانی موسلمانان"(93) بەلام گایب ئەوەش لەبەرچاو دەگرێ کە ئیسلام



https://t.me/kurdistanbooks

هەرگیز دوورەپەرێز نەبووە لە بەشەکانی دیکەی جیهان و، دەبێ بەم جۆرە بووبێتە بابەتی زنجیرەیەک هەڵپچڕانی دەرەکی و نوقسانی و پچڕانی پەیوەندی لە نێوان خۆی و جیهان. بەم جۆرە دەڵێ: ئیسلامی مۆدێرن ئەنجامی ئایینێکی کلاسیکییە کە بە شێوەیەکی ناڕێک asynchrone چۆتە ناو پەیوەندی لەگەڵ ڕۆمانسیزمی ڕۆژئاوایی. وەک وەڵامێک بۆ ئەم هێرشە، ئیسلام قوتابخانەیەکی لە مۆدێرنیستەکان بنیاتناوە کە ئایدیاکانیان لە بێهیوایی زیاتر بڵاوناکەنەوە، ئەم ئایدیایانەش لەگەڵ جیهانی مۆدێرن ناگونجێن: وەک محەمەدی، ناسیۆنالیزم، نوێکردنەوەی خەلافەت. هەڵوێستی کۆنەپارێزەکان دژ بە مۆدێرنیزم، ئەمەش لەگەڵ مۆدێرنیتێ ناگونجێ، چونکە بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی جۆرێک لە دژایەتی سەرسەختانەی تەکنۆلۆژی. کەواتە دواجار ئیسلام چیە ئەگەر هۆکاری هەڵپچڕانەکانی ناوەوەی نەزانێ و نەشتوانێ لەگەڵ ئەوانەی دەورەی داون خۆی بگونجێنێ؟

دەتوانین وەڵامی ئەمە لەم پارچە تێکستەی خوارەوە بزانین کە دەگەڕێتەوە بۆ کتێبی "بزووتنەوە نوێیەکان"ی گایب:

(ئیسلام ئایینێکی زیندو و زیتە، قسە لەگەڵ دڵان دەکا، لەگەڵ ژیری، لەگەڵ ئاگایی دەیان، سەدان ملیۆنان کەسان دەکا، ڕێسایەکیان دەداتێ پێیەوە بە شەرافەت بژین، بە تەقوا بن و ترسیان لە خودا هەبێ. ئەوە ئیسلام نیە دوچاری دۆگمایی بووە، بەڵکو ئەوە داڕشتنە ئۆرتۆدۆکسییەکانیەتی (سونەتی)، تیۆلۆژییە سیستەماتیکەکەیەتی، سیستەمی بەرگری کۆمەڵایەتییەکەیەتی. هەڵپچڕانەکان لێرەوەیە، هەر لێرەشەوەیە نارەزاییەکانی زۆرێک لە ئەندامانی هەرە خوێندەوار و هەرە ژیر و زیرەکی ناو ئیسلام خۆی، هەر لێرەشەوەیە مەترسی روونی ئایندە. دواجار هیچ ئایینێک ناتوانێ خۆی لە هەڵوەشانەوە بپارێزێ ئەگەر نێوانێک هەردەم داواکارییەکانی لەمەڕ ئیرادە


https://t.me/kurdistanbooks

جیابکاتەوە لە خەسڵەتە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم ئایینە بۆ ڕۆشنگەری ئیماندارانی. کێشەی ئەوەی کە تا ئێستە مەسەلەی هەڵپچڕان لەلایەن زۆربەی موسلمانان باس نەکراوە، بەهانەیەکە بۆ زانا موسلمانەکان ئەوە ڕەت بکەنەوە بە خێرایی بڕیار لەو ڕێنماییانە بدەن کە مۆدێرنیستەکان داوای دەکەن، بەڵام درێژبوونەوە و بڵاوبوونەوەی مۆدێرنیزم ئاگاداریپیەکە: بێگومان ناکرێ هەتا هەتایێ سەرلەنوێ داڕشتنەوە بخرێتە ئایندە.

هەوڵدان بۆ دیاریکردنی ڕەگ و ریشە و هۆکارەکانی بە دۆگمابوونی داڕشتنەکانی ئیسلام، دەشێ چەند نیشانەیەکمان دەستکەوێ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە مۆدێرنیستەکان دەیکەن، بەڵام بێ ئەوەی تا ئێرە گەیشتبینە چارەسەرێک، پرسیارەکەش ئەوەیە: چۆن و بە چ شێوازێک دەتوانین سەرلەنوێ پرەنسیپە سەرەکییەکانی ئیسلام داڕێژینەوە بێ ئەوەی کاریگەرییان لەسەر پێکهێنەرە جەوهەرییەکانیەوە نەبێ ؟ (94)

دوابەشی ئەم تێکستە بۆ ئێمە زۆر ناسراوە: بیرمان بۆ توانای ڕۆژهەڵاتناس دەباتەوە کە ئێستە بۆتە نەریتێک بۆ بنیاتنانەوە و داڕشتنەوەی ڕۆژهەڵات، مادام ڕۆژهەڵات ئەو توانایەی نیە بۆ خۆی ئەمە بکات. ئیسلامی گایب ئیسلامێکە "لە پێشەوەی" ئەو ئیسلامەیە کە پەیڕەو دەکرێ، دەخوێندرێ و بڵاودەکرێتەوە لە ڕۆژهەڵات. بەڵام ئەم ئیسلامەی ئایندە لە خەیاڵێکی پاک و بێگەردی ڕۆژهەڵاتناس زیاتر نیە: لەسەر بنچینەی ئیسلامێک دروستبووە (لەبەر ئەوەی ناشێ بە ڕاستی هەبێ) کە خاوەن خەسڵەتی سەرنجڕاکێشە بۆ تەواوی کۆمەڵەی ئیمانداران. ئەگەر "ئیسلام" بشێ بوونی هەبێ لەناو داڕشتنی کەم و زۆری ئایندە کە ڕۆژهەڵاتناسەکان پێشکەشی دەکەن، ئەوا لەبەر ئەوەیە لە ڕۆژهەڵات لەلایەن زمانی پیاوانی ئایینی خۆیەوە داگیردەکرێ و وەردەگێڕدرێ، کە خۆیان بە ئەقڵ و ڕوحی کۆمەڵ



https://t.me/kurdistanbooks

دادەنێن. تا ئەو کاتەی ئەو خەسڵەتە سەرنجڕاکێشە بە بێدەنگی بمێنێتەوە، ئیسلام ساغە، هەر کە دەستەی ئایینی یان پیاوانی ئایینی ڕیفۆرمخواز ڕۆڵی سەرەکی خۆیان (ڕۆڵی شەرعی خۆیان) وەردەگرنەوە بۆ ڕیفۆرمی ئیسلام بۆ ئەوەی وای لێ بکەن توانای هەبێ بچێتە ناو مۆدێرنیتێ، لێرەوە هەراسانییەکان دەردەکەون. ئەم هەراسانیانەش بێگومان هەڵپچڕاندنەکەیە.

لە کارەکانی گایب، هەڵپچڕاندن ئاماژەیە بۆ شتێکی مانادارتر وەک لە گرفتێکی ڕۆشنگەری پێشنیارکراو لە ناوەوەی ئیسلام. ئەم وشەیە لەو باوەڕەدام بە مانای شوێنی تایبەتی ڕۆژهەڵاتناس دێ، ئەو شوێنەی وەک پێگەیەک دەتوانێ تێیدا یان بە هۆی ئەوەوە لەبارەی ئیسلامەوە بنووسێ، ڕێسای بۆ دانێ و سەرلەنوێ دایڕێژێتەوە. بێگومان گایب بە ڕێککەوت باسی ئەم هەڵپچڕاندنەی نەکردووە: بەڵکو ڕێگەی ئێپیستیمۆلۆژی ئەو بووە بەرەو بابەتەکەی خۆی و، لێرەوە هەر لەو خاڵەیە کە ئەو توانیویەتی ڕوانینێکی گشتی هەبێ لەبارەی ئیسلام، لەناو هەموو نووسینەکانی و لە هەر یەک لەو پۆستانەی کاری تێدا کردوون. لە نێوان خەسڵەتە سەرنجڕاکێشە بێدەنگەکەی ئیسلام بۆ کۆمەڵێک لە ئیماندارانی ئۆرتۆدۆکس وەک بلۆکێکی سەربەخۆ و گۆکردنێکی سەرتاپاگیری زارەکیانەی ئیسلام لەلایەن گروپێک لە ئەکتیڤیستی دەسخەڕۆ وەک بیرۆکراتە بێهیواکان و ڕیفۆرمخوازە ئینتیهازییەکان: لێرەوەیە کە گایب لەسەری دەوەستێ و لەبارەیەوە دەنووسێ و سەرلەنوێ دایدەڕێژێتەوە. گایب یان لەبارەی ئەوەوە دەنووسێ کە ئیسلام ناتوانێ بیڵێ یان لەبارەی ئەوەوە دەنووسێ پیاوە ئایینییەکانی ئیسلام نایانەوێ بیڵێن. ئەوەی دەینووسێ بە چەشنێک، لە ڕووی زەمەنەوە لە پێش ئیسلامە: ئەو دان بەوەدا دەنێ، کە لە هەندێ وەخت لە ئایندە، ئیسلام توانای ئەوەی دەبێ بڵێ کە ئێستە ناتوانێ بیڵێ. بە چەشنێکی دی، نووسینەکانی گایب لەبارەی


https://t.me/kurdistanbooks

ئیسلام وەک سەرچاوەیەکی خاوەن توندوتۆڵی لۆژیکی باوەڕە "زیندووەکان" بە پێش ئایین کەوتوون، لەبەرئەوەی توانایان هەبوو دەست بەسەر ئیسلامدا بگرن وەک خەسڵەتێکی سەرنجڕاکێش، وەک بانگێکی بێدەنگ بۆ موسڵمانان پێش ئەوەی ئیمانیان ببێتە بابەتی گفتوگۆ، بابەتی کردەکی یان بابەتی دیالۆگ لەناو جیهان.

پارادۆکسێک لە کارەکانی گایبدا هەیە: ئەو بەو شێوەیە باس لە ئیسلام ناکا وەک چۆن پیاوانی ئایینی ئیسلام خۆیان باسی دەکەن، بە شێوەی عەلمانیە موسڵمانەکانیش باس لە ئیسلام ناکا ئەگەر بتوانن باسی بکەن. ئەم پارادۆکسە تا رادەیەک بە هۆی هەڵوێستی مێتافیزیکی کە لە کارەکانی باڵادەستە کوژاوەتەوە، بەم هۆیەوە، ئەم هەڵوێستە بەسەر هەموو مێژووی رۆژهەڵاتناسی مۆدێرنیشدا باڵادەستە کە لەلایەن رابەرانی زۆری پێش خۆی وەک ماکدۆنالد بە میرات بۆی ماوەتەوە. رۆژهەڵات و ئیسلام جۆرێک لە ستاتو (قەوارە)ی لە "هەقیقەتی نایاب extra-reel "یان هەیە، بە مانا فینۆمینۆلۆژییەکەی بچووککراوەتەوە یان کورتکراوەتەوە، ئەمەش رۆژهەڵات و ئیسلام لە شوێنێک دادەنێ کەس دەستی نەگاتێ، تەنیا لەلایەن شارەزای رۆژئاوایی نەبێ. هەر لە سەرەتای رامان و بیرکردنەوەی رۆژئاواییەکان لەبارەی رۆژهەڵات، تاقەشتێک کە رۆژهەڵات نەیتوانیوە بیکا خۆناساندن بووە لەلایەن خۆیەوە. شایەدحاڵی یان روانینی لەمەڕ رۆژهەڵات ئەوسا دەبووە جێگەی باوەڕ دوای ئەوەی بەناو رۆشنایی کاری رۆژهەڵاتناس تێدەپەڕی و هەر ئەویش دەیکردە بابەتێکی توندۆتۆڵ. کارەکانی گایب لافی ئەوە لێدەدەن لە یەک کاتدا لە بارەی ئیسلام (یان محەمەدی) بێ (وەک چۆن وایە و دەشێ وابێ). لە روانگەی مێتافیزیکییەوە (تەنیا) جەوهەر و شیمانەی بوونی شتێک و هەمان شت پێکدەهێنێ. تەنیا بە هەڵوێستێکی مێتافیزیکی لەم جۆرە دەشێ ئەم وتارە ناسراوانەی


https://t.me/kurdistanbooks

گایب بەرهەم بێ وەک: ستروکتوری فیکری ئایینی The structure of religious thought یان "لێکدانەوەیەک بۆ مێژووی ئیسلام" An Interpretation of Islamic History ، بە بێ ئەوەی لێڵی بخاتە ناو روانینەکانی بە هۆی جیاوازیکردن لە نێوان زانین و ناسینی زاتی و مەوزوعی لە سەروبەندی رەخنەی لە ماسینیۆن.(95) دڵنیاییەکانی گایب لەبارەی ئیسلام بە باوەڕبەخۆبوون و دڵنیاییەکی بەڕاستی ئۆلۆمپیانە بەیان کراون. هیچ هەڵپچڕاندنێک لە ئارادا نیە، هیچ نابەردەوامییەکی هەستپێکراویش لە نێوان پەڕەیەکی نووسینی گایب و ئەو دیاردەیەی ئەو پەڕەیە وەسفی دەکا نیە، چونکە هەر یەک لەمانە، بەڕای گایب خۆی، دواجار وەک چارەسەر دەتوانێ یەک خۆی لەویتر بچووک بکاتەوە. بەم جۆرە "ئیسلام" و ئەو وەسفەی گایب لەبارەی ئیسلامەوە دەیکا، سادەییەکی ئارام و لۆژیکی هەیە، وێڕای بوونی پێکهێنەرێکی هاوبەش لە نووسینی لاپەڕەیەکی باش چنراوی توێژەری بالای ئینگلیزی.

مانایەکی مەزن لە روخسار و مۆدێلی هەڵبژێردراوی پەڕەیەک لە نووسینی رۆژهەڵاتناسدا دەبینم وەک بابەتێکی چاپکراو. لەم کتێبە، باسی ئەنسکلۆپیدیای ئەلفابێتیکی "دێربێلۆ" "کتێبخانەی رۆژهەڵات"م کردووە، باسی لاپەڕە مەزن و گەورەکانی "وەسفی میسر"م کردووە، باسی دەفتەرەکانی "تاقیگە و توحفە"یانەی ئەرنست رێنان- م کردووە، باسی خولاسە و بەشەکانی "میسرییە هاوچەرخەکان"ی ئێدوارد لان-م کردووە، باسی پارچە هەڵبژێردراوەکانی سیلڤێستر دو ساسی- م کردووە...هتد. ئەم پەڕانە نیشانەن بۆ رۆژهەڵاتێک و بۆ رۆژهەڵاتناسێکی پێشکەشکراو بە خوێنەر. رێکی و سیستەمێک لەم پەڕانەدا هەن، لە رێگەی ئەمانەوە نەک هەر خوێنەر تەنیا لە "رۆژهەڵات" دەگا، بەڵکو رۆژهەڵاتناسیش وەک شارەزا و پسپۆڕێک، وەک وەرگێڕ و شیکارێک، وەک پێشکەشکارێک، وەک کەسایەتیەک،


https://t.me/kurdistanbooks

میدیاناسێک، وەک نوێنەرێک تێی دەگا. بە شێوەیەکی بەرچاو و جوان، گایب و ماسینیۆن چەندین لاپەڕەیان داڕشتووە کە هەموو مێژووی نووسینی ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕۆژئاوا کورت دەکەنەوە وەک ئەوەی ئەم مێژووە لەناو کۆمەڵێک شێوازی نووسینی سەرتاپاگیر و چڵۆنایەتیانە و تۆپۆگرافیانە بەرجەستەکرابێ و دواجار وەک ئەو بەیەکچوونەیان لێهاتبێ کە لە کتێبی مۆنۆگرافی خوێندنی قوتابخانەدا هەیە. مشتێ وەک نموونەی هەڵبژێردراوی ڕۆژهەڵاتی، زیادەڕۆیی ڕۆژهەڵاتی، یەکێتی واژەنامەی "لێکسیکۆگرافی" ڕۆژهەڵاتی، زنجیرەی ڕۆژهەڵاتی، نموونەی ڕۆژهەڵاتی، هەموویان لەلای گایب و ماسینیۆن خراونەتە بەرباس و خراونەتە بەر ئۆتۆریتێی پلان و نەخشە و پەخشانی ڤۆلگێر و شیکاری لۆژیکی، لە فۆرمی وتار، تێکستی کورت، کتێبی تۆژینەوەی باڵای زانینگەیی، پێشکەشکراون. لەسەردەمی خۆیان، لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی تا سەرەتای ساڵانی 1960، سێ لە فۆرمە سەرەکییەکانی نووسینە ڕۆژهەڵاتناسییەکان بە شێوەیەکی رادیکالانە گۆڕاون بۆ: ئەنسکلۆپیدیا، هەڵبژاردە، راپۆرتی کەسی. دەستەڵاتیان سەرلەنوێ دابەشکراوەتەوە، یان نەماوە، کار تیایاندا لە کۆمیتەیەک لە پسپۆڕان و شارەزایان (وەک لە حاڵەتی "ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام"، "مێژووی ئیسلامیی کامبریج" دا دەیبین) گواستراوەتەوە بۆ ئاستێکی نزمتر لە خزمەتگوزاری (وەک خوێندنی سەرەتایی زمانەکان کە هەر تەنیا بۆ کاری دیپلۆماتی دەستیان نەدەدا وەک لە حاڵەتی "پارچە تێکستە هەڵبژێردراوەکانی Chrestomaties" سیلڤێستر دو ساسی دەیبینین، بەڵکو بۆ تۆژینەوەی سۆسیۆلۆژی و ئابووری یان مێژووش سوودیان هەبوو) یان گوازراوەتەوە بۆ بواری دەرکەوتنەکان لەمەڕ هەستە مەزنەکان (کە سەروکاریان زیاتر لەگەڵ کەسایەتییەکان یان حکومەتەکانە وەک لە زانست، لۆرەنس لەم بارەیەوە نموونەیەکی نایابە.) گایب وەک زاهیدێک دەینووسی، ماسینیۆن بە شەوق و ئارەزوویێکی


https://t.me/kurdistanbooks

هونەرمەندانە دەینووسی، بۆ هەر یەکێک لەمانە هیچ سەرچاوەیەک شتێکی ئەوەندە غەریب نەبوو تا ئەو کاتەی نەکەوتبنە بن دەستەڵاتی بەهرەیەکی لێکدانەوە و شیکاری رەسەن: ئەم دوو زانایە سەرکردایەتی ئۆتۆریتێی جیهانگیری رۆژهەڵاتناسی ئۆروپیانەیان تا ئەو شوێنە دوورەی توانیویانە بیبەن کردووە. پاش ئەوان، واقیعی نوێ "شێوازی نوێی شارەزا و پسپۆڕان" بە شێوەیەکی گشتی بۆتە بوارێکی ئەنگلۆسەکسۆن و، وردتر، بۆتە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمریکایی. لێرەوە رۆژهەڵاتناسی کۆن دەشکێ و دەبێتە هەزاران پارچە، هەر پارچەیەک لەمانە، سەرەڕای ئەم دابەشبوونەش، درێژە بە خزمەتگوزاری دۆگمە رۆژهەڵاتناسییە نەریتییەکان دەدەن.



https://t.me/kurdistanbooks

https://t.me/kurdistanbooks

# 4

# سەردەمی نوێ

عەرەبی موسڵمان هەر لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانییەوە بووەتە روخسارێک لە کولتووری میللی ئەمریکایی و، هێشتا روونتر پاش هەر یەک لە جەنگەکانی ئیسرائیل و عەرەبەکان، بە هەمان شێوە لە جیهانی ئەکادیمی، جیهانی سیاسەت، جیهانی کاروبار، بە هەستیارییەکی زۆرەوە باس لە عەرەبەکان دەکرێ. ئەمەش بە رەمزیکردنی ئەو گۆڕانە سەرەکیەیە لە پێکهاتە و هێمان و نەخشەی جیهانی هێزەکان. فرانسا و بەریتانیای مەزن چیتر لە پێشەوەی شانۆی سیاسەتی جیهان نین: ئیمپراتۆری ئەمریکی بەلاوەی ناون و دوورخراونەتەوە. تەواوی ئەو بەشانەی جیهان کە پێشتر کۆلۆنیالی کرابوون ئێستە بە تۆڕێکی فراوانی بەرژەوەندی بە ولاتەیەکگرتوەکان بەستراونەتەوە، تەواو وەک زۆربوونی پسپۆڕی بچووکتری ئەکادیمی (کە لە هەمان کات دەیانخاتەوە ناو پەیوەندی بە یەکتری) کە هەموو بوارە فیلۆلۆژییە کۆنەکانی لێکجیاکردۆتەوە کە لە ئۆروپا داهێنرابوون وەک رۆژهەڵاتناسی. "پسپۆڕی هەرێمە کولتوورییەکان" کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن "پسپۆڕی لەبارەی هەرێمێک area specialist" ئەم بوارە پێویستی بە توانای شارەزا و پسپۆڕێکی رەسەن هەیە لە خزمەتی حکومەت یان کاروبار یان ئەم یان ئەوانی دی بێ.



https://t.me/kurdistanbooks

ئەو بارستە زانین و ناسینەی کە نیمچە ماتریالین، کە هەڵگیراون لەناو کتێب و وەرزنامە رۆژهەڵاتناسییە ئۆروپییەکان، بەو شێوەی "ژول مۆل" بۆمانی گواستۆتەوە، بۆ نموونە لە تۆماری سەدەی نۆزدەم، هەموویان تواونەتەوە، پاشان لە فۆرمی نوێوە خراونەتەوە ناو دەستاودستکردن. هەموو جۆرە نوێنەرایەتیکردنێکی دوو رەگانە یان زیاتری رۆژهەڵات ئێستە لەناو کولتوور دەیاندۆزینەوە. ژاپۆن، هیندستان، پاکستان، نوێنەرایەتیەکانیان هێشتا کاریگەری و ئەنجامی گەورەیان هەبووە، کە تۆژینەوە و گفتوگۆیان لە هەموو لایەکەوە لەبارەوە کراوە، ئەمەش لەبەر هۆکاری روون. ئیسلام و عەرەبەکانیش نوێنەرایەتیکردنی تایبەت بە خۆیان هەبووە، پاشان دەیانبینین چۆن بە پێداگیرییەکی دابەشکراو و پارچە پارچەیی دەردەکەون (لەگەڵ ئەمەش خاوەن توندوتۆڵییەکی لۆژیکی ئیدیۆلۆژین)، بە پێداگیرییەک کە بە دەگمەن گفتوگۆی لەبارەوە کرابێ، کە تێیدا رۆژهەڵاتناسی نەریتی ئۆروپی بۆتە رۆژهەڵاتناسی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا.

## 1- وێنا میللییەکان و نوێنەراتیکردنە زانستییەکان:

لێرەوە چەند نموونەیەک لەبارەی شێوازی وێناکردنی باوی عەرەب لە ئەمرۆدا پێشکش دەکەم. دەبێ تێبینی ئەوە بکەین"عەرەب"ەکان چەندە ئامادەن خۆیان لەگەڵ ئەم گۆڕانانە و ئەم بچووککردنەوەیە بگونجێنن (کە هەموو وێناکان بە سادەیی مەبەستێکی شاراوەیان تێدایە) کە بەردەوام بەسەریاندا دەسەپێنن. بۆ دەیەمین ئاهەنگی دەرچوونی قوتابیانی زانینگەی "پرینستۆن"ی ساڵی 1967، ئەو بەرگەی نەخشەی بۆ کێشرابوو قوتابیان بیپۆشن لەو ساڵە لە پێش جەنگی مانگی جۆزەردان، جل و بەرگی عەرەبی بوو



https://t.me/kurdistanbooks

"ئەمەش لە رەمزێک زیاتر نەبوو"، ئەو بەرگەی هەڵبژێردرابوو پێکهاتبوو لە: کراسی درێژ و چەفیە و عەگال و سۆل. راستەوخۆ دوای جەنگ، دەمانبینی تیمای عەرەب هەراسانکار و سەر بە کێشەیە، بۆیە بڕیاریاندا پرۆگرامەکە بگۆڕن. هەمان بەرگی پێشوو بۆ ئاهەنگی کۆتایی بپۆشن، دەبوایە قوتابیان لە هەنگاونان و رۆیشتنیان دەستەکانیان بەرزبکەنەوە لەسەر سەریان راگرن وەک ئاماژەیەک بۆ رەتکردنەوەی دۆڕاندن. بەم جۆرە عەرەب لە وێنایەکی بە ئاستەم کۆچەری سەر پشتی وشتر دەگۆڕدرێ بۆ کاریکاتۆرێکی کلاسیکی وەک وێنەیەک بۆ رەمزی بێتوانایی و دۆڕاندن، ئەمەش ئەو سنوورە بوو بۆ عەرەب دانرابوو هەڵکشانی نەبوو.

بەڵام، پاش جەنگی ساڵی 1973، عەرەبەکان لە هەموو لایەکەوە زیاتر وەک هەڕەشە دەردەکەوتن. بەردەوام نیگاری تەنزئامێز دەبینین کە شێخێکی عەرەب لە پاڵ پەمپێکی بەنزین وەستاوە. لەگەڵ ئەمەش، ئەم عەرەبانە بە روونی بریتین لە "سامییەکان": لووتیان بە روونی چەماوەیە، پێکەنینە سەخت و پڕ لە سمێڵەکانیان بە بیرمان دەهێننەوە کە (بۆ خەڵکانی زیاتر کە سامی نین) کە "سامییەکان" لە بنچینەی هەموو کێشەکانی "ئێمە"ن، کە لە حاڵەتی ئەمڕۆدا خۆی لە کەمی بەنزیندا دەدۆزێتەوە. دژایەتی ئەنتی سامیانەی میللی بە هێمنی لە جوولەکەکانەوە گوازرایەوە بۆ عەرەبەکان، چونکە وێناکە تا رادەیەک هەمان شتە.

بەم جۆرە، ئەگەر وشیاربین بەرانبەر بە عەرەب دەبێ وەک نرخێکی نێگەتیڤ بەرانبەری وشیار بین. عەرەب وەک هۆکاری تێکدەر دەبینرێ بۆ ئیسرائیل و بۆ رۆژئاوا، یان لە بن بچمێکی دی لە هەمان شت، وەک بەربەستێک دەبینرێ، کە توانیویەتی خۆی بەرانبەر بە داهێنان و دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی 1948 راگرێ. لە حاڵەتێکدا ئەگەر عەرەب مێژوویێکی هەبێ، ئەوا ئەم مێژووە بەشێکە



https://t.me/kurdistanbooks

لەو مێژووەی لەلایەن نەریتی ڕۆژهەڵاتناسی یان درەنگتر، لەلایەن زایۆنیزمەوە پێیدراوە (یان بردوویەتی، جیاوازییەکە زۆر نیە). فەلەستین لە ڕوانگەی "لامارتین و زایۆنیستەکانی بەرایی" وەک سەحرایەکی چۆڵ بوو چاوەڕێی ئەوەی دەکرد ببێتە گوڵزار، ئەو دانیشتوانەی کە لێی بوون، لە ڕوانگەی ئەوان چ نەبوون لە هەندێ کۆچەری بێ بایەخ زیاتر، بێ هیچ مافێکی ڕاستەقینە لەسەر گۆی زەوی، سەرەنجام، بێ هیچ هەقیقەتێکی کولتووری و نەتەوایەتی. لێرەوە عەرەب وادەهێنرایە بەرچاو وەک سێبەرێک بێ بە دوای جوولەکەوە. لەناو ئەم سێبەرەدا (لەبەرئەوەی عەرەبەکان و جوولەکەکان لە سامییەکانی ڕۆژهەڵاتن) دەتواندرێ هەموو گومانێکی نەریتی و شاراوەی تێبخرێ کە ڕۆژئاواییەک بەرانبەر بە ڕۆژهەڵاتی هەستی پێدەکات. وێنای جوولەکەی پێش "نازی" دوو لەت دەبێ: ئەوەی ئێستە هەمانە، ئەوە پاڵەوانی جوولەکەیە، کە لە پەرستشێکی دروستکراوەوەی ڕۆژهەڵاتناسە ئەڤانتورە پێشەنگەکانی وەک "ڕیتشارد بورتۆن، ئێدوارد لان، ئەرنست ڕێنان"ەوە داهێنراوە و، لەگەڵ سێبەرەکەی خۆی کە لە پشتییەوە دەخشێ و وەک ڕازێکی پڕ مەترسی دەبینرێ کە عەرەبی ڕۆژهەڵاتییە. دوورخراوەوە لە هەموو شتێک تەنیا لە ڕابردووی نەبێ کە ئەویش مشتومڕ یان پۆلیمیکی (جدل)ی ڕۆژهەڵاتناسی بۆی دروستکردووە، عەرەب بە چارەنووسێکەوە زنجیرکراوە کە بەرزەفتی دەکا و بە ڕیزێک لە پەرچەکردار حوکمی دەدا وەک چۆن "بەربارا توکمان" بە دەستەواژەیەکی تیۆلۆژیانە دەڵێ ناوەناوە بە "شیری مەترسیدار و خێرای ئیسرائیل" سزای دەدا.

لە دەرەوەی دژایەتی بۆ زایۆنیزم، عەرەب پترۆل دەنێرنە دەرەوە. ئەمەش یەکێکی ترە لە خەسڵەتە نیگەتیڤەکانی، چونکە زۆربەی ئەوەی نووسراوە و گوتراوە لەبارەی پترۆلی عەرەبی و بایکۆتەکانی



https://t.me/kurdistanbooks

سالانی 1973-1974 (کە تەنیا کۆمپانیا پترۆلییەکانی رۆژئاوا و هەندێ لە بژاردەی دەستەلاتداری عەرەبی سوودیان لێ وەرگرتووە)، دەخاتە باری تەریبی لەگەڵ نەبوونی هیچ توانایەکی ئەخلاقی عەرەبەکان بەرانبەر بە بوونی ئەو هەموو یەدەگە پترۆلە زۆرەی هەیانە. ئەگەر کێشەکە دوورخەینەوە لەو سۆز و لوتفەی لە دربڕین پیشانی دەدەن، پرسیاری سەرەکی کە زوو زوو دەیکەن ئەمەیە: بۆچی خەڵکانێکی وەک عەرەبەکان مافی ئەوەیان هەیە جیهانی پێشکەوتوو (ئازاد، دیمۆکرات، خاوەن مۆرال) بخەنە ژێر هەڕەشەی خۆیان؟ لە پرسیاری لەم جۆرە، گەلێجار خەیاڵی ئەوە رەپێش دەخرێت مارینزەکان کێڵگە پترۆلەکانی عەرەبەکان داگیربکەن.

لە سینەما و تەلیڤیزیۆن یان وێنای فسق و فجور یان وێنای بێشەرەفی خوێناوی دەدرێتە پاڵ عەرەب. عەرەب لە فۆرمی کەسێکی داوەشاو و هەتا بڵێی سێکسی و تا رادەیەکیش زیرەک بۆ چنینی پیلانی پیس و بە شێوەیەکی سەرەکیش سادی و خائین و نزم دەردەکەوێ. عەرەب بازرگانی کۆیلەن، وشتر لێ دەخوڕن، قاچاغچین، گەوادێکی کەشخەن. ئەمەیە هەندێ لە رۆڵی نەریتی عەرەبەکان لە سینەما. دەتوانین سەرکردە یان سەرداری عەرەب (وەک سەرکردەی دزان، یان جەردە و پیرات یان وەک سەرکردەی خەڵکێکی عەرەبی یاخی ببینین) لە وێنەی ئەو کەسە ببینین کە نەفرەت لە زیندانییەکان دەکا، زیندانییەکانیش لێرە پاڵەوانە رۆژئاواییەکانن لەگەڵ کچە موو زەردە لاوەکان (کە خاوەن رەوشتێکی جوانن) و کەوتوونەتە دەست عەرەبەکان و پێیان دەڵێن: "پیاوەکانمان ئێوە دەکوژن، بەلام سەرەتا دەیانەوێ رابوێرن". وێڕای قسەکردن بەم شێوەیە کە پڕە لە ئاماژەی پیس: ئەمە ئەو وێنا رووشاو و نزمەیە کە شێخی ڤالانتینۆ پیشانی دەدا. بەرنامەکانی دەنگ و باسی رۆژەڤ و فۆتۆگرافی رۆژنامەگەری هەردەم



https://t.me/kurdistanbooks

عەرەبەکان بە گرووپی گەورە و ژمارە زۆر پیشان دەدەن: تاکەکەس بوونی نیە، تایبەتمەندییەکی کەسیی هەستی پێناکرێ، زۆربەی زۆری وێناکان نوێنەرایەتی توورەیی و هاریی و کوێرەوەری کۆمەڵانی خەڵک دەکەن یان ئاماژەی ناتەقلانی پیشان دەدەن (کە چاکبوونەوەی بۆ نیە). لە پشت هەموو ئەم وێنایانەش هەڕەشەی "جیهاد"یش خۆی مەڵاس داوە. سەرەنجام: مەترسی ئەوە هەیە موسلمانان (یان عەرەبەکان) دەست بەسەر جیهاندا بگرن.

بە شێوەیەکی رێک و بەردەوام کتێب و وتار لەبارەی ئیسلام و عەرەبەکان بڵاودەبێتەوە، کە هیچ جیاوازییەکیان نیە لەگەڵ ئەو پۆلیمیکە ئەنتی ئیسلامییە توندەی لە سەدەکانی ناوەڕاست یان لەسەردەمی بووژانەوە هەبوو. لە بارەی هەر گرووپێکی ئیتنیکی یان ئاینی دەتواندرێ بە کردەکی هەر شتێک بنووسرێ و بگوترێ بێ ئەوەی رووبەڕووی کەمترین رەتکردنەوە یان کەمترین پرۆتێستۆ بین. رابەری خوێندنی ساڵی 1975 کە لەلایەن کۆلیژی کۆلومبیا بۆ ئاستی بەکالۆریوس بڵاوی کردۆتەوە، لەبارەی دەرسی زمانی عەرەبی نووسیویەتی کە یەک لەسەر دووی وشەی ئەم زمانە تایبەتە بە توندوتیژی کە ئەقڵی عەرەبی لێی "رەنگدەداتەوە"، ئەم زمانە پڕە لە بۆشی و درێژدادڕی. لە وتارێکی تازەی "ئێمێت تیرێل" کە لە Harpers Magazine بڵاوبۆتەوە، پڕە لە سیفەتی رەگەزپەرستی، بە ڕای ئەو عەرەبەکان: بە قووڵی خوێنڕێژن، لەناو جیناتیان توندوتیژی و فێڵ و تەڵەکە هەیە.(96) تۆژینەوەیەک لە بارەی عەرەبەکان لە کتێبەکانی خوێندنی ئەمریکایی بە ناوی The Arabs in American Textbooks، کۆمەڵێک هەڵەی سەرنجڕاکێش دەخاتەڕوو یان زیاتر وەک چەندین نوێنەرایەتیکردنن بۆ گرووپێکی ئیتنیکی خاوەن کەسایەتییەکی رەق و تەق و بێ هەستیاری. یەکێک لە کتێبەکان باس لەوە دەکا" خەڵکێکی کەم لەم زۆنەی عەرەبەکان



https://t.me/kurdistanbooks

دەزانن کە ژیانێکی دیکەی باشتر هەیە" و، پاشان راستەوخۆ بە خوێن ساردانە دەپرسێ: "چ شتێک ئەو گەلانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆدەکاتەوە؟" بێ هیچ دوودڵییەک وەڵام دەدرێتەوە کە: "ئەوەی لە هەموو شتێک بە هێزەوە کۆیان دەکاتەوە دژایەتی عەرەبەکانە "رق و کینەیان" بەرانبەر بە جوولەکە و ئیسرائیل"ە. لە کتێبێکی دیکە، ئەمە دەدۆزینەوە: (ئایینی موسلمانان، کە پێی دەڵێن "ئیسلام" لە سەدەی حەفتەمەوە دەرکەوتووە. ئەم ئایینە لەلایەن پیاوێکی دەوڵەمەندی کاروباری بازرگانی بڵاوکراوەتەوە کە ناوی "محەمەد"ە. بە خۆی دەگوت پەیامبەر. لەلای عەرەبەکانی دی هەندێ یارانی دۆزییەوە. پێیان دەڵێ ئەوان بۆ دەست بەسەرداگرتنی جیهان هەڵبژێردراون.) ئەم پارچە تێکستە زانستییە یەکێکی دیکەی بە دوادا دێ وەک ئەمەی سەرەوە: (کەمێک دوای مردنی محەمەد، پەیامەکانی کۆدەکرێنەوە لە کتێبێک پێی دەڵێن "قورئان". ئەم کتێبە دەبێتە کتێبی پیرۆزی ئیسلام.)(97)

ئەم ئایدیا ناشیرینانە و بەم شێوە ناشیرینە قسەکردن لەلایەن زانینگەکان کە پرۆگرامیان توژینەوەیە لەبارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پشتگیریان لێ کراوە و دژایەتیان نەکراوە. (دەبێ تێبینی بکەین وەک چۆن پێشتر باسی مەراسیمی ئاهەنگی دەرچوونی زانینگەی "پرینستۆن"م کرد، کە زانینگەیەکی دڵبڵندە بە بوونی بەشی توژینەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە ساڵی 1927ەوە دامەزراوە و کۆنترین بەشێکی لەم جۆرەیە لە وڵاتە یەکگرتووەکان)، بۆ نموونە لە راپۆرتی نووسراوی ساڵی 1967، کە لەسەر داواکاری بەشی دروستی، بەشی پەروەرش، بەشی هاریکاری کۆمەڵایەتی لەلایەن پرۆفیسۆری سۆسیۆلۆژی و توژینەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی "پرینستۆن" "مۆرۆ بێرگەر" نووسراوە، هەر ئەو پرۆفیسۆرە سەرپەرشتی "کۆمەڵەی توژینەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست"ە MESA



https://t.me/kurdistanbooks

و كە كۆمەڵەیەكی پیشەیی زانا توێژەرەكانە و بایەخ بە هەموو بوارەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدەن"، بە پلەی یەكەم هەر لە سەرهەڵدانی ئیسلامەوە (تا ئەمڕۆ/و)، لە روانگەی زانستە مرۆییەكان و زانستە كۆمەڵایەتییەكان"(98) كە لە ساڵی 1967 دامەزراوە. ناوی لە وتارەكەی ناوە " Middle Eastern and "North African Studies: Development and Needs (توێژینەوە لەبارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكوری ئەفریقیا: گەشەسەندن و پێویستییەكان)، توێژینەوەكەشی لە ژمارەی دووەمی بولتەنی MESA بڵاوكردۆتەوە. دوای باسكردنی بایەخی ستراتیژی و ئابووری و سیاسی ئەم هەرێمە بۆ وڵاتەیەكگرتووەكان و پشتگیریكردنی پڕۆژەی جیاجیای حكومەتی وڵاتەیەكگرتووەكان و فۆنداسیۆنە پریڤاتەكان بۆ برەودان و پشتگیریكردنی پڕۆگرامی زانینگەكان و قانونی ساڵی 1958 لەمەڕ "پەروەردەی بەرگری نیشتمانی" (كە دەسپێشخەرییەك بوو راستەوخۆ بووە ئیلهامی سپووتنیك)، بنیاتنانی پەیوەندی لە نێوان "ئەنجومەنی لێكۆڵینەوەی زانستە كۆمەڵایەتییەكان" و توێژینەوەكان لەبارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست...هتد، مۆرۆ بێرگەر دەگاتە دەرەنجامی لەم جۆرە:

(رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكوری ئەفریقیا ئەمڕۆ لانكەی كاری گەورەی كولتووری نین و، پێناچێ ئەم هەرێمە لە ئاییندەیەكی نزیكیش وای لێ بێ. توێژینەوە لەبارەی ئەم هەرێمە و زمانەكانی سوودێكی ئەوتۆیان نیە بۆ توێژەرەكان ئەگەر لە حاڵەتێكدا ئارەزوویان هەبێ بۆ كولتووری مۆدێرن.(...) هەرێمەكەی ئێمە (رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكوری ئەفریقیا/و)لانكەی هێزێكی سیاسی مەزن نیە و شیمانەی ئەوەش نیە ببێتە ئەمە.(...) رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئەمە كەمتر راستە بۆ باكوری ئەفریقیا) بایەخی سیاسی خۆی لە دەستداوە (هەتا لە روانگەی "ناونیشانی گەورە" یان "كێشە"



https://t.me/kurdistanbooks

بۆ وڵاتەیەکگرتووەکان، بۆ ئەفریقیا، بۆ ئەمریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی دوور.

بەم جۆرە، ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا خەسڵەتێکی لاوازی هەیە و پێناچێ سەرنجی توێژەرەکان ڕاکێشێ. ئەمە نە لە نرخی دروستی تۆژینەوە لەبارەی ئەم هەرێمە کەم دەکاتەوە نە لە نرخ و بەهای ڕۆشنگەرییەکەی، لە هەمان کاتدا کاریگەریشی نابێ لەسەر چلۆنایەتی کاری ئەنجام دراو لەلایەن توێژەران. بەڵام ئەمە سنوورێک دادەنێ، دەبێ دانی پێدابنێین، بۆ شیمانەی زۆربوونی ژمارەی توێژەران.)(99)

وەک پێشبینیکردن، ئەم تێکستە مایەی ئەسەفە، ئەوەی هێشتا وای لێ دەکا زیاتر مایەی ئەسەف بێ، ئەوەیە مۆڕۆ بێرگەر هەڵبژێردراوە، نەک لەبەرئەوەی پسپۆڕێکە لەبارەی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لەبەرئەوەش، کە دەرەنجامی ڕاپۆرتەکەی ئەمە باش پیشان دەدا، چونکە لەو بڕوایەدابووین ئەو کەسێکی گونجاوە بۆ پێشبینی کردنی ئایندە و سیاسەتی ئایندە بۆ پەیڕەوکردنی. پێموایە کە توانای ئەوەی نەبووە بزانێ کە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست مانایەکی گەورەی سیاسی هەیە و وەک یەدەگێک دەبێتە هێزێکی سیاسی گەورە لە خۆڕا و بە هەڵەیەکی لەناکاو نەبووە. هەڵە سەرەکییەکانی لە پەڕەگرافی یەکەم و کۆتایی، بە شێوەیەکی ژینیالۆژی لە مێژووی ڕۆژهەڵاتناسییەوە دێن، بەو شێوەیەی تا ئێستە ئێمە باسمان کردووە. لەناو ئەوەی کە مۆڕۆ بێرگەر دەیەوێ بیڵێ لەبارەی نەبوونی یان نادیاری کاری گەورەی کولتووری و، لەبارەی ئەو دەرەنجامەش پێی گەیشتووە بۆ ئاییندەی تۆژینەوەکان، "بەو مانایایەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شایانی ئەوە نیە سەرنجی توێژەران ڕاکێشێ بە هۆی لاوازییە ڕەگاژۆ یان قووڵەکەی"، دووبارەکردنەوەیەکی تا ڕادەیەک تەواو هاوتای ڕوانینی ڕۆهەڵاتناسە ڕێسا داڕێژەرەکانە کە دەڵێن:



https://t.me/kurdistanbooks

سامییەکان هەرگیز داهێنەری کولتووری مەزن نەبوونە و هەروەکو زۆرجار ئەرنست رێنان دەیگوت، جیهانی سامی ئەوەندە هەژارە هەرگیز سەرنجی جیهان بۆخۆی راناکێشێ. بێجگە لەمەش، کاتێ کە مۆرۆ بێرگەر حوکمدانەکانی دادەڕشت کە بوونەتە شتێکی نەریتی و رەگ داکوتاو و، نابینا بەرانبەر بەوەی کە لە پێش چاوەکانیدا بوون (دوای هەموو شتێک، وەک ئەوە نەبوو پێش پەنجا ساڵ بنووسێ، بەڵکو ئەو لە سەردەمێکدا دەینووسی وڵاتەیەکگرتووەکان لە سەدا10% پترۆلی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەهێنا و، وەبەرهێنانی ستراتیژی و ئابوورییەکانی لەم زۆنە گەلێک مەزن بوو،) ئەو دڵنیایی لەوە دەکا کە پێگەی خۆی وەک رۆژهەڵاتناسێک مەسەلەیەکی بنچینەیی بوو. راست بوو، ئەوەی دەیڵێ، ئەوەیە، ئەگەر کەسانی وەک ئەو نەبوونایە، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشتگوێ دەخرا و، بێ رۆڵی ئەو وەک کەسێکی ناوبژیوان و وەک لێکدەرەوە، کەس لەم هەرێمە نەدەگەیشت و، ئەم ئایدیایەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە تەنیا رۆژهەڵاتناس دەتوانێ لێکدانەوە و شیکاری بۆ رۆژهەڵات بکا، بەومانایەی رۆژهەڵات بە شێوەیەکی رادیکالانە توانای ئەوەی نیە لێکدانەوە بۆ خۆی بکا.

کاتێ کە مۆرۆ بێرگەر ئەمەی دەنووسی رۆژهەڵاتناسێکی کلاسیکی نەبوو (ئەو کاتە ئەو رۆژهەڵاتناس نەبوو، ئەمڕۆش رۆژهەڵاتناس نیە)، بەڵکو زیاتر سۆسیۆلۆژێکە بە پیشە، ئەمەش لە فراوانی ئەو قەرزەی کەمناکاتەوە کە بەرانبەر بە رۆژهەڵاتناسی و ئایدیاکانی هەیەتی، بێجە لەمەش لەلای ئەو هەست بە رق و کینەیەکی رێگەپێدراو دەکرێ بەرانبەر بە ماتریالی تۆژینەوەکەی، ئەم رق و کینەیەش ماتریالەکان تێکدەدا. ئەم هەستە ئەوەندە بەهێزە لەلای ئەو بەڕادەیەک هەقیقەتەکانی لێ دەشارێتەوە کە لەبەر چاوی خۆین و، هەتا ئەو رادەیەی رێگەشی پێنادا بپرسێ بۆچی "رۆژهەڵاتی ناوەڕاست



https://t.me/kurdistanbooks

لانکەی کاری گەورەی کولتووری نیە"، دەبێ داوا لە یەکێک بکا، ئەو کەسە هەر یەکێ بێ هەموو ژیانی خۆی تەرخان بکا، وەک چۆن ئەو کردوویەتی، بۆ تۆژینەوە لەو کولتوورە. زانا توێژەرەکان تۆژینەوە لەبارەی ئەو شتانە دەکەن کە ئارەزوویان لێیە و پێیان خۆشە، تەنیا مانایەکی درێژدادڕی وەک ئەرکێکی کولتووری دەشێ توێژەرێکی زانستی هانبدا لێکۆڵینەوە لەوە بکا کە روانینێکی باشی لەسەر نیە. بەڵام دروست هەر ئەم جۆرە مانای ئەرکەیە کە رۆژهەڵاتناسی خۆراکی پێداوە، چونکە، بۆ ماوەی چەندان نەوە، کولتوور بە مانا فراوانەکەی رۆژهەڵاتناسی خستۆتە سەر بەربەستەکان، لێرەوە، لەناو کاری پیشەیی خۆی، رووبەڕووی رۆژهەڵات دەبووەوە (رووبەڕووی بەربەرییەکەی، دڕندەییەکەی، گەڕەلاوژەکەی دەبووەوە) و بۆ خزمەتی رۆژئاوا دەیخستە سەر باری شکان.

نموونەی مۆرۆ بێرگەر-م وەک نموونەیەک هێناوەتەوە بۆ هەڵوێستی ئەکادیمی بەرانبەر بە رۆژهەڵاتی ئیسلامی، بۆ پیشاندانی چۆن روانگەیەکی زانستی دەتوانێ برەو بەو کاریکاتورانە بدا کە کولتووری میللی بڵاوی دەکاتەوە. بەڵام بێرگەر، نوێنەرایەتی ئەوەش دەکا کە لە هەمووی زیاتر بە رەوانی بەسەر رۆژهەڵاتناسیدا دێ، کە لە بوارێکی زانستی بنچینەییانە فیلۆلۆژی و تێگەیشتنێکی لێڵ و گشتی بۆ رۆژهەڵات دەگۆڕێ بۆ زانستێکی کۆمەڵایەتی تایبەتمەند. رۆژهەڵاتناس بۆ درێژەدان بە کاری زانستی خۆی بە درێژایی ژیانی لەوەوە دەست پێناکا هەوڵبدا زمانە باتینییەکانی رۆژهەڵات بناسێ، بەڵکو بە بواری زانستی خۆی، بە ناسینی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەست پێدەکا، پاشان زانستەکەی بەسەر رۆژهەڵات یان بەسەر شوێنێکی دیکەدا "پەیڕەو" دەکا. ئەمەیە بەشداری تایبەتی ئەمریکا لە مێژووی رۆژهەڵاتناسیدا، دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی سەرەتاکەی بگەڕێنینەوە بۆ سەرەتا و راستەوخۆ دوای جەنگ، کاتێ کە



https://t.me/kurdistanbooks

ولاتەیەکگرتووەکان خۆیان لە بار و پێگەیەکی دەستەڵاتدار دۆزییەوە، کە تازە فرانسا و بەریتانیای مەزن لەو پێگەیە دوورکەوتبوونەوە.

پێش ئەم ماوە بێهاوتا و دەراویتەیە، ئەزموونی ئەمریکی لەبارەی رۆژهەڵات سنووردرابوو. کەسانی تاک و تەرا لەناو کولتوور وەک "میلڤیل" بایەخی بە رۆژهەڵات دەدا، کەسانێکی شوومی وەک "مارک توین"یش زیارەتی بۆ رۆژهەڵات کردبوو و لەبارەشیەوە نووسیبووی، ئەوانەش لە ئەمریکییەکان کە باوەڕیان بە "بزووتنەوەی بەرزبوونەوەی میتافیزیکی" Transcendale هەبوو، پەیوەندی زۆریان لەنێوان خۆیان و فیکری هیندی دۆزیبووەوە و، هەندێک لەمانە، چەند خوێندکارێکی ئاییناسی خۆیان فێری زمانەکانی "کتێبی پیرۆزی" رۆژهەڵاتی کردبوو، چەند چاوپێکەوتن و بەیەکگەییشتنێکی ناوبەناوی دیپلۆماتی و سوپایی، لە نێوان جەردەکانی "پیراتەکان" بەربەری La Barbarie و خەڵکی وەک ئەوان روویدابوو، بێگومان چەندین میسیۆنێریش هەبوون کە لە هەموو رۆژهەڵات تووشیان دەبووین. بەڵام شتێک نەبوو بەناوی نەریتێکی قووڵی هەستپێکراوی رۆژهەڵاتناسی، سەرەنجام، لە ولاتەیەکگرتووەکان زانین و ناسینی رۆژهەڵاتناسی هەرگیز وەکو ئەوەی لێ نەهات کە لە ئۆروپا هەبوو، بە پرۆسێسێکی پوختەبوون و سازگاربوون، چوارچێوە وەرگرتن، بنیاتنانەوە تێپەڕێ کە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی فیلۆلۆژی کەوتەکار. هێشتا زیاتریش، لە ئەمریکا، هەرگیز ئەندێشە و خەیاڵ لەسەر رۆژهەڵات جێگیر نەبوو، لەوانەیە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ سنووری ئەمریکا خۆی، ئەو سنوورەی کە حسێبی بۆ دەکرا و لەبەرچاو دەگیرا، هەر ئەو سنوورەی خۆرئاوا بوو. راستەوخۆ دوای جەنگی دووەمی جیهانی، رۆژهەڵات، پرسیارێکی گەورەی جیهانی نەبوو بۆ ئەمریکا هەروەکو چۆن بە درێژایی چەندان سەدە بۆ ئۆروپا ئەو پرسیارە بوو، بەڵکو بۆ ئەمریکا پرسیارێکی



https://t.me/kurdistanbooks

ئیداری بوو، پرسیارێکی سیاسی بوو. بەم جۆرە، لێرە بە دواوە، زانا سۆسیۆلۆژییەکان و پسپۆڕی شێوازی نوێ دێنە ناو بوارەکە و ئاڵای ڕۆژهەڵاتناسی دەکەوێتە دەستیان. ئەمانەش بە نۆرەی خۆیان وەک چۆن دواتر دەیبینین، ڕۆژهەڵاتناسی دەگۆڕن و تا ئەو ئاستەی دەبەن ناسینەوەی سەخت بێ. بە گشتی، ڕۆژهەڵاتناسە نوێیەکانیش درێژە بە هەمان دژایەتی کولتووری دەدەن وەک کۆنەکان.

یەکێ لە رووە دیارەکانی بایەخپێدانی زانستی کۆمەڵایەتی نوێی ئەمریکی بە ڕۆژهەڵات، خۆ لادانیەتی لە ئەدەب. سەدان لاپەڕەی نووسراوی پسپۆڕ و شارەزایانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵدەدەیتەوە بێ ئەوەی تووشی کەمترین سەرچاوە یان گەڕانەوە بۆ ئەدەب بی. لەوانەیە ئەوەی زۆرتر لەلایەن پسپۆڕی ناوچەیی حسێبی بۆ بکرێ، ئەو"هەقیقەتانەبن" کە دەشێ بۆیان ئەدەب بابەتێکی تێکدەر بێ. لەبارەی ئەو هوشیارییەی کە ئەمریکا ئێستە هەیەتی بەرانبەر بە ڕۆژهەڵاتی عەرەبی یان ئیسلامی، ئەنجامی بەرچاوی ئەم پشتگوێخستن و هێشتنەوەی ئەم هەرێمە و خەڵکەکەی بێ لەناو کۆنسێپتی سزادان و بچووککردنەوەیان بۆ چەندین "هەڵوێست" و "بزووتنەوە" و کۆمەڵێک "ئامار": بە کورتی دابڕاندنیان لە سیفەتی مرۆیی. کە شاعیرێک یان ڕۆماننووسێکی عەرەب (کە زۆرن) باس لە ئەزموونی خۆی، لە نرخ و بەهاکانی خۆی، لە مرۆپەروەری خۆی دەکا ( بێگانەییەکەی هەر چۆنێک بێ) لە ڕاستیدا دەبێتە هۆی تێکدانی کۆمەڵێک نەخشە (وێنە، کلێشە، تەجریدەکان) کە بە هۆی ئەمانەوە نوێنەرایەتی ڕۆژهەڵات دەکەین. تێکستێک کەم و زۆر ڕاستەوخۆ باس لە واقیعێکی زیندوو دەکا. هێزی لەوەدا نیە کە تێکستەکە عەرەبیە یان فرانسی یان ئینگلیزی، بەڵکو هێزەکەی لەناو توانا و زیندوویی وشەکانەوە دێ کە (بۆ خواستنەوەی مێتافۆرێک لە کتێبی"هەڵخەڵەتاندنەکانی سان ئەنتوان"ی فلۆبێر) کە بتەکان لە


https://t.me/kurdistanbooks

باوەشی ڕۆژهەڵاتناسان دەردێنێ و، ناچاریان دەکا واز لەم منداڵە گەورە و ئیفلیجە بهێنن (ئایدیای ئەوان لەبارەی ڕۆژهەڵات) کە هەوڵدەدا خۆی وەک ڕۆژهەڵات پیشان بدا.

ئەمڕۆ ئەدەب لە وڵاتەیەکگرتووەکان بەشێک نیە لە تۆژینەوەکانی سەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، فیلۆلۆژی لەوێ پێگەیەکی بە ڕێژە لاوازی هەیە: (ئەمەش نموونەیەکە بۆ ڕەسەنایەتیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتناسی) ئەگەرچی بەکارهێنانم بۆ ئەم ڕستەی دوایی دەرچوونە لە ڕێساکان. سەرەنجام، لەبارەی کاری پسپۆڕە ئەکادیمییەکان دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شتێکی کەم هەیە کە بە ڕۆژهەڵاتناسی نەریتی بچێ، ئەوەی لەگەڵ گایب و ماسینیۆن تەواو بوو، سەرەکیترین ئەو شتانەن کە بەرهەمیان هێناوەتەوە، هەر ئەوەن کە وتم، جۆرێک لە دژایەتی کولتووری و هەست و سۆزێکی زیاتر بنیاتنراو لەسەر بنچینەی توانای کەسی پسپۆڕ و شارەزا وەک لەسەر بنچینەی فیلۆلۆژناس. لە ڕووی ژینیالۆژییەوە، ڕۆژهەڵاتناسی ئەمڕۆی ئەمریکی لە خوێندنگەکانی سوپایی زمان دەرچوونە کە لە پێش و لە ماوەی جەنگ دامەزراون، لە بایەخ و بەرژەوەندی لەناکاوی حکومەت و هەندێ گروپی سەندیکایی و ئیتنیکی و گرینگیدانیان بە جیهانی ناڕۆژئاوایی لە ماوەی دوای جەنگەوە هاتووە، لە پێشبڕکێ لەگەڵ "یەکێتی سۆڤیەت"دا هاتووە لە ماوەی جەنگی سارد، لە پاشماوەی هەڵوێستی مسیۆنێریانە بەرانبەر بە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە هاتووە، بەو مانایەی ڕۆژهەڵاتییەکان تەواو پێگەیشتوون بۆ ئەوەی ڕێفۆرم بکرێن و سەرلەنوێ پەروەرش بکرێنەوە. خوێندنی نافیلۆلۆژیانەی زمانە ڕۆژهەڵاتییە باتنییەکان بە سوودن بۆ ستراتیژی وەک پێویستی سەرەتایی، ئەمەش ڕوونە، بەڵام بۆ ئەوەشە وەک مۆرێکی ئۆتۆریتێ-ش بێ، تا ڕادەیەک سۆفیانە، بۆ



https://t.me/kurdistanbooks

شارەزا و پسپۆڕ کە پێدەچێ توانای هەبێ تاووتوێی بابەتە پڕ لە ڕازەکان بە دەسترەنگینییەکی بێهاوتا بکا.

لە هێرارشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، خوێندنی زمان تەنیا ئامێرێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجی باڵاتر، بەدڵنیاییەوە بۆ ئەوە نیە تێکستی ئەدەبی پێ بخوێندرێتەوە. ساڵی 1958 بۆ نموونە، "ئەنستیتوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" کە ئۆرگانیزاسیۆنێکی نیچمە حکومەتییە، بۆ ئەوە دروستکراوە برەو بە لێکۆڵینەوەکان لەبارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدا و سەرپەرشتیان بکا، راپۆرتێکی لەژێر ناونیشانی "راپۆتێک لەبارەی تۆژینەوەکانی ئێستە Report on Current Research" بڵاوکردۆتەوە. یەکێ لە بەشدارییەکان لەبارەی "حاڵەتی ئێستەی تۆژینەوەکان لە وڵاتەیەکگرتووەکان"ە (ئەوەی کە سەرنجڕاکێشیشە لەلایەن پرۆفیسۆرێکی عیبری نووسراوە)، تۆژینەوەکە بە سەرەتایەکی کورت ڕازێنراوەتەوە و باس لەوە دەکا "زانین و ناسینی زمانە بێگانەکان چیتر تەنیا بوارێک نیە تایبەت بێ بە ئەدەب و ئەدەبیات. بەڵکو ئامێرێکی کارە بۆ ئەندازیار، ئابووریناس، زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بواری دیکەش". تەواوی راپۆرتەکە پێداگیری لە بایەخی زمانی عەرەبی دەکا بۆ کادیرانی بەڕێوەبەر لە کۆمپانیاکانی پترۆڵ، بۆ تەکنیکییەکان و کەسانی سوپایی. ئەرگیومەنتی سەرەکی ئەو لەم سێ ڕستەیە دایە: زانینگەکانی رووسیا ئەمڕۆ کەسانێکی زۆریان فێرکردووە کە بە عەرەبییەکی رەوان قسە دەکەن. رووسیا تێگەیشت چەندە گرینگە لەگەڵ ئەقڵی مرۆڤەکان راستەوخۆ بە زمانەکانی خۆیان قسەیان لەگەڵ بکەی. وڵاتەیەکگرتووەکان هیچ هۆیەکیان نیە لەوە زیاتر چاوەڕێ بکەن بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامی خۆیان بۆ خوێندنی زمانە بێگانەکان." (100) کەواتە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان بەشێک پێکدەهێنن لە هەندێ ئامانجی سیاسی (وەک چۆن هەردەم بە چەشنێک کردوویانە)، یان بۆ مەبەستێکی



https://t.me/kurdistanbooks

پڕۆپاگەندەی پشتگیریکراو. لە هەر دوو حاڵەتدا، خوێندن و توێژینەوە لە زمانە رۆژهەڵاتییەکان دەبێتە نوێڵێکی تێزەکانی "هارۆلد لاسوێل" لەبارەی پڕۆپاگەندە: ئەوەی حسێبیان بۆ دەکرێ ئەوە نین کە وان یان خەڵکان بیر لە چی دەکەنەوە، بەڵکو ئەوەیە دەتوانین چیان لێ بکەین و بیر لە چی بکەنەوە.

(لە راستیدا لە روانگەی کەسی پڕۆپاگەندەکار کۆکردنەوەیەک هەیە لەنێوان رێزگرتن لە تاکەکەسی و بێباکی بەرانبەر بە دیمۆکراتی شکلی. بنچینەی رێزگرتن لە تاکەکەس دەگەڕێتەوە بۆ کردەی ئۆپەراسیۆنە گەورەکان کە دەوەستێتە سەر پشتگیری کۆمەڵانی خەڵکی زۆر و ئەزموونی جۆربەجۆری مەیل و روانینە مرۆییەکان.(...) ئەم مەیل و رێزگرتنە بۆ مرۆیەکان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی زۆر، پشت بە هیچ دۆگماتیزمێکی دیمۆکراتی نابەستێ کە پێیوایە مرۆیەکان وەک باشترین دادوەرن بۆ بەرژەوەندییەکانی تایبەت بە خۆیان. پڕۆپاگەندەکارانی مۆدێرن، وەک سایکۆلۆگە مۆدێرنەکان، دان بەوەدا دەنێن کە مرۆڤەکان زۆربەی جار دادوەری خراپن بۆ بەرژەوەندییەکانی تایبەت بە خۆیان. بە خێرایی لەو بژاردەوە بۆ ئەو بژاردە بێ هیچ هۆیەکی توندوتۆڵ دەچن یان بە ترسەوە خۆیان بە هەندێ پارچە لە تاوێری تەڕ و پڕ لە قەوزە هەڵدەپەسێرن. ئەگەر شیمانەی گۆڕان بە شێوەیەکی درێژخایەن بۆ نەریت و روانینەکان حسێب بکرێن، لەم حاڵەتەدا تێوەگلانی زۆرتر هەیە وەک لەوەی بە شێوەیەکی گشتی بزانین مەیل و روانینی مرۆڤەکان چین. ئەمەش بەو مانایە دێ دەبێ حسێب بۆ تاروپۆی پەیوەندییەکان بکەین کە تیایاندا مرۆڤەکان لێک نزیک دەبنەوە، بە دوای نیشانەکانی مەیلی خۆیان دەگەڕێن کە دەشێ رەنگدانەوەی بۆ هیچ مەبەستێک تێدا نەبێ و سەرپەرشتی پڕۆگرامێک بکا بەرەو چارەسەرێک بچێ کە باشتر لەگەڵ واقیع بگونجێ. هەرچی لەبارەی گونجانە کە پێویستی بە



https://t.me/kurdistanbooks

کردەیەکی کۆمەڵانی خەڵکی زۆرەوە هەیە، کاری کەسی پرۆپاگەندەکار داهێنانی هەندێ رەمزی ئامانجدارە کە دوو رۆڵیان هەیە بۆ ئاسانکردنی گرتنەخۆ و گونجان لەگەڵی. ئەم رەمزانە دەبێ وا لە خەڵک بکەن بە شێوەیەکی خۆبەخۆیی وەریبگرن.(...) پاشان ئیدیالی سەرپەرشتیکردن ئەوەیە دەبێ کۆنترۆلی هەڵکەوتەکەت لەناو دەست بێ، نەک بە شێوەی سەپاندن، بەڵکو بە شێوەی بۆچوون و خەملاندن(...). کەسی پرۆپاگەندەکار بێ هیچ دودڵییەک لەگەڵ ئەوەدایە کە تەواوی دنیا هۆکارێکی هەیە، بەڵام ئەمە تەنیا بە شێوەیەکی لابەلا هەستی پێدەکرێ(...).(101)

بەم شێوەیە، فێربوونی زمانێکی بێگانە یەکێ لە پێکهێنەرەکانی هێرشێکی زیرەکانەیە دژ بە خەڵکان و دانیشتوانەکان، وەک چۆن تۆژینەوە لە هەرێمێکی بێگانە دەبێتە پرۆگرامێک بۆ دەست بەسەرداگرتن و کۆنترۆلی ئەو هەرێمە لە رێگەی بۆچوون و خەملاندن.

لەگەڵ ئەمەش، ئەم پرۆگرامە دەبێ بەرگێکی لیبێرال بپارێزێ یان بیهێڵێتەوە، کە بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ پسپۆرە بالاکان بەجێدەهێڵرێ، واتە بۆ کەسانی خاوەن ویستی پڕ لە میهر و پڕ لە حەماسەت. ئایدیای تۆژینەوە لە رۆژهەلاتییەکان، لە موسلمانەکان یان لە عەرەبەکان، رێگەمان پێدەدا "ئێمە" خەڵکی دیکە بناسین، شێوازی ژیان و بیرکردنەوەیان بناسین...هتد. بۆ ئەم ئامانجە، هەردەم باشترە لێیان گەڕێین خۆیان قسە بکەن، خۆیان نوێنەرایەتی خۆیان بکەن (ئەگەرچی لە بن ئەم خەیاڵە، رستەکەی کارل مارکس هەیە کە "هارۆلد لاسوێل پێیوایە لەگەڵی دەگونجێ، لە سەروبەندی فەرمانڕەوایی لوی ناپۆلیۆن: "ئەوان ناتوانن نوێنەرایەتی خۆیان بکەن، دەبێ نوێنەرایەتی بکرێن.") بەڵام تەنیا تا ئاستێکی دیاریکراو و بە شێوەیەکی تایبەتمەند. لە ساڵی 1973، لە ماوەی جەنگی عەرەب و



https://t.me/kurdistanbooks

ئیسرائیل، گۆڤاری "نیۆیۆرک تایمز" داوای دوو وتاری کردبوو، یەکێک بۆ نوێنەرایەتیکردنی لایەنی ئیسرائیلی، لە قانوناسێکی ئیسرائیلی داواکردبوو، ئەویتر بۆ لایەنی عەرەبی، داوای لە یەکێک کردبوو کە باڵیۆزی وڵاتەیەکگرتووەکان بوو لە یەکێ لە وڵاتە عەرەبییەکان، بەڵام سەر بە هیچ خوێندنێک یان توێژینەوەیەکی رۆژهەڵاتی نەبوو. بۆ ئەوەی بەسەر ئەم دەرەنجامە سادەیە باز نەدەین کە لەو باوەڕەدابووین عەرەبەکان توانای ئەوەیان نیە خۆیان نوێنەرایەتی خۆیان بکەن، لەم حاڵەتەدا باشترە ئەوە بە بیر خۆمان بهێنینەوە کە عەرەبەکان و جوولەکەکان سامین (بەو شێوەیەی بە دووروودرێژی باسم کردووە) هەر دوو لاشیان لەلایەن کەسانی دیکەوە نوێنەرایەتیکرابوون بۆ خەڵکی رۆژئاوایی. لێرەوە ئەوە دەهێنێ ئەم پارچە تێکستەی مارسێل پروست بە بیرخۆمان بهێنینەوە کە وەسفی چوونی جوولەکەیەک دەکا بۆ ناو سالۆنێکی ئەریستۆکراسی:

(رومانییەکان Les Roumaines، میسرییەکان و تورکەکان، دەشێ رقیان لە جوولەکەکان بێتەوە، بەڵام لەناو سالۆنێکی فرانسی جیاوازییەکان لە نێوان گەلان ئەوەندە دیار نین، ئیسرائیلییەک کە بەو شێوەیە دێتە ژوورەوە وەک ئەوەی لە قووڵایی سەحرا هاتبێتە دەرەوە، جەستە کووڕ وەک کەمتیارێک، مل خوار و دەرپەڕیوو، وێڕای "سەلام" خۆی دەکوتێتە ژوورەوە، تەواو چەشەیەکی رۆژهەڵاتناسیانە بڵاودەکاتەوە.)(102).



https://t.me/kurdistanbooks

## 2- سیاسەتی پەیوەندییە کولتوورییەکان.

ئەوە راستە وڵاتەیەکگرتووەکان تەنیا لە سەدەی بیستەم بوونە ئیمپراتۆریێکی جیهانی. ئەوەش راستە شێوازی بایەخدانی وڵاتەیەکگرتووەکان بە رۆژهەڵات بە درێژایی سەدەی نۆزدەم وەک خۆئامادەکردنێک بوو. با لێرەوە واز لە هێرش و حەملەکان بهێنین دژی جەردەکانی بەربەری Barbarie لە 1801 بۆ 1815، هەموو ئەمە لەلایەک دابنێین، سەرنج لە دامەزراندنی "کۆمەڵەی رۆژهەڵاتی ئەمریکایی American Oriental Society" بدەین لە ساڵی 1842. ئەمەش کورتەی وتاری پێشکەشکردن کە لەلایەن سەرۆکەکەی پێشکەش کراوە، کە تێیدا زۆر بە روونی دەڵێ ئەمریکاش وەک وڵاتە زلهێزە کۆلۆنیالییە ئۆروپییەکان دەیەوێ تۆژینەوە لەبارەی رۆژهەڵاتەوە بکا. پەیامەکەی ئەوەیە کە ستروکتوری تۆژینەوە رۆژهەڵاتییەکان لە کۆندا و (وەک ئەمڕۆش) سیاسی بووە و، هەر تەنیا زانستی نەبووە. دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە ئەرگیومەنتەکانی لە خزمەتی رۆژهەڵاتناسی، بوارێکی کەم دەهێڵنەوە بۆ گومانکردن لەبارەی مەبەستەکانیان.

(لە یەکەم کۆبوونەوەی ساڵانەی "کۆمەڵەی رۆژهەڵاتی ئەمریکایی" لە ساڵی 1843، سەرۆک "جۆن پیکێرینگ" بە شێوەیەکی زۆر نایاب رەشنووسی ئەو بوارەی پێشکەش کرد کە دەبوایە وەک پێشنیارێک گەشەی پێ بدرێ، ئەو سەرنجی هەمووانی بۆ بارودۆخی تەواو گونجاوی ئەو سەردەمە راکێشا، بۆ ئەو ئاشتییەی کە لە هەموو لایەکەوە بەرقەرارە، بۆ ئازادانەتر چوونە ناو وڵاتانی رۆژهەڵات و بۆ بوونی ئاسانی زۆر لە پەیوەندی کردن. پێدەچێ زەمین ئارام و هێمن بێ لە سەردەمی "میترنیخ و لوی فیلیپ". "پەیماننامەی نانکین" دەرگاکانی "چینی"ی کردبووەوە. ئەو کەشتییانەی بە زەریاکاندا



https://t.me/kurdistanbooks

تێدەپەڕین لە جیاتی چارۆکە پەروانەی میکانیکیان بەکاردەهێنا، "مۆرس" کە تەلەگرافی داهێنا کەوتبووە کار و پێشتر پێشنیاری کردبوو بە درێژایی زەریای ئەتلەنتیک کابلی بۆ راکێشن. ئامانجی کۆمەڵە گەشەپێدان بوو بۆ فێربوونی زمانەکانی ئاسیایی، ئەفریقیایی، پۆلینێزی (یان پۆلینێزیایی) و، فێربوونی هەموو شتێک کە پەیوەندی بە رۆژهەڵاتەوە هەیە، کارکردن بۆ داهێنانی چەشەی رۆژهەڵاتیانە لەم وڵاتە بۆ تۆژینەوەی رۆژهەڵاتی، بڵاوکردنەوەی تێکستەکان، وەرگێڕانەکان، نامەکان، دروستکردنی کتێبخانەیەک و کابینەیەکی پاراستن. بەشی هەرە زۆری کار لە بواری ئاسیایی کراوە، بە تایبەتی لە بواری سانسکریتی و زمانە سامییەکان.)(103)

میتیرنیخ، لوی فیلیپ، پەیماننامەی نانکین، پەروانەی میکانیکی، هەموو ئەمانە ئایدیایەکمان لە بارەی ئەو کۆمەڵە ئیمپریالییە دەدەنێ کە رێگەی خۆش دەکرد و برەوی بە دەستتێوەردانی "ئۆرۆئەمریکایی" لە رۆژهەڵات دەدا. هەتا میسیۆنێرە ئەفسانەییە ئەمریکییەکانیش لە سەدەی نۆزدەم و لە سەدەی بیستەم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێپانوابوو رۆڵی ئەوان پێشتر دیاریکرابوو، نەک لەلایەن خوداوە، بەڵکو لەلایەن خودا و کولتوور و چارەنووسی خۆیانەوە.(104) دامەزراوە میسیۆنێرییە بەراییەکان، وەک چاپخانەکان، خوێندنگەکان، زانکۆیەکان، نەخۆشخانەکان، بێگومان بەشدارییان لە دروستی و خۆشگوزەرانی هەرێمەکان کردووە، بەڵام، لەبەر کارێکتەری تایبەتی ئیمپریالییان و، لەبەرئەوەش کە لەلایەن حکومەتی وڵاتەیەکگرتووەکان پشتگیرییان لێ دەکرا، ئەم دامەزراوانە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو لەگەڵ هاوتا ئینگلیزی و فرانسیەکان لە رۆژهەڵات. لەناو ئەو هۆکارانەی کە وایانکرد وڵاتەیەکگرتووەکان بچنە ناو یەکەمین جەنگی جیهانی، ئەو بەرژەوەندییە سیاسییە بوو کە لە زایۆنیزم و کۆلۆنیزاسیۆنی فەلەستین بە دەستی دەهێنا (کە دواتر ئەم



https://t.me/kurdistanbooks

بەرژەوەندییە دەبێتە بەرژەوەندییەکی سەرەکی سیاسی) ئەمانە رۆڵی بەرچاویان هەبوو، گفتوگۆیەکان لەگەڵ بەریتانیەکان لە پێش و لە پاش "بەیاننامەی بەلفور" (لە سەرماوەرزی 1917)، رەنگدانەوەیەکی گەرم و گوڕە بۆ ئەو بەیاننامەی کە لە ولاتەیەکگرتووەکان دەرچوو. (105) لە ماوە و لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی، بەرژەوەندییەکانی ولاتەیەکگرتووەکان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست بە خێراییەکی دیار زۆرتر بوو. لە ماوەی جەنگ، قاهیرە و تاران و باکوری ئەفریقیا بووبوونە مەڵبەندی رووداوی گەورە و، لەناو ئەم دیکۆرە، وێڕای بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە سەرچاوە پترۆلییەکان و ستراتیژی و مرۆییەکان کە پێشتر لە دەمێکەوە بەریتانیای مەزن و فرانسا بەسەریدا رادگەیشتن، ولاتەیەککرتووەکانیش خۆیان ئامادە کرد بۆ رۆڵێکی دیکەی نوێی ئیمپریالی کە دەیانویست لە دوای جەنگ بیگێڕن.

"مۆرتیمەر گراف" لە ساڵی 1950 یەکێ لە رووەکانی ئەم رۆڵەی پێناسە کردووە نەک کەمتر لەوە: بۆ "سیاسەتێک بۆ پەیوەندییە کولتوورییەکان." بە رای ئەو، ئەم سیاسەتە یەکێ لەوانەی لە خۆدا هەڵگرتووە کە هەوڵی بۆ دەدەین بە دەستی بهێنین "هەموو ئەو چاوکراوییە سەرنجڕاکێشانەیە بۆ زمانە گرینگەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، هەر لە ساڵی 1900ەوە بلاوکراونەتەوە". ئەمەش هەوڵێکە "کە دەبێ کۆنگرێس دانی پێدابنێ وەک یەکێ لەو رێکارانەی دەبێ بگیرێتەبەر بۆ پاراستنی ئاسایشی ولاتەکەمان". چونکە ئەوەی بە ڕاستی لە ئارادایە، بە رای گراف، (کە تا رادەیەکی گەلێ زۆریش گوێی لێ راگیراوە.) ئەو پێویستیەیە کە "ئەمریکییەکان باشتر لەو هێزانەی لە پێشبڕکێدان بگەن لەگەڵ ئایدیا ئەمریکییەکان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست. هەرە گرینگترین لەو هێزانە بێگومان بریتین لە کۆمۆنیزم و ئیسلام."(106) لەم تایپە لە بەرژەوەندی، وەک پاشکۆیەکی هاوچەرخ بۆ "کۆمەڵەی رۆژهەلاتی ئەمریکایی" کە زیاتر



https://t.me/kurdistanbooks

رووی لە رابردوو بوو، تەواوی دامەزراوەیەکی گەورە و بەرینی لێکۆڵینەوەکان لەبارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەریهەڵدا. ئەم دامەزراوەیە، بە چەشنێک لە یەک کاتدا بە هۆی هەڵوێستی زۆر روونی ستراتیژیانە و بە هۆی هەستیاری بەرانبەر بە ئاسایشی گشتی و سیاسی خۆی دەگۆڕی و خۆی دەگونجاند (نەک وەک باوە و دەڵێن بە هۆی تۆژینەوەی باڵا)، ئەمەش "ئەنستیتوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست Middle East Institute " بوو کە لە مانگی جۆزەردانی ساڵی 1946 لە واشینتۆن دامەزرا، بە سەرپەرشتی حکومەتی فیدێرالی، ئەگەر بە تەواوی وەک دامەزراوەیەکی سەر بە خۆی یان بە تەواوی هی خۆی نەبێ."(107) لە ئۆرگانیزاسیۆنی لەم جۆرە، هی دیکەش هەن وەک "کۆمەڵەی تۆژینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست Middle East Studies Association "، کە پشتگیری بەهێزیان لە فۆنداسیۆنی فۆرد و هی دیکە پێدەگەیشت، لە پرۆگرامی جۆربەجۆری فیدێرالی یارمەتیدان بۆ زانکۆیەکان، پرۆژە جیاجیاکانی لێکۆڵینەوە فیدێراڵییەکان، پرۆژەی لێکۆڵینەوەی ئامادەکراو لەلایەن چەندان یەکەی وەک وەزارەتی بەرگری، هاوپیشەکانی RAND و "ئەنستیتوی هودسۆن" و، هەوڵی بانکەکان، کۆمپانیا پترۆلییەکان، کۆمپانیا فرەنەتەوییەکان و هی دیکەی لەم جۆرە، بۆ پێشکەشکردنی روانین و کاریگەری خۆیان. دواجار کەمکردنەوە یان بچووککردنەوەی شتەکان نیە بڵێین هەموو ئەمانە لە رووی وەزیفەی گشتی و لابەلا، روانینی رۆژهەڵاتناسی نەریتی دەپارێزن کە لە ئۆروپا گەشەی سەندبوو.

تەریبی نێوان ئامانجە ئیمپریالییەکانی ئۆروپا و ئەوەی ئەمریکا لە رۆژهەڵات (رۆژهەڵاتی دوور و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) شتێکە روون و دیارە. ئەوەی کەمتر روونە لەوانەیە ئەمە بێ: یەک: تا چ ئاستێک نەریتی ئۆرووپی تۆژینەوەی باڵای رۆژهەڵاتناسی لەلایەن



https://t.me/kurdistanbooks

ئەمریکییەکان وەرگیراوەتەوە و درێژەی پێدراوە، گونجێندراوە، ئاساییکراوەتەوە، ماڵیی کراوە، پاشان ڤۆلگێرکراوە و خراوەتە ناو گەشانەوەی تۆژینەوەکان لەبارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە ولاتەیەکگرتووەکان لە دوای جەنگ بەرهەم هێنرابوو. دوو: تا چ ئاستێک نەریتی ئۆروپییەکان لە ولاتە یەکگرتووەکان بۆتە سەرهەڵدانی هەڵوێستێکی توندوتۆڵی لۆژیکی لەلای زۆربەی زانا توێژەرەکان، لە دامەزراوەکان، لە شێوازی گوتار و ئاراستەکان، سەرەڕای دەرکەوتنی بژارە و چەندین تەکنیک لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان (هێشتا جارێکی دیکەش) زۆر پێشکەوتووبوون. پێشتر باسی ئایدیاکانی گایب-م کرد، دەبێ بە یادی خۆمانی بهێنینەوە کە گایب هەر لە ناوەڕاستی سالانی 1950ەوە سەرپەرشتی "سەنتەری تۆژینەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هارڤارد"ی کردووە: ئایدیاکانی ئەو و شێوازی نووسینی کاریگەری زۆر بەهێزیان هەبووە. ئامادەگی گایب لە ولاتەیەکگرتووەکان بۆ بوارەکە هەمان کاریگەری وەک ئامادەگی "فیلیپ هیتی" زانکۆی پرینستۆن هەر لە ساڵی 1920 بەولاوە نەبوو: لە زانکۆی پرینستۆن گروپێکی زۆر لە توێژەری زانستی خاوەن نرخ و بەهای باڵا دەرچوونە و چلۆنایەتی زۆر تایبەتی تۆژینەوە رۆژهەڵاتییەکانی ئەم زانکۆیە گەشەی بە پسپۆڕی باڵا داوە لە بواری تۆژینەوە رۆژهەڵاتییەکان، کەچی گایب زیاتر پەیوەندییەکی توندوتۆڵتری هەبووە لەگەڵ رووە سیاسییەکانی رۆژهەلاتناسی، پێگەکەی لە هارڤارد، زیاتر وەک لە هی فیلیپ هیتی لە زانکۆی پرینستۆن رووی لە رۆژهەلاتناسی بوو وەک هەڵوێستێکی جەنگی سارد بۆ گەیشتن بە لێکۆڵینەوەکان لە "هەرێمە کولتوورییەکان".

بەلای کەمی کارەکانی گایب خۆی، بە راشکاوی شێواز و زمانی گوتاری کولتووری وەک نەریتی بەکاربراو لەلای رێنان، بەیکەر و


https://t.me/kurdistanbooks

ماسینیۆن بەکارنەهێناوە، وێڕای ئامادەگییەکی زۆر مەزن نەک بە شێوەیەکی سەرەکی تووشی ئەم گوتارە و دەزگای رۆشنگەری و دۆگمەکانی ئەو دەبین، لەناو کار و ئۆتۆریتێی دامەزراوەیی "گوستاڤ ڤۆن گرونبۆم" لە شیکاگۆ پاشان لە UCLA . گوستاڤ ڤۆن گرونبۆم لەگەڵ شاڵاوی کۆچکردنی زانا ئۆروپییەکان گەیشتە وڵاتەیەکگرتووەکان کە لە هێرشی فاشیزم رایانکردبوو، (108)، گوستاڤ ڤۆن گرونبۆم کارێکی زۆری رۆژهەڵاتناسی توندوتۆڵی بەرهەم هێناوە، تۆژینەوەکانی هەمووی لەبارەی ئیسلامن وەک "کولتوورێکی گشتی یەکانگیر Holistique"، کە بە درێژایی ژیانی زانستی خەریکی هەمان بەگشتیکردنی نێگەتیڤ و بە شێوەیەکی سەرەکی بچووککەرەوە بووە. لە شێوازی ئەو بەردەوام پاشماوەکانی بۆشایی یان فەزای chaotique تۆژینەوەی باڵای ئۆتریشی ئەلمانی و حوکمدانی پێشینەیی رێسایی بەناو زانستی رۆژهەڵاتناسی فرانسی، ئینگلیزی و ئیتالیانە هەیە کە ئەو بەکاری هێناون، وێڕای هەوڵێکیش تا رادەیەکی زۆر بێهیوایانە بۆ مانەوە وەک توێژەرێکی زانستی و تێبینیکارێکی بێلایەن و سەخت بۆ خوێندنەوە ماوەتەوە. بەم جۆرە، ئەو کۆمەڵێکی زۆر لە زانیاری دەخاتە ناو لاپەڕەیەکی تایبەتی لە بارەی ئەو وێنایەی کە ئیسلام بۆ خۆی هەیەتی، لەگەڵ بەکارهێنانی دە دوانزە سەرچاوە لە بارەی تێکستە ئیسلامییەکان، کە لە وەرزنامە زۆر و بۆرەکان وەرگیرابوون، بە هەمان شێوە لە سەرچاوەکانی "هۆسرێل" و "پێش سوکراتییەکان" و سەرچاوەکانی "لێڤی ستروس" و سەرچاوەی دیکەی توێژەری زانستە مرۆییەکانی ئەمریکایی. بێ هیچ ماندووبوونێک، گریمانەی ئەوە دەکا کە ئیسلام دیاردەیەکی یەکتاپەرستییە، جیاواز لە هەموو ئایینەکان و شارستانیەکانی دیکە، لەمەوە هەوڵدەدا، کە ئیسلام ئایینێکی مرۆیانە نیە و توانای گەشەسەندنی نیە و ناتوانێ خۆی بناسێتەوە و ببێتە ئایینێکی مەوزوعی، بە هەمان ئاست داهێنەرانە نیە، زانستی و خاوەن


https://t.me/kurdistanbooks

ئۆتۆریتی نیه. له خوارەوه دوو پارچه تێکست خاوەن کارێکتەری ئەو له کارەکانی دەخەینەڕوو، دەبێ ئەوەش به بیرخۆمان بهێنینەوە که گوستاڤ ڤۆن گرونبۆم به شێوازێکی ئۆتۆریتی بێهاوتای زانایەکی ئۆرووپیانه له وڵاتەیەکگرتووەکان نووسیوویەتی، مامۆستا و کارگێڕ بووه، چەندان بورسی خوێندنی پێشکەش به تۆڕێک له زانایان کردووه له بواری زانستی خۆی:

(شتێکی جەوهەرییه ئەوه لەبەرچاو بگرین که شارستانی موسلمان یەکەیەکی کولتوورریيه که ئیلهامه بەراییەکانی خۆی لەگەڵ ئەوانی دی دابەش ناکا. ئەم کولتووره بەرژەوەندی زیندووی ئەوتۆی نیه تۆژینەوەی ستروکتوری له کولتووری دیکه بکا، وەک ئامانجێک له خۆیدا، یان وەک وەسیلەیەک بۆ تێگەیشتنی زیاتر روون له خەسڵەتی خۆی و له مێژووی تایبەت به خۆی. ئەگەر ئەم تێبینیانه تەنیا بۆ ئیسلامی هاوچەرخ راست بن، لەم حاڵەتەدا دەبێ بیخەینەوە ناو پەیوەندی له حاڵەتی ناجێگیری قووڵی ئیسلام خۆی، که رێگەی پێنادا سەیری ئەودیوی خۆی بکا ئەگەر ناچار نەکرێ. بەڵام که بۆ رابردوو پێی راست بوو، دەشێ بتوانین بگەڕێین بیخەینه ناو پەیوەندی لەگەڵ ئەنتی مرۆڤایەتی بنچینەیی ئەم شارستانیه (ئیسلامیه)، واته رەتکردنەوەی تەواوی قبوڵکردنی مرۆ به لای کەمی ببێته ناوبژیوان یان پێوەرەکانی شت و، مەیلی رەزامەندی وەک وەسفی ستروکتوری مێنتال، به چەشنێکی دی، هەقیقەتی سایکۆلۆژی.

(ناسیۆنالیزمی عەرەبی یان ناسیۆنالیزمی ئیسلامی (ئەگەرچی زۆرجار وەک سلۆگان بەکاردێ) سەر به کۆنسێپتی مافی ئیلاهیانەی نەتەوەیی نیه، یان ئەمەی نوقسانه، هەروا نوقسانی هەیه له بوونی ئێتیکێکی پێکهێنەر یان بنیاتنەر، هەروا پێدەچێ، باوەڕهێنان به پێشکەوتنی میکانیکی وەک خەسڵەتێکی کۆتایی سەدەی نۆزدەم، نوقسانییه بۆ هێزی رۆشنگەری ئیسلامی که دیاردەیەکی سەرەتایی


https://t.me/kurdistanbooks

هەیبووە. هێز و ئیرادەی هێز لە خۆیاندا بریتین لە ئامانج (پێدەچێ ئەم رستەیەی دوایی هیچ سوودێکی نەبێ بۆ ئەم لۆژیکەی ئەو، بەلام بێ هیچ گومانێک رستەیەک بەناو فەلسەفی فەرامۆشی پێشکەش بە گوستاڤ ڤۆن گرونبۆم دەکا، وەک ئەوەی دلنیایی بداتێ کە باس لە ئیسلام دەکا بە شێوەیەکی حەکیمانە باسی دەکا نە لە روانگەیەکی خراپەوە.) ئەو پەرچەکردارانەی ئیسلام هەیەتی بەرانبەر بە هێرشە سیاسییەکان کە دەکرێنە سەری، وادەکەن ئارامی نەمێنێ رێگەش لە سفێری رۆشنگەری دەگرن شیکاری درێژخایەن و نەخشە و پلانی هەبێ.) (109)

لە زۆربەی کۆنتێکستەکان، ئەم جۆرە نووسینە بە شێوەیەکی روون بە بابەتێکی پۆلێمیکی (جدل)ی دادەنرێ. بۆ رۆژهەلاتناسیش بێگومان بە شێوەیەکی رێژەیی ئۆرتۆدۆکسیانەیە (سونەتی) و، وەک حیکمەتێکی رێسایی لەناو تۆژینەوەی ئەمریکی لەبارەی رۆژهەلاتی ناوەراست لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی دادەنرێ، هۆکاری بەشێکی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو پرێستیژە کولتوورییەی توێژەرە زانستییە ئۆروپییەکان هەیانە. لەگەل ئەمەش، دەبێ بە روونی بلێین کە کاری گوستاڤ ڤۆن گرونبۆم بێ ئەوەی رەخنەی لێ بگیرێ لەلایەن بواری زانستی وەرگیراوە، لە کاتێکدا ئەم بوارە زانستییە ئەمرۆ چیتر لە توانایدا نیە کەسانی وەک ئەو بەرهەم بهێنێ. تەنیا یەک پسپۆری بالا تۆژینەوەیەکی رەخنەگرانەی بە بایەخەوە لە بارەی ئایدیاکانی گرونبۆم نووسیووە ئەویش نووسەری مەغریبی عەبدوللا ئەلعروی-یە کە پسپۆرە لە تیۆری سیاسی و مێژوو.

عەبدوللا ئەلعروی سوود لە هاندەری دووبارەی کورتکەرەوە یان بچووککەرەوەLa répétition réductrice لە کارەکانی گرونبۆم وەردەگرێ وەک ئامێرێکی پراکتیک بۆ تۆژینەوەی رەخنەیی ئەنتی رۆژهەلاتناسی و، بە شێوەیەکی گشتی، ئەم کارەی زۆر نایابانە



https://t.me/kurdistanbooks

کردووە. ئەلعروی دەپرسێ بۆچی کاری گوستاڤ ڤۆن گرونبۆم بە کورتبووەوە یان بچووکبووەوە دەمێنێتەوە سەرەڕای ئەو هەموو وردەکاری و بە رواڵەت فراوانی بوارەکەی هەیەتی. ئەلعروی دەڵێ: "ئەو سیفەتانەی گوستاڤ ڤۆن گرونبۆم بە وشەی ئیسلامیەوە دەنووسێنێ (وەک: سەدەکانی ناوەڕاست، کلاسیک، مۆدێرن) سیفاتی بێلایەنن یان هەر زیادن: چونکە جیاوازی نیە لە نێوان ئیسلامی کلاسیک و ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاست و ئیسلام بە کورتی.(...) کەواتە تەنیا یەک ئیسلام هەیە کە خۆی لەناو خۆیدا دەگۆڕێ.(...)."(110) ئیسلامی ئەمڕۆ (بە رای گوستاڤ ڤۆن گرونبۆم) رۆژئاوا رەت دەکاتەوە چونکە دڵسۆزە بۆ ئیلهامە بنچینەییەکانی خۆی، بەڵام ناتوانێ خۆی مۆدێرنیزە بکا تەنیا بە خۆلێکدانەوە و تەفسیرکردن نەبێ لە روانگەی رۆژئاوای مۆدێرن، ئەمەش بێگومان شتێکی مەحاڵە وەک چۆن گرونبۆم پیشانی دەدا. وێڕای خستنەڕووی دەرەنجامەکانی گوستاڤ ڤۆن گرونبۆم، کە کۆدەبنەوە و کەڵەکە دەبن بۆ دروستکردنی پۆرترێتێکی ئیسلام وەک کولتوورێک نەتوانێ خۆی نوێبکاتەوە، ئەلعروی باس لەوە ناکا کە پێویستی ئیسلام بۆ بەکارهێنانی مێتۆدەکانی رۆژئاوایی بۆ پێشکەوتن، وەک ئایدیایەک، لەوانەشە بە هۆی کاریگەری گوستاڤ ڤۆن گرونبۆم بێ، ئەمڕۆ بۆتە شتێکی بەڵگەنەویست لە ناو تۆژینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. (بۆ نموونە، داڤید گۆردۆن، لە کتێبەکەی خۆی "مافی چارەی خۆنووسین و مێژوو لە جیهانی سێیەم Self-Determination and History in the Third Word (111) عەرەبەکان و ئەفریقیاییەکان و ئاسیاییەکان هاندەدا بۆ "پێگەیشتن"، پێیوایە ئەمەش تەنیا بە سوودوەرگرتن لە مەوزوعییەتی رۆژئاوایی دەبێ.)

شیکردنەوەکانی ئەلعروی ئەوەش نیشان دەدەن چۆن گوستاڤ ڤۆن گرونبۆم تیۆری کولتووری "ئا.ل.کرۆیبەر"ی بەکارهێناوە بۆ تێگەیشتن



https://t.me/kurdistanbooks

له ئیسلام و، چۆن ئەم ئامێرە بە پێویست وایکرد زنجیرەیەک لە کورتکردنەوە وبچووککردنەوە و لەناوبردن مەیسەر بکا کە بە هۆی ئەمانەوە بتواندرێ ئیسلام نوێنەرایەتی بکرێ وەک سیستەمێکی داخراو. بەم جۆرە، هەر یەکە لە رووە زۆرەکانی جیاواز لە کولتووری ئیسلامی لەلای ڤۆن گرونبۆم وەک بیرکردنەوەی راستەوخۆیە لە ماتریالێکی نەگۆڕ، تیۆرییەکی تایبەتی لە بارەی خودا، کە هەموویان ناچار بە مانا و بە نیزام دەکا: گەشەسەندن، مێژوو، نەریت، واقیع، لەناو ئیسلام، لەناوخۆیان دەگۆڕێن یان سەر بە گۆڕانێکی ناوەکین. دروست ئەلعروی پشتگیری لەوە دەکا کە مێژوو، سیستەمی ئاڵۆزی رووداوەکان، زەمەن و ماناکان، ناتوانن خۆیان لەم تایپەی مانای کولتووری خۆیان کورت بکەنەوە، بە هەمان شێوە کولتووریش ناتوانێ خۆی لە ئیدیۆلۆژیدا کورت بکاتەوە، نە ئیدیۆلۆژیش دەتوانێ خۆی لە تیۆلۆژی کورت بکاتەوە. بەم جۆرە گرونبۆم لە یەک کاتدا بووەتە نێچیری دۆگمەکانی رۆژهەڵاتناسی کە بە میرات بۆی ماوەتەوە و، هەروا بووەتە نێچیری سیفەتێکی تایبەتی ئیسلام کە ئەو هەڵبژاردبوو وەک نوقسانییەک نیشانی بدا: ئەگەر لەناو ئیسلام "تیۆری ئایینمان هەبێ و شایەدحاڵی زۆرمان نەبێ لەسەر ئایینێک کە تێیدا ژیاوبن، تیۆری سیاسیمان هەبێ بەڵگەنامەی سیاسی وردمان نەبێ، تیۆرێکمان هەبێ بۆ مێژوو بەڵام رووداوی تۆمارکراومان نەبێ، تیۆرێکمان هەبێ بۆ ستروکتوری کۆمەڵایەتی بەڵام "کردەی" بە تاکەکەسکراوی کەممان هەبێ، تیۆرێکمان هەبێ بۆ ئابووری بەڵام شتێکی کەممان هەبێ لە زنجیرە حسابییەکان...هتد.(112) ئەمەش ئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە وەک روانینێکی مێژوویی بۆ ئیسلام کە بە تەواوی دەست و پێی بەسترابێتەوە بە تیۆرییەکی کولتووری توانای نەبێ دادپەروەر بێ بۆ هەقیقەتی وجودیانەی خۆی لەناو ئەزموونی ئەندامەکانی، یان هەتا بۆ پشکنینی. سەرەنجام ئیسلامی گرونبۆم پاش هەموو شتێک ئیسلامی



https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵاتناسە ئۆروپییەکانە، کە ئیسلامێکی مۆنۆلیتیکە، واتە وەک کەڤرێکی ڕەق تاووتوێیان لەگەڵ کردووە، ئیسلامێک دژی ئەزموونی مرۆیی ئاسایی بێ، ناشیرین، بچووکەرەوە، نەگۆڕ بێ.

لە بنچینەدا، ئەم ئایدیایە یان ئەم ڕوانینە بۆ ئیسلام ڕوانینێکی سیاسییە، تا ئەو ڕادەیەی بە تەوریەیەکیش ناتوانین بڵێین ڕوانینێکی بێلایەنە. هێزی چڕنووکی لەسەر ڕۆژهەڵاتناسە نوێیەکان (واتە ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی لە گرونبۆم لاوترن) لە بەشێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئۆتۆریتێ نەریتییەکەی، بۆ بەشێکی دیکەی دەگەڕێتەوە بۆ نرخ و بەهای بەکارهێنانی بۆ بڵاوبوونەوە و گرتنی هەرێمێکی بەرینی جیهان و بانگدان بۆی کە گوایە دیاردەیەکە تەواو توندوتۆڵی لۆژیکی هەیە. لە ڕووی سیاسییەوە ڕۆژئاوا هەردەم ئازاری لە بەرزەفتکردنی ئیسلام هەبووە، لەوەش دڵنیاین هەر لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانییەوە، ناسیۆنالیزمی عەرەبی بزووتنەوەیەک بووە دژایەتی خۆی بۆ ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی بەیان کردووە، ڕۆژئاواش لە ئارەزووی خۆدەرخستن و لە خۆدڵنیابوون، وەک کاردانەوەیەک، ئەو شتانەی لە ڕووی ڕۆشنگەرییەوە تێری دەکەن لەبارەی ئیسلامەوە هەردەم لە زۆربووندابووە. کەسێکی خاوەن ئۆتۆریتێ لەبارەی ئیسلام (مانفرێد هێلپێرن) گوتوویەتی (بێ ئەوەی دیاری بکا کام ئیسلام و کام ڕووی ئیسلامی مەبەستە) کە ئیسلام:"یەکێ لە تایپە بەراییەکانی کۆمەڵی نەریتی داخراوە." لێرەوە دەبێ تێبینی ئەو بەکارهێنانە ڕۆشنبیرییە بکەین بەرانبەر بە وشەی "ئیسلام" بۆ مانای یان ئاماژە بۆ کۆمەڵێک، ئایینێک، تایپێکی بەرایی و، واقیعێک. بەڵام هەر ئەو توێژەرە زانستییە بەسەر هەموو ئەمانە تێدەپەڕێ و ڕۆڵێکی لاوەکی دەداتە ئەو ئایدیایەی بە جیاوازی لەگەڵ کۆمەڵانی ئاسایی (هی خۆمان)، کۆمەڵانی ئیسلام و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەموویان کۆمەڵانی "سیاسین"، وەک سیفەتێک بە مەبەستی نزیکبوونەوە لە


https://t.me/kurdistanbooks

ئیسلام وەک ئەوەی هەڵکەوتێکی "لیبرال"ی نەبێ، توانای ئەوەی نەبێ جیاکاری بکا (وەک: ئێمە) لە نێوان کولتوور و سیاسەت. ئەمەش ئەم پۆرترێتە ئیدیۆلۆژییە روانین خراپەمان دەداتێ لە بارەی "ئێمە" و "ئەوان":

(ئامانجی سەرەکی ئێمە دەبێ هەر ئەوە بێ وەک گشتێک لە کۆمەڵی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بگەین. تەنیا کۆمەڵێکی (وەک هی ئێمە (رۆژئاوایی/و)) کە دەمێکە گەیشتۆتە جێگیرییەکی دینامیکی دەتوانێ رێگە بە خۆی بدا بیر لە سیاسەت، لە ئابووری، یان لە کولتوور بکاتەوە وەک چەندین بواری ژیان بە شێوەیەکی رەسەن سەربەخۆ نەک وەک دابەشکردنێکی ئاسوودە بۆ تۆژینەوە. لە کۆمەڵێکی نەریتی کە جیاوازی ناکرێ لە نێوان کاروباری سێزار (چار یان قەیسەر) و کاروباری خودا، یان کە کۆمەڵێکە هەردەم لە گۆڕاندایە، پەیوەندی لە نێوان سیاسەت و تەواوی رووەکانی دیکەی ژیان، دەتوانین بڵێین دڵی کێشەکان پێکدەهێنێ. بۆ نموونە، مەسەلەی ئەوەی کەسێک چوار ژن یان یەک ژنی هەیە، مەسەلەی ئەوەی بە رۆژوو دەبێ یان نان دەخوا، ئەرزی هەیە یان لە دەستی دەچێ، پشت بە سروش (وەحی) دەبەستێ یان بە ئەقڵ، هەموو ئەمانە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست بوونەتە سیاسەت.(...) بە هەمان رادەی موسلمانێک خۆی، رۆژهەلاتناسێکی نوێش دەبێ سەرلەنوێ لە خۆی بپرسێ دەبێ چ بن ئەو ستروکتور و پەیوەندییە مانادارانەی کۆمەڵی ئیسلامی.) (113)

خەسڵەتە بێماناکانی زۆربەی نموونەکانی (وەک چوار ژنی، رۆژووگرتن یان خواردن...هتد)، بۆ ئەوەیە پیشانی بدا چۆن ئیسلام هەموو شتێک بە شێوەیەکی ستەمکارانە دەگرێتە خۆی. پێمان ناڵێن لە "کوێ" دەبێ هەموو ئەمانە روو بدەن، بەڵام ئەوەمان بە بیردەهێننەوە کە، بێگومان، کە ئەم مەسەلەیە سیاسی نیە: "رۆژهەلاتناسەکان تا رادەیەکی گەلێ زۆر بەرپرسن لە پێدانی تەخمینێکی دروست بە


https://t.me/kurdistanbooks

خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبارەی ڕابردووی خۆیان "(114) بۆ حاڵەتێک ئەگەر بەسەرماندا تێپەڕیبێ، ڕۆژهەڵاتناسەکان بە پێی کارەکانیان، شتێک دەزانن ڕۆژهەڵاتییەکان خۆیان نایزانن.

ئەگەر ئەمە خولاسەی قوتابخانەی (توند و سەختی) ڕۆژهەڵاتناسی نوێی ئەمریکی بێ، قوتابخانەی (نەرم) دەبێ هێڵ بە ژێر ئەو مەسەلەیەدا بهێنێ کە ڕۆژهەڵاتناسی نەریتی خەسڵەتە بنچینەییەکانی مێژوو، ئایین و کۆمەڵی ئیسلامی پێشکەش کردووین، بەڵام ئەمانە "گەلێجار هەر بەوەندە وەستاون لە ڕێگەی چەند دەستخەتێک (دەستنووسێک) مانای شارستانییەک کورت بکەنەوە." (115) ئەمەی خوارەوەش تێکستێکە چۆن پسپۆڕە نوێیەکانی هەرێمە کولتوورییەکان ئەرگیومەنتەکانی بە شێوەیەکی فەلسەفی دژ بە ڕۆژهەڵاتناسی نەریتی دەخاتەڕوو:

(میتۆدۆلۆژی تۆژینەوە و پارادیگمەکانی بواری زانستی بۆ ئەوە نین چی بۆ لێکۆڵینەوە هەڵدەبژێرین دیاری بکەن، هەروا بۆ ئەوەش نین تێبینییەکان سنووردار بکەن. لە ڕوانگەی تۆژینەوەکان لەبارەی هەرێمە کولتوورییەکان، زانین و ناسینی ڕاستەقینە تەنیا بۆ ئەو شتانە هەیە کە بوونیان هەیە، لەکاتێکدا، میتۆدەکان و تیۆرییەکان بریتین لەو تەجریدانەی "ئەبستراکسیۆن" کە فرمان بە تێبینییەکان دەدەن لێکدانەوە بە پێی هەندێ پێوەر پێشکەش بکەن کە سەر بە ئەزموونەکان نین.) (116)

باشە. بەڵام "چۆن" "ئەو شتانەی کە بوونیان هەیە" دەناسینەوە، لە چ حاڵەتێک "شتەکان بوونیان هەیە"، ئایە ئەمانە لەلایەن ئەو کەسە "دروستبوون" کە دەیانناسێ؟ ئەمەش وەک بابەتی گفتوگۆ دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا تێگەیشتنی نوێ ( کە پشت بە نرخ و بەهاکان نابەستێ) بۆ ڕۆژهەڵات وەک شتێک کە بوونی هەبێ لەناو پرۆگرامەکانی هەرێمە



https://t.me/kurdistanbooks

کولتوورییەکان بە دامەزراوەیی کراوە. بێ تیۆریزەکردنێکی بە سیفەت بزووتنەوەیی، ئیسلام "بە دەگمەن" بابەتی خوێندن بووە، "بە دەگمەن" بابەتی لێکۆڵینەوە بووە،"بەدەگمەن" ناسراوە: ساویلکەیی ئەم ئایدیایە بە زحمەت ئەوە دەشارێتەوە بە شێوەیەکی ئیدیۆلۆژیانە ئەم تێزە بێهوودانە مانای چی دەگەیەنن: وێرای پێناسەکردنی لە یەک کاتدا بۆ ماتریال و پرۆسێسی زانین و ناسین مرۆ هیچ رۆڵێکی نەبێ، کە هەقیقەتی رۆژهەلاتی جێگیر و نەگۆڕ بێ و "بوون"یشی هەبێ، کە تەنیا شۆڕشێکی مەسیحیانە (وەک لە شایەدحالّییەکانی دکتۆر کیسنجەردا هاتووە) دەتوانێ ئینکاری جیاوازی لەنێوان هەقیقەتی دەرەوە و ئەوەی لەناو سەردا هەیە بکات.

### 3- ئیسلام، تەنیا هەر ئیسلام.

لە بارەی تیۆری نموونەی سادەی "سامی" یان "سامییەکان" بەو شێوەی لەناو رۆژهەلاتناسی مۆدێرندا هاتووە، ئەوەندە بە قووڵی بەرجەستە بووە بواری جیاوازی نەماوەتەوە لە نێوان شێوازی بوونی وەک پرۆسەیەک لەناو تێکستە ئەنتی سامی ئۆروپییەکان، وەک لە "پرۆتۆکۆلی زایۆنە کۆنەکان" و لەناو هەندێ تێبینی، وەک ئەوانەی "حایم وایزمان" لە 30 جۆزەردانی ساڵی 1918 بۆ "ئارتور بەلفور"ی نارد.

(عەرەبەکان کە بە رواڵەت زیرەک و بیرتیژن، رێز تەنیا لە یەک شت دەگرن: دەستەلات و سەرکەوتن(...) دەستەلاتی بەریتانیەکان(...) کە ئەم سروشتە غەدارەی عەرەبەکان وەک خۆی دەناسێ، (...) دەبێ بەردەوام لەسەر پێ بێ (...) هەرچەند حوکمداری ئینگلیزەکان روو لە دادپەروەری بکا بە قەد ئەمەش عەرەبەکان روو لە لاف لێدان و



https://t.me/kurdistanbooks

لووتبەرزی دەکەن. بارودۆخ و مەرجەکانی ئێستە بە پێویست روو لەوە دەکەن فەلەستینێکی عەرەبی دروست بکرێ، ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەگەر گەلێکی عەرەب هەبێ لە فەلەستین. ئەمەش ئەو ئەنجامە بە دەستەوە نادا، چونکە، فەلاح چوار سەدە تاخیر بووە و، ئەفەندیش (...) کەسانی بە شەرەف نین، بێ پەروەردەن، ئێرەییان زۆرە و کەمیش نیشتمان پەروەرن و سەرەنجام بێ توانا و کاریگەرن.)

خاڵی هاوبەش لە نێوان "وایزمان" و دژەسامییە ئۆروپییەکان بریتییە لە روانگەی رۆژهەڵاتناسی، کە پێیوایە سامییەکان (یان تیرەکانیان) بە سروشت ئەو خەسڵەتە دڵگیرانەیان نیە رۆژئاواییەکان خۆشیان بووێن. لەگەڵ ئەمەش، جیاوازییەک هەیە لەنێوان رێنان و وایزمان: ئەمەی دوایی دەمێک بوو دەیتوانی لە گوتاری خۆی پشت بە کۆمەڵێک دامەزراوەی توندوتۆڵ ببەستێ لەکاتێکدا رێنان هێشتا نەیدەتوانی. ئەی لە رۆژهەڵاتی سەدەی بیستەمیش هەمان ئەو "منداڵە خۆشنوودە" نیە کە پیر نابێ (بێ هیچ پەروایەک هاوپەیمانی جارێک لەگەڵ تۆژینەوەی زانستی باڵا و جارێک لەگەڵ دەوڵەت و هەموو دامەزراوەکانی دەکا) کە رێنان وەک شێوازێکی نەگۆڕی سامییەکانی دادەنا ؟

بەڵام ئەو سەربردەیەی لە ژێرەوە ئەم ئەفسانەیە خۆی شاردبۆوە لە سەدەی بیستەم درێژەی هەبوو و ئازار و خراپەکارییەکی زۆریشی لێ کەوتەوە. ئەم ئەفسانەیە بووە هۆی بەرهەمهێنانی وێنایەک بۆ عەرەب بەو شێوەیەی لە تەواوی کۆمەڵی رۆژئاوایی "پێشکەوتوو" دەبینرێ. لە بەرگرییان لە کۆلۆنیالیستە بێگانەکان، فەلەستینی عەرەب یان ئەوەتە دڕندە و کێویەکی گەلۆرە، یان ئەوەتە چەندایەتییەکی پشتگوێخراون لە روانگەی مۆرالی و هەتا لە روانگەی بوونیش. بە گوێرەی قانونی ئیسرائیلییەکان، تەنیا جوولەکەیەک هەموو مافێکی مەدەنیانەیان هەیە، بێ هیچ مەرج و بەربەستێک مافی



https://t.me/kurdistanbooks

کۆچکردنی هەیە، ئەگەرچی عەرەبەکان دانیشتوانی رەسەنی ولاتەکەن، تەنیا هەندێ مافی سنوورداریان داونەتێ: ئەوان ناتوانن کۆچ بکەن، ئەگەر بەو شێوەیە دەرکەون کە هەمان مافیان نەبێ، ئەوا لەبەرئەوەیە ئەوان "کەمتر گەشەسەندوون". رۆژهەلاتناسی لەمسەر بۆ ئەوسەر حوکمڕانی سیاسەتی ئیسرائیلی دەکا بەرانبەر بە عەرەبەکان، ئەم کێشەیە بە فراوانی لە راپۆرتی "کۆیینگ koeing"دا هاتووە کە بەم دواییانە بلاوبۆتەوە. عەرەبی باش هەیە (واتە عەرەبە گوێڕایەڵەکان) عەرەبی خراپیش هەیە (ئەوانەی گوێڕایەڵ نین و سەرەنجام تیرۆریستن). بەلام لەولاشەوە بە تایبەتی ئەو عەرەبانەش هەن، لەبەرئەوەی رووخاون و سەرنەکەوتوون، وێڕای مل شۆڕکردن لەودیوی هێڵی سنووری قایم و زرێپۆش وەستاون، کە سنوورەکان بە ژمارەیەکی کەم لە پیاوان پاسەوانی لێ دەکرێ، ئەمەش بە گوێرەی ئەو تیۆرییەی کە گوایە عەرەبەکان ناچاربوونە ئەفسانەی بالادەستیی ئیسرائیلییەکان قبوڵ بکەن و هەرگیز جورئەت ناکەن هێرش بەرن. هەر ئەوەندە هەموو شتێکە سەیرێکی کتێبی "هەڵوێستەکانی عەرەب بەرانبەر بە ئیسرائیل" لە نووسینی ژەنەرال "یەهۆشافات هارکابی" بۆ بینینی (هەروەکو رۆبێرت ئەلتەر وێڕای شاگەشکەبوون لە Commentary باسی دەکا)، (118) دەڵێ: ئەقڵی عەرەب ئەقڵێکی لادەرە، لەناخی دڵەوە دژەسامییە، توندوتیژە، ناهاوسەنگە، تەنیا دەتوانێ رەوانبێژی بەرهەم بهێنێ، لەمە زیاتر نا. ئەفسانەکان لە نێو خۆیان پشتگیری لە یەکتر دەکەن و هی دیکەیان لێ پەیدا دەبێ، یەک وەلامی ئەویتر دەداتەوە، بەرەو ئەو هارمۆنی و نیگارانە دەکشێن کە چاوەڕێیان دەکەین ببینین لەلایەن عەرەبەکان خۆیان دروست بکرێن وەک رۆژهەلاتی، بەلام وەک بوونەوەرێکی مرۆیی هیچ عەرەبێک بە راستی ناتوانێ دان بەمەدا بنێ.



https://t.me/kurdistanbooks

بۆ خۆی و لەناو خۆیدا، وەک هەموو ئایینزایەک، وەک میتۆدی شیکردنەوە، رۆژهەڵاتناسی ناتوانێ گەشە بە خۆی بدا. لە راستیدا، بە پێی بزووتنەوە و دۆکترینی خۆی، رۆژهەڵاتناسی ئەنتیتێزی گەشەسەندنە، ئەرگیومەنتی سەرەکی ئەفسانەی گەشەسەندنی بەردەوامی سامییەکانە. لەم ناوکە چەندین ئەفسانەی دی لە دایک دەبن، هەر یەک لەم ئەفسانانەش بە دەوری خۆیان سامییەکان وەک پێچەوانەی رۆژئاواییەکان پیشان دەدەن، وەک قوربانی چارەسەرنەکراوی لاوازییەکانی خۆیان. بە هۆی تەواوی کاریگەری زنجیرەیەک لە بارودۆخ، ئەفسانەی سامی لەناو بزووتنەوەی زایۆنیزم دابەشی دوو بەش دەبێ: یەکێ لە سامیەکان رێگەی رۆژهەڵاتناسی دەگرێ، ئەویتر، رێگەی عەرەب دەگرێ و ناچار دەکرێ رێگەی رۆژهەڵاتی بگرێ (واتە رێگەی رۆژهەڵاتییەکان/و). هەموو جارێکیش کە باس لە "خیوەت و خێڵ" دەکرێ، ئەفسانە بکاردەهێنرێ، هەموو جارێکیش کە باس لە خەسڵەتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەکرێ ئەفسانە بەکاردەهێنرێ. ئەو دامەزروانەی لە دەورەی ئەم ئامێرانە بنیاتنراون چڕنووکی خۆیان لەسەر ئەقڵ (روح) توندتر دەکەن. هەموو رۆژهەڵاتناسێک بە شێوەیەکی پڕ پشت بە سیستەمێک دەبەستێ کە دەستەڵات تێیدا هێزێکی ناسکە، بەو مانایەی ئەو ئەفسانانەی رۆژهەڵاتناسی بڵاویان دەکاتەوە ناکامن. ئەم سیستەمە ئەمڕۆ لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەت خۆیان گەیشتوونەتە لووتکە. کاتێ کە لەبارەی جیهانی رۆژهەڵاتی عەرەب دەنووسین، وێڕای ئۆتۆریتێی نەتەوەیەک ئەم کارە دەکەین، بۆ ئەوە نایکەین لە ئیدیۆلۆژییەکی قولابی دڵنیابین، بەڵکو وێڕای دڵنیاییەکی گفتوگۆ هەڵنەگر دەیکەین کە ببێتە خاوەن هەمووو راستییەک، پشت ئەستوور بە هێزی رەها.



https://t.me/kurdistanbooks

له ژمارەی مانگی رەشەمەی ساڵی 1974، گۆڤاری Commantary وتارێکی پرۆفیسۆر "ژیل کارل ئالروا" بە ناوی "ئایە عەرەبەکان ئاشتییان دەوێ ؟" پێشکەش بە خوێنەرانی کردووە. ئالروا مامۆستای زانستە سیاسییەکانە و دانەری دوو بەرهەمە:" هەڵوێستەکان بەرانبەر بە دەوڵەتی جوولەکە لە جیهانی عەرەبی Attitudes towwords Jewish Statehood in the Arab Word" و وێناکانی ململانێ لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست Images of Middle East Conflict"، ئالروا کەسێکە بە پیشە دەبێ عەرەبەکان "بناسێ" و بێگومان ئەو پسپۆڕە لە هونەری دروستکردنی وێناکان Images. تێزەکەی شتێکی ئەوتۆی نوێی تێدانیە، بەو مانایەی دەیەوێ بڵێ عەرەبەکان دەیانەوێ ئیسرائیل لەناوبەرن، ئەوەش کە عەرەبەکان بیری لێ دەکەنەوە بەڕاستی دەیڵێن (ئالروا بە شانازییەوە سوود لەو کردەیە وەردەگرێ کە گوایە توانای هەیە هەندێ شایەدحاڵی کە لە رۆژنامە میسرییەکانی دەرهێناوە، لە هەموو روویێکەوە زمانحاڵی "عەرەبەکان" بێ، وەک ئەوەی رۆژنامە میسرییەکان و رۆژنامە عەرەبییەکان یەک شت و هەمان شتن بن)،...هتد، ئەو بە هەستێکی پڕ لە زیت و لایەنگرانە ئەم کارە دەکا. لە قووڵایی وتارەکەی خۆی و لە قووڵایی کارە کۆنترەکانی "عەرەبناسەکان"ی دی (کە هاوواتای رۆژهەلاتناسەکانە)، وەک ژەنەراڵ "هارکابی"، کە پسپۆڕە لە "ئەقڵی عەرەبی"، گریمانێکی کار لەبارەی ئەوەوە هەیە عەرەبەکان لە راستیدا چین ئەگەر لە هەموو ئەبسێرد یان بێهوودەییەکانی دەرەوە دایانبڕێنین. بە چەشنێکی دی، ئالروا دەبێ بیسەلمێنێ، لەبەرئەوەی عەرەبەکان هەموویان، بە پلەی یەکەم لە تۆڵەسەندنەوەیان بە خوێن یەکگرتوون، بە پلەی دووەم، لە رووی سایکۆلۆژییەوە بۆ ئاشتی ناگونجێن، بە پلەی سێیەم، عەرەبەکان بە فترەت بەستراونەتەوە بە کۆنسێپتی دادپەروەرییەک کە بە مانای دژە دادپەروەری دێ، لەبەرئەوە نابێ باوەڕیان پێ بکرێ،



https://t.me/kurdistanbooks

بەڵکو دەبێ بەردەوام خەبات لە دژیان بکرێ هەروەکو چۆن خەبات لە دژی پەتا درم و کوشندەکان دەکرێ. بەڵگەی سەرەکی باوەڕی "ئالروا" پارچە تێکستێکە لە وتارێکی "هارۆلد و. گلیدن" بە ناوی "جیهانی عەرەب" (کە لە فەسڵی یەکەم، بەشی یەکەم باسم کردووە.) ئالروا لەو بڕوایەدایە کە گلیدن زۆر باش "زانیوویەتی جیاوازییە کولتوورییەکانی نێوان روانینی رۆژئاوایی و روانینی عەرەبەکان بخاتەڕوو". کەواتە تێزی ئالروا دڵنیایی لەسەر کراوەتەوە: عەرەبەکان درندە و کێوین و پەروەردەناکرێن، ئیدی بەم جۆرەیە دەبینین پسپۆڕێکی زانستی لە ئەقڵی عەرەبی کە خاوەن ئۆتۆریتێیە شتەکان بۆ خەڵکێکی زۆری جوولەکە دەخاتەڕوو، کە پێدەچێ ئەو خەڵکەش بایەخ بەم کێشەیە بدەن، هەر لەبەرئەمە دەبێ هەردەم ئاگایان لە خۆیان بێ. ئەمەش بە شێوەیەکی ئەکادیمی، بێ هیچ هەست و سۆزێک، شەرافەتمەندانە، وێڕای بەکارهێنانی شایەدحاڵی وەرگیراو لە عەرەبەکان خۆیان، وەک کە ئەو دەڵێ، بە دڵنیاییەکی پاڵەوانانە (ئۆلۆمپیانە)، عەرەبەکان "بە ئێجگاری ئاشتی راستەقینەیان وەلاناوە"، هەموو ئەمە وێڕای بەکارهێنانی شیکردنەوەی دەروونی.(119)

دەشێ دڵنیاییکردنەوەی لەم جۆرە لێکبدرێتەوە، ئەگەر دان بەوەدابنێین کە رۆژهەڵاتناسی جیاوازییەکی هێشتا زیاتر شاراوە و بەهێزتر وەک ئەرگیومەنت دژی رۆژهەڵاتی پێش دەخات: یەکەم "دەنووسێ" کەچی دووەم " وەسفی ئەو نووسراوە" دەکا. رۆڵی پاسیڤ دەدرێتە دووەم، بەڵام رۆڵی دەستەڵاتی تێبینی و دەستەڵاتی تۆژینەوە دەدرێتە یەکەم،...هتد، هەروەکو رۆلان بارت وتوویەتی، ئەفسانەیەک "میتۆیەک" دەشێ بەردەوام خۆی دابهێنێتەوە. (ئەوانەش کە ئەفسانە دادەهێنن دەتوان بەردەوام خۆیان داهێننەوە).(120) لێرەوەش وێنای رۆژهەڵاتی، وێنایەکی جێگیرە، چەسپاوە، پێوستی بە پشکنینە، پێویستی بە زانینە لەبارەی خۆشیەوە. سەرچاوەیەکی



https://t.me/kurdistanbooks

زانیاری هەیە پێی دەگوترێ "ڕۆژهەڵاتی"، سەرچاوەیەکی زانین و ناسینیش هەیە پێی دەگوترێ "ڕۆژهەڵاتناس"، بە کورتی، وەک نووسەرێک و بابەتەکەی، بێ ئەم دوو لایەنە بابەتەکە وەک ماتریالی خاو دەمێنێتەوە. پەیوەندی نێوانیان بە قووڵی کێشەی دەستەڵاتە، کە لە ڕێگەی کۆمەڵێک وێنا نوێنەرایەتی دەکرێن. ئەمەش نموونەیەک کە لە کتێبی " لە ڕووباری ئالتوونییەوە بۆ ڕێگەی ئالتوونی" نووسەر ڕافاییل پاتای:

(بۆ توانینی هەڵسەنگاندن بە دروستی ئایە کولتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست "بە خۆشی خۆیەوە شت لە کۆگای شارستانی ڕۆژئاوایی وەردەگرێ" کە خاوەن دەوڵەمەندییەکی سەرسوڕمێنەرە، بۆ ئەمە "سەرەتا دەبێ باشترین تێگەیشتن"مان هەبێ، تێگەیشتنێکی دروستترمان بۆ کولتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبێ. هەمان مەرجی سەرەتایی پێویستە بۆ پێوانەکردنی ئەنجامەکانی (ئەگەر هەبن) "ئەو خەسڵەتەی کە ئێستە خستمانە ناو کۆنتێکستی کولتووری" دانیشتوانە زیندووەکان بە گوێرەی نەریت. بێجگە لەمە دەبێ هێشتا قووڵتر تۆژینەوە بکەین کە تا ئێستە نەمانکردووە، بە چ شێوازێک بتوانین فرسەتە کولتوورییەکان "دڵگیر بکەین". بە کورتی، تاقە شێواز بۆ کردنەوەی "گرێی سەختی بەرگری" بە شێوازی ڕۆژئاواییانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوەیە تۆژینەوە لەبارەی ئەمانەی دوایی بکەین، "وێنایەکی کولتووری تەواو و پڕمان لەبارەی کولتووری نەریتییان هەبێ"، باشتر لەو گۆڕانانە بگەین کە ئێستا لە ڕۆژەڤدان، "ڕوانینێکی قووڵترمان هەبێ" لەبارەی سایکۆلۆژی گروپ لەمەڕ کولتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. "کارێکی سەختە، بەڵام ئەنجامەکەی شایەنی ئەو ماندووبوونەیە": ئەمەش بریتییە لە بوونی "هارمۆنی لە نێوان ڕۆژئاوا" و هەرێمێکی هاوسێی ئەو کە خاوەن بایەخێکی سەرەکییە.)(121)



https://t.me/kurdistanbooks

دەربڕین و دەستەواژە مەجازییەکان کە ئەم تێکستەیان داگیرکردووە (لە نێوان دوو کەوانەی بچووک "..." دانراون) سەرچاوەکانیان دەگەڕێنەوە بۆ هەموو جۆرە چالاکییەکی مرۆیی، بازرگانی، رەزداری، ئایینی، بەیتەری، مێژوویی. بەڵام لەناو هەر حاڵەتێکدا، پەیوەندی لە نێوان رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆژئاوا، لە راستیدا وەک پەیوەندییەکی سێکسی پێناسە کراوە: هەروەکو چۆن پێشتر لە بارەی فلۆبێرەوە باسم لەوە کردووە، پەیوەندی نێوان رۆژهەڵات و سێکس بە شێوەیەکی بەرچاو بابەتێکی پێداگیرە. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرگری دەکا، وەک هەموو کچێک، بەڵام تەنیا توێژەری باڵای نێر لە چوونەژوورەوە بە توندی و کردنەوەی گرێی سەخت سوود وەردەگرێ، ئەگەر چی "کارێکی سەختیش" بێ. ئەنجامی سەرکەوتن بەسەر تەوازۆی کیژایەتی "هارمۆنی"یە، ئەمەش بە هیچ شێوەیەک بەیەکەوە ژیانی هاوتاکان نیە. پەیوەندی هێزی شاراوە لەنێوان توێژەری زانستی و ساتێک نیە بگۆڕێ: ئەمە بە شێوەیەکی رێک لە خزمەت رۆژهەڵاتناسیە. تۆژینەوە و خوێندن، تێگەیشتن، زانین و ناسین، هەڵسەنگاندن لە بن ماسکی بەخشینی پەسنی "هارمۆنی" بریتین لە ئامێری داگیرکردن.

سەرەنجام لەمسەر بۆ ئەوسەر کاری رۆژهەڵاتناسی بەم جۆرەیە: لاپەڕەی نووسینەکانیان پڕ لە دڵنیایی لە جۆری وتەی سەیر و سەمەرەیە، وەک وتە و دڵنیاییکردنەوەکانی یەکێکی وەک "مانفرێد هالپێرن"، کە پشتگیری لەوە دەکا دەشێ هەموو پرۆسێسی فیکری مرۆیی لە هەشت پرۆسە کورت بکرێتەوە، بەڵام ئەقڵی عەرەبی لە چوار پرۆسە زیاتر ناتوانێ بەرگە بگرێ.(122)، یان یەکێکی وەک "مۆرۆ بێرگەر" لەبەرئەوەی زمانی عەرەبی گەلێک زۆر رووی لە رەوانبێژییە، بۆیە عەرەبەکان توانای ئەوەیان نیە بە دروستی بیربکەنەوە.(123) دەتوانین ئەم سیفەت پێدانانەی ئەم روانینانە بە


https://t.me/kurdistanbooks

ئەفسانە "میتۆس" دابنێین لە رووی وەزیفە و لە رووی ستروکتور، بەڵام دەبێ لەگەڵ ئەمەش هەوڵبدەین تێبگەین چین ئەو فرمانانەی حوکمڕانی بەکارهێنانیان دەکەن. بێگومان ئێمە تەنیا دەتوانین وەک گریمان لێیان بڕوانین. دڵنیاییکردنەکان و سیفەتدانەکان بە عەرەبەکان کە رۆژهەڵاتناسەکان دایاندەرێژن، وردەکاری زۆریان هەیە، کاتێ کە خەسڵەتەکانیان خاڵ بە خاڵ دەبنە بابەتی رەخنە، بەڵام لە رووی ئەوەی هێزیان چی پێدەکرێ لە شیکردنەوە کەمترن. ماڵباتی عەرەب، رەوانبێژی عەرەب، خەسڵەتی عەرەب، سەرەڕای ئەو وەسفە زۆرانەی رۆژهەڵاتناسەکان لەبارەیانەوە دەیدەن، وەک ئەوە دێنە بەرچاو لە سروشتیان دوورخرابنەوە، بێ ئەستوورایی مرۆیی بن، هەتا ئەو کاتەش کە ئەم وەسفانە توانای ئەوەیان هەیە بە فراوانی و بە قووڵی ئەو بوارە بگرنە ئەستۆ کە بەسەریاندا پەیڕەو دەبن. لەم بارەیەوە "سانیا حەمادی" لە کتێبەکەی خۆی " سروشت و خەسڵەتی عەرەبەکان Temperament and Character of the Arabs " دەڵێ:

(عەرەب لە ژینگەیەکی سەخت و رووخێنەردا دەژی. هیچ بەختێکی نیە خەونەکانی بێنێتە دی و شوێنی خۆی لەناو کۆمەڵ دیاریکا، چیتر باوەڕی بە پێشکەوتن و گۆڕان نیە و تەنیا رزگاری خۆی لە ژیانی ئەودیودا دەبینێتەوە.)(124)

ئەوەی عەرەب ناتوانێ بە خۆی تەواوی بکا و بیهێنێتە دی، لەوانەدا دەیدۆزینەوە کە لە بارەیانەوە دەنووسرێ. هەرچی رۆژهەڵاتناسە بە شێوەیەکی نایاب لە شیمانەکانی خۆی دڵنیایە، ئەو کەسێکی رەشبین نیە، توانای هەیە پێگەی خۆی دیاری بکا، پێگەی خۆی و ئەوەی عەرەبیش. وێنای رۆژهەڵاتی عەرەب کە لەم تێکستەوە بەدەست دێ تەواو نێگەتیڤە، بەڵام، ئەوسا لە خۆشمان دەپرسین، ئەی بۆچی ئەم هەموو کارانەی (نووسراو) بۆ تەرخان



https://t.me/kurdistanbooks

دەکرێ؟ چی سەرنجی ڕۆژهەڵاتناس ڕادەکێشێ، ئەگەر (کە بە دڵنیاییەوە لەم حاڵەتە نیە) خۆشەویستی نەبێ لەبارەی عەرەب وەک زانستێک بۆ تۆژینەوە، بۆ ئەقڵی عەرەبی، بۆ کۆمەڵی عەرەبی، بۆ داهێنانی عەرەبی؟ بە چەشنێکی دی، لەناو گوتاری ئەفسانەیی لەمەڕ عەرەب، ئامادەگی عەرەب چ سروشتێکی هەیە؟

دوو شت هەن: ژمارە و توانای بەرهەمهێنانەوە. ئەم دوو خەسڵەتە دەتوانن، دواجار، یەک لەوی دی کورتبێتەوە، بەڵام ئێمە دەبێ لێکیان جیابکەینەوە بۆ پێویستییەکانی شیکاری. کارەکانی تۆژینەوەی باڵای ڕۆژهەڵاتناسان، هەموویان بێ دەروایتە (بە تایبەتی لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان)، شتی زۆریان لە بارەی ماڵبات، لەبارەی ستروکتورەکەی کە لە بن دەستەڵاتی مرۆیە، کاریگەری جیهانی لەسەر کۆمەڵ پێیە بیڵێن. کارەکەی "ڕافایێل پاتای" نموونەیەکە بۆ ئەمە. لێرەوە ڕاستەوخۆ پارادۆکسێکی لاڵ خۆی ڕەپێش دەخا: ئەگەر ماڵبات دامەزراوەیەک بێ کە شکانە بەگشتیکراوەکانی نەتوانن چارەسەری بدۆزنەوە تەنیا لەناو ماهیەتی "مۆدێرنیزاسیۆن"نەبێ، لەم حاڵەتەدا دەبێ دان بەوەدا بنێین بەردەوام بێ لە خۆبەرهەمهێنانەوە، لە خۆ بە پیتکردن و، لەوەی کە سەرچاوەی بوونی عەرەبە لەناو جیهان. ئەوەی "بێرگەر" ناوی لێ دەنێ "ئەو نرخ و بەها مەزنەی مرۆیەکان دەیدەنە توانای سێکسی خۆیان"(125) ئەمەش بیرێکمان دەداتێ لەبارەی ئەو هێزە شاراوەی پشت ئامادەگی عەرەب لەناو جیهان. کۆمەڵی عەرەب بە تێرمێکی تارادەیەک تەواو نێگەتیڤ نوێنەرایەتیکراوە، بە شێوەیەکی گشتی پاسیڤە، ئەمەش شتێکی گەشاوەیە بۆ ڕۆژهەڵاتناسەکان کە توانیویانە بیدۆزنەوە: دەتوانین بڵێین شێوازێکە بۆ باسکردنی جۆربەجۆری زۆر و گەلێ بەهێزی عەرەب، کە سەرچاوەکەی، ئەگەر ڕۆشنگەری و کۆمەڵایەتی نەبێ، ئەوا سێکسی و بیۆلۆژییە.


https://t.me/kurdistanbooks

"تابوو"یەکە شکاندنی مەحاڵە، لەگەڵ ئەمەش، گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی: دەڵێ هەرگیز نابێ بە چاوێکی بایەخدارەوە سەیری ئەم لایەنە سێکسییە بکرێ. هەرگیز ناتوانین بە ڕوونی نادیاری جێبەجێبوون و ئەو وردبوونەوە و ناسکبوونەوە ئەقڵانیە ڕاستەقینەی لێ بکەینەوە کە ڕۆژهەڵاتناس لەلای عەرەبەکان لە هەموو لایەکەوە ئاماژەی بۆ دەکا. لەگەڵ ئەمەش، لێرەوە بە ڕای من لەناو ئەو تێزانە کەڵێنێک هەیە کە بابەتی سەرەکی ڕەخنەگرتنە لە کۆمەڵی عەرەبی نەریتی، وەک ئەوەی لەلای "حەمادی و بێرگەر و لارنەر" دا هەیە. ئەوان دان بە ماڵباتی عەرەبی دادەنێن، لاوازی ئەقڵی عەرەبی دیاردەخەن و "بایەخی" جیهانی ڕۆژهەڵاتی بۆ ڕۆژئاوا پیشان دەدەن، بەڵام هەرگیز ناڵێن گوتاری ئەوان چ مانایەک دەگەیەنێ: سەرەنجام لە ڕاستیدا ئەوەی بۆ عەرەب دەمێنێتەوە دوای گوتنی هەموو شتێک، هەر ئەو هاندەرە سێکسییە تایبەتەیە. تەنیا لە هەندێ هەڵی دەگمەن نەبێ وەک لە کارەکەی "لیۆن مونێیری"یدا هەست بەو شاراوەییە دەکەین کە بە ڕوونی خراوتەڕوو: بەو مانایەی "لەلای باشوورییە خوێن گەرمەکان وەک خەسڵەتێک ئارەزوویکی بەهێزی سێکسی هەیە". (126) لە زۆربەی جارانیش، مەیلێکی شاراوەی درێژداڕی سێکسی لە بن ئەم شێوازەی بچووککردنەوەی کۆمەڵی عەرەبی هەیە کە دەیەوێ لە تێبینی ڤولگێر و هەرسنەکراو و ژێردەستە و کەم بایەخ لە ڕووی نەژادییەوە کورتی بکاتەوە: عەرەب تەنیا لە ڕووی سێکسییەوە سەربەخۆ زۆر دەبن، هیچی دی بەرهەم ناهێنن. ڕۆژهەڵاتناس لەم بارەیەوە هیچ ناڵێ، ئەگەرچی تێزی خۆیشی پشت بەمە دەبەستێ: " بەڵام هاوکاری یان هاریکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هێشتا بە ڕادەیەکی زۆر کێشەیەکی خێزانییە، چیتر لە دەرەوەی گرووپی خزمان و گوندان بوونی نیە". (127) واتە عەرەبەکان بە سادەیی و بە پڕی تەنیا وەک بیۆلۆژی حسێبیان بۆ دەکرێ: واتە لە ڕووی دامەزراوەیی و سیاسی و کولتووری هیچ نین،



https://t.me/kurdistanbooks

تا رادەیەک هیچ نین، بەڵام لە رووی ژمارەوە، وەک بەرهەمهێنەری ماڵبات و خێزان، عەرەبەکان هەقیقەتێکن.

ئەوەی کە هەراسانە، ئەوەیە ئەم روانینە هەڵکەوتی پاسیڤی عەرەبەکان ئاڵۆز دەکا کە لەلایەن رۆژهەڵاتناسەکانی وەک "پاتای، حەمادی" خۆی و ئەوانیتر دڵنیایی لەبارەوە کراوە. بەڵام ئەوە لۆژیکی ئەفسانەکانە، وەک ئەوانەی خەونەکانیش، دروست، ئەنتیتێزی رەها قبوڵ بکەن. ئەمە راستە، ئەفسانەیەک "میتۆس" شیکردنەوە پێشکەش ناکا، کێشەکان چارەسەر ناکا: بەڵکو ئەفسانە بەو شێوەیە نوێنەرایەتیان دەکا کە پێشتر شیکراونەتەوە و چارسەرکراون، واتە بەو شێوەیە پێشکەشیان دەکا وەک وێناکان کە پێشتر کۆکراونەتەوە و لە یەک بەستراون، بەو شێوەیەی چۆن لە هەموو شتێک داهۆڵێک دروست دەکرێ، پاشان قیت دەکرێتەوە بۆ ئەوەی دیمەنی مرۆیەکی هەبێ. لەبەرئەوەی وێنا هەموو ماتریالێک بۆ ئامانجەکانی خۆی "بەکاردێنێ" و، لەبەرئەوەش، وەک پرەنسیپ، ئەفسانە جێگەی ژیان دەگرێتەوە، ئەنتیتێز لەنێوان عەرەبی زۆر بە پیت و کار و بووکەشووشەیەکی پاسیڤ، هیچ وەزیفەیەک ناداتەوە. عەرەبی رۆژهەڵاتی ئەو بوونە مەحاڵەیە کە وزەی لیبیدۆییانەی بەرەو لووتکەی وروژاندنی سێکسی دەبا، کەچی وەک بووکەڵەیەکە لە چاوی جیهان، بە چاوێکی بۆش سەیری دیمەنێکی مۆدێرن دەکا ناتوانێ تێبگا، ناتوانێ لەگەڵی بگونجێ.

ئەم وێنایەی عەرەب پێدەچێ وێنایەکی گونجاو بێ لەناو تۆژینەوە نوێیەکان لەبارەی رەفتاری سیاسی رۆژهەڵاتییەکان، لە گفتوگۆ زانستییەکان لە بارەی دوو بابەتی نوێی گونجاو بۆ پسپۆرە رۆژهەڵاتناسەکان باسی کراوە، ئەمانەش شۆرش و مۆدێرنیزاسیۆنن. بە سەرپەرشتی زانینگەی لەندەن "خوێندنگەی تۆژینەوەی رۆژهەڵاتی و ئەفریقیایی School for Oriental and African Studies،


https://t.me/kurdistanbooks

بەرگێک لە کتێبی" شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تۆژینەوە لە حاڵەتی دی" Revolution in the Middle East and Other Case tudies ، کە لە ساڵی 1972 بڵاوبۆتەوە، ئەم کارە لە کۆمەڵێک تێکست پێکهاتووە کە "پ. ژ. ڤاتیکیۆتیس"(128) کۆی کردوونەتەوە. ئەم ناونیشانە راستەوخۆ سیمایەکی پزیشکیانەی هەیە، چونکە ئێمە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە رۆژهەڵاتناس دواجار ئەوەی لایە کە لە باری ئاسایی رۆژهەڵاتناسی "نەریتی"، مەبەستی سایکۆکلینینک، خۆی لێ لادەدا. ڤاتیکیۆتیس بە پێناسیەکی نیمچە پزیشکی بۆ شۆڕش تۆنێکی داوەتەوە ئەم کۆمەڵە تۆژینەوەیە، بەڵام، لەبەرئەوەی ئەو و خوێنەرەکانی شۆڕشی عەرەبیان لەناو مێشکە، ئەوەش کە بە خراپ دەبینرێ لەناو ئەم پێناسەیە پێدەچێ قبولکرابێ. (...)

تۆژینەوەی باڵای سەرەکی لەم کۆمەڵەیە بابەتەکەی بێرنار لویس-ە بە ناوی "کۆنسێپتی ئیسلامی بۆ شۆڕش". لێرەوە ئێمە ستراتیژییەکمان هەیە پێدەچێ زۆر ورد و ناسک بێ. زۆر لە خوێنەرانم دەمێکە دەزانن، کە بۆ عەرەبزمانەکانی ئەمڕۆ وشەی "ثورة" هەموو ئەوانەش کە لەم وشەیە نزیکن بە مانای شۆڕش دێن، دەشیانتوانی لە پێشەکییەکەی ڤاتیکیۆتیس-یش فێری ببن. کەچی، بێرنارد لویس تەنیا مانای ئەم وشەیە لە کۆتایی بابەتەکەی دەناسێنێ، دوای تۆژینەوە لە کۆنسێپتی "دەولە"، "فتنە"و "بغات" لە کۆنتێکستی مێژوویی و بە تایبەتی ئایینی خۆیان. ئەوەی دەیەوێ پیشانی بدا بە شێوەیەکی جەوهەری ئەوەیە کە "دۆکترین یان بزووتنەوەی رۆژئاوایی لەبارەی مافی بەرگریکردن بەرانبەر بە حکومەتێکی خراپ شتێکی بێگانەیە لە فیکری ئیسلامی"، ئەمەش وەک هەڵوێستی سیاسی بەرەو "ئینهیزامی" و هەڵکەوتی "پاسیڤی" وەک هەڵکەوتێکی نەرێنی دەڕوا. وێرای خوێندنەوەی ئەم وتارە، هەرگیز بە دڵنیاییەوە نازانین



https://t.me/kurdistanbooks

دەبێ لە کوێ ئەم هەموو تێرم و زاراوانە شوێنی خۆیان بدۆزنەوە، ئەگەر لە شوێنێک نەبێ وەک مێژووی وشەکان. پاشان، نزیک لە کۆتایی بابەتەکە ئەمەشمان هەیە:

(لە وڵاتانی عەرەبزمان وشەیەکی جیاواز بۆ شۆڕش "ثورة thawra" بەکارهێنرا. رەگی وشەی th-w-r، لە عەرەبی کۆن بە مانای هەڵسانەوە دێ (بۆ نموونە بۆ وشتر)، یان هەڵچوون، ورووژان، بەڵام لەلای مەغریبییەکان (تونس و جەزائیر و مەغریب) بە مانای یاخیبوون دێ. زۆربەی جار ئەم وشەیە لەناو کۆنتێکستی دانان و جێگیرکردنی سەروەرییەکی سەربەخۆی بچووک بەکارهێنراوە، بەم جۆرە، پاشاکانی ئەو ناوچانەی حوکمڕانی ئیسپانیایان کردووە لە سەدەی یانزەم پاش هەڵوەشانەوەی "خەلافەتی قورتوبە" بە "ثوار" ناویان دەهێنان (تاکەکەی ثائر)ە. ناوی " ثورة" سەرەتا بە مانای ئاژاوە، گەرەلاوژە و فەوزا دێ، وەک چۆن لەناو رستەی کتێبی "صحاح"دا هاتووە کە فەرهەنگێکی عەرەبی سەدەکانی ناوەڕاستە "انتظر حتی تسکن هذه الثورە" "چاوەڕێ بکە تا ئەو گەرەلاوژەیە نامێنێ". ئامۆژگارییەکی باشە. ئەم فرمانە لەلایەن "الایجی" لە فۆرمی "ثوران" یان "اثارە فتنە" بەکارهاتووە، دنەدانی شۆڕش، وەک یەکێ لەو مەترسیانەی دەبێ رێ لە مرۆیەک بگرێ ئەرکی خۆی لە بەرهەڵستیکردن بەرانبەر بە حکومەتێکی خراپ بێنێتەدی. "ثورة" وەک زاراوە لەلایەن نووسەرانی سەدەی نۆزدەم بەکارهاتووە بۆ دەستنیشانکردنی "شۆڕشی فرانسی" و لەلایەن ئەوانەش کە بە دوای ئەواندا هاتوون بۆ دەستنیشانکردنی شۆڕش هاتووە لە سەردەمی تایبەتی ئێستە، ئەوانەی ناوەوە و بێگانەکانیش لەم وشەیە رازین.)(129).

تەواوی ئەم تێکستە پڕە لە "باڵادەستی پڕ لە رق condescendence" و مەبەستی خراپ. بۆچی هێنانەوەی ئایدیای


https://t.me/kurdistanbooks

وشتر که هه‌ڵده‌ستێته‌وه وه‌ک ئیتیمۆلۆژی بۆ مانای شۆڕشی عه‌ره‌بی نوێ، ئه‌گه‌ر به‌و مه‌به‌سته نه‌بێ وه‌ک شێوازێک بۆ تێکدانی وێنه‌ی ئه‌م شۆڕشه ؟ مه‌به‌ستی بێرنارد لویس بێگومان که‌مکردنه‌وه‌یه له نرخی ئه‌و شۆڕشه که ماناکه‌ی ده‌گه‌ڕێنێته‌وه بۆ شتێک که ئه‌وه‌نده به‌گزادانه و ئه‌وه‌نده جوان نیه وه‌ک وشترێکه که خه‌ریکه هه‌ڵده‌ستێته‌وه. له‌لای ئه‌و شۆڕش بریتییه له گه‌ڕه‌ڵاوژه، له یاخیبوون، دامه‌زراندنی سه‌روه‌رییه‌کی بچووک، له‌مه زیاتر نا، باشترین راوێژ که پێشکه‌ش بکرێ (ته‌نیا، ده‌شێ، توێژه‌رێکی زانستی رۆژئاوا، جه‌نتلمانێک پێشکه‌شی بکا) ئه‌وه‌یه "چاوه‌ڕێ بکه‌ین تا گه‌ڕه‌ڵاوژه نامێنێ". ئه‌وه ئه‌م تێکسته پڕ له رق و کینه‌یه نیه له باره‌ی مانای "ثورة"ه‌وه که تێمانده‌گه‌یه‌نێ که ئه‌م وشه‌یه په‌یوه‌ندییه‌کی ئه‌کتیڤی به ژماره‌یه‌کی زۆر له مرۆوه هه‌یه و، ئه‌مه‌ش به شێوه‌یه‌کی گه‌لێ ئاڵۆزیش بۆ که‌سێکی توێژه‌ری باڵای وه‌ک بێرنارد لویسی شه‌ڕانگێز. به‌ڵام ئه‌مه ئه‌و وه‌سفه به جه‌وهه‌ریکراوه‌یه که سروشتییه بۆ خوێندکاران و سیاسیان که ئاره‌زووی توێژینه‌وه‌یان هه‌یه له‌باره‌ی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست، واته گه‌ڕه‌لاوژه‌ی شۆڕش "له‌لای عه‌ره‌به‌کان" تا راده‌یه‌ک هه‌مان ئه‌نجامی هه‌یه وه‌ک هه‌ڵسانه‌وه‌ی وشترێک، ئه‌مه ده‌بێ وه‌ک کاوێژی که‌سێکی گه‌لۆر گوێی لێ بگیرێ. سه‌ره‌نجام، به هه‌مان هۆکاری ئیدیۆلۆژیک، ته‌واوی ئه‌ده‌بیاتی رۆژهه‌ڵاتناسی رێسادانه‌ر توانای ئه‌وه‌یان نیه هه‌ڵسانه‌وه‌ی شۆڕشگێڕانه‌ی جیهانی عه‌ره‌بی سه‌ده‌ی بیسته‌م که پێداگیری له خۆی ده‌کات، لێکبداته‌وه، یان خۆمانی بۆی ئاماده بکه‌ین.

ئه‌و په‌یوه‌ندییه‌ی که بێرنارد لویس دروستی ده‌کا له‌نێوان "ثورة" و هه‌ڵسانه‌وه‌ی وشترێک، به شێوه‌یه‌کی زیاتر گشتی گه‌ڕه‌ڵاوژه (و نه‌ک خه‌بات له پێناوی ئایدیا) پێشنیاری مانای زۆرتر ده‌کا که وه‌ک نه‌ریتێک نیه له‌لای ئه‌و، که عه‌ره‌ب چ نیه جگه له که‌سێکی ده‌مارگیری



https://t.me/kurdistanbooks

سێکسی. هەر یەک لەو وشە و دەستەواژانەی بەکاری دەهێنێ بۆ ناساندنی شۆڕش پڕە لە مانای سێکسی: هەڵچوون، ورووژان، "هەڵ"سانەوە. بەڵام بەلای زۆری بە مانای سێکسێکی "خراپ" دێ. دواجار، لەبەرئەوەی عەرەب بەڕاستی تەیار نین بۆ کردەیەکی گەرم و گوڕ، ورووژانی سێکسیان مەزنییەکی ئەوتۆی تێدانیە، وەک هەڵسانەوەیەکی وشتر وایە. لە جیاتی شۆڕش ئەوان یاخیبوونیان هەیە، دامەزراندنی سەروەرییەکی بچووکیان هەیە، هێشتاش گەڕەلاوژەیان هەیە، ئەمەش بەو مانایە دێ کە عەرەبەکان لە جیاتی جووتبوون، دەسبازی سێکسی دەکەن، دەستپەڕ لێدەدەن و کردەی سێکسیان نیوەچڵە. لەو بڕوایەدام ئەمەیە کە بێرنارد لویس دەیەوێ بیگەیەنێ، سەرەڕای مەبەست پاکی زانینەکەی و زمانە سیما باشەکەی. سەرەنجام، لەبەرئەوەی ئەو ئەمەندە هەستیارە بەرانبەر بە کۆنتراستی وشەکان، دەبێ ئەوە بێنێتە بەرچاوی خۆی کە ئەم وشانە خۆشیان کۆنتراستیان هەیە. (...)

هەموو مێژووی رۆژهەلاتناسی ئەوە نیشان دەدەن کە بێرنارد لویس وایکردووە ئەم ئاماژە و گریمانانە وەک "هەقیقەتی" گفتوگۆهەڵنەگر بەکاربهێنێ. لە ئایدیا هەرە سەیر وسەمەرە و هەرە گفتوگۆ هەڵنەگرەکان (لەبەرئەوەی سەختە باوەڕبهێنین بتوانین پشتگیری لێ بکەین بۆ هەر زمانێکی دیکە) ئەوەیە عەرەبی وەک زمانێک، ئیدیۆلۆژییەکی مەترسیدارە. تێکستی کلاسیکی هاوچەرخ کە تێیدا ئەم حوکمدانەی لێ وەرگیراوە لەبارەی عەرەب بریتییە لە کاری "ئی. شووبی" "کاریگەری زمانی عەرەبی لە سایکۆلۆژی عەرەبەکان The Influence of the Arabic Language on the Psychologie of the Arabs (130) نووسەرەکەی وەک "دەروونناسێک ناسراوە، لە یەک کاتدا وەک پسپۆڕی سایکۆلۆژی کۆمەلایەتی و سایکۆلۆژی کلینیک"، لەو باوەڕەشداین کە هۆکاری



https://t.me/kurdistanbooks

سەرەکی لە پشت بڵاوبوونەوەی ئایدیاکانی بە فراوانی ئەوەیە کە خۆی عەرەبە (واتە عەرەبێک سەرەڕای هەموو شتێک خۆی خۆی تاوانبار دەکا) ئەو تێزەی کە پێشنیاری دەکا ئەوەندە ساویلکانەیە شایەنی سەردولکەیە، لەوانەشە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە بە قەد سەرە دەرزییەک نەزانێ زمان چیە و چۆن کار دەکا. لەگەڵ ئەمەش، بەشە جیاجیاکانی کارەکەی ناونیشانی زۆر سەرنجڕاکێشیان هەیە: وەک "نەبوونی وردەکاری لە فیکر" و "پێداگیری درێژدادڕ لەبارەی نیشانە زمانەوانییەکان" و "دڵنیایی بێ رادە زۆر و درێژدادڕ". "شووبی" زۆرجار وەک ئۆتۆریتێیەک باسی کراوە، راستە، بە ئۆتۆریتێ-وە قسە دەکا، "ماهییەتێکی مێتافیزیکی سەرەکی Hypostasie (اقنومي) بۆ جۆرێک لە عەرەبی لاڵ دەکا کە لە هەمان کاتدا کۆنترۆلی رکێفی وشەکانیشی لەبەردەست بێ، یارییەکی وا دەکا نە حەماسەتی تێدایە نە بەرژەوەندی. لاڵی رۆڵێکی گەورەی هەیە لەوەی "شووبی" باسی دەکا، لەبەرئەوەی هیچ نموونەیەکیشی لە ئەدەبی عەرەبی نەهێناوەتەوە، ئەو ئەدەبەی  کە عەرەبەکان ئەوەندە شانازی پێوە دەکەن. کەواتە لە کوێ ئەم زمانە عەرەبییە کاریگەری خۆی لەسەر عەرەب نیشانداوە؟ بە تایبەتی لە ناوەوەی جیهانی میتۆلۆژی داهێنراو بۆ عەرەب لەلایەن رۆژهەڵاتناسانەوە. لەلای ئەو زمانی عەرەبی رەمزی لاڵی هاوتای زۆری و بۆری دەربڕینە، هەژاری بەرانبەر بە زیادەڕەوی. سەرەنجام کە بتوانین بگەینە ئەنجامێکی لەم جۆرە لە رێگەی وەسیلەی فیلۆلۆژی نیشانەیەکە بۆ کۆتایی غەمبارانەی نەریتێک کە کە گرێچن و ئاڵۆز بووە، ئەمەش ئەمڕۆ تەنیا لەلای چەند کەسانێکی دەگمەن دەستدەکەوێ. ئەو شێوازەی رۆژهەڵاتناس هەیەتی لە پشت بەستن بە فیلۆلۆژی، دوا لاوازیی بوارێکی زانستی تەواو گۆڕاوە و کەوتۆتە ناو دەستی پسپۆڕە ئیدیۆلۆژییەکان.



https://t.me/kurdistanbooks

لەناو هەموو ئەوەی تۆژینەوەم لەبارەوە کردوون، شێواز و زمانی ڕۆژهەڵاتناسی ڕۆڵێکی باڵادەستیان هەبووە. ڕۆژهەڵاتناسی حاڵەتە ئیجباری و ناچارییەکانیش دەخاتە ناو هەمان سەبەتە وەک حاڵەتی "سروشتی"، تایپی مرۆیی جۆربەجۆر بە دەستەواژە و میتۆلۆژی وەک مادەی خوێندن پێشکەش دەکا، هەقیقەت و سەرچاوە دەبەخشێتە هەندێ شت (وشەی دیکە) کە لە داهێنانی خۆیەتی. زمان و شێوازی ڕۆژهەڵاتناسی "گوتاریکە"، واتە ناشێ نەتوانێ پلان بۆ دانراو نەبێ، چونکە ناتوانین هەر کاتێ بمانەوێ گوتار دروست بکەین، بێ ئەوەی سەرەتا سەر بە (لە هەندێ حاڵەت بە شێوەیەکی نائاگایی، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا بە شێوەیەکی ئیجباری) ئیدیۆلۆژییەک و هەندێ دامەزراوە نەبیت کە گەرانتی بوونی ئەمە بکا. ئەم دامەزراوانە هەمیشە ئەو دامەزراوانەی کۆمەڵی پێشکەوتوون کە تۆژینەوە و تاووتوێی کۆمەڵی کەمتر پێشکەوتوو دەکەن، خەسڵەتی سەرەکی گوتاری ئەفسانە "میتۆس" ئەوەیە کە ئەسڵ و بنچینەکانی خۆی دەشارێتەوە، بە هەمان ئاست ئەوانەش کە وەسفیان دەکا. "عەرەبەکان" بە کلیشەی جێگیر و ئیدیال پێشکەش کراون، بەو شێوەیە پێشکەش نەکراون وەک بوونێک خاوەن پۆتەنسیەل کە خەریکن خۆیان خۆیان لە ئەستۆ دەگرن، وەک مێژوویێک خەریکە خۆی دروست دەکات. نرخ و بەهای درێژدادڕی وەک سیفەتێک دراو بە عەرەبی وەک زمانێک ڕێگە بە ڕۆژهەڵاتناس دەدا زمانەکە بکاتە هاوتای کۆمەڵ، مێژوو، سروشت. ڕۆژهەڵاتناس نابینێ کە ڕۆژهەڵات زمانی خۆی هەیە قسەی پێ دەکا، بەڵکو ئەوە زمانە کە باسی ڕۆژهەڵات دەکا.



https://t.me/kurdistanbooks

## 4- ڕۆژهەڵاتییەکان ڕۆژهەڵاتییەکان ڕۆژهەڵاتییەکان

سیستەمی خەیاڵی ئیدیۆلۆژییانە کە من ناوم لێناوە ڕۆژهەڵاتناسی، ئەنجامی مەترسیداری هەیە و، هەر تەنیا لەبەرئەوەش نا کە لە ڕووی ڕۆشنگەرییەوە کەم شەرافەتمەندانەیە. ڕاستە، وڵاتەیەکگرتووەکان ئەمڕۆ بە قووڵی کەوتۆتە ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، قووڵتر وەک لە هەموو جێگەیەکی دی لە دنیا: ئەو پسپۆڕانەی ڕاوێژ دەدەنە پیاوانی سیاسی لەبارەی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەموویان، تا دوایین کەسیان لەناو ڕۆژهەڵاتناسی غەرق بوونە. بۆ بەشی هەرە زۆریان، ئەم خۆتێهەڵخستن و ئیلتیزامە، کە لێرە وەک حاڵەتێک پێویستە بیڵێین لەسەر لم بنیاتنراوە، چونکە پسپۆڕەکان ئاراستەیەک پێشکەش دەکەن کە لەسەر تەجرید بنیاتنراوە و باش دەفرۆشرێ: بەشی هەرە زۆرییان کۆنە کلێشەکانی ڕۆژهەڵاتناسین بە زانینێکی سیاسی سەقەت داپۆشراون و، دیسان بەشی هەرە زۆریان، بە تەواوی بە کەڵکی ئەوە نایێن وەسفی ئەوەی پێ بکرێ بەم دواییانە چی لە لوبنان یان پێشتر ڕوویداوە، لەبارەی بەرگری میللی فەلەستینی لە ئیسرائیل. ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتناسی بە دوای ئەوە دەگەڕێ ڕۆژهەڵات وەک لاسایی ڕۆژئاوا ببینێ کە، وەک بێرنارد لویس بۆی دەچێ، تەنیا "دەتوانێ ئەو کاتە خۆی باش بکا کە دەبینێ ناسیۆنالیزمی ڕۆژهەڵاتی "خۆی خۆی ئامادە دەکا بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ڕۆژئاوا." (131) ئەگەر، لەم نێوانە، عەرەبەکان، یان موسلمانەکان یان سێیەک و چارەکی جیهان پاش هەموو شتێک ڕێگە چاوەڕوان نەکراوەکان بگرنەبەر، ئەوسا بەلامانەوە سەیر نابێ ڕۆژهەڵاتناسێک بدۆزینەوە بۆمان لێکبداتەوە کە ئەمە نیشانەیەکە کە ڕۆژهەڵاتییەکان ڕاست ناکرێنەوە و، پاشان بیسەلمێنێ ناتوانین پشتیان پێ ببەستین.



https://t.me/kurdistanbooks

ئێمە ناتوانین شکانە میتۆدۆلۆژییەکانی رۆژهەڵاتناسی لێکبدەینەوە و بڵێین رۆژهەڵاتی "راستەقینە" جیاوازە لەو پۆرتریتانەی رۆژهەڵاتناسەکان لەبارەیەوە پێشکەشی دەکەن، یان بڵێین، لەبەرئەوەی رۆژهەڵاتناسەکان زۆربەیان رۆژئاواییین، ناتوانین لەوان چاوەڕێی بوونی هەستێکی قووڵ و ورد بین لەبارەی ئەوەی بە راستی رۆژهەڵات چییە. ئەم دوو پێشنیارە هەڵەن و راست نین. تێزی ئەم کتێبەی من ئەوە نیە بیربکەینەوە کە شتێک هەیە وەک رۆژهەڵاتێکی هەقیقی یان راستەقینە (ئیسلامی، عەرەبی، چیتر هێشتا)، هەروا ئەوەش نیە دڵنیایی لەو ئایدیایەش بکەم، روانینی "ناوەوە" زاڵ بکەم بەسەر روانینی "دەرەوە"، ئەگەر ئەو جیاکارییە بە سوودەی "رۆبێرت ک. مێرتۆن" دەیکا وەک پاڵپشتێک وەرگرین. بە پێچەوانەوە، ئەوەی گوتوومە، ئەوەیە رۆژهەڵات بە خۆی چەمکێکی داهێنراوە، ئایدیای ئەوەش کە چەندین جۆری جیۆگرافی و چەندین دانیشتوانی رەسەنی تەواو جیاواز هەن کە دەتوانین لە رێگەی چەندین ئایین، چەندین کولتوور یان چەندین جەوهەری نەژاد کە تایبەت بە خۆیان بێ بیانناسێنین، بابەتێکە مایەی گفتوگۆی قووڵ و ئاڵۆزە. هیچ باوەڕیشم بەو پێشنیارە سنووردارانە نیە کە دەڵێ تەنیا مرۆی رەش دەتوانێ لەبارەی رەشەکان بنووسێ، یان موسلمان لەبارەی موسلمان دەتوانێ بنووسێ، تا دوایی.

لەگەڵ ئەمەش، سەرەڕای ئەوەی شکانەکانی مایەی گریانە، نەژادپەرستییەکەی بە ئاستەم شاراوەیە، دەزگا رۆشنگەرییەکەی ئەستوورایییەکی نیە، ئەمڕۆ رۆژهەڵاتناسی گەشاوەتەوە، هەڵبەت لە چەندین فۆرم کە هەوڵمداوە وەسفیان بکەم. لە راستیدا، بە مافی خۆمانی دەزانین نیگەران بین کە دەبینین کاریگەرییەکەی دەگاتە "رۆژهەڵات" خۆی: چەندان لاپەڕەی پڕی کتێبان، هی رۆژنامان بە عەرەبی چاپ و پەخشکراون (و بێگومانیش بە زمانی ژاپۆنی، بە



https://t.me/kurdistanbooks

چەندین زمانی لۆکالی هیندستان و بە زمانانی دیکەی ڕۆژهەڵاتیش) ئەمانە گشتیان پڕن لە شیکاری لە پلە و ئاستی دووەم کە لەلایەن عەرەبەکان خۆیان لە بارەی "ئەقڵی عەرەبی" و "ئیسلام" و ئەفسانەی دی نووسراون. ڕۆژهەڵاتناسی لە وڵاتەیەکگرتووەکانیش بەرین و فراوان بووە، بە تایبەتی کە ئەمڕۆ، پارەی عەرەبەکان و سەرچاوەکانیان شکۆمەندییەکی بەرچاوی پێشکەش بەو "بەرژەوەندیە" نەریتییە کردووە کە بەرانبەر بە "ڕۆژهەڵات" هەستی پێکراوە و وەک بایەخێکی ستراتیژییە. مەسەلەکە ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتناسی وێڕای سەرکەوتنەوە لەگەڵ ئیمپریالیزمی نوێ گونجێنراوە، کە تێیدا پارادیگمە ئاراستەکەرەکانی ناڕەزایی دەرنابڕن، بەڵکو بە باشی دڵنیایی لە نیگاری ئیمپریالی بەردەوامی باڵادەستی لەسەر ئاسیا دەکەن.

لەو بەشەی ڕۆژهەڵات کە دەتوانم وێڕای هەندێ ئەزموونی ڕاستەوخۆ قسە بکەم؛ زۆر بە باشی دەتوانین حسێب بۆ ئەو گونجانەی چینی ڕۆشنگەران بکەین لەگەڵ ئیمپریالیزمی نوێ وەک سەرکەوتنێک بۆ ڕۆژهەڵاتناسی. جیهانی عەرەبی ئەمڕۆ لە ڕوانگەی ڕۆشنگەری، سیاسی و کولتووری وەک مانگێکی دەستکردە لە دەورەی وڵاتەیەکگرتووەکان دەخولێتەوە. ئەمەش بۆ خۆی شتێک نیە مایەی ئەسەف بێ، بە پێچەوانەوە، ئەوەی کە مایەی ئەسەفە جۆری پەیوەندیەکەیە. دەبێ پێش هەموو شتێک تێبگەین کە زانینگەکانی جیهانی عەرەبی بە گشتی، بە پێی مۆدێلێکی میراتی کۆنە زلهێزێکی کۆلۆنیالی ئۆرگانیزەکراون یان سەپێنراون. ئەگەر سەیری مەرجەکانی ئەمڕۆ بکەین دەبینین تا ڕادەیەکی گەلێ زۆر پڕۆگرامی خوێندنی ئەم زانکۆیانە چرووک و بێ مانان: کلاسی پڕ لە سەدان خوێندکار، مامۆستای کەم شارەزا، کاری زۆر و مووچەی کەم، دامەزراو بە پاڵپشتی سیاسی، بە شێوەیەکی تەواو نەبوونی لێکۆڵینەوەی



https://t.me/kurdistanbooks

بنچینەیی، یان هەر نەبوونی شیمانەی لێکۆڵینەوە، خراپتر هێشتا، نەبوونی کتێبخانەیەکی گونجاو لە هەموو ناوچەکە. بەریتانیای مەزن و فرانسا پێشان باڵادەست بوون بەسەر ئاسۆی رۆشنگەری رۆژهەلات هەڵبەت بە هۆی گرینگی خۆیان و بە هۆی دەوڵەمەندی و سامانیان، ئێستە، ولاتەیەکگرتووەکان پێگەی ئەوانی داگیرکرووە، ئەنجامی ئەمەش بوونی هەندێ خوێندکاری بەهرەمەندە کە رێگەی خۆیان لەناو ئەو سیستەمەی خوێندنی سەرەوە بڕیوە، ئێستە هاندراون و ئازایەتیان دراوەتەبەر بچن لە ولاتەیەکگرتووەکان درێژە بە خوێندنیان بدەن. ئەوەش راستە هەندێ قوتابی جیهانی عەرەبی بەردەوام روو لە ئۆروپا دەکەن بۆ خوێندن، بەلام زۆربەیان دەچنە ولاتەیەکگرتووەکان، ئەمە بەسەر ئەو قوتابیانەش پەیڕەو دەبێ کە گوایە لە ولاتە رادیکالەکانەوە دێن وەک ئەوانەی لە ولاتە کۆنەپارێزەکانیشەوە دێن وەک "عەرەبی سعودیە و کوەیت". لەولاشەوە سیستەمی ریعایەت Clientele ، کە لە بوارەکانی خوێندن و کار و تۆژینەوە بەرقەرارە، وادەکا ولاتەیەکگرتووەکان بە شێوەیەکی پراکتیکی باڵادەستی Hégémonie تەواوی لەسەر کاروباردا هەبێ، لەو بڕوایەداین، کە سەرچاوە، ئەگەر ئەم سەرچاوەیە ئەوەندەش راستەقینە نەبێ، ئەوا لە ولاتەیەکگرتووەکان دەدۆزرێتەوە.

دوو هۆکار هەن کە وادەکەن سەرکەوتنی رۆژهەلاتناسی هێشتا بەڵگەنەویست بێ. ئەگەر بتوانین لە حاڵەتێکدا تەندانسەکانی کولتووری هاوچەرخ لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی بکەین بە دوای مۆدێلە ئۆروپی و ئەمریکییەکان بکەون. کاتێ کە "تاها حوسەین" لە ساڵی 1936 دەیگوت کولتووری مۆدێرنی عەرەبی کولتوورێکی ئۆروپییە و رۆژهەلاتی نیە، ئەو دەیویست شوناسی سروشتی بژاردەی رۆشنبیرانی میسری دیاری بکا کە ئەو خۆی

ئەندامێکی بەڕێز بوو تیایاندا. هەمان شت راستە بۆ بژاردەی کولتووری عەرەبی ئەمڕۆ، ئەگەرچی بزووتنەوەی بەهێزی ئایدیای ئەنتی ئیمپریالیزم لە جیهانی سێیەم کە تەواوی ناوچەکەی گرتبووەوە، هەر لە سەرەتای سالانی 1950ەوە سیمای رۆژئاوایی لە کولتووری باو کز کردەوە. بەومانایەی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی وەک هێزێکی پلە دوو لە بواری بەرهەمهێنانی کولتووری، زانین و توێژینەوەی بالا دەمێننەوە. لێرەوە دەبێ تەواو ریالیزمییانە بیربکەینەوە کە زاراوەی هێزی سیاسی بەکاردەهێنین بۆ وەسفی ئەو حاڵەتەی کە ئەو هێزە سیاسییە دایدەهێنێ. هیچ عەرەبێک یان موسلمانێکی توێژەری زانستی ناتوانێ رێگە بە خۆی بدا خۆی نەبان بکا لەوەی لە وەرزنامە و ئەنستیتو و زانکۆکانی وڵاتەیەککگرتووەکان و ئۆروپا دەنووسرێ، پێچەوانەکەی راست نیە. بۆ نموونە، هیچ یەکێک لە وەرزنامە تایبەتییەکان لەبارەی توژینەوە لە عەرەبەکان ئەمڕۆ لە جیهانی عەرەبی پەخش و بڵاوناکرێتەوە، هیچ ئەنستیتووێکی خوێندنی عەرەبی توانای ئەوەی نیە پێشبڕکێ لەگەڵ سەنتەرێکی وەک ئۆکسفۆرد، هارڤارد یان UCLA بکا لە بواری توژینەوە لە جیهانی عەرەبی، هێشتا کەمتر لە هەر بوارێکی دیکەی غەیرە رۆژهەڵاتی. لەمەدا ئەنجامی پێشبینیکراو ئەمەیە: قوتابیانی رۆژهەڵاتی (و پرۆفیسۆرە رۆژهەڵاتییەکان) هەردەم خۆزگەی ئەوە دەخوازن بێن لەبەر پێی رۆژهەڵاتناسە ئەمریکییەکان دانیشن، پێش ئەوەی بگەڕێنەوە لە بەرانبەر خەڵکی خۆیان ئەو کلێشانە دووبارە بکەنەوە کە وەک دۆگمەکانی رۆژهەڵاتناسی وەسفم کردوون. لەگەڵ سیستەمێکی بەرهەمهێنانەوەی لەم جۆرە، شتێکە خۆلادانی تێدانیە کە توێژەرە زانستییەکەی رۆژهەڵاتی زانیارییە ئەمریکییەکان بەکاردەهێنێتەوە بۆ پیشاندانی بالادەستی خۆی بەسەر هاووڵاتیانی خۆی، بەو مانایەی ئەو دەتوانێ بەسەر سیستەمی رۆژهەڵاتناسیدا رابگا، لە پەیوندی خۆی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی خۆی، لەگەڵ



https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژهەڵاتناسانی ئۆروپی یان ئەمریکییەکان، بەڵام ئەو هەردەم "فێرکارێکی لۆکالی دەمێنێتەوە"، ڕۆڵیشی لە ڕۆژئاوا هەر لەو ئاستەدا دەمێنێتەوە، ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەگەر شانسی هەبوو دوای تەواوکردنی خوێندنی لەوێ بمێنێتەوە. زۆربەی وانە سەرەتاییەکانی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان ئەمڕۆ لە زانکۆ ئەمریکییەکان ئەم "فێرکارە لۆکالیانە" دەیڵێنەوە، دەستەڵات لەناو سیستەمی (زانکۆکان، فۆنداسیۆنەکان، هتد...) تا ڕادەیەک بە تەواوی لە دەستی غەیرە ڕۆژهەڵاتییەکاندایە، ئەگەرچی ژمارەی غەیرە ڕۆژهەڵاتییەکان لەو مامۆستایانەی لە کاردان ئەوەندە زۆر نیە لەچاو هاوتاکانیان لە ڕۆژهەڵاتییەکان.

هەموو جۆرە نیشانەیەکی دیکە ئەوە پیشان دەدەن چۆن باڵادەستی کولتووری خۆی ڕادەگرێ و درێژە بە خۆی دەدا، بە ڕەزامەندی ڕۆژهەڵاتییەکان خۆیان، بە قەد ئەمەش بە فشارێکی ئابووری ڕاستەوخۆ و زبریی وڵاتەیەکگرتووەکان. ئەمەش نموونەیەک کە وامان لێ دەکا بیربکەینەوە: لە کاتێکدا دەیان ئۆرگانیزاسیۆن لە وڵاتەیەکگرتووەکاندا هەیە بۆ تۆژینەوە لەبارەی ڕۆژهەڵاتی عەرەب و ئیسلامی، کەچی تاقە یەک ئۆرگانیزاسیۆن لە ڕۆژهەڵات نیە بۆ تۆژینەوە لە وڵاتەیەکگرتووەکان، لە کاتێکدا وڵاتەیەکگرتووەکان بریتییە لە سەرەکیترین کاریگەری ئابووری و سیاسی لە ناوچەکە. هێشتا خراپتر، لە ڕۆژهەڵات هیچ ئەنستیتوویێک نیە، هەتا یەکێکی سادەی پلە ناوەنجیش نیە، تایبەت بێ بە خوێندن و تۆژینەوە.

بەڵام بە ڕای من هەموو ئەمانە هیچ نین بەرانبەر بە هۆکاری دووەم کە بەشداری لە سەرکەوتنی ڕۆژهەڵاتناسیدا دەکا: ئەمەش ئیدیۆلۆژی "بەکارهێنان یان بەکاربەریی" consommation لە ڕۆژهەڵاتە. جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لە هەموو ڕوویێکەوە بەستراوەتەوە بە ئابووری بازاڕیی ڕۆژئاوایی. لێرەوە پێویست بەوە


https://t.me/kurdistanbooks

ناکا بە بیر خۆمان بهێنینەوە کە پترۆل، سەرەکیترین سەرچاوەی ناوچەکەیە، بە تەواوی لەلایەن ئابووری ولاتەیەکگرتووەکان قووتدراوە. هەر تەنیا نامەوێ بڵێم کە کۆمپانیا زلەکانی پترۆل لە ژێر کۆنترۆلی سیستەمی ئابووری ئەمریکین، بەڵکو هێشتا، کە داهاتی پترۆلی عەرەبەکان، بێ ئەوەی باس لە مارکتینگ "بەبازارکردن" بکەین، گەران و لێکۆڵینەوە وئۆرگانیزاسیۆنی پیشەسازی، هەموو ئەمانە ئیدارەی سەرەکییان لە ولاتەیەکگرتووەکاندایە. بەم جۆرە عەرەبەکان بە هۆی پترۆلەوە دەوڵەمەند دەبن و دەبنە کڕیاری زۆر گرینگی کالای ئەمریکی: ئەمەش راستە بۆ ولاتانی کەنداوی فارس و بۆ لیبیا و عێراق و جەزائیر کە بە ولاتانی رادیکال ناسراون. مەسەلەکە بریتیە لە پەیوەندیەکی یەک ئاراستەیی، ولاتە یەکگرتووەکان کڕیاری ژمارە یەکی شتی زۆر کەمن لەو بەرهەمانەی هەڵیدەبژێرن (وەک پترۆل، دەستی کاری هەرزان بە شێوەیەکی گشتی)، هەرچی عەرەبەکانن بەکاربەر یان بەکارهێنەری زلن لە هەموو جۆرە بەرهەمێکی ئەمریکی، ماتریالی و ئیدیۆلۆژی.

بێگومان ئەمەش کۆمەڵێک ئەنجامی هەیە. بەم جۆرە لە ناوچەکە وەک یەک لێکردن و یەکخستنێکی گەورەی زەوق و چەشەکان روویداوە، ئەمەش نەک هەر تەنیا بە رەمزیکراوە بە هۆی ترانزیستۆر و بلوجینز و کۆکاکۆلا، بەڵکو بەو وێنا کولتووریانەی رۆژهەلاتیش کە "ماس میدیا"ی ئەمریکی پێشکەشی دەکا و بێ هیچ بیرکردنەوەیەک بینەرانی زۆر و بێ ژماری تەلیڤیزیۆن بەکاردەهێنن. یەکەم ئەنجام: پارادۆکسی عەرەب کە خۆی وەک "عەرەب" لە تایپی ئەوانەی هۆلیوود پێشکەشی دەکا دەبینێتەوە. ئەنجامی دیکە: ئابووری بازاڕیی رۆژئاوایی، کە رووی لە بەکارهێنانە، چینێکی شارەزای بەرهەمهێناوە (بەردەوامن لە بەرهەمهێنان بە خێرایی زۆرتر) کە زانیاری رۆشنگەرییان بەو شێوەیە ئاراستەکراوە پێویستییەکانی بازاڕ تێربکا.



https://t.me/kurdistanbooks

لەم پرۆسەیەدا بێگومان بایەخ بە خوێندنی ئەندازیاری، بازرگانی و ئابووری دەدرێ، بەڵام ئەنتلجنسیا (چینی رۆشنبیران/و) ئەو خۆی خۆی دەکاتە یاریدەدەری ئەوەی کە پێیوایە تەندانسە سەرەکیەکانن بۆ چەوساندنەوە لە رۆژئاوا. ئەو رۆڵەی پێیدراوە و بۆی ئامادەکراوە رۆڵی "مۆدێرنیزەکردنە"، ئەمەش واتە پێدانی یان گونجاندنی شەرعیەت و ئۆتۆریتێ لەگەڵ هەندێ ئایدیا لەبارەی مۆدێرنیزاسیۆن، پێشکەوتن و کولتوور کە بەشی هەرە زۆری لە وڵاتەیەککگرتوەکانەوە پێی دەگا. لەم بارەیەوە شایەدحاڵی روون و دیارمان هەن لەناو زانستە کۆمەڵایەتییەکان و، ئەوەش سەیر و مایەی سەرسامییە، کە لەلای چەندین رۆشنبیری پێشکەوتوو کە روانینی مارکسی خۆیان هەمووی لە مارکس وەرگرتووە لەبارەی ئایدیاکانی ئەو لەمەڕ جیهانی سێیەم کە جیهانێکە پێکهاتەیەکی هاوشێوە یان بەیەکچووی homogène هەیە (کە لە پێشتر لەم کتێبە باسی کراوە). بەم جۆرە، پاش هەموو شتێک، ئەگەر رەزامەندییەکی رۆشنگەری هەبێ بۆ وێناکان و دۆکترینەکانی رۆژهەڵاتناسی، لەم حاڵەتەدا رۆژهەڵاتناسیش بەهێزەوە خۆی بە گۆڕینەوە ئابوورییەکان، سیاسییەکان و کولتوورییەکان بەهێز دەکا، بە کورتی، رۆژهەڵاتی مۆدێرن بە خۆی بەشداری لە بەرۆژهەڵاتناسیکردنی خۆی دەکا.

وەک دەرەنجامێک دواجار ئەلتەرناتیڤ چیە؟ ئایە ئەم کتێبە تەنیا هەندێ ئەرگیومەنتی دژ نەک نەرێ بۆ شتێکی پۆزەتیڤ پێشکەش دەکا؟ هەندێ جار وارێککەوتووە باس لە سەرەتایەکی دیکەی نوێ بکەم لەبارەی "رزگاربوون لە کۆلۆنیزاسیۆن" لەناو ئەو بوارەی کە پێی دەڵێن "هەرێمە کولتوورییەکان" area studies : کارەکەی ئەنوەر عەبدولمەلیک، ئەو لێکۆڵینەوانەی لەلایەن ئەندامانی گروپی هول Hull کراون لەبارەی رۆژهەڵاتی ناوڕاست. شیکردنەوە و پێشنیارە زۆر نووژەنەکانی چەندین توێژەری زانستی جیاجیای


https://t.me/kurdistanbooks

ئۆروپی، له وڵاتهیهکگرتووهکان و له ڕۆژههڵاتی ناوهڕاست، (123) بهڵام توانیومه تهنیا به ڕاگوزاری ناویان بهێنم. پڕۆژهکهی من بریتییه له وهسفکردنی ههندێ سیستهمی ئایدیاکان، نهک هێنان و دانانی سیستهمێکی دیکه له جێگهی. بێجگه لهمه، ههوڵمداوه کۆمهڵێک پرسیار بخهمهڕوو که له شوێنی گونجاو دهکرێن که مهسهلهکه پهیوهندی به کێشهکانی ئهزموونی مرۆییهوه ههبێ: چۆن نوێنهرایهتی کولتوورهکانی دیکه دهکرێ؟ کولتوورێکی دیکه چیه؟ ئایه کۆنسێپتی کولتوور (نهژاد، ئایین، شارستانی) جیاواز سوودی ههیه یان خۆی وا دهبینێتهوه پهیوهندی به "خۆتێرکردنی زاتی" (که باس له کولتووری "خۆ"مان دهکهین) یان پهیوهندی به دژایهتی و بوونی ڕهفتاری توندوتیژهوه ههیه؟ (کاتێ که باس له کولتووری "ئهویتر" دهکهین) جیاوازییه کولتوورییهکان، ئایینییهکان و نهژادییهکان زیاتر بایهخیان ههیه وهک له کاتیگۆرییه سۆسیۆئابوورییهکان یان سیاسی و مێژووییهکان؟ چۆن ئایدیاکان ئۆتۆریتێ، ههڵکهوتی "ئاسایی یان سروشتی"و یان ستاتوی ههقیقهتی "سروشتی" به دهست دههێنن؟ ڕۆڵی کهسی ڕۆشنگهر یان ڕۆشنبیر چیه؟ ئایه ڕۆڵیان بهڕاستگهڕاندن و گونجاندنی ئهو کولتوور و دهوڵهتهیه که خۆی بهشێکه لێیان؟ دهبێ چ گرینگی و بایهخێک بدهینه بهئاگاهاتنهوهیهکی ڕهخنهییانه و سهربهخۆیانه، به ئاگاهاتنهوهیهکی ڕهخنهییانهی ئۆپۆزیسیۆنانه ؟

هیوادارم پێشتر به شێوهیهکی لابهلا ههندێ وهڵامی ئهم پرسیارانهم له بارهی بابهتهکانی پێشوو دابنهوه، بهڵام لهوانهیه توانیبێم ڕوونتر وهڵامی ههندێکیانم دابنهوه. ڕۆژههڵاتناسی بهو شێوهیهی لهم تۆژینهوهیهدا خهسڵهتهکانیم دیاری کردوون نهک ههر تهنیا شیمانهی پسپۆڕییهکی باڵا که سیاسی نهبێ تاوانبار دهکا، بهڵکو هێشتا فرسهتی شیاوی پهیوهندییهکی توندوتۆڵ له نێوان توێژهری زانستی


https://t.me/kurdistanbooks

و دەوڵەتیش تاوانبار دەکا. پێموایە ئەوەش تەواو شتێکی ئاساییە کە ئەو بارودۆخانەی کە وادەکەن رۆژهەڵاتناسی تایپێکی فیکری بێ بەردەوام بەرەو ئەوە ئاراستەکرابن وابێنە بەرچاو درێژەیان دەبێ: وێنایەکە بۆ گشتێک کە زیاتر خەم ئاوەرە. بۆ من لەلایەن خۆمەوە، لەگەڵ ئەمەش هەندێ هیوای ماقووڵم هەن: وەک پرسیارێک نەتوانین خۆی لێ لادەین، دەشێ هەمیشە رۆژهەڵاتناسیش تەنیا لە هەڵکەوتی رابردوویدا نەبێ کەم لێپرسینەوەی لێ بکرێ لە رووی رۆشنگەری، ئیدیۆلۆژی یان سیاسی.

ئەگەر باوەڕم نەهێنابایە بە بوونی زانستێکی کەمتر فەساد یان، بەلای کەمی، کەمتر نابینا بەرانبەر بە هەقیقەتی مرۆیی وەک ئەوەی لێرە نیگارم بۆ کێشاوە، ئەوا بڕیارم نەدەدا ئەم کتێبە بنووسم. ئەمڕۆ، کۆمەڵێک زانای توێژەر کاری تاکەکەسی خاوەن نرخ و بەهای مەزن لە کۆمەڵێک بواری زۆر وەک بۆ نموونە لە بواری مێژوو، ئایین، شارستانی، سۆسیۆلۆژی و ئیتنۆلۆژی ئیسلام ئەنجام دەدەن. هەراسانییەکان ئەوکاتە دەردەکەون کە نەریتی کاتیگۆریانەی رۆژهەڵاتناسی توێژەری زانستی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ، کە ئاگایی پیشەییەکەی بەرانبەر بە "ئایدیا نەریتییەکان" وریا نیە، زۆر بە ئاسانی پیشەکەی بۆی دەگوازێتەوە. بەم جۆرە زیاتر رێی تێدەچێ کارە جوان و سەرنجڕاکێشەکان ئەوانەی توێژەری باڵا بن کە پەردە لەسەر بوارێکی زانستی بێ سنوور لە روانگەی رۆشنگەری هەڵدەدەنەوە نەک هی "بوارێکی" وەک رۆژهەڵاتناسی پێناسەکراو بە شێوەیەکی رێسایی، یان ئیمپریالی، یان جیۆگرافی. یەکێ لەو نموونە نایابانەی ئێستە: ئەنترۆپۆلۆژی "کلیفۆرد گیرتز"ە، کە بە شێوەیەکی تا رادەیەک شاراوە و لابەلا و تەواوێک بەرجەستە بایەخ بە ئیسلام دەدا، بۆ ئەوەی ببێتە ئیلهامێک بۆ کۆمەڵان و ئەو کێشە تایبەتیانەی کاریان لەبارەوە دەکا، نەک


https://t.me/kurdistanbooks

سەرچاوەیەک بۆ مەراسیمەکان و ئایدیا هەڵبەستراوەکان و دۆکترینەکانی رۆژهەڵاتناسی.

لە لایەکی ترەوە، چەندین پسپۆڕی باڵا و چەندین لە رەخنەگران کە زانیاری رۆژهەڵاتناسی نەریتییان بە دەستهێناوە بە پوختی و دروستی لە تواناییاندا هەیە خۆیان ئازاد بکەن لە قەیدە کۆنەکانی ئیدیۆلۆژی. زانین و زانستی "ژاک بێرک" و "مەکسیم رۆدنسۆن" دەچنە ناو خانەی لە هەرە توندوتۆڵەکان، بەڵام ئەوەی تۆژینەوەکانیان بە زیندوویی دەهێڵێتەوە، هەتا لەبارەی کێشە نەریتییەکانیش، دەگەڕێتەوە بۆ هوشیاربوونەوەی میتۆدۆلۆژی خۆیان. چونکە، ئەگەر رۆژهەڵاتناسی وەک مێژوو، زۆر لە خۆی رازی بێ، زۆر دوورەپەرێز بێ، پڕ لە دڵنیایی ئەرێنی بێ لە بابەت میتۆدەکانی، سەرەتاو دەسپێکەکانی، کرانەوە بەسەر ئەوەی لێی دەکۆڵێتەوە لە رۆژهەڵات یان لە بارەی خۆی، دەشێ بە دەست بهێنرێ، ئەگەر میتۆدی خۆی بخاتە ژێر رەخنەوە. ئەمەیە کە ژاک بێرک و مەکسیم رۆدنسۆن کە پێی دەناسرێنەوە، هەر یەکەی بە شێوازی خۆی. کارەکانی ئەمانە هەمیشە پشت ئەستوورە، سەرەتا بە هەستیارییەکی راستەوخۆ بەرانبەر بەو ماتریالەی تۆژینەوەی لەسەر دەکەن، پاشان بە تاقیکردنەوەی بەردەوامی میتۆدۆلۆژی خۆیان و کاری پراکتیکییان، بە هەوڵێکی پێداگر بۆ ئەوەی کارەکانیان وەڵامێک بێ بۆ ماتریالەکان نەک بۆ دۆکترینە هەڵبەستراوەکان. ژاک بێرک، رۆدنسۆن، بە هەمان شێوە ئەنوەر عەبدولمەلیک و رۆجەر ئۆون، بە دڵنیاییەوە ئەوە دەهێننە بەرچاو کە باشترە تۆژینەوە لەبارەی مرۆڤ و کۆمەڵ بکرێ (سەرەنجام ئەو کۆمەڵە رۆژهەڵاتی بێ یان نا) لە هەموو بوارێکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کەواتە ئەم زانایانە بە چاوێکی رەخنەگرانە دەخوێننەوە و تۆژینەوە لە بارەی ئەوەوە دەکەن چی لە بوارەکانی دیکە وەک لەوەی خۆیان روودەدا. ئەو بایەخەی



https://t.me/kurdistanbooks

ژاک بێرک دەیداتە دۆزینەوە نوێیەکانی ئەنترۆپۆلۆژی ستروکتوری، ئەوەی رۆدنسۆن بۆ سۆسیۆلۆژی و تیۆری سیاسییە، ئەوەی رۆجەر ئۆون-یش بۆ ئابووری و مێژووە: ئەمانەن راستکردنەوە بە سوودەکان کە زانستە مرۆییەکانی ئەمرۆ بۆ ناو تۆژینەوەی کێشەکان دەیانهێنێ کە پێی دەگوترێ رۆژهەلاتییەکان.

بەلام ناتوانین خۆمان لەو مەسەلەیە لادەین کە پێمان دەلێ ئەگەر حسێبیش بۆ جیاکارییە رۆژهەلاتناسییەکانیش نەکەین لە نێوان "ئەوان" و "ئێمە"، زنجیرەیەکی زۆر بە هێزی هەقیقەتە سیاسییەکان، دواجاریش ئیدیۆلۆژییەکان دەبنە ئیلهام بۆ زانستی ئەمرۆ. هیچ کەسێک ناتوانێ خۆی رزگار بکا لە دابەشکردنی خۆرهەلات/خۆرئاوا، یان لە دابەشکردنی باکوور/باشوور، دەولەمەند/هەژار، ئیمپریالیست/ئەنتی ئیمپریالیست، سپی/مرۆی هەمەرەنگ. ناتوانین لە بەرانبەریان خۆ لە گێلی بدەین و بلێین ئەمانە بوونیان نیە، بە پێچەوانەوە، رۆژهەلاتناسی ئەمرۆ زۆر شتمان لە بارەی زەیفی رۆشنگەری فێر دەکا کە بە شاراوەیی خۆی نیشان دەدا، ئەمەش وادەکا ئەم دابەشکردنانە زیاتر بن و لە یەک کاتیشدا شەرم ئاوەر و بەردەوام بن. کەچی زانستێک  بە شێوەیەکی کراوە بۆ گفتوگۆ و پۆلێمیک و"پێشکەوتووخواز" کە بە دروستی بیردەکاتەوە، دەشێ زۆر بە ئاسانی هەموو سیفەتێکی سروشتی و ئاسایی بزرکا و بکەوێتە ناو بۆرژانێکی دۆگماتیزمی ئایینی و فەلسەفیانە Scolastique، ئەمەش بێگومان روانگەیەکە سەرنجراکێش نیە.

ئەو پرسیارانەی دامرشتوون زۆر بە باشی ئەوە نیشان دەدەن هەستی من بەرانبەر بەم کێشەیە چیە. فیکر و ئەزموونی ئەمرۆ ئێمەیان بەرانبەر بەوەی نوێنەرایەتیکردن چی لێ دەکەوێتەوە هەستیار کردووە، لە تۆژینەوە لە "ئەویتر"، لە فیکری نەژادپەرستی، لە قبولکردنی ئۆتۆریتێ بێ بیرکردنەوە و بێ رەخنە و ئەو ئایدیایانەش


https://t.me/kurdistanbooks

که ئۆتۆریتێ دروست دەکەن، ڕۆڵی سۆسیۆسیاسی ڕۆشنگەران، لە نرخ و بەهای مەزنی هوشیارییەکی ڕەخنەیی و گوماندار. ئەگەر ئەوە بە یادی خۆمان بهێنینەوە کە لێکۆڵینەوە لە ئەزموونی مرۆیی بە شێوەیەکی ئاسایی چەندین سەرەنجامی ئێتیکی هەیە، هەڵبەت بۆ ئەوەی نەڵێین سەرەنجامی سیاسی بە تەواوی مانای باش و خراپی ئەم زاراوەیە، ئەوسا لەوانەیە بێباک نەبین بەرانبەر بەوەی دەیکەین وەک زانایەکی توێژەر. ئینجا چ باشترین پێوەرێک هەیە بۆ توێژەری زانستی وەک لە ئازادی و زانین و ناسینی مرۆییەکان؟ دەشێ ئێمە ئەوەش بە بیر خۆمان بهێنینەوە کە تۆژینەوە لە مرۆ لەناو کۆمەڵ لەسەر بنچینەی مێژوو و ئەزموونی کۆنکرێتی مرۆیەکان بنیاتنرابێ، نەک لەسەر تەجریدی لاف لێدانی ڕۆشنبیری یان لەسەر قانونە تاریکەکانی یان سیستەمە ستەمکارەکان. سەرەنجام کێشەکە ئەوەیە تۆژینەوە لەگەڵ ئەزموون بگونجێنین (فۆرمێکی پێشکەش بکەین، هەندێ شێوان،) ئەو ئەزموونەی بە هۆی تۆژینەوە ڕوون و سازگار دەکرێتەوە و دەگۆڕدرێ. ئەگەر بە هەر نرخێک بێ خۆمان لەو ئامانجە لادەین بەردەوام ڕۆژهەلات بە ڕۆژهەڵاتناسی بکەین، ئەمە ئەنجامێکی دەبێ وەک قووڵکردنەوەی زانین و ناسین و سنورداركردنی پێویستی زانا توێژەرەکان. بێ "ڕۆژهەڵات"یش زانای توێژەر و ڕەخنەگران و ڕۆشنگەران و مرۆ هەر دەبن، جیاکارییە نەژادییەکان، ئێتنیکییەکان و ناسیۆنالیستەکان کەمتر بایەخیان هەبێ وەک لە کاری هاوبەش بۆ پێشخستنی کۆمەڵی مرۆیی.

تەواو لەو باوەڕەدام (کە هەوڵمداوە لە کارەکانی دیکەم پیشانی بدەم) ئەمڕۆ شتی زۆر دەکرێ لە بواری زانستە مرۆییەکان بۆ ئەوەی توێژەرانی زانستی تەیار بن بە مەزندە و خەیاڵ ، مێتۆد و ئایدیا، بۆ ئەوەی بتوانن بەسەر کلێشە و تایپە نەریتییەکانی نەژادپەرستی، ئیدیۆلۆژی، ئیمپریالی لە جۆری ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسی


https://t.me/kurdistanbooks

له ماوەی مێژووی گەشاوەی خۆی پێشکەشی کردووە ئاودیووبن.
من پێموایە کە شکانی ڕۆژهەڵاتناسی شکانی مرۆ بووە، تەواو وەک شکانێکی ڕۆشنگەری، ڕاستە، وێڕای هەڵوێست وەرگرتن بە شێوەیەک کە چارەسەری بۆ نەبێ بەرانبەر بە ناوچەیەک لە جیهان کە پێیوایە "ئەویتر"ە وەک لە هی خۆی، نە ڕۆژهەڵاتناسی توانای هەبوو خۆی لەگەڵ ئەزموونی مرۆیی یەکانگیر بکا، نە وەک ئەزموونێکیش لە قەڵەمی بدا. ئێستە دەتوانین هەست بە باڵادەستی جیهانی ڕۆژهەڵاتناسی بکەین و هەموو ئەوەش کە نوێنەرایەتی بۆ کردوون، ئەگەر ئێمە بە ڕێکی بگەینە ئەو ئاستەی، هوشیاری سیاسی بخەینە خزمەتی ژمارەیەکی زۆر لە گەلانی سەر زەمین کە بە شێوەیەکی گشتی لە سەدەی بیستەم دەرکەوتوون. ئەگەر ئەم کتێبە لە ئایندە هەندێ سوودی هەبێ، ئەوا بەشداری کردنە لەم ئاڵنگارییە و کە وەک ئاگادارییەک وایە: ئاسانە سیستەمی فیکری وەک ڕۆژهەڵاتناسی، چەندین گوتاری لەمەڕ دەستەڵات، خەیاڵی، ئیدیۆلۆژی دروست بکەی، پەیڕەوی بکەی، بیپارێزی، ئەمانە هەمووی کەلەپچەن لە داهێنانی ئەقڵن. هیوادارم سەرەڕای هەموو شتێکیش، توانیبێم پیشانی خوێنەرانی خۆم دابێ کە وەڵام بۆ ڕۆژهەڵاتناسی ڕۆژئاواییناسی نیە. هیچ یەکێک لە کۆنە "ڕۆژهەڵاتی" ئاسوودەیی لەو ئایدیایە نادۆزێتەوە کە، لەبەرئەوەی خۆی ڕۆژهەڵاتی بووە، گومانی ئەوە هەیە (گومانی زۆریش هەیە) ڕۆژێک سەرلەنوێ توژینەوە لەبارەی "ڕۆژهەڵاتییەکان" یان "ڕۆژئاواییەکان" بکا وەک داهێنانێکی خۆی. دەشێ زانینی ڕۆژهەڵاتناسی مانایەکی هەبێ، چۆن و بە کام شێوازی دەسخەڕۆ، زانین، هەر زانینێک، لە هەر شوێن و سەردەمێک، دەشێ بڕووشێ، ئەمڕۆش زیاتر لە دوێنێ.



https://t.me/kurdistanbooks

# تێبینی:

1 - لەم کتێبەدا، ئێمە ناوی مانگە کوردییەکانمان بۆ ساڵنامەی زایینی/ میلادی (گریگۆری) بەکارهێناوە نەک وەک باوە لە ساڵنامەی کوردی بەکاردێ، بەم چەشنەی خوارەوە:

مانگی یەکەم: ڕێبەندان/ مانگی دووەم: ڕەشەمێ / مانگی سێیەم: نەورۆز/ مانگی چوارەم: گوڵان/ مانگی پێنجەم: جۆزەردان/ مانگی شەشەم: پوشپەڕ/ مانگی حەوتم: خەرمانان/ مانگی هەشتەم: گەلاوێژ/ مانگی نۆیەم: ڕەزبەر/ مانگی دەیەم: گەڵاڕێزان/ مانگی یانزەم: سەرماوەرز/ مانگی دوانزەم: بەفرانبار.

2- ئەم وەرگێڕانە لە 2017/11/1 بۆ 2018/8/30 کراوە.



https://t.me/kurdistanbooks

# Notes and Bibliographie

1. Thierry Desjardins, Le Martyre du LIban (Paris: Plon, 1976), p. 14.

2. K. M. Panikkar, Asia and Western Dominance (London: George Allen & Unwin, 1959).

3. Denys Hay, Europe: The Emergence of an Idea, 2nd ed. (Edinburgh: Edinburgh University Press, 1968).

4. Steven Marcus, The Other Victorians: A Study of Sexuality and Pornography in Mid-Nineteenth Century England (1966; reprint ed., New York: Bantam Books, 1967), pp. 200-19.

5. See my Criticism Between Culture and System (Cambridge, Mass.: Harvard University Press, forthcoming).

6. Principally in his American Power and the New Mandarins: Historical and Political Essays (New York: Pantheon Books, 1969) and For Reasons of State (New York: Pantheon Books, 1973).

7. Walter Benjamin, Charles Baudelaire: A Lyric Poet in the Era of High Capitalism, trans. Harry Zohn (London: New Left Books, 1973), p. 71.

8. Harry Bracken, 'Essence, Accident and Race,' Hermathena 116 (Winter 1973): 81-96.



https://t.me/kurdistanbooks

9. In an interview published in Diacritics 6, no. 3 (Fall 1976): 38.

10. Raymond Williams, The Long Revolution (London: Chatto & Windus, 1961), pp. 66-7.

11. In my Beginnings: Intention and Method (New York: Basic Books, 1975).

12. Louis Althusser, For Marx, trans. Ben Brewster (New York: Pantheon Books, 1969), pp. 65-7.

13. Raymond Schwab, La Renaissance orientale (Paris: Payot, 1950); Johann W. Fuck, Die Arabischen Studien in Europa bis in den An fang des 20. Jahrhunderts (Leipzig: Otto Harrassowitz, 1955); Dorothee MetBtzki, The Matter of Araby in Medieval England (New Haven, Conn.: Yale University Press, 1977).

14. E. S. Shaffer, 'Kubla Khan' and The Fall of Jerusalem: The Mythological School in Biblical Criticism and Secular Literature, 1770-1880 (Cambridge: Cambridge University Press, 1975).

15. George Eliot, Middlemarch: A Study of Provincial Life (1872; reprint ed., Boston: Houghton Mifflin Co., 1956), p. 164.

16. Antonio Gramsci, The Prison Notebooks: Selections, trans, and ed. Quintin Hoare and Geoffrey Nowell Smith (New York: International Pub-

355

356 Notes

Ushers, 1971), p. 324. The full passage, unavailable in the Hoare and Smith



https://t.me/kurdistanbooks

translation, is to be found in Gramsci, Quaderni del Carcere, ed. Valentino Gerratana (Turin: Einaudi Editore, 1975), 2: 1363.

17. Raymond Williams, Culture and Society, 1780-1950 (London: Chatto & Windus, 1958), p. 376.

Chapter 1. The Scope of Orientalism

1. This and the preceding quotations from Arthur James Balfour's speech to the House of Commons are from Great Britain, Parliamentary Debates (Commons), 5th ser., 17 (1910): 1140-46. See also A. P. Thornton, The Imperial Idea and Its Enemies: A Study in British Power (London: Mac-Millan & Co., 1959), pp. 357-60. Balfour's speech was a defense of Eldon Gorst's policy in Egypt; for a discussion of that see Peter John Dreyfus Mellini, 'Sir Eldon Gorst and British Imperial Policy in Egypt,' unpublished Ph.D. dissertation, Stanford University, 1971.

2. Denis Judd, Balfour and the British Empire: A Study in Imperial Evolution, 1874-1932 (London: MacMillan & Co., 1968), p. 286. See also p. 292: as late as 1926 Balfour spoke—without irony—of Egypt as an 'independent nation.'

3. Evelyn Baring, Lord Cromer, Political and Literary Essays, 1908-1913 (1913; reprint ed., Freepoit, N. Y.: Books for Libraries Press, 1969), pp. 40, 53, 12-14.

4. Ibid, p. 171.

5. Roger Owen, 'The Influence of Lord Cromer's Indian Experience on



https://t.me/kurdistanbooks

British Policy in Egypt 1883–1907,' in Middle Eastern Affairs, Number Four: St. Antony's Papers Number 17, ed. Albert Hourani (London: Oxford University Press, 1965), pp. 109–39.

6. Evelyn Baring, Lord Cromer, Modern Egypt (New York: Macmillan Co., 1908), 2: 146–67. For a British view of British policy in Egypt that runs totally counter to Cromer's, see Wilfrid Scawen Blunt, Secret History of the English Occupation of Egypt: Being a Personal Narrative of Events (New York: Alfred A. Knopf, 1922). There is a valuable discussion of Egyptian opposition to British rule in Mounah A. Khouri, Poetry and the Making of Modern Egypt, 1882–1922 (Leiden: E. J. Brill, 1971).

7. Cromer, Modern Egypt, 2: 164.

8. Cited in John Marlowe, Cromer in Egypt (London: Elek Books, 1970), p. 271.

9. Harry Magdoff, 'Colonialism (1763–c. 1970),' Encyclopaedia Britannica, 15th ed. (1974), pp. 893–4. See also D. K. Fieldhouse, The Colonial Empires: A Comparative Survey from the Eighteenth Century (New York: Delacorte Press, 1967), p. 178.

10. Quoted in Afaf Lutfi al-Sayyid, Egypt and Cromer: A Study in Anglo-Egyptian Relations (New York: Frederick A. Praeger, 1969), p. 3.

11. The phrase is to be found in Ian Hacking, The Emergence of Probability: A Philosophical Study of Early Ideas About Probability, Induction and Statistical Inference (London: Cambridge University Press, 1975), p. 17.



https://t.me/kurdistanbooks

12. V. G. Kiernan, The Lords of Human Kind: Black Man, Yellow Man, and White Man in an Age of Empire (Boston: Little, Brown & Co., 1969), p. 55.

Notes 357

13. Edgar Quinet, Le Ginie des religions, in Oeuvres complites (Paris: Paguerre, 1857), pp. 55–74.

14. Cromer, Political and Literary Essays, p. 35.

15. See Jonah Raskin, The Mythology of Imperialism (New York: Random House, 1971), p. 40.

16. Henry A. Kissinger, American Foreign Policy (New York: W. W. Norton & Co., 1974), pp. 48–9.

17. Harold W. Glidden, 'The Arab World,' American Journal of Psychiatry 128, no. 8 (February 1972): 984–8.

18. R. W. Southern, Western Views of Islam in the Middle Ages (Cambridge, Mass.: Harvard University Press, 1962), p. 72. See also Francis Dvornik, The Ecumenical Councils (New York: Hawthorn Books, 1961), pp. 65-6: 'Of special interest is the eleventh canon directing that chairs for teaching Hebrew, Greek, Arabic and Chaldean should be created at the main universities. The suggestion was Raymond Lull's, who advocated learning Arabic as the best means for the conversion of the Arabs. Although the canon remained almost without effect as there were few teachers of Oriental languages, its acceptance indicates the growth of the missionary idea



https://t.me/kurdistanbooks

in the West. Gregory X had already hoped for the conversion of the Mongols, and Franciscan friars had penetrated into the depths of Asia in their missionary zeal. Although these hopes were not fulfilled, the missionary spirit continued to develop.' See also Johann W. Fuck, Die Arabischen Studien in Europa bis in den Anfang des 20. Jahrhunderts (Leipzig: Otto Harrassowitz, 1955).

19. Raymond Schwab, La Renaissance orientate (Paris: Payot, 1950). See also V.-V. Barthold, La Dicouverte de l'Asie: Histoire de l'orientalisme en Europe et en Russie, trans. B. Nikitine (Paris: Payot, 1947), and the relevant pages in Theodor Benfey, Geschichte der Sprachwissenschaft und Orientalise hen Philologie in Deutschland (Munich: Gottafschen, 1869). For an instructive contrast see James T. Monroe, Islam and the Arabs in Spanish Scholarship (Leiden: E. J. Brill, 1970).

20. Victor Hugo, Oeuvres poitiques, ed. Pierre Albouy (Paris: Gallimard, 1964), 1: 580.

21. Jules Mohl, Vingt-sept Ans d'histoire des itudes orientates: Rapports faits a la Sociiti asiatique de Paris de 1840 a 1867, 2 vols. (Paris: Reinwald, 1879-80).

22. Gustave Dugat, Histoire des orientalistes de l'Europe du XII' au XIX' siicle, 2 vols. (Paris: Adrien Maisonneuve, 1868-70).

23. See Ren£ Gerard, L'Orient et la pensie romantique allemande (Paris: Didier, 1963), p. 112.



https://t.me/kurdistanbooks

24. Kiernan, Lords of Human Kind, p. 131.

25. University Grants Committee, Report of the Sub-Committee on Oriental, Slavonic, East European and African Studies (London: Her Majesty's Stationery Office, 1961).

26. H. A. R. Gibb, Area Studies Reconsidered (London: School of Oriental and African Studies, 1964).

27. See Claude Livi-Strauss, The Savage Mind (Chicago: University of Chicago Press, 1967), chaps. 1-7.

28. Gaston Bachelard, The Poetics of Space, trans. Maria Jolas (New York: Orion Press, 1964).

358 Notes

29. Southern, Western Views of Islam, p. 14.

30. Aeschylus, The Persians, trans. Anthony J. Podleck (Englewood Cliffs, N. J.: Prentice-Hall, 1970), pp. 73-4.

31. Euripides, The Bacchae, trans. Geoffrey S. Kirk (Englewood Cliffs, N. J.: Prentice-Hall, 1970), p. 3. For further discussion of the Europe-Orient distinction see Santo Mazzarino, Fra oriente e occidente: Ricerche di storia greca arcaica (Florence: La Nuova Italia, 1947), and Denys Hay, Europe: The Emergence of an Idea (Edinburgh: Edinburgh University Press, 1968).

32. Euripides, Bacchae, p. 52.

33. Ren6 Grousset, L'Empire du Levant: Histoire de la question tTOrient



https://t.me/kurdistanbooks

(Paris: Payot, 1946).

34. Edward Gibbon, The History of the Decline and Fall of the Roman Empire (Boston: Little, Brown 4 Co., 1855), 6: 399.

35. Norman Daniel, The Arabs and Medieval Europe (London: Longmans, Green & Co., 1975), p. 56.

36. Samuel C. Chew, The Crescent and the Rose: Islam and England During the Renaissance (New York: Oxford University Press, 1937), p. 103.

37. Norman Daniel, Islam and the West: The Making of an Image (Edinburgh: University Press, 1960), p. 33. See also James Kritzeck, Peter the Venerable and Islam (Princeton, N. J.: Princeton University Press, 1964).

38. Daniel, Islam and the West, p. 252.

39. Ibid., pp. 259–60.

40. See for example William Wistar Comfort, 'The Literary Role of the Saracens in the French Epic,' PMLA 55 (1940): 628–59.

41. Southern, Western Views of Islam, pp. 91–2, 108–9.

42. Daniel, Islam and the West, pp. 246, 96, and passim.

43. Ibid., p. 84.

44. Duncan Black Macdonald, 'Whither Islam?' Muslim World 23 (January 1933): 2.

45. P. M. Holt, Introduction to The Cambridge History of Islam, ed. P. M. Holt, Anne K. S. Lambton, and Bernard Lewis (Cambridge: Cambridge University Press, 1970), p. xvi.



https://t.me/kurdistanbooks

46. Antoine Galland, prefatory 'Discours' to Barthilemy d'Herbelot, Bibliothique orientale, ou Dictionnaire universel contenant tout ce qui fait connaitre les peuples de l'Orient (The Hague: Neaulme & van Daalen, 1777), 1: vii. Galland's point is that d'Herbelot presented real knowledge, not legend or myth of the sort associated with the 'marvels of the East.' See R. Wittkower, 'Marvels of the East: A Study in the History of Monsters,' Journal of the Warburg and Courtauld Institutes 5 (1942): 159-97.

47. Galland, prefatory 'Discours' to d'Herbelot, Bibliothique orientale, pp. xvi, xxxiii. For the state of Orientalist knowledge immediately before d'Herbelot, see V. J. Parry, 'Renaissance Historical Literature in Relation to the New and Middle East (with Special Reference to Paolo Giovio),' in Historians of the Middle East, ed. Bernard Lewis and P. M. Holt (London: Oxford University Press, 1962), pp. 277-89.

48. Barthold, La Dicouverte de 1'Asie, pp. 137-8.

49. D'Herbelot, Bibliothique orientale, 2: 648.

Notes 359

50. See also Montgomery Watt, 'Muhammad in the Eyes of the West,' Boston University Journal 22, no. 3 (Fall 1974): 61-9.

51. Isaiah Berlin, Historical Inevitability (London: Oxford University Press, 1955), pp. 13-14.

52. Henri Pirenne, Mohammed and Charlemagne, trans. Bernard Miall (New York: W. W. Norton & Co., 1939), pp. 234, 283.



https://t.me/kurdistanbooks

53. Quoted by Henri Baudet in Paradise on Earth: Some Thoughts on European Images of Non-European Man, trans. Elizabeth Wentholt (New Haven, Conn.: Yale University Press, 1965), p. xiii.

54. Gibbon, Decline and Fall of the Roman Empire, 6: 289.

55. Baudet, Paradise on Earth, p. 4.

56. See Fieldhouse, Colonial Empires, pp. 138-61.

57. Schwab, La Renaissance orientale, p. 30.

58. A. J. Arberry, Oriental Essays: Portraits of Seven Scholars (New York: Macmillan Co., 1960), pp. 30, 31.

59. Raymond Schwab, Vie d'Anquetil-Duperron suivie des Usages civils et religieux des Perses par Anquetil-Duperron (Paris: Ernest Leroux, 1934), pp. 10, 96, 4, 6.

60. Arberry, Oriental Essays, pp. 62-6.

61. Frederick Eden Pargiter, ed., Centenary Volume of the Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland 1823-1923 (London: Royal Asiatic Society, 1923), p. viii.

62. Quinet, Le Genie des religions, p. 47.

63. Jean Thiry, Bonaparte en Egypte dicembre 1797-24 aout 1799 (Paris: Berger-Levrault, 1973), p. 9.

64. Constantin-Franfois Volney, Voyage en Egypte et en Syrie (Paris: Bossange, 1821), 2: 241 and passim.

65. Napoleon, Campagnes d'Egypte et de Syrie, 1798-1799: Mimoires



https://t.me/kurdistanbooks

pour servir a 1'histoire de Napoleon (Paris: Comou, 1843), 1: 211.

66. Thiry, Bonaparte en Egypte, p. 126. See also Ibrahim Abu-Lughod, Arab Rediscovery of Europe:• A Study in Cultural Encounters (Princeton, N. J.: Princeton University Press, 1963), pp. 12-20.

67. Abu-Lughod, Arab Rediscovery of Europe, p. 22.

68. Quoted from Arthur Helps, The Spanish Conquest of America (London, 1900), p. 196, by Stephen J. Greenblatt, 'Learning to Curse: Aspects of Linguistic Colonialism in the Sixteenth Century,' in First Images of America: The Impact of the New World on the Old, ed. Fredi Chiapelli (Berkeley: University of California Press, 1976), p. 573.

69. Thiry, Bonaparte en Egypte, p. 200. Napoleon was not just being cynical. It is reported of him that he discussed Voltaire's Mahomet with Goethe, and defended Islam. See Christian Cherfils, Bonaparte et 1'lslam d'apris les documents frantais arabes (Paris: A. Pedone, 1914), p. 249 and passim.

70. Thiry, Bonaparte en Egypte, p. 434.

71. Hugo, Les Orientates, in Oeuvres poitiques, 1: 684.

72. Henri Dehirain, Silvestre de Sacy, ses contemporains et ses disciples (Paris: Paul Geuthner, 1938), p. v.

73. Description de l'Egypte, ou Recueil des observations et des recherches

360 Notes

qui ont iti faites in Egypte pendant Vexpedition de Formic franfaise, publii



https://t.me/kurdistanbooks

par les ordres de sa majesti Fempereur NapoUon le grand, 23 vols. (Paris:

Imprimerie imperiale, 1809-28).

74. Fourier, Priface historique, vol. 1 of Description de VEgypte, p. 1.

75. Ibid., p. iii.

76. Ibid., p. xcii.

77. £tienne Geoffroy Saint-Hilaire. Histoire naturelle des poissons du Nil,

vol. 17 of Description de FEgypte, p. 2.

78. M. de Chabrol, Essai sur les moeurs des habitants modernes de VEgypte,

vol. 14 of Description de FEgypte, p. 376.

79. This is evident in Baron Larrey, Notice sur la conformation physique

des igyptiens et des diffirentes races qui habitent en Egypte, suivie de quelques

reflexions sur l'embaumement des momies, vol. 13 of Description de

rEgypte.

80. Cited by John Marlowe, The Making of the Suez Canal (London:

Cresset Press, 1964), p. 31.

81. Quoted in John Pudney, Suez: De Lesseps' Canal (New York: Frederick

A. Praeger, 1969), pp. 141-2.

82. Marlowe, Making of the Suez Canal, p. 62.

83. Ferdinand de Lesseps, Lettres, journal et documents pour servir &

Fhistoire du Canal de Suez (Paris: Didier, 1881), 5: 310. For an apt characterization

of de Lesseps and Cecil Rhodes as mystics, see Baudet, Paradise



https://t.me/kurdistanbooks

on Earth, p. 68.

84. Cited in Charles Beatty, De Lesseps of Suez: The Man and His Times (New York: Harper & Brothers, 1956), p. 220.

85. De Lesseps, Lettres, journal et documents, 5: 17.

86. Ibid., pp. 324–33.

87. Hayden White, Metahistory: The Historical Imagination in Nineteenth-Century Europe (Baltimore: Johns Hopkins University Press, 1973), p. 12.

88. Anwar Abdel Malek, 'Orientalism in Crisis,' Diogenes 44 (Winter 1963):107–8.

89. Friedrich Schlegel, Vber die Sprache und Weisheit der Indier: Ein Beitrag zur Begrundung der Alteriumstunde (Heidelberg: Mohr & Zimmer, 1808), pp. 44–59; Schlegel, Philosophie der Geschichte: In achtzehn Vorlesungen

gehalten zu Wien im Jahre 1828, ed. Jean-Jacques Anstett, vol. 9 of Kritische Friedrich-Schlegel-Ausgabe, ed. Ernest Behler (Munich: Ferdinand Schoningh, 1971), p. 275.

90. Lion Poliakov, The Aryan Myth: A History of Racist and Nationalist Ideas in Europe, trans. Edmund Howard (New York: Basic Books, 1974).

91. See Derek Hopwood, The Russian Presence in Syria and Palestine, 1843–1943: Church and Politics in the Near East (Oxford: Clarendon Press, 1969).

92. A. L. Tibawi, British Interests in Palestine, 1800–1901 (London: Oxford



https://t.me/kurdistanbooks

University Press, 1961), p. 5.

93. Glrard de Nerval, Oeuvres, ed. Albert B6guin and Jean Richet (Paris: Gallimard, 1960), 1: 933.

94. Hugo, Oeuvres poitiques, 1: 580.

95. Sir Walter Scott, The Talisman (1825; reprint ed., London: J. M. Dent, 1914), pp. 38-9.



96. See Albert Hourani, 'Sir Hamilton Gibb, 1895-1971,' Proceedings of the British Academy 58 (1972): 495.

97. Quoted by B. R. Jerman, The Young Disraeli (Princeton, N. J.: Princeton University Press, 1960), p. 126. See also Robert Blake, Disraeli (London: Eyre & Spottiswoode, 1966), pp. 59–70.

98. Flaubert in Egypt: A Sensibility on Tour, trans, and ed. Francis Steegmuller (Boston: Little, Brown & Co., 1973), pp. 44–5. See Gustave Flaubert, Correspondance, ed. Jean Bruneau (Paris: Gallimard, 1973), 1: 542.

99. This is the argument presented in Carl H. Becker, Das Erbe der Antike im Orient und Okzident (Leipzig: Quelle & Meyer, 1931).

100. See Louis Massignon, La Passion d'al-Hosayn-ibn-Mansour al-Hallaj (Paris: Paul Geuthner, 1922).

101. Abdel Malek, 'Orientalism in Crisis,' p. 112.

102. H. A. R. Gibb, Modern Trends in Islam (Chicago: University of Chicago Press, 1947), p. 7.



https://t.me/kurdistanbooks

103. Gibb, Area Studies Reconsidered, pp. 12, 13.

104. Bernard Lewis, 'The Return of Islam,' Commentary, January 1976,

pp. 39–49.

105. See Daniel Lerner and Harold Lasswell, eds., The Policy Sciences:

Recent Developments in Scope and Method (Stanford, Calif.: Stanford University

Press, 1951).

106. Morroe Berger, The Arab World Today (Garden City, N. Y.: Doubleday

& Co., 1962), p. 158.

107. There is a compendium of such attitudes listed and criticized in Maxime

Rodinson, Islam and Capitalism, trans. Brian Pearce (New York: Pantheon

Books, 1973).

108. Ibrahim Abu-Lughod, 'Retreat from the Secular Path? Islamic Dilemmas

of Arab Politics,' Review of Politics 28, no. 4 (October 1966): 475.

Chapter 2. Orientalist Structures and Restructures

1. Gustave Flaubert, Bouvard et Picuchet, vol. 2 of Oeuvres, ed. A.

Thibaudet and R. Dumesnil (Paris: Gallimard, 1952), p. 985.

2. There is an illuminating account of these visions and Utopias in Donald

G. Charlton, Secular Jieligions in France, 1815–1870 (London: Oxford

University Press, 1963).

3. M. H. Abrams, Natural Supernaturalism: Tradition and Revolution in

Romantic Literature (New York: W. W. Norton & Co., 1971), p. 66.



https://t.me/kurdistanbooks

4. For some illuminating material see John P. Nash, 'The Connection of Oriental Studies with Commerce, Art, and Literature During the 18th–19th Centuries,' Manchester Egyptian and Oriental Society Journal 15 (1930): 33–9; also John F. Laffey, 'Roots of French Imperialism in the Nineteenth Century: The Case of Lyon,' French Historical Studies 6, no. 1 (Spring 1969): 78–92, and R. Leportier, L'Orient Porte des Indes (Paris: Editions France-Empire, 1970). There is a great deal of information in Henri Omont, Missions archiologiques franfaises en Orient aux XVII' et XV111' siicles, 2 vols. (Paris: Imprimerie nationale, 1902), and in Margaret T. Hodgen, Early Anthropology in the Sixteenth and Seventeenth Centuries (Philadelphia: University of Pennsylvania Press, 1964), as well as in Norman



Daniel, Islam, Europe and Empire (Edinburgh: University Press, 1966). Two indispensable short studies are Albert Hourani, 'Islam and the Philosophers of History,' Middle Eastern Studies 3, no. 3 (April 1967): 206–68, and Maxime Rodinson, 'The Western Image and Western Studies of Islam,' in The Legacy of Islam, ed. Joseph Schacht and C. E. Bosworth (Oxford: Clarendon Press, 1974), pp. 9–62.

5. P. M. Holt, 'The Treatment of Arab History by Prideaux, Ockley, and Sale,' in Historians of the Middle East, ed. Bernard Lewis and P. M. Holt (London: Oxford University Press, 1962), p. 302. See also Holt's The Study of Modern Arab History (London: School of Oriental and African Studies,



https://t.me/kurdistanbooks

1965).

6. The view of Herder as populist and pluralist is advocated by Isaiah Berlin, Vico and Herder: Two Studies in the History of Ideas (New York: Viking Press, 1976).

7. For a discussion of such motifs and representations, see Jean Starobinski, The Invention of Liberty, 1700-1789, trans. Bernard C. Smith (Geneva: Skira, 1964).

8. There are a small number of studies on this too-little-investigated subject. Some well-known ones are: Martha P. Conant, The Oriental Tale in England in the Eighteenth Century (1908; reprint ed., New York: Octagon Books, 1967); Marie E. de Meester, Oriental Influences in the English Literature of the Nineteenth Century, Anglistische Forschungen, no. 46 (Heidelberg, 1915); Byron Porter Smith, Islam in English Literature (Beirut: American Press, 1939). See also Jean-Luc Doutrelant, 'L'Orient tragique au XVIII' siicle,' Revue des Sciences Humaines 146 (April-June 1972): 255-82.

9. Michel Foucault, The Order of Things: An Archaeology of the Human Sciences (New York: Pantheon Books, 1970), pp. 138, 144. See also Francois Jacob, The Logic of Life: A History of Heredity, trans. Betty E. Spillmann (New York: Pantheon Books, 1973), p. 50 and passim, and Georges Canguilhem, La Connaissance de la vie (Paris: Gustave-Joseph Vrin, 1969), pp. 44-63.



https://t.me/kurdistanbooks

10. See John G. Burke, 'The Wild Man's Pedigree: Scientific Method and Racial Anthropology,' in The Wild Man Within: An Image in Western Thought from the Renaissance to Romanticism, ed. Edward Dudley and Maximillian E. Novak (Pittsburgh, Pa.: University of Pittsburgh Press, 1972), pp. 262-8. See also Jean Biou, 'Lumiires et anthropophagie,' Revue des Sciences Humaines 146 (April-June 1972): 223-34.

11. Henri Deh£rain, Silvestre de Sacy: Ses Contemporains et ses disciples (Paris: Paul Geuthner, 1938), p. 111.

12. For these and other details see ibid., pp. i-xxxiii.

13. Due de Broglie, 'filoge de Silvestre de Sacy,' in Sacy, Milanges de littirature orientale (Paris: E. Ducrocq, 1833), p. xii.

14. Bon Joseph Dacier, Tableau historique de Virudition fran(aise, ou Rapport sur les progris de Fhistoire et de la littirature ancienne depuis 1789 (Paris: Imprimerie impiriale, 1810), pp. 23, 35, 31.

15. Michel Foucault, Discipline and Punish: The Birth of the Prison, trans. Alan Sheridan (New York: Pantheon Books, 1977), pp. 193-4.

16. Broglie, 'Eloge de Silvestre de Sacy,' p. 107.

17. Sacy, Milanges de littirature orientale, pp. 107, 110, 111-12.

Notes 363

18. Silvestre de Sacy, Chrestomathie arabe, ou Extraits de divers icrivains arabes, lant en prose qu'en vers, avec une traduction franfaise et des notes,



https://t.me/kurdistanbooks

& 1'usage des Hives de l'Ecole royale et sptciale des langues orientates vivantes

(vol. 1, 1826; reprint ed., Osnabruck: Biblio Verlag, 1973), p. viii.

19. For the notions of 'supplementarity,' 'supply,' and 'supplication,' see

Jacques Derrida, De la grammatologie (Paris: Editions de Minuit, 1967), p.

203 and passim.

20. For a partial list of Sacy's students and influence see Johann W. Fuck,

Die Arabischen Studien in Europa bis in den Anfang des 20. Jahrhunderts

(Leipzig: Otto Harrassowitz, 1955), pp. 156-7.

21. Foucault's characterization of an archive can be found in The Archaeology

of Knowledge and the Discourse on Language, trans. A. M. Sheridan

Smith and Rupert Sawyer (New York: Pantheon Books, 1972), pp. 79-131.

Gabriel Monod, one of Renan's younger and very perspicacious contemporaries,

remarks that Renan was by no means a revolutionary in linguistics,

archaeology, or exegesis, yet because he had the widest and the most precise

learning of anyone in his period, he was its most eminent representative

(Renan, Taine, Michelet [Paris: Calmann-Livy, 1894], pp. 40-1). See also

Jean-Louis Dumas, 'La Philosophic de l'histoire de Renan,' Revue de Mitaphysique

et de Morale 77, no. 1 (January-March 1972): 100-28.

22. Honord de Balzac, Louis Lambert (Paris: Calmann-L6vy, n.d.), p. 4.

23. Nietzsche's remarks on philology are everywhere throughout his works.



https://t.me/kurdistanbooks

See principally his notes for 'Wir Philologen' taken from his notebooks for the period January–July 1875, translated by William Arrowsmith as 'Notes for 'We Philologists,'' Arion, N. S. Vi (1974): 279–380; also the passages on language and perspectivism in The Will to Power, trans. Walter Kaufmann and R. J. Hollingdale (New York: Vintage Books, 1968).

24. Ernest Renan, L'Avenir de la science: Pensies de 1848, 4th ed. (Paris: Calmann-Livy, 1890), pp. 141, 142-5, 146, 148, 149.

25. Ibid., p. xiv and passim.

26. The entire opening chapter—bk. 1, chap. 1—of the Histoire ginirale et systime compari des langues simitiques, in Oeuvres complites, ed. Henriette Psichari (Paris: Calmann-L6vy, 1947–61), 8: 143-63, is a virtual encyclopedia of race prejudice directed against Semites (i.e., Moslems and lews). The rest of the treatise is sprinkled generously with the same notions, as are many of Renan's other works, including L'Avenir de la science, especially Renan's notes.

27. Ernest Renan, Correspondance; 1846–1871 (Paris: Calmann-L<vy, 1926), 1: 7–12.

28. Ernest Renan, Souvenirs d'enfance et de jeunesse, in Oeuvres complites, 2: 892. Two works by Jean Pommier treat Renan's mediation between religion and philology in valuable detail: Renan, d'apris des documents inidits (Paris: Perrin, 1923), pp. 48-68, and La Jeunesse cliricale d'Ernest Renan (Paris: Les Belles Lettres, 1933). There is a more recent account in


https://t.me/kurdistanbooks

J- Chaix-Ruy, Ernest Renan (Paris: Emmanuel Vitte, 1956), pp. 89-111.

The standard description—done more in terms of Renan's religious vocation •—is still valuable also: Pierre Lasserre, La Jeunesse d'Ernest Renan: Histoire de la crise religieuse au XIX• siicle, 3 vols. (Paris: Gamier Frires, 1925).

In vol. 2, pp. 50-166 and 265-98 are useful on the relations between philology, philosophy, and science.

364 Notes

29. Ernest Renan, 'Des services rendus aux sciences historiques par la philologie,' in Oeuvres complites 8: 1228.

30. Renan, Souvenirs, p. 892.

31. Foucault, The Order of Things, pp. 290-300. Along with the discrediting of the Edenic origins of language, a number of other events—the Deluge, the building of the Tower Babel—also were discredited as explanations. The most comprehensive history of theories of linguistic origin is Arno Borst, Der Turmbau von Babel: Geschichte der Meinungen iiber Ursprung und Vielfall der Sprachen und Volker, 6 vols. (Stuttgart: Anton Hiersemann, 1957-63).

32. Quoted by Raymond Schwab, La Renaissance orientale (Paris: Payot, 1950), p. 69. On the dangers of too quickly succumbing to generalities about Oriental discoveries, see the reflections of the distinguished contemporary Sinologist Abel R6musat, Milanges postumes d'histoire et littirature orientales (Paris: Imprimerie royale, 1843), p. 226 and passim.



https://t.me/kurdistanbooks

33. Samuel Taylor Coleridge, Biographia Literaria, chap. 16, in Selected Poetry and Prose of Coleridge, ed. Donald A. Stauffer (New York: Random House, 1951), pp. 276–7.

34. Benjamin Constant, Oeuvres, ed. Alfred Roulin (Paris: Gallimard, 1957), p. 78.

35. Abrams, Natural Supernaturalism, p. 29.

36. Renan, De l'origine du langage, in Oeuvres complites, 8: 122.

37. Renan, 'De la part des peuples semitiques dans l'histoire de la civilisation,' in Oeuvres complites, 2: 320.

38. Ibid., p. 333.

39. Renan, 'Trois Professeurs au College de France: Etienne Quatremire,' in Oeuvres complites, 1: 129. Renan was not wrong about Quatremere, who had a talent for picking interesting subjects to study and then making them quite uninteresting. See his essays 'Le GoQt des livres chez les orientaux' and 'Des sciences chez les arabes,' in his Milanges cf histoire et de philologie orientales (Paris: E. Ducrocq, 1861), pp. 1–57.

40. Honori de Balzac, La Peau de chagrin, vol. 9 (Etudes philosophiques 1) of La Comidie humaine, ed. Marcel Bouteron (Paris: Gallimard, 1950), p. 39; Renan, Histoire ginirale des langues simitiques, p. 134.

41. See, for instance, De l'origine du langage, p. 102, and Histoire ginirale, p. 180.

42. Renan, L'Avenir de la science, p. 23. The whole passage reads as



https://t.me/kurdistanbooks

follows: 'Pour moi, je ne connais qu'un seul rtsultat & la science, c'est de risoudre l'enigme, c'est de dire difinitivement & l'homme le mot des choses, c'est de l'expliquer a lui-meme, c'est de lui donner, au nom de la seule autorite legitime qui est la nature humaine toute entiire, le symbole que les religions lui donnaient tout fait et qu'ils ne peut plus accepter.'

43. See Madeleine V.-David, Le Dibat sur les icritures et l'hiiroglyphe aux XVII' et XVIII' siicles et l'application de la notion de dichiffrement aux icritures mortes (Paris: S.E.V.P.E.N., 1965), p. 130.

44. Renan is mentioned only in passing in Schwab's La Renaissance orientale, not at all in Foucault's The Order of Things, and only somewhat disparagingly in Holger Pederson's The Discovery of Language: Linguistic Science in the Nineteenth Century, trans. John Webster Spargo (1931; reprint ed., Bioomington: Indiana University Press, 1972). Max Miiller in



his Lectures on the Science of Language (1861-64; reprint ed., New York: Scribner, Armstrong, & Co., 1875) and Gustave Dugat in his Histoire des orientalistes de l'Europe du XII' au XIX' siicle, 2 vols. (Paris: Adrien Maisonneuve, 1868-70) do not mention Renan at all. James Darmesteter's Essais Orientaux (Paris: A. L£vy, 1883)—whose first item is a history, 'L'Orientalisme en France'—is dedicated to Renan but does not mention his contribution. There are half-a-dozen short notices of Renan's production in Jules Mohl's encyclopedic (and extremely valuable) quasi-logbook, Vingtsept



https://t.me/kurdistanbooks

ans d'histoire des itudes orientates: Rapports faits a la Sociiti asiatique

de Paris de 1840 d 1867, 2 vols. (Paris: Reinwald, 1879-80).

45. In works dealing with race and racism Renan occupies a position of

some importance. He is treated in the following: Ernest Seilli&re, La Philosophie

de l'impirialisme, 4 vols. (Paris: Plon, 1903-8); Thtophile Simar, Etude

critique sur la formation de la doctrine des races au XVI11' siicle et son

expansion au XIX' siicle (Brussels: Hayez, 1922); Erich Voegelin, Rasse

und Staat (Tubingen: J. C. B. Mohr, 1933), and here one must also mention

his Die Rassenidee in der Geistesgeschichte von Ray bis Carus (Berlin:

Junker und Dunnhaupt, 1933), which, although it does not deal with Renan's

period, is an important complement to Rasse und Staaf, Jacques Barzun,

Race: A Study in Modern Superstition (New York: Harcourt, Brace 4 Co.,

1937).

46. In La Renaissance orientate Schwab has some brilliant pages on the

museum, on the parallelism between biology and linguistics, and on Cuvier,

Balzac, and others; see p. 323 and passim. On the library and its importance

for mid-nineteenth-century culture, see Foucault, 'La Bibliotheque fantastique,'

which is his preface to Flaubert's La Tentation de Saint Antoine

(Paris: Gallimard, 1971), pp. 7-33. I am indebted to Professor Eugenio

Donato for drawing my attention to these matters; see his 'A Mere Labyrinth

of Letters: Flaubert and the Quest for Fiction,' Modern Language



https://t.me/kurdistanbooks

Notes 89, no. 6 (December 1974): 885-910.

47. Renan, Histoire ginerale, pp. 145-6.

48. See L'Avenir de la science, p. 508 and passim.

49. Renan, Histoire ginirale, p. 214.

50. Ibid., p. 527. This idea goes back to Friedrich Schlegel's distinction between organic and agglutinative languages, of which latter type Semitic is an instance. Humboldt makes the same distinction, as have most Orientalists since Renan.

51. Ibid., pp. 531-2,

52. Ibid., p. 515 and passim.

53. See Jean Seznec, Nouvelles Etudes sur 'La Tentation de Saint Antoine' (London: Warburg Institute, 1949), p. 80.

54. See Etienne Geoffroy Saint-Hilaire, Philosophie anatomique: Des monstruositis humaines (Paris: published by the author, 1822). The complete title of Isidore Geoffroy Saint-Hilaire's work is: Histoire ginirale et particuliire des anomalies de l'organisation chez l'homme et les animaux, ouvrage comprenante des recherches sur les caractires, la classification, finfluence physiologique et pathologique, les rapports giniraux, les lois et les causes des monstruosites, des variitis et vices de conformation, ou traiti de tiratologie, 3 vols. (Paris: J.-B. Baillifcre, 1832-36). There are some valuable pages on Goethe's biological ideas in Erich Heller, The Disinherited Mind (New York: Meridian Books, 1959), pp. 3-34. See also Jacob, The



https://t.me/kurdistanbooks

Logic of Life, and Canguilhem, La Connaissance de la vie, pp. 174-84, for



very interesting accounts of the Saint-Hilaires' place in the development of the life sciences.

55. E. Saint-Hilaire, Philosophic analomique, pp. xxii-xxiii.

56. Renan, Histoire ginirale, p. 156.

57. Renan, Oeuvres complites, 1: 621-2 and passim. See H. W. Wardman, Ernest Renan: A Critical Biography (London: Athlone Press, 1964), p. 66 and passim, for a subtle description of Renan's domestic life; although one would not wish to force a parallel between Renan's biography and what I have called his 'masculine' world, Wardman's descriptions here are suggestive indeed—at least to me.

58. Renan, 'Des services rendus au sciences historiques par la philologie,' in Oeuvres complites, 8: 1228, 1232.

59. Ernst Cassirer, The Problem of Knowledge: Philosophy, Science, and History since Hegel, trans. William H. Woglom and Charles W. Hendel (New Haven, Conn.: Yale University Press, 1950), p. 307.

60. Renan, 'Riponse au discours de reception de M. de Lesseps (23 avril 1885),' in Oeuvres complites, 1: 817. Yet the value of being truly contemporary was best shown with reference to Renan by Sainte-Beuve in his articles of June 1862. See also Donald G. Charlton, Positivist Thought in France During the Second Empire (Oxford: Clarendon Press, 1959), and



https://t.me/kurdistanbooks

his Secular Religions in France. Also Richard M. Chadbourne, 'Renan and Sainte-Beuve,' Romanic Review 44, no. 2 (April 1953): 126-35.

61. Renan, Oeuvres complites, 8: 156.

62. In his letter of June 26, 1856, to Gobineau, Oeuvres complites, 10: 203-4. Gobineau's ideas were expressed in his Essai sur rinigaliti des races humaines (1853-55).

63. Cited by Albert Hourani in his excellent article 'Islam and the Philosophers of History,' p. 222.

64. Caussin de Perceval, Essai sur l'histoire des Arabes avant l'Islamisme, pendant l'ipoque de Mahomet et jusqu'd la riduction de toutes les tribus sous la loi musulmane (1847-48; reprint ed., Graz, Austria: Akademische Druck- und Verlagsanstalt, 1967), 3: 332-9.

65. Thomas Carlyle, On Heroes, Hero-Worship, and the Heroic in History (1841; reprint ed., New York: Longmans, Green & Co., 1906), p. 63.

66. Macaulay's Indian experiences are described by G. Otto Trevelyan, The Life and Letters of Lord Macaulay (New York: Harper 4 Brothers, 1875), 1: 344-71. The complete text of Macaulay's 'Minute' is conveniently to be found in Philip D. Curtin, ed., Imperialism: The Documentary History of Western Civilization (New York: Walker 4 Co., 1971), pp. 178-91. Some consequences of Macaulay's views for British Orientalism are discussed in A. J. Arberry, British Orientalists (London: William Collins, 1943).

67. John Henry Newman, The Turks in Their Relation to Europe, vol. 1 of



https://t.me/kurdistanbooks

his Historical Sketches (1853; reprint ed., London: Longmans, Green 4 Co., 1920).

68. See Marguerite-Louise Ancelot, Salons de Paris, foyers iteints (Paris: Jules Tardieu, 1858).

69. Karl Marx, Surveys from Exile, ed. David Fembach (London: Pelican Books, 1973), pp. 306-7.

70. Ibid., p. 320.



71. Edward William Lane, Author's Preface to An Account of the Manners and Customs of the Modem Egyptians (1836; reprint ed., London: J. M. Dent, 1936), pp. xx, xxi.

72. Ibid., p. 1.

73. Ibid., pp. 160-1. The standard biography of Lane, published in 1877, was by his great-nephew, Stanley Lane-Poole. There is a sympathetic account of Lane by A. J. Arberry in his Oriental Essays: Portraits of Seven Scholars (New York: Macmillan Co., 1960), pp. 87-121.

74. Frederick Eden Pargiter, ed., Centenary .Volume of the Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland, 1823-1923 (London: Royal Asiatic Society, 1923), p. x.

75. SocttU asiatique: Livre du centenaire, 1822-1922 (Paris: Paul Geuthner, 1922), pp. 5-6.

76. Johann Wolfgang von Goethe, Westdstlicher Diwan (1819; reprint



https://t.me/kurdistanbooks

ed., Munich: Wilhelm Golmann, 1958), pp. 8-9, 12. Sacy's name is invoked with veneration in Goethe's apparatus for the Diwan.

77. Victor Hugo, Les Orientales, in Oeuvres poitiques, ed. Pierre Albouy (Paris: Gallimard, 1964), 1: 616-18.

78. Francois-Rend de Chateaubriand, Oeuvres romanesques et voyages, ed. Maurice Regard (Paris: Gallimard, 1969), 2: 702.

79. See Henri Bordeaux, Voyageurs d'Orient: Des pterins aux mtharistes de Palmyre (Paris: Plon, 1926). I have found useful the theoretical ideas about pilgrims and pilgrimages contained in Victor Turner, Dramas, Fields, and Metaphors: Symbolic Action in Human Society (Ithaca, N.Y.: Cornell University Press, 1974), pp. 166-230.

80. Hassan al-Nouty, Le Proche-Orient dans la literature franfaise de Nerval a Barres (Paris: Nizet, 1958), pp. 47-8, 277, 272.

81. Chateaubriand, Oeuvres, 2: 702 and note, 1684, 769-70, 769, 701, 808, 908.

82. Ibid., pp. 1011, 979, 990, 1052.

83. Ibid., p. 1069.

84. Ibid., p. 1031.

85. Ibid., p. 999.

86. Ibid., pp. 1126-27, 1049.

87. Ibid., p. 1137.

88. Ibid., pp. 1148, 1214.



https://t.me/kurdistanbooks

89. Alphonse de Lamartine, Voyage en Orient (1835; reprint ed., Paris: Hachette, 1887), 1: 10, 48-9, 179, 178, 148, 189, 118, 245-6, 251.

90. Ibid., 1: 363; 2: 74-5; 1: 475.

91. Ibid., 2: 92-3.

92. Ibid., 2: 526-7, 533. Two important works on French writers in the Orient are Jean-Marie Carre, Voyageurs et ecrivains frangais en Egypte, 2 vols. (Cairo: Institut frangais d'archdologie orientale, 1932), and Moenis Taha -Hussein, Le Romantisme frangais et Vlslam (Beirut: Dar-el-Maeref, '9 6 2 ).

93. Gerard de Nerval, Les Filles du feu, in Oeuvres, ed. Albert Bdguin and Jean Richet (Paris: Gallimard, 1960), 1: 297-8.

Mario Praz, The Romantic Agony, trans. Angus Davison (Cleveland, °hio: World Publishing Co., 1967).

368 Notes

95. Jean Bruneau, Le 'Conte Orientale' de Flaubert (Paris: Denoel, 1973), p. 79.

96. These are all considered by Bruneau in ibid.

97. Nerval, Voyage en Orient, in Oeuvres, 2: 68, 194, 96, 342.

98. Ibid., p. 181.

99. Michel Butor, 'Travel and Writing,' trans. John Powers and K. Lisker, Mosaic 8, no. 1 (Fall 1974): 13.

100. Nerval, Voyage en Orient, p. 628.



https://t.me/kurdistanbooks

101. Ibid., pp. 706, 718.

102. Flaubert in Egypt: A Sensibility on Tour, trans, and ed. Francis Steegmuller (Boston: Little, Brown & Co., 1973), p. 200. I have also consulted the following texts, in which all Flaubert's 'Oriental' material is to be found: Oeuvres completes de Gustave Flaubert (Paris: Club de 1'Honnete homme, 1973), vols. 10, 11; Les Lettres d'Egypte, de Gustave Flaubert, ed. A. Youssef Naaman (Paris: Nizet, 1965); Flaubert, Correspondance, ed. Jean Bruneau (Paris, Gallimard, 1973), 1: 518 ff.

103. Harry Levin, The Gates of Horn: A Study of Five French Realists (New York: Oxford University Press, 1963), p. 285.

104. Flaubert in Egypt, pp. 173, 75.

105. Levin, Gates of Horn, p. 271.

106. Flaubert, Catalogue des opinions chic, in Oeuvres, 2: 1019.

107. Flaubert in Egypt, p. 65.

108. Ibid., pp. 220, 130.

109. Flaubert, La Tentation de Saint Antoine, in Oeuvres, 1: 85.

110. See Flaubert, Salammbo, in Oeuvres, 1: 809 ff. See also Maurice Z. Shroder, 'On Reading Salammbi3,' VEsprit createur 10, no. 1 (Spring 1970): 24–35.

111. Flaubert in Egypt, pp. 198–9.

112. Foucault, 'La Bibliotheque fantastique,' in Flaubert, La Tentation de Saint Antoine, pp. 7–33.



https://t.me/kurdistanbooks

113. Flaubert in Egypt, p. 79.

114. Ibid., pp. 211–2.

115. For a discussion of this process see Foucault, Archaeology of Knowledge,; also Joseph Ben-David, The Scientist's Role in Society (Englewood Cliffs, N.J.: Prentice-Hall, 1971). See also Edward W. Said, 'An Ethics of Language,' Diacritics 4, no. 2 (Summer 1974): 28-37.

116. See the invaluable listings in Richard Bevis, Bibliotheca Cisorientalia: An Annotated Checklist of Early English Travel Books on the Near and Middle East (Boston: G. K. Hall & Co., 1973).

117. For discussions of the American travelers see Dorothee Metlitski Finkelstein, Melville's Orienda (New Haven, Conn.: Yale University Press, 1961), and Franklin Walker, Irreverent Pilgrims: Melville, Browne, and Mark Twain in the Holy Land (Seattle; University of Washington Press, 1974).

118. Alexander William Kinglake, Eothen, or Traces of Travel Brought Home from the East, ed. D. G. Hogarth (1844; reprint ed., London: Henry Frowde, 1906), pp. 25, 68, 241, 220.

119. Flaubert in Egypt, p. 81.

Notes 369

120. Thomas J. Assad, Three Victorian Travellers: Burton, Blunt and Doughty (London: Routledge & Kegan Paul, 1964), p. 5.

121. Richard Burton, Personal Narrative of a Pilgrimage to al-Madinah



https://t.me/kurdistanbooks

and Meccah, ed. Isabel Burton (London: Tylston & Edwards, 1893), 1: 9, 108–10.

122. Richard Burton, 'Terminal Essay,' in The Book of the Thousand and One Nights (London: Burton Club, 1886), 10: 63–302.

123. Burton, Pilgrimage, 1: 112, 114.

Chapter 3. Orientalism Now

1. Friedrich Nietzsche, 'On Truth and Lie in an Extra-Moral Sense,' in The Portable Nietzsche, ed. and trans. Walter Kaufmann (New York: Viking Press, 1954), pp. 46–7.

2. The number of Arab travelers to the West is estimated and considered by Ibrahim Abu-Lughod in Arab Rediscovery of Europe: A Study in Cultural Encounters (Princeton, N.J.: Princeton University Press, 1963), pp. 75–6 and passim.

3. See Philip D. Curtin, ed., Imperialism: The Documentary History of Western Civilization (New York: Walker & Co., 1972), pp. 73–105.

4. See Johann W. Fuck, 'Islam as an Historical Problem in European Historiography since 1800,' in Historians of the Middle East, ed. Bernard Lewis and P. M. Holt (London: Oxford University Press, 1962), p. 307.

5. Ibid., p. 309.

6. See Jacques Waardenburg, L'Islam dans le miroir de l'Occident (The Hague: Mouton & Co., 1963).

7. Ibid., p. 311.


https://t.me/kurdistanbooks

8. P. Masson-Oursel, 'La Connaissance scientifique de l'Asie en France depuis 1900 et les varidtes de l'Orientalisme,' Revue Philosophique 143, nos. 7-9 (July-September 1953): 345.

9. Evelyn Baring, Lord Cromer, Modern Egypt (New York: Macmillan Co., 1908), 2: 237-8.

10. Evelyn Baring, Lord Cromer, Ancient and Modern Imperialism (London: John Murray, re 10), pp. 118, 120.

11. George Nathaniel Curzon, Subjects of the Day: Being a Selection of Speeches and Writings (London: George Allen & Unwin, 1915), pp. 4-5, 10, 28.

12. Ibid., pp. 184, 191-2. For the history of the school, see C. H. Phillips, The School of Oriental and African Studies, University of London, 1917-1967: An Introduction (London: Design for Print, 1967).

13. Eric Stokes, The English Utilitarians and India (Oxford: Clarendon Press, 1959).

14. Cited in Michael Edwardes, High Noon of Empire: India Under Curzon (London: Eyre & Spottiswoode, 1965), pp. 38-9.

15. Curzon, Subjects of the Day, pp. 155-6.

16. Joseph Conrad, Heart of Darkness, in Youth and Two Other Stories (Garden City, N.Y.: Doubleday, Page, 192.5), p. 52.

370 Notes

17. For an illustrative extract from de Vattel's work see Curtin, ed.. Imperialism,

pp. 42-5.

18. Cited by M. de Caix, La Syrie in Gabriel Hanotaux, Histoire des colonies franfaises, 6 vols. (Paris: Soci&i de l'histoire nationale, 1929-33), 3: 481.

19. These details are to be found in Vernon McKay, 'Colonialism in the French Geographical Movement,' Geographical Review 33, no. 2 (April 1943): 214-32.

20. Agnes Murphy, The Ideology of French Imperialism, 1817-1881 (Washington: Catholic University of America Press, 1948), pp. 46, 54, 36, 45.

21. Ibid., pp. 189, 110, 136.

22. Jukka Nevakivi, Britain, France, and the Arab Middle East, 1914-1920 (London: Athlone Press, 1969), p. 13.

23. Ibid., p. 24.

24. D. G. Hogarth, The Penetration of Arabia: A Record of the Development of Western Knowledge Concerning The Arabian Peninsula (New York: Frederick A. Stokes, 1904). There is a good recent book on the same subject: Robin Bidwell, Travellers in Arabia (London: Paul Hamlyn, 1976).

25. Edmond Bremond, Le Hedjaz dans la guerre mondiale (Paris: Payot, 1931), pp. 242 ff.

26. Le Comte de Cressaty, Les Intfrets de la France en Syrie (Paris: Floury, 1913).



https://t.me/kurdistanbooks

27. Rudyard Kipling, Verse (Garden City, N.Y.: Doubleday & Co., 1954), p. 280.

28. The themes of exclusion and confinement in nineteenth-century culture have played an important role in Michel Foucault's work, most recently in his Discipline and Punish: The Birth of the Prison (New York: Pantheon Books, 1977), and The History of Sexuality, Volume I: An Introduction (New York: Pantheon Books, 1978).

29. The Letters of T. E. Lawrence of Arabia, ed. David Garnett (1938; reprint ed., London: Spring Books, 1964), p. 244.

30. Gertrude Bell, The Desert and the Sown (London: William Heinemann, 1907), p. 244.

31. Gertrude Bell, From Her Personal Papers, 1889-1914, ed. Elizabeth Burgoyne (London: Ernest Benn, 1958), p. 204.

32. William Butler Yeats, "Byzantium," The Collected Poems (New York: Macmillan Co., 1959), p. 244.

33. Stanley Diamond, In Search of the Primitive: A Critique of Civilization (New Brunswick, N.J.: Transaction Books, 1974), p. 119.

34. See Harry Bracken, "Essence, Accident and Race," Hermathena 116 (Winter 1973): pp. 81-96.

35. George Eliot, Middlemarch: A Study of Provincial Life (1872; reprint ed., Boston: Houghton Mifflin Co., 1956), p. 13.

36. Lionel Trilling, Matthew Arnold (1939; reprint ed.. New York: Meridian



https://t.me/kurdistanbooks

Books, 1955), p. 214.

37. See Hannah Arendt, The Origins of Totalitarianism (New York: Harcourt Brace Jovanovich, 1973), p. 180, note 55.

38. W. Robertson Smith, Kinship and Marriage in Early Arabia, ed.



Stanley Cook (1907; reprint ed., Oesterhout, N.B.: Anthropological Publications, 1966), pp. xiii, 241.

39. W. Robertson Smith, Lectures and Essays, ed. John Sutherland Black and George Chrystal (London: Adam & Charles Black, 1912), pp. 492–3.

40. Ibid., pp. 492, 493, 511, 500, 498–9.

41. Charles M. Doughty, Travels in Arabia Deserta, 2nd ed., 2 vols. (New York: Random House, n.d.), 1: 95. See also the excellent article by Richard Bevis, 'Spiritual Geology: C. M. Doughty and the Land of the Arabs,' Victorian Studies 16 (December 1972), 163–81.

42. T. E. Lawrence, The Seven Pillars of Wisdom: A Triumph (1926; reprint ed., Garden City, N.Y.: Doubleday, Doran & Co., 1935), p. 28.

43. For a discussion of this see Talal Asad, 'Two European Images of Non-European Rule,' in Anthropology and the Colonial Encounter, ed. Talal Asad (London: Ithaca Press, 1975), pp. 103–18.

44. Arendt, Origins of Totalitarianism, p. 218.

45. T. E. Lawrence, Oriental Assembly, ed. A. W. Lawrence (New York: E. P. Dutton & Co., 1940), p. 95.



https://t.me/kurdistanbooks

46. Cited in Stephen Ely Tabachnick, 'The Two Veils of T. E. Lawrence,' Studies in the Twentieth Century 16 (Fall 1975): 96–7.

47. Lawrence, Seven Pillars of Wisdom, pp. 42–3, 661.

48. Ibid., pp. 549, 550–2.

49. E. M. Forster, A Passage to India (1924; reprint ed., New York: Harcourt, Brace & Co., 1952), p. 322.

50. Maurice Barr&s, Une Enquete aux pays du Levant (Paris: Plon, 1923), 1: 20; 2: 181, 192, 193, 197.

51. D. G. Hogarth, The Wandering Scholar (London: Oxford University Press, 1924). Hogarth describes his style as that of 'the explorer first and the scholar second' (p. 4).

52. Cited by H. A. R. Gibb, 'Structure of Religious Thought in Islam,' in his Studies on the Civilization of Islam, ed. Stanford J. Shaw and William R. Polk (Boston: Beacon Press, 1962), p. 180.

53. Frdddric Leftvre, 'Une Heure avec Sylvain Livi,' in Memorial Sylvain Livi, ed. Jacques Bacot (Paris: Paul Hartmann, 1937), pp. 123–4.

54. Paul Val6ry, Oeuvres, ed. Jean Hytier (Paris: Gallimard, 1960), 2: 1556–7.

55. Cited in Christopher Sykes, Crossroads to Israel (1965; reprint ed., Bloomington: Indiana University Press, 1973), p. 5.

56. Cited in Alan Sandison, The Wheel of Empire: A Study of the Imperial Idea in Some Late Nineteenth and Early Twentieth Century Fiction (New



https://t.me/kurdistanbooks

York: St. Martin's Press, 1967), p. 158. An excellent study of the French equivalent is Martine Astier Loutfi, Littfrature et colonialisme: L'Expansion coloniale vue dans la littirature romanesque franfaise, 1871-1914 (The Hague: Mouton & Co., 1971).

57. Paul Valdry, Variiti (Paris: Gallimard, 1924), p. 43.

58. George Orwell, 'Marrakech,' in A Collection of Essays (New York: Doubleday Anchor Books, 1954), p. 187.

59. Valentine Chirol, The Occident and the Orient (Chicago: University of Chicago Press, 1924), p. 6.

372 Notes

60. filie Faure, 'Orient et Occident,' Mercure de France 229 (July 1-August 1, 1931): 263, 264, 269, 270, 272.

61. Fernand Baldensperger, 'Oil s'affrontent l'Orient et l'Occident intellectuels,' in Etudes <f histoire littiraire, 3rd ser. (Paris: Droz, 1939), p. 230.

62. I. A. Richards, Mencius on the Mind: Experiments in Multiple Definitions (London: Routledge & Kegan Paul, 1932), p. xiv.

63. Selected Works of C. Snouck Hurgronje, ed. G. H. Bousquet and J. Schacht (Leiden: E. J. Brill, 1957), p. 267.

64. H. A. R. Gibb, 'Literature,' in The Legacy of Islam, ed. Thomas Arnold and Alfred Guillaume (Oxford: Clarendon Press, 1931), p. 209.

65. The best general account of this period in political, social, economic, and cultural terms is to be found in Jacques Berque, Egypt: Imperialism and



https://t.me/kurdistanbooks

Revolution, trans. Jean Stewart (New York: Praeger Publishers, 1972).

66. There is a useful account of the intellectual project informing their work in Arthur R. Evans, Jr.,ed.,On Four Modern Humanists: Hofmannsthal, Gundolf, Curtius, Kantorowicz (Princeton, N J . : Princeton University Press, 1970).

67. Erich Auerbach, Mimesis: The Representation of Reality in Western Literature, trans. Willard R. Trask (1946; reprint ed., Princeton, N.J.: Princeton University Press, 1968), and his Literary Language and Its Public in Late Latin Antiquity and in the Middle Ages, trans. Ralph Manheim (New York: Bollingen Books, 1965).

68. Erich Auerbach, 'Philology and Weltliteratur,' trans. M. and E. W. Said, Centennial Review 13, no. 1 (Winter 1969): 11.

69. Ibid., p. 17.

70. For example, in H. Stuart Hughes, Consciousness and Society: The Reconstruction of European Social Thought, 1890–1930 (1958; reprint ed.. New York: Vintage Books, 1961).

71. See Anwar Abdel Malek, 'Orientalism in Crisis,' Diogenes 44 (Winter 1963): 103–40.

72. R. N. Cust, 'The International Congresses of Orientalists,' Hellas 6, no. 4 (1897): 349.

73. See W. F. Wertheim, 'Counter-insurgency Research at the Turn of the Century—Snouck Hurgronje and the Acheh War,' Sociologische Gids 19



https://t.me/kurdistanbooks

(September-December 1972).

74. Sylvain Livi, 'Les Parts respectives des nations occidentales dans les progr&s de l'indianisme,' in Memorial Sylvain Uvi, p. 116.

75. H. A. R. Gibb, 'Louis Massignon (1882-1962),' Journal of the Royal Asiatic Society (1962), pp. 120, 121.

76. Louis Massignon, Opera Minora, ed. Y. Moubarac (Beirut: Dar-el-Maaref, 1963), 3: 114. I have used the complete bibliography of Massignon's work by Moubarac: L'Oeuvre de Louis Massignon (Beirut: Editions du Cinacle libanais, 1972-73).

77. Massignon, 'L'Occident devant l'Orient: Primauti d'une solution culturelle,' in Opera Minora, 1: 208-23.

78. Ibid., p. 169.

79. See Waardenburg, L'Islam dans le miroir de l'Occident, pp. 147, 183, 186, 192, 211, 213.

80. Massignon, Opera Minora, 1: 227.



81. Ibid., p. 355.

82. Quoted from Massignon's essay on Biruni in Waardenburg, L'Islam dans le miroir de TOccident, p. 225.

83. Massignon, Opera Minora, 3: 526.

84. Ibid., pp. 610-11.

85. Ibid., p. 212. Also p. 211 for another attack on the British, and pp.



https://t.me/kurdistanbooks

423—7 for his assessment of Lawrence.

86. Quoted in Waardenburg, L'Islam dans le miroir de TOccident, p. 219.

87. Ibid., pp. 218–19.

88. See A. L. Tibawi, 'English-Speaking Orientalists: A Critique of Their Approach to Islam and Arab Nationalism, Part I,' Islamic Quarterly 8, nos. 1, 2 (January–June 1964): 25-44; 'Part II,' Islamic Quarterly 8, nos. 3, 4 (July-December 1964): 73-88.

89. 'Une figure domine tous les genres [of Orientalist work], celle de Louis Massignon': Claude Cahen and Charles Pellat, 'Les Etudes arabes et islamiques,' Journal asiatique 261, nos. 1, 4 (1973): 104. There is a very detailed survey of the Islamic-Orientalist field to be found in Jean Sauvaget, Introduction a l'histoire de VOrient musulman: Elements de bibliographic, ed. Claude Cahen (Paris: Adrien Maisonneuve, 1961).

90. William Polk, 'Sir Hamilton Gibb Between Orientalism and History,' International Journal of Middle East Studies 6, no. 2 (April 1975): 131-9. I have used the bibliography of Gibb's work in Arabic and Islamic Studies in Honor of Hamilton A. R. Gibb, ed. George Makdisi (Cambridge, Mass.: Harvard University Press, 1965), pp. 1-20.

91. H. A. R. Gibb, 'Oriental Studies in the United Kingdom,' in The Near East and the Great Powers, ed. Richard N. Frye (Cambridge, Mass.: Harvard University Press, 1951), pp. 86–7.

92. Albert Hourani, 'Sir Hamilton Gibb, 1895–1971,' Proceedings of the



https://t.me/kurdistanbooks

British Academy 58 (1972): p. 504.

93. Duncan Black Macdonald, The Religious Attitude and Life in Islam (1909; reprint ed., Beirut: Khayats Publishers, 1965), pp. 2-11.

94. H. A. R. Gibb, 'Whither Islam?' in Whither Islam? A Survey of Modern Movements in the Moslem World, ed. H. A. R. Gibb (London: Victor Gollancz, 1932), pp. 328, 387.

95. Ibid., p. 335.

96. Ibid., p. 377. -

97. H. A. R. Gibb, 'The Influence of Islamic Culture on Medieval Europe,' John Rylands Library Bulletin 38, no. 1 (September 1955): 98.

98. H. A. R. Gibb, Mohammedanism: An Historical Survey (London: Oxford University Press, 1949), pp. 2, 9, 84.

99. Ibid., pp. 111,88, 189.

100. H. A. R. Gibb, Modern Trends in Islam (Chicago: University of Chicago Press, 1947), pp. 108, 113, 123.

101. Both essays are to be found in Gibb's Studies on the Civilization of Islam, pp. 176-208 and 3-33.

102. R. Emmett Tyrell, Jr., 'Chimera in the Middle East,' Harper's, November 1976, pp. 35-8.

103. Cited in Ayad al-Qazzaz, Ruth Afiyo, et al., The Arabs in American Textbooks, California State Board of Education, June 1975, pp. 10, 15.



https://t.me/kurdistanbooks

104. 'Statement of Purpose,' MESA Bulletin 1, no. 1 (May 1967): 33.

105. Morroe Berger, 'Middle Eastern and North African Studies: Developments and Needs,' MESA Bulletin 1, no. 2 (November 1967): 16.

106. Menachem Mansoor, 'Present State of Arabic Studies in the United States,' in Report on Current Research 1958, ed. Kathleen H. Brown (Washington: Middle East Institute, 1958), pp. 55-6.

107. Harold Lasswell, 'Propaganda,' Encyclopedia of the Social Sciences (1934), 12: 527. I owe this reference to Professor Noam Chomsky.

108. Marcel Proust, The Guermantes Way, trans. C. K. Scott Moncrieff (1925; reprint ed., New York: Vintage Books, 1970), p. 135.

109. Nathaniel Schmidt, 'Early Oriental Studies in Europe and the Work of the American Oriental Society, 1842–1922,' Journal of the American Oriental Society 43 (1923): 11. See also E. A. Speiser, 'Near Eastern Studies in America, 1939–45,' Archiv Orientalni 16 (1948): 76–88.

110. As an instance there is Henry Jessup, Fifty-Three Years in Syria, 2 vols. (New York: Fleming H. Revell, 1910).

111. For the connection between the issuing of the Balfour Declaration and United States war policy, see Doreen Ingrams, Palestine Papers 1917–1922: Seeds of Conflict (London: Cox & Syman, 1972), pp. 10 ff.

112. Mortimer Graves, 'A Cultural Relations Policy in the Near East,' in The Near East and the Great Powers, ed. Frye, pp. 76, 78.



https://t.me/kurdistanbooks

113. George Camp Keiser, 'The Middle East Institute: Its Inception and Its Place in American International Studies,' in The Near East and the Great Powers, ed. Frye, pp. 80, 84.

114. For an account of this migration, see The Intellectual Migration: Europe and America, 1930–1960, ed. Donald Fleming and Bernard Bailyn (Cambridge, Mass.: Harvard University Press, 1969).

115. Gustave von Grunebaum, Modern Islam: The Search for Cultural Identity (New York: Vintage Books, 1964), pp. 55, 261.

116. Abdullah Laroui, 'Pour une m£thodologie des itudes islamiques: L'Islam au miroir de Gustave von Grunebaum,' Diogine 38 (July-September 1973): 30. This essay has been collected in Laroui's The Crisis of the Arab Intellectuals: Traditionalism or Historicism? trans. Diarmid Cammell (Berkeley: University of California Press, 1976).

117. David Gordon, Self-Determination and History in the Third World (Princeton, N.J.: Princeton University Press, 1971).

118. Laroui, 'Pour une mithodologie des 6tudes islamiques,' p. 41.

119. Manfred Halpern, 'Middle East Studies: A Review of the State of the Field with a Few Examples,' World Politics 15 (October 1962): 121-2.

120. Ibid., p. 117.

121. Leonard Binder, '1974 Presidential Address,' MESA Bulletin 9, no. 1 (February 1975): 2.

122. Ibid., p. 5.



https://t.me/kurdistanbooks

123. 'Middle East Studies Network in the United States,' MER1P Reports 38 (June 1975): 5.

124. The two best critical reviews of the Cambridge History are by Albert Hourani, The English Historical Review 87, no. 343 (April 1972): 348–57, and Roger Owen, Journal of Interdisciplinary History 4, no. 2 (Autumn 1973): 287–98.



125. P. M. Holt, Introduction, The Cambridge History of Islam, ed. P. M. Holt, Anne K. S. Lambton, and Bernard Lewis, 2 vols. (Cambridge: Cambridge University Press, 1970), 1: xi.

126. D. Sourdel, 'The Abbasid Caliphate,' Cambridge History of Islam, ed. Holt et al., 1: 121.

127. Z. N. Zeine, 'The Arab Lands,' Cambridge History of Islam, ed. Holt et al., 1: 575.

128. Dankwart A. Rustow, 'The Political Impact of the West,' Cambridge History of Islam, ed. Holt et al., 1: 697.

129. Cited in Ingrams, Palestine Papers, 1917–1922, pp. 31–2.

130. Robert Alter, 'Rhetoric and the Arab Mind,' Commentary, October 1968, pp. 61–85. Alter's article was an adulatory review of General Yehoshafat Harkabi's Arab Attitudes to Israel (Jerusalem: Keter Press, 1972).

131. Gil Carl Alroy, 'Do The Arabs Want Peace?' Commentary, February 1974, pp. 56–61.



https://t.me/kurdistanbooks

132. Roland Barthes, Mythologies, trans. Annette Lavers (New York: Hill & Wang, 1972), pp. 109-59.

133. Raphael Patai, Golden River to Golden Road: Society, Culture, and Change in the Middle East (Philadelphia: University of Pennsylvania Press, 1962; 3rd rev. ed., 1969), p. 406.

134. Raphael Patai, The Arab Mind (New York: Charles Scribner's Sons, 1973). For an even more racist work see John Laffin, The Arab Mind Considered: A Need for Understanding (New York: Taplinger Publishing Co., 1976).

135. Sania Hamady, Temperament and Character of the Arabs (New York: Twayne Publishers, 1960), p. 100. Hamady's book is a favorite amongst Israelis and Israeli apologists; Alroy cites her approvingly, and so does Amos Elon in The Israelis: Founders and Sons (New York: Holt, Rinehart & Winston, 1971). Morroe Berger (see note 137 below) also cites her frequently. Her model is Lane's Manners and Customs of the Modern Egyptians, but she has none of Lane's literacy or general learning.

136. Manfred Halpern's thesis is presented in "Four Contrasting Repertories of Human Relations in Islam: Two Pre-Modern and Two Modern Ways of Dealing with Continuity and Change, Collaboration and Conflict and the Achieving of Justice," a paper presented to the 22nd Near East Conference at Princeton University on Psychology and Near Eastern


https://t.me/kurdistanbooks

Studies, May 8, 1973. This treatise was prepared for by Halpern's "A Redefinition

of the Revolutionary Situation," Journal of International Affairs

23, no. 1 (1969): 54–75.

137. Morroe Berger, The Arab World Today (New York: Doubleday

Anchor Books, 1964), p. 140. Much the same sort of implication underlies

the clumsy work of quasi-Arabists like Joel Carmichael and Daniel Lerner;

it is there more subtly in political and historical scholars such as Theodore

Draper, Walter Laqueur, and filie Kedourie. It is strongly in evidence in

such highly regarded works as Gabriel Baer's Population and Society in the

Arab East, trans. Hanna Szoke (New York: Frederick A. Praeger, 1964),

and Alfred Bonnd's State and Economics in the Middle East: A Society in

Transition (London: Routledge & Kegan Paul, 1955). The consensus seems

to be that if they think at all, Arabs think differently—i.e., not necessarily

with reason, and often without it. See also Adel Daher's RAND study,

Current Trends in Arab Intellectual Thought (RM-5979-FF, December



1969) and its typical conclusion that "the concrete problem-solving approach

is conspicuously absent from Arab thought" (p. 29). In a review-essay for

the Journal of Interdisciplinary History (see note 124 above), Roger Owen

attacks the very notion of "Islam" as a concept for the study of history. His

focus is The Cambridge History of Islam, which, he finds, in certain ways



https://t.me/kurdistanbooks

perpetuates an idea of Islam (to be found in such writers as Carl Becker and Max Weber) 'defined essentially as a religious, feudal, and antirational system, [that] lacked the necessary characteristics which had made European progress possible.' For a sustained proof of Weber's total inaccuracy, see Maxime Rodinson's Islam and Capitalism, trans. Brian Pearce (New York: Pantheon Books, 1974), pp. 76–117.

138. Hamady, Character and Temperament, p. 197.

139. Berger, Arab World, p. 102.

140. Quoted by Irene Gendzier in Franti Fanon: A Critical Study (New York: Pantheon Books, 1973), p. 94.

141. Berger, Arab World, p. 151.

142. P. J. Vatikiotis, ed., Revolution in the Middle East, and Other Case Studies; proceedings of a seminar (London: George Allen 4 Unwin, 1972), pp. 8–9.

143. Ibid., pp. 12, 13.

144. Bernard Lewis, 'Islamic Concepts of Revolution,' in ibid., pp. 33, 38–9. Lewis's study Race and Color in Islam (New York: Harper 4 Row, 1971) expresses similar disaffection with an air of great learning; more explicitly political—but no less acid—is his Islam in History: Ideas, Men and Events in the Middle East (London: Alcove Press, 1973).

145. Bernard Lewis, 'The Revolt of Islam,' in The Middle East and The West (Bloomington: Indiana University Press, 1964), p. 95.



https://t.me/kurdistanbooks

146. Bernard Lewis, 'The Return of Islam,' Commentary, January 1976, p. 44.

147. Ibid., p. 40.

148. Bernard Lewis, History—Remembered, Recovered, Invented (Princeton, N.J.: Princeton University Press, 1975), p. 68.

149. Lewis, Islam in History, p. 65.

150. Lewis, The Middle East and the West, pp. 60, 87.

151. Lewis, Islam in History, pp. 65-6.

152. Originally published in Middle East Journal 5 (1951). Collected in Readings in Arab Middle Eastern Societies and Cultures, ed. Abdulla Lutfiyye and Charles W. Churchill (The Hague: Mouton 4 Co., 1970), pp. 688-703.

153. Lewis, The Middle East and the West, p. 140.

154. Robert K. Merton, 'The Perspectives of Insiders and Outsiders,' in his The Sociology of Science: Theoretical and Empirical Investigations, ed. Norman W. Storer (Chicago: University of Chicago Press, 1973), pp. 99-136.

155. See, for example, the recent work of Anwar Abdel Malek, Yves Lacoste, and the authors of essays published in Review of Middle East Studies 1 and 2 (London: Ithaca Press, 1975, 1976), the various analyses of Middle Eastern politics by Noam Chomsky, and the work done by the Middle East Research and Information Project (MERIP). A good prospectus is provided in Gabriel Ardant, Kostas Axelos, Jacques Berque, et al.,



https://t.me/kurdistanbooks

De rimpirialisme d la decolonisation (Paris: Editions de Minuit, 1965).



Afterword

1. Martin Bernal, Black Athena (New Brunswick: Rutgers University Press, Volume I, 1987; Volume II, 1991); Eric J. Hobsbawm and Terence Rangers, eds., The Invention of Tradition (Cambridge: Cambridge University Press, 1984).

2. O'Hanlon and Washbrook, 'After Orientalism: Culture, Criticism, and Politics in the Third World'; Prakash, 'Can the Subaltern Ride? A Reply to O'Hanlon and Washbrook,' both in Comparative Studies in Society and History, IV, 9 (January 1992), 141-84.

3. In one particularly telling instance, Lewis's habits of tendentious generalization do seem to have gotten him in legal trouble. According to Liberation (1 March 1994) and the Guardian (8 March 1994), Lewis now faces both criminal and civil suits brought against him in France by Armenian and human rights organizations. He is being charged under the same statute that makes it a crime in France to deny that the Nazi Holocuast took place; the charge against him is denying (in French newspapers) that a genocide of Armenians occurred under the Ottoman empire.

4. Carol Breckenridge and Peter van der Veer, eds., Orientalism and the Postcolonial Predicament (Philadelphia: University of Pennsylvania Press,



https://t.me/kurdistanbooks

1993).

5. Nicholas B. Dirks, ed., Colonialism and Culture (Ann Arbor: The University of Michigan Press, 1992).

6. 'The Clash of Civilizations,' Foreign Affairs 71,3 (Summer 1993), 22–49.

7. 'Notes on the 'Post-Colonial',' Social Text, 31/32 (1992), 106.

8. MagdofT, 'Globalisation – To What End?,' Socialist Register 1992: New World Order?, ed. Ralph Milliband and Leo Panitch (New York: Monthly Review Press, 1992), 1–32.

9. Miyoshi, 'A Borderless World? From Colonialism to Transnationalism and the Decline of the Nation-State,' Critical Inquiry, 19, 4 (Summer 1993), 726–51; Dirlik, 'The Postcolonial Aura: Third World Criticism in the Age of Global Capitalism,' Critical Inquiry, 20, 2 (Winter 1994), 328–56.

10. Ireland's Field Day (London: Hutchinson, 1985), pp. vii–viii.

11. Alcalay (Minneapolis: University of Minnesota Press, 1993); Gilroy (Cambridge: Harvard University Press, 1993); Ferguson (London: Routledge, 1992).



https://t.me/kurdistanbooks

## زەنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی ماڵی وەفایی

| |
|---|
| 1- چۆن دەبیتە باشترین هاوڕێی خۆت – دەروونناسی – و: شێرزاد حەسەن |
| 2- تۆ بەسەر خۆتدا زاڵیت – دەروونناسی –و: شێرزاد حەسەن |
| 3- دڵی ئیسلام – سەیدحوسێن نەسر – و: هیمداد شاهین |
| 4- چەکوشی بەڵگە و شووشەی ئیلحاد – د: عەدنان ئیبراهیم – و: زیرەک ئەحمەد ڕەحمان |
| 5- سەلەفیەتی و کۆمەڵگەی کوردی – لێکۆڵینەوە – عەبدوڵڵا عاللایی |
| 6- -جیاکردنەوەی دین لە سیاسەت – مەنوچەهر جەمالی – و: دڵشاد خۆشناو |
| 7- گوڵبژێرێک لە کارەکانی فەیلەسوفی ئیسلامی تیتۆس بۆرکهات - ویلیام ستۆدارت - و: د. لوقمان بەکر |



https://t.me/kurdistanbooks

| |
|---|
| 8- بۆئەوەی لە تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوتووبن – ئانیتا نیک – و: حەمە عەباس |
| 9- واتای ژیان پێناسەیەکی پوخت– تێری ئیگڵتن – و: عەبدولخالق یەعقووبی |
| 10-کتێبی نالی – لێکۆڵینەوە – ڕێبوار سیوەیلی |
| 11-وەهای گوت زەردەشت – نیچە- و: عەلی نانەواوزادە |
| 12-لە ستایشی خۆشەویستیدا – ئالان بادیۆ – و: دانا شوانی |
| 13-ژولیاو دەستنووسەکەی مەولانا – چیرۆک – توانا ئەمین |
| 14-دەریاچەکە – ڕۆمان – یاسۆناری کاواباتا – و: جەلیل کاکەوەیس |
| 15-نانی ڕووت – سەرگوشتە – محەمەد شوکری – و: د. نەجاتی عەبدوڵلا |
| 16-گوڵی ساردۆنیا – رۆمان – ئەلیف شەفەق – و : |
| 17-زمانم دەگەڕێنمەوە ناو دڵم – شیعر – ڕامیار مەحمود |
| 18- سترانی شەقام – شیعری وەرگێڕدراو – و: نەژاد عەزیز سورمێ |
| 19- دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە – شیعر – سەلاح شوان |
| 20-تەنگە نەفەسی- ڕۆمان – فەرهاد حەیدەری گۆران – و: فازڵ مەحموود |
| 21-پەیامبەر – جوبران خەلیل جوبران – و: توانا ئەمین – چاپی یەکەم |
| 22- -مژاباد – ڕۆمان – جاندۆست – و: فەرهاد چۆمانی |
| 23-بەسەر لێوتەوە شیعرم – شیعر – گەشبیر ئەحمەد |
| 24-قەحپەی 135 کیلۆیی – چارلس بۆکۆفسکی – و: شۆڕش غەفووری |



https://t.me/kurdistanbooks

| |
|---|
| 25-دنیای نوێی دڵڕفێن – ڕۆمان – هەکسلی |
| 26-سەرزەمینی خوداکان – شیعر – ئومێد عەلی |
| 27-پەیامبەر – جوبران خەلیل جوبران – و: توانا ئەمین – چاپی دووەم |
| 28- سۆزانییەکەی کەناری نۆرماندی – چیرۆک – مارگرێت دۆراس – و: فازڵ مەحموود |
| 29-بەیادی سۆزانییە غەمبارەکانم – ڕۆمان – گابرێل گارسیا مارکیز – و: ئیسماعیل حەمەئەمین |
| 30-هوتێل ئەورووپا – ڕۆمان – فەرهاد پیرباڵ |
| 31-برینەکان گۆرانیمان پێدەڵێن – شیعر – غەمگین بۆڵی |
| 32-توانەوە لە زەریای عەشقی خوادا – حەمە سەعید حەسەن |
| 33-چۆن لە ئیسلام تێبگەین؟ - لێکۆڵینەوە – عەبدوڵلا عالّلایی |
| 34-مرۆڤێک لە نزیکمانە- شیعر – تەیب قادر |
| 35-پەیامبەر – جوبران خەلیل جوبران – و: توانا ئەمین – چاپی سێیەم |
| 36-خوێنێک بەسەر منارەوە – ڕۆمان – جاندۆست – و: فەیسەڵ خەلیل |
| 37-خۆشەویستی – گەشەی مرۆیی – ئۆشۆ – و: شێرزاد حەسەن |
| 38-تۆ لە پەنهانترین کەلێنی پیرۆزی دڵمدای – تاگوور – و: توانا ئەمین |
| 39- سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا- ڕۆمان – فەرهاد پیرباڵ |
| 40-گوڵی ساردۆنیا، ئەلیف شەفەق، و: محەمەد ئیسماعیل، چاپی دووەم |


https://t.me/kurdistanbooks

| |
|---|
| 41-خوان ڕۆڵفۆ، پێدرۆ پارامۆ، و: ئازاد بەرزنجی و ڕێبوار سیوەیلی، ڕۆمان، چاپی سێیەم |
| 42-ئەو کتێبانەی ژیانیان گۆڕیم، فەرهاد پیربال، چاپی یەکەم |
| 43-مەزرای ئاژەڵان، جۆرج ئۆروێل، و: ئەدیب نادر، ڕۆمان |
| 44- شیعر خەونی ئایندەیە، مەحمود دەروێش، و: ئەدیب نادر، شیعر |
| 45- مانگی شیراز و شانشینی گوڵەگەنم، عەبدولوەهاب بەیاتی، و: ئەدیب نادر، شیعر |
| 46-دوا وەسوەسەکانی عیسا، نیکۆس کازانتزاکیس، و کەریم دەشتی، ڕۆمان |
| 47-دواوێستگەم باکوورە، جەلال بەرزنجی، ڕۆمان |
| 48-من شیوعی بووم (کتێبی ڕەشی شیوعیەت)، بەدر شاکر سەیاب |
| 49-بۆچی فەلسەفاندن، ژان فرانسوا لیوتار، و: عەرسەلان ئافراسیاو |
| 50-دەربارەی سروشتی مرۆیی، چۆمسکی، فۆکۆ، و: ئەرسەلان ئافراسیاو. |
| 51-ڕازی گوڵی سوور، و: توانا ئەمین، چاپی دووەم |
| 52-مرۆڤ و سروشت، سەید حزسوین نەسر، و:عەزیز یاسین |
| 53-من مانگایەکی تەنیام، شنە نووری، شیعر |
| 54-ئیمان و گومان، کوردۆ شابان |
| 55-سەفەریک بە ڕێگەی خەون، جەلال بەرزنجی، ڕۆمان |
| 56-وشەکانیش بریندارن، گۆران ڕەئوف، شیعر |
| 57- ڕۆژهەڵاتناسی، ئێدوارد سەعید، و: د. موحسین ئەحمەد عومەر |



https://t.me/kurdistanbooks